تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

حبيب محمد سعيد

ژیانی ئازیزمان

بەرگی یەکەم

PDF4Kurd

کتێبخانەی سۆز

بسم الله الرحمن الرحيم

ژیانی ئازیزمان

صلی الله علیه وسلم

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

ژیـانـی ئـازیـزمـان

صلی الله علیه وسلم

بەرگی یەکەم

نووسینی

حبیب محمد سعید

سعید، حبیب محمد
ژیانی ئازیزمان ﷺ / نووسینی حبیب محمدسعید.-- تهران: نشر احسان، ۱۳۸۶.

ISBN: 964-356-460-6

۸۵۸ ص.
کردی.
فهرستنویسی براساس اطلاعات فیپا.
کتابنامه به صورت زیرنویس.
۱. محمد ﷺ، پیامبر اسلام، ۵۳ قبل از هجرت -- ۱۱ ق. -- سرگذشتنامه.

BP ۲۲/۹/ ۹ژ۶۶س   ۲۹۷/۹۳

کتابخانه ملی ایران   ۸۵-۵۲۰۷م

ژیانی ئازیزمان ﷺ

✦نووسەر: حەبیب محەمەد سەعید
✦بلاوکار: نەشری ئیحسان
✦نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ـ ساڵی ۲۰۰۷
✦تیراژ: ۳۰۰۰ دانە
✦چاپخانە: مەهارەت
✦دیزاین و پیت‌چین: سوز کومپیوتەر
✦ژمارەی سپاردنی: (۳۳٤)ی ساڵی (۲۰۰٦)ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

➢ فروشگاه شمارهٔ ۱: تهران ـ خیابان انقلاب ـ روبروی دانشگاه ـ مجتمع فروزنده ـ شمارهٔ ٤٠٦ ـ تلفن: ٦٦٩٥٤٤٠٤
➢ فروشگاه شمارهٔ ۲: تهران ـ خیابان ناصر خسرو ـ کوچه حاج نایب ـ شمارهٔ ۳۳ ـ تلفن: ۳۳۹۰۲۷۵۰
صندوق پستی: تهران ۳۸۵ ـ ۱۱٤۹۵

نشر احسان

ISBN: 964-356-460-6
ژمارەی نێو نەتەوایەتی: ٦-٤٦٠-٣٥٦-٩٦٤

پێشکەش

ئەم بەرهەمە پێشکەش بێت بە :

❁ گیانی پاکی پێغەمبەری خوا ﷺ و ، هەموو برا پێغەمبەرەکانی تری سەلامیان لێ بێ و ، هەموو هاوەڵان و ، شوێنکەوتووان و ، زانایان و ، ئەولیایان و ، خزمەتگوزارانی دینی خوا .

❁ بەو مامۆستایانەی کە دەستیان گرتین و ، بە کتێب ، یا بە ئامۆژگاریی ئەلف و بێی ئیسلامیان فێر کردین و ، نەیان هێشت سەرگەردانی بیابانی ئیلحاد و بێدینیی ببین .

❁ بە دایك و باوك و ، کەس‌وکاری خەمخۆری دەوروبەر و ، ئەو برایانەی کە دەستیان گرتین و هەردەم دڵیان خۆش نەکردین تا لە سەرچەمەی زوڵاڵی قورئان دوور نەکەوینەوە .

❁ بە هەموو چاك‌ویستێك کە خوا هیدایەتی دابێت بۆ سەر ڕێبازی ئیسلام و ، بڕیاری دابێ تەمەنی بۆ خزمەتی ئیمان ، بۆ بەرفرازیی مردومەکان لە دۆزەخ ، بەخت بکات .

پێشەکیی

الحمد لله رب العالمين ، والصلاة والسلام على سيد المرسلين محمد وعلى آله وصحبه أجمعين .

دەمێك بوو دۆستان و خۆشەویستان ، لەم لاو لەولا ، پرسیاریان ئەکرد کە چۆن تا ئێستا هەولّم نەداوە ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ بنووسم ؟ یان ئاواتیان ئەخواست کە خۆزگە ژیانی ئازیزمانت بنووسیایە . خوا پاداشتی زەننی چاکیان بداتەوە .. ئەوان سەیری دڵ و نیەتی پاکی خۆیانیان ئەکرد کاتێك کە ژیاننامەی هاوەڵانیان ئەخوێندەوە و دڵیان ئەهاتە جۆش و ، بە دیار هەڵوێستە مەردانە و قارەمانانەکانیانەوە فرمێسکیان هەڵ ئەڕشت ، هەر وەك منیش لە کاتی نووسین دا فرمێسکم هەڵ ئەڕشت ..

لە دواجاردا ، دوای نووسینی شتێك لەسەر ژیانی چەند هاوەڵێك و ، پاشانیش نووسینی کورتەیەك لە ژیانی هەر پێنج خەلیفە راشیدەکە ، هاتمە سەر ئەوە کە هەولێك بدەم بۆ نووسینی شتێك ، ئەگەرچی کەمیش بێ ، لەسەر ژیانی پێغەمبەری پێشەوا ﷺ ، بەو هیوایەی کە هەر تەمەنێك لەو پێناوەدا سەرف بکرێ، بێ پاداشت نەبێ ، چونکە رۆشن کردنەوەی ژیانی پێغەمبەر و هاوەڵانی ، تا موسڵمانان کەڵکی لێ وەربگرن ، قازانج بە دینی موسڵمانان ئەگەیەنێ و ، موسڵمانان کەڵك لەو ژیانە پڕ فەڕ و بەرەکەتەی ئەوان وەرئەگرن .

بە تایبەت کە سەرنج ئەدەین و ، لە ماوەی مەککە و مەدینە ورد ئەبینەوە ، موسڵمانەکان زۆر بەستەزمان بوون و ، بە هەموو شێوەیەك کافران سزا و ئازاریان داون .

لە مەککەدا کەم و کەم دەسەڵات بوون و ، قورەیشی‌یەکان لە هیچ جۆرە سزا و خراپەیەك دەستیان نەئەگرتەوە و ، بێڕەحمانە ئازاری موسڵمانەکانیان ئەدا ، هەر لەسەر ئەوەی لەسەر دینی بتپەرستیی لاچووبون و ، ئەیان ویست خوای خۆیان بە تاك و تەنیا بپەرستن و ، خەمێکی قەبر و قیامەتی خۆیان بخۆن ، تا ئەوە بوو ناچار بوون مەککە بەجێ بهێڵن و ، کۆچ بۆ مەدینە بکەن .

لە مەدینەش وازیان لیّ نەهێنان ، بگرە دوژمنیان زیادی کرد .. لە مەککەدا تەنها قورەیش ، ئەویش چەند مل‌هوڕێك زیاتر سزایان ئەدان ، بەلاّم لە مەدینەدا هەموو عەرەبە بت‌پەرستەکانی دوورگە و ، جوولەکەی مەدینە و خەیبەر ، بوونە دوژمنیان ، کە هێزێکی یەکجار گەورە بوون لە چاو هێزی موسڵمانەکان‌دا ، سەرەڕای کۆمەڵێك مونافیقی ناو مەدینە کە بووبوونە خۆرە و ، سزا و ئازاری جەستەی کۆمەڵگای ئیسلامی‌یان ئەدا ..

بۆیە ئەتوانین بڵێین :

لەو رۆژەوە کە وەحی هات و پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی بە بانگەواز کرد و ، هەر یەکە لە هاوەڵانیش ئیمانیان هێنا ، هەتا ئەو رۆژەی کە هەر یەکەیان بە سەری بەرزەوە گیانی تەسلیم کردەوە ، ساتێك وچانیان نەگرت .. بە دەست کافر و جوولەکە و مونافیقەوە گیریان خواردبوو و شەڕیان پیّ ئەگێڕان .. هەوڵیان ئەدا خۆیان و دینەکەیان بڕووخێنن . ئەمانیش مەردانە چەندیان لە تواناداا بوو هەوڵیان ئەدا و ، پەرچی دەست درێژیی و پیلانی دوژمنانیان ئەدایەوە و ، هەرچیش لە توانایانا نەبوایە ، هاواریان ئەبردە بەر دەرگانەی پەروەردگار تا بە هێز و قودرەتی بیّ‌سنووری خۆی بگاتە فریایان .. ئیتر نە حەسانەوەیەك .. نە رابواردنێك .. نە خۆشی‌یەك بۆ ئەوان نەبوو ، چونکە ئەیان زانیی کارێکی گرنگ وا لە ئەستۆیان‌دا و پێویستە بی‌گەیەنن .. دیارە لە کاتی جیّ بە جیّ کردنی بانگەوازدا کۆسپ و تەگەرە دێنە ڕێیان و پێویستە ئارام بگرن ، ئەمەش دوای خۆئامادەکردن و بەکارهێنانی وەسیلەی شەرعیی بۆ پارێزگاریی دین .

بەم شێوەیە سەرتاپای ئەوان جیهاد بوو .. جیهادی گەورە .. جیهادی بچووك .. جیهادی ماددیی .. جیهادی مەعنەویی .. جیهادی کافران .. جیهادی ئەهلی کیتاب .. جیهادی مونافیقان .. جیهادی نەفس .. جیهادی هەوا .. جیهادی شەیتان ..

بۆیە زۆر پێویستە رۆڵەکانی ئیسلام بە جوانیی و بە چاکیی شارەزای سیرەت بن . ئەوەتا ئیمام زوهەریی ئەڵێت :

لە زانستی سیرەت‌دا زانستی دنیا و قیامەت هەیە . دوای قورئان موسڵمانان دیراسەی سیرەتیان ئەکرد ، بۆیە ئیمام زەینولعابیدینی کوڕی ئیمام حوسەین خوا

لێیان رازیی بێ ئـەیوت : وەك چۆن سـوورەتێكی قورئانمـان پـێ رەوان ئـەكرا ، غەزاكانی پێغەمبەری خواشمان ﷺ وەها فێر ئەكرا .

هەروەها ئیسماعیلی كوڕی موحەممـەدی كـوڕی سـەعدی كـوڕی ئـەبووەققاص ئەیوت : باوكم غەزا و سەریەكانی بۆمان ئەگێڕایـەوە و ئـەیوت : رۆڵـە گیـان ! ئەمە شەرەفی باوباپیرتانە و ، لە یادی نەكەن .

لەم چەرخەدا زۆرێك لە رۆڵەكانی موسڵمانان لە ئیسـلام بێئاگـا بـوون و ، لـە مێژووی ئیسلام شتێكی ئەوتۆ نـازانن ، زۆر جـاری وایـش هەیـە مێـژوویان بـە چەواشەیی بیستووە و ، گلەیی و رەخنەیان ئاراستەی ئەوانە ئەكەن كە خزمـەتیان كردوون و ، چەپڵە و ئافەرینیشیان بۆ ئەوانەیە كە بڕبڕەی پشتیان شكاندوون و بـە دەیان ساڵ نایەنەوە سەر خۆیان !!

هیوادارم گەنجی موسڵمان بە وردیی و ژیریـی چـاوێك بـە دەورویـەری خـۆیدا بگێڕێ و ، كەڵك لە مێژووی پرشنگداری ئیسلام وەربگرێ ، بە تایبەت لـە ژیـانی پێغەمبەر و هاوەڵان تا توانای هەبێ هەوڵی سەرفرازیی خۆی و مرۆڤایەتیی بدات .

نووسەر
سلێمانیی
٦ / شوال / ١٤٢٣ هـ
١٠ / ١٢ / ٢٠٠٢ م

بەشی یەکەم
کورتەیەك لە مێژووی عەرەب
پێش هاتنی ئیسلام

خوای گەورە ویستی وەها بوو کە دواپەیامی بۆ مرۆڤایەتیی بۆ پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ بنێرێت ، تا بیکاتە دواڕابەری مرۆڤ و ، هیدایەت دەری سەرجەمی ئادەمی‌یەکان هەتا دواهەناسەی ژیان .. جا ئەم ئازیزەمان لەبەر ئەوەی لەناو نەتەوەی عەرەب دا و لە نیمچە دوورگەی عەرەب دا هەڵکەوتووە ، شتێکی پێویستە کە لە بارودۆخی ئەو دوورگەیە و ژیان و گوزەرانی عەرەب پێش ئیسلام کەمێك ئاگادار بین ، تا بزانین بانگی ئیسلام لە چ بارودۆخێك دا و لە ناو چ گەل و هۆزێك دا بڵاوبۆتەوە .. پێویستە سەرنجی ژیانی دینیی و ، کۆمەڵایەتیی و ، رەوشتیی و ، سیاسیی ئەو سەردەمەی عەرەبەکانی دوورگەکە بگرین ، تا بزانین ئازیزی خۆشەویستمان ﷺ چ رەنج و تەقەلایەکی بێوچانی داوە بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵی هاوەڵان ، کە بوونە بەردی بناغە بۆ بڵاوکردنەوەی دینی پیرۆزی ئیسلام و بەرپاکردنی گەورەترین و پاك‌ترین و بەکەڵك‌ترین شارستانییەت لەسەر گۆی زەویی .

نیمچە دوورگەی عەرەب :

نیمچە دوورگەی عەرەب گەورەترین نیمچە دوورگەیە لە هەموو جیهان‌دا و ئەکەوێتە باشووری خۆرئاوای ئاسیاوە . لای خۆرهەڵاتی کەنداوی عەرەب و عیراق و ، لای باشووری زەریای هیندیی و، لای خۆرئاوای دەریای سوورە و ، لای باکووریشی بریتی‌یە لە هێڵێکی وەهمیی کە لە کەنداوی عەقەبەوە بۆ ئەو شوێنە درێژ ئەبێتەوە کە شەتولعەرەب ئەرژێتە کەنداوی عەرەبی‌یەوە .

موسڵمانان دوورگەی عەرەبی‌یان کردۆتە پێنج بەشەوە :

١ ـ **حیجاز** : کە لە ئەیلە (واتە عەقەبە) وە تا یەمەن درێژ ئەبێتەوە . لەبەر ئەوەش ناو نراوە حیجاز چونکە بریتی‌یە لەو زنجیرە چیایەی کە دەشتی توهامەی کەناری دەریای سوور لە وڵاتی نەجد جیا ئەکاتەوە ..

٢ ـ **توهامە** : دەشتی کەناری دەریای سوور .

٣ ـ **وڵاتی یەمەن** : لە باشووری خۆرئاوای دوورگە .

٤ ـ **نەجد** : کە بریتی‌یە لەو ناوچە بەرزەی کە ئەکەوێتە نێوان چیاکانی حیجاز و بیابانی بەحرەین ، ئەمەش ناوچەیەکی بەرزی فراوانە کە لە بیابان و چیای بڵند پێك هاتووە .

٥ ـ **عەرووض** ، یان **یەمامە** : ئەکەوێتە نێوان بەحرەین لە خۆرهەڵات و حیجاز لە خۆرئاوادا، ناویان ناوە عەرووض چونکە بۆتە کۆسپ و جیاکەرەوەی ناوچەی یەمەن و نەجد .

رووبەری نیمچە دوورگەی عەرەب بریتی‌یە لە یەك ملیۆن میل چوارگۆشە ، کە بەشی هەرەزۆری بیابانی وشك و برنگە و ، لە نێوان ئەو بیابانەدا چیایەکی زۆری جیاواز هەن ، کە هەندێ بەرز و هەندێ نزم و هەندێکیش پان و بەرین ، کە گرنگ ترینیان زنجیرە چیاکانی (سورات) ە کە هەر لە شامەوە تا یەمەن و ، تەریب لەگەڵ لێوارەکانی دەریای سوور ، درێژ ئەبێتەوە و ، لە نێوان ئەم زنجیرە چیایە و دەریای سووریش‌دا دەشتێکی تەسك هەیە کە پێی ئەوترێ توهامە .

هەروەها لە دوورگەدا ناوچەی بەردەڵانی زۆر هەن کە بە بەردی رەشی کلۆر داپۆشراوە و بە هەر یەکەیان ئەوترێ (الحَـرَّة) کە بە هۆی گڕکانەکانەوە دروست بوون و ، زۆربەی ئەو ناوچانە زەویی‌یەکەیان بە پیت و ئاویان زۆرە ، بە تایبەت ناوچە بەردەڵانەکانی مەدینە و خەیبەر ، کە بە بەرهەم هێنانی جۆرەها بەروبوومی کشت وکاڵیی لە دێرین زەمانەوە ناوبانگیان دەرکردووە .

شایانی باسە کە لەم دوورگەیەدا رووباری گەورە نیە کە بەردەوام ئاوی لەبەر بڕوا و بەلەم و کەشتیی تیا بەکار بهێنرێت ، بەڵام کانیاوی سازگاری زۆری تیایە کە دەوروبەریان مێرگی صەوزی تیایە و ، چەم و دۆڵەکانیش پڕن لە دار و درەخت و بێستانی رازاوە و هەندێ بەروبووم و صەوزە و میوەیان لێ وەدەست ئەهێنرێ .

ئەم شوێنەی دوورگەی عەرەبیی زۆر گرنگ بوو لەبەر ئەوەی کە لە هەموو لایەکەوە بە لم و بیابان دەورەی گیرابوو و ، نیمچە دوورگەکە وەك قەڵایەکی سەختی لێ هاتبوو کە خۆی بۆ هیچ داگیرکەرێکی بێگانە بە دەستەوە نەئەدا . لەبەر ئەمە بوو کە لە دێرین زەمانەوە دانیشتوانی بە سەربەستیی مابوونەوە ، ئەگەرچیی دراوسێی دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی جیهانیی ، وەك بیزەنتیی و ساسانیی ، بوون کە ئەگەر ئەم بەستە سەختەی دەوروبەریان نەبوایە توانای بەرهەڵستیی هێرشەکانی ئەوانیان نەئەبوو .

لەلایەکی تریشەوە دوورگەی عەرەبیی ئەکەوێتە نێوان کیشوەرە ناسراوەکانی جیهانی ئەوساوە ، بۆیە دەرگای بەستنی بە ئیفریقیە و ئەورووپا و عەجەم و هیند و چینەوە لەسەر پشت بوو .

عەرەبەکان کە لە دێرین زەمانەوە نیشتەجێی نیمچە دوورگەی عەرەب بوون لە بنەڕەتدا لقێکی رەگەزی سامیین و ، [1] زمانیشیان زمانی عەرەبیـیە . عەرەبەکان زیاتر لە هەموو لقەکانی تری سامیی و زمانەکەشیان لە هەموو زمانەکانی تر زیاتر پارێزگاریی لە رەسەنایەتیی خۆیان کردووە ، ئەمەش بە هۆی سروشتی گۆشەگیریی خۆیان و زمانەکەیان لە دوورگەی عەرەبییدا و ، بە هۆی ئەوەشەوە کە بە وردیی پارێزگارییان لە حەسەب و نەسەب ئەکرد و ، نە ژنیان لە بێگانە ئەهێنا و نە ژنیشیان بە بێگانە ئەدا ..

عەرەبەکان بە درێژایی مێژوو چەندین دەوڵەت و شارستانێتییان بەرپا کردووە و رۆڵی گرنگیان لە جیهانی کۆندا بووە .

ئەمەش بەشەکانی عەرەبن لە مێژووی دوور و درێژیاندا :

١ ـ **العرب البائدة** : کە بریتین لە هۆزەکانی عاد و ، ثەموود و ، عەمالیقە و ، طەسم و ، جەدیس و ، ئومەیم و، جورهوم و ، حەضرەمەوت . ئەم هۆزانە پێش هاتنی ئیسلام لەناو چوون .. ئەمانە هەر یەکەیان لە سەردەمی خۆیدا خاوەنی دەسەڵات بوون و ، پادشاکانیان دەستیان بەسەر شام و میصریشدا ئەڕۆیشت ..

جا مێژوونووسان ئەو عەرەبە تیاچووانە ئەکەن بە دوو بەشەوە :

---

[1] هەر یەکە لەو نەتەوانەی کە بە عەرەبیی و عیبرانیی و سریانیی و حەبەشیی قسە ئەکەن لقێکی رەگەزی سامیین ، واتە ئەچنەوە سەر سامی کوڕی نووح پێغەمبەر سەلامی لێ بێ .

أ ـ عەمالیقە : کە لە نەوەی لاوزی کوڕی سامی کوڕی نووحن کە پێیان ئەوترێ سامی‌یەکان .

ب ـ لەوانیش بەولاوە ئەو عەرەبانەن کە لە نەوەی ئیرەمی کوڕی سامی کوڕی نووحن و پێ‌یان ئەوترێ ئارامی‌یەکان .

عەمالیق ماوەیەك دەسەڵاتی میصریان گرتە دەست و بنەماڵەیەکی شاهانەیان لەوێدا دامەزراند ، هەروەها لە عیراقیش‌دا دەوڵەتێکیان بە ناوی دەوڵەتی حامۆڕابی‌یەوە دامەزراند کە حامۆڕابیی یەکەم پادشایان بوو و خاوەنی ئەو یاسا بە ناوبانگە بوو کە پێی ئەوترا یاسای حامۆڕابیی ، ئەمەش لە صەدەی بیست و سێ‌هەمی پێش زایین‌دا ..

٢ ـ **العرب العاربة** : ئەمانەش ئەو عەرەبانەن کە نەوەی یەعروبی کوڕی یەشجوبی کوڕی قەحطانن کە پێ‌یان ئەوترێ : عەرەبی قەحطانیی . ئەمانە لە باشووری دوورگەدا واتە لە یەمەن و دەوروبەری‌دا نیشتەجێ بووبوون . پادشاکانی یەمەن لەم عەرەبانە بوون و ، ئەمانە توانی‌یان دەوڵەتی مەعین و سەبەء و حیمیەر دابمەزرێنن .

جا ئەمانە دوو تیرەیان زۆر بەناوبانگ بوون :

أ ـ **حیمیەر** : کە گرنگ‌ترین هۆزیان (زید الجمهور) و ، قُضاعة و ، سەکاسیك بوون .

ب ـ **کەهلان** : کە گرنگ‌ترین هۆزی ئەمانیش هەمدان و ، ئەنمار و ، طيء و ، موذحەج و ، کیندە و ، لەخم و ، جوذام و ، ئەزد و ، ئەوس و ، خەزرەج و ، کوڕەکانی جەفنەی پادشایانی شام بوون .

هۆزەکانی کەهلان لە یەمەنەوە کۆچیان کرد و نیشتەجێی شوێنە جۆراو جۆرەکانی دوورگە بوون و ، کۆچ کردنی زۆربەی ئەو هۆزانەش پێش رووخانی بەندی مەئرەب بوو ، ئەمەش بە بۆنەی تیاچوونی بازرگانی‌یەکەیانەوە کە ئەوەبوو رۆمانەکان فشاریان خستە سەریان و ، دەستیان بەسەر رێگاوبانی بازرگانی‌یە دەریایی‌یەکانیان‌دا گرت و ، دوای داگیرکردنی شام و میصریش لەلایەن رۆمانەوە رێی وشکایییشیان لێ گرتن .

لە لایەکی تریشەوە هۆزەکانی کەهلان و حیمیەر زۆر ناکۆك بوون ، ئەمەش لەوەدا دەرئەکەوێ کە هۆزەکانی حیمیەر لە یەمەندا ئەمێننەوە ، کەچیی هۆزەکانی کەهلان کۆچ ئەکەن و یەمەن بەجێ ئەهێڵن .

جا ئەتوانین ئەو هۆزانەی کەهلان کە کۆچیان کرد بکەین بە چوار بەشەوە :[٢]

یەکەم : ئەزد : کۆچ کردنی ئەمانە لەسەر رای سەردار و گەورەیان عیمرانی کوڕی عەمر بوو ، ئەوەبوو لە وڵاتی یەمەندا ئەسووڕانەوە و بەدوای شوێنی چاكدا ئەگەڕان تا لە ئەنجامدا بەرەو باکوور کەوتنە رێ :

ثەعلەبەی کوڕی عەمری کوڕی ئەزد بەرەو حیجاز رۆیشت و لە نێوان ثەعلەبیە و ذیقاردا نیشتەجێ بوو ، کاتێکیش کە کوڕەکەی گەورە بوو و دەسەڵاتی پەیدا کرد بەرەو یەثریب رۆیشت و لەوێ نیشتەجێ بوو . هەروەها ئەوس و خەزرەجی جووتە کوڕی حاریثەی کوڕی ثەعلەبەش لە نەوەی ئەو ثەعلەبەیە بوون .

هەر لەوان حاریثەی کوڕی عەمر ـ کە خوزاعەیە ـ لەگەڵ منداڵەکانیا لە حیجازدا ئەگەڕان تا سەرەنجام لە (مرالظهران) نیشتەجێ بوون و ، پاشان دەستیان بەسەر حەرەمدا گرت و جورهومەکانیان لە مەککە دەرکردن و خۆیان تیایا نیشتەجێ بوون .

عیمرانی کوڕی عەمریش بە خۆی و کوڕەکانیەوە نیشتەجێی عومان بوون ، ئەمانەش ئەزدی عومانن .

هەروەها هۆزەکانی نەفەری کوڕی ئەزد لە توهامە نیشتەجێ بوون ، ئەمانیش ئەزدی شنوئەن .

جەفنەی کوڕی عەمریش بەرەو شام کەوتە رێ و ، لەگەڵ کوڕەکانیدا لەوێ نیشتەجێ بوون . ئەم جەفنەیە باوکی پادشاکانی غەسساسینەیە . ئەم ناوەشیان بە بۆنەی ئاوێکەوە لێ نرا کە ئاوی غەسسانیان پێ ئەوت لە حیجاز و بەر لەوەی بۆ شام کۆچ بکەن ، ماوەیەك لەسەر ئەو ئاوە نیشتەجێ بوو بوون .

دووهەم : لەخم و جوذام : نەصری کوڕی رەبیعەی باوکی پادشاکانی مەناذیرە لە حیرە یەکێك بوو لە هۆزی لەخم .

---

[٢] الرحيق المختوم : ١٣ ، الطبعة الأولى / دار الخير / ١٩٩٧ .

سێههم : نەوەی طەی : ئەمانیش دوای کۆچی ئەزد بەرەو باکوور کەوتنە رێ و لە ناوچەی طەی لە نێوان جووتە چیای ئەجەء و سولمادا نیشتەجێ بوون و ، دواییش ئەو جووتە چیایە بە چیای طەی ناونران .

چوارەم : کیندە : کە لە ناوچەی بەحرەین نیشتەجێ بوون و ، پاشان خۆیان گەیاندە نەجد و لەوێ حوکمەتێکی بەدەسەلاتیان دامەزراند ، بەڵام ئەم حوکمەتە تەمەنی درێژ نەبوو و زوو تیاچوو .

هەروەها هۆزی قوضاعەش یەمەنی بەجێ هێشت و لە ناوچەی سەماوەی باشووری عیراقدا نیشتەجێ بوون .

٣ ـ **العرب المستعربة** : ئەمانەش ئەو عەرەبانەن کە پێیان ئەوترێ عەدنانیی ، کە نەوەی ئیسماعیل پێغەمبەرن سەلامی خوای لێ بێ کە لە بنەڕەتدا ئیبراهیم خەلیل سەلامی خوای لێ بێ خەڵکی عیراقە و ، لە شاری ئوورەوە ـ کە کەوتۆتە سەر لێواری خۆرئاوای فورات و نزیك شاری کووفە ـ هاتبوو .

لەم دواییەشدا لە شاری ئووردا شوێنەوارناسان توانییان زانیارییەکی زۆر دەربارەی بنەماڵەی ئیبراهیم خەلیل سەلامی لێ بێ و دەربارەی ژیانی دینیی و کۆمەڵایەتیی ئەو شارە دەست بخەن .

بەر لەوەی ئەم باسە تەواو بکەین ، وا چاکە شتێك لە بارەی ژیانی ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕیەوە سەلامیان لێ بێ ئاگادار ببین .

ئیبراهیم پێغەمبەری باوکی پێغەمبەران کوڕی ئازەرە ، وەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە ، ئەویش کوڕی ناحووری ، کوڕی ساروغی ، کوڕی راعووی ، کوڕی فالغی ، کوڕی عابری ، کوڕی شالحی ، کوڕی ئەرفەخشذی ، کوڕی سامی ، کوڕی نووح پێغەمبەرە سەلامی لێ بێ .[٣]

لەو کاتەدا کە ئیبراهیم لەدایك بوو تەمەنی ئازەری باوکی حەفتا و پێنج ساڵ بوو و ، دوو برایشی هەبوون : (ناحوور) و (هاران) کە یەکێکیان لە ئیبراهیم گەورەتر بوو و یەکێکیشیان بچووکتر . هاران باوکی (لووط) پێغەمبەرە سەلامی لێ بێ ، ئیبراهیم خەلیل لە عیراق، لە وڵاتی کلدانیەکان ، واتە (بابل) و دەوروبەری ، لەدایك بووە . کە گەورە بوو خاتوو سارەی ئامۆزای خۆی مارە

---

[٣] البداية والنهاية : ١ / ١٣٩ .

کرد . پاشان ئازەر لەگەڵ ئیبراهیم و خاتوو سارە و لووطی کوڕی هاران وڵاتی کلدانیان بەجێ هێشت و روویان لە وڵاتی کەنعانیەکان کرد . ئەوەبوو لە (حەڕڕان) نیشتەجێ بوون و لەوێشەوە چوون بۆ فەلەستین و کردیە بنکە بۆ بانگەوازەکەی . جا دانیشتوانی حەڕڕان وەك دانیشتوانی بابل (کلدانیا) بت و ئەستێرەیان ئەپەرست .

کاتێك کە ئیبراهیم خەلیل کرایە پێغەمبەر ئامۆژگاریی قەومەکەی کرد تا واز لە بتپەرستیی بهێنن و شوێن رێبازی تەوحید بکەون . زۆریش حەزی لە هیدایەت دانی باوکی بوو ، کەچیی ئەو بە گوێی نەئەکرد ، ناچار کەوتە بەڵگە هێنانەوە تا بەڵکو باوکی و قەومەکەی کۆڵ بدەن و رێگای خواناسیی بگرنە بەر .[٤]

ئازەر لە حەڕڕان کۆچی دوایی کرد و ، ئیبراهیمیش زۆری پێ ناخۆش بوو کە باوکی بە کافریی مرد و ئیمانی نەهێنا .

ئیبراهیم بەبێ کۆڵدان هەر خەریکی بەرزکردنەوەی بانگی تەوحید بوو و، لەو پێناوەش‌دا تووشی ناڕەحەتی‌یەکی زۆر بوو و، لە ئەنجام‌دا لەسەر شکاندنی بتەکان خستیانە ناو ئاگر و خوای گەورە گەیشتە فریای و فەرمانی دا ئاگرەکە بەندەی خواناس نەسووتێنێ . ئیبراهیمیش مەردانە لەسەر کاری خۆی بەبێ کۆڵدان بەردەوام بوو .

پاشان ئیبراهیم لەگەڵ سارە خاتوونی هاوسەری و لووطی برازای‌دا کۆچیان بۆ وڵاتی پیرۆزی شام کرد .. سارە خاتوونیش لەبەر ئەوەی کە نەزۆك بوو هیچ منداڵێکی نەبوو . پاشان لە پاداشتی ئەوەدا کە ئیبراهیم لەبەر خوا کۆچی کرد و خزم و کەس و کار و نیشتمانی خۆی بەجێ هێشت تا بتوانێ خوای پەروەردگار بپەرستێ و خەڵك بۆ سەر رێبازی تەوحید بانگ بکات و ، بە راستییش لە وڵاتی شام‌دا پەیامی خوای گەیاند ، ئەوا خوای گەورە چەند منداڵێکی پیاوچاکی پێ بەخشیی و ، لە رۆڵەکانی پێغەمبەرانی رەوانە کردن و ، بوونە هەڵگری فەرمایشتی خوا .. لووطی برازاشی ئەوە بوو خوای گەورە کردیە پێغەمبەر و رەوانەی لای دانیشتوانی یەکێ لە ناوچەکانی شامی کرد ، کە ئەویش ناوچەی سەدوم بوو .

---

[٤] سوورەتی (مریم : ٤١ ـ ٤٨) و ، سوورەتی (الأنبیاء :٥١ ـ ٧١) ئەم باسە بە جوانیی روون ئەکەنەوە .

پاشان ئیبراهیم خەلیل لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بەرەو میسر کەوتنە رێ ، ئەو سەردەمەش پادشایەکی ستەمکاری ملهوڕ گەورەی میسر بوو ، کە هەر پیاوێک هاوسەری لەگەڵدا بوایە ژنەکەی لێ داگیر ئەکرد و پیاوەکەشی ئەکوشت . کە سیخوڕانی پادشا ئیبراهیم و سارەیان بینین خێرا هەواڵیان بە پادشا دا کە پیاوێک هاتووە و ژنێکی زۆر جوانی لەگەڵدایە . ناردی بە دوایا و پرسیاری لێ کرد کە ئەم ئافرەتە کێیە لەگەڵتا ؟ فەرمووی : خوشکمە . پاشان ئیبراهیم هاتەوە لای سارە و فەرمووی : سارە ! لەسەر رووی زەوییدا جگە لە من و تۆ ئیمانداری تر نیە ، ئەم پادشایشە پرسیاری لێ کردم و ، منیش هەواڵم داوەتێ کە تۆ خوشکمی (واتە خوشکی دینیی) ، نەکەی بمخەیتە درۆوە . پادشا ناردی بە دوای سارەدا ، کە چووە ژوورەوە لای پادشا ، پادشا ویستی دەستی بۆ رابکێشێ ، دەستی وشک بوو . وتی : لە خوا بپاڕێرەوە بۆم زیانت پێ ناگەیەنم . سارەش لە خوا پاڕایەوە و دەستی بەر بوو . پاشان ویستی دەستی بۆ بەرێ ، ئەم جارەش لە جاری پێشوو خراپتر دەستی وشك بوو . دیسان وتی : لە خوا بپاڕێرەوە بۆم زیانت پێ ناگەیەنم . ئەویش دوعای کرد و دەستی بەر بوو . ئەوەبوو پادشا بانگی کردە هەندێ لە دەست و پێوەندی و وتی : ئێوە مرۆڤتان نەهێناوە بۆ من ، بەڵکو شەیتانتان هێناوە بۆم !! وتی : بیبەنەوە بۆ لای ئیبراهیم . ئەوەبوو هاجەریشی بە شێوەی کەنیزەك پێشکەش کرد ..

کە گەڕایەوە ئەبینێ وا ئیبراهیم بە پێوە وەستاوە و نوێژ ئەکات ، بە دەستی ئاماژەی کرد : (مَهيَم) واتە : دەنگ و باس چییە ؟ وتی : ((رَدَّ اللّٰهُ كَيدَ الكافِرِ أو الفاجِرِ في نحره ، وأخدَمَ هاجر)) .[5] بۆی روون کردەوە کە خوای گەورە فریای بەندەی خواناسی خۆی کەوتووە و ئەو کافرە خوانەناسە نەیتوانیوە دەستی بۆ بەرێ ، لەگەڵ ئەوەشدا هاجەری کردۆتە کەنیزەکی .[6]

جا ئەوەی کە لە بارەی هاجەرەوە زانراوە ئەوەیە کە هاجەر کەنیزەك بووە . بەڵام زانای پایەبەرز قاضي موحەممەد سولەیمان مەنصوورفووریی لە کتێبی (رحمة

[5] مختصر صحيح البخاري ـ كتاب الأنبياء ، الحديث رقم ١٣٤٩.
[6] السيرة النبوية في ضوء القرآن والسنة للدكتور محمد بن محمد أبـي شهبة : ١ / ١٠٧ ـ ١٠٩ .

للعالمين) دا ب٢ ل ٣٦ ـ ٣٧ سەلماندوویەتی کە هاجەر ئـافرەتێکی ئـازاد بـووە نـەك جاریە و کەنیزەك و ، کچی فیرعەون خۆیشی بووە .[٧]

هەروەها لە موسنەدی ئیمام ئەحمەدیش‌دا هاتووە کە کاتێك سارە خاتوون چووە ژوورەوە لای پادشا ، لە خوا پاڕایەوە و وتـی : (أللهم إن كنتَ تعلم أنّي آمنت بكَ وبرُسُلكَ ، وأحصنتُ فَرجي إلا على زوجي ، فلا تُسَلِّطْ عليَّ هذا الكافِر) .[٨] لـە خوا پاڕایەوە کە ئەگەر ئەو ئیمانی بە خوا و بە پێغەمبەرەکانی هێناوە و شەرەفی خۆی پاراستووە ، ئەوا با یارمەتیی بدات و نەهێڵێ ئەم کـافرە دەسـتی بـۆ درێـژ بکات .

ئـەوەبوو خـوای گـەورە بـۆ پاراسـتنی شـەرەفی پـاکی بەنـدە و پێغەمبـەر و خۆشەویست و دۆستی خۆی ، ئیبراهیم پێغەمبەر سەلامی لێ بێ و بۆ گیراکردنـی نزا و پاڕانەوەی هەردووکیان سارە خاتوونی پاراست . هەرکە بردیـان بـۆ لای ئـەو ستەم‌کارە ، حەزرەتی ئیبراهیم دەستی دایە نوێژ و پاڕانەوە تا لە داوی ئەو کـافرە بیان‌پارێزێ ؟

پاشان ئیبراهیم خەلیل لەگەڵ سارەی هاوسەری‌دا و لەگەڵ هاجـەری کـەنیزەکی سارەدا و بە زۆرێك ئاژەڵ و بەندە و ماڵ و سامانەوە گەڕانەوە وڵاتی شام . لە شام نزیکەی بیست ساڵ ژیانیان دایە سەر ، پاشان حەزرەتی ئیبراهیم حەزی لە منـداڵ بوو ، بۆیە لە خوای گـەورە داوای منـداڵی کـرد و خـوای گـەورەش مـژدەی منـداڵێکی ژیـر و دانای پێ دا ..

خوای گەورە ئەوەی خستە دڵی سارەوە تا بە ئیبراهیم بگەیەنێ کە خوای گەورە ویستی وەهایە ئەو منداڵی نەبێ . پاشان سارە هاجەری کەنیزەکی پێشـکەش بـە ئیبراهیم کرد تا بیکاتە هاوسەری بەڵکو خوای گەورە کوڕێکی پێ ببەخشێ .

بە فەرمانی خوا هاجەر سکی پـڕ بـوو و ئیسـماعیلی لێ بـوو ، ئەمـەش لـە کاتێك‌دا کە تەمەنی ئیبراهیم هەشتا و شەش ساڵ بوو .

کاتێـك کـە تەمـەنی ئیـبراهیم خـەلیل نزیکـی صـەد سـاڵیی بوویـەوە ئـەو مەلائیکەتانەی کە هاتنە ماڵی ئیبراهیم تا بچن کافرانی قەومی لـووط لەناو بەرن و کۆمەڵی ئیمان‌دار رزگار بکەن ، ئەو مەلائیکەتانە مژدەیان بە سارە خـاتوون دا

---

[٧] الرحيق المختوم : ١٤ .
[٨] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ١٠٩

کە خوای گەورە ئیسحاق‌یان پێ ئەبەخشێ و ئەشی‌کاتە پێغەمبەرێکی پیاوچاك .
ئەوەبوو لە دوای چەندەها ساڵی نەزۆکیی و لە تەمەنێکی یەکجار زۆردا ، کە هەتا سارە خۆیشی سەری سوورِ ئەما لەوەی کە منداڵیان ببێ ، خوای گەورە کورِی پێ بەخشین . بەمە دەرئەکەوێ کە ئیسحاق دوای ئیسماعیل بە چواردە ساڵ لە دایك بووە .

مێژوونووسان زۆر جار کارێکی گەورە و نەخشەیەکی پرِ دانایەتیی ئەگەرِێننەوە بۆ هۆیەکی سادە و منالآنە کە زۆر لە واقیعەوە دوور بێت ..

ئەوەبوو کە ئیسماعیل لەدایك بوو ، خوای گەورە بۆ کارێکی مەزن ، کە بەسترابێ بە ژیانی تێکرِای سەرزەوییەوە تا ئاخرزەمان ، فەرمانی دا ئیبراهیم هاجەری هاوسەری و ئیسماعیلی کورِەی ئازیزی هاودەم و تاقەتی سەردەمی پیریی خۆی لە شامەوە بەرێت بۆ حیجاز ..

ئیبراهیم چەندە دڵی بە ئیسماعیل کرابێتەوە !! داخۆ دوورکەوتنەوەی ئیسماعیل و دایکی چەندە بە لای ئیبراهیمەوە گران بووبێت ؟ بەڵام چیی بکا فەرمانی خوایە . ئەبێت بیان‌بات بۆ ئەوێ .

مێژوونووسان وای دەرئەبرِن کە سارە خاتوون غیرەت گرتوویەتی و ئیبراهیمی ناچار کردووە ژن و منداڵەکەی دوور بخاتەوە . بلێ فرِێیان بداتە بیابانێکی وشك و برنگی چۆڵ و هۆڵەوە !!

زۆر سەیرە ! سارەخاتوون کە ئەوەندە خواناس بوو خوای گەورە دەست و پەلی فیرعەونی لە ئاستیا وشك ئەکرد ، ئێستە ئەوەندە دڵرِەقە ئیسماعیلی نازداری جگەرگۆشەی خەلیل فرِێ بداتە بیابانی چۆڵەوە ؟

جا چ هەوێیەکی عەوام و بێ‌دینیش شتی وا ئەکات ؟

ئەی غیرەتی ئیبراهیم لە کوێیە ئەگەر ئیسماعیل و دایکی لە ترسی ژنە گەورەکەی هەزار کیلۆمەترێك دوور ئەخاتەوە ؟ ئەوپەرِی بیانووی سارە ئەوەیە ماڵیان بۆ جیا بکاتەوە ؟

دوای ئەوەش لە هەموو سەرزەوییدا بۆچ ئیبراهیم شوێنی مەککەی چۆڵ هەڵ ئەبژێرێ ؟

بۆچ ئیسماعیل لە شوێنێك‌دا دائەنێت کە ئاوی زەمزەمی لێ هەڵ بقوڵێ ؟

هەرگیز ناگونجێ دایکی چەند پێغەمبەرێکی خوا ئەوەنـدە بێویـژدان و دڵ رەق بێت .

هەندێ روون کردنەوەی مێژوونووسـان لە جێی خۆیدا نیە ، لەبەر ئەوە ئەبێ بە وردیی سەرنج بدەین .

ئیبراهیم سەلامی لێ بێ کە بـاوکی هـەموو پێغەمبەرانـە پێویسـتە هـەڵگری هەموو رەوشتێکی بەرزی ئەو پێغەمبەرانە بێت ، نەك ژنێکی نەزۆك نەخشەی بـۆ بکێشێ و ، ژن و کۆرپەی بێتاوان فڕێ بداتە بیابان !!

بەڵێ ، خوای دانا و زانا فەرمانی دا ئیبراهیم بە دڵێکی مەردانەی بەرگـەگرەوە هاجەر و ئیسماعیل بەرێت بۆ ناوچەی مەککە .. کە شیوێکە لە نێـوان چـیاکانی مەککەدا ، واتە چیاکانی فاران وەك لە تەوراتدا هاتبوو ، ئەو شوێنەی کە زووتر کەعبەی ماڵی خوای تیا بنیات نرابوو و ئێستە رووخاوە و شوێنی دیوارەکانیشـی بە دەرەوە نیە ، ئەمەش لەسەر بانێکی بەرزی سوور ، کە لافـاو ئـەهات و لـەلای راست و لەلای چەپیەوە لێی کەندڕ ئەکرد ، لـەلای درەختێکـی گـەورەدا بەسـەر زەمزەمەوە لە بەشی باکووری مزگەوتەوە دایـنان .

خوای گەورە ئیبراهیم و ئیسماعیلی بەو شوێنە ئاشنا کرد کە پێویستە رۆژێـك لە رۆژان هەردووکیان پێکەوە بناغەی دیوارەکانی ماڵی خوا بدۆزنـەوە و کەعبـەی پیرۆز بنیات بنێنەوە ، تا ببێتە قیبلەی هەموو ئیمانداران تا ئاخرزەمان .

خوای گەورە ویستی وەها بوو لەو شوێنە پیرۆزەدا ئیبراهیمی خەلیل جاڕ بـدات و هەموو مرۆڤایەتیی تا ئاخرزەمان بانگ بکات بۆ حەجی ماڵی خوا ..

﴿ وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِدَ مِنَ الْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنْتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴾ (البقرة : ١٢٧) .

﴿ وَأَذِّن فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالاً وَعَلَىٰ كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ ﴾ (الحج : ٢٧) .

بەڵێ ، ئیبراهیم هاجەر و ئیسماعیلی لە شوێنی ئێستای کەعبەدا ـ کە چۆڵ و هۆڵ و بێئاو و ئاوەدانیی بوو ـ بەجێ هێشتن و ، توورەکەیەك خورما و کوندەیـەك ئاوی لەلا دانان و ، خۆی گەڕایـەوە . کـە هاجـەر بینیـی وا ئیبراهیمـی مێـردی

ئەیەوێ بەرەو فەلەستین بگەڕێتەوە و ئەوان لەو شوێنە چۆڵەدا بەجێ بهێڵێ ، هات بە دوای ئیبراهیمدا و ئەشی وت :

ئەی ئیبراهیم ! بۆ کوێ ئەڕۆی و ئێمە لەم شیوەدا ، کە نە ئادەمی‌یەك و نە هیچی تێدا نیە ، بەجێ ئەهێڵیی ؟ چەند جارێك ئەمەی دووبارە کردەوە ، کەچیی ئیبراهیم هەر ئاوڕی لێ نەئەدایەوە . هاجەرخان ناچار بوو تا ئیبراهیم لە چاو گوم نەبووبوو پرسیاری لێ بکات : ئایا خوای گەورە ئەم فەرمانەی بەسەردا داوی ؟!

فەرمووی : بەڵێ .

وتی : دەی کەواتە خوا نامان‌فەوتێنێ !!

ئەمەش ئیمانی دامەزراوی هاجەرە خاتوونمان بۆ دەرئەخات ، کە بە راستیی بە چاکیی پشتی بە رەحم و سۆزی خوا ئەبەست و ، دڵیشی پڕ لە متمانە بوو کە ئیبراهیم خەلیل کاری نابەجێ ناکات و ، لە فەرمانی پەروەردگاری دەرناچێت .

بە راستیی هاجەرە خاتوون شایان بوو دایکی یەکێك لە پێغەمبەرە مەزنەکان بێت .

کە هاجەرە خاتوون ئەمەی لە ئیبراهیم بیست ، گەڕایەوە دوا .. ئیبراهیمیش رێی گرتە بەر هەتا گەیشتە بەرزایی‌یەکە بە شێوەیەك کە نەیان‌ئەبینیی ، رووی کردەوە ماڵی خوا و دوای بەرزکردنەوەی هەردوو دەستی ، لە خوای گەورە پاڕایەوە و فەرمووی :

﴿ رَّبَّنَآ إِنِّيٓ أَسۡكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِي بِوَادٍ غَيۡرِ ذِي زَرۡعٍ عِندَ بَيۡتِكَ ٱلۡمُحَرَّمِ رَبَّنَا لِيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ فَٱجۡعَلۡ أَفۡـِٔدَةٗ مِّنَ ٱلنَّاسِ تَهۡوِيٓ إِلَيۡهِمۡ وَٱرۡزُقۡهُم مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمۡ يَشۡكُرُونَ ﴾ (إبراهيم : ٣٧) .

دایکی ئیسماعیل شیری بە ئیسماعیل ئەدا و لە ئاوی کوندەکەی ئەخواردەوە ، تا ئەوەبوو دوای ماوەیەك ئاوی کوندەکە تەواو بوو و خۆی و منداڵەکەی تینوویان بوو .. ئیسماعیل لە تینوان‌دا ئەتلایەوە و بەناو خۆڵەکەدا ئەپاوتلی ئەکرد و خۆی ئەکوتا بە زەویی‌دا و زمانی و هەردوو لێوی ئەجووڵاندن وەك لە سەرەمەرگ‌دا بێت . دایکیشی پێی ناخۆش بوو بەو حاڵەوە کوڕەکەی ببینێ .. سەیری دەوروبەری کرد نزیك‌ترین گردۆڵکە لی‌یەوە گردی صەفا بوو .. خۆی گەیاندە سەری .. لەوێوە سەیرێکی دۆڵەکەی کردەوە تا بزانێ کەسێك ئەبینێ ؟ سەیری کرد و کەسی نەدیی .. کە کەسێکی نەدیی دابەزیە خوارەوە ،

تا کە گەیشتە لای چەمەکە گۆشەیەکی کراسەکەی بەرز کردەوە ، پاشان وەك ئادەمیزادێکی زۆر ماندوو هەوڵی دا و لە چەمەکە کردیە ئەوبەر ، پاشان خۆی گەیاندە سەرگردی دووهەم ، گردی مەڕوە و لەسەری وەستا و سەیری کرد بزانێ کەسێك ئەبینێ ؟ دیسان کەسی نەدیی .. حەوت جار ئەمەی دووبارە کردەوە .. ئیبن عەبباس خوا لێیان رازیی بێ وتوویە : پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ((فذلك سعي الناس بينهما)) . فەرمووی : هات و چۆی حاجیی‌یان بۆ سەر صەفا و مەڕوە بەو بۆنەوەیە .. بەڵام لەو کاتەدا کە لەسەر مەڕوە بوو دەنگێکی بەرگوێ کەوت .. جووڵەی لە خۆی بڕیی .. هەتا بە خۆی وت : بێدەنگ .. چاك گوێی گرت .. دیسان دەنگەکەی بیستەوە و وتی : ئەگەر یارمەتی‌یەکت بەلاوە هەیە یارمەتییمان بدە . سەیری کرد وا مەلائیکەتێك لە شوێنی زەمزەمدا بە پێی یان بە باڵی خەریکی هەڵدانەوەی خۆڵەکەیە هەتا ئاو دەرکەوت ..

هاجەرە خاتوون لە خۆشی‌یانا خەریك بوو باڵی ئەگرتەوە .. هەڵمەتی دا و حەوزی بۆ ئاوەکە بە دەستی دروست ئەکرد و بە مشت ئاوی دەرئەهێنا و ئەی‌کردە ناو کوندەکەیەوە و خێرا ئاوی تر ئەهاتەوە شوێنی .

ئیبن عەبباس ئەڵێت : پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ((يرحم الله أمَّ إسماعيل ، لو تركت زَمزَم ـ أو قال : لو لم تغرفْ من الماء ـ لكانت زمزم عيناً معيناً)) .

فەرمووی : رەحمەتی خوا لە دایکی ئیسماعیل ، ئەگەر وازی لە زەمزەم بهێنایە ، یان بە مشت لێی هەڵ نەگۆزیایە ، ئەوا کانی‌یەك بوو و لە بەری ئەڕۆیشت ..

هاجەرە خاتوون لە زەمزەم تێر ئاوی خواردەوە و شیری دا بە کوڕەکەی . مەلائیکەتەکەش پێی وت : لە تیاچوون مەترسن .. ئا لێرەدا شوێنی ماڵی خوایە و ئەم منداڵە لەگەڵ باوکی‌دا دروستی ئەکەنەوە و ، خوایش کەسانێك کە دۆستی خۆی و دینەکەی بن فەرامۆشیان ناکات و ئەیانپارێزێ ..

هەروا مانەوە و ئاوی زەمزەم لە جیاتیی ئاویش و لە جیاتیی نانیشیان بوو هەتا ئەوەبوو دوای ماوەیەك کۆمەڵێك لە هۆزی جورهومی دووهەم ، کە هۆزێکی یەمەنیی بوون ، هاتن و لە باشووری مەککەدا باریان خست .. کە سەرنجیان دا باڵندەیان دیی کە بە ئاسمانەوە ئەخولایەوە ، وتیان : ئەو باڵندەیە بەسەر ئاودا ئەسووڕێتەوە . ئێمەش ئەو شیوەمان دیی‌بێ ئاومان تیایا نەدیوە . بۆ ئەمە یەك

دوو پیاویان نارد و ئەوانیش سەیریان کرد ئاو هەیە . گەڕانەوە و هەواڵیان دانێ کە ئاو هەیە ، ئەوانیش هاتن و ، دایکی ئیسماعیلیش لەسەر ئاوەکە وەستابوو . وتیان : ماوەمان ئەدەی لێرە لەلاتان بار بخەین ؟ وتی : بەڵێ ، بەڵام لەم ئاوەدا مافێکتان نیە . وتیان : بەڵێ .

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ((فألفى ذلك أم إسماعيل وهي تحب الأنسَ)) . فەرمووی : دایکی ئیسماعیل ئەمەی پێ خۆش بوو چونکە پێی خۆش بوو خەڵکیی ببنە هاودەمی . ئیتر لەوێ باریان خست و ناردیان بەدوای کەس وکاریاندا . کە ئەوانیش هاتن و چەند خانوویەکیان دروست کرد و ، منداڵەکە واتە ئیسماعیل گەورە بوو و لێیانەوە فێری زمانی عەرەبیی بوو ، هەروەها فێری تیروکەوان بوو . کە ژیریی و سەلیقەی زیادی کرد دڵی چووە سەر هەڵس‌وکەوتیان و ئەوانیش ئافرەتێکیان لێ مارە بڕیی و ، دوای ماوەیەکیش دایکی ئیسماعیل کۆچی دوایی کرد .

لەم ماوەیەدا بەینا و بەین ئیبراهیم خەلیل سەری لە مەککە ئەدا و ئیسماعیل و دایکی بەسەر ئەکردەوە .. تا ئەوەبوو لە یەکێ لەو سەردانانەیدا لە خەویدا فەرمانی پێ کرا تا ئیسماعیلی نازداری سەر ببڕێ . ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە ئیسماعیل پێگەیشتبوو و ئەشیتوانیی یارمەتیی باوکی بدات . دیارە وەك لە فەرموودەی شەریفیشدا هاتووە خەوی پێغەمبەران وەحی خواییە و ، ئیبراهیمیش هیچ گومانێکی لە خەوەکەی نەبوو ، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە بەستراوە بە ئیسماعیلیشەوە . بۆیە پەلەی نەکرد و لە دڵی خۆیدا هێشتیەوە .. ئەوەبوو لە شەوی دووهەمیشدا هەمان خەوی بینییەوە .

ئەڵێن خەوی یەکەم شەو لە شەوی هەشتەمی مانگی (ذي الحجة)دا بووە و ناوی نراوە (يوم التروية) ، هەندێکی تریش ئەڵێن : (يوم التروية) بەو هۆیەوە ناونراوە کە حاجییەکان لەو ڕۆژەدا بەر لەوەی بۆ بەجێهێنانی کاروباری حەج دەرچن ، ئاو لەگەڵ خۆیان ئەبەن ..

ئەڵێن : خەوی دووهەم جاریش لە شەوی نۆهەمی مانگی حاجییاندا بووە بۆیە ناونراوە بە ڕۆژی عەرەفە .

هەندێکی تریش ئەڵێن : بۆیە ئەو ڕۆژە ناونراوە بە ڕۆژی عەرەفە ، لەو ڕۆژەدا ئادەم و حەوواء ، دوای دابەزینیان لە بەهەشتەوە ، لەسەر زەویی‌دا یەکتریان دۆزیوەتەوە .

ئەوەبوو لە شەوی سێهەم‌دا بۆ سێهەم جار ئیبراهیم خەوەکەی بینی‌یەوە و ، گەیشتە قەناعەتی تەواو کە پێویستە گوێڕایەڵیی فەرمانی پەروەردگار بکات و ئیسماعیلی ئازیزی سەر ببڕێ و ، بەوپەڕی دامەزراوی‌یەوە دان بە خۆی‌دا بگرێ . بەڵام وای بە چاك زانیی ئەم کارە بێ‌پرس ئەنجام نەدات .. پێویستە رای ئیسماعیل‌یش وەربگرێت ، چونکە هەر خۆی بەندەی خوا نیە ، بەڵکو ئیسماعیل یش بەندەی خوایە و، پێویستە گوێڕایەڵیی و مل‌کەچیی ئەویش بۆ فەرمانی خوا دەربکەوێ ..

کە ئیبراهیم باسەکەی بۆ ئیسماعیل روون کردەوە ئیسماعیلی کۆرپە و نازدار ئەوپەڕی رەزامەندیی بۆ فەرمانەکەی خوا نواند و ، ئەشی‌زانیی باوکی لەسەر حەقە و هەر بڕیارێك بدات لە خۆیەوە نیە ، بەڵکو هەموو هەڵس و کەوتێکی بە پێی رەزامەندیی خوایە ، بۆیە رووی کردە باوکی و فەرمووی :

﴿ قَالَ يَٰٓأَبَتِ ٱفۡعَلۡ مَا تُؤۡمَرُۖ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴾ (الصافات : ١٠٢).

خەلیل دەستی کۆرپەی تاقانەی گرت و بەرەو شوێنی سەربڕینی قوربانیی لە مینا کەوتنە رێ .. لەوێ ئازیزی خۆشەویستی خست بە دەم‌دا و ، دەستی دایە چەقۆ تا بە راستیی قوربانیی بۆ پەروەردگار بکات .. تا جگەرگۆشەی دڵ خۆشکەری سەردەمی پیریی خۆی سەربڕێ .. تەمەنیشی نزیکی صەد ساڵیی بۆتەوە .. بە تەما نیە جارێکی تر کوڕێکی تری ببێ .. چەقۆی تیژی هێنا بەسەر ملی ئیسماعیل‌دا کەچیی نەی‌بڕیی ..

پەردە لا درا تا دانیشتوانی زۆر و زەبەندەی ئاسمان ، کە ئەوەندە زۆرن کرچە کرچیان بە ئاسمان خستووە و خەریکە بڕووخێ ، سەیر بکەن ..

با مەلائیکەتەکان سەیری دیمەن بکەن ..

با سەیری گوێڕایەڵیی و بەندایەتیی بکەن ..

با سەیری پیاوێکی بەساڵاچووی خواناسی ریش‌سپیی بکەن ، کە بەوپەڕی ئارامیی و بیر و هۆشەوە چەقۆی ناوەتە ملی کۆرپەی ئازیزی تا بۆ فەرمان بەرداریی خوا سەری ببڕێ ..

بـا سـەیری رۆڵـەی گـوێدێر بکـەن وا گوێڕایـەڵی فـەرمانی خـوا و پێغەمبەرەکەیەتی .. دەستی لەم ژیانە فانی‌یـە هـەڵ گرتـووە بـە هیـوای دەست خستنی ژیـانی نەبـڕاوەی قیامەت ..

کە چەقۆی خستە سەر ملی ئیسماعیل و نەیبڕیی ، لە ئاسمانەوە بـانگ کـرا : ئیبراهیم ! فەرمانی خەوەکەت جێبـەجێ کـرد و گوێڕایـەڵیی خۆتـت نوانـد ، وا بڕیارەمان دا لە جیاتیی سەربڕینی ئیسماعیل بەرانێکی قەڵەو ـ کە بـۆت ئاسـان بێ ـ پەیدا بکە و بیکە بە قوربـانیی . خێـرا ئیـبراهیم دەسـت و پـەلی کۆرپـەی شیرینی کردەوە .. گەڕا بۆ بەرانێکی قەڵەو تا سەری بـبڕێ .. سـوپـاسی خـوای گـەورەی کـرد لەسـەر ئـەم میهرەبانی‌یـە .. ئـیتر لـەو رۆژەوە موسـڵمانان ئـەم قوربانی‌یە لەو کاتەدا ئەنجام ئەدەن و بۆتە کارێکی گرنگ لە ژیانی موسڵماناندا ..

بەم شێوەیە ئیبراهیم و ئیسماعیل بوونە نـموونەی بەندایـەتیی مەردایـەتیی و گوێڕایەڵیی بۆ فەرمانی خوا ، تا هەموو موسڵمانێك تا ئاخرزەمان بیان‌کاتە سەر مەشقی خۆی :

﴿ وَقَالَ إِنِّي ذَاهِبٌ إِلَىٰ رَبِّي سَيَهْدِينِ ﴿٩٩﴾ رَبِّ هَبْ لِي مِنَ الصَّالِحِينَ ﴿١٠٠﴾ فَبَشَّرْنَاهُ بِغُلَامٍ حَلِيمٍ ﴿١٠١﴾ فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ السَّعْيَ قَالَ يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَىٰ فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانظُرْ مَاذَا تَرَىٰ ۚ قَالَ يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ ۖ سَتَجِدُنِي إِن شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ ﴿١٠٢﴾ فَلَمَّا أَسْلَمَا وَتَلَّهُ لِلْجَبِينِ ﴿١٠٣﴾ وَنَادَيْنَاهُ أَن يَا إِبْرَاهِيمُ ﴿١٠٤﴾ قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا ۚ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ ﴿١٠٥﴾ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ الْبَلَاءُ الْمُبِينُ ﴿١٠٦﴾ وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ ﴿١٠٧﴾ وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ ﴿١٠٨﴾ سَلَامٌ عَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ ﴿١٠٩﴾ كَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ ﴿١١٠﴾ إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ ﴾ (الصافات : ٩٩ ـ ١١١) .

ئیبراهیم و ئیسماعیل لە تاقیی‌کردنـەوە گەورە سـەختەکەدا بـە سـەرکەوتنەوە دەر چوون .. سەلماندیان کە بەنـدەی راسـتەقینەی خـوان .. دوای ئـەوە ئیـبراهیم گەڕایەوە بۆ شام .. دوای ماوەیەك کە تەمەنی ئیـبراهیم لـە صـەد سـاڵیی نزیـك بووبوویەوە کۆمەڵێك لە مەلائیکەتی خوای گەورە لایان دایە لای ئیبراهیم خـەلیل و بوونە میوانی و وایان ئەزانی ئادەمیزادن .. ئەمانە فەرمانیان بەسەردا درا بـوو بچن ناوچەی سەدووم کە قەومی لووطی تیا دەژیان وێرانی بکەن بەسەر کافرەکـان دا و ئیمان‌داران سەرفراز بن .. ئیبراهیم خێرا گوێرەکەیەکی قەڵەوی بـۆ هێنـان و

سەری بڕیی و گۆشتەکەی لەسەر بەردی بە ئاگر سوورەوەکراو برژاند بۆیان ، کەچیی لێیان نەخوارد .. ئیبراهیم ترسی لێ نیشت ، بەڵام مەلائیکەتەکان دڵ خۆشییان دایەوە و ، هەواڵیشیان دایە کە ئەو کارەیان لە ئەستۆدایە و ، مژدەشیان بە سارە خاتوون دا کە لەو تەمەنە زۆرەی خۆی و ئیبراهیمی هاوسەریدا خوای گەورە بڕیاری داوە کە منداڵێکی زانایان پێ ببەخشێ ، کە ئەویش ئیسحاقە و ئەویش کوڕێکی ئەبێ بە ناوی یەعقووب . ئەوەبوو سارە خاتوون سەری سووڕ ئەما و لە خۆشیانا دەستی بە پێکەنین کرد :

﴿ قَالُوا۟ لَا تَخَفْ ۖ وَبَشَّرُوهُ بِغُلَٰمٍ عَلِيمٍ ﴾ (الذاريات : ٢٨) .

﴿ لَا تَخَفْ إِنَّآ أُرْسِلْنَآ إِلَىٰ قَوْمِ لُوطٍ ۝٧٠ وَٱمْرَأَتُهُۥ قَآئِمَةٌ فَضَحِكَتْ فَبَشَّرْنَٰهَا بِإِسْحَٰقَ وَمِن وَرَآءِ إِسْحَٰقَ يَعْقُوبَ ﴾ . (هود : ٧٠ ـ ٧١) .

﴿ وَبَشَّرْنَٰهُ بِإِسْحَٰقَ نَبِيًّا مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴾ (الصافات : ١١٢) .

سارە خاتوون سەری سوڕ ئەما ، چونکە نە خۆی و نە مێردەکەی تەمەنیان لەوە تێپەڕیوە کە تازە منداڵیان ببێ ، بەڵام مەلائیکەتەکان دەریان بڕیی کە ئەمە فەرمان و بڕیاری خوایە و سەرسوڕمانی ناوێ :

﴿ قَالَتْ يَٰوَيْلَتَىٰٓ ءَأَلِدُ وَأَنَا۠ عَجُوزٌ وَهَٰذَا بَعْلِى شَيْخًا ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ عَجِيبٌ ۝٧٢ قَالُوٓا۟ أَتَعْجَبِينَ مِنْ أَمْرِ ٱللَّهِ ۖ رَحْمَتُ ٱللَّهِ وَبَرَكَٰتُهُۥ عَلَيْكُمْ أَهْلَ ٱلْبَيْتِ ۚ إِنَّهُۥ حَمِيدٌ مَّجِيدٌ ﴾ (هود : ٧٢ ـ ٧٣) .

هەروەها ئیبراهیمیش سەری سوڕ ئەما لەم مژدەیە : ﴿ قَالَ أَبَشَّرْتُمُونِى عَلَىٰٓ أَن مَّسَّنِىَ ٱلْكِبَرُ فَبِمَ تُبَشِّرُونَ ۝٥٤ قَالُوا۟ بَشَّرْنَٰكَ بِٱلْحَقِّ فَلَا تَكُن مِّنَ ٱلْقَٰنِطِينَ ۝٥٥ قَالَ وَمَن يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ رَبِّهِۦٓ إِلَّا ٱلضَّآلُّونَ ﴾ (الحجر : ٥٤ ـ ٥٦) .

ئەوەبوو سارە خاتوون سکی پڕ بوو بە ئیسحاقەوە و ئەویش یەعقووبی کوڕی پێ بەخشرا کە باوکی یووسف و یانزە براکەیەتی و باوکی هەموو پێغەمبەرەکانی بەنی ئیسرائیلە لە نێوان یووسف و عیسادا سەلامی خوا لە هەموویان بێت .

بەینا و بەین ئیبراهیم سەری لە مەککە ئەدا ، ئەوەبوو دوای ماوەیەك دایکی ئیسماعیل کۆچی دوایی کرد و ئیسماعیلیش لە هۆزی جورهوم ژنی هێنا . دوای ژن هێنانی ئیسماعیل ئیبراهیم سەردانی مەککەی کرد و سەردانی ماڵی

ئیسماعیلی کرد تا لە بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان ئاگادار بێ . ئەوەبوو ئیسماعیل لە ماڵ نەبوو .. هەواڵی لە هاوسەرەکەی پرسیی ، ئەویش وتی : چۆتە دەرەوە رزق و رۆزییمان بۆ پەیدا بکات .. لەو ماوەیەدا ئیسماعیل خەریکی راوکردن بوو .. پاشان ئیبراهیم خەلیل هەواڵی ژیان و گوزەرانی لە بووکەکەی پرسیی ، ئەویش وەهای دەربڕیی کە ژیان و گوزەرانیان ناخۆشە و لەوپەڕی دەست کورتیی و ناڕەحەتیی‌دان . وەك بڵێی ناشوکریی دەر بڕیی ..

فەرمووی : ئەگەر مێردەکەت هاتەوە سەلامی منی پێ بگەیەنە و ، پێی بڵێ با لاشیپانی دەرگاکەی بگۆڕێ .

کاتێك ئیسماعیل هاتەوە هەستی بەوە کرد کە کەسێك هاتۆتەماڵیان . دڵی خەبەری دا ، بۆیە پرسیی : ئایا هیچ کەسێك هاتۆتە ماڵمان ؟ هاوسەرەکەی وتی : بەڵێ ، پیاوێکی پیری وەها و وەها هاتە ماڵمان . پرسیاری تۆی لێمان کرد، منیش هەواڵم دایە و ، پرسیاریشی دەربارەی ژیان و گوزەرانمان کرد . منیش هەواڵم دایە کە لە دەستکورتیی و ناڕەحەتیی‌داین . فەرمووی : ئایا هیچ ئامۆژگارییەکی کردی ؟ وتی : بەڵێ .. فەرمانی بەسەرمدا دا تا سەلامی ئەوت پێ بگەیەنم و ، ئەی وت : لاشیپانیی دەرگاکەت بگۆڕە .

ئیسماعیل تێگەیشت کە ئەو پیاوە باوکی بەڕێزی بووە و ، بەو ئامۆژگارییەش فەرمانی بەسەردا داوە ئەو ژنەی تەڵاق بدات . بۆیە بە ژنەکەی راگەیاند کە بچێتەوە ماڵی کەس و کاری و تەڵاقی دا .. دوای ئەوە ژنێکی تری لێ خواستن .[9]

چەندێ خوا ویستی لەسەر بوو ئیبراهیم لە شام مایەوە ، پاشان هاتەوە بۆ سەردانی ئیسماعیل و ئەم جارەش لە ماڵەوە نەبوو .. چووە ژوورەوە لای هاوسەرەکەی و پرسیاری ئیسماعیلی لێ کرد .. وتی : لە ماڵ دەرچووە تا رزق و رۆزییمان بۆ پەیدا بکات . فەرمووی : ئەی حاڵتان چۆنە ؟ هەروەها پرسیاری ژیان و گوزەرانیانی لێ کرد . وتی : ژیان و گوزەرانمان باشە و ، سوپاسی خوای گەورەشی کرد . فەرمووی : خۆراکتان چییە ؟ وتی : گۆشت . فەرمووی : ئەی خواردنەوەتان ؟ وتی : ئاو . فەرمووی : خوایە ! فەڕ و بەرەکەت بخەرە گۆشت و ئاویانەوە .

---

[9] ئەم ژنەی کچی (مضاض) ی کوڕی عەمر بووە ، کە سەرداری هۆزی جورهوم بووە .

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :

((ولم یكن لهم یومئذ حبٌّ ، ولو كان لهم دعا لهم فیه)) .

فەرمووی : ئەو رۆژە ئەوان دانەوێڵەیان نەبوو ، خۆ ئەگەر بیانبوایە دوعای بەرەکەتی بۆ ئەویش ئەکرد .

ئیبراهیم فەرمووی : ئەگەر مێردەکەت هاتەوە سەلامی منی پێ بگەیەنە و ، فەرمانی منیشی پێ راگەیەنە تا لاشیپانی دەرگاکەی بچەسپێنێ .

کە ئیسماعیل هاتەوە فەرمووی : ئایا کەسێك هاتۆتە ئێرە ؟ وتی : بەڵێ ، پیاوێکی ریشسپیی رێك و پێك هاتە ماڵمان .

ژنەکە ستایشی ئیبراهیمی کرد پاشان وتی : دەربارەی تۆش پرسیاری لێ کردم و منیش هەواڵم دایە و ، لە بارەی ژیان و گوزەرانیشمانەوە پرسیاری لێ کردم و منیش هەواڵم دایە کە ئێمە باشین . فەرمووی : ئەی هیچ ئامۆژگارییەکی کردی ؟ وتی : بەڵێ ، ئەو سەلامی لێ ئەکردی و ، فەرمانی بەسەرتدا ئەدا تا لاشیپانی دەرگاکەت بچەسپێنی .

فەرمووی : ئەوە باکم بووە و تۆش لاشیپانەکەی ، فەرمانی بەسەرمدا داوە تا راگیرت بکەم .

ئەوەندەی کە خوا ویستی لەسەر بوو ئیبراهیم لە شام مایەوە ، پاشان هاتەوە بۆ مەککە و دیتی وا ئیسماعیل لەژێر درەختێکی گەورەدا نزیك بە زەمزەم خەریکی نووكدادانی تیرە ، کە چاوی بە باوکی کەوت لەبەری هەستایەوە و بەوپەڕی تاسەوە هەڵمەتیان دا و باوەشیان بە یەكدا کرد و یەکیان ماچ کرد .. پاشان فەرمووی : ئیسماعیل ! خوای گەورە فەرمانێکی بەسەرمدا داوە . فەرمووی : پەروەردگارت چ فەرمانێکی بەسەرتدا داوە ئەنجامی بدە . فەرمووی: تۆش یارمەتییم ئەدەی ؟ فەرمووی : یارمەتییت ئەدەم .

فەرمووی : خوای گەورە فەرمانی بەسەرمدا داوە تا لێرەدا خانوویەك بۆ خواپەرستیی بینا بکەم ، ئاماژەشی بۆ شوێنێك کرد کە کەمێ بەسەر دەوروبەریدا بەرز بوو .

بە کۆمەکیی خوا دەستیان کرد بە بینا کردن : ئیسماعیل بەردی ئەهێنا و باوکیشی دیواری ئەنا .. تا کە بیناکە بەرز بوویەوە ، بەردە رەشەکەی هێنا و

خستیه سەر دیوارەکە و لەسەری وەستا . ئەو لەسەر دیوارەکەوە دیواری ئەنا و ئیسماعیلیش بەردی بە دەستیەوە ئەدا :

﴿ وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ ٱلْقَوَاعِدَ مِنَ ٱلْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ ﴾ (البقرة : ١٢٧) .

لەو کاتەدا کە خەریکی بیناکردنی کەعبە بوون ، بیریان لەوە ئەکردەوە ئەمان بۆ خوا کار ئەکەن .. هیچ مەبەستێکی دنیایی لە دڵیانا حەشار نەدرا بوو .. زۆریان پێ خۆش بوو خوای پەروەردگار رازیی بکەن .. پێیان خۆش بوو بانگی تەوحید بڵاو بکەنەوە . بۆیە لەگەڵ کارکردن‌دا ئەپاڕانەوە تا خوا ئەم کارەیان لێ وەربگرێ :

﴿ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّآ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴾ (البقرة : ١٢٧).

هەروەها پاڕانەوە خوای گەورە ئیمانیان پێ ببەخشێ و بە دوو موسڵمانی ملکەچیان بگێڕێ و ، لە نەوەکانیشیان ئوممەتێکی موسڵمانی بۆ خوا ملکەچ پەروەردە بکات و ، لە دین شارەزایان بکات و ، تەوبەیان لێ وەربگرێ :

﴿ رَبَّنَا وَٱجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَآ أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبْ عَلَيْنَآ إِنَّكَ أَنتَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴾ (البقرة : ١٢٨) .

پاشان دوعایەکی تریان ئەکرد .. لە خوای گەورە ئەپاڕانەوە کە لەو ئوممەتە موسڵمانە پێغەمبەرێك هەڵ بخات تا فەرمایشتی خوایان بۆ بخوێنێتەوە و قورئان و حیکمەتیان فێر بکات و پەروەردەیان بکات :

﴿ رَبَّنَا وَٱبْعَثْ فِيهِمْ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُواْ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾ (البقرة : ١٢٩) .

خوای گەورە ئەم پاڕانەوەیەی لەو دوو بەندە خواناسە وەرگرت و ، ئوممەتی موحەممەدی بە دەستی پێغەمبەری ئاخرزەمان پێ گەیاند و ، مەککەش ئەو پیرۆزی‌یەی دەست کەوت و تا ئاخرزەمانیش جاڕدانەکەی ئیبراهیم هەر دەنگ ئەداتەوە و ، ئیمان‌داران بەرەو مەککەی پیرۆز کەمەندکێش ئەکات .

خوای گەورە فەرمانی بەسەر ئیبراهیم‌دا دا تا بە هیچ شێوەیەك شەریك بۆ خوا بڕیار نەدات .. فەرمانی دا کەعبەی پیرۆز بۆ حاجی‌یان و خواناسان لە هەموو شیرك و بت‌پەرستی‌یەك پاك بکاتەوە :

﴿ وَإِذْ بَوَّأْنَا لِإِبْرَاهِيمَ مَكَانَ ٱلْبَيْتِ أَن لَّا تُشْرِكْ بِي شَيْـًٔا وَطَهِّرْ بَيْتِيَ لِلطَّآئِفِينَ وَٱلْقَآئِمِينَ وَٱلرُّكَّعِ ٱلسُّجُودِ ﴾ (الحج : ٢٦) .

هەروەها فەرمانی بەسەردا دا تا جاڕ بدات و گرۆی ئادەمیی ئاگادار بکات کە خوای گەورە حەجی ماڵی خوای لەسەر ئیمانداران فەرز کردووە و هەرکەسێ توانای هەیە با حەج بکات :

﴿ وَأَذِّن فِي ٱلنَّاسِ بِٱلْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَىٰ كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ ﴾ (الحج : ٢٧) .

هەروەها ئیبراهیم سەلامی لێ بێ لە خوا پاڕایەوە تا کەعبە و دەوروبەری بە وڵاتێکی هێمن بگێڕێ و رزق و رۆزیی بە ئیمانداران ببەخشێ :

﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِـۧمُ رَبِّ ٱجْعَلْ هَـٰذَا بَلَدًا ءَامِنًا وَٱرْزُقْ أَهْلَهُۥ مِنَ ٱلثَّمَرَاتِ مَنْ ءَامَنَ مِنْهُم بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْأَخِرِ ۖ قَالَ وَمَن كَفَرَ فَأُمَتِّعُهُۥ قَلِيلًا ثُمَّ أَضْطَرُّهُۥٓ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلنَّارِ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴾ (البقرة : ١٢٦) .

ئەم پاڕانەوەیەی خەلیل پێش دروست کردنی کەعبە بوو ، ئەو کاتەی کە هاجەر و ئیسماعیلی بەجێ هێشتن . بەڵام دوای دروست بوونی شاری مەککە و بنیات نانەوەی کەعبە بەم شێوەیە پاڕایەوە تا ناوچەی مەککە بە وڵاتێکی پڕ لە ئاسایش بگێڕێ و خۆی و وەچە و بەرەکانیشی لە بتپەرستیی بپارێزێ :

﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ ٱجْعَلْ هَـٰذَا ٱلْبَلَدَ ءَامِنًا وَٱجْنُبْنِي وَبَنِيَّ أَن نَّعْبُدَ ٱلْأَصْنَامَ ﴾ (إبراهيم : ٣٥) .

خوای گەورەش نزا و پاڕانەوەکانی (خليل الرحمن) گیرا کردن و ئاواتەکانیشی بۆ هێنایە دیی :

﴿ وَإِذْ جَعَلْنَا ٱلْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْنًا وَٱتَّخِذُوا۟ مِن مَّقَامِ إِبْرَاهِـۧمَ مُصَلًّى ۖ وَعَهِدْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَاهِـۧمَ وَإِسْمَـٰعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّآئِفِينَ وَٱلْعَـٰكِفِينَ وَٱلرُّكَّعِ ٱلسُّجُودِ ﴾ (البقرة : ١٢٥) .

کە ئیبراهیم و ئیسماعیل سەلامیان لێ بێ کەعبەیان بینا کرد جیبریل هات هەموو کاروبارێکی حەج و خواپەرستیی پیشانی ئیبراهیم دا و ، فەرمانیشی بەسەردا دا تا جاڕ بدات تا خەڵکیی بانگ بکات .

ئیبراهیم سەری سوڕ ئەما ، چۆن جاڕ بدات ؟ دەنگی ئەو بە کوێ ئەگات ؟ بۆیە پرسیاری لە پەروەردگاری کرد کە خوایە دەنگی من بە کوێ ئەگات ؟ خوای گەورەش وەڵامی دایەوە : ئەی ئیبراهیم تۆ جاڕ بدە و منیش ئەیگەیەنم ..

ئەمەیە نهێنیی بانگەوازی خوا ..

هەرکەسێ بە دڵێکی پاك و نییەتێکی صافەوە بیەوێ خزمەتی دینی خوا بکا، با بە پێی توانای خۆی هەوڵ بدا و ، چاوەڕوانی بەرەکەتی خوا بێت ..

ئیبراهیم جاڕی دا .. هەتا ئێستاش و هەتا ئاخرزەمانیش دەستە دەستە و پۆل پۆل ساڵانە ئیمانداران ئەچن بە دەم جاڕەکەی ئیبراهیمەوە و حەجی ماڵی خوا ئەکەن .. ئیتر لەو کاتەوە ئیمانداران دەستبەرداری کەعبە نەبوون ..

بەڵێ بە فەرمانی خوا ، ئیبراهیم چووە سەر کێوی (ئەبوقوبەیس) و جاڕی دا : خەڵکینە ! خوای گەورە حەجی لەسەرتان فەرز کردووە ، دە بێن حەج بکەن . ئەوەبوو هەرچیی ئادەمی‌یەك خوای گەورە بڕیاری دابوو گیانی بکات بە بەردا ، لە پشتی پیاوان و لە رەحەمی ئافرەتاندا ، هەرچیی ئیماندار بوو تا رۆژی قیامەت و ، لە عیلمی ئەزەلیی خوادا نووسرابوو کە حەج بکات هەر هەموویان وەڵامیان دایەوە : (لبيك اللهم لبيك) .

بەڵێ ئیبراهیم و ئیسحاق و خاتوو سارەی دایکی لە (بيت المقدس)ەوە هاتن بۆ مەککە و حەجیان کرد ..

دوای ئەوەی کە ئیبراهیم کەعبەی پیرۆزی بنیات نا بە فەرمانی خوا گەڕایەوە بۆ شام تا لەوێش (بيت المقدس) بینا بکات . هەندێکیش ئەڵێن : (بيت المقدس) یەعقووب بینای کردووە . ئەوەندە هەیە کەعبە چل ساڵ پێشتر بینا کراوە .

لە ئەبوذەڕڕەوە خوا لێی رازیی بێ ئەگێڕنەوە کە وتوویە : وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ! چ مزگەوتێك یەکەم جار لەسەر زەوییدا بینا کراوە ؟ فەرمووی : (المسجد الحرام) . وتم : پاشان کامی تر ؟ فەرمووی : (المسجد الأقصى) . وتم : چەند ساڵ بەینیان هەیە ؟ فەرمووی : ((أربعون سنة ، وأينما أدركتك الصلاة فصلِّ فهو مسجد)) .[١٠] فەرمووی : چل ساڵ . لە هەر کوێیەکیش‌دا بوویت و کاتی نوێژ هاتە بەرەوە نوێژەکەت بکە ، ئەوە مزگەوتە ..

---

[١٠] رواه البخاري ومسلم .

ئیسماعیل لەو ژنە جورهومیە دوانزە کوڕی بوون کە ئەمانەن : نابت ، قیدار ، أدبائیل ، مبشام ، مشماع ، دوما ، میشا ، حدد ، یتما ، یطور ، نفیس ، قیدمان . ئەم دوانزە کوڕە دوانزە هۆزیان لێ کەوتەوە کە تا ماوەیەك هەر هەموویان لە مەککەدا مانەوە و ، زۆربەی ژیان و گوزەرانیان بریتیی بوو لە بازرگانیی لە وڵاتی یەمەنەوە بۆ وڵاتی شام و میصر . پاشان ئەم هۆزانە لە دوورگەی عەرەبییدا بڵاوەیان کرد ، بگرە هەندێکیان لە دوورگەش چوونە دەرەوە .. ئیتر بەرە بەرە ناو و دەنگ و باسیان گوم بوو جگە لە منداڵەکانی نابت و قەیدار .

قەیداری کوڕی ئیسماعیل بە خۆی و منداڵەکانیەوە لە مەککە مانەوە هەتا لە وەچە و بەرەی ئەو عەدنان و مەعدی کوڕی پێگەیشتن .. ئیتر لەوێوە ئەوانەی لەوان کەوتنەوە ناویان لێ ئەنرا عەرەبی عەدنانیی ..

بەڵێ بەناوبانگ‌ترین نەوەی ئیسماعیل عەدنانە کە باپیری بیست و یەکەمی پێغەمبەری نازدارمانە ﷺ .

زانایانیش بە لێکۆڵینەوەی ورد گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە کە بە چل پشت عەدنان بە ئیبراهیم پێغەمبەری باپیری ئەگاتەوە .

مەعد کوڕێکی بوو بە ناوی نزار ، کە هەندێك وای ئەگەیەنن ئەو نزارە تاقانە بووە . نزاریش چوار کوڕی بوون ، کە چوار هۆزی گەورەیان لێ کەوتەوە . ئەو چوار کوڕەش ئەمانە بوون : ئیاد ، ئەنمار ، رەبیعە ، موضەر ، کە ئەم دوانەی دواوەیان لق و وەچیان زۆر بوو و نەوەی زۆریان لێ کەوتنەوە . ئەوەبوو لە رەبیعە ئەسەد و ، عەنەزە و ، عبدالقیس و ، بەکر و ، تەغلیب و ، حەنیفە کەوتنەوە و ، موضەریش بەش بوو بە دوو کەرتی گەورەوە : قەیس عەیلانی کوڕی موضەر و ، چەند لقێکی ئیلیاسی کوڕی موضەر ، لە قەیس عەیلان بەنو سولەیم و ، بەنو هەوازین و ، بەنوغەطەفان کەوتنەوە ، کە لە غەطەفانیش عەبس و ذیبیان و ئەشجەع و غونەی کوڕی ئەعصەر کەوتنەوە .

لە ئیلیاسی کوڕی موضەریش تەمیمی کوڕی موڕڕە و ، هوذەیلی کوڕی مودریکە و ، بەنو ئەسەدی کوڕی خوزەیمە و ، چەند لقێکی کینانەی کوڕی خوزەیمە کەوتەوە و ، لە کینانەش قوڕەیش کەوتەوە .

قورەیشیش بەش بوون بە چەند هۆزێکەوە کە گرنگ‌ترینیان جومەح و ، سەهم و ، عەدیی و ، مەخزووم و ، تەیم و ، زوهرە و ، لقەکانی قوصەی کوڕی کیلابن کە بریتین لە عبدالداری کوڕی قوصەی و ، ئەسەدی کوڕی عبدالعزی ی کوڕی قوصەی و ، عەبدمەنافی کوڕی قوصەی .

عەبدمەنافیش چوار پارچەی لێ کەوتەوە : عەبدشەمس و ، نەوفەل و ، موطەللیب و ، هاشم .. پێغەمبەری ئازیزیشمان لە بنەماڵەی هاشم‌دا هەڵبژێررا کە کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولموطەللیبی کوڕی هاشم بوو . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە :

((إن الله اصطفى من ولدِ إبراهيم إسماعيل ، واصطفى من ولد إسماعيل كنانة، واصطفى من بني كنانة قريشاً ، واصطفى من قريش بني هاشم واصطفاني من بني هاشم)) .[١١]

فەرموویە : خوای گەورە لەناو رۆڵەکانی ئیبراهیم‌دا ئیسماعیلی هەڵبژارد و ، لەناو رۆڵەکانی ئیسماعیلیش‌دا کینانەی هەڵبژارد و ، لەناو رۆڵەکانی کینانەش‌دا قورەیشی هەڵبژارد و ، لەناو قورەیشیش‌دا بەنی هاشمی هەڵ بژارد و ، لەناو بەنی هاشمیش‌دا منی هەڵبژارد.

هەروەها لە عەبباسی کوڕی عەبدولموطەللیبەوە ئەگێڕنەوە کە وتوویە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە :

((إن الله خَلَقَ الخلْقَ فجعلني مِن خيرِ فِرَقِهِم وخيرِ الفريقين، ثم تَخَيَّرَ القبائل ، فجعلني من خير القبيلة ، ثم تخير البيوت فجعلني من خير بيوتهم ، فأنا خَيرُهُم نفساً وخيرهم بيتاً)) .[١٢]

ئەم فەرموودەیەش دەری ئەبڕێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ چاکترین مرۆڤە و ، بنەماڵەکەشی چاک‌ترین بنەماڵەیە و ، هۆزەکەشی چاک‌ترین هۆزە .

کە نەوەکانی عەدنان زۆر بوون و لە مەککەدا جێیان نەئەبوویەوە ، بە هەموو لایەکی ولاتی عەرەب‌دا بڵاوەیان لێ کرد .. بەدوای ئاو و لەوەڕدا ئەگەڕان ..

ئەوەبوو (عبدالقيس) و چەند لقێکی بەکری کوڕی وائیل و ، چەند لقێکی تەمیم بەرەو بەحرەین کۆچیان کرد و لەوێ نیشتەجێ بوون .

---

[١١] رواه مسلم عن واثلة بن الأسقع ، باب فضل نسب النبي ﷺ : ٢ / ٢٤٥ والترمذي : ٢ / ٢٠١ .
[١٢] رواه الترمذي ، باب ما جاء في فضل النبي صلىالله عليه وسلم : ٢ / ٢٠١ .

ئەوەی حەنیفەش بەرەو یەمامە کەوتنە رێ و لە حیجر ، کە شارۆچکەی یەمامە بووە ، نیشتەجێ بوون و ، پاشماوەی لقەکانی بەکری کوڕی وائیلیش لە سەرانسەری ناوچەی نێوان یەمامە و بەحرەین و کاظمە تا دەریا و کەناری سوادی عیراق تا ئوبوللە ، تا هیت .

تەغلیب یش لە جەزیرەی فورات‌دا نیشتەجێ بوون و ، بەنو تەمیمیش لە بیابانی بەصرەدا نیشتەجێ بوون .

بەنو سولەیم‌یش لە نزیك مەدینەدا ، هەر لە (وادي القرى) وە هەتا خەیبەر و خۆرهەلاّتی مەدینە نیشتەجێ بوون .

ثەقیفیش لە طائیف و، هەوازین یش لە خۆرهەلاّتی مەککەدا نیشتەجێ بوون .

بەنو ئەسەدیش لە خۆرهەلاّتی تەیماء و ، خۆرئاوای کووفەدا نیشتەجێ بوون .

ذیبیان یش لە نزیك تەیمائەوە تا حۆران نیشتەجێ بوون .

چەند بنەماڵەیەکی کینانەش لە توهامەدا ئەژیان و ، چەند بنەماڵەیەکی قورەیشیش لە مەککە و دەوروبەری‌دا ئەژیان ، بەلاّم یەکجار بێ سەروبەر بوون و بە هیچ شێوەیەك یەکیان نەئەگرت ، تا ئەوەبوو قوصەی لەناویان‌دا هەڵ کەوت و کوێ کردنەوە و کردنیە هۆزێکی پایەداری خاوەن رێز و، پلە و پایەی بەرز کردنەوە .[١٣]

---

[١٣] الرحيق المختوم : ١٦ ـ ١٩ .

بەشی دووهەم
حکوومەتەکانی عەرەب
پێش هاتنی ئیسلام

لە دوورگەی عەرەبیی‌دا دوو جۆر نیشتەجێبوون هەبوو :

١ - **بیابان نشینان** : ئەمانە لە بیابان‌دا ئەژیان و بەدوای لەوەڕدا هەردەم لە گەڕان و هاتوچۆدا بوون .. لە هەر کوێ ئاو بوایە لەوێ باریان ئەخست .. ئەمانە لە چادردا ئەژیان ، کە لە موو و خوریی ئەچنران .. زۆربەی دانیشتوان بەم جۆرە ئەژیان بە تایبەت لە باکووردا : حیجاز و نەجد و توهامە .

٢ - **شارنشینان** : ئەمانە لە شار و گوندەکان‌دا ئەژیان و خانوویان لە خشت یان بەرد دروست ئەکرد . زۆربەی ئەمانە لە باشووردا لە ناوچەی یەمەن و دەورویەری و ، لەسەر سنوورەکانی ولاتی رۆم و فارس ئەژیان .

ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە لە دوورگەی عەرەبیی‌دا لە دێرین زەمانەوە چەندەها شارستانیەتی رەسەن دامەزراون کە ئەمانە بەناوبانگەکانیانن :

یەکەم : شارستانێتیی سەبەء لە ولاتی یەمەن‌دا :

لە چەندین شوێن‌دا قورئانی پیرۆز دەری بڕیوە کە لە ولاتی عەرەب‌دا شارستانێتیی و ئاوەدانیی و پێش‌کەوتن و خۆش‌گوزەرانیی بووە . بۆ نموونە : لە ولاتی یەمەن‌دا کەڵکیان لە ئاوی باران و لافاو وەرگرتووە بەوەی کە بەنداویان بە شێوەیەکی ئەندازەیی رێك و پێك دروست کردووە ، کە گرنگ ترینیان بەندی مەئرەب بووە کە بە ئاوەکەی جۆرەها سەوزە و میوە و باخ و باخاتیان پێ دێراوە و بەروبوومی نایابیان بەدەست هێناوە :

﴿ لَقَدْ كَانَ لِسَبَإٍ فِي مَسْكَنِهِمْ ءَايَةٌ ۖ جَنَّتَانِ عَن يَمِينٍ وَشِمَالٍ ۖ كُلُوا۟ مِن رِّزْقِ رَبِّكُمْ وَٱشْكُرُوا۟ لَهُۥ ۚ بَلْدَةٌ طَيِّبَةٌ وَرَبٌّ غَفُورٌ ۝١٥ فَأَعْرَضُوا۟ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ سَيْلَ ٱلْعَرِمِ وَبَدَّلْنَٰهُم بِجَنَّتَيْهِمْ جَنَّتَيْنِ ذَوَاتَىْ أُكُلٍ خَمْطٍ وَأَثْلٍ وَشَىْءٍ مِّن سِدْرٍ قَلِيلٍ ۝١٦ ذَٰلِكَ جَزَيْنَٰهُم بِمَا كَفَرُوا۟ ۖ وَهَلْ نُجَٰزِىٓ إِلَّا ٱلْكَفُورَ ﴾ (سبأ : ١٥ - ١٧) .

هەروەها قورئانی پیرۆز دەری بڕیوە کە لەو چەرخە دێرینانەدا لە نێوان یەمەن و حیجاز و شامدا شاری گەورە گەورە بوون و ، هەر کاروانێك ئەکەوتە ڕێ ، بە درێژایی ئەو ڕێیە شوێنی حەسانەوە و نان و ئاویان دەست ئەکەوت و پەکیان نەئەکەوت :

﴿ وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ ٱلْقُرَى ٱلَّتِى بَٰرَكْنَا فِيهَا قُرًى ظَٰهِرَةً وَقَدَّرْنَا فِيهَا ٱلسَّيْرَ سِيرُوا۟ فِيهَا لَيَالِىَ وَأَيَّامًا ءَامِنِينَ ﴿١٨﴾ فَقَالُوا۟ رَبَّنَا بَٰعِدْ بَيْنَ أَسْفَارِنَا وَظَلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ فَجَعَلْنَٰهُمْ أَحَادِيثَ وَمَزَّقْنَٰهُمْ كُلَّ مُمَزَّقٍ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ ﴾ (سبأ : ١٨ ـ ١٩) .

دووهەم : شارستانێتیی عاد لە ناوچەی ئەحقاف :

هەروەها لە باکووری حەضرەمەوتدا و لە ناوچەی ئەحقافدا هۆزی عاد ئەژیان .. ئەو هۆزەی کە خوای گەورە هوود پێغەبەری سەلامی لێ بێ بۆ ناردن . ئەمانە لە زانستدا پێشکەوتوو بوون و خاوەنی خانوو و باڵاخانە و کارگەی هەمە چەشن و باخ و باخات و کشتوکاڵ و کانیاو بوون :

﴿ كَذَّبَتْ عَادٌ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٢٣﴾ إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ هُودٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٢٤﴾ إِنِّى لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٢٥﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٢٦﴾ وَمَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ۖ إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٢٧﴾ أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ ءَايَةً تَعْبَثُونَ ﴿١٢٨﴾ وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمْ تَخْلُدُونَ ﴿١٢٩﴾ وَإِذَا بَطَشْتُم بَطَشْتُمْ جَبَّارِينَ ﴿١٣٠﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٣١﴾ وَٱتَّقُوا۟ ٱلَّذِىٓ أَمَدَّكُم بِمَا تَعْلَمُونَ ﴿١٣٢﴾ أَمَدَّكُم بِأَنْعَٰمٍ وَبَنِينَ ﴿١٣٣﴾ وَجَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴾ (الشعراء : ١٢٣ ـ ١٣٤) .

سێهەم : شارستانێتیی ثەموود لە حیجاز :

لە وڵاتی حیجریشدا کە قەومی ثەموود تیایا نیشتەجێ بوو بوون ، شارستانییەتێك بەرپا بوو بوو . ئەمانیش دارای لێهاتن و توانایەکی بێوێنە بوون ، کە ئەیانتوانیی لە چیاکاندا خانوو هەڵ بکۆڵن و ، بۆ پێگەیاندنی باخ و باخات و سەوزە و میوە کەڵك لە کانیاوەکان وەربگرن :

﴿ كَذَّبَتْ ثَمُودُ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٤١﴾ إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ صَٰلِحٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٤٢﴾ إِنِّى لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٤٣﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٤٤﴾ وَمَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ۖ إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٤٥﴾ أَتُتْرَكُونَ فِى مَا هَٰهُنَآ ءَامِنِينَ ﴿١٤٦﴾ فِى جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿١٤٧﴾ وَزُرُوعٍ

وَنَخْلٍ طَلْعُهَا هَضِيمٌ ﴿١٤٨﴾ وَتَنْحِتُونَ مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا فَرِهِينَ ﴿١٤٩﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴾ (الشعراء : ١٤١ ـ ١٥٠) .

﴿ وَٱذْكُرُوٓا۟ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعْدِ عَادٍ وَبَوَّأَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ تَتَّخِذُونَ مِن سُهُولِهَا قُصُورًا وَتَنْحِتُونَ ٱلْجِبَالَ بُيُوتًا ۖ فَٱذْكُرُوٓا۟ ءَالَآءَ ٱللَّهِ وَلَا تَعْثَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴾ (الأعراف : ٧٤) .

ئەم شارستانیانە ماوەیەكی زۆریان خایاند و دوایی ئەوانیش تیا چوون ، هەروەكو نەبووبن . ئەو خەڵكە هەر هەموو رۆیشتن و دنیایان بەجێ هێشت و ، هەر یەكە كردەوەكانی خۆی ـ چ چاك و چ خراپ ـ بە كۆڵەوە گرت و بەرەو بارەگای خوا كەوتە رێ ..

دیارە ـ وەك پسپۆڕان لێی كۆڵیونەتەوە ـ دوورگەی عەرەب لە دێرین زەماندا ناوچەیەكی بە پیت بووە و ئاو و هەوای وەك ئێستە وشك و بێباران نەبووە ، بۆیە دوای گۆڕانی ئاو و هەوای و دروست بوونی ئەو بیابانە وشكانە ، خەڵكەكەی ناچار بوون وڵات بەجێ بهێڵن و بەرەو ئەو ناوچانە بكەونە رێ كە ئاو و هەوایان لە بارە بۆ ئاوەدان كردنەوە و بەرپاكردنی شارستانییەت . شایانی باسە كە پسپۆڕان ئەم وشكیی و بێبارانی‌یە ئەگێڕنەوە بۆ هەزاری دووهەمی پێش زایین ..[14]

ئێستاش با بێینە سەر باسی حكوومەتەكانی عەرەب :

كاتێك كە خۆری ئیسلام هەڵ هات كاربەدەستانی دوورگەی عەرەب ئەكران بە دوو بەشەوە :

بەشێكیان پادشای خاوەن تەخت و تاج بوون ، هەرچەندە بە تەواوەتیی سەربەخۆ نەبوون و هەمیشە ناچار بوون پاڵ بە یەكێ لە دەوڵەتە گەورەكانەوە بدەن .

بەشەكەی تریشیان ئەو سەرۆك هۆز و عەشرەتانە بوون كە وەك پادشاكان دەسەڵات دار بوون و ، زۆربەشیان سەربەستیی تەواویان هەبوو و ، هەندێكیشیان پاشكۆی پادشایەكی خاوەن تەخت و تاج بوون ، جا تەنها پادشاكانی یەمەن و غەساسینە و مەناذیرە پادشای تاجدار بوون .[15]

---

[14] السيرة النبوية لمحمد بن محمد أبـي شهبة : ١ / ٤٩ ـ ٥٢ .
[15] الرحيق المختوم : ٢٠ .

شایانی باسە کە لە ناوچەکانی ولاتی عەرەب‌دا یاسای هۆزایەتیی باو بوو ، هەتا لە حکوومەتی پادشاکانیش‌دا .. بۆیە هەموو ئەرك و مافێك بەو پێیە دیاریی ئەکرا . هۆزیش سەرۆکێکی هەبوو کە پێ‌یان ئەوت (سید) یان (شیخ) هەندێ جاریش (أمیر) یان (ملك) .

هەڵبژاردنی ئەم سەرۆکەش بە پێی لێ‌هاتن و سیفەتی جوانی وەك ئازایەتیی و پیاوەتیی و سەخاوەت بوو .. خۆ ئەگەر کوڕی ئەو سەرۆکە دارای ئەو سیفەتانە بوایە ئەوا دوای باوکی ئەبووە سەرۆکی هۆز ، ئەگینا کەسێکی تری نزیکی لێ‌هاتووی سەرۆك هەڵ ئەبژێررا ..

سەرۆك هۆز مافی ماددیی و مەعنەویی بەسەر هۆزەکەیەوە هەبوو .. مافی مەعنەویی ئەوەبوو رێزی لێ بگیرێ و ، بەدەم فەرمانیەوە بچن و ، هەر بڕیارێکی دەرکرد جێ‌بەجێی بکەن . مافی ماددییشی بریتیی بوو لەوەی کە لە غەنیمەت‌دا چارەکی پێ بدرێ و ، پێش دابەش‌کردنی غەنیمەتیش هەر شتێکی بۆ خۆی جیا کردەوە پێی بدرێ کە پێی دەوترێ (صفایا) هەروەها (نشیطە)ش بۆ ئەو بێ کە بریتی‌یە لە دەست‌کەوتەکانی دوژمن بەر لەوەی بچن بە گژیا ، هەروەها (فضول) کە بریتی‌یە لەو شتانە کە بۆ دابەش‌کردن ناشێن .

بەرامبەر بەم مافە زۆرانە سەرۆکی هۆز ئەرکی زۆریشی لە ئەستۆدا بوون . ئەبوا لە کاتی ئاشتیی‌دا پیاوێکی بەخشندەی سنگ فراوان بێت .. رێز لە میوان و، نوێنەر و ، رێبوار بگرێ و ، فریای دەست‌کورتانی هۆز بکەوێت و ، پەنای پەناهەندە بدات . لە کاتی جەنگیش‌دا خۆی پێش سوپا بکەوێت و لە هەموو کەس پالەوان‌تر بێت و خۆی لێپرسراوی جەنگ و ئاشتیی و پەیمان‌بەستن بێت .

کورتەکەی سەرۆکی هۆز چاوساغی ئەو هۆزەیە و ، دوای راوێژکردن بە پیاوماقووڵانی دەوروبەری لە جیاتیی هۆزەکە بیر ئەکاتەوە و بڕیار ئەدا .. جا لەبەر ئەوەی کە هیچ دەسەڵاتێکی دەرەکیی دەستی بەسەر هۆز و سەرەك هۆزدا نەکێشاوە ، ئەوا هەموو ئەندامێك تامی سەربەستیی و ئازادیی ئەکات و ، پیاوانە رای خۆی دەرئەبڕێت و بە هیچ شێوەیەك ستەم قبووڵ ناکات ..

لە هەمان کات‌دا لەبەر ئەوەی تەنها پشت بە هۆزەکەیان ئەبەستن ئەوا ئەوپەڕی کۆمەکیی هۆزەکەی ئەکات و ، شانازیی پێوە ئەکات و ، پشت‌گیریی لە هەموو

ئەنـدامێکی هۆزەکەی ئەکات ، ئیتر سا لەسەر راستیی بێ یان لەسەر هەڵە ، بە رادەیەك کە دروشمی : (أنصر أخاك ظالماً أو مظلوماً) بوو بووە دروشمیان .

لەناو عەرەبەکان دا ئەندامانی هۆز لە سێ چین پێك هاتبوون :

١ ـ **چینی ئازادەکان :** ئەمانە رۆڵـەی راسـتەقینەی هۆزەکـەن کـە لـە پشـت و رەچەڵەك دا یەکیان گرتووە . ئەمانە نـاوکرۆکی هۆزەکـەن و ، خـاوەنی مـافێکی یەکجار زۆرن و ، ئەرکی گرانیش لە ئەستۆیان دایە .

٢ ـ **چینی مەوالیی :** ئەمانە عەرەبن و ئازادیشن یان ئازاد کراون و ، هاتوونەتە پاڵ هۆزەکە ، سا بە هاوپەیمانیی یان بە پەناهەنـدەیی . ئەمانـە هەنـدێ مـاف و هەندێ ئەرکیان لە ئەستۆدایە .

٣ ـ **چینی بەنـدەکان :** ئەمانـە یـەکجار بێمـاف و بێکەسـایەتیی بـوون ، لـە بارودۆخێکی یەکجار خراپ و دژواردا ئەژیان ، بە رادەیەك کە ئاغـا بـۆی هـەبوو ئەو بەندەیە بکوژێت . ئەمانە یا بە کڕین هێنرابوون یان دیلی جەنگ بوون .

کە ئیسلام هات گەیشتە فریای ئەم چینە داماوە و ڕێی بۆ ئازادکردنیان خۆش کرد ، تا ببنەوە بە خاوەنی ماف و ڕێز و حورمەتی شایستە بە ئادەمیزاد ..[16]

پادشایەتیی یەمەن :

کۆن ترینی ئەو گەلانەی کە لە عەرەبی عاریبە لە یەمەن دا ناسرا بـێ قـەومی سەبەء بوون . ئەمانە خاوەنی موڵك و دەسەڵاتێکی گەورە بـوون و ، لـە هونـەری ئەندازەدا ئەوپەڕی وردەکاریی‌یان بەکار ئەهێنا ، بۆیە توانای بنیات نـانی بەنـدی گەورەیان هەبوو بۆ کۆکردنەوەی ئاوی لافاو بۆ کاتی پێویستیی . گەورەترینی ئـەو بەندانە بەندی مەئرەب بوو .

یانزە صەدە پێش زایین شارستانێتیی سەبەء گەیشتە ئەوپـەڕی پێشـکەوتن و ، بوونە خاوەنی دەسەڵات و توانـای زۆر و دەوروبەریشـیان هێنایـە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیانەوە .

لە صەدەکانی پێش ساڵی ٦٥٠ پ . ز پایتەختیان لە شاری (صرواح) بـوو کە ئەمڕۆ ناوی (خريبة) یە و ئەکەوێتە لای خۆرئاوای شاری مەئرەبەوە و ، لـەو سەردەمەدا بەندی مەئرەب دروست کرا . ئەمەش بە بۆنەی ئەوەوە کـە بـارانێکی زۆر لە وڵاتی یەمەن دا ئەباریی و بە جارێك ئەڕژایە دەریاوە و هیچ کـەڵکێکی لێ

---

[16] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٦٠ ـ ٦٢ .

وەرنەئەگیرا جگە لە کاتی بارینەکەی . سەبەئیش بووبوونە خاوەنی زانست و هونەر و دەسەلاتێکی زۆر . بۆیە لە نێوان دوو چیادا کە خەریك بوو لە یەك بدەن ، بەندێکی یەکجار گەورەیان دروست کرد و چەند دەرگایەکیان بۆ دروست کرد تا ئاویان لێوە دەرچێت . بەمە رووبەری زەویی و زاری کشتوکاڵیان زۆر کرد و ، لە ساڵێك‌دا لە جارێك زیاتر کشتوکاڵیان ئەکرد . هەروەها بەم بەنداوانە مەترسیی لافاویان لە گوند و شاری سەر رووبارەکان کەم ئەکردەوە و ، کێڵگە کشتوکاڵی‌یەکانیش بیٚوەی ئەبوون .. بەمە دەست‌هاتیان زۆربوو و ولات پڕ لە خێر و بەرەکەت بوو و ، ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەش خۆش بوو ..

لە سەردەمی زێڕینی سەبەء دا نازناوی پادشاکانیان (مکرب سبأ) بوو ، بەلام لە نێوان ساڵانی ٦٥٠ پ . ز هەتا ١١٥ پ . ز نازناوی پادشاکانیان گۆڕیی بۆ پادشایانی سەبەء و ، پایتەختیشیان گواستەوە بۆ مەئرەب کە ئێستە شەصت میل وا لە خۆرهەلاتی شاری (صنعاء)دا .

گەورەترین و ناودارترین پادشای سەبەء خاتوو بەلقیس بووە کە قورئان باسی لەگەڵ سولەیمان پێغەمبەردا سەلامی لیٚ بیٚ کردووە و ، دەریش ئەکەویٚ کە خەڵکی یەمەن لەو کاتەدا خەریکی پەرستنی خۆر بوون ، بەلام زۆر بەهێز و بەدەسەلات بوون و ، خاوەنی زانستێکی فراوان بوون ، هەتا بەلقیسی پادشا خاوەنی تەختێکی یەکجار مەزن بووە .

دوای لاوازبوونی دەوڵەتی سەبەء هۆزی حیمیەر دەسەلاتی پەیدا کرد ، ئەمەش لە نێوان ساڵانی ١١٥ پ . ز هەتا ٣٠٠ ز . لەم سەردەمەدا پایەتەخت لە مەئرەب گوازرایەوە بۆ شاری (ریدان) و ناوی ریدان یش گۆڕا بۆ (ظفار) و ئەمڕۆ کەلاوەکانی ئەو شارە لەسەر چیایەکی خڕن لە نزیك (یریم) . لەم سەردەمەدا دەوڵەت بەرەو لاوازبوون رۆیشت و ، تا رادەیەکی زۆر بازرگانی‌یان شکستی هێنا ، ئەویش بە بۆنەی دەست گرتنی نەبطی‌یەکان بەسەر باکووری حیجازدا و ، پاشانیش دەست‌گرتنی رۆمانەکان بەسەر رێگا ئاوی‌یەکانی بازرگانیی‌دا ، ئەمەش دوای ئەوەی کە رۆمەکان میصر و شام و باکووری حیجازیان داگیرکرد و ، لە لایەکی تریشەوە ناکۆکیی نێوان هۆزەکان خۆیان .

بەڵیٚ کە سەبەئی‌یەکان لاواز بوون هۆزی حیمیەر دەسەلاتیان پەیدا کرد و دەوڵەتیان دامەزراند .

لە دوای ساڵی ٣٠٠ ز ئاژاوە و پشێویی رووی کردە وڵاتی یەمەن و ، جەنگی ناوخۆ دەستی پێ کرد ، تا سەرەنجام بێگانە تەماعیان کردە یەمەن . ئەوەبوو لەو سەردەمەدا رۆمان دابەزییە عەدەن و ، بە کۆمەکیی رۆمان ئەحباش لە ساڵی ٣٤٠ ز توانییان بۆ یەکەم جار وڵاتی یەمەن بگرن ، ئەویش بە هەل وەرگرتن لە بەرابەرکێی نێوان هەمدان و حیمیەر . ئەوەبوو تا ساڵی ٣٧٨ ز یەمەنیان بە دەستەوە بوو ، پاشان یەمەن سەربەخۆیی وەرگرتەوە .

جا تا حکومەت دەسەڵاتدار بوو بە باشیی خزمەتی بەندی مەئرەب و بەندەکانی تری ئەکرد . هەرلایەکی برووخایە خێرا چاك ئەکرایەوە . بەڵام کە دەوڵەت لە رۆژانی دوا دواییدا لاواز بوو نەیدەتوانیی وەك جاران خزمەت بکات ، لەبەر ئەوە بەندەکان لاواز بوون و بەرگەی لافاوی توندی زستانی سەختیان نەئەگرت ، ئەوەبوو بە یەك جار بەندی مەئرەب هەرەسی هێنا و لافاوێکی یەکجار گەورە و سامناك دروست بوو و هەموو گوند و شارێکی بەردەمی خۆی راماڵیی و، بووە مایەی کاولبوونی وڵات .

قورئانی پیرۆزیش باسی ئەوەی کردووە کە لە ئەنجامی لادانی خەڵکەکە لە رێبازی خوا و پشت هەڵکردنیان لە فەرمانی خوا ، خوای گەورە بەڵای بۆ ناردن . لافاوی بۆ ناردن تا ئەوەبوو ئاو بەندەکانی راپێچ کردن و ئەو هەموو ناز و نیعمەتەیان لێ سەندرایەوە و ، رزق و رۆزییان کەم بوویەوە ، ئەویش لە ئەنجامی کوفر و لادان :

﴿ فَأَعْرَضُوا۟ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ سَيْلَ ٱلْعَرِمِ وَبَدَّلْنَٰهُم بِجَنَّتَيْهِمْ جَنَّتَيْنِ ذَوَاتَىْ أُكُلٍ خَمْطٍ وَأَثْلٍ وَشَىْءٍ مِّن سِدْرٍ قَلِيلٍ ﴿١٦﴾ ذَٰلِكَ جَزَيْنَٰهُم بِمَا كَفَرُوا۟ ۖ وَهَلْ نُجَٰزِىٓ إِلَّا ٱلْكَفُورَ ﴾ (سبأ : ١٦ ـ ١٧) .

ئەمەش لە ساڵی ٤٥٠ یان ٤٥١ ز .

بەڵێ بە هۆی لافاو و غەزەبی زۆرەوە ، بە تایبەت رووخانی بەندی مەئرەب هەندێ لە هۆزەکانی یەمەن کۆچیان کرد و لە سەرانسەری دوورگەدا بڵاوەیان کرد ..

یەکێ لە پادشاکانی دەوڵەتی حیمیەریی ناوی ذونواس بوو کە شوێن دینی یەهوود کەوتبوو و هێرشێکی نارەوای کردە سەر نەصرانییەکانی (نجران) و هەوڵی دا بە زۆر لە نەصرانییەت وەریان گێڕێ . جا کە کۆڵیان نەدا و لەسەر

دینی خۆیان دامەزراو بوون ، چاڵی بۆ هەڵکەندن و ئەو چاڵانەی پڕ لە ئاگر کردن و ئیمان دارەکانی ئەهاویشتنە ناو ئەو ئاگرەوە ، هەروەك قورئانی پیرۆز لە سوورەتی (البروج) دا و فەرموودەی پێغەمبەریش ﷺ ئاماژەیان بۆی کردووە . ئەمەش لە ساڵی ٥٢٣ ز دا بوو .[١٧]

جا لەسەر ئەم کارە نامەردانەیە ئیمپراتۆری رۆمان بە سەرکردایەتیی خۆی هەڵمەتی هێنایە سەر وڵاتی عەرەب و ، ئەحباشیان هەڵ نا و ، کەشتیگەلی دەریاییان بۆیان ئامادە کرد و ، حەفتا هەزار سەرباز لە حەبەشەوە هێرشیان هێنا و ، بە سەرکردایەتیی ئەریاط لە ساڵی ٥٢٥ ز بۆ دووهەم جار یەمەنیان داگیرکردەوە و ذونواس یش کە تێك شکانی خۆی بەلاوە مسۆگەر بوو خۆی لە ئاودا نوقوم کرد و خنکا .

هەروا ئەریاط بە کاربەدەستی یەمەن مایەوە ، تا ئەوەبوو ئەبرەهە - کە یەکێ بوو لە فەرمانددەکانی سوپاکەی - کوشتی و خۆی کردە کاربەدەست تا پادشای حەبەشەی ئاشت کردەوە و لێی رازیی بوو .

دوای ئەوەی کە ئەبرەهە رقی لە کەعبە هەڵسا و بە لەشکرەکەیەوە بەرەو مەککە کەوتە رێ و خوای گەورە لە ناوی برد ، یەمەنییەکان پەنایان بردە بەر فارس تا بگاتە فریایان .

ئەوەبوو یەکێ لە شازادەکانی حیمیەر ، بە ناوی (سيف بن ذي يزن) رای کردە لای پادشای فارسەکان و داوای کۆمەکیی کرد دژی ئەحباش ، ئەویش بە سەرکردایەتیی (وهرز) سوپایەکی نارد و پێکەوە لەگەڵ سەیف یەکیان گرت بۆ تێك شکاندنی ئەحباش ، کاتێ کە سەرکەوتنیان بە دەست هێنا کیسرا فەرمانی دا تاج لەسەر سەیف بکرێت و ببێتە پادشای یەمەن . بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو سەیف بە دەستی ئەو ئەحباشانەی کە بە شێوەی بەندە بۆ خۆی هێشتبوونیەوە ، کوژرا ، وتووشیانە بە دەست کیسەی فارسەکان کوژراوە . دوای ئەوە کیسرا کاربەدەستێکی فارسیی کردە ئەمیری یەمەن و یەمەن بووە ویلایەتێکی فارسیی . هەر بەو شێوە یەك لە دوای یەك کاربەدەستانی فارسەکان حوکمی یەمەنیان ئەکرد ، هەتا ئەوەبوو دوا حاکمیان پیاوێك بوو بە ناوی باذان .

---

[١٧] ئەو فەرموودەیەی کە لە کتێبی (لەگەڵ خواناساندا) هێناومانە لەگەڵ ئەم باسەدا جیاوازە ، بەڵام ئەگونجێ ئەم جۆرە سزادانە بە ئاگر لە چەند کات و شوێنێك دا رووی دابێ .

کاتێك کە پێغەمبەر ﷺ نامەی نارد بۆ کیسرا تا موسڵمان ببێ ، پادشای ئێران تووڕە بوو و نامەکەی دڕاند و ، فەرمانی دا بە باذان کە پیاو بنێرێ تا پێغەمبەری خوا ﷺ بە دەست و پەل بەسراویی بەرن بۆی بۆ وڵاتی فارس . کە جووتە پیاوەکە گەیشتنە مەدینە پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی دانێ کە کیسرا بە دەستی کوڕەکەی کوژراوە کە فەرمووی : ((إن ربي قتل ربكم في ليلة كذا)) . دوو پیاوەکە گەڕانەوە لای باذان و هەواڵەکەیان پێ دا ، دوای ماوەیەك هەواڵی کوژرانی کیسرایان بۆ هات . ئیتر ئەوە بوو لە ساڵی ٦٣٨ ز باذان موسڵمان بوو و حوکم و دەسەڵاتی فارسەکان لە یەمەن کۆتایی پێ هات ..

لە (الرحيق المختوم) دا لە جیاتی (سيف) ناوی (معديكرب) ی کوڕی هاتووە .[18]

مەملەکەتی ئەنباط :

هەروەها لە باکووری دوورگە دەوڵەتی ئەنباط بەرپا بوو ، کە بریتیی بوون لە چەند هۆزێکی بیاباننشین و لە خۆرهەڵاتی ئەردەنەوە بەرەو خوار کشا بوون بۆ باشووری سووریا . بەمە دەوڵەتێکیان بەرپا کرد کە لە باکوورەوە لە غەززەوە دەستی پێ ئەکرد تا عەقەبە لە باشوور . ئەمانە لەسەر ڕێگای بازرگانیی نێوان باکوور و باشوور بوون و کەڵکیان لێ وەرئەگرت و ، پایتەختی وڵاتەکەشیان شاری (البتراء) بوو ، کە تا ئێستاش شارێکی بەناوبانگی وڵاتی عەرەبە و ، لە سەردەمی خۆیاندا لە بیناسازییدا یەکجار پێش کەوتبوون ، کە ئێستا شوێنەواری ئەو دەست ڕەنگینییەیان هەر ماوە ، بە تایبەت کەلاوەکانی ئەو پەرستگایەی کە بتەکانی تێدا بووە و ، تا ئێستاش کۆڵەکە بەرزەکانی هەر ماون و شاهێدی توانا و دەسەڵات و لێهاتنی ئەو سەردەمەن .[19]

پادشایەتیی حیرە :

دوای ئەوەی کە (قووروش) ی فارسیی (٥٥٧ ـ ٥٢٩ پ . ز) فارسەکانی یەك پێ گرتن و دەوڵەتێکی بەهێزی بەرپا کرد ، کە هیچ کەس نەتوانێ دژایەتییان بکات ، ئەو فارسانە دەسەڵاتیشیان بەسەر عیراق و دەوروبەریدا ئەڕۆی . هەر وا مانەوە تا ئەوەبوو ئەسکەندەری مەکدۆنیی هێرشی بەرەو

---

[18] السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٦٢ ـ ٦٧ ، والرحيق : ٢٠ ـ ٢٢ .
[19] السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٦٧ .

خۆرهەڵات هێنا و لە ساڵی ٣٢٦ پ . ز توانیی دارای یەکەمی پادشای فارس تێك بشکێنێ و دەوڵەتی فارس پارچە پارچە بکات و ، هەر ناوچەیەك بکەوێتە دەست پادشایەك کە بە پادشاکانی (الطوائف) ئەناسران . هەروا تا ساڵی ٢٣٠ ز حوکمی وڵاتیان ئەکرد . لەو سەردەمەدا هۆزەکانی قەحطان لە یەمەنەوە کۆچیان کرد و بەشێك لە ناوچەی عیراقیان داگیرکرد و ، دوای ئەوانیش هەندێ هۆزی عەدنانییش کۆچیان کرد و لە ناوچەی (الجزیرة) ی فورات‌دا نیشتەجێ بوون .

لە سەردەمی ئەردەشیری پادشای فارس‌دا ، کە دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانیی بووە لە ساڵی ٢٢٦ ز ، فارسەکان هێز و دەسەڵاتیان پەیدا کردۆتەوە و فارسەکانی یەك پێ‌گرتوون و ئەو ناوچانەشی داگیر کردووە کە لە سنووری وڵاتەکەی‌دا عەرەبەکان دەستیان بەسەریانا گرتبوو . بەم بۆنەوە هۆزی قوضاعە کۆچیان بۆ شام کرد ، بەڵام دانیشتوانی حیرە و ئەنبار ملیان بۆ شای ئێران کەچ کرد ..

لە سەردەمی ئەردەشیردا کاروباری حیرە و هۆزەکانی تری رەبیعە و موضەریش لە بیابانی عیراق و جەزیرەدا بە دەست جوذەیمەی وەضضاح بوو . لێرەدا ئەردەشیر بە ژیریی و سەلیقەی خۆی بیری کردەوە کە دەوڵەتەکەی ئەو توانای ئەوەی نیە راستەوخۆ حوکمی وڵاتی عەرەب بکات و ، توانای ئەوەشی نیە هێرشی ئەو عەرەبانە پەرچ بداتەوە کە هێرش ئەکەنە سەر سنووری وڵاتەکەی ، بەڵکو وا چاکە کەسێك لە خۆیان کە دڵسۆزی فارس بێ بکاتە کاربەدەستیان تا ئەوان مل کەچیی بۆ بکەن و ، لە هەمان کات‌دا لە دژی پادشاکانی رۆمان بە کاریان بهێنێ . چونکە ئێران زۆر لە رۆمان ئەترسان و ، رۆمەکانیش غەسسانی‌یەکانیان دژی ئێران بەکار ئەهێنا . واتە فارس عەرەبی عیراقی دژی عەرەبی شام بەکار ئەهێنا و ، هەمیشە کەتیبەیەکی لە سوپای فارس لە حیرە ئەهێشتەوە ، تا هەرکەسێ لە حیرە هەڵ بگەڕێتەوە بیان‌دات بە گژیانا ، ئەوەبوو لە دەوروبەری ساڵی ٢٦٨ ز جوذەیمە مرد .

دوای جوذەیمە عەمری کوڕی عەدیی کوڕی نەفری لەخمیی ـ کە یەکەم پادشای لەخمی‌یەکان بوو ـ بووە پادشای حیرە ، کە ئەوکاتە کیسرا سابووری کوڕی ئەردەشیر پادشای ئێران بوو .. یەك لە دوای یەك پادشایانی لەخمیی کاروباری حیرەیان بەڕێوە ئەبرد تا ئەوەبوو کیسرا قوبادی کوڕی فەیرووز کاروباری ئێرانی

گرته دەست . لەو کاتەش دا بیروباوەڕی مەزدەك سەری هەڵ دا .. مەزدەك پیاوێکی گومڕای گومڕاکەر بوو .. بانگی دەرپێ تێکەڵیی و بێشەرمیی هەڵ دا .. کۆمەڵێك شەروال پیسی بێئەخلاق شوێنی کەوتبوون بۆ ئەوەی دەستدرێژیی بکەنە سەر نامووسی خەڵکیی ، ئەمەش بە ناوی ئازادیی سێکسەوە . قوبادی پادشاش کە لەوپەڕی ڕەوشت نزمیی‌دا بوو شوێن بانگی مەزدەك کەوت و ئەی‌پاراست . پاشان قوباد ئەی‌ویست ئەو بێڕەوشتی‌یە پەرە پێ بدات ، ئەوەبوو ناردی بۆ لای پادشای حیرە کە ئەو کاتە (منذر بن ماء السماء) بوو ، تا ئەویش شوێن مەزدەك بکەوێ و جاڕی بێڕەوشتیی بدات و وەك دین شوێنی بکەوێ . بەڵام پادشای حیرە ئەمەی بە لاوە سووك بوو و ، نەی‌توانی بە گوێی قوباد بکات . قوبادیش ڕقی لێ هەڵگرت و لەسەر کار لای برد و ، حاریثی کوڕی عەمری کوڕی حیجری کیندیی ، کە شوێن بیروباوەڕە سووکەکەی قوباد کەوتبوو ، لە جێی مونذیردا کردە پادشای حیرە .

دوای قوبادی مەزدەکیی کیسرا نەوشیروان بووە پادشای ئێران ، کە زۆر ڕقی لە مەزدەك و مەزهەبەکەی بوو . پێش هەموو شتێك مەزدەکی گرت و کوشتی ، دوای ئەوەش کۆمەڵێك لەوانەی کە شوێن ئەو بێڕەوشتی‌یەی مەزدەك کەوتبوون گرتنی و کوشتنی .. هەروەها مونذیری کردەوە بە کاربەدەستی حیرە و ، هەوڵیشی دا حاریث دەست گیر بکات ، کەچیی لە دەستی دەرچوو و خۆی گەیاندە لای هۆزی (کەلب) و لەوێ مایەوە هەتا مرد ..

دوای مونذیر پادشایەتیی کەوتە دەست وەچە و بەرەکانی هەتا کەوتە دەست نوعمانی کوڕی مونذیر ، کە ئەوەبوو بە هۆی کارێکی دەستهەڵبەستەوە ، کە زەیدی کوڕی عەدیی عوبادیی هەڵی بەستبوو ، کیسرا لە نوعمان تووڕە بوو و ناردی بە دوای‌دا .[٢٠] نوعمان بە نهێنیی خۆی گەیاندە لای هانیء کوڕی مەسعوود کە سەرداری شەیبان بوو ، کەس‌وکار و ماڵ و سامانەکەی لای ئەو بە سپاردە دانا و ، خۆی بەرەو پایتەختی ئێران کەوتە ڕێ . کیسرا فەرمانی دا بەندیان کرد و لە بەندیخانەدا مایەوە هەتا مرد .. لەولاوە ئیاسی کوڕی قەبیصەی

---

[٢٠] ئەڵێن : کیسرا ویستوویەتی نوعمان یەکێ لە کچەکانی یان خوشکەکانی لە کیسرا یان لە منداڵەکانی مارە بکات ، کەچیی نوعمان بێزی نەهاتووە بیداتێ . ئیتر کیسرا تووڕە ئەبێ و نوعمانیش را ئەکات بەڵام ئەی‌گرێ و لە بەندیخانەدا ئەمرێ . (السيرة النبوية لأبـي شهبة) .

طائیی لە جێی نوعمان کردە کاربەدەستی حیرە و ، فەرمانیشی بەسەریا دا تا بنێرێ بۆ لای هانیء کوڕی مەسعوود و فەرمانی بەسەردا بکات تا چیی سپاردەی نوعمانی بە لاوەیە تەسلیمی بکات . هانیء خۆی بە پیاو ئەزانیی و بە نامەردیی ئەزانیی کە سپاردەکەی نوعمان بداتە دەست دوژمنانی . بۆیە نەیدان بە دەستەوە . پادشا تووڕە بوو و لەشکرێکی گەورەی نارد بۆ ئیاس تا بچێت بە گژ هۆزی شەیباندا ..

هۆزی شەیبانیش مەردانە پشتگیرییان لە سەردارەکەیان کرد و ، لەسەر ڕەوشتێکی جوان خۆیان ئامادەی جەنگێکی سەرومالّیی کرد .. بە غیرەتێکی ناوازەوە شەیبان چوونە مەیدانەوە .. ئەوەبوو جەنگێکی ناهەموار لە (ذي قار) دا رووی دا و سەرەنجام بەنوشەیبان سەرکەوتن و لەشکرە زۆر و زەبەندەکەی فارس تێك شکا ، بەلاّم چۆن تێك شکانێك . ئەمەش یەکەم جار بوو کە عەرەب پشتی فارس بدەن بە زەوییدا .. ئەمەش بە ماوەیەکی کەم دوای لەدایکبوونی پێغەمبەر ﷺ ، چونکە کاتێك کە پێغەمبەر ﷺ لەدایك بوو ، ئیاسی کوڕی قەبیصە هەشت مانگ بوو بووبووە کاربەدەستی حیرە .

دوای ئیاس کیسرا حاکمێکی فارسیی کردە کاربەدەستی حیرە و ، لە سالّی ٦٣٢ ز پادشایی گەڕایەوە بۆ لەخمییەکان و ، مونذیر کە پێی ئەوترا مەعروور بووە پادشا و تەنها هەشت مانگ کاری بە دەست بوو ، ئەوەبوو سوپای موسلّمانان بە سەرکردایەتیی خالیدی کوڕی وەلید گەیشتە ناوچەکەیان و کۆتایی بە حوکمی مەناذیرە هێنا .[٢١]

پادشایەتیی شام :

لەو سەردەمەدا کە هۆزە عەرەبەکانی یەمەن ناچاری کۆچ کردن بوون ، چەند تیرەیەکی قوضاعە خۆیان گەیاندە دەوروبەری شام و لەوێ نیشتەجێ بوون . ئەمانە لە نەوەی سولەیح ی کوڕی حەلوان بوون ، کە بەشێکیان نەوەی ضجعەمی کوڕی سولەیح بوون . ئەمانە ڕۆمان بۆ قەدەغەکردنی عەرەب لە لاساریی و ، بۆ دژایەتیی فارسەکان بەکاری ئەهێنان و ، پادشای بۆ دیاریی ئەکردن . بەناوبانگترین پادشاشیان زیادی کوڕی هەبوولە بووە .. سەردەمی حوکمڕانیی ئەم هۆزە لە سەرەتای صەدەی دووهەمی

---

[٢١] الرحيق المختوم : ٢٢ ـ ٢٣ .

زایینەوە تا کۆتایی ئەو صەدەیە بووە . ئەوەبوو غەسسانی‌یەکان هاتن و کاروباریان لە دەستی ضەجاعمەکان سەند و ، بەسەریان‌دا زاڵ بوون .

غەسسانی‌یەکان لە هۆزی جەفنە بوون و رۆم کردنیە پادشای شام و بنکەیان لە (دومة الجندل) بوو . [22] ناودارترین پادشایان حاریثی کوڕی جەبەلە و ، مونذیری کوڕی جەبەلە و ، جەبەلەی کوڕی ئەیهەم بوون . هەروا کاریان لە دەست‌دا بوو تا ساڵی ١٣ ی کۆچیی هاتە بەرەوە و سوپای موسڵمانان لە یەرمووك دا توانیی شکستیی بکاتە بەشی سوپای مل‌هوڕی رۆم و ، ناچار دوا پادشای غەسسانی‌یەکان ، کە کوڕی ئەیهەم بوو ، ملی بۆ ئیسلام کەچ کرد و موسڵمان بوو، ئەمەش لە سەردەمی خەلیفە عومەردا خوا لێی رازیی بێ .

جەبەلە موسڵمان بوو و خەریکی طەوافی کەعبە بوو پیاوێکی موسڵمان نەیزانیی پێی نا بە ئیزارەکەی جەبەلەدا ، ئەویش کە ئاوڕی لێ دایەوە زللەیەکی توندی لە موسڵمانەکە دا و ، کابرا چوو بۆ لای خەلیفە بۆ شکات . عومەریش ویستی سزای جەبەلە بدات لەسەر ئەم کردەوە نەگونجاوەی . کەچیی جەبەلە هەڵات و خۆی گەیاندە وڵاتی رۆم و چووە سەر ئایینی گاوران و لەوێ مایەوە هەتا مرد . [23]

حوکمڕانیی حیجاز :

ئیسماعیل پێغەمبەر سەلامی لێ بێ بە درێژایی تەمەنی سەرۆکایەتیی مەککە و سەروکاریی ماڵی خوای لە دەست‌دا بوو . کاتێکیش کە کۆچی دوایی کرد تەمەنی صەد و سیی و حەوت ساڵ بوو و ، دووان لە کوڕەکانی ، نابت ، پاشان قەیدار ، کاروباریان بەڕێوە ئەبرد . پاشان دوای ئەوان باپیریان مەضاضی کوڕی عەمری جورهومیی کاروباری مەککەی گرتە دەست ، بەمە سەرۆکایەتیی مەککە کەوتە دەست باپیریان و هەروا لە دەستیان‌دا مایەوە و ، منداڵەکانی ئیسماعیل یش خاوەنی پایە و پلەی بەرز بوون ، بە بۆنەی ئەوەوە کە باوکیان کەعبەی بنیات نابوو ، بەڵام کاروباری حوکم هیچیان لە دەست‌دا نەبوو .

رۆژان رابووردن و رۆڵەکانی ئیسماعیل کارێکی ئەوتۆیان لە دەست‌دا نەبوو ، هەتا گەیشتە سەردەمی عەدنان . لەبەر لێهاتوویی عەدنان ناوبانگی دەرکرد . شایانی باسە کە بەختەنەصر دووجار هێرشی هێناوەتە سەر وڵاتی عەرەب . لە

---

[22] هەندێك ئەڵێن : (جوللەق) واتە دیمەشق پایتەختیان بووە . (السیرة النبویة لأبـي شهبة : ١ / ٦٨).

[23] الرحیق المختوم : ٢٤ والسیرة النبویة : ١ / ٦٨ .

هێرشی یەکەمدا لە (ذات عرق) جەنگ rووی داوە . بەڵام لە هێرشی دووهەمدا، کە لە ساڵی ٥٨٧ پ ز بووە رۆڵەکانی عەدنان پەرژ و بڵاو بوونەتەوە و بەرەو یەمەن رۆیشتوون ، بەڵام (برمیاه) پێغەمبەر مەعدی بردووە بۆ شام ، جا کە دەسەڵاتی بەختەنەصر کز ئەبێت مەعد ئەگەڕێتەوە مەککە و ئەبینێ لە جورهوم تەنها جورشومی کوڕی جەلهەمە ماوە ، ئیتر مەعد مەعانەی کچی جورشوم مارە ئەکات و نزاری لێ ئەبێت .

جورهوم بەرە بەرە کەوتنە لاساریی و کاری ناشیرین ، وەك ستەم کردن لەوانەی سەردانی کەعبەیان ئەکرد و ، دەستیان بۆ ماڵ و سامانی کەعبە درێژ ئەکرد . ئەمەش عەدنانی‌یەکانی تووڕە ئەکرد .. جا کاتێك کە خوزاعە لە (مرالظهران) ی نزیك مەککە نیشتەجێ بوون و لەوە گەیشتن کە عەدنانی‌یەکان جورهومیان خۆش ناوێن ، ئەمەی بە هەل زانی لەگەڵ چەند تیرەیەکی عەدنانی‌یەکاندا ـ کە نەوەی بەکری کوڕی عەبدمەنافی کوڕی کینانە بوون ـ دژی جورهوم وەستان تا لە مەککە دەریان پەڕاندن . ئەمەش لە ناوەڕاستی صەدەی دووهەمی زایین‌دا بوو .

کاتێك کە جورهوم ویستیان مەککە بەجێ بهێڵن بیری زەمزەمیان پڕ کردەوە و جووتە ئاسکە لە زێڕ دروست‌کراوەکەی کەعبەی لەناو بیری زەمزەمدا شاردەوە و خۆیان بەرەو یەمەن کەوتنە رێ ..

وا دائەنرێ کە سەردەمی ئیسماعیل سەلامی لێ بێ بیست صەدە پێش زایین بووە ، واتە جورهوم بیست و یەك صەدە لە مەککەدا ماونەتەوە و نزیکەی بیست صەدە واتە دوو هەزار ساڵ کاروباری مەککەیان بە دەست بووە .

دوای ئەوەش خوزاعە دەستیان بەسەر کاروباری مەککەدا گرت و حیسابێکی ئەوتۆیان بۆ بەنویەکر نەکرد .

خوزاعەش سێ‌صەد ساڵ کاروباری مەککەیان لە دەست‌دا بوو ، لەم ماوەیەدا عەدنانی‌یەکان بەم لاو بەولادا بڵاو بووبوونەوە و چەند تیرەیەکی کەمی قوڕەیش نەبێ لەگەڵ چەند خانەوادەیەکی نەوەی کەنانە کەس بە دەوری مەککەدا نەما بوو و ، هەتا هاتنی قوصەی کوڕی کیلاب‌یش هیچیان بە دەست نەبوو .

ئەگێڕنەوە کە کاتێ باوکی قوصەی ئەمرێ قوصەی لە کۆشی دایکیا بووە . جا رەبیعەی کوڕی حەرام کە لە بەنوعوذرە بووە دایکی قوصەی مارە ئەکات و ئەیان بات بۆ وڵاتی خۆی لە دەوروبەری شامدا . کە قوصەی گەورە ئەبێت ئەگەڕێتەوە مەککە

ئەبینیٚ کاروباری مەککە وا لە دەستی حەلیلی کوڕی حوبشەی خوزاعییدا . ئەو پیاوە کچێکی ئەبیٚ بە ناوی حوبیا و قوصەی داوای ئەکات و لێی مارە ئەکەن . کاتێك کە حەلیل ئەمرێت ، قوصەی ئەبێتە پیاوێکی دەوڵەمەندی ناودار و ، جەنگ لە نێوان خوزاعە و قورەیشدا روو ئەدات و سەرەنجام قوصەی زاڵ ئەبێت و کاروباری مەککە و کەعبەی پیرۆز ئەگرێتە دەست .. ئەمەش لە ناوەڕاستی صەدەی پێنجەمی زایینیدا ئەبێت واتە ساڵی ٤٤٠ ز .

ئیتر لەو رۆژە بە دواوە هۆزی قورەیش دەسەڵاتی تەواویان بەسەر مەککەدا هەبوو ، فەرمان فەرمانی ئەوان بوو .[٢٤]

[٢٤] الرحيق المختوم : ٢٤ ـ ٢٧ .

بەشی سێهەم
دینداریی عەرەب
پێش هاتنی ئیسلام

زانایانی دینداریی خەریکە لەسەر ئەوە یەك بگرن کە دینداریی غەریزەیەکە لە مرۆڤدا . ئەم راستی‌یە لە فەرهەنگی (لاروس) دا ـ کە لە صەدەی بیستەمدا دانراوە ـ بەم شێوە هاتووە :

((إن الغريزة الدينية مشتركة بين كل الأجناس البشرية حتى أشدها همجية ، وأقربها إلى الحياة الحيوانية ، وإن الإهتمام بالمعنى الإلهي ، وبما فوق الطبيعة ، هو إحدى النزعات العالمية الخالدة للإنسانية ، وإن هذه الغرايز الدينية لا تخفى ، بل لا تضعف ولا تذبل)) .

(بارتلمي سانت هلير) یش داهاتنی دین بەم شێوە روون ئەکاتەوە :

((ما العالم ؟ ما الإنسان ؟ من أين جاء ؟ من صنعهما ؟ ما نهايتهما ؟ وما الموت ؟ وماذا بعد الموت ؟ ... هذه الأسئلة لا توجد أمة ، ولا شعب ، ولا مجتمع إلا وضع لها حلولاً جيدة ، أو رديئة ، مقبولة أو سخيفة ، وهذا هو التدين)) .

پێمان خۆش بوو دەقیعەرەبیی ئەم دوو بڕگەیە بخرێتە بەر دیدەی ئازیزان . کورتەی مەبەستیشیان ئەوەیە : کە مرۆڤایەتی هەر هەمووی بایەخی بە دین داوە و پرسیار لە هۆی دروستبوونی خۆی و دەورووبەری ئەکات و بیر لە سەرەنجامی مردن و دوای مردنیش ئەکاتەوە ..

جا هەندێك لەو زانایانە رایان وایە کە هەر کاتێك بیر و هەستی مرۆڤ و ، ئاستی رۆشنبیریی بەرز بوویەوە ئەکەوێتە پرسیار کردن : چۆن دروست بووە ؟ کێ دروستی کردووە ؟ سەرەنجامی بەرەو کوێ‌یە ؟

هەندێکش رایان وایە کە دینداریی کاتێك لە دڵ و دەروونی مرۆڤدا بەهێز ئەبێ کە دیاردە گەردوونی‌یەکان دەربکەون و ، مرۆڤ لە بەردەم ئەو دیاردانەدا خۆی بە لاواز بزانێ .

هەندێکیش وای ئەبینن کە کاتێك مرۆڤ کەوتە خۆشیی و ژیانی هێمنەوە بیر لە بەدییهێنەر و کارهەڵسووڕێنی خۆی ئەکاتەوە .

عەرەبەکان سەرەتا شوێن دینی ئیبراهیم و ئیسماعیل سەلامیان لێ بێ کەوتن .. ئەو دینەش تەوحیدێکی پاڵفتە بوو ، رۆڵەکانی ئیسماعیلیش بە پاکیی خوایان دەپەرست :

﴿ وَعَهِدْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَـٰعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِىَ لِلطَّآئِفِينَ وَٱلْعَـٰكِفِينَ وَٱلرُّكَّعِ ٱلسُّجُودِ ﴾ (البقرة : ١٢٥) .

بەڵام بە تێپەڕبوونی رۆژگار دینی پاڵفتەیان لە بیر چۆوە ، هەرچەندە هەندێ شەعیرەی دینی ئیبراهیم مابوونەوە ، تا ئەوەبوو عەمری کوڕی لوحەی سەرۆکی خوزاعە هەڵ کەوت .. ئەم پیاوە هەندێ رەوشتی جوانی هەبوون وەك چاکەکردن و خێر و خێرات و، پارێزگاریی لە کاروباری دین ، بە رادەیەك کە خەڵك خۆشیان ئەویست و گوێڕایەڵی فەرمانی ئەبوون . وایان ئەزانی لە دینداریی زۆر شارەزایە و ئەو لە راستیی لا نادات .

ئەوەبوو ئەم پیاوە رێی کەوتە وڵاتی شام .. ئەو کاتە عەمالیق لە شامدا بوون ، وایزانیی ئەمانە زۆر شارەزان ، بەو بۆنەوە کە وڵاتی شام جێی وەحی و هاتنی پێغەمبەرانە . ئەوانیش سەرگەردان بوون و خەریکی بتپەرستیی بوون . بۆیە داوای کرد بتێکی پێشکەش بکەن . ئەوانیش (هوبەل) یان دایێ و هێنایەوە بۆ مەککە و ، لەناو کەعبەدا دای نا و ، فەرمانی دا دانیشتوانی مەککە بیپەرستن ، ئەوانیش بە گوێیان کرد .. پاشان دانیشتوانی حیجاز هەر هەموویان شوێن دانیشتوانی مەککە کەوتن و دەستیان دایە بتپەرستیی ، بەو بۆنەوە کە ئەمانە سەروکاریی ماڵی خوا ئەکەن و شارەزان .

هوبەل لە عەقیق دروست کرابوو و ، قۆڵێکیشی پەڕیی بوو و ، قوڕەیش قۆڵێکی زێڕیان بۆ دروست کردبوو ..

لە (دومة الجندل) یش هۆزی کەلب بتێکیان بەناوی (ود) ەوە هەبوو ، (لات) یش بتی (ثەقیف) بوو لە (طائیف) ، کە تاشە بەردێکی زەبەلاح بوو ، (عوززا) ش لە (وادي النخلة) و ، مەنات یش لە موشەللەل لە نزیك قودەید لەسەر رۆخی دەریای سوور بوو و ، لەلایەن ئەنصار و غەسسانەوە ئەپەرسترا .. ئەم سیانەی دواوە گەورەترین بتیان بوون .

دوای ئەوە لە هەموو شوێنێکی حیجازدا بت زۆر بوون .

ئەگێڕنەوە کە عەمری کوڕی لوحەی هاوەڵێکی جیننیی هەبوو . شەوێکیان هاتە لای و هەواڵی دایە کە کۆمەڵە بتێك وان لە جوددە و کراون بە ژێر گڵەوە ، وا چاکە بچێت بیان‌هێنێت بۆ مەککە (یان بۆ توهامە) تا خەڵك بیان‌پەرستێ . کە چوو ئەو بتانەی دۆزی‌یەوە کە لە سەردەمی نووح و ئیدریس‌دا پەرسترابوون کە (ود) و ، (سواع) و ، (یغوث) و ، (یعوق) و ، (نسر) بوون . لە صەحیحی بوخاریی‌دا هاتووە کە ئەو پێنج بتە ناوی چەند کەسێکی گەورە و پیاوچاکی قەومی نووح بوون . کە مردن بۆ پەند و بیرەوەریی ئەو پەیکەرانەیان بۆ کردن ، تا خەڵکیی چاو لە کردەوەی جوانیان بکات ، کەچیی بەرە بەرە کرانە بت و لە جیاتی خوا ئەپەرستران و عەمری کوڕی لوحەیش هێنانیە ناو عەرەبەکانەوە .

هەروەها لە موسنەدی ئیمام ئەحمەددا هاتووە : ((أول من سيب السوائب ، وعبد الأصنام عمرو بن لحي الخزاعي)) .

ئەفەرموێ : یەکەم کەسێك کە وشتری هێشتەوە تا نە سواری بن ، نە کەڵك لە تووکی وەربگرن ، نە شیری بخۆن جگە لە میوان و ، بتی پەرست عەمری کوڕی لوحەی بوو ..

ئیبن کەلبییش دەربارەی داهێنانی بت‌پەرستیی رایەکی تر باس ئەکات کە ئەمەیە : هەرکەسێ سەردانی کەعبەی ئەکرد ، کە ئەگەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی دەستی ئەدایە بەردێکی حەرەمی مەککیی و لەگەڵ خۆیا ئەی‌بردەوە . لە هەر کوێ باریان بخستایە بەردەکەیان دائەنا و ، بە وێنەی کەعبە تەوافیان بە دەوریا ئەکرد ، ئەوەندە بە پیرۆزیان ئەزانی ، هەر لەبەر ئەوەی کە بەردی حەرەمە . ئەو کاتە عەرەبەکان حەج و عومرەیان ئەکرد . بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو دەستیان کرد بە پەرستنی هەر یەکێ لەو بەردانە کە پێیان خۆش بوایە ، بەمە دەستکاریی دینی ئیبراهیم و ئیسماعیلیان کرد و ، بوونە بت‌پەرست . ئیتر مزگەوتی حەرام پڕ لە بت کرا .

کاتێکیش کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەتحی مەککەی کرد لە دەوروبەری کەعبەدا سێ‌صەد و شەصت بت هەبوون . ئەویش بە داردەستەکەی ئاماژەی بۆ هەرکامیان ئەکرد ئەکەوتە زەویی ، پاشان فەرمانی دا لە مزگەوت فڕێ درانە دەرەوە و سووتێنران .

ئیتر ئەوەبوو شەریك بۆ خوا بڕیاردان و بتپەرستیی بوونە شتێکی ئاسایی و خەڵکەکەش هەر وایان ئەزانیی بە پاکیی و ڕاستیی دەستیان بە دینی ئیبراهیمەوە گرتووە .

جا ئەم بتپەرستیی‌یەی کە عەمری کوڕی لوحەی بۆ عەرەبەکانی داهێنا، کۆمەڵێك بیدعەشی داهێنان تا ببنە خووڕەوشت و عادەت بۆ ئەو خەڵکە کە یەکجار بە پیرۆزیان ئەزانیی :

عەرەبەکان لووتیان ئەژەند بەسەر ئەو بتانەدا و ، هانایان بۆ ئەبردن و ، لە تەنگانەدا هاواریان لێ ئەکردن و ، داوای پێویستیی‌یان لێ ئەکردن ، چونکە بڕوایان وەهابوو کە ئەو بتانە لای خوا تکایان بۆ ئەکەن .

بە نیازی حەج و طەوافەوە بە دەوری ئەو بتانەدا ئەخولانەوە و زەلیلیی خۆیان ئەنوان و سەجدەشیان بۆ ئەبردن .

قوربانیی‌یان بۆ بتەکان ئەکرد و ئاژەڵیان بۆ سەر ئەبڕین و ، لە جیاتی ناوی خوا، ناوی ئەو بتانەیان ئەبرد ، کە خوای گەورە قەدەغەی کردوون :

﴿ وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ﴾ (المائدة : ٣) .

﴿ وَلَا تَأْكُلُواْ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ ﴾ (الأنعام : ١٢١) .

عەرەبەکان هەندێ لە خۆراکیان ئەکردە تایبەتمەندی بتەکان ، هەروەها بەشێك لە کشتوکاڵ و بەرهەمی ئاژەڵەکانیان ئەکردە تایبەتمەندیان .. ئەوەندەش گێل بوون بەشێکیان لەوە پێشکەش بە خوا ئەکرد . جا زۆرێك هۆیان هەبوو تا لە بەشەکەی خوا بەشی بتەکان بدەن ، بەڵام بە هیچ شێوەیەك لە بەشی بتەکان بەشی خوایان نەئەدا :

﴿ وَجَعَلُواْ لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ ٱلْحَرْثِ وَٱلْأَنْعَٰمِ نَصِيبًا فَقَالُواْ هَٰذَا لِلَّهِ بِزَعْمِهِمْ وَهَٰذَا لِشُرَكَآئِنَا ۖ فَمَا كَانَ لِشُرَكَآئِهِمْ فَلَا يَصِلُ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَىٰ شُرَكَآئِهِمْ ۗ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴾ (الأنعام : ١٣٦) .

سادەیی‌یان لەوەدا بوو کە نەزریان لە بەرهەمی کشتوکاڵ و ئاژەڵەکانیان بۆ بتەکان بڕیار ئەدا : ﴿ وَقَالُواْ هَٰذِهِۦٓ أَنْعَٰمٌ وَحَرْثٌ حِجْرٌ لَّا يَطْعَمُهَآ إِلَّا مَن نَّشَآءُ بِزَعْمِهِمْ وَأَنْعَٰمٌ حُرِّمَتْ ظُهُورُهَا وَأَنْعَٰمٌ لَّا يَذْكُرُونَ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَيْهَا ٱفْتِرَآءً عَلَيْهِ ﴾ (الأنعام : ١٣٨) .

ئەم بت پەرستی‌یەی عەرەبەکان بۆ ئەوەبوو بتەکان لە خوا نزیکیان بخەنەوە و تکایان بۆ بکەن ، ئەگینا بڕوایان بە خوا هەبوو کە دروستکەر و ڕاگیرکەری گەردوونە :

﴿ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ ﴾ (الزمر : ٣) .

﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ﴾ (يونس : ١٨) .

﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ﴾ (الزخرف : ٨٧) .

﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴾ (العنكبوت : ٦١) .

بەڵام نەیانئەزانیی بە پاك و بێگەردیی و تاك و تەنیایی خوا بناسن ، بەڵکو شەریکیان بۆ بڕیار ئەدا :

﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴾ (يوسف : ١٠٦) .

یەکێ تر لە نەزانکاری‌یەکانیان ئەوەبوو مەلائیکەتیان ئەپەرستن و وایان دائەنا کە کچی خوان ، هەندێکیشیان جینی‌یان ئەپەرست و ، وایان ئەگەیاند کە لەگەڵ خوادا خزمایەتی‌یان هەیە . خوای گەورەش هەڕەشەی ئەو نەزانیی و هەڵەکاری‌یەی لێ ئەکردن :

﴿ أَصْطَفَى ٱلْبَنَاتِ عَلَى ٱلْبَنِينَ ﴿١٥٣﴾ مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴿١٥٤﴾ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٥﴾ أَمْ لَكُمْ سُلْطَٰنٌ مُّبِينٌ ﴿١٥٦﴾ فَأْتُوا۟ بِكِتَٰبِكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿١٥٧﴾ وَجَعَلُوا۟ بَيْنَهُۥ وَبَيْنَ ٱلْجِنَّةِ نَسَبًا ۚ وَلَقَدْ عَلِمَتِ ٱلْجِنَّةُ إِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ ﴾ (الصافات : ١٥٣ ـ ١٥٨) .

﴿ وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحْمَٰنُ وَلَدًا ۗ سُبْحَٰنَهُۥ ۚ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ ﴿٢٦﴾ لَا يَسْبِقُونَهُۥ بِٱلْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِۦ يَعْمَلُونَ ﴾ (الأنبياء : ٢٦ ـ ٢٧) .

لەگەڵ ئەوەشدا کە بڕوایان بە خوا هەبوو و شەریکیشیان بۆ بڕیار ئەدا ، بڕوایان بە قیامەت نەبوو :

﴿ هَيْهَاتَ هَيْهَاتَ لِمَا تُوعَدُونَ ۝ إِنْ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ ﴾ (المؤمنون : ٣٦ ـ ٣٧) .

﴿ قٓ ۚ وَٱلْقُرْءَانِ ٱلْمَجِيدِ ۝ بَلْ عَجِبُوٓاْ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ فَقَالَ ٱلْكَـٰفِرُونَ هَـٰذَا شَىْءٌ عَجِيبٌ ۝ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا ۖ ذَٰلِكَ رَجْعٌۢ بَعِيدٌ ۝ قَدْ عَلِمْنَا مَا تَنقُصُ ٱلْأَرْضُ مِنْهُمْ ۖ وَعِندَنَا كِتَـٰبٌ حَفِيظٌۢ ﴾ (ق : ١ ـ ٤) .

﴿ وَضَرَبَ لَنَا مَثَلًا وَنَسِىَ خَلْقَهُۥ ۖ قَالَ مَن يُحْىِ ٱلْعِظَـٰمَ وَهِىَ رَمِيمٌ ۝ قُلْ يُحْيِيهَا ٱلَّذِىٓ أَنشَأَهَآ أَوَّلَ مَرَّةٍ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ ﴾ (يس : ٧٨ ـ ٧٩) .

﴿ وَقَالُواْ مَا هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهْرُ ۚ ﴾(الجاثية : ٢٤).

هەتا ئەوەندە داماو بوون ، ئەوەندە بە تەسكیی بیریان ئەكردەوە ، بڕوایان نەئەكرد كە خوای گەورە لە ناو مرۆڤدا كەسێك هەڵ ببژێرێ و بیكاتە پێغەمبەر :

﴿ أَكَانَ لِلنَّاسِ عَجَبًا أَنْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ رَجُلٍ مِّنْهُمْ أَنْ أَنذِرِ ٱلنَّاسَ وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنَّ لَهُمْ قَدَمَ صِدْقٍ عِندَ رَبِّهِمْ ۗ قَالَ ٱلْكَـٰفِرُونَ إِنَّ هَـٰذَا لَسَـٰحِرٌ مُّبِينٌ ﴾ (يونس : ٢) .

یەكێكی تر لە بیروباوەڕی پووچەڵی عەرەبە نەفامەكان بریتیی بوو لە داواكردنی دیارییكردنی بەش ، ئەویش بە بەكارهێنانی پارچە تەختەیەك كەسێ جۆری هەبوو: جۆرێك لەسەری نووسراوە (بەڵێ) ، جۆرێكیش لەسەری نووسراوە (نەء)، جۆرێكیش هیچی لەسەر نەنووسراوە . لە كاتێكدا ئەو كەسە بیویستایە كارێك ئەنجام بدات وەك سەفەر ، یان بەشداریی جەنگ ، یان بازرگانیی ، یان ژنهێنان ، ئەوا ئەچوو بۆ لای خزمەتكاری (هوبەل) ی گەورە بت . ئەویش دەفرێكی ئەهێنا كە لە چەرم دروست ئەكرا و زەلەمەكانی دەخستە ناوی ، واتە پارچە تەختە نووسراوەكان ، و تێكی ئەدا و خزمەتكاری بتە گەورەكە دەفرە لە چەرم دروستكراوەكەی ئەهێنایە پێش و دەستی بە راكێشان ئەكرد. جا ئەگەر (بەڵێ) بهاتایە ئەوا كارەكەی ئەنجام ئەدا و ، گەر (نەء) بهاتایە دەست كۆتا ئەبوو و ، گەر نەنووسراوەكەش بهاتایە جارێكی تر رای ئەكێشا ..

﴿... وَأَن تَسْتَقْسِمُواْ بِٱلْأَزْلَـٰمِ ۚ ذَٰلِكُمْ فِسْقٌ ﴾ (المائدة : ٣) .

هه‌روه‌ها بڕوایان به هه‌واڵ‌دانی كاهین و فاڵچی‌یه‌كان هه‌بوو ، ده‌رباره‌ی رووداوی دوارۆژ ، یان زانینی نهێنی‌یه‌كان . هه‌ندێ له كاهینه‌كان وایان ئه‌گه‌یاند كه جیننی له‌به‌ر ده‌ستیانا كار ئه‌كات و هه‌واڵیان بۆ دێنێ .. هه‌ندێكیش وه‌هایان ئه‌گه‌یاند كه غه‌یب ئه‌زانن .. هه‌ندێكیش ئه‌وه‌یان ئه‌گه‌یاند كه كاروباری خه‌ڵك جێ به‌جێ ئه‌كه‌ن ، وه‌ك دۆزینه‌وه‌ی شتی دزراو و ون بوو .

هه‌روه‌ها بڕوایان وه‌ها بوو كه ئه‌گه‌ر باڵنده‌یه‌ك یان گیان‌دارێك به‌لای راست‌دا بفڕیایه یان بڕۆشتایه ئه‌وا چاك ئه‌بێت ، گه‌ر به‌لای چه‌پ‌دا بڕوات ئه‌وا خراپه دێته رێیان .. هه‌روه‌ها ئه‌گه‌ر هه‌ندێ گیان‌دار بهاتایه‌ته رێیان به چاكیان ئه‌زانیی و هه‌ندێ گیان‌داریشیان به خراپ ئه‌زانیی . هه‌ندێ رۆژ و مانگ و گیان‌دار و خانوو و ئافره‌تیشیان به نه‌گبه‌ت و ، چاره‌ڕه‌ش و بێ‌قدووم له قه‌ڵه‌م ئه‌دا .. بڕواشیان وه‌ها بوو كه هه‌ركه‌سێ بكوژرێ هه‌تا خوێنی نه‌سه‌نرێ و تۆڵه‌ی بۆ نه‌كرێته‌وه ئه‌وا رۆحی ناسره‌وێ و ، رۆحی ئه‌بێته كونده په‌پوویه‌ك و له چۆڵه‌وانیی‌دا ئه‌سووڕێته‌وه و هاوار و دادیه‌تی هه‌تا خوێنی بسه‌نرێ ..

له‌گه‌ڵ ئه‌مانه‌ش‌دا هه‌ندێ شتی دینی ئیبراهیمیان به‌لاوه مابوو ، وه‌ك رێزنان له كه‌عبه و ، طه‌واف كردن و ، حه‌ج و ، عومره و ، وه‌ستانی كێوی عه‌ره‌فات و موزده‌لیفه و ، ئاژه‌ڵ سه‌ربڕین . به‌ڵام تێكه‌ڵ به بیدعه كرابوون ، به تایبه‌ت له كاروباری حه‌ج‌دا .

هه‌روه‌ك بت‌په‌رستیی له دوورگه‌دا ده‌ستی باڵای هه‌بوو ، له هه‌مان كات‌دا دینی یه‌هوود و نه‌صارا له دوورگه‌دا هه‌بوو ..

دیاره له سه‌ره‌تادا دینی یه‌هوود له دوورگه‌دا نه‌بوو ، به‌ڵام له دوو سه‌رده‌م‌دا جووله‌كه ناچار بوون شوێن و مه‌نزڵی خۆیان به‌جێ بهێڵن و به‌ره‌و ناوچه‌ی حیجاز بكه‌ونه رێ .

كۆچی یه‌كه‌میان كاتێ ده‌ستی پێ كرد كه بابلی‌یه‌كان و ئاشووری‌یه‌كان ده‌ستیان به‌سه‌ر فه‌له‌ستین‌دا گرت . ئه‌مه‌ش بووه هۆی جێ پێ لێژبوونی یه‌هوود و، كاول‌بوونی ولاتیان و ، رووخاندنی (هه‌یكه‌ل) به ده‌ستی بوختنه‌صه‌ر ، ئه‌ویش ساڵی ٥٨٧ پ . ز و به‌دیل گرتنی به‌شێكی زۆری جووله‌كه و راپێچ كردنیان بۆ بابل ، به‌م بۆنه‌وه هه‌ندێكیان ولاتیان به‌جێ هێشت و كۆچیان بۆ ناوچه‌كانی باكووری حیجاز كرد .

کۆچی دووهەمیشیان لەو کاتەوە دەستی پێ کرد کە رۆمان بە سەرکردایەتیی (بتطس) لە ساڵی حەفتای زایین دا توانی‌یان فەلەستین داگیر بکەن . رۆمانەکانیش کەوتنە سزادانی یەهوود و ئەوانیش ناچاری کۆچ کردن بوون بۆ حیجاز ، ئەوەبوو لە یەثریب و خەیبەر و تەیماء نیشتەجێ بوون و ، لەوێ قەڵا و شاریان بنیات نا و دەستیان دایە کاسپیی و پارە کۆکردنەوە .. شان بە شانی تەماع و رەزیلیی و چاوچنۆکیی و ترسنۆکی‌یان دڵیان زۆر پیس بوو و خۆپەرست بوون ، بۆیە هەوڵیان ئەدا ناکۆکیی و کوشتار بخەنە نێوان هۆزە عەرەبە سادەکانەوە .

لەبەر ئەو رەوشتە نزمانە جولەکە زۆر سووك و بێبایەخ بوون بەلای عەرەبەکانەوە لەبەر ئەوە بێزیان نەئەهات نزیکی دینێك بکەونەوە کە ئەوانە هەڵ گری بن . لە لایەکی ترەوە یەهوود خۆیان بە (شعب الله المختار ــ گەلی هەڵبژێرراوی خوا) لە قەڵەم ئەدا و ، عەرەبەکانیش خۆیان بە چاکتر ئەزانیی بەوەی کە رەفتاری جولەکە سووك بوون و خۆشیان بە هەڵگری ئایینی ئیبراهیم ئەزانیی ..

لە لایەکی ترەوە بە هۆی (تبان أسعد أبي كرب)ەوە یەهوودی‌یەت لە یەمەن دا بڵاو بوویەوە . ئەوەبوو سەردانی یەثریبی کرد و لەوێ بووە جولەکە و دوو زانای جووی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ یەمەن . لەوێ یەهوودیەت بڵاوەی کرد ..

کاتێك کە یووسف ذونواسی کوڕی تبان بووە کاربەدەستی یەمەن هێرشی کردە سەر مەسیحی‌یەکانی نەجران و فەرمانی بۆ دەرکردن کە مەگەر دینی یەهوود وەربگرن . بەڵام مەسیحی‌یەکان هەرگیز لەو ئاستەدا نەبوون کە بتوانن واز لە دینی خۆیان بهێنن و شوێن دینی جولەکە بکەون . یووسف چاڵی زۆری بۆ هەڵ کەندن و چاڵەکانی لە ئاگر پڕکردن و بە ژن و پیاو و مناڵ و پیرەوە هەر هەموویانی بە ئاگر سووتاند . ئەڵێن : ژمارەی شەهیدانی ئەم چاڵە ئاگرینانە لە نێوان بیست هەزار هەتا چل هەزار بووە .. ئەمەش لە ساڵی ٥٢٣ ز .[٢٥]

ئەمەش بێ‌متمانەیی‌یە بە دینی جولەکە کە ئەو خەڵکە زۆرە بە ئاگر سووتاندنی کاربەدەست رازیی بن و نەچنە سەر دینەکەی ..

بەڵام دینی نەصرانیی لە نەجرانی باکووری یەمەن پەرەی سەند بوو و ، دیارە لە رێی حەبەشەوە پێیان گەیشتبوو .

---

[٢٥] سيرة إبن هشام : ١ / ٢٠ ـ ٣٦ .

بۆ یەکەم جار حەبەشە کە لە ساڵی ٣٤٠ ز دا هاتن و یەمەنیان گرت تا ساڵی ٣٧٨ ز تیایا مانەوە ، لەم ماوەیەدا دینی مەسیحیی بڵاوەی کرد . پیاوێکی زاهیدی قیامەتییش کە زۆر خواناس بوو و دوعای گیرا ئەبوو و خاوەنی کەرامات بوو و ناوی (فیمیون) بوو لەو ماوەیەدا هاتە نەجران و خەڵکەکەی بۆ سەر دینەکەی خۆی بانگ کردن ، ئەوانیش کە راستگۆیی و خواناسیی کابرایان دیی دینی مەسیحی‌یان وەرگرت .[٢٦]

کە بۆ جاری دووهەم حەبەشە هێرشیان کردەوە سەر یەمەن بە نیازی تۆڵەسەندن لەو کارە نامەردانەیەی یووسف ذونواس و ، ئەبرەهەش توانیی بە یەك جار دەست بەسەر یەمەن‌دا بگرێت ، دەستی دایە بڵاوکردنەوەی مەسیحییەت بەوپەڕی چالاکی‌یەوە ، بە رادەیەك کەوتە تەماعی ئەوەوە ماڵی خوا لە مەککە بڕووخێنێ و ئەو ماڵەی کە لە صەنعا دروستی کردبوو بکاتە قیبلەی هەموو دوورگە ، بەو نیازەوە عەرەبەکان هەر هەموویان ببنە مەسیحیی و ، حەج کردنیان بریتیی بێ لە سەردانی ماڵەکەی ئەو . بەڵام ئەوەبوو بە سەرشۆڕیی سەری نایەوە و خوای گەورە کەعبەی پیرۆزی پاراست و بە باڵندەیەکی زۆر بچووك لەشکری مل هوڕی تەفروتوونا کرد ..

هەروەها لە باکووری دوورگەش‌دا ، لە دەوڵەتی غەسساسینەدا نەصرانییەت پەرەی سەندبوو ، ئەویش لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ رۆمەکان‌دا پەیوەندی‌یان بەهێز بوو ، هۆزەکانی تەغلیب و طەی ئەوانیش بووبوونە مەسیحیی و پادشاکانی حیرەش هەندێکیان نەصرانییەتیان وەرگرت و ، ئەڵێن کۆن‌ترین کەنیسەش لە وڵاتی عەرەب‌دا لە حیرەدا بووە .

بەڵام هەر چۆن بێ وەك پێویست مەسیحییەتیش لەناو عەرەبەکانی دوورگەدا پەرەی نەسەند ، ئەویش لەبەر ئاڵۆزیی بیروباوەڕی نەصرانییەت و شاردنەوەی هەندێ نهێنیی بەلای قەشەکانەوە ..

دینی مەجووسییش ، هەندێ لەو عەرەبانەی کە هاوسنووری وڵاتی فارس بوون وەریان گرت ، وەك باشووری عیراق و کەنارەکانی کەنداوی عەرەبیی ، هەروەها لە سەردەمی دەسەڵات‌داریی فارس‌دا لەسەر یەمەن هەندێ کەس کەوتنە شوێن دینی ئاگرپەرستیی ..

---

[٢٦] سيرة إبن هشام : ١ / ٣١ ـ ٣٤ .

لە وڵاتی عەرەبدا هەندێکیش شوێنکەوتەی دینی صابیئە بوون ، کە هەڵکەندن و پشکنینی وڵاتی عیراق ئەوەی سەلماندووە کە صابیئە دینی کلدانییەکان بووە کە قەومی ئیبراهیم بوون . ئەم دینە زۆربەی دانیشتوانی شام شوێنی کەوتوون ، هەروەها وڵاتی یەمەنیش . بەڵام بە هاتنی دینی تازە وەك یەهوودییەت و مەسیحییەت ئەو دینە تیاچووە و تەنها کەمێك خەڵك لەسەری ماوەتەوە .

لەناو هەموو ئەمانەدا لە وڵاتی عەرەبدا دەستەیەك هەبوون ، ئەگەرچیی کەم بوون ، بەڵام شوێنکەوتەی دینی حەق بوون و ، بانگی تەوحیدی پاڵفتەیان بەرز ئەکردەوە و ، شوێنکەوتەی راستەقینەی ئیبراهیم و ئیسماعیل بوون ، سەلامی خوایان لێ بێ . ئەمانە بڕوایان بە تاك و تەنیایی خوا و ، زیندووبوونەوە و ، قیامەت و ، هاتنی پێغەمبەری ئاخرزەمان هەبووە ، کە خوای گەورە بە هۆی ئەو پێغەمبەرەوە خەڵك لە تاریکیی رزگار ئەکات .. ئەم ئیمانداران پێیان ئەوترا حەنیفییەکان .[٢٧] کە ئەمانە هەندێکیانن :

(١) **قوسسی کوڕی ساعیدەی ئەیادیی** : ئەم پیاوە وتاردەر و ، حەکیم و ، ژیر و، بەسەلیقە و لێهاتووی ناو کەسوکارەکەی بووە . خەڵکیی بۆ سەر ناسینی خوا بە تاك و تەنیا بانگ ئەکرد و داوای ئەکرد واز لە بتپەرستیی بهێنین و ، بڕواشی بە زیندووکردنەوەی دوای مردن هەبوو و ، مژدەی هاتنی پێغەمبەری خوا ﷺ دابوو .

لە ئیبن عەبباسەوە ئەگێڕنەوە کە وتوویە : قوسسی کوڕی ساعیدە لە بازاڕی عوکاظ دا وتاری بۆ قەومەکەی ئەدا و ئەیوت : ئا لەم لایەنەوە حەقێك دەر ئەکەوێت ـ بە دەستیشی ئاماژەی بۆ لای مەککەوە کرد ـ . وتیان : ئەو حەقە چییە ؟ وتی : پیاوێك لە نەوەی لوئەی کوڕی غالب بۆ سەر وشەی ئیخلاص و ، ژیانی هەمیشەیی و، ناز و نیعمەتێکی کۆتایی نەهاتوو بانگتان ئەکات . جا ئەگەر بانگی کردن بچن بە دەمیەوە . خۆ ئەگەر بزانم تا کاتی رەوانەکردنی ئەمێنم ئەوا یەکەم کەس من هەوڵ ئەدەم تا بە خزمەتی بگەم .. ئەم پیاوە بەڕێزە تا لەدایك بوون و پێگەیشتنی پێغەمبەر ﷺ ما ، بەڵام پێش هاتنی وەحی کۆچی دوایی کرد ..

---

[٢٧] ﴿ مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا ﴾ (آل عمران : ٦٧) .

ریوایەت کراوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویە : [28] ((رحم الله قساً كأني أنظر إليه على جملٍ أورق تكلم بكلام له حلاوة لا أحفظه)) . ئەفەرمویٚ : رەحمەتی خوا لە قوس بێت ، لەبەر چاومە کە بەسەر وشترێکی بۆرەوە بوو و بە گوفتارێکی شیرین کە لەبەرم نیە قسەی ئەکرد . هەندێ لە خزمەکانی وتیان : ئێمە لە بەرمانە . فەرمووی : ((هاتُوهُ)) . ئەوانیش وتارە پڕ لە حیکمەت و ئامۆژگارییەکانیان گێڕایەوە .

لەو بارەوە ریوایەتی تریش هەن کە ئەوە ئەگەیەنن ئەم پیاوە ژیر و بەرێزە ، لەو چەرخە تاریك و دژوارەی بتپەرستییدا بانگی تەوحید و بڕوا بە زیندووبوونەوەی بەرز کردۆتەوە .

(٢) **زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیل** : کە ئامۆزای خەلیفە عومەر و باوکی هاوەڵی پایەدار سەعیدی کوڕی زەید بووە ، کە یەکێکە لەو دە کەسەی مژدەی بەهەشتیان پێ دراوە . زەیدیش یەکێك بووە لەو حەنیفییانەی کە لەسەر دینی ئیبراهیم و ئیسماعیل بووە ـ سەلامیان لێ بێ ـ . گۆشتی ئەو ئاژەڵانەی نەئەخوارد کە بۆ بتەکان سەر ئەبڕران .

بوخاریی لە صەحیحەکەیدا لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە خوا لێیان رازیی بێ ئەگێڕێتەوە کە : لە خوارووی (بلدح) ەوە ـ کە شوێنێکە لە نزیك مەککەدا ـ و پێش هاتنی وەحی پێغەمبەر ﷺ تووشی زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیل ئەبێت لەو کاتەدا سفرە و خوانێك لە پێغەمبەر نزیك ئەخەنەوە ، کەچیی لێی ناخوا . پاشان زەیدیش ئەڵێت : گۆشتی ئەو ئاژەڵانە ناخۆم کە بۆ بتەکانتان سەرتان بڕیون و تەنها لەوە ئەخۆم کە ناوی خوای لەسەر براوە .

زەید دەربارەی ئاژەڵ سەربڕین رەخنەی لە قورەیش ئەگرت و ئەیوت : مەڕ خوا بەدیی هێناوە و ، لە ئاسمانەوە بارانی بۆ باراندووە و ، لە زەوییشدا گژوگیای بۆ سەوز کردووە ، کەچیی ئێوە لە سەربڕینیدا ناوی غەیری خوای لەسەر ئەبەن ؟!

دیسان بوخاریی لە باسێکی دوور و درێژدا گێڕاویەتەوە کە زەید ئەچێ بۆ شام و بەدوای دینی حەقدا ئەگەڕێ . لەوێ تووشی زانایەکی جوولەکە ئەبێت ، کەچیی دڵی ناچێتە سەر وتەکانی . پاشان تووشی زانایەکی گاور ئەبێت و دڵی ناچێتە سەر وتەکانی ئەویش ، بەڵام هەردووکیان باسی دینی ئیبراهیم ئەکەن کە دینی

---

[28] السيرة النبوية لمحمد بن محمد أبي شهبة : ١ / ٨٠ ـ ٨١ .

پاك و خاوێنه . كه هاته دەرەوە هەردوو دەستی بەرزكردنەوە و وتی : ((خوایه ! خۆت به شاهێد ئەگرم كه من لەسەر دینی ئیبراهیمم)) .

هەروەها بوخاریی لە ئەسمائی كچی ئەبوبەكرەوە خوا لێیان رازیی بێ ئەگێڕێتەوە كه وتوویه : چاوم به زەیدی كوڕی عەمری كوڕی نوفەیل كەوت كه به پێوە پاڵی به كەعبەوە دابوو و ئەیوت : ئەی كۆمەڵی قوڕەیش ! بەخوا جگه له من هیچ كەسێكتان لەسەر دینی ئیبراهیم نیه . زەید ئەبووە هۆی نەمردنی ئەو كچەی كه باوكی ئەیویست زیندەبەچاڵی بكا . به كابرایەك كه ئەیویست كچەكەی بكوژێت ئەیوت : مەی كوژە ، من بەخێوی ئەكەم . ئیتر كچەكەی ئەبردە لای خۆی . كاتێك كه گەورە ئەبوو ، ئەهاتەوە بۆ لای باوكی و پێی ئەوت: ئەگەر پێت خۆش بێ ئەیگێڕمەوە بۆت و، گەر پێیشت خۆش بێ بەخێوی ئەكەم .

ئیبن سەعد و فاكیهییش له عامیری كوڕی ڕەبیعەوە ئەگێڕنەوە كه زەید پێی وتووە : من له رای قەومەكەم دەرچووم و كەوتمە شوێن میللەتی ئیبراهیم و ئیسماعیل و ، ئەوەی ئەوان ئەیانپەرست . ئەوان هەردووكیان رووە و ئەم قیبلەیە نوێژیان ئەكرد . منیش چاوەڕوانی پێغەمبەرێكم لە نەوەی ئیسماعیل ڕەوانە بكرێ ، واش نازانم كه به خزمەتی بگەم ، بەڵام من ئیمانم پێی هەیە و تەصدیقیشی ئەكەم و ، شاهێدییش ئەدەم كه پێغەمبەرە و ، گەر تەمەنیشت درێژ بوو لەلایەن منەوە سەلامی لێ بكه .

عامیر ئەڵێت : كاتێك كه موسڵمان بووم هەواڵەكەیم دا به پێغەمبەر ﷺ و ، ئەویش وەڵامی سەلامەكەی دایەوە و ، داوای ڕەحمەتی خوای بۆ كرد و فەرمووی : ((لقد رأيته في الجنة يسحب ذيولاً)) .

هەروەها گێڕاویەتەوە كه سەعیدی كوڕی زەید و عومەری كوڕی خەططاب خوا لێیان رازیی بێ دەربارەی زەید پرسیاریان له پێغەمبەری خوا ﷺ كرد و ، ئەویش فەرمووی : ((غفر الله له ورحمه ، فإنه مات على دين إبراهيم)) . فەرمووی : خوا لێی خۆش بێ و ڕەحمی پێ بكا ، لەسەر دینی ئیبراهیم مردووە .

كاتێك كه پێغەمبەر ﷺ وەحی بۆ هات ، زەید له شام بوو هەواڵەكەی بیست . به پەله گەڕایەوە بۆ مەككه تا ئیمانی پێ بهێنێ ، كەچیی له ڕێگادا جەردە هاتنه ڕێی و كوشتیان .

(٣) **وەرەقـەی کـوڕی نەوفـەلی کـوڕی ئەسـەدی کـوڕی** (عبدالعزی) : ئـامۆزای خاتوو خەدیجە بووە و یەکێ بووە لەوانەی کە بـت پەرسـتیی پـێ نـاخۆش بـووە و حەزی نەکردووە قوڕەیش لە گومڕاییدا بژین .

لەگەڵ زەیدی کوڕی عەمردا پێکەوە بەرەو شام کەوتنە ڕێ تا دینێك کە دڵیـان پێی بکرێتەوە دەسـت بخـەن ، ئـەوەبوو زەیـد کەوتـە شـوێن دینـی ئیـبراهیم و ، وەرەقەش دڵی چووە سەر نەصرانییەت و بووە گاور ، بۆ ئەمەش ڕەنگـە ڕێـی لـە قەشە و ڕاهیبی ڕاستگۆ کەوتبێ ، کە بـە بێ‌دەسـت کـاریی لەسـەر دینـی پـاکی حەزرەتی عیسا مابێتەوە و ، مژدەی نزیك‌بوونەوەی هاتنی پێغەمبەری ﷺ پێ دابێ .

وەرەقە ئەوەندە پیر بوو بوو کە هەردوو چاوی لە دەسـت دابـوون . کاتێـك کـە پێغەمبەر ﷺ هەواڵی ئەشکەوتی حیرائی بۆ وەرەقە گێڕایەوە ، وتی : ئەمە ئـەو مەلائیکەتەیە کە خوای گەورە ناردیە خوارەوە سەر مووسا ، خۆزگـە لـەو کاتـەدا کە خزمەکانت دەرت ئەپەڕێنن زیندوو بوومایە . پێغەمبـەری خـواش ﷺ بەسـەر سوڕمانەوە پرسیی : ((أو مخرجيَّ هم ؟)) فەرمووی : ئایا دەرم ئەپەڕێنن ؟ وتـی : بەڵێ ، هەر پیاوێ وەك ئەم کارەی تۆی خرابێتە ئەسـتۆ دژایـەتیی کـراوە .. خـۆ ئەگەر من بکەومە ئەو ڕۆژەوە کە دەرت ئەکەن بـە چـاکیی کۆمـەکییت ئەکـەم . ئیتر ئەوەندەی پێ نەچوو وەرەقە کۆچی دوایی کرد و ، ماوەیەکیش وەحی وەستا .

وەرەقە بەر لەوەی پێغەمبەر ﷺ مەردوم بانگ بکات بـۆ ئیمـان‌هێنـان ، ئـەو ئیمانی هێنا . بەیهەقیی و ئەبونوعەیم گێڕاویانەتـەوە کـە کـاتێ وەرەقـە کۆچـی دوایی کرد پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :

((لقد رأيت القَسَّ في الجنة عليه ثياب الحرير ، لأنه آمن بي وصدقني)) .

فەرمووی : وەرەقەم لە بەهەشتدا بینی کە جلی لە ئاوریشم چنراوی لەبـەردا بوو ، چونکە ئیمانی پێم هێنا و تەصدیقی کردم .

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : ((رأيت ورقة في بطنان الجنة عليه السندس)) .

فەرمووی : وەرەقەم لە بەهەشتدا بینیی کە ئاوریشمی ناسکی لەبەردا بوو .

بەم بۆنەوە هەندێ لە زانایان وەرەقە بە یەکەم پیاوێك لە قەڵەم ئەدەن کـە دوای خەدیجە ئیمانی هێنابێ و ، هەندێکیش بە هاوەڵیان ژماردووە ..

(٤) **ئومەییەی کوڕی ئەبوصەلتی کوڕی عەوفی ئەقەفیی** : ئەمیش بەدوای دیندا ئەگەڕا و ، کتێبی ئەخوێندنەوە . ئەش‌ڵێن : بـووە بـە گـاور . لـە شیعرەکانیدا

باسی تەوحید و ، زیندووبوونەوە و ، دەنگ و باسی قیامەتی زۆر کردووە .. لە کتێبەکان‌دا ئەوەشی وەرگرتبوو کە لەناو عەرەب‌دا کەسێك ئەکرێتە پێغەمبەر و بە هیواش بوو خۆی بۆ ئەو کارە هەڵ ببژێررێ . بۆ ئەمە دەستی دایە گۆشەگیریی و خواپەرستیی بە هیوای ئەوەوە بکرێتە پێغەمبەر ، هەروەك وای لێك دابێتەوە کە پێغەمبەرایەتیی بە وەرزشی رۆحیی دەست ئەخرێت . ئیتر نەی‌ئەزانیی ئەوە بەخششی خوایی‌یە و هیچی تر .

کاتێك کە پێغەمبەر ﷺ کاری درا بە سەرشان‌دا ئومەییە حەسادەتی پێ برد و، وتی : دینی حەنیفی‌یەت حەقە ، بەڵام بۆ موحەممەد گومانم هەیە . پاشان لێ‌یان پرسیی : ئایا ئیمان بە پێغەمبەرایەتیی ئەو ناهێنی ؟ وتی : شەرم لە پیاوانی ثەقیف ئەکەم کە هەموو جارێ پێم ئەوتن کە من ئەبمە ئەو پێغەمبەرەی ئاخرزەمان ، کەچیی ئێستا بکەومە شوێن منالێکی نەوەی عەبدمەناف !!

کاتێکیش کە خوشکەکەی هەندێ لە شیعرەکانی ئومەییەی بۆ پێغەمبەر ﷺ خوێندەوە فەرمووی : (آمن شعره ، وكفر قلبه) . فەرمووی : شیعرەکەی ئیمانی هێناوە ، بەڵام دڵی بە کافریی ماوەتەوە .

لە صەحیحی بوخارییش‌دا ریوایەت کراوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویە : ((كاد أمية بن أبي الصلت أن يؤمن)) . فەرمووی : خەریك بوو ئومەییە ئیمان بهێنێ .

ئومەییە ما هەتا جەنگی بەدر رووی دا و بە شیعر شیوەنی بۆ کافرە کوژراوەکانی بەدر کرد . دوای ئەوە بە دڵی پڕ لە حەسوودیی و داخ و خەفەتەوە ، بەبێ ئەوەی ئیمان بهێنێ مرد . هەندێك ئەڵێن ساڵی دووهەمی کۆچیی دوای جەنگی بەدر و ، هەندێکیش ئەڵێن ساڵی نۆهەم کۆچی دوایی کردووە .

بەشی چوارەم
دیمەنی کۆمەڵگای نەفامیی عەرەبیی

دوای باس کردنی کەمێك لە مێژووی عەرەب و حکومەت و دین و خواپەرستی‌یان ، وا چاکە بێینە سەر باسی هەندێك لایەنی ژیان و گوزەرانیان ، تا بزانین ئیسلام چەندە فریاگوزارێکی پێویست بووە بۆ ئەو کۆمەڵە بە تایبەتیی و، کۆمەڵگای گەورەی سەرانسەری زەویی بە گشتیی ..

یەکەم : ژیانی کۆمەڵایەتیی

عەرەبەکان بارودۆخ و بەزم و باوی کۆمەڵایەتیی و یاسای داڕێژراوی تایبەتیی خۆیان هەبوون و چەندەها صەدە بە پێی ئەوانە رەفتاریان ئەکرد . ئەمەش هەندێ لەو تایبەتمەندی‌یانەیان :

١ ـ شانازیی‌کردن بە نەسەب و رەچەڵەك :

عەرەبەکان ، چ شارنشین و چ بیابان‌نشینیان ، بە چاکیی پارێزگاری‌یان لە نەوە و رەچەڵەکی خۆیان ئەکرد .. بۆ ئەمە لەگەڵ هیچ رەگەزێکی تردا ژن و ژن خوازی‌یان نەبوو ، تا خوێنیان بە پاکیی بمێنێتەوە . لە پێشەوە دیمان چۆن نوعمانی کوڕی مونذیری پادشای حیرە کچی خۆی لە کیسرای پادشای ئێران یان لە یەکێ لە کوڕەکانی مارە نەکرد ، بە مەرجێ نوعمان پاڵی بە فارسەوە دابوو ، تا ئەوەبوو ئەو هەمووە نارەحەتی‌یەی هاتە رێ .

جا ئیسلام کە هات ئەم یاسایەی گۆڕیی و بڕیاری دا کە پێویستە شانازیی بە ئیسلامەوە بکرێت و ، دەست لە دەمارگیریی هەڵ بگیرێت .

هەروەها پارێزگاری‌یان لە رەچەڵەکی ئەسپ و ولاغ و وشترە رەسەنەکانیان ئەکرد.

٢ ـ شانازیی‌کردن بە وتەی جوان و شیعرەکانیانەوە :

لە هەموو نەتەوەیەك زیاتر بایەخیان بە شیعر ئەدا و ، بە تۆمارگای پڕ لە شانازیی حەسەب و نەسەبیان لە قەڵەم ئەدا .. هەر هۆزێك شاعیرێکی بلیمەتی لێ‌هاتووی تیا هەڵ کەوتایە ، ئەوپەڕی ئاواتیان بوو . چونکە ئەو شاعیرە ئەبووە

زمان حاڵی ئەو هۆزە و بەرگریی لیٚ ئەکردن و ، پەرچی هێرشی هۆزەکانی تری ئەدایەوە . ساڵانەش کۆڕی بەرابەرکیٚیان ئەبەست و شەڕە شیعرەیان ئەکرد ، بەمە زمان پاراویی و رەوان بێژیٚیان گەیشتبووە چڵەپۆپە .. کاتێك کە قورئانی پیرۆز هات هەموویانی بیٚدەنگ کرد و بۆیان سەلما کە هەر هەموویان لە توانایان دا نیە بەرامبەر بە ئایەتێکی قورئان بووەستن . بە رادەیەکیش سەرنجی راکێشا بوون کە پیاوماقووڵە زۆر ناودارەکانیان شەو بە نهێنی‌یەوە ئەچوونە پشت دەرگا و پەنجەرەی ماڵی پێغەمبەری خوا ﷺ تا گویٚ لە قورئان بگرن ..

٣ ـ باری ئافرەت :

بە لای زۆربەی هۆزەکانەوە ئافرەت زۆر سووك و بیٚبایەخ بوو و ، وەکو کەل وپەلێکی کەم‌نرخ ئەویش لە میرات‌دا ئەبرا .. کوڕە گەورەی مێرد کە لە ژنێکی تر ئەبوو بۆی هەبوو دوای مردنی باوکی ژنەکەی بۆ خۆی مارە بکاتەوە .. یان نەهێڵیٚ ئیتر شوو بکات . ئیسلام کە هات ئەمەی حەرام کرد .. هەروەها میراتیان بەشی ئافرەت نەئەدا و ، بیانووشیان ئەوەبوو کە ئافرەت لاوازە و توانای نیە جەنگ و کوشتاری دوژمن بکات . میراتیش بەوانە ئەدریٚ کە بەرگریی لە هۆز ئەکەن .

هەروەها دوو خوشکیان لە یەك کات‌دا مار ئەکردن .. ئیسلام ئەویشی قەدەغە کرد ..

هەندیٚ هۆزیش رێزی چاکی بۆ ئافرەت دائەنا و ، لە کاتی شووکردنی‌دا رایان وەر ئەگرت .. لە هەمان کات‌دا خاوەنی غیرەت و شەرەف بوون بۆ بەرگریی لە ئافرەت . بۆ نموونە پیاوی وا هەبوو جەردەیی ئەکرد و خەریکی کوشتن و تالآن و برۆ بوو ، کەچیی غیرەتی قبووڵی نەئەکرد لاوازیی ئافرەت ، یان تەنیایی لە سەفەردا بە هەل بزانێت و ، دەست بۆ شەرەفی بەرێت .

ئافرەتی ئازادیش زۆر بەرێز بوو و زۆر بە پاکیی شەرەفی خۆی ئەپاراست . لە هەمان کات‌دا ئەوپەڕی ئازایەتیی پێوە ئەبینرا کاتیٚ کە بی‌دیایە وا هۆزەکەی پێویستیی بە یارمەتیی ئەو هەیە ..

ئافرەتی بیابان نشینیش بەوپەڕی پاك داوێنی‌یەوە لە کاروباری ژیان و گوزەران دا، وەك ئاژەڵ لەوەڕاندن و ، ئاودان و ، رستن و چنین ، یارمەتیی مێردەکەی ئەدا .

زۆر دڵی بە گوزەرانی شار نەئەکرایەوە ، بەڵکو سەربەستیی و سادەیی ژیانی دەر و دەشتی لەلا خۆشەویست بوو .

ئەوەبوو خەلیفە موعاویە خوا لێی رازیی بێ مەیسوونی کچی بوحدەلی مارە کرد و یەزیدی لێ بوو ، کەچیی ئەم ئافرەتە دڵی بە ژیانی کۆشك و تەلاری شار نەئەکرایەوە و هەر دڵی بەلای ژیانی خێوەت و دەر و دەشتەوە بوو ، بۆیە هۆنراوەیەکی لەسەر ئەوە دانا . کاتێ کە موعاویە ئەمەی بیستەوە ، بەرێزەوە ئافرەتەکەی رەوانەی لای کەس‌وکاری کردەوە .

٤ ـ نیکاح و تەڵاق :

عەرەبەکان بۆ ژنهێنانی زۆر سنووریان نەبوو . ئەوەبوو کە ئیسلام هات پیاوی وا هەبوو زیاتر لە دە ژنی هەبوو ، ئیسلام ئەمەی رێك کرد تا پیاو لە یەك کات‌دا لە چوار ژن زیاتر مارە نەکات ، ئەویش بەو مەرجەی بتوانێ نەفەقەیان بدات و بە چاوی عەدالەتەوە هەڵس‌وکەوتیان لەگەڵ بکات . لە نەفامیی‌دا ستەمی زۆر لە ئافرەت ئەکرا و مافی پێشێل ئەکرا . ئیسلام هات و هەموو مافێکی بۆ گێڕایەوە و ، ئامۆژگاریی پیاوانیشی کرد تا بە چاکە هەڵس‌وکەوتیان لەگەڵ‌دا بکەن ..

بەڵام لە سەردەمی نەفامیی‌دا عەرەبەکان چەند جۆرێك نیکاحیان هەبوو ، یەکێکیان کە پاك و دروستە ئەو نیکاحە بوو کە وەك نیکاحی ئێستای ناو موسڵمانان ، کە ئافرەت خوازبێنیی ئەکرێت و وەلیی مارەی ئەبڕێت و مارەیی بۆ ئافرەتەکە دیاریی ئەکرێت .. ئەمە نیکاحی زۆربەی عەرەب بوو بە تایبەتیی بنەماڵە خاوەن رێزەکان .

چەند جۆرێکی فاسیدیش هەبوون کە یەکێ لەوانە نیکاحی (الإستبضاع) بووە، کە بریتی‌یە لەوەی ژنەکە ماوەی بێ‌نوێژیی تەواو ئەکرد و پاك ئەبوویەوە ، پیاوەکەی لێی نزیك نەئەکەوتەوە و ئەی‌نارد بۆ لای پیاوێك تا ژن و مێردیی لەگەڵ دا بکات و ، چاوەڕوانیی ئەکرد تا سك پڕبوونی ژنەکە دیاریی بدات ، ئەمەش بەو نیازەوە کە منداڵێکی پێ‌کەوتووی لەو پیاوە ببێ ..

نیکاحێکی تری نەفامیی ئەوە بوو کۆمەڵە پیاوێك کە لە دە کەس تێپەڕیان نەئەکرد ، کۆ ئەبوونەوە و پێکەوە ئەچوونە لای ئافرەتێك . جا کە سکی پڕ ئەبوو و منداڵی ئەبوو ، دوای منداڵ بوون بە چەند شەوێك ئافرەتەکە ئەی‌نارد بە دوای پیاوەکان هەر هەموویان‌دا و کەسیشیان نەی‌ئەتوانیی دوا بکەوێ ، هەر هەموویان

لەلای کۆ ئەبوونەوە و ، ئافرەتەکە رووی تێ ئەکردن و پێی رائەگەیاندن کە ئەم منداڵە هی ئەوانە ، جا یەکێ لە پیاوەکانی بە دڵی خۆی هەڵ ئەبژارد و ئەیوت : فلانەکەس ئەوە منداڵی تۆیە ، بەمە منداڵەکەی بەسەردا ئەدا و ، ئەویش نەی ئەتوانیی ملەجەڕێ بکات .

نیکاحێکی تری عەرەبەکان لە سەردەمی نەفامیی‌دا بریتیی بوو لەوەی کە ئافرەتی وا هەبوو ئاڵای لەسەر دەرگای ماڵەکەی هەڵ ئەکرد و هەر پیاوێك بیویستایە ئەچووە ژوورەوە لای ئەو ئافرەتە و کەسێ لە چوونە ژوورەوە قەدەغەی نەئەکرد . جا کاتێ ئەو ئافرەتە سکی پڕ ئەبوو و منالی ئەبوو ، لێی کۆ ئەبوونەوە و ، ئەو پیاوەشیان بانگ ئەکرد کە ئەی‌توانیی بزانێ ئەم منالە لە کێ ئەچێ و ، منداڵەکەیان ئەدا بەسەر ئەو کەسەدا کە لێی ئەچوو و بە ناوی کوڕی ئەوەوە بانگ ئەکرا و ئەویش ملەجەڕەی نەبوو .

جا کە ئیسلام هات ئەو کارە سووکانەی قەدەغە کردن و نیکاحی ئیسلامیی هێشتەوە .

هەروەها نیکاحێکی تریش هەبوو کە ئیسلام قەدەغەی کرد ، ئەویش (شغار) بوو واتە کابرا کچەکەی بدا بە پیاوێك بەو مەرجەی ئەویش کچەکەی خۆی بدات بەم و هیچ مارەیەك بۆ هیچ کچێکیان دیاریی نەکرێ .

ئیسلام نیکاحێکی تری بەتاڵ کردەوە ، کە ئەویش نیکاحی (متعة) بوو کە پیاوێك بۆ ماوەیەکی دیاریی‌کراو ئافرەتێك مارە ئەکات و دوای ماوەکە تەڵاقی ئەداتەوە ..

هەروەك لە نیکاح‌دا سەرلێشێواو بوون ، لە تەڵاق‌دانیش‌دا دیسان سەر لێشێواو بوون ، هەروا بە نارەوا ژنیان تەڵاق ئەدا و ، کە پیاوێك رقی لە ژنێك ئەبۆوە نە ئەوەبوو راگیری بکات و پێکەوە ژیان بەسەر بەرن ، نە ئەوەبوو دەستی لێ بەردا و بچێ بەلای کاری خۆیەوە .. تەڵاقی ئەدا تا راگیری نەکا و مەسرەفی بۆ نەکا ، دوای ماوەیەکیش رجووعی ئەکردەوە تا تەڵاقی نەکەوێ و نەتوانێ شوو بکات و هێلانەیەکی تر پێکەوە بنێ .

کە ئیسلام هات سنوورێکی بۆ ئەم دەستدرێژیيە دانا .. فەرمان هات پیاوەکە تا دوو جار بۆی هەیە ژنەکەی تەڵاق بدات و رجووعیشی بکاتەوە ، کە جاری سێ‌هەم تەڵاقی دا ، ماوەی نادرێت رجووعی بکاتەوە . جا یا ئەوەتا

ژنەکەی بە چاکیی ڕاگیر ئەکات ، یا ئەوەتا ئەو بەستەزمانە لەژێر چنگی ئەو ڕزگاری ئەبێ .. قورئان ئەفەرموێ :

﴿ ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِ ۖ فَإِمۡسَاكُۢ بِمَعۡرُوفٍ أَوۡ تَسۡرِيحُۢ بِإِحۡسَٰنٍ ﴾ (البقرة : ٢٢٩) .

خۆ ئەگەر ئەم پیاوە بۆ سێهەم جار ژنەکەی تەڵاق دا ، ئەوا هەتا شوویەکی تر نەکات و تەڵاق نەدرێتەوە بۆی حەڵاڵ نیە بچێتەوە لای مێردەکەی . قورئان ئەفەرموێت :

﴿ فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُۥ مِنۢ بَعۡدُ حَتَّىٰ تَنكِحَ زَوۡجًا غَيۡرَهُۥ ۗ ﴾ (البقرة : ٢٣٠) .

٥ ـ زیندە بەچاڵی کچان و کوشتنی منداڵان :

کارێکی تری ناشیرینی عەرەبە نەفامەکان بریتیی بوو لە زیندبەچاڵ کردنی کچان لە ترسی شوورەیی و کوشتنی منداڵان لە ترسی هەژاریی و برسێتیی . قورئانی پیرۆز فەرموویە :

﴿ وَإِذَا ٱلۡمَوۡءُۥدَةُ سُئِلَتۡ ۝٨ بِأَيِّ ذَنۢبٖ قُتِلَتۡ ﴾ (التکویر : ٨ ـ ٩) .

هەروەها فەرموویە :

﴿ وَلَا تَقۡتُلُوٓاْ أَوۡلَٰدَكُم مِّنۡ إِمۡلَٰقٖ ۖ نَّحۡنُ نَرۡزُقُكُمۡ وَإِيَّاهُمۡ ۖ ﴾ (الأنعام : ١٥١) .

ئەگێڕنەوە کە زیندەبەچاڵ کردنی کچان لەوەوە داهاتووە کە هۆزێک هێرشی کردۆتە سەر هۆزێکی تر و بەسەریدا زاڵ ئەبێت و ئافرەتەکان بە دیل ئەگرێت و دوایی پیاوەکان ئەیان کەنە هاوسەری خۆیان . کاتێک کە دوو هۆزەکە ئاشت بوونەوە بڕیاریان دا ئافرەتەکان سەر پشك بن ، ئەگەر ئەیانەوێ بگەڕێنەوە ناو کەس وکاریان و گەر ئەشیانەوێ لە ماڵی خۆیاندا بمێننەوە . ئەڵێن ئەوانیش نەگەڕانەوەیان هەڵبژارد . لەسەر ئەمە پیاوانی هۆزە دۆڕاوەکە هەرچی کچیان بوون زیندەبەچاڵیان کردن لە داخی ئەوەی نەکەونە دەست دوژمن . ئیتر ئەم عادەتە ناپەسەندە تەشەنەی کرد بۆ هۆزەکانی تریش .

ئەوەندەش ناحاڵیی بوون کچیان بۆ خوا بڕیار ئەدا و کوڕیش بۆ خۆیان . هەر کامیشیان هەواڵی پێ بدرایە کە ژنەکەی کچێکی بووە بەوپەڕی سووکیی و سەرشۆڕیی لە قەڵەمی ئەدا . قورئان ئەمە ڕوون ئەکاتەوە :

﴿ وَيَجۡعَلُونَ لِمَا لَا يَعۡلَمُونَ نَصِيبٗا مِّمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ ۗ تَٱللَّهِ لَتُسۡـَٔلُنَّ عَمَّا كُنتُمۡ تَفۡتَرُونَ ۝٥٦ وَيَجۡعَلُونَ لِلَّهِ ٱلۡبَنَٰتِ سُبۡحَٰنَهُۥ ۙ وَلَهُم مَّا يَشۡتَهُونَ ۝٥٧ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِٱلۡأُنثَىٰ ظَلَّ وَجۡهُهُۥ

مُسۡوَدّٗا وَهُوَ كَظِيمٞ ۝ يَتَوَٰرَىٰ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ مِن سُوٓءِ مَا بُشِّرَ بِهِۦٓۚ أَيُمۡسِكُهُۥ عَلَىٰ هُونٍ أَمۡ يَدُسُّهُۥ فِي ٱلتُّرَابِۗ أَلَا سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ ﴾ (النحل : ٥٧ ـ ٥٩) .

هەندێ هۆزیش هەبوون زۆریان لە لا ئەنگ بوو کچیان زیندەبەچاڵ بکەن .

جا کە ئیسلام هات ماف و ڕێزی گێڕایەوە بۆ ئافرەت و پێغەمبەری ئازیزیش ﷺ ئەوپەڕی سۆز و شەفەقەتی بەرامبەر بە ئافرەتان نواند ..

٦ ـ جەنگ و تاڵان و بڕۆ :

لەسەر شتی هیچ و پووچ جەنگ لە نێوان هۆزەکاندا بەرپا ئەبوو .. لەسەر وشترێك ، لەسەر پێش‌کەوتنی ئەسپێك .. ئەمەش بە وێنەی جەنگی بەسووس کە لە نێوان بەکر و تەغلیبدا ، بۆ ماوەی چل ساڵ ، لەسەر وشترێك ، بەرپا بوو ، ئەوەبوو گەلێك لە پاڵەوان و سەرۆکانیان ، کە یەکێ لەوانە کولەیبی کوڕی ڕەبیعە بوو ، تیاچوون . هەروەها وەك جەنگی داحس و غەبراء کە بە هۆی پێشکەوتنی دوو ئەسپەوە ، ماوەیەکی زۆریان خایاند .

هۆزەکان کە هێرشیان ئەکردە سەر یەکتریی دەستیان بە تاڵان و بڕۆ ئەکرد و خەڵکەکەشیان بەدیل ئەگرتن و دواییش ئەفرۆشران و ئەکرانە کۆیلە .. بەڵام لە مانگەکانی حەرامدا دەستیان لە خوێن ڕشتن ئەگرتەوە و کەمێك پشوویان ئەدا ..

بەڵام کە ئیسلام هات و هۆزەکان مل‌کەچی فەرمانەکانی بوون ، نەك پیاو بێ‌ترس سەفەری ئەکرد ، بەڵکو ئافرەتیش بە تەنیا لە صەنعاوە ئەچوو بۆ حەضرەمەوت و مەگەر تەنها لە خوا بترسایە و مەڕ و گورگیش پێکەوە ئاویان ئەخواردەوە !!

٧ ـ زانست و خوێندن و نووسین :

عەرەبەکان بە شێوەیەکی گشتیی لە خوێندن و نووسین بێ‌بەش بوون و ، وەك یەهوود و نەصارا هەڵگری عیلم و زانست نەبوون . بگرە نەزانیی باڵی ڕەشی بەسەر ناوچەکەدا کێشا بوو و ، دانە دانەیان نەبێت شارەزاییی‌یان لە نووسین و خوێندندا نەبوو . لەگەڵ ئەوەشدا زیرەك و بلیمەت و هەستیار و خاوەنی ئامادە باشیی چاك بوون و ، توانایان بۆ وەرگرتنی زانست زۆر بوو . بۆیە کە ئیسلام هات بە کەم‌ترین ماوە زانا و حەکیم و فەقیهیان لێ هەڵ کەوتن و بوونە خاوەنی گەورەترین شارستانیی .

لە هەندێ زانستییش‌دا شارەزایی‌یان هەبوو وەك : ئەستێرەناسیی و بەکار هێنانیان بۆ گەشتی دەریا و بیابان و ، وەك هەست‌کردن بە کاتی باران‌بارین و ، هەست‌کردن بە بوونی ئاو لە ژێر چینەکانی زەویی‌دا و ، ناسینی خەڵك ئەویش بە سەیرکردنی شوێن پێی ، ئەگەرچیی بەسەر شتی رەقیش‌دا تێپەڕی کردبایە . هەروەها پزیشکی لێ‌هاتوویان تیا هەڵ ئەکەوت کە پشتیان بە تاقیی کاریی ژیانیان ئەبەست وەك حاریثی کوڕی کیلدە .[٢٩]

دووهەم : خووڕەوشت

عەرەبەکانی پێش سەردەمی ئیسلام خاوەنی کۆمەڵە رەوشتێك بوون و زۆر بە توندیی دەستیان پێ‌یانەوە ئەگرت . جا هەندێ لەو رەوشتانە ناشیرین و قیزەون بوون و ، هەندێکیشیان بەرز و بەڕێز بوون ..

هەندێ لەو رەوشتانەی کە سووك و ناشیرین بوون ئەمانە بوون : فیز و خۆهەڵ کێشان و ، دەمارگیریی و ، زوڵم و ستەم و ، خوێن‌ڕێژان و ، تۆڵەسەندن و ، داگیرکردنی ماڵ و سامانی خەڵك و ، خواردنی ماڵی هەتیو و ، سووخواردن و ، عەرەق خواردنەوە و ، دزیی و ، زیناکردن .

ئەوەی کە شایانی باسە لێرەدا بوترێ ئەوەیە کە زیناکردن زیاتر لەگەڵ کەنیزەکان‌دا و لەگەڵ ئەوانەی ئاڵایان هەڵ کردبوو ئەکرا و ، ئافرەتە ئازادەکان لەوە زۆر دوور بوون . بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ دوای فەتحی مەککە بەیعەتی لە ئافرەتان وەرگرت ، بەڵێنی لێ‌وەرگرتن کە شەریك بۆ خوا بڕیار نەدەن و ، دزیی نەکەن و زینا نەکەن کە فەرمووی : « على أن لا يشركن بالله شيئاً ، ولا يسرقن ، ولا يزنين » ، لەناو ئافرەتەکان‌دا هیندی کچی عوتبەی هاوسەری ئەبوسوفیان بەسەر سوڕمانەوە پرسیی : ئایا ئافرەتی ئازاد زینا ئەکات ؟!!

هەروەها عەرەبەکان خەریکی هەندێ گەمە و گاڵتە و دڵداریی ئەبوون و قوماریان ئەکرد . بەڵام زۆرێکیش هەبوون کە دەروونیان پاك بوو و هیچێ لەو رەفتارە سووکانەیان بە دڵ نەبوو و خەڵکیش لەسەر ئەو دەروون‌پاکی‌یەیان رێزی تایبەتیان لێ ئەگرتن ..

---

[٢٩] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٨٦ ـ ٩٣ .

جا هەروەك هەندێ لە عەرەبەكان ئەم رەوشتە خراپانەیان لەناودا باو بوو ، لە هەمان كاتدا بە گشتیی خاوەنی چەندین رەفتار و كردار و رەوشتی وەها بەرز بوون كە هیچ میللەتێكی تر بەو ئاستە نەئەگەیشت ، بە رادەیەك كە رەوشتە نزمەكانیان لە چاو سیفەتە بەرزەكانیاندا هەر هیچ نەبوون ، ئەمەش یەكێكە لەو هۆیانەی كە خوای گەورە قورئانی بۆ ناو ئەو كۆمەڵە رەوانە كرد ..

جا با هەندێ لەو رەوشتە جوانانەیان بخەینە روو :

١ ـ خۆش ویستنی سەربەستیی و ئازادیی :

عەرەبەكان بە هیچ شێوەیەك ژێر دەستەییان پێ قبووڵ نەئەكرا ، چونكە فێر نەبوو بوون كەس فەرمانیان بەسەردا بدا ، ئەوان تەنها رەچاوی یاسای هۆزەكەیان ئەكرد و ، یەكجار سەربەست بیریان ئەكردەوە ، بۆیە مردنیان پێ باش تر بوو لە زەلیلیی ..

جارێكیان عەمری كوڕی هیندی پادشای حیرە لەگەڵ پیاوانی دەوروبەری دانیشتبوو و لێی پرسیین : ئایا لەناو عەرەبدا كەسێك ئەناسن كە دایكی بێزی نەیەت خزمەتی دایكم بكات ؟ وتیان : بەڵێ ، دایكی عەمری كوڕی كولثوومی شاعیری رووتەڵە .

بۆ ئەم مەبەستە پادشای حیرە داوای لە عەمری كوڕی كولثووم سەرێكی لێ بدات و ، دایكیشی سەرێك لە دایكی بدات . پادشا لەگەڵ دایكیا رێك كەوت كە دوای نان خواردن فەرمان بەسەر دایكی عەمری كوڕی كولثوومدا بدا تا قتپێكی بداتە دەست . كە هات دایكی پادشا فەرمانی بەسەردا دا ، ئەویش وتی : با ئەوەی پێویستیی بە كارێك هەیە خۆی هەستێ ئەنجامی بدات . چەند جارێك دایكی پادشا فەرمانەكەی بەسەردا دا و ، سەرەنجام لەیلای دایكی شاعیر هاواری لێ هەڵسا : ئای زەلیل خۆم ، هەی هاوار بۆ هۆزی تەغلیب . كە عەمری كوڕی گوێی لە دەنگی دایكی بوو یەكجار تووڕە بوو . سەیری كرد وا شمشێرەكەی پادشا لە هەیوانەكەدا هەڵ واسراوە . دەستی گەیاندێ و شمشێرێكی دا بە تەوقەسەری پادشادا و هاواری كردە نەوەی تەغلیب . ئەوانیش هاتن هەیوانەكەیان تالان كرد و پارچە شیعرێكیشی بۆ پادشا نووسیی ..

٢ ـ ئازایەتیی :

لە ئازایەتییدا نموونەیان پێ ئەهێنرایەوە ، چونكە لە دەوروبەرێكدا گەورە ئەبوون ، پێویست بوو هەر یەكە بتوانێ بەرگریی لە خۆی بكات و لە تەنگانەدا

خۆی دەرباز بکات . هەتا هی وایان هەبوو لە بیابانێکی چۆڵدا تووشی شێرێك ئەهات ، مەردانە ئەچوو بە گژیا هەتا کەوڵی ئەکرد ، بیّ ئەوەی بیر لە هەڵاتن و پاشەکشیّ بکاتەوە .. ئەم ئازایەتی‌یە بیّوێنەیە ئامادەباشی‌یەکی بیّوێنە بوو بۆیان کاتیّ کە شوێن قورئان کەوتن و ، بە هیوای گەیشتن بە بەهەشت دەستیان دایە شمشێر و ، پاڵەوانانە دوو ئیمپراتۆریەتی مەزنی جیهانی‌یان کەوڵ کرد و ، لەسەر ناوچەی لە دار و پردوو پاکەوەکراوی هەردووکیان شارستانێتی‌یەکی یەکجار مەزنیان بەرپا کرد و ، بانگی تەوحیدیان بە هەموو لایەکی جیهان‌دا بڵاو کردەوە و ، هەتا ئێستاش ئەو هەڵمەتە چاکەخوازی‌یە هەر بەردەوامە .

٣ ـ سەخاوەت :

سەخاوەت رەوشتێك بوو کە ریشکی لە دڵ و دەروونیانا داکوتابوو ، بە تایبەت بیابان‌نشینان . ئەوپەڕی فەخر و شانازی‌یان بەو سیفەتەیانەوە ئەکرد و بەشێکی زۆری شیعرەکانیان باسی سەخاوەت و سنگ‌فراوانیی ئەوان ئەکات .. هەتا پیاوی وەهایان هەبوو لە کاتی گرانیی و سەرما و سۆڵەدا میوانی ئەهات و هیچی شك نەئەبرد دەرخواردی میوانەکەی بدات جگە لەو وشترەی کە مایەی گوزەرانی خۆی و خێزانەکەی بوو ، غیرەت و سەخاوەت پاڵیان پێوە ئەنا و چەقۆی ئەخستە سەر ملی و پێشکەش بە میوانی ئازیزی ئەکرد . هەتا ئەوەندە سەخیی بوون بۆ ئەوەی نەهێڵن خوێن برژێت ئەچوونە ژێر باری قەرزی (دیة)ی یەکجار زۆرەوە ..

سەخاوەتیان هەر ئەوەندە نەبووە نان بە مرۆڤەکان بدەن ، بەڵکو جانەوەر و باڵندەشیان تێر ئەکردن . سەخاوەت و دڵ‌گوشادیی حاتەمی تەیش بە نموونە ئەهێنرێتەوە .

٤ ـ مەردایەتیی :

لەو بیابانەدا رەوشتی مەردایەتیی و کۆمەکیی لاواز زۆر بە چاکیی لە دەروونیان‌دا جێی خۆی کردبۆوە . لەبەر ئەوە هەرگیز چاویان لەوە نەبوو لاوازیی ئافرەتێك ، یان پیرێك ، یان نەخۆشێك بە هەل بزانن و ستەمیان لیّ بکەن ، بەڵکو هەر کەسیّ داوای یارمەتیی بکردایە ، بە سووکیی و چاوشۆڕیی ئەزانی بە دەمیەوە نەچێت .

٥ ـ وەفا و پەیمان پارێزیی :

لەم سیفەتەش‌دا دەستێکی باڵایان هەبوو .. چیرۆکی سومەوئەلی کوڕی عادیاء لە وەفادا بەناوبانگە ، ئەوەبوو کوڕەکەی کردە قوربانیی ، بەڵام نەی‌توانیی

ناپاکیی بکات و بەڵێنەکەی بشکێنێ و ئەو قەڵغانانەی کە بە ئەمانەت لەلای دانرا بوون بە دەستەوە بدات . هەروەها کاتێك کە حاریثی کوڕی عەبباد بکوژی کوڕەکەی کەوتە دەستی کە موهەلهەلی کوڕی رەبیعە بوو ، ئەمەش لە جەنگی (بەسووس)دا ، ئەوەبوو نەیئەزانی ئەم دیلەی دەستی موهەلهەلە .. موهەلهەل پێی وت : ئەگەر من موهەلهەلت پیشان بدەم بەرم ئەدەی ؟ ئەویش بەڵێنی پێ دا کە ئازادی بکات . وتی : دەی من موهەلهەلم . حاریث لە نێوان دوو هێزی راکێشان دا گیری خوارد : هێزی تۆڵەسەندن لەو کەسەی کە جگەری سووتاندووە و کوڕەکەی کوشتووە و ، هێزی بەڵێن بەسەربردن و پەیمان نەشکاندن .. سەرەنجام هێزی وەفا و پەیمان پارێزیی سەرکەوت و ئەوەندەی بۆ هات کەمێ کاکۆڵی پێشەوەی موهەلهەلی راکێشا و ئیتر بەری دا ..

ئیتر با چیرۆکی هانیء ی کوڕی مەسعوودی شەیبانیی و ، حاجب ی کوڕی زوراری تەمیمیی لەولاوە بووەستن .

٦ ـ چاوپۆشیی لە کاتی دەست رۆیشتن‌دا :

هی وایان هەبوو لەگەڵ دوژمنەکەی‌دا زۆرانبازیی ئەکرد ، کەچیی کە ئەیدا بە زەوییدا ، چاوپۆشیی لێ ئەکرد و دەستی لێ هەڵ ئەگرت .. بگرە کە کەسێك زامدار بووایە هێرشیان نەئەکردە سەری و لێی ئەگەڕان .

٧ ـ مافی دراوسێ و پەنادان :

مافی دراوسێیان زۆر چاك ئەپاراست ، بە تایبەت پاریزگاریی شەرەف و ناموسی ، وەك ناموسی خۆیان تەماشایان ئەکرد .. خۆ ئەگەر کەسێکیش داوای پەنای بکردایە لە یەکێکیان ، ئەوا پەنای ئەدا و ، ئەگەر خۆیشی و کوڕەکانی لەو پێناوەدا دابنایە ، ئەو پەنایەی بە جوانیی ئەپاراست .

٨ ـ قەناعەت :

عەرەبەکان بە بۆنەی دەوروبەرەکەیانەوە و، ژیان و گوزەرانی سەختەوە فێری قەناعەت بووبوون و ، بە کەمیش رازیی ئەبوون .. هی وایان هەبوو چەند شەو و رۆژ بە بیابانی چۆڵ و وشك‌دا رێی ئەبڕیی ، بە چەند دەنکە خورمایەکی کەم ، کە ئەیخستنە بەر دڵی ، قەناعەتی ئەکرد و ، بە چەند دڵۆپە ئاوێکیش کە جگەری پێیان فێنك بکاتەوە قەناعەتی ئەکرد ..

٩ ـ هێزی رۆح و پاکیی نەفس :

لەبەر ئەوەی کە بە ژیانێکی سادەی کـەم ئـەرك قەناعـەتیان کردبـوو ، رۆح و نەفسیان لە چاوشۆڕیی و ژێرمنەتیی پارێزراو بوون . جا لـەولاوە لـە ئازایـەتیی و هێزی ماسوولکەدا لە چڵەپۆپەدا بـوون ، لـەم لایشـەوە لـە پـاکیی نـەفس و ورە بەرزیی‌دا ئەژیان ، بۆیە سووکیی و زەلیلی‌یان پێ قبووڵ نەئـەکرا و ، بـە بچـووك ترین دەستدرێژیی بۆ سەر رێز و سەربەستی‌یان هەڵ ئەچوون و هەڵمـەتیان ئەدایـە شمشێر و کوشتار و ، جەنگی ناهەمواریان بەرپا ئەکرد .

کاتێکیش کە موسڵمان بوون زۆر بە ئاسانیی فارس و رۆمیان دان بە زەویی‌دا ..

١٠ ـ ئارام و دان بەخۆدا گرتن :

دیسان بە بۆنەی ئەوەوە کە دوورگەی عەرەبیی بیابانێکی وشك و چۆڵە و ، ئـاو و کشتوکاڵی کەمە ، دانیشتوانی فێری برسێتیی و تینوێتیی و سەرما و گـەرما ئەبوون و ، باکیان لە ماندوێتیی و سەختیی رێگا نەبوو ..

١١ ـ دان بەخۆدا گرتن :

ئەم رەوشتە لە هەندێ کەسایەتیی‌دا بە چاکیی رەنگی ئەدایەوە و ئەو کەسە بە نموونە باس ئەکرا . بەڵام لەبەر ئازایەتیی و زووهەڵچوونیان بۆ کوشتار ئەم سیفەتە دەگمەن بوو ..

١٢ ـ سادەیی و سینەسافیی :

لە بیاباندا سـادەیی و پاکی‌یـەك هەیـە کـە ئەبێتـە مایـەی راسـتگۆیی و ئەمانەتداریی و دوورکەوتنەوە لە فێڵ و ناپاکیی و خەڵەتانـدن ، بـە پێچـەوانەی ئەو شوێنانەوە کە چڵك و چەپەڵیی دنیا خۆشویستن پیس و پۆخڵی کردووە ..

عەرەبەکان خاوەنی ئەم سیفەتانە بوون کە زۆربەیان لە شوێنی خۆیاندا بە کـار نەئەهێنران . جا کە ئیسلام هات زاخاوی سیفەتەکانی دا و ، بـۆ پـاك کردنـەوەی سەرزەویی خستنیە کار .

سێهەم : باری ئابووریی

لە پێشەوە باسی ئەوەمان کرد کە عەرەبەکان لە دوو کۆمـەڵ پێـك هـاتبوون : بیابان‌نشینان و شارنشینان .

جا بیابان‌نشینەکان بە پلەی یەکەم بۆ ژیان و گوزەران پشتیان بە بـەخێوکردنی مەڕومالات ئەبەست . بۆیە بە دوای ئاو و باراندا و بـە دوای لـەوەڕدا ئەگـەڕان .

ئەم ئاژەڵانە پێویستیی سەرەکیی ئەوانیان رائەپەڕاند . ئەوەبوو گۆشت و شیرەکەیان ئەخواردن و لە خوریی و مووەکەیان جل و بەرگ پۆشاك و رەشماڵ و پێخەفیان دروست ئەکرد و ، هەرچیشیان لێ زیاد بوایە ئەیانفرۆشت . ژنەکانیشیان هەر هەموو خەریکی رستن ئەبوون و ، ئەمەش دەستهاتێکی کەم نەبوو ، هەرچەندە دەوڵەمەندیان کەم بوون .

بەڵام شارنشینەکان هەندێکیان پشتیان بە کشتوکاڵ ئەبەست وەك دانەوێڵە و، میوە و ، خورما و ، سەوزە ، ئەمە لەو ناوچانەدا کە زەوییوزاری بەپیتیان هەبوو وەك یەمەن و ، طائیف و ، مەدینە و ، نەجد و ، خەیبەر ..

بەشی یەکجار زۆریشیان خەریکی بازرگانیی بوون ، بە تایبەت دانیشتوانی مەککە ، کە خاوەنی مەڵبەندێکی بازرگانیی یەکجار گرنگ بوون ، ئەویش بەو بۆنەوە کە خاوەن و خزمەتکاری حەرەم بوون و ، رێزی تایبەتی‌یان لە دڵی عەرەبەکان‌دا هەبوو . بەم بۆنەوە هیچ کەس رێی لە کاروانی ئەوان نەئەگرت و ، هیچ تەگەرەیەك نەئەهاتە رێی بازرگانی‌یەکەیان .. قورئانی پیرۆزیش ئەم نیعمەتەی خوای وەبیر ئەهێنانەوە کە ئەوان لە سایەی کەعبەی پیرۆزدا حەساوە بوون ، کەچیی ئەوان نەزانکارانە بڕوا بە (باطل) ئەکەن و کوفرانی نیعمەتەکانی خوا ئەکەن :

﴿ أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا جَعَلْنَا حَرَمًا ءَامِنًا وَيُتَخَطَّفُ ٱلنَّاسُ مِنْ حَوْلِهِمْ ۚ أَفَبِٱلْبَٰطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَةِ ٱللَّهِ يَكْفُرُونَ ﴾ (العنكبوت : ٦٧) .

ئیتر ئەوەبوو بازرگانی‌یان بە گەورەترین کاسپیی لە قەڵەم ئەدا ..

منداڵەکانی (عەبدمەناف) ی گەورە باپیری پێغەمبەری خوا ﷺ لە نێوان خۆیان دا وڵاتەکانیان بەش کردبوون . ئەوەبوو هاشم بۆ شام دەچوو و ، عەبد شەمس بۆ حەبەشە و ، موطەللیب بۆ یەمەن و ، نەوفەلیش بۆ وڵاتی فارس . دوای خۆیشیان هەندێ لە منداڵەکانیان هەر خەریکی بازرگانیی بوون ..

هەروەها دانیشتوانی یەمەنیش خەریکی بازرگانیی ئەبوون ، هەتا لە دەریاشدا هاتوچۆی کەنارەکانی ئەفریقیایان ئەکرد ، وەك حەبەشە و ، سوودان و ، صۆماڵ . هەروەها بۆ هیند و جاوە و سۆمەطرە و ، دوورگەکانی زەریای هیندیی ئەچوون و ، دواییش کە موسڵمان بوون ، ئیسلامیان گەیاندە ئەو شوێنانە و خەڵکەکەیان هیدایەت دا ..

هۆی سەرەکیی گواستنەوەش لە وشکایی‌دا .. لە بیابانی دوور و درێـژدا وشـتر بوو ، کە بە کەشتیی بیابان لە قەڵەم ئەدرا ، چونکە لە هەموو گیاندارێکی ماڵیی زیاتر ئارامی هەیە و بەرگەی سەفەری دوور ئەگرێت .

هەنـدێ لـە ئەشـراف و مـاقوولانی قـوڕەیش وەك هاشـم و، ئـەبوطالیـب و ، ئەبولەهەب و ، عەبباس و ، ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب و ، ئەبوبـەکر و ، زوبـەیر و، طەلحە ، خەریکی بازرگانیی بوون ، جا یا ئەوەتا بـە پـارەی خۆیـان کاسـپی‌یان ئەکرد ، یان بە پارەی کەسێکی تر ، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ بـە پـارەی خەدیجـە خوا لێی رازیی بێ بازرگانیی ئەکرد ..

شارنشینان هی وایان هەبوو کە وشتر یان مەڕ و بزنی بـەخێو ئـەکرد ، یـا بـۆ خۆی یا بۆ کەسانی تر .

کـارێکی زۆر خـراپ عەرەبـەکان لـە جوولەکـەوە فێـر بـوون . ئـەوەبوو خـەریکی سووخواردن بوون ، چونکە جوولەکە ریباسەندنیان لە غەیری جوولەکە حـەڵاڵ کردبـوو . ئەم کارە پشتی هەژارانی شکاندبوو ، بە تایبەت ریبای (نەسیئە) کە ئەگەر قەرزار لـە کاتی دیاریی‌کراودا پارەکەی نەدابایەوە ئەوا خاوەن پارە پارەکەی لەسەر زیـاد ئـەکرد و ماوەکەشی بۆ دوا ئەخست ، بەمە دیرهەمێك قەرز چەند قات ئەبوویەوە و ئەو هـەژارە هەر ئەی‌ناڵاند ، تا ئیسلام هات و قەدەغەی کرد و مرۆڤی هەژاری لێ قوتار کرد ..

ئەو قوڕەیشی‌یانەی کە خەریکی بازرگـانیی بـوون ساڵانـە دوو گـەشتی گـەورەیان هەبوو : گەشتی زستانە بەرەو یەمەن و ، گەشتی هاوینە بەرەو شام . بەڵام بـە بۆنـەی رێزی کەعبەوە کەسێك دەست‌درێژیی نەئـەکردە سـەر کـاروانی قـوڕەیش . ئـەوەتا لـە سوورەتی (قریش) دا خوای گەورە ئەو باسەی هێناوە :

﴿ لِإِيلَٰفِ قُرَيْشٍ ۝١ إِۦلَٰفِهِمْ رِحْلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيْفِ ۝٢ فَلْيَعْبُدُوا۟ رَبَّ هَٰذَا ٱلْبَيْتِ ۝٣ ٱلَّذِىٓ أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَءَامَنَهُم مِّنْ خَوْفٍۭ ۝٤ ﴾ (قريش) .

جا بۆ ساغ کردنەوەی ئـەو کـەل وپەلانـە و ، سـاغ کردنـەوەی بـەروبوومی ناوچـە جۆراوجۆرەکـانی دوورگـە و ، دەربڕینـی پلـەی هـەر شـاعیرێك و هـەر وتاربێـژێك و ، دەرخستنی بەرهـەمی ئـەدەب و ، فـەخر و شـانازیی‌کردن بـە پشـت و رەچـەڵەکەوە ، عەرەبەکان ساڵانە بازاڕی گەورەیان ئەکردەوە .. کە لە سێ شوێنی لە یـەك نزیکـەوە ، یەك لە دوای یەك ، لە مانگەکانی حەرام دا هەموو کەسێ کاڵا و تفاقی خۆی ئەهێنایە ئەوێ و ، سەرجەم عەرەبەکان لەوێ کۆ ئەبوونـەوە و ، پیشـانگایەکی مـەزنیان بـەرپا ئەکرد ..

بـازاڕی یەکـەمیان نـاوی عوکـاظ و ، دووهـەم میجەننـە یـان مەجەننـە و ، سیّهەمیش ذولمەجاز بوو کە لە بیابانێکی تەختی نێوان نەجد و طائیف دا بـوون . بازاڕی گەورەیان عوکاظ بوو کە لە سەرەتای مانگی (ذولقەعیدە) وە بۆ مـاوەی (١٥) یان (٢٠) ڕۆژ ئەکرایەوە ، پاشان ئەیان گواستەوە بۆ ذولمەجاز تـا ڕۆژی (تەرویە) واتـە هەشـتەمی ذولحەجـە ئەمانەوە ، پاشان بەرەو مینا ئەکەوتنە ڕێ ..

جا خەڵکەکە لە عەرەفە و ڕۆژانی میّنادا دەسـتیان لـە کـڕین و فرۆشـتن هـەڵ ئەگرت ، هەتا ئیسلام هات و ماوەی دان تا لەو ڕۆژانەش‌دا کڕین و فرۆشتن ئەنجام بدەن ، کە فەرمووی :

﴿ لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَبْتَغُواْ فَضْلاً مِّن رَّبِّكُمْ ﴾ (البقرة : ١٩٨) .

کـە ئیسـلام هات و ناوچەکە موسڵمان بوو ، تا ماوەیەکیش ئەم بازاڕانە مانـەوە ، پاشان وازیان لیّ هێنرا :

بازاڕی عوکاظ لە صـەد و بیسـت و نـۆی کۆچییدا ، ئـەو سـاڵەی کـە موختـاری حەروورییی دەستی بەسەر مەککەدا گرتبوو وازی لیّ هێنرا ، چونکە لەوە ئەترسان ماڵ و سامانیان تالاَن بکریّ .. پاشـان واز لـەو دوانەکـەش هێنـرا و ، بـازاڕ گوازرایـەوە بـۆ مەککە و مینا و عەرەفات ..

لە بارەی پیشەسازییشەوە شتێکی ئەوتۆیان نەئەزانیی ، بەڵام لە دەوروبەری یەمـەن و حیرە و شام‌دا خەریکی چنین و پێستەخۆش‌کردن ئەبوون ..

چوارەم : بەرپابوونی شارستانیەت

بە کورتە : شارستانیەت بریتیی‌یـە لـە شـێوازی ژیـانێکی دامـەزراو ، بـۆ کۆمەڵـە خەڵکێك کە یەك بە یەکی ئەندامانی ، کەم و زۆر ، بەشداریی خزمەت بکەن تـا بـاری ژیان و ، کار و ، کۆمەڵ و ، زانست و ، پیشەسازیی و ، هەڵسووڕاندنی کاروباری حوکم و دەسەڵات بە چاکیی دابـمەزریّ و ، ئاسوودەیی و خۆش گوزەرانییش دەست مرۆڤەکان بکەویّ .

بەم پێیە ئەگەر سەرنجی عەرەبەکانی دوورگە بگرین ، ئـەبینین بـە درێـژایی مێـژوو چەندین شارستانیی‌یان بەرپا کردووە ، وەك وڵاتی یەمەن و ، ناوچـەی قـەومی عـاد و ، ناوچەی ثـەموود و ، حیـرە و ، غەسسان و ، شـام . بگـرە لـە حیجـاز خـۆیدا .. لـە مەککە و مەدینە و طائیف دا ..

ئەوە بوو لە یەمەن‌دا چەند دەوڵەتێکی دەسەڵات دار و خاوەن سەروەریی و ، یاسـای ڕەنگین و ڕێك و پێك بەرپا بوون ، کە لە هەموو زانسـت و هۆنـەرێك دا بەشـی خۆیـان

شارەزا بوون و، توانییان بەنداوەکان دروست بکەن و کەڵك لە ئاوی زستان وەربگرن ، ئەمەش پێویستیی بە هونەری ئەندازیاریی هەیە . بەمە یەمەن بووە وڵاتێکی خۆش گوزەران ، بە رادەیەك کە یۆنانی‌یەکانی ئەو سەردەمە یەمەنیان ناونا بوو : (وڵاتی بەختەوەری عەرەب) .

هەروەها قەومی عادیش بوونە خاوەنی شارستانێتی‌یەکی کشت وکاڵیی و ، پیشەسازیی و ، بازرگانیی و، بیناسازیی و، ئەموودیش ئەوەندە لێ‌هاتووبوون بەوپەڕی وردەکاری‌یەوە خانوویان لە چیاکان دا هەڵ ئەکۆڵیی .. خۆ جووتە کۆشکە مەزنەکەی دەوڵەتی حیرە : سەدیر و خەوەرنەق تا ئێستاش کەلاوەکانیان هەر ماون .

هەروەها غەسسانی‌یەکان و ئەنباط و تەدمور دەوڵەتیان بەرپا کرد و ، تا ئێستاش پاشماوەی پەرستگا و کۆشکەکانیان هەر ماون .

ئەگێڕنەوە کە دەوڵەتی حامۆڕابیی لە بابل‌دا بە دەست عەرەبە عەمالیقەکان دامەزراوە ، ئەمەش لە صەدەی بیست و سێ‌هەمی پێش زایین دا .

هەروەها ئەو عەرەبە عەمالیقانە دەسەڵاتی میصر ئەگرنە دەست و دەوڵەتێکی گەورەی تیا بەرپا ئەکەن . لە وڵاتی حیجازیش‌دا شارستانی‌یەك لە مەککە و ، مەدینە و ، طائیف و شارەکانی تردا بەرپا بوو ، کە لە بیناسازیی‌دا دەست رۆیشتوو بوون و ، بازرگانی وەهاشیان هەبوون کە لمی بیابانیان ئەکردە زێڕ ..

لە تەگبیر و راوێژدا پیاوی کارامە و بیرتیژ و خەم‌خۆر و نەخشەکێشی لێ‌هاتوویان هەبوون .. هەتا لە مەککەدا کۆمەڵێك بۆ راوێژکردن دانرابوو و ، لە کاری گرنگ‌دا پرسی پێ ئەکرا و ، خانوویەکی رێك و پێکی بۆ دروست کرابوو و پێی ئەوترا : (دار الندوة) ، کە تیایا کۆ ئەبوونەوە و ، کۆبوونەوەی گشتیی بەوپەڕی سەربەستیی و جوامێری‌یەوە رای خۆی دەرئەبڕی .. ئەمەش ئەوەی ئەگەیاند کە بیر و هەستیان پێ‌گەیی بوو و ، مافی رادەربڕینیان بە یەك ئەبەخشیی .[٣٠]

[٣٠] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٩٤ ـ ١٠٦ ، والرحيق المختوم : ٤٣ ـ ٤٥ ، والسيرة النبوية للصلابـي : ٢٢ ـ ٣٧ .

بەشی پێنجەم
کاربەدەستانی ماڵی خوا

یەکەم : دەسەڵاتی جورهوم

شتێکی ئاشکرایە کە ئیبراهیم و ئیسماعیل سەلامیان لێ بێ پێکەوە کەعبەی پیرۆزیان ، بە فەرمانی پەروەردگار ، بنیات نا .. دوای ئەوە حەزرەتی ئیبراهیم جارە مێژوویی‌یەکەی بۆ تێکڕای مرۆڤایەتیی دا ، تا بێن بۆ حەجی ماڵی خوا ..

دوای ئەو حەزرەتی ئیسماعیل کاروباری کەعبەی بە دەستەوە گرت ، کە ئەویش کۆچی دوایی کرد نابت ی کوڕی ، چەندێ خوا ویستی لەسەر بوو کاروباری کەعبەی هەڵ سووڕاند ، بەڵام دوای ئەو کاروبار کەوتە دەست (مضاض) ی کوڕی عەمری جورهومیی کە باوکی دایکی بوو ، واتە خەزووری ئیسماعیل بوو .

جا بە بۆنەی ئەوەوە کە جورهومی‌یەکان خاڵوانی نەوەکانی ئیسماعیل بوون و، بەو بۆنەشەوە کە مەککە رێزدارە و نابێ لە پەنایا ستەم بکرێ و خوێن برێژرێ ، نەوەکانی ئیسماعیل ناڕەزایی‌یان لە کاربەدەستیی جورهوم دەر نەبڕیی . بەمە جورهوم بوونە حاکمی مەککە و چاودێریی‌کەری کەعبە .

لە هەمان کات‌دا نەوەی ئیسماعیل پەرەیان سەند و بە هەموو لایەك‌دا - وەك لە پێشەوە باس کراوە - بڵاوەیان لێ کرد .. جا لەبەر ئەوەی کە هەڵگری دینی خوا بوون ، بە گژ هەر کۆمەڵێك‌دا بچوونایە ، بە بۆنەی دین‌داری‌یانەوە زاڵ ئەبوون .

دوای ئەوەی کە (مضاض) ی یەکەم حاکمی جورهومیی مرد ، حاریثی کوڕی بووە جێ‌گری و ، دوای ئەویش کار کەوتە دەست عەمری کوڕی حاریث .. جا لە مەککەدا لەگەڵ جورهوم‌دا نەوەی (قطوراء) ئەژیان ، کە لەگەڵ نەوەی (جرهم) دا ئامۆزا بوون و ، سەرۆکەکەشیان ناوی (سمیدع) بوو . ئەوەبوو لەسەر دەسەڵاتداریی مەککە کەوتنە بەرابەرکێ و ، سەرەنجام دەستیان دایە شمشێر و ، بە سەرکەوتنی جورهوم کۆتایی پێ هات و ، وڵات بۆ جورهوم یەك‌لایی بوویەوە ..

جورهوم بەرە بەرە دەستیان دایە ستەم و لارییِنواندن و حورمەتشکاندنی کەعبەی پیرۆز .. خوای گەورە بڕیاری داوە کەعبە حەرەمێکی پڕ لە ئەمن و ئاسایش بێت ، کەچیی ئەوان زوڵمیان لەو خەڵکە ئەکرد کە سەردانیان ئەکرد .. هەروەها ئەو سامانەی کە پێشکەش بە کەعبە ئەکرا بە ناڕەوا ئەیانخوارد ، [٣١] تا خوا کەسانێکی بۆ گەیاندن کەعبەیان لێ پاك بکاتەوە .

نەوەی بەکری کوڕی عەبدمەناتی کەنانەیی و غەبشانی خوزاعەیی لە دەست کردەوەی نالەباری جورهوم بێزار بوون و ، بڕیاریان دا بچن بە گژیاندا و لە مەککە راوەدوویان بنێن . ئاگاداریان کردن کە کوشتاریان ئەکەن .. بەڵام نەوەی ئیسماعیل لایەنگیریی هیچ لایەکیان نەکرد .. لە ئەنجامدا نەوەی بەکر و غەبشان سەرکەوتن .

ئیبن ئیسحاق دەری بڕیوە کە لە سەردەمی نەفامییدا زوڵم و ستەم و دەست درێژیی لە هیچ کەس قبووڵ نەئەکرا لە مەککەدا ئەنجامی بدات ، بۆیە هەر کەسێ لای دابێت دەرئەپەڕێنرا و، هەر کەسیش نیازی خراپی دەرهەق کەعبە بکردایە یەکسەر تیا ئەچوو .. هەتا ئەوەش وتراوە : بۆیە مەککە ناو نراوە بەککە [٣٢] واتە ملی ئەو پیاوانە ئەشکێنێ کە کاری خراپی تیا ئەنجام بدەن . [٣٣]

جا کە جورهوم ملیان شکا و ، ناچار بوون مەککە بەجێ بهێڵن عەمری کوڕی حاریثی کوڕی (مضاض) ی جورهومیی دەستی دایە کەلوپەلە بەنرخەکانی کەعبە کە بریتیی بوون لە دوو ئاسکی زێڕین و ، چەند شمشێرێکی بە ئاڵتوون زاخاو دراو و، چەند قەڵغانێك و خستنیە ناو بیری زەمزەم و پڕی کردەوە . پاشان عەمر بە خۆی و قەومەکەیەوە بەرەو یەمەن کەوتنە رێ و ، زۆریش خەمبار و دڵشکست بوون بەوەی کە لە مەککە دەرپەڕێنرا بوون ..

---

[٣١] ئەگێڕنەوە کە ئیبراهیم پێغەمبەر سەلامی لێ بێ لە تەنیشت دەرگای کەعبەدا بیرێکی هەڵ کەندبوو و ، هەر شتێك پێشکەش بە کەعبە بکرایە فڕێ ئەدرایە ناو ئەو بیرەوە .. جا کە جورهوم دەستیان دایە ستەم ماڵ و سامانی کەعبەیان بۆ خۆیان ئەدزیی .

[٣٢] لە قورئانی پیرۆزدا ناوی مەککە بە بەککە هاتووە کە ئەفەرموێ :

﴿ إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِى بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِّلْعَٰلَمِينَ ﴾ (آل عمران : ٩٦).

[٣٣] سيرة إبن هشام : ١ / ١١٤ .

ئیتر لەو رۆژەوە زەمزەم لەبەر چاوان گوم بوو و، کەس بیری بەلای شوێنەکەیەوە نەمابوو هەتا کاروباری کەعبە کەوتە دەست عەبدولموطەللیبی باپیری پێغەمبەری خوا ﷺ .

دووهەم : دەسەڵاتی خوزاعە

کە جورهوم دەرپەڕێنرا ، غەبشانی خوزاعەیی کاروباری مەککەی بۆ خۆی یەك لایی کردەوە و ، نەوەی بەکر هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو . ئەوەبوو عەمری کوڕی حاریثی غەبشانیی بووە کاربەدەست و ، ئەو رۆژە قورەیش چەندماڵێکی پڕاو بوون .. هەروا خوزاعە پشتاوپشت کاروباری مەککەیان بە دەست بوو تا سەردەمی دوا کاربەدەستیان کە حولەیلی خوزاعەیی بوو .. ئەو پیاوەی کە کچی خۆی لە قوصەی کوڕی کیلاب مارە بڕیی ..

خوزاعە نزیکەی سێ‌صەد ساڵ ، هەندێکیش ئەڵێن : پێنج‌صەد ساڵ ، کاروباری مەککەیان لە مشت‌دا بوو .. ئەمانیش وەك جورهوم کاروباریان بە چاکیی بەڕێوە نەئەبرد .. لە هەمووی خراپتر ئەوەبوو لە سەردەمی ئەوان‌دا و ، بە هۆی عەمری کوڕی لوحەی سەرۆکیانەوە بت‌پەرستیی هاتە وڵاتی حیجازەوە ، وەك لە پێشەوە بە درێژە باسمان کرد ..

ئەگێڕنەوە کە کیلابی کوڕی موڕڕە - کە پشتی شەشەمینی پێغەمبەری خوایە ﷺ - فاطیمەی کچی سەعدی کوڕی سەیل مارە ئەکات و ، دوو کوڕی لێی ئەبێت کە ناویان زوهرە و قوصەی ئەبێت . هێشتا قوصەی لە بێشکەدا ئەبێت باوکی ئەمرێت .. دوای ماوەیەك پیاوێك لە هۆزی عوذرە بە ناوی رەبیعەی کوڕی حەرام دێتە مەککە و فاطیمەی ژنی کیلاب - کە بێوەژن کەوتبوو - مارە ئەکات و ، ئەی‌باتەوە بۆ وڵاتی خۆیان . فاطیمەش بەو بۆنەوە کە قوصەی منداڵە ئەی‌بات لەگەڵ خۆی . بەڵام زوهرە لە مەککە بەجێ دێڵێ ، چونکە گەورە بوو بوو .. جا فاطیمە لە رەبیعەش کوڕێکی بوو بە ناوی ریزاح ..

قوصەی لەوێ مایەوە هەتا گەورە بوو و چووە ناو خەڵکەوە .. رۆژێکیان لەگەڵ پیاوێك‌دا قسەیان بە یەکتر ئەوت ، کابرا قوصەی بەوە عەیب‌دار کرد کە ئەو لە خۆیان نیە ، بەڵکو پێیانەوە لکاوە .. تا ئەو کاتە قوصەی نەی‌ئەزانیی کوڕی کێیە و ، خەڵکی کوێیە .. بە تووڕەیی‌یەوە چووە لای دایکی و ، قسەی کابرای بۆ گێڕایەوە ..

دایکی پێی وت : ڕاست ئەکات ڕۆڵە ، تۆ لەوان نیت ، بەڵام کەس‌وکاری تۆ لە هی ئەو چاك‌ترن و ، باوباپیرانیشت لە باوباپیرانی ئەو بەڕێزترن .. تۆ قوڕەیشـییت و ، براکەت و ئامۆزاکانت لە مەککەدان و ، ئەوان دراوسێی ماڵی پیرۆزی خوان !

قوصەی خۆی گەیاندەوە مەککە ناو خزمەکانی .. ئەوەندە جیـددیی و بـیروڕا جـوان بوو لە دڵی خەڵکەکەدا جێی خۆی کردبۆوە و ڕێزێکی باشـیان لێ ئـەگرت .. کاروبـاری مەککەش لەو ڕۆژەدا لە دەستی حولەیلی کوڕی حوبشیەی خوزاعیی‌دا بوو .. ئەم پیاوە کچێکی هەبوو بە ناوی (حوببا) و ، قوصەی داوای کرد بـۆ خـۆی و ، باوکیشـی کـە ئەوەندە قوصەی چوو بـوو بـە دڵدا لێی مارە کرد . ئەوەبوو لەو ئافرەتـە چـوار کـوڕی بوون : (عبدالدار) و (عبدمناف) و (عبدالعزی) و (عبد) . بەرە بەرە وەچـە و بەرەی قوصەی پەرەیان سەند و ، ماڵ و سامانیشی زۆر بوو و بووە خاوەنی پایە و پلەیەکی بەرزیش ..

سێهەم : دەسەڵاتی قوصەی

دوای ماوەیەك حولەیلی کاربەدەستی مەککە مرد و ، قوصـەی کـە سـەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد ، دیتی کە خۆی لە خوزاعە شـیاوترە تـا کاروبـاری مەککـە بەڕێوە بەرێت ، چونکە لەناو نەوەی ئیسماعیل‌دا قوڕەیش لە هەمووان پایـەدارترن و کوڕی ڕاستەقینەی ئەویشن ..

بۆ ئەمە وت و وێژی لەگەڵ چەند پیاوێکی قوڕەیشیی و نەوەی کینانەدا کرد و، داوای لێ کردن تا یارمەتیی ئەوەی بـدەن خوزاعـە و نـەوەی بـەکر لـە مەککـەدا دەرکەن . ئەوانیش هاتن بە دەمیەوە . هەروەها داوای لە ڕیزاحـی کـوڕی ڕەبیعـە کرد کە برای دایکیی خۆی بوو ، ئەویش لەگەڵ برا باوکی‌یـەکانی تـری‌دا هـاتن و یارمەتی‌یان دا و ، جەنگێکی ناهەموار لەگەڵ خوزاعە و نەوەی بەکردا ڕووی دا و، سەرەنجام قوصەی و کۆمەڵەکەی سەرکەوتن و ، ئەوانی تر تێك شکان و لە مەککە دەریان پەڕاندن و ، کاروباری مەککە و سەروکاریی کەعبە کەوتە دەست قوصەی . ئەویش خزمەکانی لە کەعبە نزیك خستنەوە ، کە جاران لە دووری کەعبەوە بوون، کۆی کردنەوە و ، خزمەکانی و دانیشتوانی مەککـە کردیانـە پادشـا و سـەرداری خۆیان .. بەمە قوصەی یەکەم کەسێکە لـە نـەوەی کـەعبی کـوڕی لوئـەی‌دا کـە پادشایەتیی دەست بکەوێت و قەومەکەشی گوێڕایەڵیی بۆ بکەن ..

هەروەها هەموو کارە گرنگەکانی کەعبە کە بە دەست قورەیشەوە بوون درانەوە دەست قوصەی .. (حجابة) و (سقایة) و (رفادة) و (لـــواء) و (نـــدوة) [٣٤] هەموویان لە دەستی ئەودا بوون ..

بەمە هەموو پایـە و دەسـەڵاتێکی مەککـە لـە دەسـتیدا بـوو .. ئـیتر هـیچ ئافرەتێـك شـووی نەئـەکرد و ، هـیچ پیـاوێکیش ژنـی نەئـەهێنا و ، لـە بـارەی کاروبارێکیشەوە راوێژ نەئەکرا و ، ئاڵا بۆ هیچ جەنگێك ئامادە نەئەکرا لە مـاڵی ئەودا نەبوایە .

کاتێك کە قورەیش لە دەوروبەری کەعبەدا خانوویان کـردەوە ، ئەوەنـدەی کـە بەشی طـەواف بکـا زەویـیـان بـە دەوری کەعبـەدا بـەجێ هێشـت و ، لـە نێـوان خانووەکانیشیاندا کۆڵانیان بـۆ هـات و چـۆی حاجی‌یـان هێشـتەوە و ، قوصـەی خۆیشی (دار الندوة)ی بۆ دانیشتنی خۆی هەڵ بژارد و رووی دەرگاکەشـی کـردە کەعبە . ئیتر قورەیش هەر ئیش‌وکارێکیان بوایە لەوێ ئەنجامیان ئەدا .

ئەڵێن : حولەیل خۆی وەسیەتی کردووە کە دوای خۆی قوصەی کاروبار بگرێتـە دەست ، ئەمەش دوای ئەوەی کە وەچە و بـەرەی قوصـەی لـە کچـەکەی حولـەیل پەرەیان سەند ، بەڵام خوزاعە ئەمـەیان بـە قوصـەی رەوا نـەبینی ، تـا ئـەوەبوو جەنگ بەرپا بوو و قوصەی سەرکەوت .

هەروەها ئەڵێن : حولەیل کلیلەکان تەسلیمی ئەبوغەبشانی خوزاعەیی ئـەکات ، بەڵام ئەم پیاوە پیاوێکی سـەرخۆش ئـەبێت و ، قوصـەی بـە کووپەیـەك عـەرەق کلیلەکانی لێ ئەکڕێت . بۆیە هەرکەسێ تووشی زەرەر و زیان ببوایە پێیان ئەوت : ((أخسر من صفقة أبي غبشان)) . واتە : لە مامەڵەکەی ئەبوغەبشان دۆڕاوترە .

قوصەی یەکەم کەس بوو کە (رفادة) واتـە نـان‌دان بـە حاجی‌یـانی داهێنـا و فەرزی کرد لەسەر قـورەیش کـە پێـی وتـن : ((ئـەی کۆمـەڵی قـورەیش ! ئێـوە

[٣٤] حجابة : واتە کلیلی کەعبە لە دەستی ئەو کەسەدا بن و بێپرسی ئەو کەس نەچێتە ناو کەعبەوە .
سقایة : ئاودانی حاجی‌یانە لە کاتی حەجدا ، ئەویش بەوە ئەبێت کە ئاوی زەمزەم تێکەڵ بە هەنگوین یان ماست یان شەربەتی خورما و مێوژ بکرێت . کاتێکیش کە زەمزەم پڕ کرابوویەوە لە دوورەوە ئاویان ئەهێنا ..
رفادة : قورەیشی‌یەکان هەموو ساڵێك خواردنیان بۆ حاجی‌یان کۆ ئەکردەوە و پێشکەشیان ئەکردن و ، ئەیان‌وت: ئەمانە میوانی خوای گەورەن .
لواء : واتە ئاڵایجەنگ و ئەو کەسە هەڵی ئەگرێ .
ندوة : ئەو کەسە سەروکاریی (دار الندوة) ی ئەکرد و سەرۆکی کۆبوونەوەکانی قورەیش ئەبوو .

دراوسێی خوان و ، خاوەنی ماڵەکەی ئەو و حەرەمن . حاجیەیانیش میوانی خوا و، بەسەرکەرەوەی ماڵی ئەون ، لە هەموو میوانێك زیاتر مافی رێز لێنانیان هەیە .. جا لە رۆژانی حەجدا هەتا بەجێتان ئەهێڵن خواردن و خواردنەوەیان بۆ ئامادە بکەن)) . قورەیشیش بەگوێیان کرد .

چوارەم : دەسەڵاتی عەبدوددار

قوصەی هێشتا لە ژیاندا بوو عەبدمەنافی کوڕی پایە و پلەی لەناو کۆمەڵدا وەرگرت و ناوبانگی دەرچوو، هەروەها (عبدالعزی) و (عبد) ی کوڕیشی ، کەچیی (عبدالدار) ی کوڕی کە کوڕە گەورەشی بوو بە هیچ شێوەیەك دیار نەبوو، بۆیە کە باوکی چوو بە ساڵدا و هێزی تیا نەما ، بە (عبدالدار) ی کوڕە گەورەی وت : بەخوا کوڕەکەم ! هەر چەندە ئەوان داویانە بە سەرتا ، بەڵام ئەبێ بتگەیەنم پێیان .. ئەبێ هیچ پیاوێکیان نەچێتە ناو کەعبەوە هەتا تۆ دەرگای بۆ نەکەیتەوە و ، قورەیشیش نەتوانێ بۆ هیچ جەنگێکی ئاڵا هەڵ بکات بە دەستی تۆ نەبێ و ، هیچ حاجیەکیش لە هیچ خۆراکێك نەخوا لە خۆراکی تۆ نەبێت و ، قورەیشیش لە ماڵەکەی تۆدا نەبێ هیچ کارێکی ئەنجام نەدات . ئەوەبوو (دار الندوة) و (حجابة) و (لواء) و (سقاية) و (رفادة) ی پێ دا ..

پێنجەم : دەسەڵاتی هاشم

دوای قوصەی عەبدوددار هەموو پلەکانی وەرگرت و لەبەر فەرمانی باوکیان براکانی بێدەنگ بوون .. هەر چوار براکە چوون بە ساڵدا و منداڵەکانیان پێ گەیین .. هەر چۆن عەبدمەناف لێهاتوو و ناودار بوو لە چاو عەبدوددارردا ، بە هەمان شێوە کوڕەکانیشی لێهاتوو و پایەداری ناو کۆمەڵ بوون لە چاو ئامۆزاکانیاندا .. لەبەر ئەمە عەبدشەمس و ، هاشم و ، موطەللیب و ، نەوفەلی کوڕانی عەبدمەناف بڕیاریان دا کاروباری مەککە لە ژێر چنگی ئامۆزاکانیان دەر بهێنن .. بۆ ئەمە قورەیش بوونە دوو بەش : هەندێ لەگەڵ ئەماندا و ، هەندێکیش لەگەڵ ئەواندا .. هەردوولا خۆیان بۆ جەنگێکی ناهەموار ئامادە کرد و ، هەر یەکە لەگەڵ هاوپەیمانی خۆیدا بەڵێنی کۆڵنەدانی دا . ئەم جەنگە ئەگەر رووی بدایە زۆر ناهەموار ئەبوو و ، قورەیش پیاوی زۆری لێ ئەکوژرا . بەڵام خوای گەورە ویستی وابوو رێك بکەون و جەنگ روو نەدات . خۆ ئەگەر وابوایە زۆربەی ئەوانەی کە هاوەڵە ناودارەکانیان لێ کەوتەوە ئەکوژران و ئەبوونە

سووتەمەنیی جەنگ . ئەوەبوو لەسەر ئەوە رێك كەوتن كـە (سقاية) و (رفـادة) بدرێ بە نەوەی عـەبدمەناف و (حجابة) و (لـواء) و (نـدوة) ش بـۆ نـەوەی عـەبدوددار و ، ئەم دابەش‌كردنە هەروا مایەوە و پشتاوپشت ئەنجامیان ئەدان هەتا ئیسلام هات .

جا وا دەرئەكەوێ كە موطـەللیب و نەوفەلی كوڕانی عـەبدمەناف لەبەر كـەمیی تەمـەنیان خۆیان زۆر لە هەڵسووڕاندنی كاروبار نەدابێت ، بۆیە (رفادة) و (سقاية) مانەوە بۆ (عبدشمس) و (هاشم) . عـەبد شەمـس یش پیاوێكی گەڕیـدە بـوو و ، كەم لە مـەككە ئەبوو و ، لە هەمـان كات‌دا منالّی زۆر بـوون و دەستیشـی كـورت بوو . بەلاّم هاشم دەولّەمەند و دەست رۆیشتوو بوو ، لەبەر ئەوە هەردوو كارەكـەی گرتنە دەست ، هەرچەندە عـەبد شەمـس بە تەمـەن گەورەتریش بوو .

جا بۆ نان‌دانی حاجی‌یان هاشم كۆمـەكیی لـە قـوڕەیش داوا ئـەكرد . ئـەوەبوو هەرچییی حاجیی بهاتنایە ، لەناو قوڕەیش‌دا هەڵ ئەستا و ئەی‌وت :

((ئەی كۆمـەڵی قوڕەیش ! ئێوە دراوسێی خوا و خاوەنی مـاڵەكەی ئەون و ، لەم وەرزەش‌دا میوانـانی خـوا و حـاجی‌یانی مـاڵەكەی دێنە لاتان و، ئەوانیش میوانی خوان و ، میوانی خواش لە هەمـوو میوانێك زیاتر مـافی رێزلێ‌گرتنی هەیـە . جـا بۆ ئەم چەند رۆژەی كە پێویستە لێرە بمێننەوە ئەوەندە كۆ بكەنەوە تا خۆراكیان بۆ دروست بكەن . خۆ بەخوا ئەگـەر سـامانی خـۆم بەشـی بكردایـە داوام لـە ئێـوە نەئەكرد)) . ئەوانیش بە گوێیان ئەكرد و ، لە مـاڵ و سامـانیان ، هەر كەسـە بـە پێی توانای خۆی ، ئەوەندەیان كۆ ئەكردەوە كە تا حاجی‌یان مـەككە بەجێ ئەهێڵن خواردنیان بۆ دروست بكەن .

ئەڵێن : هاشم یەكەم كەسێكە كـە گـەشتی زسـتانە و هاوینـەی بـۆ قـوڕەیش داهێناوە و ، یەكەم كەسێكیشە كە نانی گـوشیوەتە ناو گۆشـتاوەوە و پێشـكەش بە حاجی‌یان كراوە ، ئەگینا خۆی ناوی عـەمر بووە و ، بە بۆنەی ئەو تێ‌گوشینەوە نازناوی هاشمیان لێ ناوە .

لە سەردەمی هاشم‌دا مـەككە گەشەیەكی باشـی كـرد و ، پایـە و پلـەی لـەناو دوورگەدا بەرز بوویەوە و ، بووە پایتەختی ولاّتی عـەرەبان و ، پـەیمانی ئاشـتیی و ئاسایشیان لەگەڵ دەولّەتەكانی دەوروبەریان دا ، وەك رۆم و ، فارس و ، حەبەشە و، غـەسساسینە بەست .

هاشم بە درێژایی تەمەنی خەریکی خزمەت بوو .. بەرە بەرە ئەچوو بەساڵدا .. هیچ کەس بیری لەوە نەئەکردەوە کە هەوڵ بدا کاروبار لە هاشم وەربگرێتەوە ، بەڵام ئەوەبوو ئومەییەی کوڕی عەبد شەمسی برازای کەوتە بیری ئەوەی کە مامەی لا بدات و خۆی کاروبار هەڵ بسوورێنێ .. بۆ ئەمە کەوتە بەرابەرکێ کەچیی بێ سوود بوو .. هاشم لەسەر کاری خۆی مایەوە و ، بۆ ماوەی دەساڵیش ئومەییە مەککەی بەجێ هێشت و لە شام نیشتەجێ بوو ..

بەڵێ ، هاشم ی کوڕی عەبدمەناف بازرگانێکی دەوڵەمەند بوو و ، گەشت و گەڕانیشی زۆر بوو ، بە تایبەت بۆ وڵاتی شام .. لە یەکێ لەو گەشتانەیدا لای دایە شاری یەثریب و، چاوی بە سەلمای کچی عەمری نەججاریی کەوت و ، دڵی چووە سەری و داوای کرد .. سەلماش ئەوەندە خاوەنی پایە و پلە بوو لەناو خزمەکانیا ، بڕیاری ئەوەی دابوو کە بە پیاوێ مێرد ئەکات کە کاروباری نیکاح و تەڵاقی بداتەوە دەست خۆی ، واتە هەر کەی پیاوەکەی نەویست یەکسەر بتوانێ بەجێی بهێڵێ .. هاشم سەلمای مارەکرد و هەر لەوێ لای کەس و کاری بەجێی هێشت و خۆی چوو بۆ گەشتی شام .. سەلماش سکی پڕ بوو .. ئەوەبوو هاشم لە غەززەی فەلەستین کۆچی دوایی کرد و سەلماش ساڵی ٤٩٧ ز عەبدولموطەللیبی بوو و بە بۆنەی ئەوەوە کە پەڵە قژێکی سپی وەك نیشانە بە سەریەوە بوو ناوی نا (شەیبە) . ئیتر سەلما و کوڕەکەی پێکەوە لە مەدینە مانەوە و خزمانی مەککەیان لەمە ئاگادار نەبوون .

شایانی باسە کە هاشم چوار کوڕی هەبوون : ئەسەد و ئەبوصەیفیی و نەضلە و عەبدولموطەللیب ، هەروەها پێنج کچی هەبوون : شیفاء و ، خالیدە و ، ضەعیفە و ، روقییە و ، جەننە .[٣٥]

دوای مردنی هاشم ، موطەللیبی برای کاری (رفادة) و (سقاية) ی گرتە دەست . ئەمیش خاوەنی رێز و پایەیەکی بەرز بوو لەناو قەومەکەیدا ، بە رادەیەکیش لێبوردە و دڵگوشاد و سەخیی تەبیعەت بوو ، قوڕەیش ناویان نابوو (الفيض) .

---

[٣٥] الرحيق المختوم : ٤٨ .

موطەللیب کە هەواڵی زانیی بیری کردەوە کە شەیبەی کوڕی هاشمی برای وا لە یەثریب لەلای دایکی و ئیتر کاتی ئەوەی هاتووە بێتەوە لای کەس‌وکاری . سواری وڵاغ بوو و خۆی گەیاندە یەثریب و چوو بۆ لای سەلما و داوای لێ کرد کە شەیبەی لەگەڵدا بنێرێتەوە ، وا خەریکە بالغ ئەبێت . سەرەتا سەلما هەندێ نەیاریی کرد ، بەڵام دوایی قەناعەتی کرد و شەیبەی ڕەوانە کردەوە .. موطەللیبیش شەیبەی خستە پاشکۆی خۆی و هێنایەوە . کە بەم شێوەیە خۆیان کرد بەناو شاری مەککەدا قوڕەیش وایان هەست کرد کە ئەمە بەندەیە و موطەللیب کڕیویەتی، بۆیە هاواریان کرد : ئەمە بەندەی موطەللیبە و کڕیویەتی . موطەللیبیش وتی : ماڵتان ئاوا بێ . ئەمە کوڕی هاشم ی برامە و لە یەثریب هێناومەتەوە . ئیتر لەو کاتەوە نازناوی عەبدولموطەللیب بڕڕا بەسەر شەیبەدا و ناوە ڕاستەقینەکەی بوو بە ژێرەوە و لە بیر چوویەوە ..

شەشەم : دەسەڵاتی عەبدولموطەللیب

دوای ماوەیەك موطەللیب کۆچی دوایی کرد و ، عەبدولموطەللیب بووە جێگری و نان دان و ئاودانی حاجی‌یان کەوتە ئەستۆی ئەو . ئەویش شانی دایە بەر و بووە خاوەنی ڕێز و پایەیەکی ئەوتۆ کە هیچ کەسێ لە باوباپیری بەو پلەیە نەگەیشتبوون .. خەڵکەکە یەکجار خۆشیان ئەویست .. بووە سەرداری هۆزی قوڕەیش و ماقووڵترین پیاوی ..

کاتێك کە عەبدولموطەللیب ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام ئەدا لە نان‌دان و ئاودانی حاجی‌یان تووشی ناڕەحەتی‌یەکی زۆر بوو ، بە تایبەت لە ئاوداندا .. چونکە ئەو کاتە ئەو تەنها حاریثی کوڕی هەبوو و ، دەمێکیش بوو بیری زەمزەم پڕ کرابوویەوە و شوێنەوارێکی نەبوو .. بۆیە عەبدولموطەللیب ناچار بوو لە چەند بیرێکی جیا جیای دەوروبەری مەککە ئاو بهێنێ و بی‌کاتە چەند حەوزێکەوە لە پەنای کەعبەدا .. کەواتە بۆ ئەنجام‌دانی ئەم کارە پێویستیی بە کوڕی زۆر هەیە ، تا یارمەتیی بدەن . بۆیە عەبدولموطەللیب هەمیشە لە بیری ئەوەدا بوو ..

لە کاتێك‌دا کە عەبدولموطەللیب لە بیری ئەمەدا بوو خەوێکی بینیی کە مایەی سەرفرازیی و ئاسان کاریی بوو .. ئەوەبوو ئاوی زەمزەم وەك جاران دەرکەوتەوە و حاجیان لێ‌یان ئەخواردەوە و ، عەبدولموطەللیبیش مێوژی ئەکڕیی و بە ئاوی زەمزەم شەربەتی دروست ئەکرد و ، جاری وایش ئەبوو تێکەڵ بە شیر ، یان هەنگوینی ئەکرد و ، دەرخواردی میوانەکانی خوای ئەدا ..

حەوتەم : خەوەکەی عەبدولموطەللیب

عەبدولموطەللیب خۆی گێڕاویەتەوە کە لە حیجردا خەوی پیا ئەکەوێت و کەسێك دێتە خەوی و فەرمانی بەسەردا ئەکات کە بیری زەمزەم هەڵ بکەنێت ، بەڵام بە (طيبة) ناوی زەمزەم ئەبات . کە ئەپرسێ : طیبە چی‌یە ؟ ئەو کەسە ئەڕوا و بەجێی ئەهێڵێ .

بۆ سبەینێ ئەگەڕێتەوە بۆ هەمان شوێن و تیایا ئەخەوێ . دیسان ئەو کەسە دێتەوە لای و فەرمانی بەسەردا ئەدا کە هەڵی بکەنێ ، بەڵام بە (بَرَّة) ناوی ئەبات . کە ئەپرسێ : برة چی‌یە ؟ دیسان بەجێی ئەهێڵێ ..

بۆ جاری سێهەم خەوی پیا ئەکەوێتەوە و ، ئەو کەسە دێتەوە خەوی و فەرمانی بەسەردا ئەدا کە بیری (مضمونة) هەڵ بکەنێ . کە ئەپرسێ : مضمونة چی‌یە ؟ دیسان بەجێی ئەهێڵێ .

بۆ رۆژی چوارەم لە هەمان شوێن‌دا ئەخەوێ و ، ئەو کەسە فەرمانی بەسەردا ئەداتەوە تا بیری زەمزەم هەڵ بکەنێ . کە ئەپرسێ : زەمزەم چی‌یە ؟ ئەڵێت : هەرگیز ئاوی لێ نابڕێ و دەست ناگاتە بنی و ، ئاویشی کەم ناکات ، کۆمەڵی حاجی‌یان تێر ئاو ئەکات و ، وەك شیری ئاژەڵ لە نێوان پیسیی و خوێن‌دا دێتە دەرەوە ، ئەمیش وەهایە .. لەو شوێنەدا کە ئەو قەلەڕەشەی کە قاچێکی سپی‌یە دەنووك لە زەویی ئەدات .. لە نزیك شارە مێرووله‌کەدا ..

ئەم خەوە و ناونیشانی شوێنی بیرەکە وەهایان لە عەبدولموطەللیب کرد کە بڕوا بکات و ، بچێت بە دەم فەرمانەوە .. دەستی دایە زەنگنەکەی و حاریثی کوڕیشی لە گەڵیا بوو کە ئەو رۆژە هەر تەنها ئەوی هەبوو .. دەستی بە هەڵ کەندن کرد ، تا گەیشتە سەر ئەو بەردانەی کە بیرەکەیان پێ داپۆشرابوو و دەستی بە (الله أكبر) کرد .. قورەیش زانی‌یان عەبدولموطەللیب دەستی لە شتێك گیر بووە ، بۆیە هەڵسان و هاتنە لای و وتیان : عەبدولموطەللیب ! ئەمە بیرەکەی ئیسماعیلی باپیرمانە و ، ئێمەش مافمان پێوەی هەیە و ، لەگەڵ خۆت‌دا بەشدارمان بکە .. وتی : شتی وەها ناکەم !! ئەم کارە تایبەت‌مەندە بە خۆمەوە .. وەك بڵێ : بە تایبەتیی فەرمان بەسەر من‌دا دراوە کە ئەم بیرە هەڵ بکەنم . وتیان : بە ئینصاف بە لەگەڵمان ، چونکە ئێمە دەست بەردارت نابین و ، دێین بە گژتا ..

وتی : ئەی کێتان پێ خۆشە بی‌کەنە حەکەمی نێوانمان تا بتانبەمە لای . وتیان: ئافرەتە کاهینەکەی نەوەی سەعد کە ناوی هوذەیم ە ، وتی : باشە . بەڵام ئەم ئافرەتە لەسەر سنووری شام بوو ..

عەبدولموطەللیب لەگەڵ چەند پیاوێکی نەوەی عەبدمەناف‌دا سوار بوون و ، لە هەموو هۆزێکی قورەیشیش پیاوێك کەوتە گەلیان .. بە بیابانی چۆڵ و بێ‌ئاو و ئاوەدانیی‌دا کەوتنە رێ .. ماوەیەك رێیان بڕیی .. دوای ئەوە دەستەی عەبدولموطەللیب چیی ئاویان پێ بوو تەواو بوو .. ئەوەندە تینوویان بوو خەریك بوو قورگیان وشك بێتەوە .. هاوەڵەکانیان لە هۆزەکانی تر ئاویان لا مابوو و بەشیان نەدان و ، وتیان : ئێمەش لە چۆڵەوانیی‌داین و لە خۆمان ئەترسین وەك ئێوە تینوومان ببێ ..

عەبدولموطەللیب وای بە چاك زانیی هەر یەکە قەبری خۆی هەڵ بکەنێ .. هەموو هەڵیان کەند و لەسەر قەبرەکان دانیشتن و چاوەڕوانی مردن بوون ..

ئەمە بە کەڵك نەئەهات .. عەبدولموطەللیب بیرێکی تری بۆ هات .. بە هاوەڵانی گەیاند کە نابێ بەو شێوەیە خۆیان تەسلیمی مەرگ بکەن و ، گەر هەروا دانیشن و بە دوای ئاودا نەگەڕێن دەستەپاچەیی‌یە . داوای لێ کردن هەستن بەڵکو خوای گەورە لە شوێنێك‌دا ئاومان پێ ببەخشێ .. عەبدولموطەللیب و دەستەکەی ویستیان بار بکەن و بە دوای ئاودا بگەڕێن . کە ویستی وشترەکەی هەڵ بستێنێ لە ژێر پێی ولاغەکەی‌دا کانیاوێکی سازگار هەڵ قولاً .. عەبدولموطەللیب (الله أكبر) ی کرد و هاوەڵانیشی بەدوای‌دا .. دابەزیی و خۆی و هاوەڵانی تێر ئاویان خواردەوە و ، دەفر و کوندەکانیان لە ئاو پڕ کرد .. پاشان بانگی کردە قورەیشی‌یەکانی تر و وتی : وەرن بۆ ئاو خواردنەوە خوای گەورە ئاوی بۆ گەیاندین .. ئەوانیش هاتن و ، تێر ئاویان خواردەوە و ، ئاوی ولاغەکانیان دا و پاشان وتیان : بەخوا ، عەبدولموطەللیب ! بڕیاری دادگات بۆ دەرچوو .. بەخوا هەرگیز لەسەر ئاوی زەمزەم بەربەرەکانێت لەگەڵدا ناکەین .. ئەوەی کە لەم بیابانەدا ئاوی بۆ گەیاندی ، هەر ئەویش ئاوی زەمزەمی پێ بەخشیوی .. بەسەری بەرزەوە بگەڕێرەوە سەر ئاودانەکەی خۆت .. هەموو پێکەوە گەڕانەوە و وازیان لە کاهینەکە هێنا و نەچوونە لای ..

لە ریوایەتێکی تردا هاتووە کە کاتێ عەبدولموطەللیب خەوەکەی دیی لەگەڵ حاریثی کوڕیدا چوونە سەر ئەو شوێنەی کە بۆی وەسف کرابوو .. شارە مێروولەکەی دۆزیەوە و ، دیتی وا ئەو قەلەڕەشەی کە قاچێکی سپی‌یە لە نزیک شارە مێروولەکەدا و ، لە نێوان هەردوو بتی (إساف) و (نائلة) دا دەنووک لە زەویی ئەدا ..

زەنگەنی هێنا و لەو شوێنەدا کە فەرمانی پێ درابوو دەستی بە بیرهەڵکەندن کرد .. قورەیش لێی راست بوونەوە و وتیان : بەخوا دەستبەردارت نابین لەنێوان ئەو دوو بتەماندا ، کە لەبەر دەمیاندا ئاژەڵ ئەکەینە قوربانیی ، بیر هەڵ بکەنیت .

عەبدولموطەللیب بە کوڕەکەی خۆی وت : تۆ پارێزگارییم لێ بکە تا خۆم خەریکی هەڵکەندن بم . بەخوا لەسەر ئەوەی کە فەرمانم پێ دراوە بەردەوام ئەبم ، جا کە قورەیش زانی‌یان لەسەر کاری خۆی سوورە ، وازیان لێ هێنا .. ئەوەبوو زۆری هەڵ نەکەند گەیشتە ئەو بەردانەی کە بیرەکەیان پێ داپۆشرا بوو و دەستی بە (الله أكبر) کرد و بۆی دەرکەوت کە خەوەکەی راستە و فەرمانی تایبەتی‌یە .

کە چووە خوارەوە جووتە ئاسکە زێڕەکەی دۆزینەوە .. پاشان شمشێر و قەڵغانەکانی دۆزینەوە . ئیتر ئەوەبوو قورەیش هاتن و وتیان : ئێمە لەمەدا هاوبەشتین .. وتی : نەخێر . دوایی بە شێوەی (قداح) تیروپشکی کرد و هەردوو ئاسکەکە بۆ کەعبە دەرچوون و ، شمشێر و قەڵغانەکانیش بۆ عەبدولموطەللیب ، بەڵام قورەیش هیچیان بۆ دەرنەچوو .

دوای ئەوەی کە بیری زەمزەم پڕ کرابوویەوە و مەککە کەم ئاو بوو ، قورەیشی‌یەکان ناچار بوون لە مەککەدا چەند بیرێك هەڵ بکەنن .. هاشم ی کوڕی عەبدمەناف لە دەمی شیوی ئەبوطالیبدا بیرێکی هەڵ کەند و ، لە ژوورووی مەککەیشەوە عەبد شەمسی کوڕی عەبد مەناف بیرێکی هەڵ کەند و ، ئومەییەی کوڕی عەبد شەمسیش بیرێکی بۆ خۆی هەڵ کەند و ، نەوەکانی ئەسەدی کوڕی عەبدولعوززاش بیرێك و ، نەوەکانی عەبدودداریش بیرێك و ، نەوەکانی جومەح و ، نەوەکانی سەهمیش هەریەك بیرێکیان هەڵ کەند ..

جا کە عەبدولموطەللیب بیری زەمزەمی هەڵ کەندەوە خەڵکەکە پشتیان لە ئاوی بیرەکانی تر هەڵ کرد و روویان کردە بیری زەمزەم ، بە بۆنەی ئاوی سازگاریەوە و ،

لەبەر پایە و پلەی مزگەوتی حەرام و ، لەبەر ئەوەش بیری ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمە سەلامیان لێ بێ ..

جا لە بارەی فەضل و گرنگیی ئاوی زەمزەمەوە فەرموودەی زۆر هاتوون ، یەکێ لەوانە ئەو فەرموودەیە کە ئیمام موسلیم ریوایەتی کردووە کاتێک کە چیرۆکی موسڵمانبوونی ئەبوذەر خوا لێی رازیی بێ ئەگێڕێتەوە : ((إِنَّها طَعامُ طعم)) . ئەبوداوودی طەیالیسییش بەم شێوەیە ریوایەتی کردووە : ((طعامُ طعمٍ ، وشفاء سُقمٍ)) . واتە هەم خۆراکە و هەم شیفای نەخۆشییشە .

هەروەها ئیمام ئەحمەد لە جابیرەوە ریوایەتی کردووە کە وتوویە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە : ((ماء زمزم لما شُرب له)) واتە : ئاوی زەمزەم بۆ هەر نیازێك بخورێتەوە بە کەڵك دێت . بۆ خۆراك ، بۆ خواردنەوە ، بۆ دەرمان ، بۆ دوعا .

هەروەها دارقطني و حاکم بە صەحیحیی لە ئیبن عەبباسەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ ریوایەتیان کردووە کە فەرموویە :

((ماء زمزم لِما شُربَ له : إِنْ شَرِبتَهُ لِتَستَشْفِيَ شفاكَ الله ، وإن شربته لِشَبَعِكَ أشبَعَكَ الله ، وإن شربته لِقَطعِ ظمئِكَ قطعَهُ الله ، وهي هزمة جبريل ، وسقيا الله إسماعيل)) .

فەرموویە : ئاوی زەمزم بۆ هەر مەبەستێ بخورێتەوە بە کەڵکە : ئەگەر بۆ شیفای نەخۆشیی خواردتەوە ، خوا شیفات بۆ ئەنێرێ .. گەر بۆ تێربوونیش خواردتەوە، خوا تێرت ئەکات .. گەر بۆ نەمانی تینوێتییش خواردتەوە ، خوا تینوێتییت لا ئەبا.. ئەمە کاری لێدانی جیبریلە بە پێی یان بە باڵی و ، خوای گەورە ئیسماعیلی پێ تێراو کردووە . ئەم فەرموودە (حافظ الدمياطي) بە صەحیحی داناوە و (حافظ العراقي) ش دانی پیا ناوە .

ئیبن ماجە و حاکم لە ئیبن عەبباسەوە ئەگێڕنەوە کە بە پیاوێکی وتووە : ئەگەر ئاوی زەمزەمت خواردەوە روو بە قیبلە بووەستە و ، ناوی خوا بێنە و ، بە سێ جار ئاوەکە بخۆرەوە و ، هەموو جارێکیش هەناسە بدە و ئەوەندەشی لێ بخۆرەوە کە بندەستت بئاوسن .. کە لێیش بوویتەوە سوپاسی خوا بکە ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە : ((إن آية ما بيننا وبين المنافقين أنهم لا يتضلعون من زمزم)) . (البداية والنهاية : ٢ / ٢٤٧) . فەرموویە : نیشانەی جیاکەرەوەی ئێمە و مونافیقان ئەوەیە کە ئەوان ناتوانن لە زەمزەم زۆر بخۆنەوە کە بندەستیان بئاوسێ .

ئاوی زەمزەم کاتێ کە لە بیرەکە دێتە دەرەوە یەکجار شیرین و سازگارە .. هەر ئەڵێی شیرە و تازە لە گوان دۆشراوە و ، ساردکردنەوەی یان کردنی بە هەڵم لە سروشتی خۆی دەری ئەکات .

ئاوی زەمزەم بە چەندین تاقیی‌کاریی کەڵك و سوودی لە بواری تەندروستیی و خۆراکیی‌دا زانراوە . بەڵام سوود و کەڵکی بۆ ئەو کەسەیە کە بڕوای پێی هەبێ کە ئاوێکی تایبەتی‌یە و خوای گەورە خۆی بەهرەی پێ داوە . ئەوانەش کە وەهای بۆ ئەچن کە هیچی تیا بەسەر نیە ئەوانە ناتوانن بی‌خۆنەوە و کەڵکیش لە خواردنەوەی نابینن ..[٣٦]

هەشتەم : نەزری سەربڕینی کوڕێک

عبدولموطەللیب بەو بۆنەوە کە کوڕی کەم بوون تا بەرگریی لێ بکەن ، تووشی ناڕەحەتیی و چەرمەسەریی زۆر هات ، بە تایبەت لەو کاتەدا کە ویستی بیری زەمزەم هەڵ بکەنێت .. هەتا هی وایان هەبوو ئەی‌دا بە گوێی عبدولموطەللیب‌دا کە چۆن ئەوەندە قاچ رائەکێشێ ، کە ئەو تاقە و کوڕی زۆری بە دەوردا نیە !!

ئەمە کاری کردە سەر دڵی عبدولموطەللیب و نەزری بۆ خوا کرد کە ئەگەر خوا دە کوڕی بداتێ و ، ئەوەندە گەورە بن کە بتوانن بەرگریی لە باوکیان بکەن ، لە پەنای کەعبەدا یەکێکیان سەر ببڕێ !!

خوای گەورە ویستی وەها بوو کە دە کوڕی بە عبدولموطەللیب بەخشیی و ئەوەندەش گەورە بوون کە بەرگریی لێ بکەن .[٣٧]

دوای ئەمە عبدولموطەللیب کوڕەکانی کۆکردنەوە و ، هەواڵی دانێ کە ئەو نەزرەی بۆ خوا بڕیار داوە .. ئەڵێن : لە خەوی‌دا نەزرەکەی بیر خراوەتەوە و ، ئەویش داوا لە کوڕەکانی ئەکات کە ئەم بەڵێنەی بۆ ئەنجام بدەن ، ئەوانیش گوێڕایەڵیی بۆ ئەکەن و ، ئەڵێن : چیی بکەین ؟ ئەڵێت : هەر یەکەتان تیریك هەڵ

---

[٣٦] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ١٤٥ ـ ١٥٩ ، والسيرة النبوية للصلابـي : ٣٧ ـ ٣٩ .

[٣٧] ئەڵێن دوای سیی ساڵ لە هەڵکەندنی زەمزەم ئەم ئاواتەی عبدولموطەللیب هاتۆتە دیی . کوڕەکانیشی ئەمانەن : ١ ـ حاریث : گەورەترین کوڕی بووە کە دایکی صەفیەی کچی جوندوبە . ٢ ، ٣ ، ٤ ـ زوبەیر و ئەبوطالیب و عەبدوڵلا کە دایکیان فاطیمەی کچی عەمری کوڕی عائیذی مەخزوومی‌یە . ٥ ، ٦ ، ٧ ـ حیجل و موقەووەم و حەمزە کە دایکیان هالەی کچی وهەیبە . ٨ ، ٩ ـ ضرار و عەبباس کە دایکیان نەتلە یان نوتەیلەیە . ١٠ ـ ئەبولەهەب ، عبدالعزى کە دایکی ئامینەی کچی هاجەرە . هەروەها شەش کچیشی بوون کە پووری پێغەمبەر بوون ﷺ کە ئەمانەن : صەفیە ، ئوم حکيم البيضاء ، عاتیکە ، ئومەیمە ، ئەڕوا ، بەڕڕە .

بگرێت و ناوی خۆی لەسەری بنوسێت ، پاشان بۆم بێنن . ئەوانیش فەرمانەکەیان ئەنجام دا . ئەویش چووە ژوورەوە ناو کەعبە بۆ لای هوبەل کە لەناو کەعبەدا بوو و فەرمانی بەو کەسە دا کە قورعەکە ئەکات و باسەکەی بۆ گێڕایەوە کە ئەیەوێ کوڕێکی هەڵ ببژێرێ و سەری ببڕێ .

یەکەم کوڕێك کە عبدولموطەللیب زۆری خۆش ئەویست عەبدوڵڵای کوڕی بوو و، ئاواتی ئەوەبوو ناوی ئەو دەر نەچێ و ئەو رزگاری بێ ، ئیتر کوڕەکانی تری هەر کامیان بەر بکەوێ قەیدی نیە . هەر کە کابرای قورعەچیی خزمەتکاری هوبەل هەستا تا کاری خۆی ئەنجام بدا ، عبدولموطەللیب دەستی بە نزا و پاڕانەوە کرد . کەچیی لەناو هەموویاندا ناوی عەبدوڵلا دەرچوو . عبدولموطەللیب ویستی سەری ببڕێ . خێرا خاڵوانی کوڕەکە لە نەوەی مەخزووم هەڵسان و وتیان : بەخوا سەری نابڕیت هەتا چارەیەکی بۆ بدۆزیتەوە . جا ئەگەر لە سامانمان کرا فیدیەی بۆ بدەین ئەوا ئامادەین . قوڕەیشیش وتیان : شتی وا نەکەیت ، نەوەکو ببێتە سوننەت و یاسا . داوایان لێ کرد بچێ بۆ یەثریب ، چونکە لەوێ ئافرەتێکی کاهین هەیە کە هەواڵدەرێکی جینیی لەلایە و پرسیاری لێ بکات . ئەو کاتە ئەم کاری خۆی لە دەستی خۆیدایە : ئەگەر فەرمانی پێ کرد کوڕەکە سەر ببڕێ ، ئەوا سەری ئەبڕێ . خۆ ئەگەر بە کارێکیش کە سەرفرازیی تۆیش و ئەویشی تیایە فەرمانی دا ئەوا بە گوێی ئەکەی .

چەند کەسێك لەگەڵ عبدولموطەللیبدا بەرەو شاری یەثریب کەوتنە رێ ، ئەبینن ئافرەتەکە لەوێ نیە ، وا لە خەیبەر . بۆیە کەوتنە رێ بۆ خەیبەر . کە عبدولموطەللیب چیرۆکەکەی بۆ ئافرەتەکە گێڕایەوە ، خێرا وەڵامی نەدانەوە .. داوای لێ کردن تا بەیانیی مۆڵەتی بدەن .. کە بۆ سبەینێ هاتنەوە لای پێی وتن : هەواڵم بۆ هاتووە .. لەلای ئێوە خوێنی پیاو چەندە ؟ وتیان : دە وشتر . وتی : دەی بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆتان و کوڕەکەتان بێننە پێشەوە و دە وشتریش بێننە پێشەوە ، پاشان قورعەیان بۆ بکێشن . جا ئەگەر کوڕەکەتان دەرچوو ، دە وشتری تری بۆ زیاد بکەن هەتا پەروەردگارتان رازیی ئەبێ . خۆ ئەگەر وشترەکان دەرچوون ئەوا لە بریی کوڕەکە سەریان ببڕن ، ئەوە پەروەردگارتان رازیی بووە و ، کوڕەکەشتان رزگاری بووە .

کە هاتنە مەککە عەبدولموطەللیب ویستی کارەکە ئەنجام بدات .. ئەوەبوو عەبدوڵڵایان هێنایە پێشەوە لەگەڵ دە وشتردا .. عەبدوڵڵا دەرچوو .. دە وشتریان زیاد کرد ، دیسان هەر عەبدوڵڵا دەرچوو .. کردیان بە سیی وشتر و .. چل و .. پەنجا .. هەتا گەیشتە صەد وشتر ، ئەوسا کە قورعەیان کرد وشترەکان دەرچوون . قورەیش وتیان : عەبدولموطەللیب ! بە راستیی پەروەردگارت رازیی بوو .. وتی : نەخێر ، دەبێ سێ جار قورعە بکێشم .. ئەوەبوو سێ جار وشترەکان دەرچوون .. بە جارێکدا صەد وشتر سەربڕڕان و وازیان لێ هێنرا تا هەموو کەسێ بە پێی پێویستیی خۆی گۆشت بەرێت و کەس دەست بە روویەوە نەنێت .. هەتا باڵندە و دڕندەکانیش لە گۆشتیان قەدەغە نەئەکران ..

بەم شێوەیە خوای گەورە ویستی وەها بوو کە عەبدوڵڵا لەو بەڵایە رزگاری ببێت ، تا سەرداری مرۆڤایەتیی لێ ببێت .. [38]

دوای عەبدولموطەللیب (سقاية) کەوتە دەست ئەبوطالیبی کوڕی ، بەڵام وا هاتە پێش چەند ساڵێك ئەبوطالیب دەست کورت بوو ، بۆیە لە عەبباسی برای دە هەزاری تا ساڵی داهاتوو قەرز کرد و لە ئاودانی حاجیياندا خەرجی کرد . کە ساڵی ئایندەش هاتە بەرەوە ئەبوطالیب هیچی لە دەستدا نەبوو ، دیسان چواردە هەزاری تری لە عەبباس قەرز کردەوە و ، عەبباسیش پێی وت : بەو مەرجەی ئەگەر قەرزەکەت نەدایەوە واز لە (سقاية) بێنی بۆم تا من لە جیاتیی تۆ ئەنجامی بدەم . وتی : باشە . ساڵی ئایندە هاتە بەرەوە دیسان هیچی لە دەستدا نەبوو ، ئیتر ئاودانی حاجیيان کەوتە دەست عەبباس و ، دوای ئەویش کەوتە دەست عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس و ، پاشانیش عەلیی کوڕی عەبدوڵڵا و پاشان داوودی کوڕی عەلیی ، پاشان سولەیمانی کوڕی عەلیی ، پاشان عیسای کوڕی عەلیی ، پاشان خەلیفە مەنصوور گرتیە دەست و ئەبو رەزینی خزمەتگوزاری کردە سەروکارییکەری .. پاشان زەمانە هات و چوو و ئەم کارە مەردانە پڕ شانازییە لە دەست چوو .. [39]

---

[38] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ١٦٠ ـ ١٦٢ .
[39] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ١٥٣ ـ ١٥٤ .

بەشی شەشەم
لــەدایــك بــوون

یەکەم : ژن‌هێنانی عەبدوڵڵا

خەڵکی مەککە و دەوروبەری بە چاوی خۆیان دی‌یان چۆن خوای گەورە گەیشتە فریای عەبدوڵڵا .. عەبدولموطەللیب بە دڵ و بە گیان ئامادە بوو نەزرەکەی بەجێ بهێنێ ، کەچیی خوای گەورە ویستی وەهابوو عەبدوڵڵا بمێنێ ..

عەبدوڵڵا گەنجێکی نەونەمامی جوان خاس بوو .. خاوەنی لەش و لارێکی بەهێز بوو ، بۆیە لە چەند لاوە ئافرەتی قەشەنگ و پێ‌کەوتووی قورەیش بە ئاوات بوون ببنە هاوسەری گەنجی لاوچاکی پێ‌کەوتوو .. بە تایبەتیی دوای ئەو رووداوە گرنگە کە بریتیی بوو لە سەربڕینی صەد وشتر لە جیاتی سەربڕینی عەبدوڵڵا ئەوە بوو لەوەوپێش خوێنی پیاوێك دە وشتر بوو کەچیی بۆ عەبدوڵڵا بووە صەد وشتر و، ئیسلامیش دوایی کە هات بڕیاری لەسەر ئەوە دا کە خوێنی مرۆڤ صەد وشتر بێت. ریوایەتیش کراوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە : (أنا ابن الذبيحين) . فەرموویە : من کوڕی دوو کەسە سەربڕاوەکەم ، واتە ئیسماعیل و عەبدوڵڵا .

لە عەبباس‌ەوە خوا لێی رازیی بێ ئەگێڕنەوە کە وتوویە : کاتێك کە عەبدوڵڵا ئامینەی گواستەوە لە نەوەی مەخزووم و نەوەی عەبدمەناف دوو ئافرەت ژمارە کراوون کە لە خەفەتی ئەوەدا کە شوویان بە عەبدوڵڵا نەکردووە و لە دەستیان دەرچووە خەریك بووە بمرن و ، هەرچیی ئافرەتی قورەیشیش بووە شەوی گواستنەوەی ئامینە نەخۆش کەوتووە .[40]

عەبدولموطەللیب ـ کە سەردار و ناوداری مەککە بوو ـ ویستی ئافرەتێکی خانەدانی قورەیشیی بۆ ئەم کوڕەی داوا بکات .. ماوەیەکی زۆر بیری کردەوە .. سەرەنجام بە وێنەی پیاوێکی دنیا دیدەی خاوەن تاقیی‌کاریی کچێکی هەڵ بژارد .. ئامینەی کچی وەهبی کوڕی عەبد مەنافی کوڕی کوڕی زوهرەی دۆزی‌یەوە ، کە زوهرە برای قوصەی بووە ..

---

[40] شرح المواهب : ١ / ١٣٤ .

ئامینە کچی سەرداری نەوەی زوهرە بوو ، کە خاوەنی ناو و شەرەف بوون . ئەوەبوو عەبدولموطەللیب دەستی عەبدوڵلای کوڕی گرت و بردی بۆ ناو نەوەی زوهرە و ، پێکەوە چوونە ماڵی وەهب ی کوڕی عەبدمەناف و ، داوای ئامینەی بۆ کرد ، کە ئەو رۆژە لە هەموو روویەکەوە کچی تاقانەی قورەیش بوو .. عەبدوڵلا ئامینە ئەگوازێتەوە و وەك عادەتی ئەو رۆژەی عەرەب سێ رۆژ لە ماڵی خەزوورانی ئەمێننەوە و ، رۆژی چوارەم دێنەوە بۆ ماڵی خۆیان .. ئەم ژن و مێردە گەنجە ـ وەك زۆربەی مێژوونووسان باسیان کردووە ـ لە دە رۆژ زیاتر پێکەوە نابن ..

ئەگێڕنەوە لەو کاتەدا کە عەبدولموطەللیب و عەبدوڵلا پێکەوە بەرەو ماڵی وەهب ئەڕۆیشتن ، ئافرەتێك لە نەوەی ئەسەدی کوڕی عەبدلعوززا لە نزیك کەعبەدا بە لایاندا تێ ئەپەڕێ .. هەندێ ئەڵێن قوتەیلەی خوشکی وەرقەی کوڕی نەوفەل بووە .[٤١] کە سەیری دەم و چاوی عەبدوڵلا ئەکات نوورێکی گەشاوەی تیا بەدیی ئەکات ، بۆیە لە خۆشیی ئەو نوورەی ناوچاویەوە ، خۆی پێ ناگیرێ و ، هەموو شەرمێك ئەخاتە ئەولاوە و ، دەری ئەبڕێ کە ئامادەیە صەد وشتری بداتێ ، ئەگەر بێت و ژن و مێردیی لەگەڵ دا بکات ، بەو مەرجەی ئەو نوورەی دەست کەوێ ..

هەندێکیش ئەڵێن کە ئەو ئافرەتە فاطیمەی کچی موڕڕی خەثعەمیی بووە کە ئافرەتێکی یەکجار جوان و یەکجار پاك داوێن بووە . ئەم ئافرەتە خوێندەواریی هەبوو و کتێبە پێشینەکانی خوێندبوونەوە و ، ئەو رۆژەش ئەو نوورەی ناوچاوانی عەبدوڵلای بەدیی کرد .. هەستی کرد ئەمە ئەوەیە کە کتێبەکان باسی ئەکەن . بۆیە خۆی پێ ناگیرێ و داوای ژن و مێردیی لێ ئەکات و بەڵێنی صەد وشتری ئەداتێ ..

لە هەردوو ریوایەتەکەدا عەبدوڵلا رازیی نابێ و دەری ئەبڕێ کە وا لە خزمەت باوکیا و ناتوانێ لێی جیا بێتەوە .

جا ئەم وەلامەی عەبدوڵلا و ، هەروەها ئەم دوو دێرە شیعرەی خوارەوەش ئەوە ئەگەیەنن کە ئەو ئافرەتە هەرکامیان بووبێ ، هەر ئەو کاتە عەبدوڵلای ویستبێ و، هەر لەبەر ئەو نوورەی ناچاوانیش بووبێ :

أما الحرامُ فالحمام دونــه　　　والحل لاحل فأســـتبيـــنه
فكيف بالأمر الذي تبغينه　　　يحمي الكريم عرضه ودينه

[٤١] هەندێك ئەڵێن : ناوی روقیە بووە .

به هەر حاڵ ویستی خوا وەها بوو ئەو نوورە بەشی ئامینە بێت .. لەو ماوە کورتەی ژیانی هاوسەریی عەبدوڵلا و ئامینەدا ، بە فەرمانی خوا خانی گەورەی سەرزەویی سکی بە بەڕێزترین ئادەمیزادەوە پڕ بوو . قەدەری خوا ویستی وەها ئەو ڕێز و پایەیە بە ئامینە ببەخشێ .. ئەوەش ویستی (رب العالمين) ە کە خۆی چاك ئەزانێ هەرکەسێ چەند شانی هەڵ ئەگرێ تا ناز و نیعمەتی خۆی بەسەریدا بڕژێنێ .. دوای ئەوە ئیتر خەوی ئەبینی و مژدەی پێ ئەدرا کە ئەم منداڵەی سکی پایەدارە ..

ئەوەبوو جارێکیان لە خەویدا ئەوەی بینیی کە نوورێکی لێ هاتە دەرەوە و هەموو سەرزەویی ڕووناك کردەوە و کۆشکەکانی بوصراش لە وڵاتی شام پێی دەرکەوتن .

ئەبونوعەیم لە (الدلائل)دا و ، ئیبن سەعدیش لە (الطبقات)دا ئەگێڕنەوە کە ئامینە وتوویە : لە خەومدا دیتم ئەستێرەیەکم لێهاتە دەرەوە کە هەموو سەرزەویی ڕۆشن کردەوە ، هەتا کۆشکەکانی شامیشم دیتن .. جا خاتوو ئامینەش زۆر لەوە ژیرتر و زیرەك تر بوو کە لەو خەوانەی تێ بگات ، بۆیە بەلایەوە ئاشکرا بوو کە ئەم منداڵەی مرۆڤێکی گەورەی لێ دەرئەچێ ..

بەڵێ ، عەبدوڵلا و ئامینە پێکەوە زۆر نەژیان ، ئەوە بوو عەبدوڵلا بۆ بازرگانیی ڕووی لە شام نا و ژنە خۆشەویستەکەی بەجێ هێشت . لەوێ کاروباری بازرگانیی خۆی تەواو کرد و ، زۆر بە پەلە بوو کە بگەڕێتەوە مەککە . لە کاتی گەڕانەوەیدا سەرێکی لە خاڵوانی عبدولموطەللیبی باوکی لە یەثریب دا ، بە فەرمانی خوا لەوێ نەخۆش کەوت .. هاوەڵەکانی گەڕانەوە مەککە و ئەو لەوێ بە نەخۆشیی مایەوە .. عبدولموطەللیب هەواڵی نەخۆشیی عەبدوڵلای کوڕی زانیی ، بۆیە بە پەلە حاریثی کوڕە گەورەی خۆی نارد تا کە عەبدوڵلای برای چاك بوویەوە بیهێنێتەوە بۆ مەککە .. کە حاریث گەیشتە یەثریب هەواڵی زانیی کە عەبدوڵلا لەوێ کۆچی دوایی کردووە و ، لە ماڵی نابیغەی جەعدیی لە نەوەی نەججاری خاڵوانی نێژراوە .

حاریث بە دڵی شکست و بە دەستی خاڵیی گەڕایەوە مەککە و باوکی و خزمانی لە هەواڵی دڵ تەزێن ئاگادار کرد ، کە تازە ئازیزیان ئیتر ناگەڕێتەوە ناویان و ، بۆ هەتا هەتایی بەجێی هێشتوون و ، دیدار و قیامەت کەوتوون ..

عەبدولموطەللیبی ریش سپیی قرچە لە جەرگی هەڵسا .. خۆشەویستترین کەسی ، لە ناسكترین کاتی ژیاندا ، لە کاتی دروستکردنی هێلانەی نوێدا ، لە دەست دا.. لە هەمان کاتدا بە هەواڵی کۆچی عەبدوڵڵا کۆستی ئامینە کەوت .. دڵیان زۆر بە یەك خۆش بوو .. بەڵام بلێی چیی ؟ فەرمانی خوایە و دەستکاریی ناکرێ ..

بەڵێ ، خوای گەورە لە کارەکانیدا حەکیمە .. هەموو کەسێ لەم ژیانەدا دەورێکی پێ ئەسپێرێ و پێویستە ئەنجامی بدا .. کە ئەو ئەرکەی ئەنجام دا ئەبێ بڕوا و ئەم ژیانە چۆڵ بکات ..

ئەرکی سەرشانی عەبدوڵڵاش تەواو بوو .. هەر ئەوەندە موحەممەدی ئازیزمان ﷺ لە پشتی ئەو بکەنرێ و ، بێتە ناو کۆڕی ژیانەوە تا بە شێوەی (رحمة للعالمين) مرۆڤایەتیی بحەسێنێتەوە ئیتر لەم ژیانەدا کارێکی نەماوە .. مان و نەمانی جیاوازییان نیە ..

کۆرپەی ناو سکی ئامینە لە کاتی کۆچی دوایی باوکیدا تەمەنی دوو مانگ بوو .. جا هەندێ ئەڵێن کە تەمەنی عەبدوڵڵا بیست و پێنج ساڵ بووە ، بەڵام (حافظ العلائي) و (حافظ ابن حجر) ئەوەیان بە صەحیح لە قەڵەم داوە و ئیمام سیووطییش لە (شرح المواهب : ١ / ١٣١) دا ئەو رایەی هەڵ بژاردووە کە تەمەنی هەژدە ساڵان بووە .

عەبدوڵڵا ئەو کارەی کە لە ژیاندا خرا بوویە ئەستۆی ئەنجامی دا و ، کۆرپەی ئازیزی هێشتا نەهاتبووە دنیاوە بەجێی هێشت و ، لە ماڵ و سامانی دنیا پێنج وشتر و رانە مەڕێك و کەنیزەکێك کە ناوی ئوم ئەیمەن ، بەرەکەی حەبەشیی بوو لە دوا بەجێ مان . ئەم ئافرەتە بەخێوکەری پێغەمبەری خوا بووە . جا ئەم میراتەی عەبدوڵڵا ، بەڵێ سامانی پیاوێکی یەکجار دەوڵەمەند نەبوو ، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەو کۆمەڵە و ئەو رۆژە شتێکی کەم نەبوو .

ئەگێڕنەوە کە خاتوو ئامینە بەم چەند دێرە شیعرە شیوەنی بۆ عەبدوڵڵای جوانەمەرگی ئازیزی کردەوە :

عفا جانب البطحاء من ابن هاشم — وجاور لحداً خارجاً في الغمائم
دعته المنايا دعوة فأجابها — وما تركت في الناس مثل ابن هاشم
عشية راحوا يحملون سريره — تعاوره أصحابه في التزاحم

فإن تــك غالتــه المنون وريبــها فقد كــان معطاءً كثير التراحم .[٤٢]

دووهەم : خەوێکی تری عەبدولموطەللیب

لە کاتێکدا کە عەبدولموطەللیب لە حیجردا خەوی پیا ئەکەوێت ، خەوێك ئەبینێ کە زۆر سەرسامی ئەکات و ترس و لەرزێکی زۆری لێ ئەنیشێ و ئەچێتە لای ئافرەتە کاهینەکەی قورەیش و خەوەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە کە ئەم شەو لە خەودا دیویەتی درەختێکی وەها گەورە سەوز بوو بوو کە سەری لە ئاسمان گیرکردبوو و ، لقەکانیشی بە خۆرهەلات و خۆرئاوادا بلاوەیان کردبوو و ، نوورێکیش لە درەختەکە بەرز ئەبوویەوە کە نووری لەو گەشاوەتر نەبوو و ، حەفتا ئەوەندەی رووناکیی خۆر بوو . عەبدولموطەللیب چاوی لێ ئەبێ کە عەرەب و عەجەم سەجدە بۆ ئەو درەختە گەورە نوورانی‌یە ئەبەن ، کە سات لە دوای سات گەورەتر و بلندتر و نوورانییتر ئەبوو .. ساتێك لە چاو ون ئەبوو و ساتێکیش دەرئەکەوتەوە ..

هەروەها چاوی لە کۆمەلێك لە قورەیش ئەبێ کە ئەوانیش خۆیان بە لقەکانیا هەلئەواسن و ، کۆمەلێکی تری قورەیشییش ئەیانەوێ ئەو درەختە ببڕن ، کە هەرچیی بەو نیازەوە لێی ئەهاتنە پێش ، گەنجێك کە عەبدولموطەللیب لەو گەنجە جوانتر و بۆن خۆشتری نەدیی بوو ، پشتی ئەو خەلکەی ئەشکاند و چاوی دەرئەهێنان .. عەبدولموطەللیب کە ئەمە ئەبینێ پێی خۆش ئەبێ ئەمیش بەشی خۆی دەستی بۆ بەرێ و شتێکی دەست کەوێ ، کەچیی دەستی نایگاتێ و هیچی بەرناکەوێ . ئەمیش بەسەر سوڕمانەوە ئەپرسێ : ئەی بۆ کێ ئەبێ ؟ ئەلێن : بۆ ئەوانە ئەبێ کە پێشت کەوتوون و خۆیان پیایا هەلواسیوە .. ئیتر عەبدولموطەللیب بە ترس و لەرزەوە لە خەوەکەی بێدار ئەبێتەوە ..

لە کاتی گێڕانەوەی خەوەکەدا بۆ کاهینەکە سەرنجی ئەدا کە دەم و چاوی ئەگۆڕێ .. پاشان وتی : ئەگەر ئەم خەوەت بێتە دیی لە پشتی تۆ پیاوێك هەلئەکەوێ کە دەسەلاتی بەسەر خۆرهەلات و خۆرئاوادا ئەبێت و هەموو خەلکیی بۆی مل کەچ ئەبن ..

عەبدولموطەللیب سەری سوڕ ئەمێنێ کە ئەم پیاوە کێ بێ ؟ دوای بیرکردنەوە بە ئەبوطالیبی کوڕی ئەلێت : لەوانەیە ئەم منالە بێت . مەبەستی لە منالەکەی ناو سکی ئامینەیە . هەموو جارێ ئەبوطالیب ، دوای ئەوەی کە وەحی بۆ پێغەمبەر

[٤٢] السيرة النبوية لأبــي شهبة : ١ / ١٦٣ ـ ١٦٦ ، الرحيق المختوم : ٥١ ـ ٥٢ .

ﷺ هاتبوو ، ئەم باسەی ئەگێڕایەوە و ، ئەیوت : بەخوا درەختەکە (أبو القاسم الأمين) ە . لێیان ئەپرسیی : ئەی ئیمان ناهێنی ؟ ئەیوت : لە ترسی عار و شوورەیی ئیمان ناهێنم .. [٤٣]

سێهەم : سوپای ئەبرەهە

ئەبرەهەی حەبەشیی گەورە جێگری نەجاشیی پادشای حەبەشە بوو لە سەر وڵاتی یەمەن ، کە دەسەڵاتی بەسەر یەمەن‌دا بە تەواویی پەیدا کرد ، سەرنجی دا خەڵکەکە بە تاك و بە کۆمەڵ و ، بە سواریی و بە پیادە سەر لە کەعبەی پیرۆز ئەدەن ، پرسیی : ئەمانە بۆ کوێ ئەچن ؟ وتیان : بۆ کەعبە لە مەککە و بۆ ئەنجام دانی حەج . پرسیی : کەعبە چی‌یە ؟ وتیان : ماڵێکە لە بەرد دروست کراوە . پرسیی : ئەی بە چیی پۆشتە کراوەتەوە ؟ وتیان : بەو پارچە قووماشە خەت خەتە یەمەنی‌یانەی کە لێرە دروست ئەکرێن . وتی : من ماڵی لەوە چاك تر بنیات ئەنێم .

ئەوەبوو لە شاری صەنعائی پایتەختی یەمەن‌دا دەستی دایە بیناکردنی کەنیسەیەکی گەورە و ئەوپەڕی کەل و پەلی بەنرخی بۆ رازاندنەوەی بەکار هێنا و ناوی نا (قوللەیس) بەو هیوایەوە کە عەرەبەکان دەستبەداری کەعبە بن و روو لەو کەنیسەیەی ئەو بکەن . [٤٤] جا پیاوێکی عەرەب لە نەوەی کینانە ئەم نیازە پیسەی ئەبرەهەی بەرگوێ ئەکەوێ و، شەو ئەچێتە ژوورەوە و ، قیبلەی کلیساکە پڕ لە پیسیی ئەکات . ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هیچ کەس رووی تێ ناکات .

کە ئەبرەهە ئەمەی بیست رقی جویی و ، هاتە سەر ئەو رایە کە ئەبێ کەعبە بڕووخێنێ تا خەڵکەکە ناچار بن روو لە کلیساکەی ئەو بکەن . بۆ ئەم بڕیارەی سوپایەکی زۆر و زەبەندەی وەهای خستە رێ کە نە بە دانیشتوانی مەککە و نە بە هەموو عەرەبی دوورگە چار نەکرێت .. شەصت هەزار سەربازی بەرەو کەعبەی پیرۆز خستە رێ تا بی‌ڕووخێنێ .. ئەڵێن ئەو سوپایە نۆ یان سیانزە فیلی لەگەڵ‌دا بووە ، کە ئەبرەهە بۆ خۆی گەورەترینی ئەو فیلانەی هەڵ بژاردبوو .. لە رێگادا چەند هۆزێکی کەم هێزی عەرەب هاتنە رێی تا نەهێڵن هێرش بکاتە سەر کەعبە، کەچیی بە ئاسانیی بەسەریان‌دا زاڵ بوو . هەروا لەسەر رەوتی خۆی بەردەوام بوو

---

[٤٣] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ١٦٦ – ١٦٧ .

[٤٤] هەمان مێشکی پووچی گاورێتیی جیهانیی ئەمڕۆش وەها بیر ئەکاتەوە کە لەم لاو لەولا نۆکەر بە کرێ بگرێ و کەنیسە رەواج پێ بدات . بەڵام بێ‌گومان ئەو دینەی کە خوا پێی رازی‌یە هەر ئەوە سەرکەوتوو ئەبێت .. دواییش ئەبوڕغاڵەکان هەر سەرشۆڕی‌یان بۆ ئەمێنێتەوە ..

هەتا گەیشتە (مغمَّس) و لەوێ سوپاکەی کۆك کردەوە و ، خۆی ئامادە کرد کە بچێتە ناو مەککەوە .. کە نزیکی شاری مەککە بوونەوە رانە وشترێکی عەبدولموطەللیبی کوڕی هاشمیان دەست کەوت و دایانە بەر .

عەبدولموطەللیب کە ئەمەی بیست چوو بۆ لای ئەبرەهە تا داوای وشترەکانی لێ بکاتەوە .. عەبدولموطەللیب پیاوێکی پێکەوتووی خاوەن ویقار و سام و هەیبەت بوو . کە ئەبرەهە چاوی پێی کەوت ، بە گەورەی لە قەڵەم دا و رێزی لێ گرت و لەسەر تەختەکەی خۆی دایئیشاند .. کاتێ کە عەبدولموطەللیب باسی ئەوەی کرد کە بە دوای رانە وشترەکەیدا هاتووە ئەبرەهە دەمی داچەقیی و بە سەرسوڕمانەوە وتی : ئایا باسی وشترم لەگەڵدا ئەکەی و ، باسی ئەوماڵەم لەگەڵدا ناکەی کە مایەی سەربەرزیی و پایەداریی خۆت و باوباپیرانتە ؟!

عەبدولموطەللیب زۆر ژیرانە و دامەزراوانە هاتە وەڵام و وتەیەکی وەها بەنرخی لە دەم دەرچوو کە لەوەو دوا بوویە قسەی نەستەق و ، دەریشی ئەخا کە چەند بە جوانیی ـ وەك بەندەیەکی ئیماندار ـ لە کاری سەرشانی خۆی و کاری پەروەردگاری تێ گەیشتووە :

((من خاوەنی وشترم و ، ماڵی خوایش خاوەنێکی هەیە ئەیپارێزێ)) ..

وەك بڵێ : تۆ خراپ تێگەیشتووی .. ئەم ماڵە ماڵی من نیە تا پارێزگاریی لێ بکەم .. تۆ خراپ تێ گەیشتووی ، کە ئەتەوێ ئەم ماڵە بڕووخێنی ، چونکە وا ئەزانی ئەم ماڵە هێزی مرۆڤی وەك من ئەیپارێزێ .. تۆ خراپ تێ گەیشتووی ، کە وا ئەزانی ئەم سوپایەت ئەتوانێ لەگەڵ خوادا بجەنگێ .. ئەوەندەی تۆ خراپ تێ گەیشتووی ، من چاك چاك تێگەیشتووم و ، خۆم ئەناسم و ئەشزانم کاری سەرشانم چییە و ، هەر کارێکیش کاری خوا بێ من دەستی تێ وەر نادەم ..

بە یەك رستە عەبدولموطەللیب دەرسێکی دوور و درێژی عەقیدەی خواناسانی وتەوە .. با ئەبرەهە و غەیری ئەبرەهەش بزانن کە کاتێ دژایەتیی دینی خوا ئەکەن ، هەرگیز لە دەستی خوا رزگاریان نابێت .. ئەوانەش لە جیهانی ئیسلامییدا ـ بە هەر ناوێکەوە بێت ـ کاروباری وڵاتانی ئیسلامییان پێ سپێرراوە ، ئەگەر دڵسۆزی ئەو دینە نەبن کە گەلەکانیان ـ هەر زمان و رەگەزێك بن ـ وان لەسەری ، ئەوا نۆکەریی کافران فریایان ناکەوێ و ، خوای گەورە بە دەسەڵاتی خۆی رسوایان ئەکات .. ئەمە با بۆ مێژوو لە نێوانماندا بێت ، چونکە

بەرەكانی دوای ئێمە كە دێن و پەڕەكانی مێژوو هەڵ ئەدەنەوە ، هەموو راستی‌یەكیان بۆ دەرئەكەوێ .. ئەو كاتە ئابڕووچوون بەشی نۆكەران ئەبێ و ، سەربەرزییش ئەبێتە بەشی خەمخۆران و خواناسانێك كە بە ئیخلاصەوە لە ژێر ئاڵاكەی ئازیزدا ﷺ وەستابن ..

عبدولموطەللیب گەڕایەوە كەعبە و لەگەڵ چەند پیاوێكی قورەیشیی‌دا بیریان كردەوە كە ئەمان بە هێزی بازووی خۆیان بەرگریی‌یان لە كەعبە بۆ ناكرێ و سوپای دڕندە بەوان چار ناكرێ ، بۆیە هاتنە سەر ئەوە كە دەست بە ئەڵقەی دەرگاكەی كەعبەوە بگرن و لە خوای گەورە بپاڕێنەوە تا سەركەوتن بە ماڵە پیرۆزەكەی خۆی ببەخشێ و ئەبرەهە و سوپاكەی تەفر و توونا بكات و ئەم شیعرەشی وت :

لاهُمَّ إنَّ المرءَ يمنعُ ... رحلَه فامنَع رحالَكَ
وانصر على آلِ الصليب ... وعابديه اليومَ آلَكَ
لا يغلبنَّ صَليبُهُمْ ... ومحالُهُم أبداً محالَكَ
إن كنتَ تاركَهُم وقبلتَنا ... فأمرٌ ما بَدا لَكَ

پاشان ئەڵقەی دەرگاكەی بەردا و بە چاوی پڕ لە فرمێسكەوە لەگەڵ دانیشتوانی شاردا بەرەو چیاكانی دەوروبەری مەككە كەوتنە رێ تا خۆیان لە شاڵاوی سوپای دڕندە دەرباز كەن .. كەعبەی پیرۆزیان دایە دەست خوا ..

كەعبەی ئازیزمان ! دەسەڵاتێكمان نیە .. بەڵام ئەزانین تۆ ماڵی خوایت .. داواكارین خوای پەروەردگار هێزی خۆی بخاتە كار و سوپایەكی قودرەتی خۆی رەوانەی ستەمكاران بكات ، تا تەفر و توونایان بكات ..

ئەبرەهە هات ، هات ، هەتا گەیشتە دۆڵی (محسر) ی نێوان موزدەلیفە و مینا ، لەوێ فیلەكەی چۆكی دا .. بە هیچ شێوەیەك هەڵ نەسایەوە تا بەرەو كەعبە بڕوات .. كەچیی كە روویان ئەكردە هەر لایەكی تری غەیری مەككە بە پەلە ئەكەوتە رێ .. دیسان كە روویان ئەكردەوە مەككە چۆكی ئەدا ..

ئەمە نیشانەیەكی گەورە بوو بۆ ئەبرەهەی صەلیبیی كەچیی خۆی كەڕ و كوێر ئەكرد و ، هەر ئەیویست كەعبە بڕووخێنێ ..

قوڕەیشی‌یەكانیش تەپەی دڵیان ئەهات و ، ئەترسان كەمێكی تر ئەبرەهە بگاتە ناو شار و كەعبە بڕووخێنێ .. كەعبەش لە ناوەڕاستی شاردا .. لە

مەیدانێکی فراوان دا ، وەك پاڵەوانی بێباك ، قنج وەستا بوو .. چاوەڕوان بوو بەرامبەرەکەی لێی بێتە پێش و ، وەهای تەمێ بکات و بیکاتە پەند کە تا ئاخرزەمان هەر بوترێتەوە ..

قورەیشی‌یەکان بێئاگا بوون .. هەر ئەوەندەیان زانیی تینی خۆر کەم بوویەوە .. وەك هەور بەری خۆر بگرێ .. سەریان بەرز کردەوە هەور نەبوو .. کۆمەکیی خوا بوو .. سوپای ئاسمان گەیشتە فریای ماڵی پیرۆز .. کێ ئەتوانێ دەستی بۆ بەرێ ؟ ئەوە بە ئیخلاص و تەقوای ئیبراهیم و ئیسماعیل سەلامیان لێ بێ بنیات نراوە ، کێ دەستی ئەگاتە ئاستێك کە دەستکاریی کاری پڕ لە ئیخلاصی ئەو جووتە شێرە بکات ؟..

قورەیش سەیریان کرد ئاسمان لە باڵندەی ورد پڕ بووە .. هێزی خوا گەیشتە فریای کەعبە .. ئەوەندەی تر یەقینیان بە پیرۆزیی کەعبە زیاد بوو ..

بەڵێ کۆمەڵە باڵندەیەکی زۆر و زەبەندە کەوتنە ئاسمان .. لە سەرکردایەتیی ئاسمانەوە فەرمانیان بۆ دەرچوو .. هەر باڵندەیەك سێ بەردی بچکۆلە بە وێنەی دەنکە نۆك هەڵ بگرێت .. دانەیەك بە دەنووك و دوانیش بە هەردوو پێی .. هێرش بکەنە سەر دوژمن .. دوژمنی خوا .. سەر ستەمکار .. ئەو ستەمکارەی کە ئەیەوێ لانەی حەسانەوەی دڵەکان تێك بدات ..

هەر سەربازێکی خوانەناسی صەلیبیی یەکێ لەو بەردانەی بەر بکەوتایە بە فەرمانی خوا لاشەی پارچە پارچە ئەبوو و ، ئەندامەکانی لێك جوێ ئەبوونەوە و یەکسەر ئەمرد .. کە سوپا ئەمەی دیی ، هەموو کەسێ کەوتە بیری هەڵاتن و خۆڕزگارکردن . تەیرەن ئەبابیلەش بەسەر سەریانەوە و ، بەبێ بەزەیی دایان ئەگرتنەوە .. چەند ساتێك لەمەوبەر شەیتان بزەی لێوی ئەهات و سوپا دڵ ڕەشەکەی بە گرم و هوڕ ئەو ناوەی هەراسان کردبوو .. بەلام وا ئێستا خواناسان خۆشیی کەوتە سەر روویان و ستەمکاران نازانن چۆن خۆیان دەرباز بکەن ..

سەرکەوتنی خوا هەر وا بووە .. هەتا پێغەمبەرانیش سەلامی خوایان لێ بێ نەیان ئەزانیی خوا چۆن و کەی سەرکەوتن ئەنێرێ .. بەڵکو جاری وا ئەبوو دەستیان لە خۆیان ئەشۆریی و بە تەمای سەرکەوتن نەئەمان و پرسیاریان لە سەرکەوتن ئەکرد کەی دێت :

﴿حَتَّىٰٓ إِذَا ٱسۡتَيۡـَٔسَ ٱلرُّسُلُ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ قَدۡ كُذِبُواْ جَآءَهُمۡ نَصۡرُنَا﴾ (يوسف : ١١٠) .

﴿ أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلِكُم ۖ مَّسَّتْهُمُ ٱلْبَأْسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ وَزُلْزِلُوا۟ حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ مَتَىٰ نَصْرُ ٱللَّهِ ﴾(البقرة : ٢١٤) .

لەمەوە دڵمان پڕ لە یەقین ئەبێ کە سەرەنجامی هەموو مل‌هوڕێك مل‌شكانە ، وەك ئەبرەهە و فیرعەون و هیتلەر و ناپلیۆن و .. .. هتد .

سوپای ئەبرەهە ئەو دەرودەشتەی پڕ كرد ، بەڵام بە مردوویی .. چەند ساتێك لەمەوبەر ئەو دەرودەشتەی هێنابووە لەرزە ، كەچیی ئێستا هاوار و ناڵە و كڕووزانەوەی ئەچێ بە حەوادا .. ئەبرەهە خۆیشی لەم غەزەبە خواییە دەرباز نەبوو ، بەڵكو خوای گەورە دەردێكی بۆ نارد كە بە هۆیەوە سەرپەنجەكانی رزین و، كە گەیشتەوە صەنعاء ئەوەندەی جووجكێكی مابوویەوە ، ئیتر سنگی لەت بوو و دڵیشی پچڕا و ، پاشان مرد ..

چەند رۆژێ لەمەوبەر كەس نەی‌ئەوێرا سەیری ناوچاوی پاڵەوان بكات .. كەچیی ئێستە وا بە زەلیلیی گەڕایەوە دوا .. چووە لەگەڵ خوادا بجەنگێ ، كەواتە ئەنجامی لەوە چاكتری دەست ناكەوێ !!

كە قوڕەیش ئەمەیان دیی ، تێ گەیشتن كە كەعبەی ئازیزیان بەلای خواوە زۆر سەنگینە ، وا ئەم سوپا بێ‌شوومارەی بۆ ناردن تا سوپای صەلیب تێك بشكێنێ .. طەوافێكی كەعبەیان كرد و ، بە دڵی پڕ لە ئارامی‌یەوە رۆیشتەوە ماڵەوە ..

دواییش وەحی هاتە خوارەوە سەر پێغەمبەری ئازیز ﷺ و بۆی گێڕانەوە كە هێزی خوای گەورە كۆمەكە بۆ دینەكەی و هەڵ گرانی و ، دڵ خۆشییشی دانەوە كە خوای گەورە لەسەر ئەوانە و ستەمكارانیان بۆ لەناو ئەبات ، وەك ئەبرەهەی لەناو برد و كردیە پەندی زەمانە :

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَٰبِ ٱلْفِيلِ ﴿١﴾ أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِى تَضْلِيلٍ ﴿٢﴾ وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ ﴿٣﴾ تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ ﴿٤﴾ فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ ﴾ (سورة الفيل)

پێغەمبەری خواش ﷺ لە فەرموودەیەكی‌دا ئەوەی روون كردۆتەوە كە خوای گەورە رێ نادا كەسێك بە دژایەتیی هێرش بكاتە سەر كەعبە ، وەك سوپای فیلی تەفر و توونا كرد و ، هەر كەسیش رێزی لێ بگرێ پشتیوانیی لێ ئەكا وەك رێی بە پێغەمبەر و سوپای فەتح‌دا تا بێن و كەعبە لە بتەكان پاك بكەنەوە ، كە ئەی‌فەرموو :

((إن الله حبس عن مكة الفيل ، وسلّط عليها رسوله والمؤمنون)) .رواه الشيخان .

ئەم هێرشە تێکشکاوەی حەبەشەی گاور بۆ سەر قیبلەی موسڵمانان تا ئاخرزەمان پەنجا یان پەنجا و پێنج ڕۆژ پێش لە دایك بوونی پێغەمبەری خوا بووە ، بەرامبەر بە کۆتایی شوباتی ، یان سەرەتای مارتی ساڵی ٥٧١ ز . جا تێك شکانی ئەبرەهە بەڵگەیەکی بەهێزە کە خوای گەورە کەعبەی بۆ دەوری گرنگی خۆی ئامادە ئەکرد ، کە ئەوەبوو لە دایك بوونی دوا پێغەمبەر نزیك بووبوویەوە .. ئەم ڕووداوە ئەوەی سەلماند کە خوای گەورە نایەوێ هیچ لایەنێك دەستی بەسەر کەعبەدا بڕوا کە لەمەولا ئەبێتە مەڵبەندی خواناسیی تا ئاخرزەمان .. کە ئەمەش تایبەت مەندییەکی کەعبەی پیرۆز بوو .. هەتا (بيت المقدس) ئەمەی پێ نەبەخشرا ..

ئەوەبوو ساڵی (٥٨٧) پ . ز بەختەنەصر هێرشی کردە سەر (بيت المقدس) و هەرچەندە ئەو موشریك بوو و ئەهلی وڵاتەکە موسڵمان بوون داگیری کرد .. هەروەها ڕۆمەکانیش لە ساڵی (٧٠) ز توانییان (بيت المقدس) بگرن ، کەچی نەصرانییەکان ـ کە موسڵمانی ئەو سەردەمە بوون ـ نەیان توانیی کەعبە بگرن ئەگەرچیی دانیشتوانی مەککەش بت پەرست بوون ..

تیاچوونی سوپای ئەبرەهە بەوەوە نەوەستا ، بەڵکو بە یەکجاریی لە یەمەن دەرپەڕێنران و سەرانسەری دوورگەیان لێ پاك کرایەوە . ئەوەبوو لەناو دەوڵەتی حیمیەردا پیاوێك بە ناوی (سيف بن ذي يزن) هەڵکەوت ، کۆمەکیی لە کیسرای فارسی داوا کرد و ، ئەویش لە ساڵی ٥٧٥ ز دا بە سەرکردایەتیی (وهرز) سوپایەکی نارد و حەبەشەکانیان تێك شکاندن .. [٤٥]

چوارەم : لە دایك بوون

ڕۆژان تێپەڕین و ، کاتی لە دایك بوونی ئازیزیش ﷺ هاتە بەرەوە . ئەو ماوەیەش کە لە سکی دایکیدا بوو ، نە ناڕەحەتییەك و نە ئێش و ئازارێك هیچی بۆ دایکی نەبوو .. ئەوە بوو دەنگێکیش بەر گوێی دایکی کەوت ، کە پێی ئەوت : سەرداری ئەم ئوممەتە وا لە سکتا ، کاتێك کە کەوتە زەویی بڵێ :

[٤٥] الرحيق المختوم : ٤٩ – ٥٠ ، السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ١٦٧ ـ ١٦٩ ، السيرة النبوية للندوي : ٧٧ ـ ٨٠ ، السيرة النبوية للصلابي : ٣٩ ـ ٤٤ .

((أعيذه بالواحد ، من شر كل حاسد)) . بڵێ : ئەیخەمە پەنای خوای تاك و تەنیا ، تا لە شەڕ و خراپەی هەمـوو حـەسـوودێك بیپارێزێ . نـاویشـی بـنێ ((مـحـمد)) .

کاتی منداڵبوون هاتە بەرەوە .. دوای نـۆ مـانگ خـوای گـەورە فـەرمانی دا نوورەکەی بە گەشاوەیی بێتە سەرزەویی .. با بێتە کوڕی ژیانەوە .. با ئـەو تـۆوە پیرۆزە ، تەنە مویارەکە بوونی پێشکەش بکرێت و، ئەو ئەرك و کارە بەرز و پیرۆزە ـ کـە بریتی‌یـە لـە گـەورەترین خزمـەتێك کـە مرۆڤایـەتیی بتـوانێ پێشکەشـی بوونەوەری بکات ـ کە پێـی سـپێرراوە ئـەنجامی بـدات .. مرۆڤایـەتیی یـەکجار گیرخواردەیە و پێویستی بە رزگارکەر هەیە ..

ئەوەبوو لە شیوی نەوەی هاشم ، لە مەککە ، لە بەرەبـەیانی رۆژی دووشـەممەی نۆهەمین رۆژی ، یان دوانزەهەمین رۆژی مانگی رەبیعی یەکەم‌دا ، کـە بەرامبـەرە لەگەڵ رۆژی بیستەم یان بیست و دووهەمی مانگی نیسانی سـاڵی پێـنج صـەد و حەفتا و یەکی زاینیـی ، وەك (محمود باشـا الفلكـي) و (مـحمد سليمان المنصورفوري) تەحقیقیان کـردووە ، سـەرداری هـەموو جیهـان هاتـە دنیـاوە .. موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای قورەیشیی سەرزەویی رووناك کردەوە .

کاتێك کە لە دایك بوو لەگەڵیا نوورێك هاتـە دەرەوە کـە نێـوان خۆرهـەڵات و خۆرئاوای پێ رووناك بوویەوە .. هەتا کۆشکەکانی بوصرا لە شام دەرکەوتن .. کە لە دایك بوو لەسەر هـەردوو ئـەژنۆی چۆکی دادا و ، خـۆی دا بەسـەر هـەردوو دەستی‌دا و ، سەریشی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە ، پاشان پڕی مشتی خۆڵیشـی هـەڵ گرت ، ئەمەش بە پێی ئەو ریوایەتەی موحەممەدی کوڕی سـەعد کـە فـەرموودەی کۆمەڵێك ئەگێڕێتەوە کە عەطائی کوڕی ئەبوڕەباح و ، ئیبن عەبباسیان لەگەڵدایـە کە ئامینەی کچی وەهب وتوویە :

((لَمَّا فَصَلَ مِنِّي ـ تَعني النَّبيَّ ـ خَـرَجَ مَعَهُ نُورٌ أَضاءَ لَه ما بَينَ الْمَشرق وَالمغرب ، ثُمَّ وَقَـعَ عَلى الأَرض جَاثِياً عَلى رُكبَتيه ، مُعتَمداً على يَدَيه ، ثُمَّ أَخَـذَ قَبضَـةً مِـنَ التُّراب ، فَقَبَضَهَا ، وَرَفَعَ رأسَهُ إلى السَّماءِ)) .

جا ئەو نوورە نووری پێغەمبەرایەتیی بووە و ، چۆك دانیشـی لەسـەر هـەردوو ئەژنۆی ئەوە ئەگەیەنێ کە لەبەر دەم پەروەردگاری‌دا خۆی زۆر بە بچووك ئەزانێ و، خۆیشی لە دروست کراوانی خوا بە زیاتر نازانێت .. خۆدانیشـی بەسـەر هـەردوو

دەستیدا ئەوە ئەگەیەنێ کە بە ئاسك و تەمەڵ گەورە نابێت ، بە وێنەی منالّی پادشا و پیاوماقوولان ، بەلّکو هەر بە مندالّیی پشت بەخوا ئەبەستێ و ، پاشانیش بە خۆی . هەلّ گرتنی مشتێك خۆلّیش ئەوە دەگەیەنێ کە لە خۆلّی ئەم زەوییە دروست بووە و ، بۆ ناویشی ئەگەڕێتەوە و ، بۆ زیندوو بوونەوەش هەر لەم خۆلّە دەرئەچێتەوە و ، بەسەر دانیشتوانی زەوییشدا زالّ ئەبێ .. سەربەرز کردنەوەشی بۆ ئاسمان ئەوە ئەگەیەنێ کە یەکجار بە چاکیی پشتی بە خوای پەروەردگاری بەستووە و ، پایە و پلەشی بەلای خواوە بەرزە و ، مەبەستیشی یەکجار بەرز و پیرۆزە و ئەبێتە سەرداری هەر هەموو دروستکراوانیش ..

ئیمامی پایەداریش ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ، بەززار و ، طەبەرانیی و ، حاکم و ، بەیهەقیی لە عیرباضی کوڕی ساریەی سوللەمییەوە خوا لێی رازیی بێ ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە :

((إنّي عندَ الله لَخاتَمُ النَّبيِّينَ ، وإنَّ آدمَ لَمُنجَدلٌ في طينَته ، وَسأُخبرُكُم عَن ذلكَ : أَنا دَعوَةُ أَبي إبراهيمَ ، وَبَشارَةُ عيسى ، وَرُؤيا أُمِّي الَّتي رَأَتْ ، وَكَذلكَ أُمَّهاتُ النَّبيِّينَ يَرين)) . قال الحافظ إبن حجر : وصححه إبن حبان والحاكم .

فەرموویە : من لە عیلم و تەقدیری هەتا هەتایی خوادا بە دوا پێغەمبەر دانرام کە هێشتا ئادەم قوڕ بوو و دروست نەکرابوو .. ئەفەرموێ : من دوعا و پاڕانەوەی ئیبراهیمی باوکم و ، مژدەی عیسا و ، خەوبینینی دایکمم و ، دایکانی پێغەمبەرانیش هەروا خەو ئەبینن ..

پێغەمبەری خوا ﷺ لە مالّی ئەبوطالیب و لە شیوی نەوەی هاشم دا لەدایك بوو و ، شیفای دایکی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف ، مامانی بوو . زۆرێك لە زانایانیش دەریان بڕیوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە خەتەنەکراویی و ناوك بڕراویی لە دایك بووە ، بەلّگەشیان ئەم فەرموودانەن ، کە فەرموویە :

((مِن كَرامَتي على رَبي أَنّي وُلدتُ مَختوناً ، وَلَم يَرَ أَحَدٌ سَوأَتي)) . [٤٦] فەرموویە: یەکێ لەو رێزانەی کە خوا لێمی گرتووە ئەوەیە کە بە خەتەنەکراویی لە دایك بووم و ، کەسیش عەورەتمی نەدیوە .

---

[٤٦] رواه الطبراني في الأوسط ، وأبونعيم ، وإبن عساكر من طرق متعددة ، وقد صححه الحافظ ضياء الدين المقدسي في كتابه ((الأحاديث المختارة)) ، مما ليس في الصحيحين ، وتصحيحه أعلاه من تصحيح الحاكم ، وحسنه الحافظ مغلطاي .

هەروەها لە ئیبن عومەرەوە ئەگێڕنەوە کە وتوویە : پێغەمبەر ﷺ بە ناوك بڕاویی و خەتەنەکرایی لە دایك بووە .[٤٧]

ئەو ماڵەی کە پێغەمبەری خوای ﷺ تیا لە دایك بوو مایەوە بۆ عەقیلی کوڕی ئەبوطالیب و ئەویش فرۆشتی بە موحەممەدی کوڕی یوسف برای حەججاج و ، خستیە سەر ئەو خانووەی خۆی کە پێی ئەوترا : البیضاء . تا ئەوەبوو خەیزەرانی دایکی رەشیدی خەلیفەی عەبباسیی هات بۆ حەج و ئەو ماڵەی جیا کردەوە و کردیە مزگەوت . هەندێکیش ئەڵێت : خاتوو زوبەیدەی هاوسەری رەشید ئەو مزگەوتەی لە کاتی حەج کردنیدا بنیات ناوە و ، تا ئەم دواییيانەش هەر ما بوو، بەڵام رووخێنرا و ئێستە نیاز وایە لەو شوێنەدا قوتابخانەی لەبەرکردنی قورئان بنیات بنرێ .

کە ئازیزمان ﷺ هاتە دنیاوە دایکی زۆر دڵی پێی کرایەوە .. چونکە خەم و خەفەتێکی زۆری دایکی و کەس‌وکاری رەواندەوە ، کە دوای مردنی باوکی لە دڵ و دەروونیاندا بەجێی هێشتبوو . لە هەمان کاتدا فرمێسکێکی گەرمی زۆری هەڵ رێژا بۆ ئەوەی کە باوکی ئەم کۆرپە نازدارەی بەچاو نەبینی ..

کە منداڵەکە هاتە دنیاوە ، یەکەم کارێك کە خاتوو ئامینە ئەنجامیدا ئەوەبوو هەواڵی دا بە خەزووری کە مژدە بێت وا خوا کوڕێکی لاوچاکی پێمان بەخشیی .

باپیری خەمباری بەساڵدا چوو بە پەلە هات .. زۆر شادمان بوو .. لە جیاتیی خۆی و لە جیاتیی عەبدوڵڵاش کۆرپەی ئازیزی ، کە ئێستە مەلۆتکەیە هەڵ گرت و چەند جارێك نووساندی بە سنگیەوە .. دوو هەست تێکەڵ بوون : هەستێك بۆ بێ‌تاقەتیی عەبدوڵڵا و ، هەستێکیش بۆ هاتنە دنیای کۆرپەی ئازیز .. بەرەو کەعبە کەوتە رێ ، تا تەوافی کەعبەی پێ بکات .. دەستی کرد بە پاڕانەوە و شوکر و سوپاسی خوا و ، ناویشی نا موحەممەد ، هەر چەندە ئەو رۆژە ئەو ناوە ئەوەندە باو نەبوو و ، تەنها خەڵکێکی زۆر کەم ناوی موحەممەدی لێ نرابوو . بەڵام خوای گەورە ئەم ناوەی خستە دڵی باپیریەوە ، تا فەرمانی خوا بەجێ بهێنێ و ئەو ناوەشی لێ بنرێ کە لە کتێبەکانی تری پێشەوەدا ناوی هاتبوو و مژدەی هاتنیان دابوو .

---

[٤٧] رواه إبن عساكر .

کاتێکیش پرسیار لە باپیری کرا کە بۆچ ناوی ناوە (محمد) ، وتی : ویستم لە ئاسماندا خوا سوپاسی بکات و ، لە زەوییشدا خەڵك . ئەشگونجێ کە خاتوو ئامینە ئەو خەوەی بۆ خەزووری گێڕابێتەوە و رای هەردووکیان یەکی گرتبێ ..

دوای سەردانی کەعبەی پیرۆز سەرداری قورەیش ، کە منداڵەکەی لە باوەش گرتبوو ، گەڕایەوە ماڵەوە ، بەڵام لە خۆشیانا خەریك بوو باڵی ئەگرتەوە .. منداڵەکەی دایەوە دەست دایکی ..

بۆ رۆژی حەوتەم ـ بە شێوەی دەستوور و باوی عەرەبەکان ـ باپیری دەستی بە سەربڕینی چەند حەیوانێك کرد و ، بۆ سوپاس گوزاریی پەروەردگار دەستی بە دەعوەت کردن کرد .. چونکە ئەم منداڵە جێی عەبدوڵڵای باوکی پڕ کردبۆوە و ، وەك ئاوێنەیەکی بێگەردی بریسکاوە شێوەی عەبدوڵڵای جوانەمەرگی تیا ئەدرەوشایەوە . نەوەی هاشم هەر هەموو بەشداریی ئەم ئاهەنگەی عەبدولموطەللیب یان کرد ..

ثوەیبەی ئەسلەمییش کە کەنیزەکی ئەبولەهەبی کوڕی عەبدولموطەللیب بوو کاتێ کە مژدەی لەدایکبوونی موحەممەدی برازای پێ دا ، ئەو کەنیزەکەی ئازاد کرد ..

ئەوەتا عەبباسی سەرداریشمان خوا لێی رازیی بێ لە ستایشی پێغەمبەردا ﷺ ئەم شیعرانەی وتووە :

وأنت لما ولدت أشرقت الأر	ضُ وضاءت بنورك الأفق
فنحن في ذلك الضياء وفي النـ	ـورِ وسبل الرشاد نخترق

حەزرەتی عەبباس بەم شیعرەی ئەوە دەرئەبڕێ کە بە لەدایك بوونی پێغەمبەر ﷺ سەرزەویی و ئاسۆکان بە نووری ئەو رۆشن بوونەوە و ، ئیماندارانیش لەناو ئەو نوورەدا نوقوم بوون و ، بە هۆی ئەو نوورەشەوە رێی راستیان بەدیی کرد و ، گرتیانە بەر ..

ئەشگێڕنەوە کە عەبباسی کوڕی عەبدولموطەللیب خوا لێی رازیی بێ ئەبو لەهەبی برای ، دوای ساڵێك لە مردنی ، لە خەودا ئەبینێ ، ئەمەش دوای جەنگی بەدر .. کە پرسیاری حاڵ و گوزەرانی لێ ئەکات ، ئەبولەهەب لە وەڵامدا ئەڵێت : وام لەناو ئاگردا ، بەڵام هەموو شەوێکی دووشەممە بە هۆی ئاوێکەوە کە لە نێوان ئەم دوو پەنجەیەمدا : سەببابە و ئیبهام (واتە پەنجەی شایەتمان و پەنجە گەورە)

ئەی‌مژم سزام لەسەر کەم بۆتەوە ، ئەمەش لەسەر ئەوەی کە کاتیٚ ثوەیبە مـژدەی لە دایك بوونی موحەممەدی پیٚ دام ، ئازادم کرد ..

جا ئەوەمان لە یاد نەچیٚ کە لە کاتی لەدایك‌بوون‌دا چەندین نیشانە دەرکەوتن، کە ئەوەیان ئەگەیاند رووداوێکی مەزن لە جیهان‌دا رووی داوە : یەکیٚ لەوانە :

داکەوتنی هەیوانی کیسرا و رووخانی چواردە پەنجەرەی کـە ئەمـەش نیشـانەی ئەوەبوو کە حوکمی ساسانیی تەنها چـواردە پادشـایان مـاون حـوکم بکـەن ئـیتر ئەڕووخێن . هەرواش دەرچوو .. ئـەوەبوو دە پادشـایان لـە مـاوەی چـوار سـاڵ‌دا حوکمڕانی‌یان تەواو بوو و ، ئەوانی تریشیان هەتا رووخانی دەوڵەتەکەیان حوکمیان کرد و ، دوای ئەوە ملیان بۆ موسڵمانان کەچ کرد ..

یەکیٚ تر لەو رووداوانە رۆچوون و نوقوم‌بوونی دەریاچەی (ساوە) بوو لە وڵاتـی فارس ، کە دەریاچەیەکی گەورە بوو لە نێوان هەمەدان و قوم‌دا و درێژیی و پانیی شەش فەرسەخ بووە و کەشتیی تیایا کاریان کردووە و خەڵکیی لە نێوان شارەکانی دەوروبەری‌دا هات و چۆیان ئەکرد .

یەکیٚ تر لەو رووداوانە کوژانەوەی ئاگری مەجووس بـوو کـە لـە ئێـران ئـەیان پەرست و هەزار ساڵ ئەبوو ، نەیان هێشتبوو بکوژێتەوە .

پێنجەم : ناو و نەسەب

پێغەمبەری نازدارمان ﷺ گەلێك ناو و سیفاتی جوانی هـەبوون ، دیـارە نـاوی زۆریش بەڵگەیە لەسەر پایەداریی ئەو کەسە . بەڵام لە هـەموویان بـەناوبانگ تـر پێنج ناویان بوون : لە هەردوو صەحیحی بوخـاریی و موسـلیم‌دا هـاتووە کـە لـە جوبەیری کوڕی موطعیم ەوە ئەگێڕنەوە وتوویە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە :

((لي خَمسَة أسماء : أنا محمد ، وأنا أحمد ، وأنا الماحي الذي يمحو الله بي الكفر ، وأنا الحاشر الذي يحشر الناس على قدمي ، وأنا العاقب)) .

فەرموویە : من پێنج ناوم هەن : من موحەممەدم ، من ئەحمەدم ، من مـاحییم کە خوا کوفرم پیٚ مەحو ئەکاتەوە ، من حاشیرم کە خەڵکیی بەدوای من‌دا حەشـر ئەکرێن ، هەروەها من عاقیبم کە من دوا پێغەمبەرم و پێغەمبەری تـر بـەدوام‌دا نایەت ..

بەڵام لە هەموویان بەناوبانگ‌تر موحەممەد و ئەحمەدن . ئەوەتا لە قورئانی پیرۆزدا ، بۆ نموونە ، هاتوون :

﴿ مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ ۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ ﴾ (الفتح : ٢٩) .

﴿ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ ﴾ (آل عمران : ١٤٤)

﴿ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِى مِنۢ بَعْدِى ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ ﴾ (الصف : ٦) .

هەروەها هەندێ ناویشی لە قورئان‌دا هاتوون :

الشاهد ، المبشر ، النذير ، المبين ، الداعي إلى الله ، السراج المنير :

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ إِنَّآ أَرْسَلْنَٰكَ شَٰهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا ﴿٤٥﴾ وَدَاعِيًا إِلَى ٱللَّهِ بِإِذْنِهِۦ وَسِرَاجًا مُّنِيرًا ﴾ (الأحزاب : ٤٥ – ٤٦) .

هەروەها ناوی تریشی لە قورئان‌دا هاتووە :

المذكر ، الرحمة ، النعمة ، الهادي ، الشهيد ، الأمين ، المزمل ، المدثر ، الرؤوف ، الرحيم .

ناوی تریشی هەن وەك (المتوكل) .

لە فەرموودەی صەحیح‌دا هاتووە :

((سميتك المتوكل ، ليس بفظ ، ولا غليظ ، ولا جاف ، ولا سخاب بالأسواق ، ولا يقابل السيئة بالسيئة ولكن يعفو ويصفح)) رواه البخاري .

هەروەها ناوی تریشی هەن ، وەك :

المختار ، المصطفى ، الشفيع المشفع ، الصادق المصدوق . ئەوە بوو کە هەندێ لە هاوەڵان لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرموودەیەکی ئەگێڕایەوە ئەیوت :

((حدثني الصادق المصدوق ﷺ)) .

هەندێکیش ئەوەیان دەربڕیوە کە ناوەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بە وێنەی ناوەکانی خوای گەورە نەوەد و نۆ ناون .. خۆ ئەگەر بە وردییش سەرنج بدرێن ئەگەنە سێ‌صەد ناو .

ناوی (محمد) یش (إسم المفعول) ی (تحميد) ە بۆ موبالەغە . خۆ دیارە ئازیزمان لە هەموو چرکەیەك‌دا هەزاران خوناس ، لەو ڕۆژەوە کە کاری پێغەمبەرایەتی خراوەتە ئەستۆی هەتا ڕۆژی قیامەت و ، لە مەحشەریش‌دا کە

شەفاعەت بۆ خەڵك ئەكات و لە ترس و بیمی ئەو ڕۆژە سەختە ڕزگاریان ئەكات ، خەریكن ستایشی ئەكەن و داوای ڕەحمەت بارانی بۆ ئەكەن . قورئان ئەفەرموێ :

﴿ وَمِنَ ٱلَّيۡلِ فَتَهَجَّدۡ بِهِۦ نَافِلَةً لَّكَ عَسَىٰٓ أَن يَبۡعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحۡمُودًا ﴾ (الإسراء : ٧٩) .

بەڵێ ئەو مەقامە تاقانەیە بۆ ئازیزمان دیاریی كراوە . مەقامێك كە تیایا سوپاسی بكرێت .

داخۆ لە ئینس و جینن و مەلائیكەت چەند كەس لەو مەقامەدا سوپاسی بكەن ؟ مەگەر خوا خۆی بزانێت .

ئەمەش ناوی باو باپیری ئازیزمان ﷺ بەو پێیەی كە ئیمام بوخاریی لە صەحیحەكەیدا تۆماری كردوون :

موحەممەدی ، كوڕی عەبدوڵڵای ، كوڕی عەبدولموطەللیبی ، [٤٨] كوڕی هاشمی [٤٩] كوڕی عەبد مەنافی، [٥٠] كوڕی قوصەی، [٥١] كوڕی كیلابی، [٥٢] كوڕی موڕڕەی ، كوڕی كەعبی، [٥٣] كوڕی لوئەی، كوڕی غالبی، كوڕی فیهری، [٥٤] كوڕی مالیكی، كوڕی نەضری، [٥٥] كوڕی كینانەی، كوڕی خوزەیمەی ، كوڕی مودریكەی، كوڕی ئیلیاسی، [٥٦] كوڕی موضەری ، [٥٧] كوڕی نزاری ، [٥٨] كوڕی مەعدی ، كوڕی عەدنان . [٥٩]

---

[٤٨] ناوی شەیبە بووە ، ئەڵێن لەبەر ئەوە ناویان ناوە شەیبە هەندێ لە قژی سەری سپیی بوون و ، ئەش ڵێن : پێی وتراوە (شیبة الحمد) چونكە زۆر سەخیی بووە .

[٤٩] ناوی عەمر بووە و نازناوی هاشمی لەبەر ئەوە لێ نراوە كە نانی زۆری گوشیوەتە ناو گۆشتاوەوە بۆ نان دانی خەڵكیی .

[٥٠] ناوی (المغيرة) بووە .

[٥١] ناوی زەید بووە .

[٥٢] ناوی حەكیم بووە .

[٥٣] یەكەم كەسێك بووە كە ڕۆژی جومعە خەڵكی كۆكردۆتەوە و ، وتاری بۆ داون و ، باسی ڕەوانەكردنی پێغەمبەری ﷺ بۆ كردوون و ، پێشی ڕاگەیاندوون كە لەنەوەی خۆی ئەبێت .

[٥٤] ناوی قورەیش بووە و ، بە بۆنەی ئەمەوە هۆزی قورەیش ناونراوە . كەواتە هەرچیی لە ژووری فیهرەوە بێت قورەیشیی نیە ، بەڵكو كینانیيە .

[٥٥] بە بۆنەی گەشاوەیی دەم و چاویەوە ناویان ناوە (النضر) . ئیبن هیشام وتوویە : ئەم قورەیشە ، شافیعیی و نەوەوییش ئەمەیان بە ڕاست زانیوە . ئەڵێن : قورەیشیش بچووك كراوەی (قرش) ە ، كە گەورەترین گیانداری دەریایە . بە بۆنەی ئەوەوە قرش هەموو شتێ ئەخوا و هیچ شتێ ناتوانێ ئەو بخوات . هەروەها قورەیشیش هۆزێكی بەهێز بووە .

[٥٦] یەكەم كەسێك بووە كە وشتری كردووە بە (هدي) بۆ حەج . عەرەب یەكجار ڕێزێكی زۆریان لە ئیلیاس گرتووە و ، وەك لوقمانی حەكیم سەیریان كردووە و ، ناوی سەرگەورەی قەوم و سەرداری عەشرەتی لێ نرا بوو و ، هیچ كارێك بێ پرسی ئەو ئەنجام نەئەدرا ..

تا ئێرە زانایان یەك دەنگن لەسەر نەسەبی پێغەمبەر ﷺ ، بەڵام لە عەدنانەوە زۆر جیاوازیی تێدا هەیە ، هەرچەندە نەسەبزانان لەسەر ئەوەش یەك دەنگن کە ئیبراهیم و ئیسماعیل سەلامیان لێ بێ باپیرە گەورەی پێغەمبەرن ﷺ. هەتا هەندێ سیفاتی لاشەی ئیبراهیم سەلامی لێ بێ لە پێغەمبەری خوادا بوون . لە فەرموودەی صەحیحیشدا هاتووە کە کاتێ باسی ئیبراهیم کراوە فەرموویە : ((وَإِنَّهُ لأَشبَهُ الناسِ بِصاحِبِكُم)) . دەری بڕیوە کە ئیبراهیم سەلامی لێ بێ لە هەموو کەسێ زیاتر لە پێغەمبەری خوا ﷺ چووە .

پێغەمبەری خوا ﷺ ــ وەك زانایان دەریان بڕیوە ـ لە پشتی پاکەوە بۆ رەحەمی پاك گوازراوەتەوە و هیچ پیسیی و چەپەڵییەکی نەفامیی تێکەڵ بە نەسەبی بێگەردی نەبووە ، هەتا لە نێوان دایك و باوکیدا هاتۆتە دنیاوە ..

لە صەحیحیی موسلیمدا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویە :

((إن الله اصطفى كنانة مِن وَلَدِ إسماعيلَ ، وَاصطَفَى من كنانةَ قُرَيشاً ، واصطفى من قريشٍ بَني هاشمَ ، واصطفاني مِن بَني هَاشمَ)) . ورواه الترمذي في سننه بزيادة في أولـه : ((إن الله اصطفى من ولد إبراهيم إسماعيل)) . فەرموویە : خوای گەورە لە ناو رۆڵەکانی ئیبراهیمدا بۆ رەوشت بەرزیی و فیطرە پاکیی ئیسماعیلی هەڵ بژاردووە و، لەناو رۆڵەکانی ئیسماعیلیشدا کینانەی هەڵ بژاردووە و ، لەناو کینانەشدا قورەیشی هەڵ بژاردووە و ، لەناو قورەیشیشدا نەوەی هاشمی هەڵ بژاردووە و ، لەناو نەوەی هاشمیشدا منی هەڵ بژاردووە .

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەری بڕیوە کە لەناو سەدەکاندا هەر لە ئادەمەوە تا سەردەمی خۆی هەمیشە خوای گەورە ئەوی لە چاکترین نەسەب دەرهێناوە ، کە فەرموویە :

((بُعثتُ مِن خَيرِ قُرونِ بَني آدمَ قَرناً فَقَرناً ، حَتى بُعثتُ مِنَ القَرنِ الَّذي كُنتُ فيهِ)). رواه البخاري .

---

٥٧ ناوی عەمر بووە و کونیەکەشی ئەبوئیلیاس . حەزی لە ماستی ترش بووە بۆیە ناویان ناوە موضەر . پیاوێکی عاقڵ و دانا بووە .

٥٨ ئەڵێن کاتێك کە لە دایك ئەبێت باوکی زۆری پێ خۆش ئەبێت ، بۆیە دەست بە سەربڕینی ناژەڵ ئەکات و نانی خەڵك ئەدات ، لەگەڵ ئەوەش دا ئەڵێت : هێشتا ئەمە کەمە بۆ ئەم منداڵە .

٥٩ ئەڵێن : یەکەم کەسێکە کە کەعبەی داپۆشیوە ، یان لە سەردەمی ئەودا داپۆشراوە .

هەروەها جارێکیان پێغەمبەر ﷺ وتـاری دا و فـەرمووی : ((أنـا محمـد بـن عبدالله ..)) هەتا کۆتایی نەسەبی شەریفی ، پاشان فەرمووی :

((وَما افترقَ الناسُ فرقَتين إلاَّ جَعلَني اللهُ في خَيرِهما ، فَأُخرجتُ من بَينِ أبوَيَّ ، فَلَم يُصبني شَيءٌ من عهرِ الجَاهليَّة ، وَخَرجتُ من نكاحٍ ، وَلَم أُخرَج من سفاحٍ ، من لَدُن آدمَ حتى انتهَيتُ إلى أَبي ، وَأُمّي ، فَأنا خَيرُكُم نَفساً ، وَخَيرُكُم أَباً)) . رواه البيهقي .

ئەفەرموێ : هەرچیی خەڵك ئەبن بە دوو تیپەوە ، خوای گەورە منی لـە تیپـە چاکەکە داناوە ، ئیتر هیچ شەرواڵ پیسیی‌یەکی نەفامییم بەرنەکـەوتووە ، هـەر لـە ئادەمەوە تا ئەگاتە لای دایك و باوکم ، بە نیکـاحی شـەرعیی حـەڵاڵ لـە دایـك بووین . لەبەر ئەمە من لە هەمووتان چاکترم و باوکیشـم لـە بـاوکی هـەمووتان چاکترە ..

هەروەها ئیمام ئەحمەد لە موسـنەددا لـە مـوطـەللیبی کـوڕی ئـەبو وەداعـەوە ریوایەتی کردووە کە وتوویە : عەبباس خوا لێی رازیی بێ وتوویە : پێغەمبـەر ﷺ هەندێ قسەی خـەڵکی بـەرگوێ کـەوتبوون ، بـۆیە سـەرکەوتە سـەر مینبـەر و فەرمووی : ((مَن أنا ؟)) وتیان : تۆ پێغەمبەری خوایت . فەرمووی : ((أنا محمـد بن عبدالله ، بن عبدالمطلب ، إن اللهَ خَلَقَ الخلقَ فجعَلَني في خَيرِ خَلقه ، وَجعَلَهُم فرقَتَين فَجَعَلني في خير فرقَة ، وخلق القَبائلَ ، فجعلني في خير قَبِيلَة ، وَجعلَهم بُيوتاً فجعلني في خيرِهم بَيتاً ، فَأَنا خَيرُكُم بَيتاً ، وخَيرُكُم نَفساً)) .

فەرمووی : من موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولموطەللیبم . کە خـوای گەورە بوونەوەری بەدیی هێنا ، منی بە یـەکێ لـە گـرۆی ئـادەمیی گێـڕا.. کـە خەڵکیشی کردە دوو دەستەوە منی بە یەکێ لـە چـاکتـرین دەسـتە گێـڕا .. کـە هۆزەکانیشی بەدیی هێنان ، منـی بـە یـەکێ لـە چـاکتـرین هـۆز گێـڕا .. کـە بنەماڵەکانیشی بەدیی هێنان ، منی بە یـەکێ لـە چـاکتـرین بنەماڵـە گێـڕا .. کەواتە بنەماڵەکەی من لە هی هەمووتان چاکترە و ، خۆیشم لە هـەمووتان چـاك ترم ..

جا خوای گەورە هـەر پێغەمبـەرێکی هـەڵ بـژاردووە لـە بـەرێزترین خێـزان و بنەماڵەی ئەو کۆمەڵە ، کە دوور بێ لە هەموو ناتەواوی‌یەك ، هەڵی بژاردووە و ، لەناو کۆمەڵدا سەنگین و بەرێز بووە ، تا ئەو کۆمەڵە بە شانازی‌یەوە شوێن خۆی و دینەکەی بکەوێ ..

ئەمە بۆ هەموو پێغەمبەرێك یاسا بووە .. دیارە بۆ پێغەمبەری ئاخرزەمان و هەڵگری گەورەترین بەرنامەی خوایی رێز و پایەداریی و رەوشتی بەرز زیاتر پێویستن .. چونکە تا ژیان ئەبڕێتەوە پێغەمبەری تر نایەت و ، پێویستە محمد المصطفی ﷺ سەرمەشقی هەموو مرۆڤ بێت و ، بەرێزترین و پایەدارترین ئادەمیزاد شانازیی پێوە بکات لە ژێر بەیداخی ئەودا بووەستێ .. کەواتە پێویستە لە هەموو بوارێكدا تاقانە بێت و کەسێ نەتوانێ شان لە شانی بدات .. ئەمەش ، سەرەڕای حەسەب و نەسەبێکی یەکجار پاك پەروەردەیەکی زۆر نایابی پێویستە .

جا با لە هەموو سەرێکەوە سەرنجی پشت و رەچەڵەکی بدەین :

لە پێشەوە بە درێژە باسی جوامێریی و مەردایەتیی باوباپیرانی ئازیزمان خستە بەر دیدەی خوێنەری خۆشەویست . دیمان کە باپیرانی یەکجار پایەدار بوون و تاقە کەسێکیان لەسەر رەوشتێکی نەگونجاو رەخنەی لێ نەگیراوە .. هی وایان هەبووە جوان لاو و پێکەوتوو و ، هی واشیان هەبووە پاڵەوانی لێهاتوو و ، هی واشیان هەبووە سنگ گوشادی سەخیی تەبیعەت و ، هی واشیان هەبووە دانا و ژیر و زرنگ و وتە شیرین و ، هی واشیان هەبووە بە سۆز و چاکەخواز و ، هی واشیان هەبووە دیندار و خواناس و عیبادەتکار بووە .

ئەم پیاوانە پشتاوپشت بە مەردایەتیی تەمەنیان بەسەر ئەبرد ، تا لە ئەنجامدا بنەماڵەی هاشمیان لێ کەوتەوە ، کە سەرداری هەموو عەرەب بوون و رێزی تایبەتییان لێ ئەگیرا و ، کەسێ نەبوو شان لە شانیان بدات . هەتا ئەوەبوو - وەك لە پێشەوە باس کرا - نان دان و ئاودانی حاجیانیان پێ سپێررا بوو ، هەرچەندە ئەوەندەش دەوڵەمەند نەبوون .

سەبارەت بە دایکانی ئازیزیشمان ﷺ ، دایکی خۆی ئامینەی کچی وەهبی کوڕی عەبدمەنافی کوڕی زوهرەی کوڕی کیلاب بوو کە لەگەڵ عەبدوڵڵای مێردیدا لە کیلابی باپیریاندا یەکیان ئەگرت .

لە پێشەوە باسی ئەوەشمان کرد کە زوهرە برا گەورەی قوصەی بوو و ، نەوەی زوهرەش هەمیشە دڵسۆز و دۆستی راستەقینەی نەوەی عەبدمەنافی کوڕی قوصەی بوون و ، لە جەنگ و لە ئاشتییدا پشتیان ئەگرتن .

جا عەبدمەنافی باپیری ئامینە لە شەرەف و پایەدارییدا هاوتای عەبدمەنافی کوڕی قوصەی ئامۆزای بوو و ، بۆ رێزلێنان پێیان ئەوتن : جووتە مەنافەکە .

وەهبی باوکیشی سەرداری نەوەی زوهرە بوو .

دایکی باوکی ئامینەش ، واتە دایکی وەهبیش ، کە هاوسەری عەبدمەنافی کوڕی زوهرە بووە ناوی عاتیکەی کچی ئەوقەصی کوڕی موڕڕەی کوڕی هیلال بووە ، یەکێ بووە لەو ئافرەتە بەڕێزانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ شانازیی پێوە کردوون کە فەرموویە :

((أنا ابن العواتك من سُلَيم)) .

ئەو ئافرەتانە کە ناویان عاتیکە بووە و لە هۆزی سولەیم یش بوون سیانن :

یەکەمیان : عاتیکەی کچی هیلالی کوڕی فالج ی کوڕی ذەکوان بووە . ئەم ئافرەتە هاوسەری قوصەی و دایکی عەبدمەنافی کوڕی قوصەی و خوشکی موڕڕەی کوڕی هیلال بووە .

دووهەمیان : عاتیکەی کچی موڕڕەی کوڕی هیلالی کوڕی فالج بۆوە . ئەمیش هاوسەری عەبدمەنافی کوڕی قوصەی و دایکی هاشم و خوشکی ئەوقەصی کوڕی موڕڕە بووە .

سێهەمیشیان : عاتیکەی کچی ئەوقەصی کوڕی موڕڕەی کوڕی هیلال بووە ، ئەمیش هاوسەری عەبدمەنافی کوڕی زوهرە و دایکی وەهب بووە .

وە نەبێ ئامینە لەسەری دایکیشیەوە لەوان کەمتر بووبێ . دایکی ناوی بەڕڕەی کچی عەبدولعوززای کوڕی عوثمانی کوڕی عەبدودداری کوڕی قوصەی بووە .

دایکی عەبدوڵڵاش ناوی فاطیمەی کچی عەمری کوڕی عائیذی مەخزوومیی بووە ، کە نەوەی مەخزوومیش لەناو قورەیش‌دا لە چلەپۆپەدا بوون .

دایکی عبدولموطەللیب یش ـ وەك لە پێشەوە باس کرا ـ سەلمای کچی عەمری نەججاریی بووە ، کە ئەوە بوو لەبەر رێز و پایەداریی لەناو قەومەکەیدا بڕیاری دابوو شوو بە پیاوێك ئەکات کە کاری لە دەستی خۆیدا بێت ، واتە هەرکەی ئەو پیاوەی لەبەر چاوکەوت سەلما بتوانێ دەستی لێ هەڵ بگرێ . جا کاتێك کە هاشم خوازبێنیی سەلمای کرد لە باوکی مەرجی ئەوەی گرت کە کچەکەی لەلای خۆیان بمێنێتەوە . ئەشڵێن : ئەوەی لێ داوا کردووە کە لە یەثریب لای خۆیان منداڵی ببێ . ئەوەبوو هاشم سەلمای برد بۆ مەککە و کاتێ ویستی بچێ بۆ سەفەری شام سەلماش حامیلە بوو بردیەوە بۆ یەثریب تا لەوی عبدولموطەللیبی لێ ببێ .. ئەوی لەوێ دانا و خۆیشی چوو بۆ شام و لە غەززە کۆچی دوایی کرد . کە شەیبە لە

دایك بــوو حەوت ساڵ لەلای خاڵوانی مایەوە ، تا ئەوە بوو موطەللیبــی مامی چوو بە دوایدا و هێنایەوە ..

دایکی هاشــمیش عاتیکەی کچی مــوڕڕە بــووە لــە نــەوەی سولەیــمی کــوڕی مەنصوور ، وەك لە پێشەوە باســمان کرد .

دایکی عەبدمەنافیش ـ وەك لە پێشەوە باس کــرا ـ عاتیکــەی کچــی هــیلالی کوڕی فالج بووە .[٦٠] بەڵام ئیبن ئیسحاق ئەوەی دەربڕیــوە کــە دایکــی عەبدمــەناف حوببای کچی حولەیلی خوزاعیی‌یە ، کە کاروباری مەککە بە دەست حولەیلەوە بوو و دوای ئەو کەوتە دەست قوصەی .

دایکی قوصەیش فاطیمەی کچــی ســەعد کــە یەمەنی‌یــە و لــە هــۆزی ئــەزدی شنۆئەیە .

دایکی کیلابیش هیندی کچی سەریرە لە نەوەی فیهری کوڕی مالیك .

دایکی موڕڕەش وەحشیەی کچی شەیبانە ئەویش لە نەوەی فیهرە .

دایکی کەعب یش ماویەی کچی کەعبە لە هۆزی قوضاعە .

دایکی لوئەیش سەلمای کچی عەمری خوزاعیی‌یە .

دایکی غالب یش لەیلای کچی سەعدە لە هوذەیل .

دایکی فیهریش جەندەلەی کچی حەرثە لە هۆزی جورهوم .

دایکی مالیکیش عاتیکەی کچی سەعدی کوڕی ظەربە لە هۆزی قەیس عەیلان .

دایکی نەضریش بەڕڕەی کچی میراری کوڕی ئەددە .

دایکی کینانەش عەوانەی کچی سەعدە لە قەیس عەیلان .

دایکی خوزەیــمەش سەلــمای کچی ئەسلەمی قوضاعی‌یە .

دایکی مودریکەش خەندەفە کە نــموونەی شەرەف و پایەداریی بووە .

دایکی ئیلیاسیش رەبابی کچی جوندەی کوڕی مەعد بووە .

دایکی موضەریش سەودەی کچی عەککە .

دایکی نزاریش مەعانەی کچی جەوشەمە لە هۆزی جورهوم .[٦١]

---

[٦٠] الروض الأنف : ١ / ٧٦ .

[٦١] البداية والنهاية ونور اليقين ، السيــرة النبــوية لأبــي شهبة : ١ / ١٧٣ ـ ١٩٠ ، الرحيق المختوم : ٥٣ – ٥٤ ، السيرة النبوية للصلابــي : ٤٤ ـ ٤٨ .

بەشی حەوتەم

شیر پێدان و پێگەیشتنی

یەکەم : شیرپێدان

کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەدایك بوو ، پێش هەموو کەسێك دایکی شیری پێ دا . ئەڵێن : سێ ڕۆژ و ، هەندێك ئەڵێن : حەوت و ، هەندێکیش ئەڵێن نۆ ڕۆژ شیری پێ داوە .

پاشان ثوەیبەی کەنیزەکی ئەبولەهەبی کوڕی عەبدولموطەللیب شیری مەسرووحی کوڕی ، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك ، تا ئەو کاتەی کە حەلیمە هات بۆ مەککە ، پێی داوە .. هەروەها شیری بە حەمزەی کوڕی عەبدولموطەللیبی مامی پێغەمبەر ﷺ و، ئەبوسەلەمەی کوڕی عەبدولئەسەدی مەخزوومیی پوورزای پێغەمبەر ﷺ داوە . بەمە پێغەمبەر و حەمزە و ئەبوسەلەمە هەرسێکیان برای شیریی یەکترن . هەروەها حەمزە شیری حەلیمەشی خواردووە ، کەواتە لە دوو سەرەوە برای شیریی پێغەمبەری خوایە ﷺ .

ئەوەبوو دوای (عمرة القضاء) بە پێغەمبەریان وت : ئایا فاطیمەی کچی حەمزە مارە ناکەیت ؟

فەرمووی : ((إنها إبنة أخي من الرضاع)) فەرمووی : کچی برای شیریمە .

کاتێکیش کە ئوم حەبیبە پێی وت : قسەمان بۆ کراوە کە ئەتەوێ کچی ئەبوسەلەمە مارە بکەیت ، لە ڕیوایەتێکی تردا : دوڕڕەی کچی ئەبو سەلەمە مارە بکەیت ، فەرمووی : ((بنت أبي سلمة ؟)) وتی : بەڵێ .

فەرمووی : ((إنها لو لم تكن ربيبتي في حجري ما حَلَّتْ لي ، إنها لإبنة أخـي من الرضاعة ، أرضعتني وأباسلمة ثويبة ، فلا تعرضنَّ عليَّ بناتكن ، ولا أخواتكن)) . رواه البخاري .

فەرمووی : ئەگەر کۆڵەبەستیشم نەبوایە ، ئەوا هەر بۆم نەئەشیا ، کچی برای شیرییمە . ثوەیبە شیری بە منیش و بە ئەبوسەلەمەش داوە . ئیتر هەوڵ مەدەن کچەکانتان و خوشکەکانتان بخوازم .

جا پیاوماقوولانی عەرەب عادەتیان وەها بوو کە لە دەشت دایەن بۆ منداڵەکانیان بە کرێ بگرن ، تا منداڵەکە رەسەن و ، لاشە دروست و ، مێشك پاك بێت و ، لە تەمەڵیی و خاویی و شل و شۆڵیی بەدوور بێت . چونکە بڕوایان وەها بوو کە ئەو منداڵەی لەناو شاردا بەخێو بکرێ مێشك داخراو و ، بێهیممەت و ، لەش‌ولار لاواز ئەبێت و ، بە پێچەوانەشەوە هەر منداڵێك لە بادیەدا و لەناو ئەعرابدا بەخێو بکرێ زمانپاراو و ، رەسەن‌گۆ دەرئەچێت . ئەوەبوو جارێکیان ئەبوبەکری صدیق خوا لێی رازیی بێ بە پێغەمبەری ﷺ فەرموو : ئەی پێغەمبەری خوا ! کەسم نەدیوە لە تۆ زمان پاراوتر بێ . فەرمووی :

((وَما يَمنَعُني ، وَأَنا مِن قُرَيشٍ ، وَأُرضِعتُ في بَني سَعد)) .

زمان پاراوی‌یەکەی گەڕاندەوە بۆ دوو هۆ : یەکەمیان قوڕەیشی‌یە و ، دووهەمیشیان لەناو نەوەی سەعددا شیری پێ دراوە ..

دەوڵەمەندەکانی شار منالەکانیان ئەنارده بیابان تا تەمەنیان ئەگەیشتە هەشت یان دە ساڵان . جا هەندێ هۆز لە شیردانددا ناوبانگیان دەرکردبوو و ، هەندێکیش لە زمان پاراوییدا ، کە یەکێ لەو هۆزانە هۆزی نەوەی سەعد بوو ، کە حەلیمەی دایەنی پێغەمبەر ﷺ لەوان بوو .

لەو کاتەدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەدایك ئەبێت چەند ئافرەتێك لە هۆزی نەوەی سەعد لە بیابانەوە ئەکەونە رێ تا سەرێك لە مەککە بدەن ، بەو هیوایەوە کە منداڵی شیرەخۆریان بدەنە دەست و بیانبەوە بۆ ناوچەی خۆیان و لەوێ بەخێویان بکەن .. ساڵەکەش ساڵی گرانیی و قات و قڕیی بوو .. یەکێ لەو ئافرەتانەش ناوی حەلیمەی کچی ئەبو ذوئەیبی سەعدیی بوو ، خۆی و مێردەکەی کە ناوی حاریثی کوڕی عەبدولعوززای کوڕی ریفاعەی سەعدیی بوو [٦٢] ، لەگەڵ منداڵە شیرەخۆرەکەی خۆی کە ناوی عەبدوڵلا بوو کەوتنە رێ . گوێدرێژێك و وشترێکی پیریان پێ بوون .. کە وشترەکە دڵۆپێك شیری تێدا نەبوو و ، سەرانسەری شەو ئەو ژن‌و مێردە خەویان نەئەچووە چاوان ، چونکە منداڵەکەیان لە برساندا هەتا بەیانیی هەر ئەگریا ، نە دایکی دڵۆپێك شیری تیا بوو و ، نە

---

[٦٢] حاریث ما هەتا ئیسلام هات و موسلمان بوو ، هەتا خاوەنی (الإصابة) بە هاوەڵی لە قەڵەم داوە . پێیان ئەوت : ئەبوکەبشە . هەر بەو بۆنەوە کاتێك کە قوڕەیش دژایەتیی پێغەمبەریان ﷺ ئەکرد ئەیان وت : کوڕی ئەبوکەبشە وای دەرئەبڕێ کە لە ئاسمانەوە قسەی لەگەڵ دا ئەکرێ !!

وشترەکەش . بەڵام بە دڵ و بە گیان چاوەڕوانیی کۆمەکیی و دەرووی خێری خوا بوون .. سواری وشتر و گوێدرێژەکە بوون و لەگەڵ هاوەڵانیاندا بە هەر حاڵێك بوو خۆیان گەیاندە مەککە ..

حەلیمە سوێند بەخوا ئەخوا کە پێ بزانێ هەموو ئافرەتەکان پێغەمبەری خوایان ﷺ نیشان دراوە ، بەڵام کە پێیان ئەوترا هەتیوە و باوکی نەماوە ، ئەیان دایە دواوە ، چونکە ئەوان بۆیە ئەو منداڵەیان ئەبردە لادێ و بەخێویان ئەکرد ، چاوەڕوانی ئەوەبوون باوکی منداڵەکە دەستی یارمەتییان بۆ درێژ بکات ، بۆیە ژنەکان ئەیان وت : هەتیوە ، ئەبێ دایکی و باپیریی چییان لە دەست بێت ؟ لەبەر ئەوە هیچ ژنێك نەیئەویست .

ژنەکان هەموو منداڵەکانی مەککەیان هەڵ گرت و جگە لە حەلیمە ژنێك نەما منداڵی دەست نەکەوێت و ، جگە لە موحەممەدی هەتیویش لە مەککەدا منداڵێك نەما تا حەلیمە هەڵی بگرێ و بیباتەوە بۆ بیابان و بەخێوی بکات ..

داخۆ حەلیمە چەندە دڵی لە خۆی دامابێ ؟

چەندە گلەیی لە بەختیی خۆی کردبێ ؟ساڵی وشك و گرانیی .. مەڕومالاتی برسیی و بێدەرامەت .. گوانی وشتر وشك و برنگ .. ولاغی لاواز کە توانای ڕێ بڕینی نەبوو .. مەمکەکانیشی دڵۆپێك شیریان تیا نەبوو . منداڵەکەشی شەو تا بەیانیی لە برسانا ئەکڕووزایەوە .. لە هەمان کاتدا ئافرەتەکان هەر هەموویان بە دڵی خۆیان منداڵی دەوڵەمەندیان دەست کەوتووە و ، ئەمیش دەستی خاڵییە و ، جگە لە موحەممەدی بێباوکیش منداڵ نەماوە .

ئیتر نەیئەزانی پەروەردگار خێری بۆ ئەو گلە داوەتەوە .. نەیئەزانی پەروەردگار بەرەکەتی ئاسمان و زەویی بۆ ئەو هەڵ گرتووە ..

لەبەر ئەوەش هەر دەستی خاڵی نەبێ ، کاتێك کە ویستیان بگەڕێنەوە بە مێردەکەی وت : بەخوا پێم ناخۆشە لەناو دەستە خوشکانما تەنها من بە دەستی خاڵیی بگەڕێمەوە .. ئەچم بۆ لای ئەو هەتیوە و هەڵی ئەگرم . مێردەکەشی دڵی دایەوە و وتی : سێ و دووی لێ مەکە ، بڕۆ بیهێنە بەڵکو خوا بیکاتە مایەی بەرەکەت بۆمان .

حەلیمە کەمەندکێش بوو .. هێزێك ڕای ئەکێشا .. هێزی تەماعیش نەبوو .. چونکە هیچ دنیایەك لەو منداڵە هەتیوە چاوەڕوان نەئەکرا .. ڕۆیشت بۆ ماڵی

خاتوو ئامینە .. خاتوو ئامینەش رەنگە ئەو رۆژە شیوەنێکی چاکی کردبێ .. شیوەنێك بۆ مێردی جوانەمەرگی کە لە ناکاودا بەجێی هێشتن و ، شیوەنێکیش بۆ کۆرپەی ئازیز کە هەرچی ژنی بیابان بوو هەموویان هاتنە سەری و ، لەبەر ئەوەی کە هەتیو بوو هەڵیان نەگرت ..

ئەو بێبەختانە موحەممەدی ئازیزیان ﷺ نەئەناسیی .. بەڵێ ئەو داماوانە خوا پێداو نەبوون تا بتوانن پڕی پیا کەن و خێری دنیا و قیامەت بگرنە باوەش ..

حەلیمە گەیشتە ماڵی ئامینە خانم و تەقەی لە دەرگا دا و چووە ژوورەوە .. چووە ژوورەوە بۆ خزمەتی ئازیز و نەشیئەزانیی کە گەورەترین ئازیزی سەر رووی زەوییە .. نەیئەزانی شیفاعەتی قیامەت بە دەست ئەو ساوا بێباوکەیە .. ئەبینێ وا منداڵەکە بە قوماشێکی لە خوریی چنراوی لە شیر سپییتر داپۆشراوە و، بۆنی میسکی لێ بەرز ئەبێتەوە و ، ئاوریشمێکی سەوزیش وا لە ژێریا و ، کەوتووە بە پشتا و پرخەی لێ داوە .. ئەوەندە جوان و نازدار بوو ناوچاوی ئەدرەوشایەوە .. دڵی نەهات بەخەبەری بهێنێ ، لەسەر خۆ و بە هێمنیی ، بەوپەڕی شەفەقەتەوە لێی چووە پێش .. دایکیشی تەماشای ئەکات ، خەڵکی گەرەك هاتنە دیاری دیمەن .. دیمەنی شەفەقەت و خۆشەویستیی .. دیمەنی دڵڕفێن .. مەلائیکەتەکانیش بە خۆشیی و شادمانییەوە سەیریان ئەکرد .. ئافەرینیان لە ئافرەتی خاوەن بەخت ئەکرد ، کە لە ئازیز ئەچووە پێش .. دەستی خستە سەر سنگی پیرۆزی ئازیز ، ئەویش زەردەخەنەیەکی ناسکی کرد و ، هەردوو چاوی کردنەوە تا سەیری حەلیمە بکات .. ئەوەبوو نوورێك لە هەردوو چاویەوە هاتە دەرەوە و حەلیمە چاوی لێ بوو کە هەتا ئاسمان ئەو نوورە بەرز بوویەوە و ئەویش هەر سەیری ئەکرد ..

حەلیمە خۆی شۆڕ کردەوە و ماچێکی ناوچاوانی ئازیزی کرد و ، مەمکی راستی خستە دەمی و ، خێرا مەمکی لە شیر پڕ بوون و ، ئازیزیش تێری خواردەوە .. مەمکی چەپیشی بۆ گرت ، کەچیی دەمی بۆ نەبرد ، هەر هەمیشە هەروا بوو ، خوای گەورە بە رەوشتبەرز دروستی کردبوو .. خوای گەورە ئەوەی خستبووە دڵیەوە کە لەو شیرەدا هاوبەشی هەیە و ، نابێ بەشەکەی ئەو بخوا .. بەڵێ هەر بە منداڵیی خوای گەورە قەناعەت و عەدالەت و چاکەخوازیی پێ بەخشیی بوو ، پاشان موحەممەدی ﷺ هەڵ گرت و هێنایەوە بۆ شوێنی

بارخستنیان . لەوێش هەردوو مەمکی جوولآن .. تێر شیری خواردەوە ، براکەشی تێر شیری خواردەوە و خەوت . لەوەو پێش ئەوەبوو خەوی لەوانیش و لە خۆیشی حەرام کردبوو ..

پیاوەکەی حەلیمە هەستا و چوو بۆ لای وشترەکە کە گوانەکانی لەوەو پێش وشك و برنگ بوون ، ئەبینێ وا گوانی ئەوەندە شیریان تیایە خەریکە لەناو گەلّیا جێیان نەبێتەوە .. خێرا شیرێکی زۆری دۆشیی و لەگەلّ حەلیمەدا تێریان لێ خواردەوە .. ئەو شەوە خۆشیان و مندالّەکەشیان تێر لێی خەوتن .. کە رۆژیان لێ بوویەوە پیاوەکەی وتی : حەلیمە چاك بزانە ، بەخوا وا ئەبینم مندالّێکی موبارەکت وەرگرتووە .. ئەویش وەلاّمی ئەداتەوە کە هیواداره وەها بێت ..

هەستان باریان کرد و بەرەو ناوچەکەی خۆیان گەڕانەوە .. حەلیمە موحەممەدی خستە باوەشی و پێکەوە سواری گوێدرێژەکەیان بوون .. ئەو گوێدرێژەی کە لەو سەرەوە گیانی تیا نەبوو رێ ببڕێ ، بە پەلە رێی ئەبڕیی و هەموو ژنەکانی بەجێ ئەهێشتن و ولاّغی هیچ کامیان بە ولاّغەکەی حەلیمەدا نەئەگەیشتەوە .. ئافرەتەکان هاواریان لێ هەلّسا : کچی ئەبوذوئەیب ! مالّت ئاوا بێ ، بەزەییت پیامانا بێتەوە ، پەلە مەکە .. ئەمە ئەو گوێدرێژە نیە کە لەو سەرەوە پێی هاتی ؟! ئەویش وەلاّمی ئەدانەوە : بەلّێ ، بەخوا ، هەر ئەوە .. ئەیان وت : بەخوا شتێ رووی داوە !!

موحەممەدی ئازیز ﷺ گەیشتە هەوارگەی نەوەی سەعد .. فەڕ و بەرەکەت لەگەلّیا هات .. چاوێکی بە دەوروبەریا هەلّ هێنا .. تا ئەو رۆژە ناوچەیەکی تر نەبوو ئەوەندەی ئەو ناوچەیە وشك و بێبەرهەم بێت .. بەلاّم بە هاتنی پێغەمبەر ﷺ فەڕ و بەرەکەت رووی کردە مالّی حەلیمە .. مەڕەکانی کە ئەگەڕانەوە ، گوانیان پڕ لە شیر بوون .. هەرچەندە سالّە گرانیی بوو .. حەلیمە بە ئارەزووی دلّی شیری ئەدۆشیی و ئەیان خواردەوە ، کەچیی دەر و دراوسێکان و مالّەکانی تری هۆزەکە دلّۆپێك شیر لە گوانی ئاژەلّەکانیاندا نەبوو .. ئەوانەی کە چاویان لە ئاژەلّەکانی حەلیمە بوو گلەییان لە شوانەکانی خۆیان ئەکرد کە بۆچ ئەوانیش وەك شوانەکانی حەلیمە ئاژەلّەکانیان لە شوێنی چاکدا نالەوەڕێنن ؟ داوایان لێ ئەکردن کە لەو شوێنەدا بیانلەوەڕێنن کە ئاژەلّەکانی حەلیمەی تیا ئەلەوەڕێن ..

کەچیی بێهوودە بوو ، هەموو ڕۆژێ ئاژەڵەکانی حەلیمە بە گوانی پڕ لە شیرەوە ئەگەڕانەوە و ، ئاژەڵەکانی تر دڵۆپێك شیریان تیا نەبوو ..

هەروا خێر و بەرەکەت بەسەر ماڵ و منداڵی حەلیمەدا ئەڕژا ، هەتا ئازیز دوو ساڵی تەواو کرد و حەلیمە لە شیری بڕیەوە . بەڵام لەو دوو ساڵەدا وەها گەورە ئەبوو کە لە منداڵەکانی تری نەئەکرد .. بەو دوو ساڵە کوڕێکی بەهێزی لێهاتووی لێ دەرچوو ..

دوای دوو ساڵ تەمەن حەلیمە موحەممەدی هەڵ گرت و هێنایەوە بۆ مەککە بۆ لای دایکی تا چاوی پێ بکەوێ .. حەلیمە حەزی نەئەکرد موحەممەدی خۆشەویستی ﷺ لێ بسێننەوە .. یەکەم لەبەر ئەوەی موحەممەد گیان وەك منالانی تر ناڕەحەتیی لەسەرشانیان نەبوو .. منداڵێکی ڕێك و پێکی پاك و تەمیز بوو .. بێ گریە و بێ بیانوو بوو .. دووهەمیش لەبەر ئەو خێر و بەرەکەتەی کە بەسەر ماڵ وحاڵی حەلیمەدا ڕژا بوو .. بەڵام چار نەبوو ئەبوا بیباتەوە .. کە هێنایەوە مەککە و دایکی چاوی پێ کەوت ، تێر تێر سەیری کرد پاشان باوەشی پێدا کرد و ماچیشی کرد .. زۆری پێ خۆش بوو کە دیی وا موحەممەد گیان لەشساغ و تەن دروستە و ، بە چاکییش گەورە بووە ..

حەلیمە دڵی نەئەهات موحەممەد لە مەککە بەجێ بهێڵێ ، بۆیە لە دایکی پاڕایەوە تا موحەممەدی پێ بداتەوە تا لەگەڵ خۆیا بیباتەوە بۆ ناوچەی نەوەی سەعد ، تا لەوێ گەورە ببێ .. چونکە دەرد و دای مەککە زۆرە .. ئەوەندەی لێ پاڕانەوە تا دایکی قەناعەتی کرد و دوای پشوودان و حەسانەوە موحەممەدیان هەڵ گرت و گەڕانەوە هەواری خۆیان ..

حەلیمە و شەیمای کچی موحەممەدیان زۆر خۆش ئەویست بۆیە هەمیشە یارییان لەگەڵدا ئەکرد و هەڵیان ئەپەڕاند و بە ئاوازەوە شیعریان بۆ ئەوت و دوعای سەلامەتییان بۆ ئەکرد . بۆ نموونە حەلیمە ئەیوت :

يا رب إذا أعطيته فأبقه وأعله إلى العُلا وَرَقِّه
وادحض أباطيل العدا بحَقِّه

شەیماش ئەیوت :

يارب أبق أخي محمداً حتى أراه يافعاً وأمردا
ثم أراه سيداً مُسَوَّداً واكبت أعاديَهُ معاً والحسدا

وأعــطه عــزاً يدوم أبــدا

پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەموو کەس زیاتر چاکەی لەبەر چاو بوو و ، هەمیشە بە چاکتر پاداشتی ئەدایەوە .. بــە تایبــەت چــاکەی مــاڵی حــاریث و حــەلیمە . ئەوەبوو دوای سەرکەوتنی ئیسلام باوك و دایکــی شــیریی هاتنــە لای و ، ئــەویش عەباکەی خۆی بۆیان راخست و ، سیلەی رەحمی لەگەڵیاندا بەکار هێنــا و ڕێــزی چاکی لێ گرتن . لە دوای فەتحی مەککەش کە جەنگی هەوازین رووی دا و زۆرێــك لە ژن و منداڵیان کەوتنە دەست موسڵمانان ، شــەیماش یــەکێ بــوو لــەو ئافرەتــە دیلانە .. کە پێغەمبەری خوا ﷺ شەیمای ناسی‌یەوە ، پێی فەرموو :

((إن أحببت فعندي مُحَبَّةَ مكرَّمَة ، وإن أَحببتِ أن أمتعكِ ، وترجعــي إلى قومــك فعلت)) . فەرمووی : ئەگەر پێــت خــۆش بــێ لێــرە لای خــۆم بمێنیتــەوە ، ئــەوە خۆشەویست و بەڕێزی لەلامان و ، گەر پێشت خۆش بێ پێویستییت بۆ جێ بــەجێ بکەم و بگەڕێیتەوە ناو خزمەکانت ، وا ئەکەم .

وتی : پێویستییم بۆ جێ‌بەجێ بکەیت و بمنێریتەوە بۆ ناو خزمەکانم .

ئەوەبوو بە جوانیی سیلەی رەحمی لەگەڵدا نواند و ، ڕێزی لێ گرت و ناردیــەوە بۆ ناو خزمەکانی . ئەڵێن : بەندەیەك و کەنیزەکێکی پێشکەش کردووە ، ئــەویش لە یەکی مارە کردوون و منداڵیان بــووە . شــایانی باســە کــە ئــەو ڕۆژە تەمــەنی پێغەمبەری خوا ﷺ لە شەصت ساڵ زیاتر بووە و ، تەمەنی شەیماش بەرەو حەفتا ساڵیی ڕۆیشتووە .

دووهەم : سنگ لەت کردن

ڕۆژێکیان موحەممەد ﷺ و برا شیری‌یەکەی کە لە تەمەنی چوار ساڵیی‌دا بــوون، لە پشتی ماڵەکانەوە بە لای مەڕەوە بــوون ، لــە ناکــاو براکــەی رای کــردەوە بــۆ ماڵەوە و هاواری کرد : دوو پیاو کە جلوبەرگی سپی‌یان لەبــەردا بــوو هــاتن بــرا قوڕەیشی‌یەکەمیان گرت و پاڵیان خست و سکیان دڕیی !!

حەلیمەش لەگەڵ مێردەکەی بە پەلە بەرەو پێغەمبەری خوا ﷺ ئــەڕۆن ئــەبینن وا هەستاوەتەوە سەر پێ و رەنگیشی هەڵ بزرکاوە . حەلیمە و مێردەکەی ئەی‌گرن و ماچی ئەکەن و حاریث لێی ئەپرسێ : ڕۆڵــە گیــان ! چیت بەســەر هــاتووە ؟!

فەرمووی : ((جَاءَني رَجُلان عَلَيهما ثِيابٌ بِيضٌ ، فَأَضـجَعاني ، وَشَـقَّا بَطنِـي ، ثم استَخرَجَا منهُ شَيئاً لا أَدري مَا هو ؟ فَطَرَحَاهُ ، ثم رَدَّاهُ كَما كَان)) !!

فەرمووی : دوو پیاوی جل‌وبەرگ سپیی هـاتن و، پاڵیـان خسـتم و ، سـکیان دڕیم و، پاشان شتێکیان تیا دەرهێنا کە نازانم چیی بـوو ، فڕێیـان دا و ، پاشـان وەکو خۆیان لێ کردەوە ..

ئیتر ئەی‌هێننەوە ماڵەوە .. حاریث لەم ڕووداوە تێ ناگات و ترسی لێ ئەنیشـێ کە موحەممەدی ئازیزیان تووشی شتێکی خـراپ هـاتبێ ، بۆیـە داوا لـە حەلیمـە ئەکات کە هەتا زووە و ، مەترسی‌یەکی لێ دەرنەکەوتووە بی‌بەنەوە بـۆ لای کـەس وکاری و ، با لە جیاتیی چاکە و پیاوەتیی بەخێوکردنی ، خەجاڵەت نەبن ..

کوڕە بە ناچاریی هەڵ ئەگرن و ئەی‌بەنـەوە مەککـە لای دایکـی . کـە دایکـی ئەمە ئەبینێ سەری سوڕ ئەمێنێ ، بۆیە پرسیار ئەکات : ئـەی دایـەنی دڵسـۆز ! چۆن هێناوتەتەوە ، لە کاتێکدا کـە تـۆ زۆر لەسـەر ئـەوە سـوور بوویـت لـەلات بمێنێتەوە ؟

حەلیمە وەڵامی ئەداتەوە : لە خوا بە زیاد بێ کوڕەکەم گەورە بووە و ، ئـەوەی لەسەر شانم بووە جێ‌بەجێم کردووە و ، خـوا نەخواسـتە ئەترسـام شـتێکی لێ ڕوو بدات ، بۆیە منیش بەو شێوەیەی کە تۆ پێت خۆش بێت هێناومەتەوە بۆت .

خاتوو ئامینە بڕوای بە قسەکانی حەلیمە نەکرد ، بۆیە وتی : ئەمە کـاری تـۆ نیە ، ڕاستی‌یەکەیم پێ بڵێ .. وازی نەهێنا هەتا حەلیمـە ڕاسـتیی باسـەکەی بـۆ دایکی گێڕایەوە . ئەویش وتی : ترسایت شەیتان دەستی لێ بووەشـێنێ ؟! وتـی : بەڵێ . وتی : نە بەخوا ، شەیتان دەستی بەسەریا ناڕوا و ، ئـەم کوڕەشـم پایـەدار ئەبێت ، هەواڵێت بۆ بگێڕمەوە ؟

حەلیمە ئەڵێت : بەڵێ .

ئەڵێت : کاتێك کە سکم پێوەی پڕ بوو چاوم لێ بوو نوورێکم لێوە دەرچـوو کـە کۆشکەکانی بوصرای لە وڵاتی شام ڕووناك کردنەوە بۆم . پاشانیش بەخوا نەم‌دیوە هیچ سکێك ئەوەندە سووك و ئاسان بێت ، کـاتێکیش کـە لـەدایك بـوو و کەوتـە زەویی هەردوو دەستی لەسەر زەویی دانان و ، سەری بـۆ ئاسمـان بـەرز کـردەوە .. گوێی مەدەرێ و وازی لێ بێنە .

بەم شێوەیە دایکی دڵی حەلیمەی دایەوە و ، بەوپەڕی ڕێز و ئیحتیرامەوە خوا حافیزیی لێ کرد و ، ڕەوانەی وڵاتی خۆیانی کردەوە .

کۆمەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوایش ﷺ پێی ئەڵێن : ئەی پێغەمبەری خوا ! هەواڵی خۆتمان بۆ باس بکە . فەرمووی : ((نَعم ، أنا دَعوَةُ أَبي إبـرَاهيمَ ، وَبُشرَى أَخي عيسَى ، وَرَأَت أُمِّي حينَ حَمَلَت بي أَنَّهُ خَرَجَ منها نُورٌ أَضَاءَت لَها قُصورُ الشام ، وَاستُرضعتُ في بَني سَعد بن بكر ، فَبينا أنا مَعَ أَخٍ لي خَلفَ بُيوتنا نَرعَى بَهْماً لَنا إذ أَتاني رَجُلان عَلَيهما ثَيابٌ بيضٌ بطَست من ذَهَب مَملوءَة ثَلجاً ، ثم أَخَذاني فَشَقَّا بَطني ، وَاستَخرَجا قَلبي فَشَقَّاهُ ، فَاستَخرَجاً منهُ عَلَقَةً سَوداءَ فَطَرَحاها ، ثُمَّ غَسَلا قَلبي وَبَطني بذَلكَ الثَّلجِ حَتَّى أَنقَياهُ ، ثم قالَ أَحَدُهُما لصاحبه : زنهُ بعَشَرَة مِّن أُمَّته ، فَوَزَنَني بهم ، فَوَزَنتُهُم ، ثم قال : زنهُ بمائَة مِّن أُمَّتَه ، فَوَزَنني بهم ، فوزنتهم ، ثم قال : زنه بألف من أمته ، فوزنني بهم ، فَوزنتهم ، ثم قال : دَعهُ عَنكَ ، فَوَالله لَو وَزَنتَهُ بأمته لَوَزَنَها)) . (سيرة إبن هشام : ١ / ١٦٦) . قال إبن كثير : وهذا إسناد جيد قوي .

فەرمووی : بەڵێ من ئەنجامی نزا و پاڕانەوەی ئیبراهیمی باوکە گەورەمم و ، مژدەکەی عیسای برامم و ، کاتێکیش کە لە سکی دایکما بووم ، دایکم نوورێکی وەهای بینیی کە لێوەی دەرچوو کۆشکەکانی شامی بۆ ڕووناك کردەوە و ، لەناو نەوەی سەعدی کوڕی بیکریش‌دا شیرم پێ‌دراوە .. کاتێك کە لەگەڵ برایەکم‌دا لە پشتی ماڵەکانمانەوە خەریکی مەڕ لەوەڕاندن بووین دوو پیاوی جل‌وبەرگ سپیی (کە جیبریل و میکائیل بوون) هاتن و تەشتێکی لە ئاڵتوون دروست‌کراویان پێ بوو کە پڕ لە بەفر بوو . منیان گرت و سکیان لەت کردم و ، دڵیان دەرهێنام و ، لەتیان کرد و ، ئەڵقەیەکی ڕەشیان تیایا دەرهێنا و ، فڕێیان دا . پاشان دڵ و سکمیان بەو بەفرە وەها شۆردن هەتا پاك پاکیان کردنەوە و ، پاشان یەکێکیان بە هاوڕێکەی وت : بە دە کەسی ئوممەتەکەی‌دا کێشانەی بکە . ئەویش کێشانەی کردم و ، من لە هەموویان قورس‌تر بووم . پاشان وتی : بە صەد کەسی ئوممەتەکەی‌دا کێشانەی بکە . ئەویش کێشانەی کردم و ، من لە هەموویان قورس تر بووم . پاشان وتی : بە هەزار کەسی ئوممەتەکەی‌دا کێشانەی بکە . ئەویش کێشانەی کردم و ، لە هەموویان قورس‌تر بووم . پاشان وتی : وازی لێ بهێنە ، دە بەخوا ئەگەر بە هەموو ئوممەتەکەی‌دا کێشانەی بکەی ئەم لە هەموویان قورس‌تر ئەبێت ..

ئیمام موسلیم یش ئەم چیرۆکەی بەم شێوە گێڕاوەتەوە :

عَن أَنَس بن مالك : أنَّ رسولَ الله ﷺ أَتاهُ جبريلُ ـ عليه السلام ـ وَهُوَ يلعبُ مـعَ الغلـمان فَأَخَذَهُ فَصَرَعَهُ ، فَشَقَّ عَن قَلبه فَاستَخرَجَ القَلبَ ، وَاستخرجَ منـهُ عَلَقَـةً سَوداءَ ، فَقـالَ : هذا حَظُّ الشَّيطان ، ثَمّ غَسَلَهُ فِي طَست مِّن ذَهَب بماء زَمـزَمَ ، ثم لأَمَهُ ، ثم أَعادَهُ في مَكانه ، وَجاء الغلمانُ يَسعَونَ إلى أُمِّه ـ يَعني ظئرهُ ـ فقالوا إن محمدا قد قُتل ، فاستقبلوه وهوَ مُنتَقِعُ اللونِ . قال أنسٌ : وقد كُنتُ أرَى أَثرَ ذلكَ المخيطِ في صدره .[٦٣]

ئەگێڕێتەوە کە جیبریل سەلامی لێ بێ دێتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ کە لەگەڵ منداڵاندا یاریی ئەکرد ، گرتی و دای بە زەوییدا و ، سـنگی لـەت کـرد و دڵـی دەرهێنا و لەتی کرد و ئەڵقەیەکی ڕەشـی لـەناویا دەرهێنـا و فـەرمووی : ئەمـە بەشی شەیتانە ، پاشان لە تەشتێکی زێڕیندا بە ئـاوی زەمـزەم شـۆردی ، پاشـان لکاندییەوە و خستیەوە شوێنی خۆی و ، منداڵانیش بە پەلە خۆیـان گەیانـدە لای حەلیمە و وتیان : موحەممەدیان کوشت . کە چوون بە پیریەوە ئەبینن وا بـە ڕەنـگ هەڵبزرکاویی هاتەوە .

ئەنەس ئەڵێ : شوێنی ئەو دوورینەوەیەم لەسەر سنگی بەدیی ئەکرد ..

وەنەبێ لەت کردنی سنگی پیرۆزی پێغەمبەر ﷺ هەر ئەم جارە بووبێ ، بـەڵکو دوو جاری تریش سنگی لەت کراوە .. جارێك لـە کـاتی بـوون بـە پێغەمبـەر و ، جارێکیش لە کاتی گەشتی ئیسرا و میعراجدا .. شایانی باسـە کـە لـەت کردنـی سێهەم بە فەرموودەی صەحیح ، کە بوخـاریی و موسـلیم ریوایـەتیان کـردوون ، چەسپاوە .[٦٤]

لەت کردنی یەکەم بۆ لابردنی ئەو ئەڵقەیە بوو کە بەشـی شـەیتان بـوو ، واتـە بەشی نەفس و ئارەزووەکانی ، کە دیارە هەموو کەسێ نەفسـی ئـەممارەی هـەوڵی لەگەڵ ئەدا تا گومڕای بکات . جا خوای گەورە ئەیەوێ یەکەم خۆشەویسـتی لـەوە ڕزگاری بێ و بە هیچ شێوەیەك شەیتان نەتوانێ لە خشتەی بەرێ .

---

[٦٣] صحيح مسلم بشرح النووي : ٢ / ٢١٦ ط حجازي .

[٦٤] سەیری کتێبی (الإسراء والمعراج) ی دکتۆر محمد بن محمد أبو شهبة بکە : ١ / ٥٥ ـ ٦٦ .

لەت‌کردنی دووهەم جاریش بۆ ئەوە بوو بەوپەڕی وریایی و هۆشیارییەوە فەرمانی ئاسمان وەربگرێ و ، دڵی بتوانێ قورئانی پیرۆز لە بەر بکات و پیتێکی لێ تێکەڵ نەبێت ، تا بە تەواوترین شێوە دینی خوا بگەیەنێ ..

لەت‌کردنی سێهەمیش ئامادەکردنی بوو بۆ ئەو خێر و بەرەکەت و فیوضاتە خواییانە کە لە شەوی میعراج‌دا پێشکەشی ئەکرێن و ، بۆ ئەو بەڵگە و نیشانە ئاشکرایانەش کە پەروەردگاری پێشکەشی ئەکات و ، بۆ ئەوەش تا لە نهێنیی ئیسرا و میعراج بە جوانیی تێ بگات . دیارە ئەمەش هەمووی پێویستی بە فراوانیی سنگ و دامەزراویی دڵ هەیە .

سێهەم : مۆری پێغەمبەرایەتیی

چەندین ریوایەت دەربارەی ئەوە هاتوون کە پارچە گۆشتێکی بەرزەوە بوو و ، بە موو داپۆشراو ، لەسەر شانی چەپی پێغەمبەری خوا ﷺ هەبووە ، بە وێنەی هێلکەی پۆڕ یان کۆتر ، وەك لە صەحیحی بوخاریی و موسلیم‌دا هاتووە . ئەمەش بە مۆری پێغەمبەرایەتیی ناسراوە .. جا ریوایەتەکان ئەوە ئەگەیەنن کە ئەم مۆرە لە کتێبە پێشووەکان‌دا بە یەکێ لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتیی لە قەڵەم دراوە ، وەك لە چیرۆکی بەحیرای راهیب‌دا هاتووە . ئەوەبوو بە هەر حاڵ هەوڵی دا تا چاوی بە مۆرەکەی سەرشانی کەوت و ، کە لەلای یەقین بوو خۆیەتی ئەبوطالیبی مامەی تێ‌گەیاند .

ئەوەی راستیی بێ ئەم مۆرە دوای لەدایك‌بوونی لەسەر شانی پەیدا بووە و ، راست‌تریش دوای لەت‌کردنی سنگی . ئەوەش کە ئەڵێ پێوەی لەدایك بووە رایەکی لاوازە . (شرح المواهب : ١ / ١٩٢).

هەردوو ئیمام ، بوخاریی و موسلیم بە سەنەدی خۆیان لە سائیبی کوڕی یەزیدەوە ، لە صحیحەکەیان‌دا ریوایەتیان کردووە کە وتوویە : پوورم ـ مەبەستی لە خوشکی دایکیەتی ـ بردمی بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و ، وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەم خوشکەزایەم ئازاری هەیە . ئەویش دەستی موبارەکی هێنا بە سەرم‌دا و ، دوعای فەڕ و بەرەکەتی بۆ کردم . پاشان دەست نوێژی گرت و ، لە

ئاوی دەست نوێژەکەیم خواردەوە و ، لە پشتیەوە وەستام و ، لە نێوان هەردوو شانیدا سەیری مۆری پێغەمبەرایەتییم کرد کە وەك هێلکەی پۆڕ وەها بوو .[٦٥]

ئیمام موسلیم یش بە سەنەدی خۆی لە جابیری کوڕی سەمورەوە ریوایەتی کردووە کە وتوویە : لەسەر پشتی پێغەمبەری خوا ﷺ مۆرێکم دیی کە وەك هێلکەی کۆتر وەها بوو .[٦٦]

چوارەم : بۆ لای دایکی

ئازیزمان لە ماڵی حەلیمە چوار ساڵی تەواو کرد .. بە رەوشتی جوان و ژیریی کەم وێنە و هەڵسوکەوتی رێك و پێکەوە ئەو ماوەیەی لە ناو نەوەی سەعددا بەسەر برد .. بوو بووە نموونەی مرۆڤی بەرێز .. هەر بەو منداڵییە هەموو کەسێ پێی سەرسام بوو .. وێنەیەکی تاقانەی پەروەردە بوو .. ئەوە بوو لە ساڵی چوارەم دا ، یان لە سەرەتای ساڵی پێنجەمدا حەلیمە هێنایەوە بۆ لای دایکی ، ئەمەش دوای سنگ لەت کردن ..

جا هەروەك لە رەوشت و هەڵسوکەوتدا هەڵکەوتوو بوو ، وەهاش لە بالا و لەش و لاردا هەڵکەوتوو بوو ، کە هیچ منداڵێك لەو تەمەنەدا وەها گەش و پێگەوتوو نەبوو ..

هاتەوە لای دایکی تا ماوەیەکیش لەگەڵ ئەودا بژیی ، نەوەکو ئەویش زۆری بە دنیاوە نەمابێ و ، وەك باوکی بە جێی بهێڵێ ..

خاتوو ئامینە بە چاوێکی پڕ لە رێزەوە سەیری موحەممەدی ئازیزی ئەکرد ، چونکە ئاگاداری ئەوە بوو کە ئازیزی منداڵێکی ئاسایی نیە ، وەك منداڵان .. بەڵکو پیاوێکە لە سەرووی هەموو پیاوانەوە .. هەر بەو منداڵییە دیار بوو کە پاشەڕۆژێکی روونی هەیە و ، بۆ کارێکی تایبەتیی و مەزن بەدیی هێنراوە ..

پێکەوە ژیان هەتا تەمەنی ئازیز گەیشتە شەش ساڵان .. دایکی وای بە چاك زانیی لەگەڵ موحەممەدی خۆشەویستیدا ﷺ سەردانی خاڵوانی عەبدولموطەللیبی باپیری بکەن لە شاری یەثریب ، کە لە نەوەی نەججار بوون ، تا ئەم کوڕە لاوچاکە بزانێ کە ئەم خاڵوانەی چۆن خزمێکی دڵسۆزن بۆی ، کە ئەوەبوو لە دوای بوونی بە

---

[٦٥] صحيح البخاري ـ كتاب المناقب ـ باب خاتم النبوة .
[٦٦] صحيح مسلم ـ كتاب الفضائل ـ باب صفة خاتم النبوة .

پێغەمبەر و ، دوای کۆچ کردنی بۆ مەدینە نەوەی نەججار رێزێکی تایبەتی‌یان لە خۆی و لە هاوەڵانی و لە دینەکەی گرت و ، خزمێکی یەکجار چاك دەرچوون . ئەمە لە لایەکەوە . لە لایەکی تریشەوە ئەم سەردانەیان بۆ ئەوەبوو کە سەرێك لە قەبرەکەی عەبدوڵڵای جوانەمەرگی خۆشەویستیان بدەن ، کە وا لە شاری یەثریب دا بە گڵ سپێرراوە .. دیارە ئەم چەند ماوەیە ئامینە ئەبێ چۆنیەتیی کۆچی دوایی عەبدوڵڵای مێردی بۆ موحەممەدی کوڕی باس کردبێ ، بەو بۆنەوە ئازیزیش حەزی کردبێ سەرێك لەو شارە بدەن کە باوکی تیا نێژراوە .

خاتوو ئامینە لەگەڵ کوڕی خۆشەویستی‌دا و بە یاوەریی عەبدولموطەللیبی خەزووری و ، لەگەڵ ئوم ئەیمەن ، بەرەکەی حەبەشیی ، کە کەنیزەکی عەبدوڵڵا بووە ، لە مەککە دەرچوون و لەگەڵ کاروان‌دا گەیشتنە یەثریب .. لەوێ چوونە ماڵی نابیغەی نەججاریی خزمیان کە عەبدوڵڵا لای ئەوان نێژرا بوو و ، بۆ ماوەی مانگێك لەوێ مانەوە و ، بە کوڵ فرمێسکیان بۆ ئازیزیان هەڵ رشت و ، موحەممەدیش ﷺ ئەو کاتە واتای هەتیویی لە خۆی‌دا بەدیی کرد .

دوای ئەوە خواحافیزی‌یان لە خزمان کرد و لەگەڵ کاروان‌دا گەڕانەوە بۆ مەککە .. لە رێگادا خاتوو ئامینە نەخۆش کەوت و ویستی خوا وەها بوو کۆچی دوایی بکات و ، هەر لەوێ لە گوندی (ئەبواء) نێژرا و ، ئازیزیش لەسەر قەبرەکەی چۆکی دا و بە خوڕ فرمێسکی گەرمی بۆ مەرگی ناخلۆفی دایکی هەڵ رشت .. وەك چاوی بە باوکی نەکەوت ، لە دایکیشی زۆر زوو جیا بوویەوە و تاسەیان لە یەك نەشکا .. ئیتر فەرمانی خوایە .. ئەبێ خۆشەویستەکەی وەها گەورە ببێ .. تا سۆزی تەواوی بەرامبەر بە هەموو مرۆڤێك هەبێ ..

دوایی پێغەمبەر ﷺ ، دوای کۆچ کردنی بۆ مەدینە ، هەندێ بیرەوەریی ئەو گەشتەی ئەگێڕایەوە .. ئەی‌فەرموو : لەگەڵ دایکم‌دا هاتینە ئێرە .. قەبری عەبدوڵڵای باوکم لەم خانووەدایە .. لە بیری نەوەی عەدیی کوڕی نەججار فێری مەلەکردن بووم ..

پێنجەم : لە لای باپیری

عەبدولموطەللیب موحەممەدی کوڕەزای دڵشکستی هێنایەوە مەککە و ، لەلای خۆی هێشتیەوە .. زۆر بەزەیی پیا هاتەوە .. ئەوان ویستیان بە سەردانی یەثریب

کەمێ دڵی موحەممەد گیان خۆش بکەن ، کەچیی بە مردنی دایکی کۆستێکی تریشی کەوت و ، ئەوەندەی تر خەمبار بوو .. بۆ ئەمە لە هەموو منداڵەکانی زیاتر بەزەیی پیا ئەهاتەوە و ، لە خۆی نزیکی ئەخستەوە و ، نەی‌ئەهێشت تەنیا بکەوێت . هەرکەی نانیشیان بۆ عەبدولموطەللیب دابنایە نەی‌ئەخوارد هەتا موحەممەدیان بانگ بکردایە و بهاتایە لەگەڵیا نانی بخواردایە . جا ئەم دڵدانەوەیەی عەبدولموطەللیب بوو بووە هۆی ساڕێژ کردنی زامی بێباوك و دایکیی موحەممەد .

لەولاوە ئوم ئەیمەن [٦٧] وەکو دایکێکی دڵسۆز سەروکاریی ئەکرد ، هەتا کە گەورە بوو چاکەی ئوم‌ئەیمەنی لەبەر چاو بوو و ئەی‌فەرموو : ((هي أمي بعد أمي)).

عەبدولموطەللیب یش زۆر جار ئوم ئەیمەنی ئاگادار ئەکردەوە هەتا چاو لە موحەممەد کلا نەکات ، چونکە ئەم منداڵە پیاوێکی ناوداری لێ دەرئەچێ و ، ئەهلی کیتاب وەهای دەرئەبڕن کە ئەبێتە پێغەمبەری ئەم ئوممەتە ..

باپیری هەر چەندە سەرنجی هەڵس و کەوت و سیفەت و سروشتی ئازیزی ئەدا ، دڵی ئەگەشایەوە ..

عەبدولموطەللیب فەرشێکی تایبەتیی خۆی هەبوو کە لە سێبەری کەعبەدا بۆیان رائەخست و هیچ کوڕێکی لەسەری دانەئەنیشت ، بەڵکو هەموویان بە دەوری فەرشەکەدا دائەنیشتن و چاوەڕوان بوون باوکیان لە ماڵ دەرچێت و بێت لەسەری دابنیشێ .. کەچیی موحەممەدی ئازیز ﷺ کە تەمەنی حەوت و هەشت ساڵان بوو، ئەهات و ئەچووە سەر فەرشەکەی باپیری و لەسەری دائەنیشت .. مامەکانی ئەیان ویست هەڵی بسێنن و دەری کەن . جا ئەگەر باپیری چاوی لەو کارەیان بوایە ئەی وت : واز لەم کوڕەم بهێنن ، دە بەخوا خاوەنی پایە و پلە ئەبێت .. دوای ئەوە لەگەڵ خۆیدا لەسەر فەرشەکەی دای ئەنا و ، دەستی راستی بە پشتیا ئەهێنا و ئەشی گوشیی بە خۆیەوە و ، بە هەڵس‌وکەوت و کردەوەکانی یەکجار دڵخۆش ئەبوو .

کە تەمەنی ئازیز گەیشتە هەشت ساڵ و دوو مانگ و دە رۆژ عەبدولموطەللیبی باپیری لە مەککەدا کۆچی دوایی کرد و ، پێش مردنیشی وای بە چاك زانیی

---

[٦٧] ئوم ئەیمەن : ناوی بەرەکەی حەبەشی‌یە و کچی (ثعلبة) ی کوڕی حیصن ە . کەنیزەکی عەبدوڵلا بوو ، پاشان بووە کەنیزەکی پێغەمبەر . زوو بە زوو موسڵمان بوو و هەردوو کۆچی حەبەشە و مەدینەی کرد . ئەوەی صەحیح بێ ئەوەیە کە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر بە پێنج مانگ کۆچی دوایی کردووە .

موحەممەد بداتە دەست ئەبوطالیبی کوڕی ، چونکە ئەو برای دایك و باوکیی عەبدوللا بوو .

شەشەم : لەلای مامەی

وەنەبێ ئەبوطالیب گەورەترین یان دەوڵەمەندترین کوڕی عەبدولموطەللیب بووبێ، بەڵکو ماقووڵترین و پایەدارترین و نەفس پاك ترین کەسی قوڕەیش بوو و ، موحەممەدی برازایشی یەکجار خۆش ئەویست ، بە رادەیەك کە هیچ کام لە کوڕەکانی خۆی ئەوەندە خۆش نەئەویستن ، بەڵکو ئەمی پێش هەموویان ئەخست .. ئەبوا لەگەڵ خۆیدا نانی بخواردایە و ، بخەوتایە . کە لە ماڵیش دەرئەچوو لەگەڵ خۆیدا ئەی بردە دەرەوە ..

بۆ نان خواردن بە تایبەتیی حیسابی بۆ موحەممەدی برازای ئەکرد .. ئەوەبوو ئەگەر ماڵ و منداڵی ئەبوطالیب بە تاك و بە کۆ نانیان بخواردایە تێر نەئەبوون ، بەڵام ئەگەر پێغەمبەری خوایان ﷺ لەگەڵدا بوایە تێریان ئەخوارد . بۆیە کە ئەبوطالیب بیویستایە نانیان دەرخوارد بدات . ئەی وت : بوەستن تا کوڕەکەم دێت .. ئیتر کە پێغەمبەر ئەهات و لەگەڵی ئەخواردن ، خواردنەکەیان لێی ئەمایەوە . ئەبوطالیب یش لەمە سەری سوڕ ئەما و ئەیوت : بە راستیی تۆ موبارەکی .

منداڵان کە بەیانیان لە خەو هەڵئەستان چاویان ریپۆقەی ئەکرد و قژیان ئەدزرا، کەچیی موحەممەدی ئازیزپاك و خاوێن و رێك وپێك لە خەو هەڵئەستا ..

هەتا ئەبوطالیب زیاتر سەرنجی رەفتاری شیرین و هەڵس و کەوت و نان خواردن و قسەکردنی پێغەمبەری خوای ئەکرد ، کە لەو تەمەنەدا هیچ منداڵێك عەقڵی پێیان نەئەشکا ، ئەوا زیاتر خۆشی ئەویست و رێزی لێ ئەگرت ..

ماوەی منداڵیی بە چاودێریی و ، ماوەی گەورەییشی بە بەرگریی لێ کردن ، زیاتر لە چل ساڵ ئەبوطالیب بە دڵسۆزییەوە سەروکاریی موحەممەدی برازای کرد .

ئیبن عەساکیر لە جەهمەی کوڕی عەرفەطەوە ئەخریجی کردووە کە وتوویە : هاتمە مەککە ، ئەبینم خەڵکەکە گرانییانە ..

قوڕەیشییەکان وتیان :ئەبوطالیب ! گرانیی کەوتە شیوەکەوە و ، ماڵ و منداڵ هیچیان نیە بیخۆن ، ئادەی داوای باران بارین بکە . ئەبوطالیبیش هاتە دەرەوە و،

منداڵێکیشی لەگەڵدا بوو بە وێنەی خۆری بە هەور بەرگیراو ، کە هەورێکی رەش رەش لێی رەویبێتەوە و ، چەند منداڵێکیش بە دەوریا بوون . ئەبوطالیب منداڵەکەی برد و ، پشتی نووساند بە کەعبەوە و ، پەناشی بۆ پەنجەی منالەکە برد و ، پەڵە هەورێکی بچووکیش بە ئاسمانەوە نەبوو .. لە هەموو لایەکەوە هەور پەیدا بوو و ، بە خوڕەم باران هاتە خوارەوە و ، لافاوی شیوەکە هەڵسا و ، دەر و دەشت صەوز بوو .

حەوتەم : مەڕ لەوەڕاندن

پێغەمبەری خوا ﷺ بە منداڵیی خەریکی مەڕ بەخێوکردن بووە .. جاری وابووە بۆ خزمەکانی و ، جاری واش بووە بۆ خەڵکی مەککە . بەمە هەر بە منداڵیی سەلماندی کە دارای رەوشتێکی یەکجار بەرزە ، بەوەی کە نان و بژێویی خۆی بە رەنجی شان و عەرەقی ناوچەوانی پەیدا کردووە .. ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ لە کاتی گەورەیی‌دا باسی شوانیی خۆی ئەکرد و زۆریش پێی شادمان بوو ..

ئیمام ئەحمەد لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە ئەگێڕێتەوە کە وتوویە : شوانی وشتر و مەڕەکان لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ دەستیان دایە خۆهەڵکێشان و شانازییکردن . پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی : ((الفَخرُ والخُيَلاءُ في أهلِ الإبِلِ ، والسَّكِينَةُ والوِقارُ في أهل الغَنَمِ)) . فەرمووی : فەخر و شانازیی بەلای شوانی وشترەوەیە و ، هێمنیی و ویقاریش بە لای شوانی مەڕەوەیە . هەروەها فەرموویە : ((بُعِثَ مُوسَى وَهُوَ يَرعَى غَنَماً لأَهله ، وَبُعِثتُ أنا وَأَنا أَرعَى غَنَماً لأَهلِي بِجِيادٍ)) . فەرموویە : مووسا پێغەمبەر سەلامی لێ بێ کە کرا بە پێغەمبەر مەڕی بۆ خزمەکانی ئەلەوەڕاند و ، منیش کە کرام بە پێغەمبەر مەڕم لە (جیاد) دا بۆ خزمەکانم ئەلەوەڕاند .. هەروەها فەرموویە : ((ما بعث الله نبياً إلا وقد رَعَى الغَنَمَ)) . فەرموویە : هەموو پێغەمبەرێك مەڕی بەخێو کردووە . هاوەڵانی وتیان : تۆیش ؟ فەرمووی : ((نعم ، كُنتُ أرعاها على قراريطَ لأهلِ مَكَّةَ)) .[٦٨] فەرمووی : بەڵێ ، بە چەند قیراطێك مەڕم بۆ دانیشتوانی مەککە ئەلەوەڕاند ..

حیکمەتی ئەوەش کە پێغەمبەران سەلامیان لێ بێ پێش هاتنی وەحیی بۆیان مەڕیان لەوەڕاندبێ ئەوەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری نەتەوەکانیان رابێن ، ئەویش بە راهاتن لەسەر شەفەقەت و بەزەیی و ، هەر بە منداڵیی لەسەر ئارام و

---

[٦٨] رواه البخاري .

بەرگەگرتن رابێن و ، بیر لـە بەرژەوەنـدیی دەورویـەریان بکەنـەوە و دژی سـتەم و ناڕەوایی بوەستن و ، پشتگیریی لە لاواز و کەمدەست بکەن .

لە بیرمان نەچێ کـە خـوای گـەورە لـە هـەموو قۆناغـەکانی ژیـانی ئـازیزدا چاودێریی تایبەتیی کردووە تا تووشـی هەڵـە نـەبێت و ، بـە رەوشـتـە نزمـەکانی کۆمەڵی نەفامیی چەپەڵ نەبێت ..

(إبن الأثير) ریوایەتی کردووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە :

((ما هَمَمْتُ بشـيء مما كانَ أهلُ الجاهليَّة يعملون غير مرَّتين ، كلٌّ ذلك يحول الله بيني وبينَهُ ، ثمَّ ما هممتُ به حتى أكرمَني برسالته . قلت ليلةً للغلام الذي يرعى معـي بأعلى مكة : لو أبصرت لِي غنمي حتى أدخل مكَة ، وأسمر بـها كما يسمر الشباب ! فقال : أفعل ، فخَرجت حتى إذا كنت عند أول دار بمكة ، سمعت عزفاً ، فقلت : مـا هذا ؟ فقالوا : عرس فلان بفلانة ، فجلست أسمع ، فضَرَبَ الله على أذنـي ، فنمتُ ، فـما أيقظني إلا حَرُّ الشمس ، فعدتُ إلى صاحبي ، فَسَألَني ، فأخبرته ، ثم قلت ليلـةً أخرى مثل ذلك ، ودخلت مكة ، فأصابني مثلَ أول ليلةٍ ، ثم ما هَمَمْتُ بِسـوءٍ)) .

(صححه الحاكم والذهبي وضعفه إبن كثير).

لەم فەرموودەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێش هاتنی وەحی بۆی تەنها دوو جار هەوڵی داوە چاو لە نەفامان بکات ، کەچیی خوای گەورە بـۆی نەڕەخساندووە و لەو کارە ناشـیرینانەی نـەفامیی بـەدووری گرتـووە هـەتا خـوای گەورە ئەیکاتە هەڵبژاردەی خۆی ..

ئەفەرموێ : شەوێکیان بەو منداڵەم وت کـە لەگـەڵمدا مـەڕی ئەلەوەڕانـد لـە ژووری مەککەوە : خۆزگە چاوێکت لە مەڕەکانی منیش بوایە هەتا بچوومایە بـۆ مەککە و وەك گەنجان شەوێکی خۆشم بەسەر ببردایە . وتی : باشە .

ئەفەرموێ : رۆیشتم تا گەیشتمە یەکەم ماڵی مەککە ، لەوێ گوێم لە دەنگـی شایی بوو ، پرسییم : ئەمـە چـیـیە ؟ وتیـان : شـایی فـلان و فیسـارە . منـیش دانیشتم و گوێم گرت ، کەچیی خوای گەورە وەك بدا لە بناگوێم خەوی پیا خسـتم و ، بە تینی خۆر لەخەو هەڵسام . ئـیتر گەڕامـەوە بـۆ لای هاوەڵەکـەم و ، کـە پرسیاری لێ کردم ، باسەکەم بۆی گێڕایەوە .

شەوێکی تریش وەهام وت و ، چوومەوە بۆ مەککە و ، ئەو شەوەش وەك یەکەم جارم لێ هاتەوە .. ئیتر دوای ئەوە شتی خراپ بە دڵمدا نەهات ..

هەشتەم : گەشتی شام :

کە تەمەنی ئازیزمان ﷺ گەیشتە دوانزە ساڵان [٦٩] لەگەڵ ئەبوطالیبی مامەیدا بە نیازی بازرگانیی بەرەو شام کەوتنە ڕێ .. مامەی نیازی نەبوو بیبات لەبەر مەینەت و ماندوو بوونی ڕێگا . کەچیی کە سەیری کرد برازاکەی ئەم گەشتەی زۆر پێ خۆشە و ، حەزی لەوەیە کە لە مامەی جیا نەبێتەوە . ئەویش بەزەیی پیا هاتەوە و ، لەگەڵ خۆیدا بردی .. بەردەوام ڕۆیشتن هەتا کاروانەکە گەیشتە شاری بوصرا لە وڵاتی شام . لەوێ ڕاهیبێکی لێ بوو کە ناوی جەرجیس بوو و بە (بەحیرا) ئەناسرا ، کە هەندێ ئەڵێن زانایەکی مەسیحیی بووە و ، هەندێکیش ئەڵێن : حیبرێکی یەهوودی تەیماء بووە . ئەم ڕاهیبە لە کتێبە ئاسمانییە پێشینەکان شارەزا بوو و ، ئەوەشی بۆ دەرکەوتبوو کە کاتی ڕەوانەکردنی پێغەمبەری ئاخرزەمان ﷺ نزیك بۆتەوە و ، لەناو عەرەبیشدا هەڵ ئەکەوێ .

کە کاروانی قوڕەیشییەکان نزیك کەوتەوە ، بەحیرا چاوی لە پەڵە هەورێك بوو کە سێبەری بۆ یەکێ لە کاروانەکە ئەکرد ، بەم بۆنەوە ، بۆ یەکەم جار نانی بۆ کاروانەکە دروست کرد و داوای لە قوڕەیشییەکان کرد کە میوانی ئەو بن . کاتێك کە دێن بۆ سەر دەعوەتەکە ڕیوایەتی وا هەیە کە وای ئەگەیەنێ پێغەمبەریش ﷺ لەگەڵیانا هاتووە و ، ڕیوایەتی وایش هەیە کە وای ئەگەیەنێ هەموویان هاتوون جگە لە پێغەمبەر ﷺ و لە ژێر درەختێکی نزیکدا بەجێی ئەهێڵن .. کە دێن بەحیرا سەرنجی یەك بە یەکیان ئەگرێت ، ئەبینێ ئەو کەسەی کە ناونیشانی لای ئەوە تیایانا نیە .. بۆیە گلەیی ئەوە ئەکات کە ئەو دەعوەتی هەموویانی کردووە ، کەچیی وا هەندێکیان ئامادە نەبوون .. ئیتر ئەنێرن بە دوای پێغەمبەریشدا ﷺ .

کاتێ کە ئامادە بوو بە وردیی سەرنجی گرت و ئاگاداری هەندێ سیفەتی بوو ، پاشان بە هەر فێڵێك بوو چاوی بە مۆری پێغەمبەرایەتیی نێو هەردوو شانی کەوت و بەو شێوە بوو کە لە کتێبەکانی خۆیاندا نووسرا بوو . ئەوەبوو ڕووی لە ئەبوطالیب کرد و پرسیی : ئەم کوڕە چیتە ؟ وتی : کوڕمە . بەحیرا وتی : کوڕت نیە و ، باوکی ئەم کوڕەش نەماوە !! ئەبوطالیب وتی : برازامە . پرسیی : ئەی کوا

---

[٦٩] مامۆستا ئەبولحەسەنی نەدەویی ڕەحمەتی خوای لێ بێ رای وەهایە کە بە ڕیوایەتی صەحیح نۆ ساڵان بووە.
(السيرة النبوية للندوي : ١٠٤) .

باوکی ؟ وتی : ئەم لە سکی دایکیا بووە باوکی مردووە . وتی : ڕاست ئەکەی . برازاکەت بەرەوە بۆ وڵاتی خۆی و ، بیپارێزە لە جوولەکە ، بەخوا ئەگەر بیبینن و، ئەوەی من لێی ئاگادار بووم ئەوانیش لێی ئاگادار بن ، تووشی شەڕ و خراپەی ئەکەن . ئەم برازاتە پایە و پلەیەکی بەرزی ئەبێ .

لە ڕیوایەتێکی تردا دەری ئەبڕێ کە ئەم برازایەی ئەبێتە سەرداری هەموو جیهان و خوای گەورە بە شێوەی (رحمة للعالمين) ڕەوانەی ئەکات .

ئەبوطالیبیش ئەڵێ : ئەمەت لە کوێ زانیی ؟

وتی : کاتێ کە ئێوە لە بارستایەکە هاتن بەم دیوا ، هەرچیی دار و بەرد بوو هەر هەمووی چوو بە دەما و سەجدەی برد ، دیارە ئەمانەش تەنها بۆ پێغەمبەر سەجدە ئەبەن و ، بە هۆی مۆری پێغەمبەرایەتییشەوە ئەیناسم ، کەوا بە وێنەی سێوێك لە بەشی خوارەوەی دەفەی شانیدایە و ، ئێمەش ئەوە لە کتێبەکانماندا ئەبینین . هەروەها داوای لە ئەبوطالیب کرد ئەم برازایەی بگێڕێتەوە و نەی با بۆ شام ، نەوەکو یەهوود دەستێکی لێ بوەشێنن .. ئەوە بوو مامەشی لەگەڵ چەند بەندەیەکیدا ناردیەوە بۆ مەککە .

نۆهەم : جەنگی فیجار :

کاتێ کە تەمەنی پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتە چواردە یان پانزە ساڵ جەنگی فیجار لە دوورگەدا رووی دا .. ئەم جەنگە لە نێوان قورەیش و هۆزەکانی کینانەدا لە لایەکەوە و ، قەیس عیلان و کۆمەکانیدا لە لایەکی ترەوە ، رووی دا .. فەرماندەی قورەیش و کینانە هەر هەموویان لەم جەنگەدا حەربی کوڕی ئومەییە بوو ، واتە باوکی ئەبوسوفیان ، ئەویش بە بۆنەی تەمەن و پیاوماقووڵیەوە .

هۆی بەرپابوونی ئەم جەنگە ئەوەبوو کە نوعمانی کوڕی مونذیری پادشای عەرەب لە حیرە کاروانێکی خۆی نارد بۆ بازاڕی عوکاظ ، جا پێویستیی بە کەسێکی وەها لێهاتوو هەبوو کە کاروانەکە بخاتە پەنای خۆیەوە و کەسێك نەتوانێ رێی پێ بگرێ .

ڕۆژێکیان بەرڕاضی کوڕی قەیسی کەنانیی و ، عوروەی کوڕی عوتبەی رەححال لە کۆڕی پادشادا دانیشتبوون و ، پادشا رووی لە دانیشتوان کرد و وتی : کێ ئەم بازرگانییەم ئەخاتە پەنای خۆیەوە تا بگاتە عوکاظ ؟

بەرڕاض ـ کە پیاوێکی جەردە و خوێڕیی بوو و خزمەکانی ، بە بۆنەی خراپ کاریی‌یەوە ، هیچ متمانەیەکیان پێ نەئەکرد ـ وتی : من ئەیگرمە پەنام کە نەوەی کینانە دەستی بۆ نەبەن .

پادشا وتی : من ئەمەوێ بۆ هەموو خەڵکیی بی‌گریتە پەنای خۆت .

عورروە وتی : کارێکی سووك ئەکەیت .. سەگێکی خوێڕیی پەنایان بدات بۆت ؟ مەبەستی لە بەرڕاض بوو . من بۆ هەموو دانیشتوانی بیابان ، دانیشتوانی نەجد و توهامە ، ئەیگرمە پەنام .

بەرڕاض وتی : عورروە ! بۆ کینانەش ئەی‌گریتە پەنات ؟ وتی : بەڵێ ، بۆ هەموو خەڵکییش !

بەرڕاض ئەمەی گرتە دڵ و ، خۆی لە عورروە داگرت هەتا ئەوەبوو بە بازرگانی‌یەکەوە بەرەو عوکاظ کەوتە رێ و ، لە رێگا هەلی بە دەست هێنا و عورروەی کوشت و کاروانەکەی نوعمانی فڕاند و قورەیشیش لە بازاڕی عوکاظ دا بوون و ، هەواڵیان بۆ هات کە بەرڕاض چ نامەردی‌یەکی ئەنجام داوە .. قورەیش بە پەلە خۆیان پێچایەوە و گەڕانەوە بەرەو مەککە و ، نەیان‌هێشت هەوازین هەستیان پێ بکەن .

دوای ماوەیەك هەوازینیش هەواڵی کوژرانی عورروەیان بیست و کەوتنە شوێن قورەیش و بەر لەوەی بگەنە حەرەمی مەککە فریایان کەوتن و دەستیان دایە جەنگ و کوشتار، هەتا ئەوەبوو قورەیش خۆی دایە پەنای حەرەم و جەنگ وەستا . بەڵام بەڵێنیان دا ساڵی ئایندە لە عوکاظدا بەرامبەر بە یەك بوەستن .. ئەم جەنگە چوار ساڵی خایاند ، هەتا ئەوەبوو خوای گەورە بە ئیلهام دڵی ژیرێکی لایەکیانی ئاگادار کرد و ، داوای رێك کەوتنی کرد . ئەوانیش گوێیان بۆ گرت ، بەڵام دوای ئەوەی کە جەنگ هەردوو لای بە چۆك‌دا هێنا بوو . لەسەر ئەوە رێك کەوتن کە هەرلایەکیان کەمتری لێ کوژرا بوو ، خوێنی زیادە کوژراوانی ئەو لایەنەکە بدات .. کە سەرژمێری‌یان کرد ئەبینن قورەیش کەمتری لێ کوژراوە ، بۆیە خوێنی بیست پیاوی بۆ هەوازین بژارد .

ئەم جەنگە لە مانگەکانی حەرام‌دا رووی دا کە خوای گەورە جەنگ و کوشتاری تیا قەدەغە کردبوون و ، هەر لەبەر ئەمەیەش ناونرا جەنگی فیجار .

جا پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ لەگەڵ مامەکانیدا بەشداریی ئەم جەنگەی کردووە، کە هەندێ ئەڵێن : وەکو ئەوان تیری ئەهاویشتن و ، هەندێکیش ئەڵێن : ئەو تیرانەی کە هەوازین ئەیهاویشتن کۆی ئەکردنەوە و ئەیدان بە دەست مامەکانیەوە .

کاتێکیش کە بۆتە پێغەمبەر و پرسیاری لێ ئەکەن ئەوە دەربڕی کە لەو بەشدارییەش پەشیمان نیە ، کە فەرموویە : ((قَد حَضرته مع عُمومَتي ، ورَمَيتُ فيه بِأَسهُم ، وَما أُحِبُّ أَنّي لَم أَكُن فَعَلتُ)) .[70]

دەهەم : پەیمانی ((فەضول)) :

بە چوار مانگ دوای کۆتایی هاتنی جەنگی فیجار ، چەند هۆزێکی قورەیشیی لە مەککەدا کۆبوونەوە و پەیمانێکیان بەست بە ناوی پەیمانی فەضول ، کە بە راستیی هەنگاوێکی مەردانە بوو و ، بەرێزترین و چاکترین پەیمان بوو کە عەرەب لە سەردەمی نەفامییدا ئەنجامی بدەن ..

مەبەستی بەستنی ئەم پەیمانە بۆ ئەوە بوو کە ئەو هۆزانەی بەشداریی تیا ئەکەن بە هەموو هێزێکیانەوە یەك بگرن لەسەر ئەوەی کە لە مەککەدا هەرکەسێ ستەمی لێ بکرێ ، ئیتر سا دانیشتووی مەککە بێ ، یان خەڵکی شوێنی تر بێ و سەری لە مەککە دابێ ، دەستبەرداری نەبن هەتا مافی بۆ وەر بگرنەوە و ، لەوەش نەگەڕێن کە ستەمی لێ کردووە هەتا هەموو مافێکی بۆ بگێڕێتەوە .

هۆی بەستنی ئەم پەیمانەش ئەوەبوو کە پیاوێك لە هۆزی زوبەید لە یەمەنەوە هەندێ کەلوپەل بۆ فرۆشتن دێنێ بۆ مەککە و ، یەکێ لە پیاوە دەسەڵاتدار و ناودارەکانی قورەیش ، کە ناوی عاص ی کوڕی وائیلی سەهمیی بوو ، کەل وپەلەکەی لە کابرای زوبەیدیی کڕیی ، بەڵام پارەکەی نەئەدایە ، دوای داواکردنی ناچار بوو پەنای بردە بەر چەند هۆزێك کە لە عاص ەوە نزیك بوون ، تا مافەکەی بۆ وەر بگرنەوە .. هۆزەکانیش ئەمانە بوون : عبدالدار ، مخزوم ، جُمَّح ، سهم ، عدي کوڕی کەعب . کەچیی هیچێ لەم هۆزانە نەهاتنە هاواری ئەو پیاوە بێکەسە و ، زیاد لەوەش پیایا هەڵ شاخان ..

زوبەیدیی کە ئەمەی دیی هەستی کرد نرخی مرۆڤ نەماوە ، ناچار بوو لە کاتی هەڵهاتنی خۆردا چووە سەر چیای ئەبوقوبەیس و ، قورەیشیش لە دەوری کەعبە

[70] الطبقات الکبری : ١ / ١٢٨ .

کوڕیان بەستبوو . جا بۆ ئەوەی مافی خۆی دەست بکەوێتەوە ، بە دەنگی بەرز چەند دێڕە شیعرێکی وت ، تا تێ بگەن کە ستەمی لێ کراوە و کەلوپەلی لێ زەوت کراوە .

کە زوبەیری کوڕی عەبدولموطەللیب ئەمەی بیست وتی : ((ما هذا مترك)) . دیارە ئەمە زۆر کاری تێ ئەکات ، نەك بە تەنیا ئەو بەڵکو کار ئەکاتە سەر چەند هۆزێك . ئەوەبوو نەوەی هاشم و ، موطەللیب و ، ئەسەد و ، زوهرە و ، تەیم لە ماڵی عەبدوڵڵای کوڕی جەدعانی تەیمیی ، بە بۆنەی تەمەن و ماقووڵی‌یەوە ، کۆبوونەوە و ، ئەویش دەعوەتێکی بۆ کردن و پەیمانیان دا و لەسەر ئەوە رێك کەوتن کە ستەم قبووڵ نەکەن و ، بە یەك دەست لە دژی ستەمکار بووەستن و لەسەر ستەملێکراویش بکەنەوە . ئەوەبوو هەستانەوە بۆ عاص ی کوڕی وائیل و حەقی کابرای زوبەیدی‌یان لە ژێر چنگی دەرهێنا و بە سەری بەرزەوە رەوانەیان کردەوە ..

بە بۆنەی ئەوەوە کە ئەم پەیمانە سەری گرت زوبەیری کوڕی عەبدولموطەللیب ئەم شیعرەی هۆنی‌یەوە :

إنَّ الفضولَ تعاقدوا ، وتحالفوا ألاّ يقيمَ ببطنِ مَكَّةَ ظالمُ
أمرٌ عَليه تعاقدوا وتواثقوا فالجار والمعترُّ فيهم سالم

ئەڵێت : کۆمەڵی فەضول پەیمانیان بەست و سوێندیان خوارد کە نەهێڵن لە شیوی مەککەدا زاڵمێك جێی ببێتەوە . ئەمە کارێکە ئەوان بەڵێنیان داوە و لەسەری رێك کەوتوون کە چ خەڵکی مەککە و چ میوانانی ماڵی خوا هەر هەموو تیایا سەلامەت و بێ‌وەی بن ..

ئەمە بڕیاری مرۆڤی بەڕێزە ، بۆ قەڵاچۆکردنی ستەم .. ئەمە داوای مافی مرۆڤە بەڵام بە راستیی و بە کردەوە ، نەك بە فڕوفێڵ و چاوبەستن ..

پێغەمبەری ئازیزیشمان ﷺ هەرچەندە هێشتا منداڵ بوو و وەحیی بۆ نەهاتبوو ، بەشداریی ئەم پەیمانە بەڕێزەی کردووە و ، دوای ئەوەی کە خوای گەورە کردیە پێغەمبەری ئاخرزەمان ئەی فەرموو : ((لَقَد شَهدتُ في دارِ عَبدالله بنِ جَدعانَ حِلفاً ما أُحبُّ أنَّ لي بِهِ حُمُرَ النعم ، وَلَو أُدعَى بِهِ في الإسلامِ لأَجبتُ)) .[71]

---

[71] الرحيق المختوم : ٥٤ ـ ٥٩ ، السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ١٩١ ـ ٢١٤ ، السيرة النبوية للصلابـي : ٤٨ ـ ٦١ .

بەشی هەشتەم
سەردەمی پێش پێغەمبەرایەتیی

یەکەم : ڕەنج و تەقالا

پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ لە سەرەتای ژیانیەوە کارێکی ئەوتۆی نەبووە ، بەلاّم ریوایەتی زۆر هەن لەسەر ئەوەی کە کاتێ لە مالّی حەلیمەی دایەنی بووە خەریکی مەڕ لەوەڕاندن بووە و ، کاتێکیش گەڕاوەتەوە مەککە و بە چەند قیراطێك مەڕی بۆ خەلّك لەوەڕاندووە .

خەدیجەی کچی خوەیلید ئافرەتێکی پایەدار و دەولّەمەند بوو . پیاوی بەکرێ ئەگرتن تا سەروکاریی بازرگانی‌یەکەی بۆ بکەن . قوڕەیشیش لە بازرگانیی‌دا سەرقالّ بوو بوون .. کاتێ کە خەدیجە هەوالّی راستگۆیی و ، ئەمانەت‌داریی و ، ڕەوشت‌بەرزیی پێغەمبەری خوای ﷺ بیست ، ناردی بە دوای‌دا و ، کە تەشریفی هێنا خەدیجە پێی ڕاگەیاند کە بە بۆنەی ئەوەوە هەوالّی راستگۆیی و ، ئەمانەت داریی و ، ڕەوشت‌بەرزیی ئەوی بیستووە ناردوویە بە دوای‌دا و ، دووقاتی خەلّکیی تر کرێی بۆ دائەنێ .

پێغەمبەریش ﷺ ئەمەی بۆ ئەبوطالیبی مامەی گێڕایەوە و ، ئەویش وتی : ئەمە رزقێکە خوا بۆی گەیاندووی .

لە ریوایەتێکی تردا هاتووە کە ئەبوطالیب ئەوە ئەخاتە پێش چاوی پێغەمبەر ﷺ تا سەروکاریی بازرگانیی خەدیجە بکات ، چونکە بێ‌گومان خەدیجە فەزلّی ئەو بەسەر کەسانی تردا ئەدات . هەروەها ئەبوطالیب خۆی چووە بۆ لای خەدیجە و پێی وتووە : ئایا خەدیجە ئامادەی موحەممەد بەکرێ بگری ؟ پێمان گەیشتووە کە فلاّنە کەست بە دوو وشتر بە کرێ گرتووە ، بەلاّم بۆ موحەممەد بە چوار وشتر نەبێ رازیی نابین .

خەدیجە بە وتەیەك وەلاّمی دایەوە کە ئەوپەڕی ڕێز و حورمەت و هەست و خۆشەویستیی تیا بەدیی ئەکرا : ئەگەر ئەمەت بۆ نەویستراوێکی دوورینە داوا

بکردایە ، ئەوا بە گوێم ئەکردی ، چ جای ئەوەی کە بۆ خۆشەویستێکی نزیك داوای ئەکەی !!

ئەبوطالیبی ریش سپیی بەوپەڕی دڵ خۆشی‌یەوە گەڕایەوە دوا و ، باسەکەی بۆ موحەممەدی برازای گێڕایەوە .. ئای کە ئەو وشە پاك و راستانە چەندە موحەممەدی لاویان دڵخۆش کردبێ !

ئەو کاتە تەمەنی ئازیز گەیشتبووە بیست و پێنج ساڵیی .. لە چواردەی ذولحەججەدا و ، لەگەڵ مەیسەرەی خزمەتگوزاری خەدیجەدا ، بە ماڵ و سامانی بازرگانیی خەدیجەوە بەرەو شام کەوتنە رێ .. رۆیشتن هەتا گەیشتنە بازاڕی بوصرا ، لە ریوایەتێك‌دا ، یان بازاڕی حوباشە ، لە ریوایەتێکی تردا . لەوێ پێغەمبەر ﷺ لە بازاڕی بوصرادا لە نزیك پەرستگای راهیبێك‌دا کە ناوی (نسطورا) بوو ، دابەزی‌یە ژێر سێبەری درەختێك ..

نەسطورا وتی : مەیسەرە ! ئەم پیاوەی کە دابەزی‌یە ژێر ئەم درەختە کێیە ؟ وتی : پیاوێکی قورەیشیی خەڵکی حەرەمە . راهیبەکە وتی : تەنها پێغەمبەر دائەبەزێتە ژێر ئەم درەختە ! لە ریوایەتێکی تردا : دوای عیسا تەنها پێغەمبەر دابەزیوەتە ژێر ئەم درەختە !

لەم گەشتەدا مەیسەرە خەریك بوو باڵی ئەگرتەوە .. لە ژیانی‌دا پیاوی وەهای نەدی بوو .. دڵی پڕ بوو لە رێز و خۆشەویستیی بۆ موحەممەدی سەرداری .. بە جوانیی رەوشتی بەرزیی ، چاکەی ، نەرم و نیانیی ، دڵسۆزیی ، موعامەلە چاکیی ، ئەمانەت‌داریی ، دەست‌پاکیی ئازیزی بە چاوی خۆی بینیی.. بە چاوی خۆی ئەوەشی دیی کە پەڵە هەورێك سێبەری بۆ ئەکرد ، ئیتر وتەکەی نەسطوراش با لەولاوە بوەستێ ..

پێغەمبەر ﷺ کەل‌وپەلی فرۆشت و ئەوەش کە پێویست بوو کڕیی و بە قازانجێکی یەکجار زۆرەوە ، لەگەڵ مەیسەرەدا گەڕایەوە دوا ..

کاروانی خێر و بەرەکەت لە کاتی نیوەڕۆدا گەیشتەوە مەککە .. لەو کاتەدا خەدیجە لە باڵاخانەکەی‌دا دانیشتبوو .. لەگەڵ گەیشتنی کاروان‌دا چاویشی لە موحەممەدی بەرێز بوو کە هەیبەت و مەزنیی دای‌پۆشیبوو .. چووە ماڵەوە و دەنگ و باسی کڕین و فرۆشتنی بۆ خەدیجە گێڕایەوە و ، خەدیجەش بەم بازرگانی‌یە پڕ خێر و بەرەکەتە یەکجار شادمان بوو ..

دوای ئەوە مەیسەرە بە وردیی هەواڵی موحەممەدی لەم گەشتەدا بۆ خەدیجە گێڕایەوە .. دەری خست کە پیاوی وەهای هێشتا بە چاو نەبینیوە .. موعامەلە و هەڵس و کەوتی سەرنجی هەموانی ڕاکێشا بوو ..

دووهەم : مارەکردنی خەدیجە

کە خەدیجە دەستپاکیی و فەڕ و بەرەکەتی موحەممەدی بینیی و ، مەیسەرەش هەواڵەکەی نەسطورای بۆ گێڕایەوە ، بۆی دەرکەوت کە (الصادق الأمین) پیاوێکی ئاسایی نیە و ، دەنگوباسێکی ئەبێ .. شایانی باسە کە وەرقەی کوڕی نەوفەل و خەدیجە ئامۆزا بوون و ، وەرقەش شارەزایی لە کتێبە پێشووەکاندا هەبوو . بۆ ئەمە خەدیجە چووە لای وەرقە و پرسیاری ئەم دەنگوباسەی مەیسەرەی لێ کرد . ئەویش وەڵامی دایەوە : خەدیجە ! ئەگەر ئەمە ڕاست بێ ، موحەممەد ئەبێتە پێغەمبەری ئەم ئوممەتە !

خەدیجە کە ئەمەشی بیست ، ڕووداوێکی پێشتری هاتەوە یاد کە تا ڕادەیەك کاریگەریی لەسەر دڵ و دەروونی هەبوو ..

ئەوەبوو لە ڕۆژێکی جەژندا خەدیجە لەگەڵ چەند دەستە خوشکێکیدا بوون و ، جوولەکەیەك هاتە لایان و وتی : ئەی کۆمەڵی ئافرەتانی قوڕەیش ! هاکا لەناوتان دا پێغەمبەرێك هەڵکەوت کە کاتی هاتنی نزیك بۆتەوە ، جا کامتان بۆی کرا با خۆی بکاتە هاوسەری .. ئافرەتەکان هەموویان دەستیان دایە بەرد و چەو وەشاندن بۆ جوولەکەکە و قسەشیان پێ وت ، جگە لە خەدیجە کە بە چاکیی گوێی بۆ قسەکەی هەڵۆڵ کرد و کاری تێ کرد .

خەدیجە ئەم دوو ڕووداوەی بەستن بە یەکەوە ، ئەبینێ کە ئەگونجێ ئەو پێغەمبەرە چاوەڕوان کراوە موحەممەدی لاوچاکی ئەمین و دەست پاك بێت .. دڵی پاك و بێگەردی خەدیجە ئەمەی ئەخوێندەوە .. بەڵام دەی چیی بکات ؟

بەڵێ خەدیجە تەمەنی هەیە و بێوەژنە و موحەممەدیش وا لە تەمەنی بیست و پێنجساڵییدا ، بەڵام خۆ ماقووڵترین پیاوی دوورگە داوای بکا ئەو شووی پێ ناکات .. بەڵام وا ئێستا دڵی بۆ ڕەوشت و ئەمانەت و فەڕ و بەرەکەتی موحەممەد کەمەندکێش بووە . ئایا خۆی بیدا بە گوێیدا کە نیازی وایە شووی پێ بکات ؟

یان کەسێك بنێرێتە لای تا بزانێ نیازی چییە و ، ئەم باسەی بە لاوە چۆنە ؟ بۆ ئەمە ریوایەتی جیاواز هەن .

هی وایان هەیە ئەڵێت : خەدیجە خۆی ئەنێرێتە لای پێغەمبەر و پێی ئەڵێت : ئامۆزام ! بە بۆنەی خزمایەتیی و پایەدارییت لەناو قەومەکەتدا و ، بە بۆنەی دەستپاکیی و رەوشتبەرزییتەوە حەز ئەکەم شووت پێ بکەم .[٧٢]

هی واشیان هەیە ئەڵێت : نوفەیسەی کچی مونیەی[٧٣] ناردۆتە لای . کە ئەمەیان زیاتر گونجاوە ..

نوفەیسە بۆمان ئەگێڕێتەوە کە خەدیجە ئافرەتێکی لێهاتوو و ماقووڵ و لەسەرخۆ بوو و ، لە هەمان کاتیشدا خوای گەورە خێر و بێری بەسەریدا رژاند بوو .. ئەو رۆژە خەدیجە خاوەنی نەسەب و پایە و پلەی ناو کۆمەڵ و خاوەنی سامانێکی فراوان بوو ، بۆیە هەموو ناودار و ماقووڵێك حەزی ئەکرد بیخوازێت ..

دوای ئەوەی کە کاروانەکەی لە شامەوە ئەگەڕێتەوە نوفەیسە ئەنێرێتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ تا بزانێ رای چییە .

نوفەیسە ئەپرسێ : ئەی موحەممەد ! بۆچ ژن ناهێنی ؟

ئەفەرموێ : ((ما بيدي ما أتزوج به)) . ئەفەرموێ : دەستم ناڕوا ژن بهێنم .

ئەڵێ : ئەی ئەگەر ئەوەت بۆ چارسەر کرا و ، سامان و ، جوانیی و ، ماقووڵیی و ، هاوشانییشت پێشکەش کرا ، ئایا رازیی ئەبیت ؟

فەرمووی : ((فمن هي ؟)) . فەرمووی : ئەوە کێیە ؟

ئەڵێت : خەدیجە .

فەرمووی : ((وكيف لي بذلك ؟)) . فەرمووی : جا چۆن ئەوەم بۆ رێك ئەکەوێ؟

وتی : لەسەر من .

فەرمووی : ((فأنا أفعل)) . فەرمووی : رازیی ئەبم .

خەدیجە هەواڵی بە کەسوکاری دا ، ئەبینن هەموویان زۆریان پێ خۆشە . ئەوەبوو کاتێکی بۆ پێغەمبەر و کەسوکاری دیاریی کرد تا ئامادە بن ..

---

[٧٢] ئەمە ریوایەتی ئیبن ئیسحاقە .

[٧٣] مونیە دایکیەتی و لە هەندێ کتێبیش دا أمية هاتووە کە باوکیەتی و خوشکی (یەعلا) ی هاوەڵی بەناوبانگە .

پێغەمبەریش ﷺ ئەمەی بۆ مامەکانی باس کرد .. بۆ ئەمە هەردوو مامی ئەبوطالیب وحەمزە هەستان و چوون بۆ ماڵی خەدیجە ، ئەبینن وا عەمری کوڕی ئەسەدی مامەی خەدیجە وا لەوێ ئامادەیە و ، ئەبوطالیب خەدیجەی لێ خواست بۆ موحەممەدی برازای و ، عەمریش ڕەزامەندیی نواند و خەدیجەی برازای پێشکەش کردن و دەری بڕیی کە پیاوی وەك موحەممەد پێویستە پێشوازیی لێ بکرێ . دوای ئەوە ئەبوطالیب هەستا و وتارێکی جوانی پڕ بەلاغەتی دا ، کە تیایا بە وردیی باسی موحەممەدی برازای و تایبەتمەندیيەکانی و ، پایەداریی خۆی و ، پایەداریی باوباپیرانی کرد .

زۆربەی سەرچاوەکان ئەوەیان باس کردووە کە خەدیجە مامەی بە شووی داوە و ، ئەوەش کە ڕاست بێ ئەمەیە چونکە لەو کاتەدا باوکی مرد بوو ، وەك سوهەیلیی دەری بڕیوە .

واقیدییش دەری بڕیوە کە ڕاستەقینەی چەسپاو لای ئەهلی عیلم ئەوەیە کە باوکی خەدیجە پێش جەنگی فیجار مردووە و ، عەمری کوڕی ئەسەدی مامەی بە شووی داوە .. هەروەها طەبەرییش هەمان ڕای هەبووە .. بەڵام ئیبن ئیسحاق وای ئەبینێ کە باوکی بە شووی دابێ ، ئەویش ڕایەکی لاوازە ..

ئەمەش وتارەکەی ئەبوطالیب :

((الحمد لله الذي جَعَلَنا من ذُرِّيَّةِ إبراهيمَ ، وزَرعَ إسماعيلَ ، وضِئضِيءَ معدّ ، وعُنصُرَ مُضَر ، وَجَعَلَنا حَضَنَةَ بيته ، وسُوّاسَ حَرمه ، وجعل لنا بيتاً مَحجوجاً ، وحَرَماً آمناً ، وجعلنا الحكامَ عَلى الناسِ ، ثمَّ إنَّ إبنَ أخي هذا مُحمدُ بنُ عبدالله لا يُوزَنُ بهِ رجلٌ من قريشٍ شَرفاً ونُبلاً وفَضلاً إلا رجحَ به ، وَهوَ وإن كانَ في المَالِ قَلَّ ، فإنَّ المالَ ظِلٌّ زائلٌ ، وَأَمرٌ حَائلٌ ، وَعاريَةٌ مُستَرجَعَةٌ ، وَمُحمَّدٌ مَنْ عَرَفتُم قَرابَتَهُ ، وهو ـ واللهِ ـ بعدَ هذَا لهُ نَبأٌ عظيمٌ ، وخطرٌ جليلٌ جسيمٌ ، ولهُ في خديجةَ بنتِ خُوَيلدٍ رَغبَةٌ ، ولها فيه مثل ذلك ، وما أَحبَبتُم مِنَ الصَّداقِ فَعلَيَّ)) .

سوپاس و ستایشی خوای گەورە ئەکات کە ئەوانی بە نەوەی ئیبراهیم و ئیسماعیل و موعەد و موضەر گێڕاوە و ، کردوونیە پاسەوان و بەڕێوەبەری ماڵەکەی و حەرەمی پیرۆز و ، ماڵێکی پێ بەخشیون کە خەڵکیی بۆ حەج زیارەتی ئەکەن و ، بە حەرەمێکی پڕ لە ئاسایشی گێڕاوە و ، ئەوانی کردووە بە کاربەدەستی خەڵکیی .

پاشان دەری ئەبڕێ کە ئەگەر موحەممەدی برازای ، سەبارەت بە پایەداریی و ماقوولیی و پیاوچاکیی ، لەگەڵ هەر پیاوێکی قورەیش‌دا کێشانە بکرێ ، ئەوا ئەم قورس‌ترە . جا ئەگەر ئەم لە ماڵ و سامان‌دا دەست کورت بێ ، ئەوا ماڵ و سامان زوو تیا ئەچێ و ، نامێنێتەوە و ، سپاردەیەکە وەرئەگیرێتەوە . بەڵام موحەممەد کە ئەزانن چۆن خزمێکە ، بەخوا دەنگ‌وباسێکی گرنگی ئەبێت و پاشەڕۆژێکی رووناك چاوەڕوانی ئەکات .

پاشان دەری ئەبڕێ کە موحەممەد حەزی لە خزمایەتیی ئەوانە و داوای خەدیجە ئەکات و چەندیش مارەیی داوا بکەن مامەی ئامادەیە .

ئەوەبوو ئەبوطالیب دوانزە ئۆقیە و نیو ، واتە پێنج صەد دیرهەمی کردە مارەیی و پێغەمبەری خواش ﷺ بیست وشتری بۆ زیاد کرد .

پێغەمبەری خوا ﷺ خەدیجەی گواستەوە .. ئەوەبوو یەك دوو وشتری سەربڕیی و نانی خەڵکێکی زۆری دا و ، خەدیجەش فەرمانی دا بە کەنیزەکەکانی تا گۆرانیی بڵێن و ، دەف لێ بدەن ، چونکە بە راستیی بە ئاوات گەیشتبوو . پیاوی تاقانەی سەرزەویی بۆ خۆی هەڵ بژاردووە ..

ئەو رۆژە تەمەنی پێغەمبەر ﷺ بیست و پێنج ساڵ بوو ، بەڵام تەمەنی خەدیجە چل ساڵ و کەمێکیش زیاتر بوو .. هەردووکیان هەستیان بەوپەڕی دڵ ئارامیی ئەکرد ..

بە راستیی خەدیجە ئافرەتێکی دامەزراو و بەسەلیقە بوو ، بە خۆی و سامانیەوە لە خزمەتی پێغەمبەردا بوو .. خوای گەورەش ویستی وەهابوو کە لەم ژن و مێردە رێك و پێکە کوڕ و کچ بکەونەوە .. ئەوەبوو لە کوڕان قاسم و عەبدوڵلا لەدایك بوون ، هەندێکیش ئەڵێن : سێ کوڕ بوون و (طیب) یان بۆ زیاد ئەکەن و ، هەندێکیش ئەڵێن : چوار کوڕ بوون و (طاهر) یشی بۆ زیاد ئەکەن .. خوای گەورە چوار کچیشی پێ بەخشین : زەینەب و روقیە و ، ئوم‌کولثووم و ، فاطیمە خوا لێیان رازیی بێ . کوڕەکانیان هەر بە منداڵیی و پێش هاتنی وەحیی مردن . بەڵام کچەکانیان ژیان تا هەر چواریان موسڵمان بوون و شوویان کرد و جگە لە فاطیمە هەمووشیان لە ژیانی پێغەمبەردا ﷺ کۆچی دوایی‌یان کرد . فاطیمەش تەنها شەش مانگ دوای کۆچی دوایی باوکی ژیا ، ئەویش کۆچی دوایی کرد .

بەمە ئازیزمان لە سەرەتای تەمەنیەوە تاڵیی لەدەستدانی دایك و باوكی چەشت ، لە پیریشدا تاڵیی لەدەستدانی منداڵەكانی چەشت ، بە هیوای ئەوەی خوای گەورە بیكاتە پاداشت بۆی ..

ئیتر ئەوەبوو حیكمەتی خوای گەورە وەها بوو كە كوڕەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ نەكەونە دوای خۆی ، تا نەبنە مایەی سەر لێشێوانی خەڵكیی ، بەوەی كە بیانگەیەننە پلەی پێغەمبەرایەتیی .. لە هەمان كاتدا حیكمەتی خوای گەورە وەها بوو چەند كوڕێكی پێ ببەخشێ ، نەوەكو كەسێك تانە لە پیاوەتیی بدات و، هەر بە منداڵییش بردنیەوە بۆ لای خۆی تا ئەوانەی كە منداڵیان پێ نەبەخشراوە ، یان پێیان بەخشراوە و مردوون ، دڵیان لە خۆیان دانەمێنێ .. هەروەها مردنی باوك و دایكی پێغەمبەریش ﷺ كە ئەو هێشتا لە تەمەنێكی كەمدا بووە ، هەمان حیكمەتی تیا بووە تا هیچ منداڵێكی هەتیو دڵی لە خۆی دانەمێنێ و ، هەست بە كەمیی نەكات ، ئەوەتا یەكەم خۆشەویستی خوای گەورە بێباوك و دایك گەورە بووە .

شایانی باسە كە خەدیجە یەكەم هاوسەری پێغەمبەری خوا بووە ﷺ و هەتا ئەویش مابوو هیچ ژنێكی تری مارە نەكردووە ..

سێهەم : نوێكردنەوەی بینای كەعبە

لە سەردەمی ئیسماعیل پێغەمبەرەوە سەلامی لێ بێ كەعبە بە بەرزیی نۆ باڵ بنیات نرابوو و هەروا مابوویەوە و كەس نەیئەوێرا بیڕووخێنێ و سەر لە نوێ بینای بكاتەوە .. ئەو كاتەش سەری نەگیرابوو و ، دز هەڵیان بە دەست هێنا بوو و چیی گەنجینەی بەنرخ لەناویا بوو دزیی‌بوویان . ئیتر بە درێژایی رۆژگار دیوارەكانی كۆن بوو بوون و خەریك بوو بكەون .

كاتێك كە تەمەنی پێغەمبەری ئازیز ﷺ گەیشتە سیی و پێنج ساڵیی ، واتە پێنج ساڵ پێش هاتنی وەحیی لافاوێكی زۆر گەورە دای بەسەر مەككەدا و دیوارەكانی كەعبەی درز پێ دا و بناغەكانی رامالیی .. هەروەها پێش تریش بە دەستی ئافرەتێك ، كە ویستبووی بوخوردی تیا دابگیرسێنێ ، ئاگری تێ بەر بوو بوو . بەم بۆنەوە قوڕەیش پێیان خۆش بوو بینای كەعبە نوێ بكەنەوە ، بەڵام زۆر لەوە ئەترسان كە خوای گەورە بەم كارە برەنجێ و تووشی خراپەیەك بن ..

وەلیدی کوڕی موغیرەی مەخزوومیی رووی کردە قورەیش و وتی : ئایا ئێوە بەم رووخاندنە ئەتانەوێ چاکە بکەن یا خراپە ؟ وتیان : چاکەمان ئەوێ . وتی : دەی خوا پیاوچاکان لەناو نابات .

وەلید خۆی دەستی دایە زەنگن و خەریکی رووخاندن بوو هەتا ئێوارە .. خەڵکەکە زۆر ئەترسان .. چاوەڕوان بوون ئەو شەوە وەلید تووشی بەڵایەك ببێ و وتیان : چاوەڕوان ئەبین ، ئەگەر ئەو شتێکی تووش هات ئێمە نایڕووخێنین و وەك خۆی چاکی ئەکەینەوە . خۆ ئەگەر هیچی تووش نەهات ئەوا دەست بە رووخاندنی ئەکەین و ، دیارە خوا بەم کارەمان رازییە .

بۆ بەیانیی وەلید هاتەوە سەر کار و هیچی لێ نەهاتبوو و ، دەستی بە کاری خۆی کردەوە .. ئیتر خەڵکەکەش سامیان شکا و هاتنە یارمەتیی وەلید و رووخاندیان هەتا گەیاندیانەوە سەر ئەو بناغەیەی کە ئیبراهیم سەلامی لێ بێ بنیاتی نابوو .. وازیان لەو بناغەیە هێنا و بەسەریەوە دیواریان دروست کردەوە ..

قورەیش ئەم کارەیان یەکجار بە پیرۆز ئەزانیی ، بۆیە بە راوێژی یەکێ لە پیاوماقووڵانیان لەسەر ئەوە رێك کەوتن کە سامانی حەرام بۆ کەعبە سەرف نەکرێ .. لە هەر کاسپی‌یەکیان کە پاك و حەڵاڵە بۆی سەرف بکەن .. پارەی ئافرەتی داوێن پیس و، پارەی ریبا و ، پارەی ستەم و بە ناڕەوا لە خەڵك سەندراوی بۆ سەرف نەکرێ .

ئەمەش دەری ئەخا کە پاشماوەیەکی دینی ئیبراهیم لەناویاندا هەرمابوو و ، ئەو سێ رەوشتەیان بە لاوە یەکجار ناپەسەند بوون ..

قورەیش لە نێوان خۆیاندا بیناکردنەوەی دیوارەکانی کەعبەیان دابەش کرد .. لای دەرگاکە بۆ نەوەی عەبد مەناف و زوهرە و ، نێوان روکنی ئەسوەد و یەمانیی بۆ نەوەی مەخزووم و ، سەرەکەشی بۆ نەوەی جومەح و سەهم و ، لای حیجریش بۆ نەوەی عەبدوددار و ، ئەسەدی کوڕی عەبدولعوززا و ، عەدیی . هەر هۆزێك ئەبوا بەشی دیواری خۆی بەرد کۆ بکاتەوە ..

جا پێغەمبەری خواش ﷺ لەگەڵ مامەکانی‌دا بەشداریی ئەم کارە پیرۆزەیان کرد و خەریکی بیناکردن و بەرد گواستنەوە ئەبوو ..

ئیمام بوخاریی و ئیمام موسلیم ، لە صەحیحەکەیاندا ، لە جابیرەوە ریوایەتیان کردووە کە وتوویە : کاتێ کە بینای کەعبە نوێکرایەوە ، پێغەمبەر ﷺ

و عەبباسی مامەی پێکەوە بەردیان ئەگواستەوە . ئەوەبوو عەبباس بە پێغەمبەری وت : ئیزارەکەت بخە سەر شانت تا بەردەکان ئازارت نەدەن . ئەویش وای کرد ، کەچیی کەوتە زەویی و هەردوو چاوی بڕییە ئاسمان ، پاشان هاتەوە هۆش خۆی و فەرمووی : ((إزاري ، إزاري)) بە پەلە ئیزارەکەی دا بە خۆیدا و ئیتر دوای ئەوە بە رووتیی نەبینرا ، (مەبەست لە دەرکەوتنی رانە) .

ئەو کەسەی کە وەستای دیوار درووستکردن بوو پیاوێکی رۆمیی بوو بە ناوی (باقووم) . ئەڵێن : ئەم پیاوە سواری کەشتییەك ئەبێ کە لە تەختە بارکرابوو و بەرەو یەمەن ئەچوو تا قوللەیسی کەنیسەکەی ئەبرەهەی پێ تەعمیر بکرێتەوە . کە کەشتییەکە لە دەریای سووردا گەیشتە ئاستی مەککە رەشەبایەك هەڵی کرد و کەشتییەکەی تێك شکاند . قورەیش کە ئەمەیان بیست بەرەو کەناری دەریای سوور کەوتنە رێ و ، پاشماوەی کەشتییەکە و تەختەکانیان کڕین و وەستا باقوومیشیان لەگەڵ خۆیان هێنا . بەم شێوەیە خوای گەورە بڕیاری وەها بوو ئەو دار و تەختانەی نێررابوون بۆ کەنیسەکە بۆ کەعبەی ماڵی پیرۆزی خوا بەکار هێنران و ئەویان پێ نوێ کرایەوە ..

دەستیان بە دیوار کرد هەتا گەیشتنە شوێنی دانانی بەردە رەشەکە .. لێرەدا هەر کەسە ئەیویست خۆی بەردە رەشەکە لە شوێنی خۆی دابنێتەوە .. هەموو هۆزێك ئەویست ئەو شەرەفە دەست خۆی بکەوێ .. ئەوەندە لە یەك سوور بوونەوە خەریك بوو جەنگ روو بدات .. ئەوەبوو نەوەی عەبدوددار تەشتێکی پڕ لە خوێنیان هێنایە پێشەوە و ، پاشان ئەوانیش و نەوەی عەدیی کوڕی کەعبی کوڕی لوئەی پەیمانی مەرگیان بە یەکتر دا و ، دەستیشیان بەناو خوێنی تەشتەکەدا کرد . ئەمانە ناونران (لعقة الدم ـ خوێن لێسەکان) . چوار یان پێنج شەو بەم حاڵەوە مانەوە .

پاشان خوای گەورە بە سۆزی بەلێشاوی ئیلهامی خستە دڵی یەکێ لە پیاوە ژیرەکانیان ، کە ئەبوئومەییەی کوڕی موغیرەی مەخزوومیی ، باوکی خاتوو ئوم سەلەمەی دایکی ئیمانداران بوو ، کە لەو ساڵەدا ئەم پیاوە بە تەمەنترین پیاوی قورەیش بوو ..

ئەبوئومەییە وتی : ئەی کۆمەڵی قورەیش ! یەکەم کەسێك کە لە دەرگای ئەم مزگەوتەوە [٧٤] دێتە ژوورەوە بیکەنە حەکەمی نێوانتان . هەموو بە جارێ رازیی بوون و ، چاویان بڕییە دەرگای مزگەوت و ، ملەقوتەیان بوو تا بزانن داخۆ یەکەم کەس کێ دێتە ژوورەوە ..

لەو کاتەدا خوای گەورە رەزامەندیی وەها بوو کە (محمد الأمین) بنێرێ تا یەکەم کەس بچێتە ژوورەوە و لەو بەڵایە رزگاریان بکات .. ئەمەش یاسایەکی خواییە کە هەر بەندەیەك مەبەستی خوا بێت خوا ئەگاتە فریای ..

هەر کە ئازیزیان بینیی هەر هەموو بە یەك دەنگ وتیان : (هذا الأمین ، رضیناه هذا محمد !!) . دەریان بڕیی کە زۆریان پێ خۆشە موحەممەدی ئەمین حەکەمی نێوانیان بێت ..

کە خۆشەویستمان گەیشتە لایان و هەواڵەکەیان دایە ، کەوتە بیرکردنەوە .. ئەوەندەی پێ نەچوو نەخشەی چارەسەریی هاتە بیر و ، خێرا کەوتە جێبەجێکردنی ئەو نەخشە جوانەی .. داوای قوماشێکی کرد ، کە بۆیان هێنا ، بە دەستی پیرۆزی بەردە رەشەکەی هەڵ گرت و ، خستیە سەر قوماشەکە و فەرمانی دا لە هەر هۆزێك پیاوێك بێتە پێشەوە و دەست بداتە گۆشەیەکی قوماشەکە و بەرزی بکەنەوە .. هەموو بە جارێ بەرزیان کردەوە ، تا گەیشتە ئاستی جێی دانانی .. بە هەردوو دەستی پیرۆزی بەردەکەی هەڵ گرت و خستیەوە شوێنی خۆی و دیواریشی لەسەر کرد .

قورەیش لە ئاژاوەیەکی خوێناویی رزگاری بوو و ، بەم هەڵوێستەش پێغەمبەری خوا ﷺ زیاتر پایەی لەناو خەڵکەکەدا بەرز بوویەوە و ، باسەکەش بووە باسی هەموو کۆڕ و کۆمەڵێك ..

ئەوەبوو قورەیش بڕیاریان دا کە ماڵی خوا بە ماڵ و سامانی حەڵاڵ نوێ بکەنەوە ، کەچیی ماڵ و سامانی حەڵاڵ کورتی هێنا ، لەبەر ئەوە ناچار بوون لەلای باکووری بەیتەوە پارچەیەکیان لێ دابڕیی و دیوارێکی نزمیان بۆ ئەو بەشە بنیات نا تا بزانرێ ئەویش لەسەر بەیتە ، ئەمە ئەو ناوچەیە کە پێی ئەوترێ (حیجر) . لە صەحیحی بوخارییشدا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ بە عائیشەی فەرموو : ((لولا أنَّ قومكِ حدیثو عهد بالكفر لبنیت الكعبة على قواعد إبراهیم)) .

---

[٧٤] کە دەرگای نەوەی شەیبە بووە و ئەمڕۆ ناوی (باب السلام) ە .

فەرمووی : ئەگەر قەومەکەت تازە موسڵمان نەبوونایە کە مەترسیی هەڵ گەڕانەوەیان لێ بکرێ ، ئەوا کەعبەم لەسەر بناغەکانی ئیبراهیم بنیات ئەنایەوە ..

بەرزیی کەعبەش لە سەردەمی ئیبراهیم و ئیسماعیل‌دا سەلامیان لێ بێ نۆ باڵ بوو و ، دوو دەرگاشی هەبوون : دەرگایەکی خۆرهەڵات و یەکێکی خۆرئاوا تا ئەو کەسەی ئەچێتە ژوورەوە ، لە دەرگایەکیانەوە بچێتە ژوورەوە و ، لەوی تریشیانەوە بێتە دەرەوە .

بەڵام کاتێ کە قورەیش نوێیان کردەوە نۆ باڵی تر بەرزیان کردەوە و ، تەنها یەك دەرگایان هێشتەوە و ، دەرگاکەشیان لە زەویی بەرز کردەوە ، کە مەگەر بە پەیژە یان پلیکانە کەسێك سەر بکەوتایە ، ئەمەش تا ئەوانە بچنە ژوورەوە کە خۆیان بیانەوێ و ، لەسەر شەش کۆڵەکەش سەریان گرت .

سەرەنجام کەعبە لە شێوەی شەش پاڵوودا نوێ کرایەوە ، کە بەرزی‌یەکەی پانزە مەترە و درێژیی ئەو لایەی کە بەردە رەشەکەی تیایە و بەرامبەرەکەشی دە مەتر و، ئەو لایەش کە دەرگاکەی تیایە و بەرامبەرەکەشی دوانزە مەتر و ، بەرزیی بەردەکەش مەتر و نیوێك و ، بەرزیی دەرگاکەش لە زەوی‌یەوە دوو مەترە .

کەعبە هەر بەو شێوەیە مایەوە تا سەردەمی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر ، کە ئەوەبوو عەبدوڵڵا لەلایەن یەزیدی کوڕی موعاویەوە گەمارۆ درا و ، بە هۆی جەنگەوە گوللەی مەنجەنیق بەر کەعبە کەوت . ئەوەبوو عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر لە سەردەمی خەلافەتی خۆی‌دا کەعبەی رووخاند و لەسەر بناغەکانی ئیبراهیم دروستی کردەوە ، کە بەرزی‌یەکەی کردە بیست و حەوت باڵ ، وەك بەرزیی ئێستا و ، ئەوەی قورەیش لێی کەم کردبوویەوە خستیەوە سەری و ، لای خۆرئاواشەوە دەرگایەکی تری داکرد .

بەڵام دوای ئەوەی کە عەبدوڵڵا شەهید کرا و ، کاروبار کەوتە دەست نەوەی ئومەییە، لە خەلافەتی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕواندا ، حەججاج راوێژی بە عەبدولمەلیك کرد تا ئەوەی کە کوڕی زوبەیر کردوویەتی هەڵی بوەشێنێتەوە . ئەویش بۆی نووسیی کە دەست لە بەرزی‌یەکەی نەدات ، بەڵام زیادەکەی حیجر لابەرێت و وەك خۆی لێ بکاتەوە و ، ئەو دەرگایەش کە دای کردووە بیگرێت ، ئەویش وەهای کرد . ئیمام موسلیم ئەمەی ریوایەت کردووە .

فاکیهییش باسی ئەوەی کردووە کە عەبدولمەلیك پەشیمان بووە کە ماوەی داوە حەججاج دەست کاریی کەعبە بکات و لەعنەتیشی لە حەججاج کردووە . بەم شێوەیە حەججاج کەعبەی وەك سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ لێ کردەوە .

خەلیفە هاروونوڕڕەشیدیش ، یان باوکی ، هەوڵی دا تا کەعبە وەك سەردەمی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر لێ بکاتەوە ، بەڵام ئیمام مالیك لێی پاڕایەوە تا شتی وا نەکات و وازی لێ بهێنێ ، تا کەعبە نەبێتە یاریی دەستی پادشاکان . ئیتر هەر وا بەو حاڵەی خۆی ماوەتەوە تا ئێستا .. خوای گەورە بیپارێزێ ..

چوارەم : یارمەتیی‌دانی ئەبوطالیب

یەکێك لەو نیعمەتانەی کە خوای گەورە رژاندی بەسەر عەلیی کوڕی ئەبوطالیب دا کە بووە مایەی خێری دنیا و قیامەتی ، ئەوەبوو کە قوڕەیش کەوتنە گرانیی و گوزەران تاڵی‌یەوە ، ئەبوطالیبیش خاوەنی کووژەڵێك خێزان بوو و ، هەرچەندە لەناو قوڕەیش‌دا خاوەنی پایە و پلەی مەعنەویی و رێز و حورمەت بوو ، بەڵام خاوەنی ماڵ و سامانی زۆر نەبوو . کە پێغەمبەری خوا ﷺ سەرنجی ئەم وەزعەی دا و ، بیری لە کاتی منداڵیی خۆی کردەوە کە چۆن مامەی ئەوی بەخێو ئەکرد و ، نازی ئەکێشا و ، پێشی منداڵەکانی خۆی ئەخست ، هاتە سەر ئەو بڕیارە کە تەگبیرێك بۆ مامەی بکات . ئەوەبوو چووە لای عەبباسی مامەی ، کە دەوڵەمەندترینی نەوەی هاشم بوو و ، دای بە گوێی‌دا کە ئەبوطالیبی برای خێزانی زۆرە و ، خەڵکیش ئەمەی بەسەر هاتووە ، وا چاکە یەکی کوڕێکی لێ وەربگرن تا باری سەرشانی سووك ببێ ، کە فەرمووی :

((یـا عَمِّ! إنَّ أخاكَ أباطالبَ كثيرُ العيالِ ، وقد أصابَ الناسَ ما تَرى مِن هذهِ الأزمَةِ ، فَانطَلِق بنا إليهِ ، فَلنُخَفِّفَ عَنهُ مِن عَيالِهِ ، أَنا آخُذُ مِن بَنيهِ واحداً ، وتَأخُذُ أنتَ واحداً)) . عەبباس وتی : بەڵێ ..

پێکەوە رۆیشتن بۆ ماڵی ئەبوطالیب پێیان وت : ئەمانەوێ باری خێزانەکەت لەسەر شانت سووك بکەین ، هەتا ئەمەی کە بەسەر خەڵکیی‌دا هاتووە بڕەوێتەوە ..

ئەبوطالیب پێی وتن : تەنها عەقیلم بۆ بهێڵنەوە ، ئیتر چیی ئەکەن بیکەن .

ئەوەبوو پێغەمبەر ﷺ عەلیی و ، عەبباسیش جەعفەری بردە لای خۆی . ئیتر عەلیی لە ماڵی پێغەمبەر ﷺ مایەوە هەتا وەحی هاتە خوارەوە و ، عەلییش بووە

یەکێك لەوانەی کە زوو بە زوو موسڵمان بوو و ، کەوتە شوێن ڕێبازی قورئان ، بگرە ئەڵێن : یەکەم کەسە کە موسڵمان بووە . جەعفەریش لای عەبباس مایەوە هەتا موسڵمان بوو و ، کارێکی پێ هات کە پێویستیی بە مامەی نەمێنێ ..

ئەم مانەوەیەی ئیمام لە ماڵی ئازیزدا بۆ ماوەی چەند ساڵێك ، بووە هۆی ئەوە کە پەروەردەیەکی زۆر نایاب لە موحەممەدی ئامۆزای وەربگرێ .. ئەوەبوو سەرەنجام ئەو پیاوەی لێ دەرچوو کە نازناوی شێری خوای وەرگرت و ، لە هەموو بوارێك دا ، چ زانستیی و ، چ ڕەوشتیی و ، چ ئازایەتیی بووە پیاوی مەیدان و بووە ئەستێرەیەکی گەشی مێژووی دوور و درێژی ئیسلام ..

پێنجەم : سەرەنجامی منداڵەکانیان

لە ماوەی پێش هاتنی وەحی‌دا ، پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ لە ژیان و گوزەرانێکی ئاسوودەدا ئەژیا ، ئەوەش بە هۆی ژیریی و سەلیقەی خاتوو خەدیجەوە خوا لێی رازیی بێ . ئەوەبوو خوای گەورە لەو ماوەیەدا کوڕ و کچی پێ بەخشین ، هەرچەندە هەندێ ڕووداو ئەبوونە مایەی خەم و خەفەت بۆیان ..

لەو ماوەیەدا قاسم و عەبدوڵڵای کوڕیان کە هێشتا لە بێشکەدا بوون وەفاتیان کرد و خەم و خەفەتێکی زۆریان بۆ دایك و باوکیان بەجێ هێشت ..

لە لایەکی ترەوە کچەکانیان بەرە بەرە گەورە بوون و کاتی شووکردنیان هاتە بەرەوە . ئەوەبوو زەینەبی کچە گەورەیان شووی بە ئەبولعاصی کوڕی ڕەبیع کرد ، کە لە ئەشراف و گەورە بازرگانانی قورەیش و پوورزای خۆی بوو ..

ئەبولعاص پیاوێکی وەها ڕەوشتبەرزی نەجیب بوو ، بە لای خەدیجەی پووریەوە یەکجار خۆشەویست بوو ، بۆیە ئامادەیی دەربڕیی تا پێغەمبەر ﷺ زەینەبی کچی لێ مارە بکا .

روقیە و ئوم‌کەلثوومیش دەستگیرانی عوتبە و عوتەیبەی کوڕانی ئەبولەهەبی مامەی پێغەمبەر بوون ، کاتێ کە وەحی هاتە خوارەوە و ، ئەبولەهەب کەوتە دژایەتیی ئیسلام ، فەرمانی بەسەر کوڕەکانی‌دا دا تا لە دەستگیرانەکانیان جیا ببنەوە ، تا بار بن بەسەر باوکیانەوە و نەتوانێ بانگەوازەکەی بگەیەنێ . ئەوانیش بە گوێیان کرد .

هەروەها قورەیش هاتنە لای ئەبولعاص و هەوڵیان لەگەڵ دا کە ئەگەر زەینەبی خێزانی تەڵاق بدات ، دەست ئەخاتە سەر هەر کچێکی قورەیش لێی مارە ئەکەن . ئەویش مەردانە ئەوەی نەبیست و ، وتی : بەخوا بە هیچ ئافرەتێکی قورەیشی ناگۆڕمەوە !! ئەوەبوو لە ئەنجام‌دا روقیە و ئوم‌کەلثوومیش یەك لە دوای یەك شوویان بە عوثمانی کوڕی عەففان کرد و ، بەو بۆنەشەوە کە هیچ کەسێك دوو کچی پێغەمبەرێکی مارە نەکردوون جگە لەو ، نازناوی (ذوالنورین)ی لێ نرا ..

فاطیمەش منداڵ بوو و لە ماڵی باوکیا مایەوە و ، هەموو ئەو ئازار و ناڕەحەتی‌یانەی دیتن کە قورەیش بە پێغەمبەر و موسڵمانانی ئەچەشتن .. ئەوەبوو دوای کۆچی مەدینە و تەواوبوونی جەنگی بەدر شووی بە ئیمام عەلیی ئامۆزای باوکی کرد و ، خوای گەورە کوڕ و کچی پێ بەخشیی و ، ئال و بەیتی پاك و خاوێنیش لەوان کەوتۆتەوە ..

شەشەم : بە کوڕکردنی زەید

زەیدی کوڕی حاریثەی ، کوڕی شورەحبیلی ، کوڕی کەعبی ، کوڕی عەبدولعوززای کەلبیی ، کە منداڵێکی بچووك بوو لەگەڵ دایکی‌دا لە سەفەردا بوون و ، کۆمەڵێ لە ئەعراب هێرشیان کردە سەریان و زەیدیان بە دیل گرت و فرۆشتیان . ئەوەبوو حەکیمی کوڕی حەزامی خەڵکی مەککە کڕیی و کە هاتەوە پێشکەشی خاتوو خەدیجەی پووری کرد ، ئەمەش کەمێك دوای شووکردنی بە پێغەمبەر ﷺ . ئەو کاتە زەید تەمەنی گەیشتبووە بیست ساڵان و پێغەمبەر ﷺ داوای لە خەدیجە کرد تا زەیدی پێشکەش بکات . زەید لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ پەروەردەیەکی باشی وەرگرت و ، ئەوپەڕی نازی هەبوو ..

کاتێ کە باوکی زەید هەواڵی زانی کە زەیدی کوڕی وا لە مەککە ، لەگەڵ هەندێ خزمیا هاتن بۆ مەککە و هاتنە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ تا لە بریی زەیدی کوڕیان چیی داوا ئەکات بی‌دەنێ .

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((أو خير من ذلك ؟)) . فەرمووی : ئەی لەوە چاکترتان ناوێ ؟

واتە : ئێوە ئامادەن پارە بدەن تا کوڕەکەتان بدەینەوە ، چاکتر لەوەتان ناوێ ؟

وتیان : ئەو چاکەیە چی‌یە ؟

فەرمووی : ((خَيِّروه ، فإن اختاركم فهو لكم دون فداء ،وإن اختارني فدعوه)) .

فەرمووی : خۆی بکەنە سەرپشك ، ئەگەر ئێوەی هەڵ بژارد ، ئەوا بەبێ فیدیە پێشکەشتان بێت و ، گەر منیشی هەڵبژارد ، ئەوا وازی لێ بهێنن ..

کە هاتن و پرسیان بە زەید کرد ، پێغەمبەری خوای ﷺ هەڵ بژارد !!

مامەی زەید دەستی دایە جل و بەرگی زەید و رای کێشا و وتی : زەید ! واز لە باوکت و مامەت ئەهێنیی و کۆیلایەتیی هەڵ ئەبژێری ؟!

وتی : ئەرێ ، بەخوا کۆیلایەتیی لای موحەممەدم لە لا خۆشترە لەوەی کە لە لای ئێوە بم !!

بە مەرجێ هێشتا موحەممەدی ئازیزمان وەحی بۆ نەهاتووە ، بگرە وا لە تەمەنی لاویی‌دا !!

کە زەید ئەم بڕیارەی دا ، پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ فەرمووی : ((یا معشر قریش ! إشهدوا أن زيداً إبني يرثني وأرثه)) . فەرمووی : ئەی کۆمەڵی قورەیش ! بە شاهید بن کە زەید کوڕمە و ، میراتم ئەبا و میراتیشی ئەبەم . گەڕا بەسەر کۆڕ و ئەڵقەکانی قورەیش‌دا و ئەی‌کردنە شاهێدی ئەم بڕیارە .. کە باوکی و کەس‌وکاری رەوشت و هەڵس و کەوتی پێغەمبەر و ، دڵئارامیی و بێ‌خەمیی زەیدیان بینیی ، دڵیان بێ‌خەم بوو و گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان و ، دەست‌بەرداری زەید بوون ..

ئیتر لەو رۆژەوە ناوی زەیدی کوڕی حاریثە گۆڕرا بۆ زەیدی کوڕی موحەممەد ، هەتا ئەو کاتەی کە فەرمانی قورئان هاتە خوارەوە و یاسای بەکوڕکردنی بەتاڵ کردەوە و ، فەرمانی دا هەر کەسە بە ناوی باوکی خۆیەوە بانگ بکرێ .

ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ ئوم ئەیمەنی دایەن و کەنیزەکی خۆی لە زەید مارە بڕیی ، کە تەمەنی لە زەید زیاتر بوو و ، خوای گەورە ئوسامەی کوڕی زەیدی پێیان بەخشیی ، کە لەبەر خۆشەویستیی هەردووکیان بەلای پێغەمبەری خواوە ﷺ ناوی (الحبُّ بن الحبِّ) واتە : خۆشەویستی کوڕی خۆشەویستی لە ئوسامە نا و ، لەگەڵ حەسەنی کوڕی فاطیمەدا بە یەك چاو سەیری ئەکردن .. حەسەنی لەسەر رانێکی خۆی دائەنا و ، ئوسامەش لەسەر رانەکەی تری .

حەوتەم : ژیانێکی پاك و بێ‌گەرد

ئەگەر بە وردیی لە ژیانی پێغەمبەر ﷺ پێش هاتنی وەحی بکۆڵینەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە ژیانێکی پاك و بێ‌گەرد و بەرێزی بەسەر بردووە و ، هەرچیی پێی

بلێی ناتەواویی لە ژیانیا نەبووە ، چونکە خوای گەورە خۆی چاودێریی ئەکرد و ، لە هەموو پیسیی و چەپەڵی‌یەکی نەفامیی ئەی‌پاراست ، تا سەرەنجام بووە پیاوی تاقانەی قەومەکەی لە رەوشت‌جوانیی و ، نەرم و نیانیی و ، چاکەخوازیی و ، راستگۆیی و ، ئەمانەت داریی‌دا و ، کەسیش نەبوو ئەوەندەی ئەو لە رەوشتە سووکەکانی نەفامیی بەدوور بێت . ئیتر ئەوەبوو ناویان نا (الأمين) .

بەڵێ ئەو کۆمەڵەی کە ئەو رۆژە لە دوورگەدا ئەژیا ، کۆمەڵێکی نەفام و نەزان کار و بت‌پەرست بوون ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا هەندێ بەرێزی پایەبەرزی تێدا بوون کە بە سووکایەتیی نەفامیی رازیی نەبوون ، وەك حەنیفی‌یەکان کە هەڵگری بانگی تەوحید بوون .. هەروەها مرۆڤی بەرێز و بەخشندە و ، خاوەن وەفا و ، داوێن‌پاك و ، دوور لە هەموو گوناه و تاوانێك ، لەو کۆمەڵەدا هەبوون ، بەڵام جگە لە پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ کەسێکی تر نەبوو کە هەر هەموو رەوشتە بەرزەکانی تێدا هەبن و لە هەموو رەوشتە سووکەکانیش بەدوور بێت .

هەر بە منداڵیی هەڵگری عەقیدەی بێ‌گەرد و ، ئیمانی پاك و ، بیرکردنەوەی قووڵ بوو ، کە بە هیچ جۆرێ ملی بە لاری‌یەکانی ئەو کۆمەڵە نەئەدا ..

لە هەموو ژیانی‌دا یەك جار نەبینراوە سەجدە بۆ بتێك بەرێت ، یان بۆ پیرۆزیی دەستی پیا بهێنێ . هەتا بە منداڵیی کە تووشی بەحیرای راهیب بوو ، پێی وت : داوات لێ ئەکەم لەبەر خاتری لات و عوززا ، هەرچییت لێ ئەپرسم وەڵامم بدەرەوە. دیارە بەحیرا خۆی بڕوای بەو بتانە نیە ، بەڵام گوێی لە قورەیش ئەبوو کە سوێندیان پێ ئەخواردن ئەش‌گونجێ پێغەمبەری پێ تاقیی کردبێتەوە ، تا بزانێ چۆن سەیری ئەو بتانە ئەکات .

فەرمووی : ((لا تسألني بحق اللات والعزى شيئاً ، فوالله ما أبغضت شيئاً قط بغضهما)) . فەرمووی : لەبەر خاتری لات و عوززا هیچم لێ مەپرسە ، بەخوا ئەوەندەی رقم لەوانە رقم لە هیچ شتێکی تر نیە .

هەروەها بەیهەقیی لە زەیدی کوڕی حاریثەوە خوا لێی رازیی بێ ئەگێڕێتەوە کە وتوویە : جووتە بتێك هەبوون کە لە مس دروست کرابوون و پێیان ئەوترا : ئیساف و نائیلە کاتێ کە موشریکەکان طەوافیان بکردایە دەستیان بەو دوو بتەش دا ئەهێنا . ئەوەبوو پێغەمبەری خواش ﷺ طەوافی کرد و منیش لەگەڵیا طەوافم کرد . کاتێك کە بەلای بتەکەدا تێ‌پەڕیم دەستم پیا هێنا ، پێغەمبەری خوا ﷺ

فەرمووی : ((لا تَمَسَّهُ)) . زەید ئەڵێت : دیسان طەوافمان کردەوە و لە دڵی خۆمدا وتم : هەر دەست بە بتەکەدا ئەهێنم ، تا بزانم چی ئەبێت . ئەوەبوو دەستم لێ دایەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((أَلَم تُنْهَ ؟)) فەرمووی : ئەی تۆ لەوە قەدەغە نەکراوی ؟

زەید ئەڵێت : دەی بەو خوایەی کە ڕێزی لەو نا و ، قورئانی ناردە خوارەوە سەری ، هەتا وەحی بۆ هات دەستی لە هیچ بتێك نەدا .

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ حەزی لە شیعردانان نەبووە ، چونکە ئەوە لەگەڵ پایە و پلەی پێغەمبەرایەتیی‌دا شتێکی نەگونجاوە و ، خوای گەورەش دەری ئەبڕێ کە شیعری پیشانی موحەممەدی پێغەمبەری نەداوە ، ئەمەش لە وەڵامی ئەو نەفامانەدا کە قورئانیان بە شیعر ئەزانی کە ئەفەرموێ : ﴿وَمَا عَلَّمْنَٰهُ ٱلشِّعْرَ وَمَا يَنۢبَغِى لَهُۥٓ﴾ . لەگەڵ ئەوەش‌دا لەزەتی لە جوانیی و حیکمەتی شیعر ئەبینیی و ، جاری وەهاش ئەبوو کە لە هاوەڵانی داوای ئەکرد کە شیعری بۆ بخوێننەوە .

پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ نزیکی عەرەق و فاحیشە نەکەوتۆتەوە و ، هیچ جۆرە قومارێکی نەکردووە و ، هاوەڵیی پیاوخراپان و بەرەڵایانی نەکردووە .

هەر لە سەرەتای تەمەنیەوە جێی متمانەی هەمووان بووە ، بۆیە هەرکەسێ ئەمانەتێکی ببوایە لای ئەو دایئەنا و ، هەر وتەیەکی نهێنیی ببوایە لای ئەو باسی ئەکرد ، چونکە لە ئەمینیی و دەستپاکیی‌دا تاقانەی قەومەکەی بوو . هەتا دوای هاتنی وەحی و دژایەتیی قەومەکەی بەرامبەری ، ئامانەتەکانیان لای ئەو دائەنا و ، ئەوەبوو ئەویش لە شەوی هیجرەت‌دا عەلیی لە مەککە هێشتەوە تا ئەمانەتەکان بداتەوە بە خاوەنەکانیان . هەروەها هەر پەیمانێکی لەگەڵ کەسێك دا بەستبێ بە جوان‌ترین شێوە ئەو پەیمانەی بردۆتە سەر و ، هەر بەڵێنێکیشی دابێت بە ڕاستیی و پاکیی بەڵێنەکەی جێبەجێ کردووە .. ئەگێڕنەوە کە جارێکیان ئازیزمان ﷺ بەڵێن بە پیاوێك ئەدات کە لە فلان شوێن‌دا چاویان بە یەك بکەوێت . سێ ڕۆژ لەو شوێنەدا ئامادە ئەبێت و چاوەڕوانیی پیاوەکە ئەکات و ، پیاوەکە ئامادە نابێت. دوایی کە چاوی پێ کەوت گلەیی ئەوەی لێ کرد کە لە بەڵێنەکەی دوا کەوت و ئەمیشی ئازار داوە کە فەرمووی : ((لقد شققتَ عليَّ)) .

سیفەتێکی زۆر دیاریشی ڕاستگۆیی بووە ، بە پێی شاهێدیی دۆست و دوژمن. هەتا لەو کاتەدا کە ئەیویست خزمەکانی بۆ سەر ئیسلام بانگ بکات ، ئەویش بە پێی فەرمانی قورئان : ﴿ وأنذر عشيرتك الأقربين ﴾ ، ئەوەبوو دەستی دایە بانگ کردنی لقەکانی قورەیش و ، کە ئامادە بوون پێی فەرموون : ((أرأيتكم لو أخبرتكم أن خيلاً وراء هذا الجبل تريد أن تغير عليكم ، أكنتم مصدِّقيَّ ؟)) .

فەرمووی : ئەگەر هەواڵتان بدەمێ کە دوژمن لەو دیوی ئەو شاخەوەیە ئەیەوێ هێرشتان بکاتە سەر ، ئایا بڕوام پێ ئەکەن ؟ وتیان : بەڵێ ، هەرگیز درۆمان لە دەم نەبیستووی .

کاتێکیش کە ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب ، پێش موسڵمانبوونی ، بۆ بازرگانیی ڕێی کەوتە وڵاتی شام و ، لەو کاتەشدا هیرەقلی پادشای ڕۆم لەوێ بوو و ، داوای کەسانێکی خەڵکی حیجازی کرد تا هەواڵی پێغەمبەری تازە بزانێ ، ئەوەبوو ئەبوسوفیانیان بردە کۆشکی پادشا و ، پادشا پرسیارێکی زۆری دەربارەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ئەبوسوفیان کرد ، کە یەکێ لەو پرسیارانەی ئەوەبوو : ئایا درۆتان لە دەمی بیستووە ؟ ئەبوسوفیان وتی : نەخێر . هیرەقل وتی : ناگونجێ کەسێك لەگەڵ خەڵکدا دەستبەرداری درۆ ببێ ، کەچیی بە ناوی خواوە درۆ بکات !!

لە پاڵ ئەم سیفەتە جوانانەیدا سیلەی ڕەحمیشی بەجێ ئەهێنا و ، بەزەیی بە هەژاران و موحتاجاندا ئەهاتەوە و ، ڕێزی لە میوان ئەگرت و ، کۆمەکیی لاواز و نەدارانی ئەکرد و ، دەستی موبارەکی ئەهێنا بەسەر کەساس و خەمبارانداو و ، دەستی لێقەوماوانی ئەگرت ، وەك لە سەرەتای هاتنی وەحیدا خاتوو خەدیجەی ژیر و بلیمەت دڵخۆشیی ئەدایەوە تا خەمی نەبێ لەوەی کە تووشی شتی خراپ ببێ ، چونکە ئەو چاکەویستە و خواش چاکەویستان هەرگیز سەرشۆڕ ناکات ، کە ئەیوت : ((ما كان الله ليخزيك أبداً ، إنك لتصل الرحم ، وتقري الضيف ، وتحمل الكلَّ ، وتَكسب المعدوم ، وتعين على نوائب الحق)) . (صحيح البخاري ـ باب كيف كان بدء الوحي) .

ئەمەی پێشەوە کورتەیەك بوو لە ژیانی ئازیز پێش هاتنی وەحی بۆی ، کە بە ڕاستیی هەر کەسێ بە ئینصافەوە سەرنجی بگرێ ، ئەزانێ لە ناو مرۆڤایەتییدا ، بە درێژایی مێژوو ، تاقە کەسێکی تر نەبووە ئەوەندە بێ کەم و کوڕیی و ،

ئەوەندەش رەوشتبەرز بێت ، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا شاهێدییە لەسەر ئەوە کە تا ئەم پیاوە وەستابێ هیچ کەسێکی تر شایانی ئەوە نیە ببێتە ئەو پێغەمبەرە چاوەڕوان کراوەی کە حەزرەتی عیسا سەلامی لێ بێ مژدەی هاتنی داوە ..

هەشتەم : جیهان چاوەڕوانی رزگارکەرە

ئەمەی پێشەوە هەر هەمووی بۆمانی دەرخست کە جیهان بە گشتیی و وڵاتی عەرەب بە تایبەتیی نوقمی تاوان و خراپە و ستەم بوو بوو ، بە رادەیەك کە مرۆڤایەتیی حەسانەوەی نەما بوو ..

ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤایەتیی ژیانێکی هیچ و پووچ بوو .. مرۆڤەکان کە یەك بەرەباب بوون ، بووبوونە دوو دەستە : ئاغاکان بەبێ ماندووبوون و زەحمەت کێشان خێر و بێری زەوییان داگیر کردبوو و ، بەندەکانیش بەشیان رەنج و تەقالا و عەرەقڕێژان بوو ، بێ ئەوەی تامی رەنجی شانیان بکەن .. وەك ئاژەڵ تەماشا ئەکران و ، مەگەر لە پاشماوەی ئاغاکان نانێکیان دەست بکەوتایە .. لەولاوە ستەمێکی زۆر لە ئافرەت ئەکرا و مافەکانی ژێر پێ ئەخران .. هی وایان هەبوو کە هاوسەری باوکی مارە ئەکردەوە .. هی وایان هەبوو لە یەك کاتدا دوو خوشك هاوسەری بوون .. جوولەکە ئەوەندە لە سەفاهەتدا رۆچوو بوون کە ئافرەتی مەحرەمیان مارە ئەکردەوە .. عەرەبەکانیش کچی بەستەزمانیان زیندەبەچاڵ ئەکرد ..

لە بارەی دینیشەوە ، لە دوورگەدا بتپەرستیی و ، لە وڵاتی کلدانیا و سەبەء و بابلیشدا پەرستنی خۆر و ئەستێرە و ، لە وڵاتی فارس و دەوروبەریشیدا ئاگرپەرستیی و ، هەندێکیش پەرستنی دوو خوا : خوای رووناکیی و خوای تاریکیی و ، هەندێکیش صابینەی بێدین و ، لە وڵاتی هیند و دەوروبەریشیدا بورهومیی و ئاژەڵپەرستیی بە تایبەت مانگا و ، لە وڵاتی چین و دەوروبەریشیدا بە خوا زانین و پەرستنی بووذا و، یەهوودییەتیش وەها دەستکاریی کرا بوو کە عوزەیریان بە کوڕی خوا ئەزانیی و ، نەصرانییەتیش وەها سەرگەردان بوو بوون کە سێ خوایان ئەپەرست و عیسا و مەریەمیشیان بە خوا ئەزانیی ، هەتا یۆنان و میصری فیرعەونەکانیش ، ئەگەرچیی لانکەی شارستانییەت بوون ، خەریکی بت پەرستیی و ، پەرستنی چەندین خوا و ، پەرستنی ئاژەڵ پیشەیان بوو ..

لە بارەی ئەخلاق و رەوشتیشەوە ، سەرزەویی نوقمی رەوشتە نزمەکان بوو بـوو، بـە تایبـەت لـە کۆشـکی کیسـرا و قەیصـەر و پادشـا و میرەکـان‌دا بـەرەڵایی گەیشتبووە چڵەپۆپە ، بـە رادەیـەك کـە ئـەو بەدڕەوشتی‌یانە گـەورەترین هـۆی لاوازبوونی ئەو دوو دەوڵەتە گەورە جیهانی‌یە : رۆم و فارس بوو ، تا ئەوەبوو پیریی و کلۆریی سەریان هەڵ دا و ، پاشانیش رووخان و تیاچوون !

لە بارەی حوکم و سیاسەتیشەوە ، ستەم و ماف‌خواردن لە هەموو سـەرزەویی‌دا شتێکی زۆر ئاسایی بوون .. جـەنگ و کوشـتار لەسـەر شـتێکی بچـکۆلە بـەرپا ئـەبوون و ، خـەڵکێکی زۆر بـەبێ هـوودە تیـا ئەچـوون .. ئـیتر بـا جەنگـە خوێناوی‌یەکانی نێوان جووتە دەوڵەتە گەورەکە ، رۆم و فارس ، لەولاوە بووەستن ..

ئەمە بارودۆخی سەرزەویی بوو .. لەو بارەوە قورئانی پـیرۆزیش بـڕیاری خـۆی دا بوو :

﴿ ظَهَرَ ٱلْفَسَادُ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِى ٱلنَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ ٱلَّذِى عَمِلُوا۟ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴾ (الروم : ٤١) .

ئا لەم بارودۆخەدا سەرزەویی هاواری بوو تا رزگارکەرێك بگاتە فریای و بێت بە هانایەوە ..

خوای گەورەش ، کـە خاوەنی بـەزەیی و شـەفەقەتی بێ‌سـنوورە بەرامبـەر بـە بەندەکانی ، هات بە هانای ئادەمی‌یەکانەوە .. فریای دڵـە تینووەکـان کـەوت .. زامی زامدارانی سارێژ کرد .. دەرمانی بۆ دەردەکان رەوانە کرد .. پێغـەمـبەری ئاخـرزەمـانی هەڵ بژارد .. رزگارکەری مرۆڤی نارد .. تا بانگ بەرز بکاتەوە و ، خەڵکیی خوای خۆیان بناسن و ، بە تاك و تەنیا بێ‌شەریك و هاوەڵ بی‌پەرستن ..

ئـەمرۆش سـەرزەویی هـەر هـەمووی بـە دەسـت سـتەم و فرۆفێـڵەوە گـیری خـواردووە .. دەستە و تاقمەیەکی کەمی فێڵباز لە هەموو ناوچەیەك‌دا کاروباریان بە دەست گرتووە و خوێنی هـەژاران ئەمـژن و ، بـە نـاوی زرق و برقـەوە دەسـت خەرۆیان ئەکەن و ، هەرکە فێڵێك ئاشکرا بـوو ، فێڵـی لـەوە خـراپ‌تـر بـە کـار ئەهێنرێت ، تا مرۆڤەکان هەر چەوساوە و داماو بن ..

ئەمرۆش سەرزەویی پێویستی بەو بەرنامە رزگارکەرە هەیە ، تا سـەر لـە نـوێ مرۆڤە ئیمـان‌دارەکـان خزمـەتی ژیـان بکـەن و ، بەوپـەڕی ئیخلاصـەوە هـەوڵی حەسـانەوەی مـرۆڤ بـدەن .. کـاتی ئـەوە هـاتووە بـە رێبـازی قورئـان مـرۆڤی

خۆنەویست .. تێرخواردوو لە دنیا .. چاوەڕوانکەری قیامەت .. خزمەتگوزاری خوا رازییکەر ، پێ بگەنەوە .. ئەوانەی کە ئەزانن دنیا دوو رۆژە و ، پێویستە سەربەرزیی قیامەتی پێ بکڕێ ..

نۆهەم : مژدەی هاتنی پێغەمبەر ﷺ

لە صەحیحی بوخارییدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە : ((نحن معاشرَ الأنبياء إخوة لعلاَّت ، ديننا واحد)) . فەرموویە : ئێمەی کۆمەڵی پێغەمبەران برای یەکترین ، یەك دینمان هەیە ..

بەڵێ ، هەموو پێغەمبەران یەك دینیان هەیە و ، هەر هەمووشیان پشتگیریی لە یەکتریی ئەکەن ، چونکە خوای گەورە هەموویانی بۆ یەك مەبەست رەوانە کردووە ، کە بریتییە لە هیدایەتدانی ئادەمییەکان تا خوای خۆیان بناسن و بە جوانیی بیپەرستن ، تا لە قیامەتدا سەرفراز بن و بە هەمیشەیی بەختەوەر بن . ئەوەتا قورئانی پیرۆز ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات کە دینی پێغەمبەران یەکێکە و لە بنەڕەتدا جیاوازییان نیە :

﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِۦٓ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓ ۖ أَنْ أَقِيمُوا۟ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا۟ فِيهِ ۚ ﴾ (الشورى : ١٣) .

بەڵام دینی هەر پێغەمبەرێك بە پێی ئاڵ و گۆڕی زەمانە و ، پێویستیی کۆمەڵ روون کراوەتەوە ، وەك قورئان ئەفەرموێ : ﴿ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ۚ ﴾ (المائدة : ٤٨) .

لە لایەکی ترەوە خوای گەورە هەر پێغەمبەرێکی رەوانە کردبێ بەڵێن و پەیمانی لێ وەرگرتووە کە ئەگەر لە سەردەمی ئەودا هەر پێغەمبەرێکی خوا دەستی بە بانگەواز کرد بەبێ دواکەوتن ئیمانی پێ بهێنێ و کۆمەکیی و پشتیوانیی بکات ، وەك قورئان ئەفەرموێ :

﴿ وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ لَمَآ ءَاتَيْتُكُم مِّن كِتَٰبٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِۦ وَلَتَنصُرُنَّهُۥ ۚ قَالَ ءَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَىٰ ذَٰلِكُمْ إِصْرِى ۖ قَالُوٓا۟ أَقْرَرْنَا ۚ قَالَ فَٱشْهَدُوا۟ وَأَنَا۠ مَعَكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴾ (آل عمران : ٨١) .

جا كه پێغەمبەران سەلامیان لێ بێ ئەمە ئەركی سەر شانیان بێت ، ئەوا پێویستە خەڵكیی چاكتر ملكەچیی حەق بن و بە پاكیی شوێنی بكەون ، ئەویش بە ئیمان‌هێنان بە هەر پێغەمبەرێك كە بە بەڵگەی رێك و پێك پێغەمبەرایەتیی خۆی بسەلمێنێ ..

جا پێغەمبەری ئاخر زەمانیش ﷺ ئەوەندە بەڵگە و نیشانەی زۆری هەن لەسەر راستیی و پاكیی پەیامەكەی ، كە هیچ پێغەمبەرێكی تر نەی‌بوون ، چونكە دینەكەی ئەم دینی كاملێ و ، دینی هەتا هەتاییی و ، دینی ئاخرزەمانە كە هیچ شەریعەت و دینێكی تر نەسخی ناكاتەوە ..

ئەوەبوو پێغەمبەرانی پێش ئەم ، سەلامیان لێ بێ ، بە تایبەت مووسا و عیسا ، مژدەیان بە هاتنی دابوو . ئەو مژدانەش هەر هەموویان لە تەورات و ئینجیل‌دا تۆمار كراون و زاناكان لێیان ئاگادارن و ، چاك ئەزانن كە ئەم پێغەمبەری ئاخرزەمانە ﷺ فەرمان بە چاكە ئەكات و ، دوورەپەرێزیی لە خراپە ئەكات و ، هەرچیی شتی پاكە بۆیان حەلاڵ ئەكا و ، هەرچییش پیسە لەسەریان حەرام ئەكا و ، ئەو بارە قورسانەش كە لە سەرشانیان بوو لەسەریان لا ئەبا . جا هەركەسێ شوێنی ئەو ئازیزە بكەوێ و ، كۆمەكیی و پشتیوانیی لێ بكا و ، شوێن ئەو نوورە بكەوێ كە بۆی هاتووە ، ئەوا سەركەوتوو ئەبێ ، وەك قورئان ئەفەرموێ :

﴿ وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ ۚ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَالَّذِينَ هُم بِآيَاتِنَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٥٦﴾ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالْأَغْلَالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ ۚ فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنزِلَ مَعَهُ ۙ أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾ (الأعراف : ١٥٦ ــ ١٥٧) .

دیسان قورئانی پیرۆز رێ لە نەصارا ئەگرێ كە لەبەر دەم پەیامی پێغەمبەری ئاخرزەمان‌دا ملەجەڕێ ئەكەن و ، ئەی‌دا بە گوێیان‌دا كە حەزرەتی عیسا خۆی مژدەی ئەوەی داوە ، كەچیی وا ئەوان بەڵگە روون و ئاشكراكانی ئەبینن و لەگەڵ ئەوەش‌دا ئیمان ناهێنن و بە سیحری لە قەڵەم ئەدەن ، كە ئەوپەڕی نەفامیی و نامەردیی‌یە ، قورئان لەو بارەوە ئەفەرموێ :

﴿ وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَـٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَىَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِى مِنۢ بَعْدِى ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ ۖ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلْبَيِّنَـٰتِ قَالُوا۟ هَـٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴾ (الصف : ٦) .

جا هەرچەندە گاور و جوولەکە دەستکاریيەکی زۆری تەورات و ئینجیلیان کردووە ، بە تایبەت لەو شوێنانەدا کە ناونیشانی پێغەمبەری ئاخرزەمان هاتووە، کەچیی هێشتا بەڵگە و مژدەی زۆر ماون کە بیسەلمێنن موحەممەد ﷺ ئەو پێغەمبەرە چاوەڕوان کراوەیە کە مژدەی هاتنیان داوە ..

لە تەوراتدا مژدەیەك لەسەر زمانی حەزرەتی مووسا سەلامی خوای لێ بێ هاتووە ئەڵێت : ((أقيم لهم نبياً من وسط إخوهم مثلك ، وأجعل كلامي في فمه ، فيكلمهم بكل ما أوصيه به)) . (سفر تثنية الإشتراع الإصحاح ١٨ الفقرة ١٨) .

ئەمە بە جوانیی دەری ئەخات کە مەبەست لەو پێغەمبەرە موحەممەدی ئازیزمانە ﷺ و ، مەبەست بە (إخوهم) نەوەکانی ئیسماعیلە سەلامی لێ بێ .

ئیتر لە نێوان مووسا و عیسادا چەند پێغەمبەرێك یەك لە دوای یەك هاتوون یەکێکیان دەری نەبڕیوە کە ئەو پێغەمبەرەیە کە لە مژدەکەی سەرەوەدا ناونیشانی هاتوون و ، هەرچیی پێغەمبەریش بەدوای مووسادا هاتوون و هەوڵیان داوە شەریعەتەکەی ئەو جێبەجێ بکەن ، هیچ کامیان لەو پێغەمبەرە ناچن .

لە کۆتایی (سفر التثنية)ش دا دەقێکی تر دەری بڕیوە کە لەناو بەنی ئیسرائیل دا پێغەمبەری وەك ئەو پێغەمبەرە هەڵ نەکەوتووە .

باسی پێغەمبەری ئاخرزەمان لەناو جوولەکەدا یەکجار باسێکی بڵاو و زانراو بوو ، کە خوێندەوار و نەخوێندەواریان ئەیزانیی و ، جوولەکەکان بەرە لەدوای بەرە چاوەڕوانی هاتنی بوون و ، هەموو نیشانەیەکیشی لەناو کتێبەکانیاندا نووسرابوون ..

بۆ پشت گیریی ئەم باسە با سەرنجی ئەم وت و وێژەی نێوان (يوحنا المعمدان) واتە یەحیای کوڕی زەکەریا سەلامیان لێ بێ و ئەوانەی کە هاتبوون بۆ لای تا پرسیاری لێ بکەن : تۆ چییت ؟ ئەویش دانی بە راستییدا نا و ، دەری بڕیی کە

مەسیح نیە . لێیان پرسیی : ئەی چییت ؟ ئیلیایت ؟ [٧٥] فەرمووی : من ئەو نیم. وتیان : ئەی ئەو پێغەمبەرەیت ؟ واتە پێغەمبەری ئاخرزەمان . وەڵامـی دایـەوە : نەخێر .. (سفر يوحنا ـ الإصحاح الأول ، الفقرة ١٩ ـ ٢١) .

ئەمەی پێشەوە ئەوە دەرئەخات کە جولەکە بە یەقینیی چاوەڕوانی دەرکەوتنی سێ پێغەمبەر بوون : یەکەمیان : ئیلیا ، کە چاوەڕوان بوون جارێکی تر لە سـەر ئەم زەوییەدا دەربکەوێتـەوە و ، دووهەمیشـیان : مەسـیح و ، سێهەمیشـیان : پێغەمبەری ئاخرزەمان ، کە ئەوەندە بە لایانەوە بـەناوبانگ بـوو بـە پێویسـتیان نەئەزانی هیچ سیفەتێکی هەڵ بدەن ، بەڵکو تەنها (ذلك الـنبي) بـەس بـوو بـۆ ناساندنی .

جا لەو کاتەوە هەتا ئێستا لە هـیچ شـوێنێکدا کەسـێك هـەڵ نەکـەوت ئـەوە دەربڕێ کە ئـەو پێغەمبەرەیـە کـە حـەزرەتی مووسـا سـەلامی لێ بـێ مـژدەی سەرهەڵدانی داوە ، جگە لە پێغەمبەری خۆمان ﷺ. کە ئـەوەبوو ئـەو ئاگـای لـە هیچ شتێك نەبوو قەشە و راهیبەکانی شام و دوورگـەی عـەرەبیی ، بگـرە وڵاتـی یەمەنیش ، چاوەڕوانی ئەوە بوون پێغەمبەری ئاخرزەمان سەر هەڵ بدات و ، لەناو خەڵکدا سیفەتەکانیان هەڵ ئەدا و ، دەریشیان ئـەبڕیی کـە کـاتی هـاتنی نزیـك بۆتەوە ..

دەی مادام کەسێکی تر نەهات ئەم کارە رابگەیەنێ .. هەروەها کەسێك نەهات کتێبێکی بۆ بێت و بانگی سەرزەویی بکا بۆ موسڵمان بوون جگە لـە ئازیزمـان ، کە ئەوەبوو کۆمەڵی موسڵمانی بە چاکترین و پاکترین شێوە بەرپا کـرد و ، پـاك ترین و عـەدالەتترین دەوڵەتیشی دامەزراند و ، لەو کاتەشەوە هەتا ئێستا مرۆڤە پاکەکان را ئەکێشێ و ، بە ئامۆژگاریی دینە پاکەکـەی پـەروەردەیان ئـەکات و ، پاکترین مرۆڤی سەرزەوییش هەمیشە هەڵگرانی ئایینەکەی ئـەم بـوون ، کەواتـە ئەو پێغەمبەرە چاوەڕوان کراوە موحەممەدی خۆشەویستمانە .

لە لایەکی ترەوە لە دوای حەزرەتی مووسا هیچ پێغەمبەرێکی تـر وەك مووسـا خاوەنی شەریعەتی سەربەخۆ نەبووە جگە لە پێغەمبەری خۆمـان . کەواتـە تـەنها ئەم لە مووسا ئەچێت .

---

[٧٥] ئیلیا یەکێکە لە پێغەمبـەرەکانی بەنی ئیسـرائیل کە لە دەوروبەری (٨٨٠ ـ ٨٥٠ پ . ز) دا ژیاوە . (المنجد في الأعلام) .

هەروەها مژدەیەکی تر لە تەوراتدا هاتووە کە ئەڵێت : ((جاء الرب من سيناء، وأشرق لهم من ساعير ، وتلألأ من جبل فاران)) . (تثنية الإشتراع الإصحاح ٢٣ الفقرة ١) .

جا لە سیناوە هاتن ئاماژەیە بۆ هاتنی مووسا و ، هەڵهاتنیش لە ساعیرەوە ئاماژەیە بۆ هاتنی عیسا و ، درەوشانەوەش لە کێوی فاران ەوە ئاماژەیە بۆ هاتنی موحەممەدی پێغەمبەرمان ﷺ ، چونکە تەورات خاکی حیجاز (مەککە) ی بە فاران ناو بردووە .

هەروەها مژدەیەکی تریش دەری ئەبڕێ کە وڵاتی عەرەب ئەو خاکەیە کە پێغەمبەری ئاخرزەمانی تیا هەڵ ئەکەوێ و ، باسی کۆچ کردنیشی تێدا هاتووە ، کە لە مێژوودا هیچ کۆچێکی تر وەك کۆچی ئازیزمان لە مەککەوە بۆ مەدینە ناوبانگ و گرنگیی بۆ خۆی نەپچڕیوە ، کە باس لە کۆچی ئەوانە ئەکات کە لە دەست شمشێری زاڵمان هەڵاتوون و ، دانیشتوانی خاکی تەیماش هەڵ ئەنێ تا غیرەت بیان گرێ و ئاو و نان پێشکەش بە لێقەوماو و هەڵاتووان بکەن ، بە تایبەت موحەممەد پێغەمبەر کە شەوی کۆچ کردنی کۆمەڵێ شمشێر بەدەستی دڵ ڕەق لە پشت دەرگای ماڵەکەیەوە وەستا بوون و بە تەما بوون هێرش بەرنە سەری و بێ ڕەحمانە بی‌کوژن :

((وحي من جهة بلاد العرب ، في الوعر من بلاد العرب ، تبيتين يا قوافل الدادانيين ، هاتوا ماء لملاقاة العطشان ، يا سكان أرض تيماء وافوا الهارب بخبزة ، فإنهم من أمام السيوف قد هربوا ، من أمام السيف المسلول ، ومن أمام القوس المشدودة ، ومن أمام شدة الحرب)) . (أشعيا الإصحاح ٢ الفقرة ١٣ ـ ١٥) .

جا پێش هاتنی وەحی و پێش کۆچ کردنی پێغەمبەری خواش ﷺ بۆ مەدینە ، جوولەکەکان هەر کە لەگەڵ عەرەبەکانی مەدینەدا بجەنگانایە ، هەواڵیان ئەدانێ کەوا کاتی هاتنی پێغەمبەرێك نزیك بۆتەوە ، کە پشت گیریی جوولەکە ئەکا و ، ئەمانیش شوێنی ئەکەون و ، ئەبنە سوپای ئەو پێغەمبەرە و ، بە وێنەی عاد و ئیرەم کوشتاریان ئەکەن .

کاتێك کە پێغەمبەر ﷺ بانگەوازی خوای بڵاو کردەوە ، جوولەکە بە دڵیان نەبوو ، چونکە بە تەما بوون ئەو پێغەمبەرە لە خۆیان هەڵ بکەوێ و پێیان ناخۆش بوو پێغەمبەرایەتیی لەوان بسەنرێتەوە ، بۆیە کەوتنە دژایەتیی و بەگژداچوونی . قورئان ئەفەرموێ :

﴿ وَلَمَّا جَآءَهُمْ كِتَٰبٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ وَكَانُواْ مِن قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَلَمَّا جَآءَهُم مَّا عَرَفُواْ كَفَرُواْ بِهِۦ ۚ فَلَعْنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴾ (البقرة : ٨٩)

هەروەها ئینجیلیش مژدەی بە هاتنی پێغەمبەری خوا ﷺ داوە . هەتا ئەو ئینجیلانەی کە ئەمڕۆ هەن ، ئەگەرچیی ـ بە شاهێدیی زانا نەصرانی‌یە راستگۆکان ـ دەست‌کاریی کراون ، هێشتا بەڵگە و مژدەی زۆریان تێدا ماون .

بۆ نموونە لە ئینجیل (یوحنا)دا هاتووە ، کە یەسووع فەرموویە : ((إن كنتم تحبوني فاحفظوا وصاياي ، وأنا أطلب من الآب فيعطيكم معزياً آخر ليمكث معكم إلى الأبد ، روح الحق ، الذي لا يستطيع العالم أن يقبله ، لأنه لا يراه ، ولا يعرفه ، وأما أنتم فتعرفونه لأنه ماكث معكم فيكون فيكم)) . (يوحنا الإصحاح ١٤ الفقرة ١٥ ـ ١٧) .

هەروەها ئەفەرموێ : ((وأما المعزي الروح القدس الذي سيرسله الآب باسمي ، فهو يعلمكم كل شيء ، ويذكركم بكل ما قلته لكم)) . (يوحنا ١٤ : ٢٦) .

هەروەها ئەفەرموێ : ((ومتى جاء المعزي الذي سأرسله أنا إليكم من الآب ، روح الحق الذي من عند الله الآب ينبثق فهو يشهد لي)) . (يوحنا ١٥ : ٢٦) .

هەروەها فەرموویە : ((لكني أقول لكم الحق إنه خير لكم أن أنطلق ، لأنه إن لم أنطلق لا يأتيكم المعزي ، ولكن إن ذهبت أرسله إليكم)) . (يوحنا ١٦ : ٧) .

دیسان فەرموویە : ((إن لي أموراً كثيرة أيضاً لأقول لكم ، ولكنكم لا تستطيعون أن تحتملوا الآن ، وأما متى جاء ذاك روح الحق فهو يرشدكم إلى جميع الحق)) . (يوحنا ١٦ : ١٢ ، ١٣) .

ئەم مژدانە هەر هەموویان دەقن و هەواڵی هاتنی پێغەمبەری ئاخرزەمان ئەگەیەنن .. بەڵام زاناکانی نەصارا هەمیشە هەوڵیان داوە لە مەبەستی خۆیان لایان پێ بدەن .. هەوڵیان داوە حەزرەتی عیسا خۆی بگرنەوە . بەڵام کە ئەو فەرموویە : ((إن لم أنطلق لا يأتيكم المعزي)) . ئەفەرموێ : هەتا من نەڕۆم پێغەمبەری ئاخرزەمان نایەتە ناوتان .

لە سەرەتاوە ناوی پێغەمبەری ئاخرزەمان لە ئینجیل‌دا بە (البارقليط) هاتووە، بەڵام کە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبیی هی وا هەیە بە (المخلص ـ رزگارکەر) و هی واش هەیە بە (المعزي ـ دڵ دەرەوە) تەفسیری کردووە ..

مامۆستای بەڕێز عبدالوهاب النجار دەربارەی مانای (البارقليط) پرسیار لە خۆرهەڵات ناسی ئیطالیی (نلینۆ) ئەکات ، کە لە ئادابی زمانی یۆنانییدا دکتۆرای هێناوە و لە زانکۆی میصردا وانەی ئەوتەوە . ئەویش ئەڵێت : قەشەکان ئەڵێن : ئەم وشەیە مانای (المعزي) ئەگرێتەوە . مامۆستا پێی ئەڵێ : من پرسیار لە دکتۆر نلینۆ ئەکەم ، کە لە ئادابی یۆنانیی کۆندا دکتۆرای هێناوە ، نەك لە قەشەیەك ! نلینۆ ئەڵێت : مانای ئەم وشەیە ئەو کەسە ئەگرێتەوە کە سوپاسی زۆری کرا بێ .

مامۆستا ئەڵێ : ئایا ئەمە لەگەڵ مانای (أفعلَ) ی تفضیلی فیعلی (حَمِدَ) دا رێکە ؟ (واتە ((أحمد))) . ئەڵێ : بەڵێ . (قصص الأنبياء ــ مبحث بشارة عيسى بالنبي : ٤٧٣) .

لە لایەکی ترەوە وشەی (فارقليط) لە (بيركلي طوس)ی لەفزە یۆنانی‌یە بنەڕەتی‌یەکەیەوە هاتووە کە لە مانای موحەممەد یان ئەحمەدەوە نزیکە .

زیاد لە ئینجیلەکانی تر ئینجیل بەرناباش ، کە لەم دوایی‌یەدا کەوتەوە روو و، دەمێك بوو شاررابوویەوە ، پڕیەتی لە مژدە بە هاتنی پێغەمبەری خوا ﷺ.

بەڵێ ، پێش هاتنی وەحی لە هەموو لایەکەوە حیبر و راهیبەکان بڵاویان کردبوویەوە کە لەناو عەرەبەکاندا پێغەمبەرێك بەم زوانە دەست بە بڵاوکردنەوەی دینی خوا ئەکات . یەکێ لەوانە ئەو قەشەیە بوو کە هاوەڵی سەلمانی فارسیی بوو خوا لێی رازیی بێ و ، پێی وتبوو :

سەلمان ! خوای گەورە لە نێوان چیاکانی توهامەدا ، واتە حیجاز ، پێغەمبەرێك ئەنێرێت کە ناوی ئەحمەدە و ، ناونیشانی ئەوەیە کە (هەدیە) ئەخوات ، بەڵام (صەدەقە) ناخوات ..

ئەمەش یەکێ بوو لەو هۆیانەی کە پاڵیان بە سەلمانەوە نا ، دوای تاقیی‌کردنەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، موسڵمان ببێ ..

هەروەها هەواڵدانی جوولەکەکان بە هاتنی پێغەمبەری ئاخرزەمان و هەڕەشەکردنیان لە ئەوس و خەزرەج ، پاڵی بە ئەوس و خەزرەجەوە نا تا دەست پێشیی بکەن و خێرا موسڵمان بن ، بەر لەوەی جوولەکە پێی بزانن و موسڵمان بن .

سەلەمەی کوڕی سەللامەی کوڕی وەقش خوا لێی رازیی بێ ، کە یەکێ بووە لە هاوەڵانی بەدر ئەڵێت : لە گەڕەکی نەوەی عەبدولئەشهەلدا دراوسێیەکی جوولەکەمان هەبوو ، رۆژێکیان ـ کەمێك پێش بە پێغەمبەربوونی پێغەمبەر ﷺ ـ لەماڵەکەی خۆی هاتە دەرەوە و لەسەر کۆڕەکەی نەوەی عەبدولئەشهەل وەستا . سەلەمە ئەڵێت : ئەو رۆژە من بچوکترین کەسی کۆڕەکە بووم و ، عەبایەکم لەسەر شان بوو و لە پەنای ماڵی خۆمان دا راکشابووم . باسی زیندووبوونەوە و قیامەت و حیساب و میزان و بەهەشت و ئاگری کرد . ئەمەی بە کۆمەڵێك ئەهلی شیرك و بت پەرست ئەوت ، کە بڕوایان نەبوو دوای مردن زیندووبوونەوەیەك هەبێت .

وتیان : ماڵت کاول بێ ، فلانە کەس ! تۆ وای ئەبینیی کە ئەو خەڵکە دوای مردنیان زیندوو بکرێنەوە بۆ دنیایەك کە بەهەشت و ئاگری تێدا بێت و ، لەسەر کردەوەکانیان پاداشت وەر بگرنەوە ؟ وتی : بەڵێ ، بەو کەسەی کە سوێندی پێ ئەخورێ ، هەر یەکە ئاوات ئەخوازێ کە لەم دنیادا لە بری ئەو ئاگرە ، گەورەترین تەنووری بۆ گەرم بکەن و ، بیخەنە ناوی و ، دەرگای لەسەر دابخەن ، بەو مەرجەی لە سبەی رۆژدا لەو ئاگرە رزگاری ببێ ..

پێیان وت : ماڵت کاول بێ ، نیشانەی ئەمە چیە ؟

وتی : نیشانەی ئەمە رەوانەکردنی پێغەمبەرێکە لە دەوروبەری ئەم وڵاتەدا .. دەستیشی بەرەو مەککە و یەمەن درێژ کرد ..

وتیان : دەی کەی ئەیبینین ؟

سەلەمە ئەڵێت : سەیری منی کرد ، کە لە هەموویان منداڵتر بووم و وتی : تەمەنی ئەم منداڵە بەسەر ناچێ فریای ئەکەوێ .

سەلەمە ئەڵێت : دە بەخوا زۆری پێ نەچوو خوای گەورە پێغەمبەرەکەی ﷺ رەوانە کرد و ، کابرای جوولەکەیش لەناومان دا زیندوو بوو و ، ئێمە ئیمانمان هێنا ، کەچیی ئەو بە زوڵم و حەسوودیی رێگای کوفری گرتە بەر . وتمان : ماڵت کاول بێ فلانە کەس ! ئەی تۆ نەبوویت باسیت بۆ کردین ؟ وتی : بەڵێ . بەڵام ئەو نیە . [٧٦] (صحيح السيرة النبوية ، إبراهيم العلي : ٣١) .

[٧٦] السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٢١٤ ـ ٢٥٤ ، الرحيق المختوم : ٥٩ ـ ٦٢ ، السيرة النبوية للندوي : ١١٠ ـ ١١٢ ، سيرة إبن هشام : ١ / ٢٣١ ، السيرة النبوية للصلابـي : ٦٢ ـ ٧٠ .

جا وا زیاتر لە هەزار ساڵ بەسەر ئەو مژدانەدا تێپەڕیی و جگە لە پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ کەسێکی تر نەهات و پێغەمبەرایەتیی رابگەیەنێ و خەڵك بڕوای پێ بکەن و ، دینەکەی ببێتە دینی مرۆڤ و ، مرۆڤایەتیی رزگار بکات . هەروەها جگە لە قورئانیش لە ئاسمانەوە کتێبێکی تر نەهاتە خوارەوە تا مرۆڤەکان بڕوای پێ بکەن و وەك قورئان پیرۆز بێ و شوێن فەرمانەکانی بکەون ..

دەی ئەگەر بڕوانەکردنی گاور و جوولەکەکانی ئەو سەردەمە بە پێغەمبەرایەتیی موحەممەدی پێشەوامان ﷺ ، کە نەوەکو ئەو پێغەمبەرە نەبێت کە مووسا و عیسا سەلامیان لێ بێ مژدەی هاتنیان داوە ، ئەگەر بڕوانەکردنیان تا رادەیەك چاوی لێ بپۆشرێ لەو رۆژەدا ، ئەی ئەو گاور و جوولەکانەی ئەمڕۆ ئەبێ وەڵامیان چیی بێ ؟

ئایا ئەگەر مووسا و عیسا بەڵێنەکەیان نەهاتۆتە دیی ، دەی چۆن بڕوایان پێیان ئەمێنێ ؟

خۆ ئەگەر ئەو بەڵێنە لە غەیری موحەممەددا ﷺ هاتۆتە دیی ، دەی کوا ؟

خۆ ئەگەر هاتۆتە دیی و موحەممەد راستی فەرمووە ، ئەی چۆن ئیمانی پێ ناهێنن ؟ خۆ دیارە هەرکەسێ ئیمان بەو بەڕێزە نەهێنێ ئەوا ئیمانیشی بە مووسا و عیسا نامێنێ ، چونکە وەسیەت و مژدەکەی ئەوانی پشت گوێ خستووە ..

دەهەم : چاوەڕوان نەبوون

لەمەو بەر بە درێژە باسی سەردەمی پێش هاتنی وەحیمان بۆتان کرد .. خەڵکێکی زۆر چاوەڕوانی هاتنی پێغەمبەری ئاخرزەمان بوون و ، هەندێکیش لەوانە ـ وەك بەحیرای راهیب ـ هەندێ ناونیشانیان بۆ دەرکەوتبوو ، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ کات بە تەمای وەحیی و پەیام و کتێب نەبوو کە خوای گەورە بە سۆز و بەزەیی خۆی پێشکەشی بکات .. بەڵام هەستی بە شڵەژاویی ئەکرد و نەیشی ئەزانیی سەرچاوەکەی لە کوێوەیە .

ئەوەتا قورئانی پیرۆز ئەو شاهێدیە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەدات .. ئەوەتا قورئان دەری ئەبڕێ کە موحەممەد ﷺ ئاگای لە کتێب و لە ئیمان نەبووە :

﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ۚ مَا كُنتَ تَدْرِى مَا ٱلْكِتَٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ وَلَٰكِن جَعَلْنَٰهُ نُورًا نَّهْدِى بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنْ عِبَادِنَا ۚ وَإِنَّكَ لَتَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾ (الشورى : ٥٢) .

﴿ وَمَا كُنتَ تَرْجُوٓا۟ أَن يُلْقَىٰٓ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبُ إِلَّا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ۖ فَلَا تَكُونَنَّ ظَهِيرًا لِّلْكَٰفِرِينَ ﴾ (القصص : ٨٦) .

حیکمەتی خوای گەورەش وەها بوو کە هەڵ بژاردەکەی نەخوێندەوار بێ ، تا لە هەموو گومانێك بەدوور بێت :

﴿ وَمَا كُنتَ تَتْلُوا۟ مِن قَبْلِهِۦ مِن كِتَٰبٍ وَلَا تَخُطُّهُۥ بِيَمِينِكَ ۖ إِذًا لَّٱرْتَابَ ٱلْمُبْطِلُونَ ﴾ (العنكبوت : ٤٨) .

﴿ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِىَّ ٱلْأُمِّىَّ ٱلَّذِى يَجِدُونَهُۥ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ ﴾ (الأعراف : ١٥٧) .

بەشی نۆهەم
هاتـــنی وەحـــی

یەکەم : ماوەی گۆشەگیریی

تەمەنی پێغەمبەری خوا ﷺ نزیکی چل ساڵێی بوویەوە و ، سەرزەوییش لە ژیان و گوزەرانێکی تاڵدا بوو .. مرۆڤایەتیی بە دەست زوڵم و ستەمەوە بەرەو هەڵدێر ئەچوو .. بە وردیی سەرنجی حاڵ و هەڵس و کەوتی خزمەکانی ئەدا .. ئەو بیر و هەستەیانی بە دڵ نەبوو .. لە نەفامییدا نوقوم بوو بوون .. بتپەرستیی ژیانی تاڵ کردبوون .. تاریکایی و بەدبەختیی مرۆڤیان چارەڕەش کردبوو .. وەك دەستێکی ئەمین پاڵی پێوە بنێ حەزی لە تەنیایی و گۆشەگیریی ئەبوو .. حەزی لەوە بوو لە کەس وکاری کەنار بگرێ ، تا دەروونی بحەسێتەوە و ، دڵی بگەشێتەوە و ، کەمێك سەرنجی گەردوون بدات ، تا دەست رەنگینیی خوای بەدییهێنەری بۆ دەربکەوێ .. تا دەسەڵات و هێز و حیکمەت و توانای پەروەردگاری بۆ دەربکەوێ ..

ئەوەبوو لە مەککە دەرئەچوو و دوور ئەکەوتەوە ، هەتا خانووەکان تەواو ئەبوون و ئەگەیشتە چەم و شیوەکانی مەککە .. لەو کاتەدا بەلای هەر بەردێك و درەختێكدا تێپەڕی بکردایە پێی ئەوت : ((السلام عليك يا رسول الله !)) . کە پێغەمبەری خوا ﷺ بەلای راست و چەپدا و بۆ دواوە ئاوڕی ئەدایەوە جگە لە دارودرەخت و بەردەکان هیچی تری نەئەدیی ..[٧٧]

هەروەها لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە : ((إني لأعرف حجراً بمكة ، كان يُسلّم عَلَيَّ قبل أن أبعثَ ، إني لأعرفـه الآن)) .[٧٨] فەرموویە : لە مەککەدا بەردێك ئەناسمەوە کە پێش ئەوەی بکرێمە پێغەمبەر سەلامی لێ ئەکردم . ئێستە ئەیناسمەوە .

---

[٧٧] سيرة إبن هشام : ١ / ٢٣٤ ـ ٢٣٥ .

[٧٨] صحيح مسلم برقم (٢٢٧٧) ، عن جابر بن سمرة رضي الله عنه .

سەرەتای هاتنی وەحی بە خەوی راست دەستی پێ ئەکرد کە هەرچی خەوی ئەبینی بە جوانیی ئەهاتە دیی ، وەك لە فەرموودەکەی عائیشەدا خوا لێی رازیی بێ هاتووە .[٧٩]

ئەوەبوو سەویق و ئاوی لەگەڵ خۆیدا ئەبرد و ، ئەچوو بۆ ئەشکەوتی (حراء) لە چیای (نور) ، کە نزیکەی دوو تا سێ میل لە مەککەوە دوورە و ، ئەشکەوتێکی رێك و پێکە و ، درێژییەکەی چوار باڵ و ، پانیەکەشی باڵێك و سێچارەکی باڵێك ئەبێ و ئەکەوێتە لای چەپی ئەو کەسەوە کە بەرەو مینا ئەڕوات .. دەرگای ئەشکەوتەکە ئەوەندە ئەبێ کە پیاوێکی قەڵەو بتوانێ لێیەوە بچێتە ژوورەوە .. لە ناوەوەش ئەوەندە بەرزە کە پیاوی بالآبەرزی تێدا بە پێوە بوەستێ و ناوەکەشی جێی دانیشتن و نوێژکردنی چەند پیاوێکی تێدا ئەبێتەوە .

ئەشکەوتەکە لە شوێنێکی وەهادایە کە مرۆڤ بیر بکاتەوە و سەرنج بدات و ، تا چاویش کار بکات چیاکان دیارن و ، هەر ئەڵێی سەجدەیان بۆ گەورەیی و دەسەڵاتداریی خوا بردووە ..

کاتێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی بۆ ئەوێ ئەبرد ماڵ و منداڵەکەشی لەگەڵ خۆیدا ئەبرد و لە نزیك خۆیدا ئەبوون و ، مانگی رەمەزان لەوێ ئەمایەوە و ، هەر هەژارێك لەوێوە گوزەری بکردایە نان و خواردنی پێشکەش ئەکرد .. ئیتر لەوێ کاتی بە خواپەرستیی و بیرکردنەوە لە دیاردە گەردوونییەکانی دەوروبەری بەسەر ئەبرد و ، بیری لەو دەسەڵاتە رەهایەی پەروەردگار ئەکردەوە کە ئاسمان و زەویی بەدیی هێناوە .. لەولاشەوە خزمەکانی سەرگەردان بوو بوون و بتێکی بێکەڵك و بێزیانیان ئەپەرست و، ئەمیش نەخشەیەکی بە دەستەوە نەبوو تا چارەسەری بارەکەیان بۆ بکات ..

کە ماوەی تەنیایی و گۆشەگیریی تەواو ئەکرد ئەگەڕایەوە مەککە و ، یەکەم جاریش بەر لەوەی بچێتەوە ماڵەوە ، سەرێکی لە کەعبەی پیرۆز ئەدا و ، حەوت جار ، یان چەندێ خوای گەورە ویستی لەسەر بوایە ، طەوافی ئەکرد و ، پاشان ئەگەڕایەوە ماڵەوە . بۆ ئەم گەشتە رۆحییەی خاتوو خەدیجەی هاوسەری کۆمەکیی ئەکرد و ، خواردن و پێویستیی بۆ ئامادە ئەکرد . ئیتر ئەوەبوو لەسەر ئەم کارەی بەردەوام بوو هەتا خوای گەورە وەحی بۆ نارد .

---

[٧٩] البخاري رقم (٣) ، ومسلم رقم (١٦٠) ، وأحمد : ٦ / ٣٣٣ .

ئەم تەنیایی و گۆشەگیرییەی ئازیزمان ﷺ - کە سێ ساڵ پێش هاتنی وەحی بوو و ، خواپەرستییەکەشی بە پێی دینی پاك و خاوێنی ئیبراهیم خەلیل و، بە پێی فیطرەی بێگەردی بۆ خوای گەورە ملکەچ بوو - نەخشەی خوای گەورە بوو تا خۆشەویستەکەی ئامادەی هەڵ گرتنی سپاردە گەورەکە بکات .. تا مرۆڤایەتیی رزگار بکات .. تا رەورەوەی مێژوو بگۆڕێ .. تا فرمێسکە بە ناڕەوا رژاوەکانی سەرزەویی وشك بکاتەوە ..

دووهەم : هاتنی وەحی

کاتێك کە تەمەنی پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتە چل ساڵیی ، کە تەمەنی کاملی پیاوانە و ، وتراویشە کە پێغەمبەران لەو تەمەنەدا وەحییان بۆ هاتووە ، خوای گەورە وەحی بۆ نارد ، ئەمەش لە مانگی (ربیع الأول) دا ، کە ئەوەبوو سەرەتای وەحی بە خەوی راست دەستی پێکرد . ئەوەبوو هەر خەوێکی ئەدیی ئەهاتە دیی ، دیارە خەوی پێغەمبەرانیش وەحییە .. ئەمە شەش مانگی خایاند، هەتا ئەوەبوو جیبریلی ئەمین وەحی قورئانیی لە حەڤدەی رەمەزانی ساڵی چل و یەکەمی لەدایك بوونی ئازیزدا بۆ هێنا ، [80] کە بەرامبەر بە شەشەم رۆژی ئابی ساڵی ٦١٠ ز بوو ، بۆ ئەمە قورئانی پیرۆز ئەفەرموێ :

﴿ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا غَنِمۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ إِن كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَىٰ عَبۡدِنَا يَوۡمَ ٱلۡفُرۡقَانِ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ﴾ (الأنفال : ٤١) .

[80] لە (الرحيق المختوم) دا هاتووە کە لە رۆژی دووشەممەی بیست و یەکەم رۆژی مانگی رەمەزان دا بووە ، کە بەرامبەرە بە ١٠ ی ئابی ساڵی ٦١٠ ی ز ، ئەو کاتەش تەمەنی پێغەمبەری خوا ﷺ چل ساڵی قەمەریی و شەش مانگ و دوانزە رۆژ بووە کە دەکاتە نزیکەی سیی و نۆ ساڵی شەمسیی و سێ مانگ و دوانزە رۆژ . بەڵام ئەو ئایەتەی سوورەتی (الأنفال) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لە حەڤدەی رەمەزان دا بووە و شەوی قەدری ئەو ساڵەش لە حەڤدەدا بووە .
لە لایەکی ترەوە دانەری بەڕێزی (الرحيق المختوم) بە شێوەیەکی زانستیانە بۆی دەرکەوتووە کە دووشەممەی رەمەزانی ئەو ساڵە ئەکەوێتە بیست و یەکی رەمەزانەوە و ، بە بۆنەی ئەو فەرموودەشەوە کە دەری ئەبڕێ هاتنی وەحی لە دووشەممەدا بووە، کەواتە لە بیست و یەکدا وەحی بۆ هاتووە . فەرموودەکەش لە ئەبوقەتادەوە ریوایەت کراوە کە پرسیار لە پێغەمبەری خوا ﷺ کراوە دەربارەی رۆژووی دووشەممە ، ئەویش فەرموویە : ((فيه ولدتُ ، وفيه أنزل علي)) . (صحيح مسلم : ١ / ٣٦٨ ، أحمد : ٥ / ٢٩٧ ، ٢٩٩ ، البيهقي : ٤ / ٢٨٦ ، ٣٠٠ ، الحاكم : ٢ / ٦٠٢ .

((وما أنزلنا على عبدنا يوم الفرقان يوم التقى الجمعان)) ئەوە ئەگەیەنێ لە حەڤدەی رەمەزاندا وەحی بۆ هاتووە ، چونکە بە یەك دەنگیی موسڵمانان جەنگی بەدر لە حەڤدەی رەمەزانی ساڵی دووهەمی کۆچییدا بووە ..

سەرەتا پێنج ئایەتی پیرۆزی سوورەتی (إقرأ) هاتنە خوارەوە :

﴿ ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ۝٢ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ۝٣ ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ۝٤ عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ ﴾ (العلق : ١ ـ ٥) .

ئەوەشمان لە یاد بێ کە عیلم و زانست دوو جۆرە : زانستێکی (کسبي) کە (علم بالقلم) ئاماژەی بۆ ئەکات و ، زانستێکی (وهبي)ش کە (علم الإنسان مالم يعلم) ئاماژەی بۆ ئەکات کە زانستی پێغەمبەرانیش یەکێکە لەو جۆرە زانستە .

جا هاتنە خوارەوەی ئەم پێنج ئایەتە پیرۆزە بە یەکەم رۆژی پێغەمبەرایەتیی و هاتنی وەحی ئەژمێررێت ..

بە سەرنج دانی ئەم ئایەتانە کە سەرەتای هاتنی وەحین و ، وا یەکسەر باسی خوێندن و قەڵەم و زانست ئەکەن ، فەیلەسووف و زانا و مێژوونووسان یەکجار سەرسامن .. چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی نەخوێندەوار بووە و ، کۆمەڵەکەشی کۆمەڵێکی نەخوێندەوار بووە ، کە قەڵەم تیایا زۆر دەگمەن بووە و ، ژمارەی خوێندەوارانیش لە ژمارەی پەنجەکانی دەست زیاتر نەبوون . ئەمەش بە راستیی ئەوە ئەگەیەنێ کە ئەم قورئانە پیرۆزە شوێن کەوتووانی بۆ خوێندەواریی هەڵ ئەنێ و ، ئاواتی پێشکەوتن و حەسانەوەی مرۆڤە .. کە ئەوەبوو سەرەنجامیش هەروا ئەرچوو ، کە بە ماوەیەکی کەم شارستانییەتێکی زانستیانەی بەرفراوان لەسەر زەوییدا بەرپا بوو کە هیچ گەل و نەتەوەیەکی تر هەڵمەتی وا پڕ خێر و بەرەکەتی بە خۆیەوە نەدیوە و ، ئەو هەڵمەتە موبارەکەش تا ئێستا هەر بەردەوامە و ، مێشکە خوێندەوارە پاکەکانی ئەورووپا رووناك ئەکاتەوە و ، مرۆڤە ماف خوراوە بێکەسەکانی سەرزەوییش بەسەر ئەکاتەوە ..

وتمان ئەم رووداوە پیرۆزە لە مانگی رەمەزاندا بووە ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ئەشکەوتی (حراء) خەریکی خواپەرستیی بووە ، قورئانیش پشتگیریی ئەمە ئەکات کە ئەفەرموێ :

﴿ شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ هُدٗى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٖ مِّنَ ٱلۡهُدَىٰ وَٱلۡفُرۡقَانِۚ ﴾ (البقرة : ١٨٥) .

هەروەها لە شەوی قەدریش‌دا بووە :

﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ ﴾ (القدر : ١) .

جا زانایان دەربارەی (إنا أنزلناه) دوو رایان هەیە : یەکەم : مەبەست لە هاتنە خوارەوەی قورئان هەموویەتی بۆ ئاسمانی دنیا ، پاشان لە ماوەی بیست و ئەوەندە سالّدا بە بەش بەش دابەزیوەتە خوارەوە سەر زەویی . دووهەم : مەبەست لە سەرەتای هاتنی قورئان بێت بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ کە لە ئەشکەوتی (حراء) دا خەریکی خواپەرستیی بوو ، بەمە شەوی قەدری ئەو سالّە شەوی حەڤدەی رەمەزان بووە ..

ئەو شەوە شەوێکی موبارەك بووە :

﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةٖ مُّبَٰرَكَةٍۚ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ ﴾ (الدخان : ٣) .

جا وا خاتوو عائیشەی دایکی ئیمان‌داران خوا لێی رازیی بێ ئەو رووداوە گرنگەمان بۆ ئەگێڕێتەوە .. رووداوێك کە رەوڕەوەی مێژووی گۆڕیی .. مرۆڤی ئازاد و رزگار کرد .. تەخت و تاراجی ستەمی لەناو برد .. سەر لە نوێ ژیانی پڕ رێزی مرۆڤانەی بینا کردەوە .. رەوشت‌بەرزیی بووە ترازووی هەڵسەنگاندن .. دەست‌پاکیی و دەم‌پاکیی و چاکەویستیی دەست‌مایەی مرۆڤی بەرێز بوون :

سەرەتا کە وەحی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ هات خەوی چاك یان راست بوو .. هەر خەوێکی ئەبینیی وەك سپێدەی بەرەبەیان ئەهاتە دیی .. پاشان ژیانی گۆشەگیریی بەلاوە خۆشەویست بوو .. ئەوەبوو لە ئەشکەوتی (حراء) دا بە تەنیا ئەمایەوە و ، چەند شەوێك خەریکی خواپەرستیی ئەبوو ، بەر لەوەی بگەڕێتەوە ناو ماڵ و منداڵی و ، توێشوو لەگەڵ خۆیدا بەرێت ، پاشان ئەگەڕایەوە لای خەدیجە و توێشووی بۆ چەند شەوێکی تر هەڵ ئەگرتەوە ، تا ئەوەبوو لە ئەشکەوتی (حراء) دا بوو و (حەق) ی بۆ هات .. ئەوەبوو مەلائیکەتەکە هاتە لای و فەرمووی : بخوێنە .. ئەویش فەرمووی : ((ما أنا بقارئ)) . فەرمووی : من خوێندەوار نیم .. ئەفەرموێ : گرتمی و ، توند گوشیمی ، هەتا خەریك بوو هەناسەم لێ ببڕێ ،

پاشان بەری دام و ، فـەرمـووی : بـخوێنە ، منیش وتم : ((ما أنــا بقــاريء)) .
دیسان گرتمی و ، بۆ سێهەم جار گوشیمی ، پاشان بەری دام و فەرمووی :
﴿ ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ① خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ② ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ③ ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ④ عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ ﴾ (العلق : ١ - ٥) .

پێغەمبەری خوا ﷺ بەو ئایەتانەوە گەڕایەوە و دڵیشی لە ترسانا ئەلەرزیی و ، چووە ژوورەوە لای خەدیجەی کچی خوەیلید خوا لێـی رازیـی بێ و فــەرمووی : ((زَمِّلُونــي ، زملونــي)) . فەرمــووی : دام پۆشــن ، دام پۆشــن . دایان پۆشیی هەتا ترسەکەی لاچوو و ، بە خەدیجەی فەرموو ـ و رووداوەکەشی بۆ گێڕایــەوە ـ : لە خۆم ئەترسم (واتە تووشی نەخۆشی‌یەك ببێت) . خەدیجە وتی : نەخێر ، بەخوا هەرگیز خوا سەرشۆڕت ناکات .. تۆ سیلەی رەحم بە جێ دێنی و ، یارمەتیی لاواز ئەدەی و ، دەستگرۆیی بێ‌دەست ئەکەیت و ، نانی میوان ئەدەیت و ، یارمەتیی لێقەوماوان ئەدەیت . لــە هەنــدێ ریوایــەت‌دا هــاتووە : راســتیی ئــەڵێیت . لــە هەندێکی تریش‌دا : ئەمانەت ئەپارێزی .[81]

[دوای ئــەم دڵخۆشیی‌دانەوەیــەش مــژدەی دایە و پێی وت : ئامۆزا ! مــژدەت لێ بێ . بەو خوایەی کە گیانی خەدیــجەی بە دەستە هیوادارم ببیتە پێغەمبــەری ئەم ئوممەتە !][82]

خەدیجە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەبات بۆ لای وەرەقــەی کــوڕی نەوفــەلی کــوڕی ئەسەدی کوڕی عەبدولعوززا کە ئامۆزای بووە و ، هەر لــە ســەردەمی نــەفامیی‌دا بوو بووە نەصرانیی و ، نووسینی عیبرانیی فێر بوو بوو و ، بە عیبرانیی چەندێ کە خوا ویستی لەسەر بوو ئینجیلی نووسی‌بوویەوە و ، پیاوێکی بە ساڵاچووی پیر بوو و کوێریش بوو بوو .. خەدیجە پێــی وت : ئــامۆزا ! گــوێ لــەم برازایــەت بگــرە . وەرەقەش پرسیی : کوڕی برام ! چییت دیوە ؟ پێغەمبــەری خــواش ﷺ چــیی دیــی بــوو بۆی گێڕایەوە . وەرەقە وتی : ئەمە ئەو نێرراوەیە (واتە : جیبریل) کە خــوا

---

[81] ئەمە ئەوپەڕی رەوشت بەرزیی پێغەمبەری خوا ﷺ دەرئەخات کە لە نەفامیی‌دا و پێش هاتنی وەحی ئەمە رەفتاری بووە . لەولاوە ژیریی خەدیجە دەرئەخات کە خاوەنی ئیمانێکی دامەزراو بووە بە خوا کە هەر کەس چاکەکار بێ خوا لە کارەساتی ناهەموار ئەی‌پارێزێ .

[82] سيرة إبن هشام : ١ / ٢٣٨ .

بۆ لای مووسای ناردووە .[٨٣] خۆزگە ئەو ڕۆژە گەنج بوومایە ، خۆزگە ئەو کاتەی کە قەومەکەت دەرت ئەکەن زیندوو بوومایە . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((أو مخرجي هم ؟)) فەرمووی : گوایە ئەوان دەرم ئەکەن ؟ وتی : بەڵێ ، هەر پیاوێ ئەمەی کە تۆ هێناوتە هێنابێتی ئەوا دژایەتیی کراوە و ، گەر ئەو ڕۆژەش بمێنم پشتیوانی‌یەکی چاکت لێ ئەکەم . ئیتر ئەوەندەی پێ نەچوو وەرەقە کۆچی دوایی کرد و ، وەحیش وەستا ..[٨٤]

سێهەم : وەستانی وەحی

دوای هاتنی سەرەتای سوورەتی (العلق) بۆ ماوەیەك وەحی وەستا .. جا هەندێك وتوویانە کە ماوەی چل ڕۆژ وەستاوە . وتراویشە : شەش مانگ ، یان دوو ساڵ و نیو ، یان سێ ساڵ وەستاوە .

ئەوەی کە زیاتر لە ڕاستی‌یەوە نزیکە دوو ڕایەکەی پێشەوەن ، بە تایبەت چل ڕۆژەکە .. حیکمەتی ئەم وەستانەش بۆ ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ دوای گەیشتنی بە جیبریل و گوشین و ئازاردان و ترس و لەرز هێور ببێتەوە و ، ئەمجا ئەم تاسەی هەبێ تا بە جیبریل بگات .

بەڵام دابڕانی وەحی ماوەی دوو ساڵ و نیو یان سێ ساڵ هیچ مانایەکی نیە و، ڕیوایەتێکی صەحیحیش پشتی ئەوە ناگرێ .. جا لەو ماوەیەدا پێغەمبەری خوا ﷺ بە بەردەوامیی هات و چۆی (حراء) و دەوروبەری ئەکرد ، بەو هیوایەوە کە بەشکو ئەو مەلائیکەتەی کە هاتە خوارەوە لای جارێکی تر بێتەوە .. ئەوەبوو جیبریل هاتەوە و وەحی دەستی پێ کردووە ..

بەڵام لە هەندێ ڕیوایەتی (صەحیحی بوخاریی) دا باسی ئەوە هاتووە کە دوای وەستانی وەحی پێغەمبەری خوا ﷺ چەند جارێك چۆتە سەر لووتکەی چیاکان و ویستوویەتی خۆی بخاتە خوارەوە و جیبریل فریای کەوتووە ..

ئەم ڕیوایەتە مەرجی صەحیحیی وەرنەگرتووە ، چونکە لە (البلاغات) ە و ئەو (فیما بلغنا) وتەی زوهەری‌یە و (موصول) نیە ، بگرە وەك (منقطع)

---

[٨٣] چونکە ئەو شەریعەتەی کە بۆ مووسا هاتبوو لەو شەریعەتەی کە بۆ عیسا هاتبوو تەواوتر و فراوان تر بوو .

[٨٤] بوخاریی و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە . هەر ئەو ڕۆژە وەرەقە ئیمانی هێنا و تەصدیقی پێغەمبەری کرد و ، بە گوێی عیساشی کرد .

وەهایە و جۆرێکە لە فەرموودەی (ضـعیف) . دیـارە بوخـارییش فـەرموودەی سەنەددار تەخریج ئەکات کە بەسترا بێ بە ریوایەتی ریوایـەتکـەرە (عـدل) و (ضابط) ەکانەوە . سـەیری (فتح الباري : ١٦/ ١٢ ط الحلبي) بکە .[٨٥]

چوارەم : بەشەکانی وەحیی شەرعیی

وەحی بە مانـا شـەرعی‌یەکەی بریتی‌یە لەوەی کە خوای گـەورە پێغەمبـەرانی لەو شەرعە ، یان لەو کتێبە ئاگادار ئەکات ، کە ئەیەوێ بی‌گەیەنێ پێیان ، ئیتر سا بە هۆی یەکێکەوە بێ ، یان راستەوخۆ ..

زانایانیش پێناسەی وەحی‌یان بەم شێوە کردووە :

أ) بە پێی ئەو کەسەی کە وەحی بۆ دێت : ((عرفانٌ يجده الشخص من نفسه مع اليقين أنه من عند الله)) . ئەو کەسە کە وەحی بۆ دێت هەست ئەکات بەو بەرەکەتە و ، بە یەقین‌یش لای روونە کە ئەمە لەلایەن خواوەیە .

ب) بە پێی سەرچاوەی هاتنیـەوە : ((ما أنزله الله على أنبيائه ، وعرفهم به مـن أنباء الغيب ، والشرائع)) . بـەم مانایە بریتی‌یە لـەوەی کـە خـوا ناردوویـەتی بـۆ پێغەمبەرانی و ، بریتییشە لەو هەواڵە غەیبیی و لەو حوکمە شەرعی‌یانەی کە بـە هۆی وەحی‌یەوە ئاگاداری کردوون ..

بۆ ئیمکان‌بوونی وەحیش دوو کار پێویستن :

یەکەم : سەرچاوەی ناردنی وەحـی ، کـە ئـەویش خـوای گەورەیـە و ، بـوونی مەلائیکەتێکی ئەمین و دەست‌پاك تا ئەو وەحی‌یـە لەلایـەن خـوای گـەورەوە بـە پێغەمبەران بگەیەنێ .. ئەو مەلائیکـەتـەش بریتی‌یە لە لاشەیەکی نوورانیی کـە نابینرێ ، بەڵام توانای هەیە خۆی بە چەندین شێوەی جیاجیای چاك بگۆڕێ و ، بە گورجی‌یەکی یەکجار زۆریش هات و چۆ بکات . جاری واش ئەبێ کە پێغەمبـەران بە راستەقینەکەی ئەی‌بینن .

دووهەم : بوونی دەروونێکی مرۆڤانەی پاك و بێ‌گەرد کـە خـاوەنی توانایـەکی تایبەتیی بێ بۆ وەرگرتنی وەحی لە خواوە بە راستەوخۆ ، یان لـەو مەلائیکەتـەوە کە خوا رەوانەی ئەکات .

---

[٨٥] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٢٥٩ ـ ٢٦٦ .

جا بۆ کاری یەکەم ، کە بوونی خوای گەورەیە بە قودرەت و دەسەڵاتی تەواوەوە، ئەوا هەموو جۆرە دەلیلێك لەسەر بوونی و لەسەر تاك و تەنیایی و ، توانا و دەسەڵاتی کۆ کراوەتەوە مرۆڤە ژیرەکان ئەوەیان سەلماندووە ..

بۆ بوونی مەلائیکەتیش ئەوا هەموو خاوەن دینەکان بە یەکدەنگیی بەڵگەی تەواویان بە دەستەوەیە لەسەر بوونیان .

بۆ کاری دووهەمیش کە بریتی‌یە لە بوونی دەروونێکی پاك و پاڵفتە لە نێو مرۆڤدا ، تا بتوانێ وەحی لە خواوە ، یان لە مەلائیکەتەوە وەربگرێ ، ئەویش کارێکی مومکینە و هەزاران پێغەمبەری راستگۆ و پیاوچاك ، کە خۆری پڕنووری مێژووی مرۆڤایەتیین ، هاتوون و ئەم راستی‌یەیان گەیاندووە .

بەمە دەرئەکەوێ کە هاتنی وەحی بۆ مرۆڤ ، مایەی بەرزبوونەوەی پلە و ئاستی مرۆڤە . رێز و شکۆمەندیی بە مرۆڤ بەخشراوە و ، منەتێکی خواییشە بۆ بەرەی ئادەمیزاد کە خوای بەسۆزیان دەست‌بەرداریان نەبووە سەرگەردانی بیابانی نەفامیی بن ، بەڵکو پێغەمبەرانی بە ئامۆژگاریی پڕ نرخەوە بۆ ناردوون ، تا رێبازی چاك و خاوێن بگرنە بەر و ، سەرفرازی دنیا و قیامەت بن .

ئێستەش با بێینە سەر بەشەکانی وەحیی شەرعیی :

١ ـ فەرمایشت‌کردنی خوای گەورە لەگەڵ پێغەمبەرەکەی‌دا لە دوای پەردەوە ، کە ئەمە دوو جۆرە :

أ) لە کاتی ئاگاداریی و بەخەبەر بوون‌دا : وەك ئەوەی کە خوای گەورە لەسەر کێوی طوور فەرمایشتی لەگەڵ مووسا پێغەمبەردا کرد ، سەلامی لێ بێ . هەروەها وەك ئەوەش کە خوای گەورە لە شەوی ئیسرا و میعراج‌دا فەرمایشتی لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ کرد و ، نوێژی لەسەر موسڵمانان فەرز کرد .. جا فەرمایشت‌کردن لەگەڵ مووسادا بە ئایەت سەلماوە و ، فەرمایشتی ئیسرا و میعراجیش لە فەرموودەی ئیسراءدا سەلماوە .

ب) لە خەودا : وەك ئەو فەرموودەیەی کە ئیبن عەبباس و موعاذ لە پێغەمبەرەوە ﷺ ریوایەتیان کردووە ، کە فەرموویە : ((أتاني ربي ، فقال : فيم يختصم الملأ الأعلى ؟ .. ..)) رواه أحمد في مسنده ، والترمذي في سننه ، وقال : حسن صحيح ، وعبدالرزاق ، والطبراني عن ابن عباس ، والترمذي ، وابن مردويه ، والطبراني من حديث معاذ .

((أتانـــي ربـــي)) واتە : پەروەردگارم هاتە خەوم . ((الملأ الأعلـــى)) واتـە : مەلائیکەتەکان .

جا پیاوچاکانی پێشیینە لە ئەهلی سوننە و جەماعـە لەسـەر ئـەو رایـەن کـە حەزرەتی مووسا و حەزرەتی موحەممەد ، سەلامیان لێ بێ ، فەرمایشتی ئـەزەلیی و قەدیـمی خوای گەورەیان بیستووە کە یەکێکە لە سیفاتەکانی خوا ..

٢ ـ خوای گەورە بە هۆی جیبریلی ئەمینەوە پێغەمبەرەکانی ئاگادار کـردوون ، کە ئەمە پێی ئەوترێ : (الوحي الجلي) ، کە ئەمیش بە چەند شێوەیەك ئەبێت :

أ) بەو شێوەیەوە کە خوای گەورە جیبریلی دروسـت کـردووە ، کـە ئەمـە بـە دەگمەن دەرئەکەوێت و ، پێغەمبەری خوا ﷺ تەنها دووجار بەم حاڵەتەوە جیبریلی دیـوە : جـارێـکـیان دوای وەسـتـانی وەحی بـوو کە پێغەمبەر ﷺ لە ئەشکەوتی (حراء) بوو و جیبریلیش ئەهاتـە خـوارەوە و ، جـارێکیش لـە شـەوی ئیسـرا و میعراج‌دا کە بە ئاسمانەوە بوو و ، خوای گەورەش ئەمەی لە سـوورەتی (النجم) دا ئایەتی (١ ـ ١٨) باس کردووە .

ب) جیبریل لە شێوەی پیاوێك‌دا ئەهات ، کە زۆر جار لـە شـێوەی (دحیـة الکلبي) دا ئەهات ، کە هاوەڵێکی دیمەن جوان و رێك و پێك بوو و ، ئامـادەبوانی کۆڕەکەش ئەیان‌بینی و ، وتەکانیان ئەبیست ، بەڵام نەیان‌ئەزانی ئەوە جیبریلە .

یان لە شێوەی پیاوێکی نەناسراودا ئەهات ، وەك لە فەرموودە بەناوبانگەکـەدا هاتووە کە جیبریل دێت دەربارەی ئیمان و ئیسلام و ئیحسان پرسـیار ئـەکات و ، هەردوو ئیمامی فەرموودە بوخاریی و موسلیم ریوایەتیان کردووە .

ج) جیبریل لە شێوەی مەلائیکەتیی خۆی‌دا دێت و ، لەم حاڵەتـەدا نـابینرێ ، بەڵام دەنگێك وەك دەنگی زەنگ ، یان دەنگی هەنگ دێـت . جـا لـەم حاڵەتـەدا پێغەمبەر ﷺ لە حاڵەتی مرۆڤانەی خۆیەوە ئەگۆڕا بۆ حاڵەتێك کە توانـای هـەبێ لە مەلائیکەتەکەوە وەحی وەربگرێ . بەڵام ئەمە ناڕەحەت‌ترین حاڵەت بوو بـەلای پێغەمبەرەوە و ، تووشی جۆرە تایـەك ئـەبوو و ، ناوچاویشـی لـە رۆژی یـەکجار سارددا چین چین عـەرەقی دەرئەدا و، وەك کەسێکی خـەوتوو پرخـەی لێ دێـت و ، لاشەی قورس ئەبێت .. هەتا ئەگەر بەسەر وشترەکەیەوە بوایـە وشـترەکەی چـۆکی ئەدا و ، گەر رانی بەسەر رانی کەسێکەوە بوایە خەریك بوو بی‌هاڕێت ..

٣ ـ خستنە ناو دڵەوە : بەوەی کە جیبریل هەر وەحی‌یەکی بوێت بی‌خاتە دڵی پێغەمبەرەوە و ، ئەوەش بزانێ کە ئەوەی خراوەتە دڵیەوە لەلایەن خوای گەورەوەیە ، ئەمەش وەك ئەو فەرموودەیەی کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ ئەی‌گێڕنەوە کە فەرموویە : ((إنَّ روحَ القُدُسِ نَفَثَ في رُوعي : أَنَّهُ لَن تَموتَ نَفسٌ حَتى تَستَكمِلَ رزقَها ، فَاتَّقوا الله ، وَأَجمِلوا الطَّلَبَ ، وَلا يَحمِلَنَّ أَحَدَكُم استِبطاءُ الرِّزقِ عَلى أَنْ يَطلُبَهُ بمَعصيَةِ الله ، فَإِنَّ اللهَ تعالى لا يُنال ما عندَهُ إلاَّ بطاعَته)) . رواه إبن أبي الدنيا في كتاب (القَناعة) ، وإبنَ ماجه ، والحاكم في المستدرك وصححه ، والطبرانيُّ ، وأبو نُعيم في الحلية .

ئەفەرموێ : جیبریل خستیە دڵمەوە کە : هیچ نەفسێك نامرێت هەتا رزقی خۆی بە تەواویی وەر نەگرێت . دەی کەوایە شەرمی خوا بکەن و ، بە جوانیی داوای رزق بکەن و ، کاتێکیش کە رزق دوا ئەکەوێت بۆ یەکێکتان ، با بە شێوەی لە خوا یاخیی‌بوون هەوڵی رزق نەدات ، چونکە ئەوەی کە لەلای خوای گەورەیە بە گوێڕایەڵیی و پەرستنی دەست‌گیر ئەبێ .

٤ ـ ئیلهام : ئەمیش ئەو زانستەیە کە خوای گەورە ئەی‌خاتە دڵی پێغەمبەرەکەیەوە ، یان لە کاتی دۆزینەوەی ئەحکام‌دا ئەی‌خاتە سەر زمانی ، بەڵگەی ئەم جۆرە وەحی‌یانە ئەم ئایەتە پیرۆزەیە :

﴿ وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَآيِٕ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِۦ مَا يَشَآءُ ۚ إِنَّهُۥ عَلِىٌّ حَكِيمٌ ﴾ (الشورى : ٥١) .

لەم ئایەتە پیرۆزەدا چوار جۆرە وەحی تێدا باس کراوە : (وحياً) مەبەست لە ئیلهام و وەحی خەوە و ، (أو من وراء حجاب) لە پشتی پەردەوە و ، (أو يرسل رسولاً) مەبەست لە ناردنی جیبریلە .

٥ ـ بینینی خەوی راستەقینە ، کە لە سەرەتای وەحی‌یەوە ئەو خەوانەی ئەدین و بە چاکییش ئەهاتنە دیی . دیارە خەوی پێغەمبەران وەحی‌یە ، وەك خەوەکەی ئیبراهیم خەلیل بۆ سەربڕینی ئیسماعیلی تاقە جگەرگۆشەی و ، وەك ئەو خەوەش کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێش فەتحی مەککە دیتی کە مژدەی ئەوەی پێ درا کە بە سەرکەوتوویی ئەچنە کەعبەوە و فەتحی مەککەش ئەکەن . شایانی باسە کە قورئانی پیرۆز باسی ئەم دوو خەوەی کردووە .

هەموو ئەم جۆرە وەحی‌یانە ئەوەشی لەگەڵدایە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە یەقینیی و پێویستیی ئەوە ئەزانێت کە ئەوەی پێی دراوە حەقە و لەلایەن خوای

پەروەردگـارەوە نـێرراوە و ، لـە ختـوورەی نـەفس و ، وەسوەسـەی شـەیتانەوە بەدوورە ..[٨٦]

پێنجەم : هاتنەوەی وەحی

لەو ماوەیەدا کە وەحی وەستا ، تـرس‌ولـەرز لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دوور کەوتەوە ، بگرە بە تاسەوە بوو بۆ هاتنەوەی جیبریل و ، بۆیشی دەرکەوت کە بۆتە پێغەمبەری خوای بەدەسەڵات .

جـا لـەو کـاتەدا کە وەحی وەستابوو و ، ئەویش هاتوچۆی ئەشکەوتی حەڕڕای ئەکرد ، تا لەوێ بە تـاقی تـەنیا بێنێتـەوە و ، خواپەرسـتیی بکـات ، ئـەوەبوو رۆژێکیان دائەبەزییە خوارەوە لە ئاسمانەوە دەنگێك هات ، کە سەری بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە ، ئەبینێ وا جیبریلە و لەسەر کورسی‌یەك لە نێوان ئاسمان و زەویـی‌دا دانیشتووە و ئاسۆی داپۆشیوە . ترسی لێ نیشت و خۆی دا بـە زەویـی‌دا ، پاشـان گەڕایەوە ماڵەوە و ، فەرمووی : دام پۆشن ، دام پۆشن ، کە دایان پۆشیی خـوای گەورە سوورەتی (المدثر) ی لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی ئایـەتی پێنجـەمی نـاردە خوارەوە .

بوخاریی [٨٧] لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە ئەگێڕێتەوە کە گوێی لـە پێغەمبـەری خوا بووە ﷺ کە باسی ماوەی وەستانی وەحی کردووە و فەرموویە :

((فَبينا أنا أَمشي ، سَمعتُ صَوتاً مِّنَ السماء ، فَرَفَعتُ بَصَري قِبَلَ السماء ، فـإذا المَلَكُ الذي جاءَنـي بحَرَّاءَ قَاعِدٌ علىٰ كُرسيٍّ بَينَ السماءِ والأرضِ ، فَجَئثتُ منهُ حَتَّى هَوَيتُ إلى الأَرضِ ، فَجِئتُ أهلِي ، فقلتُ : زَمِّلونـي ، زَملونـي ، فَزَمَّلُونـي ، فَأَنزَلَ اللهُ تَعالى : يَاأيها المدثر ، إلى قوله : فاهجُر ، ثم حَمِيَ الوَحيُ وَتَتابَعَ)) .[٨٨]

شەشەم : ئەركی بانگ كردن

كە سەرەتای سوورەتی (المدثر) هاتە خوارەوە ، پێغەمبەری خـوا ﷺ سـەرنجی دا ئەم ئایەتانە چەند فەرمانێكیان تێدایە كە پێویستە ئەنجامیان بدات :

---

[٨٦] الرحيق المختوم : ٦٨ ـ ٦٩ ، والسيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٢٦٧ ـ ٢٧١ .
[٨٧] صحيح البخاري ، كتاب التفسير باب والرجز فاهجر ٢ / ٧٢٣ .
[٨٨] الرحيق المختوم : ٦٧ ـ ٦٨ ، السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٢٧٩ ـ ٢٨٠ .

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ۝١ قُمْ فَأَنذِرْ ۝٢ وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ ۝٣ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ ۝٤ وَٱلرُّجْزَ فَٱهْجُرْ ۝٥ وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ ۝٦ وَلِرَبِّكَ فَٱصْبِرْ ﴾ (المدثر : ١ - ٧) .

یەکەم جار فەرمانی بەسەردا ئەدات کە ئـەی ئـەو کەسـەی خـۆی داپۆشـیوە ، هەسـتە ، هەسـتە مەردومـەکان ئاگـادار بکـەرەوە و تیێـان بگەیەنـە کـە چارەنووسـێکی پڕمەترسـیی چـاوەڕوانی‌یان ئـەکات ئەگـەر ئیمـان نـەهێنن و گوێڕایەڵیی بۆ فەرمانەکانی پەروەردگار نەکەن .

پاشان فەرمانی بۆ دێت : با پەروەردگاری بە گەورە و مەزن بزانێت ، تا لەسـەر زەویی‌دا کەس خۆی بە گەورە نەگرێ و ، گەورەیی و دەسەڵات هەر شایانی خوایە.

پاشان فەرمانی بۆ دێت تا جل و بەرگی بە پـاك و خـاوێن رابگـرێ و ، دەست بەرداری هەموو پیسیی و چەپەڵی‌یەك ببێ ، واتە خۆی بە پاك و خاوێن رابگـرێ ، چ ظاهیر و چ باطین ، تا دڵ و دەروون و لاشە و هەموو ئەندامێکی پاك و خـاوێن ، لە ژێر چاودێریی و پارێزگاری و هیدایەت و نووری پەروەردگاردا ، پێ بگەیـەنێ ، بۆ ئەوەی ببێتە سەرمەشقی ئادەمی‌یەکان و دوور و نزیك چاوی لێ بکەن .

پاشان فەرمانی بۆ دەرئەچـێ ئـەو کـە بەنـدەی مـل‌کەچـی خوایـە و فـەرمان جێبەجێ ئەکات و بانگەوازی خوا بڵاو ئەکاتەوە ، با وریا بێت ، نـەکا خـۆی بـە شت بزانێ ، یان منەتێ بکات کـە گوایـا کـاری کـردووە و خزمـەتی پێشـکەش کردووە . وای لێك نەداتەوە کە کارێکی ئەنـجام داوە .. تا ئەتوانێ خزمەت بکـا و ماندوو ببێ و خۆی لەو پێناوەدا بەخت بکا ، بەڵام ئەوە هەمووی بـە تـەوفیقی خوا بزانێ و ، سوپاسی بکا کە توانیویەتی گوێڕایەڵیی فەرمان بکات .

لە ئایەتی حەوتەمیش‌دا فەرمانی بۆ دێت کە لە ئەنـجامی کارکردنـت‌دا بـۆ دینی خوا کەسانێك دێنە رێت و هەوڵی ساردکردنەوەت ئەدەن ، ئەگەر کۆڵت نـەدا دژایەتییت ئەکەن .. پاگاندەت بۆ ئەکـەن .. خـەڵکت لێ سـارد ئەکـەنـەوە .. هەوڵی کوشتنت ئەدەن .. لەسەرت پێویستە دان بە خۆدا بگـری .. ئـارام لەسـەر هەموو ناڕەحەتی‌یەك بگری .. بۆ رەزامەندیی خوا کۆڵ نەدەیت و لەسەر خزمـەتی خۆت بەردەوام بیت .

بەڵێ ، هەڵ گرانی دینی خوا ئەبێ بە تەمای دژایەتیی نەفامان بن .. نـەفامان لە کوشت و بڕیان درێغیی ناکەن .. ئەمانیش ئەبێ خۆیان بدەنـە دەست خـوا و ،

دەست لە هەموو بەرژەوەندی‌یەکیان بشۆن و ، بە تەمـــای خـوا بـن لەســەر مـل کەچیی و گوێڕایەڵیی ، بەسۆز و بەزەیی خۆی سەرکەوتنیان بۆ بنێرێ ..

ئەمانە چەند فەرمانێکی سـووك و ئاسـانن ، بـەڵام لـە راسـتیی‌دا یـەکجار کاریگـــەرن و ، بـۆ ئەنـــجام‌دانــی ئـەرکی بانگـەوازی ئیسـلام پیـاوی خۆیـان پێ‌ئەگەیەنن .. چونکە پێش هەموو شتێك تەوحید ئەبەنە نـاو کرۆکـی دڵـەوە و ، موسڵمانان فێری ناسینی خوا بـە تـاك و تـەنیا ئەکـەن .. هـەروەها ئیمـان بـە قیامەت لە دڵ‌دا جێ ئەکەنەوە ، چونکە ئـەم دنیایـە هـەموو پاداشـتێکی تێـدا نادرێتەوە ، سەرەڕای ئەوەش کە نـەفس پاکـژ ئەکـەن و ، لـە هـەموو پیسـیی و چەپەڵی‌یەك مرۆڤ دوور ئەخەنەوە و ، بۆ کـارە مـەزن و پـاك و پیرۆزەکـان هـەڵی ئەنێن .. پاشان موسڵمان فێر ئەبێ کە هـەموو کـارێکی بـە خـوا بسـپێرێ و بـە تەمای هێزی ئەو بێ بگاتە هانای سوپای خواناسیی کە هەمیشە لە چاو کافران‌دا هەر کەم بووە ، کەچیی هەمیشە هەر سەرکەوتوو بووە .

بەڵێ ، ئەم سوورەتە پایەدارە ، بگرە سەرەتاکەی هەڵمەتێکی رزگـاریی‌خوازیی بوو ، تا بانگی رزگاریی مرۆڤ دەست پێ بکات :

ئەی موحەممەدی ئازیزمان ! کاتی خەو و حەسانەوە نەما .. ئەوە نـەما تـۆ بـۆ خۆت بژیت .. ئەوە نەما هەوڵ بدەیت ژیـان و گـوزەرانی مـاڵ و منـداڵت خـۆش بکەیت .. هەستە مرۆڤایەتیی سەرگەردان بووە .. نرخ و بەهای مرۆڤ دابـەزیوە .. مرۆڤەکان خوای خۆیان بە چاکیی ناناسن .. رێـی چـاکیان ون کـردووە .. زوڵـم و ستەم باڵی کێشاوە بەسەر زەوییدا ..

هەستە ، دەست بەکاری خۆت بکـە .. تـۆ بـۆ کـارێکی یـەکجار مـەزن هـەڵ بژێرراوی .. ئەو کارە پیرۆزە فەرامۆش مەکە .. هەموو سەرزەویی چاوەڕوانتە .. مرۆڤایەتیی تا ئاخرزەمان بە تەمایە تۆ رزگاری بکەی .. ئەوەتا نەخشە و دەست بە کار بە ..

هەستە ، کاری پیرۆز چاوەڕوانتە .. دڵە شەیداکانی حەق و راستیی چـاونەگێڕن بزانن کێ ئاڵای راستیی بە راستیی بەرز ئەکاتەوە ، تـا بچـنە ژێریـەوە و کۆشـش بکەن .. خزمەتی حەق بکەن .. چاکە لەسەر زەوییدا بڵاو بکەنەوە ..

بەڵی ، ئازیزمان ! هەستە .. سوپایەکی مەزن لە پیاوچاکانی سـەرزەویی ، تـا ئاخرزەمان چاوەڕوانن تۆی بەرێز ئاڵا بەرز بکەیتەوە ..

سوپایەکی بەڕێز ئامادەیە تا فەرمان بدەیت و ، ئەویش تەخت و تاجی زوڵم لە بن بهێنێ ..

سوپایەکی مەزن چاوەڕوانە تۆی بەڕێز نەخشەی پاك کردنەوەی دڵ و دەروونیان پیشان بدەیت ، تا ئەوانیش یەك لە دوای یەك و ، دەستە لە دوای دەستە ، بە درێژایی مێژوو خەریکی پەروەردەی خۆیان و نەوەکان بن و ، خەریکی تەزکیەی نەفس بن ، تا مرۆڤایەتیی لە (أسفل سافلين) رزگاری بێ و ، هەوڵ بۆ گەیشتن بە کەمالات و پایە و پلە بەرزەکان بدات ..

هەستە ، کاتی خەو نەما .. کاتی حەسانەوە نەما .. غیرەت بدە بەر خۆت و بە تاقی تەنیا ژیان و گوزەرانی سەرزەویی بگۆڕە .. رەوڕەوەی مێژوو بگۆڕە .. دەستی ستەمکاران لە بنا ببڕە ..

کاتێ کە ئەم کارە پیرۆزە خرایە ئەستۆی ئازیز ئێمەش سەردەمی خۆمانمان بیر کەوتەوە .. دیسان نەفامیی پەڕەی سەندۆتەوە . ئیمان کز کز بووە .. ملهوڕان یاریی بە ژیان و مافی مرۆڤ ئەکەن .. ئەمڕۆش هەمان هەڵمەتی چاکەخوازیی پێویستە بۆ رزگارکردنی مرۆڤ . بۆ ئازادکردنی مرۆڤ .. ئەمڕۆ موسڵمانان ئەگەرچی ژمارەیان یەکجار زۆرە ، بوونەتە پاروویەکی چەور و ستەمکاران تەماعیان تێ کردوون .. لەبەر ئەوەی ئامۆژگارییەکانی قورئان پشتگوێ خراون .. ئەمڕۆش پێویستە موسڵمانان خۆیان پەروەردە بکەنەوە و ، هێزی پێویست ئامادە بکەنەوە تا بچنەوە مەیدانی شەیتان پەرستان و لە زوڵم و ستەم دەستکۆتایان بکەن . بە کۆمەکیی خوا ئەو رۆژەش نزیکە .. چونکە ستەم و جەور لە سنوور دەرچوون و ، هاکا سۆزی پەروەردگار فریای بەستەزمانەکان کەوتەوە ..

بەڵێ ئازیزمان هەستا و فەرمانەکانی ئەنجام دان و ، بێ پشوو زیاتر لە بیست ساڵ جیهادی کرد تا قەڵاکانی زاڵمانی رماندن و ، دڵە نەخۆشەکانی دەرمان کردن و ، مرۆڤی دڵسۆزی بەغیرەتی خەمخۆری خۆنەویستی چاکەویستی لەسەر زەویی‌دا پەروەردە کردن .. ئەو کۆمەڵێکی پەروەردە کردن ، کەچیی هەر دانەیەکی ئەو کۆمەڵە کەوتە وڵاتێك و بووە هەوێنی پەروەردە و بەشی زۆری سەرزەویی پەروەردە کرا و ، زۆرێك لە مەردمەکان لە داوی نەفس و شەیتان خۆیان دەرباز کرد و ،

بوونه سەرمەشق بۆ تەوبەکردن و خۆ چاك‌کردنی خەڵکێکی زۆر . بەمە سەرزەویی ڕۆشن بوویەوە ..

ئەمڕۆش بە کۆمەکیی خوا ئەو هەڵمەتە مەردانەیە بەڕێوەیە و هاکا هێزی تاریکیی هێنا بە چۆك‌دا و بەڵێنەکەی قورئان :

﴿ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ ﴾ هاتە دیی ..

حەوتەم : هاتنە خوارەوەی (الضحى) :

دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی سوورەتی (الضحى) ئیمام بوخاریی لە صەحیحەکەی‌دا بە سەنەدی خۆی لە جوندوبی کوڕی سوفیانی بوجەلی‌یەوە ریوایەتی کردووە کە وتوویە : پێغەمبەری خوا ﷺ نەخۆش کەوت ، ئەوەبوو شەوێك ، یان دوو شەو ، یان سێ شەو هەڵ نەستا . ژنێك[89] هات و وتی : ئەی موحەممەد ! هیوادارم شەیتانەکەت دەست بەردارت بووبێ ، ئەوە دوو سێ شەوە نای‌بینم لێت نزیك بکەوێتەوە .. خوای گەورەش ﴿ وَٱلضُّحَىٰ ۝١ وَٱلَّيۡلِ إِذَا سَجَىٰ ۝٢ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ﴾ ی ناردە خوارەوە .

لەم سوورەتەدا خوای پەروەردگار سوێند بۆ پێغەمبەرەکەی ئەخوات کە پەیوەندیی لەگەڵیا نەپچڕاندووە و هەردەم خۆشی ئەوێت ، کە ئەی‌فەرموو :

﴿ وَٱلضُّحَىٰ ۝١ وَٱلَّيۡلِ إِذَا سَجَىٰ ۝٢ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ﴾ .

ئەوەشی بۆ روون ئەکاتەوە کە چەندە لەم دنیایەدا رێزی لێ گرتووە ، ئەوا لە قیامەت‌دا رێزی زیاتری لێ ئەگرێ :

﴿ وَلَلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لَّكَ مِنَ ٱلۡأُولَىٰ ﴾ .

مژدەشی ئەداتێ کە لەم دنیایەدا سەری ئەخا و ، لە قیامەتیش دا پاداشتی ئەداتەوە :

﴿ وَلَسَوۡفَ يُعۡطِيكَ رَبُّكَ فَتَرۡضَىٰٓ ﴾ .

پاشان وەبیری دێنێتەوە کە ئەوی خۆشەویستی هەتیو بوو دەرووی لێ کردەوە و، نەی‌ئەزانی چۆن هیدایەتی قەومەکەی بدا پیشانی دا و ، هەژار و دەست‌کورتیش بوو دەوڵەمەندی کرد :

---

[89] ئوم جەمیلی کچی حەربی هاوسەری ئەبولەهەب بووە .

﴿أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَىٰ ۝٦ وَوَجَدَكَ ضَالًّا فَهَدَىٰ ۝٧ وَوَجَدَكَ عَائِلًا فَأَغْنَىٰ﴾.

کەواتە ئەی خۆشەویستم ! تۆش دڵی هەتیوان مەشکێنە و ، قسەی تاڵ و سوێریش بەرامبەر بە هەژاران مەکە .

﴿فَأَمَّا الْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ ۝٩ وَأَمَّا السَّائِلَ فَلَا تَنْهَرْ﴾ .

لە کۆتاییدا فەرمانی بەسەردا ئەکات تا باسی ئەو ناز و نیعمەتانە بکات کە خوای گەورە بەوی بەخشیوە ، بە تایبەتیی هەڵ بژاردنی بۆ پێغەمبەرایەتیی . ئەوەبوو ئەویش متمانەی بە هەر کەس بکردایە لە کەس وکاری ئەو نیعمەتە گەورەیەی باس ئەکرد کە خوای گەورە بەویش و بە بەندەکانیشی پێشکەش کردووە .

﴿وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ﴾ .

بەمە دەرئەکەوێ کە بۆ ماوەیەکی کەم وەحی وەستاوە و ، پێغەمبەریش ﷺ کە بێتاقەتیی کردووە ، خوای گەورە بە سوورەتی (الضحی) دڵی داوەتەوە . ئەم وەستانەی وەحی جیایە لەگەڵ وەستانەکەی دوای هاتنی سەرەتای سوورەتی (العلق) .

بەشی دەهەم
قۆناغەکانی بانگەوازی ئیسلام

ئەتوانین سەردەمی بانگەوازی پێغەمبەری خوا ﷺ بکەین بە دوو قۆناغەوە کە بە تەواویی لە یەك جیاوازن :

١ ـ قۆناغی مەککە ، کە نزیکەی سیانزە ساڵی خایاند .

٢ ـ قۆناغی مەدینە ، کە دە ساڵی تەواوی خایاند .

جا هەر یەکە لەم دوو قۆناغە ئەکرێ بە چەند بەشێکەوە کە ئەوانیش هەر یەکە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە .

با سەرەتا قۆناغی مەککە باس بکەین ، کە دوو بەشە :

أ) قۆناغی بانگ بە نهێنیی : سێ ساڵ .

ب) قۆناغی بانگ بە ئاشکرا ، کە لە سەرەتای چوارەم ساڵی هاتنی وەحییەوە دەست پێ ئەکات هەتا کۆچ کردن بۆ مەدینە .[٩٠]

قۆناغی بانگ بە نهێنیی :

یەکەم : دەستەی یەکەمی ئیمان داران

لەبەر ئەوەی کە مەککە بنکەی سەرەکیی دینیی عەرەبەکان بوو و ، سەدەنەکانیش کە سەروکاریی دیندارییان ئەکرد لەوێ بوون و ، پاگاندەیان بۆ بتەکانی کەعبە ئەکرد و بەلای عەرەبەکانەوە بە پیرۆز لە قەڵەم درابوون ، گەر کەسێك هەوڵی راستکردنەوەی بیروباوەڕی ئەو خەڵکەی بدایە ، ئەوا ئەوپەڕی تووشی ناڕەحەتیی ئەهات و ، ئەوەندە کۆسپ و تەگەرە ئەهاتنە رێی کە پێویستیی بە دامەزراویی و کۆڵ نەدانێکی بێوێنە بوو ، لەبەر ئەمە وا چاك بوو بانگی ئیسلامیی لە سەرەتادا بە نهێنیی بێت تا خەڵکی مەککە نەشڵەژێن و لەم بانگە پیرۆزە بە خراپ تێ نەگەن ..

---

[٩٠] مەگەر باسی قۆناغی بانگ بە ئاشکرا لە بەشی یانزەهەم دا پێشکەش بکرێت .

بۆ ئەمە دوای هاتنـــە خـوارەوەی ئایەتـەكانی سـەرەتای سـوورەتی (المـــدثر) پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی كرد بـە بانگ‌كردن بۆ سەر ئیسلام بە نهێنیی . دیارە لە پێشەوە پێویستە بانگی ماڵ و منداڵەكەی ، پاشان دۆستانی و ئەوانەی كە زۆر لێیەوە نزیكن بكات .

ئـەوەبوو یەكـەم كەسـێك كـە لـە ئافرەتـان‌دا ئیمـانی هێنـا ، بگـرە یەكـەم ئادەمی‌یەك كە ئیمانی هێنا خەدیجەی هاوسـەری بـوو ، خـوا لێـی رازیـی بـێ . خەدیجە كۆمەك و پاڵپشتێكی زۆر بەغیرەت بوو بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ. ئـەوەبوو یەكەم رۆژ كە قورئـان هاتـە خـوارەوە دڵـی پێغەمبـەری دایـەوە و هەواڵەكەشـی گەیاندە وەرەقەی ئامۆزای تا ئازیز تیێبگەیەنێ و هیچ خـەمێكی نـەبێت .. چـیی نارەحەتیی ئەهاتە بەردەمی و ، خزمەكانی چەندە ئـازاری دڵیـان ئـەدا ، خەدیجـە دڵی ئەدایەوە و باری سەرشانی سووك ئەكرد و ، هێز و وزەی ئەدایێ هەتا دان بـە خۆیدا بگرێ و كاری پیرۆز بە ئەنجام بگەیەنێ .[٩١]

دوای خەدیجە یەكەم پیاوێكی ئازاد كە ئیمانی هێنا ئەبوبەكری صـدیق بـوو ، خوا لێی رازیی بێ . كە لە ئەنجام‌دا بووە یەكەم وەزیر و یەكەم خەلیفەی ئیسلام ، كە بە سەروماڵ بەخشینی دڵنەوایی پێغەمبەری خوای ﷺ كرد .

حافیظ ئەبولحەسەنی ئەطـرابولوسیی لە عائیشەوە خوا لێی رازیی بێ تـەخریجی كردووە كە وتوویە : ئەبوبەكر خوا لێی رازیی بێ بە نیـازی بەخزمـەت گەیشـتنی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ماڵ دەرچوو ـ ئەوەبوو لە سەردەمی نـەفامیی‌دا دۆسـتی بوو ـ ، كە تووشی بوو فەرمووی : ئەبولقاسم ! لە كۆڕی خزمەكانت‌دا دیـار نیـت و، بە عەیب‌داركردنی باوك و دایكیان تاوانباریان كردوویت . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((إنـــي رسول الله أدعوكَ إلى الله)) .

فەرمووی : من پێغەمبەری خوام و بانگت ئەكەم بۆ ئیمان‌هێنان بە خـوا . كـە لە فەرمایشتەكەی بوویەوە ، ئەبوبەكر موسڵمان بوو و ، پێغەمبەری خوا ﷺ كـە لێی جوێ بوویەوە لە نێوان هەردوو چیای ئەبوقوبـەیس و ئەحمـەردا ، كـە دەورەی

[٩١] بۆ زێدە شارەزابوون لە ژیانی پڕ فەڕ و بەرەكەتی خەدیجە خوێنەری بەڕێز ئەتوانێ ژیانەكەی لە زنجیرەی هاوەڵان دا بخوێنێتەوە .

مەککەیان داوە ، کەسێکی تر نەبوو ئەوەندەی ئەو شادمان بێ ، ئەویش بە موسڵمانبوونی ئەبوبەکر ... كذا في البداية (٣ / ٢٩) .[٩٢]

ئیبن ئیسحاقیش ئەوەی باس کردووە که ئەبوبەکری صدیق خوا لێی رازیی بێ بە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگات و ئەفەرموێ : ئایا قورەیش راست ئەڵێ ، ئەی موحەممەد ، کە وازت لە خواکانمان هێناوە و ، ژیرەکانمانت بە نەزان دەرکردووە و ، باوباپیرانمانت بە کافر لە قەڵەم داون ؟ پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی :

((بَلى ، إني رسولُ الله وَنَبيُّهُ ، بعثني لأُبَلِّغَ رسالَتَهُ وَ أدعوكَ إلى الله بالحقِّ . فوَالله إنه لَلْحَقُّ ، أَدعوكَ يا أبابكرٍ إلى اللهِ وحدَهُ لا شريكَ لَهُ ولا تعبُدُ غيرَهُ والموالاةِ على طاعَتِه)) .

فەرمووی : بەڵێ ، من پێغەمبەری خوام ، ناردوومی هەتا پەیامەکەی بگەیەنم و ، تۆش بە حەق و راستیی بۆ لای خوا بانگ ئەکەم .. دە بەخوا دینێکی حەقە، ئەبوبەکر ! بانگت ئەکەم بۆ پەرستنی خوای تاك و تەنیای بێشەریك و غەیری ئەو کەس نەپەرستی و گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی بکەیت .. قورئانیشی بۆ خوێند . ئیتر هیچ ئینکارییەکی نەکرد و ، موسڵمان بوو و ، پشتی لە بتەکان کرد و وازی لە شەریك بۆ خوادانان هێنا و ، دانی بە راستیی ئیسلامدا نا . ئیتر ئەبوبەکر بە ئیمان و تەصدیقەوە گەڕایەوە .

پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکیدا ستایشی ئەبوبەکر وەها ئەکا کە هیچ کەسی نەگاتێ ، بە بۆنەی ئەوەوە کە هەر کەسی بانگ کردبێ بۆ موسڵمان بوون هەڵوێستەیەکی بووە ، جگە لە ئەبوبەکر کە راستەوخۆ بەبێ دوودڵیی خێرا ئیمانی هێناوە ، کە ئەفەرموێ :

((ما دَعَوْتُ أَحداً إلى الإسلامِ إلاَّ كانَتْ عندهُ كبوَةٌ ، وَتَرَدُّدٌ ، ونَظرٌ ، إلا أَبابكرٍ ، ما عَكَمَ عنه حينَ ذَكَرْتُهُ ، ولا تَرَدَّدَ فيه)) .[٩٣]

لەناو منداڵانیشدا یەکەم منداڵ عەلیی کوڕی ئەبوطالیب خوا لێی رازیی بێ موسڵمان بوو . ئەو کاتە تەمەنی دە ساڵان بوو و ، پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەر گرانیی بۆ یارمەتییدانی مامەی ، ئەوی هێنابووە لای خۆی .

---

[٩٢] شرح حياة الصحابة : ١ / ١٣٧ - ١٣٨ .
[٩٣] شرح حياة الصحابة : ١ / ١٣٨ - ١٣٩ .

ئیبن ئیسحاق باسی ئەوەی كردووە كە عەلیی كوڕی ئەبوطالیب خوا لێی رازیی بێ دوای رۆژێك دێت و ئەبینێ كە هەردووكیان (واتە پێغەمبەر و ﷺ خەدیجە خوا لێی رازیی بێ) خەریكن نوێژ ئەكەن . عەلیی فەرمووی : ئەی موحەممەد ! ئەمە چی‌یە ؟ فەرمووی :

((دينُ الله الذي اصطفى لنفسه وبعث به رسله ، فأدعوكَ إلى الله وحده لا شريك له ، وإلى عبادَته ، وأن تكفر باللاَت والعزى)) .

فەرمووی : ئەمە ئەو دینەیە كە خوای گەورە بۆ خۆی هەڵ بژاردووە و ، پێغەمبەرانیشی پێ رەوانە كردووە . جا منیش بانگت ئەكەم بۆ ئیمان‌هێنان بە خوا بە تاك و تەنیایی و بێ‌شەریكیی و ، بۆ پەرستنی و ، پشت‌هەڵ‌كردن لە لات و عوززا . عەلیی فەرمووی : ئەمە كارێكە لەوەو پێش نەم بیستووە و ، منیش هیچ كارێك ئەنجام نادەم هەتا پرس بە ئەبوطالیب نەكەم . پێغەمبەری خوا ﷺ بەر لەوەی كارەكەی ئاشكرا ببێ پێی ناخۆش بوو ئەم نهێنی‌یەی بڵاو بێتەوە ، بۆیە پێی فەرموو :

((يا عليُّ ! إذْ لَمْ تُسلِم فاكتُم)) .

فەرمووی : عەلیی ! ئەگەر موسڵمان نابی ئەم كارە بشارەوە .

ئەو شەوە عەلیی مایەوە ، پاشان خوای گەورە موسڵمان‌بوونی خستە دڵی عەلی‌یەوە و كە رۆژی لێ بوویەوە هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و فەرمووی : ئەی موحەممەد ! چیت بۆ باس كردم ؟ پێغەمبەری خوا پێی فەرموو :

((تشهدُ أن لا إله إلا الله وحدهُ لا شَريكَ له ، وتكفر باللات والعزى ، وتبرأ من الأنداد)) .

فەرمووی : شاهێدیی ئەوە بدەی كە خوای گەورە تاك و تەنیایە و شەریكی نیە و ، پشت لە پەرستنی لات و عوززا هەڵ بكەی و ، خۆت لەو بتانە داماڵی كە كراونەتە شەریكی خوا . عەلیی وای كرد و موسڵمان بوو و ، هەروا ئەهاتە خزمەتی و لە ئەبوطالیب یش ئەترسا و ، موسڵمان بوونەكەشی شاردەوە و دەری نەخست . كذا في البداية (٣ / ٢٤) . [٩٤]

لەناو بەندە ئازادكراوەكانیش‌دا زەیدی كوڕی حاریثەی بەندەی ئازادكراوی پێغەمبەری خوا ﷺ یەكەم كەس موسڵمان بوو ، كە ئەوەبوو لە پێشەوە باسمان

[٩٤] شرح حياة الصحابة : ١ / ١٤١ - ١٤٢ .

کرد چۆن لەگەڵ باوکی و کەس وکاریدا نەچووەوە و ، لە مەککەدا لە خزمەتی ئازیزدا مایەوە .

لەناو بەندە ئازادنەکراوەکانیش‌دا یەکەم کەس بیلالی کوڕی رەباحی حەبەشیی موسڵمان بوو ، کە بەندەی ئومەییەی کوڕی خەلەفی ستەم‌کار بوو و ، لە دوایی‌دا لەبەر دەنگی خۆشی بووە بانگ‌وێژی پێغەمبەری ئیسلام .

هەروەها کچەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ کە هەواڵی هاتنی وەحی‌یان بیست ، خێرا موسڵمان بوون ، چونکە ئەوان پێش پێغەمبەرایەتییش هەموو رەوشتێکی ئازیزیان بە دڵ بوو و ، گوێڕایەڵی هەموو فەرمانێکیشی بوون .. لەولاشەوە بە تەواویی لە هەموو هەڵس‌وکەوتێکی نەفامیی بەدووریان گرتبوو .

ئیبن ئیسحاق لە عائیشەوە ریوایەتی کردووە کە وتوویە : کاتێك کە خوای گەورە رێزی لە پێغەمبەرەکەی نا و کردیە پێغەمبەر خەدیجە و کچەکانی موسڵمان بوون ..

ئەبوبەکری صددیق خوا لێی رازیی بێ پیاوێکی هۆگر و خۆشەویست بوو . خاوەنی پایەوپلە و رێز بوو .. خاوەنی زانستێکی زۆر بوو بە تایبەت لە زانستی نەسەب و رەچەڵەك‌دا .. لە پاڵ رەوشتی جوانی‌دا پیاوێکی دەست‌ڕۆیشتوو و ، بازرگانێکی چاکەکار بوو ، بۆیە بەلای قوڕەیشەوە پایەدار و مەزن بوو ..

ئەبوبەکر بە ئیمان‌هێنانی خۆی وازی نەهێنا .. بەڵکو کەوتە بڵاوکردنەوەی ئیسلام .. پێی خۆش بوو ئەو فەڕوبەرەکەت و نوور و رووناکی‌یەی کە دەست خۆی کەوتووە ، خوای گەورە بەشی دۆست و هاوەڵە بەڕێزەکانیشی لێ بندات .. بۆیە وەك خۆی بە نهێنیی ئیمانی هێنا ، هەر بە نهێنییش دەستی دایە بانگ‌کردن ، تا ئەوەبوو کۆمەڵێکی بەڕێزی قوڕەیشیی خاوەن ویقار و ژیر و بلیمەت ئیمانیان هێنا و بە هەموویانەوە بوونە بەردی بناغە و دەستەی یەکەمی ئیمان‌داران لە مەککەدا، کە ئەمانە بوون :

عوثمانی کوڕی عەففانی کوڕی ئەبولعاصی کوڕی ئومەییەی کوڕی عەبد شەمسی کوڕی عەبد مەنافی کوڕی قوصەی .[٩٥]

---

[٩٥] دایکی عوثمان ئەڕوای کچی کورەیزی کوڕی رەبیعە بووە و دایکی دایکیشی بیضاء ئوم حەکیم کچی عەبدولموطەللیب بووە کە پووری پێغەمبەر بووە .

زوبەیری کوڕی عەووامی کوڕی خوەیلیدی کوڕی ئەسەدی کوڕی عەبدولعوززای کوڕی قوصەی ، کە دایکی صەفیەی کچی عەبدولموطەللیب ی پووری پێغەمبەر بووە .

عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوفی کوڕی عەبدولحاریثی کوڕی زوهرەی کوڕی کیلاب.

سەعدی کوڕی ئەبووەققاص کە ناوی مالیك بووە ، کوڕی ئوهەیبی [٩٦] کوڕی عەبد مەنافی کوڕی زوهرەی کوڕی کیلاب .

هەروەها طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵای کوڕی عوثمانی کوڕی عەمری کوڕی کەعبی کوڕی سەعدی کوڕی تەیمی کوڕی موڕڕە ..

ئەبوبەکریش و طەلحەش لە (مُرَّة) دا لەگەڵ پێغەمبەردا بە یەك ئەگەنەوە .

ئەمانە دەستەی یەکەم بوون لە ئیمان داران کە مەردانە ئیمانیان هێنا و ، بوونە بەردی بناغە بۆ بنیات نانی قەڵای ئیسلام .

دووهەم : دەستەی دووهەمی ئیمان داران

دوای ئەمانە ئەبوعوبەیدە عامیری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی جەڕڕاح موسڵمان بوو ..

پاشان ئەبوسەلەمە عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولئەسەد ، کە دایکی ناوی بەڕڕەی کچی عەبدولموطەللیب و برای شیریی پێغەمبەری خوا ﷺ بووە و ، ئەرقەمی کوڕی ئەبوئەرقەم کە ناوی عەبد مەنافی کوڕی ئەسەد بووە و ، عوثمانی کوڕی مەظعوون و هەردوو براکەشی قودامە و عەبدوڵڵا و ، عوبەیدەی کوڕی حاریثی کوڕی موطەللیبی کوڕی عەبد مەناف و ، سەعیدی کوڕی زەید و فاطیمەی کچی خەططابی هاوسەری کە ئامۆزای باوکی بووە و ، ئەسمائی کچی ئەبوبەکر و ، خەبابی کوڕی ئەرەتت یش موسڵمان بوون ..

سێهەم : دەستەی سێهەم

پاشان عومەیری کوڕی ئەبووەققاصی برای سەعد و ، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود و ، مەسعوودی کوڕی قاریی ، کە مەسعوودی کوڕی ڕەبیعەی کوڕی

[٩٦] ئوهەیب مامەی ئامینەی کچی وەهبی کوڕی عەبد مەناف بووە ، کەواتە ئەبووەققاص ئامۆزای ئامینە بووە . ئامۆزاش وەك برا وەهایە ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ سەعدی بە خاڵۆی خۆی دەژمارد .

عەمر بووە و ، سولەیطی کوڕی عـەمر و ، حـاطـبـی بـرای و ، عەییاشـی کـوڕی ئەبوڕەبیعە و ، ئەسمائی کچی سەلامەی هاوسەری و ، خونەیسی کـوڕی حوذافـەی سەهمیی و ، عـامیری کوڕی ڕەبیعـە و ، عەبـدوڵلای کـوڕی جـەحش و ، عەبـدی کوڕی جەحشی برای و ، جەعفەری کوڕی ئەبوطالیـب و ، ئەسمائی کچی عومەیسی هاوسەری و ، حاطبـی کوڕی حاریث و ، فاطیمەی کچی موجەللەلی هاوسەری و ، خەططابی کوڕی حاریثی برای حـاطـەب و ، فەکیهـەی کچـی یەسـاری هاوسـەری خەططاب و ، موعـەممەری کوڕی حاریثی بـرای حـاطـەب و خـەططـاب و ، سـائیبی کوڕی عوثـمانی کوڕی مەظعوون و ، موطەللیبی کوڕی ئەزهەر و ، ڕەملەی کچـی ئەبوعەوفی هاوسەری و ، نەححامی کوڕی عەبدوڵلای کـوڕی ئوسـەید موسـڵمان بوون . هەروەها عـامیری کوڕی فوهەیرە کە بەندەی ئازادکراوی ئەبوبەکر بـووە و ، خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عـاص و ، ئەمینە یـان هەمینـەی کچـی خەلـەفی هاوسەری و ، ئەبوحوذەیفەی کـوڕی عوتبـەی کـوڕی ڕەبیعـە و ، واقیـدی کـوڕی عەبدوڵلای کوڕی عەبد مەناف و ، خالیـد و عـامیر و عـاقیـل و ئیاسـی کـوڕانی بەکیری کوڕی عەبد یالەیل و ، عەمماری کوڕی یاسیر و ، صوهەیبی کـوڕی سـینان و، ئەبوزەڕڕی غیفاریی و ، ئونەیسی برای و ، دایکی موسڵمان بوون ..

ئەمانەش دەستەی سێهەم بوون کە موسـڵمان بـوون و ، بـە موسـڵمانبـوونی ئەمانەش ئیسلامەتیی لە مەککەدا بە تەواوەتیی بڵاوەی کرد و ، لە هەموو کـۆڕ و کۆمەڵێکدا باس هەر باسی ئیسلام بوو ..

بەیهەقیی لە جەعفەری کـوڕی موحەممـەدی کـوڕی خالیـدی کـوڕی زوبـەیرەوە تەخریجی کردووە ، کە ئەویش لە باوکیەوە ، یان لە موحەممەدی کوڕی عەبـدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی عوثمانەوە کە وتوویە : خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاص هەر زوو موسڵمان بوو ، پـێش موسـڵمانبـوونی براکـانی . سـەرەتای موسـڵمان بوونیشی ئەمە بوو کە لە خەویدا بینیی وا لەسەر ڕۆخی ئاگر وەستێنراوە ـ باسی فراوانیی ئاگرەکەشی کرد کە مەگەر هەر خوا بیزانێ ـ . لە خەویدا ئـەوەی دیـی کە کـەسـێك (لە ریوایەتی حاکمدا باوکی هاتووە) هات و بە پاڵ ئەیخستە نـاو ئاگرەکـەوە و ، پێغەمبـەری خـواش ﷺ دەسـتی بـە هـەردوو شـوێنی گرێدانـی ئیزارەکەیەوە گرتووە تا نەکەوێتە ئاگرەکەوە .. لە خەوەکـەی ڕاچڵەکیی و وتـی : سوێند بە خوا ئەخۆم کە ئەم خەوە خەوێکی ڕاستە . ئـەوەبوو تووشـی ئەبوبـەکری

کوڕی ئەبوقوحافە بوو و ئەوەی بۆ باس کرد و ، ئەویش فەرمووی : چاکت بۆ کراوە .. ئەوەش پێغەمبەری خوایە ﷺ و شوێنی بکەوە ، چونکە هەر ڕۆژێك دێت کە شوێنی بکەوی و بچیتە سەر ئیسلام و ، ئیسلامیش ناهێڵێت بکەویتە ناو ئەو ئاگرەوە ، بەڵام باوکت ئەکەوێتە ناوی .. خالد لە ئەجیاد تووشی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو و وتی : ئەی موحەممەد ! [97] خەڵك بۆ چیی بانگ ئەکەیت ؟ فەرمووی : ((أدعوك إلى الله وحده لا شريك له وأنَّ محمداً عبده ورسوله ، وتَخلَعَ ما أنت عليه من عبادةِ حجرٍ لا يسمَعُ ولا يضُرُّ ولا يُبصِرُ ولا ينفعُ ولا يدري مَن عَبَدَهُ مِمَّن لا يَعبُدُهُ)) .

فەرمووی : بانگت ئەکەم بۆ ناسینی خوای گەورە بە تاك و تەنیا و بێشەریك و، موحەممەدیش بەندە و پێغەمبەری خوایە و ، وازیش لە پەرستنی ئەو بەردە بهێنی کە نە ئەبیستێ و ، نە ئەبینێ و ، نە زیانی هەیە و ، نە کەڵك و ، ناش زانێ کێ ئەیپەرستێ و کێش نایپەرستێ . خالید وتی : دەی من شاهێدیی ئەدەم کە جگە لە زاتی الله خوایەکی تر نیە و ، شاهێدییش ئەدەم کە تۆ پێغەمبەری خوایت . پێغەمبەری خواﷺ بە موسڵمان بوونی ئەو زۆر شادمان بوو و ، خالیدیش ماوەیەك نادیار بوو و ، باوکیشی بە موسڵمانبوونی ئەوی زانیی ، ئیتر ناردی بە دوایدا و هێنایان و ، باوکی سەرزەنشتی کرد و ، بە دارێك کە بە دەستیەوە بوو ئەوەندەی کێشا بە سەریدا هەتا دارەکە شکا و ، وتی : بەخوا خۆراکت لێ قەدەغە ئەکەم . خالید وتی : ئەگەر تۆ خۆراکم لێ قەدەغە بکەیت ئەوا خوا ئەوەندە رزقم بۆ ئەنێرێ کە پێی بژیم ، ئیتر چووە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و دەستی لێ بەر نەئەدا و لەگەڵیا ئەبوو . (كذا في البداية ٣٢/٣) .

لە ریوایەتێکی تردا دوای ئەوەی کە باوکی دارەکەی بە سەردا ئەشکێنێ ، پێی ئەڵێ : لە کاتێکدا شوێنی موحەممەد کەوتووی کە ئەبینیی خزمەکانی بە بۆنەی ئەو دینەوە هێناویەتی ، کە خواکانیان و باوباپیری رابوردوویان بە عەیبدار ناو ئەبات ، لە دژی وەستاون ؟ خالید وتی : بەخوا راست ئەکات و منیش شوێنی کەوتووم . ئەبوئوحەیحەی باوکی تووڕە بوو و قسەی سووك و جنێوی پێ دا و پاشان وتی : بڕۆ ، نامەرد ! بۆ کوێ ئەڕۆی بڕۆ ، بەخوا خۆراکت لێ قەدەغە ئەکەم . خالید وتی : ئەگەر تۆ خۆراکم لێ قەدەغە بکەیت ئەوا خوا ئەوەندە رزقم بۆ

[97] لە ریوایەتی تردا وا هاتووە : ((يا رسول الله ، يا محمد !)) .

ئەنێرێ کە پێی بژیم .. ئەری کرد و بە کوڕەکانیشی وت : هەر کامتان قسەی لەگەڵ بکات وەك ئەوی لێ ئەکەم .

لە (الإستيعاب) دا ئەمەشی بۆ زیاد کراوە : خالید لە دەوروبەری مەککەدا خۆی لە باوکی گوم ئەکات ، هەتا هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە کۆچی دووهەمیان دا بەرەو وڵاتی حەبەشە ئەکەونە رێ ، ئەوەبوو خالیدیش پێش هەمووان کەوتە رێ ..

هەروەها لە خالیدی کوڕی سەعیدەوە حاکمیش تەخریجی کردووە کە سەعیدی کوڕی عاصی کوڕی ئومەییە نەخۆش ئەکەوێت و ، ئەڵێت : ئەگەر خوا لەم نەخۆشی‌یەم هەڵی ساندمەوە ئەوا هەرگیز خوای موحەممەد (إبن أبي كبشة) لە دۆڵی مەککەدا ناپەرسترێت .. بۆ ئەمە خالیدی کوڕی وتی : خوایە ! هەڵی نەسێنیتەوە . ئەوەبوو بەو نەخۆشی‌یەی مرد . (وهكذا أخرجه إبن سعد ٤ / ٩٥) . [98]

هەروەها ئیبن سعد لە (٣ / ٢٤٧) دا لە ئەبوعوبەیدەی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەممارەوە تەخریجی کردووە کە وتوویە : عەمماری کوڕی یاسیر خوا لێیان رازیی بێ ئەی وت : لەبەر دەرگای ماڵی ئەرقەم‌دا ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ژوورەوە بوو ، تووشی صوهەیبی کوڕی سینان بووم خوا لێی رازیی بێ ، پێم وت : چیت ئەوێت ؟ ئەویش پێمی وت : تۆ چیت ئەوێ ؟ وتم : ویستم بچمە ژوورەوە لای موحەممەد و وتەکانی ببیستم . وتی : منیش هەر ئەوەم ئەوێت . چووینە ژوورەوە لای و ، ئەویش ئیسلامی پیشان داین و موسڵمان بووین . ئیتر ئەو رۆژە هەتا ئێوارەمان بەسەر هات لەوێ ماینەوە ، پاشان بە نهێنیی لەوێ دەرچووین .

ئەوەبوو موسڵمان‌بوونی عەممار و صوهەیب دوای موسڵمان‌بوونی سیی و ئەوەندە پیاو بوو خوا لێیان رازیی بێت . [99]

ئەمانەی پێشەوە هەر هەموو بە نهێنیی موسڵمان بوون و پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵیان کۆ ئەبوویەوە و ، بەبێ دەنگ ئامۆژگاریی و رێنمایی ئەکردن ، چونکە هێشتا بانگەوازی ئیسلام نهێنیی و فەردیی بوو .

---

[98] شرح حياة الصحابة : ١ / ١٤٥ - ١٤٧ .
[99] شرح حياة الصحابة : ١ / ١٧٠ .

ئەمانەی کە موسڵمان بوون لە مەککەدا مانەوە ، بەڵام لە سەرەتاوە پیاوێك دێتە مەککە و موسڵمان ئەبێت و ئەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی و دوای کۆچی مەدینە دێتەوە خزمەتی ئازیز .

ئیمام ئەحمەد (١١٢/٤) و ئیمام موسلیم (١ / ٢٧٥) تەخریجیان کردووە کە شەددادی کوڕی عەبدوڵڵا وتوویە : ئەبوئومامە وتی : ئەی عەمری کوڕی عەبەسە! چۆن ئیددیعای ئەوە ئەکەی کە تۆ چواریەکی ئیسلام بیت ؟ وتی : لە سەردەمی نەفامییدا خەڵکم بە گومڕا ئەزانیی و ، بتەکانیشم بە هیچ دانەئەنان .. پاشان دەربارەی پیاوێك دەنگ و باسم بیست کە لە مەککەدا هەندێ هەواڵ بڵاو ئەکاتەوە و باسی هەندێ شتیش ئەکات . سواری وشترەکەم بووم و هاتم هەتا گەیشتمە مەککە ، ئەبینم پێغەمبەری خوا ﷺ بەبێ دەنگ کار ئەکات و ، قەومەکەشی دەستیان بە سەریدا ئەڕوا ، منیش خۆم دەر نەخست و چوومە خزمەتی و وتم : تۆ چیت ؟ فەرمووی :

((أنا نبيُّ الله)) .

وتم : پێغەمبەری خوا چییە ؟ فەرمووی : ((رسولُ الله)) .

ئەڵێ : وتم : خوا ناردووتی ؟ فەرمووی : ((نعم)) . وتم : بە چیی ناردووتی؟ فەرمووی :

((بأَن يُوَحَّدَ اللهُ ولا يُشرَكَ به شيءٌ ، وكسرِ الأَوثان ، وصلةِ الرحمِ)) .

فەرمووی: بەوەی کە خوا بە تاك و تەنیا بپەرسترێ و هیچ شتێك نەکرێتە شەریکی و ، بتەکان بشکێن و ، سیلەی ڕەحمیش بەجێ بهێنرێ .

وتم : لەمەدا کێت لەگەڵدایە ؟ فەرمووی : ((حُرٌّ وعبدٌ)) ـ أو عبد وحر ـ . فەرمووی : ئازادێك و بەندەیەك . ئەبینم ئەبوبەکری کوڕی ئەبوقوحافە و بیلالی بەندەی ئازادکراوی ئەبوبەکری لەگەڵدایە .. وتم : دەی من شوێنت ئەکەوم (مەبەستی ئەوەیە بە ئاشکرا شوێن ئیسلام بکەوێ و لە مەککەدا لەگەڵیا بمێنێتەوە) . فەرمووی :

((إنَّكَ لا تستطيعُ ذلك يومك هذا ، ولكنِ ارجعْ إلى أهلِكَ فإذا سمعتَ بي قد ظهرتُ فالحَقْ بي)) .

فەرمووی : ئەمڕۆ تۆ توانای ئەوەت نیە ، بەڵام بە موسڵمانێتیی بگەڕێرەوە بۆ ناو کەس وکارت و خەریکی دینداریی خۆت بە ، هەتا کە بیستت من

ســەرکەوتووم ئــەوا خۆت بگەیەنە لام .[١٠٠] ئەڵێ : بە موسڵمانێتیی گەڕامەوە بــۆ ناو کەس وکارم . ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی بۆ مەدینە کرد و منیش هەر هەواڵم ئەپرسی ، تا ئەوەبوو لە یەثریبەوە کاروانێك هات و وتم : ئەم مەککەیی یــە چی یە هاتۆتە ناوتان ؟ وتیان : قەومەکــەی ویســتوویانە بی کــوژن کەچــی نــەیان توانیوە و دەستیان پێی نەگەیشــتووە و ، کــە ئێمــەش هــاتین خــەڵکیی بــە پەلــە دەچوون بۆ لای . عەمری کوڕی عەبەسە ئەڵێت : منیش ســواری وشــترەکەم بــووم هەتا گەیشتمە مەدینە و بە خزمەتی گەیشتم و وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئایــا ئەم ناسیتەوە ؟ فەرمووی :

((نعم ، أَلَسْتَ أنت الذي أَتَيتَني بِمَكَّةَ ؟)) .

فەرمووی : بەڵێ ، ئەو پیاوە نیت کە لە مەککــە هاتیتــە لام ؟ ئــەڵێ : وتم : بەڵێ . وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەوەی کە خوای گەورە فێری کردوویت و مــن نایزانم فێرم بکە ... فەرموودەکەی بە درێژە هێناوە .

چوارەم : ماڵی ئەرقەم

دوای ماوەیەك وا پێویست بوو شوێنێکی ئەمین دیاریی بکەن بــۆ کۆبوونــەوە و خواپەرستیی .. ئەوەبوو ماڵی ئەرقەم دیاریی کرا ، ئەویش لەبەر ئەوەی لــە نزیــك گردی صەفادا و ، لە کەناری شاردا بوو .. موسڵمانەکان لەو ماڵەدا بــە نهێنیــی کۆ ئەبوونەوە و ، خەریکی نوێژ و خواپەرستیی ئەبوون و ، پێغەمبەری خــواش ﷺ ئیمان و بناغەکانی ئیسلامی تێ ئەگەیاندن و ، بە دڵی خۆی پەروەردەی ئەکردن، تا ئەوەبوو کۆمەڵە ئادەمی یەکی وەهای لێ پێ گەیاندن کە بە دڵ و بە گیان خوا و پێغەمبەریان خۆش بوێن و ، ببنە خاوەنی ورە و دامەزراوی یەك کە ملیان بۆ هــیچ رەشەبایەك نەچەمێتەوە و ، هەموو سزا و ئازارێکیان بە لاوە ئاسان بێــت .. ئــیتر هەر کەس دڵی ئەچووە سەر ئەوە کە شوێنی دینی تازە بکەوێت بە نهێنیــی خــۆی ئەگەیاندە ماڵی ئەرقەم و نەی ئەهێشت قوڕەیش پێی بزانن .

پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی لەو ماڵــەدا مانــەوە و بــەردەوام بــە نهێنیــی خەریکی خۆ شارەزاکردن بوون لە قورئان و فەرمانەکانی ، تا ئەوەبوو خوای گەورە هیدایەتی عومەری کوڕی خەططابی دا و ، بانگی ئیسلام ئاشکرا کرا .

---

[١٠٠] ئیمام نەوەویی وتوویە : ئەوە موعجیزەی پێغەمبەرایەتیی تێدایە ، بەوەی کە رای گەیاندووە سەر ئەکەوێ .

ئەم ماڵەی ئەرقەم یەکەم قوتابخانەیەك بوو کە لەسەر زەویی‌دا دامەزرا تا قورئانی پیرۆزی تێدا بخوێنرێ و ، موسڵمانە کەمەکانی مەککەی تێدا پەروەردە بکرێن .. ئەوەبوو دوای کۆچ کردن پێغەمبەری خوا ﷺ خانوویەکی لە مەدینەدا بە ئەرقەم بەخشی ، لە بریی ئەو خانووەی مەککەی کە دەوری قوتابخانەیەکی مەزنی بینیی ، ئیتر با پاداشتی قیامەتی بووەستێ ..

لەم قۆناغەدا بەرە بەرە قورئانی پیرۆز ئەهاتە خوارەوە .. ئایەتەکانی ئەم قۆناغە کورت و ، هێمن و ، دڵڕفێن بوون .. ئەوانەی کە ئەیانبیستن شەیدایان ئەبوون .. بە تاسەوە گوێیان لێ ئەگرتن .. ئەوانەی خواپێداو بوون و بە پاکیی گوێیان ئەگرت تەزکیەی نەفسی خۆیانیان ئەکرد و ، بە جارێ باوەشیان بە ئیمان‌دا ئەکرد و ، دنیایان بەلاوە یەکجار بێبایەخ ئەبوو ، بە تایبەتیی ئەو ئایەتانەی کە باسی بەهەشت و دۆزەخیان ئەکرد ، ئەوەندە کاریگەر بوون ، ئەو کەسە وای ئەزانیی بە چاوی سەر بەهەشت و دۆزەخ ئەبینێ ..

پێنجەم : نوێژ و خواپەرستیی

پێش هاتنی وەحی پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەچووە ئەشکەوتی (حراء) نوێژی ئەکرد ، دیارە بە پێی دینی ئیبراهیم پێغەمبەر . کە وەحیش هات هەر لە سەرەتاوە نوێژیش فەرمانی پێ کرا . موقاتیلی کوڕی سولەیمان وتوویە : هەر لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە خوای گەورە نوێژی فەرز کرد : دوو رەکعەت بەیانیان و دوو رەکعەتیش ئێواران ، ئەمەش بە بۆنەی فەرمایشتی خوای گەورەوە :

﴿ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ بِٱلْعَشِيِّ وَٱلْإِبْكَـٰرِ ﴾ (غافر : ٥٥) .

ئیبن حەجەریش وتوویە : بێگومان پێغەمبەری خوا ﷺ ، هەروەها هاوەڵانیشی ، پێش شەوی ئیسرا نوێژی کردووە ، بەڵام ئیختیلاف لەوەدایە کە ئایا پێش پێنج فەرزەی نوێژ هیچ نوێژێکی تر فەرز بووە یان نا ؟ وتراوە کە نوێژێك پێش خۆرکەوتن و ، نوێژێکیش پێش خۆرئاوابوون فەرز بوون .

ئیبن هیشامیش ئەوەی باس کردووە کە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی کە کاتی نوێژ ئەهات ئەچوون بۆ شیوەکان و ، لەوێ نوێژیان بەجێ ئەهێنا و ، نەیان‌ئەویست خزمەکانیان چاویان لێ بێت . ئەوەبوو جارێکیان ئەبوطالیبیش چاوی لە پێغەمبەر

ﷺ و عەلیی کوڕی بوو کە نوێژیان ئەکرد ، کە لە باسەکەیان تێگەیشت ڕەزامەندیی بۆ نواند و داوای کرد لە سەری بەردەوام بن .[١٠١]

لەم قۆناغەدا کە بانگەواز بە نهێنیی بوو و ، لە هەمان کاتیشدا فەردیی بوو ، وا دەرئەکەوێ کە هەندێ دەنگ‌وباسی دینی تازە بەرگوێی قوڕەیش کەوتبێ ، بەڵام شتێکی ئەوتۆ نەبوو کە بایەخی پێ بدرێ ، چونکە قوڕەیش لە سەرەتاوە وای‌ئەزانیی ئەم دین‌داری‌یەی موحەممەدیش وەك دین‌داریی هەندێ پیاوی تره کە لە مەککە و دەوروبەری‌دا ئەژیان ، وەك ئومەییەی کوڕی صەڵت و قوسسی کوڕی ساعیدە و ، عەمری کوڕی نوفەیل . بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار هەستیان کرد کە دینی تازە ڕووخاندنی بتەکانی ئەوانی مەبەستە و ، هەموو بیروباوەڕێك لەناو ئەبات ..

ماوەی سێ ساڵ بانگەواز بەم شێوەیە بوو ، کە لەم ماوەیەدا دەستەیەك ئیمان دار پێ‌گەیشتن کە بە ڕاستیی و پاکیی شوێن ئیمان کەوتبوون و ئەوپەڕی برایەتیی و کۆمەکیی و یارمەتیی‌دانیان بەرچاو ئەگرت ، تا فەرمانی خوا بگەیەنن و ، مەردمەکان لە خواناسیی شارەزا بکەن ..

شەشەم : پاڵەوانی بێ باك

لەم قۆناغەدا کە موسڵمانەکان هێشتا لەبەر کەمیی و کەم دەستی‌یان خۆیان ئاشکرا نەکردبوو ، ئەبوبەکری ئیمان‌دۆست داوای لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد تا خۆیان و بانگەوازەکەیان ئاشکرا بکەن .. ئەمەش لە کاتێك‌دا کە ژمارەی ئیمان داران گەیشتبووە سیی و هەشت کەس . پێغەمبەری خواش ﷺ وەڵامی ئەدایەوە کە هێشتا موسڵمانەکان کەمن کە ئەی‌فەرموو :

((یا أبابکر ! إنا قلیل)) .

ئەبوبەکری صددیق بەردەوام ئەمەی بۆ پێغەمبەری خوا دووبارە ئەکردەوە هەتا ماوەی دان دەرچن و بچنە (المسجد الحرام) . ئەوە بوو موسڵمانەکان ، هەر پیاوێك لەگەڵ عەشیرەتی خۆی‌دا ، لە کەعبەدا بڵاوەیان لێ کرد و ، ئەبوبەکر لەناو خەڵکەکەدا هەستایەوە و دەستی بە وتاردان کرد و پێغەمبەری خوایش ﷺ دانیشتبوو . ئەبوبەکر یەکەم وتاردەرێك بوو کە بانگ بۆ لای خوا و بۆ لای

---

[١٠١] سیرة إبن هشام : ١ / ٢٤٧ .

پێغەمبەرەکەی بکات . موشریکەکانیش بەگژی ئەبوبەکر و موسڵمانەکان دا هەڵ چوون . ئەوەبوو لە هەموو لایەوە موسڵمانەکان لێدانێکی توندیان لێ درا و کافران نیشتنە مل ئەبوبەکر و ، زۆریان لێ دا .. عوتبەی کوڕی رەبیعەش بە جووتێ نەعلی ئەستوورەوە دەستی بە لێدانی کرد و ، ئەیشی کێشان بە دەم و چاوی‌دا هەتا لە هۆش خۆی چوو و ، چەند پیاوێکی نەوەی تەیم هەڵیان گرت و بردیانەوە ماڵەوە و وتیان : ئەگەر ئەبوبەکر بمرێت ئێمە عوتبەی کوڕی رەبیعە ئەکوژین . ئەبوقوحافەی باوکی و خزمەکانی خەریکی بانگ لێ کردنی بوون ، تا ئەوەبوو لە کۆتایی ئەو رۆژەدا هۆشی بە خۆی‌دا هاتەوە ..

داخۆ کە ئەبوبەکر هۆشی بە خۆی‌دا هاتبێتەوە چیی کردبێ ؟ یەکەم وتەیەك کە بە دەمیا هات ئەوەبوو کە فەرمووی : پێغەمبەری خوا چیی کرد ؟ چ باوکی و چ خزمەکانی لەم هەواڵ پرسینەی بێزار بوون .. کاتێ کە تەنیا دایکی لەلای‌دا مابوویەوە لێی پرسیی : پێغەمبەری خوا چیی کرد ؟ وتی : بەخوا ئاگام لە هاوەڵەکەت نیە . فەرمووی : بچۆ بۆ لای ئوم جەمیل ـ واتە فاطیمە ــ ی کچی خەططاب و پرسیاری لێ بکە .. ئەویش هێشتا موسڵمانبوونی خۆی ئاشکرا نەکردبوو .. دایکی ئەبوبەکر چوو بۆی لای و وتی : ئەبوبەکر هەواڵی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلای هاوەڵیت لێ ئەپرسێ . وتی : نە ئەبوبەکر ئەناسم و ، نە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلاش !! جا ئەگەر پێت خۆشە بێم لەگەڵتدا بۆ لای کوڕەکەت ئەوا دێم . وتی : بەڵێ . لەگەڵیا رۆیشت و ئەبینێ وا ئەبوبەکر لە جێگا کەوتووە و هیلاکە . ئوم جەمیل لێی نزیك کەوتەوە و بە دەنگی بەرز هاواری کرد: بەخوا ئەوانەی ئاوەها لێیان داوی کۆمەڵێکی فاسق و کافرن و ، هیواداریشم خوا تۆڵەت لێیان بسێنێ . فەرمووی : پێغەمبەری خوا چیی کرد ؟ وتی : ئەوە دایکتە و گوێی لێیە . فەرمووی : خەمی ئەوت نەبێ . وتی : ساغ و سەلامەتە ! فەرمووی : لە کوێیە ؟ وتی : وا لە ماڵی ئەرقەم . فەرمووی : مەرج بێت تا نەگەمە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ نە نان و نە ئاو تام نەکەم .

وازیان لێ هێنا تا هاتوچۆ کەم بوویەوە و کۆڵانەکان چۆڵ بوون ، دوای ئەوە هەردوو ئافرەتەکە چوونە ژێر هەردوو باڵی ئەبوبەکر و ، گەیاندیانە خزمەتی پێغەمبەری خوا .. پێغەمبەری خواش ﷺ خۆی دا بەسەری‌دا و ماچی کرد و ، موسڵمانەکانیش ماچیان کرد .. پێغەمبەری خوا ﷺ زۆرێك بەزەیی پیادا هاتەوە. ئەبوبەکر فەرمووی : دایك و

باوکم بە قوربانت بن ، جگە لەوەی کە ئەو فاسقە دای لە دەم و چاوم هیچم نیە ، ئەمەش دایکمە و لەگەڵما چاکە ، تۆیش موبارەکی ، بۆ لای خوا بانگی بکە و دوعاشی بۆ بکە بەشکو خوای گەورە بە هۆی تۆوە لە ئاگر رزگاری بکا .

پێغەمبەری خوا ﷺ دوعای بۆ کرد و ، بۆ ئیمانهێنان بە خواش بانگی کرد و، موسڵمان بوو .[١٠٢]

---

١٠٢ البداية والنهاية : ٣ / ٣٠ .

بەشی یانزەهەم
قۆناغی بانگ بە ئاشکرا

یەکەم : ئاشکراکردن

دوای بەسەربردنی ماوەی نهێنیی ، خوای گەورە فەرمانی بەسەر پێغەمبەرەکەیدا ﷺ دا تا بانگکردنی مەردمەکان بۆ لای خوا ئاشکرا بکات ، ئەمەش دوای بەسەرچوونی سێ ساڵ لە دوای هاتنی وەحی . ئەوەبوو خوای گەورە ئەم ئایەتە پیرۆزەی ناردە خوارەوە تا بانگ ئاشکرا بکات و پشتیش بکاتە کافران و موشریکان و بایەخێکیان پێ نەدات ، کە فەرموی :

﴿ فَٱصۡدَعۡ بِمَا تُؤۡمَرُ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴾ (الحجر : ٩٤) .

ئیتر ئەوەبوو پێغەمبەر و یارانی بانگی خواناسی‌یان ئاشکرا کرد .. بەڵام خزمەکانی بەم بانگەوازەی دوور نەکەوتنەوە و ، پەرچیان نەدایەوە و دژایەتی‌یان نەکرد ، هەتا پێغەمبەری خوا ﷺ باسی سووك و بێکەڵکیی بتەکانی کرد و ، بیر و بۆچوونی پیاوماقووڵانی دایە دواوە و ، بۆشی دەرخستن ئەو رێباز و بۆچوونەی کە ئەوان لەسەرینی هەڵەیە و هەر هەمووی نەفامیی و پڕوپووچە ..

قورەیش کە زانی‌یان ئەم دینە تازەی موحەممەد ﷺ ئەیەوێ دین و بیروباوەڕەکەی ئەوان لەناو بەرێت ، کەوتنە دژایەتیی و ، بەرهەڵستی خۆی و هاوەڵانی وەستان ، بێ ئەوەی بەراوردی ئەم دوو بۆچوونە بکەن و بزانن کامیان راستە و چاکە و ، کامیان ژیریی پەسەندی ئەکات ..

ماوەیەك ویستیان بە بەڵگە و سەلماندن دینی تازە بدەنە دواوە ، کەچیی چاریان پێ نەکرا ، چونکە دینەکەی خۆیان هیچی لەگەڵ فیترەتدا نەئەگونجا و ، ئامۆژگاری‌یەکانی قورئانیش دڵانی کەمەندکێش ئەکرد . جا کە بەزێنران ، پەنایان بردە بەر جنێو و قسەی سووك و بوختان و پاگاندە و ، سزاو ئازاردان .. بەمە پێغەمبەر و هاوەڵانی کەوتنە بەر پەلاری دوژمنانەی قورەیش و ، بەوپەڕی بێویژدانی‌یەوە ، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئازاری خواناسانیان دا و ، هەرچەندە ئەبوطالیب بەرگریشی لە موحەممەدی برازای ئەکرد ، بەڵام سزا و

چەرمەسەرییەکی سەختی چەشت و موسڵمانەکانیش بە یەکجاریی تەنگیان پێ هەڵ چنرا بوو ، بە تایبەتیی بەندەکان و موسڵمانە لاواز و بێکەسەکان ..

ئیمام ئەحمەد لە ئیبن عەباسەوە خوا لێیان رازیی بێ تەخریجی کردووە کە وتوویە : کاتێك کە خوای گەورە ئایەتی : ﴿ وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ ﴾ [١٠٣] (الشعراء : ٢١٤) ی ناردە خوارەوە ، پێغەمبەر ﷺ هاتە لای صەفا و سەر کەوتە سەری ، پاشان هاواری کرد : (يا صباحاه !) ئەوەبوو خەڵکەکە لێی کۆبوونەوە . پیاوی وا هەبوو خۆی ئەهات و هی وایش هەبوو لە بریی خۆی کەسێکی ئەنارد . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((يا بني عبدالمطلب ! يابني فهر ! يا بني كعب ! أرَأيتم لو أخبرتكم أنَّ خيلاً بِسَفحِ هذا الجبلِ تريدُ أن تُغيرَ عليكم صَدَّقتموني ؟)) .

بانگی لێ کردن و پرسیاری لێ کردن کە ئەگەر هەواڵیان بداتێ کۆمەڵێك ئەسپ سوار وان لە بنی ئەو چیایەدا و ئەیانەوێ هێرشیان بکەنە سەر ، ئایا بڕوای پێ ئەکەن ؟ وتیان : بەڵێ . [١٠٤] فەرمووی :

((فإني نذيرٌ لكم بين يدي عذاب شديد)) .

پێی راگەیاندن کە پێغەمبەری خوایە و پێی خۆشە ئیمان بهێنن تا لە سزایەکی سەختی چاوەڕوانکراو سەرفراز بن . ئەبولەهەب وتی : سەرانسەری رۆژ داوەشێیت، بۆ ئەمەت بانگ کردین ؟ ئەوەبوو خوای گەورەش سوورەتی :

﴿ تَبَّتْ يَدَآ أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ ۝١ مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ۝٢ سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ ۝٣ وَٱمْرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلْحَطَبِ ۝٤ فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍ ﴾ ی ناردە خوارەوە . هەروەها بوخاریی و موسلیمیش لە شێوەی ئەمە تەخریجیان کردووە ، وەك لە (البداية ٣ / ٣٨) دا هاتووە . [١٠٥]

هەروەها ئیمام ئەحمەد لە خاتوو عائیشەوە خوا لێی رازیی بێ تەخریجی کردووە کە وتوویە : کاتێك ئایەتی ﴿ وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ ﴾ هاتە خوارەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ (تەشریفی بردە سەر صەفا) و فەرمووی :

---

[١٠٣] ئەفەرموێ : خزمە نزیکەکانت بە سزای خوا بترسێنە ئەگەر ئیمان نەهێنن .

[١٠٤] لە ریوایەتەکەی بوخارییدا ئەڵێن : بەڵێ ، جگە لە راستگۆیی هیچمان لێ نەبیستووە !!

[١٠٥] شرح حياة الصحابة : ١ / ١٧٧ - ١٧٨ .

((يا فاطمة ابنةَ محمد ﷺ ! يا صفيةَ ابنةَ عبدالمطلب ! يابني عبدالمطلب ! لا أملك لكم من الله شيئاً ، سلوني من مالي ما شئتم)) إنفرد بإخراجه مُسلمٌ (١ / ١١٤) .[١٠٦]

بانگ ئەکاتە فاطیمەی کچی و ، صەفییەی پووری و ، تێکڕای نەوەکانی عەبدولموطەللیب و پێیان ڕائەگەیەنێ کە بە تەما نەبن بە بۆنەی خزمایەتیی ئەمەوە خوا لێیان خۆش ببێ ، بەڵکو ئەگەر ئیمان نەهێنن پێغەمبەری خوا هیچیان بۆ ناکات و ، لە ماڵ و سامانی هەرچییان پێ خۆشە با داوای بکەن ..

هەروەها ئیمام ئەحمەد [لە (المسند) دا (١١١/١)] لە ئیمام عەلییەوە خوا لێی ڕازیی بێ تەخریجی کردووە کە فەرموویە : کاتێك کە ئەم ئایەتە :

﴿ وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ ﴾ هاتە خوارەوە پێغەمبەر ﷺ ئەهل و کەس وکارەکەی خۆی کۆ کردنەوە ، کە ئەوەبوو سیی کەسیان لێ کۆبوویەوە، نانیان خوارد و ، ئاویان خواردەوە و ، پێی فەرموون :

((مَن يَضمَنُ عَنّي دَيني وَمَواعيدي ويكونُ مَعي في الجنة ويكونُ خليفتي في أهلي؟)) .

پرسیاری لە مامەکانی و ئامۆزاکانی کرد کە کامیان ئامادەیە کەسی نزیکی بێت ، قەرزەکەی بۆ بداتەوە و سەروکاریی‌کەری ماڵ و منداڵیشی بێ ، کە ئەگەر لە پێناوی خوادا و لە کاتی ڕاگەیاندنی دینەکەیدا بکوژرێت ؟ پیاوێکیان وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! لە سەخاوەت و سنگ فراوانییدا وەك دەریا وا بوویت ، کێ ئەتوانێ ئەو کارە ئەنجام بدات ؟ ئەفەرموێ : ئەمەی سێ جار فەرموو . ئەفەرموێ : ئەمەی خستە بەردەم ئەهل و کەس‌وکارەکەی . ئیمام عەلیی خوا لێی ڕازیی بێ فەرمووی : من .

دیسان ئیمام ئەحمەد [لە (المسند) دا (١ / ١٥٩)] لە ئیمام عەلییەوە خوا لێی ڕازیی بێ تەخریجی کردووە کە فەرموویە : پێغەمبەری خوا ﷺ نەوەی عبدولموطەللیبی کۆکردنەوە ، یان بانگ کردن ، کە کۆمەڵێکی زۆر بوون و ، هەریەکەیان (جذعە) یەکی ئەخوارد و یەك فەرەق یشی[١٠٧] ئەخواردەوە .

---

[١٠٦] شرح حياة الصحابة : ١ / ٢٠٢ - ٢٠٣ .

[١٠٧] جەذەعە : بەو ئاژەڵە ئەوترێ کە لاو و بەهێز بێ . جا ئەو وشترەی کە پێی نابێتە ساڵی پێنجەم و ، ئەو مانگا و بزنەی پێیان نابێتە ساڵی دووهەم و ، ئەو مەڕەی کە ساڵێکی تەواو کردبێ پێی ئەڵێن جەذەعە .
فەرەقیش پێوانەیەکە کە شانزە ڕەتڵ ئەبێت و یەك ڕەتڵیش دوانزە مشتە .

ئەوەبوو یەك مشت خواردەمەنیی بۆ لێ نان ، هەر هەموویان دەستیان بە خواردن کرد و تێریان خوارد و خواردەمەنیی‌یەکەش وەك خۆی مایەوە ، هەروەك دەستی لێ نەدرابێ . پاشان داوای دۆلکەیەکی بچووکی کرد ، هەموویان تێریان خواردەوە و خواردنەوەکەش وەك خۆی مایەوە ، هەروەك دەستی لێ نەدرابێ ، یان لێی نەخورابێتەوە . فەرمووی :

((یا بني عبدالمطلب ! إني بعثتُ إليكم خاصة وإلى الناس عامةً ، فقد رأيتم من هذه الآية ما رأيتُم ، فأيكم يبايعُني على أن يكونَ أخي وصاحبي ؟)) .

فەرمووی : ئەی نەوەی عەبدولموطەللیب ! من بە پێغەمبەریی رەوانەکراوم بە تایبەتیی بۆ لای ئێوە و بە گشتییش بۆ لای هەموو خەڵکیی . موعجیزەی ئەو نان و ئاوەشتان بە چاوی خۆتان دیی . جا کێتان بەیعەتم ئەداتێ هەتا برا و هاوەڵم بێ ؟ ئەفەرموێ : تاقەکەسێك هەڵ نەستایەوە . ئیمام ئەفەرموێ : من کە بچووك ترینی خەڵکەکە بووم هەستامەوە بۆ لای و ، فەرمووی : دابنیشە . پاشان ئەمەی سێ‌جار فەرموو ، هەموو جارێ هەڵ ئەستام و پێمی ئەفەرموو : دابنیشە . هەتا جاری سێ‌هەم ئەوەبوو دەستی دا بەسەر دەستمدا. (كذا في التفسير لإبن كثير: ٣ /٣٥٠) .[١٠٨]

ئەمەش یەکێکە لە موعجیزەکانی ئازیزمان ﷺ .

دووهەم : دژایەتیی ئەبولەهەب و هاوسەرەکەی

ئەوەی کە زۆر سەیرە ئەبولەهەبی مامەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، کە ناوی عەبدولعوززا بووە ، کاتێ کە (ثويبة) ی کەنیزەکی هەواڵی دایە کە ئامینەی هاوسەری عەبدوڵڵای برای کوڕی بووە ، ئەبولەهەب لە مژدەی‌دا ئەو کەنیزەکەی ئازاد کرد ، کەچیی کاتێك کە وەحی بۆ ئازیز هات ، ئەبولەهەبی مامەی لە هەموو کەس خراپتر دژایەتیی ئەکرد .. ئەوەبوو لەسەر صەفا چۆن قسەی پێ وت و پەرچی فەرمایشتەکانی دایەوە ، کە هیچ نەبێ ئەبوایە لەبەر ئەوەی کە برازایەتی دەنگی نەکردایە ، با خەڵکی تر رەخنەی لێ بگرتایە .

هەروەك ئەبولەهەب خۆی دژایەتیی دینی تازەی ئەکرد ، ئوم جەمیلی هاوسەریشی ، کە ناوی ئەروای کچی حەربی کوڕی ئومەییە و خوشکی ئەبوسوفیان بووە ، بە هەمان شێوە دژایەتیی ئەکرد ..

---

[١٠٨] شرح حياة الصحابة : ١ / ٢٠٣ ـ ٢٠٤ . هيثمي لە ٨ / ٣٠٢ دا وتوويە : رواه أحمد ورجاله ثقات ..

لە لایەکەوە خزمایەتیی و ، لە لایەکی ترەوە دراوسێیەتیی و ، لە لایەکی تریشەوە موحەممەدی رەوشت جوان و نەرم و نیان ، شیاوی دژایەتیی نیە .. چل و سێ ساڵ تەمەنی بە راستگۆیی و دەستپاکیی بەسەر بردووە .. تا ئێستە کارێکی نەکردووە کە دڵی هیچ کەسێك گەرد بگرێت ..

ئوم جەمیل هەوڵی ئەدا بە دووزمانیی و قسەهێنان و بردن نێوان پێغەمبەر و خەڵکیی تێك بدات .. درك و داڵی کۆ ئەکردەوە و ئەیخستە رێگاکەیەوە و ، پیسیی فرێ ئەدایە بەر دەرگاکەی و ، پێغەمبەری خوایش ﷺ دووری ئەخستەوە و دەیفەرموو :

((أي جوار هذا يا بني عبدمناف ؟)) .

ئەیفەرموو : ئەمە چۆن دراوسێیەتی‌یەکە ئەی نەوەی عەبدمەناف ؟

ئەمە رەفتاری ئەو ژن و مێردە نامەردە بوو .. تا ئەوەبوو خوای گەورە سوورەتی (تبت يدا) ی ناردە خوارەوە و مژدەی بە هەردووکیان دا کە هەردووکیان ئەبنە سووتەمەنیی دۆزەخ ..

ئەمە یەکێکە لە موعجیزەکان ، لە سەرەتای بانگەوازەوە قورئان بڕیاری دا ئەبولەهەب و ئەڕوای هاوسەری دۆزەخیین ، واتە ئیمان ناهێنن !!

کاتێك کە ئوم جەمیل بیستی وا دەربارەی خۆی و مێردەکەی قورئان هاتۆتە خوارەوە ، هەستا و بەرەو مزگەوت کەوتە رێ تا تۆڵە لە پێغەمبەری خوا ﷺ بسێنێ .. لەوکاتەدا ئەویش لە مزگەوت‌دا ، لە پەنای کەعبەدا لەگەڵ ئەبوبەکردا دانیشتبوو و ، ئوم جەمیلیش بەردێکی پڕ بە مشتی هەڵ گرتبوو و ، کە نزیکیان کەوتەوە خوای گەورە چاوی لە ئاستی پێغەمبەردا ﷺ لە بینین خست و تەنها ئەبوبەکری ئەبینی !! ئەمەش یەکێکی تر لە موعجیزەکانی ئازیزە ﷺ . وتی : ئەبوبەکر ! ئەوە هاوەڵەکەت کوا ؟ پێم گەیشتووە کە هەجووی کردووم . بەخوا ئەگەر بی‌بینم ئەم بەردە ئەکێشم بە دەمیا .. بەخوا منیش شاعیرم ، پاشان وتی :

مُذَمَّماً عَصَيْنا وَأَمرُهُ أَبَيْنا

ودينُه قَلَيْنا

ئیتر رۆیشت .

ئەبوبەکر فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئایا نەتی بینی ؟ فەرمووی :

((ما رأتني ، لقد أخذ اللهُ بِبَصَرِها عَني)) .

فەرمووی : نەیبینیم ، خوای گەورە لە ئاستی بینینی مندا چاوی لە بینین خست .

لەو کاتەدا قورەیش ئەوەندە رقیان لە پێغەمبەری خوا بوو و ، ئەوەندەش ناوەکەی لەسەر زمانیان قورس بوو لە جیاتیی موحەممەد موذەممەم یان پێ ئەوت و ، لە جیاتی (محمد) جنێویان بە (مُذَمَّم) ئەدا . چونکە موحەممەد واتە سوپاسی زۆری کرابێ ئەوان ئەیان گۆڕیی بۆ ئەوە کە زەمی زۆری کرابێ ..

جا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمەی بە منەتێکی خوایی ئەزانی ، کە قورەیشی لەوە لا داوە کە جنێوی پێ بدەن ، چونکە جنێو و قسەیان بە مذمم ئەدا نەك بە محمد ، کە ئەیفەرموو :

((ألا تعجبون لما يصرفُ الله عني من أذى قريش ، يسبون ويهجون مذمماً ، وأنا محمد)) !! [109]

ئەمەش نیعمەتیکی خوایی بوو ، پاك و بێگەردیی بۆ خوای بەرز و بەتوانا ..

لە ریوایەتێکی تردا کە طەبەرانیی لە (الأوسط) دا لە رەبیعەی کوڕی عەبباد یان عوبەیدی دەیلییەوە خوا لێی رازیی بێ تەخریجی کردووە کە وتوویە : چیتان لێ ئەبیستم کە ئەڵێن قورەیش بە خراپە ناوی پێغەمبەری خوایان ﷺ ئەبرد و جنێویان پێ ئەدا ، من لە هەمووتان زیاتر چاوم لێ بووە ، چونکەماڵەکەی لە نێوان ماڵی ئەبولەهەب و عوقبەی کوڕی ئەبوموعەیطدا بوو . کە ئەگەڕایەوە ماڵەوە ئەیبینیی وا رەحەمی ئاژەڵ و خوێن و شتی پیس و چەپەڵ فڕێ دراوەتە بەر دەرگاکەی ، ئەویش بەسەری کەوانەکەی فڕێی ئەدان و ئەی فەرموو :

((بِئسَ الجِوارُ هذا يا معشر قريش))!

ئەیفەرموو : ئەی کۆمەڵی قورەیش ! ئای کە دراوسێیەتییتان خراپە ! [110]

ئەبولەهەبی مامی بەمەوە نەوەستا ، بەڵکو پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ هەر بازار و کۆڕ و کۆمەڵێك بچوایە دوای ئەکەوت و هەوڵی ئەدا بە درۆی بخاتەوە ، بە تایبەت لە وەرزی حەجدا .

---

[109] السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٢٩٢ ـ ٢٩٣ .
[110] شرح حياة الصحابة : ١ / ٤٥٥ ـ ٤٥٦ .

ئیمام ئەحمەد لە (المسند) دا لە پیاوێکەوە (کە ناوی رەبیعەی کوڕی عەبباد بووە) ریوایەتی کردووە کە وتوویە : لە سەردەمی نەفامییدا و لە بازاڕی (ذي المجاز) دا پێغەمبەری خوام ﷺ دیوە کە ئەیفەرموو :

((يا أيها الناس ! قولوا : لا إله إلاّ الله تفلحوا)) .

ئەیفەرموو: خەڵکینە ! بڵێن : (لا إله إلاّ الله) سەرکەوتوو و سەرفراز ئەبن . جا خەڵکیی لە دەوری کۆ ئەبوونەوە و ، پیاوێکی دەم و چاو گەشاوەی خێلیش کە دوو پەلکەی بە سەرەوە بوون بە دوایەوە بوو و ، ئەیوت : ئەمە لە دین وەرگەڕاوە و درۆزنە !! بۆ هەر کوێ بچوایە شوێنی ئەکەوت . منیش دەربارەی پرسیارم کرد ، وتیان : ئەبولەهەبی مامەیەتی .[111]

هەروەها طبەرانیی بە شێوەی (مرسل) لە قەتادەوە تەخریجی کردووە کە وتوویە : عوتەیبەی کوڕی ئەبولەهەب ئوم کولثوومی کچی پێغەمبەری خوای ﷺ مارە کردبوو و ، روقیەش دەستگیرانی عوتبەی کوڕی ئەبولەهەبی برای بوو و ، هێشتا نەیگواستبووەوە ، تا ئەوەبوو وەحی بۆ پێغەمبەر ﷺ هات . جا کاتێ کە فەرمایشتی خوای گەورە : ﴿ تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ ﴾ هاتە خوارەوە ، ئەبولەهەب بە عوتبە و عوتەیبەی وت : سەرم لە سەرتان حەرام بێت (واتە پەیوەندییم پێتانەوە نەمێنێ) ، ئەگەر هەردوو کچەکەی موحەممەد تەڵاق نەدەن . دایکیشیان[112] کچی حەربی کوڕی ئومەییە ـ کە (حمالة الحطب) ە ـ وتی : کوڕەکانم ! هەردووکیان تەڵاق بدەن ، چونکە هەردووکیان لە دین وەرگەڕاون . ئەوانیش تەڵاقیان دان . کاتێ کە عوتەیبە ئوم‌کولثوومی تەڵاق دا هاتە لای پێغەمبەر ﷺ و وتی : بە دینەت کافرم و کچەکەشتم تەڵاق دا .. نە بێیتە لام و نە بێمە لات ، پاشان هەڵمەتی دایە پێغەمبەر ﷺ و کراسەکەی دڕیی ، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە عوتەیبە نیازی هەبوو بۆ بازرگانیی بەرەو شام بکەوێتە رێ .. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :

((أما إني أسأل الله أن يسلط عليك كلبه)) .

---

[111] السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٢٩٣ ـ ٢٩٤ .

[112] کە ئوم جەمیلە و یەکێکە لە ئافرەتە ناودارەکانی قورەیش و بۆ دژایەتیی ئیسلام و موسڵمانان یارمەتی دەری مێردەکەی بوو ، بۆیە لە قیامەتیشدا پێکەوە سزا دەچێژن ..

فەرمووی : داواکارم خوای گەورە شێرەکەیت بۆ بنێرێ .. ئەوەبوو لەگەڵ کۆمەڵێك بازرگانی قورەیشییدا کەوتنە رێ هەتا گەیشتنە شوێنێك کە پێی ئەوترێ (الزرقاء)[١١٣] و شەو لەوێ باریان خست .. ئەو شەوە شێرێك هات و بە دەوریان دا سووڕایەوە و عوتەیبەش ئەیوت : دایکە رۆ ! بەخوا ئەمە ، وەك موحەممەد وتوویە ئەم خوات .. موحەممەد وا لە مەککە و منیش لە شام کەچیی ئەم کوژێ .. شێرەکە هات و لەناو ئەو خەڵکەدا هەڵمەتی دایە عوتەیبە و گازێکی پڕ بە پڕی دەمی لێ گرت و کوشتی ..

زوهەیری کوڕی عەلاء وتوویە : هیشامی کوڕی عوروە لە باوکیەوە بۆمانی باس کردووە کە ئەو شەوە شێرەکە بە دەوریان دا سووڕاوەتەوە دوای ئەوە رۆیشتووە و ، ئەوانیش خەوتوون و ، عوتەیبە ئەخەنە ناوەڕاستی بازرگانەکانەوە . کەچیی شێرەکە دێتەوە و هەنگاویان بەسەردا ئەنێ و ، قەپێك بە سەری عوتەیبەدا ئەکات و تێکی ئەشکێنێ .. ئەوەبوو دوای کۆچی دوایی روقیە ، عوثمانی کوڕی عەففان ئوم کولثومیش مارە ئەکات ، خوا لە هەموویان رازیی بێ .[١١٤]

سێهەم : بەرگریی و خۆشەویستیی ئەبوطالیب

بە پێچەوانەی ئەبولەهەبەوە ، ئەبوطالیبی ریش سپیی و ، سەردار و ، پیاوماقووڵی قورەیش ، موحەممەدی برازای یەکجار خۆش ئەویست و ، دڵی پێ ئەسووتا . ئەوەبوو بە منداڵیی بە چاکیی چاودێریی ئەکرد و ، کاتێکیش کە بووە پیاوی ناو پیاوان و ، کاری بانگەواز خرایە ئەستۆی ، بەرگریی لێ ئەکرد و ، بە هەموو شێوەیەك ئەیپاراست و ، دژی هەڵوێستی قورەیشییەکان ئەوەستا ، هەرچەندە لەسەر دینی قورەیش مابوویەوە و ، موسڵمان نەبوو بوو .

جا موسڵمان نەبوونی ئەبوطالیب لەو بارودۆخە ناسکەدا حیکمەتێکی زۆر گەورەی تێدا بوو و ، بەو بۆنەشەوە بوو ئەیتوانیی بەرگریی لە پێغەمبەری خوا بکات . چونکە ئەگەر ئەبوطالیب موسڵمان ببوایە ئەوا قورەیش رقیان لێ هەڵ ئەگرت و ، لەبەر چاویان ئەکەوت و ، هیچ قسەیەکیشی لێ وەرنەئەگیرا ، بگرە هیچ رێزێکی بۆ دانەئەنرا و ، بە دەست و بە زمان ئازاریان ئەدا .. ئەمە نەخشەی

---

[١١٣] شوێنێکە لە شام و نزیك (معان) کە بە درندەی زۆر و دڕ بەناوبانگە .

[١١٤] شرح حياة الصحابة : ١/ ٤٥٤ _ ٤٥٥ . بە لای (هیثمي) یەوە زوهەیر (ضعیف)ە ، بەلام ئیبن حیببان بە (ثقة) ی داناوە .

ڕەنگینــی پــەروەردگارە و ئەوپــەڕی دانایــەتیی بــوو و ، بەرژەوەنــدیی بــانگی ئیسلامیش لەوەدا بوو ..

بەڵێ ئازیزانم ! ئەمە دوو مامەی پێغەمبەری خوان ﷺ کە لە جێی بـاوکن بـۆ ئەو .. یـەکێکیان ئەوپـەڕی دژایـەتیی ئـەکات و، بێشـەرمانە بـە خـۆی و ژن و منالیەوە ئازاری دڵی خۆی و خانەوادەکەی ئەدەن . ئەوی تریشیان ئامادەیە سەری لە پێناوی ئازیزدا دابنێ ، کەچیی هیچ کامیــان موسـڵمان نـابێ و واز لـە دینـی قورەیش ناهێنێ .

خۆ ئەگەر ئەم دووانە موسـڵمان ببوونایـە ، ئـەوا خـەڵکیی هـەلیان بـۆ هـەڵ ئەکەوت تا بڵێن : کە ئەم دوو پیاوە ماقووڵەی نەوەی هاشم لەبەر ئەوە موسـڵمان بوون تا پشتی موحەممەدی برازایان بگرن و ، بەو بۆنەوە هێزێـك پێـك بهێـنن بـۆ بەدەست هێنانی کاروباری دنیایی و ، سەرەنجام خۆیان وەك گەورە و سـەرۆك و دەم ڕاستی ئەو خەڵکە لە قەڵـەم بـدەن . کەواتـە موسـڵمان بـوونی ئـەو دووانـە لـە بەرژەوەندیی ئیسلامدا نەبوو ..

بەڵێ ئازیزانم ! کارەکانی خوا هەر هەموویان جوان و ڕەنگینن .. با هەرگیز بـۆ هیچ بڕیارێکی خوا ناڕەزایی و پێ ناخـۆش بـوون دەرنـەبڕین .. خوای گەورە خۆی چاك ئەزانێ ..

لەولاوە خوای گەورە ویستی وەها بوو ، لە کـاتێکی زۆر ناسـكدا ، یـەکێ لـە مامەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بێت و موسڵمان ببێ .. حەمزەی پاڵەوان خوا لێی ڕازیی بێ لە ڕۆژێك‌دا کە لە بەرژەوەندیی ئیسلام‌دا بێت ، دێت و ئیمان بە خـوا و بە ڕۆژی دوایی ئەهێنێ .. لە هەمان کات‌دا مامەیەکی تـری کـە عـەبباسـە خـوا لێی ڕازیی بێ موسڵمان نەبێ ، بەڵام وا زوو نا ، بەڵکو موسڵمان بوونی خـۆی لـە شەوی فـەتحی مەککـەدا ئاشـکرا کـرد .. ئەمـەش دیسـان بەرژەوەنـدیی بـانگی ئیسلامی تێدا بـوو .. ئەگـەر وا نەبوایـە عـەبباس نەیئـەتوانیی لـە مەککـەدا بمێنێتەوە و، ببێتە چاودێر بەسەر قورەیشەوە و، بە وردیی پێغەمبەری خوا ﷺ لـە هەموو هەڵس وکەوتێکی قورەیش ئاگادار بکات ..

لەگەڵ ئـەوەدا کـە ئـەبوطالیـب خـاوەنی ڕێـز بـوو و ، بـەرگریی تـەواوی لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئـەکرد ، هـێشتا پێغـەمبەر و موسـڵمانەکان لـە سـزای

درندانەی قورەیش دەرباز نەبوون .. هەموو جۆرە ئازارێکیان ئەدان .. جنێویان ئەدا و ، گاڵتەیان ئەکرد ، هەتا هەوڵی کوشتنیان ئەدا ..

بەڵێ ئازیزان ! ئازیزمان تووشی ناڕەحەتیی و چەرمەسەریی زۆر هات ، بەڵام بێ ئەوەی هیچێ لەو سزا و ئازارانە بتوانن ورەی پێ بەر بدەن ، یان دەستی لە کارکردن و هەوڵ دان سارد بکەنەوە .. بەڵکو مەردانە و شێرانە بڕیاری دا تا دوا هەناسەی ژیانی و ، تا ڕژانی دوا دڵۆپی خوێنی گەشی خەریکی بانگ کردن بێ بۆ لای خوا .. خەریکی ڕزگارکردنی ئادەمی یەکان بێ لە سزای سەختی ئاگری دۆزەخ .. خەریکی پاك کردنەوەی دڵەکان بێت ، تا دژایەتیی و خراپ کاریyan تیێدا ریشەکەن ببێ و ، لە جیێیان دا خۆشەویستیی و بەزەیی جێگیر ببێ ..

ئەم هەڵوێستە بەرزەی پێغەمبەری خوا ﷺ پێویست بوو ، چونکە :

یەکەم : خوای گەورە فەرمانی پێ داوە و لەسەری بە پێویست گێڕاوە کە ببێتە ڕزگارکەری مرۆڤایەتیی .

دووهەم : هەموو پێغەمبەرێکی پێش خۆی مژدەی هاتنی ڕزگارکەری ئاخرزەمانی داوە .

سێهەم : مرۆڤەکان پێویستی یان بە ڕزگارکەر هەیە و ، سەرزەویی تینووی دوا بەرنامەی ئاسمانە و ، گوزەرانی سەرزەویی بەبێ ڕزگارکەر مەحاڵە ..

لەم ڕوانگەوە ئەو موسڵمانانەی سەردەمی ئازیز و ئەوانەش کە دوای ئەوان هاتوون و تا ڕۆژی قیامەت دێن هەر هەموویان شاگردیی ئازیز ئەکەن تا کاری ڕزگاریی خوازیی بە چاك ترین شێوە ئەنجام بدرێت و ، خۆشیان وەك هەموو ئادەمی یەك ڕزگار و سەرفراز بن .

چوارەم : دژایەتیی ئەبوجەهل

نازناوی ئەبوجەهل پێغەمبەری خوا ﷺ لێی ناوە ، ئەگینا نازناوی ئەبولحەکەم بووە و ، ناویشی عەمری کوڕی هیشامی کوڕی موغیرەی مەخزوومی یە . پێغەمبەری خوا ﷺ بە فیرعەونی ئەم ئوممەتەی لە قەڵەم داوە .

ئەبوجەهل لە هەموو کەس زیاتر دژایەتیی دینی نوێی ئەکرد .. جگە لەوەی کە نەگبەتیی یەخەی پێ گرتبوو و حەزی لە کوفر و ستەم بوو ، لەولاشەوە ڕقێکی لە نەوەی هاشم بوو و ، وەك مەخزوومی یەك پێی خۆش بوو لە شەرەف و

پایەدارییدا پێشیان بداتەوە .. بۆیە کە هەواڵی دینی تازەی بیست بە رق و قینێکەوە وتی :

ئەی کۆمەڵی قورەیش ! موحەممەد هیچی ناوێ جگە لەوەی کە ئەیبینن کە بریتییە لە عەیبدارکردنی دینەکەمان و ، جنێودان بە باوباپیرمان و ، بە شێت و لێوە دەرکردنی پیاوە ژیرەکانمان و ، سووکایەتیی کردن بە خواکانمان .. دەی من بەڵێن بە خوا ئەدەم کە سبەینێ بە بەردێکەوە بۆی دائەنیشم ، جا کە لە نوێژەکەیدا سەجدەی برد ، سەری پێ لەت ئەکەم ، جا با نەوەی عەبدمەناف چییان پێ خۆشە بیکەن ..

بۆ سبەینێ ئەبوجەهل بەردێکی بە دەستەوە گرت و ، بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دانیشت هەتا بێت .. ئەوەبوو تەشریفی هێنا و لە نێوان هەردوو روکنی کەعبەدا ، روکنی ئەسوەد و روکنی یەمانییدا دەستی بە نوێژ کرد و ، قورەیشییەکانیش هەر کۆمەڵە و لە شوێنی کۆڕ و کۆمەڵی خۆیاندا دانیشتن و چاوەڕوان بوون .. کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ سەجدەی برد ، ئەبوجەهل دەستی دایە بەردەکە و، بە دزە دزە بەرەو رووی هات ، تا کە لێی نزیك کەوتەوە ، رەنگی زەرد بوو و ، ترسی لێ نیشت و ، هەردوو دەستی بە بەردەکەوە وشك بوون و هۆشی لە خۆی نەما و ، بەردەکەشی لە دەست کەوتە خوارەوە و ، بە چاوی زاقەوە گەڕایەوە دوا ..

قورەیش ئاگادار بوون .. بگرە بە تایبەت زۆرێکیان بە بۆنەی بەڵێنەکەی ئەبوجەهلەوە لەوێ جەم بوو بوون ، هەموو چاویان لە پاڵەوان بوو کە لە ئازیزی پارێزراو چووە پێشەوە .. بە تەما بوون بەردی پیا بکێشێ .. کەچی ئەبینن ئەبوجەهلێکی وشکی وەك شۆڕە بیی لەرزیو بەردەکەی فڕێ دا و گەڕایەوە دواوە .. چەند پیاوێك هەڵسان و هاتن بە دەمیەوە و ، پرسییان : چیتە ، ئەبولحەکەم ؟! وتی : هەستام بۆی تا نەخشەکەی دوێنێ ئەنجام بدەم ، کەچی کە لێی نزیك کەوتمەوە ، نێرە وشترێك هاتە رێم .. بەخوا هەرگیز نێرە وشترم لە شێوەی کەللەسەر و مل و کەڵبەی ئەو وشترەدا نەدیوە . ویستی بمخوات .

ئیبن ئیسحاق وتوویە : بۆم باس کراوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە :

((ذلك جبريل ، ولو دنا منه لأخذه)) .

فەرموویە : ئەوە جیبریل بووە ، ئەگەر نزیك بکەوتایەتەوە لەناوی ئەبرد ..

جارێکی تریش ئەبوجەهل ئەڵێت : بەڵێن بەخوا ئەدەم کە ئەگەر موحەممەد لە سەجدەدا ببینم ئەچمە سەر ملی و ، دەم و چاویشی لە خۆڵ هەڵ ئەسووم . ئەوەبوو بەرەو رووی پێغەمبەری خوا ﷺ هات بچێتە سەر ملی ، کەچیی لە ناکاو بەرەو دواوە پاشەکشەی ئەکرد و ، بە هەردوو دەستی خۆی ئەپاراست .. پێیان وت : ئەوە چیتە ؟ وتی : لە نێوان من و ئەودا چاڵێك ئاگر و ، ترس و لەرز و ، باڵ هەن . پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :

((لو دنا مني لاختطفته الملائكة)) .

فەرمووی : ئەگەر لێم نزیك بکەوتایەتەوە مەلائیکەت ئەیان فڕاند .. [115]

هەروەها بەیهەقییش لە عەبباس ەوە خوا لێی رازیی بێ تەخریجی کردووە کە وتوویە : رۆژێکیان لە مزگەوتدا بووم ، ئەبینم وا ئەبوجەهل ـ بەر لەعنەتی خوا بکەوێ ـ هات و وتی : بەڵێن بە خوا ئەدەم کە ئەگەر موحەممەد لە سەجدەدا ببینم بچمە سەر ملی . منیش خێرا دەرچووم و خۆم گەیاندە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و چوومە ژوورەوە لای و هەواڵی وتەکەی ئەبوجەهلم دا پێی . ئەویش بە تووڕەیی لە ماڵ دەرچوو و هات بۆ مزگەوت . ئەوەندە پەلەی بوو لە دەرگاوە نەهاتە ژوورەوە، بەڵکو بەسەر دیوارەکەدا سەرکەوت . منیش وتم : ئەمڕۆ رۆژێکی ناهەموارە . ئیزارەکەم کۆکردەوە و ، کەوتمە شوێنی . ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی بە خوێندنی : ﴿ ٱقْرَأْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلَّذِى خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلْإِنسَٰنَ مِنْ عَلَقٍ ﴾ (العلق : ١ - ٢) کرد و ، کاتێ کە گەیشتە لای ئەو ئایەتانەی کە باسی ئەبوجەهل ئەکەن : ﴿ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَيَطْغَىٰٓ ۝٦ أَن رَّءَاهُ ٱسْتَغْنَىٰٓ ﴾ (العلق : ٦ - ٧) ، پیاوێك بە ئەبوجەهلی وت : ئەبولحەکەم ! ئەوە موحەممەدە . ئەبوجەهلیش وتی : ئەوەی من ئەیبینم ئێوەش نایبینن ؟ بەخوا ! ئاسۆی ئاسمانم لێ داخراوە . (لە ریوایەتێکی تردا هاتووە : نێوان من و ئەو بە سوپای مەلائیکەت داپۆشراوە ..) کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتە کۆتایی سوورەتەکە سەجدەی برد . (کذا في البداية: ٣ / ٤٣) . [116]

لە ریوایەتێکی تردا هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکانی (٦ ـ ١٩) ی کۆتایی سوورەتی (العلق) وەها باس کراوە کە ئەبوجەهل بەلای پێغەمبەردا ﷺ کە

---

[115] السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٢٩٥ .

[116] شرح حياة الصحابة : ١ / ٤٥٢ - ٤٥٣ .

نوێژ ئەکات تێ ئەپەڕێ ، ئەمەش دوای ئەوەی چەند جارێک ویستبووی دەست درێژیی بکاتە سەر پێغەمبەر و خوای گەورە پارێزگاریی لێ کرد بوو و ، ئەبوجەهلی خەجاڵەت کردبوو ، ئەڵێت : پێمان نەوتووی نوێژ نەکەی ، ئەی موحەممەد ؟ خۆ ئەزانیی لە مەککەدا هیچ کەس لە من زیاتر پشتیوانی نیە . پێغەمبەر ﷺ گوێی پێ نەدا و لێیشی تووڕە بوو . ئەوەبوو ئەبوجەهل بە سەرشۆڕیی گەڕایە دواوە و ، خوای گەورەش دەربارەی ئەبوجەهل و نەزان کاریی و خراپەکانی ئەم ئایەتانەی ناردنە خوارەوە :

﴿ كَلَّآ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَيَطۡغَىٰٓ ۝٦ أَن رَّءَاهُ ٱسۡتَغۡنَىٰٓ ۝٧ إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلرُّجۡعَىٰٓ ۝٨ أَرَءَيۡتَ ٱلَّذِي يَنۡهَىٰ ۝٩ عَبۡدًا إِذَا صَلَّىٰٓ ۝١٠ أَرَءَيۡتَ إِن كَانَ عَلَى ٱلۡهُدَىٰٓ ۝١١ أَوۡ أَمَرَ بِٱلتَّقۡوَىٰٓ ۝١٢ أَرَءَيۡتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰٓ ۝١٣ أَلَمۡ يَعۡلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ ۝١٤ كَلَّا لَئِن لَّمۡ يَنتَهِ لَنَسۡفَعَۢا بِٱلنَّاصِيَةِ ۝١٥ نَاصِيَةٖ كَٰذِبَةٍ خَاطِئَةٖ ۝١٦ فَلۡيَدۡعُ نَادِيَهُۥ ۝١٧ سَنَدۡعُ ٱلزَّبَانِيَةَ ۝١٨ كَلَّا لَا تُطِعۡهُ وَٱسۡجُدۡ وَٱقۡتَرِب ۩ ﴾
(العلق : ٦ - ١٩) .[١١٧]

پێنجەم : عوقبەی بەدبەخت

لەناو ملهوڕانی قوڕەیشدا عوقبەی کوڕی ئەبوموعەیط زیاتر خۆی بەدبەخت و خەجاڵەت کرد .. ئەوەتا بوخاریی لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودەوە خوا لێی رازیی بێ ریوایەتی کردووە کە : جارێکیان پێغەمبەر ﷺ لە نزیک ماڵی خوادا نوێژی ئەکرد و ، ئەبوجەهل و چەند هاوەڵێکیشی دانیشتبوون . بە یەکتری‌یان وت: کێتان ئەچێ منداڵدانی وشتری ئەوەی فلان دێنێ و ، ئەیخاتە سەرپشتی موحەممەد کاتێ کە بە سەجدەدا ئەچێ ؟ بەدبەختی هەموو خەڵکەکە ، (عوقبەی کوڕی ئەبوموعەیط)[١١٨] هەڵمەتی دا و چوو هێنای و ، دانی بە خۆدا گرت هەتا پێغەمبەری خوا سەجدەی برد و ، ئەویش خستیە سەر پشتی لە نێوان هەردوو شانی‌دا . منیش (واتە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود) سەیرم ئەکرد و هیچم لێ نەئەهات ، خۆزگە دەسەڵاتم ببوایە . ئەوانیش پێ‌ئەکەنین و ، خۆیان ئەدا بەسەر یەکتریی‌دا (بۆ خۆشیی و رابواردن) و ، پێغەمبەری خوایش ﷺ وا لە سەجدەدا و ، سەر بەرز ناکاتەوە ، هەتا فاطیمە هات و ، لەسەر پشتی فڕێی دا و ، سەری بەرز کردەوە ، پاشان فەرمووی : « أللهم عليك بقريش » . سێ‌جار . فەرمووی :

---

[١١٧] السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٢٩٦ .
[١١٨] صحيح البخاري : ١ / ٥٤٣ .

خوایە ! تۆڵە لە قورەیش بسێنی . کە دوعـای لێ کـردن قورەیشـی‌یەکان زۆریـان بەلاوە ناڕەحەت بوو و ، بە لایانەوە وەها بوو کە دوعاکردن لەو شارەدا گیرا ئەبێت . پاشان پێغەمبەر ﷺ ناوی هێنان و فەرمووی :

((أللهم عليكَ بأبي جَهلٍ ، وعليك بعتبة بن ربيعة ، وشيبة بن ربيعة ، والوليد بـن عتبة ، وأمية بن خلف ، وعقبة بن أبي معيط)) .

فەرمووی : خوایە ! تۆڵە لە ئەبوجەهل و ، عوتبە و ، شەیبە و ، ولیـد و ، ئومەییە و ، عوقبە بسێنی ، حەوتەمیشی ناو هێنا ، بەڵام لەبەری نەکردبوو . دە بەو کەسەی کە گیانمی بە دەستە ، هەموو ئەوانەی کە پێغەمبەری خـوا ﷺ نـاوی بردن بە چاوی خۆم دینم بە کوژراویی خرانە بیرەکەوە ، بیرەکەی بەدر .[١١٩]

طبەرانییش لە حاریثی کوڕی حاریث ەوە تەخریجی کردووە کە وتوویە : بە باوکمم وت : ئەم کۆمەڵە خەڵکـە چین ؟ وتـی : ئەمانـە لـە دەوری پیـاوێکی لـە دیـن وەرگەڕاوی خۆیان کۆبوونەتەوە . ئەڵێت : ئێمەش دابەزین و ، ئەبینین پێغەمبـەری خوا ﷺ خەڵکەکە بۆ ناسینی خوای گەورە بە تاك و تـەنیا و ئیمـان‌هێنـان بـانگ ئەکات و ، ئەوانیش پەرچی قسەکانی ئەدەنەوە و ، ئازاری پـێ ئەگەیـەنن هـەتا ڕۆژ نیوە بوو و ، خەڵکەکەی دەوری بڵاوەیان لێ کرد و ، ئافرەتێـك کـە سـەرووی سنگی دەرکەوتبوو هات و دۆلکەیەك و دەستەسڕێکی پێ بوون و پێغەمبەری خـوا ﷺ لێی وەرگرت و ئاوی خواردەوە و دەست نوێژیشی گرت و ، پاشان سەری بـەرز کردەوە بۆ لای و فەرمووی :

((يا بنيَّة ! خَمِّري عليك نحرِك ولا تخافي على أبيكِ)) .

فەرمووی : کچەکەم ! سنگت داپۆشە و بۆ باوکت ترست بە دڵدا نەیەت . وتمان : ئەمە کێیە ؟ وتیان : ئەمە زەینەبی کچیەتی خوا لێی ڕازیی بێ .

قال الهيثمي (٦ / ٢١) رجاله ثقات .[١٢٠]

هەروەها طبەرانیـی لە مونیب ی ئەزدی‌یەوە تەخریجی کردووە کە وتوویـە : لـە سەردەمی نەفامیی‌دا چاوم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ کە ئەی‌فەرموو :

((يا أيها الناس ! قولوا لا إله إلا الله تفلحوا)) .

---

[١١٩] صحيح البخاري : ١ / ٣٧ .
[١٢٠] شرح حياة الصحابة : ١ / ٤٤٣ .

ئەیفەرموو : خەڵکینە ! بڵێن : (لا إله إلا الله) ئیتر سەرفراز و سەرکەوتوو ئەبن . جا هی وایان هەبوو کە تفی لە دەم و چاوی ئەکرد و ، هی واشیان هەبوو کە خۆڵی بە سەریدا ئەکرد و ، هی واشیان هەبوو جنێوی پێ ئەدا هەتا رۆژ نیوە بوو ، ئەوەبوو کچۆڵەیەك بە دۆلکەیەك ئاوەوە هات و دەست و دەم و چاوی بۆ شۆرد و ، ئەویش فەرمووی :

((یا بنية ! لا تَخشَي عَلى أبيكِ غيلَةً ولا ذلَّةً)) .

فەرمووی : کچەکەم ! نەترسی باوکت لەناو ببرێت ، یان زەلیل ببێ . وتم : ئەمە کێیە ؟ وتیان : زەینەبی کچی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە کچۆڵەیەکی جوانکیلە بوو.. قال الهيثمي (٦ / ٢١) وفيه مُنبت بنُ مُدرك ، ولم أعرفْهُ، وبقية رجاله ثِقات .[١٢١]

قورەیش سزا و ئازاری ئەو پیاوە موبارەکەیان زۆر دا .. پیاوێك تەمەنی لە چل ساڵیی تێپەریی بێ و هێشتا درۆیەکی لێ نەبیسترا بێ .. هیچ خراپەیەکی لێ نەوەشابێتەوە ، کەچیی لە پەنای کەعبەی پیرۆزدا ئەو هەمووە ئازارەی پێ بچێژرێ .. رۆژێك نەبێ و دوان نەبێ .. چەند بێویژدان بوون دەرهەق بە (رحمة للعالمين) ؟ .

بوخاریی لە عوروەوە خوا لێی رازیی بێ تەخریجی کردووە کە وتوویە : پرسیارم لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص خوا لێیان رازیی بێ کرد و وتم : هەواڵی نارەحەتترین کارێکم بدەرێ کە موشریکەکان بەرامبەر بە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامیان دابێ . وتی : لە کاتێکدا کە پێغەمبەر ﷺ لە حیجری کەعبەدا[١٢٢] نوێژی بەجێ ئەهێنا ، عوقبەی کوڕی ئەبوموعەیط هات و کراسەکەی خستە ملی پێغەمبەر ﷺ و لە ملیدا توندی کردەوە و خەریك بوو بیخنکێنێ . ئیتر ئەوەبوو ئەبوبەکر خوا لێی رازیی بێ هات و شانی عوقبەی گرت و لە پێغەمبەر ﷺ دووری خستەوە و فەرمووی :

﴿ أَتَقْتُلُونَ رَجُلاً أَن يَقُولَ رَبِّيَ اللَّهُ وَقَدْ جَآءَكُم بِالْبَيِّنَٰتِ مِن رَّبِّكُمْ ﴾ (غافر : ٢٨) .

(كذا في البداية : ٣ / ٤٦) .[١٢٣]

---

[١٢١] شرح حياة الصحابة : ١ / ٤٤٣ - ٤٤٤ .

[١٢٢] وای ئەگەیەنن کە قەبری ئیسماعیل پێغەمبەر سەلامی لێ بێ و قەبری هاجەری دایکی تیایدایە .

[١٢٣] شرح حياة الصحابة : ١ / ٤٤٤ ، والسيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٢٩٦ - ٢٩٧ .

جارێکی تریش ئەم عوقبەیە هات و پێغەمبەریش ﷺ لە پەنای کەعبەدا نوێژی ئەکرد . عوقبە پێی خستە سەر ملی پێغەمبەری خوا ﷺ و خەریك بوو هەردوو چاوی دەرپەڕن .

لە ریوایەتێکی تریشدا کە ئیبن ئەبوشەیبە لە عەمری کوڕی عاصەوە خوا لێی رازیی بێ ئەیگێڕێتەوە هاتووە کە وتوویە : تەنها رۆژێك بە چاوەوە بووم کە قورەیش ئەیانویست پێغەمبەرﷺ بکوژن . ئەوەبوو لە پەنای کەعبەدا دانیشتبوون و کەوتنە تەگبیری ئەوەی کە ئازاری بدەن و پێغەمبەری خوایش ﷺ لە نزیك (مقام) دا نوێژی بەجێ ئەهێنا . عوقبەی کوڕی ئەبوموعەیط هەستایەوە بۆی و عەباکەی خستە ملی و رایکێشا هەتا بەسەر ئەژنۆیدا کەوت و خەڵکەکە هاواریان لێ بەرز بوویەوە و وایان زانی گیانی دەرچوو .. لەولاوە ئەبوبەکر خوا لێی رازیی بێ بە پەلە هات و هەردوو قۆڵی پێغەمبەری خوای ﷺ لە دواوە گرتن و ئەیفەرموو : ﴿ أَتَقْتُلُونَ رَجُلاً أَن يَقُولَ رَبِّيَ ٱللَّهُ ؟ ﴾ .

پاشان کافرەکان وازیان لە پێغەمبەر ﷺ هێنا و ، پێغەمبەری خواش ﷺ هەستایەوە و دەستی بە نوێژ کرد . کە نوێژەکەی تەواو کرد دای بە لایاندا و ئەوانیش لە سێبەری کەعبەدا دانیشتبوون و فەرمووی :

((يا معشر قريش ! أما والذي نفس محمد بيده ! ما أُرسلتُ إليكم إلا بالذَّبح)) .

فەرمووی : ئەی کۆمەڵی قورەیش ! بەو خوایەی کە گیانی موحەممەدی بە دەستە ! سەربڕین بەشتانە گەر ئیمان نەهێنن . بە دەستیشی ئاماژەی بۆ قورگی کرد .. ئەبوجەهل پێی وت : تۆ هەرگیز نەفام نەبوویت . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((أنت منهم)) .[١٢٤]

یەکێکی تر لەو ملهوڕانەی قورەیش کە دژایەتیی ئازیزیان ئەکرد نەضری کوڕی حاریث بوو .. یەکێ بوو لە شەیتانە سەفیهەکانی قورەیش .. ئەم پیاوە بەوەی کە سەردانی حیرەی کردبوو لە خۆی بایی بوو بوو ، بەوەی کە هەندێ چیرۆکی پادشاکانی فارس و ، سەرگوزەشتەی رۆستەم و ئەسفەندیاری بیست بوو .. ئەوەبوو هەرچیی پێغەمبەری خوا ﷺ لە کۆڕێکدا دائەنیشت و خوای گەورەی بیری خەڵکەکە ئەخستەوە و ، خەڵکەکەی لەوە ئاگادار ئەکرد تا خۆیان لە غەزەبی خوا

---

[١٢٤] شرح حياة الصحابة : ١ / ٤٤٤ - ٤٤٥ .

بپارێزن ، با وەك ئوممەتە پێشینەکانیان لێنەیەت و سزا نەدرێن ، ئەو پیاوە هەر کە ئەیدیی وا پێغەمبەری خوا ﷺ لەو کۆڕەدا هەستا ، ئەو لە جێی دائەنیشت و، ئەیوت : ئەی کۆمەڵی قورەیش ! بەخوا من باسی چاکترتان بۆ ئەگێڕمەوە لەو . وەرن بۆ لای من . من باسێکتان بۆ ئەکەم کە لە باسەکەی ئەو چاکتر بێ .. ئیتر دەستی بە گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی پادشاکانی وڵاتی فارس ئەکرد و ، پاشانیش ئەیوت : ئیتر موحەممەد لە کوێ لە باسەکانی من چاکترتان بۆ باس ئەکات ؟ [125]

شەشەم : بانگ کردنی ناوداران

هەرچەندە خوانەناسان بەبێ بەزەیی و دوور لە ویژدانەوە بەرامبەر بە ئازیز ئەجووڵانەوە و ، هەموو هەوڵێکیان ئەدا بۆ دەست کۆتابوونی لە بانگەواز ، پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ لە بانگ کردنی پیاوە ناودارەکانیان کۆڵی نەئەدا و ، بەزەیی بە حاڵیانا ئەهاتەوە . پێی خۆش بوو لە ئاگری دۆزەخ دەرباز بن .

بەیهەقیی لە موغیرەی کوڕی شوعبەوە تەخریجی کردووە کە وتوویە : یەکەم جار کە پێغەمبەری خوام ﷺ ناسیی رۆژێك بوو کە من و ئەبوجەهلی کوڕی هیشام لە یەکێ لە کۆڵانەکانی مەککەدا پێکەوە بەڕێوە ئەچووین ، تووشی پێغەمبەری خوا ﷺ بووین . پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئەبوجەهلی فەرموو :

((یا أبا الحکم ! هَلُمَّ إلی الله وإلی رسوله أدعوك إلی الله)) .

فەرمووی : ئەبولحەکەم ! خێرا کە بۆ لای خوا و بۆ لای پێغەمبەرەکەی .. بانگت ئەکەم بۆ لای خوا .. ئەبوجەهل وتی : ئەی موحەممەد ! ئایا لە جنێودان بە خواکانمان واز ناهێنی ؟ ئایا جگە لەوەی کە ئێمە شاهێدیی بدەین تۆ تەبلیغت کردووین هیچی ترت ئەوێ ؟! دەی وا ئێمە شاهێدیی ئەدەین کە تۆ تەبلیغت کردووین .. بەخوا ئەگەر بزانم ئەوەی کە تۆ ئەیڵێیت راستە ئەوا شوێنت ئەکەوتم . ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ رۆیشت و ، ئەبوجەهل رووی تێ کردم و وتی : بەخوا ئەزانم ئەوەی کە ئەو ئەیڵێت راستە ، بەڵام شتێك قەدەغەم ئەکات : نەوەی قوصەی وتیان : (حجابة) لە دەستی ئێمەدایە . وتمان : بەڵێ . پاشان وتیان : (سقایة) ش لە دەستماندایە . وتمان : بەڵێ . پاشان وتیان : (ندوة) ش لە دەستماندایە . وتمان : بەڵێ . پاشان وتیان : (لواء) یش لە دەستمان دایە . وتمان : بەڵێ . پاشان ئەوان نانیان دا و ، ئێمەش نانمان دا ، هەتا کە لە

---

[125] السیرة النبویة لأبي شهبة : ١ / ٢٩٧ .

پایەدارییدا یەکسان وەستاین ، وتیان : پێغەمبەرمان تیا هەڵ کەوتووە . بەخوا شتی وا ناکەم (واتە دانی پیا نانێم و ئیمانی پێ ناهێنم) . كذا في البداية (٣ / ٦٤) .

هەروەها ئیسحاقی کوڕی راهەوەی لە ئیبن عەبباسەوە خوا لێیان رازیی بێ تەخریجی کردووە کە وەلیدی کوڕی موغیرە دێتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەویش قورئانی بۆ ئەخوێنێ ، بە شێوەیەك وەك دڵی نەرم ببێ . ئەمە بە ئەبوجەهل گەیشتەوە ، کە برازای وەلید بوو و ، بە پەلە خۆی گەیاندە لای و وتی : مامە ! خزمەکانت ئەیانەوێ ماڵ و سامانت بۆ کۆ بکەنەوە . وتی : بۆچ ؟ وتی : تا بت دەنێ ، چونکە تۆ چوویتە لای موحەممەد تا شتێکی لێ داوا بکەیت . وەلید وتی : خۆ قورەیش ئەزانێ من سامانم لە هەموویان زیاترە . وتی : دەی شتێك دەربارەی موحەممەد بڵێ ، تا بە خزمەکانت بگاتەوە کە تۆ ئەوت ناوێ . وتی : جا چیی بڵێم؟ دە بەخوا پیاوێکتان لە ناودا نیە کە لە شیعردا لە من زاناتر بێ و ، لە من زیاتر لە رەجەز و لە قەصیدەی شیعر و لە شیعرەکانی جینن شارەزاتر بێ .. دە بەخوا ئەوەی ئەو ئەیڵێ لە هیچێ لەمانە ناچێ . دە بەخوا ئەم قسانەی شیرینییەکیان تێدایە و ، گەشاوەیی و جوانییەکیان بەسەرەوەیە .. سەرەتا و کۆتاییەکەشی پڕ لە خێر و کەڵکی زۆرە و ، ئەو بەسەر هەموو شتێکدا بەرزترە و هیچ شتێك لەو بەرزتر نیە و ، هەرچییش لە ژێریا بێت تێکی ئەشکێنێ . ئەبوجەهل وتی : هەتا شتێکی پێ نەڵێی خزمەکانت لێت رازیی نابن . وتی : ئەڵێم بووەستە هەتا بیرێکی لێ بکەمەوە . کە بیری کردەوە وتی : ئەمە سیحرێکە کە لە غەیری خۆیەوە وەری ئەگرێ و فێری ئەبێ . ئەوەبوو کۆمەڵە ئایەتی :

﴿ ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا ﴿١١﴾ وَجَعَلْتُ لَهُ مَالًا مَّمْدُودًا ﴿١٢﴾ وَبَنِينَ شُهُودًا ﴾

(المدثر : ١١ / ١٣) هاتنە خوارەوە . بەم شێوەیە بەیهەقیی لە حاکمەوە ، لە عەبدوڵڵای کوڕی موحەممەدی صەنعانییەوە لە مەککە ، لە ئیسحاقەوە ریوایەتی کردووە .

هەروەها ئیبن عەساکیر لە موعاویەوە خوا لێی رازیی بێ تەخریجی کردووە کە وتوویە : رۆژێکیان ئەبوسوفیان بەرەو بیابان لە ماڵ دەرچوو و ، هیندیشی لە پاشکۆیدا سوار کردبوو و ، منیش منداڵێك بووم و بە سواریی گوێدرێژێکم لە پێشیانەوە ئەڕۆیشتم . لە ناکاو دەنگی پێغەمبەری خوامان ﷺ بیست . ئەبوسوفیان وتی : موعاویە ! دابەزە ، تا موحەممەد سەرکەوێ .. منیش لەسەر

گوێدرێژەکە دابەزیم و پێغەمبەری خوا ﷺ سەرکەوت و کەمێك لە پێشمانەوە ڕۆیشت . پاشان ئاوڕی دایەوە بۆ لامان و فەرمووی : ((يا أبا سفيانَ بن حَرب ! ويا هند بنتَ عُتبةَ ! والله لَتَموتُنَّ ثم لَتُبعَثُنَّ ثم لَيدخُلَنَّ المُحسنُ الجنَّة والمُسيءُ النارَ وأنا أقولُ لكم بحَقٍّ وإنَّكم لأوَّلُ مَن أُنذرتُم)) .

فەرمووی : ئەی ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب و ، ئەی هیندی کچی عوتبە ! بەخوا ئەمرن و پاشان زیندوو ئەکرێنەوە و ، پاشان چاکەکار ئەچێتە بەهەشت و خراپەکاریش ئەچێتە ئاگرەوە . منیش ئەمەتان بە ڕاستیی پێ ئەڵێم و ، ئێوەش یەکەم دەستەن کە ئاگادار کراون ..

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی بە خوێندنی :

﴿ حمٓ ۝١ تَنزِيلٌ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝٢ كِتَٰبٌ فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥ قُرۡءَانًا عَرَبِيًّا لِّقَوۡمٍ يَعۡلَمُونَ ۝٣ بَشِيرًا وَنَذِيرًا فَأَعۡرَضَ أَكۡثَرُهُمۡ فَهُمۡ لَا يَسۡمَعُونَ ۝٤ وَقَالُواْ قُلُوبُنَا فِيٓ أَكِنَّةٍ مِّمَّا تَدۡعُونَآ إِلَيۡهِ وَفِيٓ ءَاذَانِنَا وَقۡرٌ وَمِنۢ بَيۡنِنَا وَبَيۡنِكَ حِجَابٌ فَٱعۡمَلۡ إِنَّنَا عَٰمِلُونَ ۝٥ قُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثۡلُكُمۡ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ فَٱسۡتَقِيمُوٓاْ إِلَيۡهِ وَٱسۡتَغۡفِرُوهُۗ وَوَيۡلٌ لِّلۡمُشۡرِكِينَ ۝٦ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ كَٰفِرُونَ ۝٧ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونٍ ۝٨ ۞ قُلۡ أَئِنَّكُمۡ لَتَكۡفُرُونَ بِٱلَّذِي خَلَقَ ٱلۡأَرۡضَ فِي يَوۡمَيۡنِ وَتَجۡعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادًاۚ ذَٰلِكَ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٩ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِيَ مِن فَوۡقِهَا وَبَٰرَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقۡوَٰتَهَا فِيٓ أَرۡبَعَةِ أَيَّامٖ سَوَآءٗ لِّلسَّآئِلِينَ ۝١٠ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِيَ دُخَانٞ فَقَالَ لَهَا وَلِلۡأَرۡضِ ٱئۡتِيَا طَوۡعًا أَوۡ كَرۡهٗا قَالَتَآ أَتَيۡنَا طَآئِعِينَ ﴾ (فصلت : ١ ـ ١١) کرد .

ئەبوسوفیان پێی وت : ئەی موحەممەد! لێ بوویتەوە ؟ فەرمووی : بەڵێ . ئیتر پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر پشتی گوێدرێژەکە دابەزیی و من سواری بوومەوە . هیندیش ڕووی لە ئەبوسوفیان کرد و وتی : ئایا بۆ ئەم سیحربازە کوڕەکەمت دابەزاند ؟ وتی : نابەخوا سیحرباز نیە و ، درۆزنییش نیە . كذا في الكنز (٧ / ٩٤) . وأخرجه الطبراني (في الأوسط) أيضاً مثله . قال الهيثمي (٦ / ٢٠) : حُميد بنُ مُنهبٍ لم أعرفه ، وبقية رجاله ثقاتٌ . [١٢٦]

---

[١٢٦] شرح حياة الصحابة : ١ / ١٦٥ - ١٦٩ .

حەوتەم : مەزنیی ئازیز

لە پێشەوە شتێکمان دەربارەی ئەو سزا و ئازارەوە خستە بەر دیدەی خۆشەویستان کە مل هوڕانی نەفامیی بە پێغەمبەری نازداریان چەشت ، بە تایبەتیی ئەو ئازارەی کە لە لایەن ئەبوجەهلەوە ئەهاتە رێی . بەڵام خوای گەورە سۆز و بەزەیی خۆی بە لێشاو بەسەر پێغەمبەردا ﷺ رژاندبوو ، بە تایبەت ئەو کاتەی کە ئەبوجەهل ویستی بە بەردەکە مێشکی پێغەمبەر بپژێنێ ، ئەوەبوو ترس و لەرزێکی زۆر لە پێغەمبەر ﷺ چوو بووە دڵیەوە ، ئەویش بە بۆنەی رێك و پێکیی لاشەی و مەزنیی و پایەداریی کەسایەتیی ئەو ، بە رادەیەك کە لە دڵیاندا سام و هەیبەتێك پەیدا بوو بوو کە زۆر لە خۆیان ئەترسان .

نموونەیەك لەسەر ئەمە :

ئیبن ئیسحاق ریوایەتی کردووە و وتوویە : پیاوێکی هۆزی ئیراش بە چەند سەر وشترێکیەوە هاتە مەککە و ، ئەبوجەهل لێی کڕیی ، بەڵام دەستی دەستیی بە کابرا ئەکرد و پارەکەی نەئەدایە . کابرای ئیراشیی هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ هاتە لای کۆڕ و کۆمەڵی قورەیش و ، پێغەمبەری خواش ﷺ لە لایەکی مزگەوتەوە دانیشتبوو . وتی : ئەی کۆمەڵی قورەیش ! چ پیاوێکتان ئامادەیە ئەو حەقەم لەلای ئەبولحەکەمی کوڕی هیشام بۆ وەربگرێتەوە ؟ من غەریب و رێبوارم و، حەقەکەم ناداتێ .. پیاوانی کۆڕەکە وتیان : ئا ئەوە ئەبینیی ؟ ـ ئاماژەیان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ کرد ، چونکە ئەیانزانیی لە نێوان ئەو و ئەبوجەهلدا چ دوژمنایەتییەك هەیە ـ برۆ بۆ لای ، ئەو حەقەکەت بۆ وەرئەگرێتەوە . ئەیان ویست گاڵتەی پێ بکەن ..

کابرای ئیراشیی هاتە سەر سەری پێغەمبەری خوا ﷺ و باسەکەی دا بە گوێیدا . ئەویش پیاوانە هەستایەوە و پێکەوە رۆیشتن .. کە پیاوانی کۆڕەکە چاویان لێ بوو هەستایەوە و لەگەڵیا رۆیشت ، بە پیاوێکیان ، کە لە گەڵیانا بوو ، وت : شوێنی بکەوە و بزانە چیی ئەکات ؟!

پێغەمبەری خوا ﷺ رۆیشت هەتا گەیشتە لای ماڵی ئەبوجەهل و تەقەی لە دەرگا دا ، وتی : ئەوە کێیە ؟ فەرمووی :

((محمدٌ ، فاخرُج)) .

فەرمووی : موحەممەدم ، وەرە دەرەوە . کە هاتە دەرەوە ، ڕەنگی زەرد هەڵ گەڕا بوو ، فەرمووی :

((أعط هذا الرجل حقه)) .

فەرمووی : حەقی ئەم کابرا بدە . وتی : مەڕۆ هەتا چیی لە لامە بیدەمێ ، چووە ژوورەوە و ، هاتەوە و پارەکەی بۆ هێنا و دایە دەستی . دوای ئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ گەڕایەوە و ، بە کابرای ئیراشییشی فەرموو :

((إلحق لشأنك)) .

فەرمووی : بڕۆ بەلای کاری خۆتەوە . ئیراشیی هاتەوە بۆ لای کۆڕەکە و وتی : خوا پاداشتی بە چاکە بداتەوە . حەقەکەمم وەرگرتەوە !!

کاتێ ئەو پیاوەی کە ناردیان تا بزانێ ئەبوجەهل چیی ئەکات گەڕایەوە ، پێیان وت : ماڵت کاول بێ ، چییت دیی ؟ وتی : شتێکی یەکجار سەیرم دیی ! بەخوا هەر ئەوەندە بوو کە تەقەی لە دەرگاکەی دا ، هاتە دەرەوە و گیانی تیا نەمابوو . وتی : حەقی ئەم کابرایە بدە ، ئەویش پێی دا !!

ئەوەندەی پێ نەچوو ئەبوجەهل هات و ئەوانیش لۆمەیان کرد و بە گاڵتەوە پێیان وت : دە بەخوا ئەوەی تۆ کردووتە تا ئێستە نەمان دیوە !! وتی : ماڵتان کاول بێ ، هەر ئەوەندە بوو کە تەقەی لە دەرگاکەم دا ، دەنگێکم بیست و ترس و لەرز دایگرتمەوە ! نێرە وشترێکیش بەسەر سەریەوە بوو کە هەرگیز نێرە وشترم لە شێوەی کەللەسەر و مل و کەڵبەی ئەو وشترەدا نەدیوە !! دە بەخوا ئەگەر بە گوێم نەکردایە ئەیخوارم !! ئیتر شێوەی ئەو نێرە وشترە هەرگیز لە مێشکی ئەبوجەهل دەر نەئەچوو !!

نموونەیەکی تریش :

جارێکی تر پیاوماقووڵانی قورەیش لەلای حیجردا کۆبوونەوە و هاتنە سەر باسی پێغەمبەری خوا ﷺ و وتیان : ئەوەندەی بۆ ئەم پیاوە دانمان بە خۆماندا گرتووە هەرگیز وا نەبووین : ژیرەکانمانی بە شێت لە قەڵەم دا و ، جنێوی بە باوباپیرمان دا و ، دینەکەمانی عەیبدار کرد و ، کۆمەڵمانی پەرتەوازە کرد و ، سووکایەتیی بە خواکانمان کرد و ، وا کارێکی گەورەمان لێ قەوماوە .. کاتێك کە ئەوان لەم باسەدا بوون پێغەمبەری خوا ﷺ دەرکەوت . لەسەر خۆ هات هەتا گەیشتە لای بەردە ڕەشەکە و دەستی لێ دا ، پاشان بە طەواف کردنی بەیتەوە دای

بە لایان‌دا و، ئەوانیش بە قسە چەند توانجێکیان تێ گـرت و ، لـە دەم و چـاویدا ئەزانرا و ، تێ‌پەڕی کرد .. کە بۆ سووڕی دووهەم بە لایان‌دا تێ‌پەڕیی وەك جـاری پێشوو توانجیان تێ گرتەوە . بۆ سێ‌هەم جاریش کە بە لایان‌دا تێ‌پەڕی بە هـەمان شێوە دووبارەیان کردەوە . ئەوەبوو رووی تێ کردن و فەرمووی :

((أتسمعون يا معشر قريش ؟ أما والذي نفسي بيده لقد جئتكم بالذبح)) .

فەرمووی : ئەی کۆمەڵی قوڕەیش ! ئایا گوێتان لێمە ؟ بەو خوایەی کە گیـانمی بە دەستە ، گەر ئیمان نەهێنن سەربڕین بەشتانە .

ئەم فەرمایشتەی کاری کردە سەر خەڵکەکـە و ترسـێکی زۆریـان لێ نیشـت ، هەتا ئەو کەسەیان کە زیاتر خەڵکی بۆ ئـازاردانی هـەڵ ئـەنا ، دڵـی ئەدایـەوە و هێوری ئەکردەوە و ئەیوت : ئەبولقاسم بە ژیریی و سەلیقەوە تەشریف بـەرە ، تـۆ هەرگیز نەفامییت نەکردووە !!

یەکە بە یەکەی پیاوانی قوڕەیش شەرمێـکی زۆریـان لـە پێغەمبەری خـوا ﷺ ئەکرد .. سام و هەیبەتی لە دڵیان‌دا هەبوو .. کامەیان زۆر دژایەتیی ئەکرد ، یان جنێوی پێ ئەدا ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ رووی تـێ ئـەکرد ئەشـڵەژا و ، دەمـی گۆی نەئەگرت و ، لاشەی هێزی لێ ئەبڕا .[127]

بەززاریش و طەبەرانییش لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعوودەوە خوا لێی رازیـی بـێ ئەخریـجیان کردووە کە وتوویە : لە کاتێك‌دا پێغەمبەری خوا ﷺ لە مزگـەوت‌دا بوو و ، ئەبوجـەهلی کـوڕی هیشـام و ، شـەیبە و عوتبـەی کـوڕانی رەبیعـە و ، عوقبەی کوڕی ئەبوموعـەیـط و ، ئـومەییەی کوڕی خـەلەف و ، دوو پـیـاوی تـر (وەلیدی کوڕی عوتبە و ، عومارەی کوڕی وەلید بوون) کە حەوت پیاو بوون لـە حیجردا و ، پێغەمبەری خواش ﷺ نوێژی ئەکرد ، کە سەجدەی برد ، درێـژەی بـە سەجدەکەی دا ، ئەبوجەهل وتی : کێتان ئەچێ پاشەڕۆکی وشترەکانی نەوەی فـلان بێنێ تا هەڵی رێژن بەسەر شان و ملی موحەممەددا ؟ لە هەموویان بەدبەخت تـر ، عوقبەی کوڕی ئەبوموعـەیـط هەستا چوو هێنای و خستیە سەر هەردوو شـانی و ، پێغەمبەری خوایش ﷺ لـە سـەجدەدا بـوو .. ئـیبن مـەسعوود ئـەڵێت : منـیش وەستابووم و نەم‌ئەتوانی قسە بکەم ، چونکە کەسێکم نەبوو بەرگرییم لێ بکـا تـا بچم بە دەمیەوە .. ئەوەبوو فاطیمـەی کچی پێغەمبەری خوا ﷺ بیست بـووی و ،

---

[127] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٢٩٧ - ٢٩٩ .

هات بە دەمیەوە و ، ئـەوەی خرابوویـە سەرشـانی دای گـرت ، پاشـان رووی لـە قورەیش کرد و قسەی پیٚ وتن . کەچیی ئەوان وەلاّمیان نەدایـەوە .. پیٚغەمبـەری خواش ﷺ ، وەك هەموو جاریٚك كە لە سەجدە ئەبوویەوە ، سەری بـەرز کـردەوە . کە پیٚغەمبەری خوا ﷺ لە نویٚژەکەی بۆوە ، فەرمووی :

((أللهم ! عليك بقريش ـ ثلاثاً ـ عليك بعتبة وعقبة وأبي جهل وشيبة)) .

فەرمووی : خوایە ! تۆڵە لە قورەیش بسیٚنی . (سیٚ جار) . خوایـە تۆڵـە لـە عوتبە و عوقبە و ئەبوجەهل و شەیبە بسیٚنی . پاشان لـە مزگـەوت دەرچـوو و ، ئەبولبوختەریی ، کە قامچی‌یەکی بە دەستەوە بوو ، تووشی بوو . کە پیٚغەمبەری ﷺ دیی لە دەم و چاوی‌دا هەستی بـە شـتیٚك کـرد ، بۆیـە وتـی : ئـەوە چیتە ؟ پیٚغەمبەر ﷺ فەرمووی : ((خَلِّ عَنِّي)) . فەرمووی : وازم لیٚ بهیٚنە . وتی : خـوا بزانیٚ بەرت نادەم هەتا هەواڵم بدەیتیٚ چیتە ؟ شتیٚکت تـووش بـووە . کـاتیٚ کـە پیٚغەمبەر ﷺ زانیی بەری نادات ، هەواڵی دایە و فەرمووی :

((إنَّ أبا جهلٍ أَمَرَ فَطُرِحَ عَلَيَّ فَـرثٌ)) . فـەرمووی : ئەبوجـەهل فـەرمانی دا پاشەڕۆکیان خستە سەر شان و ملم .

ئەبولبوختـەریی وتـی : بـا بـڕۆین بـۆ مزگـەوت . ئـەوەبوو پیٚغەمبـەر و ئەبولبوختەریی پیٚکـەوە چـوون بـۆ مزگـەوت ، پاشـان ئەبولبوختـەریی رووی لـە ئەبوجەهل کرد و وتی : ئەبولحـەکەم ! تۆ فەرمانت داوە پاشەڕۆك بخریٚتە سەر شـان و ملی موحەممەد ؟ وتی : بەڵیٚ . ئەڵیٚ : قامچـی‌یەکەی بـەرز کـردەوە و دای بـە تەوقە سەری‌دا . پیاوەکان دەسـتیان بـە هەڵمـەت‌دان بـۆ یـەکتریی کـرد . خیٚـرا ئەبوجەهل قیڕاندی : ماڵتـان کـاول بـیٚ ! ئـەوەش بـۆ ئـەو ، موحەممـەد ویسـتی دوژمنایەتیی بـخاتە نیٚوانـمانەوە و خۆی و هاوەڵانیشی دەرباز بن !

لە ریوایەتەکەی ئیمام ئەحمەددا وەها هاتووە کە عەبدوڵلا وتوویە : هـەموویانم بینیی کە لە رۆژی بەدردا کوژرا بوون . كذا في البداية (٣ / ٤٤) .[١٢٨]

هەشتەم : موسڵمان بوونی حەمزە

هۆی موسڵمان‌بوونی حەمزە ئەگەڕیٚتەوە بۆ ئەوە کە جاریٚکیان لە نزیك (صەفا) ئەبوجەهل دای بەلای پیٚغەمبەری خوادا ﷺ و دەستی کـرد بـە ئـازاردان و جنیٚـو پیٚ‌دانی و ، هەندیٚ شتی پیٚ وت کە زۆری پیٚ ناخۆش بوو ، بەڵام پیٚغەمبەری خوا

[١٢٨] شرح حياة الصحابة : ١ / ٤٤٩ - ٤٥٠ .

ﷺ هیچ وەڵامێکی نەدایەوە . بەڵام ئافرەتێك ، کە کەنیزەکێکی ئازادکراوی عەبدوڵڵای کوڕی جەدعان بوو ، [١٢٩] لە ماڵەکەی خۆیەوە بە گوێوە بوو . پاشان ئەبوجەهل ڕۆیشت و بە جێی هێشت و بەرەو کۆڕێکی قوڕەیشی‌یەکان کەوتە ڕێ و، لەگەڵیان دانیشت و ، زۆری پێ نەچوو حەمزە هات و ، تیر و کەوانەکەی کردبووە شانی و ، لە ڕاو گەڕابوویەوە . جا هەرکەی لە ڕاو و شکار ئەگەڕایەوە نەئەچووە ماڵەوە لای کەس‌وکاری هەتا طەوافی کەعبەی بکردایە . جا کە ئەوەی ئەنجام ئەدا، بەلای هەر کۆڕێکی قوڕەیش‌دا تێپەڕی بکردایە ، ئەوەستا و سەلامی لێ ئەکردن و وت‌وویژی لەگەڵدا ئەکردن .. حەمزە بەدەستەڵاتترین گەنجی قوڕەیش و ئازاترینیان بوو . کاتێك کە بە لای کەنیزەکەکەدا تێپەڕی کرد پێی وت : باوکی عوماره ! خۆزگە بە چاوەوە بوویتایە ماوەیەك لەمەوبەر موحەممەدی برازات لەلایەن ئەبولحەکەمی کوڕی هیشامەوە چیی پێ کرا !! ئا لێرەدا چاوی پێ کەوت و دەستی بە ئازاردانی کرد و جنێویشی پێ دا و هەرچیی پێی ناخۆش بوو پێی کرد، پاشان ڕۆیشت و موحەممەدیش ورتەی لە دەم دەر نەهات .

حەمزە کە ئەمەی بیست زۆری پێ ناخۆش بوو .. یەکجار رقی هەڵسا . خوای گەورە چاوی بەزەیی و خۆشەویستیی بۆ خست .. بۆیە بە پەلە کەوتە ڕێ تا خۆی بگەیەنێتە لای ئەبوجەهل .. بڕیاری دابوو دەستێکی چاك لە ئەبوجەهل بووەشێنێ . کە چووە مزگەوتەوە سەیری کرد وا لەناو خەڵکەکەدا دانیشتووە .. بەرەو ڕووی ڕۆیشت تا کە گەیشتە سەر سەری ، کەوانەکەی بەرز کردەوە و ، دەستی بە لێدانی کرد و ، زۆر بە سەختیی سەری زامدار کرد ، پاشان پێی وت : گوایە تۆ جنێوی پێ ئەدەی ، بە مەرجێ من وام لەسەر دینەکەی و ، ئەوە ئەڵێم کە ئەو ئەیڵێت ؟! ئەگەر ئەتوانی وەڵامم بدەرەوە . چەند پیاوێك لە ئەوەی مەخزووم هەستان بۆ حەمزە تا لە سەر ئەبوجەهل بکەنەوە .. پێی وتن : واز لە ئەبوعوماره بێنن ، دە بەخوا منیش سووکایەتی‌یەکی خراپم بە برازاکەی ئەو کردووە ..

حەمزە گەڕایەوە ماڵەوە .. وەسوەسەی شەیتانیی و ، خورپەی دەروونیی زۆر ئەهاتن بە دڵی‌دا ، کە چۆن وازی لە دینی خزمەکانی هێنا و ، کەوتە شوێن دینی

[١٢٩] لە ریوایەتەکەی طەبەرانیی‌دا هاوسەرەکەی حەمزە خۆی بووە . (شرح حياة الصحابة : ١ / ٤٥١).

برازاکەی .. پاشان داوای لە خوای گەورە کرد تا ڕێی ڕاستی سەرفرازیی پیشان بدا و بێ‌خـاتە سەری و ، گەر ئەم دینە تازەشی بێ‌کەڵکە لێی لای بدا کە وتی :

((أللهم إن كان هذا رشداً فاجعل تصديقه في قلبي ، وإلا فاجعل لـي مما وقعت فيه مخرجاً)) .

ئەو شەوەی زۆر بە ناڕەحتیی بەسەر برد .. هەموو جۆرە وەسوەسەیەك بە دڵی‌دا ئەهات ، تا ئەوەبوو ڕۆژی لێ بوویەوە و بە پەلە خـۆی گەیانـدە لای پێغەمبـەری خوا ﷺ و وتی : کوڕی برام ! بەزمێکم تووش بـووە نـازانم چـۆن لێـی دەرچـم و ، ناشزانم ئایا کەسێکی وەکو من ڕێی ژیریيم گرتووە یان سەرگەردانیی ؟ باسێکم بۆ بکە ، بە ڕاستیی کوڕی برام حەزم لەوەیە قسەم بـۆ بکـەی . پێغەمبـەر ﷺ ڕووی تێ کرد و ، فەرمایشتێکی دا بە گوێی‌دا کە دڵەکان ڕووناك ئەکاتـەوە و ، دەروون ئەحەسێنێتەوە و ، تاریکایی گومان و وەسوەسە ئەڕەوێنێتەوە .. دەستی کـرد بـە یادخستنەوە و ، مژدەدان و ، ترساندن ، تا ئەوەبوو خوای گەورە ئیمانی لە دڵی‌دا چەسپادن . ئیتر وتـی : شـاهێدیی ئـەدەم کـە تـۆ ڕاسـتگۆیت .. دەی دینەکـەت ئاشکرا بکـە .. دە بـەخوا پـێم خـۆش نیـە لەسـەر دینەکـەی یەکـەم جـارم بم ، ئەگەرچیی هەرچیی وا لە ژێر ئاسمان‌دا موڵکی من بێت .

بە موسڵمانبوونی حەمزە خوا لێی ڕازیی بێ موسڵمانەکان یـەکجار دڵ خـۆش بوون و ، بوونە خاوەنی هێز و دەسەڵات و ، پێغەمبەری خـواش ﷺ زیـاتر پشـت ئەستوور بوو .[١٣٠]

یەکێکی تر لەوانەی کە کەوتنە شوێن پێغەمبەری ئـازیز ﷺ و بـەرگرییان لـە خۆی و لە بانگەوازەکەی کرد گەنجێك بوو بەناوی طولەیب ی کوڕی عومـەیر ..[١٣١]

---

[١٣٠] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٢٩٩ - ٣٠٠ .

[١٣١] طُلیب کوڕی عومـەیری کوڕی وەهبی کوڕی ئەبوکەثیری کوڕی عەبدی کوڕی قوصەی بووە ، بەڵام دایکی ناوی ئەڕوای کچی (عبدالمطلب) بووە ، واتە لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ خاڵۆزا و پوورزا بوون .. هێشتا موسڵمانەکان لە (دار الأرقم) دا بوون ئەو موسڵمان بووە و کۆچیشی بۆ حەبەشە کردووە . طولەیب یەکەم موسڵمان بووە کە لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ موشریکێکی خوێناویی کردبێ . ئەوەبوو بەرگوێی کەوتبوو کە عەوفی کوڕی صەبرەی سەهمیی جنێوی بە پێغەمبەر ﷺ داوە ، بۆیە ئێسقانی چەناگەی وشترێکی هەڵ گرت بۆی و سەری خوێناویی کرد . بۆ ئەمە بە ئەڕوای دایکی‌یان وت : نابینی کوڕەکەت چیی کردووە ؟ ئەڕواش وەڵام ئەداتەوە کە طولەیب کۆمەکیی خاڵۆزاکەی کردووە و دڵی داوەتەوە . طولـەیب لـە ئەجنـادیـن شـەهیـد بووە . (الإصابة : ٢ / ٢٣١ - ٢٣٢) .

کاتێك کە طولیب موسڵمان ئەبێت ، ئەگەڕێتەوە لای دایکی و پێی ئەڵێ : موسڵمان بووم و شوێن موحەممەد ﷺ کەوتووم . پاشان ئەکەوێتە بانگ کردنی دایکی بۆ سەر ئیسلام و ئەڵێت : بۆچیی موسڵمان نابیت و شوێنی ناکەوی ، خۆ حەمزەی برات خوا لێی رازیی بێ موسڵمان بووە ؟ ئەڵێت : چاوەڕوان ئەکەم تا بزانم خوشکەکانم چیی ئەکەن ؟ دوایی منیش وەك ئەوان ئەکەم .

طولیب ئەڵێت : لەبەر خاتری خوا داوات لێ ئەکەم کە بچیتە خزمەتی و ، سەلامی لێ بکەیت و ، تەصدیقی بکەیت و ، شاهێدیی بدەی کە جگە لە زاتی (الله) خوایەکی تر نیە . دایکی وتی : فإني أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمداً رسول الله .

ئیتر لەو رۆژە بە دواوە ئەروا بەرگریی لە پێغەمبەری برازای ئەکرد و ، طولەیبیشی هەڵ ئەنا تا کۆمەکیی دینی تازە بکات و فەرمانەکانی بە جوانیی جێبەجێ بکا .. (كذا في الإستيعاب : ٤/٢٢٥) .

لە ریوایەتەکەی تردا لە ئەبوسەلەمەی کوڕی عەبدوررەحمانەوە ئەگێڕنەوە کە وتوویە : طولەیبی کوڕی عومەیر خوا لێی رازیی بێ لە دار الأرقم موسڵمان بوو و کە هاتە دەرەوە چووە ماڵەوە لای دایکی کە ئەرواى کچی عەبدولموطەللیب بوو و وتی : موسڵمان بووم و چوومە سەر دینی (رب العالمين) جل ذكره . دایکیشی وتی: شایان ترین کەس کە تۆ یارمەتیی بدەیت و کۆمەکیی بکەیت خاڵۆزاکەتە . بەخوا ! ئەوەی کە لە پیاوان دێت لە ئێمەش بهاتایە شوێنی ئەکەوتین و ، بەرگرییشمان لێ ئەکرد . ئەڵێ : وتم : دایە گیان ! بۆچیی موسڵمان نابیت و .. .. تا کۆتایی .[١٣٢]

طولەیب کە موسڵمان بوو ، بووە ئەندامێکی لێهاتووی شوێنکەوتەی قورئان و ، بە سەر و بە ماڵ بەرگریی لە ئازیز ﷺ ئەکرد ..

ئەوەبوو جارێکیان ئەبوجەهل و کۆمەڵێك لە هاوەڵانی رێیان بە پێغەمبەر ﷺ گرت و ئازاریان دا . کە طولەیب ئەمەی بیست خۆی گەیاندە لای ئەبوجەهل و دەستی بە لێدانی کرد تا سەری شکاند و گرتیان . ئەبولەهەبی خاڵۆی هەستایەوە تا بەرگریی لێ بکا . ئەم دەنگ و باسە گەیشتەوە لای ئەرواى دایکی و ئەویش وتی : چاك ترین رۆژانی تەمەنی ئەو رۆژەیە کە پشت گیریی لە خاڵۆزاکەی کردووە.

[١٣٢] شرح حياة الصحابة : ١ / ٣٣٨ - ٣٣٩ .

بە ئەبولەهەبیان وت : ئەڕوای خوشکت لە دین وەرگەڕاوە ، ئەویش چوو بۆ لای و لۆمە و گلەیی لێ کرد . ئەڕواش وەڵامی دایەوە : لە پشت سەری برازاکەتەوە بووەستە ، جا ئەگەر سەرکەوت ئەوا بۆ تۆش چاکە ، ئەگەر نا لە لایەن برازاکەتەوە گلەییت نایەتە سەر . ئەبولەهەب وتی : جا ئێمە دوژمنایەتیی هەموو عەرەبمان پێ ئەکرێ ؟ ئەو دینێکی تازە بابەتی داهێناوە ! (كذا في الإصابة : ٤ / ٢٢٧) .[١٣٣]

نۆهەم : موسڵمان بوونی طوفەیل

پێغەمبەری خوا ﷺ بەبێ وچان خەریکی ئاگادارکردنی خزمەکانی بوو تا بەڵکو دڵیان نەرم ببێ و شوێن دینەکەی بکەون و ، لە ئاگری دۆزەخ خۆیان دەرباز کەن . ئەوانیش ئەوەندە نەفام بوون کەوتنە دژایەتیی و ئازاردانی و ، سزادانی ئەوانەش کە ئیمان ئەهێنن .. ئەوەبوو بە تەما بوون بە چەند شێوەیەك لە ناوی بەرن ، کەچیی خوای گەورە ئەیپاراست و پیلانی ناحەزانی پووچەڵ ئەکردەوە .. دوای ئەمەش کەوتنە پاگاندەکردن بۆ خۆی و دینەکەی و ، هەرکەسێ سەردانی مەککەی بکردایە وەهایان ئەترساند کە نەوێرێ لێی نزیك ببێتەوە و قسەیەکی لێ ببیستێ .. پێغەمبەری خوایش ﷺ دانی بە خۆیدا ئەگرت و بە تەمای کۆمەکیی خوا بوو ..

یەکێ لەو پیاوە ناودارانەش کە سەردانی مەککەیان ئەکرد ، پیاوێك بوو بە ناوی طوفەیلی کوڕی عەمری دەوسیی ، کە پیاوێکی بەڕێزی ماقووڵی ژیری خاوەن سەلیقە بوو و ، دەستی شیعریشی هەبوو ..

طوفەیل خۆی باس ئەکات کە جارێکیان دێتە شاری مەککە و ئەبینێ وا پێغەمبەری خوا ﷺ وا لەوێ . کە قورەیشیەکان چاویان بە طوفەیل ئەکەوێ ، خێرا چەند پیاوێکیان دەورەی لێ ئەدەن تا بەر لەوەی ڕێی لە پێغەمبەری خوا ﷺ بکەوێت و گوێ لە دەنگ و باسی دینی تازە بگرێ ، ئەمان مێشکی پڕ بکەن و ، لە زەرەر و زیانی چاوکەوتن پێی و گوێگرتن لێی ئاگاداری بکەن .

چوونە لای و پێیان وت : طوفەیل ! تۆ هاتوویتە وڵاتی ئێمە و ، ئەم پیاوەش کەوا لە ناوماندا گیرمان بە دەستیەوە خواردووە : کۆڕ و کۆمەڵمانی پەرتەوازە کردووە .. قسەکانی ئەڵێی سیحرن ، نێوانی کوڕ و باوك ، برا و برا ، ژن و مێرد ،

---

[١٣٣] شرح حياة الصحابة : ١ / ٤٥٣ .

تێك ئەدا .. ئێمە ئەترسین ئەوەی بەسەر ئێمەدا هاتووە بەسەر تۆ و خزمەکانیشت دا بێت . بە هیچ شێوەیەك قسەی لەگەڵ نەکەیت و ، گوێیشی لێ نەگریت .

طوفەیل ئەڵێت : دە بەخوا ئەوەندەیان باس کرد بۆم تا ئەوەبوو هاتمە سەر ئەوەی کە گوێ بۆ قسەیەکی نەگرم و قسەیەکیشی لەگەڵدا نەکەم ، هەتا کە بەیانیی چووم بۆ مزگەوت ، لە ترسی ئەوەی نەوەکو قسەیەکی بەرگوێم بکەوێ و کارم تێ بکا و منیش نەمەوێ بیبیستم و حەزی پێ نەکەم .. لە ترسی ئەوە هەردوو گوێم بە لۆکە ئاخنین .

ئەڵێت : بۆ بەیانیی چووم بۆ مزگەوت و ، ئەبینم پێغەمبەری خوا ﷺ وا لە مزگەوتدا و ، لە پەنای کەعبەدا نوێژ ئەکات . منیش لە نزیکیدا راوەستام .. خوای گەورە ویستی وەها بوو هەندێ لە فەرمایشتەکانی بدات بە گوێمدا .. فەرمایشتێکی جوانم بیست .. لە دڵی خۆمدا وتم : دایکم رۆڵەڕۆم بۆ بکات . خۆ من پیاوێکی ژیری شیعر زانم و ، چاك و خراپم لێ تێك ناچێ .. باشە چیی تیایە ئەگەر گوێ لەم پیاوە بگرم بزانم چیی ئەڵێ ؟! ئەگەر شتی چاکی بۆ باس کردم ئەوا وەری ئەگرم و ، گەر خراپیش بوو وازی لێ دێنم .. دانم بە خۆمدا گرت هەتا پێغەمبەری خوا ﷺ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە .. دوای کەوتم هەتا کە چووە ماڵەوە ، منیش چوومە ژوورەوە لای و وتم : ئەی موحەممەد ! خزمەکانت وەها و وەهایان پێ وتم (بەوەی کە پێمیان وتبوو) ، دە بەخوا ئەوەندەیان ترساندم لەم کارەی تۆ هەتا گوێم بە لۆکە ئاخنین تا قسەکانت نەبیستم ، بەڵام خوای گەورە ویستی وەها بوو شتێکی لێ ببیستم .. بە راستیی فەرمایشتێکی جوانم بیست .. دە تۆش دینەکەتم بۆ باس بکە .. ئەویش ئیسلامی بۆ باس کردم و قورئانی بۆ خوێندم ، ئەڵێت : دە بەخوا هەرگیز فەرمایشتی لەوە جوانتر و ، فەرمانی لەوە راستتر و بەدادترم نەبیست بوو .. ئەڵێت : ئیتر موسڵمان بووم و شەهادەتی حەقم دا و وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ! من پیاوێکم لەناو خزمەکانمدا گوێڕایەڵییم بۆ ئەکرێ و ، ئەشمەوێ بگەڕێمەوە ناویان و بۆ موسڵمان بوون بانگیان بکەم .. جا لەخوای گەورە داوا بکە نیشانەیەکم پێ ببەخشێ تا لە بانگکردنیاندا بۆ سەر ئیسلام یارمەتییم بدات . پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی : ((أللهم اجعل له آية)) .

طوفەیل ئەڵێ : بەرەو لای قەومەکەم کەوتمە رێ ، هەتا کە گەیشتمە دەربەندێك کە خەڵکەکەم لێوە دەرئەکەوت ، نوورێك بە وێنەی چرا لە نێوان هەردوو چاوم

دا پەیدا بوو . ئەڵێ : وتم : خوایە ! با بە دەم و چاومەوە نەبێت ، چونکە ئەترسم وا تێ بگەن کە ئەمە تۆڵە و پێتواندنە لە دەم و چاومدا ، لەسەر وازهێنان لە دینەکەیان ، پەیدا بووە .. ئەڵێ : نوورەکە لەوێ گوازرایەوە بۆ سەر نووکی قامچی‌یەکەم ، بە شێوەیەك کە کاتێ لە دەربەندەکەوە دائەبەزیمە خوارەوە خەڵکەکە بە قامچی‌یەکەمەوە ئەو نوورەیان وەك چرای هەڵواسراو ئەبینی ، هەتا گەیشتمە لایان . کاتێ کە دابەزیم باوکم ـ کە ریش سپی‌یەکی بەتەمەن بوو ـ هات بۆ لام . ئەڵێ : وتم : بابەگیان ! لێم دوور بکەوەرەوە ! نە تۆ پەیوەندییت بە منەوە هەیە و ، نە منیش پەیوەندییم بە تۆوە هەیە . وتی : بۆچ ئەی کوڕەکەم ؟ ئەڵێ : وتم : من موسڵمان بووم و شوێن دینی موحەممەد ﷺ کەوتووم . باوکم وتی: دینی من دینی تۆیە . چوو خۆی شۆرد و جل و بەرگەکەی خاوێن کردەوە و پاشان هات و ئیسلامم بۆ باس کرد و ئەویش موسڵمان بوو . ئەڵێت : دوای ئەوە هاوسەرەکەم هات بۆ لام و پێم وت : لێم دوور بکەوەرەوە ، نە من پەیوەندییم بە تۆوە هەیە و نە تۆش پەیوەندییت بە منەوە هەیە . وتی : بۆچ ، دایك و باوکم بە قوربانت بن ؟ ئەڵێ : وتم : ئیسلام من و تۆی جیا کردۆتەوە . ئیتر ئەویش موسڵمان بوو . داوام لە دەوسیش کرد تا موسڵمان بن ، کەچیی خێرا بە دەممەوە نەهاتن ..

طوفەیل وەك خەم خۆر و دڵسۆزی خۆی و کەس وکاری بوو ، وەهاش دڵسۆزی هۆزەکەی بوو .. پێی خۆش بوو موسڵمان بن و لە سزای دۆزەخ سەرفراز بن .. جا کە دیتی وا هۆزی دەوس بۆ موسڵمان بوون سستیی ئەکەن ، دێتەوە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەککە و ، ئەڵێت : ئەی پێغەمبەری خوا ! دەوس بە گوێم ناکەن ، لەبەر ئەوە دوعایان لێ بکە ..

پێغەمبەری خوا ﷺ دڵی نەهات دوعایان لێ بکات ، بەڵکو دوعای هیدایەتی بۆ کردن کە فەرمووی :

((أللهم اهْدِ دَوساً)) .

پاشان بە طوفەیلی فەرموو :

((إرجع إلى قومك فادعُهُم وارفق بـهم)) .

فەرمووی : بگەڕێرەوە بۆ ناو قەومەکەت ، بانگیان بکە و بە نەرمیی لەگەڵیان بجووڵێرەوە .

طوفەیل ئەڵێ : گەڕامەوە و بەردەوام لە ناوچەی دەوس‌دا خەریکی بانگ‌کردنیان بووم بۆ سەر ئیسلام ، هەتا پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی بۆ مەدینە کرد و لە جەنگی بەدر و ئوحود و خەندەق بوویەوە . دوای ئەوە بە خۆم و ئەو خزمانەمەوە کە موسڵمان بوو بوون هاتینە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەبینین تەشریفی لە خەیبەرە و ، منیش لەگەڵ حەفتا یان هەشتا ماڵی دەوس هاتینە مەدینە . (ذكره في البداية ٣ / ١٠٠) عن ابن إسحاق مع زيادة يسيرة .[١٣٤]

دەهەم : هانابردن بۆ لای ئەبوطالیب

قوڕەیشی‌یەکان هەرچی‌یان لە توانادا هەبوو بەرامبەر بە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی کردیان ، بۆ ئەوەی لە بڵاوکردنەوەی دینی تازە دەست کۆتابن ، کەچی هەرهەمووی بێ‌هوودە بوو ، چونکە ئەوانەی شوێن قورئان کەوتبوون بە پاکیی چێژی ئیمانیان کردبوو و ، ئیمان بە پەڕەکانی دڵیان گەیشتبوو .. لەبەر ئەمە بۆ هیچ هێزێك کۆڵیان نەئەدا .. لەولاشەوە قوڕەیش هەستیان کرد کە ئەبوطالیبی مامەی ، بە بۆنەی خزمایەتی‌یەوە بەرگریی لێ ئەکا ، بۆیە وایان بە چاك زانیی بچنە لای بەڵکو چارەیەکی ئەم کێشەیە بدۆزنەوە .

چەند پیاوێکیان عوتبە و شەیبەی کوڕانی ڕەبیعەی کوڕی عەبد شەمس و ، ئەبوسوفیانی کوڕی حەربی کوڕی ئومەییە و ، ئەبولبوختەریی عاصی کوڕی هیشام و ، ئەسوەدی کوڕی موطەللیبی کوڕی ئەسەدی کوڕی عەبدولعوززا و ، ئەبوجەهلی کوڕی هیشامی کوڕی موغیرەی مەخزوومیی و ، نەبیه و مونەببیهی کوڕانی حەججاج لە نەوەی سەهم و ، عاصی کوڕی وائیلی سەهمیی چوون بۆ لای ئەبوطالیب و وتیان : ئەبوطالیب ! برازاکەت سووکایەتیی بە خواکانمانی کردووە و، دینەکەمانی عەیب دار کردووە و ، پیاوە ژیرەکانمانی بە سەفیهـ دەر کردووە و، باوباپیرانمانی بە گومڕا داناوە ، جا یا دەست کۆتای بکە لێمان ، یان دەست بەرداری ببە بۆمان . تۆ خۆیشت وەك ئێمە لەگەڵیا ناکۆکی و ، لە کۆڵتی ئەکەینەوە ..

ئەبوطالیب بە ژیریی و سەلیقە و ، بە نەرم و نیانیی و لەسەرخۆ وەڵامی دانەوە و، ئەوانیش هەڵسان و بەجێ‌یان هێشت .. پێغەمبەری خوایش ﷺ هەروا بە نەرم و نیانیی و سەلیقە و ژیری‌یەوە دینی خوای ئەگەیاند و ، ئەوانیش بە شێوازەکەی

---

[١٣٤] شرح حياة الصحابة : ١ / ٣٥٤ - ٣٥٦ .

خۆیان دژایەتی‌یان ئەکرد و سزای هاوەڵەکانیان ئەدا و ، یەکتریشیان ئامۆژگاریی ئەکرد تا گوێی بۆ نەگرن .

دوای ماوەیەك ئارامیان لیّ بڕا و ، هاتنەوە بۆ لای ئەبوطالیب و وتیان : ئەبوطالیب ! تۆ تەمەنێکت هەیە و ، لەناوماندا خاوەنی ڕێز و پایەدارییت . داوامان لیّ کردی کە برازاکەت دەست کۆتا بکەیت لیّمان ، کەچیی دەست کۆتات نەکرد .. بەخوا ئێمە لەسەر جنێودان بە باوباپیرمان و ، بە سەفیهـ دەرکردنی ژیرەکانمان و ، عەیب دارکردنی خواکانمان ئارامان نەماوە ، یان ئەوەتا دەست کۆتای بکە لیّمان ، یان لەگەڵ تۆیش و ئەویش‌دا لەسەر ئەوە ئەکەوینە زۆران بازیی ، هەتا لایەکمان تیا ئەچێت . ئیتر هەستان و ڕۆیشتن .. ئەبوطالیب دابڕان و دژایەتیی خزمەکانی بە لایەوە زۆر گران بوو ، لە هەمان کات‌دا تەسلیم کردنی برازاکەی و پشت بەردانیشی یەکجار پیّ ناخۆش بوو .[١٣٥]

طەبەرانییش لە عەقیلی کوڕی ئەبوطالیب ەوە خوا لێی ڕازیی بیّ تەخریجی کردووە کە وتوویە : قوڕەیش هاتنە لای ئەبوطالیب و وتیان : ئەبوطالیب ! برازاکەت دێتە شوێنی کۆڕ و کۆمەڵمانەوە و شتانیّ بە گویّماندا ئەدا کە ئازارمان پیّ ئەگەنیّ ، جا ئەگەر ڕات لەسەری بوایە دەست‌کۆتای بکەی لیّمان ئەوا چاکە . پیّمی وت : عەقیل ! بڕۆ ئامۆزاکەتم بۆ بدۆزەرەوە . منیش چووم لە ژوورێکی بچووکی ئەبوطالیب دا دۆزیمەوە .. لەگەڵم دا هات و هەوڵی ئەدا خۆی بخاتە ژێر سێبەرەوە کەچیی دەستی نەئەکەوت ، هەتا گەیشتە لای ئەبوطالیب . ئەبوطالیب پێی وت : کوڕی برام ! بەخوا ئەزانم بە گوێیشم ناکەی ، بەڵام ئەوەتا خزمەکانت هاتوون و وای ئەگەیەنن کە تۆ دێیتە لای کەعبەکەیان و ناو کۆڕ و کۆمەڵیان و شتانیّ بە گویّیان‌دا ئەدەی کە ئازاریان پیّ ئەگات .. جا ئەگەر بە چاکت زانیی ئەوا وازیان لیّ بهێنە .

پێغەمبەری خوا ﷺ چاوی بۆ ئاسمان بەرزکردنەوە و فەرمووی : ((واللهِ ! ما أنا بأقدر أن أَدَعَ ما بُعثتُ به مِن أن يُشعِلَ أحدُكم من هذه الشمس شُعلةً من نارٍ)) . فەرمووی : بەخوا ! چۆن یەکیّ لە ئێوە ناتوانیّ شوڵەیەك ئاگر لەو خۆرە لیّ بکاتەوە ، ئاوەها منیش ناتوانم واز لەو کارە بهێنم کە پێی ڕەوانە کراوم .

---

[١٣٥] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١/ ٣٠١ .

ئـەبوطالیب رووی تـێ کـردن و وتـی : بـەخوا ! ئـەم برازایـەم هـەرگیز درۆی نەکردووە ، بە رێك و پێکیی بگەڕێنەوە دوا ..

قال الهيثمي (٦ / ١٤) : رواه الطبراني وأبو يعلى باختصار يسير في أوله ، ورجال أبي يعلى رجال الصحيح . وأخرجه البخاري في التأريخ (الكبير ٤ / ٥١) بنحوه كما في البداية (٣ / ٤٢) .

لەلای بەیهەقییش وەها هاتووە کە ئەبوطالیب بە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەڵێت : کوڕی برام ! خزمەکانت هاتبوون بۆ لام و وەها و وەهایان وت : جا بـەزەییت بـە منیش و بە خۆشتدا بێتەوە و ، کارێکیش مەخەرە ئەستۆمەوە کە نە منیش و نە خۆیشت بەرگەی نەگرین ، واز لە هەر قسەیەك بێنە کە خزمەکانت پێیان ناخۆشە. پێغەمبەری خوا ﷺ وا تێگەیشت کە مامەی دەربارەی ئەو رایەکی بۆ دەرکەوتووە و ، پشتی بەرنەدا و ، ئەیدا بە دەستەوە و ، توانای نەماوە لەگەڵیا خۆی بگرێ و بەرگریی لێ بکا ..

ئەبێ هەڵگری بەرنامەی خوا هەڵوێستی چۆن بێ ؟ تەنها ئەبوطالیب بـەرگریی لێ ئەکرد ، لەوە ئەچێ ئەویش توانـای بـەرگریی نـەماوە و ، بەرگـەی دژایـەتیی هەموو هۆزەکان ناگرێ ..

خوای گەورە فەرمانی کردووە قورئان بگەیەنێت ، کەچیی وا خزمەکانی خۆیـان ئامادە کردووە بۆ جەنگێکی سەروماڵیی تا دینی تازە بـڵاو نەبێتـەوە !! ئایـا واز بهێنێ ، یان بێ باك بەردەوام بێ .. ئەگەرچیی بـە تـاق و تـەنیا بێـت و هـەموو سەرزەوییش دژی وەستابێ ..

جا مادام کەسێکی لە پشت نەماوە ، ئەبێ بڕیارێك بدا بەرامبـەر بـە هـەموو سەرزەویی بتوانێ بوەستێ .. بۆیە هاتە وەڵام و فـەرمووی : ((يا عـم ! واللهِ لَـو وَضَعُوا الشمسَ في يَمِيني وَالقمَرَ في يَسارِي عَلى أَن أَترُكَ هذا الأَمرَ حَتَّى يُظهِرَهُ اللهُ أَو أَهلكَ دونَهُ ما تَرَكتُهُ)) !!

فەرمووی : مامەگیان ! بەخوا ، ئەگەر خۆر بخەنـە لای راسـتمەوە و مـانگیش لای چەپـمەوە بۆ ئەوەی واز لەم کارە بهێنم ، ئەوا وازی لێ ناهێنم هـەتا یـا خـوا سەری دەخات ، یان من لە پێناویدا تیا ئەچم ..

بڕیاری پیاوانە .. بۆ مێژوو .. بۆ گۆڕینی ڕەوڕەوەی مێژوو ..
ئەم فەرمایشتە تا ئاخرزەمان کاریگەریی تەواو نابێ ..
پیاوی پیاوانە بڕیار ئەدات ..

ئەی کوا بڕیارەکەی ئەبرەهە ، یان فیرعەون ، یان نەمروود ، یان هەر ستەم کارێکی تریان ؟

کوا بڕیار و نەخشەکانی ناپلیۆن و هیتلەر و ستالین و کرۆمەر و .. صەدەهای تر کە لە مێژووی نوێدا هەرچیی کاری نامەردانە هەبوو ئەیان‌کرد و ، هەرچیی ڕێگای سووك هەبوو ئەیان‌گرتە بەر بەو هیوایەوە بە ئامانج بگەن ، کەچیی هەر هەموویان بە سەرشۆڕیی سەریان ئەنایەوە ؟ ئەوانە ماوەیەك ئادەمی‌یەکانیان بە زمانی لووس ئەخەڵەتاندن و لە ئەنجامدا تووشی مەینەتیی و بەدبەختی‌یان ئەکردن .

ئازیزمان بە غیرەتی ئیمانەوە دای بە گوێی ئەبوطالیبدا کە تا مردن کۆڵ نادات .. دیارە ئەوانەش کە ئیمانیان ئەهێنا ئاگایان لەم بڕیارە بوو .. ئەبوا ئەوانیش بەو بڕیارەوە ئیمانیان بهێنایە .. واتە ئیمان‌هێنان هەروا ئاسان نەبوو .. ئیمان‌هێنان واتە عارەق‌ڕێژان و خوێن‌ڕێژان لە پێناوی ئیماندا .. واتە دەست‌شتن لە خۆشیی و رابواردن .. لەبیرچوونەوەی بەرژەوەندیی .. پشت‌گوێ‌خستنی ماڵ و منداڵ .. ئەمانە با خوا چاودێری‌یان بکات .. بیان ژیەنێ .. ئیمان‌دار بۆتە سەرباز و وا لە پێشی پێشەوەی بەرەکانی جەنگدا .. بە تەمای خۆی نیە ..

هەر لەبەر ئەمە بوو لە مەککەدا بانگەواز زۆر بڵاوەی نەئەکرد و ، شوێن کەوتوانی کەم بوون .. بەڵام وەك کەم بوون ، یەکجار بەهێز بوون .. کۆڵنەدەر بوون .. ئامادەی هەموو سزا و ئازارێك بوون ..

کورتەکەی : یەکجار ئیمان‌دار بوون ..

بە چاکیی خۆیان بە خوا فرۆشتبوو ..

کە پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ فەرمایشتەکەی بە گوێی ئەبوطالیبدا دا ، دڵی پڕ بوو و دەستی بە گریان کرد .. پاشان هەستا و ڕۆیشت ..

دڵی لە خۆی دائەما .. دەرمانی دەردەکانی بۆ مرۆڤ هێناوە ، کەچیی لە جیاتیی پێشوازیی ، سووکایەتیی پێ ئەکرێ .. دژایەتیی ئەکرێ .. ئازاری ئەدرێ .. هەروەك تاوانێکی یەکجار گەورەی کردبێ !!

هەرکەس ئەیەوێ شوێن ئازیز و دینەکەی بکەوێ ، با خۆی ئامادەی هەموو ناڕەحەتی‌یەك بکات .. با بە تەمای بێ‌کەسیی و بێ‌ئازیی و بێ‌مافی بێ .. با خزمەت بکا و بە تەمای دژایەتیی بێ .. با خەمی مرۆڤەکان بخوا و بە تەمای گاڵتە پێ‌کردن و سووکایەتیی بێ ..

ئەبوطالیب هەڵوێستی نامەردانەی قورەیشی هەڵسەنگاند و ، سەرنجی غیرەتی برازای بێپشتیوانیشی دا چۆن بۆ گەیاندنی راستیی بە تەمای هەموو سزا و ئازارێکە و ، گیانیشی خستۆتە سەر لەپی دەستی تا لەو پێناوەدا خۆی بکاتە قوربانی ئەو بیروباوەڕە بێگەردەی کە بەدییهێنەری مەزنی پێشکەشی کردووە . بۆیە بە چاوێکی رێزەوە هەڵوێستی مەردی خۆنەویستی نرخاند و ، لە هەمان کات دا دڵی پێ سووتا و بڕیاری دا بە هیچ شێوەیەك پشتی بەر نەدات ، بۆ ئەمە بەر لەوەی لە چاو ون بێ بانگی لێ کرد تا بگەڕێتە دواوە .. کە گەڕایەوە ، وتی : بڕۆ ، کوڕی برام ! چییت پێ خۆشە بیڵێ ، دە بەخوا هەرگیز بۆ هیچ شتێك پشتت بەر نادەم !!

یانزەهەم : کارێکی گێلانە

قورەیش کە دییان وا ئەبوطالیب چارێکی بۆ موحەممەدی برازای نەدۆزییەوە و ، لە بڵاوکردنەوەی دینی تازە دەست کۆتای نەکرد و ، بێباك ماوەیدا کاری خۆی ئەنجام بدا ، کەوتنە تەگبیری ئەوەی کە چۆن چارەیەك بۆ ئەم کارەی موحەممەد بدۆزنەوە . سەرەنجام هاتنە سەر ئەو رایە کە کوڕێکی گەنجی پێکەوتوو دیاریی بکەن تا لەگەڵ موحەممەددا بیگۆڕنەوە ، ئەم ببێتە کوڕی ئەبوطالیب و ، ئەبوطالیبیش موحەممەدی برازای تەسلیمی ئەوان بکا تا لەسەر ئەوەی لە دین وەرگەڕاوە بیکوژن و کۆتایی بە ئاژاوەکەی بهێنن .

بۆ ئەمە عیمارەی کوڕی وەلیدی کوڕی موغیرەیان هەڵ بژارد .. عیمارەی برای خالید . لەگەڵ خۆیاندا بردیان بۆ لای ئەبوطالیب و پێیان وت : ئەبوطالیب ! ئەمە عیمارەی کوڕی وەلیدە ، کە بەهێزترین و جوانترین گەنجی قورەیشە ، وەری بگرە و ژیریی و ئازایەتییەکەی پێشکەشت بێت و ، بیکە بە کوڕی خۆت و ، ئەم برازایەشت ، کە لە دینی باو باپیرت پاشگەزبۆتەوە و ، قەومەکەتی پەرتەوازە کردوون و ، پیاوە ژیرەکانی بە سەفیهـ لە قەڵەم داون ، تەسلیممان بکە تا بیکوژین !!

ئەبوطالیب سەرنجی دا قورەیش کارێکی منداڵانەی گەلاڵە کردووە و ، بیرکردنەوەکەی زۆر هەڵەیە ، بۆیە پێی وتن : بەخوا رێك کەوتنێکی خراپە !! کوڕەکەتانم ئەدەنێ تا بەخێوی بکەم بۆتان و ، منیش کوڕەکەمتان بدەمێ تا بیکوژن ؟! بەخوا هەرگیز ئەمە رێك ناکەوێ .

موطعیمی کوڕی عەدیی کوڕی نەوفەلی کوڕی عەبدمەنافی کوڕی قوصەی ـ کە ئامۆزازای ئەبوطالیب بوو ، واتە نەوفەل و هاشم برا بوون ـ وتی : بەخوا ئەبوطالیب ! خزمەکانت ئەوپەڕی ویژدانیان لەگەڵتدا بەکار هێنا و ، هەوڵی تەواویشیان دا تا لەوەی کە پێت ناخۆشە رزگارت بکەن ، بەڵام وا نابینم کە تۆ هیچیان لێ وەر بگریت !!

ئەبوطالیب بە موطعیمی وت : بەخوا ویژدانیان لەگەڵمدا بەکار نەهێنا ، بەڵام تۆ بڕیارت داوە کە پشتی من بەر بدەیت و خەڵکم لە دژ هەڵ بنێیت ، جا چییت پێخۆشە درێغیی مەکە . پاشان ئەبوطالیب دژی موطعیم و ئەو خزمانەشی لە نەوەی عەبدمەناف کە پشتیان بەردا و ، هەروەها دژی ئەو هۆزە قورەیشییانەش کە دژایەتییان کرد قەصیدەیەکی هۆنییەوە کە بەم دێڕە دەست پێ ئەکات :

ألا قل لعمرو ، والوليد ، ومطعم   ألا ليت حظي من حياطتكم بكر[١٣٦]

واتە : بڵێ بە ئەبوجەهل و ، وەلید و ، موطعیم ، خۆزگە لە جیاتیی ئێوە وشترێکم ببوایە ، چونکە ئەو لە ئێوە بەکەڵکتره بۆم .

کە ئەبوطالیب بۆ ئەوەش لەگەڵیان رێك نەکەوت نێوانیان زیاتر تێك چوو و ، دژایەتیی قورەیش بۆ پێغەمبەر و موسڵمانەکان زیاتر بوو و ، بەوپەڕی بێویژدانییەوە ئازاریان ئەدان .

ئەبوطالیب سەرنجی دا قورەیش بڕیاری تەواویان بۆ دژایەتیی موحەممەدی برازای و موسڵمانەکان داوە و ، بە هیچ شێوەیەکیش دەستیان لێ ناپارێزن ، بۆ ئەمە بانگی کردە نەوەی هاشم و نەوەی موطەللیب تا ئەوانیش کۆمەکیی بکەن و بە هەموویانەوە موحەممەدی خزمیان بپارێزن .[١٣٧] ئەوانیش پیاوانە هاتن بە دەمیەوە و هەموویان بڕیاری بەرگرییان دا جگە لە ئەبولەهەب . ئەبوطالیب ی لە ستایشی خزماندا قەصیدەیەکی دانا تیایا دەست خۆشیی لێ ئەکردن ، کە ئەڵێت :

إذا اجتمعت يوماً قريش لمفخرٍ   فعبد مناف سرها ، وصميمها

---

[١٣٦] سيرة إبن هشام : ١ / ٢٦٧ .

[١٣٧] وەك لە پێشەوە باس کرا عەبدمەنافی کوڕی قوصەی چوار کوڕی هەبوون : عەبدشەمس و هاشم و موطەللیب و نەوفەل . جا منداڵەکانی هاشم و موطەللیب پێکەوە جۆر بوون ، بەڵام نەوەکانی عەبدشەمس و نەوفەل هەر لەو سەردەمەوە و هەتا سەردەمی پێغەمبەریش ﷺ هەر دژایەتیی نەوەی هاشمیان ئەکرد .. ئەوەبوو ئومەییەی کوڕی عەبدشەمس دژایەتیی لەگەڵ هاشمی مامەیدا ئەکرد .. کەمێك لەمەو پێشیش لە دژایەتیی موطعیمی کوڕی عەدیی کوڕی نەوفەلی کوڕی عەبدمەناف ئاگادار بووین .

وإن حُصِّلت أشراف عبد منافها ففي هاشم أشرافها ، وقديمها
وإن فخرت يوماً فإن محمداً هو المصطفى من سرها وكريمها
تداعت قريش غثها وسمينها علينا فلم تظفر، وطاشت حلومها

هەروەها ئەبوطالیب کە سەرنجی دژایەتیی قورەیشی دا ، ترسی ئەوە بە دڵیا هات کە عەرەبەکان هەر هەموویان هەڵوێستی قورەیش بگرنە بەر و دژایەتی‌یان بکەن ، بۆیە قەصیدە بەناوبانگەکەی وت کە تیایا پەنا بە حەرەمی مەککە ئەبات و ، ڕێز و خۆشەویستیی بۆ پیاوماقووڵانی قەومەکەی دەرئەخات و ، باسی ئەوەش ئەکات کە هەرگیز دەستبەرداری پێغەمبەری خوا ﷺ نابن و ، ئامادەیە بە خۆی و بە نەوەی هاشمەوە هەر هەموو لە بەرگریی ئازیزدا تیا بچن . جا ئەم قەصیدەیە زۆر درێژە و لە پێناسەیدا ئەوەندە بەسە کە خوا لێ‌خۆش بوو ئیبن کەثیری کەڵەزانای ئیسلام وەصفی بکات کە قەصیدەیەکی پڕ لە بەلاغەتە و ، تەنها مەگەر هەر ئەبوطالیب توانای وتنی هەبێ ، چونکە لە (المعلقات السبع) بەهێزتر و بەلیغترە .. [١٣٨]

دوانزەهەم : بانگەوازی ڕاستیی

پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ هەڵگری دینی حەق بوو ، بۆیە حەزی ئەکرد ئەو حەقە بە هەموو کەسێك بگەیەنێ .. پێی خۆش بوو هەلی دەست بکەوێ و ئەو ڕاستی‌یە پاکە بدا بەگوێی پیاوی شیاودا ..

ئەوەبوو جارێکیان قورەیشی‌یەکان هاتنە لای حوصەین کە باوکی عیمرانی کوڕی حوصەین بوو .. لەبەر ئەوەی زۆر بە گەورە و بەڕێزیان ئەزانیی هاتنە لای و پێ‌یان وت : ئەم پیاوە بدوێنە ، چونکە ناوی خواکانمان بە خراپە ئەبات و جنێویان پێ ئەدات . قورەیشی‌یەکان لەگەڵ حوصەیندا هاتن لە نزیك دەرگای ماڵی پێغەمبەرەوە ﷺ دانیشتن . فەرمووی : ((أوسعوا للشيخ)) . فەرمانی دا جێگا بۆ حوصەین فراوان بکەن ، چونکە عیمران و هاوەڵانی زۆربوون کە لەوێ ئامادە بوون. حوصەین وتی : ئەمە چی‌یە لێتەوە پێمان گەیشتووە کە : جنێو بە خواکانمان ئەدەیت و ناویان ئەبەیت ، خۆ باوکی تۆ بۆ پارێزگاریی دینی باوباپیری قەڵایەکی

[١٣٨] سيرة إبن هشام : ١ / ٢٧٢ ـ ٢٨٠ ، البداية والنهاية : ٣ / ٥٣ ـ ٥٧ .

چاك بوو ؟ فەرمووی : ((يا حصين ! إنَّ أبي وأباكَ في النار ، [١٣٩] يا حصينُ كم تعبُدُ مِن إله ؟)) . فەرمووی : حوصەین ! باوکی منیش و باوکی تۆیش لە ئاگردان . ئەی حوصەین ! تۆ چەند خوا ئەپەرستی ؟ وتی : لە زەوییدا حەوت و لە ئاسمانیش دا یەك . فەرمووی : ((فإذا أصابك الضُّرُّ مَن تدعو ؟)) . فەرمووی : ئەگەر زەرەر و نارەحەتییەکت تووش بوو هاوار لە کێ ئەکەی ؟ وتی : لەو خوایەی کە لە ئاسماندایە . فەرمووی : ((فإذا هلك المالُ مَن تدعو ؟)) . فەرمووی : ئەی ئەگەر ماڵ و سامانت تیا چوو هاوار لە کێ ئەکەی ؟ وتی : لەو خوایەی کە لە ئاسمان دایە . فەرمووی : ((فيستجيبُ لكَ وَحْدَهُ وَتُشرِكهم مَعَه ، أَرْضَيْتَه في الشكر أَم تَخافُ أن يَغلبَ عَلَيكَ ؟)) . فەرمووی : تەنها ئەو دێت بە هاناتەوە ، کەچیی خواکانی زەوییش ئەکەیتە شەریکی .. ئایا بۆ سوپاسگوزاریی هاواری لێ ئەکەیت ، یان ئەترسیی زیانت پێ بگەیەنێ و ، زیانت لێ دوور نەخاتەوە ؟ وتی : هیچ کامیان ! پاشان وتی : ئەشزانم هیچ شتێکی وەهام پێ ناوترێ . فەرمووی : ((يا حُصين ! أَسلم تسلم)) . فەرمووی : موسڵمان ببە ، سەلامەت ئەبی . وتی : من خزم و عەشرەتێکم هەن ، دەی چیی بڵێم ؟ فەرمووی : ((قل : أللهم إني أستهديكَ لأرشَدِ أَمري وزدني علماً يَنفعُني)) . فەرمووی : بڵێ : خوایە داوای هیدایەتت لێ ئەکەم بۆ سەر چاکترین رێگا و ، زانستیشم زیاد بکە تا کەڵکم پێ بگەیەنێ . حوصەین فەرمایشتەکەی دووبارە کردەوە و ، هەڵ نەسا هەتا موسڵمان

[١٣٩] پێغەمبەر ﷺ نایەوێ دڵی حوصەین بشکێ ، بۆیە باوکی خۆیشی ئەخاتە گەڵ باوکی ئەو . جا هەندێ ئەم فەرموودەیە و هی تریش ئەکەنە بەڵگەی ئەوە کە دایك و باوکی لە دۆزەخ دان . بەڵام زانای پایەبەرز ئیبن حەجەر لە (الزواجر) دا وتوویە : خوای گەورە رێزی لە پێغەمبەرمان ﷺ بەوە گرتووە کە دایك و باوکی زیندوو کردوونەتەوە هەتا ئیمانیان هێناوە ، هەروەك لە فەرموودەیەكدا هاتووە کە ئیمام قورطوبیی و ئیبن ناصیرووددینی حافیظی شام و غیری ئەوانیش بە صەحیحیان داناوە ، بەمە بە پێچەوانەی یاسای ئاسایییەوە ، لەبەر رێزنان لە پێغەمبەر ﷺ ، دوای مردن دایك و باوکی کەڵکیان لە ئیمان وەرگرتووە . ئیبن عابیدین رەحمەتی خوای لێ بێ وتوویە : ئەمە پێچەوانەی ئەوە نیە کە ئیمام لە (الفقه الأكبر) دا وتوویە کە دایك و باوکی پێغەمبەر ﷺ لەسەر کوفر مردوون . هەروەها پێچەوانەی ئەو فەرموودەیەش نیە کە لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە : ((إستأذنت ربي أن أستغفر لأمي فلم يأذن لي)) . فەرموویە : لە پەروەردگارم داوای ماوەم کرد تا داوای لێخۆش بوونی بۆ بکەم ، کەچیی ماوەی نەدام .. هەروەها پێچەوانەی ئەو فەرموودەیەش نیە کە لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە کە پیاوێك وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! باوکم لە کوێیە ؟ فەرمووی : ((في النار)) . کە پیاوەکە پشتی هەڵ کرد بانگی کردەوە و فەرمووی : ((إن أبي وأباك في النار)) . فەرمووی : باوکی هەردووکمان لە ئاگردان . ئەو رایەی سەرەوە پێچەوانەی ئەمانە نیە لەبەر ئەوەی کە ئەگونجێ زیندووکردنەوەی دایك و باوکی پێغەمبەری خوا ﷺ دوای ئەوە بووبێ .

بوو . عیمران (ی کوڕی) هەستا سەر و هەردوو دەست و هەردوو پێی (باوکی) ماچ کرد .. کە پێغەمبەر ﷺ ئەوەی بینیی دەستی بە گریان کرد و فەرمووی : ((بكيتُ من صَنيعِ عمرانَ ، دخل حُصَينٌ وهو كافرٌ فلَم يَقُم إليه عمرانُ ولَم يَلتفتْ ناحيَتَهُ ، فلما أَسلَمَ قضى حَقَّه فَدَخَلَني من ذلك الرِّقَّةُ)) . فەرمووی : بەم کارەی عیمران گریام . حوصەین کە کافر بوو و هاتە ژوورەوە عیمران لەبەری هەڵنەستا و ئاوڕیشی نەدایەوە بۆ لای ، بەڵام کە موسڵمان بوو ڕێزی لێ گرت و ، منیش بەوە دڵم پڕ بوو .

کاتێك کە حوصەین ویستی هەستێ و بڕواتەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ بە هاوەڵانی فەرموو : ((قوموا فَشَيِّعوهُ إلى منـزله)) . فەرمووی : هەستن تا ماڵەوە ڕەوانەی بکەن .. کاتێ کە لە دەرگاکە چووە دەرەوە قوڕەیش چاویان پێ کەوت وتیان : لە دین وەرگەڕا . ئیتر بڵاوەیان لێ کرد . كذا في الإصابة : ١ / ٣٣٧ .[١٤٠]

ئیبن (عبدالبر) یش لە موعاویەی کوڕی حیدەی قوشەیریەوە ، لە (الإستيعاب) دا تەخریجی کردووە و بە صەحیحیشی داناوە کەوتوویە : هاتمە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ! بەر لەوەی بێمە خزمەتت زیاتر لە ژمارەی پەنجەکانم ـ هەردوو لەپی دەستیشی ئەدا بە یەکدا ـ سوێندم خواردووە کە نەیەمە لات و لە دینەکەشت نزیك نەکەومەوە ، کەچیی وا لە شێوەی کەسێكدا کە جگە لەوەی خوا پیشانی دابم هیچ نەزانم ، هاتوومەتە خزمەتت و ، وا لەبەر خاتری خوای مەزن پرسیارت لێ ئەکەم کە پەروەردگارمان تۆی بە چیی ڕەوانە کردووە بۆ لامان ؟ فەرمووی : ((بدين الإسلام)) . پرسیی : ئەی دینی ئیسلام چییە ؟ فەرمووی : ((أنْ تقولَ : أَسلَمتُ وجهِيَ لله وتَخَلَّيْتُ ، وتقيمَ الصلاةَ ، وتؤتِيَ الزكاةَ ، وكلُّ مسلم على كلِّ مسلم مُحَرَّمٌ ، أخوان نصيران ، لا يقبلُ الله ممَّن أشركَ بعدَ ما أَسلَمَ عَمَلاً حتى يفارقَ المشركينَ ، مالي أُمسِكُ بحُجَزِكم عَنِ النار ؟ ألا! وإنَّ رَبي داعيَّ وإنه سائلي : هَلْ بَلَّغتَ عبادي ؟ فأَقولُ : يَاربِّ ! قد بَلَّغتُ . ألا ! فليُبَلِّغْ شاهدُكُم غائبَكُم ، ألا ! ثم إنَّكم تُدعَونَ مُفَدَّمَةً أَفواهُكم بالفِدام ، ثُمَّ إنَّ أَوَّل شيءٍ يُنبِيءُ عَنْ أحدِكم لفخذُه وَكَفُّهُ)) .

فەرمووی : ئیسلام ئەوەیە بڵێیت : وا ملکەچی هەموو فەرمانێکی خوا بووم و، خۆشم لە شیرك داماڵیی و ، نوێژ ئەنجام بدەیت و ، زەکات بدەیت و ، هەموو

[١٤٠] شرح حياة الصحابة : ١ / ١٥٠ ـ ١٥٢ .

موسڵمانێك بە بۆنەی موسڵمان بوونیەوە قەدەغەیە موسڵمانێکی تر ئازاری بدات، چونکە هەر دوو موسڵمان بۆ یەکتریی دوو برای هاوکۆمەك و هاوپشتیوانن .. هەرکەسێ دوای موسڵمانبوون شەریك بۆ خوا قەرار بدات ئەوا هیچ کارێکی چاکەی لێ وەرناگرێ هەتا لە موشریکان دابڕێت و جیا بێتەوە .. منیش هەوڵ ئەدەم تا گوناهـ نەکەن و سەرەنجام نەکەونە ئاگرەوە . بە راستیی پەروەردگارم بانگم ئەکات و پرسیاریشم لێ ئەکات : ئایا تەبلیغی بەندەکانت کرد ؟ منیش ئەڵێم : پەروەردگارا ! تەبلیغم کرد . دەبا ئێوەش ئەوەتان ئامادەیە تەبلیغی ئەوەتان بکات کە ئامادە نیە . بە راستیی ئێوە بە دەمی بەستراوەوە بانگ ئەکرێن (تا بە دەمی خۆیان قسە نەکەن ، بەڵکو ئەندامەکانیان بێنە گۆ و راستییەکان بڵێن) . پاشان ئەوەش بزانن کە یەکەم شتێك هەواڵتان رابگەیەنێ دەست و پێتانە .[١٤١]

ئەڵێ : وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەمە دینەکەمانە ؟ فەرمووی : ((هذا دينك وأينما تحسن يَكفكَ)) . فەرمووی : ئەمە دینی تۆیە و ، لە هەر شوێنێکیش دا چاکەیەك بکەیت خوای گەورە لێت رازیی ئەبێ ..

سیانزەهەم : دڵخۆشکردن بە ماڵ و پایە و دەسەڵات

قورەیش ـ بە بۆنەی هاتنی دینی تازەوە ـ ئارامی لا هەڵ گیرا بوو .. پێی خۆش بوو بە هەر نرخێك بووە پێغەمبەر و ﷺ هاوەڵانی کۆڵ پێ بدات .. ئەوەبوو هەموو رێیەکی سزادانیان بەکار هێنا کەڵکی نەخوارد .. بگرە ژمارەی موسڵمانەکان زیادی ئەکرد و ، هەتا ئازاردان سەختتر بوایە ، دامەزراویی ئیمان دارانیش لە زیادکردنا بوو .. بۆیە گەڕان بۆ چارەسەرییەکی سەرتاسەریی و مسۆگەر .. پیاوانی ژیر و بەسەلیقەیان کەوتنە بیرکردنەوە .. وایان بە چاك زانیی سیاسەتی نەرمیی و گونجاندن بەکار بهێنن .. یان رازییکردن بە سامان و پایە و پلە ، بەڵکو موحەممەد و شوێنکەوتوانی کۆڵ بدەن .

[١٤١] لە فەرموودەیەکی ئیمام موسلیمیشدا (٢ / ٤٠٩) هاتووە کە : ((فيختم على فيه ، ويقال لفخذه ولحمه وعظامه : أنطقي . فتنطق فخذه ولحمه وعظامه بعمله)) ئەفەرموێ : دەمی دائەخرێت و ، بە ران و گۆشت و ئێسقانی ئەوترێ : قسە بکەن ، ئەوانیش کردەوەکانی باس ئەکەن . لە سوورەتی (يس)یشدا هاتووە:
﴿ ٱلْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَىٰٓ أَفْوَٰهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَآ أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴾ .

ئیبن ئیسحاق لە موحەمـمەدی کوڕی کەعبی قەرەظـیـیـەوە ئەگێڕێتـەوە کـە وتوویە : بۆم باس کراوە ڕۆژێکیان عوتبەی کوڕی ڕەبیعە ـ کە سەردارێکی خـاوەن حیلم بووە ـ لە کۆڕی قورەیشدا دانیشتبوو و ، پێغەمبەری خواش ﷺ بە تەنیا لە مزگەوتی حەرامدا دانیشتبوو ، وتی : ئەی کۆمەڵی قورەیش ! هەڵ ئەسـم بـۆ لای ئەمە و چەند شتێکی ئەخەمە بەردەم بەڵکو یەکێکیان وەربگـرێ و ، لـە کۆڵمـان بێتەوە ؟ وتیان : بەڵێ ، ئەی باوکی وەلید . عوتبە هەسـتا و چـوو لـە خزمـەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ دانیشت و وتی :

کوڕی برام ! تۆ خۆت ئەزانیی کە لە عەشیرەتدا تۆ چـاك و لـە نەسـەبیشدا پایەداریت و ، کارێکی گەورەشت ڕووبەڕووی خزمەکانت کردۆتـەوە : کۆمـەڵیانت پەرتەوازە کردووە و ، پیاوە ژیـرەکـانیانت بـە سەفیهــ دەرکـردووە و ، دیـن و خواکانیانــت عـەیبدار کـردووە و ، بـاوبـاپیرانی لەمـەو پێشیانت بـە کـافر دەرکردووە .. جا وا من چەند کارێکت ئەخەمە پێش چاو تـا سـەرنجیان بـدەیت ، بەڵکو یەکێکیان وەربگریت ..

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((قُل يا أَبَـا الوَليـدِ أَسمَـعُ)) . فـەرمووی : ئەبولوەلید ! بڵێ ، گوێم لێیە .

وتی : کوڕی برام ! ئەگەر بەم کارەی کە هێناوتە ماڵ و سامانت ئـەوێ ، ئـەوا لە ماڵ و سامانی خۆمان ئەوەندەت بۆ کۆ ئەکەینەوە هەتا لە هەموومان سامانت زیاتر بێت و ، گەر پایە و ماقوولێیشت ئەوێ ، ئەوا ئەتکەینە سەرداری خۆمان و بەبێ تۆ پەنجە بە خۆڵدا ناکەین و ، گەر پادشایەتییشت ئەوێ ، ئەوا ئـەتکەینـە پادشای خۆمان و ، گەر ئەمەش کە تووشت ئەبێ جیننییە و ئەیبینیی و توانـات نیە لە خۆتی دوور بـخەیتەوە ، ئەوا پزیشکت بـۆ بـانگ ئەکـەین و ، لـە مـاڵ و سامانمان ئەوەندەت بۆ خەرج ئەکەین تا چاکت ئەکەینەوە ، چونکە جاری وا ئـەبێ جیننییەك بەسەر کابرادا زاڵ ئەبێ مەگەر دەرمانی خۆی بکات .

هەتا عوتبە لە قسەکانی بوویەوە پێغەمبەری خوا ﷺ هەر گوێی بۆ گرتبوو ، پاشان فەرمووی : ((أَقَد فَرغتَ يا أَبا الوَليدِ ؟)) . فەرمووی : ئەی عوتبە ئایا لێ بـوویتەوە ؟ وتی : بەڵێ . فەرمووی : ((فاسمَع مِنّي)) . فەرمووی : دە گوێم بۆ بگرە . وتی : باشە . فەرمووی : ﴿ حمٓ ۝١ تَنزِيلٌ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝٢ كِتَٰبٌ فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥ قُرۡءَانًا عَرَبِيًّا لِّقَوۡمٍ يَعۡلَمُونَ ۝٣ بَشِيرًا وَنَذِيرًا فَأَعۡرَضَ أَكۡثَرُهُمۡ فَهُمۡ

لَا يَسْمَعُونَ ۝ وَقَالُوا قُلُوبُنَا فِي أَكِنَّةٍ مِّمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ وَفِي ءَاذَانِنَا وَقْرٌ وَمِنْ بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ فَاعْمَلْ إِنَّنَا عَامِلُونَ ﴾ (فصلت : ١ ـ ٥) .

پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر خوێندنی سوورەتەکە بەردەوام بوو .. کە عوتبە قورئانەکەی بیست بە جوانیی گوێی لێ ڕاگرت و ، هەردوو دەستی لە پشتیەوە دانا و خۆی دا بەسەریانا . ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتە ئایەتی سەجدە و سەجدەی برد ، پاشان فەرمووی : ((قَد سَمِعتَ يا أبا الوَلِيدِ ما سَمِعتَ ، فَأَنتَ وَذَاكَ)) !! فەرمووی : ئەوەی کە بیستت وەڵامی تۆیە !

لە ڕیوایەتەکەی ئیمام بەیهەقییدا وا هاتووە : کە پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتە فەرمایشتی :

﴿ فَإِنْ أَعْرَضُوا فَقُلْ أَنذَرْتُكُمْ صَاعِقَةً مِّثْلَ صَاعِقَةِ عَادٍ وَثَمُودَ ﴾ (فصلت : ١٣) ، خێرا عوتبە دەستی گرت بەسەر دەمی پێغەمبەردا و ، تکای لێ کرد کە لەبەرخوا و ، لەبەر خزمایەتیی بووەستێ !!

عوتبە بە باشیی لە بەلاغەتی ئایەتەکان تێ ئەگەیشت ، بۆیە ئەترسا ئەو هەڕەشەیە بە خێرایی جێبەجێ ببێ ، وا پاڕایەوە ڕەحمبڕیی نەکات بەرامبەر بە خزمەکانی !

کە عوتبە وەڵامی وەرگرت هەستا و گەڕایەوە بۆ ناو هاوەڵەکانی .. کە ناوچاوی عوتبەیان لە دوورەوە بینیی ، بە یەکتریان وت : سوێند بە خوا ئەخوێن کە عوتبە بەو دەم و چاوەوە نەگەڕاوەتەوە کە لێرەوە ڕۆیشت .. ئەمەش وریایی ئەو کۆمەڵە دەرئەخات کە چۆن لە دەم و چاوی عوتبەدا شتێکیان خوێندەوە و زانییان عوتبە دۆڕاوە و ورەی لە دەست داوە . کە گەیشتە لایان و دانیشت وتیان : ها باوکی وەلید چییت پێیە ؟ وتی : ئەوەم پێیە کە وتەیەکم بیستووە ، بەخوا هەرگیز وتەی وەهام نەبیستووە ، بەخوا نە شیعرە ، نە سیحرە ، نە کاری کاهینانە .. ئەی کۆمەڵی قوڕەیش ! وەرن بە گوێم بکەن و ، بیخەنە ئەستۆی منەوە و ، واز لەم پیاوە بهێنن و دەستبەرداری خۆی و دینەکەی بن . بەخوا ئەم وتەیەی کە من لێوەم بیست ، دەنگ و باسێکی ئەبێ . جا ئەگەر عەرەب لە ناوی برد ، ئەوا کەسانی تر لە کۆڵتان ئەکەنەوە ، خۆ ئەگەر بەسەر عەرەبیشدا زاڵ

ببیٚ، ئەوا موڵك و دەسەڵاتی ئەو موڵك دەسەڵاتە بۆتان و ، بڵندییشی بڵندی‌یە بۆتان و ، لە هەموو کەسیٚ زیاتر ئیٚوە پیٚی بەختەوەر ئەبن .

وتیان : بەخوا ، ئەی باوکی وەلید ! بە زمانی سیحری لیٚ کردوویت !! وتی : ئەوە رای منە و ، ئیٚوەش چیتان بەلاوە چاکە وەها بکەن .[١٤٢]

دیارە ئەم بۆچوونەی قورەیش لەبەر ئەوەیە لە کاری پیٚغەمبەرایەتیی بیٚئاگان ، ئەگینا کۆمەڵیٚکی لیٚهاتوو بوون ، چونکە خەمی کۆمەڵگەیان ئەخوارد و ، تەگبیر و راویٚژی پیٚویستیان ئەکرد و ، لە کۆتاییش‌دا بۆ پاراستنی قەوارەی کۆمەڵەکەیان ئەو هەمووە جەنگە سەرومالیٚیە خویٚناویانەیان بەرپا کرد . بەلاٚم بە راستیی نەیان‌پیٚکا کاتیٚك کە موحەممەدی دەست‌پاك و راستگۆیان بە داواکاری ماڵ و پادشایی و بەرژەوەندیی تایبەتیی ، یان بە نەخۆشیی و شیٚتیی تاوانبار ئەکرد .. ئەگەر ئەوان دانیشتوانی سەرانسەری زەوی‌یان بەو باسانەوە تاوانبار بکردایە ، ئەبوا (محمد الأمین) یان بە شیاوی ئەو تاوان‌بارکردنە نەزانی‌بایە . چونکە بەسەربردنی زیاتر لە چل ساڵی تەمەنی لەناویان‌دا شاهیٚدە کە ئەم بەریٚزە دوورە لە هەڵوٚیٚستی نزم و سووك و ، هیچ کات بۆ دنیاگەریی و بەرژەوەندیی‌بازیی کەسی نەخەڵەتاندووە . بۆیە ئەبوا بە پیٚی تەمەنی پیرۆزی بیان‌زانیایە کە شایانە خوای مەزن وەحی بۆ بنیٚریٚ و ، بی‌کاتە هەڵگری پەیامی ئاسمان و پەروەردەکەری ئوممەتی ئیسلام و ، رزگارکەری مرۆڤایەتیی و ، میٚژوو بۆ مرۆڤ دروست بکات و، لەسەر بناغەی ئیمان شارستانیەتیٚکی وەها مەزن بەرپا بکات کە تا ئاخرزەمان هەر بەردەوام بیٚت .

بەڵیٚ ، عوتبە بە بیستنی چەن ئایەتیٚك بۆی دەرکەوت کە خزمەکانی لە کاری ئازیز ئاگادار نین .. بە راستیی شاهیٚدیی دا کە موحەممەد بەرز و بەریٚزە و ، کاری سووك ئەنجام نادات ..

سەرم لەو کەسانە سووڕ ئەمیٚنیٚ کە دوای زیاتر لە هەزار و چوارسەد ساڵ هیٚشتا ئازیز ناناسن و ، بڕوای پیٚ ناکەن ، دوای ئەوەی کە بە پەروەردە ناوازەکەی چەندین ملیار مرۆڤی پاکی پەروەردە کردن .. ئای کە داماو و دواکەوتوو و گەمژەن ئەوانەی شویٚنی ناکەون !!

[١٤٢] السیرة النبویة لأبي شهبة : ١ / ٣٠٦ ـ ٣٠٨ .

قورەیشی‌یەکان بە هاتنی قورئان زۆر سەرسام بوون ، بە تایبەتیی پیاوە ناودارەکانیان ، چونکە بە سەلیقە هەستیان بە بەرزیی و پایەداریی شێوازی قورئان ئەکرد .. بە راستیی کاری کردبووە سەر هەر هەموویان ..

ئیبن ئیسحاق لە (السیرة)دا لە زوهەری‌یەوە ریوایەتی کردووە کە وتوویە : بۆم باس کراوە کە : شەوێکیان ئەبوجەهل و ، ئەبوسوفیان و ، ئەخنەسی کوڕی شەریق ، هەر یەکە بە جیا و بۆ خۆی لە ماڵ دەرئەچن و ، تا کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ماڵەوە شەونوێژ ئەکات گوێ لە قورئان خوێندنەکەی بگرن ، هەر یەکەیان شوێنێکی بۆ خۆی گرت تا گوێ بگرێ و ، هیچ کامیشیان بە شوێنی دوانەکەی تر نازانێ . ئەو شەوە گوێیان گرت ، تا کە رۆژیان لێ بوویەوە و فەجر دەر هات هەر یەکەیان لە شوێنی خۆی هەستا و لە رێگا یەکیان گرتەوە .. کە بە یەکتری‌یان زانیی ، لۆمەیان لە خۆیان کرد و بە یەکتری‌یان وت : نەگەڕێنەوە ، ئەگەر سەفیهێکتان بتان‌بینێ ئەوا ئەبنە هۆی ئەوەی کە شتێك بکەوێتە دڵیەوە . پاشان رۆیشتن .

بۆ شەوی دووهەم هەر پیاوێکیان - بەبێ ئاگاداریی لە هاتنی دووانەکەی تر - لە شوێنەکەی خۆی دانیشتەوە و ، شەو هەتا بەیانیی گوێی گرت ، تا کە فەجر دەرکەوت هەر یەکە لە شوێنی خۆی هەستا و لە رێگا یەکیان گرتەوە .. ئەمجارەش وەك جاری پێشوو ئامۆژگاریی یەکتریان کردەوە و ، پاشان رۆیشتن !!

بۆ شەوی سێهەم دیسان هەر پیاوێکیان چووەوە شوێنەکەی خۆی و دانیشت و هەتا بەیانیی گوێیان لە پێغەمبەر ﷺ گرت و ، تا کە فەجر دەرکەوت هەر یەکە لە شوێنی خۆی هەستا و لە رێگا یەکیان گرتەوە .. وتیان : هەتا پەیمان نەدەین کە جارێکی تر نەگەڕێینەوە ، ئەم شوێنە بەجێ ناهێڵین . ئەوەبوو پەیمانیان لەسەر نەگەڕانەوە دا و ، پاشان لێك جوێ بوونەوە !!

کە رۆژ بوویەوە ئەخنەسی کوڕی شەریق داردەستەکەی هەڵ گرت و ، خۆی گەیاندە ماڵی ئەبوسوفیان و وتی : ئەبوحەنظەلە ! دەربارەی ئەوەی کە لە موحەممەدت بیست رات چی‌یە ؟

وتی : ئەبوثەعلەبە ! بەخوا هەندێ شتم بیست کە ئەمزانی چین و ، مەبەستەکەشیانم ئەزانی و ، هەندێ شتیشم بیست کە نە مانام ئەزانین ، نە مەبەستیشیانم ئەزانی .

ئەخنەس وتی : بەو خوایەی کە سوێندت پێ خوارد منیش هەروا بووم !

لای ئەو دەرچوو و خۆی گەیاندە لای ئەبوجەهل و چووە ژوورەوە لای و وتی : ئەبولحەکەم ! دەربارەی ئەوەی کە لە موحەممەدت بیست رات چی‌یە ؟

وتی : جا چیم بیستووە ؟ ئێمە و نەوەی عەبدمەناف لەسەر شەرەف و پایەداریی ناکۆکیی کەوتە نێوانمان : نانیان دا ، ئێمەش نانمان دا .. کۆڵیان هەڵ گرت ، ئێمەش کۆڵمان هەڵ گرت .. شتیان بەخشیی ، ئێمەش شتمان بەخشیی .. تا کە بەرامبەر یەك بە یەکسانیی وەستاین ، وتیان : ئێمە پێغەمبەرێکمان تیا هەڵکەوتووە کە لە ئاسمانەوە وەحی بۆ دێت ، جا ئێمە کەی بەوە ئەگەینەوە ؟ دە بەخوا هەرگیز ئیمانی پێ ناهێنین و، تەصدیقیشی ناکەین !! [١٤٣]

لەم رووداوەوە دوو شتمان بۆ دەرئەکەوێ :

١ ـ عەرەبەکان بە فیطرەت لەزەتیان لە بیستنی قورئان بردووە ، بە رادەیەك کە پیاوانێکی ناودار وەك ئەو سیانەی پێشەوە گوێ نەدەنە ئەوە لەسەر خۆڵ لە پشت دەرگا و پەنجەرەوە دانیشن و هەتا بەرەبەیان خەو لە خۆیان حەرام بکەن و گوێ لە قورئان خوێندن بگرن ..

٢ ـ دوای دەرکەوتنی راستیی ، کە ئەوانە ئیمان ناهێنن بەڵگەیە لەسەر دەمارگیریی سەردەمی نەفامیی .

جا یەکێ وەکو ئەبوجەهل ئەمە قەناعەتی دەربارەی قورئان ، کەچیی بۆ هەڵ خەڵەتاندنی خۆیشی و خەڵکییش دەست بە رەخنەگرتن ئەکات لە قورئان :

ئەوەبوو کاتێك کە ئایەتی ﴿عَلَيۡهَا تِسۡعَةَ عَشَرَ﴾ لە سوورەتی (المدثر) هاتە خوارەوە ، ئەبوجەهل بۆ گاڵتە و رەخنە ئەیوت : ئەی کۆمەڵی قورەیش ! موحەممەد وەهای رائەگەیەنێ کە ئەو سەربازانەی کە لە دۆزەخ دا سزاتان ئەدەن و لەوێ بەندتان ئەکەن نۆزدە سەربازن ، دەی خۆ ئێوە یەکجار زۆرن ، گوایا هەر صەد پیاوتان چاری پیاوێکیان ناکەن ؟ ئەوەبوو لە پەرچ دانەوەی ئەم بۆچوونە منالانەدا ئەم ئایەتە پیرۆزە هاتە خوارەوە : ﴿ وَمَا جَعَلۡنَآ أَصۡحَٰبَ ٱلنَّارِ إِلَّا مَلَٰٓئِكَةٗۙ وَمَا جَعَلۡنَا عِدَّتَهُمۡ إِلَّا فِتۡنَةٗ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ لِيَسۡتَيۡقِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ وَيَزۡدَادَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِيمَٰنٗاۙ وَلَا يَرۡتَابَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۙ وَلِيَقُولَ ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم

[١٤٣] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٣١٢ .

مَّرَضٌ وَٱلْكَـٰفِرُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَـٰذَا مَثَلًا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ ۚ وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ ۚ وَمَا هِىَ إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْبَشَرِ﴾ (المدثر : ٣١) .[١٤٤]

لەگەڵ ئەو هەمووە دژایەتی‌یەدا پێغەمبەری نازدارمان ﷺ زۆر حەزی ئەکرد ئەو خزمانەی گوێ لە قورئان بگرن ، چونکە قورئان زۆر کاریگەر بوو لەسەریان ، لە هەمان کات‌دا موشریکەکان پێیان خۆش نەبوو خەڵك گوێی لێ بگرێ ، نەوەکو دڵیان نەرم ببێ و ویژدانیان ببزوێ و ئیمان بهێنن .. هەتا ئامۆژگاریی یەکتریان ئەکرد تا لە کاتی قورئان‌خوێندنی پێغەمبەردا ﷺ قرە قرِ بکەن و ، گومان و دوو دڵیی بۆ خەڵك دروست بکەن و نەهێڵن بە چاکیی ببیسترێ .. قورئانی پیرۆزیش باسی ئەو هەڵوێستەیان ئەکات و ئەفەرموێ :

﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَا تَسْمَعُوا۟ لِهَـٰذَا ٱلْقُرْءَانِ وَٱلْغَوْا۟ فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ﴾ (فصلت : ٢٦).

هەتا ئەوەندە خوار و خێچ بوون کە دەنگی قورئان‌خوێندنیان ئەبیست بڵاوەیان لێ ئەکرد ، هەندێکیش ئاژاوەیان دروست ئەکرد و ، هەندێکیشیان کراسەکەیان ئەدا بەسەر خۆیانا هەتا نەبیستن . قورئانیش ئەو حاڵەتەیان باس ئەکات کە ئەفەرموێ :

﴿ أَلَآ إِنَّهُمْ يَثْنُونَ صُدُورَهُمْ لِيَسْتَخْفُوا۟ مِنْهُ ۚ أَلَا حِينَ يَسْتَغْشُونَ ثِيَابَهُمْ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ ۚ إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾ (هود : ٥) .

هەندێکی تر لەو خەڵکە شەیدای قورئان بوو بوون و ، هەمیشە حەزیان لە گوێ‌گرتن بوو .. جا هەرچەندە بۆیان بکرایە بە نهێنیی گوێیان ئەگرت و ، کە بترسانایە ئەوانی تر پێیان بزانن ئەوا ئەڕۆیشتن و دوور ئەکەوتنەوە نەوەکو ئازاریان بدەن . بۆ ئەمەش خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دا تا لە کاتی نوێژکردن‌دا دەنگی یەکجار بەرز نەکاتەوە و نەشی شارێتەوە ، بەڵکو مام‌ناوەندیی بی‌خوێنێ ، ئەویش لەبەر خاتری ئەوانە .

ئیبن عەبباس ئەڵێت : ئایەتی :

﴿ وَلَا تَجْهَرْ بِصَلَاتِكَ وَلَا تُخَافِتْ بِهَا وَٱبْتَغِ بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا ﴾ (الإسراء : ١١٠) بە بۆنەی ئەوانەوە هاتە خوارەوە ، ئەفەرموێ : ئەوەندە دەنگت لە نوێژدا بەرز

---

[١٤٤] السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٣١١ .

مەکەرەوە کە خەڵکەکە بێزار بن و بڵاوەی لێ بکەن ، ئەوەندەش نزمی مەکەرەوە کە ئەوانەی پێیان خۆشە گوێت لێ بگرن ، نەیبیستن و لێی بێبەش بن . [١٤٥]

چواردەهەم : بە ئاشکرا خوێندنی قورئان

هەرکەسێ قورئانی بە دەنگی بەرز بخوێندایە ، موشریکەکان لە ترسی ئەوەی نەوەك کار بکاتە سەر دڵ و دەروونی خەڵکەکە ، ئازاری ئەو کەسەیان ئەدا .. بۆ ئەمە یەکێ لە هاوەڵان ، کە عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود بوو ، ئەم کارەی خستە ئەستۆی خۆی ..

ئەوەبوو رۆژێکیان هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ کۆبوونەوە و وتیان : بەخوا هێشتا قورەیش ئەم قورئانەیان بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز نەبیستووە . ئەوە چ پیاوێك ئامادەیە بیدات بە گوێیاندا ؟

عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود خوا لێی رازیی بێ ، کە لەو رۆژەدا گەنجێکی لاوازی بێکەس بوو ، وتی : من ! وتیان : ئێمە لە تۆ ئەترسین ، پیاوێکمان ئەوێ کەس وکاری هەبن و ئەگەر خەڵکەکە ویستیان لێی بدەن ، ئەوان بەرگریی لێ بکەن . وتی : وازم لێ بێنن ، خوا بەرگرییم لێ ئەکات ..

بۆ سبەینێ لە کاتی چێشتەنگاودا ئیبن مەسعوود هاتە لای مەقام و ، قورەیشیش کۆڕیان بەستبوو و ، عەبدوڵلاش لە لای مەقامدا وەستا و ، دەستی بە قورئان خوێندن کرد :

﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴾ دەنگی بەرزکردەوە : ﴿ ٱلرَّحۡمَٰنُ ۝١ عَلَّمَ ٱلۡقُرۡءَانَ ﴾ لەسەر خوێندنی خۆی بەردەوام بوو .. قورەیش ئاوڕیان لێ دایەوە .. سەرنجیان دا .. لە یەکتریان ئەپرسیی : (إبن أم عبد) چیی ئەڵێ ؟ بەرە بەرە تێگەیشتن قورئان ئەخوێنێ .. وتیان : لەوە ئەخوێنێ کە بۆ موحەممەد هاتووە .. هەستانەوە بۆی .. بەبێ بەزەیی دایان گرتەوە .. لە دەم و چاوی .. ئەویش هەر بەردەوام بوو .. چەندێ خوا ویستی لەسەر بوو خوێندی .. پاشان گەڕایەوە بۆ لای هاوەڵانی ، بەڵام دەم و چاوی ئازاری زۆری پێگەیشتبوو . وتیان : ترسی ئەمەمان لە دڵدا بوو بۆت . وتی : دوژمنانی خوا ئێستە لە هەموو کاتێك بە لامەوە سووکترن ..

---

[١٤٥] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٣١٣ .

ئەگەر بتانەوێ سبەینێش بە هەمان شێوە ئەچمەوە بەردەمیان . وتیان : نەء ، بەستە ، ئەوەی کە ئەوان پێیان ناخۆش بوو دات بە گوێیاندا ..[١٤٦]

پانزەهەم : هەوڵی دووهەمی عوتبە

لە پێشەوە هەوڵی یەکەمی عوتبە باس کرا کە ئەی‌ویست بە هەر شێوەیەك بووە پێغەمبەری خوا ﷺ رازیی بکات ، تا بەڵکو واز لە خۆیان و دین و خواکانیان بێنێ . پیاوماقوولانی قورەیش وایان بە چاك زانیی جارێکی تر ئەو هەوڵە بدرێتەوە . بۆ ئەمە عوتبەی کوڕی رەبیعە و شەیبەی برای و ، ئەبوسوفیان و ، نەضری کوڕی حاریث و ، ئەبولبوختەریی کوڕی هیشام و ، ئەسوەدی کوڕی موطەللیبی کوڕی ئەسەد و ، زەمعەی کوڕی ئەسوەد و ، وەلیدی کوڕی موغیرە و، ئەبوجەهلی کوڕی هیشام و ، عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوئومەییە دوای مەغریب ، لە نزیك کەعبەدا دانیشتن و ، ناردیشیان بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ کە پیاوماقوولانی قەومەکەت کۆ بوونەتەوە ، تا وت و وێژت لەگەڵدا بکەن . ئەویش بە پەلە تەشریفی هێنا بۆ لایان و، وای‌ئەزانیی دەربارەی ئەم کارەی شتێکیان بۆ دەرکەوتووە . لە راستییش‌دا پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر ئیمان هێنانیان زۆر سوور بوو و، حەزیشی لەوە بوو رێی راست بدۆزنەوە و ، ناڕەحەتیی و تیاچوونیانی یەکجار بە لاوە قورس بوو . کە لەلایان دانیشت ئەوەی کە جاری پێشوو عوتبە پێی وتبوو ئەمانیش خستیانەوە بەردەمی . کە ئەوان لە پێشنیارەکەیان بوونەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموون : ((ما بي ما تَقُولُونَ ، ما جِئْتُكُم بما جئتكم بِهِ أَطْلُبُ أَموالَكُم ، وَلا الشَّرَفَ فيكُم ، وَلا المُلْكَ عَلَيكُم ، وَلكِنَّ اللهَ بَعَثَني إِليكُم رَسولاً، وأَنزَلَ عَلَيَّ كتاباً ، وأَمَرَني أن أكونَ لَكُم بَشيراً وَنَذيراً ، فَبَلَّغتُكُم رِسالاتِ رَبِّي ، وَنَصَحتُ لَكُم ، فإن تَقبَلوا مِنِّي ما جِئتُكُم به فَهُوَ حَظُّكُم في الدنيا والآخِرَةِ ، وإِن تَرُدُّوهُ عليّ أَصبِرُ لأمرِ اللهِ حتى يَحكُمَ اللهُ بَيني وَبَينَكُم)) !!.

فەرمووی : هیچێ لەوانەم نیە کە ئێوە ئەی‌ڵێن ، ئەوەش کە هێناومە بۆ ئەوە نیە داوای سامانتانی پێ بکەم ، یان خۆم پایەدار بکەم لە ناوتاندا ، یان خۆم بکەمە پادشا بەسەرتانەوە ، بەڵکو خوای گەورە بە پێغەمبەریی رەوانەی لای ئێوەی کردووم و ، کتێبێکی بۆ ناردووم و ، فەرمانی بەسەرم‌دا داوە کە مژدەدەر و ترسێنەرتان بم . منیش فەرمایشتی خوام پێتان راگەیاند و ، ئامۆژگارییتانم

[١٤٦] السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٣١٤ .

کرد . جا ئەگەر ئەوەی کە هێناومە بۆتان لێم وەرگرن ئەوە بەختی دنیا و قیامەتتان بە دەست هێناوە و ، گەر بیشی‌دەنەوە بەسەرمدا ، ئەوا بۆ کاری خوا ئارام ئەگرم هەتا حوکم و فەرمانی خۆی لە نێوانماندا جێبەجێ بکات !!

وتیان : ئەی موحەممەد ! جا ئەگەر ئەوەی کە پێشنیارمان کرد بۆت لێمان وەرناگری ، خۆ ئەزانیی کە هیچ کەسێك ئەوەندەی ئێمە ولاتی بەرتەسك و ، سامانی کەم و ، ژیان و گوزەرانی تاڵ نیە . دەی داوا بکە لەو پەروەردگارەت کە ئەم دینەی پیادا رەوانە کردووی ، با ئەم چیایانەمان لێ دوور بخاتەوە کە تەنگیان پێمان هەڵ چنیوە و ، با ولاتەکەمان بەرفراوان بکا و ، وەك رووبارەکانی شام و عێراق رووباری پیا بڕوا و ، ئەو باوباپیرانەشمان کە لەمەو پێش مردوون بۆمان زیندوو بکاتەوە .. جا با یەکێ لەوانەی کە بۆمان زیندوو ئەکاتەوە قوصەی کوڕی کیلاب بێت ، چونکە بە راستیی ریش سپی‌یەکی راستگۆ بووە . با دەربارەی ئەمەی کە تۆ ئەی‌لێی پرسیاری لێ بکەین بزانین رەوایە یان ناڕەوا . جا ئەگەر ئەوەی داوامان لێ کردوویت ئەنجامت دا و تەصدیقیان کردی ، ئێمەش تەصدیقت ئەکەین و ، بۆمان دەرئەکەوێ کە بە لای خواوە چ پایە و پلەیەکت هەیە و ، بەو شێوەش کە خۆت ئەی‌لێی ، راستە ئەو بە پێغەمبەر رەوانەی کردووی .

پێغەمبەری خوا ﷺ پێیانی فەرموو : ((ما بهذا بُعثتُ ، إنَّما جئتُكُم من عند الله بما بَعَثَني به ، فقد بَلَّغتُكُم ما أُرسلتُ به إليكُم ، فإن تَقبَلُوهُ فهُوَ حظُّكُم في الدنيا والآخرة ، وإن تَرُدُّوهُ عليَّ أصبرُ لأمرِ اللهَ حتى يَحكُمَ اللهُ بيني وبَينَكم)) !!

فەرمووی : من ئەمەم پێدا رەوانە نەکراوە ، بەڵکو لەلایەن خواوە ئەوەم بۆ هێناون کە خوا پێمدا رەوانەی کردووە . وا منیش ئەوەی پێم رەوانە کرابوو بە ئێوەم راگەیاند . جا ئەگەر لێم وەرگرن ئەوە بەختی دنیا و قیامەتتان بە دەست هێناوە و ، گەر بی‌شی‌دەنەوە بە سەرمدا ، ئەوا بۆ کاری خوا ئارام ئەگرم هەتا حوکم و فەرمانی خۆی لە نێوانماندا جێبەجێ بکات !!

وتیان : دەی ئەگەر ئەمە بۆ ئێمە ناکەی ، دەی بۆ خۆت شتێ بکە : داوا بکە لە پەروەردگارت تا مەلائیکەتێك بنێرێ بۆ لامان و ، تەصدیقی ئەوە بکات کە تۆ ئەی‌لێی و ، لەسەرت بکاتەوە .. هەروەها داوای لێ بکەی کە باخ و باخات و گەنجینە و کۆشك و تەلاری لە زێڕ و زیو دروستکراوت پێ ببەخشێ و ، پێویستییت بەو هەوڵ و کۆششە نەمێنێ کە ئێمە ئەت‌بینین ، لە بازاڕەکاندا کار

ئەکەیت و ، وەك ئێمە هەوڵی ژیان و گوزەران ئەدەیت ، تا کە ئەگەر وەك خۆت رای‌ئەگەیەنی پێغەمبەری خوا بیت ، ئێمەش بزانین بەلای پەروەردگارتەوە چ پایە و پلەیەکت هەیە .

پێغەمبەری خوا ﷺ پێیانی فەرموو : ((ما أنا بفاعلٍ ، ما أنا بالذي يَسأَلُ رَبَّهُ هذا ، وما بُعثتُ إلَيكم بهذا ، ولكنّ الله بَعَثَني بَشيراً ونَذيراً ، فَإن تَقبَلُوا ما جئتُكم به فَهُو حَظُّكُم في الدنيا والآخرة ، وإن تَرُدُّوهُ عليَّ أصبرُ لأمرِالله حتى يَحكُمَ الله بيني وبينكم)) .

فەرمووی : شتی وەها ناکەم .. من ئەوە نیم کە شتی وەها لە پەروەردگارم داوا بکەم و ، بۆ ئەوەش بۆ لاتان رەوانە نەکراوم . بەڵکو خوای گەورە منی بە مژدەدەر و ترسێنەر رەوانە کردووە . جا ئەگەر ئەوەی کە هێناومە بۆتان لێم وەربگرن ، ئەوە بەختی دنیا و قیامەتتان بە دەست هێناوە و ، گەر بی‌شی دەنەوە بەسەرمدا ، ئەوا بۆ کاری خوا ئارام ئەگرم هەتا حوکم و فەرمانی خۆی لە نێوانماندا جێبەجێ بکات !!

وتیان : دەی ، وەك خۆت رای ئەگەیەنی کە پەروەردگارت ئەگەر ویستی لەسەربێ ئاسمان ئەخاتە خوارەوە ، بی‌خەرە خوارەوە ، چونکە هەتا ئەوە نەکەیت ئێمە ئیمانت پێ ناهێنین .

پێغەمبەری خوا ﷺ پێیانی فەرموو :

((ذلك إلى الله إن شاءَ فَعَلَ بكُم ذلك)) . فەرمووی : ئەوە بە دەستی خوایە و ، گەر بیەوێ پێتان ئەکات .[١٤٧]

وتیان : ئەی موحەممەد ! ئایا پەروەردگارت نازانێ کە ئێمە لەگەڵتا دائەنیشین و، پرسیاری ئەوەت لێ ئەکەین کە لێتمان پرسیی و ، داوای ئەوەشت لێ ئەکەین کە لێتمان داوا کرد ، تا بێ بە هاناتەوە و ئەوەی کە پێویستە وەڵامان بدەیتەوە فێرت بکات و ، هەواڵیشت بداتێ کە ئەگەر ئێمە ئەوەی کە هێناوتە لێتمان وەرنەگرت ، ئەو چیمان پێ ئەکات ؟ چونکە پێمان گەیشتووە کە ئەمە پیاوێك

---

[١٤٧] ئەمە ئاماژەیە بۆ فەرمایشتی خوای گەورە : ﴿ إِن نَّشَأْ نَخْسِفْ بِهِمُ ٱلْأَرْضَ أَوْ نُسْقِطْ عَلَيْهِمْ كِسَفًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّكُلِّ عَبْدٍ مُّنِيبٍ ﴾ (سبأ : ٩) .

فێرت ئەکات وا لە یەمامە [١٤٨] و ناویشی ((الرحمن)) ە [١٤٩] ، بەڵام ئێمە ـ بەخوا ـ هەرگیز ئیمان بە رەحمان ناهێنین . ئێمەش ـ ئەی موحەممەد ـ بیانوومان بڕییت و ماوەیەکی زۆر لەسەرت وەستاین ! بەخوا لەسەر ئەمەی کە پێمانت کرد وازت لێ ناهێنین تا لە ناوت ئەبەین ، یان لە ناومان ئەبەیت !! یەکێکیان وتی : ئێمە مەلائیکەت ئەپەرستین ، کە کچی خوان . یەکێکی تریان وتی : ئیمانت پێ ناهێنین هەتا خوا و مەلائیکەت بهێنی بۆ شاهێدیی ، کە تۆ راست ئەکەیت .

کاتێك کە ئەمەیان وت پێغەمبەری خوا ﷺ لەلایان هەستا و ، عەبدوڵلای کوڕی ئەبو ئومەییەی کوڕی موغیرەی مەخزوومییش لەگەڵیا هەستا . عەبدوڵلا کوڕی عاتیکەی کچی عەبدولموطەللیب بوو ، واتە پوورزای پێغەمبەر بوو .. عەبدوڵلا کە لەگەڵیا هەستا وتی : ئەی موحەممەد ! خزمەکانت پێشنیارەکەی خۆیانیان خستە بەردەمت ، کەچیی تۆ وەرت نەگرت .. پاشان چەند کارێکیان بۆ خۆیان داوا کرد لێت ، تا بزانن پایە و پلەت بە لای خواوە چەندە ، ئەوەشت نەکرد .. پاشان داوایان لێ کردی ئەو سزایەی کە ئەوانی پێ ئەترسێنی بە زوویی پێیان بچێژرێ . دە بەخوا هەرگیز ئیمانت پێ ناهێنم هەتا پەیژەیەك بەرەو ئاسمان بنێیت و ، پاشانیش پیایا سەر بکەویت و ، منیش چاوم لێت بێ هەتا بگەیتە ئاسمان و ، نووسراوێکیش بە شێوەی بەڵگەنامە لەگەڵ خۆتدا بهێنێ و ، چوار مەلائیکەیش لەگەڵتدا بێن و شاهێدیی ئەوە بدەن کە تۆ راست ئەکەیت . سوێندیش بەخوا ئەخۆم کە ئەگەر ئەوەش ئەنجام بدەیت هێشتا وا ئەزانم تەصدیقت ناکەم !! پاشان رۆیشت و پێغەمبەری خوای ﷺ بەجێ هێشت و ، پێغەمبەری خواش ﷺ بە خەفەت و داخەوە گەڕایەوە لای ماڵ و منداڵی بە بۆنەی لە دەست چوونی ئەوەی کە ئەو بە تەما بوو خزمەکانی ئەنجامی بدەن کاتێ کە بانگیان کرد و ، بە بۆنەی دوورکەوتنەوەشیان لێی . [١٥٠]

جا قورئانی پیرۆز باسی ئەم بڕوبیانوو و ملبادانەی موشریکانی کردووە و دڵی پێغەمبەری ئازیزیشی داوەتەوە کە ئەفەرموێ : ﴿ وَقَالُوا لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ

---

[١٤٨] یەمامە : وڵاتێکی فراوانە کە کانیاو و دارخورمای زۆری لێ بووە و نەوەی حەنیفەی تیا ژیاوە و بنکەی موسەیلەمەی درۆزن بووە لە نەجددا .

[١٤٩] مەبەست لە موسەیلەمەی درۆزنە . هەندێکیش وتوویانە : کاهینێکی جولەکە بووە لە یەمامە .

[١٥٠] شرح حياة الصحابة : ١ / ١٧٠ ـ ١٧٤ .

تَفۡجُرَ لَنَا مِنَ ٱلۡأَرۡضِ يَنۢبُوعًا ﴿٩٠﴾ أَوۡ تَكُونَ لَكَ جَنَّةٞ مِّن نَّخِيلٖ وَعِنَبٖ فَتُفَجِّرَ ٱلۡأَنۡهَٰرَ
خِلَٰلَهَا تَفۡجِيرًا ﴿٩١﴾ أَوۡ تُسۡقِطَ ٱلسَّمَآءَ كَمَا زَعَمۡتَ عَلَيۡنَا كِسَفًا أَوۡ تَأۡتِيَ بِٱللَّهِ
وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ قَبِيلًا ﴿٩٢﴾ أَوۡ يَكُونَ لَكَ بَيۡتٞ مِّن زُخۡرُفٍ أَوۡ تَرۡقَىٰ فِي ٱلسَّمَآءِ وَلَن نُّؤۡمِنَ
لِرُقِيِّكَ حَتَّىٰ تُنَزِّلَ عَلَيۡنَا كِتَٰبٗا نَّقۡرَؤُهُۥۗ قُلۡ سُبۡحَانَ رَبِّي هَلۡ كُنتُ إِلَّا بَشَرٗا رَّسُولٗا ﴿٩٣﴾
وَمَا مَنَعَ ٱلنَّاسَ أَن يُؤۡمِنُوٓاْ إِذۡ جَآءَهُمُ ٱلۡهُدَىٰٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ أَبَعَثَ ٱللَّهُ بَشَرٗا رَّسُولٗا ﴿٩٤﴾
قُل لَّوۡ كَانَ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَلَٰٓئِكَةٞ يَمۡشُونَ مُطۡمَئِنِّينَ لَنَزَّلۡنَا عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ
مَلَكٗا رَّسُولٗا ﴿٩٥﴾ قُلۡ كَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدَۢا بَيۡنِي وَبَيۡنَكُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرَۢا
بَصِيرٗا ﴾ (الإسراء : ٩٠ ـ ٩٦) .

هەروەها قسەکانیان ئەگێڕێتەوە :

﴿ وَقَالُواْ مَالِ هَٰذَا ٱلرَّسُولِ يَأۡكُلُ ٱلطَّعَامَ وَيَمۡشِي فِي ٱلۡأَسۡوَاقِ لَوۡلَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ
مَلَكٞ فَيَكُونَ مَعَهُۥ نَذِيرًا ﴿٧﴾ أَوۡ يُلۡقَىٰٓ إِلَيۡهِ كَنزٌ أَوۡ تَكُونُ لَهُۥ جَنَّةٞ يَأۡكُلُ مِنۡهَاۚ وَقَالَ
ٱلظَّٰلِمُونَ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلٗا مَّسۡحُورًا ﴿٨﴾ ٱنظُرۡ كَيۡفَ ضَرَبُواْ لَكَ ٱلۡأَمۡثَٰلَ
فَضَلُّواْ فَلَا يَسۡتَطِيعُونَ سَبِيلٗا ﴾ (الفرقان : ٧ ـ ٩) .

ئەوەش ئەخاتە پێش چاو کە ئەوان رەخنە لە پێغەمبەری خوا ئەگرن کە خواردن ئەخوات و ئەچێتە بازاڕ و هەوڵی کار و کاسپی ئەدات ، وە نەبێ کارێکی نەگونجاوی کردبێ ، چونکە ئەوە سوننەتی هەموو پێغەمبەرانە ، کە ئەفەرموێ :

﴿ أَرۡسَلۡنَا قَبۡلَكَ مِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ إِلَّآ إِنَّهُمۡ لَيَأۡكُلُونَ ٱلطَّعَامَ وَيَمۡشُونَ فِي ٱلۡأَسۡوَاقِۗ
وَجَعَلۡنَا بَعۡضَكُمۡ لِبَعۡضٖ فِتۡنَةً أَتَصۡبِرُونَۗ وَكَانَ رَبُّكَ بَصِيرٗا ﴿٢٠﴾ ﴾ (الفرقان : ٢٠)

هەروەها ئەوەشیان بۆ روون ئەکاتەوە کە یاسای خوا وەها بووە کە پێغەمبەرانی مرۆڤ بن و ، هەرگیز مەلائیکەتی بۆ ئەو کارە پیرۆزە هەڵ نەبژاردووە ، کە ئەفەرموێ :

﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا قَبۡلَكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِمۡۖ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ
﴿٧﴾ وَمَا جَعَلۡنَٰهُمۡ جَسَدٗا لَّا يَأۡكُلُونَ ٱلطَّعَامَ وَمَا كَانُواْ خَٰلِدِينَ ﴾ (الأنبياء : ٧ ـ ٨) .

چونکە ئەگەر مەلائیکەت بکرێتە پێغەمبەر مەگەر لە شێوەی پیاوێکدا بێتە سەرزەویی ، ئەو کاتە ئەیانوت ئەمە مرۆڤە نەك مەلائیکەت ، کەواتە زیاتر سەریان لێ ئەشێوێ ، کە ئەفەرموێ :

﴿ وَلَوۡ جَعَلۡنَٰهُ مَلَكٗا لَّجَعَلۡنَٰهُ رَجُلٗا وَلَلَبَسۡنَا عَلَيۡهِم مَّا يَلۡبِسُونَ ﴾ (الأنعام : ٩) .

ئـەو بیانووانـە را و بۆچـوونی مرۆڤـی تـێ نەگەیشـتوون ، چـونکە کـاری پێغەمبەرایەتیی زۆر لەوە بەرزتر و پیرۆزترە تا تێکەڵ بەو شتە ماددییانە ببێ و ، هاتنی پێـغەمبەر ﷺ بۆ رزگاریيە لە ئاگری دۆزەخ ، نەك دەستکـەوتنی زێـڕ و زیو ، یان باخ و باخات . پێغەمبەری خواش ﷺ دنیـای ئەوەنـدە بـە لاوە گـرنگ نەبوو و ، پشتی لە زرق و برقیشی هەڵ کردبوو ، تا ببێتـە نـموونەیەکی رێـك و پێك لە پێش چاوی هەموو کاربەدەستێك دا کە دنیا مەبەستی گەورەی مرۆڤ نیـە و ، مرۆڤی بەرێز و تێگەیشتوو ئەم دنیایە بە کێڵگەی ئاخیرەت دائەنێ .

ئەبو ئومامە خوا لێی رازیی بێ لە پێغەمبەرەوە ﷺ ئەگێڕێتەوە کە فەرموویە: ((عَرَضَ عليّ ربي ـ عزوجل ـ أن يَـجعَل لي بَطحـاءَ مكـةَ ذهَبـاً ، فَقُلتُ : يا رَبِّ أَشبَعُ يَوماً ، وأَجوعُ يَوماً ، فإذا جُعتُ تَضَرَّعتُ إلَيكَ وذَكرتُكَ ، وإذا شَبِعتُ حَمِدتُكَ وشكرتُكَ)) . رواه أحمد وهذا لفظه ، والترمذي وقال : هذا حديث حسن .

ئەفەرموێ : خوای پەروەردگارم پێشنیاری ئەوەی بـۆ کـردم کـە دەر و دەشـتی مەککەم بۆ بکا بە زێڕ ، منیش وتم : پەروەردگارا ! پێم خۆشە رۆژێ تێر و ، رۆژێ برسیی بم . جا کە برسیی بووم لێت ئەپاڕێمەوە و یادت ئەکەم و ، کە تێریش ئەبم سوپاس و شوکرانەت ئەکەم .

ئەمە وەڵامێکە خوای گەورە خۆی پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی ﷺ لێ ئاگـادار کردووە .. ئەبێ دەروونی ئیماندار ئەوەندە وا بەستەی دنیا نەبێت .. ئەم بۆچوونە زۆر جیاوازە لەگەڵ بۆچوونی ئەوانەدا کە ئیسلام ئەکەنە هۆیـەکی دەسـتخسـتنی دنیا .. ئەوانە لە ئیسلامدا وەرنەگیراون و ، قورئانی پیرۆزیش وەهایـان تـێ هـەڵ ئەدا ئەیانکاتە پەندی زەمانە !!

کە قوڕەیش ئەو بیانووانەیان ئەگرت و ، داوای رووبار و زێڕ و زیویان ئـەکرد ، یان پێغەمبەر ﷺ سەربکەوێ بـۆ ئاسـمان و مەلائیکـەت بهێنـێ بـۆ شـاهێدیی ئەوەی کە خوا رەوانەی کردووە .. ئەم بیانووانە بۆ ئەوە نەبوون کـە ئەگـەر بۆیـان دەرکەوت راست ئەکا ئیمان ئەهێنن ، چونکە بە هاتنی قورئان بەو هەموو ئیعجاز و بەلاغەتەوە ، ئەوان هێشتا قەناعەتیان نەئەکرد .. هەتا ئەوەبوو کە عەبـدوڵڵای کوڕی ئەبوئومەییەی پوورزای سوێندی خوارد و دەری بڕیی کە ئەگەر ئەو کارانەش ئەنجام بدا هێشتا ئیمان ناهێنێ ..

قورئانی پیرۆز هەڵوێستی هەندێکی تریشیان ئەخاتە روو کە سوێندیان ئەخوارد ئەگەر نیشانەیەکیان بۆ بێت لەسەر راستیی ئەم دینە ئیمانی پێ ئـەهێنن ، بـەڵام قورئان پەرچیان ئەداتەوە کە ئیمان هێنان تەنها بە دەستی خوایە و ، ئەوانە ئەگەر مەلائیکەتیش بێنە خوارەوە سـەریان و ، مردووەکـانیش وت و وێـژیان لەگـەڵدا بکەن ، مەگەر بە ویستی خوا ، ئەگینا ئیمان ناهێنن :

﴿ وَأَقْسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَـٰنِهِمْ لَئِن جَآءَتْهُمْ ءَايَةٌ لَّيُؤْمِنُنَّ بِهَا ۚ قُلْ إِنَّمَا ٱلْأَيَـٰتُ عِندَ ٱللَّهِ ۖ وَمَا يُشْعِرُكُمْ أَنَّهَآ إِذَا جَآءَتْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٠٩﴾ وَنُقَلِّبُ أَفْـِٔدَتَهُمْ وَأَبْصَـٰرَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُواْ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَنَذَرُهُمْ فِى طُغْيَـٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿١١٠﴾ ۞ وَلَوْ أَنَّنَا نَزَّلْنَآ إِلَيْهِمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ ٱلْمَوْتَىٰ وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَىْءٍ قُبُلًا مَّا كَانُواْ لِيُؤْمِنُوٓاْ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ ﴿١١١﴾ ﴾ (الأنعام : ١٠٩ ـ ١١١) .

هەتا خوای گەورە دڵ خۆشیی پێغەمبەری خـوا ﷺ ئەداتـەوە کـە موشـریکان عینادیی ئەکەن و بە دوای حەق و راستییدا ناگـەڕێن ، بۆیـە ئەگـەر قورئـان لـە شێوەی کتێبێکیشدا بنێرێتە خوارەوە و دەستی لێ بدەن ، ئەو کاتە کافران ئەڵێن ئەمە سیحرە و چاوبەست کراون :

﴿ وَلَوْ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ كِتَـٰبًا فِى قِرْطَاسٍ فَلَمَسُوهُ بِأَيْدِيهِمْ لَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِنْ هَـٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٧﴾ ﴾ (الأنعام : ٧) .

قوڕیشییەکان دژایەتییەکی بێڕەحمانەی ئازیزیان ئەکرد ، بـەڵام خـوای گـەورە سۆز و بەزەیی خۆی بەسەر ئەواندا ئەڕژاند :

پێش هەموو شتێك قورئانیان بۆ هات بە زمانێکی پاراو کە هەموویان شەیدای بووبوون ..

دوای ئەو هەموو دژایەتیی و ، بیانووگرتن و داواکارییە سـەیر و سـەمەرانە ، هێشتا خوای گەورە سۆز و بەزەیی خـۆی بەسـەریاندا ئەڕژانـد ، هـەتا کـە ئـەو داواکارییانەی بۆ جێبەجێ نەئەکردن ، ئەوەش هەر سۆز و بەزەیی بـوو . چـونکە ئەگەر ئەو داواکارییانەشیان بەجێ بهێنرانایە ئەوا ، مەگەر کەمێکیان ، ئـەگینا ئیمانیان نەئەهێنا ، ئەو کاتـەش ئەکەوتنـە بـەر سـزای خـوا ، کـە بریتییـە لـە دەرهێنانی رەگ و ریشەیان و لەناوبردنیان بە یەکجاریی ، وەك لەناوبردنی عـاد و

ئەمـوود و قەومی فیرعەون . بەڵام خوای گەورە بە هـۆی ڕێـزی پێغەمبـەرەوە ﷺ سزای ریشەکەن کردنی لەسەر ئوممەتی ئیسلام هەڵ گرت ، چونکە پێغەمبەر ﷺ بە رەحمەت نێرراوە نەك بە سزا و عەزاب :

﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَٰلَمِينَ ﴾ .

بەڵێ ، بەڕێزان ! موحەممەدی خۆشەویستمان رەحمەتـە بـۆ هـەموو جیهـان .. رەحمەتە بۆ چاکەکاریش و بۆ خراپەکاریش .. بۆ چـاکەکاران رەحمەتـە بـۆ دنیـا و قیامەتیان و ، بۆ خراپـەکارانیش رەحمەتـە بـۆ دنیایـان ، چـونکە لـە بـەزەویی‌دا رۆچـوون و خنکـان و بـەردەبارانی ئاسمـان بێ‌خـەم بـوون .. هـەروەها تێکـڕای مرۆڤایەتیی لە دینی ئیسلام بەهرەمەنـد بـوون : دەروونـەکان لـە کۆیلایـەتیی و زەلیلیی و شیرك و ، بیروڕای پڕوپووچ و .. مێشکەکانیش لە نەفامیی و گـومڕایی و .. کۆمەڵگاکانیش لە ستەم و جەور و فەسادی ئەخلاقیی ئازاد بوون و ، دەروازە فراوانەکانی زانست و زانیارییش بـۆ مرۆڤایـەتیی خرانـە سـەر پشـت و ، خێـر و بێرێکی یەکجار زۆریش بەسەر ئادەمی‌یەکان‌دا پەخشان بوو .

بەڵگەمان بۆ ئەم رەحمەتە فراوانەی ئازیزیش ئەم دوو فەرموودە شەریفەن :

ئیمام ئەحمەد لە ئیبن عەبباسەوە ریوایەتی کـردووە کـە وتوویـە : دانیشـتوانی مەککە داوایان لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد کە کێوی صەفایان بۆ بکات بە زێڕ و، چیاکانیشان بۆ بەرێتە دواوە تا کشتوکاڵ بکەن . بۆ ئەمە پێی وتـرا کـە : ئەگـەر بتەوێ ئەوا لەسەریان بوەستە و ، گەر بشت دەوێ با هەرچی‌یان داواکردووە پێیـان بدرێ ، ئیتر ئەگەر ئیمانیان نـەهێنا ئـەوا چـۆن ئوممەتـە پێشـینەکان تیاچـوون ، ئەوانیش تیا ئەچن . فەرمووی : ((بَل أَسـتَأْنِي بِهِـم)) . فـەرمووی : لەسـەریان ئەوەستم . هەروەها نەسسـائییش لـە فـەرمـوودەی ئـیبن جـەریرەوە ریوایـەتی کردووە ..

هەروەها لە ریوایەتێکی تردا ئیمام ئەحمەد لـە ئـیبن عـەبباس‌ەوە خـوا لێ‌یـان رازیی بێ ریوایەتی کردووە کە وتوویە : قـوڕەیش بـە پێغەمبـەریان ﷺ وت : لـە پەروەردگـارت بپاڕێرەوە تا صەفامان بۆ بکـا بـە زێـڕ و ، ئێمـەش ئیمانـت پـێ ئەهێنین . فەرمووی : ((وتفعلوا ؟)) فەرمووی : جا وا ئەکـەن ؟ وتیـان : بـەڵێ . ئەڵێ : پێغەمبەریش ﷺ دوعای کرد و جیبریل هاتـە خـوارەوە لای و فـەرمووی : پەروەردگارت سەلامت لێ ئەکات و پێت ئەفەرموێ : ئەگەر بتـەوێ صـەفایان بـۆ

ئەبێت بە زێڕ ، ئیتر هەرکەس ئیمان نەهێنێ ئەوا سزایەکی وەهای ئەدەم کە سزای هیچ کەسم نەدابێ و ، گەر بشت دەوێ دەرگای تەوبە و ڕەحمەتیان بۆ ئەخەمە سەر پشت .. فەرمووی : ((بل التوبة والرحمة)) .[١٥١]

شانزەهەم : سووک تەماشاکردنی موسڵمانە لاوازەکان

کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی ئەهاتە مزگەوت و دائەنیشت موسڵمانە هەژارە بێدەسەڵاتەکانیش ، بە وێنەی خەبباب و ، عەممار و ، صوهەیب و ، بیلال و ، ئەبوفوکەیهە یەساری بەندەی ئازادکراوی صەفوانی کوڕی ئومەییە ، بە دەوریا دائەنیشتن . جا لەبەر ئەوەی ئەوانە هەژار و دەستکورت بوون بت پەرستەکان گاڵتەیان پێ ئەکردن و پێیان پێئەکەنین و ، بە یەکتریان ئەوت : ئەوانە هاوەڵەکانی موحەممەدن !! ئایا خوا لەناو هەمووماندا ئەمانەی هەڵ بژاردوون و ڕێگای ڕاستی پیشان داون .؟! ئەگەر دینەکەی موحەممەد چاك بوایە ، ئەوانە پێشی ئێمەیان نەئەدایەوە و ، خوا بەوانەی نەئەدا و ئێمەی لێ بێبەش بکات !! کە کافرەکان ئەم تەشەرانەیان ئەدا لە بیری ئەوەدا نەبوون کە خوای گەورە وەڵامیان بداتەوە ، ئەوەبوو قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە و ، پایە و پلەی بەرزی موسڵمانە هەژارەکانی دەرخست و پەرچی وتەی نەفامەکانیشی ئەدایەوە :

﴿ وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لِّيَقُولُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنۢ بَيْنِنَآ ۗ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ ﴾ (الأنعام : ٥٣) .

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَوْ كَانَ خَيْرًا مَّا سَبَقُونَآ إِلَيْهِ ۚ وَإِذْ لَمْ يَهْتَدُواْ بِهِۦ فَسَيَقُولُونَ هَٰذَآ إِفْكٌ قَدِيمٌ ﴾ (الأحقاف : ١١) .

لە هەموو سەردەمێکدا ملهوڕان دینی خوایان بەوە لەبەر چاو بچووك بۆتەوە کە هەژار و بێنەوایان شوێنی کەوتوون :

﴿ وَمَا نَرَىٰكَ ٱتَّبَعَكَ إِلَّا ٱلَّذِينَ هُمْ أَرَاذِلُنَا بَادِىَ ٱلرَّأْىِ ﴾ (هود : ٢٧).

قەومەکەی نووح بە نووحیان ئەوت : تەنها ئەوانە شوێنت کەوتوون کە لەناو ئێمەدا خاوەنی پلە و پایە نین و بێدەسەڵاتن ..

پاشان ملهوڕانی مەککە کەوتنە بیانووگرتن تا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو بەندە و هەژار و دەستکورتانەی دەوروبەری لە خۆی دوور بخاتەوە ، تا ماقووڵانی

---

[١٥١] البداية والنهاية : ٣ / ٥٢ .

قورەیش لەلای دانیشن . ئەوەبوو ئەیانوت : خۆزگە ئەم بەندە و کۆیلانەت لێمان دوور ئەخستنەوە ، چونکە بۆنی عەرەقی جبەکانیان ئازارمان ئەدات ، ئەو کاتە ئێمە لەلات دائەنیشتین و وت و وێژمان لەگەڵتدا ئەکرد . فەرمووی : ((ما أنا بطارد المؤمنين)) . فەرمووی : هەرگیز ئیمانداران دەر ناکەم .

وتیان : دەی کاتێ ئێمە هاتین بۆ لات ، ئەوان هەڵ بستێنە و ، هەرکەی ویستت با لە لات دابنیشن . فەرمووی : ((نعم)) ، بەو هیوایەوە بەشکوم ئیمان بهێنن و، ئەوەندەش لەسەر ئیمان هێنانیان سوور بوو خەریك بوو لەو بارەوە نووسراوێکیان بۆ بنووسێ .

بەڵام خوای پەروەردگار ، کە خۆی چاك ملهوڕانی قورەیشی ئەناسی ، بەم کارەی پێغەمبەری خوا ﷺ نارازیی بوو و ، لەوە قەدەغەی کرد کە ئەو هەژارە ئیمان‌دارە خواپەرستانە دەر بکات .. ئەوانە دوورخستنەوەیان ئەوپەڕی ستەمە ، چونکە ئەوانە بە لای خواوە زۆر پایەدارن :

﴿ وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ ۖ مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَيْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِم مِّن شَيْءٍ فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ (الأنعام : ٥٢) .

کە ئەم ئایەتە پیرۆزانە هاتنە خوارەوە ، پێغەمبەری ئازیز ﷺ زیاتر لە جاران لە خۆی نزیکی خستنەوە و ، هەرچیی تووشیان ببوایە باوەشی پێدا ئەکرد و ئەیفەرموو : ((أهلاً بمَن عاتَبَني الله فيهم)) . ئەیفەرموو : مەرحەبا لەو کەسانەی کە خوا لەسەر ئەوان عیتابی لێ گرتم . لە کاتی دانیشتنیشیدا ئەوەندە لێیان نزیك ئەکەوتەوە تا ئەژنۆی بەر ئەژنۆیان ئەکەوت .. بەڵام کە بیویستایە هەستێ ، هەڵ ئەستا و بەجێی ئەهێشتن . بۆ ئەمەش خوای گەورە ئایەتی بۆ نارد تا لەگەڵ هەژارە ئیمان‌دارەکاندا دان بە خۆیدا بگرێ و بەجێیان نەهێڵێ ، تا ئەوان لە پێشەوە هەستن و برۆن :

﴿ وَٱصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ ۖ وَلَا تَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ تُرِيدُ زِينَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُۥ عَن ذِكْرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمْرُهُۥ فُرُطًا ﴾ (الكهف : ٢٨) .

ئیتر ئەوەبوو پێغەمبەری نازدار ﷺ لەسەر فەرمانی قورئان دائەنیشت و هەڵ نەئەستا ، هەتا ئیمانداره هەژارەکان بە ویستی خۆیان هەڵئەستان و ، ئەشیفەرموو : ((الحمدُ لله الذي لَم يُمتني حتى أَمَرَني أَن أَصبرَ نَفسِي مَعَ أَقوامٍ مِّن أُمّتي ، مَعَكُمُ الْمَحيَا ، وَمَعَكُمُ الْمَماتُ)) . ئەیفەرموو : سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە منی نەمراند هەتا فەرمانی ئەوەی بەسەرمدا دا کە لەگەڵ هەژارانی ئوممەتەکەمدا دان بە خۆمدا بگرم . ژیان و مردن هەر لەگەڵ ئێوەدا خۆشە ..

هەر لەو بارەوە رۆژێکی تر ئیبن ئوم مەکتووم [١٥٢] هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و ، پیاوە گەورەکانی قورەیشیش وەك : عوتبە و ، شەیبەی کوڕانی رەبیعە و ، ئەبوجەهلی کوڕی هیشام و ، عەبباسی کوڕی عەبدولموطەللیب و ، ئومەییەی کوڕی خەلەف و ، وەلیدی کوڕی موغیرە لە دەوری بوون و ، هەوڵی ئەدا بەڵکو ئەوانە موسڵمان بن و ، بە موسڵمان بوونیان خەڵکێکی زۆر موسڵمان ببێ ..

عەبدوڵڵا ، کە نابینا بوو ، هات و وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! قورئانم بۆ بخوێنە .. لەوەی کە خوا فێری کردووی منیش فێر بکە . چەند جارێ ئەمەی دووبارە کردەوە و، نەیئەزانیی کە پێغەمبەری خوا ﷺ بەو پیاوانەوە پەشۆکاوە .. پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ناخۆش بوو عەبدوڵڵا باسەکەی پێ ئەبڕیی و ، ئەیویست وەڵامی خۆی بداتەوە . کە ئەمەی زۆر دووبارە کردەوە ، دەم و چاوی لێ گرژ کرد و رووی کرد بەو لاوە و وازی لێ هێنا ..

عەبدوڵڵا بە چاوەوە نەبوو .. ئەگەر بە چاویشەوە بوایە ، هەقی بە پێغەمبەری خوا ئەدا ، کە ئەو دەستی بە ماقووڵانی قورەیشەوە گیرا بوو .. ماقووڵانی قورەیشیش لەو رووگرژکردن و رووهەڵکردنە گلەییەکیان نەبوو .. بە لایانەوە ئاسایی بوو سەرکردەیەك لەوە گەورەتریش بەرامبەر بە سەربازێکی یان شوێن کەوتوویەکی بکات .. بە لای پێغەمبەری خوایشەوە ﷺ کارێکی وەها گرنگ نەبوو .. بەلام لە ترازووی خوادا ئەمە زۆر گەورە بوو .. بەڵێ عەبدوڵڵا هەژار و نابینا و بێدەسەڵات بوو ، بەڵام ئیماندار بوو . پیاوماقووڵانی قورەیشیش

---

[١٥٢] ئیبن هیشام وتوویە : ئیبن ئوم مەکتووم یەکێکە لە پیاوانی نەوەی عامیری کوڕی لوئەی و ، ناوی عەبدوڵڵا بووە و ، هەندێکیش ئەڵێن : عەمر . ئوم مەکتوومیش دایکی بووە و ، ناوی عاتیکەی کچی عامیری کوڕی مەخزووم و ، باوکیشی قەیسی کوڕی زائیدە بووە .

هەرچەندە ناودار و دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارن ، بە لای خواوە ئەو سەنگەیان نیە کە ئیماندارێکیان بۆ فەرامۆش بکرێ . بۆیە گلەیی هاتە سەر پێغەمبەر ﷺ .

لە حەوت طبەقەی ئاسمانەوە رەخنە هاتە خوارەوە : چۆن ئەبێ روو لەو ئیماندارە نابینایە بە گرژییەوە هەڵ بکرێ ؟ ترازووی ئاسمان بەوە رازیی نیە .. ترازووی ئاسمان ئیمانی بە لاوە سەنگینە .. دڵێکی پڕ لە ئیمانی بە لاوە مەبەستە .. سەردارانی قورەیش ئەگەر ئیمان نەهێنن لە ترازووی ئاسماندا زۆر سووك و بێبایەخن : قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە :

﴿ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ۝١ أَن جَآءَهُ ٱلْأَعْمَىٰ ۝٢ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ ۝٣ أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ ٱلذِّكْرَىٰٓ ۝٤ أَمَّا مَنِ ٱسْتَغْنَىٰ ۝٥ فَأَنتَ لَهُۥ تَصَدَّىٰ ۝٦ وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ ۝٧ وَأَمَّا مَن جَآءَكَ يَسْعَىٰ ۝٨ وَهُوَ يَخْشَىٰ ۝٩ فَأَنتَ عَنْهُ تَلَهَّىٰ ۝١٠ كَلَّآ إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ ۝١١ فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ ۝١٢ فِى صُحُفٍ مُّكَرَّمَةٍ ۝١٣ مَّرْفُوعَةٍ مُّطَهَّرَةٍۭ ۝١٤ بِأَيْدِى سَفَرَةٍ ۝١٥ كِرَامٍۭ بَرَرَةٍ ﴾ (عبس : ١ ـ ١٦) .

ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە تا مرۆڤە ژیرەکان لە دینی خوا تێ بگەن .. تا لە ترازووی ئیمان شارەزا بن .. ئیماندار بە لای خواوە زۆر سەنگینە .. پایە و پلە و ، دەوڵەمەندیی و ، کەس و کار و ، جوانیی لەش و لار هیچیان تیا بەسەر نیە .. خوای گەورە تەنیا ئیمان و ئیخلاص و تەقوای ناو کرۆکی دڵی مەبەستە ..

لە ترازووی شەریعەتدا تەنها ئیمان سەنگی هەیە ..

ئا لێرەدا نرخی مرۆڤ .. رێزی مرۆڤ .. مافی مرۆڤ دیاریی ئەکرێت ..

با هەموو یاسا و بیروباوەڕێك بکشێتە دواوە و ، بە خەجاڵەتەوە واز لە هاش و لووش بهێنێ ..

تەنها لە دینی خوادا مرۆڤ .. بگرە ژیان سەنگی هەیە ..

با ئادەمی‌یەکانیش چاوێ بە دەور و بەریانا بگێڕن و بە سەلیقەی ئادەمیزادەوە دۆست و دوژمن بناسن . ئیتر با کەم خۆیان بکەنە قوربانیی لە پێناوی ستەمکاران و ملهوڕان و خوێنمژە زمانلووسەکاندا .. با پێشەوا و سەرداری راستەقینەی خۆیان بدۆزنەوە و بە سەری بەرزەوە بچنە ژێر بەیداخە شەکاوەکەیەوە و ، بە پێی توانای خۆیان ، ئەمانیش لە خزمەتی ئازادکردنی مرۆڤدا بەشداریی

بکەن .. تا شەرەف .. ڕێـز .. مـاف .. نـرخ .. ئـارامیی دڵ .. سـەری بـەرز .. ڕەوشت بەرزیی .. پاکیی و پاڵفتەیی دەروون .. هتد بۆ ئادەمیزاد بگێڕنەوە ..

بەڵێ ، لە سایەی دینی خوادا هەموو بەهایەکی بەرز دەست ئادەمیزاد ئەکەوێ و ، هەرکەی ئادەمیزادیش لە خواناسیی ترازا هەموو سووکیی و ڕیسوایی‌یەك لـە ژیانی‌دا سەرهەڵ ئەدەن ..

پێغەمبەری خوا ﷺ ئایەتەکانی خوێندنەوە .. خستیە بەرچاوی ئیمان‌دارانـیش و کافرانیش کە پەروەردگار لەسەر ئەو ڕووگرژکردن و ڕوو وەرچـەرخانەی لـە ئـیبن ئوم مەکتووم گلەیی بۆ ناردووە .. گلەیی لە قورئان‌دا .. هاتە خـوارەوە .. خـوای گەورە موحاسەبەی موحەممەدی خۆشەویـستی ئـەکات ، لەسـەر ئیمـان‌دارێکـی هەژار .. بە مەرجێ ئەو گلەیی‌یە تا قیامەت ئەمێنێ .. هەموو موسـڵمانێ ئـەو کۆمەڵە ئایەتە ئەخوێنێتەوە و ، لەوە ئاگادار ئەبێ کە هەموو مرۆڤێك لە سـایەی ئیسلام‌دا مافی مرۆڤانەی تەواوی دەست ئەکەوێت ..

دوای هاتنی ئەم ئایەتانە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێزی زۆری لە ئیبن ئوم مەکتووم ئەگرت و هەرچیی چاوی پێ ئەکەوت پێی ئەفەرموو : ((أهلاً ومرحباً بِمَن عـاتَبَني فيه رَبِّي)) . ئەی‌فەرموو : مەرحەبا لەو کەسەی کە پەروەردگارم لەسەر ئەو عیتابی لێ گرتم . ئەشی‌فەرموو : ((هَل لَكَ مِـن حاجَـةٍ ؟)) . ئەی‌فـەرموو : ئایـا هـیچ پێویستی‌یەکت نیە ؟ ئەوەبوو دوای کۆچ‌کردن بۆ مەدینە و ، بەرپابوونی دەوڵـەتی ساوای قورئان لە مەدینەدا ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی بۆ جیهاد ئـەبرد و مەدینەی بەجێ ئەهێشت ، دوو جاریان کاروباری مەدینەی بە ئیبن ئـوم مـەکتووم سپارد . ئەڵێن : لە جەنگی قادسیەدا شەهید بـووە و ، هەنـدێکیش ئـەڵێن : لـە جەنگی قادسیە گەڕاوەتەوە و لە مەدینە کۆچی دوایی کردووە ..[١٥٣]

ئەم دوو ڕووداوەی پێشەوە ، ڕووداوی دوورخـستنەوەی هـەژارەکان و ، ڕووداوی ڕووگرژکردن لە ئیبن ئـوم مـەکتووم ، هەریەکـەیان بەڵگەیـەکی بـەهێزە کـە ئـەم قورئانە دانراوی پێغەمبەری خوا نیە ، بەڵکو فەرمایشتی خـوای پـەروەردگارە .. چونکە هیچ کەسێك بە دەستی خۆی ناتەواویی خۆی تۆمـار ناکـات ، جـا ئەگـەر قورئان لەلایەن خواوە نەبوایە لەسەر ئیبن ئوم مەکتووم ڕەخنە لە پێغەمبەری خـوا ﷺ نەئەگیرا . چونکە سروشتی مرۆڤ وەهایە کەم و کوڕی ناداتە پاڵ خۆی ، بگرە

[١٥٣] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٣٢٣ ـ ٣٢٦ .

هەموو هەوڵێك ئەدا تا هەر ناتەواوی‌یەك هەبێ بی‌شارێتەوە و پینەی بكات . خۆ ئەگەر موحەممەدی ئەمین و دەست پاكیش تاقە بڕگەیەكی لەم قورئانە بشاردایەتەوە ، ئەوا ئەم باسەی سوورەتی (عبس) ی ئەشاردەوە كە خوای پەروەردگار عیتابی بۆ ناردووە .. وەك یەكێ لە پێشینە پایەدارەكان باسی كردووە .[١٥٤]

حەڤدەهەم : پرسیاری بت پەرستان

قوڕەیش نەیان‌ئەزانی چ بەرەكەتێكی خوای گەورەیان بۆ هاتووە ، بۆیە بە شەو و بە ڕۆژ لە بیری لەناوبردنی پێغەمبەر و دینەكەی‌دا بوون .. كە چاریان نەما هاتنە سەر ئەوەی پیاو بنێرنە لای جوولەكەی مەدینە و پرسیاری ئەم دینە تازەیان لێ بكەن .

ئەوەبوو بۆ ئەم كارە دوو پیاویان هەڵ بژارد كە یەكجار داخ لە دڵ و دوژمن بە پێغەمبەری خوا بوون .. یەكەم نەضری كوڕی حاریث ی كوڕی كیلدەی كوڕی عەلقەمەی كوڕی عەبدمەنافی كوڕی قوصەی و ، دووهەمیش عوقبەی كوڕی ئەبوموعەیط.. مەككەیان بەجێ‌هێشت و بەرەو مەدینە كەوتنە ڕێ ، تا بچنە لای زاناكانی جوولەكە .. پێیان وتن : لە بارەی موحەممەدەوە پرسیاریان لێ بكەن و ، وەصفی بكەن بۆیان و ، هەواڵی وتەكانیشی بەوان بگەیەنن ، چونكە خاوەنی یەكەم كتێبن و ، لە زانستی پێغەمبەران‌دا شتانێ ئەزانن كە ئێمە نای‌زانین .

كە گەیشتنە مەدینە ، چوونە لای حیبرەكانی یەهوود و دەربارەی پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاریان لێ كردن و ، وەصفی هەڵس و كەوت و كاروباری ئەویان بۆ كردن و وتیان : ئێوە ئەهلی تەوراتن ، هاتووین دەربارەی ئەم خزمەمان هەواڵمان بدەنێ ..

جوولەكەی نیازپیسیش ئەمەیان بە هەل زانی .. وتیان : باشە ، سێ شتتان پێ ئەڵێین ، ئێوە دەربارەی ئەوانە پرسیاری لێ بكەن .. جا ئەگەر هەواڵی دانێ ، ئەوە ڕاست ئەكات ، پێغەمبەرە و ڕەوانە كراوە .. خۆ ئەگەر واشی نەكرد ئەوا لە خۆیەوە قسە ئەكات و ئێوەش ڕای خۆتان دەربارەی ئەو یەك لا بكەنەوە ..

دەربارەی چەند گەنجێك كە لەسەر دەمەكانی پێشوودا ژیاون پرسیاری لێ بكەن كە دەنگ و باسیان چۆن بووە ؟ ئەوانە دەنگ و باسێكی سەیریان بووە . هەروەها

---

[١٥٤] تفسیر إبن جریر : سورة عبس .

دەربارەی پیاوێك كە خۆرهەڵات و خۆرئاوای زەویی گەڕاوە پرسیاری لیّ بکەن کە هەواڵی چۆن بووە ؟ هەروەها دەربارەی رۆح پرسیاری لیّ بکەن کە رۆح چییە ؟

هەردوو نێرراوەکەی قورەیش ، نەضر و عوقبە مەدینەیان بەجیّ هێشت و بەرەو مەککە گەڕانەوە و ، وتیان : ئەی کۆمەڵی قورەیش ! جیاکەرەوەی نێوان ئێوە و موحەممەدمان بۆتان هێناوە .. حیبرە جوولەکەکان فەرمانیان بە سەرماندا داوە کە دەربارەی چەند شتێك پرسیاری لیّ بکەین . ئەوەبوو پرسیارەکانیان بە قورەیش وت ..

هاتنە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و ، وتیان : ئەی موحەممەد! هەواڵی ئەم پرسیارانەمان بدەریّ . ئەوەبوو پرسیارەکانی جوولەکەیان لیّ پرسیی . ئەویش پێی فەرموون : ((أُخبِرُكُم غداً بِما سَأَلتُم عَنهُ)) . فەرمووی : سبەینیّ هەواڵتان ئەدەمیّ . ئیتر نەیفەرموو : ((إن شاء الله)) . قورەیشییەکان هەستان و رۆیشتن و ، پێغەمبەری خوا ﷺ پانزە شەو چاوەڕوانیی کرد ، کەچیی خوای گەورە وەحی بۆ نەئەنارد و ، جیبریلیش نەئەهاتە لای ، تا ئەوەبوو دانیشتوانی مەککە کەوتنە گومان و دەستیان کرد بە سرکە سرك و وتیان : موحەممەد بەڵێنی سبەینێی پێمان دا ، کەچیی ئەوە پانزە شەومان بەسەردا تێپەڕیی و وەڵامی هیچ پرسیارێکمانی نەدایەوە .. نەهاتنی وەحی پێغەمبەری خوای ﷺ خەمبار و ماتەمین کرد و ، دەم بەرەڵابوونی دانیشتوانی مەککەشی یەکجار بەلاوە گران بوو .

دوای ئەو ماوەیە جیبریل سەلامی لیّ بیّ لەلایەن خوای گەورەوە سوورەتی ‹ أصحاب الكهف › ی بۆ ئازیز هێنا .. پێغەمبەری خوا ﷺ بە جیبریلی فەرموو : ((لقد احتبست عني يا جبريل حتى سؤت ظناً)) فەرمووی : ئەی جیبریل ! ئەوەندە دیار نەبوویت هەتا ترسام کە نەیەیتەوە . جیبریل فەرمووی : ﴿ وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلَّا بِأَمْرِ رَبِّكَ لَهُۥ مَا بَيْنَ أَيْدِينَا وَمَا خَلْفَنَا وَمَا بَيْنَ ذَٰلِكَ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ﴾(مريم : ١٩).

خوای گەورە سوورەتەکەی بە سوپاس و ستایشی خۆی و ، پێغەمبەرایەتیی ئازیزەکەی ﷺ دەست پیّ کردووە و ، باسی قورئانی تێدا کردووە کە ئەو راستە شەقامەیە پێچ و پەنا و ، کەم و کوڕیی و ، نا تەواویی تێدا نیە .

خوای گەورە ئەم قورئانە پیرۆزەی بۆ ئاگادارکردنەوەی کافران و یاخییان رەوانە کردووە و ، مژدەش بە ئیمانداره چاکەکارەکان ئەدات ..

لە ئایەتی شەشەمدا ، خوای گەورە بەزەیی بە ئازیزدا دێتەوە کە ئەوەندە خەم و خەفەتی ئیماننەهێنانی قەومەکەی لەسەر دڵی کۆبۆتەوە ، کـە خەریکـە خەفـەت بیکوژێ .. بۆ ئەمە دڵی ئەداتەوە کە با ئەوەندەش خەفەت نەخوا :

﴿ فَلَعَلَّكَ بَـٰخِعٌ نَّفْسَكَ عَلَىٰٓ ءَاثَـٰرِهِمْ إِن لَّمْ يُؤْمِنُوا۟ بِهَـٰذَا ٱلْحَدِيثِ أَسَفًا ﴾ (الكهف : ٦).

دوای ئەوە لە ئایەتی (٩ ـ ٢٧) ی سوورەتەکەدا وەڵامـی پرسیاری یەکـەمیان ئەداتەوە کە بریتی‌یە لە چیرۆك و بەسەرهاتی (أصحاب الكهف) و ، لە دوو توێی چیرۆکەکەش‌دا ئەوەی وەبیر دێنێتەوە کە با بە هیچ کارێك نەڵێت سبەینێ ئەنجامی ئەدەم هەتا کارەکە بە وتنی ((إن شـــاء الله)) بـە دەسـتی خـوا بسـپێرێت ، کـە ئەفەرموێ :

﴿ وَلَا تَقُولَنَّ لِشَا۟ىْءٍ إِنِّى فَاعِلٌ ذَٰلِكَ غَدًا ۝٢٣ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ۚ وَٱذْكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ وَقُلْ عَسَىٰٓ أَن يَهْدِيَنِ رَبِّى لِأَقْرَبَ مِنْ هَـٰذَا رَشَدًا ﴾ (الكهف : ٢٣ ـ ٢٤) .

پاشـان هـەر لـە هـەمان سـوورەت‌دا و لـە ئایـەتی (٨٣ ـ ٩٨) باسـی پیـاوە گەشتیارەکەی کرد کە خۆرهەڵات و خۆرئاوای سەرزەویی گەڕابوو .

هەروەها دەربارەی ئەو پرسیارەیان کە ئایا رۆح چی‌یە ، لە سوورەتی (الإسراء) دا ، ئایەتی (٨٥) وەڵامی دانەوە :

﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِ ۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّى وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا ﴾

(الإسراء : ٨٥) .

قورئان فەرمان ئەدا کە رۆح بەدیی‌هێنراوێکی عەجیبی خوای پەروەردگارە کـە جگە لە خۆی هیچ کەس حەقیقەتی نـازانێ و ، ئادەمی‌یـەکانیش بـە چ پلەیـەکی زانست گەیشتبن ، ئەوا لە چاو زانستی خـوای مـەزن‌دا یەکـجار کەمە ..

ئەمە بە پێـی ریوایـەتی ئـیبن ئیسـحاق و ئیمـام ئەحمـەد و تـیرمیذی‌یـە و ، ئـــایەتەکە ئەبێتـە مـەککیی . بـەڵام بـە ریوایـەتی ئیمـام بوخـاریی لـە ئـیبن مەسعوودەوە ، بە ئایەتێکی مەدەنیی لە قەڵەم ئەدرێ .

جارێکیـان ئـیبن مەسـعوود لـە خزمـەتی پێغەمبـەری خـوادا ئـەبێ و بـەڵای کـۆمـەڵێ جوولەکەدا تێپەڕ ئەکـەن .. جوولەکـەکان هەنـدێکیان بـە هەنـدێکیان ئـەڵێن : دەربـارەی رۆح پرسـیاری لێ بکـەن . پێغەمبـەر ﷺ بـێ‌دەنگ ئـەبێ و وەڵامیان ناداتەوە .. پاشان سەعاتێك ئەوەستێ . ئیبن مەسعوود ئەڵێ : وام زانـی

کە وەحیی بۆ دێت . کاتێك لە سەری لاچوو ، فەرمووی : ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا ﴾ . بۆ ئەمە هەندێ لە زانایان تەرجیحیان بەم ریوایەتەی بوخاریی داوە و ، ئایەتەکەیان بە مەدەنیی ژماردووە و وتوویانە کە هەندێ سوورەتی مەککیی ئایەتی مەدەنی‌یان تێدایە و هەندێ مەدەنییش ئایەتی مەککی‌یان تێدایە .

هەندێ لە زانایانیش ، وەك ئیبن کەثیر بۆ ئەو رایە ئەچن کە ئەم ئایەتە لە مەککەدا بە بۆنەی پرسیاری موشریکانەوە دابەزیی بێ و ، لە مەدینەش‌دا بە بۆنەی پرسیاری جوولەکەوە دابەزیی بێتەوە ..[155]

قورەیش بەمەش کۆڵیان نەدا و موسڵمانیش نەبوون ، بەڵکو رێی جۆراو جۆریان ئەگرتە بەر تا پێغەمبەری خوا ﷺ دەست‌بەرداریان ببێ ..

رێیەکی تریان ئەوەبوو کەوتنە هەوڵی ئەوەی ئیسلام و نەفامیی نیواونیو بە یەك بگەیەنن و رێك بکەون . بت‌پەرستەکان لە هەندێ دروشمی دینەکەیان دابەزن و پێغەمبەریش ﷺ لە هەندێ دروشمی دینەکەی دابەزێ هەتا بە یەك بگەن . قورئانیش باسی ئەم بۆچوونە هەڵەیانی کرد و فەرمووی :

﴿ وَدُّوا۟ لَوْ تُدْهِنُ فَيُدْهِنُونَ ﴾ (القلم : ٩) .

لە ریوایەتی ئیبن جەریر و طەبەرانیی‌دا هاتووە کە بت‌پەرستەکان ئەو پێشنیارەشیان خستۆتە بەردەم پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەم بۆ ماوەی ساڵێك خواکانی ئەوان بپەرستێت و ، ئەوانیش بۆ ماوەی ساڵێك خواکەی ئەم بپەرستن . لە ریوایەتێکی تریش‌دا هاتووە کە وتوویانە : ئەگەر خواکانی ئێمە وەربگریت ئێمەش خواکەی تۆ ئەپەرستین ..[156]

ئیبن ئیسحاق‌یش ریوایەتی کردووە و وتوویە : لە کاتێك‌دا کە پێغەمبەری خوا ﷺ طەوافی کەعبەی ئەکرد ، ئەسوەدی کوڕی موطەللیبی کوڕی ئەسەدی کوڕی عەبدولعوززا و ، وەلیدی کوڕی موغیرە و ، ئومەییەی کوڕی خەلەف و ، عاصی کوڕی وائیلی سەهمیی ـ کە ئەمانە ناودار و ماقووڵی قەومەکەیان بوون ـ هاتنە رێی و وتیان : ئەی موحەممەد ! خێرا کە با ئێمە ئەو خوایە بپەرستین کە تۆ

[155] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٣٢٦ ـ ٣٢٩ .
[156] الرحيق المختوم : ٨٤ .

ئەیپەرستی و ، تۆش ئەوانە بپەرستە کە ئێمە ئەیانپەرستین ، بەمە هەردوو لامان لە کارەکەدا هاوبەش ئەبین . جا ئەگەر ئەو خوایەی کە تۆ ئەیپەرستیی لەو خوایانەی کە ئێمە ئەیانپەرستین چاكتر بوو ، ئەوا ئێمەش بەشی خۆمانمان لێی دەست کەوتووە و ، گەر ئەوانەی کە ئێمە ئەیانپەرستین لەوەی تۆ چاكتر بوون ، ئەوا تۆش بەشی خۆتت لێیان دەست کەوتووە .. ئەوەبوو خوای گەورە سوورەتی (الكافرون) ی ناردە خوارەوە :

﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ ۝١ لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ ۝٢ وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ۝٣ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٞ مَّا عَبَدتُّمۡ ۝٤ وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ۝٥ لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ ﴾ .[157]

رۆژێکی تر پێغەمبەری خوا ﷺ لە کەعبەدا لەگەڵ وەلیدی کوڕی موغیرە دانیشتبوون ، نەضری کوڕی حاریث هات و ئەویش لەلایان دانیشت و چەند پیاوێکی تری قورەیشیش لەوێ دانیشتبوون . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمایشتی کرد و ، نەضریش ویستی وەڵامی بداتەوە ، کەچیی پێغەمبەری خوا نەضری بەزاند و قسەی بڕیی ، پاشان ئەم ئایەتە پیرۆزانەی بەسەریاندا خوێندنەوە :

﴿ إِنَّكُمۡ وَمَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمۡ لَهَا وَٰرِدُونَ ۝٩٨ لَوۡ كَانَ هَٰٓؤُلَآءِ ءَالِهَةٗ مَّا وَرَدُوهَاۖ وَكُلّٞ فِيهَا خَٰلِدُونَ ۝٩٩ لَهُمۡ فِيهَا زَفِيرٞ وَهُمۡ فِيهَا لَا يَسۡمَعُونَ ﴾ (الأنبياء : ٩٨ ـ ١٠٠) .

ئایەتەکە ئەوە دەر ئەخات کە ئەو بتپەرستانە خۆیان و ئەو شتانەش کە ئەیان پەرستن بە جارێكدا ئەخرێنە دۆزەخ .

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ هەستا و، عەبدوڵڵای کوڕی زوعبەرای سەهمیی هات و دانیشت . وەلیدی کوڕی موغیرە بە کوڕی زوعبەرای وت : بەخوا نەضری کوڕی حاریث بەرامبەر بە کوڕەکەی عەبدولموطەللیب هیچی پێ نەکرا . موحەممەد وای ئەگەیەنێ کە ئێمە و ئەو خوایانەشمان کە ئەیانپەرستین ئەبینە سووتەمەنیی دۆزەخ ..

عەبدوڵڵای کوڕی زوعبەرا وتی : بەخوا من فریای بکەوتمایە ئەم بەزاند .. ئادەی پرسیار لە موحەممەد بکەن : ئایا هەموو ئەوانەی کە لە غەیری خوا پەرستراون لەگەڵ ئەوانەدا کە پەرستوویانن ئەچنە دۆزەخەوە ؟ دەی ئێمە

157. ابن هشام : ١ / ٣٦٢ .

مەلائیکەت ئەپەرستین و ، یەهوودیش عوزەیر ئەپەرستن و ، نەصاراش عیسای کوڕی مەریەم ئەپەرستن .. وەلید و ئەوانەش کە لەگەڵیا بوون لە کۆڕەکەدا سەریان لە وتەکەی کوڕی زوعبەرا سوڕ ئەما !

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((إنَّ كُلَّ مَن أَحَبَّ أن يُعبَدَ من دُون الله فَهُوَ مَعَ مَن عَبَدَهُ ، إنَّهُم إنَّما يَعبُدونَ الشَّياطِينَ ، وَمَن أَقَرَّتْهُم بعبادَته)) .

فەرمووی : هەرکام لەو پەرستراوانەی کە ئەو پەرستنەیان پێ خۆش بێ لەگەڵ ئەوانەدان کە پەرستوویانن .. واتە هەر خواناسانێك کە پێی خۆش نەبێ بکرێتە خوا ناکەوێتە بەر ئەو هەڕەشەیە .

ئەوەبوو خوای گەورە بۆ تەصدیقی ئازیزەکەی ئەم ئایەتانەی ناردنە خوارەوە :

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُم مِّنَّا ٱلْحُسْنَىٰٓ أُوْلَـٰٓئِكَ عَنْهَا مُبْعَدُونَ ﴿١٠١﴾ لَا يَسْمَعُونَ حَسِيسَهَا ۖ وَهُمْ فِي مَا ٱشْتَهَتْ أَنفُسُهُمْ خَـٰلِدُونَ ﴿١٠٢﴾ لَا يَحْزُنُهُمُ ٱلْفَزَعُ ٱلْأَكْبَرُ وَتَتَلَقَّىٰهُمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ هَـٰذَا يَوْمُكُمُ ٱلَّذِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿١٠٣﴾ ﴾ (الأنبياء : ١٠١ ـ ١٠٣) .

مەبەستی لە عیسای کوڕی مەریەم و ، عوزەیر و ، هەر خواناسێك کە بە پاکیی خزمەتی دینی کرد بێ و خەڵکانێك بە بێ ڕەزامەندیی ئەو پەرستشیان بۆ ئەنجام دابێ ، ئەوانە لە ئاگری دۆزەخ بەدوورن و ، هەرچی‌یان پێ‌خۆش بێ بە هەتا هەتایی پێشکەشیان ئەکرێ و ، ترس و بیمی قیامەت خەمباریان ناکات .

هەروەها دەربارەی حەزرەتی عیسا سەلامی لێ بێ ، کە کوڕی زوعبەرا باسی کرد و ، وەلید و ئامادەبووان لەو بەڵگە و بەرابەرکێیەی سەریان سووڕما ، قورئان هاتە خوارەوە :

﴿ وَلَمَّا ضُرِبَ ٱبْنُ مَرْيَمَ مَثَلًا إِذَا قَوْمُكَ مِنْهُ يَصِدُّونَ ﴿٥٧﴾ وَقَالُوٓا۟ ءَأَـٰلِهَتُنَا خَيْرٌ أَمْ هُوَ ۚ مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلًۢا ۚ بَلْ هُمْ قَوْمٌ خَصِمُونَ ﴾ (الزخرف : ٥٧ ـ ٥٨) .

پاشان باسی حەزرەتی عیسا ئەکات :

﴿ إِنْ هُوَ إِلَّا عَبْدٌ أَنْعَمْنَا عَلَيْهِ وَجَعَلْنَـٰهُ مَثَلًا لِّبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿٥٩﴾ وَلَوْ نَشَآءُ لَجَعَلْنَا مِنكُم مَّلَـٰٓئِكَةً فِى ٱلْأَرْضِ يَخْلُفُونَ ﴿٦٠﴾ وَإِنَّهُۥ لَعِلْمٌ لِّلسَّاعَةِ فَلَا تَمْتَرُنَّ بِهَا وَٱتَّبِعُونِ ۚ هَـٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴾ (الزخرف : ٥٩ ـ ٦١) .

هەژدەهەم : گاڵتەو سووکایەتیی

یەکێ لەوانەی کە دژایەتیی پێغەمبەری خوای ﷺ ئەکرد ئەخنەسی کوڕی شەریقی ثەقەفیی بوو ، کە هاوپەیمانی نەوەی زوهرە بوو و ، گوێ لە قسەی ئەگیرا. جا لەسەر ئەو دژایەتی‌یەی قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە و نۆ سیفەتی سووك و ناشیرینی ئەوی هەڵ دا :

﴿ وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ ۝١٠ هَمَّازٍ مَّشَّآءٍ بِنَمِيمٍ ۝١١ مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ ۝١٢ عُتُلٍّ بَعْدَ ذَٰلِكَ زَنِيمٍ ﴾ (القلم : ١٠ ـ ١٣) .

ئەفەرموێ : ئەی موحەممەدی خۆشەویستمان ! گوێڕایەڵیی بۆ ئەو مرۆڤە سووکە مەکە کە یەکەم : بەحەق و ناحەق سوێندی زۆر ئەخوات و ، دووهەم : سووك و بێ نرخ و ، سێهەم : عەیبی زۆر لە خەڵك ئەنێ و ، چوارەم : قسەی زۆر لە نێوان خەڵکدا دێنێ و ئەبا و بەینی خەڵك تێك ئەدا و ، پێنجەم : چرووك و ماڵ و سامان بەلاوە خۆشەویست و ، شەشەم : دەستدرێژیی‌کەر و ، حەوتەم : ئەنجامدەری گوناهـ و تاوانی زۆر و ، هەشتەم : وشك و زبر و، نۆهەم : خۆهەڵواس بە کۆمەڵێك کە لەوان نەبێت ..[١٥٨]

وتراویشە ئەم کۆمەڵە ئایەتانەی پێشەوە دەربارەی وەلیدی کوڕی موغیرە ، یان ئەبوجەهل ، یان ئەسوەدی کوڕی عەبدیەغوث هاتوونەتە خوارەوە ..

وەلیدی کوڕی موغیرەش دوژمنێکی داخ لە دڵ و سەرسەختی ئیسلام بوو .. ئەوەبوو ئەیوت : ئایا وەحی بۆ موحەممەد دێت و ، من کە گەورە و سەرداری قورەیشم و ، ئەبومەسعوود عەمری کوڕی عومەیری ثەقەفیی سەرداری ثەقیف ، کە هەردووکمان جووتە گەورەی ئەم دوو شارە : مەککە و طائیف‌ین ، وەحیمان بۆ نایەت ؟ ئەوەبوو خوای گەورە وەڵامی ئەم نەزانگۆیی‌یەی وەلیدی ناردە خوارەوە :

﴿ وَقَالُوا۟ لَوْلَا نُزِّلَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنَ ٱلْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ ۝٣١ أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَتَ رَبِّكَ ۚ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ لِّيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا ۗ وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ۝٣٢ ﴾ (الزخرف : ٣١ ـ ٣٢) .

---

[١٥٨] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٣٣٣ ـ ٣٣٢ ، والرحيق المختوم : ٨٨ .

ئەبوجەهلیش جارێکیان تووشی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو پێی وت : بەخوا ، ئەی موحەممەد ! یان ئەوەتا واز لە قسەوتن بە خواکانمان دێنی ، یان ئەوەتا ئێمەش قسە بەو خوایە ئەڵێین کە ئەیپەرستی . ئەوەبوو خوای گەورە فەرمانی نارد تا ئیمانداران قسە بە بتی موشریکان نەڵێن تا ئەوانیش بە نەزانیی و دڵ پیسیی قسە بە خوای پەروەردگار نەڵێنەوە ، کە ئەیفەرموو :

﴿ وَلَا تَسُبُّواْ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّواْ ٱللَّهَ عَدۡوَۢا بِغَيۡرِ عِلۡمٍۗ كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمۡ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرۡجِعُهُمۡ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿١٠٨﴾ ﴾ (الأنعام : ١٠٨) .

بەم بۆنەوە پێغەمبەری خوا ﷺ وازی لە قسەوتن بە بتەکانیان هێنا و ، تەنها بانگی بۆ پەرستنی خوا ئەکردن .

یەکێکی تر لەوانەی کە بە سووکیی سەیری پێغەمبەری خوای ﷺ ئەکرد عاصی کوڕی وائیلی سەهمیی بوو .

ئەوەبوو خەبابی کوڕی ئەرەتتی هاوەڵی پایەبەرز لە مەککەدا ئاسنگەر بوو و شمشێری دروست ئەکرد و ، چەند شمشێرێکی بۆ عاصی کوڕی وائیل دروست کردبوو و پێی فرۆشتبوو و ، هێشتا پارەکەی وەرنەگرتبوو .. خەبباب چوو بۆ لای تا پارەکەی پێ بدات ، کەچیی پێی ئەوت : خەبباب ! موحەممەدی هاوەڵتان ، کە تۆ وای لەسەر دینەکەی ناڵێت : ئەهلی بەهەشت چەندیان زێڕ و زیو و جل و بەرگ و خزمەتگوزار بوێت پێشکەشیان ئەکرێت ؟ خەبباب وتی : بەڵێ . وتی : ئەی خەبباب ! دەی تا ڕۆژی قیامەت لەسەرم بووەستە هەتا بگەمە ئەو شوێنە و پارەکەت لەوێ ئەدەمەوە . دە بەخوا ، خەبباب ! تۆ و گەورەکەت لای خوا لە من لە پێشتر نین و ، زیاتر خاوەن ماف نین . جا بۆ پەرچ دانەوەی ئەو نەفامە قورئان هاتە خوارەوە :

﴿ أَفَرَءَيۡتَ ٱلَّذِي كَفَرَ بِـَٔايَٰتِنَا وَقَالَ لَأُوتَيَنَّ مَالٗا وَوَلَدًا ﴿٧٧﴾ أَطَّلَعَ ٱلۡغَيۡبَ أَمِ ٱتَّخَذَ عِندَ ٱلرَّحۡمَٰنِ عَهۡدٗا ﴿٧٨﴾ كَلَّاۚ سَنَكۡتُبُ مَا يَقُولُ وَنَمُدُّ لَهُۥ مِنَ ٱلۡعَذَابِ مَدّٗا ﴿٧٩﴾ وَنَرِثُهُۥ مَا يَقُولُ وَيَأۡتِينَا فَرۡدٗا ﴾ (مريم : ٧٧ ـ ٨٠) .

یەکێکی تر لە سەرزلەکانی قورەیش ئوبەی کوڕی خەلەف بوو ، کە ئێسقانێکی رزیوی بە دەستەوە گرتبوو و ، بەرەو ڕووی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆیشت و ئەیوت : ئەی موحەممەد ! تۆ ئەڵێیت کە خوا ئەم ئیسقانە دوای ورد و

خاش بوونی زیندوو ئەکاتەوە ؟ پاشان ئێسقانەکەی بە دەستی ورد و خاش کرد و بەرەو رووی پێغەمبەری خوا ﷺ فووی پیا کرد . ئەویش فەرمووی : ((نعم أنا أقولُ ذلك ، يبعثه الله وإياك بعد ما تكونان هكذا ، ثم يُدخلك الله النار)) .. فەرمووی : بەڵێ من وا ئەڵێم .. خوای گەورە ئەو ئێسقانە و تۆش ، دوای رزینتان بەم شێوەیە ، زیندوو ئەکاتەوە و ، پاشان تۆ ئەخاتە ناو ئاگرەوە .. ئەوە بوو خوای گەورەش ئەم ئایەتانەی ناردنە خوارەوە :

﴿ وَضَرَبَ لَنَا مَثَلًا وَنَسِيَ خَلْقَهُۥ قَالَ مَن يُحْيِ ٱلْعِظَـٰمَ وَهِىَ رَمِيمٌ ﴿٧٨﴾ قُلْ يُحْيِيهَا ٱلَّذِىٓ أَنشَأَهَآ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ ﴿٧٩﴾ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلشَّجَرِ ٱلْأَخْضَرِ نَارًا فَإِذَآ أَنتُم مِّنْهُ تُوقِدُونَ ﴿٨٠﴾ أَوَلَيْسَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِقَـٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يَخْلُقَ مِثْلَهُم ۚ بَلَىٰ وَهُوَ ٱلْخَلَّـٰقُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٨١﴾ إِنَّمَآ أَمْرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيْـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٨٢﴾ فَسُبْحَـٰنَ ٱلَّذِى بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَىْءٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴾ (يس : ٧٨ ـ ٨٣) .

لەگەڵ ئەم هەموو دژایەتی‌یەدا قورەیش بەینا و بەین داوای رێککەوتنیان ئەکردەوە ..

رۆژێکی تر پێغەمبەری خوا ﷺ طەوافی کەعبەی پیرۆزی ئەکرد ، چەند قورەیشی‌یەك ، کە بریتیی بوون لە ئەسوەدی کوڕی موطەللیب و ، وەلیدی کوڕی موغیرە و ، ئومەییەی کوڕی خەلەف و ، عاصی کوڕی وائیل ، هاتنە رێی و وتیان :

ئەی موحەممەد ! وەرە با ئێمە ئەوەی تۆ ئەیپەرستی ئێمەش بی پەرستین و ، ئەوەش کە ئێمە ئەیپەرستین تۆش بیپەرستە . بەمە ئێمەش و تۆش لە کارەکەدا هاوبەش ئەبین . ئەو کاتە ئەگەر ئەوەی کە تۆ ئەیپەرستی لەوەی کە ئێمە ئەیپەرستین چاكتر بوو ، ئەوا ئێمە بەشی خۆمان دەست کەوتووە لێی و ، گەر ئەوەش کە ئێمە ئەیپەرستین لەوەی کە تۆ ئەیپەرستی چاكتر بوو ، ئەوا تۆش بەشی خۆتت دەست کەوتووە لێی . وەنەبێ پێغەمبەری ئازیز ﷺ بەم فێڵە بخەڵەتێ ، خێرا دایە دواوە و پشتی لێ هەڵ کرد و ، ئەوەبوو خوای گەورەش سوورەتی (الكافرون) ی نارد تا کاری پیرۆزی تێکەڵ بە بتپەرستان نەکات :

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ۝١ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ۝٢ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٣ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ ۝٤ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٥ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِىَ دِينِ ۝٦ ﴾ (الكافرون : ١ ـ ٦) .[١٥٩]

نۆزدەهەم : سزاو ئازاردان

بتپەرستەكانی مەككە دوای ئەوەی هەوڵێكی زۆریان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ دا تا بەڵكو بە نەرم و نیانی رازیی بكەن و وازیان لێ بهێنێ ، كەچیی كەڵكی نەبوو و ، بۆیان فریو نەدرا ، گەڕانەوە سەر بەزمی یەكەمجاریان .. كەوتنە دژایەتیی و سووكایەتیی بە پێغەمبەر و هاوەڵان ..

لە پێشەوە باسمان كرد كە یەكێ لە شەیتانەكانی قورەیش كە دژایەتیی ئازیزیان ئەكرد نەضری كوڕی حاریث بوو . ئەوەبوو هەرچیی پێغەمبەری خوا ﷺ چیرۆكی پێغەمبەران و ئوممەتە پێشینەكانی ئەگێڕایەوە ، ئەویش چیرۆكی درۆ و دەلەسەی مێژووی ئەگێڕایەوە ، كە لە وڵاتی فارس دەربارەی پادشاكانی فارس و رۆستەم و ئەسفەندیار بیستبوونی . هەرچیی پێغەمبەر ﷺ دائەنیشت و قورئانی بۆ خەڵكەكە ئەخوێند ، ئەویش بەدوایدا دائەنیشت و ئەو چیرۆكانەی ئەگێڕانەوە و ئەشیوت : باسەكانی موحەممەد لە باسەكانی من چاكتر نین ، بەخوا ، ئەی كۆمەڵی قورەیش ! باسەكانی من چاكترن و ، چیرۆكەكانی ئەو دەستهەڵبەستراوی پێشینەكانن و لەبەری كردوون . لە پەرچی ئەو نەفامەشدا قورئانی پیرۆز هات و ئەیفەرموو :

﴿ وَقَالُوٓا۟ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ٱكْتَتَبَهَا فَهِىَ تُمْلَىٰ عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ۝٥ قُلْ أَنزَلَهُ ٱلَّذِى يَعْلَمُ ٱلسِّرَّ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ۝٦ ﴾ (الفرقان : ٥ - ٦).

هەروەها ئەیفەرموو :

﴿ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴾ (القلم : ١٥) .

لەولاوە ئومەییەی كوڕی خەلەفیش هەرچیی چاوی بە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەكەوت عەیبە و ناتەواویی بۆ دروست ئەكرد و بە دەست و بە زمان ئازاری ئەدا ، بۆیە سوورەتی (همزة) هاتە خوارەوە تا هەڕەشە لەو بێدینە رەزیلە پووڵ خۆشەویستە بكات و ، ئاگاداریشی بكا كە جێی ئەو دۆزەخە :

[١٥٩] السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٣٣٢ ـ ٣٣٥ ، والرحيق المختوم : ٨٨ .

﴿ وَيۡلٞ لِّكُلِّ هُمَزَةٖ لُّمَزَةٍ ١ ٱلَّذِي جَمَعَ مَالٗا وَعَدَّدَهُۥ ٢ يَحۡسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخۡلَدَهُۥ ٣
كَلَّاۖ لَيُنۢبَذَنَّ فِي ٱلۡحُطَمَةِ ٤ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحُطَمَةُ ٥ نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ ٦ ٱلَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى
ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ ٧ إِنَّهَا عَلَيۡهِم مُّؤۡصَدَةٞ ٨ فِي عَمَدٖ مُّمَدَّدَةِۭ ٩ ﴾ (الهمزة : ١ ـ ٩) .

ئوبەی کوڕی خەلەفیش دۆستی عوقبەی کوڕی ئەبوموعەیط بوو و بەینیان زۆر خۆش بوو . جارێکیان لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ دانیشتبوو و گوێی لێ گرتبوو . کە ئەم دەنگ و باسە گەیشتەوە لای ئوبەی هات بۆ لای عوقبە و پێی وت : بۆچ پێم نەگەیشتووە تۆ چووی لای موحەممەددا دانیشتووی و گوێت لێی گرتووە ؟! سوێندی زۆری خوارد کە قسەی لەگەڵدا نەکا هەتا لەسەر ئەو دانیشتن و گوێگرتنەی تف لە دەم و چاوی پێغەمبەر نەکات . ئەو عوقبە بەدبەختە بۆ ئەوەی دڵی ئوبەی لێ زیز نەبێ چوو ئەو نامەردییەی کرد ، ئەوەبوو قورئانی پیرۆز دەربارەی هەردووکیان دابەزیی کە باسی سەرگەردانیی و پەشیمانیی قیامەتیان ئەکات :

﴿ وَيَوۡمَ يَعَضُّ ٱلظَّالِمُ عَلَىٰ يَدَيۡهِ يَقُولُ يَٰلَيۡتَنِي ٱتَّخَذۡتُ مَعَ ٱلرَّسُولِ سَبِيلٗا ٢٧
يَٰوَيۡلَتَىٰ لَيۡتَنِي لَمۡ أَتَّخِذۡ فُلَانًا خَلِيلٗا ٢٨ لَّقَدۡ أَضَلَّنِي عَنِ ٱلذِّكۡرِ بَعۡدَ إِذۡ جَآءَنِيۗ
وَكَانَ ٱلشَّيۡطَٰنُ لِلۡإِنسَٰنِ خَذُولٗا ٢٩ ﴾ (الفرقان : ٢٧ – ٢٩) .

پێغەمبەری خوا ﷺ ساڵ لەدوای ساڵ خەریکی بانگەواز بوو و ، قوڕەیشیش ئازاری زۆریان ئەدا .. ویستی خوا ڕەها بوو کوڕەکانی هەر بە منداڵیی کۆچی دواییان ئەکرد و ، هەندێ لە بتپەرستانیش دەستیان بەسەر دڵیاندا ئەهێنا و پێیان خۆش بوو کە گوایا موحەممەد ئەمرێ و کوڕی لە دوا بەجێ نامێنێ و باسەکەی ئەبڕێتەوە ، یەکێ لەوانە عاصی کوڕی وائیل بوو ، کە هەرچیی ناوی پێغەمبەری خوا ﷺ ببرایە ، ئەیوت : وازی لێ بێنن ، وەجاخ کوێر و دوابڕاوە ، هەر کە مرد باسی ئەبڕێتەوە .. ئەوەبوو سوورەتی (الکوثر) هاتە خوارەوە تا دڵی ئازیز بداتەوە کە خوای گەورە ناز و نیعمەتی زۆری پێ بەخشیوە و ناحەز و دوژمنانی وەجاخ‌کوێر و دوابڕاون ، ئەویش بە تیاچوونی خۆیان و دینەکەیان و، بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی ئیسلام و سەرکەوتنی شوێنکەوتوانی و ، بەردەوامیی ئیسلام تا ئاخرزەمان .

جارێکی تریش وەلیدی کوڕی موغیرە و ، ئومەییەی کوڕی خەلەف و ، ئەبوجەهلی کوڕی هیشام بەلای پێغەمبەری خوادا ﷺ تێپەڕیان کرد و دەستیان کرد بە گاڵتەکردن و دڵشکاندنی ، ئەویش زۆری پێ ناخۆش بوو ، ئەوەبوو خوای گەورە بۆ دڵ خۆشیدانەوەی ئەم و ، هەڕەشە و ترساندنی ئەو ستەمکارانە ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە :

﴿ وَلَقَدِ ٱسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ فَحَاقَ بِٱلَّذِينَ سَخِرُواْ مِنْهُم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴾ (الأنعام : ١٠) .

لەگەڵ هەموو ئەمانەش‌دا پێغەمبەر ﷺ لەسەر کاری پیرۆزی خۆی بەردەوام بوو .. بە زمانی شیرین و بە حیکمەت و ژیریی و سەلیقەوە مەردمەکانی بانگ ئەکردن و ، تا کافران دژایەتی‌یان ئەکرد ، ئەم زیاتر لەسەر کاری پیرۆزی سوور و دامەزراو بوو ..[١٦٠]

ئەمانە هەموویان خزم و کەسی پێغەمبەری خوا بوون .. چاکیان ئەناسی .. خۆی و باوباپیرانی .. کەچی شیاوی ئیمان نەبوون .. کەوتنە دژایەتیی ، لەولاوە خوای گەورە خەڵکی تری ئەنارد و لە پەنای کەعبەی پیرۆزدا ئیمانی بە پەیامەکەی ئازیز ئەهێنا ..

یەکێ لەو خواپێ‌داوانە ناوی ضیماد بوو .. جا با سەرنجی چیرۆکی موسڵمان بوونەکەی بدەین :

موسلیم و بەیهەقیی لە ئیبن عەبباس‌ەوە خوا لێیان رازیی بێ تەخریجیان کردووە کە وتوویە : ضیماد[١٦١] ـ کە پیاوێکی هۆزی ئەزد شەنوئە بوو[١٦٢] ـ هاتە مەککە و ، نووشتەی بۆ کەسانێك ئەکرد کە بە هۆی جنۆکەوە تێك چووبن . ئەوەبوو بەرگوێی کەوت کە سەفیهەکانی مەککە ئەیان‌وت : موحەممەد شێت بووە. ئەویش پرسیی : کوا ئەو پیاوە بەڵکو خوای گەورە بە دەستی من شیفای بۆ بنێرێ .

---

[١٦٠] السيرة البنوية لأبـي شهبة : ١ / ٣٣٥ ـ ٣٣٩ .

[١٦١] ضیماد : لە سەردەمی نەفامیی‌دا دۆستی پێغەمبەری خوا بووە ﷺ و ، دەستی دوکتۆرییشی هەبووە ، بە تایبەتیی بۆ کەسێك کە جینییی دەستیان لێ وەشاندبێ .

[١٦٢] ئەزد شەنوئە : هۆزێکی ولاتی یەمەن بووە .

ئەڵێ : تووشی موحەممەد بووم و وتم : من نووشتە بۆ دەستوەشاندنی جنۆکە ئەکەم و ، هەرکەسیش خوا ویستی لەسەر بێ بە دەستی من شیفای ئەدات ، تۆش فەرموو (با نووشتەت بۆ بکەم) .

موحەممەد فەرمووی : ((إنَّ الحَمدَ لله نَحمُده ونَستَعينُه ، مَن يَهده اللهُ فَلا مُضلَّ لهُ، ومَن يُضلل فَلا هَادِيَ لَه ، أَشهدُ أن لا إلَه إلا اللهُ وحدَهُ لا شَرِيكَ لَه)) . سێجار دووبارەی کردەوە . وتی : بەخوا من وتەی کاهین و ، سیحرباز و ، شاعیرانم بیستوون ، بەڵام وەك ئەم وتانەم نەبیستوون .. دەستت بێنە با بۆ موسڵمانبوون بەیعەتت پێ بدەم . ئەوەبوو پێغەمبەری خواش ﷺ بەیعەتی لێ وەرگرت و پێی فەرموو: ((وعلى قومِكَ)) . وتی: بۆ قەومەکەشم . ئەوەبوو پێغەمبەر ﷺ (دوای هیجرەت) سوپایەکی رەوانە کرد و بەلای قەومەکەی ضیماددا تێپەڕیان کرد . ئەمیری سوپاکە بە سریەکەی وت : ئایا لەم خەڵکە هیچتان دەست کەوتووە ؟ پیاوێکیان وتی : من مەسینەیەکم دەست کەوتووە . وتی : بۆیان بگێڕەرەوە ، ئەمانە قەومەکەی ضیمادن .

لە ریوایەتێك دا هاتووە : ضیماد بە پێغەمبەری ﷺ وت : ئەو فەرمایشتانەتم بۆ دووبارە بکەرەوە ، بە راستیی ئەوانە گەیشتوونەتە بەرزترین پلەی بەلاغەت . (كذا في البداية : ٣ / ٣٦) .

هەروەها نەسسائیی و بەغەویی و موسەددەد لە موسنەدەکەیدا ـ وەك لە (إصابة : ٢ /٢١٠) دا هاتووە ـ تەخریجیان کردووە و ، ئەبونوعەیمیش لە (دلائل النبوة ص ٧) دا لە رێی واقیدییەوە تەخریجی کردووە ، کە وتوویە : موحەممەدی کوڕی سولەیط ، لە باوکیەوە ، لە عەبدوڕڕەحمانی عەدەوییەوە بۆی باس کردووم کە وتوویە : ضیماد وتوویە : بۆ بەجێهێنانی عومرە هاتم بۆ مەککە و، لە کۆڕێكدا کە ئەبوجەهل و عوتبەی کوڕی رەبیعە و ، ئومەییەی کوڕی خەلەفی لێ بوون دانیشتم . ئەبوجەهل وتی : ئەم کابرایە کۆمەڵمانی پەرتەوازە کردووە و ، پیاوە ژیرەکانمانی بە سەفیهـ دەرکردوون و ، هەرچیمان لێ مردوون بە گومڕای دەرکردوون و ، خواکانمانی عەیبدار کردوون . ئومەییە وتی : بێگومان ئەو کابرایە شێتە . ضیماد ئەڵێ : قسەکەی دڵمی گرت و وتم : من پیاوێکم چارەسەریی نەخۆشیی جنۆکە ئەکەم .. لەو کۆڕە هەستام و بەدوای پێغەمبەری خوادا ﷺ ئەگەڕام . ئەوەبوو ئەو رۆژە نەمدۆزییەوە .. بۆ سبەینێ بەدوایدا گەڕام

و ئەبینم وا لە پشتی (مقام)ەوە دانیشتووە و نوێژ ئەکات .. دانیشتم هەتا لێ بوویەوە ، پاشان هاتمە لای و دانیشتم و ، وتم : ئەی کوڕی عەبدولموطەللیب ! خێرا رووی تێ کردم و فەرمووی : (ما تشاء ؟) . فەرمووی : چیت ئەوێ ؟ وتم : مـن نەخۆشیی جنۆکە چارەسەر ئەکەم ، جا ئەگەر پێت خۆش بێ چارەسەریی تۆیش ئەکەم و ، بە نەخۆشی‌یەکی وەها گرانیشی مەزانە ، چونکە هی وەهام چارەسەر کردووە کە نەخۆشی‌یەکەی لە هی تۆ گرانتر بووە و چاکیش بۆتەوە .. لە خزمەکانیشت هەندێ سیفەتی خراپی تۆم بیست وەك بە سەفیهـدەرکردنی ژیرەکانیان و ، پەرتەوازەکردنی کۆمەڵیان و ، بە گومڕا دەرکردنی مردوانیان و ، عەیب دارکردنی خواکانیان .

وتم : ئەمەش کاری کەسێکە کە شێت بێت .

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((الحمدُ لله أحْمَدُه وأستعينُهُ وأُؤمنُ به وأتوكَّـلُ عليه ، من يهده اللهُ فلا مضلَّ له ومَن يُضللْهُ فلا هادي له ، وأشهدُ أن لا إلَـه إلا الله وحدَهُ لا شريكَ لهُ ، وأشهدُ أنَّ محمداً عبدُه ورسولهُ)) .

ضیماد ئەڵێت : فەرمایشتێکم بیست کە هەرگیز هیچ فەرمایشتێکی لەوە چاك ترم نەبیستبوو ، بۆیە داوام لێ کرد تا بۆم دووبارە بکاتەوە ، ئەویش بۆمی دووبارە کردەوە . وتم : تۆ بۆچیی بانگ ئەکەیت ؟

فەرمووی : ((إلى أنْ تُؤمنَ باللهِ وحدَهُ لا شريكَ له وتخلَعَ الأوثانَ مِـن رَقَبَتِـكَ ، وَتَشهَدَ أَنِي رَسُولُ اللهِ)) . فەرمووی : بانگت ئەکەم تا ئیمان بە خوای تاك و تەنیا و بێ‌شەریك بهێنی و ، گەردنت لە پەرستنی بتەکان ئازاد بکەیت و ، شاهێدیش بدەی کە من پێغەمبەری خوام .

وتم : جا ئەگەر من ئەو کارەم کرد چیم بۆ ئەبێ ؟

فەرمووی : ((لَكَ الجَنَّةَ)) . فەرمووی : پاداشتت بەهەشت ئەبێ . وتم : دەی من شاهێدیی ئەدەم کە جگە لە زاتی (الله) هیچ پەرستراوێکی تر نیە و تاك و تەنیا و بێ‌شەریکە و ، گەردنم لە پەرستنی بتەکان ئازاد ئەکەم و خۆم لێیان دائەماڵم و ، شاهێدییش ئەدەم کە تۆش بەندە و پێغەمبەری خوایت .. ئیتر ئەوەبوو لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ مامەوە هەتا کۆمەڵە سوورەتێکی زۆر لە قورئان فێر بووم ، پاشان گەڕامەوە بۆ ناو قەومەکەم .

عەبدوڵڵای کوڕی عەبدوڕڕەحمانی عەدەویی وتوویە : پێغەمبەری خوا ﷺ عەلیی کوڕی ئەبوطالیبی خوا لێی ڕازیی بێ کردە ئەمیری سریەیەك و ڕەوانەی کردن و، لە شوێنێکدا بیست وشتریان دەست کەوتن و دایاننە بەر و، هەواڵ بە عەلیی کوڕی ئەبوطالیب گەیشت کە ئەوانە قەومی ضیمادن خوا لێی ڕازیی بێ ، فەرمووی : بیان گێڕنەوە ، ئەوانیش گێڕانیانەوە ..[١٦٣]

بیستەم : موسڵمانە لاوازەکان و سزای قوڕەیش

هێشتا پێغەمبەری خوا ﷺ خاوەنی ویقار و هەیبەتێکی زۆر بوو کە هەروا بەو ئاسانی‌یە هەموو کەسێ نەوێرێ و شەرم بکا دەستی بۆ بەرێ ، سەرەڕای ئەوەی کە ئەبوطالیبی گەورەترین پیاوی خاوەن ڕێزی قوڕەیش پشتیوانی بوو و ئەی‌پاراست . کەچیی قوڕەیش ئازاریان ئەدا و دژایەتی‌یان ئەکرد .. ئیتر ئەبێ حاڵی موسڵمانە هەژارە بێ‌دەست و کەسەکان چۆن بووبێ ؟ ئەوان لە حاڵێکی زۆر نالەباردا ئەژیان .. بت‌پەرستان هیچ شێوەیەکی سزادان نەما بە کاری نەهێنن ، کەچیی موسڵمانەکان بەوپەڕی غیرەتەوە شانیان دابووە ژێر سزا و ئازار و گاڵتە پێکردن ..

بەڵێ ، بەڕێزان ! لە مێژوودا هیچ کۆمەڵێك نەبووە بە وێنەی هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەری ئیسلام ﷺ تووشی سزا و ئازار و ئەشکەنجە بووبێ .. بە ڕاستیی سزایەکی وەها دران کە چیاکان بەرگەیان نەئەگرت ، ئەمەش لە پێناوی ئیماندا .. بە تایبەت بەندە و کۆیلە و هەژارەکان . ئەمەش سەیر نیە ، چونکە ئیمان چوو بووە کرۆکی دڵیانەوە و ، ڕۆژانە چاوەڕوانی ئاسمان بوون تا وەحی بێتە سەر ئازیز و ئەوانیشی لێ ئاگادار بکات . لە هەمان کاتدا لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ چاکترین پەروەردەیان وەرئەگرت و ، خۆی پێشەنگی دامەزراویی و ، ئارام‌گرتن و ، بەرگەگرتن و ، پشت‌گوێ خستنی دنیا و ، گوێ‌نەدان بە سزا و ئازاری ناحەزان بوو بۆیان .

ڕێك و پێکیی کارەکەیان لەوەدا بوو گوێیان لە هیچ حەز و ئارەزوویەکی دەروونیان نەبوو .. نە پارە و ، نە دەسەڵات و ، نە ناوبانگ و ، نە ڕابواردنی دنیایان بە مەبەست نەگرتبوو .. خۆش‌ویستنی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ و شوێن کەوتنی دینە پاکەکەیان تاقە ئاواتیان بوو .. هەر ئەوەندە خوا ڕازیی بێ و ، دینە پاکەکەی گەشە بکات و ، ئادەمی‌یەکان خوای خۆیان بناسن و ، لەسەر ناز و

---

[١٦٣] شرح حياة الصحابة : ١ / ١٤٨ ـ ١٥٠ .

نیعمەتەکانی سوپاسی بکەن و ، خۆیان لە تاوان و خراپەکان بپارێزن ، هەتا سەرفرازی قیامەت بن .

خۆ ئەگەر لەناو میللەت و ئوممەتە پێشینەکان‌دا کەسانێك - چ ژن و چ پیاو - هەڵ کەوتبن کە سەروماڵیان کردبێتە قوربانیی بۆ گەیاندنی دینی خوا و ، لەسەر هەموو سزا و ئازارێك ئارامیان گرتبێ ، وەك هاوەڵانی پێغەمبەری ئیسلام ﷺ زۆر و زەبەندە نەبوون ، بەڵکو چەند کەسانێکی کەم بوون و ، جاری وایش بووە کە ناتەواوی‌یان لێ دەرکەوتووە .

بەڵگەمان بۆ ئەمە چاکترین و رێك و پێکترینی شوێن‌کەوتوانی سەردارمان عیسا پێغەمبەر - سەلامی لێ بێ - حەواری‌یەکان بوون کە هەرچەندە چەند کەسێکی کەم بوون ، یەکێکیان - کە یەهووذای ئەسخەریووطیی بوو - ناپاکیی دەرهەق بە پێغەمبەرەکەی کرد و ، چوو هەواڵی شوێنی عیسای بەو جوولەکانە گەیاند کە بە دوای‌دا ئەگەڕان تا دەستیان بکەوێ و بی‌کوژن . ئەوەبوو خوای گەورە لە دەستیان رزگاری کرد و ، بۆ ئاسمانی بەرز کردەوە ، ئەگینا ئەیان کوشت ..
کەچیی لەناو هاوەڵان‌دا کە چەندە زۆر بوون نموونەی وەها نیە ، بەڵکو بە دڵ و بە گیان خۆشیان ئەویست و ، هەموو خۆشەویستێکیشیان بە قوربان ئەکرد ..

هەتا ئەبوجەهلی خوانەناس کە ئەی‌بیست کەسێك موسڵمان بووە و ، پایەدار و کەس‌وکاردارە ، دەستی بە بۆڵەی ئەکرد و دڵی ئەشکاند و ، پێی ئەوت : وازت لە دینی باوباپیرت هێنا کە لە تۆ چاکترە ؟ ژیرییت بە سەفیهـ و ، رات بە هەڵە و لاواز دەرئەکەین و ، پایەشت ناهێڵین . ئەگەر بازرگانیش بوایە ، ئەبوجەهل پێی ئەوت : بازرگانی‌یەکەت تووشی زەرەر ئەکەین و ، ماڵ و سامانت لەناو ئەبەین ..
گەر لاوازیش بوایە دەستی بە لێ‌دانی ئەکرد و خەڵکیشی هەڵ ئەنا تا ئازاری بدا ..

ئەم ریوایەتەی ئیبن ئیسحاقیش کە سەعیدی کوڕی جوبەیر لە ئیبن عەبباس‌ەوە ئەی‌گێڕێتەوە دەری ئەخا کە تا چ رادەیەك هاوەڵان سزا و ئازاریان چەشتووە ..

سەعیدی کوڕی جوبەیر ئەڵێت : پرسیارم لە ئیبن عەبباس کرد : ئایا بت پەرستەکان ئەوەندە سزا و ئازاری هاوەڵانی پێغەمبەری خوایان ﷺ ئەدا کە ئەگەر وازیشیان لە دین بهێنایە گلەیی‌یان لێ نەکرایە ؟ وتی : بەڵێ . بەخوا بە شێوەیەك لە یەکێکیان ئەدا و ، برسی‌یان ئەکرد و ، تینوویان ئەکرد ، لە تاو لێ‌دانی زۆر و

سەخت نەیئەتوانیی بە رێکیی دابنیشێ ، بە رادەیەك كە هەرچییان بویستایە بیلێ ، ئەیوت . هەتا پێیان ئەوت : ئایا لات و عوززا بە خوای خۆت ئەزانی ؟ ئەویش لە تاوا ئەیوت : بەڵێ .[١٦٤]

هاوەڵان رۆژ و مانگ و ساڵیان لە ژێر ئەشكەنجە و ئازاردا بەسەر ئەبرد و ، بەبێ كۆڵدان لەسەر خواپەرستیی بەردەوام بوون ..بەڵام بەینا و بەین لاوازیی سروشتی مرۆڤ سەری لێ ئەدان و هانایان ئەبردە خزمەتی ئازیزی نەبێزراویان ﷺ و شكاتی حاڵی خۆیان ئەكرد ، ئەویش نموونەی بۆ ئەهێنانەوە و سزا و ئازاری ئوممەتە پێشینەكانی بۆ باس ئەكردن تا دڵیان فێنك ببێتەوە و تێ بگەن كە دینی خوا پیاوی پیاوانەی ئەوێ كە لە چیای سەخت خۆگرتر بن و ، بۆ هیچ رەشەبایەك ملیان نەچەمێتەوە ..

لە خەببابی كوڕی ئەرەتتەوە خوا لێی رازیی بێ ئەگێڕنەوە كە وتوویە : هاتمە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ كە لە سێبەری كەعبەدا بوردەیەكی كردبووە پاڵ پشت و ، ئێمەش بە دەست بتپەرستەكانەوە گیرمان خوارد بوو و وتم : ئایا لە خوا ناپاڕێیتەوە بۆمان ؟ دانیشت و ، دەم و چاوی سوور بوو بوویەوە و فەرمووی : ((قد كانَ مَن كانَ قَبلَكُم لَيُمشَطُ بأمشاط الحَديد ، ما دونَ عظامه من لحمٍ أو عَصب، ما يَصرفُهُ ذلكَ عَن دينه !! وَلَيُتمَّنَّ اللهُ هذا الأمرَ حَتى يَسيرَ الراكبُ مـن صَنعاءَ إلَى حضرموتَ ما يَخافُ إلاّ الله ـ عزوجل ــ والذئب على غَنَمه)) . وفي رواية : ((ولكنكم تستعجلون)) . رواه البخاري و مسلم .

فەرمووی : ئەوانەی لە پێش ئێوەوە ئیماندار بوون ، هی وایان هەبوو كە زاڵمان ئەیان گرت و بۆ ئەوەی لە دین پەشیمان ببێتەوە بە شانەی ئاسنین گۆشت و دەماری لاشەی لە ئێسقانەكانیان جیا ئەكردنەوە ، بێئەوەی ئەمە لە دین وازی پێبهێنێ . جا ئەم دینەش بە جۆرێك خوا بە ئاكامی ئەگەیەنێ كە سوار بە تەنیا لە صەنعاوە هەتا حەضرەمەوت بڕوا و لە هیچ نەترسێ جگە لە خوای گەورە و ، لە گورگیش كە هەڵمەت بۆ مەڕەكانی بەرێت . بەڵام ئێوە پەلە ئەكەن ..[١٦٥]

ئێستەش با چەند دیمەنێكی ئەو سزا و ئازارە زۆرەی كە ساڵەها هاوەڵە كۆڵ نەدەرەكان بە دەست قوڕەیشەوە چەشتیان بخەینە روو .

[١٦٤] السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٣٤٠ ـ ٣٤١ .
[١٦٥] السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٣٤١ ، وشرح حياة الصحابة : ١ / ٤٨٠.

سەرەتا با باسی کەمێ لەو سزا و ئازارە بکەین کە بیلال چەشتی :

بیلالی کوڕی رەباح حەبەشییە و دایکیشی ناوی حەمامە بووە و ، بەندەی ئومەییەی کوڕی خەلەف بووە . ئومەییە پیاوێکی زبری دڵڕەق بووە و ، هەرچییی پێی بڵێی رەحم و سۆزی مرۆڤانە لە دڵی ئەودا نەبووە ..

ئیمام ئەحمەد و ئیبن ماجە لە ئیبن مەسعوودەوە خوا لێی رازیی بێ تەخریجیان کردووە کە وتوویە : حەوت کەس یەکەم جار ئیسلامیان ئاشکرا کرد : پێغەمبەری خوا ﷺ و ، ئەبوبەکر و ، عەممار و ، سومەییەی دایکی و ، صوهەیب و ، بیلال و، میقداد خوا لێیان رازیی بێ . جا پێغەمبەری خوا ﷺ بە هۆی مامەیەوە خوا ئەیپاراست و ، ئەبوبەکریش بە هۆی قەومەکەیەوە خوا ئەیپاراست . ئیتر ئەوانی تریان بتپەرستەکان ئەیانگرتن و زرێی ئاسنینیان ئەکردە بەریان و لەبەر خۆردا ئەیانسووتاندن و ئەیانتواننەوە ، بە رادەیەك هەر یەکەیان ئەوەی بە دەمدا هات کە ئەوان ئەیانویست ، جگە لە بیلال کە لە پێناوی خوادا خۆی لەبەر چاو کەوتبوو و ، خەڵکەکەشی بەلاوە هیچ بوو . ئەوە بوو ئەویان گرت و دایانە دەست منالان (دیارە بە دەست و پێی بەستراوەوە) و ، ئەوانیش بە کۆڵانەکانی مەککەدا ئەیانسووڕاندەوە و ، ئەویش ئەیوت : ((أَحَدٌ ، أَحَدٌ)) .[١٦٦]

لە ریوایەتەکەی ئەبونوعەیم لە (الحلية)دا بەم شێوەیە هاتووە : بەڵام ئەوانی تر ، زرێی ئاسنینیان لەبەر ئەکردن و لەبەردەم خۆردا ئەیانتاواننەوە ، تا ئەوەبوو ئەوەندەی کە خوا ویستی لەسەر بوو تەنگیان پێ هەڵ چنرا ، ئەویش بە گەرمای ئاسن و خۆر و ، کاتی عیشایش ئەبوجەهل لەعنەتی خوای لێ بێ بە حەربەکەیەوە ئەهاتە لایان و دەستی بە جنێو پێدان و سەرزەنشتکردنیان ئەکرد . دەربارەی بیلالیش هەواڵەکەی ئەمەی زیاتر بوو : پەتێکیان ئەخستە ملی و لە نێوان دوو چیاکەی مەککەدا (چیای ئەبوقوبەیس و چیای سوور) ئەیان سووڕاندەوە .[١٦٧]

زوبەیری کوڕی بەککاریش لە عوروەی کوڕی زوبەیرەوە رەحمەتی خوای لێ بێ تەخریجی کردووە کە وتوویە : بیلال بەندەی کچێکی نەوەی جومەح بوو و لەسەر لمە سوورەوە بووەکەی مەککەدا سزایان ئەدا و پشتیان ئەنووساند بە لمە

---

[١٦٦] مسند الإمام أحمد : ١ / ٤٠٤ وسنن إبن ماجه : ١ / ١٤ .

[١٦٧] الحلية : ١ / ١٤٠ وأخرجه إبن سعد : ٢ / ١٦٦ عن مجاهد بنحوه .

گەرمەکەدا تا شەریك بۆ خوا بڕیار بدا ، ئەویش ئەیوت : أَحَـدٌ ، أَحَـدٌ . کە وەرەقەش [١٦٨] بەلایدا تێ ئەپەڕیی و بیلال لەو حاڵەتەدا بوو ، ئەیوت : بەڵێ ، بیلال أحد أحد ! بەخوا ئەگەر بی‌کوژن قەبرەکەی ئەکەمە جێی سۆز و بەزەیی خوا.

وهذا مرسل جيد كذا في الإصابة (٣/ ٦٣٤) .

ئومەییەی تاوانبار بەوپەڕی بێویژدانی‌یەوە بیلالی لەسەر ئەو لمە سوورەوە بووە پاڵ ئەخست ، کە ئەو لمە ئەوەندە گەرم بوو گۆشتی ئەبرژاند . پاشان فەرمانی ئەدا بەردە زلەکەیان ئەخستە سەر سنگی و پاشان پێی ئەوت : بەخوا ، ئەبێ هەروا بمێنیتەوە تا یا ئەمری ، یان بە موحەممەد کافر ببیتەوە و ، لات و عوززا بپەرستی .

بیلال باکی لەم سزا و ئازار و هەڕەشانە نەبوو ، بەڵکو بەوپەڕی یەقینەوە پشتی بە خوا بەستبوو و ، بەوپەڕی قەناعەتەوە بە راستیی ڕێبازەکەی هەردەم خەریکی دووبارە کردنەوەی ((أحد .. أحد)) بوو . بەمە تاڵیی سزا و ئازار تێکەڵ بە شیرینیی ئیمان ئەبوو و ، سەرەنجام شیرینیی ئیمان بەسەر تاڵیی سزا و ئازاردا زاڵ ئەبێ . بیلال ئەیوت : ئەگەر وشەیەکی ترم بزانیایە کە لە ((أحد أحـد)) زیاتر پێیان ناخۆشە ئەم وت .

بۆ ماوەیەکی زۆر ئومەییە هەموو جۆرە سزایەکی بیلالی ئەدا ، تا ئەوەبوو ڕۆژێکیان ئەبوبەکری صددیق خوا لێی ڕازیی بێ بەلای بیلالدا تێپەڕی کرد و بە ئومەییەی فەرموو : ئەوە دەربارەی ئەو هەژارە لە خوا ناترسیت ؟ هەتا کەی ؟! وتی : تۆ خەسارت گێڕاوە ، دەی لەوەی کە ئەیبینیی ڕزگاری بکە . فەرمووی : وا ئەکەم . بەندەیەکی ڕەش‌پێستم هەیە کە لەو ئازاتر و بەهێزتریشە و ، لەسەر دینەکەی خۆتە و ئەت‌دەمێ لە بری بیلال . وتی : وا قبووڵم کرد . فەرمووی : با بۆ تۆ بێ . ئەوەبوو ئەبوبەکری سەردارمان خوا لێی ڕازیی بێ بەندەکەی خۆی دایە و ، لە جیاتیی‌دا بیلالی وەرگرت و ، لە ڕێی خوادا ئازادی کرد ..

لە ریوایەتی تریش‌دا هاتووە کە بە حەوت یان پێنج ئۆقیە زیو کڕیویەتی و ئازادی کردووە .

---

[١٦٨] بە پێی ئەم ریوایەتە وا دەرئەکەوێ کە تا ماوەیەك وەرەقە لە ژیاندا مابێ ..

ئەوەبوو پێش‌تر ئەبوبەکر شەش بەندەی موسڵمانی تری کڕیی بوون و ئازادی کردبوون و بیلال حەوتەمیان بوو ..[١٦٩]

هەروەها حەمامەی دایکی بیلال و ، عامیری کوڕی فەهیرە و ، دایکی ، یان خوشکی و ، ئەبوفەکیهە و ، ئوم‌عونەیس و ، لەطیفەی کچی و ، لوبەینەی کەنیزەکی مەوئیلی کوڕی حەبیب و ، زەنیرەی ئازاد کردوون خوا لە هەموویان رازیی بێ .

لەو رۆژەدا ئەو هەژارانە لە خوایان ئەویست پارووەك نانی بەندایەتی‌یان دەست بکەوێ ، کەچیی کە خۆری ئیمان هەڵ هات ، خێرا دڵە پاکەکانیان ، کە وەك دڵی زاڵمان بە زوڵم رەش نەبوو بوونەوە ، تەسلیمی سوپای ئیمان بوون و ، بوونە سەربازی خۆنەویستی فیداکاری ئیمان ، تا ببنە پێشەنگی هیدایەت تا مرۆڤایەتیی خوای خۆی بناسێ و ، لە سەرشۆڕیی هەردوو دنیا سەرفراز بێت ..

عەمماری کوڕی یاسر و ، یاسری باوکی و ، سومەییەی کچی خوبباطیش کەوتنە بەر پلاری قورەیش ..

یاسر هاوپەیمانی ئەبوحوذەیفەی کوڕی موغیرە و ، سومەییەش کەنیزەکی بوو، لە یەکی مارە بڕین و عەممایان بوو و ، دواییش یاسری ئازاد کرد .. کە ئیسلام هات هەرسێکیان موسڵمان بوون و ، کافرانی قورەیشیش ـ لە سەروو هەموویانەوە ئەبوجەهل ـ کە پێیان زانین هەموو رۆژێ لە ماڵ دەریان ئەکردنە دەشت هەتا سزایان بدەن و ، لەسەر ئەو لمە سوورەوە بووەی مەککە لاشەیان داخ بکرێ و ، ئەوانیش زرێی ئاسنیان لەبەر ئەکردن ، کەچیی کۆڵیان نەئەدا ..

طەبەرانیی و حاکم و بەیهەقیی و ئیبن عەساکر لە جابیرەوە خوا لێی رازیی بێ تەخریجیان کردووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بەلای عەممار و کەس و کارەکەیدا تێ‌ئەپەڕێ و ئەوانیش سزا ئەدران ، ئەی‌فەرموو : ((أبشروا آل یاسر فإن موعدكم الجنة)) . ئەی‌فەرموو : خاوخێزانی یاسر مژدەتان لێ بێ ، بەڵێنی بەهەشتتان دراوەتێ .

لە عوثمانیشەوە خوا لێی رازیی بێ ئەگێڕنەوە کە فەرموویە : لە کاتێکدا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ لە بەطحاء بەرێوە ئەچووین ، ئەبینین وا عەممار و

[١٦٩] السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٣٤١ ـ ٣٤٢ ، وشرح حياة الصحابة : ١ / ٤٧٤ ـ ٤٧٧ ، والرحيق المختوم : ٩٠ .

باوکی و دایکی لەبەر خۆردا سزا ئەدرێن بۆ ئەوەی لە ئیسلام هەڵ بگەڕێنەوە .
باوکی عەممار وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! هەمیشە هەر واین ! فەرمووی :
((صبراً یا آل یاسر ! اللهم اغفر لآل یاسر ، وقد فعلت)) . فەرمووی : ئەی
خاوخێزانی یاسر ! ئارام بگرن .. خوایە ! لە خاوخێزانی یاسر خۆش ببە و ،
لێیشیان خۆش بوویت .

هەروەها حاکم لە عەبدوڵلای کوڕی جەعفەرەوە خوا لێیان رازیی بێ تەخریجی کردووە کە وتوویە: پێغەمبەری خوا ﷺ بەلای یاسر و عەممار و دایکی عەمماردا تێپەڕیی و ئەوانیش لەسەر خوای گەورە سزا ئەدران . پێی فەرموون : ((صبراً یا آل یاسر ! صبراً یا آل یاسر ! فإن موعدکم الجنة)) . فەرمووی: ئەی خاوخێزانی یاسر! ئارام بگرن ، بەڵێنی بەهەشتتان پێ دراوە . کاتێکیش کە عەممار دادی کرد و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ! سزا و ئازار بە یەکجاریی کاری کردۆتە سەرمان ، ئەویش فەرمووی : ((إصبر أبا الیقظان ! أللهم لا تعذب من آل یاسر أحداً بالنار)) . فەرمووی : ئەی عەممار ! ئارام بگرە . خوایە لە خاوخێزانی یاسر هیچ کەس بە ئاگر سزا نەدەیت .. ئەبوجەهلی لەعنەتییش بەلای سومەییەدا تێپەڕی کرد کە لەسەر خوا سزا ئەدرا ، حەربەیەکی دا لە عەورەتی و بەوە شەهید بوو . سومەییە یەکەم کەس بوو لەسەر ئیسلام شەهید کرا . ئەوەندەشی پێ نەچوو یاسریش لە ژێر ئێشی سزا و ئازاردا گیانی لە دەست دا .

خێزانێکی بێکەس و بێپشتیوان رۆژانە ئەبرانە دەرەوە و لەسەر لمی سوورەوە بوو پاڵ ئەخران و هەتا ئێوارە سزا ئەدران .. ئێوارە ئەهێنرانەوە ماڵەوە ، بێ ئەوەی کەسێك هەبێ یارمەتی‌یان بدات ، یان دڵیان بداتەوە .. ئەمەش هەمووی لە پێناوی خوادا ..

ماوەیەکی زۆر ئەمە بەردەوام ئەبێ ، تا رۆژێکیان دایکی بەساڵاچووی بێخزمەت و بێناز بە حەربەی ئەبوجەهلی بێدین شەهید ئەکرێ .. خوێنە پیرۆزەکەی ئەڕژێتە سەر لمە سوورەوە بووەکە .. گیانی پیرۆزی دەرئەچێ .. دوای ماوەیەکیش یاسری پیری بێهێز و لاواز لە ژێر ئەشکەنجە و سزا و ئازاردا گیانی دەرئەچێ ..

عەممار بە تەنیا مایەوە .. دایکی و باوکی هەموو کەسێکی بوون ، ئەوانیش بەجێیان هێشت .. تارمایی کوشتن و مردنی دایك و باوکی کارێکی زۆری کردە سەر دەروونی .

دوای ئەوە سزای عەممار ئەوەندە زۆر کرا کە ناچار بوو قسە بە پێغەمبەری خوا ﷺ بڵێت .. وتەی کافربوون بە زمانیا دێت ، بەڵام دڵی پڕ لە ئیمان بوو ..

ئەبونوعەیم لە (الحلية : ١٤٠/١) دا لە ئەبوعوبەیدەی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەممارەوە تەخریجی کردووە کە وتوویە : بتپەرستەکان عەممماریان خوا لێی رازیی بێ گرت و دەستبەرداری نەبوون هەتا قسەی بە پێغەمبەری خوا ﷺ وت و ناوی خواکانیانی بە چاکە برد .. کاتێ کە هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((ما وراءَك ؟)) . فەرمووی : دەنگ و باست چی‌یە ؟ ئەڵێ : خراپە ، ئەی پێغەمبەری خوا ! دەستبەردارم نەبوون هەتا بە خراپە ناوی تۆم برد و ناوی خواکانیانیشم بە چاکە برد . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((فكيف تجدُ قَلبَكَ ؟)) . فەرمووی : دڵت چۆنە ؟ وتی : دڵم پڕ لە ئیمان و دامەزراوە . فەرمووی : ((فإن عادوا فعُد)) . فەرمووی : ئەگەر داوایان لێ کردیتەوە ئەوە دووبارە بکەرەوە ..

ئیبن سەعدیش (٣ / ١٧٨) لە موحەممەدەوە تەخریجی کردووە کە : پێغەمبەر ﷺ تووشی عەممار بوو کە ئەگریا . پێغەمبەری خوا ﷺ هەردوو چاوی عەمماری سڕین و ئەی‌فەرموو : ((أخذك الكفارُ فَغَطّوكَ في الماءِ ، فقلت كذا وكذا ، فإن عادوا فقل ذاك لهم)) .

فەرمووی : کافرەکان گرتیتیان و نوقمی ژێر ئاویان کردیت ، تۆش وەها و وەهات وت ، ئەگەر داوایان لێ کردیتەوە ئەوەیان بۆ بڵێرەوە .

هەروەها ئیبن سەعد (٣ / ١٧٧) لە عەمری کوڕی مەیموونەوە تەخریجی کردووە کە وتوویە : بتپەرستەکان عەمماری کوڕی یاسریان بە ئاگر سووتاند . ئەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ بەلایا تێ‌پەڕی ئەکرد و دەستی بەسەر سەریا ئەهێنا و ئەی‌فەرموو : ((يا نارُ ! كوني برداً وسلاماً على عمار كما كنتِ على إبراهيم عليه السلام ، تقتلك الفئة الباغية)) . [170] فەرمووی : ئەی ئاگر ! وەك سارد و سەلامەتیی بووی بۆ ئیبراهیم سەلامی لێ بێ وەهاش بە بۆ عەممار .. دەستە لە سنوور دەرچووەکە ئەت کوژێ .

لە کاتێکدا کە عەممار ناچاری وتنی هەندێ قسە بوو ، خەڵك کەوتنە باسی ئەوەی کە عەممار کافر بوویەوە ، بەڵام کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵەکەی بیست

[170] ((تقتلك الفئة الباغية)) . بوخاریی و ، موسلیم و ، تیرمیذیی و ، ئەحمەدیش تەخریجیان کردووە .

بە ورەیەکی بەرزەوە باسی عەمماری کرد و فەرمووی : ((كلا ، إنَّ عَمّاراً مُلِيءَ إيماناً مِن مَفرَقِ رَأْسِه إلى أَخمَص قَدَمِه ، واختَلَطَ الإيمانُ بلَحمه ودَمِه)) !!

فەرمووی : نەخێر ، عەممار هەر لە تەوقە سەریەوە تا پەنجەی پێی پڕە لە ئیمان و ، ئیمان تێکەڵی گۆشت و خوێنی بووە .

پاشان قورئانی پیرۆزیش هاتە خوارەوە تا دەری بخا کە عەممار و هاوچەشنانی ، ئەگەرچیی ناچاریش بکرێن ، دڵیان پڕ لە ئیمانە و خوا لەوانە ناڕەنجێ :

﴿مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلۡكُفۡرِ صَدۡرٗا فَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿١٠٦﴾﴾ (النحل : ١٠٦) .

ئایەتەکە هەڕەشە لەوانە ئەکات کە لە دوای ئیمانهێنان بە خوای گەورە کافر ئەبنەوە و ، خۆشەویستیی بۆ کوفر دەرئەبڕن ، ئەوانە خوا غەزەبیان لێ ئەگرێ و عەزاب و سزایەکی سەختیشیان بۆ ئامادە کراوە ، جگە لەوانەی کە بە زۆر کوفریان پێ ئەوترێ و ، ناوکرۆکی دڵیان پڕیەتی لە ئیمان .

ئەمە روخسەتێکی خوایی بوو بۆ هەر ئیمانداریك کە بە دەست خوانەناسانەوە گیری خواردبێ و ، ناچاری بکەن وتەی نەشیاو دەربڕێ ..

هەروەها یەکێکی تر لەو موسڵمانە بێدەسەڵاتانەی کە لەسەر خواناسیی سزای سەختیان لەلایەن قوڕەیشەوە پێ ئەچێژرا و ، یەکێ بوو لەوانەش کە هەر زوو بە زوو ئیمانی هێنا بوو ، عامیری کوڕی فەهیرە بوو ..

عامیر شوانی مەڕەکانی ئەبوبەکر بوو و ، لە رۆژی کۆچ کردنی پێغەمبەری خوادا ﷺ یارمەتیی دان و هاوەڵی رێگەشیان بوو تا مەدینە بۆ ئەوەی خزمەتیان بکات . بەشداریی بەدر و ئوحودی کرد و ، لە بیری مەعوونەدا شەهید کرا .

یەکێکی تر لەوانەی کە سزایان چەشت ئەبوفەکیهە بوو ، کە ناوی ئەفلەح بووە . ئەمیش ئەو رۆژە موسڵمان بوو کە بیلالی تێدا موسڵمان بوو . ئەفلەح بەندەی ئازادکراوی نەوەی عەبدوددار بوو ، ئومەییەی کوڕی خەلەف سزای ئەدا .. پەتیان ئەخستە هەر دوو پێی و رایان ئەکێشا . سەرەنجام ئەبوبەکر لە پێناوی خوادا کڕیی و ئازادی کرد .[١٧١]

[١٧١] السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٣٤٢ ـ ٣٤٤ ، وشرح حياة الصحابة : ١ / ٤٧٧ ـ ٤٧٩ ، والرحيق المختوم : ٩٠ .

ئیبن سەعدیش (٣ / ٣٧) لە موحەممەدی کوڕی ئیبراهیمی تەیمی‌یەوە تەخریجی کردووە کە وتوویە : کاتێك کە عوثمانی کوڕی عەففان خوا لێی رازیی بێ موسڵمان بوو ، حەکەمی کوڕی ئەبولعاصی کوڕی ئومەییە ، [١٧٢] کە مامەی عوثمان بووە ، ئەی‌گرێ و بە پەتێك توند ئەی‌بەسێتەوە و پێی ئەڵێ : ئایا ئەتەوێ پشت لە دینی باوباپیرت هەڵ بکەیت و شوێن دینێکی داهێنراو بکەویت ، بەخوا هەتا واز لەو دینە نەهێنی دەست و پێت ناکەمەوە . عوثمان فەرمووی : بەخوا ! هەرگیز وازی لێ ناهێنم و دەست‌بەرداری نابم . کە حەکەم دیتی وا لەسەر دینی خۆی دامەزراوە وازی لێ هێنا .

هەروەها بوخارییش لە (التأريخ) دا لە مەسعوودی کوڕی حیراشەوە خوا لێی رازیی بێ تەخریجی کردووە کە وتوویە : لە کاتێك‌دا کە لە نێوان صەفا و مەڕوەدا خەریکی طەواف بووین سەیرمان کرد وا خەڵکێکی زۆر شوێن گەنجێکی لاوچاك کەوتوون کە دەستی بە ملیەوە بەسترابوو . وتم : ئەمە چی‌یەتی ؟ وتیان : ئەمە طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵلایە ، لە دین وەرگەڕاوە . ژنێکیش بە دوایەوە بۆڵە بۆڵی بوو و جنێوی پێ ئەدا . وتم : ئەی ئەمە کێیە ؟ وتیان : صەعبەی کچی حەضرەمی‌یە و دایکیەتی . (كذا في الإصابة : ٣ / ٤١٠) .

هەروەها حاکم‌یش لە (المستدرك) دا (٣ / ٣٦٩) لە ئیبراهیمی کوڕی موحەممەدی کوڕی طەلحەوە تەخریجی کردووە کە وتوویە : طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵلا خوا لێی رازیی بێ پێمی وت : گەیشتمە بازاڕی بوصرا ، ئەبینم وا راهیبێك لە پەرستگاکەی‌دایە و ئەڵێ : لە خەڵکی هاتووی ئەم وەرزە پرسیار بکەن ، بزانن ئایا کەسێکی خەڵکی حەرەمی مەککی‌یان تیایە ؟ طەلحە خوا لێی رازیی بێ فەرمووی : بەڵێ ، من . وتی : ئایا ئەحمەد دەرکەتووە ؟ ئەڵێ : وتم : ئەحمەد کێیە ؟ وتی : کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عەبدولموطەللیب . ئەمە ئەو مانگەیە کە تیایا دەرئەکەوێ و دوا پێغەمبەریشە . لە حەرەم‌دا دەرئەکەوێ و بۆ شوێنی دارخورما و بەردی رەشی کوناویی و خۆڵی ئاودار و خوێوایی کۆچ ئەکات . نەکەی بهێڵی کەس پێشت بکەوێ بۆ لای . طەلحە ئەڵێ : ئەو قسەیەی چووە دڵمەوە ، بۆیە بە پەلە کەوتمە رێ هەتا گەیشتمەوە مەککە و وتم : هیچ شتێکی تازە رووی

---

[١٧٢] ئەم حەکەمە باوکی مەروانی باوکی عەبدولمەلیکە و نەوەی ئومەییەش بەرەو وەچەی ئومەییەی باپیری حەکەمن .

داوه ؟ وتیان : بەڵێ ، موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای ئەمین داوای پێغەمبەرایەتیی ئەکات و کوڕی ئەبوقوحافەش شوێنی کەوتووە . ئەڵێ : لە ماڵ دەرچووم و خۆم گەیاندە لای ئەبوبەکر خوا لێی رازیی بێ و وتم : شوێنی ئەم پیاوە کەوتووی ؟ فەرمووی : بەڵێ ، تۆش بچۆ بۆ لای و شوێنی بکەوە ، چونکە بۆ سەر حەق بانگ ئەکات . لەوێ طەلحە هەواڵی راهیبەکەی بۆ ئەبوبەکر گێڕایەوە . ئەبوبەکر هەستا و طەلحەی بردە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و طەلحە موسڵمان بوو و ، وتەی راهیبەکەشی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ گێڕایەوە و پێغەمبەری خواش ﷺ بەوە دڵ خۆش بوو . جا کە ئەبوبەکر و طەلحە موسڵمان بوون نەوفەلی کوڕی خوەیلیدی عەدەویی گرتنی و بەپەتێك هەردووکیانی بەست بە یەکەوە و نەوەی تەیمیش بەرگریی لێیان نەکرد .. نەوفەلی کوڕی خوەیلید نازناوی ((شێری قورەیش)) ی لێ نرابوو و ، قورەیشیش ئەبوبەکر و طەلحەی ناونان (القرینین) واتە جووتە بە یەکەوە بەستراوەکە .. لە ریوایەتەکەی بەیهەقییدا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویە : ((أللهم ! أكفنا شَرَّ ابنِ العَدَوِيَّة)) . فەرمووی : خوایە ! شەڕی نەوفەل مان لێ لا بدەی .

هەروەها ئەبونوعەیم لە (الحلية : ١ / ٨٩) دا لە ئەبوئەسوەدەوە تەخریجی کردووە کە وتوویە : زوبەیری کوڕی عەووام خوا لێی رازیی بێ کە هەشت ساڵان بوو موسڵمان بوو و ، لە تەمەنی هەژدە ساڵییشدا کۆچی بۆ مەدینە کرد . ئەوەبوو مامەی زوبەیر زوبەیری لەناو حەسیرێکی پێچراوەدا هەڵ واسیی و لە ژێرەوە دووکەڵی ئەدا و پێی ئەوت : بگەڕێرەوە بۆ سەر کوفر و ، زوبەیریش ئەیوت : هەرگیز کافر نابمەوە .[١٧٣]

خەببابی کوڕی ئەرەتتیش بەندەی ئوم ئەنماری کچی سیباعی خوزاعیی بوو و، بتپەرستەکان هەموو جۆرە سزایەکیان ئەدا و ، قژی سەریان رائەکێشا و ، بە توندییش ملیان ئەچەماندەوە .. چەندین جار بەسەر سکڵەوە بە پشتا پاڵیان ئەخست و بەردێکیشان ئەخستە سەر سنگی تا نەتوانێ هەڵسێتەوە .[١٧٤]

ئەبونوعەیمیش لە (الحلية : ١ / ١٤٤) دا لە شەعبییەوە تەخریجی کردووە کە وتوویە : عومەر خوا لێی رازیی بێ پرسیاری لە بیلال کرد کە لەلایەن بت

---

[١٧٣] شرح حياة الصحابة : ١ / ٤٧١ ـ ٤٧٣ .

[١٧٤] الرحيق المختوم : ٩١ .

پەرستانەوە چ ناڕەحەتی‌یەکی تووش بووە ، خەبابیش وتی : ئەی ئـەمیری ئیمـان داران ! سەیری پشتم بکە . عومەر فەرمووی : تا ئـەمڕۆ شـتی وەهـام نـەدیوە . وتی: ئاگرێکیان بۆ کردمەوە کە بە چەورایی پشتم کوژایەوە .[١٧٥]

با دەربارەی موسڵمانبوونی ئەبوذەڕی غیفاریی و سزادانیشی شـتێ بـخەینە بەر چاو :

بوخاریی (١ / ٥٤٤) لە ئیبن عەبباس‌ەوە خوا لێیان رازیی بێ تەخریجی کـردووە کە وتوویە : کە هەواڵی رەوانەکردنی پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئەبوذەڕ گەیشـت بـە براکەی (کە ناوی ئەنیس بووە) وت : سوار بە بۆ مەککە و هەواڵی ئەو پیاوەم بۆ بزانە کە وەهای راگەیاندووە پێغەمبەرە و لە ئاسمانەوە وەحیی بۆ دێت و ، گوێ لە قسەکانی بگرە و پاشان وەرەوە بۆ لام . براکەی کەوتە رێ هەتا هاتـە خزمـەتی و فەرمایشتی لێ بیست و ، پاشان گەڕایەوە بۆ لای ئەبوذەڕ و پێـی وت : فـەرمانی بە رەوشتە جوانەکان ئەدا و فەرمایشتێکیشم لێی بیست کە لە شـیعر نەئەچوو . وتی : دڵـم ئاوی نەخـواردەوە و ئەوەی ویسـتم دەستم نەکەوت .

بۆ ئەمە ئەبوذەڕ توێشووی پێچایەوە و جەوەندەیەکی پڕ لـە ئـاو کـرد و خـۆی گەیاندە مەککە و هاتە مزگەوت و بە دوای پێغەمبەردا ﷺ گەڕا و نەشی ئەناسـی و پێیشی ناخۆش بوو هەواڵی بپرسێ ، هـەتا ئێـوارەی لێ هـات و بـۆ خـۆی پـاڵ کەوت . ئیمام عەلیی خوالێی رازیی بێ چاوی پێ کەوت و زانیی کە غەریبە . کە چاوی پێ‌کەوت کەوتە شوێنی و ، بردیە ماڵەوە و ، هـەتا بـەیانیی هـیچ کامیـان پرسیاریان لە یەك نەکرد . پاشان جەوەندە و توێشووەکەی هەڵ گرت و گەڕایەوە بۆ مزگەوت و ، ئەو رۆژەش هەروا مایەوە و هەتا ئێوارە پێغەمبـەر ﷺ نـەی دیـی . دیسان چـووەوە شـوێنی پـاڵ کەوتنەکـەی و ، ئیمـام عـەلیی بـەلایا تێ‌پـەڕیی و فەرمووی : ئەی نابێ کابرا مەنزڵی خۆی بزانـێ ؟ هـەڵی سـاند و بردیـەوە ، بـێ ئەوەی هیچ کامیان پرسیار لـە هـاوەڵەکـەی بکـات ، تـا رۆژی سـێ‌هەم هاتـە بەرەوە .. دیسان ئیمام عەلیی بردیەوە و لەوێ مایەوە و ، پاشان فەرمووی : بـۆم باس ناکەی بۆ چیی هاتووی ؟ وتی : ئەگەر بـەڵێن و پـەیمانم بـدەیتێ کـە پیشـانم بدەی پێت ئەڵێم . بەڵێنی دایە و ئەویش هـەواڵی پـێ دا .. فـەرمووی : بـەڵێ ، ئەوە راستە و پێغەمبەری خوایە . کە رۆژمـان لێ بوویـەوە شـوێنم بکـەوە ، جا

[١٧٥] شرح حياة الصحابة : ١ / ٤٧٩ ـ ٤٨٠ .

ئەگەر شتێکم بینی کە بۆ تۆ مەترسیی تێدا بێت ، ئەوا وەك ئاو بڕێژم هەڵوێستە دەکەم و ، گەر ڕۆیشتم شوێنم بکەوە هەتا مـن لـە کـوێ چـوومە ژوورەوە تـۆیش بێیتە ژوورەوە . ئەویش بە گوێی کرد و ، بە دوایا کەوتـە ڕێ هـەتا ئیمام چووە خزمەتی پێغەمبـەر ﷺ و ئـەویش لەگـەڵی چـووە ژوورەوە . فەرمایشتەکانی لێ بیست و هەر لە شوێنی خۆیدا موسڵمان بوو . پێـغـەمبـەر ﷺ پێی فـەرمـــوو : ((إرجِع إلى قومِك فأخبِرهُم حتى يَأتِيَكَ أمــري)) . فـەرمووی : بـڕۆرەوە بـۆ نـاو قەومەکەت و هەواڵیان بدەرێ و چاوەڕوان بە هەتا فەرمانت بـۆ ئـەنێرم .. وتـی : بەو خوایەی گیانـمی بە دەستە ! لە ناو کۆڕ و کۆمـەڵی قـوڕەیشدا تەوحیـد بـە دەنگی بەرز ئاشکرا ئەکەم . هاتە دەرەوە و خۆی گەیاندە مزگەوت تا تـوانیی بـە دەنگی بەرز قیڕاندی : أَشهَدُ أن لاَّ إلهَ إلاَّ اللهُ وأنَّ مُحمَّداً رَسولُ الله . ئیتر خەڵکەکە هەستان و دەستیان بە لێدانی کرد هەتا دایان بە زەوییدا .. لەولاوە عەبباس هات و خۆی دا بەسەریدا و باوەشی پیا کرد و وتی : تیاچـن !نـازانن ئەمـە لـە هـۆزی غیفارە و ، وا لە سەرەڕێی بازرگانەکانی شامتاندا ؟ لە دەستیان ڕزگاری کـرد . بـۆ سبەینێ بە هەمان شێوەی کردەوە و ، دەستیان بە لێدانی کردەوە و هەڵ چوون بـە گژیدا و ، دیسان عەبباس فریای کەوتەوە .

هەروەها بوخاریی (١ / ٥٠٠) بەم شێوە ریوایەتی کردووە : وتی : ئەی کۆمـەڵی قوڕەیش ! من شاهێدیی ئەدەم کە جگە لە زاتی (الله) هیچ خوایـەکی تـر نیـە و شاهێدییش ئەدەم کە موحەممەد بەندە و پێغەمبەری ئەوە .. وتیان : هەستن بۆ ئەو لەدین وەرگەڕاوە . ئەوەبوو هەستان و وەها لێیان ئـەدام کـە بمرم ، جـا عـەبباس فریام کەوت و خۆی دا بەسەرمدا ، پاشان ڕووی تێ کردن و وتی : تیاچن ! پیاوێك لە هۆزی غیفار ئەکوژن و بازرگانیی و هاتوچۆشتان لەسەر خـاکی غیفـارە ؟ ئـیتر وازیان لێم هێنا . کە ڕۆژم لێ بوویەوە ، دیسان گەڕامەوە و ئەوەی کـە دوێنـێ وتم دووبارەم کردەوە . وتیان : هەستن بۆ ئەو لەدین وەرگەڕاوە . ئەوەبوو وەك دوێنێیان لێ کردمەوە و ، عەبباس فریام کەوتەوە و ، خـۆی دا بـە سـەرمدا و ، قسـەکەی دوێنێی پێ وتنەوە .

هەروەها موسلیم (٢ / ٢٥٩) لـە ڕێـی عـەبـدوڵڵای کـوڕی صامیتەوە ، لـە ئەبوذەڕەوە خوا لێیان ڕازیی بێ تەخریجی کردووە کە تیایا هاتووە : براکەم کەوتـە ڕێ و خۆی گەیاندە مەککە و کە گەڕایەوە پێمی وت : چوومە مەککە و چاوم بـە

پیاوێك کەوت کە خەڵکیی پێیان ئەوت لەدین وەرگەڕاو ، کە لە هەموو کەسێك زیاتر لە تۆ ئەچوو . ئەڵێ : هاتمە مەککە و ئەبینم پیاوێك ناوی ئەبا . وتم : ئەو لە دین وەرگەڕاوە لە کوێیە ؟ کابرا دەنگی بەسەرمدا بەرز کردەوە و وتی : لەدین وەرگەڕاو ! لە دین وەرگەڕاو ! خەڵکەکە هێرشیان کردە سەرم هەتا وەك بتی بە خوێنی قوربانیی سوورکراویان لێ کردم . ئیتر لە نێوان کەعبە و پەردەکانیدا خۆم حەشار دا و ماوەی پانزە شەو و رۆژ (لە ریوایەتێکی تری موسلیمدا سیی شەو و رۆژ هاتووە) لەوێ مامەوە ، بەبێ نان و بەبێ ئاو جگە لە ئاوی زەمزەم . ئەڵێ : پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەبوبەکر خوا لێی رازیی بێ تووشمان بوون و چوونە کەعبەوە دە بەخوا ! من یەکەم کەس بووم کە بە سەلامی ئیسلام سەلامم کرد ، وتم : السلام عليك يا رسول الله ! فەرمووی : ((وعليك السلام ورحمة الله ! مَن أنت ؟)) فەرمووی : تۆ کێیت ؟ منیش وتم : پیاوێکم لە نەوەی غیفار . هاوەڵەکەی (کە ئەبوبەکر بوو) فەرمووی : ئیزنم بدە ئەی پێغەمبەری خوا ! با ئەمشەو میوانم بێت . ئەوەبوو لەگەڵ خۆیدا بردمیەوە بۆماڵەوە لە باشووری مەککەدا و ، چەند مشتێك مێوژی دامێ . ئەڵێ : گەڕامەوە بۆ لای براکەم و هەواڵی ئەوەشم دایە کە من موسڵمان بووم . وتی : منیش لەسەر دینی تۆم . هەردووکمان چووین بۆ لای دایکمان ، ئەویش وتی: منیش لەسەر دینی ئێوەم . ئەڵێ : هاتم بۆ لای خزمەکانم و بانگم کردن ، ئەوانیش هەندێکیان شوێنم کەوتن .

هەروەها ئەبونوعەیم لە (الحلية : ١ / ١٥٨) دا لە رێی ئیبن عەبباسەوە خوا لێیان رازیی بێ ، لە ئەبوذەڕڕەوە خوا لێی رازیی بێ تەخریجی کردووە کە وتوویە : لە مەککەدا لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ مامەوە و ئیسلامی فێرکردم و شتێك لە قورئانم خوێند و ، دوای ئەوە وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەمەوێ دینەکەم دەر بخەم . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((إنِّي أَخافُ عَلَيكَ أَنْ تُقتَلَ)) . فەرمووی : ئەترسم بکوژرێیت . وتم : هەر ئەبێ وا بکەم ئەگەرچیی بش کوژرێم . ئەڵێ : لێم بێدەنگ بوو و ، منیش هاتم و قورەیشیش لە مزگەوتدا ئەڵقە ئەڵقە باس و خواستیان ئەکرد و ، وتم : أشهد أن لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله . ئەڵقەکان راچڵەکین و هەستان و بە شێوەیەك دەستیان بە لێدانم کرد کە بە جێیان هێشتم وەك بتی بە خوێن سوورکراو وەها بووم و ، وەهایان ئەبینی کە کوشتوومیان . کە هۆشم بە خۆما هاتەوە هاتمەوە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و، کە حاڵمی بینی

پێمی فەرموو : (أَلَـم أَهلك ؟) . فەرمووی : ئەی دوورەپەرێزییم لەوە نـەکردی ؟ وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ! خواستێکی دڵم بوو و بـە جـێم هێنـا . ئـەوەبوو لـە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ مامەوە ، تا فـەرمووی : ((إلحَقْ بقومكَ فإذا بَلَغَكَ ظهوري فَأْتني)) . فەرمووی : بـڕۆرەوە بـۆ نـاو خزمـەکانت و کـە پێـت گەیشـت سەرکەوتووم وەرە بۆ لام .[١٧٦]

هەروەها سەعیدی کوڕی زەیدیش - کە یەکێکە لە دە کەسە مژدە پێدراوەکە - بە خۆی و هاوسەرەکەیەوە کەوتنە بەر پلاوی سزا و ئازار :

بوخاریی (١ / ٥٤٥) لە قەیس ەوە تەخریجی کردووە کە وتوویـە : لـە سـەعیدی کوڕی زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیلم بیست کە لە مزگەوتی کووفەدا ئەیوت : بەخوا ! لەسەر موسڵمانبوون عومەر خوا لێی رازیی بێ توند بەستوومیەتەوە . لە ریوایەتێکی تردا (١ / ٦٥٤٦) فاطیمەی هاوسـەریشی ، کە خوشـکی عومەر بـووە و ، هێشتا عومەر موسڵمان نەبووە ، هەمان سزای داوە .

ئیبن سەعدیش (٣ / ١٩١) لە ئەنەس ەوە خوا لێی رازیی بێ تەخریجی کردووە کە وتوویە : عومەر خوا لێی رازیی بـێ لـە مـاڵ دەرچـوو و شمشێرەکەشـی لـە شـان کردبوو و تووشی پیاوێکی نەوەی زوهرە بوو[١٧٧] کە لێـی پرسـیی : نیـازی کوێـت هەیە ، عومەر ؟ فەرمووی : ئەمەوێ موحەمـمەد بکوژم . وتـی : جـا چـۆن لـە دەستی نەوەی هاشم و نەوەی زوهرە دەرئەچیت ، ئەگـەر موحەمــمەد بکـوژی ؟ ئەڵێ : عومەر پێی فـەرموو : وا ئـەبینم تـۆش لـە دیـن وەرگـەڕاوی و وازت لـە دینەکەی خۆت هێناوە . وتی : ئایا لەوە سەیر ترت پیشـان نـەدەم ؟ فـەرمووی : چییە ؟ وتی : خوشکەکەت و زاواکەت لە دین وەرگەڕان و وازیان لەو دینـە هێنـا کـە تۆی لەسەری . ئەڵێ : عومەر بە هەڕەشە و بێزارییەوە کەوتە رێ هەتا خـۆی گەیاندە لایان و پیاوێك لە موهاجیرەکانیان بەلاوە بوو کە ناوی خەبباب بـوو خـوا لێی رازیی بێ . ئەڵێ : کاتێك کە خەبباب دەنگی عومەری بیست لـە ماڵەکـەدا خۆی شـاردەوە و ، عومــەریش هــاتە ژوورەوە لای خۆشـکەکەی و زاواکـەی . فەرمووی : ئەو دەنگە دەنگەتان چیی بوو ؟ ئەڵێ : ئـەوانیش خـەریکی خوێنـدنی سوورەتی (طه) بوون ، وتیان : قسەی نێوان خۆمان بوو . فەرمووی : لەوە ئەچـێ

[١٧٦] شرح حياة الصحابة : ١ / ٤٨١ ـ ٤٨٤ .

[١٧٧] سەعدی کوڕی ئەبووەققاص بووە خوا لێی رازیی بێ .

ئێوەش لە دین وەرگەڕابن . ئەڵێ : زاواکەی وتی : ئەی عومەر ! ئەی ئەگەر حەق لە غەیری دینەکەی تۆدا بوو ؟ عومەر هەڵمەتی دایە زاواکەی و بە توندیی دای بە زەوییدا . خوشکەکەی هات تا لە مێردەکەی دووری بخاتەوە ، کەچیی عومەر دای بە دەم و چاویا و خوێناویی کرد .. خوشکەکەی بە توورەییەوە وتی : ئەی عومەر ! ئەی ئەگەر حەق لە غەیری دینەکەی تۆدا بوو ؟! أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمداً رسول الله . کە عومەر بێهیوا بوو فەرمووی : ئەو کتێبەم بدەنێ کە لەلاتانە تا بیخوێنمەوە . ئەڵێ : عومەر خوێندەواریی هەبوو ، خوشکەکەی پێی وت : تۆ پیسیت و ئەمەش ئەبێ پاکەکان دەستی لێ بدەن . هەستە خۆت بشۆ ، یان دەستنوێژ بگرە . عومەر هەستا و دەستنوێژی گرت ، پاشان پەڕە قورئانەکەی وەرگرت و دەستی بە خوێندنی سوورەتی (طـه) کرد ، هەتا گەیشتە : ﴿ إِنَّنِيٓ أَنَا ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدۡنِي وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِذِكۡرِيٓ ﴿١٤﴾ ﴾ (طه : ١ / ١٤) . ئەڵێ : عومەر فەرمووی : موحەممەدم پیشان بدەن . کە خەبباب فەرمایشتەکەی عومەری بیست ، لە ماڵەکە هاتە دەرەوە و وتی : عومەر ! مژدە بێت ! هیوادارم دوعاکەی شەوی پێنج شەممەی پێغەمبەری خوا ﷺ تۆ بگرێتەوە کە فەرمووی : ((أللهم أعز الإسلام بعمر بن الخطاب أو بعمرو بن هشام)) . فەرمووی : خوایە ! ئیسلام بە عومەری کوڕی خەططاب یان بە عەمری کوڕی هیشام (واتە : ئەبوجەهل) پایەدار بکە . وتی : پێغەمبەری خوایش ﷺ وا لەو ماڵەی لای گردی صەفادا ، (مەبەستی لە ماڵی ئەرقەمە) . ئیتر عومەر کەوتە ڕێ هەتا گەیشتە ماڵەکە . ئەڵێ : دەرگای ماڵەکە حەمزە و طەلحە و خوا لێیان ڕازیی بێ چەند هاوەڵێکی پێغەمبەری خوای ﷺ لێ وەستابوون . کە حەمزە چاوی بە عومەر کەوت ، هاوەڵەکانی لە عومەر ترسان . حەمزە فەرمووی : بەڵێ ، ئەوە عومەرە .. ئەگەر خوا چاکەی بۆ عومەر بوێ ئەوا موسڵمان ئەبێ و شوێن پێغەمبەر ﷺ ئەکەوێ و ، گەر غەیری ئەوەشی بوێ ئەوا کوشتنی بە دەستمان ئاسان ئەبێ . ئەڵێ : پێغەمبەری خوایش ﷺ لە ژوورەوە بوو وەحی بۆ ئەهات . ئەڵێ : پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە دەرەوە ، هەتا گەیشتە لای عومەر و یەخەی و قایشی شمشێرەکەی گرت و فەرمووی : ((أَمَا أنت بمُنتَهٍ يا عمر ! حتى يُنزلَ اللهُ بكَ منَ الخزي والنَّكال ما أنزلَ بالوليد بن المغيرة ؟ أَللهمَّ هذا عمر بن الخطاب ، أللهم أَعِزَّ الدينَ بِعُمَرَ بنِ الخطاب)) . فەرمووی : ئەی عومەر ! ئیتر دەست کۆتا

نابی ، هەتا خوا وەك وەلیدی کوڕی موغیرە زەلیلیی و سزات بۆ بنێرێ ؟ خوایە ! ئەمە عومەری کوڕی خەططابە . خوایە ! دین بە عومەری کوڕی خەططاب پایەدار بکە . ئەڵێ : عومەر فەرمووی : شاهێدیی ئەدەم کە تۆ پێغەمبەری خوایت ، ئیتر موسڵمان بوو و ، فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ! دین ئاشکرا بکە .[١٧٨]

یەکێکی تر لەو پاڵەوانانەی کە لە رۆژانی رەش و تاریکدا موسڵمان بوون ، هاوەڵی پایەدار عوثمانی کوڕی مەظعوون بوو خوا لێی رازیی بێ ، ئەوەبوو لەوەو پێش وەلیدی کوڕی موغیرەی باوکی خالید پەنای دابوو و قوڕەیشی لەو پەنادانە ئاگادار کرد بوو کە هیچ کەسێ دەست بۆ عوثمانیکوڕی مەظعوون نەبات . عوثمان سەرنجی ئەدا موسڵمانە بێکەس و بێدەرەتانەکان هەر لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە لەسەر لمە سوورەوە بووەکەی مەککەدا سزا ئەدرێن .. رۆژێك و دوان نییە .. مانگ و ساڵ تێ ئەپەڕن و ئەو بەستەزمانانە لە ژێر ئازاردا ئەتلێنەوە . موسڵمانەکانی بەو حاڵەوە ئەدیی و ، خۆیشی بێخەم و بێترس ئەهات و ئەچوو ، بە بۆنەی پەنای سەر زلێکی قوڕەیشەوە ، کە هەتا لە سزادان و ئازاردانی دڵی پێغەمبەری خوایش ﷺ دریغیی نەئەکرد.. بۆ ئەمە بە خۆی وت : بەخوا ! ئەم هات و چۆیەم بەیانیان و ئێواران لە پەنای پیاوێکی موشریكدا و ، لەولاوە هاوەڵانم و هاودینانم سزا و ئازار و بەلایان بەسەردا ئەبارێ و من هیچم تووش نابێ، ئەوپەڕی ناتەواوییە بۆ من . بۆ ئەمە چوو بۆ لای وەلیدی کوڕی موغیرە و پێی وت : ئەی ئەبوعەبدشەمس ! ماوەی پەناکەت تەواو بوو و ، وا منیش پەناکەتم گێڕایەوە بۆت . ئەڵێ : جا بۆچ ئەی کوڕی برام ؟ بۆچ هیچ خزمێکم ئازاری داوی ؟ وتی : نەء ، بەڵام من پێم خۆشە لە پەنای خوای گەورە و بەدەسەڵاتدا بم و ، نامەوێ بچمە پەنای غەیری ئەوەوە .. وەلید وتی : دەی با بچین بۆ مزگەوت و لەوێ وەك بە ئاشکرا پەنام دای ، بە ئاشکراش پەناکەم بۆ بگێڕەرەوە . ئەڵێ : پێکەوە رۆیشتن هەتا گەیشتنە مزگەوت و ، وەلید بە خەڵکەکەی وت : ئەمە عوثمانە و هاتووە پەناکەم بۆ ئەگێڕێتەوە . ئەویش پێی وتن : راست ئەکا و ، وەفای نواند و ، بە رێزەوە پەنای دام ، بەڵام من وام پێ

---

[١٧٨] شرح حياة الصحابة : ١ / ٤٨٥ ـ ٤٨٦ . موسڵمان بوونی عومەر لە دواوە بە درێژتر باس ئەکرێت ـ إن شاء الله ـ .

خۆشە کە جگە لە خوا لە پەنای هیچ کەس‌دا نەبم ، بۆیە پەناکەیم بۆ گێڕایەوە . دوای ئەوە عوثمان رۆیشت و ، لەبیدی کوڕی رەبیعەی کوڕی مالیکی کوڕی کیلابی قەیسیی [١٧٩] لە کۆڕی قورەیش‌دا بوو و شیعری بۆ ئەخوێندنەوە ، عوثمانیش چوو لەگەڵیانا دانیشت . لەبید بە شێوەی شیعر وتی :

أَلا كُلُّ شَيءٍ ما خَلا اللهَ باطِلُ

عوثمان وتی : راست ئەکەیت . لەبید وتی :

وَكُـلُّ نَـعيـمٍ لاَ مَحَـالَةَ زَائِـلُ

عوثمان وتی : راستت نەکرد ، ناز و نیعمەتی ئەهلی بەهەشت تیا ناچێت . لەبیدی کوڕی رەبیعە وتی : ئەی کۆمەڵی قورەیش ! بەخوا ! هەرکەس لە کۆڕی ئێوەدا دابنیشتایە ئازاری نەئەدرا ، ئەمە کەی واتان لێ هاتووە ؟ پیاوێکی کۆڕەکە وتی : ئەمە یەکێکە لەو سەفیهانەی کە وازیان لە دینەکەمان هێناوە ، بە قسەی ئەو خەمبار و ناڕەحەت مەبە . عوثمانیش وەڵامی دایەوە و ، دەنگیان بەرز بوویەوە . ئەو پیاوە هەستایەوە و زللەیەکی لە چاوی عوثمان دا و شینی کردەوە و، وەلیدی کوڕی موغیرەش لە نزیکەوە چاوی لێ بوو کە عوثمان چیی بەسەر هات . وتی : دە بەخوا ! ئەی کوڕی برام ! پێویستی نەئەکرد ئەو چاوەت وەهای بەسەر بێ ، چونکە تۆ لە پەنایەکی پارێزراودا بووی . عوثمان وتی : بەڵێ ، بەخوا ! چاوە ساغەکەم بەستەزمانە کە وەك هاوەڵەکەی لە رێی خوادا وەهای بەسەر نەهاتووە و، من ئێستا وام لە پەنای یەکێك‌دا کە لە تۆ پایەدارتر و بەتواناترە ، ئەی ئەبوعەبدشەمس ! ئیتر ئەوە بوو عوثمان خوا لێی رازیی بێ دەربارەی لێ درانی ئەو چاوەی شیعرێکی وت .. [١٨٠]

---

[١٧٩] لە (السيرة النبوية) ی (أبو شهبة) دا ناوی بەم جۆرە هاتووە : لەبیدی کوڕی رەبیعەی ، کوڕی عامیری ، کوڕی مالیکی ، کوڕی جەعفەری ، کوڕی کیلابە و کونیەکەی ئەبوعەقیلە . موسڵمان بووە و ، بوخاریی و ئیبن ئەبوخەیثەمە و غەیری ئەوانیش بە یەکێ لە هاوەڵانیان ژماردووە . کاتێك کە عومەری سەردارمان خوا لێی رازیی بێ دەربارەی ئەو شیعرەی کە لە سەردەمی نەفامیی‌دا وتبووی پرسیاری لێ کرد ، وەڵامی دایەوە : خوای گەورە شیعری بۆ گۆڕیوم بە سوورەتی (البقرة) . لە کووفە نیشتەجێ بووە و ، لە سەردەمی حەزرەتی عوثمان‌دا هەر لە کووفە کۆچی دوایی کردووە . صەد و بیست ساڵ ژیاوە و ، ئەڵێن زیاتریش . ئەم شیعرەش هی ئەوە :
ولقد سئمت من الحياة وطولها وسؤال هذا الناس : كيف لبيد ؟
(السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٣٦٢)

[١٨٠] شرح حياة الصحابة : ١ / ٤٨٨ ـ ٤٩٠ . لە (السيرة النبوية) ی أبوشهبةدا وا هاتووە کە عوثمان دوای گەڕانەوەی لە کۆچی یەکەمی حەبەشە چۆتە پەنای وەلیدەوە و ، کە ئەبینێ ئیمان‌داران سزا ئەدرێن پەناکەی بۆ ئەگێڕێتەوە . ج ١ / ٣٦١ ـ ٣٦٢ .

موصعەب یش سزا و ئازارێکی زۆری چەشت :

ئیبن سەعد (٣ / ٨٢) لە موحەممەدی عەبدەریی‌یەوە ، لە باوکیەوە تەخریجی کردووە کە وتوویە : موصعەبی کوڕی عومەیر خوا لێی رازیی بێ لە گەنجیی و جوانیی و قژی سەریدا لاوچاکی مەککە بوو .. باوك و دایکی زۆریان خۆش ئەویست .. دایکی زۆر دەوڵەمەند بوو و خاوەنی سامانێکی زۆر بوو و بە جوان ترین و ناسكترین جل و بەرگ پۆشتەی ئەکردەوە و ، لە هەموو دانیشتوانی مەککە بۆن‌خۆش‌تر بوو و ، پێڵاوی حەضرەمیی (دروست کراوی یەمەنی) لە پێ ئەکرد .. پێغەمبەری خوا ﷺ باسی ئەکرد و ئەی‌فەرموو : ((ما رَأَيتُ بِمَكَّةَ أحَداً أَحسنَ لِمَّةً ، ولا أَرَقَّ حُلَّةً ، ولا أنعَمَ نِعمةً مِن مُصعَبِ بن عُميرٍ)) .

ئەی‌فەرموو : لە مەککەدا کەسم نەدیوە لە موصعەبی کوڕی عومەیر کاکۆڵ جوانتر و ، جل و بەرگ ناسك تر و ، ناز و نیعمەت‌دارتر بێ . ئەوە کەوتە گوێی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەبوئەرقەمدایە و ، خەڵك بۆ سەر ئیسلام بانگ ئەکات . چووە خزمەتی و موسڵمان بوو و ، ئیمانی پێ هێنا . ئەوە بوو کە چووە دەرەوە موسڵمان بوونی خۆی لە ترسی دایکی و خزمەکانی ئاشکرا نەکرد .. بە نهێنیی جاروبار ئەچووە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و ، جارێکیان عوثمانی کوڕی طەلحە چاوی لێ بوو نوێژی ئەکرد هەواڵی بە دایکی و خزمەکانی دا . ئەوانیش گرتیان و بەندیان کرد و ، هەروا بە بەندیی مایەوە تا لە کۆچی یەکەمی حەبەشەدا ئەویش کۆچی کرد ، پاشان موسڵمانەکان کە گەڕانەوە ئەویش لەگەڵیان گەڕایەوە ، بەڵام بە رەنگی گوڕاو و زبرییەوە . دایکیشی لە رقانا وازی لێ هێنا .[١٨١]

هاوەڵە ئافرەتەکانیش کەوتنە بەر پلاری سزا و ئازاری قورەیش و ، ئەوانیش مەردانە شانیان دایە بەر سزا و ئازار و ، خۆیان یەكلایی کردەوە بۆ خوا ..

لە پێشەوە شتێك لە سزا و ئازاری سومەییەمان لەگەڵ یاسری مێردی و عەمماری کوڕیدا باس کرد .

یەکێکی تر لەو خوشکانەی کە سزا دران زننیرەی رۆمیی بووە کە کەنیزەکی عومەری کوڕی خەططاب بووە .. پێش موسڵمان بوونی عومەر موسڵمان ئەبێت و، کە عومەر پێی ئەزانێ هەموو جارێ ئەوەندەی لێ ئەدا هەتا ماندوو ئەبێت و ،

---

[١٨١] شرح حياة الصحابة : ١ / ٤٩١ .

ئەبوجەهل‌یش لە لێدانی‌دا یارمەتیی ئەدا ، کەچیی زننیرە هەتا ئەهات لەسەر ئیسلام دامەزراوتر ئەبوو . دوای ئەوەی کە موسڵمان بوو بوو چاوی کوێر بوون ، بۆ ئەمە قوڕەیش ئەیان‌وت : لات و عوززا چاویان کوێر کردووە . ئەویش ئەی‌وت: بە ماڵی خوا ، درۆیان کردووە ، لات و عوززا نە قازانج و نە زیانیان لێ نایەت ، بەڵکو ئەمە فەرمانی ئاسمانە و ، پەروەردگاریشم توانای هەیە چاوەکانم بۆ بگێڕێتەوە !! ئەوەبوو خوای گەورە رۆشنایی چاوەکانی پێ بەخشی‌یەوە . ئەمجار قوڕەیش ئەیان‌وت : ئەمە سیحری موحەممەدە ..

جا ئەبوجەهل ئەی‌وت : ئایا سەرتان لەمانە و لە شوێن‌کەوتوانیان سووڕ نامێنێ ؟ ئەگەر ئەوەی موحەممەد هێناویەتی چاك و حەق بوایە ئەوانە پێشمان نەئەکەوتن .. ئایا زننیرە بۆ سەر رێگای راست پێشمان ئەکەوێ ؟

ئەبوجەهل داماو بوو وا ئەوەندە خۆی بە ژیر و لێ‌هاتوو ئەزانیی .. نەی‌ئەزانیی تا ئاخرزەمان و تا موسڵمانێك لەسەر زەویی‌دا بمێنێ داوای رەزامەندیی لە خوا ئەکرێ بۆ زننیرە و ، ئەویش بە سووکیی و رسوایی سەر ئەنێتەوە و ، دینەکەی موحەممەدیش ﷺ هەتا ئاخرزەمان بە ملیارەها ئیمان‌دار پەروەردە ئەکات .

یەکێکی تر لەو خوشکە بەڕێزانە ناوی ئوم عونەیس بوو ، کە کەنیزەکێکی نەوەی زوهرە بوو و ، ئەسوەدی کوڕی عەبدیەغووث سزا و ئازاری ئەدا ، کەچیی کۆڵی نەئەدا و ، لەسەر ئیمان‌داریی خۆی بەردەوام بوو .

هەروەها حەمامەی دایکی بیلالیش لە پێناوی خوادا سزا و ئازار ئەدرا .. کەنیزەکێکی نەوەی موئەممەلیش ، کە بەشێکی نەوەی عەدیی کوڕی کەعبن ، موسڵمان بوو بوو و عومەری کوڕی خەططاب سزای ئەویشی ئەدا .. خەریکی لێدانی ئەبوو هەتا ماندوو ئەبوو ، پاشان ئەی‌وت : داوای لێبووردنت لێ ئەکەم ، لەبەر ماندووبوونم دەست‌بەردارت ئەبم !! ئەویش ئەی‌وت : خوایش وەها بە تۆ بکات .

هەروەها نەهدییە و کچەکەشی کەنیزەکی ئافرەتێکی نەوەی عەبدوددار بوون و بەبێ رەحمانە ئەوانیش ئازار ئەدران .

کافرەکانی قوڕەیش هەندێ لە هاوەڵانیان بە پێستەی وشتر و مانگاوە ئەپێچایەوە و ، پاشان لەبەر گەرمای خۆردا فڕێیان ئەدان و ، هەندێکی تریان زرێی ئاسنیان لەبەر ئەکردن و ، پاشان ئەیان‌خستنە ژێر بەردێکی زلە .

ئەو بەستەزمانانەی کە بەندە و کەنیزەك بوون کەسێك نەبوو بەرگرییان لێ بکات ، بەڵام خوای گەورە ئەبوبەکری صدیقی خوا لێی رازیی بێ فریایان خست .. ئەبوبەکری خاوەن رێز کە دەستگرۆیی نەداری ئەکرد و ، سیلەی رەحمی بەجێ ئەهێنا و ، باری لێقەوماوی سووك ئەکرد و ، میوانداریی ئەکرد و ، بۆ حەق کۆمەکیی ئەکرد و ، لە سەردەمی نەفامییدا هیچ تاوان و گوناهێکی ئەنجام نەدابوو و ، مرۆڤێکی هێمن و هۆگر بوو و ، دڵی بە لاواز و بەندە کۆیلەکان ئەسووتا ، بەشێکی زۆری پووڵ و سامانەکەی تەرخان کرد بۆ کڕینی بەندە و کەنیزەکەکان و ئازادکردنیان لە پێناوی خوادا ، ئەمەش بەر لەوەی شەریعەتی پاك و بێگەرد هانی موسڵمانان بدا بۆ ئازادکردنی بەندەکان و ، پاداشتی زۆریان بخاتە بەر چاو . ئەوانەی کە ئازادی کردن ئەمانە بوون ، وەك لە پێشەوەش ئاماژەیان بۆ کراوە :

بیلالی کوڕی رەباح و ، ئەبوفوکەیهە و ، عامیری کوڕی فوهەیرە و ، حەمامەی دایکی بیلال و ، ئوم عونەیس و ، زننیرە و ، کەنیزەکەکەی نەوەی موئەمەل و ، نەهدییە و کچەکەی ئازاد کردن .

ئەوەبوو ئەبوبەکر بەلای ئەو دوو ئافرەتەدا تێئەپەڕی و ، خانمەکەیان گەنمی پێ دابوون بیبەن بیکەن بە ئارد و ئەشیوت : بەخوا هەرگیز ئازادتان ناکەم و ، هەڕەشەی لێ ئەکردن . صدیقیش فەرمووی : ئوم فلان لە سوێنەکەت پەشیمان بەرەوە . وتی : وا پەشیمان بوومەوە ، تۆ خەسارت کردوون ، دە ئازادیان بکە . فەرمووی : هەردووکیان بە چەند ؟ وتی : بەوەندە و بەوەندە . فەرمووی : وا وەرم گرتن ، با ئازاد بن . گەنمەکەی بۆ بگێڕنەوە . وتیان : ئەی ئەبوبەکر ! ئەی گەنمەکە نەکەین بە ئارد و ئەوسا بۆی بگێڕینەوە ؟ فەرمووی : ئەگەر ویستتان وەها بکەن .

ئەم کارەی ئەبوبەکر خوا لێی رازیی بێ بۆ ئەوە نەبوو دنیا و بەرژەوەندییەکانی دەست بکەوێ .. بۆ سوپاس و پێزانین و دەستخستنی پایە و پلە نەبوو ، بەڵکو رەزامەندیی خوای پەروەردگاری مەبەست بوو .. رۆژێکیان باوکی پێی وت : کوڕەکەم ! ئەبینم تۆ بەندەگەلێکی لاواز ئازاد ئەکەیت ، خۆزگە پیاوانێکی بەهێزت ئازاد بکردنایە ، هەتا بیانپاراستیتایە و ، لە پشتت بوونایە . ئەبوبەکریش خوا لێی رازیی بێ فەرمووی : بابەگیان ! من ئەمەم بۆ رەزامەندیی

خوا ئەویێت . ئەوەبوو خوای گەورەش دەربارەی کردەوەی جوان و نییەتی پاکی ناوکرۆکی دڵی صدیق قورئانی ناردە خوارەوە ، تا مژدە بەویش و بە هەموو چاکەکاریێکیش بدات و ، چارەنووسی خراپ کارانیش دۆزەخە کە ئەفەرموێ :

﴿ فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ وَاتَّقَىٰ ۝ وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَىٰ ۝ فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَىٰ ۝ وَأَمَّا مَنْ بَخِلَ وَاسْتَغْنَىٰ ۝ وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَىٰ ۝ فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَىٰ ۝ وَمَا يُغْنِي عَنْهُ مَالُهُ إِذَا تَرَدَّىٰ ۝ إِنَّ عَلَيْنَا لَلْهُدَىٰ ۝ وَإِنَّ لَنَا لَلْآخِرَةَ وَالْأُولَىٰ ۝ فَأَنذَرْتُكُمْ نَارًا تَلَظَّىٰ ۝ لَا يَصْلَاهَا إِلَّا الْأَشْقَى ۝ الَّذِي كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ۝ وَسَيُجَنَّبُهَا الْأَتْقَى ۝ الَّذِي يُؤْتِي مَالَهُ يَتَزَكَّىٰ ۝ وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُ مِن نِّعْمَةٍ تُجْزَىٰ ۝ إِلَّا ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِ الْأَعْلَىٰ ۝ وَلَسَوْفَ يَرْضَىٰ ۝ ﴾ (الليل : ٥ ـ ٢١) .[١٨٢]

خوای گەورە لە ئەبوبەکریش و لە هاوەڵەکانی تریش رازیی بێ .

---

[١٨٢] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٣٤٤ ـ ٣٤٧ .

بەشی دوانزەهەم
چەند ڕووداوێکی گرنگ

یەکەم : کۆچ کردن بۆ حەبەشە

سزا و ئازاردانی قوڕەیش لە ناوەڕاست یان کۆتایی ساڵی چوارەمی هاتنی وەحیدا دەستی پێ کرد . سەرەتا ئازاردانەکەی سووك بوو ، بەڵام بەرە بەرە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەخت‌تر ئەبوو تا کە گەیشتنە ناوەڕاستی ساڵی پێنجەمی هاتنی وەحی ، لە مەککەدا تەنگیان پێ هەڵ چنرا و ، نەیان‌ئەتوانیی لەوە زیاتر دان بە خۆیانا بگرن و ، کەوتنە بیری ئەوەی کە خۆیان لەو سزا سەختە دەرباز بکەن . پێغەمبەری خواش ﷺ توانای نەبوو هاوەڵە بەڕێزە ئازیزەکانی لەو سزا و ئازارە لا بدات ، بۆیە پێیانی فەرموو :

((لو خَرَجتُم إلى أرض الحبشة ، فإن بها مَلكاً لا يظلم عنده أحدٌ ، وهي أرض صِدقٍ حتى يجعلَ الله لكُم فَرَجاً ممَّا أنتُم فيه)) . فەرمووی : خۆزگە کۆچتان بۆ حەبەشە بکردایە ، چونکە پادشایەکی لێیە کە لەلای ئەودا هیچ کەس ستەمی لێ ناکرێ و ، خاکی ڕاستگۆیی‌یە ، تا بەشکوم خوا دەروویەکتان لێ بکاتەوە .

هاوەڵانی ئازیز هەندێکیان بەرەو وڵاتی حەبەشە کەوتنە ڕێ ، تا لە دەست قوڕەیشی ستەمکار دەرباز بن و ، بە سەربەرزیی خوای خۆیان بپەرستن . ئەمەش یەکەم کۆچ‌کردن بوو لە ئیسلامدا ، کە لە مانگی ڕەجەبی ساڵی پێنجەمی هاتنی وەحیدا بوو ، بە پێی ڕیوایەتی (الواقدي) .

یەکەم کەسێ کە کۆچی دەست پێ کرد عوثمانی کوڕی عەففان و ڕوقیەی هاوسەری بوو .. کە هەواڵیان ئەگاتە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((صحبهما الله ، إن عثمان أول من هاجر بأهله بعد لوط عليه السلام)) . فەرمووی : خوا یاوەریان بێت . دوای لووط پێغەمبەر سەلامی لێ بێ ، عوثمان یەکەم کەسێکە کە بە خۆی و هاوسەریەوە کۆچی کردووە .

پاشان ئەبوحوذەیفەی کوڕی عوتبەی کوڕی ڕەبیعە و سەهلەی کچی سوهەیلی کوڕی عەمری هاوسەری ، کە ئەوەبوو لە حەبەشە خوای گەورە کوڕێکی پێ

بەخشین و ناویان نا موحەممەد و ، زوبەیری کوڕی عەووام و ، موصعەبی کوڕی عومەیر و ، عەبدورڕەحمانی کوڕی عەوف و ، ئەبوسەلەمەی کوڕی عەبدولئەسەدی مەخزوومیی و ، ئوم‌سەلەمەی کچی ئەبوئومەییەی کوڕی موغیرەی مەخزوومیی هاوسەری ، کە ئەوەبوو لە حەبەشە خوای گەورە کچێکی پێبەخشین و ناویان نا زەینەب و ، عوشمانی کوڕی مەظعوون و ، عامیری کوڕی ڕەبیعەی هاوپەیمانی ئالی خەططاب و ، لەیلای کچی ئەبوحەثمەی هاوسەری و ، ئەبوسەبرەی کوڕی ئەبورڕەهم ، یان ئەبوحاطبی کوڕی عەمر و ، سوهەیلی کوڕی بەیضاء ، کەوتنە ڕێ . بەمە کۆچ‌کەران دە پیاو و چوار ئافرەت بوون . وتووشیانە : پێنج ئافرەت بوون ، ئەویش بە کۆچ‌کردنی ئوم‌کەلثوومی کچی سوهەیلی کوڕی عەمر کە هاوسەری ئەبوسەبرە بوو .

کۆچ‌کەران ، هەندێ بە سواریی و ، هەندێ بە پێ کەوتنە ڕێ ، هەتا گەیشتنە سەر دەریای سوور و ، لەوێ بە نیو دینار کەشتی‌یەکیان بە کرێ گرت تا هەموویان بگەیەنێتە حەبەشە . کە قوڕەیش بەو دەرچوونەیان زانیی کەوتنە شوێنیان ، بەڵام فریای هیچ کەسیان نەکەوتن .[١٨٣]

لەم کاتە زۆر ناسکەدا سوورەتی (الكهف) هاتە خوارەوە ، تا وەڵامی پرسیارەکانی بت‌پەرستان بداتەوە کە خستبوویاننە بەردەم پێغەبەری خوا ﷺ . سوورەتەکە سێ چیرۆکی تێدا بوو تا مۆچیاریی بن بۆ ئەو هەڵوێستە ناهەموارە و ئیمان‌داران دامەزراو بن . یەکەمیان چیرۆکی (أصحاب الكهف) بوو تا کۆچ کردن و دەست‌بەردار بوون لە وڵاتێکدا کە زاڵمان تیایا بەدەسەڵات بن ، فێری ئیمان‌داران بکات ، تا ئیمانیان سەلامەت بێت .

چیرۆکی دووهەمیش چیرۆکی سەردارمان خضر و سەردارمان مووسا پێغەمبەرە سەلامیان لێ بێ ، کە موسڵمان فێر ئەکات کە مەرج نیە هەمیشە کاروبارەکان بە پێی ڕواڵەت بەڕێوە بچن . جا ئەمە ئەوەی ئەبردە دڵی ئیمان‌دارانەوە کە ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە ئەوان تیایدا ئەژین ، پڕیەتی لە حیکمەت و ، ڕۆژێکیش دیت زاڵمان دەسەڵاتیان نامێنێ و ، ئیمان‌دارە لاوازەکان ئەبنە خاوەنی دەسەڵات و ، گەر ئەو زاڵمانە نەیەنە ژێر بەیداخی دینی خواوە ڕۆژی ڕەشی خۆیان

---

[١٨٣] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٣٤٩ ـ ٣٥٠ . لە (الرحيق المختوم) دا باسی دوو کەشتیی بازرگانیی هاتووە . هەروەها ژمارەی پیاوانی بە دوانزە و ئافرەتانی بە چوار باس کردووە . بڕوانە ل ٩٣ .

بە چاو ئـەبینن و ، ڕۆژێ دێـت ئیمـان‌داران چـیرۆکی سـومـەییەی بەسالاچـوو و ، بێ‌دایك و خوشك و باوك و بـرا ، کـە خـوێنی گەشـی چـوو بـە نـاخی لـمەکەی مەککەدا ، بەوپەڕی سەربەرزی‌یەوە ئەگێڕنەوە .. ڕۆژێك دێـت عەبـدوللای کـوڕی مەسعوودی لاواز ئەبێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی شەرعیی وەها گـەورە کـە لـە مێژوودا دەنگ بداتەوە .

چیرۆکی سێ‌هەمیش چیرۆکی (ذوالقرنین) ە ، کە ئەوە ئەباتە دلّی ئیمان‌دارەوە ئەم زەوی‌یە پان و پۆڕە ، بەم هەموو ناز و نیعمەتەیـەوە مـولّکی خوایـە و، هـەر کات ئیمان‌داران شیاوی هەلّگرتنی دینی خوا بوون کاروباری دنیایان پێ ئەسپێرێ و ، سەرکەوتنیش هەمیشە بۆ حەقـە و ، بـە ئیمـان مـرۆڤ سـەربەرز و بـە کـوفر سەرشۆڕ ئەبێت . هەروەها ئەوە فێری ئیمان دار ئـەکات کـە هـاتنی پێغەمبـەران سەلامیان لێ بێ لە هەموو شوێن و کاتێك‌دا بۆ سەرفرازکردنی بێ‌دەسـەلاتانە لـە یەئجووج و مەئجووجی سەردەمی خـۆیـان .

هـەروەهـا دوای ئـەوەش سـوورەتی (الزمر) هاتە خوارەوە و ، ئامـاژەی بـۆ کۆچ‌کردن ئەکرد و ، ئەوەشی ئەخستە بەر چاوان کە مولّکی خـوا فراوانـە و ، بـا ئیمان‌داران ئارام بگرن چونکە پاداشتەکەیان لە ژمارە نایەت :

﴿ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا فِي هَٰذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةٌ ۗ وَأَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةٌ ۗ إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴾ (الزمر : ١٠) .[١٨٤]

بە کۆمەکیی خوا موسلّمانەکان گەیشتنە حەبەشە و لەوێ لـە پـەنای پادشـای ئیمان داردا حەسانەوە .

دووهەم : موسلّمان بوونی عومەر

عومـەر کوڕی خەططابی ، کـوڕی نوفـەیلی ، کـوڕی عـەبـدولعوززای ، کـوڕی ریاحی ، کوڕی عەبدوللای ، کوڕی قەرطـی ، کـوڕی رەزاحـی ، کـوڕی عـەدیی ، کوڕی کەعب ە ، کە کەعب باپیری پێغەمبەری خوایشە ﷺ . دایکی عومـەر ناوی حەنتەمەی کچی هاشم ی کوڕی مرغیرەیە .

عومـەر خوا لێی رازیی بێ لە سەردەمی نەفامیی‌دا لە هەموو کەسێك خراپ‌تر سزا و ئازاری موسلّمانەکانی ئەدا ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ وای بـۆ ئەچـوو کـە

---

[١٨٤] الرحيق المختوم : ٩٢ ـ ٩٣ .

ئەگەر عومەر یان ئەبوجەهل یەکێکیان موسڵمان بن ، ئەوا تای ترازووی موسڵمانەکان سەنگین ئەبێت و ، ئیسلام زۆر پایەدار ئەبێت ، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە عومەر و ئەبوجەهل لە دژایەتیی ئیسلامدا هاوتای یەك بوون و ، بە موسڵمانبوونی یەکێکیان ئیسلام و موسڵمانان یەکجار باریان سووك ئەبێ .
ئەوەبوو عومەر موسڵمان بوو ، بەڵام ئەبوجەهل هەتا دووهەمساڵی کۆچیی ، ڕۆژی جەنگی بەدر هەر دژایەتیی موسڵمانانی کرد ، تا لەوێ بە خەجاڵەتیی و سەرشۆڕی‌یەوە سەری نایەوە و کۆتایی بە خراپکاریەکانی بەرامبەر بە دینی خوا هات .

جا بە سەرنج‌دانی ئەو ڕیوایەتانەی کە باسی موسڵمانبوونی عومەر ئەکەن ، ئەوە دەرئەکەوێ کە عومەر ڕاستەوخۆ و خێرا موسڵمان نەبووە ، بەڵکو لە قووڵایی دڵ و دەروونی‌دا بەراوردکردن و زۆرانبازی‌یەك هەبووە ، کە ماوەیەك پێوەی خەریکی سەرنج‌دان و بیرکردنەوە بووە .

عومەر پیاوێکی ژیر و بەسەلیقە بووە ، لە هەمان کات‌دا بەهێز و تووڕە بووە .. موسڵمانەکان بە دەستیەوە گیریان خواردبوو ، لە هەمان کات‌دا دوو هەستی دژ بە یەك لە ویژدانی‌دا زۆرانیان ئەگرت :

یەکەم : پێی خۆش بوو ڕێز لە بەزم و باو و عادەتی باوباپیری بگرێ ، کە لەناو عەرەب‌دا هۆزی قورەیش یەکەم هەڵکەوتوو بوو و ، لەو کۆمەڵەش‌دا عومەر پیاوی پیاوانە بوو ، ئەگەرچیی هێشتا نەچوو بوو بە ساڵ‌دا .. لە پاڵ ئەمەش‌دا خەریکی بەزم و ڕەزمی ڕابواردن و خواردنەوە بوو ..

دووهەم : بە چاوی ڕێزەوە تەماشای موسڵمانەکانی ئەکرد ، کە زۆربەیان بەندە و کۆیلە و ئافرەتی بەستەزمان بوون ، چۆن بەو ڕادەیە دان بە خۆیان‌دا ئەگرن و ، لەسەر دین ئەو هەموو سزا و ئازارە قبووڵ ئەکەن .. ئەو خۆی بە پیاوێکی بەهێز و خاوەن توانا دائەنێ ، کەی ئامادەیە لەسەر دینی قورەیش وەها سزا بدرێ ، لە هەمان کات‌دا لە دینی خۆی کەوتبووە شك و گومان : کێ ئەڵێ دینی ئیسلام ڕاست و پاك و بێ‌گەرد نیە ؟ ! کێ ئەڵێ خوا بەو دینە ڕازیی نیە ؟!

بۆ نموونەی ئەوەی کە سەری لە موسڵمانەکان سوڕ ئەما وا ئەوەندە دامەزراون و لەسەر دین کۆڵ نادەن ، ئیبن ئیسحاق لە ئوم عەبدوڵڵای کچی ئەبوحەثمەوە ،

که هاوسەری هاوەڵی ناودار و پایەبەرز عامیری کوڕی ڕەبیعە بووە ئەگێڕێتەوە کە وتوویە :

ئێمە خەریك بووین کۆچمان بۆ حەبەشە ئەکرد و ، عامیریش چوو بوو بەدوای پێویستییەکانماندا ، ئەوەبوو عومەری کوڕی خەططاب هات و لە نزیکمدا وەستا و، هێشتا هەر موشریکیش بوو . ئەڵێت : عومەر هەمیشە خەریکی سزا و ئازاردانمان بوو ، هات و وتی : ئەڵێی دەر ئەچن ، ئوم عەبدوڵلا ؟ ئەڵێت : وتم : بەڵێ ، بەخوا ئەمانەوێ بە موڵکی خوادا بڕۆین و لێرە دەرچین . سزاتان داین و ، تەنگتان پێمان هەڵ چنی ، تا بەڵکو خوا دەروویەکمان لێ بکاتەوە و سەرفراز بین . وتی : خوا یاوەرتان بێت ! ئەڵێت : هەستم بە نەرمیی و سۆزێك کرد پێیەوە کە لەوەو پێش نەمدیی بوو . پاشان ڕۆیشت و ، وا ئەزانم کۆچ کردنی ئێمە خەمباری کرد ..

ئەڵێت : عامیر هاتەوە و وتم : ئەبوعەبدوڵلا ! ئەگەر کەمێك لەمەو پێش عومەرت بدیایە چۆن بەزەیی پیامانە ئەهاتەوە و بۆمان خەمبار بوو . وتی : ئایا بە تەما هەیت موسڵمان ببێ ؟ وتی : بەڵێ . وتی : ئەوەی تۆ دیوتە ، هەتا کەرەکەی خەططاب موسڵمان نەبێ ، ئەو موسڵمان نابێ !! ئەوەندە عومەری بەلاوە دڵڕەق و کەللە شەق بوو .. [١٨٥]

عومەر لە ناکاودا موسڵمان نەبوو ، بەڵکو ماوەیەك خەریکی بیرکردنەوە بوو .. قورئانیش بە ڕێك و پێکیی و ئیعجاز و شێوازە ناوازەکەیەوە و بە قوڵیی مانا و مەبەستەکانیەوە یەکجار کاریگەریی لەسەر موسڵمان بوونی عومەر بوو ، چونکە عومەریش خاوەنی چێژێکی ئەدەبیی و شارەزایەکی چاکی زمانی عەرەبیی بوو ، تا ئەوەبوو بەلاغەتی قورئان کەمەندکێشی کرد .

ئیمام ئەحمەد لە (المسند) دا لە عومەرەوە ڕیوایەتی کردووە کە فەرموویە : بەر لەوەی موسڵمان ببم لە ماڵ هاتمە دەرەوە تا ڕێ بە پێغەمبەری خوا ﷺ بگرم ، ئەبینم پێشم کەوتووە و تەشریفی بردۆتە مزگەوت (کەعبە) و ، لە دوایەوە وەستام و ، ئەویش دەستی بە خوێندنی سوورەتی (الحاقــة) کرد و ، منیش سەرم لە دانانی قورئان سوڕ ئەما !! (لە دڵی خۆمدا) وتم : شاعیرە ، وەك قوڕەیش ئەیوت . کەچیی پێغەمبەر ﷺ ئەمەی خوێند :

---

[١٨٥] الرحيق المختوم : ١٠٢ ، السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٣٥١ _ ٣٥٢ .

﴿ إِنَّهُۥ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ ۝٤٠ وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَاعِرٍ ۚ قَلِيلًا مَّا تُؤْمِنُونَ ۝٤١ ﴾ .
وتم : كاهینه ، ئەوەی لە دڵمدا بوو زانیی .. كەچیی فەرمووی :
﴿ وَلَا بِقَوْلِ كَاهِنٍ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ۝٤٢ ﴾ هەتا گەیشتە كۆتایی سوورەتەكە .
عومەر ئەفەرموێ : بە تەواویی ئیسلام كەوتە دڵمەوە .[١٨٦]

هەروەها هەندێ ریوایەت باس لەوە ئەكەن كە رۆژێكیان عومەر دێت بۆ لای هاوەڵانی تا پێكەوە دانیشن ، كەچیی كەسیانی دەست ناكەوێ ، ئەفەرموێ : با بچم بۆ لای فلانە عەرەق فرۆش بەشكو عەرەقی بەلاوە هەبێ و بیخۆمەوە ، كەچیی بەلایەوە نابێ . پاشان ئەفەرموێ : با بچم بۆ كەعبە و حەوت جار طەوافی كەعبە بكەم . كە رۆیشت بۆ طەواف كردن ، ئەبینێ وا پێغەمبەری خوا ﷺ لەوێ وەستاوە و نوێژ ئەكات . ئەفەرموێ : با ئەمشەو گوێ لە موحەممەد بگرم بزانم چیی ئەڵێت . چوو لە پشتی پەردەی كەعبەوە خۆی حەشار دا و ، لە پشت پەردەكەوە ئەهات بەرێوە تا لەلای قیبلەوە نزیكی پێغەمبەر ﷺ كەوتەوە و ، تەنها پەردەكەی كەعبە داپۆشیی بوو .

ئەفەرموێ : كاتێك كە قورئانم بیست دڵم نەرم بوو و ، دەستم بە گریان كرد و موسڵمان بووم . هەروا لە شوێنی خۆمدا وەستام هەتا پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژەكەی تەواو كرد و ، تەشریفی برد .[١٨٧]

هەروەها شێوەیەكی تری موسڵمانبوونی عومەر لە پێشەوەی ئەم كتێبەدا باس كراوە ..

دەربارەی ساڵی موسڵمانبوونی عومەر ، ریوایەتەكان جیاوازییان هەیە ، ئیبن ئیسحاق ئەڵێ : دوای كۆچی یەكەم بۆ حەبەشە موسڵمان بووە ، بەم پێیە ساڵی پێنجەمی وەحییە .. وتراویشە لە مانگی ذولحەجەی ساڵی شەشەمدا بووە .[١٨٨]

كاتێك كە عومەر موسڵمان بوو ، فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئایا ئێمە ئەگەر بمرین و ، گەر بمێنین لەسەر حەق نین ؟ فەرمووی : ((بلی ، والذي نفسي بيده إنكم على الحق إن متم ، وإن حييتم)) . فەرمووی : بەڵێ ، بەو خوایەی

---

١٨٦ السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٣٥٢ ، نقلاً عن تفسير إبن كثير والبغوي .

١٨٧ السيرة النبوية لإبن هشام : ١ / ٣٤٧ .

١٨٨ السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٣٥١ . شایانی باسە كە عومەر بە سێ رۆژ دوای موسڵمان بوونی حەمزە موسڵمان بووە . (الرحيق : ١٠٦) .

گیانـمی به دەستە ئێوە ئەگەر بـمرن و ، گەر بـمێنن ، لەسەر حەقن . منیش وتم: دەی ئیتر شاردنەوەی بۆ چی‌یە ، ئەی پێغەمبەری خوا ، بۆچ دینەکەمان بشارینەوە کە ئێمە لەسەر حەقین و ، ئەوان لەسەر ناحەقن ؟! فـەرمووی : ((یا عمر إنا قلیل ، قد رأیت ما لقینا)) . فـەرمووی : عومەر ئێمە کەمین ، خـۆ دیـت چـیمان بەسـەر هات .

عومەر فەرمووی : بەو خوایەی حەقی پێتا رەوانە کردووە هەر کۆڕێك بۆ کـوفر تیایا دانیشتبم ، ئەبێ بۆ ئیمانیش تیایا دابنیشم .

پاشان پێغەمبەر ﷺ و موسڵمانەکان بە دوو ریز هاتنە دەرەوە کـە عومـەر لـە ریزێکیان‌دا و ، حەمزەش لە ریزەکەی تردا بوون ، هەتا گەیشتنە مزگەوتی حـەرام و قوڕەیشیش سەیری ئەکردن و ، بە جارێ پشتی شکا بوو . ئەو رۆژە پێغەمبـەری خوا ﷺ عومەری ناو نا (الفاروق) چونکە حەق و ناحەقی لێك جوێ کردنەوە ..

ئەگێڕنەوە کە کاتێ عومەر موسڵمان ئەبێ پێغەمبەری خوا ﷺ (الله أکبر) بـە دەنگێکی وەها بەرز ئەفەرموێت کە ئەو هاوەڵانەی کە لە دەوربەری کەعبەدا بوون زانی‌یان کە عومەر موسـڵمان بـووە ، دوای ئـەویش موسـڵمانەکان یـەکجار (الله أکبر) یان دووبارە کردەوە و هـەموو دانیشـتوانی مەککـە زانی‌یـان کـە عومـەر موسڵمان بووە .

بە موسڵمانبوونی عومەر خـوا لێـی رازیـی بـێ موسـڵمانەکان و دینەکـەیان پایەدار بوون ، بە رادەیـەك کـە ئـیتر هـاوەڵان نەئەترسـان و ئـەیان‌تـوانیی بێنـە کەعبەوە و بە دەوری‌دا طەواف بکەن و ، نوێژی تیا بکەن .

ئیمام بوخاریی لە صەحیحەکەی‌دا لە ئیبن مەسعوودەوە ریوایـەتی کـردووە کـە وتوویە : لەو رۆژەوە کە عومەری کوڕی خەططاب موسڵمان بوو ئێمەش سـەربەرز و بە عیززەت بووین .

هەروەها زیادی بەککائییش لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعوودەوە ریوایەتی کردووە کە وتوویە : موسڵمانبوونی عومەر فەتح و ، کۆچ کردنی سەرکەوتن و ، بوونی بە ئەمیر رەحمەت بوو ، ئێمە (ی موسڵمانە لاوازەکان) نـەمان ئـەوێرا لـە کەعبـەدا نوێژ بکەین هەتا عومەر موسڵمان بوو ، جا کە ئەو موسڵمان بوو چوو بـە گـژیانا هەتا ماوەیان دا ئەویش و ئێمەش لە کەعبەدا نوێژ بکەین .[189]

[189] السیرة النبویة لأبـي شهبة : ١ / ٣٥٦ .

کەعومەر موسڵمان‌بوو ، بیری کردەوە کێ لە هەموان زیاتر لەناو دانیشتوانی مەککەدا دژایەتیی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەکات ، سەرنجی دا ئەبوجەهل یەکەم کەسێکی داخ لە دڵە .. ئەفەرموێ : کە ڕۆژم لێ بوویەوە هاتم تەقەم لە دەرگاکەی دا ، ئەفەرموێ : ئەبوجەهل هاتە دەرەوە لام و وتی : یاخوا بەخێر بێیت خوشکەزام [١٩٠] ، بۆچی هاتوویت ؟ فەرمووی : هاتووم تا هەواڵت بدەمێ کە من ئیمانم بە خوا و بە موحەممەدی پێغەمبەری هێناوە و ، تەصدیقی ئەوەشم کردووە کە هێناویەتی . ئەفەرموێ : دەرگاکەی لە ڕووم‌دا داخست و وتی : خوا خۆیشت و ئەوەش کە هێناوتە بەخێر نەهێنێ . [١٩١]

هەروەها ئیبن جەوزیی ئەوەی باس کردووە کە عومەر خوا لێی ڕازیی بێ فەرموویە : هەر پیاوێك کە موسڵمان ئەبوو چەند پیاوێك دوای ئەکەوتن و ، دەستیان بە لێدانی ئەکرد و ئەویش لەوانی ئەدا .. منیش کە موسڵمان بووم هاتم بۆ لای خاڵم ، کە عاص ی کوڕی هاشم بووە ، ئاگادارم کرد کە موسڵمان بووم ، ئەویش یەکسەر چووە ژوورەوە .. [١٩٢]

ئیبن ئیسحاقیش لە ئیبن عومەرەوە خوا لێیان ڕازیی بێ تەخریجی کردووە کە وتوویە : کاتێ کە عومەر خوا لێی ڕازیی بێ موسڵمان بوو فەرمووی : چ قوڕەیشی‌یەك لە هەموو کەس زیاتر قسە ئەگەیەنێت ؟ پێیان وت : جەمیلی کوڕی مەعمەری جومەحیی . چوو بۆ لای . عەبدوڵڵا ئەڵێت : من کە منداڵێکی وەها بووم کە هەرچیم بدیایە لێی تێ ئەگەیشتم ، شوێن باوکم کەوتم تا بزانم چیی ئەکات ، هات تا گەیشتە لای و پێی فەرموو : ئەی جەمیل ! ئایا زانیوتە من موسڵمان بووم و چوومەتە سەر دینی موحەممەد ﷺ ؟ ئەڵێ : دە بەخوا ! لێی دووبارە نەکردەوە ، خێرا هەستا و عەباکەی بەدوای خۆیدا ڕائەکێشا و عومەریش بەدوایدا و ، منیش بەدوای عومەردا ، هەتا گەیشتە دەرگای مزگەوت و بە هەموو هێزێکیەوە هاواری کرد : ئەی کۆمەڵی قوڕەیش ! ـ قوڕەیشیش بە دەوری کەعبەدا کۆڕیان بەستبوو ـ کوڕی خەططاب لە دین وەرگەڕاوە . ئەڵێ :

---

[١٩٠] دایکی عومەر ، کە حەنتەمەی کچی هاشمی کوڕی موغیرە بووە ، ئامۆزای ئەبوجەهلی کوڕی هیشامی کوڕی موغیرە بووە ، نەك خوشکی بێت ، وەك ئیبن ئیسحاق لە (السيرة النبوية : ١ / ٣٥٠) دا دەری بڕیوە . بەلام لەناو عەرەب‌دا ئامۆزاش بە خوشك و کوڕیشی بە خوشکەزا ناو ئەبەن .

[١٩١] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٣٥٧ والرحيق المختوم : ١٠٥ .

[١٩٢] الرحيق المختوم : ١٠٥ .

عومەریش لە دوایەوە ئەیفەرموو : درۆ ئەکات ، من موسـڵمان بووم و شاهێدییم داوە کە جگە لە زاتی (الله) هیچ خوایەکی تر نیە و ، موحەممەدیش پێغەمبـەری خوایە . بە جارێ بۆی هەڵسانەوە و دەستیان بە لێدانی یەکتریی کـرد هـەتا خـۆر گەیشتە سەر سەریان . ئەڵێ : عومەر ماندوو بوو و دانیشت و ، ئەوانیش هاتنـە سەر سەری و ، ئەویش ئەیفەرموو : چیتان پێخۆشـە بیکـەن ، سـوێند بـە خـوا ئەخۆم ! ئەگەر سێصەد پیاو ببوینایە ئەوا یا مەککەمان بۆتان چۆڵ ئەکرد ، یـان ئێوە بۆ ئێمەتان چۆڵ ئەکرد . (هەر وایش بوو ، سوپای بەدر کـە لـە سێصـەد و ئەوەندە پیاو پێك هاتبوو سوپای قورەیشی دا بە زەوییدا) .

ئەڵێ : کاتێك کە لەم هەڵوێستەدا بوون ریش سپییەکی قورەیشیی ، کە دەستە بەرگێکی یەمەنیی و کراسێکی خەت خەتی لەبـەردا بـوو هـات و ، لـە سـەریان وەستا و وتی : ئەوە چیتانە ؟ وتیان : عومەر لە دین وەرگەڕاوە . وتی : بەسـیە ! پیاوێك کارێکی بۆ خۆی هەڵ بژاردووە ، چیتان ئەوێ لێی ؟ ئایا نەوەی عەدیی لەم خزمەیان دەست بەردار ئەبن و بـەرگریی لێ ناکـەن ؟ واز لـە پیاوەکـە بـهێنن . ئـەڵێ : دە بەخوا ! ئەت وت کراسن و لەبەری داماڵران . عـەبـدوڵڵا ئـەڵێ : دوای ئەوەی کە باوکم کۆچی بۆ مەدینە کرد پێم وت : بابەگیان ! ئەو پیاوە کێ بوو کـە ئەو رۆژەی موسڵمان بووبووی لە مەککە ئـەو خەڵکـەی لێ دوور خسـتیتەوە، کـە خەریك بوون لێیان ئەدایت ؟ فـەرمووی : کـوڕم ! ئـەوە عـاص ی کـوڕی وائیلـی سەهمیی بوو ..

وهذا إسناد جيد قوي ، كذا في البداية (٣ / ٨٢) .

بوخارییش (١ / ٥٤٥) لە ئیبن عومەرەوە خوا لێیان رازیی بێ ریوایەت ئـەکات کە وتوویە : لە کاتێكدا کە عومەر لەماڵەوە بـوو و ئەترسا ، عـاص ی کـوڕی وائیلی سەهمیی ، باوکی عەمر ، کە دەستە بەرگێکی یەمـەنیی و کراسـێکی بـە ئاوریشم دەورەگیراوی لەبەردا بوون ، کە لە نەوەی سەهمی هاوپـەیمانی سـەردەمی نەفامییمان بوو ، پێی وت : ئەوە چیتە ؟ عومەر فـەرمووی : قەومەکـەت وایـان گەیاندووە کە لەسەر ئەوەی موسڵمان بووم ئەمکوژن . وتی : کەس بۆی نیە دەستت بۆ بەرێ . دوای ئەوەی کە وای وت ترسم نەما . عاص لە ماڵ دەرچـوو و تووشـی خەڵکـەکە هات کە پڕ بە پڕی چەمەکە ئەبوون ، وتـی : نیـازی کوێتـان هەیـە ؟

وتیان : ئەو کوڕی خەططابەمان ئەوێ کە لە دین وەرگەڕاوە . وتی : کەس بۆی نیە دەستی بۆ بەرێ . ئیتر خەڵکەکە گەڕانەوە .[١٩٣]

سێهەم : نووسراوە ستەم کارانەکە

ئەبوطالیب لە فڕوفێڵی قورەیش ئەترسا .. موحەممەدی برازای کۆڵ نادات و، قورەیشیش لەسەر بەرگریی لە دینی خۆیان سوورن . بەڵێ حەمزە و عومەر و هی تریش موسڵمان بوون ، ئەی ئەگەر بتپەرستێك هەلی بە دەست هێنا و دەستێکی لە موحەممەدی برازای وەشاند ، ئەو کاتە چیی ئەکرێت ؟ بە تایبەت دوای ئەوەی کە قورەیش ئامادە بوون عیمارەی کوڕی وەلیدی بدەنێ و ئەویش موحەممەدیان بداتێ و بیکوژن .. کەواتە کوشتنیان بە لاوە ئاسایی‌یە ..

ئەبوطالیب پێکابووی .. لە ڕاستییش‌دا لەسەر کوشتنی پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئاشکرا خۆیان یەكلایی کردبوویەوە . هەتا قورئانی پیرۆزیش ئاماژە بەو بڕیارەیان ئەدا کە نیازی کوشتنی خۆشەویستیان ﷺ کردبوو ، کە ئەفەرموێ :

﴿ أَمْ أَبْرَمُوٓاْ أَمْرًا فَإِنَّا مُبْرِمُونَ ﴿٧٩﴾ ﴾ (الزخرف : ٧٩) .

ئەبوطالیب وای بە چاك زانیی تەگبیرێك بۆ موحەممەدی برازای بکات ، تا کار لە کار نەترازاوە و قورەیش دەستێکیان لێ نەوەشاندووە . بۆ ئەمە خزمەکانی لە نەوەی هاشم و نەوەی موطەللیبی جووتە کوڕی عەبدمەنافی کۆکردنەوە و[١٩٤] ، داوای لێ کردن کە موحەممەدی خزمیان بپارێزن . پیاوانی هەردوو نەوەکە ، بە موسڵمان و بە کافریانەوە بە گوێیان کرد و بەڵێنیان دا کە بیپارێزن جگە لە ئەبولەهەب ، لێیان جوێ بوویەوە و ، پاڵی دا بە قورەیشەوە ..[١٩٥]

قورەیش سەرنجیان دا کە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوون دان و ، دوای موسڵمانبوونی حەمزە و عومەریش خوا لێیان ڕازیی بێ ، موسڵمانەکان یەکجار ورەیان بەرز بۆتەوە و ، ئەوانەشیان کە کۆچیان کرد بۆ حەبەشە ڕێیان لە وڵاتێکی پڕ لە ئەمن و ئەمان و پادشایەکی دادپەروەر کەوت ،

---

[١٩٣] شرح حياة الصحابة : ١ /٤٧٠ ، السيرة النبوية لأبي شهبة : ١/ ٣٥٧ _ ٣٥٨ ، الرحيق المختوم : ١٠٥ .

[١٩٤] لە پێشەوە باسمان کرد کە عەبدمەناف چوار کوڕی هەبوون کە دوانەکەی تریان عەبدشەمس و نەوفەل بوون . بەڵام نەوەی موطەللیب زیاتر دۆستی نەوەی هاشم بوون .

[١٩٥] السيرة النبوية لإبن هشام : ١ / ٢٦٩ .

کە بە جوانیی بەخێرهاتنیان لێ کرا و ڕێزیان لێ گیرا و ، وا ئیسلام لەناو هۆزەکان دا پەرە ئەسێنێ .

بۆ ئەمە بە یەك دەنگیی بڕیاریان هاتە سەر ئەوە کە موحەممەدی ئازیز ﷺ بکوژن ، بەڵام کە دیان وا ئەبوطالیب نەوەی هاشم و نەوەی موطەللیبی یەك پێ گرتن تا بە دڵ و بە گیان بەرگریی لێ بکەن ، دەستیان لە کوشتنی سارد بوویەوە ، چونکە ئەگەر ئەوان موحەممەد بکوژن ئەوا خزمەکانی کە بەڵێنیان بە ئەبوطالیب داوە ئەوەندەیان لێ ئەکوژنەوە کە شیوی مەککە بە خوێن پڕ ببێتەوە ، هەر لەوانەیە ڕیشەیان دەربهێنین .. بۆیە کەوتنە بیرکردنەوە تا کارێکی تر ئەنجام بدەن کە وەك کوشتن تاوانبار نەبن ، بەڵام پشتی موسڵمانەکان و دینەکەیان بشکێنێ .

بۆ ئەمە لە شیوی موحەصصەب کۆبوونەوە و بڕیاریان دا و سوێندیان خوارد کە دژی نەوەی هاشم و نەوەی موطەللیب بووەستن ، بەوەی کە نە ژن و ژنخوازییان لەگەڵدا بکەن ، نە کڕیین و فرۆشتن ، نە هەڵس و کەوت ، نە تێکەڵاوییان نەکەن و ، نەچنە ماڵیان و ، قسەیان لەگەڵدا نەکەن هەتا پێغەمبەری خوایان ﷺ بدەن بە دەستەوە تا بیکوژن . ئەمەیان لە شێوەی بەڵگەنامەیەکدا نووسیی کە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ نەوەی هاشمدا ڕێك نەکەون و ، بەزەییان پیایانا نەیەتەوە ، هەتا پێغەمبەری خوا ﷺ تەسلیم نەکەن . ئەم نووسراوە بە دەستی بەغیضی کوڕی عامیری کوڕی هاشم نووسرا و ، پێغەمبەری خواش ﷺ دوعای لێ کرد و دەستی وشك بوو . قوڕەیش بۆ ئەوەی ئەم بڕیارەیان سەر بگرێ و کەس نەوێرێ لە دژی بوەستێ لەناو کەعبەدا هەڵیان واسیی ، ئەمەش لە سەرەتای مانگی موحەڕڕەمی ساڵی حەوتەمی پێغەمبەرایەتییدا ، کە هەر لەو شەوەدا نەوەی هاشم و نەوەی موطەللیب ، بە ئیماندار و بە کافریانەوە ـ جگە لە ئەبولەهەب ـ جیا بوونەوە و لە شیوی ئەبوطالیب دا بەند کران و لە دانیشترانی مەککە دابڕان .[١٩٦]

دابڕان و گەمارووی قوڕەیش بۆ موسڵمانەکان درێژەی کێشا ، بە ڕادەیەك کە خۆراك و کەل و پەلیان لێ بڕا ، چونکە هەر خۆراکێك ئەهاتە ناو شاری مەککەوە، خێرا بتپەرستە دەوڵەمەندەکان تەکانیان ئەدا و ئەیانکڕیی .. موسڵمانەکان بە یەکجاریی تەنگیان پێ هەڵ چنرا ، بە ڕادەیەك کە ناچار بوون پەنا بەرنە بەر

---

[١٩٦] الرحيق المختوم : ١١٠ والسيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٣٥٩ .

خواردنی گەڵا و پێستە و ، لەو دیوی شیوەکەوە دەنگی ژنان و منداڵانیان ئەهات کە لە برسانا ئەکرووزانەوە .. ئیتر مەگەر سا شتێکیان بە نهێنیی پێ بگەیشتایە و ، تەنها لە مانگەکانی حەرامدا مەگەر لە شیوەکە دەرچوونایە بۆ شت کڕین .. جاری وایش ئەبوو کە کاروانێك لە دوورەوە ئەهات ، هەوڵیان ئەدا بەر لەوەی بگاتە ناو شاری مەککە دەستیان بی‌گاتێ و شتێکی لێ بکڕن ، بەڵام هەرکام لە خاوەنانی کاروانەکە ئەگەر خەڵکی مەککە بوایە ، کەل و پەلەکەی لەسەر موسڵمانەکان ئەوەندە گران ئەکرد تا توانایان نەبێت بی‌کڕن ..[١٩٧]

ماوەی دوو سێ ساڵ بەم شێوەیە مانەوە ، هەتا بە تەواویی تەنگیان پێ هەڵ چنرا ، چونکە مەگەر لە خزمێکەوە شتێکیان پێ بگەیشتایە ..

یەکێك لەوانەی کە دەستی یارمەتیی بۆیان درێژ ئەکرد حەکیمی کوڕی حەزام بوو کە برازای خاتوو خەدیجە بوو خوا لێی رازیی بێ ، هەروەها هیشامی کوڕی عەمری عامرییش یارمەتیی ئەدان کە لە هەمووان زیاتر دەستگرۆیی نەوەی هاشمی ئەکرد ، چونکە لە دایکیەوە برازای نەضلەی کوڕی هاشمی کوڕی عەبد مەناف بوو . بەم بۆنەوە هیشام سیلەی رەحمی لەگەڵ نەوەی هاشمدا بە جێ ئەهێنا و یارمەتیی ئەدان . ئەمیش خۆی خاوەنی پایە و پلە بوو لەناو خزمەکانیدا .. هەموو جارێك بە شەودا وشترێکی لە خۆراك بار ئەکرد و ئەی هێنایە دەمی ئەو شیوەی کە نەوەی هاشم و نەوەی موطەللیبی تێدا گەماروو درابوون ، کە ئەگەیشتە دەمی شیوەکە رەشووی وشترەکەی دائەماڵی و ، ئەیدا بە لاتەنیشتی وشترەکەدا ، تا بە خۆراکەکەوە بەرەو شیوەکە دەرچێ و گەنم و دانەوێڵەکە بگاتە دەست خزمەکانی .

ئەوەبوو جارێکیشیان حەکیمی کوڕی حەزام لەگەڵ غولامێکیدا کە گەنمی دابوو بە کۆڵیا هات و ئەیویست بی‌با بۆ خەدیجەی پووری ، خوا لێیان رازیی بێ ، کە ئەویش لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ لە شیوەکەدا بوو . لەو کاتەدا حەکیم تووشی ئەبوجەهل هات و کەوتە دوایان و ، ئەیوت : ئەوە ئەتەوێ خۆراك بەری بۆ نەوەی هاشم ؟! بەخوا ناهێڵم بە خۆت و خۆراکەکەتەوە لە شوێنی خۆتا بجووڵێی هەتا لە مەککەدا ئابڕووت ئەبەم . خوای گەورە وای رێك خست لەو کاتەدا ئەبولبوختەریی کوڕی هیشامی کوڕی حاریثی کوڕی ئەسەد هات و لە ئەبوجەهلی پرسیی : ئەوە

---

[١٩٧] الرحيق المختوم : ١١١ .

چیتانه ؟! وتی : خواردەمەنیی ئەبا بۆ نەوەی هاشم !! ئەبولبوختەریی پێی وت : ئەوە خواردەمەنییەکی پووری بووە بەلایەوە داوای کردووە کە بۆی بنێرێت ، ئایا قەدەغەی ئەکەی خواردەمەنیی خۆیشی بۆ بنێرێت ؟ ڕێی کابرا بەر دە . ئەبوجەهل کۆڵی نەدا هەتا دەستیان دایە یەخەی یەکتریی .. ئەوەبوو ئەبولبوختەریی دەستی دایە ئێسقانی چەناگەی وشترێك و دای بە سەری ئەبوجەهل دا و شکاندی و ، بە توندییش دای بە زەوییدا و ، حەمزەی کوڕی عەبدلموطەللیب یش لەو نزیکانەدا وەستا بوو و چاویشی لێ بوو و ، ئەوانیش پێیان ناخۆش بوو ئەم هەواڵەیان بە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی بگات و ، دەست بەسەر دڵیانا بهێنن . لەگەڵ ئەم بارودۆخەشدا پێغەمبەری خوا ﷺ وچانی بۆ نەبوو ، بە شەو و بە ڕۆژ ، خزمەکانی و قەومەکەی ، بە نهێنیی و بە ئاشکرا ، بێئەوەی لە کەس بترسێ ، بانگ ئەکردن بۆ لای خوا .[198]

لەم بارودۆخە نالەبارەدا موسڵمانەکان ئەژیان .. نەك تەنها موسڵمانەکان ، بەڵکو ئەوانەی نەوەی هاشم و موطەللیبیش کە موسڵمان نەبووبوون و لەسەر کوفر مابوونەوە ، لەگەڵ خزمە موسڵمانەکانیان ئەو برسێتیی و نارەحەتییەیان چەشت . جا نەك هەر موسڵمانەکان کۆڵیان نەدا و پەشیمان نەبوونەوە ، بەڵکو ئەوانەش کە موسڵمان نەبووبوون و ، لەبەر خزمایەتیی پشتگیریی پێغەمبەریان ئەکرد ، ئەوانەش مەردانە شانیان دایە ژێر مەینەت و ، نە کۆڵیان دا و ، نە تەسلیمی قوڕەیش بوونەوە .. ئەمە ئەوپەڕی جوامێرییە کە کابرا موسڵمانیش نەبووبێ و ، ئەوە هەڵوێستی پیاوانەی بێت ..

ئەمڕۆ ئێمەی موسڵمان ژمارەمان زۆرە ، بەڵام پیاوی وەك کافرانی نەوەی هاشم و موطەللیبمان یەکجار کەمە ، چ جای وەك موسڵمانان .

ئەبوطالیبی ریش سپیی ، نەك هەر دامەزراو و کۆڵنەدەر بوو ، بەڵکو هەمیشە لە خەمی پێغەمبەری خوادا بوو ﷺ . ئەترسا شەو بێنە سەری و بیکوژن .. بۆیە کە خەڵکیی بیانویستایە بخەون ، فەرمانی ئەدا کە پێغەمبەر ﷺ لەسەر نوێنی خۆی بخەوێ ، تا ئەوەی نیازی خراپی ببوایە چاوی لێ بوایە ، پاشان کە خەڵك ئەخەوت ، فەرمانی ئەدا یەکێك لە کوڕەکانی ، یان براکانی ، یان ئامۆزاکانی

---

[198] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٣٦٠ .

بچن لەسەر نوێنەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ بخەوێ و ، ئەویش بچێت لەسەر نوێنەکەی ئەو کەسەیان بخەوێ .[١٩٩]

چوارەم : گەڕانەوەی کۆچ کەرانی حەبەشە

ئەوەبوو دوای دەرچوونی کۆچکەران بەرەو حەبەشە ، حەمزە و عومەر خوا لێیان ڕازیی بێ موسڵمان بوون .. تای ترازووی موسڵمانەکان سەنگین بوو .. دینی ئیسلام چووە قۆناغێکی بەهێزترەوە .. ئەوەبوو موسڵمانەکان ـ وەك لە پێشەوە باس کرا ـ بەبێ ترس ئەچوونە کەعبەوە و نوێژیان بەجێ ئەهێنا .. تۆ بڵێی جۆرە کرانەوەیەك لە نێوان موسڵمانەکان و قورەیشدا پەیدا بوو ، کەچیی زۆری نەخایاند .. قورەیش سەرنجی دا ئەم هێور بوونەوەیە ئەبێتە مایەی زۆربوونی ئیمان داران و پەرەسەندنی دینەکەیان ، بۆیە قورەیش چاوی پەڕینە تەوقەسەری و ، وەك جاران دەستی دایەوە سزادان و نارەحەت کردنی ئیمان داران .

جا ئەو ڕێك کەوتن و ئاشتی‌یە کاتی‌یە بووە دەنگ و باسێکی گەورە و گەیشتە لای کۆچ کەرانی حەبەشە .. ئەوانیش خۆیان بە بۆنەی غەریبیی و دووری‌یان لە نیشتمانەوە لە خوایەکیان ئەویست هەلیان بۆ هەڵ کەوێ و بگەڕێنەوە . لە لایەکی تریشەوە ئاژاوەیەك دژی نەجاشیی پادشای حەبەشە بەرپا بوو کە خەریك بوو لە ناوی بەرن . جا موسڵمانەکان لەوە ئەترسان ئەم پادشایە ، کە دۆستی ئەوانە و ڕێزیان لێ ئەگرێ ، بە دەستی نەیارانی لەناو بچێ و ، پادشایەك بێتە جێی کە بەو چاوەوە تەماشای ئەمان نەکات و شوێنیان پێ لێژ ببێ ، یان دەریان بکات .

بە بۆنەی ئەم خاڵانەی سەرەوە ئەو غەریبانەی وڵاتی حەبەشە وایان بە چاك زانیی کە بگەڕێنەوە بۆ مەککە . بەڵام کە گەیشتن بۆیان دەرکەوت کە ئەوەی لەوێ بیستبوویان وا نەبوو و ، قورەیش لە جاران زیاتر ئازاری ئیمان‌داران ئەدات . ئەوەبوو هەندێکیان بە نهێنیی چوونە مەککەوە و ، هەندێکیشیان لە پەنای هەندێ خزمیاندا چوونە ناو شارەوە و ، هەندێکی تریشیان چۆن هاتبۆوە وەهاش بە دوای خۆیدا گەڕایەوە بۆ حەبەشە . ئەم گەڕانەوەیە ، یان لە مانگی شەووالی ساڵی پێنجەم ، یان لە ساڵی شەشەمی هاتنی وەحی‌دا بوو .

---

[١٩٩] الرحيق المختوم : ١١١ .

جا یەکێ لەوانەی کە قورەیشی‌یەکان پەنایان دا عوثمانی کوڕی مەظعوون بوو خوا لێی رازیی بێ ، بەلام کە دیتی وا ئیمان‌داران لەبەر بێ‌کەسی‌یان سزا ئەدرێن ، ئەویش پەناکەی گێڕایەوە بۆ وەلید ، وەك لە پێشەوە بە درێژە باس کراوە .

یەکێکی تر لەوانەی کە پەنای درا ئەبوسەلەمەی کوڕی عەبدولئەسەد بوو خوا لێی رازیی بێ . ئەوەبوو چووە پەنای ئەبوطالیبی خالێەوە . کۆمەلێ لە خزمانی باوکی لە نەوەی مەخزووم ئەم پەنادانەی ئەبوطالیبیان پێ ناخۆش بوو ، بۆیە چوونە سەری و وتیان : ئەبوطالیب ! تۆ موحەممەدی برازاتت خستۆتە پەنای خۆتەوە و ئەی‌پارێزی ، ئەی چیت داوە لەم خزمەی ئێمە لێمانی ئەپارێزی؟ وتی: ئەو خوشکەزامە و داوای پەنای لێ کردووم ، جا ئەگەر خوشکەزاکەم نەپارێزم ئەوا برازاکەشم ناپارێزم . لەو کاتەدا ئەبولەهەب ئامادە بوو ، کە قسەی پیاوانی نەوەی مەخزوومی بیست ـ ئەگەرچیی دۆستی ئەوان و دوژمنی موسلمانان بوو ـ زۆر تووڕە بوو و وتی : ئەی کۆمەلی قورەیش ! بەخوا دەست‌درێژیی زۆر ئەکەنە سەر ریش سپی‌یەکە ، واتە ئەبوطالیب ، هەروا خەریکن لە نێوان خزمەکانیا تەپ ئەکوتنە سەری !! بەخوا یان دەست کۆتا ئەبن لێی ، یان ئەبینە پالپشتی هەتا بە ئاواتی خۆی بگات !! وتیان : باوکی عوتبە ! هەر شتێك تۆ پێت ناخۆش بێ وازی لێ دێنین . لەبەر ئەوەی کە ئەبولەهەب دۆست و کۆمەکی ئەوان بوو دژی پێغەمبەری خوا ﷺ پێیان خۆش نەبوو دلی بشکێنن . کە ئەبوطالیب ئەمەی لە ئەبولەهەبی برای بیست کەوتە تەماعی ئەوەوە کە بەشکو دلی نەرم بووبێت و ، ئەویش ببێتە کۆمەك و پارێزگاریی پێغەمبەری خوا ﷺ . بۆ ئەمە قەصیدەیەکی بۆ ئەبولەهەب هۆنی‌یەوە کە تیایا هەلی ئەنا تا کۆمەکیی لێ بکا و ، ببێتە پارێزگار بۆ پێغەمبەر ، کە ئەمە سەرەتاکەیەتی :

إنَّ امرءاً أبوعتيبة عمه   لفي روضة ما إن يسام الْمَظالما

بەلام لەگەل ئەمەش‌دا دلی ئەبولەهەب نەرم نەبوو و ، بە داوای برا گەورە ریش سپی‌یەکەیەوە نەهات و ، بە دوای سەرگەردانیی قورەیش‌دا رۆیشت .[٢٠٠]

پێنجەم : کۆچی دووهەمی حەبەشە

لە پێشەوە باسی ئەوە کرا کە دەنگ و باسێکی هەلە بە موسلمانە کۆچ کردووەکان بۆ حەبەشە گەیشت و وایان زانیی قورەیش کۆلیان داوە لە دژایەتی

[٢٠٠] السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٣٦٠ ـ ٣٦٣ .

ئیسلام ، بۆیە گەڕانەوە مەککە و هەندێکیان چوونەوە ناو شار . کە سەیریان کرد موسڵمانان لە جاران زیاتر چەوساوە و بەستەزمانن و ، قوڕەیش بە هیچ شێوەیەك بەزەیی پیایانا نایەتەوە ، بڕیاریان دا جارێکی تر کۆچ بکەنەوە بۆ حەبەشە . ئەم جارە ژمارەیەکی زیاتر لە جاری یەکەم خۆیان ئامادەی کۆچ کردن کرد . جا ئەگەر عەمماریان لەگەڵ چووبێت ئەوا ژمارەی پیاوە کۆچ کەرەکان هەشتا و سێ پیاو بووە و ، ئەگەر عەممار کۆچی نەکردبێ هەشتا و دوو پیاو بوون و ، ژمارەی ئافرەتانیش هەژدە ئافرەت بوون کە یانزەیان قوڕەیشیی و ، حەوتیشیان غەیرە قوڕەیشیی بوون ، ئەمە جگە لەو منداڵانەی کە لە گەڵیان چوو بوون و ، پاشان ئەوانەش کە لەوێ لە دایك بوون ..

ئەمانەش ناوی هەندێك لەو هاوەڵانەی کە بۆ جاری دووهەم کۆچیان کردووە بۆ حەبەشە :

جەعفەری کوڕی ئەبوطالیب و ، ئەسمائی کچی عومەیسی هاوسەری و ، عەبدوڵڵای کوڕیان کە لەوێ لە دایك بوو ..[٢٠١]

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود و ، میقدادی کوڕی عەمر کە بە (إبن الأسود) ناسراوە و ، عامیری کوڕی ئەبووەققاص و، خونەیسی کوڕی حوذافەی سەهمیی و ، هیشامی کوڕی عاصی کوڕی وائیلی سەهمیی و ، سەکرانی کوڕی عەمر و ، سەودەی کچی زەمعەی هاوسەری و ، ئەبوعوبەیدە عامیری کوڕی عەبدوڵڵای جەڕڕاح و ، عوبەیدوڵڵای کوڕی جەحش و ، ئوم حەبیبە ڕەملەی کچی ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب کە هاوسەری عوبەیدوڵڵا بوو . لەوێ عوبەیدوڵڵا سەرگەردان بوو ، لە دین وەرگەڕا و بوو بە گاور و دەستی بە عەرەق خواردنەوە کرد هەتا مرد و ، هاوسەرەکەی خوا لێی ڕازیی بێ بێوەژن کەوت ، دوور لە کەس و کار و دوور لە نیشتمان . لەبەر ڕەزامەندیی خوا دانی بە خۆیدا گرت . کە عیددەی تەواو بوو پێغەمبەری خوا ﷺ نەجاشیی ئاگادار کرد تا مارەی بکات بۆی . ئەویش لە پێغەمبەری مارە بڕیی و چوارصەد دیناری کردە مارەیی ، بەمە بووە یەکێ لە دایکانی ئیمانداران و ، موسڵمانەکان بە وێنەی دایکی خۆیان

---

[٢٠١] لەوە ئەچێ منداڵەکانی جەعفەر لە حەبەشە لە دایك بوو بن ، چونکە لە ساڵی حەوتەمی کۆچییدا دوای خەیبەر ئەگەڕێتەوە و ، جەعفەر خوا لێی ڕازیی بێ لە جەنگی موئتەدا ، لە ساڵی هەشتەمدا شەهید ئەبێ !

ڕێزیان لێ ئەگرت . بە ڕاستیی کارێکی زۆر پیاوانە بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ دڵی ئەو ئافرەتە لێقەوماوەی دایەوە .[٢٠٢]

ئیبن ئیسحاق ناوی کۆچکەرانی هەموو نووسیوە ، خوێنەری ئازیز ئەتوانێ سەرنجی (السيرة النبوية : ١/٣٢٢ ـ ٣٣٠) بدات .

بەڵام لە هەندێ سەرچاوەدا ، وەك ئیبن ئیسحاق و ئەبونوعەیم و بەیهەقیی ، وا هاتووە کە ئەبوموووساش کۆچی بۆ حەبەشە کردووە ، بەڵام وا نیە ، بەڵکو ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە ئەبوموسا لەگەڵ کەسانی تردا سواری کەشتیی بووە بەو نیازەی بگاتە مەککە ، کەچیی کەشتی‌یەکە گەیاندوویەتیە حەبەشە .

بوخاریی لە صەحیحەکەیدا لە ئەبوموووسای ئەشعەری‌یەوە ڕیوایەتی کردووە کە وتوویە : ئاشکرابوونی پێغەمبەرمان ﷺ بەرگوێ کەوت ، بۆیە سواری کەشتی‌یەك بووین و ، ئێمەی گەیاندە لای نەجاشیی لە حەبەشە . لەوێ تووشی جەعفەری کوڕی ئەبوطالیب هاتین و ، لای ئەو ماینەوە تا ئەو کاتەی کە گەڕاینەوە . ئەوەبوو بە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ گەیشتین ، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە خەیبەری فەتح کردبوو . پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ((لكم أهل السفينة هجرتان)) . فەرمووی : ئەی سواربووانی کەشتی‌یەکە ئێوە دوو کۆچتان بۆ ئەنووسرێن .[٢٠٣] هەر بەم شێوە موسلیمیش ڕیوایەتی کردووە .

کاتێك کە قوڕەیش لەم کۆچە ئاگادار بوون بڕیاریان دا نەهێڵن سەر بگرێ ، بەڵام موسڵمانەکان گورج و گۆڵتر بوون و ، خوای گەورە سەفەرەکەی بۆ ئاسان کردن و ، بەر لەوەی قوڕەیش بیانگەنێ ، خۆیان گەیاندەوە حەبەشە لای نەجاشیی .[٢٠٤]

کە موسڵمانەکان بە سەلامەتیی گەیشتنە حەبەشە و ، نەجاشیی ڕێزی لێ گرتن ، تا بۆ خۆیان بەبێ ترس خواپەرستیی ئەنجام بدەن ، قوڕەیش کەوتنە تەگبیری ئەوەی کە دوو پیاوی بەهێز و لێهاتوو ، بە چەندین دیاریی ناوچەی مەککەوە ڕەوانەی لای نەجاشیی بکەن ، بەڵکو پادشا ڕازیی بکەن و موسڵمانەکان

---

[٢٠٢] لە زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەردا ژیان نامەی ئوم حەبیبە بە درێژە باس کراوە .
[٢٠٣] مەبەست لەوەیە کە لە یەمەنەوە بۆ حەبەشە کۆچێك و ، لە حەبەشەشەوە بۆ مەدینە کۆچێکیان کردووە . السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٣٧٥ ـ ٣٧٦ .
[٢٠٤] الرحيق المختوم : ٩٤ .

دەر بکات . لە هەموو شتێ زیاتر پێستەی مەککە بۆ دیاریی چاك بوو ، بۆیە چەند پێستەیەکیان بۆ پادشا کۆکردەوە و ، یەك بە یەکی فەرماندە گەورەکانیشی دیارییان بۆ دانان ..

بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بە جوانیی رایان هاتە سەر ئەوەی کە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبورەبیعە و ، عەمری کوڕی عاص بنێرن بە دوایانا . جا ئامۆژگارییان کردن کە لە پێشەوە دیاریی فەرماندەکان بگەیەنن و داوایان لێ بکەن کە لەلای پادشادا پشتیان بگرن ، دوای ئەوە دیارییەکانی پادشا بگەیەنن و دەربارەی هەڵاتووان بیدوێنن ، خۆ ئەگەر پێیان کرا با داوا لە پادشا بکەن یەکسەر بیان گێڕێتەوە ، نەك بانگیان بکا و گوێیان لێ رابگرێ .

هەردووکیان بەرەو حەبەشە کەوتنە رێ .. کە گەیشتن پێش هەموو شتێك دڵی فەرماندەکانیان خۆش کرد و دیارییەکانیان پێشکەش کردن و ، یەك بە یەکیشیان تێ گەیاند کە : چەند سەفیهـ و تێنەگەیشتوویەکمان هاتوونەتە حەبەشە و ، وازیان لە دینی کەس و کاریان هێناوە و ، نەشهاتوونەتە سەر دینەکەی ئێوە . جا خزمەکانمان ئێمەیان ناردووە تا پادشا ئەوانەیان بۆ رەوانە بکاتەوە . جا ئەگەر ئێمە دەربارەی ئەوان پادشامان دواند ، ئێوە ئاماژەی بۆ بکەن تا قسەیان لەگەڵ نەکات و یەکسەر بیانداتەوە دەستمان .

پاشان دیارییەکانیان پێشکەش بە نەجاشیی کرد و خۆشەویستترین دیاریی بە لای پادشاوە پێستە بوو ، بەڵام مووسای کوڕی عوقبە لە کتێبی (المغازي) دا باسی ئەوەی کردووە کە ئەسپێك و جبەیەکی ئاوریشمیان بە دیاریی بۆ هێناوە .

وتیان : ئەی پادشا ! چەند گەنجێکی سەرلێشێواومان وازیان لە دینی خزمەکانیان هێناوە و ، نەشهاتوونەتە سەر دینەکەی تۆ ، بەڵکو دینێکی تازەیان داهێناوە کە ئێمە شارەزاییمان لێی نیە و ، ئیستە هاتوونەتە وڵاتی ئێوە . جا کەس وکاریان : باوك و ، مامە و ، خزمەکانیان ئێمەیان ناردۆتە خزمەتتان تا بیانگێڕیتەوە لایان ، چونکە ئەوان چاکتر شارەزان لەو دینەی کە بە شوورەییان لە قەڵەم داوە و لەسەری عیتابیان لێ گرتوون . فەرمانده‌کان (بەتریکەکان) وتیان : ئەی پادشامان ! راست ئەکەن ، خزمەکانیان چاکتر ئەیانناسن ، کەواتە بیاندەرەوە دەستیان .

نەجاشیی توورە بوو و ، پاشان وتی : نا ، بەخوا ! نایانگێڕمەوە هەتا بانگیان بکەم و بیاندوێنم ، تا بزانم دەنگ و باسیان چی‌یە ؟ کۆمەڵە خەڵکێك پەنایان هێناوەتە وڵاتەکەی من و ، پەنای منیان لە هەموو پەنایەك بە چاکتر زانیوە ، ئەگەر وا بوون کە ئێوە ئەیڵێن تەسلیمیان ئەکەمەوە و ، ئەیان گێڕمەوە بۆ ناو خزمەکانیان . گەر واش نەبوون لە دەستی ئەوان ئەیانپارێزم و تا دراوسێیەتیی منیان بوێت ، منیش بە چاکیی لەگەڵیان ئەجووڵێمەوە !!

پاشان نەجاشیی ناردی بە دوای هاوەڵانی پێغەمبەری خوادا ﷺ . کە نێرراوی پادشا هاتە لایان ، بە یەکتریان وت : کە چووینە لای پادشا چیی وەڵام ئەدەنەوە ؟ وتیان : بەخوا پادشا هەر کەس بێ ، ئەوەی پێ ئەڵێین کە ئەیزانین و ، پێغەمبەرەکەمان ﷺ فەرمانی پێ داوین ..

کاتێك کە هاتن بۆ دیوانی پادشا ، ئەبینن وا پادشا ئوسقوفەکانی خۆی (زاناکان) کۆکردوونەتەوە دەوری خۆی و ئینجیلەکانیان کردوونەتەوە .

پادشا پرسیاری لە موسڵمانەکان کرد : ئەم دینەتان چی‌یە وا وازتان لە دینی خزمەکانتان هێناوە ، کە نە هاتوونەتە سەر دینەکەی من و ، نە هاتووشنەتە سەر دینی هیچ کام لەم میللەتانە ؟!

لە جیاتیی هەموویان سەردارمان جەعفەری کوڕی ئەبوطالیب خوا لێی ڕازیی بێ هاتە قسە و وتی : ئەی پادشا ! ئێمە قەومێکی نەفام بووین ، کە بتمان ئەپەرست و ، مردارەوەبوومان ئەخوارد و ، داوێنپیسییمان ئەکرد و ، ڕەحم بڕییمان ئەکرد و ، لەگەڵ دراوسێدا خراپ بووین و ، بەهێزمان لاوازمانی ئەخوارد ..

ئەمە حاڵی ئێمە بوو هەتا خوای گەورە لەناو خۆماندا پێغەمبەرێکی بۆ ناردین کە پشت و نەسەبی ئەناسین و ، ئاگاداری ڕاستگۆیی و ، دەست پاکیی و ، پاك‌داوێنیی ئەوین . ئەویش ئێمەی بۆ لای خوا بانگ کرد تا بە تاك و تەنیای بزانین و ، بی‌پەرستین و ، واز لە پەرستنی ئەو بتانە بهێنین کە بە خۆمان و باوباپیرانمانەوە ئەمانپەرستن .. فەرمانی بە سەرماندا دا کە ڕاستگۆ بین و ، ئەمانەت بپارێزین و ، سیلەی ڕەحم بەجێ بهێنین و ، بۆ دراوسێ چاك بین و ، لە شتی حەرام و خوێن‌ڕشتن دەست کۆتا بین . لە داوێن‌پیسیی و ، وتنی ناهەق و ، خواردنی ماڵ و سامانی هەتیو و ، بۆختان‌کردن بۆ ئافرەتی پاك‌داوێن دوورە

پەرێزیی لیّ کردین .. فەرمانی بە سەرمان دا کە خوا بە تاك و تەنیا بپەرستین و ، هیچ شتێك نەکەینە هاوەڵی و ، نوێژ جیّبەجیّ بکەین و زەکات بدەین ... (هەموو فەرمانەکانی ئیسلامی بۆ هەڵ دا) ئێمەش تەصدیقمان کرد و ، ئیمانمان پیّ هێنا و ، بۆ گوێڕایەڵیی ئەوەی کە لە لایەن خواوە هێنابووی شوێنی کەوتین .. خوامان بە تاك و تەنیا و بیّشەریك پەرست و ، هەرچیی کە لە سەرمانی حەرام کردبوو حەرامان کرد و ، هەرچیشی حەلاڵ کرد بوو حەلاڵمان کرد. بۆ ئەمە خزمەکانمان هەڵمەتیان دایە سەرمان .. سزا و ئازاریان داین .. هەوڵیان دا لە دینەکەمان وەرمان گێڕنەوە بۆ سەر بتپەرستیی ، تا ئەو شتە پیسانەی کە لەوەوبەر بە لامانەوە حەلاڵ بوون بە حەلاڵیان بزانین . جا کە زۆریان بۆمان هێنا و، ستەمیان لێمان کرد و ، تەنگیان پێمان هەڵ چنی و ، بوونە کۆسپ بۆ جیّبەجیّ کردنی دینەکەمان ، هاتووین بۆ وڵاتی بەڕێزتان و ، لەناو هەموانا تۆمان هەڵ بژاردووە و ، حەزمان لە پەنای تۆ بووە و ، هیوامان وەها بووە کە لە پەنای ئێوەدا ستەممان لیّ نەکریّ ، پادشا !!

نەجاشیی وتی : ئایا لەوەی کە پێغەمبەرەکەتان لەلایەن خواوە هێناویەتی هیچت لەبەرە ؟

جەعفەر وتی : بەڵیّ .

نەجاشیی وتی : دەی بۆم بخوێنە .

جەعفەر دەستی بە خوێندنی سەرەتای سوورەتی (مریم) کرد .. نەجاشیی ئەوەندە گریا هەتا ریشی بە فرمێسك خووسا .. قەشەکانیش بە بۆنەی بیستنی ئەو قورئانەوە کە بەسەریاندا خوێنرا ، ئەوەندە گریان هەتا ریشیان بە فرمێسك خووسا .. دوای ئەوە نەجاشیی وتی : ئەمە و ئەوەی کە عیسا هێناویەتی لە یەك سەرچاوەوە هاتوون .. بڕۆنەوە (بە عەمر و عەبدوڵلا) ، بەخوا نایان دەمەوە دەستتان و ، ناشمەویّ هیچ کەس دژایەتیيان بکات .

کاتێك نەجاشیی دەستی بە رووی عەمر و عەبدوڵلاوە نا و ، بە نائومێدیی چوونە دەرەوە ، عەمری کوڕی عاص وتی : بەخوا سبەینیّ دێمەوە و شتی وەهای بەلاوە ئەڵێم رەگ و ریشەیان لە بنا دەربێنێت . عەبدوڵلای کوڕی ئەبوڕەبیعە وتی: شتی وا نەکەی ، ئەوانە هەر خزمن ، ئەگەرچیی لە ئێمەش لایان دابیّ . وتی : بەخوا هەواڵی ئەدەمیّ کە وەهای ئەگەیەنن عیسای کوڕی مەریەم بەندەیە .

بۆ بەیانیی چوویەوە لای پاشا و وتی : پادشا ! ئەوانە دەربارەی عیسای کوڕی مەریەم قسەیەکی گەورە ئەکەن . پادشا ناردی بە دوایانا تا پرسیاریان لیّ بکا بزانیّ چیی ئەڵێن . کاتێك کە نێرراوی پادشا هاتە لایان ، بە یەکتریان وت : ئەگەر دەربارەی عیسای کوڕی مەریەم پرسیاری لێتان کرد ، چیی وەڵام ئەدەنەوە ؟ وتیان : بەخوا ! ئەوەی لە بارەوە ئەڵێین کە خوای گەورە فەرموویە و پێغەمبەرەکەمان بۆی هێناوین ، چیی ئەبیّ با ببیّ !!

راستوتن .. دامەزراویی ئیمان .. پشتبەستن بە خوا .. نەترسان لە هەڵوێستی ناسكدا .. کۆڵنەدان .. یەكڕیزیی .. داوای کۆمەکیی و یارمەتیی تەنها لە خوا .. ئەمانە و هەموو سیفەتێکی تری جوان رەوشتی پەروەردەکراوانی قورئانە !!

ئەمەیە دەرمانی چاككردنی مرۆڤ ..

هاتنەوە کۆشکی پادشا و چوونە ژوورەوە لای .. پادشا پرسیاری لیّ کردن : دەربارەی عیسای کوڕی مەریەم چیی ئەڵێن ؟

جەعفەر وەڵامی دایەوە : ئەوە ئەڵێین کە پێغەمبەرەکەمان ﷺ بۆمانی هێناوە . ئەڵێین : بەندە و ، پێغەمبەر و ، روح و ، فەرمایشتی خوایە کە پێشکەشی مەریەمی پاكداوێنی کرد ..

نەجاشیی دەستی دا بە زەوییدا و ، چیلکەیەکی لە زەوییەکەدا هەڵ گرت و، وتی : بەخوا دینی عیسای کوڕی مەریەمیش ئەوەندەی ئەم چیلکەیە لەوەی کە تۆ وتت نەترازاوە !!

فەرماندەکان ، کە لە دەوری پادشادا بوون کە ئەمەیان لە پادشا بیست ، لەبەر نارەزایی پرخەیەکیان کرد .. پادشاش رووی لە فەرماندەکان کرد و ، وتی : بەخوا وایە ، ئەگەرچیی ئێوەش بپرخێنن ..

روویشی کردە موسڵمانەکان و وتی : برۆن لە خاکی مندا ئەمین بن . هەر کەس قسەتان پیّ بڵیّ باجی ئەخەم ، (سیّجار) پێم خۆش نیە ئەوەندەی چیایەك زێرم هەبیّ و ئازاری پیاوێکتان بدەم .

روویشی کردە ئەوانەی دەوروبەری : دیارییەکانیان بۆ بگێڕنەوە ، پێویستییم پێیان نییە . بەم شێوەیە بە سەرشۆڕیی لای پاشا دەرچوون و ، موسڵمانەکانیش لەلای نەجاشیی بەوپەڕی رێزەوە مانەوە ، تا ئەوەبوو هەندێکیان پێش کۆچ کردن

بۆ مەدینە گەڕانەوە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەککە و ، هەندێکیشیان مانەوە تا دوای فەتحی خەیبەر و لەساڵی حەوتەمی کۆچیی‌دا گەڕانەوە مەدینە .

لەم چیرۆکەی کۆچ کردن دا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە هەر کەس بە ئیخلاصەوە شوێن دینی خوا بکەوێ و ، لەگەڵ خوادا ڕاست بکات ، خوای گەورەش ڕاستی بۆ دێنێتە پێش و ، هەر سەری ئەخا و ، چاودێریی ئەکات و ، لە تەنگانەش‌دا دەرووی لێ ئەکاتەوە و ، ئەشی‌کاتە پێشەنگ بۆ موسڵمانانی دوای خۆی تا بە چاوی خۆیان دەستی پڕ قودرەتی خوا ببینن و ، ئەوانیش لە ڕۆژانی سەخت‌دا دان بە خۆیان‌دا بگرن و ، لەسەر ڕاستیی کوڵ نەدەن و ، نەش‌هێڵن دینی پاك دەستکاریی بکرێ و ، هەوا و ئارەزووی ڕۆزگاری تێکەڵ بکرێت .. کورتەکەی بە پاکیی لەسەر دینی خوا دامەزراو بن و باکیان نەبێ هەرچیی دێتە پێشیان !

کۆچ‌کردنی ئیمان‌داران بۆ حەبەشە مایەی فەڕ و بەرەکەت بوو بۆ نەجاشیی پادشایش ، چونکە بە بۆنەی ئەوانەوە ئەویش هیدایەتی وەرگرت و شایەتمانی حەقی هێنا و ، بڕوای بە پێغەمبەری خوا ﷺ هێنا کە پێغەمبەری ئاخرزەمانە ، ئەگەرچیی موسڵمان‌بوونەکەی لە دەستە و تاقمەی دەوری شاردەوە ، چونکە هەستی کرد کە ئەوان سەرگەردانن و ، مێشکیان لەسەر بیروباوەڕی پڕوپووچ بەستوویەتی و ، بەو ئاسانی‌یە حەق نابینن .

لە صەحیحی بوخاریی و موسلیم‌دا لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازیی بێ ریوایەت کراوە کە وتوویە : لەو ڕۆژەدا کە نەجاشیی کۆچی دوایی کرد پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی دا کە مردووە و ، موسڵمانەکانی لە شار دەرکرد و چوون بۆ (مُصَلَّی) و ، (بۆ بەجێ هێنانی نوێژی مردوو) چوار (الله اکبر) ی فەرموو . واتە نوێژی غائیبی لەسەر نەجاشیی کرد ..

هەروەها ریوایەت کراوە کە ناوی ئەصحەمە بووە . بوخاریی لە جابیرەوە خوا لێی ڕازیی بێ ریوایەتی کردووە کە وتوویە : کاتێ کە نەجاشیی کۆچی دوایی کرد پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((ماتَ اليومُ رجلٌ صالِحٌ ، فَقُومُوا فَصَلُّوا عَلَى أَخِيكُم أَصحَمَة)) .

فەرمووی : ئەمڕۆ پیاوچاکێك کۆچی دوایی کردووە ، دە هەستن نوێژ لەسەر ئەصحەمەی براتان بکەن .

ئەمە لە چەند هاوەڵێکەوە گێڕراوەتەوە .[٢٠٥]

بە بۆنەی ئەم نوێژەوە جومهووری فەقیهەکانی ئیسلام رایان هاتۆتە سەر ئەوە کە نوێژی مردووی غائب دروستە و ، بۆتە کارێکی شەرعیی و تا قیامەت کاری پێ ئەکرێ ..[٢٠٦]

شەشەم : کۆچ کردنی ئەبوبەکر

ئەبوبەکریش خوا لێی رازیی بێ لەسەر ئیمانهێنانی و ، لەسەر ئەوەی کە لە سەری پێغەمبەری خوای ﷺ ئەکردەوە ، تووشیی ئازار و نارەحەتیی هات ، بە رادەیەك کە ناچار بوو بەدوای موسڵمانە کۆچکەرەکاندا ئەویش کۆچ بکا بۆ حەبەشە ..

کە گەیشتە شوێنێك پێی ئەوترا (برك الغماد) تووشی (ئیبنوددوغوننە) ی سەرداری هۆزی (قارە) بوو و ئەویش لێی پرسیی : نیازی کوێت هەیە ، ئەبوبەکر ؟

فەرمووی : خزمەکانم دەریان پەڕاندم و ئەمەوێ بڕۆم بە وڵاتدا تا بتوانم پەروەردگارم بپەرستم .

وتی : پیاوی وەك تۆ ـ ئەبوبەکر! ـ نابێ دەرچێت و نابێ دەریش بکرێت !! پیاوی وەك تۆ کە دەست گرۆیی بێنەوا ئەکەیت و ، سیلەی رەحم بەجێ ئەهێنی و ، یارمەتیی بارگران و دەستکورت ئەدەیت و ، میوانداریی ئەکەیت و ، فریای لێقەوماو ئەکەویت .. من پەنات ئەدەم .. وەرە بگەڕێرەوە لە وڵاتی خۆتدا خواپەرستیی خۆت بکە .

ئەبوبەکر لەگەڵیا گەڕایەوە و دانیشتەوە ..

(إبن الدغنة) بەسەر پیاوماقووڵانی قورەیشدا گەڕا و پێی وتن : پیاوی وەك ئەبوبەکر نابێ دەرچێت و نابێ دەریش بکرێت ، ئایا ئێوە پیاوێکی وەها دەرئەکەن کە : دەست گرۆیی بێنەوا ئەکات و ، سیلەی رەحم بەجێ ئەهێنێ و ، یارمەتیی بارگران و دەستکورت ئەدات و ، میوانداریی ئەکات و ، فریای لێقەوماو ئەکەوێت ؟

---

[٢٠٥] البداية والنهاية : ٣ / ٧٧ وانظر صحيح البخاري ومسلم ـ كتاب الجنائز .

[٢٠٦] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٣٧٥ ـ ٣٨٠ .

قوڕەیشی‌یەکان بۆ ئـەوەی پەناکـەی (إبـن الدغنـة) وەربگـرن ، وتیـان : بـە ئەبوبەکر بڵێ با لە ماڵی خۆی‌دا بۆ خۆی خواپەرستیی بکـا و چـەندی پـێ خۆشـە نوێژ بکا و قورئان بخوێنێ . نەك بە ئاشکرا بەجێ‌یان بهێنێ و ئێمـەیان پـێ ئـازار بدات ، چونکە ئێمە لەوە ئەترسین مـاڵ و منداڵمـان لـە دیـن وەربگێـڕێ . (إبـن الدغنة) ئـەوەی بـە ئەبوبـەکر گەیانـد و ئـەویش ماوەیـەك لـە ماڵـەوە نوێـژ و خواپەرستیی بەجێ ئەهێنا و لە هیچ شوێنێکی تر نە نوێژی ئەکرد و نـە قورئـانی ئەخوێند .

دوای ماوەیەك وای بە چاك زانیی لـە پـەنای دیـواری ماڵەکـەی‌دا مزگـەوتێك دروست بکات و بۆ خۆی خواپەرستیی تـێ‌دا بکـات . جـا چـونکە خـاوەنی دڵ و دەروونێکی پاك و ناسك بوو ، هەر کە قورئانی بخوێندایە خۆی پێ نەئـەگیرا ، بـە خوڕ فرمێسك لە چاوی جۆگەلەیان ئەبەست و ، ژن و منـاڵی بت‌پەرستەکانیش لـە دەوری جـەمیان ئەخـــوارد و ، بـەوپـــەڕی سـەرســـامی‌یەوە سـەرنجی خواناسـی ڕاستەقینەی ڕەوشت بەرزیان ئەدا و ، ئەم واتایانە ئەکەوتنە مێشکیانەوە :

ناسینی خوا بە تاك و تەنیا و دەست بەرداربوونی بتەکان ..

شەرم و تەقوا و گریان لەبەردەم خوای گەورەدا ..

پاك کردنەوەی دڵ و دەروون بە خواپەرستیی ..

زاخاودانی مێشك بە نهێنی‌یەکانی ئیمان و قورئان . دیارە ئەمانەش لەو بـار و دۆخەدا و لەو غەریبیی و نامۆیەدا پیاوی تەواو بەهێزیان ئەویست ..

بت‌پەرستەکان هاواریان بردەوە بەر (إبن الدغنة) تا سەرێکی مەککە بدات . کە هات پێیان وت : ئێمە بە پەنادانی تۆ ئەبوبـەکرمان پـەنا دا . بـەو مەرجـەی بچێ لە ماڵەکەی خـۆی‌دا خواپەرستیی بکـات . کەچیی وا لـە پـەنای دیـواری ماڵەکەی‌دا مزگەوتێکی دروسـت کـردووە و بـە ئاشـکرا نوێـژی تـێ‌دا ئـەکات و قورئانی تێ‌دا ئەخوێنێ و ، ئێمەش ئەترسین ژن و منداڵـەکانمان بخەڵـەتێنێ . بۆیـە ئەمانەوێ ئەوەی لێ قەدەغە بکەیت .. ئەگەر پێی خۆشە بـا لـە مـاڵی خـۆی‌دا خواپەرستیی بکات و ، ئەگەر وا ناکات و بە ئاشکرا بە جێی ئـەهێنێ ، داوای لێ بکە با پەناکەت بۆ بگێڕێتەوە ، چـونکە ئێمـە لامـان جـوان نـەبوو پـەیمانی تـۆ بشکێنین و لە هەمان کاتیش‌دا ئێمە ماوەی ئـەوە نـادەین ئەبوبـەکر بـە ئاشـکرا خواپەرستیی بکات . (إبن الدغنـة) هـات بـۆ لای ئەبوبـەکر و پێـی وت : خـۆ

ئەزانیت و لە یادتە من چ بەڵێن و پەیمانێکم پێ دایت ، جا یا بەو شێوە بکە ، یان پەناکەم بۆ بگێڕەرەوە ، چونکە من پێم ناخۆشە عەرەبەکان دەنگ و باسی ئەوەم ببیستن کە من پەنایەکم داوە ، کەچیی شکێنراوە .

مێشکی نەفامیی و خۆپەرستیی و لە خۆبایی بوون هەر وایە ، لەبەر ئەوەی خۆیان بە خاوەن دەسەڵات ئەزانن ئەیانەوێ ئیماندارەکە بە پرس و رای ئەوان خواپەرستیی بکات .. ئەبێ ئەوان نەخشەی بۆ بکێشن ..

هەمیشە هەروا ئەبێ ، هەتا ئیماندار پابەندی هەل و مەرجی خوانەناسان بێت ، ئەوا ناتوانێ بە گوێرەی ئایەتی ﴿ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ ۝ ﴾ رەفتار بکات ..

چونکە ئەبێ لەگەڵیان رێك بکەوێ لەسەر ئەوەی کە رۆژێ خواکانی ئەوان بپەرسترێن و ، رۆژێکیش خواکەی ئەم شەریکی بۆ بڕیار بدرێت .

ئەبێ پیرۆزبایی لە بیدعە و بت پەرستیی‌یان بکرێت ..

ئەبوبەکر خێرا سەرنجی دا پەنای (إبن الدغنة) واتە زەوت کردنی سەربەستیی بیروباوەڕەکەی .. واتە : بێ‌ئیمان نەخشەی خواپەرستیی بۆ بکێشێ .. بێ‌ئیمان ماوەی بدا و رەزامەندیی بنوێنێ خوا بپەرستێ !! دیارە هەر کاتێکیش ویستی لەسەر نەبوو ئەو مافەی لێ وەرئەگرێتەوە .

بۆیە بڕیاری دا پەناکەی (إبن الدغنة) بگێڕێتەوە و بچێتە پەنای خوای گەورەوە .

بڕیاری دا خەریکی خزمەتی ئیسان و قورئان بێت و بە هیچ شێوەیەك بۆ هیچ بێ‌ئیمانێك مل کەچ نەکات .. ئەو ئەیەوێ خواپەرستیی بکات ، بە پلەی یەکەمیش مەبەست پێی سەرفرازیی قیامەتە ، دەی کێ بەمە نارازیی‌یە ، با چیی لە دەست دێ درێغیی نەکات ، چونکە کاری ئیماندار لە دەستی بەهێزی قەدەری خوادایە .

جارێکی تر (إبن الدغنة) رووی کردەوە کۆمەڵی قورەیش و پێی راگەیاندن وا ئەبوبەکر پەناکەی بۆ گێڕاوەتەوە ، ئەوە خۆیان و ئەوە ئەبوبەکری هاوماڵیان ..

دوای ئەوە نەفامێکی قورەیشیی تووشی ئەبوبەکر بوو کە بەرەو کەعبە ئەچوو، مشتێك خۆڵی هەڵگرت و بە تەوقەسەری ئەبوبەکری‌دا کرد ..

لەسەر چیی ؟

لەسەر ئەوەی خواپەرستیی ئەکات .

تاوانی چی‌یە ؟

چونکە وازی لە بت‌پەرستیی هێناوە .

ئەمڕۆش لە سەرانسەری زەویی‌دا موسڵمانان بەو شێوەیە ئەچەوسێنرێنەوە .

لەو کاتەدا پیاوماقووڵێکی قورەیشیی ـ کە وەلیدی کوڕی موغیرە ، یان عاصی کوڕی وائیل بووە ـ دای بەلای ئەبوبەکردا کە پێی فەرموو : نابینی ئەو نەفامە چیی ئەکات ؟ وتی : خۆت وات بە خۆت کردووە .

کە خوانەناسیی باڵی بەسەر هەر شوێنێکدا کێشا ، ئەوا هەرگیز بە تەما نەبی داد و یەکسانیی تیّدا دەست بکەویّ .. بۆیە ئەبوبەکر لە داخی ئەو بیّتازی‌یەی لە وڵاتی خۆیدا و لەناو کەس وکاری خۆیدا ، پەنای بردە بەر مناجاتێك لەگەڵ پەروەردگاریدا کە چەندە خاوەنی حیلمە ، کە ئەیفەرموو : (أي ربِّ ما أحلَمَكَ) . سیّ جار .

لێرەدا ئەوەشمان بۆ دەرئەکەویّ کە ئەبوبەکر قورئانی ئەوەندە بە تام و بە چێژەوە خوێندووە خەڵکی گەڕەکەکە بە گەورە و بچووکەوە سەرسام بوون و ، ئەوانیش ئەوەندە قورئان لەسەر دڵ و دەروونیان کاریگەر بووە ، پیاوەکان ترساون لە موسڵمان‌بوونی ژن و منداڵ و کەس و کاریان .

ئیمام ئەحمەد لە (المسند) دا لە صەعصەعەی کوڕی موعاویەی مامەی فرزدەقەوە ریوایەتی کردووە کە دێتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و ، ئەویش ئەم ئایەتانەی بۆ ئەخوێنێتەوە : ﴿ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ۝٧ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ۝٨ ﴾ . صەعصەعە وتی : بەسمە ، ئەگەر هیچی تریش نەبیستم باکم نیە .. واتە ئەمەم بەسە تا لە حیکمەتی هاتنی قورئان تیّ بگەم .. چاکە و خراپە تەنها یەك زەڕڕەشیان نافەوتیّ ..

هەروەها ریوایەت کراوە کە کاتێك ئەعرابی‌یەك ئەم دوو ئایەتەی سەرەوە لە دەمی پیرۆزی پێغەمبەر ﷺ ئەبیستیّ ، ئەڕوا و ئەڵێت : زەڕڕە ، زەڕڕە . پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ((لقد فقه الرجل)) . فەرمووی : کابرا لە ئیسلام تیّ گەیشت .[207]

[207] السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٣٨١ ـ ٣٨٣ ، وشرح حياة الصحابة : ١ / ٤٦٧ ـ ٤٦٩ .

لەم هەڵوێستەی ئەبوبەکردا خوا لێی رازیی بێ ، کە واز لە روخصە دێنێ و ، دەست بە عەزیمەوە ئەگرێ ، دەرسێکی گرنگمان بۆ روون ئەبێتەوە ، کە هەر کاتێ موسڵمانەکان پشت بە روخصە ببەستن و واز لە عەزیمە بهێنن ، ئەوا ئیماندارە بەغیرەتەکان دەر ناکەون و ، خۆ هەڵواسە چڵکاوخۆرەکان زمان درێژ ئەکەن و سنگ دەرئەپەڕێنن و ، خۆیان ئەبەنە پێشەوە و ، خۆیان ئەکەنە خاوەنی بانگەواز .. بەڵام بە هەڵبژاردنی عەزیمە ، پیاوم ئەوێ خۆی بخاتە بەر هێرشی زاڵمان و ، دەست لە بەرژەوەندیی دنیایی خۆی و ماڵ و منداڵی بشوات .

کاتێ کە روخصە کرایە دەستوور ، قەڵەباغ دروست ئەبێ ، بەڵام قەڵەبالغێك کە دین لاواز ئەکات .. تا بوو ئەیخۆن و ، کە نەما پاشگەز ئەبنەوە بۆ ناو کۆڕ و کۆمەڵی نەفامیی .. شایانی باسە کە هەندێك ئەم روخصە دین ڕووخێنە بە پێشکەوتن لە قەڵەم ئەدەن !!

حەوتەم : هەڵوەشاندنەوەی نووسراوە ستەمکارانەکە

نەوەی هاشم و نەوەی موطەللیب لە شیوی ئەبوطالیبدا سێ ساڵ مانەوە ، بەڵام بە تەواویی تەنگیان پێ هەڵ چنرا .. گەورە و بچووکیان برسیی بوون ، تا ئەوەبوو خوای گەورە چەند کەسانێکی لە پیاوماقووڵانی قوڕەیش رەخساند هەتا نووسراوەکەی قوڕەیش هەڵ بوەشێننەوە ، یەکەم هەنگاوی مەردانەش بۆ ئەم کارە هیشامی کوڕی عەمر[٢٠٨] نای . هیشام رۆیشت بۆ لای زوهەیری کوڕی ئەبوئومەییەی مەخزوومیی ، کە کوڕی عاتیکەی کچی عەبدولموطەللیب بوو و ، پێی وت : زوهەیر ! ئایا رازییت بەوەی کە خۆت خواردن بخۆیت و ، جل و بەرگ بپۆشیت و ، ژنومێردیی بکەی ، کەچیی خاڵوانت بەو جۆرە بن کە ئەیزانیی ؟! نە شتیان پێ بفرۆشرێ و ، نە شتیان لێ بکڕرێت و ، نە ژنیان لێ بخوازرێت و نە ژنیان پێ بدرێت . وتی : ماڵت کاول بێ هیشام ! چیی بکەم ؟ من تاقە پیاوێکم ، بەخوا ئەگەر پیاوێکی ترم لەگەڵدا بوایە ، هەڵم ئەوەشاندەوە . هیشام وتی : ئەو پیاوەم دۆزیوەتەوە . وتی : کێیە ؟ وتی : خۆمم . زوهەیر وتی : دەی سێهەممان بۆ پەیدا بکە .

[٢٠٨] هیشام کوڕی عەمری ، کوڕی حاریثی ، کوڕی حەبیبی ، کوڕی نەصری ، کوڕی مالیکی ، کوڕی حسسەلی، کوڕی عامیری ، کوڕی لوئەی ە ، کە لە دایکیەوە برازای نەضلەی کوڕی هاشم بووە . ئەم مەردە ، وەك لە پێشەوە باسمان کرد لە ماوەی سێ ساڵی دابڕانەکەدا دەستی یارمەتیی بۆ نەوەی هاشم درێژ ئەکرد .

هیشام چوو بۆ لای موطعیم ی کوڕی عەدیی و پێی وت : موطعیم ! ئایا تۆ ڕازییت دوو تیرەی نەوەی عەبدمەناف تیا بچن و ، تۆیش بە چاوەوە بیت و ، پشت گیری قوڕەیش بیت ؟ ئیتر خزمایەتیی ئەوی لەگەڵ نەوەی هاشمدا هێنایەوە بیری و هەڵی نا کۆمەکی‌یان بکات . ئەویش وتی : ماڵ کاول ، من چیی بکەم ؟ من تاقە پیاوێکم . وتی : دووهەمم بۆت دۆزیوەتەوە . وتی : کێیە ؟ وتی : خۆمم . وتی : دەی سێ‌هەممان بۆ پەیدا بکە . وتی : دۆزیومەتەوە . وتی : کێیە ؟ وتی : زوهەیری کوڕی ئەبوئومەییەیە . وتی : دەی چوارەممان بۆ پەیدا بکە . چوو بۆ لای ئەبولبوختەریی کوڕی هیشام و ، ئەوەی کە بە موطعیمی کوڕی عەدیی وت ، بەویشی وت . وتی : ماڵت کاول بێ ، جا کەسێ شك ئەبەی کە لەسەر ئەمە کۆمەکیی بکا ؟ وتی : بەڵێ ، زوهەیری کوڕی ئەبو ئومەییە و ، موطعیمی کوڕی عەدیی و ، خۆیشم . وتی : دەی پێنجەممان بۆ پەیدا بکە .

ئەوەبوو ڕۆیشت بۆ لای زەمعەی کوڕی ئەسوەدی کوڕی موطەللیبی کوڕی ئەسەد و ، باسەکەی لەگەڵ کردەوە و ، باسی خزمایەتیی و مافی نەوەی هاشیمیشی بۆ کرد . ئەویش پرسیی : ئەم کارەی کە تۆ بانگم ئەکەی بۆی کەسی تر ڕای لەسەریەتی ؟ وتی : بەڵێ . پاشان ناوی پیاوەکانی بۆ هەڵ دا ..

پێم خۆشە ئەوەش وەبیری ئازیزان بهێنمەوە کە ئەمانە هێشتا لە ژیانی نەفامیی‌دا ئەژین و ، ئیمانیان نەهێناوە ، ئاوەها خزم‌دۆست و ، خاوەن بەڵێن و ، خاوەن جوامێر بوون ، داخۆ لە دوای بە خزمەت گەیشتنی قورئان چ مەردێکیان لێ دەرچووبێ ؟!!

شوێنێك هەبوو لە ژووری مەککەوە ناوی حەجوون بوو ، بڕیاریان دا شەو لەوێ یەك بگرن . کە هەموویان گەیشتنە ئەوێ ، بە یەك دەنگیی بڕیاری کاریان دا و بەڵێنیان بە یەکتر دا کە هەتا ئەو نووسراوە ستەمکارانەیە هەڵ نەوەشێننەوە کۆڵ نەدەن .

زوهەیر وتی : من یەکەمتانم و یەکەم کەسیش قسە ئەکەم . کە ڕۆژیان لێ بوویەوە و چوون بۆ ناو کۆڕ و کۆمەڵیان ، زوهەیری کوڕی ئەبوئومەییە کە دەستە جلێکی نایابی لەبەردا بوو ، هات و حەوت جار طەوافی کەعبەی کرد ، پاشان ڕووی کردە خەڵکەکە و وتی : ئایا ئێمە خۆمان نان بخۆین و ، جل بەرگ بپۆشین و ،

نەوەی هاشمیش تیا بچن نە شتیان پێ بفرۆشرێ و، نە شتیشیان لێ بکڕرێت ؟ بەخوا دانانیشم هەتا ئەو نووسراوە ڕەحم بڕە ستەمکارانەیە نەدڕێت .

ئەبوجەهل ، لە سووچێکی مزگەوتدا بوو وتی : درۆت کرد ، بەخوا نادڕێت. زەمعەی کوڕی ئەسوەد وتی : بەخوا تۆ خۆت درۆزنی ، کاتێ کە نووسرا ڕەزامەندییمان لەسەر نووسینی نەبوو !! ئەبولبوختەریی وتی : زەمعە ڕاست ئەکا، ئەوەی تیایا نووسراوە ڕەزامەندییمان لەسەری نیە و ، دانی پیا نانێین . موطعیمی کوڕی عەدیی وتی : ئێوە هەردووکتان ڕاست ئەکەن و ، هەر کەسیش غەیری ئەوە بڵێ درۆ ئەکات . لای خوا خۆمان لە تاوانی ئەو نووسراوە و هەرچیی وا تیایا دائەماڵین . هیشامی کوڕی عەمریش شتێکی وەهای وت .

ئەبوجەهل وتی : ئەمە کارێکە شەو بڕیاری لەسەر دراوە و ، لە شوێنێکی تر ڕاوێژی لەسەر کراوە ، ئەبوطالیبیش لەلایەکی مزگەوتەوە دانیشتبوو و دەنگی نەئەکرد ..

موطعیمی کوڕی عەدیی هەستا بۆ نووسراوەکە هەتا بیدڕێنێ ، سەیری کرد جگە لە نووسراوی ((باسمك اللهم)) هەر هەموو نووسینەکە مۆرانە خواردوویەتی .

ئیبن هیشام باسی ئەوەی کردووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئەبوطالیبی فەرمووە : ((يا عَمِّ ! إنَّ اللهَ قد سَلَّطَ الأَرَضَةَ على صَحيفَةِ قُرَيشٍ ، فَلَم تَدَعْ فِيها إسماً هُو للهِ إلا أثبَتَتهُ فِيها ، وَنَفَت منها الظُّلمَ ، والقطيعَةَ وَالبُهتان)) . فەرمووی : مامەگیان ! خوای گەورە مۆرانەی ناردووە و ، جگە لە ناوی خوا هەرچیی نووسینی سەر ئەو نووسراوە هەیە لە زوڵم و ڕەحم بڕیی و بوهتان ، هەر هەمووی سڕیوەتەوە .

ئەبوطالیب پرسیی : ئایا پەروەردگارت ئەم هەواڵەی پێ داوی ؟! فەرمووی : ((نعم)) . وتی : دە بەخوا ناهێڵم کەس بچێتە کەعبەوە ، خێرا هەستا و هات بۆ لای قوڕەیش و وتی : ئەی کۆمەڵی قوڕەیش ! موحەممەدی برازام هەواڵێکی ئاوەها و ئاوەهای پێ داوم ، ئادەی وەرن بەلای نووسراوەکەتانەوە ، جا ئەگەر وابوو کە ئەو فەرموویە ، ئەوا واز لە دابڕانمان بهێنن و ، لەسەر ئەو بڕیارە دابەزن ، خۆ ئەگەر درۆزنیش بوو ئەوا برازاکەم ئەدەم بە دەستتانەوە .

خەڵکەکە وتیان : ڕازییمانە و ، لەسەر ئەوە پەیمانیان بەست .

ئەوەبوو سەیری نووسراوەکەیان کرد ، بەو شێوەیە بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووبووی ، کەچیی لە جاران خراپ‌تر بوون و ، پەیمان و بەڵێنەکەشیان لە بیرچۆوە . ئیتر هەر ئەو ڕۆژە بوو کە ئەو چەند پیاوەی قوڕەیش ئەو کارەیان کرد و نووسراوەکەیان دڕاند ..

کاتێك کە نووسراوەکە دڕێنرا ، دەربارەی ئەوانەی کە بوونە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەو نووسراوە ، ئەبوطالیب قەصیدەیەکی لە مەدحی ئەو پیاوانەدا دانا ، کە ئەمە سەرەتاکەیتی :

ألا هَل أتى بَحرِيينا صنع ربنا ‏ ‏ على نَأيهم والله بالناس أرودُ

فيخبرهم أن الصَحيفة مُزِّقت ‏ ‏ وأن كل مالم يرضه الله مفسدُ

ئەڵێ : ئایا کاری جوانی پەروەردگارمان لەسەر پشت هەڵ کردنی قوڕەیش ، گەیشتووە بە کۆچ کردووەکانمان بۆ حەبەشە ، کە خوای گەورە لە هەموو کەس زیاتر لەگەڵ خەڵکی‌دا نەرم و نیانە و ، هەواڵیان بداتێ کە نووسراوەکە دڕێنرا و ، هەر کارێکیش کە خوا ڕەزامەندیی لەسەر نەبێ فاسید و بێ‌کەڵکە .

نەك هەر ئەم موعجیزەیە ، بەڵکو قوڕەیش بە چاوی خۆیان موعجیزەی زۆریان بە پێغەمبەری خواوە ﷺ ئەدیی ، کەچیی هەر ملیان با ئەدا .. [٢٠٩]

هەشتەم : چەند موعجیزەیەك

موعجیزەکانی پێغەمبەر ﷺ ئەگەنە هەزار موعجیزە وەك لای زانایان چەسپاوە ، [٢١٠] جا لێرەدا پێمان خۆشە چەند دانەیەکیان بخەینە بەرچاوی ئازیزان .. بۆ زیاتر شارەزابوونیش خوێنەری بەڕێز ئەتوانێ سەرنجی موعجیزەکان بە درێژە بدات ، بۆ نموونە لە کتێبی (موعجیزاتی ئەحمەدیی) دا ، واتە مەکتووبی نۆزدەهەمی کتێبی (المكتوبات : ١١١ـ ٢٥٦) ، کە زیاتر لە سێ‌صەد موعجیزەی لە خۆ گرتووە . [٢١١]

أ ـ موسڵمان بوونی تەمیم ی داریی :

ئەبونوعەیم لە تەمیمی داری‌یەوە خوا لێی ڕازیی بێ تەخریجی کردووە کە وتوویە : کاتێك کە پێغەمبەر ﷺ وەحی بۆ هات من لە شام بووم . ئەوەبوو بۆ

[٢٠٩] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٣٨٤ ـ ٣٨٦ .

[٢١٠] كليات رسائل النور : ٢ / المكتوبات : ١١٤ لبديع الزمان سعيد النورسي .

[٢١١] المكتوبات : ١١١ ، موعجیزاتی ئەحمەدیی : ٥ .

ئیش و کارێکی خۆم دەرچووم و شەوم بەسەردا هات . وتم : ئەمشەو خۆم ئەخەمە پەنای گەورەی ئەم شیوەوە . ئەڵێت : کاتێك کە ڕاکشام بۆ خەوتن ، گوێم لە دەنگێك بوو بانگی ئەکرد ، بەڵام نەم‌ئەبینیی : پەنا بە خوا بگرە ، چونکە جیننیی لە حزووری خوادا ئەو بێشەرمی‌یە ناکەن و پەنای هیچ کەسێك نادەن . وتم : سوێند بە خوا ! ئەڵێیت ... وتی : پێغەمبەری ئوممی‌یەکان (عەرەب) پێغەمبەری خوا ﷺ دەرکەوتووە و ، لە حەجوون لە دوایەوە نوێژمان بە جێ هێنا و، موسڵمانبووین و شوێنی کەوتین و ، فڕوفێڵی جینن تیا چوو و ، ئەستێرەی کشاویان تێ گیرا .. بڕۆ بۆ لای موحەممەدی پێغەمبەری (رب العالمین) و موسڵمان ببە .

تەمیم ئەڵێت : کە ڕۆژم لێ بوویەوە چووم بۆ گوندی (دَیـر أَیـوب)[٢١٢] و ، لەوێ پرسیارم لە ڕاهیبێك کرد و ، هەواڵەکەم پێ دا . ڕاهیبەکە وتی : ڕاستیان پێ وتوویت . ئەو پێغەمبەرە لە حەرەمدا دەرئەکەوێت و ، لە حەرەمیشەوە کۆچ ئەکات و ، چاکترینی پێغەمبەرانە . نەکەی هیچ کەس پێشت بکەوێ بۆ لای .

تەمیم ئەڵێت : هەوڵم ئەدا بەسەر شاخ و گرددا سەربکەوم ، تا ئەوەبوو گەیشتمە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و موسڵمان بووم .كذا في البداية (٢/٣٥٠) .[٢١٣]

ب ـ شیری مەڕە نەزاوەکە :

ئیمام ئەحمەد لە ئیبن مەسعوودەوە خوا لێی ڕازیی بێ تەخریجی کردووە کە وتوویە : مەڕم بۆ عوقبەی کوڕی ئەبوموعەیط ئەلەوەڕاند و ، پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەبوبەکر خوا لێی ڕازیی بێ بەلامدا تێپەڕیان کرد و ، فەرمووی : ((یا غُلام ! هل من لبن ؟)) . فەرمووی : ڕۆڵە ! شیرت بەلاوە هەیە ؟ منیش وتم : بەڵێ ، بەڵام پێم سپێرراوە . فەرمووی : ((فهل من شاة لم ینزُ علیها الفحلُ ؟)) . فەرمووی : ئەی مەڕێکت بەلاوە نیە کە بەرانی نەگرتبێ ؟ منیش مەڕێکم بۆ هێنا و ، دەستی بە گوانیا هێنا و ، شیر هاتە خوارەوە و ، دۆشی‌یە ناو دەفرێك ، خۆی لێی خواردەوە و دەرخواردی ئەبوبەکریشی دا و ، پاشان بە گوانەکەی فەرموو :

---

[٢١٢] دەیرئەییووب : گوندێکە لە حەوران ، لە دەوروبەری دیمەشق ، ئەییووب پێغەمبەر سەلامی لێ بێ لەم گوندەدا ژیاوە و ، هەر لێرەش‌دا خوای گەورە تاقیی کردۆتەوە و ، ئەو کانیەشی تێدایە کە پێی دا لە زەویی و بە فەرمانی خوا هەڵ قوڵیی و بووە مایەی چاکبوونەوەی و ، قەبرەکەشی هەر لەوێیە . (معجم البلدان : ٢ / ٤٩٩) .

[٢١٣] شرح حیاة الصحابة : ٤ / ٣٩١ ـ ٣٩٢ .

((اقلص)) ، فەرمووی : وەرەوە یەك ، ئەویش هاتەوە یەك . عەبدوڵڵا ئەڵێت : پاشان هاتمە خزمەتی و وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ! لەم فەرمایشتەم فێر بکە (کە شیری پێ دێتە ناو گوانەوە) . ئەڵێ : دەستی بە سەرمدا هێنا و ، فەرمووی: ((یا غلام ! یرحَمُكَ اللهُ ، فإنكَ عَليمٌ مُعَلَّمٌ)) . فەرمووی : ڕۆڵەگیان ! خوای گەورە ڕەحم و سۆزی بڕژێنێ بەسەرتدا ، دوایی فێر ئەبیت . هەر بەم مانایە بەیهەقییش تەخریجی کردووە و ، تیایا ئەڵێت : منیش گیسکێکی مێچکەم بۆ هێنا و ، گرتی و ، پاشان دەستی بە گوانیا هێنا و دوعای کرد و ، ئەبوبەکریش قاپێکی بۆ هێنا و شیری دۆشی‌یە ناوی و ، دەرخواردی ئەبوبەکری دا و ، پاشان خۆیشی خواردیەوە .(كذا في البداية : ٦ / ١٠٢) .[٢١٤]

ج ـ دوعای گرانیی :

قوڕەیش زۆر نالەبار بوون ، چونکە بە چاوی خۆیان هەڵوێستی جوانی پێغەمبەر و هاوەڵانیان ئەدیی و ، ڕێكوپێکیی قورئانی پیرۆز سەرنجی هەموویانی ڕاکێشا بوو و ، لەم لاو لەو لاوە کەسانی ژیر و بەسەلیقە ئەهاتن و بە چەند ساتێکی کەم لە ڕاستگۆیی پێغەمبەری خوا ﷺ و پاکیی دینەکەی ئەگەیشتن و ئیمانیان ئەهێنا ، کەچیی قوڕەیش هەر ملەجەڕەیان ئەکرد و ، ئازاری ئیمانداران‌یان ئەدا ، تا ئەوەبوو جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ دوعای لێ کردن و ، فەرمووی : ((أللهم أعِنّي عليهم بِسَبعٍ كسبعِ يوسفَ)) . فەرمووی : خوایە یارمەتییم بدەی تا بە سەریاندا زاڵ ببم ، بەوەی کە حەوت ساڵ گرانی‌یان ، بە وێنەی حەوت ساڵە گرانی‌یەکەی یووسف پێغەمبەر سەلامی لێ بێ ، تووش بکەی. ئەوەبوو بەم دوعایە خوای گەورە یەك ساڵ گرانیی هێنا بە سەریانا کە ئەوەبوو شتی پیس و مردارەوەبوو و ئێسقانیان ئەخوارد ، هەتا هی وایان هەبوو لە برسان دا شتێکی وەك دووکەڵی لە نێوان خۆی و ئاسماندا ئەبینیی . پاشان ئەبوسوفیان لەگەڵ چەند پیاوێکی خزمی‌دا هاتنە خزمەتی و ، وتیان : ئەی موحەممەد ! تۆ وای ئەگەیەنی کە بە شێوەی ڕەحمەت ڕەوانە کراوی ، کەچیی وا خزمەکانت تیاچوون . لە خوا بپاڕێرەوە بۆیان . ئەوەبوو پێغەمبەری دڵ پڕ لە ڕەحم و شەفەقەت بۆیان پاڕایەوە و ، خوای گەورەش گرانی‌یەکەی لەسەر لابردن و ، بارانیان بۆ باریی و ، حەوت ڕۆژ لەسەر یەك بارانی زۆریان بۆ باریی ، بە ڕادەیەك

---

[٢١٤] شرح حياة الصحابة : ٤ / ٤٩٣ ـ ٤٩٤ .

که خەڵکەکە بە دەست بـارانی زۆرەوە هاواریـان لێ هەڵسـا ، پێغەمبـەریش ﷺ فەرمووی : ((أللهم ! حوالينا ولا علينا)) . فەرمووی : خوایە ! لە دەور و بـەرمانا بیبارێنە ، نەك لەسەرمان .. ئەوەبوو هەورەکە لەسەریان ڕەوییەوە و ، بـاران بـە دەوریانا بۆ خەڵکەکە باریی . خوای گـەورەش لـە قورئـاندا ئامـاژەی بـۆ ئەمـە کردووە :

﴿ فَٱرْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِي ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٍ مُّبِينٍ ۝١٠ يَغْشَى ٱلنَّاسَ ۖ هَٰذَا عَذَابٌ أَلِيمٌ ۝١١ رَّبَّنَا ٱكْشِفْ عَنَّا ٱلْعَذَابَ إِنَّا مُؤْمِنُونَ ۝١٢ أَنَّىٰ لَهُمُ ٱلذِّكْرَىٰ وَقَدْ جَآءَهُمْ رَسُولٌ مُّبِينٌ ۝١٣ ثُمَّ تَوَلَّوْا۟ عَنْهُ وَقَالُوا۟ مُعَلَّمٌ مَّجْنُونٌ ۝١٤ إِنَّا كَاشِفُوا۟ ٱلْعَذَابِ قَلِيلًا ۚ إِنَّكُمْ عَآئِدُونَ ۝١٥ ﴾ (الدخان : ١٠ ـ ١٥) .

کەچیی بت پەرستەکان گەڕانەوە سـەر گـومڕایی و کـوفری خۆیـان و ئیمانیـان نەهێنا ، خوای گەورەش هەڕەشەی گەورەتری لێ کردن :

﴿ يَوْمَ نَبْطِشُ ٱلْبَطْشَةَ ٱلْكُبْرَىٰٓ إِنَّا مُنتَقِمُونَ ۝١٦ ﴾ (الدخان : ١٦) .

ئەمەش یان هەڕەشە بوو بۆ تێك شکانیان لە جەنگی بـەدردا ، یـان هەڕەشـەی سزای قیامەت بوو .[٢١٥]

نۆهەم : جەنگی ڕۆم و فارس

پێش کۆچ کردن بۆ مەدینە جـەنگێك لـە نێـوان فـارس و ڕۆمدا ڕووی دا ، کـە ئەوەبوو فارسەکان بەسەر ڕۆمەکاندا زاڵ بوون و ، بت پەرستەکانی مەککەش بـەم سەرکەوتنە دڵ خۆش بوون ، بە بۆنەی ئـەوەوە کـە ئێرانییـەکان وەك خۆیـان بت پەرست بوون .. لە هەمان کاتدا موسڵمانەکانیش ئەو ژێرکەوتنـەی ڕۆمـەکانیان پێ ناخۆش بوو و ، ئەوەیان پێ خۆش بـوو کـە ڕۆمـەکان سـەرکەون ، بـە بۆنـەی ئەوەوە کە ئەوانیش وەك خۆیان هەڵگری دینـی ئاسمـانن و ، هـەردووکیان کتێبـی ئاسمانییان بۆ هاتووە .

بەم بۆنەوە بت پەرستەکان کە ئەکەوتنە گفت و گـۆ لەگـەڵ موسـڵمانەکاندا ، خۆشییان دەرئەبڕیی و ئەیان وت : ئێـوە خـاوەنی کتێبن و ، نەصاراش خـاوەنی کتـێبن ، ئێمـەش ئـومیین و ، بـرا هاودینـەکانی وڵاتـی فارسمـان بەسـەر بـرا هاودینەکانی ئەهلی کیتابی ئێوەدا سـەرکەوتوون . جـا ئەگـەر ئێـوەش بـێن بـە

---

[٢١٥] تفسير إبن كثير والبغوي: ٧ / ٤٢٠ ـ ٤٢١، نقلاً من السيرة النبوية لأبـي شهبة :١ / ٣٨٧ ـ ٣٨٨ .

گۆمانا ئەوا بەسەرتاندا سەر ئەکەوین .. بەم بۆنەوە خوای گەورە ئەم ئایەتانەی ناردنە خوارەوە :

﴿ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
الٓمٓ ﴿١﴾ غُلِبَتِ ٱلرُّومُ ﴿٢﴾ فِيٓ أَدْنَى ٱلْأَرْضِ وَهُم مِّنۢ بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ ﴿٣﴾ فِي بِضْعِ سِنِينَ ۗ لِلَّهِ ٱلْأَمْرُ مِن قَبْلُ وَمِنۢ بَعْدُ ۚ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿٤﴾ بِنَصْرِ ٱللَّهِ ۚ يَنصُرُ مَن يَشَآءُ ۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥﴾ وَعْدَ ٱللَّهِ ۖ لَا يُخْلِفُ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٦﴾ يَعْلَمُونَ ظَٰهِرًا مِّنَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَهُمْ عَنِ ٱلْءَاخِرَةِ هُمْ غَٰفِلُونَ ﴿٧﴾ ﴾ (الروم : ١ـ ٧) .

که ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە و ئەبوبەکری صددیق خوا لێی ڕازیی بێ لە واتاکەیان تێ گەیشت ، بۆی ڕوون بووەوە کە خوا بەڵێنی سەرکەوتنی ڕۆمەکانی داوە بۆیە کە هاتە دەرەوە ناو کافران پێی فەرموون : ئایا بە سەرکەوتنی براکانتان بەسەر براکانماندا دڵتان خۆش بووە ؟! با دڵتان خۆش نەبێ و ، خوای گەورە چاوتان ڕوون نەکاتەوە .. دە بەخوا خوا ڕۆمەکان بەسەر فارسەکاندا زاڵ ئەکات . ئەمەش هەواڵێکە پێغەمبەرمان ﷺ پێی ڕاگەیاندووین .

ئومەییەی کوڕی خەلەف بۆی هەستایەوە و ، وتی : ئەبوفەصیل ! درۆت کرد . ئەبوبەکر فەرمووی : تۆ خۆت درۆت کرد ، ئەی دوژمنی خوا ! وتی : گرەوت لەگەڵدا ئەکەم لەسەر دە وشتری بەهێزی کەم تەمەن ، ئەگەر تا ماوەی سێ ساڵ ڕۆم بەسەر فارسدا سەرکەوت ، ئەوا من ئەدۆڕێم و ، گەر فارسیش بەسەر ڕۆمدا سەرکەوت تۆ ئەدۆڕێیت . ئەمە هێشتا گرەو لە ئیسلامدا حەرام نەکرابوو .

ئەبوبەکر گەڕایەوە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و هەواڵەکەی دایە و ، ئەویش فەرمووی : ((ما هكذا ذكرت ، إنما البضع ما بين الثلاث إلى التسع ، فزايده في الخطر ومادّه في الأجل)) . فەرمووی : وام باس نەکردووە ، بەڵکو وشەی (بضع) سێ هەتا نۆ ئەگرێتەوە . بڕۆ گرەوەکەی بۆ زیاد بکە و ، ماوەکەیش درێژ بکەرەوە .

ئەبوبەکر چووە دەرەوە و تووشی ئوبەی هات و پێی وت : لەوە ئەچێ پەشیمان بیت ؟ ئەبوبەکر فەرمووی : نەخێر ، وەرە با گرەوەکەت بۆ زیاد بکەم و ،

ماوەکەشت بۆ درێژ بکەمەوە ، گرەوەکە بکە بە صەد وشتر و ماوەکەش تا نۆ سالْ . وتی باشە .

بەر لەوەی نۆ ساڵەکە تەواو بێن رۆمەکان بەسەر فارسەکاندا زاڵ بوون و ، بەمەش موسڵمانەکان زۆر دڵخۆش بوون ، وا ئەوەی کە قورئان بەڵێنی دابوو هاتە دیی و ، هەواڵدانەکەی پێغەمبەریش ﷺ بە راست دەر چوو ، بەوەی کە رۆمە خاوەن کتێبەکان بەسەر فارسە ئاگرپەرستەکان دا سەرکەوتن .

ئەم سەرکەوتنەی رۆم نەزانراوە لە چ ساڵێکدا بووە ئەوەندە هەیە کە ئەبوبەکر ئەم گرەوەی لە مەککەدا و پێش کۆچ کردن کردووە و ، دوای کۆچ کردنیش رۆمەکان سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە . جا هەندێك ئەڵێن دوای بەدر سەر کەوتوون و ، هەندێکیش ئەڵێن لە ساڵی حودەیبییەدا بووە ، بەڵام یەکەمیان راست ترە .[٢١٦]

دەهەم : ساڵی ماتەمینیی

بە دڕاندنی نووسراوە ستەمکارانەکە خەم و مەینەتیی و برسێتیی لە کۆڵ نەوەی هاشم و نەوەی موطەللیب کەوتن و ، پێغەمبەری خواش ﷺ باری سەر شانی سووك بوو و ، کاروباری مەککە وەك جاران ئاسایی بوویەوە ، بەڵام ئەوە بوو دوو رووداوی گرنگ روویان دا و ، هەردووکیشیان بوونە مایەی خەم و پەژارەیەکی زۆر بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەمانەن :

أ ـ کۆچی دوایی ئەبوطالیب :

رووداوی یەکەمیان بریتیی بوو لە کۆچی دوایی مامە و پشتیوان و کۆمەکیی پێغەمبەری خوا ﷺ ، کە ئەوە بوو ئەبوطالیب تەمەنی لە هەشتا ساڵیی تێ پەڕیی بوو و ، چەند ساڵێکیش بوو لە مەینەت و ئازاردا ئەژیا ، بە تایبەت سێ ساڵی دابڕانەکە و نووسراوە ستەمکارانەکە ، هەموو ئەمانە هێزیان لێ بڕیی بوو ، ئیتر ئەوەبوو دوای بەسەرچوونی ئابلووقە ئابووریەکەی قورەیش چەند مانگێکی کەم ژیا ، نەخۆشیی زۆری بۆ هێنا و کەوتە جێگاوە .

کە بتپەرستەکان ئەمەیان دیی ، بیریان کردەوە وا چاکە تا ئەبوطالیب نەمردووە تەگبیرێکی موحەممەدی برازای بکات ، ئەگینا گەر قورەیش ئێستە واز بە پێغەمبەری خوا ﷺ نەهێنێت و ، ئەبوطالیب ناچار نەکەن تا ماوە کۆڵ بە

---
[٢١٦] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٣٨٩ ـ ٣٩٠ .

برازاکەی بدات ، ئەوا دوای مردنی ئەبوطالیب دەست بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ بەرن لەناو عەرەبەکاندا ئابڕوویان ئەچێت .. بۆیە هاتنە سەر ئەوەی کە جارێکی تر بە ئاگاداربوونی ئەبوطالیب هەوڵ بدەن ڕێك بکەون ..

ئیبن ئیسحاق و غەیری ئەویش ئەگێڕنەوە کە : کاتێك ئەبوطالیب نەخۆش کەوت و ، قوڕەیشیش قورسیی نەخۆشی‌یەکەیان بەرگوێ کەوت ، هەندێ بە هەندێکیان وت : حەمزە و عومەر موسڵمان بوون و ، دینی موحەممەدیش لەناو هەر هەموو هۆزەکانی قوڕەیش‌دا پەرەی سەندووە . وەرن با بچین بۆ لای ئەبوطالیب تا برازاکەی دەستکۆتا بکات و ، شتێکیش لە ئێمەوە وەربگرێ و بیداتێ . چونکە ئێمە ئەترسین ئەم ریش سپی‌یە بمرێت و ، شتێکیش تووشی ئەو ببێت . ئەو کاتە لەبەر چاوی عەرەب‌دا سووك و رسوا ببین ، بەوەی کە بڵێن : وازیان لێ هێنا ، بەڵام کە مامەی مرد دەستیان بۆ برد .

پیاوماقووڵانی قوڕەیش ، بە وێنەی عوتبەی کوڕی رەبیعە و ، شەیبەی برای و، ئەبوجەهلی کوڕی هیشام و ، ئومەییەی کوڕی خەلەف و ، ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب لەگەڵ چەند پیاوماقووڵێکی تردا کە ژمارەیان ئەگەیشتە بیست و پێنج کەسێك ، خۆیان گەیاندە لای ئەبوطالیب و قسەیان لەگەڵ کرد . وتیان : ئەبوطالیب ! تۆ خۆت ئەزانیی چۆن پیاوێکی بەلامانەوە ، ئەبینی وا ئەمەشت بەسەردا هاتووە و ، ئەترسین شتێکت بەسەر بێت . ئەشزانیی شتێك لە نێوان ئێمە و برازاکەت‌دا هەیە . جا بانگی بکە و ، شتێك لە ئێمە بپچڕە بۆ ئەو و ، شتێکیش لەو بپچڕە بۆ ئێمە ، تا وازمان لێ بهێنێ و ، ئێمەش واز لەو و لە دینەکەی بهێنین .

ئەبوطالیب وتی : کوڕی برام ! ئەمانە پیاوماقووڵانی قەومەکەتن ، وا هاتوون و کۆبوونەتەوە ، تا شتێکت پێ بدەن و تۆش شتێکیان بەوان بدەی . پاشان ئەوەی کە ئەوان وتبوویان بۆی گێڕایەوە ، کە هیچ کامیان دەست بۆ هیچ لایەك نەبەن .

پێغەمبەری خوا ﷺ پێیانی فەرموو : ((أرأيتم إن أعطيتُكم كلمةً تكلمتم بها، ملكتم بها العربَ ودانت لكم بها العجمُ)) .

ئەفەرموێ : تەنها یەك وشەم لەوان ئەوێ کە بیڵێن ، ئیتر بەوە ئەبنە پادشای عەرەب و ، عەجەمیش ملیان بۆ کەچ ئەکات .

وەك بفەرموێ : ئەوان لەوە ئەترسن کە بەم دینەی من تووشی زیان بن . نەخێر من چاکەم بۆیان هێناوە . تەنها وشەیەك بڵێن با قازانج بکەن .

لە ریوایەتی ئیبن ئیسحاق‌دا وەها هـاتووە : ((كلمة واحدة تعطونـــها ، تملكون بـــها العرب ، وتدين بـــها العجم)) .

کاتێك کە ئەمەی فەرموو ، هەموو سەرسام بوون .. وەسـتان .. حەپەسـان .. نەیان‌ئەزانی ئەو تاقە وشە ، کە تا ئـەو رادەیـە بەکـەڵك و سوودبەخشـە ، چۆن بێ‌دەنە دواوە ..

هەر هەموو بێ‌دەنگ وەستابوون .. تۆ بڵێی راست بکا ؟ دەی خۆ ((الصــادق الأمين)) هەرگیز درۆ ناکات .. تەنها وشەیەکیش زۆر ئاسانە ..

ئەبوجەهل بێ‌دەنگیی و حەپەسانی کۆتایی پێ هێنا و ، پرسیی : ئـەو وشـەیە کامەیە ؟ بەسەری باوکت دە ئەوەندەشت بۆ ئەڵێین !

فــەرمووی : ((تقولون : لا إلـــه إلا الله ، وتخلعون ما تعبـــدون مـــن دونـــه)) .

فەرمووی : بڵێن (لا إله إلاّ الله) و ، واز لە پەرستنی غەیری خوا بهێنن .

دەستیان دا بە یـەك‌دا و ، پاشـان وتیـان : ئایـا ، ئـەی موحەممـەد ! ئەتـەوێ خواکان بکەی بە یەك خوا ؟ کاری تۆ سەیرە !

پاشان هەندێ بە هەندێکیان وت : بەخوا ئەم پیاوە هیچێ لەوەتان نـاداتێ کـە ئێوە ئەتانەوێ ، هەستن برۆن شوێن دینی باوباپیرانتان بکەون ، هەتا خوا حـوکمی نێوانتان ئەکات . پاشان بڵاوەیان لێ کرد .

جا دەربارەی ئەوانە قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە :

﴿ صٓ وَٱلۡقُرۡءَانِ ذِي ٱلذِّكۡرِ ﴿١﴾ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي عِزَّةٖ وَشِقَاقٖ ﴿٢﴾ كَمۡ أَهۡلَكۡنَا مِن قَبۡلِهِم مِّن قَرۡنٖ فَنَادَواْ وَّلَاتَ حِينَ مَنَاصٖ ﴿٣﴾ وَعَجِبُوٓاْ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٞ مِّنۡهُمۡۖ وَقَالَ ٱلۡكَٰفِرُونَ هَٰذَا سَٰحِرٞ كَذَّابٌ ﴿٤﴾ أَجَعَلَ ٱلۡأٓلِهَةَ إِلَٰهٗا وَٰحِدًاۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٌ عُجَابٞ ﴿٥﴾ وَٱنطَلَقَ ٱلۡمَلَأُ مِنۡهُمۡ أَنِ ٱمۡشُواْ وَٱصۡبِرُواْ عَلَىٰٓ ءَالِهَتِكُمۡۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٞ يُرَادُ ﴿٦﴾ مَا سَمِعۡنَا بِهَٰذَا فِي ٱلۡمِلَّةِ ٱلۡأٓخِرَةِ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا ٱخۡتِلَٰقٌ ﴿٧﴾ ﴾ (ص : ١ ـ ٧) .[٢١٧]

پێغەمبەری خوا لەسەر ئیمان‌هێنانی مامەی زۆر سوور بوو و ، بە ئاواتەوە بوو کۆتایی تەمەنی ئیمان‌داریی بێ و ، بەختـەوەریی دنیا و قیامـەتی دەسـت گـیر

---

[٢١٧] الرحيق المختوم : ١١٤ ـ ١١٥ .

ببێ . ئەمەش نەك هەر لەبەر ئەوەی کە مامەیەتی ، بەڵکو لەسەر ئەوەی کە مرۆڤێکە و ، بەڵکو لە ئاگر سەرفراز ببێ ، لەلایەکی تریشەوە یەکجار دڵسۆز بوو بۆ پاراستنی پێغەمبەری خوا ﷺ . بەڵام چەندە پێغەمبەری خوا ﷺ هەوڵی ئەدا ، لەولاوە شەیتانەکانی ئینس بە پێچەوانەوە لە ئیمانهێنان ساردیان ئەکردەوە .

بوخاریی لە صەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە کە کاتێ ئەبوطالیب کەوتە گیان کەنشت پێغەمبەر ﷺ تەشریفی بردە ژوورەوە لای و ئەبوجەهلیش بە لایەوە بوو . فەرمووی : ((أي عم ! قل : لا إله إلا الله ، كلمة أحاجُّ لك بها عندالله)) . وفي رواية : ((أشهد لك بـها عند الله)) . فەرمووی : مامەگیان ! بڵێ : لا إله إلا الله ، یەك وشەیە شاهێدییت بۆ ئەدەم لای خوا . ئەبوجەهل و عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوئومەییە وتیان : ئەبوطالیب ! پشت لە میللەتی عەبدولموطەللیب هەڵ ئەکەی ؟ هەروا خەریك بوون ئەیان دواند ، تا ئەوەبوو دوا شتێك کە بەوانی وت : ئەو[٢١٨] وا لەسەر میللەتی عەبدولموطەللیب . دوای ئەوەش پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ((لأستغفرن لك ما لم أُنْهَ عنك)) . فەرمووی : هەتا قەدەغە نەکرێم ، داوای لێخۆشبوونت بۆ ئەکەم . ئەوەبوو ئایەتی :

﴿ مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن يَسْتَغْفِرُواْ لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوٓاْ أُوْلِي قُرْبَىٰ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَٰبُ ٱلْجَحِيمِ ﴿١١٣﴾ ﴾ (التوبة : ١١٣) .

هەروەها ئایەتی :

﴿ إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَآءُ ﴾ (القصص : ٥٦) هاتنە خوارەوە .

بەڵام حافیظ ئیبن حەجەر لە (فتح الباري) دا بە دووری ئەزانێ کە ئایەتەکەی (التوبة) بەو بۆنەوە هاتبێتە خوارەوە ، چونکە چیرۆکی ئەبوطالیب لە مەککەدا بووە و سوورەتی (التوبة) ش لە کۆتایی قۆناغی مەدینەدا هاتۆتە خوارەوە ..[٢١٩]

هەر چۆنێ بێ دەربارەی موسڵمان بوون و نەبوونی ئەبوطالیب شت نووسراوە .. هەندێ ئەڵێن ئیمانی هێناوە و هەندێکیش دانی پێدا نانێن . بۆیە پێم خۆش بوو بە ڕای خواناسێکی بەرچاو ڕۆشن ئەم مەسەلەیە ڕوون بکەمەوە .

---

[٢١٨] . ڕاویی بۆ ئەوەی شیرك بۆ خۆی بڕیار نەدا ، ئەگەرچیی بە دەمیش بێت ، لە جیاتیی (من) (ئەو) ی بەکار هێناوە ، بەڵام ئەبوطالیب وشەی (من) ی بەکار هێناوە .

[٢١٩] . السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٣٩٢ _ ٣٩٣ .

مامۆستا بدیع الزمان سەعیدی نوورسیی لە (كليات رسائل النور / المكتوبـات : ٤٩٩) دا ئەمەی نووسیوە :

ئەپرسن : راستترین وتە دەربارەی ئەبوطالیبی مامەی چیـیە ؟

وەڵام : شیعە ئەڵێن : ئیمانی هێناوە ، کەچیی زۆربـەی ئـەهلی سـوننە نـاڵێن ئیمانی هێناوە .

بەڵام ئەوەی کە بە دڵمدا هات ئەمەی خوارەوەیە :

ئەبوطالیب بە شێوەیەکی یەکجار پـاك و بێگـەرد کەسـێتیی پێغەمبـەری ﷺ خۆش ئەویست . خۆی خۆش ئەویست نەك پەیامەکەی . جا بێگومان ئـەو خـۆش ویستنە یەکجار پـاك و بێگـەردەی و ، ئـەو شـەفەقەتە بـەهێزەی بـۆ کەسـێتیی پێغەمبەر ﷺ هەروا بە هەدەر ناڕوا و ، لای خوا نافەوتێت .

بەڵێ ، ئەو ئەبوطالیبەی کە خۆشەویستی (رب العـالمين) ی بـەو پلـە پـاك و بێگەردە خۆش ویستبێ و ، لە دوژمنان پاراسـتبێتی و ، پشـتگیریـی خـۆی بـۆ نواندبێ ، هەتا ئەگەر بچێتە دۆزەخیشەوە ، بە بۆنەی ئەوەوە کە - لە شـەرمانا و لەبەر دەمارگیریی نەتەوایەتیی و هەستی تری لەو شێوە ، نەك بە عینادیی و مـل بادان - ئیمانێکی وەرگیراوی دەرنەخستبێ ، ئەوا خوای پاكوبێگەرد توانای ئەوەی هەیە کە لە ناو دۆزەخدا ، لە پاداشتی چاکەکانیدا ، بەهەشـتێکی تایبـەت بـەو بەدیی بهێنێ و ، دۆزەخە تایبەتیەکەی ئەو بۆ بەهەشتێکی تایبەت بگـۆڕێ ، بـە وێنەی ئەوەی کە جار جار لە زستانێکی سارد و سەختدا بەهارێکی رازاوە بـەدیی ئەهێنێ و ، بە وێنەی ئەوەش کە بەندیخانەیـەکی تـەنگ - بـە هـۆی خـەوبینینی کەسێکەوە - ئەگۆڕێ بۆ کۆشکێکی بڵند .

زانستیش هەر لای خوایە و .. جـگە لە خـوای گـەورەش هـیچ کـەس غـەیب نازانێ ..

﴿ سُبۡحَٰنَكَ لَا عِلۡمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمۡتَنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ ﴾ .

کە ئەبوطالیب کۆچی دوایی کرد قورەیش بەو پەڕی بێڕەحمیـیەوە دەستیان دایە ئازاردانی پێغەمبەری خوا ﷺ بەڵام چۆن ئازاردانێـك . هـەتا ئـەوەبوو یـەکێ لـە سەفیهەکانی قورەیش ڕێی پێ گرت و ، خۆڵی بە سەریدا کرد ، ئـەویش هـەر بـە خۆڵەکەوە تەشریفی بردە ماڵەوە و ، یەکێ لە کچەکانی هەستا بـە دەمـیەوە و ، خۆڵەکەی بە سەریەوە تەکاند و دەستیشی بە گریان کرد و ، پێغەمبـەری خـوایش

ﷺ پێی ئەفـەرموو : ((لا تبكي يا بنية ، فإن الله مانع أبـــاك)) . ئـەی فـەرموو : کچەکەم ! مەگریی ، خوا خۆی باوکت ئەپارێزێ .

ئەشیفەرموو : ((ما نالت مني قريش شيئاً أكرهه حتى مات أبوطالــب)) . ئـەی فەرموو : تا ئەبوطالیب نەمرد بوو قوڕەیش شتێکی وەهای لەگـەڵ دا نـەکردم کـە پێم ناخۆش بێ .

لە ئەبوهورەیرەشەوە خوا لێی ڕازیی بێ ئەگێڕنەوە کە وتوویە : کە ئەبوطالیـب کۆچی دوایی کرد قوڕەیشی‌یەکان بە زبریی و ڕووی تاڵەوە بەرامبەر بـە پێغەمبـەر ﷺ وەستان ، ئەویش ئەیفەرموو : ((يا عم ! ما أسرع مـــا وجـــدت فقـــدك)) . ئەیفەرموو : ئای مامەگیان ! چەند بە خێرایی نەمانی تۆم پێوە دەرکەوت .[220]

شایانی باسە کە کۆچی دوایی ئەبوطالیب لە مانگی ڕەجەبی سـاڵی دەهـەمی پێغەمبەرایەتیی بووە ، دوای ڕزگاربوونیان لە نووسراوە ستەمکارانەکـە بـە شـەش مانگ . وتراویشە لە مانگی ڕەمەزان دا بووە و پێش کۆچی خـەدیجە بـە سـێ ڕۆژ .[221]

ب ـ کۆچی دوایی خەدیجە :

خەدیجەی دایکی ئیمانداران خوا لێی ڕازیی بـێ لـە مـانگی ڕەمـەزانی سـاڵی دەهەمی پێغەمبەرایەتیی‌دا ، لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵیی‌دا کۆچـی دوایـی کردووە ، کە ئەو کاتە تەمەنی پێغەمبەری خوا ﷺ پەنجا ساڵ بووە .

کۆچ‌کردنی خەدیجە ڕووداوی دووهەمی پڕ لـە خـەم و پـەژارە بـوو لـە ژیـانی ئازیزدا .. چـونکە خەدیجـە خـاوەنی پلـە و پایەیـەکی یـەکجار بـەرز بـوو لـەناو قەومەکەی‌دا و ، وەزیـرێکی ڕاستگۆ و ، هاوسەرێکی دڵسـۆز و ژیـر و خوانـاس بوو .. پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆح و دڵ و دەروونی لەگەڵیا ئەحەسانەوە .. هەرچـی قوڕەیش ئازاریان بدایە ، ئەو دڵی ئەدایەوە و خەمی ئەڕەواندەوە ..

کاتێك کە خەولەی کچی حەکیم پێی وت : ئەی پێغەمبەری خوا ! وات ئـەبینم کە بە بۆنەی لەدەست چوونی خەدیجەوە خەم و خەفەتت لەلا جەم بووە ، فەرمووی: ((أجل ، كانت أم عيال ، وربة بيت)) . فەرمووی : بەڵێ ، خەدیجە دایکی منـداڵ و، کەیبانووی ماڵ بوو .

---

[220] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٣٩٦ وشرح حياة الصحابة : ١ / ٤٤٢ .

[221] الرحيق المختوم : ١١٦ .

خەدیجە بە پێی فەرموودەی صەحیح ، بیست و پێنج ساڵ هاوسەری بووە و ، پێغەمبەری خوا ﷺ تەمەنی گەنجێتیی و کامڵیی خۆی لەگەڵیا بەسەر بردووە ، بێ ئەوەی دڵی بێت ژنی تری بەسەردا بێنێ ، ئەمەش لەبەر خاتری ئەو خزمەتە زۆر و پڕبەرەکەتە کە خەدیجە پێشکەشی دینی خوای ئەکرد ، تا دڵی گەرد نەگرێ ، چونکە ئەو هەموو هۆیەکی حەسانەوەی دەروون و لاشەی بۆ ئەم رەخساندبوو و ، پێغەمبەری خوا ﷺ لە هیچی کەم نەبوو . بۆیە پێغەمبەری خوایش ﷺ زۆر بە جوانیی و چاکتر پاداشتی ئەو چاکانەی خەدیجەی دایەوە .

زانایانی ئیسلام لەسەر ئەوە یەك دەنگن کە ، دوای فاطیمەی کچی پێغەمبەر، چاکترین ئافرەتی ئوممەتی ئیسلام هاوسەرە بەڕێزەکانی پێغەمبەرن . ئەوەتا قورئان ئەفەرموێ :

﴿ يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ لَسۡتُنَّ كَأَحَدٖ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ إِنِ ٱتَّقَيۡتُنَّ فَلَا تَخۡضَعۡنَ بِٱلۡقَوۡلِ فَيَطۡمَعَ ٱلَّذِي فِي قَلۡبِهِۦ مَرَضٞ وَقُلۡنَ قَوۡلٗا مَّعۡرُوفٗا ﴿٣٢﴾ ﴾ (الأحزاب : ٣٢) .

جا لەناو دایکانی ئیمانداران‌یشدا چاکترینیان خەدیجە و عائیشەن . بەڵام هەندێ لایان وایە کە خەدیجە پایەدارترە و ، هەندێکیش لایان وایە عائیشە و ، هەندێکیش لەسەر ئەوە وەستاون و بڕیاری پایەداریی هیچ کامیان نەداوە . بەڵام ئیمام (السبكي) وای داناوە کە خەدیجە ، پاشان عائیشە ، پاشان حەفصە ، پاشان ئەوانی تر پایەدارترن ، لە راستیی‌دا خەدیجە شیاوی ئەوەیە کە یەکەم بێت چونکە یەکەم کەس بوو کە ئیمان بهێنێ و ، سەروماڵیشی خستبووە خزمەتی ئیسلامەوە و لە رۆژانی سەخت و دژواردا دانی بە خۆیدا گرت و لەسەر دینی خوا کۆڵی نەدا ..

بوخاریی و موسلیم لە صەحیحەکەیاندا لە ئیمام عەلی‌یەوە ـ خوا لێی رازیی بێ ـ ریوایەتیان کردووە کە فەرموویە : گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بووە کە فەرموویە : ((خير نسائها مريم بنت عمران ، وخير نسائها خديجة بنت خويلد)) . ئەفەرموێ : چاك ترین ئافرەت مەریەمی کچی عیمرانە و ، چاك ترین ئافرەتیش خەدیجەی کچی خوەیلیدە ، هەر یەکەیان لەسەردەمی خۆیدا ..

هەروەها بوخاریی و موسلیم لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی رازیی بێ ریوایەت ئەکەن کە وتوویە : جیبریل هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەوە خەدیجەیە وا بە دەفرێکەوە کە پێخۆر ، یان خواردن ، یان

خواردنەوەی تێدایە هات ، جا کە هاتە خزمەتت لە پەروەردگاریەوە سەلامی پێ بگەیەنە ، هەروەها لە منیشەوە و ، مژدەی کۆشکێکی لە لوئلوئی کلۆر دروست کراوی لە بەهەشتدا بدەرێ ، کە نە دەنگە دەنگ و ، نەماندوو بوونی تێدا نیە .

خەدیجە پایە و پلەی ئەوەندە بەرز بوویەوە کە پەروەردگاری سەلامی لێ بکات ، دیارە ئەم پایە و پلەیە دەست هیچ کام لە هاوسەرانی پێغەمبەر ﷺ نەکەوتووە و ، ئەوەش دەربارەی پایە و پلەی عائیشە چەسپابێ ئەوەیە کە جیبریل سەلامی لێ بێ سەلامی لێ کردووە . جا ئەو پلە بەرزە بۆ خەدیجە لە پاداشتی ئەو هەمووە خزمەتەدا بوو کە لە سەرەتاوە ئەو ـ لە کاتی بێکەسیی و بێدەریی‌دا ـ پێشکەش بە بانگی خواناسیی کرد .

لە ریوایەتەکەی (الطبراني)دا ئەوەشی بۆ زیاد کراوە کە کاتێك پێغەمبەر ﷺ لە جیبریلەوە سەلامەکەی پەروەردگاری پێ ئەگەیەنێ ، وەلامی سەلامەکە بەم شێوەیە ئەداتەوە : ((هو السلام ، ومنه السلام ، وعلى جبريل السلام)) . لە ریوایەتەکەی (النسائي) یش‌دا ئەمەی لەگەڵدایە : ((وعليك يا رسول الله السلام ، ورحمة الله وبركاته)) . ئەمەش ژیریی و سەلیقە و ئەدەب‌بەرزیی خەدیجە دەرئەخات ، خوا لێی رازیی بێت ..

بەڵگەیەکی تر لەسەر پایەبەرزیی خەدیجە لە پایەی عائیشە خوا لە هەردووکیان رازیی بێ ، ئەم فەرموودەیە کە ئیبن مەردەوەی لە تەفسیرەکەی‌دا ، بە سەنەدێکی صەحیح ، ریوایەتی کردووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە : ((كَمُلَ مِنَ الرِّجالِ كثيرٌ ، ولم يَكمُلْ مِنَ النساء إلا ثلاثٌ : مريم بنت عمران ، وآسية امرأة فرعونَ ، وخديجة بنت خويلد ، وفَضل عائشة على النساء كفضل الثريد على سائر الطعام)) .

فەرمووی : لە پیاوان‌دا زۆرێك کامڵ بوون و ئیمانی تەواویان دەستگیر بووە ، بەڵام لە ئافرەتان‌دا سێ ئافرەت کامڵ و ئیمان تەواو بوون : مەریەمی کچی عیمران و ، ئاسیەی هاوسەری فیرعەون و ، خەدیجەی کچی خوەیلید . پایە بەرزیی عائیشەش بەسەر ئافرەتانی تردا وەك پایەی گۆشتاوە بەسەر خواردنی تردا . ئەو خواردنە لەناو عەرەبەکان‌دا لە هەموو خواردنێك بە لەزەت‌تر بووە .

کە لێرەدا سەرنجێك لەو سێ ئافرەتە کامڵە ئەدەین ، بۆمان دەرئەکەوێ هەر یەکەیان کۆمەك و پشتیوانی پێغەمبەرێك بووە ..

ئاسیه بووه هۆی سەرنەبڕینی مووسا پێغەمبەر سەلامی لێ بێ لەلایەن فیرعەونەوە و ، وەك كوڕی خۆی پەروەردەی كرد و ، كاتێكیش كە بووە پێغەمبەر تەصدیقی كرد و ، لە پێناوی دینەكەیدا بە شەهیدیی سەری نایەوە ..

مەریەمیش بەخێوكردن و پەروەردەكردنی عیسا پێغەمبەری سەلامی لێ بێ خرایە ئەستۆ و ، كاتێكیش كرایە پێغەمبەر تەصدیقی كرد و ئیمانی بە دینەكەی هێنا ..

خەدیجەش یەكەم كەس لە سەرزەوییدا ئیمانی بە پێغەمبەری خوا ﷺ هێنا و، بە دڵ و بە گیان بووە كۆمەك و پشتیوانی و ، بە سەروماڵ یارمەتیی بانگی ئیسلامی ئەدا و ، بە چاكترین شێوەش لە ناڕەحەتیی و رۆژانی سەختدا دڵی پێغەمبەری ﷺ ئەدایەوە .

پێغەمبەری خوا ﷺ رەنج و خزمەتی خەدیجەی لەبەر چاو بوو ، بۆیە هەر وەك لە ژیانیدا بە چاكترین شێوە لەگەڵیا ئەژیا و ، نەیئەهێشت بە هیچ شێوەیەك دڵی گەرد بگرێ ، بەوەی كە ژنی بەسەریدا نەئەهێنا ، ئەوا لەدوای مردنیشی بە هەمان شێوە رێزی لێ ئەگرت و ، هەردەم ناوی ئەبرد و ، باسی چاكەكانی ئەكرد و ، رەحمەتی بۆ ئەنارد و ، چاكەی لەگەڵ دەستە خۆشكانیدا ئەكرد و ، هەر كەسێكیش پەیوەندیی خزمایەتیی بەوەوە ببوایە رێزی لێ ئەگرت . دیارە ئەگەر لای خەڵكی تر چاكە بفەوتێ ، یان لە بیر بچوێتەوە ، ئەوا لای مامۆستای تاقانەی مرۆڤایەتیی هەرگیز لە بیر ناچرێتەوە .. ئەوەتا ئازیزمان ﷺ ئامۆژگارییمان ئەكات كە هەر كەس چاكەی لەگەڵدا كردین با بە چاكە پاداشتی بدەینەوە ، ئەگەر نا با دوعای خێری بۆ بكەین ، كە ئەفەرموێ : ((مَن أَسدى إليكم معروفاً فكافِئُوهُ ، وإلا فادْعُوا له)) .[٢٢٢]

ئەوەبوو لە غەزای بەدری گەورەدا ئەبولعاصی كوڕی رەبیع كە زاوای پێغەمبەر بوو و ، مێردی زەینەبی كچە گەورەی بوو خوا لێیان رازیی بێ ، بە دیل كەوتە دەست موسڵمانەكان و ، ناچار ژنە دڵسۆزەكەی فیدیەی نارد بۆ مەدینە هەتا مێردەكەی ئازاد بكرێت . ئەوەبوو ئەو فیدیەیە ملوانكەیەكی زێڕی تێدا بوو كە خەدیجە شەوی شووكردنی زەینەبی كچی پێشكەش بە زەینەبی كردبوو .. كاتێك كە پێغەمبەری خوا ﷺ چاوی بە ملوانكەكە كەوت ، دڵی یەكجار پەرێشان بوو ،

---

[٢٢٢] رواه أبوداود والنسائي بسند صحيح بلفظ ((مَن صَنَعَ)) .

خەدیجە و ڕۆژانی سەختی بانگەوازی مەککە و ، مەینەت و سزاچەشتنی خەدیجە و، ئازاردانی کچەکانی کە ئەوەبوو دەستگیرانی کوڕانی ئەبولەهەب بوون و ، تەڵاقیان دان ، ئەمانەی هەموو هاتەوە یاد .. ئەوەبوو هاوەڵان هەستیان بەم دڵ گرانی‌یە و ، وەبیرهاتنەوەی ڕۆژانی رابردووی کرد . جا پێغەمبەری خوا ﷺ نەیویست خۆی یەکسەر بڕیار بدا ، بەڵکو داوای لە هاوەڵان کرد کە ئەم ملوانکەیە هی خەدیجە بووە و بە دیاریی پێشکەشی زەینەبی کردووە ، ئەگەر بە چاکی ئەزانن با ملوانکەکە بنێرنەوە بۆ زەینەب و دیلەکەشی بۆ بەر بدەن ، کە فەرمووی : ((إن رأيتم أن تطلقوا لها أسيرها ، وتردُّوا عليها قِلادَتَها فافعلوا)) . هاوەڵانیش بە چاوان فەرمانەکەیان جێبەجێ کرد و ، بە دڵە پاکەکانیان هەستیان بە تاسەمەندیی دڵی ئازیزیان کرد ..

پێغەمبەری خوا ﷺ هەمیشە یادی خەدیجەی ئەکرد و ، بە چاکە ناوی ئەبرد و، ستایشی ئەکرد .

نەك تەنها خۆش‌ویستن و ڕێزگرتن لە خەدیجە خۆی ، بەڵکو خۆشەویستان و دەستەخوشکانیشی خاوەنی ڕێزی تایبەتیی بوون . ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ سیلەی ڕەحمی لەگەڵ ئەوانیش‌دا بەجێ ئەهێنا ، هەتا دوای مردنی خەدیجە ، خۆ ئەگەر مەڕێکی سەر ببڕیایە پارچە پارچەی ئەکرد و فەرمانی ئەدا کە گۆشت بۆ دەستە خوشکانی خەدیجە بنێرن کە ئەی‌فەرموو : ((أرسلوا إلى صديقات خديجة)) .[٢٢٣]

هەرچیی هالەی کچی خوەیلیدی خوشکی خەدیجە بۆ ماوەخواستن دەنگی ئەهات ، دەنگی خەدیجەی وەبیر ئەهێنایەوە و ، پێی ئەگەشایەوە ..

ئەوەبوو ڕۆژێکیان پیرەژنێکی دەستە خوشکی خەدیجە هات بۆ ماڵیان ، پێغەمبەری خوا ﷺ بەخێرهاتنی چاکی لێ کرد و بە وردیی حاڵ و ئەحواڵی ئەپرسین . کاتێك کە چووە دەرەوە عائیشە ناڕەزایی دەربڕیی و وتی : ئەوەندەش ڕوو بەو پیرەژنە ئەدەی ؟ ئەویش تێی گەیاند کە ئەمە لە سەردەمی خەدیجەدا

---

[٢٢٣] رواه البخاري .

سەردانی ئەکردن و ، وەفادارییش لە ئیمانەوەیە کە فەرمووی : ((إنها كانت تأتينا زمان خديجة ، وإن حسن العهد من الإيمان)) . رواه الحاكم ، والبيهقي في الشعب .[٢٢٤]

دوای کۆچی دوایی خاتوو خەدیجە پێغەمبەری خوا لە مانگی شەووالی سالّی دەهەمی هاتنی وەحیدا ئافرەتێکی ئیمان داری مارە کرد کە ناوی سەودەی کچی زەمعە بوو .. ئەم ئافرەتە یەکێ بوو لە موسلّمانە دێرینەکان .. ئەوەبوو بەشداریی کۆچی دووهەمی حەبەشەی کردبوو . سەکرانی کوڕی عەمری مێردیشی لەگەڵیا موسلّمان بوو بوو و کۆچیشی بۆ حەبەشە کردبوو و ، لەوێ لە خاکی حەبەشە ، یان دوای گەڕانەوەی بۆ مەککە ، کۆچی دوایی کردبوو . کە سەودەی هاوسەری عیددەی تەواو کرد پێغەمبەری خوا ﷺ خوازبێنیی کرد و مارەی کرد و ، ئەمە یەکەم ژن بوو کە دوای خەدیجە هێنای . ئەمەش بۆ دلّدانەوەی ئەو ئافرەتە بەڕێزە کە مێردەکەی مردبوو ، ئەگینا ئافرەتێك بوو چوو بوو بە سالّدا و ، کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ عائیشەی گواستەوە ، سەودە نۆبەی ژن و مێردیی خۆی دا بە عائیشە .[٢٢٥]

یانزەهەم : سەردانی طائیف

کە ئەبوطالیب و خەدیجە کۆچی دوایی‌یان کرد ، پێغەمبەری خوا ﷺ یەکجار بێ‌ناز بوو و ، قوڕەیش یەك پارچە بوونە کۆسپی بەردەمی بانگی ئیسلامیی و ، نەفامەکانیش لە رادە بەدەر سزا و ئازاری ئازیزیان ئەدا .. موسلّمانەکان زۆر ناڕەحەت بوون ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ رووی لە شاری طائیف نا بەلّکو هۆزی ثەقیف پیاوی وەهایان تێدا بێ کە ئیمان وەربگرن و ، ببنە پارێزەری بانگەواز ..

ئەوەبوو لە مانگی شەووالی سالّی دەهەمدا بەرامبەر بە هاوینی (٦١٩) ز ، لەگەلّ زەیدی کوڕی حاریثەی خزمەتگوزاریا بەرەو طائیف کەوتنە رێ ، کە شەصت میل لە مەککەوە دوور بوو .. رۆیشتن و گەڕانەوەشیان هەر بە پێ بوو . لەوێ لە نێو دانیشتوانی طائیفدا دە رۆژ مانەوە و ، خەریك ئەبوون بانگی یەك بە یەکی ناودارانی ثەقیفیان کرد بۆ موسلّمان بوون ، کەچیی تاقە کەسێکیان بە دەمیەوە نەهات و ، ئیمانیان نەهێنا .

---

[٢٢٤] السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٣٩٦ ـ ٤٠٠ . ژیاننامەی خاتوو خەدیجە لە زنجیرەی هاوەلّاندا بە درێژە باس کراوە .

[٢٢٥] الرحيق المختوم : ١١٨ ـ ١١٩ .

هەندێ لەوانەی کە سەری لێ دان سێ کەسی ناودار و ماقووڵیان بوون بە ناوی: عەبدیالەیل و ، مەسعوود و ، حەبیبی کوڕانی عەمری کوڕی عومەیر ، کە سەردار و قسە ڕۆیشتووی هۆزی ثەقیف بوون و ، ئافرەتێکی قوڕەیشییش لە نەوەی جومەح ، بە ناوی صەفیەی کچی موعەممەر هاوسەری یەکێکیان بوو . تەشریفی برد لە لایان دانیشت و ، باسی بۆ کردن کە بۆ کۆمەکیی دینەکەی هاتووە ، تا پشتیوانیی بکەن و ، بەرامبەر بە ناحەزانی کۆمەکی بن .

یەکێکیان وتی : بەرگی کەعبەی دڕیی بێ ئەگەر خوا ئەوی بە پێغەمبەر ڕەوانە کردبێ . دووهەمیشیان وتی : ئایا خوا کەسی دەست نەکەوت لە غەیری تۆ تا بیکاتە پێغەمبەر ؟ سێهەمیشیان کە لەوان ژیرتر بوو وتی : بەخوا من هەرگیز قسەت لەگەڵدا ناکەم . ئەگەر تۆ پێغەمبەری خوا بیت ، لەوە گەورەتریت کە من وەڵامت بدەمەوە و ، گەر بە دەم خواشەوە درۆت هەڵ بەستبێ ، پێویست ناکات قسەت لەگەڵدا بکەم .

پێغەمبەری خوا ﷺ بە دڵی شکستەوە لەلایان هەستا و ، دەستی لەوە شۆرد کە ئەوان یارمەتیی بدەن ، بەڵام پێیانی فەرموو: « إذ فعلتم ما فعلتم فاكتموا عني » . فەرمووی : ئەوەی کردتان کردتان بەڵام ئەم باسەم بڵاو مەکەنەوە .. پێی ناخۆش بوو دەنگ و باسی بگاتەوە مەککە کە سەری لە طائیف داوە و ، ئەو کاتە قوڕەیش زیاتر ئازاری خۆی و هاوەڵانی بدەن . بەڵام ئەو سێ برایە یەکجار نامەرد بوون ، بە گوێیان نەکرد ، بەڵکو چەتوون و بەندە و خزمەتکارەکانیان لە دژی هەڵ نا تا جنێوی بدەنێ و ، بەردە بارانی بکەن ، هەتا هەردوو قولە پێی خوێناویی بوون و ، نەعلەکانی بە خوێن خووساون و ، خوێن سەری کرد و ڕژایە سەر خۆڵەکە و ، زەیدی کوڕی حاریثەی خزمەت گوزاریشی خۆی ئەدایە بەر بەردەکانیان تا پێغەمبەری خوا ﷺ بپارێزێت ، تا ئەوەبوو سەری ئەویشیان شکاند و خوێناوییان کرد . هەروا خەریکی ڕاونان و بەرد تێگرتنیان بوون تا ناچاریان کردن پەنا بەرنە باخچەیەك کە هی عوتبە و شەیبەی کوڕانی ڕەبیعەی خەڵکی مەککە بوو و ، خۆیشیان لەناو باخەکەدا بوون .. شایانی باسە لە پێشەوە باسی عوتبە و شەیبە زۆر هاتووە و هەمیشە خەریکی ئازاردانی پێغەمبەری خوا بوون ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ناخۆش بوو بچێتە باخی دوو پیاوی دوژمنی خوا و پێغەمبەرەکەیەوە ، ئەوەبوو لە باخچەکە گەڕایەوە دوا و ، مناڵ و بەندە

چەتوونەکانیش دەستیان لێ هەڵ گرتن و گەڕانە دواوە . ئیتر پێغەمبەری خـوا ﷺ لەگەڵ زەیددا خوا لێی رازیی بێ خۆیان گەیاندە ژێر دارمێوێك و لەوێ دانیشـتن ، تا بەشکوم کەمێ بحەسێنەوە و ماندوێتیی و ئێش و ئازاریان نەمێنێ و ، هـەردوو پیاوەکەش عوتبە و شەیبە تەماشـایان ئـەکرد و ، چـاویان لێ بـوو سـەفیهەکانی ثەقیف چ ئازارێکیان پێیان گەیاند . بەڵام جووڵـەیان نـەکرد ، بگـرە زۆریـان پـێ خۆش بوو ئەو دیمەنەیان بەو جووتە خواناسەوە ئـەبینی . دوای ئـەوە پێغەمبـەری خوا ﷺ چاوی کەوت بە ئافرەتە قورەیشی‌یەکەی نەوەی جومـەح و گلـەیی ئـەوەی لەلا کرد کە چ سزا و ئازارێکی بە دەست مێـرد و هێوەرەکانیـەوە چەشـت ، کـە فەرمووی : ((ماذا لقينا من أحمائك ؟!)) .

پێغەمبەری خوا ﷺ غەریب و میوان و بێ‌کەس بـوو .. لـە جیـاتی خزمـەت و حەسانەوە و میوان داریی ، دڵی بێ‌گەردی بەو شێوە شکێنرا و کەسێك نەبوو ئـەو منداڵ و بەندە لاسارانەی لێ دوور بخاتەوە . سەرنجی دا ئەو کار بۆ خوا ئـەکات .. لەسەر خوا ئەمەی پێ ئەکرێت .. بەڵێ ئەمرۆ دینەکـەی کـەم پشـتیوانە ، بـەڵام خوای گەورە خۆی کۆمەکیەتی . جا وا چاکە هانا بۆ لای خوا بەرێت تـا دڵەکـەی بحەسێتەوە و ، ماندوێتیی و برسێتیی و خەم و خەفەتی برەوێتەوە .. وا چاکە مـل کەچیی و رەزامەندیی خۆی بـۆ کـار و بڕیـاری خـوا دەربڕێـت ، تـا بێ‌سـەلمێنێ بەندەیەکی گوێڕایەڵی دڵسۆزی مل‌کەچە ، تا لە بەرزترین شێوەدا خـوای گـەورە پاداشـتی بـۆ بنووسـێ .. بـۆ ئەمـە دەسـتی دایـە نزا و پاڕانـەوە ، تـا بـەڵکو پەروەردگاری لێی رازیی بێ و ، فەرمووی :

((أللهم إليك أشكو ضعف قوتـي ، وقلة حيلتي ، وهوانـي على النـاس ، يـا أرحم الراحمين ، أنت رب المستضعفين ، وأنت ربـي ، إلى مـن تكلـني ؟ إلى بعيـد يتجهمني ؟! أم إلى عدو ملكته أمري ؟! إن لم يكن بك عَلَيَّ غضب فلا أبالي ، ولكـن عافيتك أوسع لي .

أعوذ بنور وجهك الذي أشرقت له الظلمات وصلح عليه أمر الدنيا والآخرة مـن أن تُنـزل بـي غضبك ، أو يحل عليَّ سخطك . لك العتبى حتى ترضى ، ولا حـول ولا قوة إلا بالله)) . رواه إبن إسحاق .

لەم نزایەدا لاوازیی و ، بێ‌دەسەڵاتیی و ، بێ‌بایەخیی بەلای خەڵکەوە بـۆ خـوا دەر ئـەخات و ، دەریشـی ئـەبڕێ کـە خـوای گـەورە پـەروەردگاری لاواز و بـێ

دەسەڵاتانە و ، ئەمیش بە پەروەردگاری خۆی ئەزانێ .. ئەپرسێ : خوایە ! کارم ئەدەیتە دەست کێ ؟ بە دوورینەیەك کە ڕووم لێ گرژ بکات ، یان بە دوژمنێك کە دەسەڵاتی بەسەریدا بڕوا ؟ دواییش دەری ئەبڕێ کە ئەگەر خوا خەشمی لێ نەگرێ، ئیتر باکی بۆ هیچی تر نیە ..

پاشان پەنا بەو نوورەی پەروەردگار ئەگرێت کە لە هەموو تاریکی‌یەك‌دا تیشکی داوەتەوە و هەموو کاروبارێکی دنیا و قیامەتی پێ چاك ئەبێت ، تا خەشم و قینی خۆی نەبارێنێتە سەری و ، هەموو کارێك ئەداتەوە دەست خوا و، دەریشی ئەبڕێ کە هیچ هەوڵ و کۆششێك هیچی تیا بەستە نیە ئەگەر خوای لە پشت نەبێ .

کاتێك کە عوتبە و شەیبە ئەمەیان بە چاوی خۆیان دیی ، کە لەوانەیە گوێیشیان لە پاڕانەوەکەی بووبێ ، سۆزیان بۆی جوولا .. یەکەم لەبەر ڕەوشت جوانیی خۆی و، دووهەمیش لەبەر غەریبی و بێ‌نازیی . هەستیان بە ماندوێتیی و برسێتیی ئازیز کرد ، بۆیە بەندەیەکی نەصرانی‌یان هەبوو بە ناوی عەدداس ، بانگیان کرد و پێیان وت : هێشوویەك لەم ترێیە لێ بکەرەوە و ، بیخە ئەو قاپەوە و ، بیبە بۆ ئەو پیاوە و بڵێ : بیخۆ . کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی بۆ ترێکە برد فەرمووی : ((بسم الله)) لە ڕیوایەتێکی تردا : ((بسم الله الرحمن الرحيم)) و ، دەستی بە خواردنی کرد .

عەدداس بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەم و چاوی کرد و ، پاشان وتی : بەخوا خەڵکی ئەم وڵاتە ئەم قسەیە ناکەن !! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((ومن أي البلاد أنت يا عداس ، وما دينك ؟)) . فەرمووی : ئەی تۆ خەڵکی چ وڵاتێکی ، عەدداس ؟ لەسەر چ دینێکی ؟ وتی : نەصرانییم و ، خەڵکی شاری نەینەوام . فەرمووی : ((من قرية الرجل الصالح يونس ابن مـتَّى ؟)) . فەرمووی : خەڵکی شارەکەی یوونسی کوڕی مەتتای پیاوچاکیت ؟ عەدداس پێی وت : تۆ یوونسی کوڕی مەتتا چۆن ئەناسیت ؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((ذاك أخي ، كان نبياً ، وأنا نبي)) . فەرمووی : برامە ، ئەو پێغەمبەر بووە و منیش پێغەمبەرم ..

عەدداس خۆی خست بەسەر پێغەمبەری خوادا ﷺ و سەری و هەردوو دەست و هەردوو پێی ماچ کرد !! عوتبە و شەیبە یەکێکیان بەوی تریانی وت : خزمەت گوزارەکەی هەڵ گێڕایەوە لێت .

که عەدداس هاتەوە لایان وتیان : عەدداس ، تیاچیت ، ئەوە چیت بوو سەر و هەردوو دەست و هەردوو پێی ئەو پیاوەت ماچ ئەکرد ؟! وتی : گەورەم ! لەسەر زەویی‌دا کەسێکی تر نیە ئەوەندەی ئەمە پیاوچاك بێت !! هەواڵێکی پێ‌داوم جگە لە پێغەمبەر هیچ کەس نایزانێت . وتیان : ماڵت کاول بێ ، عەدداس ! لە دینەکەی خۆت وەرت نەگێڕێ ، دینەکەی خۆت لە دینی ئەو چاك‌ترە .

دوای ئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ ، بە دڵێکی پڕ لە خەم و شکستەوە طائیفی بەجێ هێشت . ئەوەندە خەم‌بار بوو نەی‌زانیی چۆن ئەو ڕێگا دوور و درێژەی بڕیی .. هەر ئەوەندەی زانیی گەیشتۆتە (قرن الثعالب) . که سەری بەرز کردەوە ئەبینێ وا هەورێك سێبەری بۆ کردووە .. کە سەیری کرد ئەبینێ وا جیبریلی لەناودایە ، ئەفەرموێ : ((فَنادانـي ، فَقالَ : إنَّ اللهَ قد سَمِعَ قَولَ قَومِكَ لَكَ ، وَما رَدُّوا عَلَيكَ ، وَقَد بَعَثَ إلَيكَ مَلَكَ الجبالِ لتَأمُرَهُ بما شئتَ فيهِم ، قالَ : فنادانـي مَلَكُ الجبالِ ، وَسلَّمَ عَلَيَّ ، ثُمَّ قالَ : يا مُحَمَّد ! إنَّ اللهَ قَد بَعَثَني إلَيكَ ، وَأَنا مَلَكُ الجبالِ لِتَأمُرَنـي بِأَمرِكَ ، فَما شئتَ ؟ إن شئتَ أَن أُطبِقَ عليهِمُ الأَخشَبَين)) .

فەرمووی : جیبریل بانگی لێ کردم و فەرمووی : خوای گەورە وتە و وەڵامی قەومەکەتی بیست و ، وا مەلائیکەتی سەرپەرشتیاری کێوەکانی ناردووە تا بە ویستی خۆت فەرمانی بەسەردا بدەیت ، ئەفەرموێ : مەلائیکەتی کێوەکان بانگی لێ کردم و ، سەلامی لێ کردم ، پاشان فەرمووی : ئەی موحەممەد ! خوای گەورە ناردوومی بۆ لات و ، من مەلائیکەتی کێوەکانم ، تا فەرمانم بە سەردا بدەیت .. جا ویستت بە چی‌یە ؟ ئەگەر بتەوێ ئەو دوو چیایەی ئەم بەر و ئەوبەری مەککە دێنمەوە یەك بەسەریان‌دا ..[٢٢٦]

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ((بَل أَرجُو أَن يُخرِجَ اللهُ مِن أَصلابِـهِم مَن يَعبُدُ اللهَ وَحدَهُ ، وَلا يُشرِكُ بِهِ شَيئاً)) .[٢٢٧] فەرمووی : هیوادارم خوای گەورە لە پشتی ئەوانە وەچەیەك بخاتەوە کە بە تاك و تەنیا خوا بپەرستێ و ، شەریکی بۆ بڕیار نەدا . لە هەندێ ڕیوایەت‌دا مەلائیکەتی سەرپەرشتیاری کێوەکان ئەڵێت : تۆ هەر بەو شێوەیت کە پەروەردگارت ناوی ناوی ، ((رؤوف رحيم)) یت .

---

[٢٢٦] چیای ئەبوقوبەیس و قوعەیقەعانی بەرامبەری .

[٢٢٧] رواه الشيخان واللفظ لمسلم .

کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە طائیفەوە بەرەو مەککە ئەگەڕایەوە ، ئەوەبوو گەیشتە (نەخلە) ، کە شەوێك ڕێگا لە مەککە دوورە و ، بریتی‌یە لە دوو شیو : یەکێکیان نەخلەی شامی‌یە و ئەوی تریشیان نەخلەی یەمانی‌یە ، لەوێ لە نیوەشەودا هەستا بۆ شەو نوێژ . کاتێك کە نوێژی ئەکرد ، کۆمەڵێك جیننیی ، کە حەوت جیننیی نەصیبین بوون ، بەلای‌دا تێپەڕیان کرد و ، گوێیان بۆ قورئان خوێندنەکەی گرت . کە لە نوێژ بوویەوە ، بۆ ئاگادارکردنەوە گەڕانەوە لای قەومەکەیان و خۆیان موسڵمان بوون و ئیمانیان بەو قورئانە هێنا کە بیستیان . خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئەم هەواڵە بۆ پێغەمبەرەکەی ئەگێڕێتەوە :

﴿ وَإِذْ صَرَفْنَآ إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقُرْءَانَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوٓاْ أَنصِتُواْ فَلَمَّا قُضِىَ وَلَّوْاْ إِلَىٰ قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ ﴿٢٩﴾ قَالُواْ يَٰقَوْمَنَآ إِنَّا سَمِعْنَا كِتَٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٣٠﴾ يَٰقَوْمَنَآ أَجِيبُواْ دَاعِىَ ٱللَّهِ وَءَامِنُواْ بِهِۦ يَغْفِرْ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ وَيُجِرْكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣١﴾ وَمَن لَّا يُجِبْ دَاعِىَ ٱللَّهِ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَيْسَ لَهُۥ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءُ أُوْلَٰٓئِكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٣٢﴾ ﴾ (الأحقاف : ٢٩ ـ ٣٢) .

هەواڵی ئەم سەردانەی طائیف لەلایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ گەیشتە لای قوڕەیش ، ئەوانیش زۆریان پێ ناخۆش بوو و ، خۆیان ئەخواردەوە بۆی کە چووە داوای کۆمەکیی لە ثەقیف بکات لە دژیان . ئەوەبوو بڕیاریان دا کە نەهێڵن بێتە مەککەوە .. پێغەمبەری خوا ﷺ هەستی کرد کە ئەگەر لە خۆیەوە بچێتە ناو مەککەوە خراپەیەك بەرامبەری بکەن ، بۆیە وای بە چاك زانیی یەکێك لە پیاو ماقووڵان پەنای بدات . بۆ ئەمە عەبدوڵڵای کوڕی ئورەیقیطی نارد بۆ لای ئەخنەسی کوڕی شەریق تا پەنای بدات ، لە وەڵامدا ئەخنەس وتبووی : من هاوپەیمانی قوڕەیشم ، هاوپەیمانیش ناتوانێ بەسەر خەڵکی شوێنەکەدا پەنای کەسێك بدات .

پاشان ناردی بۆ لای سوهەیلی کوڕی عەمر تا ئەو پەنای بدا ، ئەویش وتبووی: نەوەی عامر ناتوانن بەسەر نەوەی کەعبی کوڕی لوئەی‌دا پەنای کەسێك بدەن .

پاشان ناردی بۆ لای موطعیمی کوڕی عەدیی تا پەنای بدات . وتبووی : باشە . بلێ با بێت . بەم وەڵامە پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی برد و ئەو شەوە لە

لای موطعیم مایەوە . کە ڕۆژ بوویەوە موطعیم لەگەڵ هەر شەش یان هەر حەوت کوڕەکەیدا لە ماڵ هاتنەدەر و شمشێرەکانیان لە شان کردبوو و ، پێکەوە چوونە کەعبە و بە پێغەمبەری خوای وت : بڕۆ طەواف بکە . خۆشیان بە قایشی شمشێرەکانیان دەستە ئەژنۆ دانیشتن .

ئەوەبوو ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب هات بەلای موطعیمەوە و ، پێی وت : پەنادەری ، یان شوێن کەوتوو ؟ وتی : پەنادەرم . وتی : دەی کەواتە دەست بۆ پەنا و پەیمانی تۆ نابەین . پێکەوە دانیشتن هەتا پێغەمبەری خوا ﷺ لە طەواف کردن بوویەوە . کاتێك کە تەشریفی برد ئەوانیش لەگەڵیا ڕۆیشتن .

ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم پیاوەتی‌یەی موطعیمی لەبەر چاو بوو و ، کاتێکیش کە جوبەیری کوڕی هاتە مەدینە تا دەربارەی دیلەکانی بەدر قسە لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بکات ، پێی فەرموو : « لَو كانَ الُمطعَمُ بنُ عَديٍّ حَيًّا ثُمَّ كَلَّمَني في هؤلاءِ النَّتنَى لَتَركتُهُم لَهُ » ئەفەرموێ : ئەگەر موطعیمی باوکت زیندوو بوایە و دەربارەی ئەم پیسکانە قسەی لەگەڵما بکردایە ، دەم بەخشین پێی .

دوای کۆچ کردنی موسڵمانەکان بۆ مەدینە ، موطعیم لە مەککە کۆچی دوایی کرد ، بێ‌ئەوەی موسڵمان ببێ . بەڵام ئەوەبوو حەسسانی کوڕی ثابیت ، لە پاداشتی ئەو چاکەیەی مەککەی بە شیعرێکی جوان شیوەنی بۆ کرد .

لە ریوایەتی تردا هاتووە کە دانیشتوانی طائیف لەسەر ڕێگای پێغەمبەر ﷺ بە دوو ڕیز ئەمبەر و ئەوبەر بۆی دائەنیشتن و ، کاتێ کە تێپەڕ ئەکات لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا بەردێك ئەگرنە قاچی پیرۆزی هەتا هەردوو پێی خوێناویی ئەبن و کە لێیان تێپەڕ ئەکات خوێن سەری کردبوو .

لە ریوایەتێکیشدا عەدداس بە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەڵێت : شاهێدیی ئەدەم کە تۆ بەندە و پێغەمبەری خوایت . بەمە عەدداس ئیمانی هێنا و کەوتە شوێن دینی ئیسلام .

کاتێکیش کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەیەوێ بگەڕێتەوە مەککە ، زەیدی کوڕی حاریثەی هاوەڵی خوا لێی ڕازیی بێ سەری سوڕ ئەمێنێ و ئاگاداری ئەکات کە قوڕەیش دەست دێننە ڕێی . ئەوەبوو پێی وت : دوای ئەوەی کە ئەوان دەریان کردوویت چۆن ئەچیتەوە ناویان ؟ فەرمووی : « یا زَیدُ ! إنَّ اللهَ جاعِلٌ لِما تَرى فَرَجاً وَمَخرَجاً ، وَإنَّ اللهَ ناصِرُ دينِهِ ومُظهِرُ نَبيِّهِ » . فەرمووی : ئەی زەید ! ئەوەی تۆ

ئەیبینیی لە تەنگانە خوای گەورە دەرووی بۆ ئەکاتەوە و، خوای گەورە دینەکەی و پێغەمبەرەکەی سەر ئەخات .. ئیتر ئەکەوێتە ڕێ هەتا نزیك ئەکەوێتەوە ، ئەوسا لە حەڕڕاءدا ئەمێنێتەوە تا نێرراوەکەی ئەنێرێت بۆ لای پیاوە قورەیشی یەکان تا پەنای بدەن .

ئەوەبوو موطعیمی کوڕی عەدیی ڕەزامەندیی نواند تا پەنای بدات و ، فەرمانی دا بە کوڕەکانی و خزمەکانی تا چەکەکانیان هەڵ بگرن و چوار دەوری کەعبە بگرن ، چونکە پێغەمبەری خوای ﷺ پەنا داوە . خۆیشی لەسەر وڵاغەکەی وەستا و کە پێغەمبەر ﷺ گەیشتە کەعبە ، موطعیم جاڕی دا : ئەی کۆمەڵی قورەیش ! من موحەممەدم پەنا داوە ، هیچ کەستان قسەی پێ نەڵێ .

پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتە لای بەردە ڕەشەکە و ئیستیلامی کرد و ، دوو ڕەکعەت نوێژی بەجێ هێنا و ، گەڕایەوە ماڵەوە و موطعیم و کوڕەکانیشی بە شمشێرەوە بە دوایەوە بوون هەتا گەیاندیانە ماڵەوە ..[228]

دوانزەهەم : گەشتی ئیسرا و میعراج

لە چەند لاپەڕەی پێشوودا باسی ئەو ناڕەحەتی یەمان کرد کە لە لایەن ثەقیفەوە تووشی پێغەمبەری خوا ﷺ هات ، کاتێك کە وەکو میوانێك تەشریفی بردە ناویان تا بانگیان بکات بۆ لای خوا ، کە ئەوەبوو بە هەموویانەوە بەردیان تێ ئەگرت و هەردوو پێی موبارەکی خوێناویی کران و ، ئەویش بە خەم باریی و دڵ شکاویی و ، ناڕەحەتی یەوە گەڕایەوە مەککە ، بەڵام خەمی گەورەی ئەوەبوو کە بانگەوازەکەی شوێنی چاکی دەست نەکەوێ بۆ بڵاوبوونەوە . چونکە ئەو گەشتە پڕ مەینەتی یەی طائیفی بۆ ئەوە کرد کۆمەکیی و پشتیوانیی بۆ بانگەکەی دەست بخات ، کەچیی ئەبینێ وا دانیشتوانی طائیف گەلێك لە دانیشتوانی مەککە خراپ تر و ، کەللە ڕەقتر و ، نەزان و سەفیهـ ترن . کاتێکیش گەڕایەوە مەککە ، ئەگەر لە پەنای موطعیمدا نەبوایە نەیان ئەهێشت بچێتەوە ناویان .

لەناو ئەم هەموو خەم و خەفەتەدا و ، لەناو کۆمەڵێکی ئاوەها دوژمن بە ئیمان دا ، کە هەموو ڕێیەکیان بۆ دژایەتیی دینی خوا ئەگرتە بەر و ، دوای ئەم هەموو تەنگانە و ناڕەحەتی یانە ، خوای گەورە سۆزی بۆ پێغەمبەر و ئازیز و

---

[228] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٤٠١ _ ٤٠٥ ، وشرح حياة الصحابة : ١ / ٢٠٨ و : ١ / ٤٥٦ _ ٤٦١ ، والرحيق المختوم : ١٢٨ _ ١٣٢ .

خۆشەویستەکەی جوولا و ، بۆ ئەوەی دڵە زامدارەکەی ساڕێژ بکات و ، خەم و خەفەتی لە کۆڵ بکاتەوە گەشتی ئیسرا و میعراجی پێ کرد ..

ئەوەبوو لەو گەشتە پیرۆزەدا چەندین بەڵگە و نیشانەی گەورە گەورەی پەروەردگار و ، چەندین نیشانەی چاودێریی و بایەخ پێدانی خوایی بە خۆی و بە بانگەوازەکەی بینیی ، کە جار لە دوای جار متمانەی زیاتری بە خۆی و ، بە سەرکەوتنی بانگەوازەکەی ئەکرد و ، بۆی روون ئەبۆوە کە هێزی لەبن نەهاتووی پەروەردگار لەگەڵ بانگەوازەکەی ئەودایە و ، دوژمنەکانی چەندە زۆر و بەدەسەڵاتیش بن لە ناویان ئەبات .

هەر لەم گەشتەدا خوای گەورە بەشێك لە موڵکی فراوانی خۆی پیشانی موحەممەدی خۆشەویستی ﷺ دا ، تا دڵ و دەروونی پڕ بێ لە متمانە و ، رەزامەندیی و ، نوور و ، هێمنیی و ، ئاسوودەیی و ، زامەکانیشی ساڕێژ بن .

لە پێشەوە با بزانین ئیسرا و میعراج چین ؟

ئیسرا : بردنی پێغەمبەری خوا ﷺ لەلایەن خوای بەدەسەڵاتەوە لە مزگەوتی حەرامەوە لە مەککە بۆ مزگەوتی ئەقصا لە ئیلیاء واتە قودس ، ئەویش لە بەشێکی شەودا و ، گەڕانەوەی بۆ شوێنی خۆی هەر لەو شەوەدا ..

میعراجیش : بەرزکردنەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە بەیتولمەقدیسەوە بۆ حەوت ئاسمانەکە و ژوورتریش ، کە ئەوەبوو پێنج فەرزەی نوێژ فەرز کران و ، گەڕانەوەشی لە بەشێکی شەودا بۆ بەیتولمەقدیس ..

دوای ئەمەش وا چاکە بەڵگەی سەلماندنی روودانی ئیسرا و میعراج لە قورئان و سوننەتدا بخەینە روو .

رووداوی ئیسرا بە پێی قورئان و فەرموودەی صەحیح چەسپاوە . ئەوەتا خوای گەورە ئەفەرموێ :

﴿ سُبْحَـٰنَ ٱلَّذِىٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ لَيْلًا مِّنَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ إِلَى ٱلْمَسْجِدِ ٱلْأَقْصَا ٱلَّذِى بَـٰرَكْنَا حَوْلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنْ ءَايَـٰتِنَآ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١﴾ ﴾ (الإسراء : ١) .

ئەم ئایەتە پیرۆزەی سەرەتای سوورەتی (الإسراء) بە وشەی (سبحان) دەست پێ ئەکات کە پاك و بێگەردیی بۆ ئەو خوایە دەرئەبڕێ کە توانای ئەوەی هەیە لە بەشێکی شەودا شەوڕەویی (إسراء) بە خۆشەویستەکەی بکات و ، لە هەمان کاتیشدا سەرسوڕمانی تێدایە . لە جیاتی ناوی پێغەمبەریش ﷺ وشەی (عبد)

ی بەکارهێناوە تا موسڵمانان کە ئەم پایە بەرزە بە خۆشەویستی خواوە ئەبینن ، سەریان لێ نەشێوێ و لە پلەی بەندایەتیی نەیترازێنن و لە ڕادەی خوایەتیی نزیکی نەکەنەوە .. هەروەها وشەی (لیلاً) هاتووە تا ئاماژە بێت کە ئەم ڕووداوە لە بەشێکی شەودا ئەنجام ئەدرێ . ((المسجد الحرام)) یش لە مەککەیە و بە بۆنەی ڕێز و حورمەتیەوە ناونراوە (الحرام) . (المسجد الأقصى) ش لە قودسە و ، بە بۆنەی دووریيەوە لە کەعبەی پیرۆز ناونراوە (الأقصى) . هەروەها (بارکنا حوله) ئەوە ئەگەیەنێ کە مزگەوتی ئەقصا لە بەیتولمەقدیس لە فەڕ و بەرەکەتی دینیی و دنیایی بەشی دراوە . بەرەکەتی دینیی وەك ئەوەی کە مزگەوتی ئەقصا بۆتە بنکەی پێغەمبەران و ، شوێن کۆچی زۆربەیان و ، قیبلەیان و ، شوێن دابەزینی مەلائیکە و ، یەکێکیشە لەو سێ مزگەوتەی کە ڕێ بە ئیمانداران دراوە زیارەتیان بکەن ، کە کەعبە و مزگەوتی مەدینە و ، مزگەوتی ئەقصان . بەرەکەتە دنیایيیەکانیش ئەوەیە کە بە ڕووبار و کشت و کاڵ و باخ و باخات دەوری دراوە .

فەرموودەش زۆرن لەو بارەوە ، کە بە کۆمەکیی خوا لە دواوە هەندێکیان باس ئەکەین .

میعراجیش بە فەرموودەی صەحیح چەسپاوە ، بەڵام هەندێ لە زانایان وای ئەبینن کە ، ئەگەرچیی گەشتی میعراج ڕاستەوخۆ بە قورئان نەچەسپاوە ، بەڵام لە سوورەتی (النجم) دا ئاماژەی بۆ کراوە کە خوای گەورە ئەفەرموێ :

﴿ وَلَقَدْ رَءَاهُ نَزْلَةً أُخْرَىٰ ﴿١٣﴾ عِندَ سِدْرَةِ ٱلْمُنتَهَىٰ ﴿١٤﴾ عِندَهَا جَنَّةُ ٱلْمَأْوَىٰٓ ﴿١٥﴾ إِذْ يَغْشَى ٱلسِّدْرَةَ مَا يَغْشَىٰ ﴿١٦﴾ مَا زَاغَ ٱلْبَصَرُ وَمَا طَغَىٰ ﴿١٧﴾ لَقَدْ رَأَىٰ مِنْ ءَايَـٰتِ رَبِّهِ ٱلْكُبْرَىٰٓ ﴿١٨﴾ ﴾ (النجم : ١٣ ـ ١٨) .

جا ئیبنمەسعوود و خاتوو عائیشە خوا لێیان ڕازیی بێ ئەوەیان لێ ڕیوایەت کراوە کە ئەوەی لە ئایەتی سیانزەهەمدا بینراوە جیبریل بووە ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ بەو شێوەیەی خوا خەلقی کردووە بینیویەتی و ، تەنها دوو جاریش بەو شێوەیەی بینیویەتی : یەکەمیان ئەو کاتەی کە لە ئەشکەوتی حەڕڕاء ئەهاتە خوارەوە و ، دووهەمیش شەوی میعراج .

کەچیی لە ئیبن عەبباس‌یشەوە ریوایەت کراوە کە ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بینیویەتی خوای گەورەیە ، بەڵام ریوایەتی یەکەم صەحیح و پشت پێ بەستراوە .

ئیمام ئیبن کەثیر لە تەفسیرەکەی‌دا ئەمەمان بۆ روون ئەکاتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دوو جار جیبریلی ، سەلامی لێ بێ ، بەو شێوە دیوە کە خوای گەورە خەلقی کردووە : یەکەم : دوای وەستانی وەحیی ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ئەشکەوتی حەڕاء ئەهاتە خوارەوە ، بە شێوەی خۆی ، کە شەش صەد باڵی هەبوون و لەبەر گەورەیی ئاسۆی داپۆشیی بوو ، چاوی پێ کەوت ، ئەوەبوو لێی نزیك کەوتەوە و ، ئەو وەحیەشی پێ گەیاند کە خوای گەورە بۆی ناردبوو . خوای گەورە لەو بارەوە ئەفەرموێ :

﴿عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلۡقُوَىٰ ۝٥ ذُو مِرَّةٖ فَٱسۡتَوَىٰ ۝٦ وَهُوَ بِٱلۡأُفُقِ ٱلۡأَعۡلَىٰ ۝٧ ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّىٰ ۝٨ فَكَانَ قَابَ قَوۡسَيۡنِ أَوۡ أَدۡنَىٰ ۝٩ فَأَوۡحَىٰٓ إِلَىٰ عَبۡدِهِۦ مَآ أَوۡحَىٰ﴾ (النجم : ٥ ـ ١٠) .

دووهەمیش : لە شەوی ئیسرا و میعراج‌دا لەلای (سدرة المنتهى) وەك لە سوورەتی (النجم) دا ئاماژەی بۆ کراوە :

﴿وَلَقَدۡ رَءَاهُ نَزۡلَةً أُخۡرَىٰ ۝١٣ عِندَ سِدۡرَةِ ٱلۡمُنتَهَىٰ ۝١٤﴾ (النجم : ١٣ ـ ١٤).

شایانی باسە ، وەك لە پێشەوە باس کرا ، بە هیچ شێوەیەك نەچەسپاوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ خوای پەروەردگاری بە چاو دیبێ و ، هیچ هاوەڵێکیش ئەوەی بە دەم‌دا نەهاتووە و ، کە ئیبن عەبباسیش رای وەهایە بینیبێتی ، مەبەستی بینینی دڵە .

دەربارەی ئایەتی : ﴿ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّىٰ ۝٨﴾ (النجم : ٨) یش مەبەستی لە نزیك بوونەوەی جیبریلە ، وەك عائیشە و ئیبن مەسعوود خوا لێیان رازیی بێ دەریان بڕیوە . بەڵام نزیك‌کەوتنەوە لە چیرۆکی ئیسرادا نزیك‌بوونەوەی خوای گەورەیە .

جومهووری زانایان رایان لەسەر ئەوەیە کە گەشتی ئیسرا و میعراج لە یەك شەودا بووە و، لە کاتی بێداریی پێغەمبەردا ﷺ بووە و ، بە لاشە و بە رۆحیش بووە و ، فەرموودەی صەحیحی زۆر لەو بارەوە هاتوون . هەروەها فەرموودەی صەحیحیش هەن کە سنگی پیرۆزی لەت کراوە و ، سواری بوراق بووە و ، بەرەو ئاسمان پێیەوە بەرز بۆتەوە و ، تووشی پێغەمبەران بووە و ، پێنج فەرزەی نوێژ فەرز کران و ، فەرمایشتی لەگەڵ خوادا کردووە و ، هات و چۆی نێوان خوای

پەروەردگار و مووسا پێغەمبەری كردووە بۆ كەمكردنەوەی ژمارەی نوێژەكان .
ئەمانە هەر هەموویان ئەیسەلمێنن كە پێغەمبەری خوا ﷺ گەشتی ئیسرا و میعراجی بە لاشە و بە ڕۆحی پیرۆزی ئەنجام داوە .

ئەو فەرموودانەش كە لە بارەی ئیسرا و میعراجەوە ریوایەت كراون ، كۆمەڵە فەرموودەیەكن كە لە زۆرێك لە هاوەڵانەوە خوا لێیان ڕازیی بێ ریوایەت كراون و ڕاوییە ڕاستگۆكان لێیان وەرگرتوون و ، ئیمامانی فەرموودە و تەفسیر ، وەك بوخاریی و ، موسلیم و ، ئەحمەد و ، تیرمیذیی و ، نەسسائیی و ، بەیهەقیی و، ئیبن جەریری طەبەریی تەخریجیان كردوون . هەروەها هەردوو ئیمام موحەممەدی كوڕی ئیسحاق و ، عەبدولمەلیكی كوڕی هیشام لە ژیاننامەكەیاندا باسیان كردوون .

ریوایەتەكانی فەرموودەی ئیسرا و میعراج یەكجار زۆرن و ئەگەنە پلەی تەواتور، كە لە عومەری كوڕی خەططاب و ، عەلیی و ، ئیبن مەسعوود و ، ئەبوذەڕڕ و ، مالیكی كوڕی صەعصەعە و ، ئەبوهورەیرە و ، ئەبوسەعیدی خودریی و ، ئیبن عەبباس و ، شەددادی كوڕی ئەوس و ، ئوبەی كوڕی كەعب و، عەبدوڕڕەحمانی كوڕی قەرظ و ، ئەبوحەببەی ئەنصاریی و ، ئەبولەیلای ئەنصاریی و ، عەبدوڵلای كوڕی عەمری كوڕی عاص و ، جابر و ، حوذەیفە و ، بورەیدە و ، ئەبوئەییوبی ئەنصاریی و ، ئەبوئومامە و ، سەمورەی كوڕی جوندوب و ، ئەبولحەمرا و ، صوهەیبی ڕۆمیی و ، ئوم هانیی كچی ئەبوطالیب و ، عائیشە و ئەسمای خوشكیەوە ریوایەت كراون ، كە هەندێكیان بە درێژە و ، هەندێكیشیان بە كورتە باسەكەیان هێناوە .

ئێستەش با متمانە پێكراوترین و صەحیحترین ریوایەت وەربگرین ، كە هەردوو ئیمامی مەزن ، بوخاریی و موسلیم و لە هەردوو كتێبە صەحیحەكەیاندا لەسەر صەحیحیی ڕێك كەوتوون .

هەردوو ئیمامی فەرموودە لە صەحیحەكەیاندا ، بە سەنەدی خۆیان ، [٢٢٩] لە قەتادەوە ، لە ئەنەسی كوڕی مالیكەوە ، لە مالیكی كوڕی صەعصەعەوە - لەفزەكەش هی بوخارییە - ریوایەتیان كردووە كە پێغەمبەری خوا ﷺ باسی ئەو شەوەی بۆ كردوون كە شەوڕەویی پێ كراوە و ، فەرموویە : ((بَيْنَما أنا في الحَطِيمِ ،

[٢٢٩] صحيح البخاري ـ باب المعراج : ٥ / ٦٦ ، صحيح مسلم بشرح النووي : ٢ / ٢٢٣ ـ ٢٢٥ .

وَرُبَّما قالَ : في الحجْرِ مُضطَجعاً إذ أتاني آت ، فَقدَّ قال ـ أي قتادة ـ : وَسَمِعْتُهُ يَقُولُ : فشقَّ ما بينَ هذه إلَى هذه ، فَقُلْتُ للجارود : ما يَعني به ؟ قال : من ثَغرَةِ نَحرِه إلى ثُنَّته ، فاستَخرَجَ قلبي ، ثم أتيتُ بطَست من ذَهَب مَملوءَةً إيماناً وَرَحْمَةً ، فغُسِلَ قلبي ، ثم حُشي ثم أُعيدَ ، ثم أُتيتُ بدابَّةٍ دونَ البغلِ وفوقَ الحمارِ أبيض . فقالَ له الجارود : هو البُراقُ يا أبا حمزة ـ كُنية أنَسٍ ـ ؟ قال أنسٌ : نعم ، يضع خطْوهُ عندَ أقصى طَرفه ، فحُملتُ عَليه ، فانطَلَقَ بي جَبريل حتى أَتى السماءَ الدنيا ، فاستَفتَحَ ، فقيلَ : مَن هذا ؟ قالَ : جبريلُ ، ومَن مَعَكَ ؟ قال : مُحمدٌ ، قيلَ : وقد أُرسِلَ إلَيه ؟ قالَ : نَعَم ، قال : مرحَباً به فَنعمَ الجيء جاء ، ففتح)) . فلما خلصت فإذا فيها آدم عليه الصلاة والسلام ، فقَالَ : هذا أبوك آدم ، فسلِّم عليه ، فسلَّمتُ عليه ، فرد السلام ثم قال : مرحباً بالإبن الصالح والنبي الصالح .

ثم صعد بي حتى أتى السماء الثانية ، فاستفتح ، قيل : من هذا ؟ قال : جبريل ، قيل : ومن معك ؟ قال : محمد ، قيل : وقد أرسل إليه ؟ قال : نعم ، قيل : مرحباً به فنعم المجيء جاء ، ففتح . فلما خلصت إذا يحيى وعيسى عليهما الصلاة والسلام وهما إبنا الخالة . قال : هذا يحيى وعيسى فسلِّم عليهما ، فسلمت ، فردا ، ثم قالا : مرحباً بالأخ الصالح والنبي الصالح .

ثم صعد بي إلى السماء الثالثة ، فاستفتح ، قيل : من هذا ؟ قال : جبريل ، قيل : ومن معك ؟ قال : محمد ، قيل : وقد أرسل إليه ؟ قال : نعم ، قيل : مرحباً به فنعم المجيء جاء ، ففتح . فلما خلصت إذا يوسف . قال : هذا أخوك يوسف فسلم عليه ، فسلمت عليه فرد ، ثم قال : مرحباً بالأخ الصالح ، والنبي الصالح .

ثم صعد بي إلى السماء الرابعة ، فاستفتح ، قيل : من هذا ؟ قال : جبريل ، قيل : ومن معك ؟ قال : محمد ، قيل : وقد أرسل إليه ؟ قال : نعم ، قيل : مرحباً به فنعم المجيء جاء ، ففتح . فلما خلصت فإذا إدريس ، قال : هذا إدريس فسلم عليه ، فسلمت عليه فرد ، ثم قال : مرحباً بالأخ الصالح والنبي الصالح .

ثم صعد بي حتى أتى السماء الخامسة ، فاستفتح ، قيل : من هذا ؟ قال : جبريل ، قيل : ومن معك ؟ قال : محمد ، قيل : وقد أرسل إليه ؟ قال : نعم ، قيل : مرحباً به فنعم المجيء جاء . فلما خلصت فإذا هارون ، قال : هذا هارون فسلم عليه ، فسلمت عليه فرد ، ثم قال : مرحباً بالأخ الصالح والنبي الصالح .

ثم صعد بي حتى أتى السماء السادسة ، فاستفتح ، قيل : من هذا ؟ قال : جبريل ، قيل : ومن معك ؟ قال : محمد ، قيل : وقد بعث إليه ؟ قال : نعم ، قيل :

مرحباً به فنعم المجيء جاء . فلما خلصت فإذا موسى قال : هذا موسى فسلم عليه ، فسلمت عليه ، فرد ، ثم قال : مرحباً بالأخ الصالح والنبي الصالح . فلما تجاوزت بكى ، قيل له : ما يبكيك ؟ قال : أبكي لأن غلاماً بعث بعدي يدخل الجنة من أمته أكثر ممن يدخلون من أمتي .

ثم صعد بي إلى السماء السابعة فاستفتح جبريل ، قيل : من هذا ؟ قال : جبريل ، قيل : ومن معك ؟ قال : محمد ، قيل : وقد بعث إليه ؟ قال : نعم ، قيل : مرحباً به فنعم المجيء جاء . فلما خلصت فإذا إبراهيم ، قال : هذا أبوك فسلم عليه ، فسلمت عليه ، فرد السلام ثم قال : مرحباً بالإبن الصالح والنبي الصالح .

ثم رفعت إلى سدرة المنتهى ، فإذا نبقها مثل قلال هجر ، وإذا ورقها كآذان الفيلة ، قال : هذه سدرة المنتهى ، وإذا أربعة أنهار : نهران باطنان ، ونهران ظاهران ، فقلت : ما هذان يا جبريل ؟ قال : أما الباطنان فنهران في الجنة ، وأما الظاهران فالنيل والفرات .

ثم رفع لي البيت المعمور ، ثم أُتيتُ بإناء من خمر ، وإناء من لبن ، وإناء من عسل، فأخذت اللبن ، فقال : هي الفطرة التي أنت عليها وأمتك .

ثم فرضت عليَّ الصلوات خمسين صلاة كل يوم ، فرجعت ، فمررت على موسى ، فقال : بم أمرت ؟ قلت : أمرت بخمسين صلاة كل يوم . قال : إن أمتك لا تستطيع خمسين صلاة كل يوم ، وإني قد جربت الناس قبلك ، وعالجت بني إسرائيل أشد المعالجة ، فارجع إلى ربك فاسأله التخفيف لأمتك . فرجعت فوضع عني عشراً. فرجعت إلى موسى فقال مثله ، فرجعت فوضع عني عشراً ، فرجعت إلى موسى ، فقال مثله ، فرجعت فوضع عني عشراً ، فرجعت إلى موسى فقال مثله ، فرجعت فأمرت بخمس صلوات كل يوم ، فرجعت إلى موسى ، فقال : بم أمرت ؟ قال : بخمس صلوات كل يوم ، قال : إن أمتك لا تستطيع خمس صلوات كل يوم ، وإني قد جربت الناس قبلك وعالجت بني إسرائيل أشد المعالجة ، فارجع إلى ربك فاسأله التخفيف لأمتك . قال : سألت ربي حتى استحييت ، ولكن أرضى وأسلم ، قال : فلما جاوزت ناداني مناد : أمضيت فريضتي وخففت عن عبادي)) ..

ئەفەرموێ : لە کاتێك‌دا کە لە حیجردا بووم و ڕاکشابووم ، یەکێك هات بۆ لام . قەتادە باسەکەی بڕیی و وتی : گوێم لێی بوو ئەی‌فەرموو : هەر لێرەوە تا ئەوێی هەڵ دڕیی . وتم بە جاردوود : مەبەستی چی‌یە پێی ؟ وتی : لە قوڕگیەوە هەتا خوار ناوکی . ئەوەبوو دڵمی دەرهێنا ، پاشان تەشتێکی زێڕینیان بۆ هێنام

که پڕ بوو له شتێك که شۆرین پێی ئیمان زیاد و حیکمەت کامڵ ئەکات . دڵمی شۆریی .. پاشان پڕ کرایەوە و ، خرایەوە شوێنی خۆی . پاشان وڵاغێکی سپییم بۆ هێنرا که له ئێستر بچووکتر و له گوێدرێژیش گەورەتر بوو . جاروود لێی پرسیی: بوراقه ،[٢٣٠] ئەی ئەنەس ؟ ئەنەس وتی : بەڵێ ، تا کوێ چاوی بڕ بکات بە هەنگاوێك ئەیگاتێ . پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ : سواری کرام و ، جیبریل کەوتە گەڵ تا گەیشتە ئاسمانی دنیا و ، داوای کرد دەرگای بۆ بکەنەوە . مەلائیکە وتیان : ئەوە کێیە ؟ فەرمووی : جیبریلم . وتیان : ئەی کێت لەگەڵە ؟ فەرمووی : موحەممەد . وتیان : نێردراوە بە دوایدا ؟ فەرمووی : بەڵێ . وتیان : بەخێر بێت، هاتنێکی چاکە . ئیتر دەرگا کرایەوە .

که چوومە ژوورەوە ئەبینم وا ئادەم ، صەلات و سەلامی لێ بێ ، لەوێیە . فەرمووی : ئەمە ئادەمی باوکتە ، سەلامی لێ بکە . سەلامم لێ کرد و ، ئەویش وەڵامی سەلامەکەی دایەوە و ، پاشان فەرمووی : کوڕی صالح و پێغەمبەری صالح [٢٣١] بەخێر بێیت .

پاشان جیبریل بەرزی کردمەوە هەتا گەیشتە ئاسمانی دووهەم و ، داوای کرد دەرگای بۆ بکەنەوە . مەلائیکە وتیان : ئەوە کێیە ؟ فەرمووی : جیبریلم . وتیان : ئەی کێت لەگەڵە ؟ فەرمووی : موحەممەد . وتیان : نێردراوە بە دوایدا ؟ فەرمووی : بەڵێ . وتیان : بەخێر بێت ، هاتنێکی چاکە . ئیتر دەرگا کرایەوە . که چوومە ژوورەوە ئەبینم وا یەحیا و عیسا ، صەلات و سەلامیان لێ بێ ، که پوورزای یەك بوون ،[٢٣٢] لەوێن . فەرمووی : ئەمە یەحیا و عیسان ، سەلامیان لێ بکە . سەلامم لێ کردن و ، ئەوانیش وەڵامیان دایەوە . پاشان فەرموویان : برای صالح و پێغەمبەری صالح بەخێر بێیت .

پاشان بەرزی کردمەوە بۆ ئاسمانی سێهەم و ، داوای کرد دەرگای بۆ بکەنەوە. مەلائیکە وتیان : ئەوە کێیە ؟ فەرمووی : جیبریلم . وتیان : ئەی کێت لەگەڵە ؟

[٢٣٠] بوراق له (برق) ەوە وەرگیراوە ، چونکە له ڕۆیشتن دا خێرایی وەك خێرایی بروسکە وەهایە .

[٢٣١] هەموو ئەو پێغەمبەرانەی که چاویان پێی کەوت سیفەتی (صالح) یان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ بەکار هێناوە ، چونکە وشەی (صلاح) هەموو چاکەیەك ئەگرێتەوە و ، (صالح) یش بریتییە له پاك و بێگەردیی و بەجێهێنانی هەموو فەرمانێکی خوایی و پاراستنی مافی بەندانی خوا .

[٢٣٢] واتە مەریەم و ئیشاعی دایکی یەحیای کوڕی زەکەریا خوشکن . وتراویشە که ئیشاع و دایکی مەریەم خوشکن . واتە مەریەم و یەحیا پوورزا بن دیارە ئەمەش گونجاوە ، چونکە پووری دایك بە پوور ئەژمێررێ .

فەرمووی : موحەممەد . وتیان : نێردراوە بە دوایدا ؟ فەرمووی : بەڵێ . وتیان : بەخێر بێت ، هاتنێکی چاکە . ئیتر دەرگا کرایەوە . کە چوومە ژوورەوە ئەبینم وا یووسف لەوێیە . فەرمووی : ئەمە یووسفی براتە ، سەلامی لێ بکە . سەلامم لێ کرد و ، ئەویش وەڵامی دایەوە . پاشان فەرمووی : برای صالح و پێغەمبەری صالح بەخێر بێیت .

پاشان بەرزی کردمەوە بۆ ئاسمانی چوارەم و ، داوای کرد دەرگای بۆ بکەنەوە. مەلائیکە وتیان : ئەوە کێیە ؟ فەرمووی : جیبریلم . وتیان : ئەی کێت لەگەڵە ؟ فەرمووی : موحەممەد . وتیان : نێردراوە بەدوایدا ؟ فەرمووی : بەڵێ . وتیان : بەخێر بێت ، هاتنێکی چاکە . ئیتر دەرگا کرایەوە . کە چوومە ژوورەوە ئەبینم وا ئیدریس لەوێیە . فەرمووی : ئەمە ئیدریسە ، سەلامی لێ بکە . سەلامم لێ کرد و ، ئەویش وەڵامی دایەوە . پاشان فەرمووی : برای صالح و پێغەمبەری صالح بەخێر بێیت .

پاشان بەرزی کردمەوە هەتا گەیشتە ئاسمانی پێنجەم و ، داوای کرد دەرگای بۆ بکەنەوە . وتیان : ئەوە کێیە ؟ فەرمووی : جیبریلم . وتیان : ئەی کێت لەگەڵە ؟ فەرمووی : موحەممەد . وتیان : نێردراوە بەدوایدا ؟ فەرمووی : بەڵێ . وتیان : بەخێر بێت ، هاتنێکی چاکە . کە چوومە ژوورەوە ئەبینم وا هاروون لەوێیە . فەرمووی : ئەمە هاروونە ، سەلامی لێ بکە . سەلامم لێ کرد و ، ئەویش وەڵامی دایەوە . پاشان : فەرمووی : برای صالح و پێغەمبەری صالح بەخێر بێیت .

پاشان بەرزی کردمەوە هەتا گەیشتە ئاسمانی شەشەم و ، داوای کرد دەرگای بۆ بکەنەوە . وتیان : ئەوە کێیە ؟ فەرمووی : جیبریلم . وتیان : ئەی کێت لەگەڵە ؟ فەرمووی : موحەممەد . وتیان : نێردراوە بە دوایدا ؟ فەرمووی : بەڵێ . وتیان : بەخێر بێت هاتنێکی چاکە . کە چوومە ژوورەوە ئەبینم وا مووسا لەوێیە . فەرمووی : ئەمە مووسایە ، سەلامی لێ بکە . سەلامم لێ کرد و ، ئەویش وەڵامی دایەوە . پاشان فەرمووی : برای صالح و پێغەمبەری صالح بەخێر بێیت . کە تێپەڕییم دەستی بە گریان کرد . پێی وترا : چیی ئەتگریێنێ ؟ فەرمووی : بۆ

ئەوە ئەگریم دوای من منالێك [٢٣٣] كراوە بە پێغەمبەر كە لە ئوممەتەكەی ئەو زیاتر لە ئوممەتەكەی من ئەچنە بەهەشت .

پاشان بەرزیی كردمەوە بۆ ئاسمانی حەوتەم و جیبریل داوای كرد دەرگای بۆ بكەنەوە . مەلائیكە وتیان : ئەوە كێیە ؟ فەرمووی : جیبریلم . وتیان : ئەی كێت لەگەڵە ؟ فەرمووی : موحەممەد . وتیان : نێردراوە بە دوایدا ؟ فەرمووی : بەڵێ . وتیان : بەخێر بێت ، هاتنێكی چاكە . كە چوومە ژوورەوە ئەبینم وا ئیبراهیم لەوێیە ، فەرمووی : ئەمە باوكتە ، سەلامی لێ بكە . ئەفەرمویٚ : سەلامم لێ كرد و ، ئەویش وەڵامی سەلامەكەی دایەوە . پاشان فەرمووی : كوڕی صاڵح و پێغەمبەری صاڵح بەخێر بێیت .

پاشان بەرز كرامەوە بۆ (سدرة المنتهى) ، [٢٣٤] ئەبینم بەرهەمی درەختەكانیان وێنەی كووپەی هەجەرە ، [٢٣٥] و گەڵاشیان بە وێنەی گوێچكەی فیلە . جیبریل فەرمووی : ئەمە (سدرة المنتهى) یە . ئەبینم چوار رووباری لێیە : دووانیان باطنیی و دوانیشیان ظاهریی . وتم : ئەم دووانە چین ، جیبریل ؟ فەرمووی : دوو رووبارە باطنیەكە دوو رووبارن لە بەهەشتدا و ، [٢٣٦] دوو رووبارە ظاهرەكەش نیل و فوراتن . [٢٣٧]

پاشان (البيت المعمور) م لێوە دەركەوت . ئەوەبوو قاپێك لە عەرەق و ، قاپێك لە شیر و ، قاپێك لە هەنگوێنیان بۆم هێنا ، منیش شیرەكەم وەرگرت ..

---

[٢٣٣] وەنەبێ مووسا پێغەمبەر سەلامی لێ بێ بە كەم سەیری پێغەمبەری خوای ﷺ كردبێ ، چونكە نەك هەر ئەو ، كە پێغەمبەرێكی (أولو العزم) ە ، بەڵكو هەموو پێغەمبەرانی خوا ئەدەبی ئەوەیان هەیە كە بزانن پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ سەرداری پێغەمبەرانە و ، یەكەم خۆشەویستی خوایە ، بەڵام مەبەستی ئەوە بووە كە لە چاو تەمەنی پێغەمبەراندا ، وەك نووح و ئیبراهیم و مووسا ، سەلامیان لێ بێ ، ئەو تەمەنی كەم بووە . كەچیی لەگەڵ ئەوەدا كە تەمەنی كەم بووە و ، ماوەی بانگەوازی پێغەمبەرایەتییشی كورت بووە ، خوای گەورە پلەی بەرزتری پێبەخشیوە و ، شوێنكەوتوانی دینەكەی بە پاكیی و بەبێ دەستكاریی لە شوێنكەوتوانی هەموو دینێكی تر زیاترن و ، دینی هیچ پێغەمبەرێك ئەوەندە شوێنكەوتەی نەبوون .

[٢٣٤] بۆیە ناو نراوە (سدرة المنتهى) لەبەر ئەوەی كە زانستی هەموو پێغەمبەرێكی خاوەن پەیام و ، هەموو مەلائیكەتێكی (مقرب) تا ئەوێیە و ، جگە لە پێغەمبەری ئیسلام ﷺ كەسێكی تر لەوە تێپەڕی نەكردووە .

[٢٣٥] كووپەی هەجەر بەلای گوێگرانەوە زانراو بوون ، چونكە هەجەر ناوچەیەك بووە لە نزیكی مەدینە .

[٢٣٦] كە بریتیین لە رووباری كەوثەر و ، رووباری سەلسەبیل .

[٢٣٧] بەو مانایە كە دینەكەی لە دۆڵە پڕ پیت و بەرەكەتەكانی نیل و فورات دا نیشتەجێ ئەبێ و ، دانیشتوانیان ئەبنە هەڵگری ئەم ئیسلامە و دەستە بە دەستە و بەرە بەرە خزمەتی ئیسلام ئەكەن . نەك بە مانای ئەوەی كە نیل و فورات سەرچاوەكەیان لە بەهەشت بێت .

جیبریل فەرمووی : ئەوەی وەرت گرت ئەو فیترەتەیە کە خۆت و ئوممەتەکەت وان لەسەری .[٢٣٨]

پاشان بۆ هەموو ڕۆژێـك پـەنجا نوێـژم لەسـەر فـەرز کـرا و ، بـەدوای خـۆمدا گەڕامەوە و ، بەلای مووسادا تێپەڕییم و فەرمووی : فەرمانی چیت بەسەردا درا ؟ وتم : فەرمانم بەسەردا دراوە کە هەموو ڕۆژێـك پـەنجا نوێـژ بکـەم . فـەرمووی : ئوممەتەکەت توانای نابێ هەموو ڕۆژێك پەنجا نوێژ بکات ، چـونکە مـن پـێش تـۆ خەڵکم تاقیی کردۆتەوە و ، بەوپەڕی ناڕەحەتی‌یەوە کاروباری بەنی ئیسرائیلم هـەڵ سووڕاندووە . بگەڕێرەوە بۆ لای پەروەردگارت و داوای لێ بکە با بـاری سەرشـانی ئوممەتەکەت سـووك بکـات . منـیش گەڕامــەوە و دە نوێـژم لەسـەر لابـرا . کـە گەڕامەوە لای مووسا هەمان فەرمایشتی فـەرمووەوە . دیسـان گەڕامــەوە و ، دە نوێژی ترم لەسەر لابرا ، جارێکی تر گەڕامەوە لای مووسا و هــەمان فەرمایشـتی فەرمووەوە . دیسان گەڕامــەوە و ، دە نوێـژی تـرم لەسـەر لابـرا . ئـەم جـارەش گەڕامەوە لای مووسا و هەمان فەرمایشتی فەرمووەوە .

کە گەڕامەوە فەرمانم بەسەردا درا ڕۆژی پێنج نوێژ بەجێ بهێـنم . فـەرمووی : ئوممەتەکەت توانای نابێ هەموو ڕۆژێك پێنج نوێژ بکات ، چـونکە مـن پـێش تـۆ خەڵکم تاقیی کردۆتەوە و ، بەوپەڕی ناڕەحەتی‌یەوە کاروباری بەنی ئیسرائیلم هـەڵ سووڕاندووە . بگەڕێرەوە بۆ لای پەروەردگارت و داوای لێ بکە با بـاری سەرشـانی ئوممەتەکـەت سـووك بکـات . فـەرمووی : ئەوەنـدەم لـە پـەروەردگارم داوا کـرد شەرمەزار بووم ، کەواتە ڕازییم و تەسلیم بووم ، فـەرمووی : کـە تێپـەڕم کـرد ، بانگم لێ کرا :[٢٣٩] بڕیارم لە سەر فەرزەکەم داوە و ، بـاری بەندەکانیشـمم سـووك کردووە .

هەندێ ڕیوایەتی ئیمام موسلیم‌یش باسی هاتنی پێغەمبەر بـۆ (بيت المقدس) و ، چوونە ناوی و ، بەجێ‌هێنانی دوو ڕەکعەت نوێژ و ، هەڵبژاردنی قاپە شـیرەکە و نەویستنی قاپە عەرەقەکە کە جیبریل هــەردووکی بـۆ هێنـا ئـەکات ، ئەمــەش

---

[٢٣٨]. شیری بە فیترەت داناوە ، چونکە شیر یەکەم خواردنێکە کە ئەچێتە ناو سکی منداڵی تازە لە دایك بووەوە و ، تەنها خوای گەورە دروستی ئەکات و ، خۆراکێکی تەواوە . جارێکی تریش دوای نوێژ کردن لە بيت المقدس ئەم هەڵ بژاردنە ڕووی دا .

[٢٣٩]. خوای گەورە خۆی بانگی لە پێغەمبەری خوا ﷺ کردووە ، ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە ڕاستەوخۆ ، لەشەوی میعراجدا فەرمایشتی لەگەڵ ئازیزدا کردووە .

دوای هاتنە دەرەوەی لە (بيت المقدس) . هەروەها ئەوەشی باس کردووە کە خوای گەورە فەرموویە : ((يا محمد إنـهن خمس صلوات كل يوم وليلة ، لكـل صـلاة عشر، يعني حسنات _ فذلك خمسون صلاة ، ومن همَّ بحسنة فلم يعملها كتبـت لـه حسنة ، فإن عملها كتبت له عشراً ، ومن هم بسيئة ولم يعملها لم تكتب شيئاً ، فـإن عملها كتبت سيئة واحدة)) .

ئەفـەرموێ : ئـەی موحەمـەد ! لـە شـەو و ڕۆژێـكدا پێـنج نوێـژن و ، هـەر نوێژێکیش بە دە چاکەیە ، ئەمە پەنجا نوێژ . هەرکەسیش نیازی چاکەیەکی کرد و ئەنجامی نەدا بە چاکەیەك بۆی ئەنووسرێ و ، گەر ئەنجامی دا بـە دە چـاکە بـۆی ئەنووسرێ . هەرکەسیش نیازی خراپەیەکی کـرد و ئـەنجامی نـەدا هیچـی لەسـەر نانووسرێ و ، گەر ئەنجامی دا تەنها یەك خراپەی لەسەر ئەنووسرێ ..

هەروەها هەندێ کتێبی تری فەرموودەش باسی ئەو شتانە ئەکەن کە پێغەمبەر ﷺ لە مەککەوە بۆ (بيت المقدس) چاوی پێ کەوتوون و ، دوو ڕەکعـەت نوێـژیش کە لە (طور سيناء) و لە (بيت لحم) و لە مەدینـە ئـەنجامی داون ، هـەروەها باس لەوە ئەکەن کە لە (بيت المقدس) پێشنوێژیی بـۆ پێغەمبـەران کـردووە و ، پێغەمبەران و ، پێغەمبەریش ستایشی پەروەردگاریان کردووە .

لەو گەشتەیدا پێغەمبەری خوا ﷺ چاوی بە مـالیکی سەرپەرشـتیاری دۆزەخ ئەکەوێت ، کە بە هیچ شـێوەیەك پێناکـەنێ و ، خۆشـیی ناکەوێتـە ناوچـاوانی . هەروەها چاوی بە بەهەشت و دۆزەخ ئەکەوێت .

چاوی کەوت بەوانەی کە بە ستەم ماڵ و سـامانی هـەتیوان ئـەخۆن ، کـە وەك وشتر لمۆزیان هەبوو و ، پارچە ئاگری وەك تاشە بەردیان ئەخستە دەمیانـەوە و لـە دوایانەوە دەرئەچوو .

چاویشیان بە سووخۆرەکان کەوت ، کە ورگێکی وەها زلەیان پێـوە بـوو نـەیان ئەتوانی لە جێی خۆیان بجوولێن و ، کە ئالی فیرعەون بە لایانا تێپەڕیان ئەکرد تـا ئاگری دۆزەخیان پیشان بدرێت ، ئەنیشتنە ملیان و ئەیان پلیشاندن .

چاویشی بە زیناکەران کەوت کە گۆشتێکی قەڵەوی چاك و ، گۆشـتێکی لـەڕی گەنیویان لەبەردەمدا بوو و ، لە گۆشتە گەنیوەکەیان ئەخوارد و ، وازیان لە قەڵەوە چاکەکە ئەهێنا .

چاویشی کەوت بە هەندێ ئافرەت کە بە مەمکیان هەڵواسرا بوون ، بە بۆنەی ئەوەوە کە منداڵی پیاوێکیان بە هی پیاوێکی تر لە قەڵەم دابوو .

هەروەها لەمسەر و لەوسەرەوە چاوی کەوت بە کاروانێکی قورەیش ، کە ئەوەبوو وشترێکیان لێ ون بوو بوو پیشانی دان و ، ئاوەکەشیان لە دەفرێکی سەرگیراودا بوو و ، کاتێ کە ئەوان خەوتبوون ئاوەکەی خواردەوە و ، دەفرەکەشی وەك خۆی بە سەرگیراویی بەجێ هێشت . ئەمەش بووە بەڵگەیەك لەسەر ڕاستیی فەرمایشتەکانی کاتێ کە لە مەککە بۆ قورەیشی باس کرد .

هەر ئەو شەوە ئەم گەشتە پیرۆزە تەواو بوو .. کە ڕۆژ بوویەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ باسی ئەم گەشتە و ئەو شتانەی کە بینیبوونی کرد بۆ قورەیش و ، ئەوانیش زیاتر لە جاران ملیان با ئەدا و ، دژایەتییان ئەکرد .. داوایان لێ کرد باسی (بیت المقدس) یان بۆ بکات . خوای گەورە وێنەی مزگەوتەکەی بۆ دەرخست هەتا بە وردیی بۆیان باس بکات . ئەویش هەموو ناونیشانێکی مزگەوتی بۆ هەڵ ئەدان و نەیانئەتوانیی ئینکاریی لە ڕاستیی بکەن . هەروەها هەواڵی کاروانەکەی پێدان کە لەمسەر و لەوسەرەوە چاوی پێ کەوتبوو و ، هەواڵی ئەو کاتەشی دانێ کە ئەگاتە بەرەوە و ، هەواڵی ئەو وشترەش کە ئەکەوێتە پێش کاروانەکە . ئەوەبوو هەموو هەواڵەکانی بە ڕاست دەرچوون ، کەچیی ئەو ستەم کارانە زیاتر ئەسڵەمینەوە و ، هەتا ئەهات کافرتر ئەبوون .

بەڵام ئەبوبەکر بە جوانیی تەصدیقی ئازیزی کرد ، بۆیە نازناوی (صدديق) ی لێ نرا .

دەربارەی کاتی ئیسرا و میعراج ڕای زۆر هەیە :

١ ـ وتراوە کە ئیسراء لە یەکەم ساڵی هاتنی وەحیدا بووە ، طەبەریی ڕای لەسەر ئەمە بووە .

٢ ـ وتراویشە پێنج ساڵ دوای هاتنی وەحی بووە ، ئەمەش ڕای نەوەویی و قورطوبیی بووە .

٣ ـ وتراویشە شەوی بیست و حەوتەمی مانگی ڕەجەبی ساڵی دەهەمی هاتنی وەحی بووە ، ئەمەش ڕای مامۆستا مەنصورفووریيە .

٤ ـ وتراویشە شانزە مانگ پێش کۆچکردن بۆ مەدینە بووە ، واتە لە ڕەمەزانی ساڵی دوانزەهەمی هاتنی وەحیدا بووە .

٥ ـ وتراویشە ساڵێك و دوو مانگ پێش كۆچ‌كردن بووە ، واتە لە موحەڕڕەمی ساڵی سیانزەهەمی هاتنی وەحی‌دا بووە .

٦ ـ وتراویشە ساڵێك پێش كۆچ‌كردن بووە ، واتە لە ڕەبیعی یەكەمی ساڵی سیانزەهەمی هاتنی وەحی‌دا بووە .[٢٤٠]

سیانزەهەم : بانگ كردنی هۆزەكان

دوای ئەوەی كە دوژمنایەتیی نێوان موسڵمانەكان و قوڕەیش گەیشتە چڵەپۆپە و ، بت‌پەرستان بە هەموو هێزێكیانەوە دژایەتیی ئیسلامیان ئەكرد و ، ئەوەبوو دانیشتوانی طائیف‌یش نە موسڵمان بوون و ، نە بوونە كۆمەكی ئیسلام ، بگرە نامەردانە ئازاری پێغەمبەریشیان دا ، پێغەمبەری خوا ﷺ لە مانگی ذوالقعدة) ی ساڵی دەهەمی هاتنی وەحی‌دا ، كە بەرامبەر بە مانگی حوزەیران ، یان تەمووزی ٦١٩ ی زایینی بوو ، گەڕایەوە مەككە تا هۆزە عەرەبەكان بانگ بكات بۆ سەر ئیسلام ، چونكە كاتی ئەوە بوو كە عەرەبەكان لە هەموو لایەكەوە روو بكەنە مەككە بۆ ئەنجام‌دانی فەرزی حەج ، ئەوەبوو یەك بە یەك سەری لەو هۆزانە ئەدا و باسی ئیسلامی بۆ ئەكردن :

ئەبونوعەیم لە عەبباس‌ەوە خوا لێی ڕازیی بێ ڕیوایەتی كردووە كە وتوویە : پێغەمبەری خوا ﷺ پێمی فەرموو : ((لا أرى عندك ، ولا عند أخيك ـ يريد أبا لهب ـ مَنَعَة ، فهل أنتم مخرجيَّ إلى السوق غداً حتى نقر في منازل قبائل الناس ؟)) .

فەرمووی : وا نابینم نە تۆ و نە ئەبولەهەبی براشت توانای بەرگرییتان لێم هەبێ، ئایا سبەینێ دێن لەگەڵما تا بچین بۆ بازاڕ و سەر لەو هۆزانە بدەین ؟

بۆ بەیانیی پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ ئەبوبەكری صدديق‌دا خوا لێی ڕازیی بێ كەوتنە ڕێ و چوونە لای هۆزە عەرەبەكان و ئەی‌فەرموو :

((يا بني فلان ! إنـي رسول الله إليكم ، آمركم أن تعبدوا الله ، ولا تشركوا به شيئاً ، وأن تخلعوا ما تعبدون من دون الله من هذه الأنداد وأن تؤمنوا بي ، وتمنعوني حتى أبلِّغَ رسالة ربي ؟)) .

ئەی‌فەرموو: ئەی نەوەی فلان ! من پێغەمبەرم و بۆ لای ئێوە ڕەوانە كراوم ، فەرمانتان بەسەردا ئەدەم كە خوا بپەرستن و ، هیچ شتێك مەكەنە شەریكی و ،

[٢٤٠] الرحيق المختوم : ١٤٠ ـ ١٤٥ ، والسيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٤٠٧ ـ ٤٢٧ .

ئەم بتانە واز لێ بهێنن و مەیانکەنە شەریکی خوا و ، ئیمان بە دینەکەی من بهێنن و ، پارێزگارییم بکەن هەتا پەیامەکەی پەروەردگارم بگەیەنم ..

هەروەها ئەیفەرموو : ((مَن يحملني حتى أبلغ رسالة ربي ؟)) ئەیفەرموو : کێ لە وڵاتی خۆیدا جێم ئەکاتەوە هەتا پەیامەکەی پەروەردگارم بگەیەنم ؟

ئەشیفەرموو : ((يا أيها الناس ! قولوا : لا إله إلا الله تفلحوا)) . ئەیفەرموو : خەڵکینە ! بڵێن : (لا إله إلا الله) سەر ئەکەون ، کاتێ ئەمانەی ئەفەرموو ، ئەبولەهەب ، عبدولعوززای کوڕی عەبدولموطەللیبی مامەی بە دوایەوە بوو و ، ئەی وت : ئەمە لە دینی خۆتان و باوباپیرانتان وەرتان نەگێڕێ ، ئەمە ئەیەوێ لە پەرستنی لات و عوززا و جینئییە هاوپەیمانەکانتان داتان بماڵێ و ، بتان خاتە سەر ئەو دینە داهێنراو و گومڕایەی خۆی ، بە گوێی مەکەن و هیچی لێ مەبیستن !!

هی وا هەبوو ئەبولەهەبی نەئەناسیی و سەری سوڕ ئەما و ئەیوت : ئەم پیاوە کێیە وا بە دوایەوە و هەرچیی ئەو ئەیڵێ ئەم پەرچی ئەداتەوە ؟! ئەیان وت : ئەوە ئەبولەهەبی مامەیەتی !!

هەر لە ساڵی چوارەمەوە هەتا ساڵی دەهەمی هاتنی وەحی پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەموو وەرزێکدا داوای ئیمانهێنانی هۆزەکانی کردووە .

ئەمەش هەندێ لەو هۆزانەن کە پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی بردە ناویان و باسی ئیسلامی بۆ کردن .

لە موحەممەدی کوڕی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی حوصەینەوە ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریف دێنێتە ناو مەنزڵگای تیرەیەکی هۆزی کەلب کە پێیان ئەوترا نەوەی عەبدوڵڵا . ئەوەبوو بانگی کردن بۆ لای خوا و ، خۆی پێیان ناساند ، هەتا ئەیفەرموو : ((يا بني عبدالله ! إن الله قد أحسن إسم أبيكم)) . ئەیفەرموو : ئەی نەوەی عەبدوڵڵا ! خوای گەورە ناوێکی جوانی وەك ناوی عەبدوڵڵای لە باپیرە گەورەتان ناوە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئیمانیان وەر نەگرت .

لە عەبدوڵڵای کوڕی کەعبی کوڕی مالیکەوە خوا لێیان ڕازیی بێ ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی هاتە مەنزڵگای نەوەی حەنیفەوە . ئەوەبوو بانگی کردن بۆ لای خوا و ، خۆی پێیان ناساند ، کەچیی هیچ عەرەبێك وەك ئەوان بە ناشیرینیی وەڵامی نەدایەوە .

(كذا في البداية : ٣ / ١٣٩ وكذا في الطبري : ٢ / ٨٤) .

لە (دلائل النبوة : ١٠٠) دا ئەبونوعەیم لە عەبدوڕڕەحمانی عامیرییەوە لە چەند پیاوێکی پیری قەومەکەیەوە تەخریجی کردووە کە وتوویانە :

لە بازاڕی عوکاظ دا بووین پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی هێنایە لامان و فەرمووی : ((مِمَّنِ القوم)) . فەرمووی : ئێوە لە چ هۆزێکن ؟ وتمان : لە نەوەی عامیری کوڕی صەعصەعەین . فەرمووی : ((مِن أيِّ بني عامرٍ ؟)) . فەرمووی : لە چ تیرەیەکی نەوەی عامیر ؟ وتمان : نەوەی کەعبی کوڕی ڕەبیعە . فەرمووی : ((كيف المنعةُ فيكم ؟)) . فەرمووی : توانای خەڵك پارستنتان چۆنە ؟ وتمان : کەس ناتوانێ دەستی بۆ بەرێ و ، کەسیش خۆی تووش ناکات و لەگەڵمان هەڵچێ . ئەویش پێی فەرموون : ((إنِّي رسولُ الله ، فَإن أتيتُكم تمنعوني حتَّى أُبَلِّغَ رِسالةَ ربِّي ؟ ولَم أُكره أحداً منكم على شيءٍ)) . فەرمووی : من پێغەمبەری خوام . ئەگەر بێمە ناوتان پارێزگاریم ئەکەن هەتا پەیامەکەی پەروەردگارم بگەیەنم ؟ بە مەرجێ هیچ کەسێکیشتان بۆ هیچ کارێك ناچار ناکەم . وتیان : ئەی تۆ لە چ تیرەیەکی قوڕەیشیت ؟ فەرمووی : ((من بني عبدالمطلب)) . وتیان : ئەی لەگەڵ نەوەی عەبدمەنافدا چۆنیت ؟ فەرمووی : ((هم أول من كذبني وطردني)) . فەرمووی : ئەوان یەکەم کەس بە درۆزنیان دەرکردم و دەریشیان پەڕاندم .. وتیان : بەڵام ئێمە نە دەرت ئەپەڕێنین و نە ئیمانیشت پێ ئەهێنین . پارێزگارییت ئەکەین هەتا پەیامەکەی پەروەردگارت بگەیەنی .

ئەڵێ : پێغەمبەر ﷺ لەلایان دابەزیی و ، خەڵکەکەش خەریکی کڕین و فرۆشتن بوون ، لە ناکاو بەیحەرەی [٢٤١] کوڕی فیراسی قوشەیریی هاتەوە لایان و وتی: ئەم پیاوە کێیە لە لاتان ؟ نایناسم .. وتیان : موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای قوڕەیشییە . وتی : چیتانە بەسەریەوە ؟ وتیان : وای ئەگەیەنێ کە پێغەمبەری خوایە و ، داوامان لێ ئەکات بیپارێزین هەتا پەیامەکەی پەروەردگاری بگەیەنێت . وتی : ئەی ئێوە چیتان وەڵام دایەوە ؟ وتیان : وتوومانە : بەسەر چاوان ، ئەتبەین بۆ وڵاتی خۆمان و تۆش وەك خۆمان ئەپارێزین ، بەیحەرە وتی : پێ‌نازانم کەسێك لە خەڵکانی ئەم بازاڕە شتێك لەگەڵ خۆیان بەرنەوە ئەوەندەی ئەمەی کە ئێوە ئەیبەنەوە خراپ بێت . سەرەتا ئەیبەنەوە تا لەگەڵ خەڵکییدا ببنە دوژمن و ، عەرەب بە جارێکدا هەر هەموویان بێن بە گژتانا ، خزمەکانی

---

[٢٤١] لە هەندێ سەرچاوەدا (بُجرة) هاتووە و لە هەندێکی تریشدا (بحيرة) .

چاکی ئەناسن . خۆ ئەگەر بیانزانیایە خێری تیایە ئەوا بە هۆیەوە ئەبوونە بەختەوەرترین کەس . ئەچن سەفیهێکی ئەو خەڵکە ، کە خزمەکانی دەریان کردووە و ، بە درۆزنیان لە قەڵەم داوە ، جێ ئەکەنەوە و پشتگیریی لێ ئەکەن . ئای کە رایەکی خراپتان هەیە . پاشان رووی کردە پێغەمبەری خوا ﷺ و وتی : هەستە بڕۆرەوە ناو خزمەکانت . بەخوا لەبەر ئەوە نەبوایە کە میوانی خزمەکانی ئەمدا لە ملت .

ئەڵێ: پێغەمبەریخوا ﷺ هەستا و چوو بەلای وشترەکەیەوە و سواری بوو .. بەیحەریی پیسیش نەقیزەی لاتەنیشتی وشترەکەی دا و ، ئەویش هەڵی ئەخستەوە تا پێغەمبەری خوای ﷺ خستە خوارەوە . لەو کاتەدا ئافرەتێك بە ناوی ضوباعەی کچی عامیری کوڕی قورط ـ کە یەکێ بوو لەو ئافرەتانەی لە مەککەدا لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ موسڵمان بوو بوو ـ هاتبوو بۆ سەردانی ئامۆزایانی و وتی : ئەی ئالی عامیر ! ـ هەرچەند هیچ عامیرێکم نیە ـ ئایا لە نێو ئێوەدا ئاوەها ئەکرێ بە پێغەمبەری خوا و کەسێکتان بەرگریی لێ ناکات ؟ سێ پیاو لە ئامۆزاکانی هەستان بۆ بەیحەرە و ، ئەویش دوو کەس هاتن بۆ یارمەتیی . هەر یەکە لە سێ ئامۆزاکەی ضوباعە پیاوێکیان گرت و دای بە زەوییدا و ، پاشان لەسەر سنگی دانیشت و ، بە بۆکز و مشتەکۆڵە دەم و چاوی دارگرتەوە . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((أَللَّهُمَّ ! بارِكْ على هؤلاءِ وَالعَنْ هؤلاءِ)) . فەرمووی : خوایە ! فەڕ و بەرەکەت بڕژێنە بەسەر ئەمانەدا ـ بە خزمەکانی ضوباعە ـ و نەفرەتیش بکە لەوانە ـ بە بەیحەرە و یارمەتیدەرەکانی ـ .

ئەڵێ : ئەو سیانەی کۆمەکیی پێغەمبەری خوایان ﷺ کرد موسڵمان بوون و بە شەهیدییش سەریان نایەوە و ، ئەوانی تریش بەو لەعنەتەوە سەریان نایەوە . ئەو دوانەی کە یارمەتیی بەیحەرەیان دا ناویان : حەزەنی کوڕی عەبدوڵلا و موعاویەی کوڕی عوبادە بوو . ئەو سیانەش کە بوونە کۆمەکی ناویان : غیطریف و غەطەفانی کوڕانی سەهل و ، عوروەی کوڕی عەبدوڵلا بوون .

وأخرجه الحافظ سعيد بن يحيى بن سعيد الأموي في مغازيه عن أبيه ، كما في البداية (٣ / ١٤١) .

بەڵام لای ئیبن ئیسحاق بەم جۆرە هاتووە : پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی بردە مەنزڵگای نەوەی عامیری کوڕی صەعصەعە و ، بانگی کردن بۆ لای خوا و ، خۆی پێیان ناساند ، کەچیی پیاوێکیان بە ناوی بەیحەرە ، یان بەحیرەی کوڕی فیراس

وتی : بەخوا ئەگەر من ئەم گەنجەی قورەیش لەگەڵ خۆم ببەمەوە وڵاتی خۆمان هەموو عەرەبی پێ ئەخۆم ، پاشان بە پێغەمبەری خوای ﷺ وت : باشە ئەگەر ئێمە بۆ ئەم کارەت شوێنت کەوتین پاشان خوا بەسەر نەیارانتدا سەری خستیت ، ئایا دوای خۆت کارەکەت ئەدرێتە دەست ئێمە ؟ فەرمووی: ((الأمر لله يضعه حيث يشاء)) . فەرمووی : ئەمە کاری خوایە و بە ویستی خۆیەتی بە هەر کەسێکی بسپێرێ . کابرا وتی : گوایە سنگمان بکەینە قەڵغان بۆت لەبەردەم عەرەبدا و ، کاتێکیش کە خوا سەری خستیت کارەکەت بدرێتە دەست کەسانی تر ؟ ئێمە پێویستمان بە کاری تۆ نیە ..[٢٤٢] بەمە ئیمانیان نەهێنا .

کە خەڵکەکە کاریان تەواو بوو و گەڕانەوە دوا ، نەوەی عامیریش گەڕانەوە دوا و ، چوونە لای ریش سپی‌یەکی بەساڵدا چوویان ، کە ئەوەندە پیر بوو بوو نەی‌ئەتوانی لەگەڵیانا بچێت بۆ حەج . ئەوەبوو هەموو جارێ کە ئەگەڕانەوە ئەچوون بۆ لای و رووداوی وەزری حەجیان بۆی ئەگێڕایەوە . کە ئەو ساڵە گەڕانەوە لای پرسیاری لێ کردن کە لەم وەرزەدا چیی رووی داوە ، وتیان : گەنجێکی قورەیشیی کە لە نەوەی عەبدولموطەللیب بوو هات بۆ لامان و ، وەهای دەرئەبڕیی کە پێغەمبەرە و ، داوای لێ ئەکردین کە بی‌پارێزین و لەگەڵیا بین و بی‌هێنین بۆ وڵاتی خۆمان .

ئەڵێ : ریش سپی‌یەکە بە داخەوە دەستی کێشا بەسەری خۆیدا ، پاشان وتی : ئەی نەوەی عامیر ! ئایا ئەتوانن فریای ئەم کارە بکەون ؟ ئایا دەستگیر ئەکرێتەوە ؟ بەو خوایەی گیانی فلانەکەسی بە دەستە هەرگیز هیچ ئیسماعیلی‌یەك ئەمەی نەوتووە و ، ئەم داوایەشی راستە ، ئەی ئێوە ژیرییتان لە کوێ بوو ؟

(كذا في البداية : ٣ / ١٣٩ والطبري في تأريخه : ٢ / ٨٤) .

ئەم چیرۆکە ، ئیسلامی پاڵفتە لە سیاسەتی چەواشەکار جیا ئەکاتەوە .. پێغەمبەری نازدار ﷺ ، دینی حەقی هێناوە بۆ پاك کردنەوەی نیاز و مەبەستی مرۆڤ ، بۆیە سەرەتا بە بەڵێنی ساختە دەست پێ ناکات تا کۆمەك و پشتیوان

[٢٤٢] کابرا ناحەقی نیە ، چونکە لە روانگەی هەوا و ئارەزووی دەروونەوە و ، بە پێی بەرژەوەندیی دنیایی ، کەس بە هەوانتە کار بۆ کەسی تر ناکات .. ئیتر نازانێ ئەمە رێبازی ئیمانە و ، بەرژەوەندی‌یەکانی پاداشتی قیامەتە و ، دەست کەوتەکانیشی رەزامەندیی خوای پەروەردگارە .. سەیر لەوەدایە بڕواشی هەیە کە سەرکەوتنی ئەم کارە بە دەستی خوایە ، بەڵام بەبێ بەرژەوەندیی بۆچیی خۆی ماندوو بکات ؟

جەم بکات و ، دواییش کەس نەوێرێ هەناسە بدات .. بەڵکو لە هەموو کاتێکدا هەر ڕاستیی ئەوێ و ، ڕاستییش بە شوێنکەوتوانی ئەگەیەنێت ، هەرچەندە ئەم ڕێگایە دوور و درێژە و گەیشتن بە مەنزڵ زۆری ئەوێ ، بەڵام سەربەرزیی دنیا و قیامەتی لەگەڵدایە و ، ئەوانەش کە شوێنی ئەکەون هەڵبژاردەی پاك خاوێنی گرۆی ئادەمیین ..

ئەبونوعەیم لە (الدلائل : ١٠٢) دا لە عەبدوڵڵای کوڕی وابیصەی عەبسیی‌یەوە، لە باوکیەوە لە باپیریەوە تەخریجی کردووە کە وتوویە : پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی هێنا بۆ شوێنی بارخستنمان لە مینا و ، ئێمەش لە (جمرە) ی یەکەم کە لە دوای مزگەوتی (خیف) ەوە دێت بارمان خستبوو .. بە سواریی وشترەکەی تەشریفی هێنا و زەیدی کوڕی حاریثەشی لە پاشکۆی‌دا سوار کردبوو . ئەوە بوو بانگی کردین ، دە بەخوا نەهاتین بە دەمیەوە و ، ئەو چاکەیەمان دەستگیر نەبوو .

ئەڵێت : باسی خۆی و بانگەوازەکەیان لە وەرزی حەج‌دا بیستبوو . تا ئەوەبوو هاتە لای ئێمەش و بانگی کردین و کەس نەچوو بە دەمیەوە . ئەو کاتە مەیسەرەی کوڕی مەسرووقی عەبەسییشمان لەگەڵ‌دا بوو و وتی : سوێند بەخوا ئەخۆم ئەگەر لەگەڵ ئەو پیاوەدا ڕاست بکەین و ، بیبەینەوە لەگەڵ خۆمان‌دا و، لە نێومان‌دا بیهێنێتەوە ، ئەوە ڕای ڕاستە ..دیسان سوێندیش بەخوا ئەخۆم کە کاری ئەم پیاوە سەر ئەکەوێ و ئەگاتە هەموو شوێنێك . خەڵکەکە وتیان : وازمان لێ بێنە ، تووشی بەزمێکمان مەکە کە توانامان بەسەری‌دا ناشکێ .. پێغەمبەری خوا ﷺ تەمای کردە مەیسەرە (بۆ ئیمان هێنان) و فەرمایشتی لەگەڵ‌دا کرد ، مەیسەرەش وتی : ئای کە قسەکانت جوان و نوورانیین ! بەڵام خزمەکانم بە گوێم ناکەن و ، پیاویش بە خزمەکانیەوە بەندە ، ئەگەر ئەوان پشتیوانیی لێ نەکەن ، غەریب و دوورینە لە کۆمەکی‌یەوە دوورترن . پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی برد و، خەڵکەکەش گەڕانەوە بۆ ناو کەس‌وکاریان ، (لە ڕێ‌دا) مەیسەرە پێی وتن : با لا بدەینە ئاوایی فەدەك [٢٤٣] ، جوولەکەی وا تیا و دەربارەی ئەم پیاوە پرسیاریان لێ ئەکەین . خەڵکەکە لایان دایە لای جوولەکەکان و ئەوانیش بەشێك لە بەشەکانی تەوراتیان دەرهێنا و کردیانەوە و، دەستیان بە دیراسەی باسی

---

[٢٤٣] فەدەك گوندێك بووە لە خۆرهەڵاتی خەیبەرەوە و لە ساڵی حەوتەمی کۆچیی‌دا بە ڕێك کەوتن بۆتە (فيء) بۆ پێغەمبەر ﷺ . ئێستا شارێکی ئاوەدانی پڕ لە خورما و کشت‌وکاڵە و پێی ئەوترێ : (الحائط) .

پێغەمبەری خوا ﷺ کرد : پێغەمبەری نەخوێندەواری عەرەبیی ، کە سواری وشتر ئەبێت و ، بە پارچەیەك نان قەناعەت ئەکات و ، نە درێژە و نە کورت و ، نە قژی لوولە و نە خاو .. لە چاوانیدا سووری‌یەك تێکەڵ بە سپیی بووە . جا ئەگەر ئەمەیە ئێوەی بانگ کردووە ، ئەوا بچن بە دەمیەوە و شوێن دینەکەی بکەون و ، ئێمەش حەسوودیی پێ ئەبەین و شوێنیشی ناکەوین و ، لە چەندین شوێنیشدا بە دەستیەوە تووشی بەڵای گەورە گەورە ئەبین .. عەرەبیش هەر هەموویان یان شوێنی ئەکەون ، یان لەگەڵیا ئەجەنگن ، جا ئێوە لەوانە بن کە شوێنی ئەکەون . مەیسەرە وتی : خزمینە ! ئەم کارە روون و ئاشکرایە . خەڵکەکە وتیان : ئەتەوێ بگەڕێینەوە بەدوای خۆمانا و بچینە لای ؟ هەموو بە جارێکدا بەرەو وڵاتی خۆیان گەڕانەوە و ، پیاوە ناودارەکانیان نەیانهێشت بچنە خزمەتی و تاقە کەسێکیان موسڵمان نەبوو .. کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی بۆ مەدینە کرد و ، حەجی ماڵ ئاوایی ئەنجامدا مەیسەرە تووشی بوو و ناسی‌یەوە . وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! بەخوا لەو کاتەوە کە تەشریفت هێنایە ناومان هەتا ئێستە سوور بووم لەسەر شوێن کەوتنت ، تا ئەوەی کە رووی دا ، رووی دا .. خوای گەورە ویستی وەها بوو موسڵمانبوونم ، وەك دەی‌بینیی ، ئاوەها دوا بکەوێ و ، زۆربەی ئەوانەش کە ئەو کاتە لەگەڵمدا بوون مردن .. ئەبێ شوێنی ئەوانە کوێ بێ ئەی پێغەمبەری خوا ؟

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((كُلُّ مَنْ ماتَ على غَيرِ دينِ الإسلامِ فَهُوَ في النَّار)) . فەرمووی : هەرکەسێ لەسەر غەیری دینی ئیسلام بمرێ لە ئاگردایە . مەیسەرە وتی : سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە رزگاری کردم . ئەوەبوو موسڵمان بوو ، بەڵام موسڵمانبوونێکی چاك ، بە رادەیەك کە خاوەنی پایە و سەنگی تایبەتیی بوو لەلای ئەبوبەکر خوا لێی رازیی بێ . (وذكره في البداية : ٣ / ١٤٥) .

دیسان ئەبونوعەیم لە (الدلائل : ١٠٣) دا تەخریجی کردووە و وتوویە : موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی کەثیری کوڕی صەڵت لە ئیبن روومان و عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوبەکر و غەیری ئەوانیشەوە خوا لێیان رازیی بێ بۆی گێڕاومەتەوە کە وتوویانە :

پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی هێنا بۆ هەوارگەی کیندە لە بازاڕی عوکاظ دا ، بەڵام تەشریفی نەبردبووە لای هیچ هۆزێکی عەرەب کە ئەوەندەی ئەوان نەرم و

نیان بێ ، کاتێك کە نەرم و نیانیی و زمان پاراویی و ڕووخۆشیی ئەوانی دیی ، دەستی دایە فەرمایشت لەگەڵیان‌دا و ئەی‌فەرموو : ((أدعُوكم إلى الله وحده لا شريك له وأن تمنعوني مما تمنعون منه أنفسكم فإن أظهر فأنتم بالخيار)) . فەرمووی : بانگتان ئەکەم بۆ ئیمان‌هێنان بە خوای تاك و تەنیا و بێ‌شەریك و ، خۆتان لە هەرچیی ئەپارێزن منیشی لێ بپارێزن . جا کە سەر کەوتم ئیتر بە ویستی خۆتانە . زۆربەیان وتیان : ئەم وتەیە چەند جوانە ! بەڵام ئێمە خەریکی پەرستنی ئەو خوایانەین کە باوباپیرمان ئەیان پەرستن .. بچووکی هەموویان هاتە زمان و وتی : خزمینە ! پێش هەموو کەسێك ئیمان بەم پیاوە بهێنن ، بەر لەوەی خەڵك پێشتان بکەوێ . دە بەخوا ئەهلی کیتاب باسی ئەوە ئەکەن کە کاتی نزیك بۆتەوە لە حەرەم‌دا پێغەمبەرێك ڕەوانە بکرێ . لە ناو خەڵکەکەدا پیاوێکی یەك‌چاو هەبوو وتی : تکایە بێ‌دەنگ بن ! کابرا عەشرەتەکەی دەری کردووە و ، ئێوە جێی ئەکەنەوە ، ئێوە ئەتوانن جەنگی هەر هەموو عەرەب بگرنە ئەستۆ ؟! نا ، نا . ئیتر ئەوەبوو بە خەمباری‌یەوە بەجێی هێشتن و ، خەڵکەکەش گەڕانەوە بۆ ناو خزمەکانیان و هەواڵیان دانێ . پیاوێکی جوولەکە وتی : بەخوا ئێوە بەختتان لە دەست داوە . یان لە (المجمع : ٨ / ٢٣٢) دا ئەڵێت : پەلە بکەن و هەوڵ بدەن بەختی خۆتان دەست بکەوێ تا ڕێی ڕاست بگرنە بەر ، دوایین پێغەمبەرە) . ئەگەر پێش هەموو کەس ئیمان بەم پیاوە بهێنن ، ئەوا ئەبنە سەرداری عەرەب . ئێمە لە کتێبەکانمان‌دا ناو و نیشانەکانی ئەبینین . هەرچیی جوولەکەکە صیفەتەکانی هەڵ ئەدات ، ئەوانەی کە چاویان بە پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتبوو تەصدیقی صیفەتەکانیان ئەکرد . پاشان جوولەکەکە وتی : ئەبینین کە لە مەککە ئەبێتە پێغەمبەر و ، شوێنی کۆچ‌کردنیشی یەثریبە . خەڵکەکە بە یەك‌دەنگیی هاتنە سەر ئەوە کەساڵی داهاتوو لە حەج‌دا بێنەوە خزمەتی . بەڵام ئەوەبوو سەردارێکیان لە حەجی ئەو ساڵە دوای خستن و یەك کەسیان حەجیان نەکرد . ئەوەبوو کابرای جوولەکەکەش مرد و ، لە سەرەمەرگی‌دا ئەوەی لێ بیسترا کە تەصدیقی موحەممەدی ﷺ ئەکرد و ئیمانی پێ ئەهێنا .

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ سەری لە هۆزی بەکری کوڕی وائیل دا و فەرمووی : ((مِمَّن القوم ؟)) فەرمووی : لە چ هۆزێکن ؟ وتیان : لە بەکری کوڕی وائیلین . فەرمووی : ((مِن أيِّ بَكرِ بن وائلٍ ؟)) فەرمووی : لە چ تیرەیەکی بەکری

کوڕی وائیلن ؟ وتیان : لە نەوەی قەیسی کوڕی ثەعلەبـە . فـەرمووی : ((كَيْـفَ العَدَدُ ؟)) فەرمووی : ژمارەتان چۆنـە ؟ وتـیان : زۆریـن وەك خۆڵ . فـەرمووی : ((فكيف المنعة ؟)) . فەرمووی : ئەی پارێزگارییتان چۆنە ؟ دانیان بەوەدا نەنا کـە بتوانن پەنای بدەن ، ئەمەش لە ترسی حکوومەتی فارس . کە پشتی هـەڵ کـرد و ویستی بڕوا ئەبولەهەب لەوێوە تێپەڕیی و وتیان : ئەم پیـاوە ئەناسیی ؟ وتـی : بەڵێ ، لە بەرزترین پلەی نەسەبدایە ، بەڵام لە چ بارەیەکیەوە پرسـیار ئەکـەن ؟ ئەوانیش هەواڵیان دایە کە بۆ چیی بانگی کـردوون و وتیـان : وای ئەگەیـەنێ کـە پێغەمبەری خوایە . وتی : نەکەن بە گوێی بکەن ، ئەوە شێتە و وڕێنە ئـەکات . وتیان : کاتێ کە باسی فارسی کرد هەستمان بەوە کرد . (كذا في البداية : ٣ / ١٤٠)

هەروەها ئەبونوعەیم لە (الدلائل : ٩٦) دا لـە ئـیبن عـەبباس ەوە ، لـە عـەلیی کوڕی ئەبوطالیبەوە خوا لێیان رازیی بێ ، تەخریجی کردووە کە فەرموویە : .. .. پاشان گەیشتینە کۆڕێك کە هێمنیی و ویقار باڵی کێشا بـوو بـە سـەریا و، ئەبینین پیاوی ریش سـپیی خـاوەن رێـز و خـاوەن هەیئـەت تیایـا دانیشـتوون . ئەبوبەکر پێش کەوت و سەلامی کرد .. ئیمام عـەلیی فـەرمووی : ئەبوبـەکر لـە هەموو کاتێكدا پێش ئەکەوت . ئەبوبەکر پرسیاری لێیان کرد : ئەم هـۆزە کـێن؟ وتیان : ئێمە نەوەی شەیبانی کوڕی ثـەعلەبەین . ئاوڕی دایەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و فەرمووی : دایك و باوکم بە قوربانت بن ، کەس ئەوەندەی ئەمانە لەناو قەومەکەیاندا دەسەڵاتدار نیە . ئەوەبوو مەفرووقی کـوڕی عـەمر و ، هـانیءی کوڕی قەبیصە و ، موثەننای کوڕی حاریثـە و ، نوعمانی کوڕی شەریکیان لـەناودا بوون و ، نزیكترین کەسیشیان لـە ئەبوبـەکرەوە مـەفرووقی کـوڕی عـەمر بـوو . مەفرووق بە رەوانبێژیی و زمـانپـاراویی پێشـی هـەموویانی دابوویـەوە و ، دوو پەلکەشی هەبوون کە ئەگەیشتنە سەر سـنگی و لـە دانیشـتنی کۆڕەکـەشدا لـە هەموویان نزیكتر بوو لە ئەبوبەکرەوە . ئەبوبەکر پێی فەرموو : ژمارەتـان زۆرە ؟ وتی : لە هەزار کەس زیاترین و ، هەزاریش لەبەر کەمیيان ناشکێن . فەرمووی : ئەی پارێزگاریی لەناوتاندا چۆنە ؟ وتـی : لەسـەرمان پێویسـتە توانـای خۆمـان بەخت بکەین و ، هەموو کۆمەڵێکیش خۆیان و بـەختیان . ئەبوبـەکر فـەرمووی : ئەی جەنگتان لەگەڵ دوژمنتاندا چۆنە ؟ مەفرووق وتی : کاتێـك کـە بـە دوژمـن ئەگەین لە هەموو کەس تووڕەترین و ، کاتێکیش کە تووڕە ئەبین لە هەموو کـەس

ئازاترین و ، ئێمە ئەسپی تیژمان لە منالآنمان و ، چەکیشمان لە وشتری گـوان پـڕ لە شیر خۆشتر ئەوێن و ، سەرکەوتنیش لای خوایە .. جارێـك سـەرمان ئـەخات و جارێکیش ژێرمان ئەخات . لەوە ئەچێ تۆش کاکەی قوڕەیشیی بیـت ؟ ئەبوبـەکر فەرمووی : ڕەنگە دەنگ و باسی پێغەمبەری خواتان ﷺ پێ گەیشـتبێت ، ئەمـە ئەوە . مەفرووق وتی : پێمان گەیشتووە کە ئەو شتانە باس ئەکات . پاشان ئاوڕی دایەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا و وتـی : کـاکی قوڕەیشـیی ! بانگـەواز بـۆ چـیی ئەکەی ؟ پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە پێشەوە و دانیشت و ، ئەبوبـەکریش هەسـتایە سەر پێ و بە کراسەکەی سـێبـەری بۆ ئەکرد .. پێغەمبەری خـوا ﷺ فـەرمووی : ((أدعوكم إلى شهادة أن لا إلا الله (وحده لا شريك له) [٢٤٤] وأنـي رسـول الله ، وأن تؤونـي ، وتمنعونـي ، وتنصرونـي حتى أؤدِّي عَن الله تعالى ما أمرنـي بـه ، فإن قريشاً قد تظاهرت على أمر الله ، وكذبت رسوله ، واستغنت بالباطل عن الحق ، والله هو الغني الحميد)) .

فەرمووی : بانگتان بۆ ئەوە ئەکەم کە شاهێدیی بدەن جگـە لـە زاتـی (الله) هیچ خوایەکی تر نیە و تاك و تەنیا و بێ‌شەریکە و ، منیش پێغەمبەری خـوام و، جێم بکەنەوە و ، بم پارێزن و ، کۆمەکییم بکەن هەتا ئەو فەرمانە جێبەجێ بکەم کە خوا خستوویەتیە ئەستۆم . چونکە قوڕەیش لە دژی فەرمانی خوا یەکیان گرت و ، پێغەمبەرەکەی ئەویان بە درۆ خستەوە و ، بە شوێنکـەوتنی نـاڕەوا وەهایـان دانا کە پێویستیان بە حـەق و ڕاسـتیی نیـە ، خـوای گـەورە خـۆی دەوڵەمەنـد و سوپاس کراوە . مـەفرووق وتـی : بـۆ چـیی تـر بانگـەواز ئەکـەی ، ئـەی کـاکی قوڕەیشیی ؟ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتانەی خوێند :

﴿ قُلْ تَعَالَوْا۟ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ ۖ أَلَّا تُشْرِكُوا۟ بِهِۦ شَيْـًٔا ۖ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَـٰنًا ۖ وَلَا تَقْتُلُوٓا۟ أَوْلَـٰدَكُم مِّنْ إِمْلَـٰقٍ ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ ۖ وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ۖ وَلَا تَقْتُلُوا۟ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١٥١﴾ وَلَا تَقْرَبُوا۟ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُۥ ۖ وَأَوْفُوا۟ ٱلْكَيْلَ وَٱلْمِيزَانَ بِٱلْقِسْطِ ۖ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۖ وَإِذَا قُلْتُمْ فَٱعْدِلُوا۟ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ ۖ وَبِعَهْدِ ٱللَّهِ أَوْفُوا۟ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ

---

[٢٤٤] لە (البداية : ٢ / ١٤٤) دا هاتووە .

تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٢﴾ وَأَنَّ هَـٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ذَٰلِكُمْ وَصَّـٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾﴾ (الأنعام : ١٥١ ـ ١٥٣) .

لەم ئایەتە پیرۆزانەدا خوای گەورە فەرمان بەسەر پێغەمبەری خوادا ﷺ ئەدات تا بانگی ئادەمی‌یەکان بکات و بۆیان باس بکات کە خوای گەورە چیی لەسەریان قەدەغە کردووە :

یەکەم : شەریك بۆ خوا بڕیار نەدەن .

دووهەم : نەك هەر لەگەڵ دایك و باوك دا خراپ نەبن ، بەڵکو فەرمان ئەدات : لەگەڵیشیان چاك بن و خزمەتیان بکەن .

سێهەم : لەبەر هەژاریی و دەستکورتیی منداڵەکانیان نەکوژن ، چونکە خوا رزقی خۆشیان و منداڵەکانیشیان ئەدات .

چوارەم : نزیکی هیچ رەوشتێکی نزم و سووك نەکەونەوە .

پێنجەم : هەر نەفسێك کە خوا کوشتنی حەرام کردبێ ئەوان نەی‌کوژن ، مەگەر بە حەقی شەرعیی خۆی .

ئەم پێنجەی پێشەوە ئامۆژگاریی پەروەردگارن تا مرۆڤەکان عەقڵ و ژیری‌یان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار بهێنن .

شەشەم : بە چاکە نەبێ لە ماڵ و سامانی هەتیوان نزیك نەکەون و مافیان پێ‌شێل نەکەن .

حەوتەم : بە دەستی پاکەوە کێشانە و پێوانە بکەن و ، غەش و ناپاکی‌یان تێدا نەکەن .. دیارە ئەمەش بە پێی توانای بەندەکان .

هەشتەم : ئەگەر هاتنە گۆ شتی راست و پڕداد و یەکسانیی بڵێن . ناهەقیی مەڵێن ئەگەرچیی حەق وتن پێچەوانەی بەرژەوەندیی خزم و کەس بێت ..

نۆهەم : هەر پەیمان و بەڵێنێکتان بە خوا دا بی‌بەنە سەر ..

ئەم چوارەش ئامۆژگاریی خوان تا مرۆڤەکان هۆشیار و وریا بن .

لە ئایەتی سێهەم‌دا خوای گەورە دەری ئەبڕێ کە ئەم ئامۆژگاری‌یانە و سەرجەم دینەکەی رێبازی راست و پاکی ئەون و با مرۆڤە خواناسەکان شوێنی بکەون و ، شوێن تووڵە رێ‌کان نەکەون ، کە سەریان لێ ئەشێوێنن و پارچە پارچەیان ئەکەن .

ئەمەش ئامۆژگاریی خوایە تا بەڵکو بەندەکانی فێری تەقوا و خواناسیی پاك و بێ‌گەرد بن .

مەفرووق وتی : بۆ چیی تر بانگەواز ئەکەیت ، ئەی کاکی قورەیشیی ؟ دە بەخوا ئەمە وتەی دانیشتوانی زەویی نیە ، چونکە ئەگەر قسەی ئەوان بوایە ، ئێمە ئەمانزانیی .

دیسان پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی بە قورئان خوێندن کردەوە :

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡبَغۡيِۚ يَعِظُكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ۝٩٠ ﴾ (النحل : ٩٠) .

ئەفەرموێ : خوای گەورە فەرمان بە دادپەروەریی و چاکەکردن و ، دەست گرۆیی خزمان ئەکات و ، مرۆڤەکان لە ڕەوشت سووکیی و خراپ کاریی و دەست درێژیی قەدەغە ئەکات . جا خوای گەورە ئەم ئامۆژگارییانە ، بە مەبەستی هۆشیاریی و بێدارییەوە پێشکەش بە بەندەکانی ئەکات .

مەفرووق وتی : کاکی قورەیشیی ! بەخوا بانگەوازت بۆ ڕەوشتبەرزیی و کردەوەی چاك کردووە و ، هەر کۆمەڵێکیش هەوڵیان دابێ بە درۆت بخەنەوە و، دژت یەکیان گرتبێ ناهەقییان کردووە . جا پێی خۆش بوو کە هانیئی کوڕی قەبیصەش لە باسەکەدا بەشداریی بکات ، بۆیە وتی : ئەمەش هانیئی کوڕی قەبیصەی ڕیش سپیی و سەرداری دینمانە .

هانیئ وتی : کاکی قورەیشیی ! وتەکانتم بیستن و ، تەصدیقیشم کردن ، بەڵام من وەهای ئەبینم کە ئەگەر ئێمە واز لە دینی خۆمان بهێنین و شوێن دینەکەی تۆ بکەوین ، هەر تەنها بە دانیشتنێکت لەگەڵمانا ، کە نە بیرێك لە کارەکەت بکەینەوە و ، نە سەرنجی سەرەنجامی ئەوەش بدەین کە بانگمان ئەکەی بۆی ، ئەوپەڕی بێسەلیقەیی و ، کەم عەقڵیی و ، کورت بینیی سەرەنجامە . دیارە پێهەڵکەوتنیش لە پەلەکردندایە . کۆمەڵە خەڵکانێکیشمان بە جێ هێشتوون پێمان ناخۆشە بێ ئەوان هیچ پەیمانێك ببەستین ، بەڵام وا چاکە تۆ بگەڕێیتەوە و ورد ببیتەوە و ، ئێمەش بگەڕێینەوە و ورد ببینەوە . جا پێی خۆش بوو کە موثەننای کوڕی حاریثەش لە باسەکەدا بەشداریی بکات ، بۆیە وتی : ئەمەش موثەننایە کە ڕیش سپیی و فەرماندەی جەنگمانە . موثەنناش وتی : وتەکانتم بیستن و ، بە چاکیشم لە قەڵەم دان ، کاکی قورەیشیی ! ئەوەی کە باست کرد پێی موعجیب بووم و ، وەڵامیش هەر ئەوەیە کە هانیئی کوڕی قەبیصە دایەوە ، ئێمە

(لە وڵاتی خۆماندا) لە نێوان دوو ئاودا بارمان خستووە کە یەکێکیان یەمامەیە و ، ئەوی تریشیان سەمامەیە . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((وما هذان الصيران ؟)) . فەرمووی : ئەو دوو ئاوە چین ؟ وتی : یەکێکیان بەرزاییە وشکەکان و زەویی‌وزاری عەرەبە و ، ئەوی تریشیان زەویی‌وزاری فارس و رووباری کیسرایە . ئێمەش لەلایەن کیسراوە پەیمانمان لێ وەرگیراوە کە هیچ شتێکی تازە دانەهێنین و ، کۆمەکیی هیچ داهێنراویکیش نەکەین و ، لەوەش ئەچێ ئەم کارەی کە تۆ بانگەوازی بۆ ئەکەی پادشایان رقیان لێی بێ . جا هەرچیی کارێك لە وڵاتی عەرەبدا روو بدات ئەوا چاوپۆشیی لە تاوانی خاوەنەکەی ئەکرێت و ، بیانووشی لێ وەرئەگیرێت . بەڵام هەرچیی کارێك لە وڵاتی فارسدا روو بدات ئەوا چاوپۆشیی لە تاوانی خاوەنەکەی ناکرێت و ، بیانووشی لێ وەرناگیرێت . جا ئەگەر بتەوێ لە هەر کارێکدا کە پەیوەندیی بە وڵاتی عەرەبەوە کۆمەکییت بکەین ، ئەوا بەسەر چاو . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((ما أسأتُم الرَّدَّ إذ أفصحتم بالصدق إنه لا يقوم بدين الله إلا مَن حاطه من جميع جوانبه)) . فەرمووی : بە خراپ وەڵامتان نەدایەوە ، بەوەی کە راستییتان دەر بڕیی ، بەڵام مەگەر کەسێك بتوانێ دەست بە دینی خواوە بگرێ کە لە هەموو لایەنەکانیەوە دەستی پێوە بگرێ .

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ هەستا و دەستی ئەبوبەکری خوا لێی رازیی بێ گرت و گەڕانەوە ..

لە هەندێ ریوایەتدا ئەمەشی بۆ زیاد کراوە : پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((أرأيتم ؟ إن لم تلبثوا إلا يسيراً حتى يمنحكم الله بلادهم وأموالهم ويفرشكم بناهم ، أتسبحونه وتقدسونه ؟)) . فەرمووی : زۆری پێ ناچێ خوا وڵات و سامانەکەی ئەوانتان پێشکەش ئەکات و ، کچەکانیان یا ئەکاتە هاوسەرتان یان کەنیزەکتان . ئایا پاك و بێگەردیی و تەقدیسی خوا دەر ئەبڕن ؟

نوعمانی کوڕی شەریك ئەڵێت : خوا بکات ! تۆ بڵێی ئەوە بێتە دیی ، ئەی کاکی قورەیشیی ؟!

پێغەمبەری خوا ﷺ ئایەتی : ﴿ إِنَّآ أَرْسَلْنَـٰكَ شَـٰهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا ﴿٤٥﴾ وَدَاعِيًا إِلَى ٱللَّهِ بِإِذْنِهِۦ وَسِرَاجًا مُّنِيرًا ﴿٤٦﴾ ﴾ (الأحزاب : ٤٥ ـ ٤٦) ی خوێند ، پاشان هەستا و، هەردوو دەستی ئەبوبەکری خوا لێی رازیی بێ گرتن .

عەلیی خوا لێی ڕازیی بێ فەرمووی : پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ ئاوڕی دایەوە بۆ لامان و فەرمووی : ((يا عليّ ! أيّةُ أخلاقٍ للعرب كانت في الجاهلية ، ما أشرفها ؟! بها يتحاجزون في الحياة الدنيا)) .

فەرمووی : ئەی عەلیی ! عەرەب چ ڕەوشتێکی بەرزیان هەبوو لە سەردەمی نەفامییدا ؟ بەو ڕەوشتە جوانانەیان لە ژیانی دنیادا دەست بە خەڵکییەوە ئەگرن تا نەکەونە ناو زوڵم و ستەمەوە .

ئەفەرموێ : پاشان گەیشتینە کۆڕی ئەوس و خەزرەج ، ئەوەبوو هەڵنەساین هەتا بەیعەتیان بە پێغەمبەری خوا ﷺ دا .

عەلیی ئەفەرموێ : ئەنصارەکان ڕاستگۆ و ئارامگر بوون و ، پێغەمبەری خواش ﷺ کە زانیی ئەبوبەکر خوا لێی ڕازیی بێ لە نەسەبیان شارەزایە شادمان بوو .

ئەڵێ : کەمێك بەسەر ئەوەدا تێپەڕی کرد و پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە دەرەوە ناو هاوەڵانی و پێی فەرموون : ((أحمَدُوا الله كثيراً فقد ظفِرَت اليوم أبناءُ ربيعة بأهل فارسَ ، قتلوا ملوكهم واستباحوا عسكرهم وبي نُصِرُوا)) .

فەرمووی : سوپاسێکی زۆری خوای گەورە بکەن ، چونکە ئەمڕۆ کوڕانی ڕەبیعە (واتە هۆزی ئەسەد) بەسەر فارسەکاندا زاڵ بوون : پادشاکانیان کوشتوون و ، سەرباز و سوپایان ڕیشەکەن کران و ، بە هۆی منەوە سەرکەوتن .

ئەمە لە ڕێیەکی تریشەوە هاتووە کە : ئەوا (نەوەی شەیبان) کاتێ لەگەڵ فارسەکاندا جەنگیان کرد و ، لە (قوڕاقیڕ)[٢٤٥] ـ کە شوێنێکی نزیکی فوڕاتە ـ بە یەك گەیشتن ناوی موحەممەدیان ﷺ کردە دروشمی خۆیان و ، بەوەش بەسەر فارسەکاندا زاڵ بوون و ، دوای ئەوەش موسڵمان بوون .

پێغەمبەری خوا ﷺ کۆڵی نەدا و ، بەردەوام خەریکی سەردان و چاو پێکەوتنی هۆزەکان بوو و ، لە هەموو بۆنەیەکدا داوای ئیمانهێنانی لێ ئەکردن و ، لەگەڵ ماقووڵانیاندا وتووێژیی ئەکرد و ، تەنها ئەوەندەی ئەویست جێی بکەنەوە و بیپارێزن ، کەچیی هیچ هۆزێك بە دەمیەوە نەهات .. بەڵکو سەری لە هەر هۆزێك ئەدا ئەیانوت : کابرا خزمەکانی چاکی ئەناسن . پیاوێك قەوم و کەسەکەی خراپ کردبێ و ، پشتیان لێ هەڵ کردبێ ، ئایا بە کەڵکی ئێمە دێت ؟!

---

[٢٤٥] مەبەست لە جەنگی ذیقارە کە لە نزیك کووفەدا ڕووی داوە .

داخۆ ئازیزمان ﷺ چەند خەفەتی خواردبێ ؟ بەڵێ خەفەتی زۆری ئەخوارد ، بە رادەیەك كە قورئان ئامۆژگاریی ئەكرد : ﴿ فَلَعَلَّكَ بَـٰخِعٌ نَّفْسَكَ عَلَىٰٓ ءَاثَـٰرِهِمْ إِن لَّمْ يُؤْمِنُوا۟ بِهَـٰذَا ٱلْحَدِيثِ أَسَفًا ﴾ (الكهف : ٦) .

بەڵام وا سوپاس بۆ خوا ، دوای پانزە صەدە ، ئێستا دینە پاكەكەی خوا چاكتر بڵاو ئەبێتەوە و ، ئادەمیزادە چاوكراوە چاكویستە بەرێزەكان دێن و شوێنی ئەكەون .. مەگەر خوای گەورە خۆی بزانێ لە هەموو دەقیقەیەكدا چەند جار گیانی پاكی پێغەمبەری خوا ﷺ رەحمەتباران ئەكرێت و ، صەڵاواتی لە دیدار ئەدرێت ؟

ئەو رۆژە هیچ هۆزێك باوەشی خزمەتكردنی بۆ ئیسلام نەكردەوە ، تا ئەوەبوو ـ وەك لە دواوە باسی دێت ـ ئەو فەڕ و بەرەكەتە بووە بەشی ئەنصار و ، دانیشتوانی یەثریب بوونە كۆمەكی بەوەفای بەئەمەكی دینی خوا ، تا سەربەرزیی دنیا و قیامەتیان دەست بكەوێ ..

لە بەشەكانی پێشەوەشدا باسی موسڵمانبوونی چەند پیاوێكمان كرد كە خەڵكی مەككە نەبوون ، بەڵام كە سەردانی مەككەیان كرد و سەرنجی ئیسلامیان گرت ، ئیمانیان هێنا ، وا ئێستەش بە پشتیوانی خوا باسی دووانی تریان ئەكەین :

یەكەم : **سوەیدی كوڕی صامیت** : ئەم پیاوە یەكێ بووە لە شاعیرە ژیرەكانی یەثریب و ، لەبەر ئازایەتیی و ، شیعر وتن و ، پیاوەتیی و ، رەچەڵەكیەوە خەڵكەكە ناویان نابوو (الكامل) . واتە مرۆڤی تەواو . ساڵێكیان بۆ حەج یان عەمرە سەردانی مەككەی كرد و ، پێغەمبەری خوایش ﷺ هاتنی ئەم پیاوە ژیرەی بە هەل زانیی و بانگی كرد بۆ ئیسلام .. سوەید وتی : لەوانەیە ئەوەی لەلای تۆش هەبێ هەر ئەوە بێ كە لەلای من هەبێ . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((وما الذي معك ؟)) . فەرمووی : چیت لایە ؟ وتی : حیكمەتی لوقمان ، فەرمووی : ((أعرضها علّي)) . فەرمووی : بۆم بڵێ . ئەویش بۆی وت . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((إن هذا الكلامَ حَسنٌ ، والذي معي أفضلُ من هذا، قرآن أنزله الله تعالى عليّ ، هو هدى ونور)) . فەرمووی : ئەمە وتەیەكی چاكە ، بەڵام ئەوەی كە لەلای منە لەمەش چاكترە . قورئانە و خوای باڵادەست ناردوویەتیە خوارەوە سەرم ، ئەمە هیدایەت و نوورە .. ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ قورئانی بۆ خوێند

و ، بانگی بۆ سەر ئیسلام کرد و موسڵمان بوو و ، وتیشی : ئەمە فەرمایشتێکی چاکە .

پاشان لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ هەستا و گەڕایەوە مەدینە و ئەوەندەی پێ نەچوو ڕۆژی جەنگی (بوعاث) بە دەستی خەزرەج کوژرا و ، خزمەکانی وەهای بۆ ئەچوون کە بە موسڵمانیی کوژرا بێ . ئەمەش لە سەرەتای ساڵی یانزەی هاتنی وەحی‌دا بوو .

دووهەم : **ئیاسی کوڕی موعاذ** : ئەبولحەیسەر ، ئەنەسی کوڕی رافیع لەگەڵ چەند گەنجێکی نەوەی عەبەدولئەشهەل‌دا ، کە ئیاسی کوڕی موعاذیشیان لەگەڵدا بوو ، هاتن بۆ مەککە ، بەو هیوایەی پەیمانێك لەگەڵ قورەیش‌دا ببەستن لە دژی خەزرەج ، ئەمەش پێش ڕوودانی جەنگی بوعاث ، کە لە سەرەتای ساڵی یانزەهەمینی هاتنی وەحی‌دا ڕووی دا ، چونکە دوژمنایەتیی نێوان ئەوس و خەزرەجی جووتە هۆزی عەرەبی شاری یەثریب گەیشتبووە چڵەپۆپە و ، ئەوسی‌یەکانیش لەبەر کەمیی ژمارەیان پێیان خۆش بوو قورەیش پەیمانیان لەگەڵ دا ببەستن .. کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی هاتنی ئەو کۆمەڵە گەنجەی ئەوسی بیست ، تەشریفی بۆ لایان هێنا و ، لەگەڵیان دانیشت و ، فەرمووی : ((هل لكم في خير مما جئتم له ؟)) . فەرمووی : ئایا لەوە چاکترتان ناوێ کە بۆی هاتوون ؟ وتیان : ئەو شتە چی‌یە ؟ فەرمووی : ((أنا رسول الله إلى العباد أدعوهم أن يعبدوا الله ، ولا يشركوا به شيئاً ، وأنزل عليّ الكتاب)) . فەرمووی : من پێغەمبەری خوام بۆ سەر بەندەکانی و ، بانگیان ئەکەم تا خوا بپەرستن و ، هیچ شتێ نەکەنە شەریکی و ، کتێبێکیشی ناردۆتە خوارەوە بۆم . پاشان باسی ئیسلامی بۆ کردن و، قورئانی بۆ خوێندن . ئیاسی کوڕی موعاذ ـ کە تازە پێ ئەگەیشت ـ وتی : بەخوا ئەمە چاکترە لەوەی کە بۆی هاتوون . ئەبولحەیسەر پڕی مشتی خۆڵی هەڵ گرت و ، دای بە دەم و چاوی مناڵەکەدا و وتی : وازمان لێ بێنە ، بەخوا ئێمە بۆ شتێکی تر هاتووین و ، ئیاسیش بێ دەنگ بوو .

ئیتر پێغەمبەری خواش ﷺ تەشریفی هەستا و ، ئەوانیش گەڕانەوە بۆ مەدینە و ، ئەوەندەی پێ نەچوو جەنگی بوعاث ڕووی دا و ، ئەوس و خەزرەج ، بە پیلانی جوولەکە ، خوێنی یەکتریان ڕێژا و ، زۆریشی پێ نەچوو ئیاس کۆچی دوایی کرد . خزمەکانی باسی ئەوەیان ئەکرد کە لەو کاتەوە ئیاس بانگی ئیسلامی بیست بوو،

هەر خەریکی وتنی: (لا إله إلا الله) و (الله أكبر) و (الحمد لله) و (سبحان الله) بوو هەتا کۆچی دوایی کردووە ، بۆیە هیچ گومانیان نەبوو کە ئیاس بە موسڵمانیی مردووە ..

شایانی باسە کە لە جەنگی بوعاثدا خەڵکێکی زۆر لە ئەوسیش و لە خەزرەجیش کوژراوە ، بە تایبەت لە پیاوماقووڵ و ناودارەکانیان و ، سەرەنجامیش سەرکەوتن بۆ ئەوس بووە هەرچەندە ژمارەیان کەم بوو .

جا خوای گەورە ویستی وەها بوو کە ئەو رووداوە گەورەیە کەمێك پێش کۆچ کردنی پێغەمبەری خوا بێ ﷺ بۆ مەدینە ، تا دڵەکان زۆر وریا و هۆشیار بن و ، ئامادەی ئیمانهێنان بن بەو دینە پاکەی کە ناکۆکیی و دوژمنایەتیی نێوان ئەوانی نەهێشت و ، یەکی پێ گرتنەوە و ، نەمامی خۆشەویستیی و برایەتیی و بە یەکەوە گونجانی لە دڵیانا بۆ هەتا هەتایی ناشت .

بوخاریی بە سەنەدی خۆی لە صەحیحەکەیدا لە عائیشەوە خوا لێی رازیی بێ ریوایەتی کردووە کە وتوویە : جەنگی بوعاث رۆژێك بوو کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەرەکەی هێنابوویە پێشەوە ، ئەوەبوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی هێنایە مەدینە پیاوماقووڵ و پێشەنگەکانیان ناکۆکییان تێکەوتبوو و ، سەردار و پێشەواکانیشیان کوژرابوون ..[٢٤٦]

چواردەهەم : موسڵمان بوونی ئەنصار

خوای گەورە ، بۆ سەرخستنی دینەکەی خۆی و ، رزگاربوونی ئیماندارە بێدەسەڵاتەکانی مەککە ، ئەوەی خستە دڵی پێغەمبەری ئازیزەوە ﷺ تا سەردانی هۆزە عەرەبەکان بکات ، کە بۆ زیارەتی ماڵی خوا لە هەموو لایەکی دوورگەوە هاتبوون و ، بانگیان بکات بۆ موسڵمانبوون . ئەوەبوو لە پێشەوە باسی ئەوەمان کرد کە لە ساڵی یانزەهەمینی هاتنی وەحیدا ، کە بەرامبەر بە ساڵی ٦٢٠ زایینییە ، لە کاتیدا حەجدا سەردانی هۆزە عەرەبەکانی کرد ، هەتا هەوڵی ئەدا کە لە تاریکیی شەودا سەردانیان بکات ، تا بتپەرستەکانی مەککە چاویان لێ نەبێ ، چونکە بە بەر چاوی ئەوانەوە سەردانی هەر هۆزێکی بکردایە ، بت پەرستەکان خێرا ئەچوون و خەڵکەکەیان لە ئیمانهێنان سارد ئەکردەوە ..

---

[٢٤٦] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٤٢٩ _ ٤٣٣ ، والرحيق المختوم : ١٣٣ _ ١٣٧ ، وشرح حياة الصحابة : ١ / ١٧٩ _ ١٩٥ .

ئەوەبوو شەوێکیان لەگەڵ ئەبوبەکر و عەلییدا خوا لێیان ڕازیی بێ کەوتنە ڕێ و ، گەیشتنە لای مەنزڵگای ذەهەل و شەیبان و باسی ئیسلامی بۆ کردن .. ئەوەبوو لە نێوان ئەبوبەکر و پیاوێکی نەوەی ذەهەلدا پرسیار و وەڵامێکی خۆش رووی دا و ، نەوەی شەیبانیش ، وەك لە پێشەوە بە درێژە باسمان کردووە ، وەڵامێکی جوانیان دایەوە ، بەڵام بۆ وەرگرتنی ئیسلام لە خۆیانەوە بڕیاریان لەسەر نەدا ..

کە لەوان جیا بوونەوە پێغەمبەری خوا ﷺ بەلای عەقەبەی میندادا تێپەڕی کرد و ، گوێی لە دەنگی چەند پیاوێك بوو کە قسەیان ئەکرد .. پێی هەڵ گرت و فریایان کەوت .. ئەبینێ شەش گەنجی یەثریبن و ، هەمووشیان لە هۆزی خەزرەجن کە ئەمانە بوون :

١ ـ ئەسعەدی کوڕی زورارە ، لە نەوەی نەجار . ئەبونوعەیم وتوویە : یەکەم کەس بووە کە لە ئەنصار و ، لە تیرەی خەزرەج موسڵمان بووە .

٢ ـ عەوفی کوڕی حاریثی کوڕی ریفاعە ، لە نەوەی نەجار ، واتە کوڕی عەفرائی کچی عوبەیدی نەجارییە ، کە عەفراء دایکی موعاذ و موعەووەذە و، موعەووەذی کوڕیشی بەشداریی کوشتنی ئەبوجەهلی کردووە لە بەدردا ..

٣ ـ رافیع ی کوڕی مالیك ی کوڕی عیجلان ، لە نەوەی زورەیق .

٤ ـ قوطبەی کوڕی عامیری کوڕی حەدیدە ، لە نەوەی سەلیمە .

٥ ـ عوقبەی کوڕی عامیری کوڕی نابیی ، لە نەوەی حەرامی کوڕی کەعل .

٦ ـ جابیری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی رێئاب ، لە نەوەی عوبەیدی کوڕی غونم .[٢٤٧]

---

[٢٤٧]. ئەم ناوانە ئیبن ئیسحاق باسی کردوون . شایانی باسە کە لەناو هاوەڵاندا پێنج هاوەڵ ناویان جابیری کوڕی عەبدوڵلا بووە :

١ ـ جابیری کوڕی عەبدوڵڵای عەمری کوڕی حەرام ، کە هاوەڵێکی ناودارە و ، خۆیشی و باوکیشی هەر هاوەڵ بوون و رۆژی ئوحود هەر یەکەیان هەوڵی ئەدا خۆی بەشداریی جەنگ بکات ، وەك لە باسی جەنگی ئوحوددا باسی هاتووە .

٢ ـ جابیری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی رێئاب کە زوو بە زوو موسڵمان بووە .

٣ ـ جابیری کوڕی عەبدوڵڵای عەبدیی .

٤ ـ جابیری کوڕی عەبدوڵڵای راسبیی .

٥ ـ جابیری کوڕی عەبدوڵڵای ئەنصاریی ، کە رۆژی ئوحود لەبەر کەمیی تەمەنی پێغەمبەری خوا ﷺ گێڕایەوە دوا .

لە بەختەوەریی دانیشتوانی یەثریبدا ، ئەوەبوو چەند تیرەیەکی جوولەکەی بێڕەوشت دراوسێ و هاوپەیمانیان بوون . هەر جارە بیان‌ویستایە عەرەبەکانی یەثریب بترسێنن ئەیان دا بە گوێیان‌دا کە لەم زەمانەدا کاتی هاتنی یەکێ لە پێغەمبەرەکانی خوایە و ، کە بانگی ئاشکرا کرد ، جوولەکە شوێنی ئەکەون و بە وێنەی عاد و ئیرەم قەتڵ و عامیان ئەکەن ..

جا خوای گەورە بە سۆزی خۆی خێر و بەرەکەتی تووشی ئەو شەش لاوە دڵ پاکە کرد و بوونە پێشەنگ بۆ ئیمان‌هێنانی دانیشتوانی یەثریب .

کە پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتە لایان لێی پرسین : ((مَن أنتم ؟)) فەرمووی : ئێوە کێن ؟ وتیان : چەند کەسێکی هۆزی خەزرەجن . فەرمووی : ((مِن موالي اليهود ؟)) . فەرمووی : لە هاوپەیمانانی جوولەکە ؟ وتیان : بەڵێ . فەرمووی : ((أفلا تجلسون إليّ أكلّمكم ؟)) . فەرمووی : دانانیشن تا قسەتان بۆ بکەم ؟ وتیان : بەڵێ . لە خزمەتی‌دا دانیشتن و ، ئەویش بانگی کردن بۆ لای خوا و ئیسلامی نیشان دان و ، قورئانی بۆ خوێندن .

کە گەنجەکان ئەم باسەیان بیست ، ئەوەیان هاتەوە یاد کە هەموو جارێ جەنگ لە نێوان جوولەکە لە لایەك و ئەوس و خەزرەجیش لە لایەك رووی ئەدا و ، کە سەرکەوتن بۆ عەرەبەکان ئەبوو ، جوولەکە بۆ دڵدانەوەی خۆیان و ترساندنی عەرەبەکان ئەوەیان دەرئەبڕیی کە ئەوان شوێنی پێغەمبەری چاوەڕوان‌کراو ئەکەون و ئەیان‌کوژن ، بۆیە کە ئەمەیان لە دەمی پیرۆزی پێغەمبەری خوا ﷺ بیست ، یەکسەر هەندێکیان بە هەندێکیان وت : بەخوا ، ئەی خزمینە ! ئەزانن ئەمە ئەو پێغەمبەرەیە کە جوولەکە هەڕەشەیان لێتان ئەکرد .. جا با ئەوان پێشتان نەکەون بۆ لای و ، خێرا بانگەوازەکەی قبووڵ بکەن و ، موسڵمان بن ..[٢٤٨]

---

[٢٤٨] . ئیبن سەعدیش (٣ / ٦٠٨) لە خوبەیبی کوڕی عەبدورڕەحمانەوە تەخریجی کردووە کە وتوویە : ئەسعەدی کوڕی زوڕارە و ذەکوانی کوڕی عەبدولقەیس هاتن بۆ مەککە بۆ لای عوتبەی کوڕی ڕەبیعە ، تا ناکۆکی‌یان بۆ چارەسەر بکات . لە مەککە دەنگ و باسی پێغەمبەری خوایان ﷺ بیست و چوونە خزمەتی . ئەویش ئیسلامی بۆ باس کردن و ، قورئانی بۆ خوێندن . ئەوانیش موسڵمان بوون و ، نزیکی عوتبەی کوڕی ڕەبیعە نەکەوتنەوە و، گەڕانەوە بۆ مەدینە .. ئەم دوو پیاوە یەکەم کەسێك بوون کە ئیسلامیان هێنا بۆ مەدینە .. (شرح حياة الصحابة : ١ / ١٧٠) .

ئەشڵێن : ذەکوان کۆچی کردووە بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەککە و لەوێ نیشتەجێ بووە ، پاشان لەگەڵ کۆچی موسڵمانان‌دا ئەویش کۆچی بۆ مەدینە کردووە . بەمە ئەبێتە موهاجیرییش و ئەنصارییش ، وەك ئیبن هیشام وتوویە . لە جەنگی ئوحوددا شەهید بووە . (السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٤٣٦) .

ئەم کۆمەڵە گەنجە لە ژێر و سەلیقەدارەکانی یەثریب بوون ، سەرنجیان دا کە ئەو جەنگەی ماوەیەکی کەم لەمەوبەر رووی دا و هێشتا گڕەکەشی نەکوژاوەتەوە ، زیانێکی زۆری پێ گەیاندوون و ، خەڵکێکی زۆری هەردوولا ـ ئەوس و خەزرەج ـ کوژراون ، بۆیە دڵیان بەوە خۆش بوو کە بەڵکو ئەم بانگەوازە ببێتە هۆی کوژانەوەی ئاگری جەنگ . بۆیە روویان کردە پێغەمبەری خوا ﷺ و پێیان وت : ئێمە کە خزمەکانمان بەجێ هێشتووە ئەوپەڕی دوژمنایەتیی لە نێوانیاندا هەیە و، بەڵکو خوای گەورە بە هۆی تۆوە یەکیان پێ بگرێ . جا ئێمە ئەگەڕێینەوە ناویان و بانگیان ئەکەین بۆ سەر ئەم کارەی تۆ و ، ئەم دینەش کە لێتمان وەرگرتووە باسی ئەکەین بۆیان ، جا ئەگەر خوای گەورە لە دەورت کۆیان بکاتەوە و یەك بگرن ، ئەوا هیچ پیاوێك وەك تۆ پایەدار نابێت .

بەمە ئەم دەستە بەختەوەرە ئیمانیان هێنا و ، گەڕانەوە یەثریب و ، خزمەکانیان ئاگادار کردن کە ئەو پێغەمبەرە چاوەڕوانکراوەی کە هەموو جارێ جولەکە باسیان ئەکرد ، بانگی دەست پێ کردووە و ، ئەمانیش ئیمانیان هێناوە، جا ئەوانیشیان بانگ کرد بۆ ئیمانهێنان و شوێنکەوتنی ئیسلام ، تا ئەوەبوو لە شاری یەثریبدا ماڵێك نەما باسی ئیسلام و پێغەمبەری نازداری ﷺ تێدا نەکرێت .

ئیمام ئەحمەد لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە خوا لێیان رازیی بێ تەخریجی کردووە کە وتوویە : لە وەرزی حەجدا پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی بە خەڵکەکە ئەناساند و ئەیفەرموو : ((هل مِن رَجُلٍ يَحمِلُني إلى قومه ، فإنَّ قريشاً قد منعوني أن أبلغ كلام ربي عز وجل ؟)) . ئەیفەرموو : ئایا کەسێك هەیە بم با بۆ ناو کەس و کارەکەی ؟ چونکە قوڕەیش ئەوەیان لێ قەدەغە کردووم کە فەرمایشتی پەروەردگارم بگەیەنم ..

ئەوەبوو پیاوێکی هۆزی هەمدان [٢٤٩] هاتە خزمەتی و فەرمووی : لە چ هۆزێکیت ؟ پیاوەکە وتی : لە هۆزی هەمدانم ، فەرمووی : ((هَل عِند قومك مِن مَنعَة ؟)) . فەرمووی : ئایا قەومەکەت توانای بەرگرییان هەیە ؟ وتی : بەڵێ . پاشان کابرا ترسا قەومەکەی ئەو پەیمانەی ئەو نەبەنە سەر ، بۆیە هاتەوە خزمەتی

---

[٢٤٩] هەمدان : هۆزێکی قەحطانیی بووە و ، لە یەمەندا ژیاون ، ئەوانیش لە ساڵی نۆهەمی کۆچییدا ، بۆ موسڵمان بوون ، نوێنەریان دێتە مەدینە .

پێغەمبەری خوا ﷺ و وتی : ئەچمەوە لای خزمەکانم و هەواڵیان ئەدەمێ و ، ساڵێکی تر دێمەوە لات . فەرمووی : بەڵێ . ئەوەبوو کابرا ڕۆیشت و ، لە مانگی ڕەجەبدا نوێنەری ئەنصار هاتن . قال الهيثمي (٦ / ٣٥) رجاله ثقات ، وعزاه الحافظ في الفتح (٧ / ١٥٦) إلى أصحاب السنن ، والإمام أحمد وقال : صححه الحاكم .[٢٥٠]

شایانی باسە کە لە مانگی شەووالی ساڵی یانزەهەمی هاتنی وەحیدا ، پێغەمبەری خوا ﷺ عائیشەی صددیقەی خوا لێی ڕازیی بێ خوازبێنیی کرد ، کە ئەو کاتە تەمەنی ٦ ساڵان بوو ، بەڵام دوای کۆچ کردن بۆ مەدینە و ، لە مانگی شەووالی ساڵی یەکەمی کۆچ کردن دا ، کە تەمەنی ئەو کاتەی نۆ ساڵان بوو ، گواستیەوە .[٢٥١]

جا تەمەنی شووکردنی عائیشە خوا لێی ڕازیی بێ بۆتە باسی سەر زمانی هەندێ تێ نەگەیشتووی ئەم سەردەمە ، کە لەبەر دووریان لە ئیمانەوە بۆ ئەوە ئەگەڕێن کە ڕەخنە لە ئیسلامی پاك و پاڵفتە و بێگەرد بگرن .. ئەوانە ئەیانەوێ ڕەخنە لەو دینە پاکە بگرن ، کە تاقانە دینی سەر زەوییە و ، ئەوەندە خواناسی ڕەوشت بەرزی پەروەردە کردووە ، مەگەر هەر خوا بزانی چەند ملیۆن مرۆڤی لە تاوان و خراپکاریی گێڕاوەتەوە و ، کردوونیەتیە مرۆڤی بێزیانی ، بە کەڵکی ، چاكویستی ، پیاوەتییکەری ، خۆبەختکەر ، تا بە دەست و کردەوەیان مرۆڤایەتیی بحەسێتەوە ..

بەوانە ئەڵێین : شووکردنی عائیشە لەو تەمەنەدا جێی ڕەخنەی هیچ ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگایە نەبووە ، سەرەڕای ئەوەی کە دۆست و دوژمن ، لە سەرانسەری مێژوودا ، دانیان بەوەدا ناوە کە موحەممەدی ئازیزمان ﷺ هیچ ڕەفتارێکی نەبووە کە لە فیطرەی پاك و خاوێنەوە دووربێ . لەبەر ئەوە با نۆکەریی کافران ئیتر بەسیی بێ ، چونکە دەستیان لە بنی هەمانەی خاڵییەوە دەر ئەچێت .

جارێکیان بەڕێزێك حەزی ئەکرد هەندێ ڕەخنە و تەشەر بگرێتە ئیسلام و بیشی دا بە گوێی مندا ، کە ئەو تاقەتی لە دینی ئیسلام نیە و ، دین بۆ چیی باشە ؟

---

[٢٥٠] السيرة النبوية لأبي شهبة : ١ / ٤٣٤ ـ ٤٣٦ ، والرحيق المختوم : ١٣٨ ـ ١٣٩ ، وشرح حياة الصحابة : ١ / ٥٩٤ ـ ٥٩٦ .

[٢٥١] الرحيق المختوم : ١٣٩ .

منیش ـ بە یارمەتیی خوا ـ وام بە چاك زانیی وەڵامێکی کورتی بدەمەوە ، چونکە خۆی لە خانەوادەیەکی موسڵمان و خاوەن ڕەوشتدا گەورە بوو بوو ..

وتم : فلانە کەس ! دەستێکیشم دا بەسەر شانیدا ، خۆ تۆ ئەزانی دایکت ، وەك هەموو ئافرەتە دینداره پاکداوێنەکانی کوردستان ، تۆی تەنها لە باوکت وەرگرتووە و ، کوڕی باوکی خۆتی . جا توخوا ئەگەر گومانت لە پاکداوێنیی دایکت ببوایە ، ئەوا وەك ئێستە سەربەرز ئەبووی؟ ئیسلام ئەوەندەی بەس نیە .

وتی : مامۆستا ! بەسمە ، بە زاتی خوا دین هەر تەنها بۆ ئەوە هاتبێ منالان سەریان بەرز بێ کە نەوەی باوکی خۆیانن ئیتر بەسیانە . ئیتر هیچ نالێم ..

بەڵێ ، ئازیزان ! هەزار ساڵ زیاترە ئەم دینە پاکە داوێنپاکیی بە میللەتی کوردی بەغیرەت پێشکەش ئەکات ، کە مەگەر تەنها ئەوانە قەدری بزانن کە ئاگایان لە داوێنپیسی و سووکیی ئەورووپایە . توخوا حەیف نیە ئەوەندە بەدنمەك بین ؟ دینێك زیاتر لە هەزار ساڵە شەرەفمان پێشکەش ئەکات .. خوا ئەوانە ڕسوا بکات کە بێ شەرەفیی بۆ کورد داوا ئەکەن !!

پانزەهەم : پەیمانی یەکەمی عەقەبە

کە شەش گەنجە خەزرەجییەکە گەڕانەوە مەدینە و پەیامی ئیسلامیان بە خزمەکانیان گەیاند ، ئەوەبوو لە وەرزی داهاتووی حەجدا ، واتە ساڵی دوانزەهەمی هاتنی وەحی ، بەرامبەر بە ساڵی ٦٢١ زایینیی ، دوانزە موسڵمان هاتن بۆ حەجی ماڵی خوا کە لەو دوانزەیە پێنجیان لە شەش گەنجە ئەنصارییەکە بوون کە ساڵی پار موسڵمان بوون و ، ئەوەی کە لە شەش کەسەکە ئامادە نەبوو جابیری کوڕی عەبدوللای کوڕی ڕیئاب بوو و ، ئەو حەوتەش کە تازە موسڵمان بوو بوون ئەمانە بوون :

١ ـ موعاذی کوڕی حاریث ، لە نەوەی نەججار ، واتە کوڕی عەفراء و برای عەوف بووە ، کە پار موسڵمان بوو بوو .

٢ ـ ذەکوانی کوڕی عەبدولقەیس ، لە نەوەی زورەیق .

٣ ـ عوبادەی کوڕی صامیت ، لە نەوەی غونم .

٤ ـ یەزیدی کوڕی ثەعلەبە ، لە هاوپەیمانانی نەوەی غونم .

٥ ـ عەبباسی کوڕی عوبادەی کوڕی نەضلە ، لە نەوەی سالم .[٢٥٢]

---

[٢٥٢] وتوویانە : ئەمیش هەم ئەنصارییە و هەم موهاجیریی .

٦ ـ ئەبولهەیثەم مالیكی كوڕی تەییهان ، لە نەوەی عەبدولئەشهەل .
٧ ـ عوەیمی كوڕی ساعیدە ، لە نەوەی عەمری كوڕی عەوف .
شایانی باسە كە پێنجەكەی پێشەوە خەزرەجیین و دوانەكەی دواوەش ئەوسیین.

ئەمانە كە گەیشتنە مەككە لە عەقەبەی مینـا پەیوەندی‌یان بـە پێغەمبەری خواوە ﷺ كرد و ، بەیعەتیان پێ دا ، كە وەك ئەو بەیعەتە وەها بوو كە ئافرەتـان لە كاتی فەتحی مەككەدا ئەیان دا بە پێغەمبەری خوا ﷺ .

بوخاریی لە عوبادەی كوڕی صامیت‌ەوە ریوایەتی كردووە كە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە : ((تَعالوْا بايعوني على أنْ لا تشركوا بالله شيئاً ، ولا تَسرِقوا ، ولا تزنوا ، ولا تقتلوا أولادَكم ، ولا تأتوا ببهتان تفترونه بينَ أيديكم وأرجلكم ، ولا تعصوني في معروف ، فمن وفَّى منكم فأجرُهُ على الله ، وَمَن أصابَ من ذلك شيئاً فعوقبَ به في الدنيا ، فهو له كفَّارةٌ ، وَمَن أصابَ من ذلك شيئاً ، فستره الله ، فأمره إلى الله ، إن شاء عاقبه ، وإن شاءَ عفا عنه)) .

فەرمووی : وەرن ، بەیعەتم بدەنێ كە هیچ شتێك نەكەنـە شەریكی خـوا و ، دزیی نەكەن و ، زینا نەكەن و ، منداڵەكانتان نـەكوژن و ، بوهتـان و ناحەقیی ئەنجام نەدەن و ، لە كاری چاكەدا لێم یاخیی نەبن ، جا هەركەس لە ئێوە ئەمەی بردە سەر ئەوا پاداشتی لای خوایە .. هەر كەسیش لەوانە تاوانێكی ئەنجام دا و لە دنیادا لەسەری سزا درا ، ئەوە ئەبێتە كەففارەت بۆ تاوانەكەی .. هەر كەسیش لەوانە تاوانێكی ئەنجام دا و ، خوای گەورە بۆی شاردەوە ، ئەوا ئەدرێتە دەست خوا : ئەگەر ویستی سزای ئەدا و ، گەر ویستیشی لێی خۆش ئەبێ .

بەڵام ریوایەتەكەی ئیبن ئیسحاق ، كە ئەویش لە عوبادەی كوڕی صامیت‌ەوەیە ، بەم جۆرەیە : عوبادە خوا لێی رازیی بێ ئەڵێت : یەكێك بووم لەوانەی كە ئامادەی عەقەبەی یەكەم بووین .. ئێمە دوانزە پیاو بووین و ، بەیعەتی ژنانمان بەم شێوەیە بە پێغەمبەری خوا ﷺ دا ، ئەمەش بەر لەوەی كە جەنگ ماوەی بدرێ : هیچ شتێك نەكەینە شەریكی خوا و ، دزیی نەكەین و ، زینا نەكەین و، منداڵەكانمان نەكوژین و ، بوهتان و ناحەقیی ئەنجام نەدەین و ، لە چاكەدا لە فەرمانی خوا یاخیی نەبین .. جا ئەگەر ئەوەتان بە جوانیی بەجێ هێنا ئەوا بەهەشتتان بۆ ئەبێ و ، گەر لە شتێكیش‌دا ناپاكیی بكەن ، ئەوا ئەدرێنە دەست خوا ، گەر ویستی سزاتان ئەدات و ، گەر ویستیشی چاوپۆشییتان لێ ئەكات ..

ئیمام ئەحمەدیش و طەبەرانییش لە ڕوویەکی ترەوە لە عوبادەی کوڕی صامیت ەوە تەخریجیان کردووە کە عوبادە و ئەبوهورەیرە لەلای موعاویەدا لە شام وت و وێژیان کردووە . عوبادە وتوویە : ئەبوهورەیرە ! تۆ لەگەڵماندا نەبوویت کاتێك کە ئێمە لەسەر گوێڕایەڵیی و مل کەچیی ، لە چالاکیی و تەمەڵییدا و ، لەسەر فەرمان‌دان بە چاکە و دوورەپەرێزیی کردن لە خراپە و ، لەسەر ئەوەی کە حەق بڵێین و ، لەسەر خوا لە لۆمەی لۆمەکەران نەترسین و ، لەسەر ئەوەش کە ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی بۆ ناومان بۆ یەثریب کرد کۆمەکیی بکەین ، بەوەی کە وەك چۆن خۆمان و هاوسەر و منالأنمان ئەپارێزین، ئەویش وەها بپارێزین ، بەیعەتمان بە پێغەمبەری خوا ﷺ دا ، تا بەهەشتمان پێ بدرێت . ئا ئەمە بەیعەتی پێغەمبەری خوا بوو ﷺ کە پێمان دا ..

لە وەصفی ئیمان‌دارانی مەدینەدا ئەبونوعەیم لە (الدلائل : ١٠٥) دا ، لە ڕێی واقیدی‌یەوە ، لە ئیسحاقی کوڕی حوبابەوە ، لە یەحیای کوڕی یەعلاوە تەخریجی کردووە کە وتوویە : ڕۆژێکیان عەلیی کوڕی ئەبوطالیب خوا لێی ڕازیی بێ باسی فەضل و دەست‌پێش‌خەریی ئەنصاریی ئەکرد بۆ موسڵمان بوون ، پاشان فەرمووی: هەرکەسێ ئەنصاری خۆش نەوێن و ، مافیان نەپارێزێت ئیمان‌دار نیە . بەخوا چۆن جوانوو پەروەردە ئەکرێت ، ئەوان بە شمشێرەکانیان و ، زمانی پاراویان و ، سەخاوەتی دڵ و دەروونیان بە لێ‌هاتنیانەوە ئیسلامیان پەروەردە کرد . ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ لە وەرزی حەجدا دەرئەچوو و هۆزەکانی بانگ ئەکردن ، کەچیی هیچ کەس نەئەهات بە دەمیەوە و قسەی لێ وەر نەئەگرت . تەشریفی ئەبردە ناو هۆزەکان لە مەجەننە و عوکاظ و مینا تا ڕێ بە هۆزەکان بگرێت و ساڵ لە دوای ساڵ ئەگەڕایەوە ناویان ، هەتا هۆزی وەهایان هەبوو کە دەیوت : ئیتر کاتی ئەوەت نەهاتووە کە دەستمان لێ بشۆیت ؟ ئەوەندە خۆی پێیان ئەناساند ، هەتا ئەوەبوو خوای گەورە ئەم چاکەیەی بەم تیرەی ئەنصارە ویست . ئیسلامی خستە بەر چاویان و ، ئەوانیش هاتن بە دەمیەوە و ، بە خێرایی باوەشیان بۆ کردەوە و ، کۆمەکی‌یان کرد و ، دڵیان دایەوە . جا خوا پاداشتی چاکەیان بداتەوە ، هاتینە ناویان و لەگەڵیانا لە ماڵەکانیاندا نیشتەجێ بووین ، بە شێوەیەك ئەوەندە حەزیان ئەکرد دەستیان بکەوین و ، نەچین لەگەڵ کەسی تردا قورعەیان بۆمان ئەکرد . هەتا لە ماڵ و سامانیاندا ، ئەوەندە دڵفراوان بوون ،

ئێمە لە خۆیان زیاتر مافمان پێیەوە هەبوو ، پاشان خوێنی خۆیان بۆ پاراستنی پێغەمبەرەکەیان ﷺ (وعليهم أجمعين) بەخشیی .

شایانی باسە کە یەکێ لە کردەوە جوانەکانی هاوەڵی پایەداری نەوەی نەججاری خەزرەجیی ئەسعەدی کوڕی زوراره ، ئەوەبوو کە ئەو یەکەم کەس بوو، بەر لە هاتنی پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی بۆ مەدینە ، نوێژی جومعەی بۆ موسڵمانان کرد . ئیبن ئیسحاق لە عەبدوڕڕەحمانی کوڕی کەعبی کوڕی مالیکەوە ریوایەتی کردووە کە وتوویە :

من دەستی کەعبی کوڕی مالیکی باوکمم ئەگرت ، کاتێ کە نابینا بووبوو . هەرچیی لەگەڵیا ئەرۆیشتم بۆ نوێژی جومعە و گوێی لە بانگ ئەبوو دوعای خێری بۆ ئەبوئومامە ئەسعەدی کوڕی زوراره ئەکرد . ئەڵێت : ماوەیەکی زۆر خەریکی ئەمە ئەبوو ، هەرچیی بانگی جومعەی ببیستایە دوعای خێر و ، داوای چاوپۆشیی بۆ ئەکرد. ئەڵێت : لە دڵی خۆمدا وتم : بەخوا بێدەسەڵاتی‌یە بۆ من پرسیاری لێ نەکەم کە : بۆچیی هەرچیی گوێی لە بانگی جومعە ئەبێت دوعای خێر بۆ ئەبوئومامە ئەسعەدی کوڕی زوراره ئەکات ؟

ئەڵێت : رۆژێکیان ، وەك جاران لەگەڵیا چووم بۆ نوێژی جومعە ، کاتێك کە گوێی لە بانگی جومعە بوو دوعای خێر و ، داوای چاوپۆشیی بۆ کرد ، منیش وتم پێی : بابەگیان ! ئەوە بۆچ هەرچیی گوێت لە بانگی جومعە ئەبێت دوعای خێر بۆ ئەبوئومامە ئەکەیت ؟

وتی : ئێی رۆڵەگیان ! ئەو یەکەم کەس بوو لە مەدینەدا ، لە (هَزم النبيت) لە حەرڕەی (بني بياضة) ، کە پێی ئەوترێ : (نقيع الخضمات) نوێژی جومعەی بۆ کردین ، وتم : ئەو رۆژە ئێوە چەند کەس ئەبوون ؟ وتی : چل پیاو . هەروەها ئەبوداوود و ئیبن ماجەش لە رێی ئیبن ئیسحاقەوە ریوایەتیان کردووە .[٢٥٣]

شانزەهەم : یەکەم نێرراو لە ئیسلامدا

کاتێك کە نەوموسڵمانەکانی ئەوس و خەزرەج گەڕانەوە بۆ مەدینە ، نامەیان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ نووسیی کە پیاوێکی شارەزای قورئانمان بۆ بنێرە ، تا قورئانمان فێر بکات ، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم داوایەی زۆر بە دڵ بوو ، کە

---

[٢٥٣] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١/ ٤٣٦ ـ ٤٤٠ ، والرحيق المختوم : ١٤٦ ـ ١٤٧ ، وشرح حياة الصحابة : ١ / ١٩٥ ـ ١٩٦ .

ئەوەبوو هاوەڵی پایەدار موصعەبی کوڕی عومەیری کوڕی هاشم ی کوڕی عەبد مەنافی کوڕی عەبدوودداری کوڕی قوصەی[٢٥٤] بۆ هەڵ بژاردن و ، فەرمانی دا قورئانیان فێر بکات و ، لە ئیسلام شارەزیان بکات و ، لە فیقهی ئیسلامیان ئاگادار بکات و ، پێشنوێژییان بۆ بکات ، چونکە ئەوس و خەزرەج هەر یەکەیان پێی ناخۆش بوو ئەوی تریان پێشنوێژیی بۆ بکات ، بە بۆنەی ئەو ناکۆکییەوە کە لە نێواندا هەبوو .. لە مەدینەدا موصعەب ناونرا (المقريء) یان (القاريء) بە بۆنەی ئەوەوە کە شارەزای قورئان بوو .. ئەوەبوو کە لە ڕێوە هات بووە میوانی هاوەڵی پایەداری پێشەنگی موسڵمانان بوون و سەرداری خەزرەج و ، نەقیبی نەوەی نەججار ئەسعەدی کوڕی زورارەی کوڕی عەدەسی کوڕی ئەبوئومامە و ، هەردووکیان پێکەوە بەوپەڕی چالاکییەوە دەستیان دایە بڵاوکردنەوەی ئیسلام .

موصعەب لەم کارەیدا ئەوپەڕی سەرکەوتنی بە دەست هێنا و خەڵکێکی زۆری مەدینەی ڕاکێشا بۆ سەر ئیسلام ، کە ناودارەکانیان سەعدی کوڕی موعاذ و ، ئوسەیدی کوڕی حوضەیر بوون و ، بە موسڵمانبوونی ئەوانیش خەڵکێکی زۆر لە نەوەی عەبدولئەشهەل ئیمانیان هێنا .

دوای ئەوەی کە موصعەب بووە میوانی ئەسعەدی کوڕی زورارە ، ڕۆژێکیان بەرەو گەڕەکی نەوەی عەبدولئەشهەل و نەوەی ظەفەر پێکەوە کەوتنە ڕێ و ، چوونە ناو باخێکی نەوەی ظەفەر و لەسەر بیرەکەی کە پێیان ئەوت بیری (مرق)

---

[٢٥٤] . یەکێ بووە لە هاوەڵە ناودار و پایەدارەکان کە بە ڕاستیی نموونەی ئیمانداری دامەزراو بوو و هەمیشە پێشەنگی چاکەکاریی بوو .. یەکەم جار کۆچی کرد بۆ حەبەشە ، پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ ناردی بۆ مەدینە بۆ ئەوەی خەڵکەکەی بانگ بکات بۆ سەر ئیسلام و قورئانیان فێر بکات ، کە ئەوەبوو ئەوپەڕی لێهاتوویی نواند و ، دەورێکی بێوێنەی هەبوو لە موسڵمانکردنی ئەوس و خەزرەجدا .. موصعەب پێش موسڵمانبوونی لە ناز و نیعمەتێکی کەموێنەدا ئەژیا ، کە بە گەنج و لاوچاکی تاقانەی قورەیش ئەژمێررا ، بە ڕادەیەك کە پێغەمبەری خوا ﷺ باسی ئەوەی ئەکرد کە لە مەککەدا هیچ گەنجێکی نەدیوە وەك موصعەب جوان و پێکەوتوو و خاوەن ناز و نیعمەت بووبێ کە ئەیفەرموو : ((ما رأيت بمكة أحسن لمة ، ولا أنعم نعمة من مصعب بن عمير)) . لەگەڵ ئەمەشدا بانگەوازی ئیسلامی هەڵ بژارد و ، تووشی سزا و ئازار و تەنگ پێ هەڵ چنین و هەژاریی و بێبەرگیی بوو ، بە ڕادەیەك کە کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ بەو حاڵەوە بینیی دەستی بە گریان کرد بۆ ئەو گوزەرانەی کە ئەوی ئیمانداری تێ کەوتووە . بەشداریی جەنگی بەدری کردووە و لە جەنگی ئوحودیشدا شەهید بووە ، ئەمەش لە کاتێکدا کە خۆی بۆ پارێزگاریی پێغەمبەری خوا ﷺ کردبووە قەڵغان . کە شەهید بوو کراسێکی لەبەردا بوو ئەگەر سەریان پێ دائەپۆشیی هەردوو قاچی دەرئەکەوتن و گەر قاچیان پێ دائەپۆشیی سەری دەر ئەکەوت . ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی دا تا سەری پێ داپۆشن و بە گەڵای (ئیذخیر) یش قاچی داپۆشن کە فەرمووی : ((غطوا رأسه وضعوا على رجليه الإذخر)) .

دانیشتن و ، هەندێ لە موسڵمانەکان لە دەوریان جەم بوون ، بەڵام سەعدی کوڕی موعاذ و ئوسەیدی کوڕی حوضەیر ، کە سەرداری نەوەی عەبدولئەشهەل بوون ، هێشتا لەسەر دینە کۆنەکەیان مابوونەوە و موسڵمان نەبووبوون ، کاتێک کە بیستیان وا موصعەب هاتۆتە مەدینە و بەوپەڕی چالاکی‌یەوە دینی نوێ بڵاو ئەکاتەوە و ، وا ئێستەش هاتۆتە ناو باخەکەیانەوە ، سەعد بە ئوسەیدی وت : ماڵت ئاوابێ ! بڕۆ بۆ لای ئەو دوو پیاوەی کە هاتوونەتە گەڕەکەمانەوە ، تا لاوازەکانمان لە خشتە بەرن ، پیایانا هەڵ شاخێ و ، لەوە قەدەغەیان بکە کە جارێکی تر بێنەوە بەم ناوەدا . خۆت ئەزانی ئەگەر ئەسعەدی کوڕی زوراره نزیکم نەبوایە ، ئەو کارەم لە کۆڵت ئەکردەوە ، بەڵام پوورزامە و ناتوانم هیچی پێ بڵێم .

ئوسەیدی کوڕی حوضەیر حەربەکەی هەڵ گرت و بەرەو روویان ڕۆیشت . کاتێك کە ئەسعەدی کوڕی زوراره ئوسەیدی بینیی بە موصعەبی وت : ئەمە سەرداری قەومەکەیەتی ، وا هات بۆ لات و تۆش نییەتت بۆ خوا یەکلایی بکەرەوە . موصعەب وتی : ئەگەر دابنیشێت قسەی بۆ ئەکەم . ئوسەید بە قسە پێ‌وتنەوە هاتە سەر سەریان و وەستا و وتی : چیی پاڵی پێوە ناون تا بێن لاوازەکانمان لە خشتە بەرن ؟! ئەگەر خۆتانتان خۆش ئەوێ کەنارمان لێ بگرن .

موصعەب کە خاوەنی دەم و چاوێکی گەشاوەی وەها بوو کە هەر دەت‌وت دەم و چاوی پیرۆزی پێغەمبەری خوایە ﷺ بە زمانی پاراوی ئیمان‌داری هێمنی دڵ پڕ لە متمانە بە خۆی و دینە پاکەکەی هاتە وەڵام : ئەی ناکرێ دابنیشی و گوێ بگری ، جا ئەگەر کارێکت بە دڵ بوو ئەوا وەری ئەگریت و ، گەر پێیشت ناخۆش بوو ئەوا لە کۆڵت ئەکرێتەوە ؟!

ئوسەید وتی : ئینصافت بەکار هێنا . پاشان حەرەبەکەی چەقاند بە زەوییدا ، لەلایان دانیشت و ، موصعەبیش باسی ئیسلامی بۆ کرد و ، قورئانی بۆ خوێند و، پاشان هەردووکیان (ئەسعەد و موصعەب) ئەیان وت : بەخوا بەر لەوەی قسە بکات ، لە گەشاوەیی و کرانەوەی دەم و چاویدا ئیسلامان ئەخوێندەوە ، پاشان وتی : ئای کە فەرمایشتێکی چاك و جوانە ! ئەگەر بتانەوێ بێنە سەر ئەم دینە چیی ئەکەن ؟ وتیان : خۆت ئەشۆیت و خۆت و جلەکانت پاك و خاوێن ئەکەیت و ، پاشان شاهێدیی حەق ئەدەی و ، پاشان نوێژ بەجێ ئەهێنی .

هەستا و خۆی شۆرد و ، جلی پاکی لەبەر کرد و ، شاهێدیی حەقی دا و ، پاشان هەستا و دوو ڕەکعەت نوێژی بەجێ هێنا ، پاشان بە هەردووکیانی وت : پیاوێکم بە لاوەیە ئەگەر ئەو شوێن کە دینەتان بکەوێ ، ئەوا یەك خزمی لە ئیمان هێنان دوا ناکەوێ . ئەویش سەعدی کوڕی موعاذە و ، ئێستە ئەی‌نێرم .

ئوسەید هەستا و حەربەکەی هەڵ گرت و ، بەرەو سەعد و خزمەکانی ، کە لە کۆڕ و کۆمەڵی خۆیاندا دانیشتبوون ، گەڕایەوە .. کاتێ کە بەرەو ڕوویان ئەڕۆیشت ، سەعد سەیری کرد و وتی : سوێند بەخوا ئەخۆم کە ئوسەیدی کوڕی حوضەیر بەو دەم و چاوەوە نەگەڕاوەتەوە ، کە لەلای ئێوەوە پێوەی ڕۆیشت !!

کاتێك کە ئوسەید گەیشتە لایان ، سەعد لێی پرسیی : چیت کرد ؟ وتی : هەر دوو پیاوەکەم دواند ، دە بەخوا هیچ خراپەیەکیان نەبوو و ، منیش داوام کرد لەو کارەیان واز بهێنن . وتیان : چیت پێ خۆش بێ ، وەها ئەکەین ، ئەوەشم بۆ باس کراوە کە نەوەی حاریثە هاتوون بۆ ئەسعەدی کوڕی زوراره هەتا بی‌کوژن ، ئەمەش هەر بۆ شکاندنی تۆ ، چونکە ئەزانن کە پوورزای تۆیە .

بۆ ئەم باسە دەربارەی نەوەی حاریثە ، سەعد بە تووڕەیی‌یەوە هەستا و ، حەربەکەی بە دەستەوە گرت و پاشان وتی : بەخوا وا بزانم هیچت نەکرد .

خۆی چوو بۆ لای موصعەب و ئەسعەد و ، ئەبینێ وا بێ‌خەم دانیشتوون ، ئیتر تێ گەیشت کە ئوسەید ویستوویەتی سەعد خۆی بێت و قسەیان لێ ببیستێ . بۆیە لە سەریان وەستا و دەستی بە قسە پێوتنیان کرد . پاشان بە ئەسعەدی وت : بەخوا ، ئەبوئومامە! ئەگەر لەبەر خزمایەتیی نێوانمان نەبوایە ، تۆ ئاوەهات پێ نەئەکردم .. ئەو شتەی کە ئێمە پێمان ناخۆش بێ ئەی‌هێنیتە ماڵەکەمانەوە ؟ ئەوەبوو پێشتر ئەسعەد بە موصعەبی وتبوو : بەخوا ، وا ئەو کەسەی کە سەرداری هەموو قەومەکەیەتی هات بۆ لات ، ئەگەر ئەو شوێن دینەکەت بکەوێ ، ئەوا دوو کەسیان لە موسڵمان‌بوون دوا ناکەون .

موصعەب کە سەعدی بە تووڕەیی بینیی ، بە نەرم و نیانیی پێی وت : دانانیشی تا گوێ بگری؟ جا ئەگەر بە کارێك رازایی بوویت و پێت خۆش بوو ، ئەوا وەری ئەگریی و ، گەر پێیشت ناخۆش بوو، ئەوا ئەو ناخۆشی‌یەت لێ دوور ئەخەینەوە .

سەعد وتی : ئینصافت بە کار هێنا . پاشان حەربەکەی بە زەویـیدا چـەقاند و دانیشت و ، ئەویش باسی ئیسلامی بۆ کرد و ، قورئـانی بـۆ خوێنـد . مووسـای کوڕی عـەقەبە باسی ئەوەی کردووە کـە سـەرەتای سـوورەتی (الزخـرف) ی بـۆ خوێندووە .

هەردووکیان موصعەب و ئەسعەد وتیان : بەخوا ، بەر لەوەی قسە بکات ، لـە گەشاوەیی و کرانەوەی دەم و چاویدا ئیسلامیمان ئەخوێندەوە .

دوای ئەوە سەعد بە هەردووکیانی وت : ئەگەر ئێوە موسڵمان بن و ، بێنە سەر ئەم دینە ، چیی ئەکەن ؟ وتیـان : خـۆت ئەشـۆیت ، خـۆت و جلـەکانت پـاك را ئەگریت ، پاشان شاهێدیی حەق ئەدەی و، پاشـان دوو رەکعـەت نوێـژ ئەکـەیت . ئەویش هەستا و خۆی شۆرد و جل و بەرگەکەی گۆڕیی و ، شاهێدیی حـەقی دا و، پاشان دوو رەکعەت نوێژی بە جێ هێنا و ، دوای ئەوە دەستی دایـە حەربەکـەی و لەگەڵ ئوسەیدی کوڕی حوضەیردا گەڕانەوە شـوێنی کـۆڕ و کۆمـەڵی خزمـەکانی. کاتێك کە خزمەکانی چاویان پێ کـەوت وا گەڕایـەوە ، وتیـان : سـوێند بـە خـوا ئـەخۆین کە سەعد بەو دەم و چـاوەوە نەگەڕاوەتـەوە ، کـە لـە لای ئێـوەوە پێـی ڕۆیشت !

کاتێك کە گەیشتە لایان وتی : ئەی نەوەی عەبدولئەشهەل ! لە ناوتانا مـن بـە چیی ئەژمێرن ؟ وتیان : سەردارمان و ، خاوەنی چاکترین رامـان و بـە بەرەکـەت ترین سەرۆکمانی .. وتی : دەی قسەکردن لەگەڵ هیچ پیاوێك و هیچ ژنێکتان‌دا لە من حەرام بێت هەتا ئیمان بە خوا و بە پێغەمبەرەکەی نەهێنن .

ئەڵێ : دە بەخوا هەرچیی پیاو و ژنی نەوەی عەبدولئەشهەل بوو کـە ئێوارەیـان لێ هات ئیمانیان هێنا بوو .

ئەسعەد و موصعەب بە دڵی پڕ لە ئاسـوودە و ، بـە سـوپاس‌گـوزاریی خـوای گەورەوە گەڕانەوە بۆ ماڵی ئەسعەد و ، موصعەب لە ماڵی ئـەوان‌دا مایـەوە و ، بەردەوام خەریکی بانگ‌کردن بوو بۆ لای خوا ، هەتا ئەوەبوو هیچ ماڵێکی ئەنصار نەما کە ئیسلامی تێ نەچووبێ ، جگـە لـە چـەند پیاوێـك کـە یـەکێکیان نـاوی عـەمری کوڕی ثابیتی کوڕی وەقش بوو و ، نازناویشی ئوصەیریم بوو و ، جگە لـە چەند پیاوێکی ئەوسی کوڕی حاریثەش ، لـە نـەوەی ئومەییـەی کـوڕی زەیـد و ، خەطەمە و ، وائیل و ، واقیف کـە ئـەوەبوو خزمێکیـان هـەبوو ، پێیـان ئـەوت

ئەبوقەیسی کوڕی ئەسەلت و ناویشی صەیفیی و ، پیـاوێکی شـاعیر بــوو و، وەك فەرماندەیەکیش خزمەکانی بە گوێیان ئەکرد . جا ئەم خزمەیان بووە هۆی ئەوەی کە لە ئیسلام دوور بگرن هەتا دوای جەنگی خەندەق (چاڵ) . ڕای مێژوونووسـان لەسەر ئەوەیە کە صەیفیی ، بە هۆی عەبـدوڵڵای کـوڕی ئوبـەی کـوڕی سـەلوولی سەرۆکی نیفاقەوە ، موسڵمان نەبووە .

بەڵام ئوصەیریم موسڵمانبوونی دواکەوت هەتا ڕۆژی ئوحود . ئەوسا موسـڵمان بوو و ، لە جەنگی ئوحـوددا شـەهید بــوو و ، هێشـتا نوێـژێکی بـۆ خـوا بـەجێ نەهێنابوو و ، پێغەمبەری خواش ﷺ هەواڵی دا کە ئەهلی بەهەشتە .

بە ئیسنادێکی (حەسەن) ئیبن ئیسحاق لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە کـە ئەی وت : باسی پیاوێکم بۆ بکەن کە چۆتە بەهەشت و تاقە نوێژێکیشی بـۆ خـوا بەجێ نـەهێناوە . جـا کـە هـیچ کـەس نەیئەناسـیی ، ئـەبوهورەیرە ئـەیوت : ئوصەیریـمی نەوەی عەبدولئەشهەلە .

بەر لە هاتنی وەرزی حەجی داهاتوو ، واتە حەجی ساڵی سـیانزەهەمی هـاتنی وەحی ، موصعەب گەڕایەوە مەککە ، تا خۆی بگەیەنێتە خزمەتی پێغەمبـەر و ، مژدەی گەشەکردنی بانگی پیرۆزی لە مەدینەدا بداتێ ، کـە چـۆن هـۆزە ڕەوشـت بەرزەکانی یەثریب باوەشیان بۆ بـانگی خواناسـیی کردۆتـەوە ، کـە بـە ڕاسـتیی خاوەنی غیرەت و سەخاوەت و جوامێریین .[٢٥٥]

حەڤدەهەم : پەیمانی دووهەمی عەقەبە

دوای ئەوەی کە موصعەب کاری سەرشـانی خـۆی بـە چـاکیی ئـەنجام دا و ، دینی ئیسـلامی لـە مەدینـەدا بـڵاو کـردەوە ، گەڕایـەوە مەککـە بـۆ خزمـەتی پێغەمبەری خوا ﷺ . ئـەوەبوو لـە وەرزی حـەجی سـیانزەهەمینی سـاڵی هـاتنی وەحیدا کە بەرامبەر بە مانگی حـوزەیرانی سـاڵی ٦٢٢ز بـوو حـەفتا و ئەوەنـدە موسڵمانی شاری یەثریب ، بەرەو مەککە ، لەگەڵ حاجیانی تری شـاردا ، کەوتنـە ڕێ ، تا لەگەڵیانا فەرزی حەج بە جێ بهێنن .

---

[٢٥٥] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٤٤٠ ـ ٤٤٤ ، والرحيق المختوم : ١٤٧ ـ ١٤٩ ، وشرح حياة الصحابة : ١ / ٢١٦ ـ ٢١٧.

موسڵمانەکان لە ڕێی نێوان مەککە و مەدینەدا ، یان هێشتا لە یەثریب دەرنەچووبوون ، لە نێوان خۆیاندا پرسیاریان ئەکرد : هەتا کەی دەست بەرداری پێغەمبەری خوا ﷺ ببین و ، لە چیاکانی مەککەدا بیترسێنن و دەری بکەن ؟

کە گەیشتنە مەککە بە نهێنیی چەند پەیوەندییەکیان بە پێغەمبەری خواوە ﷺ کرد ، کە ئەوەبوو بڕیاریان دا لە ڕۆژێکی (أیام التشریق) دا ، لە نزیك عەقەبەدا ، لە مینا ، لە شوێنی ڕەجمی یەکەمدا کۆببنەوە ، بەلاّم ئەوپەڕی نهێنیی تێدا بە کار بێت و ، بە شەویشدا بێت . بەم شێوەیە خوای گەورە پیاوی دڵسۆز و مەرد و قارەمانی بۆ دینەکەی ئامادە کرد و بوونە قەلاّ بۆ پاراستنی بیری خواناسیی .

ئەوانەی کە لە مەدینەوە هاتبوون کەعبی کوڕی مالیك و ، بەڕائی کوڕی مەعروریان تێدا بوون ، کە بەڕاء یەکێ بوو لە گەورە و سەردارەکانیان .

بەڕاء ڕووی کردە خزمەکانی وتی : شتێکم بە دڵدا هاتووە ، ئیتر بەخوا نازانم لەگەڵمدا ئەبن یان نەء ؟ وتیان : ئەو شتە چیە ؟ وتی : ئەمەم بە دڵدا هاتووە کە پشت نەکەمە ئەم بینایە ، واتە کەعبە و ، لە نوێژکردندا ڕووی تێ بکەم .

وتیان : بەخوا ئەوەی کە بە ئێمە گەیشتووە ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ ڕوو بە شام ـ بیت المقدس ـ نوێژی کردووە و ، ئێمەش نامانەوێ پێچەوانەی ئەو بجووڵێینەوە . ئەوەبوو کە کاتی نوێژ ئەهات ڕوو بە (بیت المقدس) نوێژیان ئەکرد، هەتا گەیشتنە مەککە و ، بە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتن کە لە مزگەوتی حەرام دا لەگەڵ عەبباسی مامەیدا پێکەوە دانیشتبوون .

پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری لە عەبباس کرد و فەرمووی : ((هل تعرف هذین الرجلین ، یا أبا الفضل ؟)) . فەرمووی : ئەو دوو پیاوە ئەناسی ؟ وتی : بەڵێ . ئەوەیان بەرائی کوڕی مەعرورە کە سەرداری خزمەکانیەتی و ، ئەوەش کەعبی کوڕی مالیکە . پێغەمبەری ﷺ فەرمووی : ((الشاعر ؟)) . وتی : بەڵێ . بەرائیش باسی نوێژکردنەکەی ڕوو بە کەعبەی بۆ گێڕایەوە و ، وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! چۆنی ئەبینی ؟ فەرمووی : ((قد کنت علی قبلة لو صبرت

علیها)) . فەرمووی : تۆ قیبلەیەکت هەبوو خۆزگە ئارامت لەسەری بگرتایە .[٢٥٦]

کەعب ئەڵێت :

ئیتر بەراء گەڕایەوە سەر قیبلەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ و ، لەگەڵمانا ڕوو بە شام نوێژی کرد و ، کاتێکیش کە لە سەرەمەرگدا بوو ، فەرمانی دا بە کەس وکارەکەی تا ڕووی بکەنە کەعبە و ، لە مانگی صەفەردا و یەك مانگ پێش کۆچی ئازیز ﷺ کۆچی دوایی کرد و ، وەسیەتیشی کرد کە سێیەکی سامانەکەی بدرێ بە پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەویش وەری گرت و ، گێڕاشیەوە بۆ منداڵەکانی.. بەراء یەکەم کەس بوو کە وەسیەت بکات بە بەخشینی سێیەکی سامانەکەی .

کەعب ، کە باسەکەمان بۆ ئەگێڕێتەوە ، ئەڵێت : کاتێك کە لە حەج بووینەوە، ئەو شەوەش هاتە بەرەوە کە بەڵێنمان دابوو بە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بگەین ، ئەوەبوو عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی حەرامان لەگەڵدا بوو ، واتە باوکی جابیر ، کە یەکێ لە سەردار و پیاوماقووڵەکانمان بوو ، ئەویشمان لەگەڵ خۆماندا برد ، بەڵام ئەم کارەمان لە هەموو ئەو موشریکانە ئەشاردەوە کە لەگەڵمانا بوون ، قسەمان لەگەڵ ئەودا کرد و وتمان : ئەی باوکی جابیر ! تۆ سەردارێك و پیاوماقووڵێکی ئێمەیت و ، ئێمەیش ئەوەمان پێ ناخۆشە کە تۆی وا تیا و ، سبەینێ ببیتە سووتەمەنیی ئاگر . پاشان بانگمان کرد بۆ ئیسلام و ، هەواڵی کاتی دیاریی‌کراویشمان دایە کە ئێمە و پێغەمبەری خوا ﷺ لە عەقەبەدا کۆ ئەبینەوە . ئەوەبوو موسڵمان بوو و ، لەگەڵمانا بەشداریی پەیمانی عەقەبە (ی دووهەمی) شی کرد و ، بووە یەکێکیش لە سەرۆك (نقیب) ەکانی ئەنصار .

کەعب ئەڵێت : ئەو شەوە لەگەڵ هاوەڵەکانمدا لەناو کەل و پەلەکانماندا خەوتین ، هەتا سێیەکی شەو ڕۆیشت ، ئەوسا لەناو کەل و پەلەکانماندا ، بەبێ

---

[٢٥٦] لێرەدا فەرمانی نەداوە ئەو نوێژانە دووبارە بکاتەوە ، چونکە ئیجتیهادی کردووە . لە فەرموودەش دا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەککەدا ڕوو بە (بیت المقدس) نوێژی کردووە . ئەمەش رای ئیبن عەبباسە . هەندێکیش وتوویانە تەنها ئەو شانزە حەڤدە مانگەی مەدینە ڕوو بە (بیت المقدس) نوێژی کردووە . جا ئیبن عەبباس ئەم جیاوازی‌یەی ڕوون کردۆتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ کە لە مەککەدا نوێژی ئەکرد ڕوو بە (بیت المقدس) ئەوەستا و کەعبەشی ئەخستە نێوان خۆی و (بیت المقدس) . واتە ڕووی لە هەردووکیان ئەکرد. بەڵام خەڵکیی ئەمەیان نەئەزانیی هەتا پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی بۆ مەدینە کرد ، ئەوسا لەوێ ڕووی کردە قودس و بێ‌تاقەتی کەعبەش بوو ، هەتا خوای گەورە ئیزنی دا ڕوو بکاتەوە کەعبە .

دەرکەوتن بە وێنەی قەتێ خۆمان دزییەوە تا بە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ بگەین ، هەتا ئەوەبوو لە شیوەکەدا لەلای عەقەبە کۆ بووینەوە ، کە حەفتا و سێ پیاو بووین و، دوو ئافرەتیشمان لەگەڵدا بوون : نوسەیبەی کچی کەعب ، ئوم عومارە ، کە یەکێ لە ئافرەتانی نەوەی مازنی کوڕی نەججار و ، ئەسمائی کچی عەمری کوڕی عەدیی کوڕی نابیی ، ئوم مەنیع ، کە یەکێ لە ئافرەتانی نەوەی سەلیمە بوو .

ئەمەش ناوی موسڵمانانی مەدینەیە کە لە پەیمانی دووهەمی عەقەبەدا ئامادە بوون :

ئەوس یانزە پیاویان هاتبوون :

١ ـ ئوسەیدی کوڕی حوضەیر ، کە یەکێکە لە نەقیبەکان .

٢ ـ ئەبوهەیثەم مالیکی کوڕی تەییهان ، بەدرییە .

٣ ـ سەلەمەی کوڕی سەلامەی کوڕی وەقش ، بەدرییە .

٤ ـ ظەهیری کوڕی رافیع .

٥ ـ ئەبوبوردەی کوڕی نیار ، بەدرییە .

٦ ـ نوهەیری کوڕی هەیثەم لە نەوەی نابیی کوڕی مەجدەعەی کوڕی حاریثە .

٧ ـ سەعدی کوڕی خەیثەمە ، یەکێکە لە نەقیبەکان و ، لە بەدریشدا شەهید بووە .

٨ ـ ریفاعەی کوڕی عەبدولمونذیری کوڕی زەنبر ، نەقیبە و بەدرییشە .

٩ ـ عەبدوڵلای کوڕی جوبەیری کوڕی نوعمانی کوڕی ئومەییەی کوڕی بەرك، بەدرییە و ، لە جەنگی ئوحوددا ئەمیری تیرهاوێژەکانی سەر گردەکە بوو و بە پلەی شەهیدیی گەیشت .

١٠ ـ مەعنی کوڕی عەدیی کوڕی جەددی کوڕی عیجلانی کوڕیحاریثی کوڕی ضەبیعەی بەلەویی کە هاوپەیمانی ئەوس بووە . بەدر و بە دواوە ئامادەی جەنگەکان بووە . لە یەمامەدا شەهید بووە .

١١ ـ عوەییمی کوڕی ساعیدە ، بەشداریی بەدر و بە دواوەی کردووە .

خەزرەجیش شەست و دوو پیاویان هاتبوون :

١ ـ ئەبوئەییووبی ئەنصاریی ، خالیدی کوڕی زەید کە بەدر و بە دواوە ئامادە بووە و ، لە سەردەمی موعاویەدا ، لەگەڵ سوپای ئیسلامدا گەمارۆی ئەستەنبوولیان دا و ، لەوێ کۆچی دوایی کردووە .

٢ ، ٣ ، ٤ ـ موعاذ و ، عەوف و ، موعەووەذی کوڕانی حاریث کە دایکیان ناوی عەفراء ە و ، بەدریین .

٥ ـ عیمارەی کوڕی حەزم کە بەدر و بە دواوە ئامادە بووە و ، لە یەمامە لە جەنگی موسەیلەمەی درۆزندا شەهید بووە .

٦ ـ ئەسعەدی کوڕی زورارە ، ئەبوئومامە کە یەکێکە لە نەقیبەکان و ، پێش جەنگی بەدر کۆچی دوایی کردووە .

٧ ـ سەهلی کوڕی عەتیك ، بەدرییە .

٨ ـ ئەوسی کوڕی ثابیتی کوڕی مونذیر ، بەدرییە .

٩ ـ ئەبوطەلحەی ئەنصاریی ، زەیدی کوڕی سەهل ، بەدرییە .

١٠ـ قەیسی کوڕی ئەبوصەعصەعە ، عەمری کوڕی زەیدی کوڕی عەوفی کوڕی مەبذوولی کوڕی عەمری کوڕی غونمی کوڕی مازین ، کە لە بەدردا ئەمیری پاشکۆی سوپا بوو .

١١ ـ عەمری کوڕی غوزەییە .

١٢ ـ سەعدی کوڕی ڕەبیع کە یەکێکە لە نەقیبەکان ، بەشداریی بەدری کردووە و ، لە ئوحوددا بە شەهیدیی سەری ناوەتەوە .

١٣ ـ خاریجەی کوڕی زەیدی کوڕی ئەبوزوهەیری کوڕی مالیك ، بەشداریی بەدری کردووە و ، لە ئوحوددا شەهید بووە .

١٤ ـ عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە ، کە یەکێکە لە نەقیبەکان و ، بەشداریی بەدر و ئوحود و خەندەقی کردووە و لە جەنگی موئتەدا کە ئەمیری سوپا بوو ، بە پلەی شەهیدیی گەیشت ..

١٥ ـ بەشیری کوڕی سەعد ، بەدرییە .

١٦ ـ عەبدوڵڵای کوڕی زەیدی کوڕی ثەعلەبەی کوڕی عەبدڕەببە ، کە بانگی فێرکرا و ، بەدرییشە .

١٧ ـ خەللادی کوڕی سووەید کە بەشداریی بەدر و ئوحود و خەندەقی کردووە و، ڕۆژی قورەیظە بەرداشێکی بەسەردا بەر درایەوە و سەری زامدار کرد و شەهید بوو. وتراویشە کە پێغەمبەی خوا ﷺ بەڵێنی داوە کە ئەجری دوو شەهیدی هەیە .

١٨ ـ ئەبومەسعوود ، عوقبەی کوڕی عەمری بەدریی ، ئیبن ئیسحاق وتوویە: گەنجترینی ئەوانە بووە کە بەشداریی عەقەبەیان کردووە ، بەلاّم ئامادەی بەدر نەبووە .

١٩ ـ زیادی کوڕی لەبید ، بەدرییە .

٢٠ ـ فەڕوەی کوڕی عەمری کوڕی وەدەقە .

٢١ ـ خالیدی کوڕی قەیسی کوڕی مالیك ، بەدرییە .

٢٢ ـ ڕافیعی کوڕی مالیك ، کە یەکێکە لە نەقیبەکان .

٢٣ ـ ذەکوانی کوڕی عەبدقەیسی کوڕی خەلدەی کوڕی موخەللەدی کوڕی عامیری کوڕی زورەیق ، کە پێی ئەوترێت : موهاجیریی و ئەنصاریی ، چونکە کە موسڵمان ئەبێت لە مەککەدا ، لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ ئەمێنێتەوە تا کاتی کۆچکردن و ئەویش کۆچ ئەکات . لە هەمان کاتدا بەشداریی بەدری کردووە و ، لە ئوحودیشدا شەهید بووە .

٢٤ ، ٢٥ ـ عەبباد و حاریثی برای کوڕانی قەیسی کوڕی عامیری کوڕی خالیدی کوڕی عامیری کوڕی زورەیق ، هەردووکیان بەدریین .

٢٦ ـ بەڕائی کوڕی مەعروور ، کە یەکێکە لە نەقیبەکان و ، وەك نەوەی سەلیمە دەری ئەبڕن یەکەم کەسێکە کە بەیعەتی داوە . پێش ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بگاتە مەدینە کۆچی دوایی کردووە .

٢٧ ـ بیشری کوڕی بەڕائی کوڕی مەعروور ، بەشداریی بەدر و ئوحود و خەندەقی کردووە و ، لە جەنگی خەیبەردا ، بە هۆی خواردنی گۆشتی ئەو مەڕە ژەهراوییەوە شەهید بووە ، کە زەینەبی ژنی سەللامی کوڕی میشکەمی یەهوودیی دەرخواردی ئەو و پێغەمبەری خوای ﷺ دابوو .

٢٨ ـ سینانی کوڕی صەیفیی کوڕی صەخەر بەدرییە .

٢٩ ـ طوفەیلی کوڕی نوعمان کوڕی خەنساء ، بەدرییە و ، ڕۆژی خەندەق شەهید بووە .

٣٠ ، ٣١ ـ مەعقەل و یەزیدی برای کوڕانی مونذیری کوڕی سەرح ، هەر دووکیان بەدریین .

٣٢ ـ مەسعوودی کوڕی یەزیدی کوڕی سوبەیع .

٣٣ ـ ضەححاکی کوڕی حاریثەی کوڕی زەیدی کوڕی ثەعلەبە ، بەدرییە .

٣٤ ـ یەزیدی کوڕی خوذامی کوڕی سوبەیع .

٣٥ ـ جەبباری کوڕی صەخەری کوڕی ئومەییەی کوڕی خەنسائی کوڕی سینانی کوڕی عوبەید ، بەدرییە .

٣٦ـ طوفەیلی کوڕی مالیکی کوڕی خەنساء ، بەدرییە .

٣٧ ـ کەعبی کوڕی مالیك .

٣٨ ـ سەلیمی کوڕی عەمری کوڕی حەدیدە ، بەدرییە .

٣٩ ـ قوطبەی کوڕی عامیری حەدیدە ، بەدرییە .

٤٠ ـ ئەبولـمونذیر ، یەزیدی برای قوطبە ، ئەویش بەدرییە .

٤١ ـ ئەبولیەسەر ، کەعبی کوڕی عەمر ، بەدرییە .

٤٢ ـ صەیفی کوڕی ئەسوەدی کوڕی عەبباد .

٤٣ ـ ثەعلەبەی کوڕی غونەمەی کوڕی عەدیی کوڕی نابیی ، بەدرییە و ، لە خەندەق‌دا شەهید بووە .

٤٤ ـ عەمری کوڕی غونەمەی برای ثەعلەبە .

٤٥ ـ عەبسی کوڕی عامیری کوڕی عەدیی ، بەدرییە .

٤٦ ـ خالیدی کوڕی عەمری کوڕی عەدیی کوڕی نابیی .

٤٧ ـ عەبدوڵڵای کوڕی ئونەیسی هاوپەیمانیان کە لە هۆزی قوضاعە بوو .

٤٨ ، ٤٩ ـ عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی حەرام کە یەکێکە لە نەقیبەکان و بەدرییە و ڕۆژی ئوحود شەهید بووە و ، جابیری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی .

٥٠ ـ موعاذی کوڕی عەمری کوڕی جەمووح ، بەدرییە .

٥١ ـ ثابیتی کوڕی جەذەع ، بەدرییە و ، لە طائیف شەهید بووە .

٥٢ ـ عومەیری کوڕی حاریثی کوڕی ثەعلەبە بەدرییە .

٥٣ ـ خودەیجی کوڕی سەلامەی هاوپەیمانیان کە لە هۆزی بەلیی بووە .

٥٤ ـ موعاذی کوڕی جەبەل ، کە ئامادەی بەدر و بە دواوە بووە و ، لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەططابدا خوا لێی رازیی بێ بە طاعوونی عەمەواس لە شام کۆچی دوایی کردووە .

٥٥ ـ عوبادەی کوڕی صامیت کە یەکێکە لە نەقیبەکان و ، ئامادەی بەدر و بە دواوە بووە .

٥٦ ـ عەبباسی کوڕی عوبادەی کوڕی نەضلە ، کە دوای موسڵمان بوونی لە مەککەدا ئەمێنێتەوە هەتا کۆچکردن بۆ مەدینە و ئەویش کۆچ ئەکات ، بۆیە پێی ئەوترا : موهاجیریی و ئەنصاریی و ، رۆژی ئوحود شەهید بووە .

٥٧ ـ ئەبوعەبدوررەحمان ، یەزیدی کوڕی ثەعلەبەی کوڕی خەزمەی کوڕی ئەصرەمی هاوپەیمانیان کە لە هۆزی بەلیی بووە .

٥٨ ـ عەمری کوڕی حاریثی کوڕی لەبدە .

٥٩ ـ ریفاعەی کوڕی عەمری کوڕی زەید ، بەدرییە .

٦٠ ـ عوقبەی کوڕی وەهبی کوڕی کیلدەی هاوپەیمانیان ، بەدرییە . ئەمیش یەکێ بوو لەوانەی کە رۆیشتنە مەککە و لەوێ مایەوە هەتا کۆچ کرا بۆ مەدینە ، بۆیە پێی ئەوترا موهاجیریی و ئەنصاریی .

٦١ ـ سەعدی کوڕی عوبادەی کوڕی دلێم ، کە یەکێکە لە نەقیبەکان .

٦٢ ـ مونذیری کوڕی عەمر کە یەکێکە لە نەقیبەکان و ، بەدریی و ئوحودییە و ، بە ئەمیریی لە رۆژی بیری مەعوونەدا شەهید کرا .

دوو ئافرەتەکەش وەك لە پێشەوە ناویان برا ، ئوم‌عەمارە و ئوم‌مەنیع بوون .

کەعبی کوڕی مالیك ئەڵێت : لە شیوەکەدا کۆبووینەوە و چاوەڕوانی پێغەمبەری خوا بووین ﷺ تا ئەوەبوو تەشریفی هات و ، عەبباسی کوڕی عەبدولموطەللیبیشی لەگەڵدا بوو ، کە هێشتا لەسەر دینی خزمەکانی مابوویەوە ، بەڵام پێی خۆش بوو لە کاری برازاکەیدا ئامادە بێت و، دڵی لێی بێخەم بێت . کە دانیشت یەکەم قسەکەر عەبباسی کوڕی عەبدولموطەللیب بوو ، وتی : ئەی کۆمەڵی خەزرەج ! ـ ئەوەبوو عەرەبەکان ئەنصاریان ، چ ئەوس چ خەزرەج ، هەر بە خەزرەج ناو ئەبرد ـ خۆتان ئەزانن موحەممەد چیی ئێمەیە و ، لەو خزمانەشمان کە رایان دەربارەی ئەو وەك ئێمە وەهایە پاراستوومانە . ئەو لەناو خزمەکانیدا پایەدار و ، لە وڵاتەکەیدا پارێزراوە . ئەویش بڕیاری داوە پاڵ بە ئێوەوە بدات و

بێتە ناوتان . جا ئەگەر ئێوەش ئەزانن کە ئەو بەڵێنەی پێتان داوە بۆی ئەبەنە سەر و ، لە ناحەزانی ئەیپارێزن ، ئەوا ئێوە و ئەو . خۆ ئەگەر ئەشزانن دوای دەرچوونی بۆ ناوتان دەستبەرداری ئەبن و پشتی بەرئەدەن ، ئەوا هەر لە ئێستەوە لێی گەڕێن ، چونکە لەناو خزم و وڵاتی خۆیدا عەزیز و پارێزراوە .

ئەڵێ : پێمان وت : هەرچیت وت بیستمان . جا ئەی پێغەمبەری خوا ! فەرمایشت بکە .. بۆ خۆت و بۆ پەروەردگارت هەرچییت پێخۆشە دیاریی بکە . ئەنصار هەر لە یەکەم ڕۆژدا دەریان خست کە چەندە بە پاکیی لە دینی خوا دێنە پێشەوە .. چونکە بە ڕاستیی پیاو بوون .. پاڵەوان و چاونەترس بوون .. سنگ فراوان و سەخیی تەبیعەت بوون .. ئیمانداری خاوەن ئیخلاص بوون .. بە سەر و ماڵەوە هاتنە پێشەوە تا خزمەتی ئیمان بکەن .. بە تەمای هیچێ لەم دنیایە نەبوون .. لەگەڵ ئەوەشدا بە تەمای هەموو ناڕەحەتییەك بوون بێتە ڕێیان .

لەم کاتەدا کە هەموو ئامادە بوون بەیعەت بە پێغەمبەری خوا ﷺ بدەن ، عەبباسی کوڕی عوبادەی کوڕی نەضلەی ئەنصاریی ، کە یەکێ بوو لەوانەی بەیعەی یەکەمی عەقەبەی دابوو ، هەستایە سەر پێ و وتی : ئەی کۆمەڵی خەزرەج ! ئایا ئەزانن بەیعەت لەسەر چیی بەم پیاوە ئەدەن ؟ وتیان: بەڵێ . وتی : ئێوە پەیمانی ئەوەی ئەدەنێ کە لەگەڵ سوور و ڕەشی ئەو خەڵکەدا بجەنگن . جا ئەگەر ئەزانن بەوەی کە سامانەکەتان تووشی موسیبەت بوو و، پیاوماقووڵانتان کوژران ، ئەیدەن بە دەستەوە ، ئەوا هەر ئێستە وەها بکەن ، چونکە بەخوا ئەگەر وەها بکەن ئەوە سەرشۆڕیی دنیا و قیامەتە . خۆ ئەگەر ئەزانن لەگەڵ تیاچوونی ماڵ و سامانتان و ، کوژرانی پیاوماقووڵانتان ئەو بەڵێنەی پێتان داوە بۆی ئەبەنە سەر ، ئەوا بییەن ، بەخوا ئەوە خێری دنیا و قیامەتە .

وتیان : بە مەرجی تیاچوونی ماڵ و سامان و ، کوژرانی پیاوماقووڵانمان ئەیبەین لەگەڵ خۆمان . جا ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەگەر ئەوەمان بردە سەر چیمان بۆ ئەبێ ؟ فەرمووی : (الجنة) ، بەهەشت . وتیان : دەستت بێنە . دەستی کردەوە و ئەوانیش بەیعەتیان پێ دا . جا عەبباسی کوڕی عوبادە خوا لێی ڕازیی بێ بەو قسانەی ویستی موسڵمانەکان لە کاری سەرشانیان ئاگادار بکات ، تا خۆیان بۆ کارەکە یەکلایی بکەنەوە و ، هەروا بە سووکیی سەیری نەکەن دوایش بۆیان نەچێتە سەر . دوای ئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ کارەکەی بۆیان ڕوون کردەوە :

جا لە ریوایەتەکەی ئیمام ئەحمەددا کە جابیر خـوا لێـی رازیـی بـێ ریوایـەتی کردووە ئەو بەندانە باس کراون کە پێغەمبەری خوا ﷺ داوایان ئەکات :

جابیر ئەڵێ : وتمان : ئەی پێغەمبەری خوا ! لەسـەر چیی بەیعـەتت بـدەینێ ؟ فەرمووی :

(١) « على السمع والطاعة في النشاط والكسل .. لەسـەر گوێڕایـەڵیی و مـل کەچیی لە کاتی چالاکیی و تەمەڵییدا..

(٢) وعلى النفقة في العسر واليسر .. هەروەها لەسەر خەرج کردن لە خۆشـیی و ناخۆشییدا ..

(٣) وعلى الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر .. هەروەها لەسـەر فـەرمان دان بـە چاکە و دوورەپەرێزیی کردن لە خراپە ..

(٤) وعلى أن تقولوا في الله لا تأخذكم في الله لومة لائم .. هـەروەها لـە پێنـاوی خوادا راستیی بڵێن و بۆ رەزامەندیی خوا لە لۆمەی لۆمەکاران نەترسن .

(٥) وعلى أن تنصرونـــي إذا قدمت إليكم ، وتمنعوني مما تمنعون منـــه أنفســـكم وأزواجكم وأبناءكم ، ولكم الجنة » . هەروەها کە هاتمە ناوتان لە هـەر شـتێ کـە خۆتان و ژنەکانتان و منداڵەکانتان ئەپارێزن ، منیشی لێ بپـارێزن و ، بەهەشـتتان پێ ئەدرێ .

بەڵام لە ریوایەتی کەعبدا ، کـە ئـیبن ئیسـحاق ریوایـەتیکردووە بـەم شـێوە هاتووە :

کەعب ئەڵێ : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمایشتی کـرد و ، قورئـانی خوێنـد و ، بانـگی کـرد بۆ لای خوا و ، ئیسـلامی خستە پێش چاویان ، پاشـان فـەرمووی : « أبايعكم على أن تمنعونـــي مما تمنعون منه نساءكم وأبناءكم » . فەرمووی : لەسـەر ئەوە بەیعەتتان لێ وەرئـەگرم کـە هـەر شـتێ ژن و منداڵـەکانتانی لێ ئـەپارێزن منیشی لێ بپارێزن .

بەرائی کوڕی مەعروور دەستی گرت و وتی : بەڵێ ، بەو خوایەی تۆی بە حـەق بە پێغەمبەرایەتیی رەوانـە کـردووە ، هـەر شـتێ خۆمـان و ژن و منـداڵمانی لێ ئەپارێزین تۆیشی لێ ئەپارێزین . بەیعەتمان لێ وەربگرە ئـەی پێغەمبـەری خـوا ! بەخوا ئێمە رۆڵەی جەنگ و شەڕ و شۆڕ و ، خاوەنی چەکین ، پشتا و پشت بۆمـان ماوەتەوە .

پێغەمبەری خوا ﷺ پێی خۆش بوو کە ئەنصار بە کورتە قسە بکەن ، نەوەکو بتپەرستەکان بە کارەکەیان بزانن .

بەیهەقیی ریوایەتی کردووە کە فەرمووویە: ((لیتکلم متکلمکم ولا یطل الخطبة فإن علیکم من المشرکین عیناً ، وإن یعلموا بکم یفضحوکم)) . فەرمانی دا با قسەکەریان قسە بکات ، بەلاّم بە کورتە نەوەکا بت پەرستەکان پێیان بزانن و ، کارەکەیان ئاشکرا بکەن ، چونکە کۆبوونەوەیەکی مێژوویی گرنگە و ، پێویستە بپارێزرێ .

کە بەراء لێ بوویەوە ، ئەبولهەیثەم مالیکی کوڕی تەییهان کە پەیمانی یەکەمی عەقەبەیشی دابوو ، هەستایە سەر پێ و وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئێمە لەگەڵ ئەو پیاوانەدا پەیوەندییەکمان بەستووە و ، ئەیپچڕێنین ـ مەبەستی لە پەیوەندیی جوولەکەیە ـ ، جا ئایا ئەگەر ئێمە وەهامان کرد و ، خوای گەورەش تۆی سەر خست ، ئەشێ بگەڕێیتەوە ناو خزمەکانت و ، واز لە ئێمە بهێنی ؟

پێغەمبەری خوا ﷺ زەردەخەنەیەکی کرد و ، پاشان فەرمووی : ((بل الدم الدم والهدم الهدم ، أنا منکم وأنتم مني ، أحارب من حاربتم ، وأسالم من سالمتم)) .

بەم فەرموودەیە بۆی دەرخستن کە ئەو و ئەنصار سەروماڵ لە یەکن و جیابوونەیان نیە ، ئەو لەوانە و ، ئەوانیش لەون .. ئەنصار بچن بە گژی هەر کەسێکا ئەویش ئەچێت بە گژیا و ، ئاشتییش لەگەڵ هەر کەسێکا بکەن ئەویش ئاشتیی لەگەلا ئەکات .

ئەوەبوو دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ بە جوانترین شێوە ئەو بەڵێنەی بەسەر برد و ، چاکەی ئەنصاری هەر لەبەر چاو بوو و ، دوای سەرکەوتن و فەتحی مەککەش هەر لە مەدینە مایەوە و وەسیەتیشی کرد کە موسڵمانان بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەنصار بکەن و ، کە کۆچی دواییشی کرد هەر لە مەدینە نێژرا ..

هەروەها طەبەرانییش لە عورووەوە بە شێوەی مورسەل ، تەخریجی کردووە کە وتوویە : یەکەم کەسێك کە بەیعەتی دا بە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەبولهەیثەمی کوڕی تەییهان بوو خوا لێی رازیی بێ کە وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! لە نێوان ئێمە و خەڵکیدا چەندین پەیمان و بەڵێن هەیە ، کە لەوانەیە ئێمە دەستیان لێ هەڵ بگرین . جا دوای ئەوەی کە دەستمان لەو پەیمان و بەڵێنانە هەڵ گرت و چووین بو گژی خەڵکیدا ، ئەترسین تۆش بگەڕێیتەوە بۆ ناو خزمەکانت .

پێغەمبەری خوا ﷺ بە قسەکانی دەستی بە پێکەنین کرد و فەرمووی : ((الدمُ ، الدم .. الهدمُ ، الهدم)) . (بەمە بۆی روون کردنەوە کە مان و مردنیان پێکەوەیە) .

کاتێ کە ئەبولهەیثەم بە وەلامەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ دڵی ئاوی خواردەوە ، رووی لە خزمەکانی کرد و ، وتی : خزمینە ! ئەمە پێغەمبەری خوایە ﷺ و ، شاهێدیی ئەدەم کە راستگۆیە و ، ئەمڕۆ ئەویش وا لە پەنای ماڵی خوادا و ، لە نێو خزم و عەشرەتەکەیدا . ئەوەش بزانن کە ئەگەر بیبەن لەگەڵ خۆتاندا ئەوا هەموو عەرەب بە یەکدەنگیی دژایەتییتان ئەکەن . جا ئەگەر دڵتان خۆشە بە کوشتار لە پێناوی خوادا و ، تیاچوونی سامان و ماڵ و منالتان ، ئەوا خولکی بکەن با بێت لەگەڵتانا ، چونکە بە راستیی پێغەمبەری خوایە . ئەگەر ئەشترسن پشتی بەردەن ، ئەوا ئێستە وازی لێ بهێنن ...

لێرەدا ئەنصار وتیان : وا ئەوەی کە خوا و پێغەمبەرەکەی پێیان داوین وەرمان گرت و ، ئێمەش هەرچیی تۆ داوات لێمان کردووە ، وا بەخشیمان ، ئەی پێغەمبەری خوا ! جا تۆش ئەی ئەبولهەیثەم نێوان ئێمە و پێغەمبەری خوا ﷺ بەردە با بەیعەتی بدەینێ . ئەبولهەیثەم وتی : من خۆم یەکەم کەس بەیعەتی ئەدەمێ ، پاشان هەموویان یەك لە دوای یەك بەیعەتیان پێ دا ..

یەکێکی تر لەوانەی کە لەو کۆڕە مەزنە مێژووییەدا قسەی کرد ، سەرداری پایەدار ئەسعەدی کوڕی زوورارە بوو ، کە دەوری کاریگەری بینیی لە بەر دەستی موصعەبدا تا لە ناو مەدینەدا ئیسلام بڵاو بکاتەوە .. ئەوەبوو دوای ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ وەلامی پرسیارەکەی ئەنصاری دایەوە ، کە پرسییان لەسەر چیی بەیعەتی بدەنێ و ، ئەویش بەندەکانی باس کرد ، وەك لە پێشەوە نووسران ، دوای ئەوە ئەسعەدی کوڕی زوورارە خوا لێی رازیی بێ ـ کە لە هەموو خەڵکەکە بچووکتر بوو ، بەلام لە ریوایەتی بەیهەقییدا وا هاتووە کە جگە لە راویی لە هەر حەفتا پیاوەکە منالتر بووە ـ دەستی ئەگرێت و ئەلێت : ئەی دانیشتوانی یەثریب ! لەسەر خۆ بن ! ئێمە بۆیە بە سواریی وشتر هاتووینەتە خزمەتی ئەزانین کە ئەو پێغەمبەری خوایە و ، ئەمڕۆش راکێشانی بۆ یەثریب دژایەتیی هەموو عەرەبە و کوژرانی پیاوە چاکەکانتانە و ، شمشێرتان ئاراستە ئەکرێت . جا یا ئێوە کەسانێکن کە لەسەر ئەوە ئارام ئەگرن ، ئەوا بیبەن و پاداشتتان لای خوایە ، یان کەسانێکن لە خۆتان ئەترسن ، ئەوا وازی لێ بهێنن . جا ئەوە روون بکەنەوە ،

چونکە ئەوە لە گلەیی خوایی ڕزگارتـان ئـەکات . وتیـان : ئـەی ئەسـعەد ! وەرە دواوە . دە بەخوا ! هەرگیز دەستبەرداری ئـەم بەیعەتـە نـابین و کەسـیش لێمـان داناماڵێ .

ئەڵێ : هەسـتاین بـۆ خزمـەتی و بەیعـەتمان پـێ دا و ، مـەرج و پـەیمانی لێ وەرگرتین ، تا لەسەر ئەوە بەهەشتمان پێ بدرێ .

لە ریوایەتێکی تردا ئەسعەدی کوڕی زورارە ئەڵێت : ئەی موحەممەد چـیت پـێ خۆشە بۆ پەروەردگارت داوای بکە ، پاشان چییت بۆ خۆت پێ خۆشە داوای بکـە، پاشان هەواڵمان بدەرێ بزانین ئەگەر ئەوانە جێ بەجێ بکـەین چ پاداشـتێکمان بـۆ ئەبێت ؟ فـەرمووی : ((أسألُكم لِربِّي أن تعبدوهُ ، ولا تُشرِكوا به شيئاً ، وأسـألكم لِنَفسي وأصحابِي أن تُؤوونا وتَنصرونا ، وتمنعونا ممـا تمنعـون منـه أنفسـكم)) .

فەرمووی : بۆ پەروەردگارم ئەوەتان لێ داوا ئەکەم کە بیپەرستن و ، هـیچ شـتێك نەکەنە شەریك بۆی . بۆ خۆیشم و هاوەڵانیشم ئەوەتان داوا لێ ئەکەم کـە جێمـان بکەنەوە و ، کۆمەکییمان بکەن و ، لـە هـەر شـتێ کـە خۆتـانی لێ ئـەپارێزن ، ئێمەشی لێ بپارێزن .

وتیان : ئەگەر ئەوەمان کرد چیمان بۆ ئەبێ ؟ فەرمووی : (الجنـــة) . وتیـان : بەسەر چاو .

ئیتر ئەوەبوو بەوپەڕی ئیخلاص و ورە بەرزییەوە ئەنصار هەستان و بەیعـەتیان بە پێغەمبەری خوا ﷺ دا .. جا ڕاوییەکان لە دیارییکردنی یەکـەم کـەسدا کـە بەیعەتی کردبێ جیاوازییان هەیە .

ئیبن ئیسحاق بە پێی ئەوەی کە لە کـەعبی کـوڕی مالیکـەوە ئەیگێڕێتـەوە ، ئەڵێت : یەکەم کەس بەرائی کوڕی مەعروورە .

نەوەی نەججاریش ئەڵێن : ئەبوئومامە ، ئەسعەدی کوڕی زورارەیە .

ئیبن سەعد لە عەبباسەوە ریوایەتی کردووە کە وتوویە : یەکەم کەسێك کە لەو شەوەدا دەستی دا بە دەستی پێغەمبەری خوادا ﷺ ئەسعەدی کـوڕی زورارە بـوو ، پاشان بەرائی کوڕی مەعروور ، پاشان ئوسەیدی کوڕی حوضەیر .

نەوەی عـەبدولئەشهەلیش ئەڵێن : ئەبولهەیثەمی کوڕی تەییهانە .

نەوەی سەلیمەش ئەڵێن : یەکەم کەسێك کە لەو شەوەدا بەیعەتی داوە کـەعبی کوڕی مالیکە .

ئەمە بە پێی ئاگاداربوونی راوی‌یەکان دەرئەکەوێت . هەرچەندە ئەمە وەها گرنگ نیە ، بەڵکو گرنگ ئەوە بوو کە ئەنصار توانی‌یان ئەو بەیعەتە بەسەر بەرن .

ئەو دوو ئافرەتەش کە ئامادەی ئەم کۆبوونەوە مێژوویی‌یە بوون ، هەر دووکیان بەیعەتیان دا بە پێغەمبەری خوا ﷺ ، بەڵام تەنها بە قسە ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ هەرگیز تەوقەی لەگەڵ هیچ ئافرەتێك‌دا نەکردووە .

دوای تەواوبوونی بەیعەت لەسەر ئەو مەرجانەی کە باسیان کردن ، پێغەمبەری خوا ﷺ داوای لە خەڵکەکە کرد تا لە نێوان خۆیان‌دا دوانزە سەرۆك هەڵ ببژێرن ، تا ببنە نەقیبی خزمەکانیان و ، کەفیلی جێبەجێ‌کردنی بەندەکانی ئەو بەیعەتە بن ، بۆیە پێیانی فەرموو : ((أخرجوا إلي منكم إثني عشر نقيباً ، ليكونوا على قومهم بما فيهم)) .

ئەم کارەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە پێی ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کە ئەفەرموێ :

﴿ وَلَقَدْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ وَبَعَثْنَا مِنْهُمُ ٱثْنَىْ عَشَرَ نَقِيبًا ۖ وَقَالَ ٱللَّهُ إِنِّى مَعَكُمْ ۖ لَئِنْ أَقَمْتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَيْتُمُ ٱلزَّكَوٰةَ وَءَامَنتُم بِرُسُلِى وَعَزَّرْتُمُوهُمْ وَأَقْرَضْتُمُ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَلَأُدْخِلَنَّكُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ۚ فَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١٢﴾ ﴾ (المائدة : ١٢) .

خێرا ئەنصار لە نێو خۆیان‌دا دوانزە نەقیبیان هەڵ بژارد : نۆیان لە خەزرەج و سیانیشیان لە ئەوس ، کە ئەمە ناوەکانیانە :

نەقیبەکانی خەزرەج :

١ ـ ئەسعەدی کوڕی زورارەی کوڕی عەبس .

٢ ـ سەعدی کوڕی رەبیعی کوڕی عەمر .

٣ـ عەبدوڵلای کوڕی رەواحەی کوڕی ثعلبە .

٤ـ رافیعی کوڕی مالیکی کوڕی عیجلان .

٥ ـ بەرائی کوڕی مەعروری کوڕی صەخەر .

٦ ـ عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی حەرام .

٧ ـ عوبادەی کوڕی صامیتی کوڕی قەیس .

٨ ـ سەعدی کوڕی عوبادەی کوڕی دلێم .

٩ ـ موندیری کوڕی عەمری کوڕی خونەیس .

نەقیبەکانی ئەوس :
١ـ ئوسەیدی کوڕی حوضەیری کوڕی سەماك .
٢ ـ سەعدی کوڕی خەیثەمەی کوڕی حاریث .
٣ ـ ریفاعەی کوڕی مونذیری کوڕی زوبەیر .
هەندێکیش وتوویانە لە جێی ریفاعە ئەبولهەیثەمی کوڕی تەییهان بووە .
کە نەقیبەکان هەڵ بـژێرران جـارێکی تـر پێغەمبـەری خـوا ﷺ پەیـمانی لێ وەرگرتن ، بە ناوی ئەوەوە کە ئەمانە سەرۆکن و لێپرسراوی خەڵکەکەن . ئەوە بوو پێی فەرموون : ((أنتم علي قومكم بما فيهم كفلاء ككفالة الحواريين لعيسى بن مريم ، وأنا كفيل علي قومي)) . فەرمووی : ئێوە کەفیلی خزمەکانتانن بـەو شـێوەی کـە حەوارییەکان بوونە کەفیلی خزمەکانیان بۆ عیسـای کـوڕی مەریـەم و ، منیش کەفیلی خزمەکانم ، واتە موهاجیرەکان . وتیان : بەڵێ .
پاشان پێغەمبەری خـوا ﷺ مـاوەی دان تـا بگەڕێنـەوە شـوێنەکـانیان کـە فـەرمووی : ((ارفضُوا إلى رحالكم)) ، تا ئەم کۆبوونەوە گرنگە هـەر بـە نهێنیـی بمێنێتەوە .
لە (زاد المعاد) یش‌دا هاتووە :
کە پەیمانەکە بەسترا و ، خەریك بوو خەڵکەکـە بـڵاوەی لێ بکـەن ، شـەیتانێك پێی زانی ، بەڵام کارەکە لە دوا ساتەکانی‌دا پێی زانـرا و ، ئـەو شـەیتانە فریـای ئەوە نەکەوت سەردارانی قورەیش لەم هەواڵە ئاگادار بکات و ، لـە کاتێـك‌دا کـە هەموویان لەوێ ئامادە بوون ، بدەن بە سەریان‌دا ، بۆیە ئەو شـەیتانە ناچـار بـوو بچێتە سەر شوێنێکی بەرز و ، بە دەنگێکی یەکجار بەرز هاوار بکات :
ئەی دانیشتوانی ئـەم مەنزڵانـە ! ئاگـادارن لـە موحەمـەد و لـەو لـە دیـن وەرگەڕاوانەی کە وان لەگەڵی‌دا ؟ کۆبوونەتەوە تا بێن بە گژتان‌دا .
پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((هذا أزبُ العقبة ، أما والله يا عدو الله لأتفرغن لك)) . فەرمووی : ئەوە شەیتانی عەقەبەیە . بەخوا ، ئەی دوژمنی خـوا ! خـۆم یەك لایی ئەکەمەوە بۆت . پاشان فەرمانی بەسـەر هـاوەڵانی‌دا دا تـا بـڵاوەی لێ بکەن و بگەڕێنەوە بۆ مەنزڵەکانیان .
کاتێ کە دەنگی ئەو شەیتانە بیسترا ، عەبباسی کوڕی عویادەی کوڕی نـەضلە وتی : بەو خوایەی کە بە دینی حەق ڕەوانەی کـردووی ، ئەگـەر پێـت خـۆش بـێ

سبەینێ بە شمشێرەکانمانەوە هێرش ئەکەینە سەر دانیشتوانی مینـا . پێغەمبـەری خوا ﷺ فەرمووی : ((لم نؤمَر بذلك ، ولكن ارجعـوا إلى رحـالكم)) فـەرمووی : فـەرمانی ئـەوەمان پـێ نـەدراوە ، بگەڕێنـەوە لای کەلوپەلـەکانتان . ئـەوانیش گەڕانەوە .

کە ڕۆژ بوویەوە و قـورەیش هەواڵەکـەیان بیسـت کـە شـەو بەیعـەتیان داوە ، زۆربەیان هاتنە مەنزڵگای ئەنصار و پێیان وتن : ئەی کۆمـەڵی خـەزرەج : پێمـان گەیشتووە کە ئێوە هاتوون ئەم پیاوەی لای ئێمە لـەناومان دەرکـەن و ، بەیعـەتی بدەنێ تا بێت بە گژماندا . دە بەخوا هیچ هۆزێکی عەرەب ئەوەندەی ئێوە پێمـان ناخۆش نیە جەنگ لە نێوانماندا بەرپا ببێ .

لەولاوە حاجییەکانی یەثریب ، کە لەسەر بتپەرستیی مابوونەوە و ، موسڵمان نەبووبوون و ، ئاگایان لە کۆبوونەوە و پەیمانی عەقەبە نەبوو ، کە شەو ئیمانداران لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بەستبوویان ، دەستیان بە سوێند خـواردن کـرد کـە شتی وەها رووی نەداوە و ، ئاگایان لێ نیە . ئەوانیش راسـتیان ئـەکرد ، چـونکە ئاگاداری هیچ شتێك نەبوون . تا ئەوەبوو بتپەرستەکان هەسـتان و ، رۆیشـتن بـۆ لای عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول و ، ئەوەی بە خەزرەجیان وت بەویشیان وت . ئەویش وتی : بەخوا ئەوە کارێکی گەورەیە و ، تـا ئێسـتە خزمـەکانم هـیچ کارێکی وەهایان بەبێ ئاگاداریی من ئەنجام نەداوە و ، منیش پێ نازانم شتی وەها کرا بێ . ئیتر لای ئەویش هەستان .

ئەم هەواڵە زۆر قورەیشی ناڕەحەت کرد و ، خەم وخەفەت رووی تـێ کـردن و ، کۆڵیان نەدا و ، کەوتنە دوای هەواڵەکە و ، بە وردیی پرسیاریان دەربارەی ئەکرد ، هەتا ئەوەبوو بۆیان دەرکەوت کە راستە و ، بەیعـەتیان داوە ، بـەڵام دوای ئـەوەی کە حاجی‌یەکان گەڕابوونەوە بۆ ولاتی خۆیان .. ئەوەبوو کۆمەڵێکیان کەوتنە دوای ئەنصار بەڵکو فریایان بکـەون و دەسـتگیریـان بکـەن ، بـەڵام لـە دەسـتیان دەر چووبوون و ، تـەنها دوو پیاویـان بەرچـاو کـەوتن : سـەعدی کـوڕی عوبـادە و ، مونذیری کوڕی عـەمر ، کە هەردووکیشیان لە دوانزە نەقیبەکـە بوون . خەڵکەکـە بە هیچ شێوەیەك نەیان توانیی مونذیر بگرن ، بەڵام توانی‌یان سەعد بگـرن و، بـە لغاوی وشترەکەی خۆی قۆڵ بەستیان کرد و ، بەرەو مەککە گێڕایانەوە و ، لە رێگا دەستیان بە لێدانی کرد و قژیان رائەکێشا ، هەتا گەیاندیانـەوە مەککـە . لـەوێ

هاواری بردە بەر دوو پیاوماقوڵی قورەیشیی ، کە پێشتر پەنای کاروانی بازرگانیی هەردووکیانی دابوو ، کە بە مەدینەدا تێپەڕیان ئەکرد ، کە موطعیم ی کوڕی عەدیی (ئەو پیاوەی کە پەنای پێغەمبەری خوای ﷺ دا کاتێ کە لە طائیف گەڕایەوە ، تا بچێتە ناو مەککەوە) و حاریثی کوڕی حەربی کوڕی ئومەییە (واتە برای ئەبوسوفیان) بوون .. هاواری بردە بەر هەردووکیان و ، ئەوانیش هەردووکیان هاتن و لە ژێر چنگی قورەیش دەریان هێنا و ، بەرەو مەدینە گەڕایەوە ..

بەم شێوەیە ئیمان دارانی مەدینە بەیعەتیان بە پێغەمبەری خوا ﷺ دا و ، بەڵێنیان پێ دا کە کۆچ بکا بۆ ناویان و وەك چاویان ، خۆی و هاوەڵانی ئەپارێزن .. ئەوپەڕی ئازایەتیی و پاڵەوانێتیی بوو لەو ڕۆژەدا ئەو مەرد و قارەمانانە ئەو بڕیارە ترسناکەیان دا .. چونکە ئەیانزانیی هەموو عەرەب ئەبێتە دوژمنیان ، بەڵام ئەوەندە بە پاکیی ئیمانیان هێنا بوو ، هەموو مەترسیی‌یەکیان خستبووە ئەولاوە و ، ئەوەندەش خوا و پێغەمبەریان ﷺ بە دڵ و بە گیان خۆش ئەویستن باکیان لە هیچ هەڕەشەیەك نەبوو .

دوای ئەوەی کە بەڵێنیان دا گەڕانەوە ولاتی خۆیان تا ئەو ئیمانەیان بە بسەلمێنن .. هەریەکەیان دەستی کرد بە پەروەردەکردنی خۆی و کەس وکاری و، بانگ‌کردنی ئەوانەی کە لێیەوە نزیکن .. بانگی خواناسیی شوێنی شیاوی خۆی دەست کەوتبوو ..

ئەوەبوو چەند گەنجێکی نەوەی سەلیمەش موسڵمان بوو بوون و ، هێشتا عەمری کوڕی جەمووحی سەرداریان موسڵمان نەبووبوو . عەمر بتێکی بە ناوی (مەنات) لە تەختەیەکی چاك بۆ دروست کرابوو و ، لە ماڵەکەی خۆیدا دانابوو و ئەی‌پەرست و ، بە هیچ شێوەیەك دەست‌بەرداری نەئەبوو . گەنجەکانیش پێیان خۆش بوو ئەم خزمە ناودارەیان هیدایەت وەربگرێ و لە بت‌پەرستیی ڕزگاری ببێ ، بە تایبەت موعاذی کوڕی و موعاذی کوڕی جەبەل . کە عەمر هەر کۆڵی نەدا ناچار بوون شەو بتەکە هەڵ بگرن و بە دەما بی‌خەنە چاڵە پیسیی‌یەکی نەوەی سەلیمەوە . کە عەمر ڕۆژی لێ بوویەوە و بتەکەی نەدیی ، وتی : ماڵتان کاول بێ ، ئەوە ئەمشەو کێ دەست‌درێژیی

کردۆتە سەر خواکەمان ؟ چوو گەڕا هەتا دۆزی‌یەوە و ، هێنایەوە ماڵـەوە و ، پاك شۆردی و بۆنی خۆشی پێوە کرد و پاشان وتی : بەخوا ئەگـەر بـزانم کـێ وەهای پێ کردووی شەرمەزاری ئەکەم ..

هەرکـە ئێـوارەی لێ ئـەهات و خـەوی پیـا ئەکـەوت ، گەنجـەکان تـەپیان ئەکوتایەوە سەر مەناتی دەستەپاچە و فڕێیان ئەدایەوە نـاو پیسـیی و زبڵـی گەڕەك و بە جێیان ئەهێشت .. ئەویش بۆ بـەیانیی ئەچـوو ئەی‌دۆزی‌یـەوە و پاکی ئەکردەوە و بۆن خۆشیی لێ ئەدایەوە .

چەندین جار فڕێیان ئەدا و ئەویش ئەی‌هێنایەوە ، تا ڕۆژێکیان لە دەسـتی بێزار بوو ، بۆیە شمشێرەکەی هێنا و کردیە ملی مەنات و پێی وت : بـە خـوا من نازانم کێ ئەمەت پێ ئەکا ، ئەگەر خێر و چاکەت تیایە ئەوا بەرگریی لـە خۆت بکە و ، با ئەم شمشێرەت بەلاوە بێ ..

کە شەو هات و عەمر خەوی پیاکەوت ، گەنجەکان هەڵمـەتیان دایـە سـەر بتەکە و شمشێرەکەیان لە ملی داکەند و بردیان بە گوریسێك لەگەڵ صـەگێکی تۆپیودا پەتیان کرد و خستیانە ناو بیرێکی پیسایی نـەوەی سـەلیمەوە . کـە عەمر لە خەو هەستا دیسان بتەکەی دیار نەبوو و ، کەوتە گەڕان بە دوای‌دا ، هەتا ئەوەبوو لە بیرەکەدا دۆزی‌یەوە و ئـەبینێ وا لەگـەڵ صـەگێکی تۆپیـودا پێکەوە خراونەتە ناو بیرەکەوە . کە ئەمەی دیی هۆشی کـردەوە ، کـە ئەمـە بتێکە و هیچ زیان و کەڵکێکی بە دەست نیە و کە هەندێ لـە خزمەکانیشـی قسەیان بۆ کرد ، موسڵمان بوو بەڵام چۆن مـوسڵمانێك و ، سوپاسی ئەوانەشی کرد کە ئەم هەوڵەیان لەگەڵ‌دا دا تا لە بت‌پەرستیی ڕزگاری ببێ .[٢٥٧]

---

[٢٥٧] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٤٤٤ ـ ٤٥٤ ، والرحيق المختوم : ١٥٠ ـ ١٥٧ ، وشرح حياة الصحابة : ١ / ٤١٦ ـ ٤٢٥

بەشی سیانزەهەم
کۆڵنەدان و ئارامگرتن

ئەمەی لە پێشەوە باس کرا مێژوو بوو .. مێژووی مرۆڤ ، بە راستەقینە .. لە پێناوی دین‌دا .. مرۆڤەکان شوێنی دین نەکەوتن تا بەرز ببنەوە .. تێر بن .. دەوڵەمەند بن .. ببنە کاربەدەست .. نەخێر .. مرۆڤەکان دی‌یان دین بریتی‌یە لە رێگای راست تا مرۆڤ لە خوا نزیك بکاتەوە .. تا خوای پێ بناسێنێ .. تا لە تاریکیی و گومرایی رزگاری بکات .. بەڵام ئەمەی بە هەوانتە دەست نەئەکەوت ..

هەر مرۆڤێ بیری لەوە ئەکردەوە کە شوێنی ئیسلام بکەوێ تا خوای گەورەی پێ بناسێنێ و ، فێری بکا چۆن خوا لە خۆی رازیی بکا ، ئەی‌دیی گەیشتن بەم ئاواتە زۆر سەختە .. ئەم رێگایە قوربانیی ئەوێ .. ئەبێ لەناو کۆمەڵدا سووك و رسوا ببێ .. ئەبێ لەلای خزم و کەس وکاری بێ‌نرخ و بەها دەرچێ .. دواجار ئەبێ ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵی بخاتە ئەولاوە ..

هاوەڵانی پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ و خوا لەوانیش رازیی بێ ، ئەمەیان چاك ئەزانیی ، بۆیە تەنها ئەوانە شوێنی ئیسلام ئەکەوتن کە دەستیان لە خۆیان شۆرد بوو .. هەروەها لە مێژووی دوور و درێژی ئیسلامیش‌دا کەسانێکی زۆر بە راستیی و پاکیی خەریکی رازیی‌کردنی خوای گەورە ئەبوون و ، باکیان لە هیچ کەس نەبوو و ، لە هیچ هێزێکیش سڵیان نەئەکردەوە و ، لە سەر خزمەتی خۆیان بەردەوام ئەبوون و تا دوا دڵۆپی خوێن دامەزراو ئەبوون ..

کاتێك کە مرۆڤ بە ویژدانەوە و ، دوور لە لایەنگیریی سەرنجی ئەم قوربانیی دانە ئەگرێت و ، بەراوردیشی لەگەڵ سیاسەتی فشەڵی خوانەناسان ئەکات سەری سوڕ ئەمێنێ :

بۆچیی هەڵگرانی ئیمان وەها دامەزراون و ، بۆچیی هەڵگرانی سیاسەت و بەرژەوەندیی و چەواشەش ئەوەندە دەستەپاچە و بێ‌هەڵوێستن ؟

به سەرنج‌دانی ئەو نموونە بەرزانە کە ئیمان‌داران تۆماریان کردوون چەند خاڵێك دێنە بەرچاو ، کە غیرەت بخاتە بەر ئیمان‌داران تا بەرگەی ئەو سزا سەختە بگرن کە بە بیستنی مووچڕکە بە لەش‌دا دێت و دڵ دێنێتە لەرزین :

یەکەم : ئیمان بە خوا :

هۆی بنەڕەتیی و سەرەکیی دامەزراویی موسڵمانان ئەگەڕێتەوە بۆ ئیمان بوونیان بە بوون و بە تاك و تەنیایی خوای گەورە و ، ناسینی بە هەموو ناو و سیفەتێکیەوە ، بە رادەیەك کە ئیمان‌دار بۆی دەربکەوێ هێز و توانا و زانستی خوای گەورە بێ‌سنوورە ، بەم بۆنەوە زۆری خۆش بوێ و ، زۆریش لێی بترسێ ..

بەڵێ ، کە ئیمان لەناو کرۆکی دڵ‌دا جێی بۆوە لە چیاکان سەنگین تر ئەبێ و، غیرەتێکی وەهاش ئەخاتە بەر خاوەنەکەیەوە کە هەرچیی مەینەت و ناڕەحەتیی دنیا هەیە هەمووی بەلاوە ئاسان بێت .. بەمە هێزی ئیمان هێزێکی ناوازەیە و ، بێ‌ئیمانان هەرگیز شتی وەها بە خۆیانەوە نابینن ..

هەر لەم هۆیەوە ، کە بە سەرەکیی ئەژمێررێت ، هۆیەکانی تریش ئەکەونە پێش چاو و ، ئەوانیش دامەزراویی و ئارامی ئیمان‌دار زیاتر ئەکەن ..

دووهەم : پایەداریی پێغەمبەری خوا :

پێغەمبەری خوا ﷺ کە وەحیی بۆ هاتبوو و ، دینی خوای بە مەردومەکان ئەگەیاند ، فەرماندە و پێشەنگێك بوو کە دڵەکان شەیدای ئەبوون .. پێشەوایەك بوو کە خۆشەویستی‌یەکەی بێ‌وێنە بوو ..

بەڵێ ، پێغەمبەری خوا ﷺ کە فەرماندەی گشتیی ئوممەتی ئیسلام ، بگرە گرۆی ئادەمی‌یە ، خاوەنی رەوشتێکی بەرز و جوان و ، دەروونێکی پاك و بێ‌گەرد و ، هەڵگری هەرچیی سیفەتی جوانی مرۆڤانە بوو ، کە دڵەکانی کەمەندکێش ئەکرد و ، مرۆڤە بەڕێزەکانیش خۆیان بە قوربانی ئەکرد .. ئەوەندە بەرز و بەڕێز بوو .. ئەوەندە چاکەکار و پاك‌داوێن و ، دەست‌پاك و ، راستگۆ بوو ، هەرکەسێ ساتێك لەگەڵی‌دا بژیایە شەیدای ئەبوو و ، ئەو کەسەش کە بەقەد هەموو دنیا رقی لێی ئەبوویەوە ، هەر بەوەی دەستی پیرۆزی ئەخستە سەرسنگی ئەو کەسە ، یەکسەر ئازیزی بەلاوە ئەبووە خۆشەویست‌ترین کەس .. نەك هەر دۆستانی ، بەڵکو دوژمنانیشی ناچار بوون دان بە سیفەتە بەرزەکانی‌دا بنێن و ، ستایشی بکەن ، بگرە بۆ دوعا و پاڕانەوەیەکی هەموو حیسابێکیان بۆ ئەکرد ..

لە باسەکانی پێشەوە بۆمان روون بوویەوە کە پیاوماقولانی قورەیش بڕوایان بە راستگۆیی پێغەمبەری خوا ﷺ هەبوو ، بەلاّم هەوای نەفس رێی پێ نەئەدان ئیمان بهێنن . بە تایبەت ئەو سیانەی کە بە شەودا بە نهێنیی خۆیان لە پشت دەرگا و پەنجەرەی ماڵی پێغەمبەرەوە دائەشارد و گوێیان لەو قورئانە بەلەزەتە ئەگرت کە ئازیز لە شەونوێژیی‌دا ئەی‌خوێند . بە شەودا شەیدای بوو بوون و بە رۆژیش گاڵتەیان پێ ئەکرد .

هەتا ئەبوجەهل ئەی‌وت : ئەی موحەممەد! ئێمە تۆ بە درۆزن نازانین ، بەلاّم بڕوا بەوە ناکەین کە هێناوتە . ئەوەبوو قورئانی پیرۆز لە وەلاّمی ئەو وتەیەدا هاتە خوارەوە :

﴿ فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ وَلَٰكِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾ (الأنعام : ٣٣) .

جارێکیان کافرەکان سێ‌جار تانە و تەشەریان لە پێغەمبەری خوا ﷺ دا ، ئەویش لە سێ‌هەم جاردا فەرمووی :

((يا معشر قريش ! جئتكم بالذبح)) . ئاگاداری کردن کە ئەم کارێکی هێناوە ئەگەر شوێنی نەکەون ئەوا تیاچوون بەشیانە . کە ئەوەی فەرموو ، هەموو تێ گەیشتن کە ئەو لە خۆیەوە قسە ناکات و ، ئەو فەرموودەیەی جێ‌بەجێ ئەبێت .

کاتێکیش کە ورگ و ریخۆڵەی وشتریان خستە سەر شان و ملی و ئەویش لە سەجدەدا بوو ، ئەوەبوو دوعای لێ کردن ، ئەوانیش یەکسەر پێکەنینیان نەما و، خەم و دڵەتەپێ سەری لێ‌دان و ، بە یەقینیی ئەیانزانیی کە بەو دوعایەی تیا ئەچن .

ئەوەبوو دوعاشی لە عوتبەی کوڕی ئەبولەهەب کرد ، لەسەر ئەو بێ‌ئەدەبیەی کە کردی ، لەو رۆژە بەدواوە عوتبە ئەترسا ئەو دوعایەی گیرا ببێ ، کاتێک چاویشی بە شێرەکە کەوت وتی : بەخوا موحەممەد لە مەککەیە و منی لێرە کوشت !!

ئوبەی کوڕی خەلەفیش کە ملهوڕێکی قورەیش بوو ، هەموو جارێك هەڕەشەی کوشتنی لە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەکرد ، کەچیی ئازیز فەرمووی : ((بل أنا أقتلك إن شاء الله)) . فەرمووی : إن شاء الله من تۆ ئەکوژم . کاتێك کە لە جەنگی ئوحوددا پێغەمبەری خوا ﷺ دای لە ملی ئوبەی ـ کە رووشانێکی گەورە نەبوو ـ

ئـوبەی ئەیوت : هەر خۆی لە مەککە پێمی وت : من تـۆ ئـەکوژم . دە بـەخوا ، ئەگەر تفێکم تیٚ بکات ئەوا ئەمکوژیٚ ..

سەعدی کوڕی موعاذیش ـ کاتێك کە لە مەککە بوو ـ بـە ئومەییـەی کـوڕی خەلەفی وت : لە پێغەمبەری خوام ﷺ بیسـتووە کـە ئەیفـەرموو ئـەوان ـ واتـە موسلمانەکان ـ ئەتکوژن . ئومەییە زۆر ترسا و بڕوای کرد ، بۆیـە بڕیـاری دا کـە هەرگیز لە مەککە دەرنەچێت . بەلاٚم کە لە رۆژی بەدردا ئەبوجەهل ناچاری کرد لە مەککە دەرچیٚ و بکەوێتە گەڵ لەشکری قورەیش ، چوو چاکترین وشتری کڕیـی ، تا لە کاتی لێقەوماندا بتوانیٚ لە مەیدانی جەنگ هەڵ بێت . هەتا ژنەکەشی پێی وت : ئەبوصەفوان ! ئەوە تۆ لەبیرت چوویەوە کاکەی یەثـریبییت چیی پـیٚ وتـی ؟ وتی : نا بەخوا ، تەنها ئەمەویٚ بە دوایانا بڕۆم .

ئـەمە دوژمنـەکانی بـوون ئاوەهـا حیسـابیان بـۆ ئـەکرد ، بـەلاٚم هـاوەلاٚن و دۆستانی ، هەر هەموو گیان و چاو و دڵیان ئەکردە قوربـانی .. دایـك و باوکیـان ئەکردە قوربانی .. ئەوەندەیان خۆش ئەویست ، لە مێـژوودا شـتی وەهـا دووبـارە نەبۆتەوە .. لە ئەنجامدا ئەو کارە مەزنەیان لـە مێـژوودا ئـەنجام دا ، چـونکە بـە راستیی پیٚیان خۆش بوو لە گەردنی خۆیان بدریٚ ، بەلاٚم دڕکێك بەودا نەچەقیٚ و ، نینۆکێکی زامدار نەبێت .. ئەمـەش بـە کـردەوە سـەلماندیان .. خۆیـان ئـەکردە قەڵغان بۆ پاراستنی ..

لە پێشەوە باسی ئەوەمان کرد کە ئـەو رۆژەی بـتپەرسـتەکان ئەوەنـدەیان لـە ئەبوبەکر دا هەتا بە بیٚهۆشیی بردیانـەوە ماڵـەوە ، کـە چـاوی کـردەوە هـەواڵی پێغەمبەری خوای ﷺ پرسیی . تـامی هیچـی نـەکرد تـا بـەو هیلاکیـیە چـووە خزمەتی و بە چاوی خۆی دیی وا ئازیزەکەی ساغ و سەلامەتە .

خوا کۆمەك بێـت لـە ژیـانی مەدینـەدا غیرەتـی هـاوەلاٚن و خـۆشویسـتنی پێغەمبەریان ﷺ بە درێژە باس ئەکەین . بەلاٚم ئێسـتا تـەنها یـەك نموونـە بـاس ئەکەین :

ئیبن عەساکیر لە سەعیدی کوڕی موسەییەبەوە تـەخریجی کـردووە کـە وتویـە: یەکەم کەسێك کە لە ڕیٚی خوادا شمشێری لـە کـێلان دەرهێنـابیٚ زوبـەیری کـوڕی عەووام بووە ، خوای لیٚ رازیی بیٚ . ئـەوەبوو رۆژێکیـان لـە ماڵـەوە بـۆ خـەوی قەیلوولە راکشابوو ، لە ناکاو ئەم دەنگەی بەرگویٚ کەوت : پێغەمبەری خـوا ﷺ

کوژراوە . بە پەلە دەرپەڕیی و شمشێرەکەشی لە کێلان دەر کێشا بوو ، لەو کاتەدا پێغەمبەر ﷺ تووشی بوو کە شمشێرەکەی بەرز کردبۆوە و ، فەرمووی : ((ما لَـكَ یا زبیر ؟)) . فەرمووی : زوبەیر ئەوە چیتە ؟ وتی : ئەوە کەوتە بەرگوێم کە تۆ کوژراویت . فەرمووی ((فما أَردت أن تصنع ؟)) . فەرمووی : جا ویستت چیی بکەی ؟ وتی : بەخوا ویستم دەست بە کوشتاری دانیشتوانی مەککە بکەم و لە کەس نەپرسمەوە . پێغەمبەر ﷺ دوعای خێری بۆ کرد .. شایانی باسە کە زوبەیر کوڕی صەفیەی کچی عەبدولموطەللیب بووە ، واتە پوورزای پێغەمبەری خوا بووە.

سێهەم : هەست کردنی هاوەڵان بە لێپرسراویی :

هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ کە سەرنجی پەیامی ئیسلامیان دا ، لەوە گەیشتن کە ئەم کارە سپاردەیەکی یەکجار مەزنە و ، بەختەوەریی مرۆڤایەتیی لە هەردوو ژیاندا بەستراوە بە دینە پاك و بێگەردەکەی خواوە . بۆیە زۆر بە پێویستیان ئەزانی شان بدەنە بەر زەحمەت و مەینەت و ، باکیان لە هیچ نەبێت ، هەتا ئیسلام بە مرۆڤایەتیی بگەیەنن و ، بە چاکترین شێوە ، بۆ رەزامەندیی پەروەردگار ، ئەرکی سەرشانیان ئەنجام بدەن . چونکە هەر کەسێ لەو لێ پرسراوییەی قیامەت تێ گەیشت ، ئیتر ناتوانێ خۆی لە کارکردن و خزمەت کردن لا بدات ، هەر لەبەر ئەوەی کە سەرنجامی خۆلادان زۆر ترسناکە و ، ئەو زیانە زۆرەی کە لە مرۆڤایەتیی ئەکەوێ ، چ لە موسڵمانان و چ لە ناموسڵمانانیش ، زۆر لەوە زیاترە کە یەکێك یان کۆمەڵێك خۆیان لە مەینەت و سزا لا بدەن .. بەبۆنەی ئەم تێگەیشتنەوە هاوەڵان بوو بوونە خاوەنی ورەیەکی یەکجار بەرز و ، قەناعەتیان کردبوو کە مردن لەو پێناوەدا زۆر زۆر ئاسانترە لە کۆڵدان و خۆلادان لە خزمەت ..

چوارەم : ئیمان هێنان بە قیامەت :

ئەمیش کارێکی یەکجار گەورەی کردبووە سەر دڵ و دەروونی ئیمانداران ، چونکە یەقینیان هەبوو کە دوای مردن زیندوو ئەکرێنەوە و ، لەبەر دەمی خوای پەروەردگاردا ئەوەستێنرێن و ، موحاسەبە ئەکرێن و ، ئەو رۆژە دڵسۆزان و نییەت پاکان پاداشتی خزمەتەکەیان وەرئەگرنەوە و ، سەربەرزیی بۆ سەرفرازانی ئەو رۆژەیە . هاوەڵان لەلایەکەوە بە تەمای رەحمی خوا بوون و ، لە لایەکیشەوە لە سزای سەختی زۆر ئەترسان ، وەك قورئان وەصفیان ئەکات :

﴿ يُؤۡتُونَ مَآ ءَاتَواْ وَّقُلُوبُهُمۡ وَجِلَةٌ أَنَّهُمۡ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ رَٰجِعُونَ ﴾ (المؤمنون : ٦٠) ، چونكه ئەیانزانیی كە دنیا بە خۆشیی و ناخۆشیيەوە و ، بە ئازار و ناز و نیعمەتیەوە ، لە چاو قیامەتدا ، باڵە مێشوولەیەك ناژێ ، بۆیە هەموو سزا و ئازارێكیان بە لاوە ئاسان بوو و ، باكیان لێی نەبوو .

پێنجەم : بەرەكەتی قورئانی پیرۆز :

لەو بارودۆخە ناهەموارەی مەككەدا كە هاوەڵان لەژێر سزا و ئازاردا ئەتلانەوە، سوورەتەكانی قورئانی پیرۆز ئەهاتنە خوارەوە و بەڵگەی رێك و پێكیی ئیسلامیان ئەسەلماند و ، ئامۆژگاریی موسڵمانانیان ئەكرد ، هەتا دان بە خۆیانا بگرن و ، لەسەر رێبازی خۆیان دامەزراو بن ، چاو لە ئیمانداره پێشینەكان بكەن كە بە هیچ شێوەیەك كۆڵیان نەئەدا و ، بەرگەی سەختترین سزایان ئەگرت .. بۆ نموونە :

قورئانی پیرۆز ئەیدا بە گوێی ئیمانداراندا : ئەی كۆمەڵی ئیماندار ! ئەگەر بە تەمان بچنە بەهەشت ، سەرنجی موسڵمانەكانی لەمەو بەر بگرن ، كە چۆن نارەحەتیی و سزا و ئازار بەشیان بوو .. سەركەوتنی خوا ئەوەندە دوا ئەكەوت ، خەریك بوو ئارام و وزەی ئیمانداران تەواو ببێ ، هەتا پێغەمبەری مژدەدەریان بە سەرسوڕمانەوە لەگەڵ ئیمانداراندا پرسیاریان ئەكرد كە سەركەوتنی خوا كەی دێت ؟ خوای گەورەش بەڵێنی ئەدا كە سەركەوتنی خوا نزیكە :

﴿ أَمۡ حَسِبۡتُمۡ أَن تَدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ وَلَمَّا يَأۡتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوۡاْ مِن قَبۡلِكُمۖ مَّسَّتۡهُمُ ٱلۡبَأۡسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ وَزُلۡزِلُواْ حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ مَتَىٰ نَصۡرُ ٱللَّهِۗ أَلَآ إِنَّ نَصۡرَ ٱللَّهِ قَرِيبٞ ﴾ (البقرة : ٢١٤).

هەروەها قورئانی پیرۆز بەسەر سوڕمانەوە پرسیاری ئەكرد : ئایا خەڵكیی ئەیانەوێ تاقی نەكرێنەوە و ، لەسەر دینی خوا سزا و ئازار نەچێژن ، بەڵكو هەر ئەوەندە بڵێن : ئیمانمان هێنا ، ئیتر كاری سەرشانیان تەواو بێت ؟ نەخێر ، ئەوانەی پێشی ئەوان هەر هەموو تاقیی كراونەتەوە تا ئیمانداران و راستگۆیان بناسرێن و ، درۆزن و بەرژەوەندییبازانیش هەر بناسرێن :

﴿ الٓمٓ ۝١ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتۡرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمۡ لَا يُفۡتَنُونَ ۝٢ وَلَقَدۡ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۖ فَلَيَعۡلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَلَيَعۡلَمَنَّ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴾ (العنكبوت : ١ ـ ٣) .

لە هەمان کات‌دا قورئانی پیرۆز ئەهات و پەرچی هەڵە و نەزانیی کافران و مل هوڕانی ئەدایەوە و ، قسەی ئەبڕین . لە هەمان کات‌دا هەڕەشەی لە ئەنجامی هەڵوێستی خوار و خێچیان ئەکرد و سەرەنجامی کافرانی ئومەتە پێشینەکانی ئەخستە بەر چاویان و تێی ئەگەیاندن با ئەوانیش بە تەمای هەمان چارەنووس بن، ئەگەر لە کەلی شەیتان دانەبەزن و ئیمان نەهێنن . هەروەها سەربەرزیی دنیا و قیامەتی ئیمان‌دارانیشی ئەخستە پێش چاویان . ئیتر با باسی خۆشیی و رابواردنی بەهەشت بۆ ئیمان‌داران و خواناسان و ، سەختیی و ناڵەباریی سزا و ئازاری دۆزەخ بۆ کافران و سەرپێچیی‌کەران لەولاشەوە بووەستن ..

شەشەم : مژدەکانی سەرکەوتن :

هەرچەندە موسڵمانەکان لەوپەڕی بێ‌دەستیی و کەم‌هێزیی‌دا بوون ، بەلاّم هەر لە یەکەم رۆژەوە ئەوەیان لا روون بوو کە موسڵمان‌بوون بریتیی نیە لە گەیاندنی سزا و ئازار بۆ موسڵمانەکان ، چونکە ئەو سزا و ئازارە تەنها بۆ تاقیی‌کردنەوەیە و هیچی تر .. بەڵکو هاتنی ئیسلام بۆ رزگارکردنی مرۆڤە .. بۆ لەناوبردنی هەموو بەزم و باوێکی نەفامی‌یە .. بۆ وەرگرتنی دەسەلاّتە لە مل‌هوڕان ، تا چاك‌ویستان کاروبار بە دەست بگرن و ، تێکڕای مرۆڤایەتیی بحەسێتەوە و ، پەروەردگار رازیی بکرێت و ، بەندەکانی خوا فێری ئەوە بکرێن کە پێویستە مل‌کەچی‌یان تەنها بۆ خوا بێت ..

قورئانی پیرۆز کە ئەهاتە خوارەوە مژدەی سەرکەوتنی ئەدا .. ئەبێ چاك ویستان سەر بکەون .. خێر و چاکە ئاواتی مرۆڤی بەڕێزە .. مرۆڤی چاك ویست چارەی زوڵمی ناوێ .. مێژووی مرۆڤایەتیی بریتی‌یە لە زۆرانبازیی حەق و ناحەق و ، سەرەنجامیش هەمیشە بۆ پیاوچاکانە .

بەڵێ ، لە رۆژانی سەختی مەککەدا کە موسڵمانەکان گیریان خواردبوو ، ئەو ئایەتانە ئەهاتنە خوارەوە کە باس لە زۆرانبازیی نێوان پێغەمبەران و گەلەکانیان ئەکەن کە چۆن ئەو بەڕێزانەیان ئازار ئەدان و ، بە درۆیان ئەخستنەوە ، کەچیی لە ئەنجام‌دا سەرکەوتنی خوا پێشکەش بە خواناسان ئەکرا و ، کافران و زاڵمانیش سەرشۆڕ و خەجاڵەت ئەبوون و ، بە سوکیی سەریان ئەنایەوە و ، سەرزەویی ئەبووە موڵکی خواناسان ..

ئەم چیرۆکانە هەردوو لای تێ ئەگەیاند کە ئەی خواناسان مژدە بێت و ، ئەی کافرانیش تیاچوون و سەرشۆڕیی بەشتانە .

بۆ نموونە : لەم چەند ئایەتەدا خوای گەورە باسی ئەو بەڵێنەی خۆی ئەکات کە بە ئیمان دارانی داوە ، کە سەربازانی خوا سەرفراز ئەبن و ، خوانەناسانیش دەربازبوونیان بۆ نیە :

﴿ وَلَقَدْ سَبَقَتْ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٧١﴾ إِنَّهُمْ لَهُمُ ٱلْمَنصُورُونَ ﴿١٧٢﴾ وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ ﴿١٧٣﴾ فَتَوَلَّ عَنْهُمْ حَتَّىٰ حِينٍ ﴿١٧٤﴾ وَأَبْصِرْهُمْ فَسَوْفَ يُبْصِرُونَ ﴿١٧٥﴾ أَفَبِعَذَابِنَا يَسْتَعْجِلُونَ ﴿١٧٦﴾ فَإِذَا نَزَلَ بِسَاحَتِهِمْ فَسَآءَ صَبَاحُ ٱلْمُنذَرِينَ ﴾ (الصافات : ١٧١ ـ ١٧٧) .

﴿ سَيُهْزَمُ ٱلْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ ٱلدُّبُرَ ﴾ (القمر : ٤٥) .

﴿ جُندٌ مَّا هُنَالِكَ مَهْزُومٌ مِّنَ ٱلْأَحْزَابِ ﴾ (ص : ١١) .

دەربارەی کۆچ کەرانیش بۆ حەبەشە ئەفەرموێ :

﴿ وَٱلَّذِينَ هَاجَرُوا۟ فِى ٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ مَا ظُلِمُوا۟ لَنُبَوِّئَنَّهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً ۖ وَلَأَجْرُ ٱلْءَاخِرَةِ أَكْبَرُ ۚ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴾ (النحل : ٤١) .

کافرەکانی مەککە داوایان لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد هەتا چیرۆکی یووسف پێغەمبەریان سەلامی لێ بێ بۆ باس بکات ، ئەوەبوو سوورەتی یووسف هات و ، دای بە گوێی هەمواندا کە چۆن براکانی یووسف خەجالەت بوون و بەبێ دەسەڵاتیی گەڕانەوە بەر دەست یووسف ، ئەوا هەموو ستەم کارێکیش وەها خەجالەت ئەبێ ، بە تایبەت دانیشتوانی مەککە کە بە نارەوا سزای ئیمانداران ئەدا و ، ژیانیان لێ تاڵ کردبوون .

هەروەها وەك چەرخەکان و شوێنەکان بێن بە یەك ، وت و وێژێکی نێوان کافران و پێغەمبەرەکانیان بە گشتیی ، باس ئەکات .. کافرەکان روو لە پێغەمبەرەکانیان ئەکەن و ، دوو رێگایان بۆ دائەنێن : یان ئەوەتا واز لەو دینە بهێنن کە بانگەوازی بۆ ئەکەن و ، بگەڕێنەوە سەر دینی ئەوسایان ، یان ئەوەتا لە وڵات دەرئەکرێن و ، پێویستە ئەو شوێنە بەجێ بهێڵن ..

دیارە پێغەمبەران سەلامیان لێ بێ ناتوانن لە بەر دوو رۆژ ژیانی ئەم دنیایە دەست لە دین هەڵ بگرن و ، خوای پەروەردگار برەنجێنن و ، خۆیان خەجاڵەتی قیامەت بکەن ، لە هەمان کاتیشدا کە مل هوڕان دەستیان لێ ئەوەشێنن و شاربەدەریان ئەکەن ، ئەوان دەسەڵاتێکیان نیە ، لەبەر ئەوە خۆیان ئەدەنە دەست ئەو خوایەی کە ئەوانی بۆ ئەو کارە هەڵ بژاردووە . لێرەدا سۆزی پەروەردگار

ئەبزوێ و ، فریای بەندە گوێڕایەڵەکانی ئەکەوێ و ، وەحی بۆ پێغەمبەران دێت و بڕیاری ئاسمان ئاشکرا ئەکات کە ستەمکاران تیا ئەچن و ، لە جێی ئەوان دا خوای گەورە ئیمانداران نیشتەجێ ئەکات ، بەو مەرجەی ئیمانداران ترسی خوا و هەڕەشەی قیامەتیان بە چاکی لە دڵدا بێت :

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِرُسُلِهِمْ لَنُخْرِجَنَّكُم مِّنْ أَرْضِنَآ أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا ۖ فَأَوْحَىٰٓ إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ لَنُهْلِكَنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٣﴾ وَلَنُسْكِنَنَّكُمُ ٱلْأَرْضَ مِنۢ بَعْدِهِمْ ۚ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَافَ مَقَامِي وَخَافَ وَعِيدِ ﴾(ابراهيم: ١٣ ـ ١٤).

هەتا پێغەمبەری خواش ﷺ مژدەی سەرکەوتنی موسڵمانانی ئەدا ، بە تایبەت لە وەرزی حەجدا ، وەك مژدەی بەهەشتی ئەدانێ ، ڕاستەوخۆ مژدەی دەسەڵاتی دنیاشی پێ ئەدان ، کە ئەیفەرموو :

((يا أيها الناس! قولوا : لا إله إلا الله تفلحوا ، وتملكوا بها العرب ، وتدين لكم بها العجم ، فإذا متم كنتم ملوكاً في الجنة)) . رواه الترمذي .

خەبابی کوڕی ئەرەتتیش مژدەیەکمان بۆ ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت : هاتمە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ کە لە سێبەری کەعبەدا شانی بەسەر عەباکەیدا دادابوو و ، ئێمەش بە دەست موشریکەکانەوە زۆر ناڕەحەت بووبووین .. وتم : ئایا لە خوا ناپاڕێیتەوە ؟ ئەویش دانیشت و ، دەم و چاویشی سوور بووبوویەوە و ، فەرمووی : ((لقد كان من قبلكم ليمشط بأمشاط الحديد ما دون عظامه من لحم وعصب ، ما يصرفه ذلك عن دينه ، وليتمنّ الله هذا الأمر ، حتى يسير الراكب من صنعاء إلى حضرموت ما يخاف إلا الله . زاد بيان الراوي : والذئب على غنمه . وفي رواية : ولكنكم تستعجلون)) . رواه البخاري : ١ / ٥١٠ .

مژدەی سەرکەوتن و ئاسایش و ئاشتیی و خۆشگوزەرانیی .. کەواتە سزا و ئازار کاتیین و ، ئەوەندە ناخایەنن ..

ئەمانە هەندێك بوون لەو هۆیانەی کە بووبوونە مایەی هێز و وزە و وره و دامەزراویی بۆ کۆمەڵی ئیماندار ، خوای گەورە دڵ و دەروونی ئێمەش وەها دامەزراو بکات ، تا کاری پیرۆزی سەرشانمان ئەنجام بدەین و ، خوای گەورە لە سەربەرزیی دنیا و قیامەت بێبەشمان نەکات ...[٢٥٨]

---

[٢٥٨] الرحيق المختوم : ١٢٠ ـ ١٢٦ .

بەشی چواردەهەم
کــۆچ کــردن بــۆ مــەدیـــنـــە

کۆچ کردن ، لە راســتیی‌دا کــارێکی گــران و نارەحەتــە و ، مــرۆڤ ئــاواتی بــۆ ناخوازێ ،.بــەڵکو پێــی خۆشــە لــە وڵات و مەڵبەنــدی خــۆی‌دا سەربەســت بــێ و بــحەوێتەوە .. خەریکی کار و کاسپیی خۆی و بەرژەوەندی‌یەکانی بێــت . چــونکە کۆچ کردن بریتی‌یە لە دەست هەڵ‌گرتن لە هەمــوو بەرژەوەندی‌یەك و ، تووش‌بــوونی زەرەر و ، لە دەست‌چوونی ماڵ و سامان ، بە هیوای خۆ دەرباز کــردن بــە رووت و قووتیی ، تا ناحەزان دەست بەسەر خانووبەرە و کەل وپەل و زەویی‌وزاردا بگــرن و، دەستیش بەسەر دڵیانا بهێنن بۆ دەرپــەڕاندنــی کــۆچ کەر .. جاری واش ئەبێ کۆچ کەر لە رێگا تیا بچێ ، یان تووشی دەست کورتیی و نەبوونیی ببێ ، چونکە بەرەو دوا رۆژ و چارەنووسێکی نادیار ئەڕوات و ، نازانێ چ مەینەت و خەم وخەفــەتێکی دێتە رێ .

هۆی کۆچ کردنیش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو سزا و ئازارەی کە زاڵمان بــە ئیمــان‌دارە لاوازەکانی ئەچێژن و ، ناچار لەبەر بەرگەنەگرتن ، ناچار ئەبن وڵات بــەجێ بهــێڵن و، چاوەڕوان بن خوا دەروویان لێ بکاتــەوە و ، لــە شــوێنێکی ئــەمین و ئــەمان‌دا خۆیان ببیننەوە .

ئەوەبوو ئیمان‌دارانی مەککەش لەلایەن قورەیشەوە تەنگیان پێ هەڵ چنرابوو و، ســزا و ئازاریشــیان لــە رادە دەرچــوو بــوو ، بۆیــە هەنــدێکیان کۆچــی یەکــەمی حەبەشەیان کرد و ، پاشانیش کۆچی دووهەم هەندێکی تریان کردیان .

دوای ئەوە خوای گەورە کۆمەکیی و پشتیوانیی تازەی نارد . لە مەدینەوە ، لە هۆزی ئەوس و خەزرەج ، دەیان پیاوی مــەرد و قارەمــان هــاتن و ، بــە خزمــەتی پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشــتن و ، ئیمانیــان هێنــا و ، بەیعــەتیان دا و ، بــەڵێنی پاراستنی دینی ئیسلامیان دا .. بەڵێنیان دا پێغەمــبەر و هــاوەڵانی وەك چــاویان بپارێزن .. با هەمــوو دنیــا ببێتــە دوژمنیــان ، رێگــای راســتیان دۆزیوەتــەوە و ، دەست‌بەرداری نابن ..

بە بیری کەس‌دا نەئەهات وەها بەو شێوەیە و بە کۆمەڵ دانیشتوانی مەدینە ئیمان بهێنن و ، لەو ئیمان‌هێنانەشیان‌دا ئەوەندە راستگۆ دەرچن و ، بەو شێوە بێ‌وێنەیە قارەمان و چاونەترس دەرچن ..

ئەمڕۆش لەسەر زەوییدا موسڵمانان بێ‌نازن .. هەموویشی ئەگەڕێتەوە بۆ گێلیی خۆیان .. زۆر و زەبەندە ، بەڵام گێژ و خەڵەتاو .. هەر مونافیقێك دوو قسەی لووسی بۆ کردن خێرا شوێنی ئەکەون و ، پێشەوای خەم خۆر و نەخشەکێش ناناسن .. ئیمامی رەببانیی نادۆزنەوە .. بەڵام هاکا رەحمی خوایان فریا کەوت و، دەرووی لێ کردنەوە و ، گەڕانەوە سەر راستە شەقام و ، کەوتنەوە گەل قافلەی ئیمان و ، وازیان لە دروشمە ساختە دەستبڕەکان هێنا .. هاکا خوای بەسۆز هۆی رزگاریی بۆ ناردن ، دیارە دوای خۆچاك‌کردن ، کە شیاوی یارمەتیی خوا بن ..

بەڵێ ئیمان‌دارانی مەککە خوا دەرووی لێ کردنەوە .. چونکە قۆناغی پەروەردەی مەککەیان تەواو کردبوو و بووبوونە خاوەنی ئیمان و تەقوایەك کە شیاو بن ببنە هەڵگری قورئان و ، پێشەوای موسڵمانان .. ئەم ئیمان‌دارانە خوای گەورە برای دڵسۆزی بەوەفای بۆ گەیاندن تا لە مەدینەدا بناغەی دەوڵەتێکی ئیسلامیی دابمەزرێنن ..

بۆ ئەم کارە ئێش و ئازارێکی زۆر بە بت‌پەرستەکانی مەککە گەیشت و ، زۆریان بەلاوە گران بوو دینی ئیسلام لە مەدینەدا بنکەی هەبێت ، بۆیە زیاتر لە جاران سزا و ئازاری موسڵمانەکانیان ئەدا و ، بە تەواوەتیی تەنگیان پێ هەڵ چنین ، بۆیە جگە لە کۆچ‌کردن هیچ چارەیەکی تریان بۆ نەمابوویەوە ..

لە لایەکەوە مەککە ، بە بۆنەی دژایەتیی قورەیشەوە ، کەڵکی ئەوەی پێوە نەمابوو ئیسلامی تێدا بڵاو بکرێتەوە و ، ئەوەی تێدا مابوویەوە بە هیچ شێوەیەك بیری لە موسڵمان‌بوون نەئەکردەوە .. لەولاشەوە ئیمان‌داران ، لە مەدینەدا خوشك و برای چاکیان دەست کەوتبوو و ، بە کۆمەڵ ئیمانیان ئەهێنا و ، چاوەڕێ ئەکرا کە مەڵبەندێکی بێ‌وێنەی لێ دروست ببێ بۆ گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی ئیسلام .. بۆیە ، سەرەڕای ئازار و سزاش ، پێویست بوو مەدینە لە بریی مەککە بکرێتە مەڵبەندی پەخشی بانگەوازی قورئان ..

هەموو جارێ کە قورەیش سزای موسڵمانەکانیان ئەدا ، موسڵمانەکان هاواریان ئەبردە بەر پێغەمبەری خوا ﷺ تا چارەیەکیان بکات . ئەویش بە سنگی فراوانەوە

ئامۆژگاریی ئەکردن ، تا دان بە خۆیاندا بگرن و پەلە نەکەن ، تـا خـوا دەروویـان لێ بکاتەوە ..

ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ لە خەوی‌دا ئەوەی دیت کە لە مەککەوە کۆچی بـۆ وڵاتێك کردبوو کە دارخورمای تێدا بوو . ظەننیشی بۆ ئەوە رۆیشت کە ئەو وڵاتـە یەمامە یان هەجەر [٢٥٩] بێت ، پاشان بۆی دەرکەوت کە ئەو شوێنە مەدینەیە . لـە صـەحیحی بوخـاریی‌دا هـاتووە کـە پێغـەمبـەر ﷺ فەرموویـە : ((أُريـتُ دار هجرَتكُم ذات نخل بين لابتين)) . وهما الحرتان . فەرموویـە : ئـەو شـوێنەم پیشـان دراوە کە کۆچی بۆ ئەکەن ، وڵاتێکە دارخورمـای هەیـە و کەوتـوّتە نێـوان دوو (لابە) یان (حەڕڕە) وە ، کە بـریتیین لـە زەوی‌یـەك بـە بـەردی رەشـی کلـۆر داپۆشرابێت .

دوای بینینی ئەم خەوە پێغەمبەری خوا ﷺ بە شادمانی‌یەوە هاتـە دەرەوە نـاو هاوەڵەکانی و فەرمووی : ((قد أُريتُ دارَ هجرتكم وهِي يثرب ، فمَن أَرادَ أَن يَخرُجَ فَليَخرُج إليها)) . فەرمووی : ئەو شوێنەم پیشـان دراوە کـە کۆچـی بـۆ ئەکـەن ، یەثریبە . جا کێ پێی خۆشە با کۆچ بکا بۆی . هەروەها فـەرمووی : ((إن الله عز وجل قد جعل لكم إخواناً وداراً تأمنون بهـا)) . فـەرمووی : خـوای گـەورە بـرا و مەنزڵی باشی بۆ گەیاندوون تا تیایا بە ئەمینیی بحەسێنەوە .

ئەم ماوەدانەی پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر بە دڵی هاوەڵان بوو ، چونکە ساڵەهای ساڵ بوو بە دەست قورەیشەوە گیریان خوارد بوو ، بۆیە خێرا دەستیان دایـە کـۆچ کـردن .. هەنـدێ بـە ئاشـکرا وەك عومـەر و هـاوەڵانی و ئەبوسـەلەمەی کـوڕی عەبدولئەسەدی مەخزوومیی و ، هەندێکیش بـە نهێنیـی کـە ئەوانـە بێ‌کـەس و بێ‌دەستەکان بوون ، لە لاواز و بەندەکان وەك صوهەیب و ، زۆرێکیش لەوانەی کە کۆچیان بۆ حەبەشە کردبوو ، گەڕانـەوە مەککـە و ، پاشـان لـەوێوە بـۆ مەدینـە کۆچیان کرد .

جا ئەگەر لە کاتی ئەم کۆچ‌کردنە ورد ببینەوە ، ئـەوا بۆمـان دەرئەکـەوێ کـە دوای بەیعەتی یەکەمی عـەقەبە و ، ساڵێك پـێش بەیعـەتی دووهـەمی عـەقەبـە

[٢٥٩] یەمامە : ناوچەیەکە لە نەجدی دوورگەی عەرەبیی و ، هەجەریش : ناوچەیەکە لە بەحرەین و ، وڵاتی هۆزی عەبدولقەیس ە ، کە بۆ موسڵمان بوون پێش هەموو ناوچەکانی تر کەوتن .

بووە، ئەویش بە پێی چیرۆکی کۆچ کردنی ئەبوسەلەمە و ئوم سەلەمەی هاوسەری کە لەمەو دوا باسی لێوە ئەکەین .

ئەم کۆچ کردنە گەورەترین سەرکەوتن و دەستکەوت بوو بۆ موسڵمانە چەوساوەکان ، تا نیشتمانێکیان هەبێ و بێ خەم خواپەرستیی تیا ئەنجام بدەن و ، لەوێشەوە بانگەوازەکەیان بڵاو بکەنەوە .

موسڵمانەکان بەوپەڕی چوست و چالاکی یەوە دەستیان بە کۆچ کرد ، کەچیی موشریکەکانی مەککە هەوڵیان ئەدا بیان گێڕنە دواوە ، چونکە هەستیان بە مەترسیی ئەکرد .. ئەگەر موسڵمانەکان لە شوێنێکدا بنکەیەکیان بۆ دابمەزرێ ، هێز پەیدا ئەکەن و مەککەیان لە دەست وەرئەگرنەوە .

یەکەم کەسێك کە کۆچی بۆ مەدینە کرد ، ئەبوسەلەمەی کوڕی عەبدولئەسەد بوو ، [٢٦٠] ئەمەش ساڵێك پێش بەیعەتی دووهەمی عەقەبە ، کە ئەوەبوو لە حەبەشەوە گەڕابوویەوە مەککە و ، دانیشتوانی مەککە ئازاریان ئەدا . جا کە بیستی وا ئەنصار موسڵمان بوون و ، پێغەمبەریش ﷺ رێگەی داوە هاوەڵانی کۆچ بکەن بۆ مەدینە ، ئەو یەکەم کەس خۆی ئامادە کرد ، تا لەگەڵ ئوم سەلەمەی هاوسەری و سەلەمەی کوڕیان دەرچن . ژن و کوڕەکەی سواری وشترێك کردن و ، جڵەوی وشترەکەی گرت بە دەستەوە . کاتێك چەند پیاوێکی نەوەی موغیرەی کوڕی عەبدوڵلا ـ کە کەس وکاری ئوم سەلەمەی هاوسەری و ئامۆزای بوون ـ بەم شێوەیە چاویان پێ کەوت ، هەستانەوە بۆی و وتیان : وا خۆتت بۆمان چار ناکرێیت ، ئەی ئەم هاوسەرەت ، لە پێناوی چیدا لێت بگەڕێین بیبەی بە وڵاتدا ؟ جڵەوی وشترەکەیان لێ سەند و ، ئافرەتەیان لە دەست دارنی . ئەبوسەلەمە بە تەنیا خۆی رۆیشت و هاوسەرەکەی و منداڵەکەیان لێ سەندەوە .

نەوەی عەبدولئەسەدیش ـ خزمەکانی ئەبوسەلەمە ـ لەولاوە تووڕە بوون و وتیان : بەخوا ، مادام ئێوە ژنەکەتان لە کوڕەکەمان سەندۆتەوە ، ئێمەش ناهێڵین منداڵەکەمان لەلای ئەو بمێنێتەوە . ئەوەبوو هەردوو لا سەلەمەیان رائەکێشا ،

---

[٢٦٠] ئەبوسەلەمە برای شیریی پێغەمبەری خوا بووە ﷺ ، کە ثوەیبەی کەنیزەکی ئەبولەهەب شیری بە هەردووکیان دابوو . هەروەها پوورزایشی بوو ، واتە کوڕی بەڕڕەی کچی عەبدولموطەللیب بوو و ، یەکێکیش بووە لەوانەی کە زوو بە زوو موسڵمان بوون و ، لە موسڵمانە دامەزراوەکان بووە .. لە سەرەتای ساڵی چوارەمی کۆچییدا دوای جەنگی ئوحود شەهید بووە .

هەتا دەستی لە جێ چوو و ، سەرەنجام نەوەی عەبدولئەسەد منالەکەیان بردەوە لای خۆیان و ، نەوەی موغیرەش ئوم سەلەمەیان لای خۆیان بەند کرد . هەم لە مێردەکەی و هەم لە کوڕەکەیان کرد .. ئەبوسەلەمەش لەبەر خاتری دینەکەی ژن و منالی بەجێ هێشتن و بەرەو مەدینە کەوتە رێ ، گەیشتە قەباء و لەوێ نیشتەجێ بوو تا ئەوەبوو دوای سالێك ژنەکەی گەیشتە لای .

ئوم سەلەمەش هەموو رۆژێك ، هەتا نزیکەی سالێك ، لە مال دەرئەچووە دەشت و ، هەتا ئێوارە ئەگریا بۆ دارنینی مێردەکەی و منالەکەی لێی .. تا ئەوەبوو پیاوێ لە ئامۆزاکانی بە لایا تێپەڕی و ، سەرنجی دا ئەو بەستەزمانە چەندە خەمباری وێرانبوونی هێلانەکەیەتی ، ئەوەبوو سۆزی بۆی جوولا و بەزەیی پیایا هاتەوە و چوو بۆ لای کەس وکاری و ، پێی وتن : ئەوە بۆچ واز لەو هەژارە ناهێنن تا بچێت بۆ لای مێردەکەی ؟ هەم لە مێردەکەی و هەم لە مندالەکەی دابڕتان کردووە .

کەس وکاری نەرم بوون و ، بە ئوم سەلەمەیان راگەیاند کە ئەگەر بیەوێ بڕوات بۆ لای مێردەکەی رێی لێ ناگرن . لە هەمان کاتدا نەوەی عەبدولئەسەدیش سەلەمەیان گێڕایەوە بۆی و ، ئوم سەلەمە کۆچی کرد بۆ مەدینە ..

ئوم سەلەمە ئەلێت : سواری وشترەکەم بووم و ، سەلەمەی کوڕیشم خستە کۆشم و ، بەرەو لای مێردەکەم لە مەدینە کەوتمە رێ و ، هیچ کەسیشم لەگەلدا نەبوو . وتم : هەر کەسم تووش بوو لەگەلیان ئەڕۆم هەتا ئەگەمە لای مێردەکەم . کە گەیشتمە (تەنعیم) [٢٦١] تووشی عوثمانی کوڕی طەلحەی کوڕی ئەبوطەلحە لە نەوەی عەبدوددار بووم و ، وتی : ئەی کچی ئەبوئومەییە بۆ کوێ ئەڕۆیت ؟ [٢٦٢] وتم : ئەچم بۆ مەدینە بۆ لای مێردەکەم . وتی : ئەی کەست لەگەلدا نیە ؟! وتم : نە بەخوا ، جگە لە خوا و لەم کوڕەشم ، کەسم لەگەلدا نیە . وتی : بەخوا بە جێت ناهێلم . جلەوی وشترەکەی گرت و بە پەلە کەوتە رێ .

دە بەخوا هەرگیز لەناو عەرەبدا نەکەوتوومەتە گەل هیچ کەسێك کە لەو بەڕێزتر بێت . کاتێك کە ئەگەیشتینە مەنزل بۆ پشوودان ، وشترەکەی پێ چۆك

[٢٦١] شوێنێکە ئەکەوێتە نێوان مەککە و سەرەف کە دوو فەرسەخ لە مەککەوە دوورە .

[٢٦٢] ئوم سەلەمە ناوی هیندی کچی ئەبوئومەییەی کوڕی موغیرەی مەخزوومیە ، کە ئامۆزای خالیدی کوڕی وەلیدی کوڕی موغیرەیە ، هەروەها ئامۆزای ئەبوسەلەمەی مێردیشی بوو .

ئەدا ، پاشان خۆی دوور ئەکەوتەوە ، تا کە من دائەبەزیم و وشترەکەی دوور ئەخستەوە و کەل وپەلەکەی دائەگرت و وشترەکەی بە درەختێکەوە ئەبەستەوە و خۆیشی ئەچوو بۆ ژێر دارێکی تر و لە ژێریا پاڵ ئەکەوت . کە کاتی رۆیشتنیش ئەهات ، هەڵ ئەستا وشترەکەی گورج ئەکردەوە .. پاشان لێم دوور ئەکەوتەوە و ئەیوت : سواری وشترەکە ببە . کە سوار ئەبووم ئەهات و جڵەوی وشترەکەی ئەگرت و رای ئەکێشا هەتا مەنزڵێکی تر ..

بەم شێوەیە هەتا گەیاندمیە مەدینە کە چاوی بە گوندی نەوەی عەمری کوڕی عەوف کەوت لە قەباء ، وتی : مێردەکەت وا لەم گوندەدا و ، بە پشتوانیی خوا بچۆرە ناویەوە .. ئیتر خۆی گەڕایەوە بۆ مەککە ..

هەموو جارێ ئوم‌سەلەمە ئەیوت : بەخوا پێ نازانم هیچ بنەماڵەیەکی ئیسلام ئەوەیان تووش بووبێ کە تووشی ئالی ئەبوسەلەمە بووە و ، هەرگیز هیچ هاوەڵێکیشم نەدیوە لە عوثمانی کوڕی طەلحە[263] بەڕێزتر بووبێت .

لێرەدا وا چاکە سەرنجێکی ئەم رەوشتە بەرزە بدەین کە عوثمانی کوڕی طەلحە ئەی‌نوێنێ .. بە مەرجێ ئەمە هێشتا موسڵمان نەبووە ، کەچیی غیرەتی قبووڵ ناکات ئافرەتێکی بەڕێز و خانەدان ئەو بیابانە چۆڵە لەگەڵ کۆرپەکەیدا بگرێتە بەر .. ئەو بۆ کاری خۆی رێی لەو شوێنە ئەکەوێ ، کەچیی بڕیار ئەدا پێنج صەد کیلۆمەتر رێگا ببڕیت تا ئەو ئافرەتە بگەیەنێتە شوێنی خۆی و ، ئەوسا بە دوای خۆیدا ئەگەڕێتەوە .. ئەمە هێشتا موسڵمان نەبووە و ، بە خزمەتی قورئان نەگەیشتووە ، وا ئەوەندە بەڕێزە ، خەم خۆرە و ، بەزەیی بە مرۆڤی لاوازدا دێتەوە، ئەی داخۆ دوای موسڵمان‌بوونی چ پیاوێکی لێ دەرچووبێ ؟

بە داخەوە ئەمڕۆ رەوشتی مرۆڤایەتیی زۆر دابەزیوە .. لە هەموو سەرزەوییدا ، ئەوانەی فێڵباز و دەست‌بڕن بوونەتە هەڵسووڕێنەری سیاسەتی گەلان و ، درۆکردن و چاوبەست کردن و ، بەرزکردنەوەی دروشمی ساختە و گزیی‌کاریی ، ئەوپەڕی ئازایەتی‌یە بە لایانەوە . ئیتر لە دزیی و جەردەیی و تالان و برۆ و ، خوێن مژینی گەلە چەوساوەکان و ، قڕکردنیان بە شێوازی جۆراوجۆر هەر مەپرسە ..

---

[263] عوثمانی کوڕی طەلحە دوای پەیمانی حودەیبیە موسڵمان بووە و ، لە مانگی صەفەری ساڵی هەشتەمدا کۆچی بۆ مەدینە کردووە . ئەوەبوو طەلحەی کوڕی ئەبوطەلحەی باوکی و ، عوثمانی کوڕی ئەبوطەلحەی مامەی و ، هەرسێ براکەشی : حاریث و کیلاب وموسافیع لە جەنگی ئوحوددا بە دەستی موسڵمانەکان کوژرا بوون .

دوای ئەبوسەلەمە ، عامیری کوڕی ڕەبیعە کە هاوپەیمانی نەوەی کوڕی کەعب بوو ، لەگەڵ لەیلای کچی ئەبوحەثمەی هاوسەری‌دا کۆچیان کرد بۆ مەدینە ..

ئیمام (إبن عبد البر) وتوویە : لەیلا یەکەم ئافرەتێکە کە گەیشتبێتە مەدینە ، واتە کۆچی کردبێ بۆ ئەوێ . بەڵام مووسای کوڕی عەقبە وتوویە : یەکەم ئافرەتێك کە کۆچی کردبێ ئوم سەلەمەیە و ، هەر یەکە بە بارێك‌دا .. ئوم سەلەمە یەکەم ئافرەتێکە کە بە نیازی کۆچ کردنەوە بۆ مەدینە دەرچووبێ و ، گەر خزمەکانی لەو کۆچەی قەدەغەیان نەکردایە ، یەکەم ئافرەت ئەو ئەگەیشتە مەدینە . لەیلاش یەکەم ئافرەتە کە گەیشتۆتە مەدینە ..

دوای ئەوە موسڵمانان یەك لە دوای یەك دەستیان دایە کۆچ .. ئەوەبوو موصعەبی کوڕی عومەیر و عەبدوڵلای کوڕی ئوم مەکتووم هەردووکیان کۆچیان کرد و ، قورئانیشیان فێری ئەنصار ئەکرد . هەروەها بیلالی کوڕی ڕەباح و ، سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص خوا لە هەموویان ڕازیی بێ کۆچیان کرد ..

بوخاریی لە صەحیحەکەی‌دا بە سەنەدی خۆی لە بەرائی کوڕی عازیب ەوە ریوایەتی کردووە کە وتوویە : یەکەم کەسێك لە کۆچ کەران کە گەیشتنە لامان - لە ریوایەتەکەی حاکم‌دا ئەمەی بۆ زیادکراوە (لە ئیکلیل‌دا) - موصعەبی کوڕی عومەیر و کوڕی ئوم مەکتووم بوون .

پاشان نەوەی جەحش‌یش کۆچیان کرد : عەبدوڵلای کوڕی جەحشی کوڕی ڕەییابی ئەسەدیی ، کە ئەچێتەوە سەر ئەسەدی کوڕی خوزەیمەی هاوپەیمانی نەوەی ئومەییەی کوڕی عەبدشەمس ، ماڵ ومنداڵی هەڵ گرت ، لەگەڵ ئەبوئەحمەد ، عەبدی کوڕی جەحش ی برای ، [٢٦٤] کە پیاوێکی نابینا بوو ، بەڵام بەبێ ئەوەی کەسێك دەستی بگرێ سەرانسەری مەککە ئەگەڕا و ، شاعیریش بوو و ، فاریعەی کچی ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب هاوسەری بوو .

هەروەها لە ئافرەتانیشیان زەینەبی کچی جەحش و ، حەمنەی کچی جەحش ، هاوسەری موصعەبی کوڕی عومەیر و ، ئوم حەبیبی کچی جەحش هاوسەری

---

[٢٦٤] کوڕانی جەحش سیان بوون : عەبدوڵلاّ و ، عوبەیدوڵلاّ و عەبد . لە پێشەوە باسمان کرد کە عوبەیدوڵلاّ لەگەڵ ئوم حەبیبە ڕەملەی کچی ئەبوسوفیانی هاوسەری‌دا کۆچی بۆ حەبەشە کرد و لەوێ وازی لە ئیسلام هێنا و چووە سەر دینی گاوران و لەوێ مرد . عەبدوڵلاّش لە جەنگی ئوحوددا شەهید بوو . عەبدیش ماوەیەکی زۆر، تەمەنی بەسەر برد . ئەمانە هەرسێکیان کوڕی ئومەیمەی کچی عەبدولموطەللیبن ، واتە پوورزای پێغەمبەری خوان ﷺ .

عه‌بدورڕه‌حمانی کوڕی عه‌وف ، کۆچیان کرد . به‌مه‌ ماڵی نه‌وه‌ی جه‌حش به‌ هۆی کۆچ‌کردنه‌وه داخرا ، که‌ ئه‌وه‌بوو عوتبه‌ی کوڕی ره‌بیعه‌ و ، عه‌بباسی کوڕی عه‌بدولموطه‌للیب و ئه‌بوجه‌هلی کوڕی هیشام له‌وێوه تێپه‌ڕین که‌ نیازیان بوو سه‌رکه‌ون بۆ لای ژووررووی مه‌ککه ، عوتبه سه‌یری ماڵه‌که‌ی کرد ، چۆڵ و هۆڵ بوو و که‌سی تێدا نیه . که‌ به‌و شێوه بینیی هه‌ناسه‌یه‌کی هه‌ڵ کێشا و پاشان وتی :

كل دارٍ وإن طالت سلامتــها   يوماً ستدركها النكباء والحوب

ئه‌ڵێت : هه‌موو خانوویه‌ك ئه‌گه‌رچیی ماوه‌یه‌کی زۆر سه‌لامه‌ت و بێوه‌ی بێت هه‌ر رۆژێك ئه‌بێت وێران ببێت .

پاشان وتی : خانووه‌که‌ی نه‌وه‌ی جه‌حش چۆڵ و هۆڵ بووه .. ئه‌بوجه‌هلیش به‌ عه‌بباسی وت : ئه‌مه‌ کاری برازاکه‌ته .. کۆمه‌ڵمانی په‌رته‌وازه کرد و ، کارمانی په‌رت و بلاو کرد و له‌ یه‌کی پچڕاندین .

ئه‌وه‌بوو ئه‌بوسوفیانی کوڕی حه‌رب هه‌ڵمه‌تی دابوو و خانووه‌که‌ی نه‌وه‌ی جه‌حشی داگیر کردبوو .. وتراویشه که‌ فرۆشتبووی به‌ عه‌مری کوڕی عه‌لقه‌مه‌ی عامیریی . کاتێ که‌ ئه‌م هه‌واڵه‌ به‌ عه‌بدوڵلای کوڕی جه‌حش گه‌یشت و ، ئه‌ویش بۆ پێغه‌مبه‌ری خوای ﷺ باس کرد ، فه‌رمووی : « ألا ترضى يا عبدالله أن يعطيك الله بها داراً في الجنة خيراً منها ؟ » فه‌رمووی : عه‌بدوڵلا ! ئایا رازیی نابی خوای گه‌وره له‌ جیاتی ئه‌و خانووه‌ت له‌ به‌هه‌شتدا خانوویه‌کی له‌وه چاکترت پێ ببه‌خشێ ؟ وتی : به‌ڵێ . فه‌رمووی : « فذلك لك » .

کاتێکیش که‌ فه‌تحی مه‌ککه‌ کرا ئه‌بوئه‌حمه‌د ، عه‌بدی کوڕی جه‌حش چووه خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ری خوا و باسی خانووه‌که‌ی خۆیانی بۆ کرد ، تا بیگێڕێته‌وه بۆیان . به‌ڵام پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ په‌له‌ی بۆ نه‌ئه‌کرد . خه‌ڵکیی وتیان : ئه‌بوئه‌حمه‌د ! پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ پێی ناخۆشه باسی شتێك بکه‌ن که‌ له‌ پێناوی خوادا لێتان سه‌ندراوه . ئیتر ئه‌بوئه‌حمه‌د باسی خانووه‌که‌ی نه‌کرد ، به‌ڵام ده‌رباره‌ی کۆچ‌کردنی نه‌وه‌ی جه‌حش قه‌سیده‌یه‌کی جوانی هۆنیوه‌ته‌وه .

پاشان موسڵمانان ده‌سته ده‌سته کۆچیان کرد .. ئه‌وه‌بوو نه‌وه‌ی غه‌نمی کوڕی دوودان که‌ به‌ چاکیی ده‌ستیان به‌ ئیسلامه‌وه گرتبوو ، هه‌ر هه‌موویان ، به‌ ژن و به‌ پیاوه‌وه کۆچیان کرد بۆ مه‌دینه . که‌ ئه‌مانه پیاوه‌کانیان بوون : عوکاشه‌ی کوڕی موحصه‌ن و شوجاع و عوقبه‌ی کوڕانی وه‌هب و ، ئه‌ربه‌دی کوڕی حومه‌یره

و ، مونقیذی کوڕی نەباتە و ، سـەعیدی کـوڕی ڕەقـیش و ، موحـەرریزی کـوڕی نەضلە و ، یەزیدی کوڕی ڕەقیش و هی تریش .

لە ئافرەتانیشیان : جوذامەی کچی جەندەل و ، ئوم قەیسی کچی حیصن و، ئوم حەبیبی کچی ثومامە و، ئامینەی کچی ڕەقیش و، سەخبرەی کچی تەمیم کۆچیان کرد .

پاشان عومەری فارووقیش خوای لێی ڕازیـی بـێ کۆچـی بـۆ مەدینـە کـرد .. ئەوەبوو لەگەڵ عەییاشی کـوڕی ئەبورەبیعـە و، هیشـامی کـوڕی عاصـی کـوڕی وائیلی سەهمیی ، ڕێك کەوتن لە شوێنێك کـە دە میـل لـە مەککـەوە دوور بـوو یەکتریی ببینن و ، بە یەکترییان وت : هەر کامـان سـبەینێ نـەهات ئـەوە بەنـد کراوە، با ئەو دوو هاوەڵەکەی نەوەستن و بڕۆن .

عومەر ئەفەرموێ : ئەوەبوو من و عەییاشـی کـوڕی ئەبورەبیعـە بـۆ سـبەینێ گەیشتینە ئەو شوێنە و ، هیشام بەند کرا و ، هـەولیان لەگـەڵیا دا تـا لـە دیـن وەریان گێڕا ..

ئیبن عەساکیر و غـەیری ئـەویش لـە ئیمـام عەلییـەوە خـوا لێـی ڕازیـی بـێ تەخریجیان کردووە کە فەرموویە : پێ نازانم هیچ موهاجیرێـك بـە ئاشـکرا کۆچـی کردبێ جگە لـە عومـەری کـوڕی خـەططـاب ، ئـەوەبوو کـە ویسـتیکۆچ بکـات شمشێرەکەی کرد بە لا تەنیشتیا و ، تیر و کەوانەکەی کردە شانی و ، چەند تیرێکی لە تیردانەکەی دەرهێنا و گرتنی بە دەسـتیەوە و ، داردەستەکەشـی بـە قەدیـەوە هەڵواسیی و ، بەرەو کەعبە کەوتە ڕێ و ، پیاوماقولانی قورەیشیش لـە پـەنایدا بوون ..

حەوت جار تەوافی کەعبەی کرد و ، پاشان هاتە مەقام و دوو ڕەکعەت نوێـژی بەجێ هێنا ، پاشان یەك بـە یـەك هاتـە سەرسـەری ئەڵقـەکان و بـە خەڵکەکـەی فەرموو : ئەم دەم و چاوانە ناشیرین بن .. جگە لەم لووتانەش خـوا هـیچ لووتێـك نەچەقێنێ بە خۆڵدا.. کێ ئەیەوێ دایکی ڕۆڵەڕۆی بۆ بکـات ، یـان منداڵـەکانی هەتیو بخات ، یان هاوسەرەکەی بێوەژن بخات ، با لەودیوی ئەم شیوەوە چاوم پێی بکەوێ . جگە لە کۆمەڵێك موسڵمانی لاواز ، کە خۆی ڕێی نیشان دابوون ، هـیچ کەس نەیوێرا شوێنی بکەوێ .. ئـیتر کەوتـە ڕێ و ، هەنـدێ لـە کـەس و کـار و

خزمانی و ، هەندێ لە موسڵمانە بێدەسەڵاتەکانیش لەگەڵیا کۆچیان کرد ، تا ئەو بیانپارێزێت ..

ئەم گەشتەی عومەری فارووق نزیکەی بیست پیاوی لەگەڵدا بوو ، کە لەوانە: زەیدی کوڕی خەططاب و ، [٢٦٥] عەییاشی‌کوڕی ئەبوڕەبیعە و ، عەمر و عەبدوڵلای کوڕانی سوراقەی کوڕی موعتەمیری عەدەویی و، خونەییسی کوڕی حوذافەی سەهمیی و ، [٢٦٦] سەعیدی کوڕی زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیلی ئامۆزای عومەر و ، مێردی فاطیمەی خوشکی و ، واقیدی کوڕی عەبدوڵلای تەمیمیی ، کە هاوپەیمانیان بوو و ، خوولیی کوڕی ئەبوخوولیی و ، مالیکی کوڕی ئەبوخوولیی ، کە هەردووکیان هاوپەیمانیان بوون و ، هەر چوار کوڕەکەی بەکیریش : ئیاس و ، عاقیل و ، عامیر و ، خالید .

ئیبن ئیسحاق تەنها ئەم سیانزە کەسەی ناو بردوون . حافیظ ئیبن حەجەریش لە ((الفتح)) دا وتوویە : لەوانەیە ئەوانی تر شوێنکەوتەیان بوو بن . ئەوەبوو عومەری سەردارمان و ئەوانەی کە لەگەڵیا بوون و ، هاوپەیمانەکانیان لە نەوەی سەعدی کوڕی لەیث لای ریفاعەی کوڕی عەبدولمونذیری نەوەی عەمری کوڕی عەوف لە قەباء دابەزین .

کە گەیشتنە مەدینە ئەبوجەهلی کوڕی هیشام و حاریثی برای هاتن بۆ مەدینە بۆ لای عەییاشی کوڕی ئەبوڕەبیعەی ئامۆزایان و برای دایکی‌یان . [٢٦٧] ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ هێشتا لە مەککەدا بوو .

---

[٢٦٥] زەید برای عومەرە و ، لەویش بەتەمەن ترە و ، پێش ئەویش موسڵمان بووە . بەشداریی بەدر و غەزاکانی کردووە و ، لە جەنگی یەمامەدا ، لە ساڵی دوانزەهەمی کۆچیی‌دا ، کە ئاڵای موسڵمانەکانی هەڵ گرتبوو ، شەهید بووە و ، عومەر یەکجار بۆی خەمبار بوو و ، ئەشی‌فەرموو : ئەو بۆ هەر دوو کارە چاکەکە پێشم کەوت : پێش من موسڵمان بوو و پێش منیش شەهید بوو .. کاتێکیش کە موتەممیمی کوڕی نووەیرە لە شیعرەکانی‌دا شیوەنی بۆ مالیکی برای کرد ، کە لە جەنگی موسڵمانەکان‌دا بە هەڵگەڕاوەیی کوژرابوو ، عومەر پێی فەرموو: ئەگەر منیش شیعرم بزانیبایە ئەوا ، بەو شێوەی کە تۆ شیوەنی براکەتت کرد ، منیش شیوەنی براکەمم ئەکرد . موتەممیم لە وەڵام‌دا وتی : ئەگەر براکەی منیش لەسەر ئەو رێبازە بمردایە کە براکەی تۆ لەسەری مردووە ، شیوەنم بۆ نەئەکرد . عومەر فەرمووی : هیچ کەس بە وێنەی ئەم دڵ دانەوەیەی تۆ دڵی نەداومەتەوە .

[٢٦٦] زاوای عومەر بووە ، واتە مێردی حەفصەی کچی عومەر و ، لە جەنگی بەدردا شەهید بووە ..

[٢٦٧] ئەبوڕەبیعە ناوی عەمرە و نازناویشی (ذوالرمحین) بووە ، واتە خاوەنی جووتە رمەکە ، کوڕی موغیرەی کوڕی عەبدوڵلای ، کوڕی عومەری ، کوڕی مەخزوومی قورەیشی‌یە . واتە عەییاشیش ئامۆزای خالیدی کوڕی وەلیدە .

ئەبوجەهل رووی کردە عەییاش و پێی وت : دایکت نەزری کردووە کە سەری شانە نەکات و ، نەچێتە بەر سێبەر هەتا تۆ نەبینێت . ئەویش بەزەیی بە دایکیدا هاتەوە . عومەر پێی فەرموو: بەخوا ، ئەمانە ئەیانەوێ لە دین وەرت بگێڕن ، ئاگات لە خۆت بێ . بەخوا ئەگەر ئەسپێ ئازاری دایکت بدەن ناچار ئەبێ سەری شانە بکات و ، گەر گەرمای مەککەش زۆری بۆ هێنا ناچار ئەبێ بچێتە بەر سێبەر . عەییاش وتی : ناهێڵم سوێنەکەی دایکم بکەوێت و ، لەوێش هەندێ سامانم هەیە وەری ئەگرم . عومەر پێی فەرموو : بەخوا خۆیشت ئەزانیی کە من لە هەموو قورەیش سامانم زیاترە ، جا نیوەی سامانەکەم بۆ تۆ ، بەلاّم مەچۆ لەگەڵیانا . عەییاش بە گوێی عومەری نەکرد و بڕیاری دا لەگەڵیان بگەڕێتەوە مەککە . عومەر فەرمووی : کە هەر وات کرد ، دەی وشترەکەی من ببە لەگەڵ خۆتدا ، وشترێکی رەسەنی گوێڕایەڵە ، سواری ببە و ، گەر گومانت لێیان کرد بە وشترەکە خۆت رزگار بکە .

عەییاش سواری وشترەکەی عومەر بوو و لەگەڵیان کەوتە رێ . لە نیوەی رێدا ئەبوجەهل وتی : کوڕی برام ، بەخوا ، ئەم وشترەم رێ نابڕێ ، ناکرێ ئەو وشترەی خۆتم بدەیتێ سواری بم ؟ وتی : بەڵێ . عەییاش وشترەکەی چۆك پێ دا و، ئەوانیش هەردووکیان وشترەکانی خۆیان چۆك پێ دان ، تا بیان گۆڕنەوە . کە عەییاش دابەزییە زەویی ، هەردووکیان هەڵمەتیان دایێ و ، قۆڵ بەستیان کرد و، هێنایانەوە مەککە و ، هەوڵیان لەگەڵیا دا ، تا لە دین هەڵ بگەڕێتەوە و ، ئەویش هەڵگەڕایەوە . ئەوەبوو بە رۆژی رووناك و بە قۆڵ بەستراویی کردیان بە مەککەدا و ، ئەشیان وت : ئەی دانیشتوانی مەککە ! ئەوەی کە ئێمە کردمان بەم سەفیهەمان ، ئێوەش هەر ئەوە بکەن بە سەفیهەکانتان .

ئیبن ئیسحاق بە سەنەدی خۆی لە عومەرەوە ریوایەتی کردووە کە فەرموویە : ئێمە ئەمان وت : هەرکەس لە دین هەڵگەڕابێتەوە خوای گەورە نە کار و نە چاکە و نە تەوبەی لێ وەرناگرێ .. ئەوانە کۆمەڵێك بوون خوایان ناسیی بوو ، کەچیی بە بۆنەی ناڕەحەتییەکەوە کە تووشیان بوو گەڕانەوە بۆ ناو کوفر . هەروەها خۆشیان ئەوەیان بە خۆیان ئەوت . بەلاّم کە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی بۆ مەدینە کرد ، خوای گەورە دەربارەی ئەوان و ، قسەکەی ئێمە و قسەکەی خۆیشیان ئەم ئایەتانەی ناردنە خوارەوە :

﴿قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾ وَأَنِيبُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُواْ لَهُۥ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿٥٤﴾ وَٱتَّبِعُوٓاْ أَحْسَنَ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلْعَذَابُ بَغْتَةً وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ﴾ (الزمر : ٥٣ ـ ٥٥) .

ئایەتەکان ئامۆژگاریی بەندەکانی خوا ئەکەن کە دەست لە سۆزی خوا نەشۆن بە بۆنەی گوناه و تاوانەوە ، چونکە خوای گەورە بەسۆز و بەخشندەیە و چاوپۆشیی لە هەموو گوناهەکان ئەکات . کەواتە با بگەڕێنەوە بۆ لای خوا و ، خۆیان تەسلیمی ئەو بکەن و ، بکەونە شوێن ڕێبازی خوا ، بەر لەوەی کە سزای خوایان بۆ بێت .

عومەر بە دەستی خۆی ئەم ئایەتەی نووسییەوە و ، ناردی بۆ لای هیشامی کوڕی عاص . هیشام ئەڵێ : کە ئایەتە نووسراوەکانم بۆ هاتن لە (ذوطوی) خەریکی خوێندنەوەیان ئەبووم و لێیان ورد ئەبوومەوە ، کەچیی لێیان تێ نەئەگەیشتم ، هەتا وتم : خوایە ! تێم بگەیەنی لێیان . ئەڵێ : خوای گەورە ئەوەی خستە دڵمەوە کە ئەم ئایەتانە دەربارەی ئێمە و ، ئەوەی خۆمان بە خۆمان ئەوت و، ئەوەی کە پێمان ئەوترا هاتوونەتە خوارەوە . ئەڵێت : گەڕامەوە لای وشترەکەم و ، سواری بووم و ، خۆم گەیاندە مەدینە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ .

ئیبن هیشامیش وتوویە : کەسێك کە متمانەم پێی هەبوو بۆمی گێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەدینە فەرمووبووی :

((من لي بعيّاش بن أبي ربيعة ، وهشام بن العاص ؟)) .

فەرمووبووی : کێ ئەتوانێ عەییاش و هیشامم دەست بخات ؟ وەلیدی کوڕی وەلیدی کوڕی موغیرە [٢٦٨] ئەڵێت : من دەستتیان ئەخەم ، ئەی پێغەمبەری خوا ! بەرەو مەککە کەوتە ڕێ و ، بە نهێنیی خۆی کرد بە شاردا ، تووشی ئافرەتێك بوو کە هەندێ خواردەمەنیی پێ بوو . وتی : خوشکەگیان ! نیازی کوێت هەیە ؟ وتی: ئەو دوو بەندکراوەم ئەوێن ، (مەبەستی لە عەییاش و هیشام بوو) . وەلیدیش کەوتە شوێن ئافرەتەکە هەتا لە شوێنەکەی هەردووکیان ئاگادار بوو .. ئەوەبوو لە ژوورێکدا بەند بوون کە سەری نەگیرابوو . کە ئێوارەی لێ هات خۆی گەیاندە

[٢٦٨] برای خالیدی کوڕی وەلیدە ، کە پێش خالید موسڵمان بووە و ، هەردوو کۆچەکەی کردوون . لە موسڵمان بوونی خالیددا ڕۆڵی باشی هەبووە .

لایان . پاشان بەردێکی هێنا و خستیە ژێر کۆتەکانیان و بە شمشێرەکەی دای لە کۆتەکان و هەردووکی پچڕاندن . بەو بۆنەشەوە بە شمشێرەکەیان ئەوت : (ذوالمروة) . هەردووکیانی سواری وشترەکەی کردن و ، هێنانی . ئەوەبوو پێی هەڵ کەوت و پەنجەیەکی خوێناویی بوو . ئەویش وتی :

هل أنتِ إلا أصبع دَميتِ وفي سبيل الله ما لقيتِ

پاشان هەردووکیانی هێنایە مەدینە بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ .

کاتێك کە صوهەیبیش خوای لێی رازی بێ ویستی کۆچ بکات ، کافرەکانی قورەیش پێ‌یان وت : تۆ رووتەڵەیەکی هیچ و پووچ بوویت هاتیتە ناومان و ، ماڵ و سامانت پێکەوە نا و ، گەیشتی بەم حاڵەت ، ئێستاش ئەتەوێ بە خۆت و بە پارەکەتەوە برۆیت . بەخوا شتی وەها نابێت . ئەویش پێی وتن : ئایا ئەگەر سامانەکەمتان بدەمێ ، وازم لێ دێنن ؟ وتیان : بەڵێ . وتی : دەی وا سامانەکەم دا پێتان . ئەم هەواڵە گەیشتەوە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و ، ئەویش فەرمووی : ((ربح صهيب ، ربح صهيب)) . فەرمووی : صوهەیب قازانجی کرد . ئەمە لە سیرەی ئیبن هیشام دایە .

ئیمام بەیهەقییش چیرۆکی کۆچ کردنی صوهەیب بە جۆرێکی تر ئەگێڕێتەوە ، ئەڵێت : صوهەیب وتوویە : پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی کرد و ئەبوبەکریش لەگەڵیا کۆچی کرد ، منیش ویستم لەگەڵی‌دا کۆچ بکەم ، کەچیی چەند گەنجێکی قورەیشیی گێڕامیانەوە . منیش ئەو شەوە دانەنیشتم ، هەر هات و چۆم بوو و، ئەوانیش وتیان : بە هۆی سکیەوە خوا پەشۆکاندوویەتی ، منیش رەوان نەبووم ، تا ئەوەبوو خەوتن و منیش لە نێوانیان‌دا بە دزەوە دەرچووم . دوای ئەوەی کە ماوەیەك رۆیشتم کۆمەڵێکیان گەیشتن پیاما و ، ئەیان ویست بم گێڕنەوە . پێم وتن : ئەگەر چەند ئۆقیەیەك زێڕتان بدەمێ رێگام بەر ئەدەن و بەڵێنم بۆ ئەبەنە سەر؟ ئامادەیی‌یان نواند . منیش بە دوایانا گەڕامەوە مەککە و ، وتم : ژێر ئەو دەرگایە هەڵ بکەنن ، چەند ئۆقیەیەکی تێدایە و بش‌چن بۆ لای فلانە ئافرەت و هەردوو ملوانکەکەی لێ وەربگرن . ئیتر من کۆچم کرد و هاتمە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ لە قوباء ، بەر لەوەی بە جێی بهێڵێ . کە چاوی پێم کەوت فەرمووی : ((يا أبا يحيى ! ربح البيع)) . فەرمووی : صوهەیب ! فرۆشتنەکەت

قازانجی‌کرد . وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ! کەس پێشم نەکەوتووە بۆ خزمەتت و ، جیبریلیش سەلامی لێ بێ هەواڵی پێ داوی .

هەروەها ئیبن سەعد (٣ / ١٦٢) و ، حاریث و ، ئیبنولمونذیر و ، ئیبن عەساکیر و، ئیبن ئەبوحاتەم لە سەعیدی کوڕی موسەییەبەوە رەحمەتی خوای لێ بێ تەخریجیان کردووە کە : صوهەیب خوا لێی رازیی بێ بەرەو لای پێغەمبەر ﷺ کۆچی‌کرد و چەند کەسێکی قورەیشیی موشریکیش شوێنی کەوتن . ئەویش دابەزیی و چیی تیر لە تیردانەکەی‌دا هەبوون دەری هێنان و وتی : ئەی کۆمەڵی قورەیش ! چاك ئەزانن من لە هەمووتان چاکتر نیشانە بە تیروکەوان ئەپێکم . جا سوێند بەخوا ! بەر لەوەی بگەنە لام چەند تیر وا لە تیردانەکەم‌دا هەر هەمووتان تێ ئەگرم ، پاشان هەتا شتێك لە شمشێرەکەم بە دەستمەوە بمێنێ لێتان ئەدەم ، دواییش خۆتان چاك ئەزانن .. ئەگەر بش تانەوێ ئەو سامانەمتان پیشان ئەدەم کە لە مەککەیە و دەست مەهێننە رێم .. وتیان : باشە . پەیمانیان بە یەك دا شوێنی سامانەکەی پیشانیان دا . ئەوەبوو لەو بارەوە قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە :

﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشْرِى نَفْسَهُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ رَءُوفٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴾ . (البقرة : ٢٠٧) .

کاتێك کە پێغەمبەر ﷺ صوهەیبی بینیی فەرمووی :

((ربح البيع يا أبا يحيى ! ربح البيع يا أبا يحيى !)) . دوای ئەوە ئەو ئایەتەشی بۆ خوێندەوە .

لە ریوایەتێکی تردا هاتووە کە دانیشتوانی مەککە شوێنی ئەکەون و ، ئەویش لە تیردانەکەی‌دا چل تیر دەرئەهێنێ و ، ئەڵێت : بەر لەوەی بگەنە لام هەر یەکە تیرێکتان لێ ئەدەم ، ئەوسا دەست ئەدەمە شمشێر و ، بۆتان دەرئەکەوێ کە پیاوم . لە مەککەش‌دا دوو کەنیزەکم بەجێ هێشتوون ، بۆ ئێوە .

ئەوەبوو صوهەیب بووە میوانی خوبەیبی کوڕی ئیساف لە سونح .

بەم شێوەیە ، دوای دوو مانگ و چەند رۆژێك لە بەستنی پەیمانی دووهەمی عەقەبە ، هەموو موسڵمانەکان کۆچیان کرد و ، لە مەککەدا تەنها پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەبوبەکر و عەلیی خوا لێیان رازیی بێ مانەوە و ، ئەوانەش مانەوە کە کافرەکان بەندیان کردبوون تا کۆچ نەکەن ..[٢٦٩]

---

[٢٦٩] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٤٥٧ ـ ٤٦٨ ، والرحيق المختوم : ١٥٨ـ١٦٠ ، وشرح حياة الصحابة : ١ / ٥٥٥ ـ ٥٥٨ ، ١ / ٥٧٥ ـ ٥٨٠ ، ١/ ٨ .

بەشی پانزەهەم
کۆچ کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ

وەك لە پێشەوە باس کرا ، موسڵمانەکان بە کۆمەڵ و دانە دانە کۆچیان بۆ مەدینە کرد ، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەککە مایەوە ، بەو هیوایەی کە ماوەی خۆیشی بدرێ تا کۆچ بکات و ، تەنها ئەبوبەکر و عەلیی و ئەوانەی کە بەند کرابوون لەوێ مانەوە .

ئەوەبوو ئەبوبەکریش نیازی کردبوو وەك هاوەڵان کۆچ بکات بۆ مەدینە ، کەچیی پێغەمبەر ﷺ پێی فەرمووبوو: ((لا تعجل لعل الله يجعل لك صاحباً)) . فەرمووی : پەلە مەکە ، بەڵکو خوا هاوەڵت بۆ بگەیەنێ . ئەبوبەکریش لەوە تێ گەیشت کە مەبەستی خۆیەتی .

لە باسی دوور و درێژی کۆچ کردن دا لە صەحیحی بوخارییدا هاتووە : ئەبوبەکر خۆی ئامادە کرد کە بەرەو مەدینە بڕوا ، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: ((على رسلك ، فإني أرجو أن يؤذن لي)) . فەرمووی : پەلە مەکە ، هیوادارم ماوەی کۆچ کردنی منیش بدرێ . ئەبوبەکر فەرمووی : باوکم بە قوربانت بێ ، ئایا بە هیوای ئەوە هەیت ؟ فەرمووی : ((نعم)) . ئیتر ئەبوبەکرخۆی بە دیار پێغەمبەری خواوە ﷺ هێشتەوە تا ببێتە هاوەڵی و ، بۆ ماوەی چوار مانگیش گەڵای درەختی سەموری دا بەو دوو وشترەی کە بۆ کۆچ کردن بۆ مەدینە ئامادەی کردبوون .

کە قورەیش دیتی وا شوێنکەوتوانی پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر بوون و ، دانیشتوانی مەدینە بە غیرەتێکی بێوێنەوە سەروماڵ و منداڵیان ئەکەنە قوربانی خۆی و دینەکەی و ، هاوەڵانیش وا دەروویان لێ کراوەتەوە و ، خوای گەورە برای

دینیی زۆر دڵسۆز و خۆنەویستی بۆ گەیاندوون و، وا بەرە بەرە کۆچیان کرد بۆ ئەوێ و ، لەوێ دڵیان لە خۆیان و دینەکەشیان بێخەمە ، ترسی ئەوەیان لێ نیشت پێغەمبەری خواش ﷺ کۆچ بکات بۆ مەدینە و لەوێ هێز پەیدا بکات و، دوای ماوەیەك بێتەوە سەریان و ، مەککەشیان لە دەست بسێنێ .

بۆ ئەمە یەکجار خەمبار و نارەحەت بوون ، چونکە لایان روون بوو کە ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ مەککە بەجێ بهێڵێ ، هەم دین و هەم ئابووریی و بازرگانی‌یان ئەکەوێتە مەترسی‌یەوە . چونکە ئەیانزانیی کەسێتیی پێغەمبەری خوا ﷺ چەندە کاریگەرە و ، چەندەش حەکیم و وردبینە . لە هەمان کاتدا هاوەڵانی چەندە بەغیرەت و راستگۆ و کۆڵنەدەرن و ، بە ئیخلاص و نییەتی پاکەوە کار بۆ دینەکەیان ئەکەن ، لەلایەکی تریشەوە هەردوو هۆزی ئەوس و خەزرەج چەندە بەهێز و بەغیرەتن و ، پیاوە ژیرەکانیشیان خاوەنی چ نەخشەیەکی جوان و رێك و پێکن ، دیسان مەدینەش خاوەنی چ شوێنێکی وەها گرنگە بۆ ئەو بازرگانی‌یەی کە لە نێوان شام و یەمەندا ئەکرا و ، بە لێواری دەریای سووردا تێ ئەپەڕیی ، کە پێویستیی بە ئاسایش و هێمنی‌یە ، هەتا دانیشتوانی مەککە ساڵانە بایی چارەکە ملیۆنێك مثقالْ (دینار) ئاڵتوون بازرگانی‌یان ئەکرد .

بە بۆنەی هەموو ئەمانەوە قورەیش لەبەردەم مەترسی‌یەکی گەورەدا بوو ، کە ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ لە دەستیان دەربچێت و ، مەدینە ببێتە بنکەی دژایەتیی بەرژەوەندی‌یەکانی قورەیش . بۆیە بەوپەڕی خەمخۆری‌یەوە بۆ رێگا چارەیەکی زۆر سەرکەوتوو ئەگەڕان تا ئەم گیروگرفتە چارەسەر بکەن .

ئەوەبوو لە رۆژی پێنج‌شەممەی بیست و شەشەم رۆژی مانگی صەفەری ساڵی چواردەهەمی هاتنی وەحی‌دا ، کە رێکەوتی دوانزەی مانگی ئەیلوولی ساڵی (٦٢٢) ی زاینیی بوو ، [٢٧٠] واتە دوای نزیکەی دوو مانگ و نیو لە دوای بەیعەتی دووهەمی عەقەبە ، پەرلەمانی مەککە لە (دارالندوة) [٢٧١] لە

---

[٢٧٠] خاوەنی (الرحیق المختوم) ئەم مێژووەی لە (رحمة للعالمین) ی زانای پایەبەرز (محمد سلیمان المنصورفوري) وەرگرتووە . (الرحیق : ١٦٢) .

[٢٧١] دارالندوة : ماڵەکەی قوصەی کوڕی کیلابی باپیرە گەورەی پێغەمبەری خوا بووە ﷺ . کە قورەیش لەوێ بڕیاری هەموو کارێکی گرنگیان ئەدا ، کە ئەوەبوو قوصەی ئەم ماڵەی دا بە (عبد الدار) ی کوڕی و هەروا بە دەستیانەوە مایەوە ، هەتا سەردەمی موعاویە خوا لێی رازیی بێ و لە عیکریمەی کوڕی عامیری کوڕی هاشم ی کوڕی عەبدمەنافی کوڕی عەبدوداری کڕیی و کردی‌یە (دار الإمارة) . وتراویشە : کە کاتێ موعاویە حەجی کردووە ، لە زوبەیری عەبدەریی (واتە لە نەوەی عەبدودارە) کڕیوە بە صەد هەزار دیرهەم و ، پاشان خراوەتە سەر مزگەوتی کەعبە . سوهەیلییش وتوویە : دوای نەوەی عەبدودار کەوتۆتە دەست حەکیمی کوڕی حەزام و لە سەردەمی ئیسلامدا و لە کاتی خەلافەتی موعاویەدا فرۆشتوویە بە صەد هەزار . ئەویش لۆمەی ئەکات و ئەڵێت : ئایا رێز و شەرەفی باوباپیرانت فرۆشت ؟! حەکیم ئەڵێت : بەخوا جگە لە تەقوا هیچ رێزێك باوی نەماوە، بەخوا لە سەردەمی نەفامیی‌دا بە کووپەیەك عەرەق کڕیومە ، ئێستاش بە صەد هەزارم فرۆشتووە و ، دەشتان گرم بە شاهێد کەوا نرخەکەیم بەخشیی لە رێی خوادا .. جا کێمان دۆڕاوین ؟!

سەرەتای رۆژەوە [٢٧٢] گرنگ‌ترین کۆبوونەوەی مێژوویی ئەنجام دا .. ئەوەبوو نوێنەری هەموو هۆزە قورەیشی‌یەکان ئامادەی بوون تا ئەم کێشە سەختە چارەسەر بکەن و ، لە ریشکەوە دەری بهێنن .

جا دیارترین پیاوانی ئەم کۆبوونەوەیە ئەمانە بوون :

١ ـ لە نەوەی عەبدشەمس : عوتبەی کوڕی رەبیعە و ، شەیبەی برای و ، ئەبوسوفیانی کوڕی حەربی زاوای .

٢ ـ لە نەوەی مەخزووم : ئەبوجەهلی کوڕی هیشام .

٣ ـ لە نەوەی نەوفەلی کوڕی عەبدمەناف : جوبەیری کوڕی موطعیم و ، طوعەیمەی کوڕی عەدیی و، حاریثی‌کوڕی عامیر .

٤ ـ لە نەوەی عەبدوددار : نەضری کوڕی حاریثی کوڕی کیلدە ، ئەوەی کە ناوسکی وشترەکەی خستە سەر شان و ملی پێغەمبەری خوا ﷺ .

٥ ـ لە نەوەی ئەسەدی کوڕی عەبدولعوززا : ئەبولبوختەریی کوڕی هیشام و ، زەمعەی کوڕی ئەسوەدی کوڕی موطەللیب و ، حەکیمی کوڕی حەزام .

٦ ـ لە نەوەی جومەح : ئومەییەی کوڕی خەلەف .

٧ ـ لە نەوەی سەهم : نەبیهـ و مونەببیهی کوڕانی حەججاج .

کاتێك کە هاتن بۆ (دارالندوة) شەیتان لە شێوەی ریش سپی‌یەکی نەجدیی‌دا هاتە رێیان و دەستیٚ بەرگی ئەستووری لەبەردا بوو .کە دی‌یان وا لە دەرگادا وەستاوە ، وتیان : مامەی ریش سپیی کێیە ؟ وتی : ریش سپی‌یەکی ئەهلی نەجدە و ، ئەوەی بیستووە کە بۆی کۆبوونەتەوە ، بۆیە ئەویش لەگەڵتان‌دا ئامادە بووە تا بزانیٚ ئێوە چیی ئەڵێن و ، بەڵکو لە را و ئامۆژگاریی خۆی بیٚبەشتان نەکات . وتیان : چاکە ، فەرموو ژوورەوە .. بەمە لەگەڵیان چووە ژوورەوە .

دوای ئەوەی پیاوانی کۆبوونەوەکە ئامادە بوون ، دەست کرا بە دەربڕینی را و، گەڵاڵەکردنی چارەسەری‌یەکان ، تا بە هەموویانەوە رێیەکی سەرکەوتوو هەڵ ببژێرن ، بۆ رزگاربوون لەم بەڵایە کە یەخەی پیٚ گرتوون .

---

[٢٧٢] بەڵگە بۆ ئەوەی کە ئەم کۆبوونەوەیە لە سەرەتای رۆژەوە بووە ، ئەوەیە لە دوای کۆبوونەوەکە جیبریل سەلامی لیٚ بیٚ هەواڵ بە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەدات و ماوەی ئەدات کە کۆچ بکات و ، ئەویش لە قوڵەی گەرمای نیوەڕۆدا تەشریف بۆ ماڵی ئەبوبەکر ئەبات تا هەواڵی کۆچ‌کردنی بداتیٚ .

ئەوەبوو هەندێکیان بە هەندێکیانی وت : دیتان کاری ئەم پیاوە چیی لێ هات، دە بەخوا ئێمە لێی بێخەم نین لەوەی کە بە خۆی و ئەوانەشەوە کە شوێنی کەوتوون لە غەیری خۆمان هەڵمەت بداتە سەرمان . جا رایەك دەربارەی دەر ببڕن . ئەوانیش راوێژیان کرد ..

یەکێکیان ـ کە ئەبولبوختەریی کوڕی هیشام بوو ـ وتی : کۆت و زنجیر بکەنە دەست و پێی و ، دەرگای لەسەر دابخەن و ، چاوەڕوانیی بکەن تا ئەو مەرگەی کە تووشی هاوشێوانی بوو ، لەو شاعیرانەی کە لە پێشی ئەوەوە بوون : زوهەیر و ، نابیغە و ، پێشینانی تریش ، تووشی ئەویش ببێ ..

ریش‌سپی‌یە نەجدی‌یەکە وتی : نا ، بەخوا ، ئەو رایە بە کەڵکی ئێوە نایەت .. بەخوا ئەگەر بەندی بکەن ، وەك خۆتان ئەڵێن ، ئەوا فەرمانی لە پشت دەرگاوە بە هاوەڵانی ئەگات و ، لەوانەشە هەڵمەت بدەنە سەرتان و لە ژێر چنگتان دەری بکەن ، پاشان بە هۆی ئەوەوە وەها زۆر بن کە کارتان لە دەست بستێنن .. ئەم رایە بە کەڵکتان نایەت ، رای تر ببیننەوە .

جارێکی تر راوێژیان کردەوە .. پاشان یەکێکیان ـ کە ئەبولئەسوەد بوو ـ وتی : لەناو خۆماندا دەری ئەکەین و ، لە وڵاتمان دووری ئەخەینەوە . جا کە لە ناوماندا دەرچوو ، ئیتر بەخوا باکمان نابێت بۆ هەر کوێ بڕوا ، یان بکەوێتە هەر شوێنێکەوە ، ئەو کاتە یەکێتیی و پێکەوە گونجانمان وەك جاران بۆ ئەگەڕێتەوە ..

ریش سپیی نەجدیی وتی : ئەم رایەش بە کەڵکتان نایەت . نابینن چەند قسە جوان و گوفتار شیرینە و ، دڵی پیاوان کەمەندکێش ئەکات ؟ دە بەخوا ئەگەر ئەوە بکەن ، ئەگونجێ بچێتە لای هۆزێکی عەرەب و شوێنی بکەون و ، پاشان پێشیان بکەوێ و بیانهێنێتە سەرتان و ، دەستتان بەسەردا بگرێ و ، کارتان لە دەست بستێنێ ، پاشان چیی بوێ پێتان ئەکات .. رایەکی تری بۆ بدۆزنەوە .

ئەبوجەهلی کوڕی هیشام وتی : بەخوا من لە بارەیەوە رایەکم هەیە ، بڕوا ناکەم هێشتا پەیتان پێی بردبێ . وتیان : ئەو رایە چی‌یە ، ئەبولحەکەم ؟ وتی : وای بۆ ئەچم کە ئێمە لە هەموو هۆزێك گەنجێکی شیکەی بەهێز و ، خاوەن نەسەب هەڵ ببژێرین و ، هەر گەنجێکیش لەوانە شمشێرێکی تیژی بدەینە دەست ، پاشان بچنە سەری و ، هەر هەموو بە جارێ بە شمشێر دایبگرنەوە و ، بی‌کوژن و، لە دەستی بحەسێینەوە .. چونکە ئەگەر ئەو گەنجانە وەها بکەن ، ئەوا خوێنی

لەناو هەر هەموو هۆزەکان‌دا بلاوە ئەکات و ، ئەو کاتەش نەوەی عەبدمەناف ناتوانن لەگەڵ ئەو هەمووە خەڵکەدا بجەنگن و ، ناچار ئەبن بە خوێن‌دان رازیی ببن . ئەو کاتە ئێمەش خوێنەکەی بۆیان کۆ ئەکەینەوە ..

ریش سپیی نەجدی (واتە ئیبلیس) وتی : قسە ئەمەیە کە ئەم پیاوە کردی ، ئەم رایە باشە و هیچ رایەکی تر بە کەڵك نایەت . بەم شێوەیە خەڵکەکە لەسەر ئەم رایە رێك کەوتن و ، پاشان بلاوەیان لێ کرد ..

کافرەکان بڕیارێکیان دا ، بەو هیوایەوە کە رووناکیی خوا لەسەر زەویی‌دا بکوژێننەوە ، خوای گەورەش بڕیاری داوە کە بە هۆی قورئانی پیرۆزەوە رێبازی خواناسان بە ئادەمی‌یەکان بگەیەنێ .. مرۆڤەکان هیدایەت بدات .. دوو هێز کەوتنە کار ، بەلاّم دژ بە یەکتریی .. هێزێکی یەکجار بالادەست و ، هێزێکی یەکجارلاواز ، کەوتنە زۆران‌بازیی ..

کە بڕیارەکەیان دا خوای گەورە جیبریلی ناردە خوارەوە بۆ لای پێغەمبەری ئازیز ﷺ و هەواڵی دایە کە کافران چ نیازێکی پیسیان کردووە و ، خوای گەورە فەرمانی وەهایە ئەمشەوی داهاتوو لەسەر جێگاکەی خۆی نەخەوێ ، بەڵکو هەر شەو کۆچ بکات ..

لەو بارەیەوە قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە و ، لە فێڵ و تەڵەکەی کافران ئاگاداری کرد ، کە ویستوویانە بەندی بکەن هەتا بمرێ ، یان دەری بکەن و لە مەککە دووری بخەنەوە ، یان بی‌کوژن وکۆتایی بە باسەکەی بێت .. جا دڵ خۆشیی ئەدایەوە کە ئەوانە لەبەردەم هێز و دەسەلاّت و تەگبیری خوای گەورەدا یەکجار دەستە پاچەن و هیچیان پێ ناکرێ ، کە ئەی‌فەرموو :

﴿ وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ ۚ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ ٱللَّهُ ۖ وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلْمَـٰكِرِينَ ﴾ (الأنفال : ٣٠) .[٢٧٣]

کە جیبریل سەلامی لێ بێ ئەم هەواڵەی هێنا ، پێغەمبەری خوا ﷺ لە قوڵەی گەرمای نیوەڕۆدا تەشریفی بۆ ماڵی ئەبوبەکر برد ، تا هەواڵی کۆچ‌کردنی هەردووکیانی پێ بدات . رۆژانی تر پێغەمبەری خوا ﷺ دوو جار ، بەیانیان و ئێواران ، سەری لە ماڵی ئەبوبەکر ئەدا .. عائیشە ئەڵێت :

[٢٧٣] هەندێ وتوویانە لە مەککە و ، هەندێ وتوویانە لە کاتی کۆچ کردن‌دا و ، هەندێکیش وتوویانە لە مەدینە هاتۆتە خوارەوە .

ڕۆژێکیان لە ماڵی خۆمــان دانیشــتبووین و، لـە قوڵـەی نیـوەڕۆدا یـەکێ بـە ئەبوبەکری وت : [٢٧٤] ئەوە پێغەمبـەری خوایـە ﷺ سەروچاوی بەسـتووە و لـەم ساتەدا تەشریفی هێناوە کە لەم کاتەدا تەشریفی نەهێناوە . ئەبوبەکر فـەرمووی : دایك و باوکم بە قوربانی بن ، بەخوا لەم کاتەدا کارێك هێناویەتی . پێغەمبـەری خوا ﷺ گەیشت و ، ئیزنی هاتنە ژوورەوەی خواست و ، ئـەوانیش ئیزنیـان دا و ، تەشریفی هاتە ژوورەوە . ئەبوبەکر لەسەر قەڵەوێرەکە کشایەوە هەتا ئەو لەسـەری دانیشت . پاشان بە ئەبوبەکری فەرموو : ((أخرج مَن عندك)) . فەرمووی : کێـت لەلایە با بچێتە دەرەوە . ئەبوبەکریش فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ! باوکم بە قوربانت بێ ، خێزانەکەی خۆتە . [٢٧٥]

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((فإنــي قد أذن لي في الخروج)) . فەرمووی : ماوەی منیش دراوە کۆچ بکەم . ئەبوبەکر لە خۆشیانا دەسـتی بـە گریـان کـرد و فەرمــووی : ئـەمەوێ هـاوەڵت بـم ، ئەی پێغەمبەری خوا . ئەویـش فـەرمووی : ((نعم)) .

عائیشە ئەڵێت : دە بەخوا بەر لـەو ڕۆژە هـیچ کـات نـەمزانیـوە کەسـێك لـە خۆشیانا گریا بێ ، هەتا ئەو ڕۆژە چاوم لێ بوو کە ئەبوبەکر ئەگریا !!

پاشان ئەبوبەکر فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەم دوو وشـترەم بـۆ ئەمـە ئامادە کردووە ، جا ، باوکم بە قوربانت بـێ ، یـەکێ لـەم دوو وشـترەم بـۆ تـۆ . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((بالثمن)) . فەرمووی : بەو مەرجەی پارەکـەیت بۆ بگێڕمەوە . [٢٧٦]

دوای ئەم تەگبیرە عەبدوڵڵای کوڕی ئورەیقیطیان بە کرێ گرت ، کە پیاوێك بوو لە نەوەی دەئلی کوڕی بیکر و ، دایکیشی لە نەوەی سەهمی کوڕی عەمر بـوو و ، هێشتا موسڵمان نەبووبوو .. بە کرێیان گرت ، تا ڕێیان پیشان بدات و ، ئەو دوو

---

[٢٧٤] لەوە ئەچێ ئەسمای کچی ئەبوبەکر بێت .

[٢٧٥] لە صەحیحی بوخارییدا ئەفەرموێ : ((إنما هم أهلك)) . چونکە عائیشە دەستگیرانی بووە و ئەسمائیش بۆتە ژن خوشکی . بەڵام لە سیرەدا ئەفەرموێ : دوو کچەکەمن .

[٢٧٦] خۆ ئاگادارین کە لە سەردەمی مەککەدا ئەبوبەکر چیی سامانی هەبوو لە پێناوی خوا و پێغەمبەرەکەیدا خەرجی کرد و ، ئەوەش کە مابوویەوە ڕۆژی کۆچ کردن لەگەڵ خۆیدا بردی و هیچی بۆ منداڵەکانی بەجێ نەهێشتبوو . بەڵام لێرەدا پێغەمبەری خوا ﷺ پێی خۆشە مەسرەفی هیجرەت ، بە بۆنەی ئەجر و پاداشتیەوە لەسەر خۆی بێت و بایی چوارصەد دیرهەمیش بووە .

وشترەش کە ئەبوبەکر ئامادەی کردبوون دایە دەستی عەبدوڵلا ، تا بەخێویان بکات بۆ کاتی دیاریی کراو ..

دوای ئەوەی کە نەخشەی کۆچ کردنیان کێشا ، پێغەمبەری خوا ﷺ گەڕایەوە ماڵی خۆیان و چاوەڕوان بوو کە شەو بێت .

لە لایەکی ترەوە ئەسماء و عائیشەش بەشداریی بەڕێخستنی هەردوو کۆچ کەریان کرد ، ئەویش بە پێچانەوەی خۆراکی پێویست . خواردنەکەیان خستە ناو دەفرێکەوە کە لە پێست دروست کرا بوو و ، کە ویستیان دەمی دەفرەکە ببەستن هیچیان دەست نەکەوت ، ناچار خاتوو ئەسماء پشتوێنەکەی پشتی خۆی کردەوە و کردی بە دوو کەرتەوە و ، بە کەرتێکی دەمی دەفرەکەی بەست و ، کەرتەکەی تریشی بەستەوە لە پشتی خۆی .

لای ئیبن سەعدیش وەها هاتووە کە پشتوێنەکەی کردووە بە دوو کەرتەوە و ، هەردوو کەرتەکەشی بۆ بەستنی دەمی دەفرەکە و دەمی کوندەکەی تر بەکار هێناوە ، بۆیە ناونرا (ذات النطاقين ـ خاوەن دوو پشتوێنەکە) .

لە سیرەی ئیبن هیشامدا وەها هاتووە کە چیرۆکی ئەم پشتوێنە دوای دەرچوون لە ئەشکەوتەکە رووی داوە ، کاتێك کە ئەو پیاوەی بە کرێیان گرتبوو هەردوو وشترەکەی هێناوە ، بەڵام لە صەحیحی بوخاریی‌دا ـ کە دیارە راسترە ـ وەها هاتووە کە ئەمە لە ماڵی ئەبوبەکردا رووی داوە پێش دەرچوونیان .

ئەو تاوانبارانەی کە زیاترحەزیان لە دژایەتیی ئیسلام بوو ، ئەو رۆژە هەر خەریکی خۆئامادەکردن بوون بۆ جێبەجێ کردنی ئەو نەخشەیەی کە سەر لە بەیانیی پەرلەمانی مەککە (دار الندوة) بڕیاری لەسەر دابوو و ، لەناو ئەو تاوان بارانەش‌دا یانزە کەسیان بۆ سەرۆکی ئەو کارە هەڵ بژارد کە ئەمانە بوون :

ئەبوجەهلی‌کوڕی هیشام و ، حەکەمی‌کوڕی ئەبولعاص و ، عوقبەی کوڕی ئەبوموعیط و ، نەضری کوڕی حاریث و ، ئومەییەی کوڕی خەلەف و ، زومعەی کوڕی ئەسوەد و ، طوعەیمەی کوڕی عەدیی و ، ئەبولەهەب و ، ئوبەی کوڕی خەلەف و ، نەبیهی‌کوڕی حەجاج و ، مونەببیهی کوڕی حەججاج .

دوای ئەوەی کە پێغەمبەری خواش ﷺ هەواڵی بە ئەبوبەکر دا و ، نەخشەی کۆچ کردنیان کێشا ، گەڕایەوە بۆ ماڵەوە . ئەوەبوو جیبریل سەلامی لێ بێ فەرمانی پیا دابوو کە شەو لەسەر جێگەکەی خۆی نەخەوێت .

کە دنیا تاریك داهات ، گەنجە قورەیشی‌یەکان ، کە فەرمانی کوشتنی ئازیزیان وەرگرتبوو ، هەموو پێکەوە هاتنە بەر دەرگاکەی پێغەمبەری خوا ﷺ و گەمارۆی ماڵەکەیان دا ، تا بزانن کەی ئەخەوێت و هێرش بکەنە سەری .. هەر یەکە بۆ خۆی شمشێری بە دەستەوە گرتبوو و چاوەڕوانی ئەوەبوو بە یەکجار هەڵمەتی بەرنە سەر .

ئەو ستەمکارانە متمانەی تەواویان بە سەرکەوتنی نەخشەکەیان هەبوو ، هەتا ئەوەبوو ئەبوجەهل بە فیز و دەمارێکەوە وەستا و ، بە گاڵتە و سووکایەتی‌یەوە رووی لە گەنجە شمشێر بە دەستەکان کرد و وتی : وەهای دەر ئەبڕێ کە ئەگەر ئێوە لەم کارەی‌دا دوای بکەون ، ئەبنە پادشای عەرەب و عەجەم و ، پاشانیش دوای مردنتان زیندوو ئەکرێنەوە و ، بە وێنەی باخ و باخاتەکانی ئوردن بەهەشتتان پێشکەش ئەکرێت ، خۆ ئەگەر وا نەکەن ئەوا سەربڕین بەشتانە و ، پاشانیش کە دوای مردنتان زیندوو کرانەوە ، ئەخرێنە ناو ئاگرەوە و ئەسووتێنرێن .

کاتی دیاریی‌کراو بۆ جێبەجێ‌کردنی ئەم پیلانە نامەردانەیە دوای نیوەشەو بوو .. بۆیە هەموویان بە وریایی‌یەوە چاوەڕوانی سەعاتی سفریان ئەکرد .. ئەوان نەخشەیەکیان ئەویست و ، خوای بەدەسەڵاتیش نەخشەیەکی تر ..

هەرچەند قورەیش هەرهەموویان خەریك بوون تا ئەم کارەیان بە جوانیی جێبەجێ بکەن ، خوای گەورە دۆڕان و شەرمەزاریی دنیا و قیامەتی کردە بەشیان ..

کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە دەورگیرانی ماڵەکەی ئاگادار بوو و ، شوێنی مەڵاس‌دانی گەنجە شمشێر بە دەستەکانی زانیی ، هەستی کرد کە پێویستە بە وردیی نەخشە بکێشن ، چونکە هەڵوێستەکە پڕ مەترسی‌یە و ، وریایی ئەوێ .. بۆ ئەمە فەرمانی بە ئیمام عەلیی دا ، کە ئەو کاتە گەنجێك بوو و ، پێی فەرموو : ((نَم علی فِراشي ، وتَسَجَّ ببردي هذا الحضرمي الأخضر، فإنه لن يخلص إليك منهم شيء تكرهه)) . فەرمانی بەسەردا دا کە لە نوێنەکەی خۆی‌دا بخەوێ و ، ئەو بوردە سەوزە حەضرەمی‌یەشی بدا بە خۆی‌دا و ، بەڵێنیشی پێ دا کە هیچ خراپەیەك لەلایەن ئەو گەنجانەوە نایەتە رێی .

ئیمام عەلیی بەوپەڕی سنگ فراوانی‌یەوە گوێڕایەڵی فەرمان بوو و ، لەسەر نوێنەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ خەوت و بوردەکەشی دا بە خۆی‌دا .. بەمە ئیمام بووە یەکەم گەنجێك لە ئیسلام‌دا کە ئامادە بێت خۆی بکاتە قوربانیی ، بەوەی کە

خۆی بکاتە قەڵغان بۆ پارێزگاریی پێغەمبەر ﷺ ، بە مەرجێ ئەیزانیی کە چەند مەترێك لە شمشێر و رمی ژەهراویی‌کراوی کافرانەوە دوورە ..

ئەم نەخشە جوانە جیبریل سەلامی لێ بێ ئاماژەی پێ کرد ، کە ئەوەبوو سەری لە بتپەرستەکان شێواند ، کە خێرا خێرا لە درزی دەرگاکەوە سەیریان ئەکرد وا کەسێك خەوتووە و ، واشیان ئەزانی کە پێغەمبەری خوایە ﷺ ، کەچیی عەلیی گەنج و پاڵەوان و فیداکار بوو خوا لێی رازیی بێ ..

کاتی ئەوە هات کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ماڵ دەر بچێ .. بتپەرستانیش وان لە پشت دەرگاوە ..

بتپەرستان هاتوون بە دەم نەخشەی شەیتانەوە .. لە هەمان کاتدا پێغەمبەری خواش ﷺ ئەیەوێت بچێت بە دەم نەخشەی پەروەردگاریەوە ..

جا چۆن بڕوا ، وا کافران دەوری ماڵەکەیان گرتووە و شمشێریان لە مشتدایە ؟

موسڵمان تا کوێ ئەتوانێ کار ئەنجام بدا پێویستە هەوڵ بدا و ، لە هەر کوێش توانای تەواو بوو ، ئەوا پشت بە خوا ئەبەستێ .. چونکە کار کاری خوایە و ، خۆی تەگبیری بۆ ئەکات .. بەم یەقینەوە ئازیزمان ﷺ خۆی ئامادەی دەرچوون کرد ..

بەشێك لە شەو رۆیشتبوو .. خوای گەورە فەرمانی دەرکرد بۆ چاوەکانیان تا لە بینینی ئازیز بکەون .. چاوەکانیش سەربازی خوا بوون و ، فەرمانبەردار بوون .. هاتە دەرەوە و ، مشتێك خۆڵیشی هەڵ گرت و بۆ زیاتر گاڵتەپێ‌کردنیان خۆڵی وەشاند بە سەریاندا و دەستیشی بە خوێندنی قورئانی پیرۆز کرد :

﴿يسٓ ۝١ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡحَكِيمِ ۝٢ إِنَّكَ لَمِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ۝٣ عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ۝٤ تَنزِيلَ ٱلۡعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ ۝٥ لِتُنذِرَ قَوۡمٗا مَّآ أُنذِرَ ءَابَآؤُهُمۡ فَهُمۡ غَٰفِلُونَ ۝٦ لَقَدۡ حَقَّ ٱلۡقَوۡلُ عَلَىٰٓ أَكۡثَرِهِمۡ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ۝٧ إِنَّا جَعَلۡنَا فِيٓ أَعۡنَٰقِهِمۡ أَغۡلَٰلٗا فَهِيَ إِلَى ٱلۡأَذۡقَانِ فَهُم مُّقۡمَحُونَ ۝٨ وَجَعَلۡنَا مِنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ سَدّٗا وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ سَدّٗا فَأَغۡشَيۡنَٰهُمۡ فَهُمۡ لَا يُبۡصِرُونَ ۝٩﴾ (يس : ١ ـ ٩) .

پیاوێکیان نەما خۆڵ بە سەریدا نەکرێت .. بە سوپاسێکی زۆری خواوە ئازیزمان بەرەو کاری خۆی ، بۆ ماڵی ئەبوبەکر رۆیشت و ، بتپەرستانیش

چاوەڕوان بوون کە نووستووی ژێر بوردە صەوزە حەضرەمی‌یەکە بێتە دەرەوە و دەستی لێ بووەشێنن ..

پێغەمبەری خوا ﷺ بە پەلە خۆی گەیاندە مالّی ئەبوبەکر و ، ئەبوبەکریش چاوەڕوانی هاتنی ئەو بوو ، تا گەشتەکەیان دەست پێ بکەن ..

شمشێر بە دەستەکان هەر چاوەڕوان بوون سەعاتی سفر بێتە بەرەوە ، کەچیی لە ناکاو پیاوێك لەولاوە هات و چاوی بەو گەنجانە کەوت کە لە دەرگادا وەستابوون ، پرسیی : چاوەڕوانی چیین ؟

وتیان : موحەممەد. وتی : خوا زەرەرۆمەندی کردوون . بەخوا موحەممەد لە ناوتاندا دەرچووە و ، خۆلّیشی کردووە بە سەری هەمووتاندا و ، چووە بە لای کاری خۆیەوە . نابینن چیتان بەسەر هاتووە ؟! هەر یەکەیان دەستی دا لە سەری خۆی ئەبینیٚ خۆلّی لەسەر وەستاوە . لەگەلّ ئەوەش‌دا هێشتا بڕوایان نەئەکرد ، لە درزی دەرگاکەوە سەیری ئەو نووستووەی ناو ژوورەکەیان ئەکرد کە بوردەکەی بە خۆیدا دابوو و ، ئەیان وت : بەخوا ئەوە موحەممەدە خەوتووە و بوردەکەی بە خۆیدا داوە .

هەر وا مانەوە هەتا رۆژ بوویەوە و دنیا رووناك بوو و ، چوونە ژوورەوە ئەبینن ئیمام عەلی‌یە ! وتیان : کوا موحەممەد ؟ فەرمووی : نازانم . ئیتر زانی‌یان کە لە دەستیان دەرچووە . بەمە تووشی خەم و خەفەتێکی زۆر هاتن بۆ لە دەست چوونی ئەو هەلە و ، سەرنەگرتنی نەخشە پیسەکەیان .

ئەم کۆچەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە شەوی (٢٧) ی مانگی صەفەری سالّی چواردەهەمی هاتنی وەحیی‌دا و ، بەرامبەر بە شەوی ١٣/١٢ ی مانگی ئەیلوولی سالّی (٦٢٢) ی زاینیی بوو . بەلاّم ئیبن ئیسحاق وتوویە لە هیلالی رەبیعی یەکەم‌دا بووە .

پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەلّ ئەبوبەکردا ئاو و خواردنیان لەگەلّ خۆیان برد و ، لە دەرگایەکی بچووکی دواوەی مالّەکەیانەوە دەرچوون تا هیچ کەس نەیانبینێ و ، بەر لەوەی رۆژ ببێتەوە مەککە بەجێ بهێلّن .

جا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەیزانیی کە قورەیش ئەوپەڕی هەولّ ئەدەن بۆ دۆزینەوە و دەستخستنی و ، ئەو رێیەش کە ئەوان ئەیگرنە بەر ئەو رێیەیە کە

بەرەو مەدینە ، بەرەو باکوور ئەڕوات ، بۆیە ڕێیەکی تری پێچەوانەی ئەو ڕێیەی گرتە بەر ، کە ئەویش ڕێی بەرەو باشووری مەککە بوو ، کە بەرەو یەمەن ئەڕوات.

بۆ ماوەی پێنج میل بەم ڕێیەدا ڕۆیشتن هەتا گەیشتنە چیای ثور ، کە چیایەکی بڵند و سەرکەشە و ، ڕێگاکەی سەختە و ، سەرکەوتن بۆی یەکجار گرانە و ، بەردی زۆری تێدایە و ، تا ئەوەبوو هەردوو پێی پێغەمبەری خوا ﷺ زامدار بوون . بۆیە ئەبوبەکر ناچار بوو کە گەیشتنە شاخ پێغەمبەری خوا بگرێت بە کۆڵەوە ، تا بە هەر حاڵێك بوو گەیاندیە ئەشکەوتێك لەسەر لووتکەی چیاکە ، کە بە ئەشکەوتی ثور ناسراوە .

کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ ویستی مەککە بەجێ بهێڵێ ڕووی کردە کەعبەی پیرۆز و فەرمووی : ((والله إنك لأحب أرض الله إلي ، وإنك لأحب أرض الله إلى الله، ولولا أن أهلك أخرجوني منك ما خرجت)) . رواه أحمد والترمذي وصححه .

فەرمووی : بەخوا تۆ خۆشەویستترین زەویی خوای بە لامەوە و ، خۆشەویست ترین زەویی خوایشی بەلای خواوە . خۆ ئەگەر خەڵکەکەت دەریان نەپەڕاندمایە بە جێم نەئەهێشتی .

لە ڕێگادا کە بەرەو ئەشکەوتەکە ئەڕۆیشتن پێغەمبەریخوا ﷺ کارێکی سەیری بە ئەبوبەکرەوە دیی .. سەیری کرد جارێك پێشی ئەکەوێ و ، جارێکیش دوای ئەکەوێ .. جارێك لەلای ڕاستەوە و جارێکیش لەلای چەپەوە ئەڕوا !! پێغەمبەری خوا ﷺبۆ ئەمە پرسیاری لێ کرد . ئەویش فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەوەم بیر ئەکەوێتەوە کە کافران بە دواتا بێن منیش لە دواتەوە ئەڕۆم و ، ئەوەشم بیر ئەکەوێتەوە کە ڕێت لێ بگرن منیش لە پێشتەوە ئەڕۆم . جارێکیش لای ڕاست و جارێکیش لای چەپت لێ ئەگرم ، چونکە دڵم لێت بێخەم نیە !

فەرمووی : ((یا أبابکر! لو کان شيء لأحببت أن یکون بك دوني ؟)) .

فەرمووی : ئەبوبەکر ! ئەگەر شتێ ڕوو بدات پێت خۆشە تووشی خۆت ببێ نەك من ؟! فەرمووی : بەڵێ ، بەو خوایەی کە حەقی پێدا ڕەوانە کردووی !!

بەردەوام لە تاریکیی شەودا و ، لە نێو بەرد و چەم و دۆڵدا ڕێیان بڕی هەتا گەیشتنە ئەشکەوتەکە .

کاتێکیش گەیشتنە لای ئەشکەوتەکە پێغەمبەری خوا ﷺ ویستی بچێتە ژوورەوە ، کەچیی ئەبوبەکر نەیهێشت پێشی بکەوێ و پێی فەرموو : لە شوێنی

خۆت بوەستە هەتا بزانم کە هیچی تێدا نیە ، خۆ ئەگەر شتێکی تێدابوو با تووشی من بێ نەك تۆ . کە چووە ژوورەوە باش پیایا گەڕا ، چەند کونێکی تێدا بوو ئیزارەکەی لەت کرد و ئەو کونانەی پێ گرت و تەنها دوو کونیان مان ، بە هەردوو پاژنەی پێی ئەوانیشی گرت ، پاشان بە پێغەمبەری خوای ﷺ فەرموو: وەرە ژوورەوە . کە چووە ژوورەوە ئەوەندە ماندوو بوو[٢٧٧] سەری خستە کۆشی ئەبوبەکر و پێی ئەوی کردە سەرین و خەوت .

بە فەرمانی خوا یەکێ لەو دوو کونەی کە ئەبوبەکر خوا لێی رازیی بێ بە پاژنەی پێی گرتنی مارێکی تێدا بوو و ئەبوبەکری گەست .. لەبەر خاتری پێغەمبەری خواش ﷺ تا خەوەکەی لێ تێك نەچێ و بەخەبەر نەبێتەوە ، ئەبوبەکر نەیتوانیی بجوولێتەوە . بەڵام ئەوەندە ئازاری گەستنەکە زۆر بوو ، فرمێسك لە چاوەکانی هاتنە خوارەوە .. چاری ئەوانی پێ نەکرا .. کەوتنە سەر دەم و چاوی پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەویش بەخەبەر هات .. فەرمووی : ((ما لك يا أبابكر ؟)). فەرمووی : ئەبوبەکر! ئەوە چیتە؟ فەرمووی : گەزرام ، دایك و باوکم بە قوربانت بن . ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ تفی لە شوێنی گەستنەکە دا و بە فەرمانی خوا چاك بوویەوە ..[٢٧٨]

ئەوەش ریوایەت کراوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك لەگەڵ ئەبوبەکری هاوەڵیدا خوا لێی رازیی بێ چوونە ناو ئەشکەوتەکەوە خوای گەورە فەرمانی دا درەختێك لە دەرگای ئەشکەوتەکەدا سەوز بوو و لقەکانی دەرگاکەیان داپۆشیی و، خوای گەورە بە ئیلهام فەرمانیشی بە جاڵجاڵۆکەدا دا تا لقەکانی ئەو درەختە بە دەزووەکەی بتەنێ و ، بە ئیلهامیش فەرمانی دا دوو کۆترە کێویلە لە نێو لقەکانی ئەو درەختەدا هێلانەیان بەست و هێلکەیان تیا کرد .[٢٧٩] ئەم سێ نیشانەیە

---

[٢٧٧] مامۆستا (محمد بن محمد أبو شهبة) لە (السيرة النبوية في ضوء القرآن والسنة) ، بەرگی یەکەم لاپەڕە (٤٧٨) دا باسی ئەوە ئەکات کە ئەو رێیە بۆ ئەشکەوت یەکجار سەختە و ، ئەوان لە سەردەمی گەنجیی‌دا کە سەرکەوتوون سەعاتێك زیاتریان پێ چووە و ، ئەوەندە بەردیشی زۆر بووە پێڵاوەکانیان لە پێیانا دراون . ئەی داخۆ کەسێك لە شەوی تاریك دا و دوژمن راوی بنێ ئەو رێیە چەند بۆی نارەحەت بوو بێت ؟

[٢٧٨] ئەم چیرۆکە رەزینی عەبدەریی لە عومەری کوڕی خەططابەوە خوا لێی رازیی بێ ریوایەتی کردووە و ، ئەوەشی تێدا هاتووە کە دوایێ ئەو ژەهرە لە کاتی مردنیدا کاریگەریی هەبووە .

[٢٧٩] ئیمام ئەحمەد و بەززار هەر یەکە لە موسنەدەکەی خۆیدا و ، قاسمی کوڕی ثابیتیش لە (الدلائل) دا (شرح المواهب : ١ / ٢٩٩) حافیظ ئیبن عەساکیریش (البداية والنهاية : ٣ / ١٨١ ، ١٨٢) ئەم

کاریگەریی چاکیان هەبوو لە چەواشەکردنی موشریکەکان تا بگەڕێنەوە و نەچنە ناو ئەشکەوتەکەوە .

ئەم دەرچوونەی پێغەمبەری خوا ﷺ یەکجار نهێنیی بوو ، بۆیە تەنها ئەبوبەکری صددیق و ئیمام عەلیی بەو دەرچوونەیان ئەزانیی ، کە ئەوەبوو فەرمانی بە ئیمام‌دا دا لە نوێنەکەی‌دا بخەوێ ، تا کافران چەواشە بکات و ، کە رۆژیشی لێ بوویەوە چیی سپاردە و شتی بەنرخی لە لا دانرا بوو ، بیداتەوە دەست خاوەنەکانیان . چونکە هەر کەسێ لە مەککەدا چشتێکی نەختینەی ببوایە ، لەلای پێغەمبەری خوا ﷺ دای ئەنا ، چونکە جێی متمانەی هەموان بوو . دیارە ئەو کەل و پەل و زێڕ و زیوانە هی موسڵمانەکان نەبوون ، بەڵکو هی کافرەکان بوو. چونکە موسڵمانەکان مەککەیان بەجێ هێشتبوو و ، مەککە تەنها بت پەرستانی تێدا مابوونەوە . ئەمەش ئەوپەڕی متمانە بوو کە کافران بە پێغەمبەری خوایان ﷺ هەبوو ، کە سیانزە ساڵی رەبەق بوو لە دژایەتیی و زۆرانبازیی‌دا بوون و ، هەوڵی تەواویان ئەدا کە موسڵمانەکان ریشەکێش بکەن ، بە تایبەتیی برسیی‌کردنی گەورە و بچووکیان بۆ ماوەی سێ ساڵ بە پێی یاسا و بڕیارێکی ستەم کارانە .. هەر ئەو متمانەیە بوو کە سەری ئەکێشا تا کابرای کافر ویژدانی ببزوێ و خۆی بە تاوانبار بزانێ کاتێ کە ئەچوو بە گژ سوپای ئیمان‌دا .. جا مامۆستای پایەبەرز ئەبولئەعلای مەودوودیی رەحمەتی خوای لێ بێ هۆیەکی شکستی قوڕەیش لە بەدردا بۆ ئەوە ئەگێڕێتەوە کە قوڕەیشیی‌یەکان بەوە ورەیان بەردا بوو لە دڵەوە لە خۆیان ئەپرسیی : من بە گژی کێ‌دا ئەچم ؟ بە گژی موحەممەددا ، کە ئەو شەوەی رای کرد سپاردەکەی ناردەوە بۆم ؟ ئەو بیویستایە نەی ئەگێڕایەوە .. ئەمە هۆیەکی نەفسیی بوو بۆ شکانی قوڕەیش لە بەدردا .

ئێستا با سەرێك لە گەنجە شمشێر بەدەستەکان بدەینەوە ، کە لە دەرگادا وەستا بوون و ، وایان ئەزانیی ئەوەی کە نووستووە پێغەمبەرە ﷺ . هەتا لە نێوان خۆیان دا وت و وێژی ئەوەیان بوو کە کامیان لە پێشەوە شێرشی بکاتە سەر و دەست و پەلی ببەستێ . ئەوەبوو پیاوێك هات هەواڵی دانێ کە پێغەمبەری خوا لە دەستیان دەرچووە .

چیرۆکەیان ریوایەت کردووە .. هەروەها سەیری تەخریجی ئەمە لە (کلیات رسائل النور : ٢ / المکتوبات / ٢١٥) بکە .

کە قورەیش لە دەست دەرچوونی پێغەمبەریان ﷺ کەوتە گوێ چاویان پەڕییە تەوقە سەریان ، بۆیە کەوتنە گەڕان بە دوایا و ، بەڵێنیان دا کە هەر کەسێ دەستی بخات ، چ بە زیندوویی و چ بە مردوویی ، صەد وشتر بکەنە خەڵاتی و ، ئەوانەش کە لە شوێن پێ هەڵ گرتن‌دا شارەزایی‌یان هەبوو هەموویان ناردن ، تا هەموو ڕێگاکان بگەڕێن و شوێن پێی هەڵ بگرن و ، بی‌دۆزنەوە ، کە لەوانە : کەرزی کوڕی عەلقەمە و ، سوراقەی کوڕی جەعشەم بوون ـ کەوتنە شوێنیان هەتا گەیشتنە کێوی (ثەور) و ، سەرکەوتنە سەر چیاکە و گەیشتنە دەمی ئەشکەوتەکە .

لێرەدا قورەیشی‌یەکان سەرسام مان : ئەگەر چووبنە ناو ئەشکەوتەکەوە ، ئەی چۆن داوی جاڵجاڵۆکەکە نەدڕاوە و ، هێلکەی کۆترەکەش نەشکاون؟

ئایا پێویست ئەکات بچنە ناو ئەشکەوتەکەوە؟ یەکێکیان ویستی بچێتە ژوورەوە ، ئەوەبوو یەکێکی تریان وتی : ئەم داوی جاڵجاڵۆکەیە هی پێش لە دایك بوونی موحەممەدە!!

بەم شێوەیە خوا کوێری کردن و وازیان لە ئازیز و هاوەڵەکەی هێنا..

بەڵام ئەوەبوو ماوەیەك لە بەردەم ئەشکەوتەکەدا وەستان و قسە و باسیان ئەکرد ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەبوبەکری هاوەڵی گوێیان لێیان بوو .. هەتا ئەبوبەکر زۆر ئەترسا پێیان بزانن و پێغەمبەری خوا ﷺ تووشی ناڕەحەتیی ببێ ، بۆیە ئەی‌فەرموو : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەگەر کەسێکیان سەیری ژێر پێی بکات ئەمان بینێ .. پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی : ((ما ظنك ، يا أبابكر! بإثنين الله ثالثهما ؟)) فەرمووی : ئەبوبەکر! ئەگەر خوای گەورە چاودێری دوو کەس بێ و ، لە پشتیان بێت ، ئەبێ کێ بتوانێ زیانیان پێ بگەیەنێ ؟ لە ڕیوایەتێکی تردا ئەوەش هاتووە کە کافرەکان هەموو شاخەکانی مەککە ئەگەڕێن ، تا ئەگەنە ئەو شاخەی کە ئەوانی لێ بوو .. ئەبوبەکر چاوی لە پیاوێك بوو کە بەرامبەر بە دەرگای ئەشکەوتەکە وەستا بوو ، بۆیە فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەمان بینێ . فەرمووی : ((كلا إن ملائكة تسترنا بأجنحتها)) . فەرمووی : نەخێر مەلائیکەتێك بە باڵەکانی ئێمەی داپۆشیوە . ئەو پیاوە دانیشت و ڕوو بە ڕووی ئەشکەوتەکە میزی کرد . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((لوكان يرانا ما

فعل هذا)) . فەرمووی : گەر ئێمەی بدیایە وەهای نەئەکرد . خوای گەورەش قورئانی نارده خوارەوە کە ئەیفەرموو :

﴿ إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ ٱللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ثَانِىَ ٱثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِى ٱلْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَٰحِبِهِۦ لَا تَحْزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا ۖ فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُۥ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلسُّفْلَىٰ ۗ وَكَلِمَةُ ٱللَّهِ هِىَ ٱلْعُلْيَا ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٤٠﴾ ﴾ (التوبة : ٤٠) .

لە هەمان کاتدا گەنجەکان کە چوونە ژوورەوە و دییان وا عەلیی لەوێیە ، رقیان هەستا و ، رایان کێشا هەتا گەیاندیانە کەعبە و ، بۆ ماوەی سەعاتێکیش بەندیان کرد ، بەو هیوایەی هەواڵێکیان لێوەی دەستگیر ببێ .

جا کە لە عەلیەوە هیچیان دەست نەکەوت ، خۆیان گەیاندە ماڵی ئەبوبەکر .. ئەسمای کچی ئەبوبەکر ، خوا لێیان رازیی بێ ، ئەڵێت : کە پێغەمبەری خوا ﷺ و باوکم کۆچیان کرد ، چەند پیاوێکی قورەیشیی ، کە ئەبوجەهلیشیان لەگەڵدا بوو، هاتنە بەر دەرگاکەمان و وەستان . منیش هاتمە دەرەوە بە دەمیانەوە . وتیان : ئەی کچی ئەبوبەکر ! باوکت لە کوێیە ؟ وتم : بەخوا نازانم باوکم لە کوێیە . ئەبوجەهل ، کە پیاوێکی بەدڕەفتاری پیس بوو ، دەستی بەرز کردەوە و زللەیەکی لێ دام و گوارەکەی گوێمی پەڕاند !!

نامەردی بێئیمان ، لە هەموو چەرخێكدا ئەمە رەفتاریەتی .. سزا و ئازاردانی ئافرەت و منداڵ بە ئازایەتیی ئەزانێ ..

هەروەها خاتو ئەسماء ئەڵێت : کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەبوبەکر کۆچیان کرد ، ئەبوبەکر هەموو سامانەکەی لەگەڵ خۆیدا برد ، کە پێنج یان شەش هەزار دیرهەم بوو . کە بردی و رۆیشت ئەبوقوحافەی باپیرم کە چاوەکانی لە دەست دابوون هات بۆ لامان و ، وتی : بەخوا من وەهای ئەبینم وەك خۆی رۆیشتووە سامانەکەشی بردووە و جەرگی ئێوەی بڕیوە . منیش وتم : نەخێر بابەگیان ! خێر و بەرەکەتێکی زۆری بۆمان بەجێ هێشتووە . ئەڵێت : کۆمەڵە بەردێکم کۆکردنەوە و لە گۆشەیەکی ماڵەکەدا ، کە هەموو جارێ باوکم پارەی تیا دائەنا ، دام نان و ، بە کراسێك دام پۆشین و ، دەستیم گرت و بردم و پێم وت : بابەگیان ! دەست بخەرە سەر ئەمە ، ئەویش دەستی خستە سەری و وتی : خراپ

نیە ، ئەگەر ئەمەی بۆتان بەجێ هێشتبێ چاکی کردووە و ، ئەمەش بەشتان ئەکات .. نا بەخوا هیچی بۆمان بەجێ نەهێشتبوو ، بەڵام من ویستم بەوە دڵی ریش سپی‌یەکە دابمرکێنمەوە .

بەڵێ ، ماڵ و منداڵی ئەبوبەکر ، هەتا شوانەکەشی ، هەر هەموویان بە دڵ و بە گیان خزمەتی ئیسلامیان ئەکرد و ، باکیان لە قوربانیی‌دان و خۆفیداکردن نەبوو ، بە تایبەت لە کاتی کۆچ‌کردن‌دا .. ئەوەبوو خاتو ئەسماء پشتوێنەکەی لەت کرد و کەل‌وپەلی سەفەری پێچایەوە بۆیان . هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوبەکر کە لە تافی لاویی دابوو و ، عامیری کوڕی فوهەیرەش ، کە بەندەی ئازادکراوی ئەبوبەکر بوو و ، شوانی مەڕەکانی بوو ، هەر یەکەیان دەوری گرنگیان بینیی .

بوخاریی لە خاتو عائیشەوە ئەگێڕێتەوە کە وتوویە :

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەبوبەکر خۆیان گەیاندە ئەشکەوتێکی چیای ثەور و ، لەوێ سێ شەو مانەوە . عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوبەکریش ، کە تازە لاوێکی ژیکەڵە و عاقڵ بوو ، شەو لە ئەشکەوتەکەدا لەلایان ئەمایەوە و ، بەیانیی زوو کە هێشتا تاریك بوو ئەوانی بەجێ ئەهێشت و خۆی ئەگەیاندەوە لای قوڕەیش هەروەك شەو لە مەککەدا خەوتبێ . هەر کە نەخشە و پیلانێکی قوڕەیشی ببیستایە جوان لێی ئەگەیشت و ، کە ئێوارە تاریکی ئەکرد هەواڵەکەی ئەهێنایەوە بۆیان و ، عامیری کوڕی فوهەیرەی مەولای ئەبوبەکریش ، کە بڕکە مەڕێکی لە نزیکیانا ئەلەوەڕاند ، کە سەعاتێك لە شەو تێ ئەپەڕیی مەڕەکانی ئەهێنایەوە لای ئەوان ، تا ئەوانیش ئەو شەوە شیر و ماستی بڕکە مەڕەکە بخۆن و، لەگەڵ بەرەبەیانیش‌دا عامیری کوڕی فوهەیرە لە مەڕەکان ئەخوڕیی .. هەموو شەوێ ئەمەی دووبارە ئەکردەوە .

عامیر بەم کارەی شوێن پێ‌کانی عەبدوڵڵای بە بڕکە مەڕەکە ئەسڕیەوە ، تا بە بۆنەی شوێن پێی ئەوەوە ، کافران نەیان دۆزنەوە ..

بەیهەقیی لە (دلائل النبوة) دا ، وەك لە (الكنـز الجديـد : ١٣٥/١٤) دا هاتووە لە ئیبن سیرینەوە تەخریجی کردووە کە وتوویە:

لە سەردەمی عومەردا خوا لێی رازیی بێ ناوی چەند پیاوێك برا ، هەر وەك فەزڵی عومەر بەسەر ئەبوبەکردا بدەن ، خوا لە هەردووکیان رازیی بێ ، ئەمە گەیشتەوە بە عومەر ، ئەویش فەرمووی : بەخوا ! تاقە شەوێکی ئەبوبەکر لە ئالی

عومەر چاکترە و ، تاقە رۆژێکیشی لە ئالی عومەر چاکترە . ئەوەبوو ئەو شەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بەرەو ئەشکەوتەکە ، لەگەڵ ئەبوبەکردا کەوتە رێ ، ئەبوبەکر ساتێك لە پێشیەوە و ، ساتێکیش لە دوایەوە ئەڕۆی ، تا کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەستی پێ کرد فەرمووی : ((یا أبابکر! ما لك تمشي ساعة خلفي وساعة بين يَدَيَّ ؟)) فەرمووی: ئەبوبەکر! ئەوە چیتە ساتێك لە دوامەوە ساتێکیش لە پێشمەوە ئەڕۆی ؟ فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ! کە ئەوەم بیر ئەکەوێتەوە لە دواتەوە بێن بۆت لە دواتەوە ئەڕۆم و ، کە ئەوەشم بیر ئەکەوێتەوە کە رێت لێ بگرن ، لە پێشتەوە ئەڕۆم . فەرمووی: ((یا أبابکر! لوکان شيء لأحببتَ أن یکون بك دوني ؟))..... هتد

سێ شەو لە ئەشکەوتەکە خۆیان حەشار دا : شەوی جومعە و ، شەممە و ، یەك شەممە . پاشان کە کافرەکان وازیان لە گەڕان هێنا ، لە ئەشکەوتەکە دەرچوون .. وەك لە پێشەوەش باس کرا پیاوێکیان لە نەوەی (دیل) ، کە ناوی عەبدوڵڵای کوڕی ئورەیقیط بوو ، بە کرێ گرت ئەم پیاوە زۆر شارەزای رێگا بوو و ، هاوپەیمانی ئالی عاصی کوڕی وائیلی سەهمیی بوو و ، بە وێنەی قورەیشییەکان بتپەرست بوو ، کەچیی ئەمان متمانەیان بە مەردایەتیی و دەست پاکیی ئەم پیاوە ئەکرد ، بۆیە هەردوو وشترەکەیان دایە دەستی و ، کاتیان بۆ دیاریی کرد کە دوای سێ شەو و لە بەرەبەیانی سێ‌هەم‌دا بێتە بەر دەرگای ئەشکەوتی ثەور هەردوو وشترەکەش ئامادە بکات . عامیری کوڕی فوهەیرەش بۆ خزمەت کردن و یارمەتییدانیان لەگەڵیان کەوتە رێ ، کە بە نۆبە سواری وشترەکەی ئەبوبەکر ئەبوون .. بەمە بوون بە چوارکەس .

کە عەبدوڵڵای کوڕی ئورەیقیط لەگەڵیان کەوتە رێ بەرەو باشووری مەککە بردنی ، پاشان بەرەو رۆخی دەریا و لە خواروی عوسفانەوە [٢٨٠] بردنی ، پاشان لە خوارووی (ئەمج)ەوە بردنی ، پاشان تێ پەڕی پێ‌کردن و ، دوای تێپەڕبوون لە قودەید لە رێگاکە کردنیە ئەوبەر و ، لەوێشەوە تێپەڕی پێ کردن و ، بەرەو (خەڕرار) کەوتە رێ کە نزیکی جوحفەیە .. ئەم رێگایە کە ئەوان گرتیانە بەر رێیەکی چۆڵ بوو و کەم کەس پیایا هات و چۆی ئەکرد .. دەست‌پێ‌کردنی کۆچ ، لە ئەشکەوتی ثەورەوە ، لە شەوی دووشەممەی یەکەم شەوی مانگی رەبیعی

[٢٨٠] عوسفان : ئەکەوێتە نێوان مەککە و مەدینە کە سێ قۆناغ لە مەککەوە دوورە .

یەکەمی ساڵی یەکەمی کۆچیی بەرامبەر بە شانزەی ئەیلوولی ٦٢٢ ز بووە .
هەروا لەسەر ڕەوتی خۆیان بەردەوام بوون هەتا ئەوەبوو لە ڕۆژی دووشەممەی هەشتەمی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی یەکەمی کۆچیی بەرامبەر بە ٢٣ی ئەیلوولی٦٢٢ ز پێغەمبەری خوا ﷺ لە قەباء دابەزیی .

لە هەندێ ڕیوایەتیش‌دا لە ڕۆژی دووشەممەدا گەیشتوون ، کە دوانزەی ڕەبیعی یەکەم بووە و ، لە قوڵەی چێشتەنگاودا ، کە خەریك بووە خۆر بگاتە ناوەڕاستی ئاسمان ، لە قەباء بوونەتە میوانی نەوەی عەمری کوڕی عەوف .

کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەکەوێتە رێ ئەم دۆعایە ئەخوێنێ :

ئەبونوعەیم لە ڕێی ئیبراهیمی کوڕی سەعدەوە ، لە موحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە تەخریجی کردووە کە وتوویە : پێم گەیشتووە کە کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ڕەزامەندیی خوا لە مەککەوە بەرەو مەدینە کۆچی کرد ، فەرمووی : ((الحمدُ لله الذي خَلَقَني ولم أكُ شيئاً ، أَللّهمَّ ! أعِني على هولِ الدنيا وبوائق الدهر، ومصائب اللَيالي والأيام . أللهم ! اصحَبني في سفري ، واخلفني في أهلي وبارِك لي فيما رَزَقتني ، ولك فَذَلِّلني وعلى‌صالحِ خُلُقي فَقَوِّمْني ، وإليكَ ربِّ فَحَبِّبْني وإلى الناسِ فلا تكلْني ، ربَّ المُستَضعفين وَأنتَ رَبِّي، أعُوذُ بوَجهكَ الكريم الذي أشرقَتْ لَه السَماوات والأرضُ وكُشفَت به الظلماتُ ، وَصَلُحَ عليه أمرُ الأوَّلين (والآخرين) أن تُحلَّ عَليَّ غَضبَكَ ، وتُنزِلَ بِيَ سَخَطك ، أعوذُ بكَ من زَوالِ نعمَتكَ وَفُجاءَةَ نقمَتكَ ، وَتحوُّلَ عافيَتكَ ، وَجَميعِ سَخَطكَ ، لك (العُتبى) عندي خيرُ ما استطعْتُ وَلاَ حَولَ ولا قُوَّةَ إلا بكَ)) .كذا في البداية (٣ / ١٧٨) .

ئەفەرموێ : سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە منی لە هیچەوە بەدیی هێنا .. خوایە! لە ترس و لەرزی دنیا و ، کارەساتی زەمانە و ، بەلا و موسیبەتی ڕۆژگاردا یارمەتییم بدەی .. خوایە ! خۆت هاوەڵی ئەم سەفەرم و ، سەروکاریی‌کەری ماڵ و منالّم بە و ، فەڕ و بەرەکەتیش بخەرە ئەو رزقەمەوە کە پێمت بەخشیوە و ، لەبەر دەستی خۆتت‌دا زەلیلم بکەی و ، لەسەر چاك‌ترین ڕەوشتم دامەزراوم بکەی و ، پەروەردگارم ! بەلای خۆتەوە خۆشەویستم بکەیت و، نەم‌کەیتە کارێك پشت بە خەڵکیی ببەستم . ئەی پەروەردگاری منیش و ، مرۆڤە لاوازەکانیش ! پەنا بە ڕووی پیرۆزت ئەگرم کە ئاسمانەکان و زەویی پێی ڕۆشن بوونەتەوە و ، تاریکیی‌یەکان پێی ڕەویونەتەوە و ، کاروباری پێشینە و دواییینەی پێ چاك بووە ،

تا خەشم وقین و ڕەنجانت بەسەرمدا نەبارێت . پەنات پێ ئەگرم ، تا نیعمەتـەکانت لێم نەسەنرێنەوە و ، لە ناکاودا پـێم نـەنوێنیت و ، لـەش سـاغیی و بـێوەییم لێ نەسەنیتەوە و ، بە یەکجاریی لێم نەڕەنجێیت . گەڕانەوەش لە هـەر شتێ کـە تـۆ پێت ناخۆش بێ بۆ سەر هەر شتێ کە تۆ پێت خۆش بێ چاکترین کارێکە کـە مـن بتوانم ئەنجامی بدەم و ، هەموو هەوڵ و هێزێکیش هەر بە دەستی خۆتە .

ئەوەبوو لە ڕێی کۆچ کردندا هەندێ ڕووداو ڕوویان دا :

یەکەم : بوخاریی لە ئەبوبەکری صددیق ەوە خوا لێـی ڕازیـی بـێ ڕیوایـەتی کردووە کە فەرموویە : شەو ڕێمان بڕیی و بەیانییش هەر ڕۆیشـتین هـەتا نزیکـەی نیوەڕۆ و ، ڕێ چۆڵ بوو و ، کەس هاتوچۆی نەئەکرد . ئەوەبوو بەردێکی بەرز هاتە ڕێمان کە سێبەری هەبوو و خۆری لێ نەکەوتبوو . لـەوێ دابـەزین و ، بـە دەسـت شوێنێکم بۆ پێغەمبەر ﷺ چاك کرد هەتا تیایا بخەوێ و فەروویەکم بـۆ ڕاخسـت و وتم : بخەوە ، ئەی پێغەمبەری خوا ! خۆم چاودێرییت ئەکـەم . خـەوت و، مـنیش چوومە دەرەوە تا چاوم لە دەور و بەرمان بێت ، ئەبینم وا شوانێك بە مەڕەکانیەوە بەرەو بەردەکە دێ ، تا وەك ئێمە بچێتە ژێر سێبەرەکەیەوە . وتم پێی : تۆ شـوانی کێیت ، ڕۆڵە؟ وتی : شوانی پیاوێکی مەدینە یان مەککەم . وتم : ئایا مەڕەکانت شیریان تێدایە ؟ وتی : بەڵێ . وتم : بۆمان ئەدۆشـیت ؟ وتـی: بـەڵێ . مـەڕێکی گرت و وتم : گوانی لە خۆڵ و موو و شتی تر پاك بکەرەوە .. شیری دۆشـییە نـاو دەفرێکەوە و ، منیش دەفرێکم پێ بوو ، بۆ پێغەمبەرم هەڵ گرتبوو تا ئاوی تێـدا بخواتەوە و دەستنوێژی پێ بگرێ . هاتمە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و پێیشم نـاخۆش بوو کە لە خەو هەڵی بستێنم . کاتێ کە هەستا ئاوم کرد بەسەر شـیرەکەدا هـەتا بنی سارد بوویـەوە ، وتم : فـەرموو بخـۆرەوە ئـەی پێغەمبـەری خـوا . ئەوەنـەی خواردەوە تا من ڕازیی بووم ، پاشان فـەرمووی : ((ألـــم يـأن الرحيــل ؟)) . فەرموو: کاتی ڕۆیشتنمان نەهاتووە ؟ وتم : بەڵێ . فەرمووی : ئیتر کەوتینە ڕێ .

دووهەم : هەروەها بەیهەقیی و ، ئیبن عەسـاکیر لـە ئەبوبـەکرەوە خـوا لێـی ڕازیی بێ تەخریجیان کردووە کـە فەرموویـە : لەگـەڵ پێغەمبـەری خـوادا ﷺ لـە مەککەوە کەوتینە ڕێ ، (لە گەشتی کۆچ کردندا) تا گەیشـتینە ئاوەدانیـیەکی عەرەب . پێغەمبەری خوا ﷺ سـەیری ماڵێکی کرد لە کەنارەوە و ، ڕووی لێ نا. کە دابەزین ، تەنها ئافرەتێکی لێ بوو ، ئەویش وتی : ئـەی بەنـدەی خـوا ! مـن

ئافرەتم و کەسیشم بەلاوە نیە ، ئەگەر میوان‌دارییتان ئەوێ بچن بۆ لای سەرداری هۆز .

پێغەمبەری خوا ﷺ بە گوێی نەکرد ـ ئەمەش لای ئێوارەوە بوو ـ کوڕێکی ئافرەتەکە چەند بزنێکی خۆی دابووە بەر و هاتەوە .. دایکی پێی وت : رۆڵە ! ئەم بزن و چەقۆیە بەرە بۆ ئەو دوو پیاوە و پێیان بڵێ : دایکم ئەڵێت : ئەم بزنە سەر ببڕن و خۆتان تێر گۆشتی لێ بخۆن و بەشی ئێمەش بدەن . کاتێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ((إنطلق بالشفرة وجئني بالقدح)) . فەرمووی : چەقۆکە بەرەوە و قاپێکم بۆ بهێنە . وتی : نەلەوەڕاوە و ، شیری تێدا نیە . فەرمووی : ((إنطلق)) . کوڕەکە رۆیشت و قاپێکی هێنا.. پێغەمبەر ﷺ دەستی بە گوانی بزنەکەدا هێنا . پاشان شیری دۆشیی ، هەتا قاپەکەی پڕ کرد . پاشان فەرمووی : ((إنطلق به إلى أمك)) . فەرمووی : بیبە بۆ دایکت . ئافرەتەکە تێر شیری خواردەوە . پاشان کوڕەکە قاپەکەی هێنایەوە و فەرمووی: ((إنطلق بهذه وجئني بأخرى)) . فەرمووی : ئەم بزنە بەرەوە و یەکێکی ترم بۆ بهێنە . وەهاشی بەمیش کرد و ، ئەبوبەکری لە شیر تێر کرد و ، بزنێکی تری هێنا و ، وەهاشی بەمیش کرد و ، پێغەمبەریش ﷺ لە شیر تێر بوو ، ئەو شەوە لەوێ مانەوە و ، پاشان کەوتینە رێ .. ئەو ئافرەتە پێغەمبەری ﷺ ناو نابوو موبارەك . ئەوەبوو مەڕەکانی ئەوەندە زۆر بوون جەڵەبێکی لێیان هێنا بۆ مەدینە . لەو کاتەدا ئەبوبەکری صددیق تێپەڕی و کوڕی ئافرەتەکەش چاوی پێ کەوت و ناسییەوە . وتی: دایکەگیان ! ئەمە ئەو پیاوەیە کە لەگەڵ موبارەك‌دا بوو . دایکیشی هەستا بۆ لای و وتی : ئەی بەندەی خوا ! ئەو پیاوەی کە لەگەڵت‌دا بوو کامەیە ؟ فەرمووی : نازانی کێیە؟ وتی : نەخێر . فەرمووی : پێغەمبەرە ﷺ . وتی: دە بم بە بۆ لای . ئەبوبەکر بردییە خزمەتی و پێغەمبەریش ﷺ دەعوەتی کرد و ، دیاریی و پێشکەشیی پێ دا . ئافرەتەکەش هەندێ کەل و پەلی ئەعرابی پێشکەش کرد و ، پێغەمبەریش ﷺ جل و بەرگی بۆ کرد و دیاریی تری دایە ، ئەویش موسڵمان بوو .

قال إبن كثير : سنده حسن .كذا في الكنـز (٨ / ٣٣٠) .

سێهەم : ئەبوبەکر خوا لێی رازیی بێ پیاوێکی بەساڵ‌دا چوو بوو ، هەرچەندە بە تەمەن لە پێغەمبەری خوا ﷺ گەنج‌تر بوو ، بەڵام بە پیرتر پێش چاو ئەکەوت .

جا لەبەر ئەوەی ئەبوبەکر خەریکی بازرگانیی و گەشت و گەڕان بوو ، لە نێوان ڕێی مەککە و مەدینەدا زۆر بینرا بوو و خەڵکێکی زۆر ئەیان ناسیی . جا کە تووشی کەسێك ئەهاتن و پێغەمبەری خوای ﷺ نەئەناسیی ، ئەیپرسیی : ئەبوبەکر ! ئەم پیاوەی لەگەڵتایە کێیە ؟ ئەویش ئەیفەرموو : پیاوێکە ڕێم پیشان ئەدا . ئەو کەسە وای ئەزانیی دەلیلی ڕێگایە ، کەچیی مەبەستی ئەبوبەکر ئەوەبوو کە ڕێی خێر و چاکەی پیشان ئەدا ..

ئەم کارەی ئەبوبەکر بە ئامۆژگاریی پێغەمبەری خوا بوو ، ئیبن سەعد لە (الطبقات) دا باسی ئەوەی کردووە کە پێغەمبەر ﷺ بە ئەبوبەکری فەرمووە : ((أَلْهِ الناسَ عني)) . فەرموویە : دەربارەی ناسینم خەڵك چەواشە بکە . چونکە کاتەکە زۆر ناسك بوو و کافران بە کوڵ بە دوایا ئەگەڕان . لە ڕێگادا گەر کەسێك ئەبوبەکری نەناسیبا ئەیپرسیی : تۆ کێیت ؟ ئەویش ئەیفەرموو: بە دوای پێویستیی خۆما ئەگەڕێم . خۆ ئەگەر بوترایە ئەمە کێیە لەگەڵتا ؟ ئەیفەرموو: ڕێنیشان دەرە و ڕێم نیشان ئەدا ..

چوارەم : هەر لە ڕێی مەدینەدا پێغەمبەر و هاوەڵانی دایان بە لای چادرەکەی ئوممەعبەددا ، کە لەوێش موعجیزەیەکی تری پێغەمبەری خوا ﷺ دەر کەوت و، لە هەمان کاتدا لێهاتن و ، مەردایەتیی و ، سەخاوەت و ، زمانپاراویی و، ڕەوانبێژیی و پاك‌داوێنیی خەڵکانی ئەو کاتە ، بە تایبەت ئافرەتان ، دەر ئەکەوێت ، چونکە ئوممەعبەد وەصفێکی پێغەمبەری خوای ﷺ کردووە گەورەترین شارەزا سەری لەو داڕشتنەی سوڕ ئەمێنێ .

زۆرێك لە ئیمامانی فەرمووده ، بە تایبەت ئیمام بەیهەقیی لە حوبەیشی برای ئوممەعبەد و ، هاوەڵی پێغەمبەری خواوە ﷺ ریوایەتی کردووە کە وتوویە: کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ ئەبوبەکر و ، عامیری کوڕی فوهەیرە کۆچیان کرد و ، کوڕی ئورەیقیطیش ڕێگای پیشان ئەدان ، گەیشتنە قودەید و دایان بەلای ئوممەعبەد : عاتیکەی کچی خالیدی کوڕی خولەیدی خوزاعییدا ، کە ئافرەتێکی پاك‌داوێنی بەسالاچووی بەهێز بوو و ، بە بۆنەی زۆریی تەمەنیەوە نەئەچووە پەنای پەردەوە و ، لە بەردەم چادرەکەیدا دائەنیشت و ، هەر کەس لەوێوە تێپەڕی بکردایە لە نان و ئاو تێری ئەکرد . جا پێغەمبەر و هاوەڵانی لەبەر گرانیی ساڵەکە و کەمخۆراکیی خواردنەکەیان تەواو بوو بوو ، لەبەر ئەوە

پرسیاریان لێ کرد کە ئایا شیر یان گۆشتی بە لاوە هەیە بیکڕن ؟ کەچیی هیچی بە لاوە نەبوو و ، وتی : بەخوا ئەگەر شتێکمان بە لاوە ببوایە ئەمان کردە میوان داریی بۆتان .

پێغەمبەری خوا ﷺ سەیری مەڕێکی کرد کە لەلایەکی چادرەکەدا بوو و ، بە بۆنەی لاوازیی و بێهێزییەوە لە ران بەجێ ما بوو ، پرسیاری لێ کرد : ((هل بها من لبن ؟)) . فەرمووی : ئەوە شیری تێدایە ؟ وتی : زۆر لاوازترە . فەرمووی : ((أتأذنين لي أن أحلبها ؟)) . فەرمووی : ماوەم ئەدەی بیدۆشم ؟ وتی : بەڵێ ، دایك و باوكم بە قوربانت بن ، ئەگەر شیری تێدا شك ئەبەی بیدۆشە .

فەرمانی دا مەڕەکەیان هێنا و گرتی و دەستی بە گوانی مەڕەکەدا هێنا . لە ریوایەتێکی تردا دەستی بە پشتیدا هێنا و ، ناوی خوای هێنا . لە ریوایەتێکی تردا دوعای بەسەردا خوێند ، ئیتر پێی بلاوکردنەوە و ، شیری تێ هات و ، داوای قاپێکی وەهای کرد کە کۆمەڵێك لە شیر تێر بکات . شیرێکی زۆری دۆشییە ناو قاپەکە و ، هاوەڵانی لە شیر تێرکرد و ، ئوممەعبەدیشی لە شیر تێر کرد ، پاشان لە دوای هەموویان خۆیشی شیری خواردەوە و فەرموویشی : ((ساقي القوم آخرهم شُرباً)) . فەرمووی : ئەو کەسەی شیر دەرخواردی خەڵك ئەدات خۆی لە دوای هەموویان ئەخواتەوە . پاشان جارێکی تر قاپەکەی پڕکردەوە و ، هەر هەموویان دووبارە خواردیانەوە ، پاشان بۆ سێهەم جار پڕی کردەوە و ، لەلای ئوممەعبەد بەجێی هێشت . لە ریوایەتێکی تردا پێی ئەفەرموێ : ((إرفعي هذا لأبي معبد إذا جاءك)) . فەرمووی : ئەمەش هەڵگرە تا ئەبومەعبەد بێتەوە . پاشان سواری ولاغەکانیان بوون و ، رۆیشتن .

زۆری پێ نەچوو ئەبومەعبەدی مێردی هاتەوە و چەن بزنێکی لاوازیش لەبەر دەمیەوە لەبەر لاوازیی لارەلار بەڕێوە ئەچوون و، ئێسقانیشیان مۆخی تێدا نەمابوو . کە ئەبومەعبەد چاوی بە شیرەکە کەوت سەری سوڕما و وتی : ئوم مەعبەد ! ئەمە چییە ؟ ئەمەت لە کوێ بوو ؟! خۆ مەڕەکە نەلەوەڕاوە و ، سکیشی پڕ نیە و ، مەڕی شیردەریش لە ماڵدا نیە . وتی: نا بەخوا ، بەڵام پیاوێکی موبارەك کە ئاوەها و ئاوەها بوو لێرەوە تێپەڕی کرد . وتی : ئوم مەعبەد ! وەصفی بکە بۆم .

ئومەعبەد بە سەلیقەیەکی یەکجار وردەوە وەصفی پێغەمبەری خوای ﷺ کرد و وتی :

((رأيتُ رجُلاً ظاهرَ الوَضاءَة ، مُبلجَ الوَجه ، حَسنَ الخُلق ، لم تعبه ثجلة ، ولم تزر به صعلة ، وسيم قسيم ، في عَينَيه دعج ، وفي أشفاره وَطَف ، وفي صوته صَحَل ، أحور ، أكحل ، أزج ، أقرن ، شديد سواد الشعر ، في عنقه سطح ، وفي لحيته كثاثة ، إذا صمت فعليه الوقار ، وإذا تكلم سما وعلاه البهاء ، وكأن منطقه خرزات نظم يتحدرن ، حلو المنطق ، فصل ، لا نَزْر ، ولا هذر ، أجهر الناس ، وأجمله من بعيد ، وأحلاه وأحسنه من قريب ، رَبعة لاتشنؤه من طول ، ولا تقتحمه عين من قصَر، غصن بين غصنين ، فهو أنضر الثلاثة منظراً ، وأحسنهم قدراً ، له رفقاء يحفون به ، إذا قال استمَعوا لقوله ، وإذا أمر تبادَروا لأمره ، محفود محشود ، لا عابس، ولا مفند)) . [٢٨١]

وتی: پیاوێکم دیی کە دیمەنی جوان و رێك وپێـك و ، دەم وچاوی گەشاوە و ، رەوشت جوان بوو .. ئەوەندە ورگی نەبوو ناشیرینی بکا و ، ئەوەندەش سەری بچووك نەبوو کە بۆی عەیبە بێ .. جوان و پێکەوتوو بوو .. چاوەکانی زۆر رەش و .. برژانگی چاوەکانیشی درێژ بوون .. دەنگی کەمێك گڕ بوو ، بەلاّم بە ناسکیی .. سپیایی چاویشی زۆر سپیی و .. پێڵووەکانی رەش و .. بڕۆی درێژ و باریك و .. هەردوو برۆی بە یەکەوە نووسا بوون .. قژی سەری یەکجار رەش و ، ملی بەرز و درێژ و ، ریشی پان و پڕ بوو .. گەر بێدەنگ بوایە ویقاری پێوە دیار بوو و ، گەر فەرمایشتیشی بکردایە گەوهەری لە دەم ئەباریی ، وەك دوڕڕ و یاقووت بە شێوەیەکی جوان بهۆنێتەوە .. پیاوێکی زمان شیرین بوو .. لەسەرخۆ فەرمایشتی ئەکرد .. نە کەم‌گۆ و نە فرەگۆ بوو .. بەبێ زیادەڕەویی دەنگی لە هەموان بەرزتر بوو .. لە دوورەوە لە هەموو کەس جوان‌تر و ، لە نزیکیشەوە لە هەموو کەس شیرین‌تر و چاك‌تر بوو .. چوارشانەیەك بوو کە لەبەر بالاّبەرزیی ، یان کورتەبالاّیی لەبەر چاو نەئەکەوت . لقی گوڵێکە لە نێوان دوو لق‌دا ، کە ئەو لە سێ کەسەکەدا گەشاوەترین دیمەن و چاك‌ترین رێزی هەیە . کۆمەڵە هاوڕێیەکی هەن کە دەورەی لێ ئەدەن .. گەر فەرمایشت بکات ئەوانە گوێی بۆ ئەگرن و ،

---

[٢٨١] ئەمە ئافرەتێکی دەوارنشینی ئەو سەردەمەیە .. هێشتا خەلکی شاریش و ، لادێش نیە .. دەوارنشینێکە بە تەنیا .. ئافرەتە خاوەن شەهادەکانی ئەمڕۆ زۆربەیان ساڵ تەواو ئەکەن و بڕوانامە وەرئەگرن ، بۆیە بە ئاسانیی شەیدای بەزم و باوی کافران ئەبن .. ئافرەتانی ئەو سەردەمەش ئەمە سەرنج و تێ بینیی و داڕشتن و وەصف کردنیانە !!

گەر فەرمانیش بکات بە پەلە ئەنجامی ئەدەن .. پیاوێکە کە هاوەڵانی خزمەتی ئەکەن و ، قەڵەبالغیی بە دەوردایە .. نە رووگرژ و نە گلەیی‌کەرە .

ئەبومەعبەد وتی : بەخوا ئەوە کاکەی قورەیشی‌یە و ، گەر بە خزمەتی بگەیشتمایە شوێنی ئەکەوتم و ، تا بۆشم بکرێ هەوڵی ئەوە ئەدەم .

(شرح المواهب : ١ / ٤١٠ ـ ٤١٦ ، البداية والنهاية : ٣ / ١٩٢ ـ ١٩٣) .

لەو کاتەدا کە کافرەکانی قورەیش نەیانئەزانیی پێغەمبەری خوا ﷺ بەرەو کوێ تەشریفی بردووە تا بی‌گرن ، لە مەککەدا دەنگی جیننی‌یەك ئەهات کە بێ ئەوەی ببینرێ بە دەنگی بەرز شیعری ئەوت :

جزى اللهُ ربُّ العرشِ خيرَ جَزائه ... رفيقَين حَلاَّ خَيمَتَي أُمِّ معبَد

هما نَزَلا بالبَرِّ وارتحلا به ... وأفلح مَن أمسى رفيقَ محمد

فيا لقُصَيٍّ ما زوى اللهُ عنكم ... به من فعال لا يُحاذى وسؤْدَد

ليهنَ بني كعب مكانُ فتاتهم ... ومقعدُها للمؤمنين بمرصَد

سلوا أختكم عنْ شاتِها وإنائِها ... فإنكم إن تسألوا الشاةَ تَشهَد

لە خوای گەورە داوای ئەکرد تا پاداشتی ئەو جووتە هاوەڵە بداتەوە کە گەیشتنە چادرەکەی ئوم مەعبەد و دوای رێزگرتن لە پێغەمبەری خوا ﷺ کە سەری قوصەی و نەوەی کەعبی بەرز کردۆتەوە ، ئەڵێ : لە خوشکەکەتان و مەڕەکەی و قاپەکەی پرسیار بکەن ، خۆ ئەگەر لە مەڕەکە بپرسن شاهێدییتان بۆ ئەدات .

ئەسماء ئەڵێت : نەمانزانیی پێغەمبەری خوا ﷺ رووی لە کوێ ناوە ، تا ئەوەبوو پیاوێکی جیننیی لە باشووری مەککەوە هات و ئەم چەند دێڕە شیعرەی سەرەوەی ئەوتن و ، خەڵکیش بەدوای‌دا ئەچوون و ، دەنگیان ئەبیست ، بەڵام بە چاو نەیانئەبینی ، هەتا لە باکووری مەککەوە دەرچوو . ئەڵێت : کاتێك دەنگی ئەومان بیست ئیتر زانییمان کە پێغەمبەری خوا ﷺ رووی لە کوێ ناوە و ، رووی لە مەدینە کردووە .

پێنجەم : هەر لە کاتی هیجرەت‌دا رووداوێکی تریش رووی دا .. ئیبن ئەبودونیا لە بانگهێشتی جیننی‌یەوە و ، ئیبن عەساکیر لە واثیلەی کوڕی ئەسقەع ەوە خوا لێی رازیی بێ تەخریجیان کردووە کە وتوویە : موسڵمانبوونی حەجاجی کوڕی عیلاطی بەهزیی ، پاشان سوللەمیی خوا لێی رازیی بێ بەم جۆرە بوو :

جارێکیان لەگەڵ کاروانێکی قەومەکەیدا بەرەو مەککە ئەکەوێتە رێ . کە شەویان بەسەردا هات و ، ئەوانیش لە شیوێکی چۆڵی سامناکدا بوون ، ترس و لەرزیان لێ نیشت . ئەوەبوو هاوەڵانی پێیان وت : حەجاج ! هەستە تۆش بۆ خۆت و هاوەڵانت ئەمانێك وەر بگرە ، حەجاجیش ئەم شیعرانەی وت :

أُعيذُ نَفسي وأُعيذُ صَحبِي   من كُلِ جنِّيٍّ بِهذا النَّقب
حتّى أَؤُوبَ سالماً وَرَكْبِي

دوای ئەوە گوێی لە دەنگێك بوو ئەیفەرموو : ﴿ يَـٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ إِنِ ٱسْتَطَعْتُمْ أَن تَنفُذُوا۟ مِنْ أَقْطَارِ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ فَٱنفُذُوا۟ ۚ لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلْطَـٰنٍ ﴾ . (الرحمن : ٣٣) .

کاتێك کە گەیشتنەوە مەککە لە ناو کۆڕ و کۆمەڵی قورەیشدا ئەم دەنگ و باسەیان گێڕایەوە . وتیان : راست ئەکەیت ، بەخوا حەجاج ! ئەمە لەوەیە کە موحەممەد رای ئەگەیەنێ کە دابەزیوەتە سەری . وتی : بەخوا خۆیشم و ئەمانەیش کە لەگەڵمدا بوون بیستیان . لەم باسەدا بوون لەولاوە عاصیی کوڕی وائیل هات و، وتیان : ئەبوهیشام ! نابیستی ئەبوکیلاب چیی ئەڵێت ؟ وتی : چیی ئەڵێت ؟ ئەوانیش هەواڵەکەیان بۆ گێڕایەوە . وتی : جا بۆچ سەرتان سوڕ ئەمێنێ ؟ ئەوەی لەوەی ئەوی داوە بە گوێتاندا ، هەر ئەوەش خستۆیەتیە سەر زمانی موحەممەد . ئیتر خەڵکەکە لێم کشانە دواوە ، بەڵام من خۆم لەسەر کارەکە سوورتر ئەبووم . ئەوەبوو هەواڵی پێغەمبەرم ﷺ پرسیی و ، ئاگاداریان کردم کە لە مەککە بەرەو مەدینە دەرچووە . منیش سواری وشترەکەم بووم و کەوتمە رێ هەتا گەیشتمە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ لە مەدینە و ، چیم بیستبوو بۆم گێڕایەوە . ئەویش فەرمووی : ((سَمِعتَ واللهِ الحقَّ ، هو واللهِ من كلام ربِّي الذي أُنزِل عَلَيَّ ، ولقد سَمِعتَ حقاً ، يا أباكلاب)) . فەرمووی : بەخوا ، ئەی حەجاج ! حەقت بیستووە و ، ئەمەش لەو فەرمایشتەی خوای پەروەردگارمە کە ناردوویەتیە خوارەوە بۆم . وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئیسلامم فێر بکە . ئەویش شایەتمانی فێر کردم و فەرمووی : ((سِرْ إلى قومكَ فادعُهُم إلى مثل ما أدعوك إليه فإنه الحق)) . فەرمووی : بڕۆرەوە بۆ ناو قەومەکەت و بۆ سەر ئەمەی کە من پیشانم دای بانگیان بکە .. ئەمە رێی راستە .

لە (حياة الصحابة) دا ئاماژە بۆ لاوازیی ئەییووبی کوڕی سووەید و موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا کراوە ، بەلام لە (شرح حياة الصحابة) دا ، روون کراوەتەوە کە لاواز نین . (شرح حياة الصحابة : ٤ / ٣٩٣) .

شەشەم : لە سەفەری کۆچدا پێغەمبەری ئازیز ﷺ بانگی چەند کەسێکی بۆ سەر ئیسلام کردووە و ، سوپاس بۆ خوا ئەوانیش بە دەم بانگەکەیەوە هاتوون .

ئیمام ئەحمەد (٤/ ٧٤) لە ئیبن سەعدی ئەسلەمی‌یەوە ، کە ئەو سەعدەیە دەلیلی کۆچکردن بووە ، خوا لێی رازیی بێ ، تەخریجی کردووە کە ئیبن سەعد وتوویە : باوکم بۆمی گێڕاوەتەوە کە : پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ ئەبوبەکردا خوا لێی رازیی بێ تەشریف دێنن و ، ئەبوبەکریش کچێکی شیرەخۆری لەلامان بوو ، پێغەمبەری خواش ﷺ ئەیویست رێگای مەدینە کورت بکاتەوە .. ئیبن سەعد وتی : ئەمە رێگای غائیرە کە لە رەکووبەوە بۆی ئەچیت و ، دوو دزی نەوەی ئەسلەمی لێیە کە پێیان ئەوترێ : (المهانان : جووتە سووکەکە) ، جا ئەگەر بفەرمووی لەلای ئەوانەوە ئەڕۆین . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((خذ بنا عليهما)) . فەرمووی : لەلای ئەوانەوە بمانبە .

سەعد ئەڵێ : کەوتینە رێ تا ئەوەبوو لە شوێنێکی بەرزەوە نواڕیمان بەسەریاندا و، یەکێکیان بە هاوڕێکەی وت : ئەوە کابرای یەمەنی‌یە . پێغەمبەری خواش ﷺ بانگی‌کردن و باسی ئیسلامی بۆ کردن و ، ئەوانیش هەردووکیان موسڵمان بوون ، پاشان لێی پرسین کە ناویان چی‌یە؟ وتیان : ئێمە ناومان (المهانان) ە . فەرمووی: ((بل أنتما المكرمـان)) . فەرمووی : بەڵکو ئێوە جووتە رێزلێ گیراوەکەن . فەرمانیشی دا لە مەدینە سەری لێ بدەن .

هەروەها ئیبن سەعد (٤/ ٢٤٢) لە عاصم ی کوڕی ئەسلەمی‌یەوە تەخریجی کردووە کە وتوویە : کاتێك کە پێغەمبەر ﷺ لە مەککەوە کۆچی بۆ مەدینە کرد و گەیشتە غەمیم ، لەوێ بورەیدەی کوڕی حەصیب [282] هاتە خزمەتی و ، پێغەمبەری خوایش ﷺ بانگی ئەکات بۆ سەر ئیسلام و ، ئەویش بە خۆی و

[282] لە هەردوو صەحیحی بوخاریی و موسلیمدا هاتووە کە بورەیدە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بەشداریی شانزە غەزای کردووە و ، هەواڵ و پایەداریی بورەیدە بەناوبانگە . لە سەردەمی خەلیفە عوثماندا چووە بۆ غەزای خۆراسان و لەوێوە رووی لە مەرۆ ناوە و ، لەوێ نیشتەجێ بووە تا ساڵی شەست و دوو یان سێ و ، لەوێ کۆچی دوایی کردووە و ، دواهاوەڵیش بووە کە لە خۆراسان کۆچ بکات . (الإصابة : ١ / ١٥٠) .

ئەوانەشەوە کە لەگەڵی بوون موسڵمان بوون ، کە نزیکەی هەشتا مـاڵ ئـەبوون . ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی عیشای بۆ کردن و ئەوانیش لە پشتی سەریەوە نوێژەکەیان بەجێ هێنا .

حەوتەم : ئەوەبوو قورەیش بەخشیشێکی دانا بوو ، کە بریتیی بـوو لـە صـەد سەر وشتر ، بۆ هەر کەسێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ ، یان ئەبوبەکری صددیق خـوا لێی رازیی بێ ، بە زیندوویی یان بە مردوویی ، بخاتە دەستیان . جا ئەم دەنـگ و باسە لە دەر و دەشت بلاّوەی کرد و ، خەڵکێکی زۆر کەوتنە تەماعی ئەو هەمووە وشترە و ، هەوڵیان ئەدا شوێن پێیان هەڵ بگرن و دەست گیریان بکەن ، تا ئەوەبوو سـوراقەی کوڕی مالیکی کوڕی جوعشومی مـودلیجییش یـەکێ بـوو لـەو هـەوڵ دەرانە ، کە بە راستیی سوارێکی ئازا و لێهاتوو و کۆڵنەدەر بوو .

سوراقە ئەڵێ :

لـە کاتێـكدا کـە لـە کـۆڕێکی قەومەکـەمدا ، کـە نـەوەی مـودلیج بـوون ، دانیشتبووم ، پیـاوێکی هۆزەکـەمان هـات و لەسـەر سـەرمان وەسـتا و ئێمـەش دانیشتبووین . وتی : سوراقە ! کەمێك لەمەو پێش لە کەناری دەریادا رەشایەتیی چەند کەسێکم بەر چاو کەوت ، وای ئەبینم کە موحەممەد و هاوەڵەکانی بوو بـن . (مەبەستی ئەوەیە سوراقە ئاگـادار بکـات تـا پێکـەوە ، بـۆ بەدەسـت هێنـانی خـەڵاتەکەی قورەیش دوایان بکەون) . سوراقە ئەڵێ : زانیم ئەوان بـوون ، بـەڵام وتم : ئەوانە ئەوان نەبوون ، ئەوە فلاّن و فلاّن بوون بە بەر چاومانەوە رۆیشتن و بـە دوای ئاژەڵی گومبوودا ئەگەڕێن . (سوراقە ئەیەوێ خەڵکەکە واز بهێنن و دوایـان نەکەون ، تا خۆی بە تەنیا دەست گیریان بکات) . ئیتر کابراش بێدەنگ ئەبێت .

سوراقە ماوەیەك لە کۆڕەکەدا ئەمێنێتەوە و ، پاشان بەبێ دەنگ هەڵ ئەسێ و ئەگەڕێتەوە ماڵەوە و ، فەرمان ئەدا بە کەنیزەکەکەیدا تا ئەسپەکەی بۆ بەرێت بۆ ئەودیوی گردەکە و لەوێ بیبەسێتەوە ، هەتا خۆیشـی رمەکـەی هـەڵ گـرێ و بـە ئەسپایی بگاتە لای ئەسپەکەی .. ئەوەبوو لە پشتەوە لە ماڵ دەرچوو و ، رمەکەی بە شێوەیەك لێ کرد کە دەر نەکەوێ . کە ئەگاتـە لای ئەسـپەکەی ، خـۆی هـەڵ ئەداتـە سـەری و بـە پەلـە لێـی ئـەخوڕێ هـەتا نزیکـی پێغەمبـەر و هـاوەڵانی ئەکەوێتەوە ، لەو کاتـەدا بـە فـەرمانی خـوا ئەسـپەکەی پێـی هـەڵ ئەکـەوێ و سوراقەش بەسەریەوە ئەکەوێتە خوارەوە و ، دەست ئـەبا بـۆ تیردانەکـەی و چـیی

ئه‌زلامی تێدا ئه‌بێ (ئه‌و تیرانه‌ی که په‌ڕ و کلکیان پێوه نیه) ده‌ریان ئه‌هێنێ و شانسی خۆی پێیان تاقیی ئه‌کاته‌وه ، تا بزانێ ده‌ستی پێیان ئه‌گات یان نا ، که‌چیی ئه‌وه‌ی بۆ ده‌رچوو که ئه‌و پێی ناخۆش بوو ، چونکه پێی خۆش بوو پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ بگێڕێته‌وه و صه‌د وشتره‌که وه‌ربگرێ ..

له‌به‌ر ته‌ماع گوێ به ئه‌زلامه‌کان نادات و ، سواری ئه‌سپه‌که‌ی ئه‌بێته‌وه و ، دوایان ئه‌که‌وێ تا دیسان لێیان نزیك ئه‌که‌وێته‌وه .. ئه‌وه‌نده نزیك ئه‌که‌وێته‌وه که گوێی له قورئان‌خوێندنی پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ ئه‌بێت ، که ئه‌و ئاوڕی نه‌ئه‌دایه‌وه ، به‌لام ئه‌بوبه‌کر زۆر ئاوڕی ئه‌دایه‌وه و ، زۆریش ئه‌ترسا که پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ تووشی ناڕه‌حه‌تیی ببێ . ئه‌بوبه‌کر فه‌رمووی : ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری‌خوا ! ئه‌وه سوارێکه و وا گه‌یشته لامان .

له ریوایه‌تێکی تردا ئه‌بوبه‌کر ئه‌فه‌رموێ : وتم : ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا ! ئه‌وه‌ی به دوامانه‌وه‌یه وا گه‌یشته لامان . فه‌رمووی : ((لا تحزن إن الله معنا)) . فه‌رمووی : خه‌م‌بار مه‌به خوامان له‌گه‌ڵه . جا که نزیك‌تر که‌وته‌وه ، که ئه‌وه‌نده‌ی رمێك یان دوو رم ، یان ئه‌فه‌رموێ : ئه‌وه‌نده‌ی دوو یان سێ رمی ما بگاته لامان، وتم : ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا ! ئه‌وه‌ی به دوامانه‌وه‌یه وا گه‌یشته سه‌رمان و ، ده‌ستیشم به گریان کرد . فه‌رمووی : ((لِمَ تبكي ؟)) . فه‌رمووی : بۆچ ئه‌گریت ؟ وتم : به‌خوا بۆ خۆم ناگریم ، به‌ڵکو بۆ تۆ ئه‌گریم .

ئه‌وه‌بوو پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ دوعای لێ کرد و فه‌رمووی : ((أللهم اصرعه ، أللهم اكفناه بما شئت)) . فه‌رمووی : خوایه ! بیده به زه‌وییدا .. خوایه ! به شتێ که خۆت ویستت له‌سه‌ری بێ له کۆڵمانی بکه‌ره‌وه ..

سوراقه ئه‌ڵێ : هه‌ردوو ده‌ستی ئه‌سپه‌که‌م تا ئانیشکی چوون به ناخی زه‌وییدا و ، منیش له‌سه‌ری که‌وتم و دامی به زه‌وییدا ، پاشان پیایا هه‌ڵ شاخییم .. هه‌ر ئه‌وه‌نده بوو که هه‌ردوو ده‌ستی له زه‌وی‌یه‌که‌دا ده‌رهێنان و رێك وه‌ستا ، ئه‌بینم له شوێنی ده‌سته‌کانیه‌وه تۆز و گه‌ردێکی وه‌ك دووکه‌ڵ بۆ ئاسمان به‌رز بوویه‌وه . جارێکی تر به ئه‌زلامه‌کان به‌ختی خۆم تاقیی کرده‌وه ، که‌چیی هه‌ر ئه‌وه ده‌رچوویه‌وه که من پێم خۆش نه‌بوو ، بۆیه بانگم لێ کردن تا ئه‌مانیان لێ وه‌ربگرم و وتم : من سوراقه‌ی کوڕی مالیکی کوڕی جوعشومم ، بوه‌ستن هه‌تا قسه‌تان له‌گه‌ڵدا بکه‌م ، ده به‌خوا کارێك گومانی لێ بکرێ به‌رامبه‌رتان نایکه‌م

و، شتێکیشتان لەگەڵدا ناکەم کە پێتان ناخۆش بێ . لە خوا بۆم بپارێرەوە و ، زیانت پێ ناگەیەنم . پێغەمبەری خواش ﷺ دۆعای بۆ کرد ..

سوراقە ئەڵێ : ئەوان وەستان و ، منیش سواری ئەسپەکەم بووم و هاتم تا گەیشتمە لایان و ، کاتێك کە ئەو شتانە هاتنە رێم ئەوە کەوتە دڵمەوە کە لە لایەن خواوە پارێزراوە و ، کاری پێغەمبەری خوا ﷺ سەر ئەگرێ ، بۆیە پێم وت: خزمەکانت خەڵاتیان داناوە بۆ دەست خستنت . هەواڵی ئەوەشم دایە کە خەڵکی چۆن هەوڵ ئەدەن دەستی بخەن . هەروەها داوام کرد نان و کەل وپەلم لێ وەربگرن ، کەچیی هیچێکی لەوەی کە پێم بوو وەریان نەگرت و ، داوای هیچیشیان لێم نەکرد .. ئەوەبوو وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ! چیت پێ خۆشە فەرمانم بەسەردا بدە . فەرمووی: ((قف مكانك ، ولا تترك أحداً يلحق بنا ، وأخْفِ عنا)) . فەرمووی : لەو شوێنەی خۆتدا بوەستە و مەهێڵە هیچ کەس پێمان بگاتەوە و دەنگ و باسمان ئاشکرا مەکە ..

سوراقە خوا بۆی کرد تا گەشتەکەی بە قازانج بۆی تەواو ببێ .. ئەیویست لەسەر خوێنی پێغەمبەر و یارانی دەوڵەمەند ببێ ، کەچیی خوای گەورە بە پاسەوان و بەرگرییکەری بانگی خوای گێڕا .

سوراقە ئەڵێ : داوام لێ کرد نامەیەکی ئەمانم بۆ بنووسێ . ئەویش فەرمانی بەسەر عامیری کوڕی فوهەیرەدا دا تا لەسەر چەرمێك بۆی بنووسێ .. پاشان هەڵی دا بۆم و ، منیش هەڵم گرت و خستمە ناو تیردانەکەمەوە و گەڕامەوە ..

چیرۆکی سوراقە هەر بەمەوە نەوەستا کە بریتیی بێ لە دەرکەوتنی موعجیزەیەکی گەورە ، کە بە ئاشکرا دەربکەوێ ئەم پیاوە راست ئەکا پێغەمبەری خوایە و ، خوای گەورە هێزی ئەخاتە کار بۆ پاراستنی ، بەڵکو ئازیز ﷺ هەواڵێکی دوارۆژی راگەیاند کە بە ئەندێشەی هیچ کەسێکدا نەئەهات ، تا بیسەلمێنێ کە ئەم هەواڵە تەنها پێغەمبەرێك ئەتوانێ رای بگەیەنێ کە خوای گەورە خستبێتیە دڵیەوە .

کاتێك کە سوراقە ویستی بەدوای خۆیدا بگەڕێتەوە ، پێغەمبەر ﷺ ئاوڕی دایەوە بۆ لای و فەرمووی : ((كأني بك ، يا سراقة ! تلبس سواري كسرى)) . فەرمووی : وا ئەبینم ، سوراقە ! جووتە بازووبەندەکەی کیسرا لە دەست بکەیت . سوراقە بە سەرسوڕمانەوە پرسیی : کیسرای کوڕی هورموز ؟! فەرمووی : ((نعم)) .

سوراقە ئەوپەڕی سەرسامیی رووی تیّ کرد .. هەواڵێکی سەیرە ! شتی زۆر بە دڵیدا هات .. بە بۆنەی موعجیزەکەوە بڕوای بەمەیش ئەکرد ! بەلاّم چۆن ؟ زۆر سەیرە !! موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای قورەیشیی خۆی لە خزمەکانی ئەشارێتەوە ، نەوەکو بیگرن و بیکوژن .. کەچیی بەڵێنی وەهای بە سوراقە ئەدا .. ئەبێ سوراقە بمێنێ تا ئەو رۆژەی کە ئەم دینە کەمدەسەلاّتە پەرە ئەسێنێ و ، بەسەر دەوڵەتی ساسانییدا سەر ئەکەوێ و ، کەل و پەل و تاج و بازووبەندەکانی پادشا کیسرا دەست موسڵمانەکان ئەکەون و ، سوراقەش بازووبەندەکان لە دەست ئەکات ! بە راستیی بەڵێنێکی گەورەیە .

سوراقە ئەو رۆژە بەڵێنی دا کە زیان بە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی نەگەیەنێ و ، تووشی هەر کەسیش ببێ کە بیەوێ دوایان بکەوێ و بیانگرێ ، بیگێڕێتەوە . ئەوەبوو بە چاکیی بەڵێنەکەی بەسەر برد و ، تووشی هەر کەس ببوایە ئەیوت : من ئەم ناوە گەڕاوم .. چەند رۆژێك دەنگی نەکرد هەتا دڵی لەوە بێخەم بوو کە کۆچکەران بە سەلامەتیی گەیشتوونەتە مەدینە ، ئەوسا باسەکەی خۆی و موعجیزەکەی پێغەمبەری خوای ﷺ بۆ خەڵك ئەگێڕایەوە کە چۆن بەسەر ئەسپەکەیەوە چەند جارێك کەوتۆتە خوارەوە و ، دەست و پەلی ئەسپەکەشی بەناو زەوییدا رۆچوون ، تا ئەم دەنگ و باسە بەسەر زمانی خەڵکییەوە گەیشتەوە مەککە و ، سەردارانی قورەیش لەوە ترسان کە ئەم رووداوە ببێتە هۆیەك بۆ موسڵمانبوونی هەندێ لە دانیشتوانی مەککە . بۆ ئەمە ئەبوجەهل نامەیەکی بۆ نەوەی مودلیج نووسیی ، کە سوراقە ئەمیر و سەرۆکیان بوو ، تا بە گوێی نەکەن و، کۆمەڵیان تێك نەدا بەوەی کە بڕوای پێ بکەن و موسڵمان ببن و پارچە پارچە ببن :

بني مدلج إنـي أخاف سفيهكم   سراقة مستغو لنصر محـمـد
عليـكم بـه ألا يفرق جـمعكم   فيصبح شتى بعد عز وسـؤدد

سوراقەش وەلاّمی ئەداتەوە و سوێندی بۆ ئەخوا کە ئەگەر چاوی لیّ بوایە چۆن دەست و پەلی ئەسپەکەی ئەچوون بە زەوییدا ، گومانی لەوە نەئەما کە موحەممەد ﷺ پێغەمبەری خوایە و ، کەسیش ناتوانێ دژایەتیی بکات :

أباحكم ! والله لو كنتَ شـاهداً   لأمر جوادي إذ تسوخ قوائمـه
علمت ولم تشكك بأن مـحمداً   رسول وبرهان فمن ذا يقاومـه

ڕۆژان ڕابوردن و، موسڵمانان مەردانە دانیان بە خۆیاندا گرت و ، وەك ڕۆژانی ڕەش و سەختی مەککەیان بەسەر بردن ، ڕۆژانی برسێتیی و نارەحەتیی و گەمارۆ و جەنگ و هەرای مەدینەشیان بەسەر بردن ، تا ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەتحی مەککەی کرد و ، طائیفیش ڕزگار کرا و دوای جەنگی حونەین سوراقە لە (جعرانە) هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و نامەکەی ڕۆژی کۆچ‌کردنی پیشان دا .. فەرمووی : ((الیوم یوم الوفاء والبرِّ ، أُدنُ)) . فەرمووی : ئەمڕۆ ڕۆژی وەفا و چاکەکردنە ، وەرە پێشەوە .. سوراقەش لە ئازیز چووە پێشەوە و شایەتمانی حەقی هێنا .

خوای گەورە تەمەنی بە سوراقە بەخشیی و ، تا سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەططاب ژیا ، تا ئەوەبوو سوپای ڕزگاریی‌خوازی ئیسلامیی ، بۆ ڕزگارکردنی گەلان لە ژێر چنگی زاڵمان کەوتە ڕێ .. سوپای ئیسلام زرمەی لە قەڵای پڕستەمی ساسانییش هەڵسان و ، پایتەختی زوڵم و ستەمی ڕزگار کرد .. پادشای خوانەناس مەدائینی بەجێ هێشت و ، تاج و جل و بەرگ و جووتە بازووبەندەکەی بەجێ مان و ، لەگەڵ گەنجینە و ئاڵتوون و زیوی دەوڵەت کەوتنە دەست موسڵمانەکان .. بە دەستێکی ئەمین و پاکەوە هاوەڵان ئەو دەست کەوتانەیان هێنانەوە مەدینەی پایتەخت .. ئەو زێڕ و دوڕڕ و گەوهەرانە ئەوەندە زۆر بوون کە بە ملیۆنەها دینار و دیرهەم مەزەنە ئەکران ..

خەلیفە عومەر خوا لێی ڕازیی بێ سەری لە دەستپاکیی سەرباز و فەرماندەکانی سوپای ئیسلام سوڕ ئەما چۆن ئەم هەمووەیان لە مەدائینەوە گەیاندۆتە مەدینە بێ‌ئەوەی هیچی لێ لا بدەن .. بۆیە فەرمووی : بە ڕاستیی کەسانێك ئەمەیان هێنابێتەوە خاوەن ئەمانەتن . ئیمام عەلییش خوا لێی ڕازیی بێ ، کە لەلایدا ئامادە بوو ، فەرمووی : تۆ خۆت دەستپاکیت ، بۆیە ڕەعیەتەکەشت دەستپاك دەرچووە !!

خەلیفە ئەو هەمووە دەستکەوتە بەنرخانەی دابەش کردن بێ‌ئەوەی هیچێ بۆ خۆی گل بداتەوە .

لەو کاتەدا خەلیفە بەڵێنەکەی پێغەمبەری خوای ﷺ هاتەوە یاد ، کە بە سوراقەی فەرموو بوو جووتە بازووبەندەکەی کیسرا لە دەست ئەکات ..

بەڵێ جووتە بازووبەندەکە کەوتنە دەست موسڵمانان و ، بە فەرمانی خوا گەیشتنە مەدینە ، تا بەڵێنەکەی ئازیز سەر بگرێت .. عومەر بانگی کردە سوراقە و ، هەردوو بازووبەندەکەی کیسرای کردە دەستی .. جا ئەڵێن هەردوو قۆڵی سوراقە مووی زۆریان پێوە بووە . دوای لە دەست کردن عومەر فەرمووی : الله أكبر ! سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ئەم جووتە بازووبەندەی لە کیسرای کوڕی هورموز سەندەوە و ، کردنیە دەستی ئەعرابی‌یەکی نەوەی مودلیج ، کە سوراقەی کوڕی جوعشومە . خەلیفە دەنگی بەرز کردەوە و ، پاشان سوراقەی سواری وڵاغێك کرد و ، شاری مەدینەی پێوە گەڕا و خەڵکیش دەورەیان لێ دابوو و ، سوراقەش بە دەنگی بەرز فەرمایشتەکەی خەلیفە عومەری دووبارە ئەکردەوە : الله أكبر ! الحمد لله الذي سلبهما كسرى بن هرمز ، وألبسهما سراقة بن جعشم أعرابياً من بني مدلج !!

بە راستیی ئەو رۆژە دانیشتوانی مەدینە ، گەورە و بچووك ، هەر هەموو کۆبووبوونەوە تا بەڵێن .. فەرمایشت .. موعجیزەی دەمی ئازیز ﷺ بە چاوی خۆیان ببینن . بە راستیی رۆژێك بوو لە رۆژە ناودارەکانی مەدینە .. کە موسڵمانان سوپاسی پەروەردگاریان ئەکرد لەسەر ناردنی قورئان و پێغەمبەر و سەرکەوتن .. سوپاسی خوایان ئەکرد وا لە سایەی ئەم دینە پاکەدا بوونەتە خاوەنی بوون و رێز و شەرەف و سەربەرزی دنیا و قیامەت .

هەشتەم : هەر لە سەفەری کۆچدا پێغەمبەری خوا ﷺ بە خۆی و هاوەڵانیەوە لە جوحفە دایان بەلای رانە وشترێکی مالیکی کوڕی ئەوسی ئەسلەمیی‌دا کە منداڵێکی شوانیان بەلاوە بوو . فەرمووی : ((لمن هذه ؟)) . فەرمووی : ئەمانە وشتری کێن ؟ وتی : هی پیاوێکن لە هۆزی ئەسلەم . پێغەمبەری خوا ﷺ ئاوڕی دایەوە بۆ لای ئەبوبەکر و فەرمووی : ((سلمتَ إن شاء الله)) . فەرمووی : إن شاء الله سەلامەت ئەبی . بە منداڵەکەی فەرموو : ((ما إسمك ؟)) فەرمووی : ناوت چی‌یە ؟ وتی : مەسعوود . دیسان ئاوڕی بۆ لای ئەبوبەکر دایەوە و فەرمووی : ((سعدتَ إن شاء الله)) فەرمووی : إن شاء الله بەختەوەر ئەبی . جا عادەتی پێغەمبەری خوا ﷺ وەها بوو کە حەزی لە گەشبینیی و ، رقی لە رەشبینیی بوو .

نۆهەم : یەکێ تر لە ڕووداوەکانی ڕێی مەدینە ئەوە بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ تووشی کاروانێکی موسڵمانان ئەبێت کە زوبەیری کوڕی عەووامیشیان لەگەڵ دا ئەبێ و ، لە بازرگانیی و لە وڵاتی شامەوە ئەگەڕانەوە . ئەوەبوو زوبەیر دەستەیەك پۆشاکی سپیی بە هەر یەکە لە پێغەمبەر و ئەبوبەکر بەخشیی . هەروەها ئەگێڕنەوە کە طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵلاش لە شامەوە ئەگەڕێتەوە و تووشیان ئەبێت و ، ئەویش هەندێ پۆشاکیان پێشکەش ئەکات ..

کە موسڵمانە کۆچکەرەکان لە مەدینە هەواڵی دەرچوونی پێغەمبەری خوایان ﷺ لە مەککە زانیی ، هەموو ڕۆژێك سەر لە بەیانیی ئەهاتنە قەراغی شار و ، هەتا قوڵەی گەرمای نیوەڕۆ ناچاری گەڕانەوەی ئەکردن ، لەوێ چاوەڕوانییان ئەکرد .. ماوەیەك ئەمە پیشەیان بوو ، هەتا ئەوەبوو ڕۆژێکیان چاوەڕوانیی زۆریان کرد و ، کە لەبەر گەرما گەڕانەوە ماڵەوە ، جوولەکەیەك بۆ کارێکی خۆی سەرکەوتبووە سەر قەڵایەکی مەدینەیییەکان . کە سەرنجی دا لە دوورەوە پێغەمبەر و هاوەڵانی بەدیی کردن کە بەرگی سپیییان لەبەردا بوو و ، لەناو سەرابی بیابانەکەدا نوقووم ئەبوون . جوولەکەکە خۆی پێ نەگیرا و بە دەنگی بەرز هاواری کرد : ئەی کۆمەڵی عەرەب ! ئەوە گەورەکەتانە کە چاوەڕوانییتان ئەکرد.. موسڵمانەکان هەر هەموو هەڵمەتیان دایە چەکەکانیان (تا هێز و دەسەڵاتی موسڵمانان بنوێنن و ، دەری بخەن کە پارێزگاری پێغەمبەرن) و ، بەرەو ڕووی ڕۆیشتن .

ئیبنولقەییم ئەڵێ : لە ناو نەوەی عەمری کوڕی عەوفدا دەنگی (الله أكبر) ئەبیسترا و ، موسڵمانەکانیش لە خۆشیی گەیشتنیدا تەکبیریان کرد و ، هەموو هاتن بە پیریەوە و، پێشوازییان لێ کرد و ، هەموو بە جارێ دەورەیان لێ دابوو ، بە دەوریشیا ئەسووڕانەوە و ، هێمنیی و دامەزراوییش باڵی بەسەریا کێشا بوو .. لەو کاتەدا ئایەتی پیرۆزی : ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ مَوۡلَىٰهُ وَجِبۡرِيلُ وَصَٰلِحُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ بَعۡدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ ﴿٤﴾﴾ . (التحريم : ٤) یش هاتە خوارەوە بۆی .

کە بە خزمەتی گەیشتن بەرەو لای ڕاست لای پێ دان ، تا ئەوەبوو تەشریفی لەناو نەوەی عەمری کوڕی عەوفدا دابەزیی .

مەنزڵ و هەواری نەوەی عەمری کوڕی عەوف لە قوباء بوو و ، لە ڕۆژی دووشەممەی هەشتەم ڕۆژی مانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی چواردەهەمی هاتنی

وەحی ، کە بریتی‌یە لە ساڵی یەکەمی کۆچیی و ، بەرامبەر بە بیست و سێ‌هەم ڕۆژی ئەیلوولی ساڵی (٦٢٢) ی زایینیی بووە ، پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ هاوەڵانی گەیشتن و ، بۆ ماوەی چوار ڕۆژ ، واتە دووشەممە و ، سێشەممە و ، چوارشەممە و، پێنج شەممە لەوێ مانەوە و ، پاشان لە ڕۆژی جومعەدا تەشریفیان بردە ناو مەدینەوە .

بەلاّم لە صەحیحی بوخاریی‌دا وەها هاتووە کە لە قوباء چواردە ڕۆژ مابێتەوە. جا حافیظ ئیبن حەجەر وەهای لێك داوەتەوە کە مەبەست لەو چواردە ڕۆژە ، ئەو ڕۆژانەیشە کە لە ئەشکەوتەکە دەرچوون هەتا گەیشتنیان بە قوباء .

لەو ڕۆژەدا کە پێغەمبەری ئازیز ﷺ گەیشتە قوباء ، تەمەنی پیرۆزی بووە پەنجا و سێ ساڵی ڕێك بەبێ زیاد و کەم . هەروەها بە پێی وتەی ئەوانەی کە ڕایان وەهایە لە نۆهەم ڕۆژی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی چل و یەکەمی دوای ساڵی فیل‌دا وەحی بۆ هاتووە ، تەمەنی پێغەمبەرایەتییشی سیانزە ساڵی تەواو کرد . بەلاّم بە پێی وتەی ئەوانەی کە ڕایان وەهایە لە ڕەمەزانی ساڵی چل و یەکەمی دوای ساڵی فیل‌دا وەحی بۆ هاتووە ، لە ڕۆژی گەیشتنی قوباءدا تەمەنی پێغەمبەرایەتیی بریتیی بوو لە دوانزە ساڵ و پێنج مانگ و هەژدە یان بیست و دوو ڕۆژ .

کە گەیشتنە بەرەوە پێغەمبەری خوا ﷺ بێ‌دەنگ دانیشت و ئەبوبەکریش بۆ پێشوازیی لە هاتنی خەڵکەکە هەستایە سەر پێ . جا ئەو ئەنصارانەی کە هێشتا پێغەمبەری خوایان ﷺ نەدیی بوو و نەیان ئەناسیی ، سەلامیان لە ئەبوبەکر ئەکرد و وایان ئەزانی ئەو پێغەمبەرە ، تا ئەوەبوو سێبەرەکە هەڵ کشا و خۆر بەر پێغەمبەری خوا ﷺ کەوت ، ئەوسا ئەبوبەکر بە عەباکەی خۆی سێبەری بۆ کرد تا خۆر لێی نەدا . بەمە خەڵکەکە پێغەمبەری خوایان ناسیی .

کە پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتە قوباء بووە میوانی پیاوێکی ناوداری عەمری کوڕی عەوف کە ناوی کولثوومی کوڕی هیدم بوو . هەندێکیش ئەڵێن : بۆتە میوانی سەعدی کوڕی خەیثەمە . جا ئەم دوو وتەیە هەردووکیان ڕاستن ، چونکە پێغەمبەر ﷺ شەو لە ماڵی کولثوومی کوڕی هیدم ئەمایەوە و ، بە ڕۆژیش‌دا لە ماڵی سەعدی کوڕی خەیثەمە دائەنیشت ، لەبەر ئەوەی کە کولثووم ژن و منداڵی

نەبوون و خۆی بە تەنیا ئەژیا .. شایانی باسە کولثووم پێش گەیشتنی پێغەمبەری خوا ﷺ موسڵمان بوو بوو .

ئەبوبەکریش خوا لێی رازیی بێ بووە میوانی خوبەیبی کوڕی ئیساف ، کە لە نەوەی حاریثی کوڕی خەزرەج بوو ، لە سونح ، کە شوێنێك بووە لە دەرەوەی مەدینە و نزیکی قوباء . هەندێکیش وتوویانە : بۆتە میوانی خاریجەی کوڕی زەیدی کوڕی ئەبوزوهەیر کە ئەویش لە نەوەی حاریثی کوڕی خەزرەج بووە .

یەکەم کارێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە گەیشتنە قوباء ئەنجامی دا ، بنیاتنانی مزگەوتی قوباء بوو ، تا موسڵمانەکان نوێژی تێدا بکەن و ، بۆ ئەنجامدانی خێر و چاکە لە مزگەوت‌دا کۆببنەوە .. ئەم مزگەوتە ئەوەیە کە لەسەر تەقوا بنیات نراوە و ، یەکەم مزگەوتێکیشە کە لە ئیسلام‌دا بنیات نراوە . ئەوەتا قورئانی پیرۆز باسی پیرۆزیی و پاکیی ئەو مزگەوتە ئەکات :

﴿ لَّمَسْجِدٌ أُسِّسَ عَلَى ٱلتَّقْوَىٰ مِنْ أَوَّلِ يَوْمٍ أَحَقُّ أَن تَقُومَ فِيهِ ۚ فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُوا۟ ۚ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُطَّهِّرِينَ ﴿١٠٨﴾ ﴾ (التوبة : ١٠٨) .

دوای بەسەر چوونی چوار رۆژەکەی قوباء و دروست کردنی مزگەوتەکە و ، بەجێ‌هێنانی نوێژ تیای‌دا ، پێغەمبەری خوا ﷺ رۆژی جومعە سواری وشترەکەی بوو و ، ئەبوبەکریش لە پاشکۆی‌دا بوو و ، ناردی بە دوای پیاوانی نەوەی نەججاردا کە خاڵوانی بوون ، ئەوانیش بە شمشێرەکانیانەوە هاتن و بەرەو مەدینە کەوتنە گەڵی و ، خەڵکەکەش لەگەڵیا بەرێوە ئەچوون ، هەتا گەیشتنە مەنزڵی نەوەی سالم ی کوڕی عەوف و ، کاتی نوێژی جومعە هات و ، لەوێ لەو مزگەوتەدا کە ئەکەوێتە ناوەڕاستی شیوەکەوە ، نوێژی جومعەی بۆ کردن و ، ژمارەی نوێژکەرانیش صەد پیاو ئەبوون . دوای نوێژی جومعە پێغەمبەر ﷺ چووە ناو شارەوە و ، لەو رۆژەوە شاری یەثریب ناونرا (مدینة الرسول) ، کە وشترەکەی گەیشتە شوێنی مزگەوتەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ چۆکی دا دا .. ئەو شوێنە خەرمانی وشك‌کردنی خورما بوو کە هی دوو برای هەتیو بوو ، بە ناوی سوهەیل و سەهل ، کە لەژێر چاودێریی ئەسعەدی کوڕی زورارەدا بوون خوا لێی رازیی بێ .

کە وشترەکە چۆکی دا دا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((هذا ـ إن شاء الله ـ المنـزل)) . پاشان جووتە براکەی بانگ کردن و موعامەلەی لەگەڵ‌دا کردن تا خەرمانەکە بکڕێ و بی‌کات بە مزگەوت . جووتە براکە ، کە هێشتا منداڵ بوون و

بالغ نەبوو بوون ، وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ! پێشکەشتی ئەکەین . بەلاّم پێغەمبەر ﷺ بەوە رازیی نەبوو ، بەڵکو لێی کڕین بە دە دینار و ، پاشان کردی بە مزگەوت . هەتا پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی خشتی قوڕینی لەگەڵ موسڵمانەکان دا ئەگواستەوە و ، بۆ تاسە و شەوقی موسڵمانان شیعریشی ئەفەرموو .

لەلایەکی ترەوە دانیشتوانی مەدینە ، بە پیاو و ئافرەتەوە ، هەر هەموویان هاتبوونە پێشوازیی و ، لە ماڵەکان و لە کۆلاّنەکانەوە دەنگی تەحمید و تەقدیس بەرز ئەبوویەوە و ، کچە ئەنصارەکانیش لە خۆشیی هاتنی ئازیزدا ﷺ ئەم شیعرانەیان ئەوت :

أَشْـرَقَ البَـدرُ عَـلَيـنا   مِـن ثَنـيَّاتِ الـوَداعِ
وَجَـبَ الشُّـكـرُعَلَيـنا   مَـا دَعـا لِلَّـه داعٍ
أَيُّـها الـمَبـعُوث فِيـنا   جِئـتَ بالأمـرِ المطاعِ

بەڵێ ، ئەنصارەکان خاوەنی سەروەت و سامانێکی یەکجار زۆر نەبوون ، بەلاّم هەر یەکەیان لەکرۆکی دڵی‌دا ئاواتی ئەوە بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ ببێتە میوانی ئەو .. ئەوە بوو هەرچیی بەلای ماڵێکی ئەنصاریی‌دا تێپەڕی ئەکرد ، لغاوی وشترەکەی ئەگرت و ، ئەیان وت : فەرموو بۆ لای پیاو و تفاق و چەك و پارێزگاریی .. ئەویش ئەی‌فەرموو : ((خلوّا سبيلها فإنـها مأمورة)) . ئەی‌فەرموو: وازی لێ بهێنن ، فەرمانی پێ دراوە . هەروا ئەڕۆیشت هەتا گەیشتە شوێنی ئێستەی مزگەوتی پێغەمبەر و ، لەوێ چۆکی دا دا .. بەلاّم لەسەری دانەبەزیی ، تا ئەوەبوو هەستایەوە و ، کەمێك رۆیشت و ، پاشان ئاوڕی دایەوە و ، گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی و لەوێ چۆکی دا دایەوە و لەسەری دابەزیی .. ئەم ناوچەیە مەنزڵی نەوەی نەجاری خاڵوانی بوون ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ رێزلێنانیان حەزی ئەکرد لای ئەوان دابەزێ .. خەڵکەکە هاتن و خولکی پێغەمبەریان ئەکرد تا ببێتە میوانیان ، کەچیی ئەبوئەییووبی ئەنصاریی هەڵمەتی دا و کەل و پەلەکەی بردە ماڵی خۆیان چونکە نزیك‌ترین ماڵ بوو و ، پێغەمبەری خوایش ﷺ ئەی‌فەرموو : ((المرء مـع رحلـه)) . ئەی‌فەرموو : پیاو ئەبێ لەگەڵ کەل و پەلەکەی‌دا بێت . ئەسعەدی کوڕی زورارەش هات و رەشووی وشترەکەی گرت و بردیە لای خۆی .

له ریوایەتەکەی ئەنەسیش‌دا لای بوخاریی وەها هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە : ((أي بيوت أهلنا أقرب ؟)) . فەرمووی : چ ماڵە خزمێکمان نزیکە ؟

ئەبوئەییووب وتی : من ئەی پێغەمبەری خوا .. ئەمە ماڵەکەمە و ئەمەش دەرگاکەمە . فەرمووی : ((فانطلق فهيء لنا مقيلاً)) . فەرمووی : دە بڕۆ شوێنێکی حەسانەوەمان بۆ ئامادە بکەن . وتی : دەی هەردووکتان بە ناوی خواوە هەستن با لە خزمەتتانا بین .

ئەو جوولەکانەش کە چاوەڕوانی هاتنی پێغەمبەری ئاخرزەمان بوون ﷺ بە چاوی خۆیان راستیی مژدەکەی حبقوق پێغەمبەریان دیی کە ئەی‌فەرموو: ((إن الله جاء من التيمان ، والقدوس من جبال فاران)) . (صحيفة حبقوق : ٣ / ٣).

ئیمام عەلییش ، بە فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، لە مەککە مایەوە تا ئەو سپاردانەی کە لەلای پێغەمبەری خوا ﷺ دانرا بوون تەسلیمی خاوەنەکانیان بکاتەوە . ئەوەبوو سێ شەو و سێ رۆژ مایەوە ، پاشان ئەویش بەرەو مەدینە کەوتە رێ و ، دوای گەیشتنیان بە دوو یان سێ شەو ئەویش گەیشتە قوباء و ، شەوێك یان دوو شەو لە قوباء لە ماڵی کولثوومی کوڕی هیدم مایەوە و ، دوای ئەوە لە خزمەتی ئازیزدا هاتنە ناو مەدینەوە و بوونە میوانی ئەبوئەییووب .

(إبن عبد البر) لە عائیشەوە خوا لێی رازیی بێ تەخریجی کردووە کە وتوویە : کە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی‌کرد ئێمەیش و کچەکانیشی بەجێ هێشتن . کە لەوێ جێگیر بوو زەیدی کوڕی حاریثەی نارد و ئەبورافیعی خزمەت گوزاریشی خوا لێیان رازیی بێ لەگەڵیا نارد و ، دوو وشتری پێ دان لەگەڵ پێنج صەد دیرهەم‌دا کە لە ئەبوبەکری خوا لێی رازیی بێ وەرگرتن ، تا لەوێ چیی ولاغیان پێویستە بەو پارەیە بی‌کڕن . ئەبوبەکریش عەبدوڵڵای کوڕی ئورەیقیطی خوا لێی رازیی بێ بە دوو یان بە سێ وشترەوە لەگەڵیانا نارد و ، نامەیشی بۆ عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوبەکر خوا لێی رازیی بێ نارد تا ئوم روومانی دایکم و من و ئەسمائی خوشکم ، هاوسەری زوبەیر خوا لێی رازیی بێ سوار بکات . ئەوەبوو پێکەوە دەر چوو بوون . کە گەیشتنە قودەید (کە شیوێکە لە شیوەکانی حیجازی توهامە) بەو پێنج صەد دیرهەمە زەیدی کوڕی حاریثە سێ وشتری کڕیی و ، پاشان هەموویان چوونە ناو شاری مەککەوە . لەوێ تووشی طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا خوا لێی رازیی بێ بوون ، کە ئەویش نیازی کۆچ کردنی بوو و پێکەوە هەموویان

کۆچیان کرد .. ئەوەبوو زەید و ئەبورافیع فاطیمە و ئومکولثووم (ی کچانی پێغەمبەر ﷺ) و سەودەی کچی زەمعە (ی هاوسەری) خوا لێی رازیی بێ هێنان و ، زەید ئومئەیمەنی هاوسەری و ئوسامەی کوڕی سوار کردن ، هەتا کە گەیشتینە (البیداء) وشترەکەی من واتە عائیشە ، کە لەناو کەژاوەدا بووم لەگەڵ دایکمدا ، سڵەمییەوە و دایکیشم هاواری ئەکرد : کچەکەم رۆ ! بووکەکەم رۆ ! تا ئەوەبوو وشترەکەمان وەستایەوە و لە بەرزاییەکەی (هەرشا) دابەزیی و خوای گەورە سەلامەتی کردین . پاشان گەیشتینە مەدینە و من لەگەڵ خاوخێزانی ئەبوبەکردا دابەزیم و ، خاوخێزانی پێغەمبەریش ﷺ (لەلای ئەو) دابەزین . بەڵام زەینەبی کچی پێغەمبەر ﷺ لای ئەبولعاصی مێردی ، کە هێشتا موسڵمان نەبوو بوو ، لە مەککە مایەوە و ، بۆی نەکرا کۆچ بکات بۆ مەدینە هەتا دوای جەنگی بەدر ..

عائیشە خوا لێی رازیی بێ دەربارەی موسڵمانە کۆچ کەرەکان ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت : کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفیهاتە مەدینە ، ئەبوبەکر و بیلال نەخۆش کەوتن . منیش چوومە لایان و وتم : بابەگیان چۆنی؟ بیلال تۆش چۆنی؟ ئەڵێت : کاتێك کە ئەبوبەکر (تا) ئەیگرت بە شیعر دەری ئەبڕیی کە مردن لە هەموو کەسێکەوە یەکجار نزیکە کە ئەیفەرموو:

کل امرئ مصبّح في أهــله　　　والموت أدنــى من شراك نــعله

کاتێك کە بیلالیش (تا) کە بەری ئەدا ، ئاواتی بۆ شوێنە جۆر بە جۆرەکانی مەککە ئەخواست کە ئەیوت :

أَلا لَيت شعري هل أبيتنَ ليلةً　　　بــواد وحولي إذخرٍ وجليلُ
وهل أَردَنْ يوماً مياهَ مــجنَّة　　　وهل يَبْدون لي شامَة وطفيلُ

عائیشە ئەڵێت : هاتمە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵەکەم دایە . ئەویش فەرمووی : ((أَللهمَّ حَبِّب إلينا المدينة كحُبِّنا مكةَ أو أشدَّ حُباً ، وَصَحِّحها ، وبارك في صاعها ومُدِّها ، وانقــل حُمَّاهــا . فاجعَلــها بالجُحفَــة)) . فەرمووی : خوایە ! مەدینەشمان وەك مەککە ، بەڵکو زیاتریش ، بەلاوە خۆشەویست بکە و ، لە دەرد و دا پاکی بکەرەوە و ، بەرەکەت بخەرە مەن و پێوانەیەوە ، (تا) کەشی بگوێزەرەوە بۆ جوحفە .

لەو ماوەیەدا کە ئیمام عەلیی گەیشتبووە قوبـاء سـەرنجی دا وا ئـافرەتێکی موسڵمان لەوێیە و مێردیشی نیە و ، لە نیوەی شەودا کەسـێك دێـت بـۆ لای و تەقە لە دەرگاکەی ئەدا و ، ئەویش دێتە دەرەوە و ، کابرا شتێکی پێـیـە و ئـەی دا بە ئافرەتەکە و ، ئەویش لێی وەرئـەگرێ . ئەفـەرموێ : لـەم کـارەی کەوتمـە گومانەوە ، بۆیە وتم : ئەی کەنیزەکی خوا ! ئەو پیاوە کێیە هەموو شەوێك تەقە لە دەرگاکەت ئەدا و ، تۆیش دێیتە دەرەوە و ، شتێکت ئەداتێ کە نازانم چییە؟ تۆ ئافرەتێکی موسڵمانی و مێردیشت نیە ! وتی : ئەوە سەهلی‌کوڕی حونەیفە و زانیویەتی من ئافرەتێکی بێ‌کەسم . جا هەر کە ئێوارەی لێ دێ هەڵمەت ئەداتە بتی خزمەکانی و ئەیان شکێنێ و ، پاشان دار و تەختەکانم بـۆ دێنـێ و ئـەڵێ : ئەمانە بسووتێنە . ئیمام خوا لێی رازیی بێ کە سەهل لەگەڵیا لە عێراق کۆچـی دوایی‌کرد ، ئەم هەڵوێستەی هەر لە یاد بوو .[٢٨٣]

بەم شێوەیە پێغەمبەری ئازیز و هـاوەڵانی گەیشـتنە مەدینـەی مونـەوەرە .. بەمە پیرۆزترین کۆچ لە مێژووی مرۆڤایەتییدا رووی دا .. ئیمان‌داران بڕیاریان دا سەر و ماڵیان بکەنە قوربانی دینـی خـوا .. چ کـۆچ‌کـەران و چ ئەنصـار خۆیـان فرۆشت بە خوا .. بە نیـازی رازیی‌کردنـی خـوا و ، هیدایـەت‌دانـی مرۆڤایـەتیی گەورەترین ئاڵ و گۆڕیان بە سەر ژیانی خۆیاندا هێنا ..

---

[٢٨٣] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ١ / ٤٥٧ - ٤٩٨ ، والرحيق المختوم : ١٥٨ - ١٧٧ ، وشرح حياة الصحابة : ١ / ٢٠٥ ، ٢٠٧ ، ٥٤٤ - ٥٨٧ ، ٧٤٦ ، ٤ / ٣٥١ - ٣٥٢ ، ٣٩٢ ، ٣٩٣ ، ٤٩٢ - ٤٩٣ .

بەشی شانزەهەم
گەیشتنە مەدینە

ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەککەدا بۆ ماوەی سیانزە ساڵی رەبەق خەریکی بانگ‌کردن بوو بۆ لای خوا و ، دانیشتوانیشی بووبوونە کۆسپی بەردەم بانگەواز و ، لەو ماوە زۆرەدا تەنها کەمێکیان لێ موسڵمان بوون ، تا پێغەمبەری خوا ﷺ ناچار بوو دەست لە قورەیش بشوات و ، هانا بۆ هۆزەکانی تر بەرێت ، تا بەڵکو موسڵمان بن و ، ببنە کۆمەك و پشتیوان بۆ دینی خوا . لە وەرزی حەجدا سەردانی هۆزەکانی ئەکرد و بۆ تەوحید بانگی ئەکردن ، کەچیی هیچ هۆزێك بەدەمیەوە نەهات ، تا دانیشتوانی یەثریب رێیان لێی کەوت و ، مەردانە گوێیان بۆ دەنگی حەق راگرت و ، دڵ و مێشکیان بۆ کردەوە و ، باوەشیان بە نووری قورئان‌دا کرد و ، بردیانەوە بۆ مەدینە ، تا لەوێ ئەو نوورە هەموو ماڵەکان رۆشن بکاتەوە .. بەڵێ باوەشی خۆشەویستی‌یان بۆ نووری هیدایەت کردەوە و ، بوونە چاك‌ترین کۆمەك و پشتیوان بۆ ئیسلام و ، موسڵمانانی مەککەش سوپاسی خوایان ئەکرد وا ئەم بەڕێزە هیمەت‌بەرزانەی کردۆتە هەڵگری دینەکەی و ، بە سنگێکی فراوانەوە هەموو گران‌بەهایەك ئەبەخشن و ، براکانی مەککەیان ئەکەنە برابەشیان .

کاری سەرەکیی بانگەوازی مەککە بزیتیی بوو لە ریشەدەرهێنانی بیروباوەڕە زیان‌بەخشەکان ، کە شەریك‌دانان بۆ خوا و ، باوەڕنەبوون بە پێغەمبەران و زیندووبوونەوەیان لە خۆگرتبوو ، تا بیروباوەڕی راست و پاك ، کە بریتی‌یە لە تەوحید و ئیمان بە خوا و مەلائیکەت و کتێب و پێغەمبەرەکانی و ، رۆژی دوایی ، لە دڵان‌دا بچەسپێ و ، مرۆڤەکان ماوەیان بدرێ بە جوانیی بیر بکەنەوە و، بۆ بەرژەوەندیی هەردوو ژیانیان ژیریی و سەلیقەیان بخەنە کار و ، هەموو کەسێ لە هەڵبژاردنی رێبازی ژیانی‌دا سەربەست بێت ..

لە سەرانسەری سەردەمی مەککەدا پێغەمبەری خوا ﷺ بەبێ وچان خەریکی فێرکردن و پەروەردەکردنی هاوەڵانی بوو ، کۆمەڵە پیاوێکی ناوازە و بێوێنەی پێ

گەیاند ، کە بوونە بەردی بناغەی دامەزراندنی پاكترین و بەرێزترین کۆمەڵ بۆ خزمەتکردنی مرۆڤ و ، بەرپاکردنی گەورەترین و بێگەردترین شارستانییەت لە مێژووی مرۆڤ دا ..

شایانی باسە کە بیروباوەڕی ئیسلامیی و رەوشتە ئیسلامییەکان لەناو ئەو کۆمەڵە بتپەرستەدا یەکجار نامۆ بوون و ، غیرەتێکی بێوێنەیان ئەویست تا کۆمەڵیان پێ ئاشنا بکرێت و پاشانیش لەگەڵ خوێن و گۆشتی ئەندامەکانی کۆمەڵی موسڵماندا تێکەڵ بکرێن ..

ئەو بناغە شەرعیی و کردەوە چاکانەی کە بە ئاڵ و گۆڕی کات و شوێن ئاڵ و گۆڕیان بەسەر نایەت ، وەك دامەزراویی لەسەر بیروباوەڕ و ، ئارام و دانبەخۆدا گرتن لە پێناوی بیروباوەڕدا و ، فەرماندان بە نوێژکردن و ، راستگۆیی و پاك داوێنیی و ، چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوكدا و ، سیلەی رەحم و ، داد و ئامۆژگاریی لە سەر خێر و چاکە و ، قەدەغەکردنی کارە سووك و بێکەڵکەکان وەك کوشتن و ، زیندەبەچاڵی کچان و ، ستەم و ، زینا و ، خواردن و داگیرکردنی ماڵ و سامانی خەڵکیی بە ناڕەوا .. ئا ئەمانە هەر هەموویان و وێنەیان لە سەردەمی مەککەدا بە چاکیی بایەخیان پێ ئەدرا و ، پەروەردەی موسڵمانەکانیان لە سەر ئەکرا ..

بەڵام لە سەردەمی مەدینەدا بارودۆخ گۆڕرا .. وەك جاران بانگەواز تەنها بە مەککە و دەوروبەری پێشکەش نەئەکرا ، بەڵکو ئیسلام پەڕ و باڵی بە هەموو لایەکدا بڵاوکردەوە و ، ناوچەیەکی فراوان لە دوورگەی عەرەبیی و دەوروبەری باوەشی بۆ دینی ئیسلام کردەوە و ، زۆر بە چاکیی ئیسلام وەرگیرا و ، دوای چەند ساڵێك پێغەمبەری خوا ﷺ نامەی بۆ سەرۆك و پادشاکان نارد تا بێن بە ئیسلامی پیرۆز ئاشنا بن و ، شوێنی بکەون تا بە خۆیان و گەلەکانیانەوە سەرفرازی دنیا و قیامەت بن .

جا هەندێ گوێڕایەڵییان کرد و هەندێکیش بە ناشیرینیی وەڵامیان دایەوە . بەمە جیهانیەتیی ئیسلام سەلما و ، دەرکەوت کە دینی عەرەب بە تەنیا نیە ، چونکە جیاوازیی ناخاتە نێوان گەلان و بۆ هەموان هاتووە :

﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ﴾ (الأعراف : ١٥٨)

﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَٰلَمِينَ ﴾ (الأنبياء : ١٠٧) .

لەم فەرموودەیەشدا کە بوخاریی ریوایەتی کردووە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە : ((أعطيت خمساً لم يُعطهن أحدٌ قَبلي : كان كل نبي يبعث إلى قومه خاصة، وبعثت إلى الناس عامة ...)) . ورواه مسلم بلفظ : ((وبعثت إلى كل أحمر وأسود)) . وفي رواية : ((وبعثت إلى الخلق كافة)) .

فەرموویە : پێنج شتم پێ دراون کە پێش خۆم بە هیچ کەس نەدراون : هەموو پێغەمبەرێك بە تایبەتیی بۆ گەلەکەی خۆی رەوانە ئەکرا ، بەلاّم من بۆ تێکڕای خەڵکیی رەوانە کراوم ...

بەڵێ ، ئیسلام دینی حەق بوو ، بەلاّم ئەگەر هێزێك نەبێ پشتی بگرێ و بەرگریی لێ بکا و ، ڕێی بۆ پاك بکاتەوە ، تا دڵ و مێشکەکان ڕۆشن بکاتەوە ، ئەوا ئەو حەقە دەوری خۆی نابینێ ، بۆیە لەو سەردەمەدا ، کە ئیسلام پەرەی ئەسەند ، پێویست بوو هێزێك بۆ حەق بەرپا بکرێ و ، یاسای جیهاد بۆ موسڵمانان دیاریی بکرێ ، تا بەرگریی لە خۆیان و لە ناوچەکەیان بکەن ، چونکە ناحەزان کەوتنە بەکارهێنانی هێز بۆ لە ناوبردنی موسڵمانان و ، موسڵمانانیش مافی خۆیان بوو کە بەرگریی لە خۆیان بکەن .

بەمە کۆمەڵی موسڵمان و حکوومەتی موسڵمان و نیشتمانی موسڵمانان بەرپا بوون ، بۆیە لەو سەردەمەدا حوکمە شەرعییەکان بە درێژە پێشکەش بە موسڵمانان کران ، تا کاروباری کۆمەڵەکەیان بەو پێیە هەڵ سووڕێنن و ، هەموو حەلاڵ و حەرام و ، ڕێپێدراو و قەدەغەلێکراوێکیان بەلاوە روون بێ ..

لە لایەکی تریشەوە حوکمە شەرعییەکان پێویستییان بە دەسەلاّتێك هەیە کە بتوانێ جێ بەجێیان بکات ، ئەمەش پێویستیی بە کۆمەڵێکی تێگەیشتوو هەیە کە ملکەچیی بۆ ئەو فەرمانانە بکات . چونکە ئەگەر ئیسلام ئەو خەڵکە لەسەر ملکەچیی و گوێڕایەڵیی ڕانەهێنێ ، ئەوا کەسێك کە حەددی زینا ، یان کوشتن، یان عەرەق خواردنەوە ، یان دزیی ئەکەوێتە ئەستۆ ، نە خۆی و نە کەس وکاری ڕێ نادەن حوکمی شەرعی بەسەردا جێ بەجێ بکرێ .

ئەوەتا دایکی بەڕێزی زانا و شارەزای ئیسلاممان خاتو عائیشە خوا لێی ڕازیی بێ ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات کە خەڵکەکە لە پێشەوە فێری ئیمان ئەکران .. باسی بەهەشت و دۆزەخیان بۆ ئەکرا ، تا خەڵکیی بە چاکیی دڵیان بە ئیسلامەوە بەسترا ، حەلاڵ و حەرام هاتە خوارەوە ، ئەگینا ڕاستەوخۆ خەڵك بە گوێی

ئیسلامیان نەئەکرد و وازیان لە عەرەق و زینا ـ بۆ نموونە ـ نەئەهێنا .. ئەلێت : (إنما نزل من القرآن أول ما نزل منه سورة من المفصّل فيها ذكر الجنة والنار ، حتى إذا ثاب الناس إلى الإسلام نزل الحلال والحرام ، ولو نزل أول شيء : ((لا تشربوا الخمر)) . لقالوا : لا ندع الخمر أبداً ، ولو نزل : ((لا تزنوا)) . لقالوا : لا ندع الزنا أبداً) . رواه البخاري .

جا هەروەك موسڵمانەکان لە مەککەدا تووشیان بە تووشی بتپەرستەکانەوە بوو بوو ، لە مەدینەش‌دا تووشیان بە تووشی جوولەکە و مونافیقەکانەوە بوو . بەمە موسڵمانەکان لە مەدینەدا بەرامبەر بە سێ دوژمن وەستا بوون و ، ئەبوا لە مەترسیی هەر سێکیشیان خۆیان بپارێزن و ، سەرەنجام بەسەریشیان‌دا زاڵ بن کە بریتیی بوون لە : هێزی موشریکان و ، هێزی مونافیقان و، هێزی جوولەکە .. خۆ دیارە مەترسیی عەرەب و جوولەکە مونافیقەکان لە مەترسیی دوژمنە ئاشکراکان زیاتر بوو . چونکە دوژمنی دیار چاکتر بەرهەڵستیی ئەکرێ و ، دەربازبوونیش لە مەترسیی ئاسانترە . ئەوەبوو خوای گەورە کۆمەکیی حەق ویستانی کرد و سەرەنجام هێزی خواناسان ئەو سێ هێزە زۆر و زەبەندەیەی دا بە زەویی‌دا و ، لەسەر هەموو لووتکە بەرزەکانی زەویی‌دا ئاڵای راستیی و پاکیی هەڵ کرا ، تا دڵە پاکەکان ئۆخەی بکەن و ، زامی ستەم لێ کراوان سارێژ ببێ ..

خوای گەورە کۆمەکیی موسڵمانان بکات ، لەم سەردەمەش‌دا بچنەوە دۆخی جارانیان و ئاڵای ئیسلام بە سەر تەلارە بەرزەکانەوە هەڵ بکەن و ، مرۆڤایەتیی لە چنگی تاعوونە سامناکەکەی سیاسەت دەرباز بکەن و ، نرخ و رێز بگەرێتەوە بۆ ئەو مرۆڤەی کە خوا رێزی لێ گرتووە ، بەڵام کاربەدەستە خوانەناسەکان هیچ مافێکی رەوای خۆی بۆ ناهێڵنەوە .

کە پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتە قوباء لەو ماوە کەمەدا مزگەوتی فریای موسڵمانەکان خست ، کە تەشریفیشی بردە مەدینەوە پێش هەموو شتێك دەستی بە دروستکردنی مزگەوت کرد ..

جا با شتێك دەربارەی پلە و پایەی مزگەوت بزانین .

مزگەوتەکانی سەرزەویی ماڵی خوان :

﴿ وَأَنَّ ٱلْمَسَـٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا ﴾ (الجن : ١٨) .

هەروەها مزگەوتەکان شوێنی دابەزینی مەلائیکەتن و ، شوێنی حەوانەوە و دڵ ئارامیی خواناسانن .. لە مزگەوتدا موسڵمان پەیوەندیی بە ئاسمانەوە ئەکات .. دڵی پاك ئەکاتەوە .. ڕۆحی خاوێن ئەبێتەوە و ، بە پلەکانی ئیماندا سەر ئەکەوێ .. مزگەوتەکان وەك شوێنی دروستیی ڕۆحەکانن ، هەروەها شوێنی دروستیی تەن و لاشەکانیشن .. بۆیە خواناسان بە لەش و بەرگی خاوێنەوە ئەچنە مزگەوتەوە و ، مزگەوتەکانیش یەکجار پاك وخاوێن را ئەگرن ، تا ببنە دڵگیرترین شوێنی سەرزەویی و ، پەنا و هانای شەیدایانی خواپەرستیی بن ..

بەڵێ ، سەرزەویی پڕیەتی لە مزگەوت ، کە هەموویان شوێنی ڕێز و حورمەت و ویقارن .. نابێ هیچ کەس تیایانا دەنگ بەرز بکاتەوە .. یان دەمە دەمێ بکات .. یان وشەی نەشیاو بە دەمیدا بێت .. شوێنی پاك و خاوێنیی و ذیکر و نوێژ و قورئانخوێندنن .. کڕین و فرۆشتنیان تیێدا حەرامە .. جاڕیان تیێدا نادرێ .. شوێنی دژایەتیی و ناکۆکیی و بەرابەرکێی سیاسیی و جیاوازیی دینیی نین ..

لە سەرەتای مێژووی ئیسلامدا مزگەوتەکان ، بە تایبەت مزگەوتی پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەدینە ، خزمەتێکی زۆری بە موسڵمانان پێشکەش ئەکرد .. خزمەتی دینیی .. زانستیی .. کۆمەڵایەتیی .. تەندروستیی .. سوپایی ..

مزگەوتەکان شوێنی خواپەرستیی بوون .. هەروەها بۆ پەروەردە و فێرکردن دەوری پەیمانگا و زانکۆکانیان ئەبینیی .. بۆ کۆکردنەوەی یارمەتیی و کۆمەکیی و پشتگیریی لە سەر چاکە دەوری کۆمەڵە چاکەخوازەکانیان ئەبینیی .. بۆ هەژار و نەدار و ڕێبواران دەوری مەڵبەندی کۆمەکیی هەژارانیان ئەبینیی ، کە خێرۆمەندان ئەبوونە داڵدەی نان و ئاو و حەوانەوەی ئەو دەستکورتانە ، وەك ئەهلی صوففە کە لە مەدینەدا لە مزگەوتدا ئەمانەوە ..

مزگەوتەکان شوێنی کۆبوونەوەی موسڵمانان بوون .. تیایانا کۆ ئەبوونەوە و تەگبیر و ڕاوێژیان ئەکرد و ، فێری یەکێتیی و برایەتیی و هاوکاریی ئەبوون ، بیریان لە قازانجی دنیا و قیامەتی خۆیان ئەکردەوە و ، بڕیاری گونجاویان جێ بەجێ ئەکرد .. هەتا لە مزگەوتی مەدینەدا تیر و کەلوپەلی جیهاد دروست ئەکرا و چادریان هەڵ ئەدا تا زامدارانی جەنگ بهێننەوە ئەوێ و ، لەوێ دەرمانیان بکەن .. هەتا هەندێ لە موسڵمانان لەوێ خەریکی ڕاهێنان ئەبوون تا خۆیان ئامادەی جەنگ و کوشتار بکەن ..

بۆ ئەم هەموو خزمەتانە مزگەوتەکان بەکار ئەهێنران .. بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ لەو ماوە کەمەی قوباءدا مزگەوتی دروست کرد .. ئەوەتا خوای گەورە ئەفەرموێ :

﴿ لَّمَسْجِدٌ أُسِّسَ عَلَى ٱلتَّقْوَىٰ مِنْ أَوَّلِ يَوْمٍ أَحَقُّ أَن تَقُومَ فِيهِ ۚ فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُوا۟ ۚ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُطَّهِّرِينَ ﴾ (التوبة : ١٠٨) .

طەبەرانیی لە ئیبن عەباسەوە ریوایەتی کردووە کە کاتێك ئەم ئایەتە : ﴿ فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُوا۟ ﴾ هاتە خوارەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ ناردی بۆ لای عوەییمی کوڕی ساعیدە و فەرمووی: ((ما هذا الطهور الذي أثنى الله عليكم ؟)) . فەرمووی : ئەم پاکییە چییە کە خوای گەورە بە بۆنەیەوە ستایشی ئێوەی کردووە ؟ وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! هەر پیاو و ئافرەتێکمان دەست بە ئاو بگەیەنن بە پاکیی عەورەتیان ئەشۆن . پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ((هو هذا)) . وروى نحوه أيضاً أبوداود والترمذي وابن ماجه .

دەربارەی مزگەوتی قوباءیش گێڕراوەتەوە کە جیبریل سەلامی لێ بێ شوێنی قیبلەی بۆ پێغەمبەر ﷺ دیاریی کردووە .

جا لەبەر ئەوەی کە مزگەوتی قوباء یەکەم مزگەوتێك بوو کە لە ئیسلامدا دروست کرابوو و ، کرابوویە مزگەوتی گشتیی ئوممەتی ئیسلام ، ئەوا پێغەمبەری خوا ﷺ خۆشەویستییەکی تایبەتیی لە دڵیا بۆ ئەم مزگەوتە حەشار دابوو ..

لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە کە هەموو رۆژانێکی شەممە ، جارێ بە سواریی و ، جارێکیش بە پیادە ، سەری لێ ئەدا ..

لە فەرموودەیەکی صەحیحی تریشدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەری بڕیوە کە نوێژێکی مزگەوتی قوباء خێری عومرەیەکی هەیە کە فەرموویە : ((صلاة في مسجد قباء كعمرة)) . رواهما الشيخان .

تیرمیذییش لە ئوسەیدی کوڕی ظوهەیرەوە ریوایەتی کردووە کە لە پێغەمبەری ﷺ گێڕاوەتەوە کە فەرموویە : ((الصلاة في مسجد قباء ركعتين أحبُّ إليّ من أن آتيَ بيت المقدس مرتين ، لو يعلمون ما في قباء لضربوا إليه أكباد الإبل)) . فەرموویە: دوو رەکعەت نوێژی مزگەوتی قوباءم بەلاوە خۆشەویستترە لەوەی دوو جار

زیارەتی (بیت المقدس) بکەم . ئەگەر خەڵك بیانزانیایە لە مزگەوتی قوباءدا چ خێر و چاکەیەکیان تووش ئەبێت ئەوا بە سواریی وشتر بۆی ئەهاتن .

ئیبن ماجەش لە سەهلی کوڕی حونەیفەوە ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویە : ((من تطهر في بيته ، ثم أتى مسجد قباء فصلى فيه صلاة كان كأجر عمرة)) . فەرموویە : هەر کەس لە ماڵەوە دەستنوێژی گرت و ، دوای ئەوە هات بۆ مزگەوتی قوباء و نوێژێکی تیا بەجێ هێنا ئەوەندەی پاداشتی عومرەیەك خێری بۆ ئەبێ .

لە پێشەوە ئەوەمان باس کرد کە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژانی دووشەممە و سێشەممە و چوارشەممە و پێنجشەممە لە قوباء مایەوە و ، ڕۆژی جومعە بەرەو (طيبة) واتە مەدینە کەوتە ڕێ و ، لە ڕێدا کە گەیشتە مەنزڵی نەوەی سالم ی کوڕی عەوف کاتی نوێژی جومعە هاتە بەرەوە و ، لەو مزگەوتەدا کە ئەکەوێتە ناو شیوی (رانوناء)ەوە و ، ئێستە پێی ئەوترێ مزگەوتی جومعە ، نوێژی جومعەی لەگەڵ موسڵمانەکاندا بەجێ هێنا و ، ئەمەش یەکەم نوێژی جومعە بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامی دابێ . چونکە پێش گەیشتنی پێغەمبەر ﷺ بۆ مەدینە ، ئەبوئومامە ئەسعەدی کوڕی زوڕارەی نەججاریی - کە یەکێ بوو لەو دوانزە پیاوەی کە لە پەیمانی دووهەمی عەقەبەدا بۆ نەقیبیی موسڵمانەکانی مەدینە هەڵ بژێررا - بۆ یەکەم جار نوێژی جومعەی لەگەڵ موسڵمانەکاندا ئەنجام دابوو .. لەلایەکی ترەوە لە مەککەدا موسڵمانەکان ، لە بەر سزا و ئازاری قوڕەیش و دژایەتییان ، نەیان ئەتوانیی کۆ ببنەوە و بە ئاشکرا نوێژی جومعە و جەماعەت بەجێ بهێنن .

لە وتاری یەکەم جومعەیدا پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ زۆر بە کاریگەریی باسی ئیمان و یەقینی کرد و ، ئامۆژگاریی موسڵمانانی کرد کە ئەی فەرموو :

((ألحمدُ لله ، أحمدُه وأستعينُه ، وأستغفرُه وأستهديه ، وأومن به ولا أكفره ، وأُعادي مَن يَكفُرُه ، وأَشهَدُ أن لاَّ إلهَ إلا الله وحده لا شريك له ، وأنَّ مُحمداً عبده ورسوله ، أرسلَهُ بالهُدى ودينِ الحقِّ ، والنورِ والموعظةِ على فترةٍ منَ الرُّسُلِ ، وقلّةٍ من العلمِ ، وضَلالةٍ منَ الناسِ ، وانقطاعٍ منَ الزّمانِ ، ودُنُوٍّ من السّاعَةِ ، وقُربٍ من

الأَجَلِ ، مَن يُطعِ اللهَ ورسولَهُ فقد رَشَدَ ، ومن يَعصِهما فقد غَوى وفَرَطَ، وضلَّ ضلالاً بَعيداً .

وأُوصِيكُم بتقوى الله ، فإنَّهُ خيرُ ما أوصى به المسلمُ المسلمَ أن يَحُضَّه على الآخرةِ ، وأن يأمُرَه بتقوى الله ، فاحذَروا ماحذَّركم اللهُ من نفسه ، ولا أفضلَ من ذلك نصيحةً ، ولا أفضلَ من ذلكَ ذكرى ، وإنَّه تقوى لمن عَمِلَ به على وَجَلٍ ومَخافةَ ، وعون صدق على ما تَبتغونَ من أمرِ الآخرة ، ومَن يُصلِحِ الذي بينه وبينَ اللهِ من أمرِ السِّرِّ والعلانيةِ ولا ينوي بذلكَ إلا وَجهَ الله يكُن لهُ ذكراً في عاجلِ أمرِه ، وذُخراً فيما بعدَ الْمَوتِ حينَ يفتَقرُ المرءُ إلى ما قدَّم ، وما كان من سوى ذلك يَوَدُّ لو أنَّ بينه وبينَه أمداً بَعيداً ، ﴿ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفۡسَهُۥۗ وَٱللَّهُ رَءُوفُۢ بِٱلۡعِبَادِ ﴿٣٠﴾ ﴾ . هو الذي صدّق قوله ، وأنجز وعدَهُ ، لا خلفَ لذلكَ ، فإنه يقول تعالى : ﴿مَا يُبَدَّلُ ٱلۡقَوۡلُ لَدَيَّ وَمَآ أَنَا۠ بِظَلَّٰمٖ لِّلۡعَبِيدِ ﴿٢٩﴾ ﴾ .

واتقوا اللهَ في عاجلِ أمركم وآجله ، في السرِّ والعَلانية ، فإنَّه ﴿ من يتق الله يكفر عنه سيئاته ويُعظم له أجراً ﴾ ، ومَن يتَّقِ اللهَ فقد فازَ فَوزاً عَظيماً . وإن تقوى الله تُوقي مَقتَه ، وتوقي عقوبته ، وتوقي سُخطَه ، وإن تقوى الله تُبَيِّضُ الوجهَ ، وتُرضِي الرَّبَّ ، وتَرفَعُ الدَّرَجَةَ .

خُذُوا بحَظِّكُم ، ولا تَفرطُوا في جَنبِ الله ، قَد عَلَّمَكُم اللهُ كتابَهُ ، ونَهجَ لكُم سبيلَهُ ليعلمَ الذينَ صدَقُوا ويعلمَ الكاذبينَ ، فأَحسنوا كَما أَحسَنَ اللهُ إليكُم ، وعادُوا أعداءَهُ، وجاهِدُوا في اللهِ حَقَّ جِهادِهِ ، هو اجتباكُم وسَمَّاكُمُ المسلمينَ ، ليَهلِكَ مَن هَلَكَ عَن بَيِّنة ، ويحيى من حيَّ عن بينة ، ولا قوة إلا بالله .

فأكثروا ذكرَ الله ، واعمَلوا لما بعد الموت ، فإنَّه من أصلحَ ما بينه وبينَ اللهِ يَكفيه ما بينه وبين الناس ، ذلك بأن اللهَ يَقضي على الناسِ ولا يَقضونَ عَليه ، ويملكُ من الناس ولا يَملِكونَ منهُ ، اللهُ أكبر ولا قوة إلا بالله العلي العظيم)) .[٢٨٤]

دوای نوێژی جومعە نەوەی سالم ی کوڕی عەمری کوڕی عەوف هاتنە خزمەتی و، وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ! لەناومان‌دا ، لەناو پیاوی زۆر و چەك و هێز و

[٢٨٤] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ٢ / ٢٢.

پارێزگاریی‌دا ، بهێنەرەوە . دەستیان بە جڵەوی وشترەکەیەوە ئەگرت بەشکو لەلایان بهێنێتەوە . ئەویش ئەیفەرموو : ((خلّوا سبيلها فإنها مأمورة)) . جڵەوی وشترەکەشی شل ئەکرد و ، هەرچیی بەلای ماڵێکی ئەنصاریی‌دا ، کە لە رێگاکەی‌دا بوو ، تێ ئەپەڕیی داوایان ئەکرد لەلای پیاوی زۆر و چەك و پارێزگاریی‌دا بهێنێتەوە و ، هەمان فەرمایشتی پێ ئەفەرموونەوە .. هەتا ئەوەبوو گەیشتە شوێنی مزگەوتە پیرۆزەکەی و لەوێ وشترەکە چۆکی دا دا و پێغەمبەری خوا ﷺ بەسەریەوە دانەبەزیی و ، وشترەکە هەستایەوە و ، کەمێك رۆیشت و پێغەمبەری خواش ﷺ جڵەوی بۆ شل کردبوو ، کەچیی وشترەکە ئاوڕی بۆ دواوە دایەوە و گەڕایەوە شوێنی چۆك دادانی یەکەم جاری و ، چۆکی دادایەوە ..

پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەری دابەزیی و خەڵکەکە هەر یەك لە لایەکەوە هەوڵی ئەدا ببێتە میوانیان . فەرمووی : ((إني أنزل على أخوال عبد المطلب ، أكرمهم بذلك)) . فەرمووی : بۆ رێزلێنان لە خاڵوانی عەبدولموطەللیب ئەبمە میوانی ئەوان .

ئەمە کارێکی زۆر چاك بوو تا هیچ کەس دڵی لە خۆی دانەمێنێ ، چونکە مافی خۆیەتی ببێتە میوانی خزمەکانی .

پاشان پرسیی : ((أي دور أهلنا أقرب ؟)) . فەرمووی : ماڵی کام لە خزمانمان نزیکە ؟ خێرا هاوەڵی پایەدار ئەبوئەییووبی ئەنصاریی هاتە وەڵام : ماڵی من . خێرا کەل و پەلەکەی پێغەمبەری خوای بردە ماڵەوە . ئیتر بە شێوەیەکی نەرم و نیان پێغەمبەری خوا ﷺ عوزری هێنایەوە کە نەبۆتە میوانی ماڵەکانی تری غەیری نەوەی نەججار کە فەرمووی : ((المرء مع رحله)) .

پاشان ئەسعەدی کوڕی زورارە ، کە لە شەوی پەیمانی دووهەمی عەقەبەدا نەقیبی نەوەی نەججار بوو و ، کۆمەکی موصعەبیش بوو تا بانگەوازەکەی لە مەدینەدا بلاو بکاتەوە ، هات و ، سەیری کرد پێغەمبەری خوای ﷺ لە دەست چووە و ، شەرەفی میواندارێتیی ئەوی پێ نەبڕاوە ، بۆیە جڵەوی وشترەکەی پێغەمبەری خوای ﷺ گرت و لای خۆی هێشتیەوە .. ئەمەشی بە رێز و پایەیەك بۆ خۆی دائەنا ..

ئەم میوانداریەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوپەڕی پایەداریی بوو بۆ ئەبوئەییووب و ، بۆ تێکڕای نەوەی نەججار .

شایانی باسە کە ئەنصار هەر هەموویان خۆیان ئامادە کردبوو و ، زۆریشیان پێ خۆش بوو پێغەمبەری خوا ﷺ ببێتە میوانیان ، بۆیە پێغەمبەری خواش ئەوپەڕی ستایشی ئەکردن و خۆشەویستیی خۆی دەرئەبڕیی بۆیان ..

ئەوەتا لە هەردوو صەحیحی بوخاریی و موسلیمدا ، لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ریوایەت کراوە کە وتوویە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە : ((خَيرُ دُورِ الأنصارِ بَنو النَّجَّارِ ، ثُمَّ بَنو عبدِ الأشهَلِ ، ثم الحارِثُ بنُ الْخَزرَجِ ، ثم بنو ساعِدَةَ ، وفي كل دورِ الأنصارِ خيرٌ)) .

فەرموویە : چاکترین بنەماڵەی ئەنصار نەوەی نەججارن ، پاشان نەوەی عەبدولئەشهەل ، پاشان نەوەی حاریثی کوڕی خەزرەج ، پاشان نەوەی ساعیدە و ، هەموو بنەماڵەکانی ئەنصار پڕن لە خێر .

لە ریوایەتێکی تردا هاتووە کە کاتێ سەعدی کوڕی عوبادە بە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگات ئەڵێت : ئەی پێغەمبەری خوا ! بنەماڵە چاکەکانی ئەنصارت دیاریی کردوون و ، ئێمەت لە دوای دواوە داناوە ؟ خێرا پێغەمبەری خوا ﷺ بە سنگێکی فراوان و ، عەقڵێکی گەورە و ، زمانێکی پاراوەوە ، وەڵامێکی ژیرانەی ئایەوە کە فەرمووی : ((أو ليس بحسبكم أن تكونوا من الأخيار؟)) . فەرمووی : گوایا ئەوەندەتان بەس نیە کە لە ریزی پیاوچاکاندا بن ؟

بە راستیی ئەو رۆژەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە سواریی وشترەکەی گەیشتە ناو مەدینە و ئەبوبەکریش لە پاشکۆیدا بوو [285] رۆژێکی ناوازە و تاقانەی ئەو شارە بوو .. نەوەی نەججاریش بە خۆیان و شمشێرەکانیانەوە ئەو ناوەیان تەنی بوو، تا ترس و لەرز بخەنە دڵی دوژمنانی خوا و پێغەمبەرەوە و ، هیچ کەس نەوێرێ لە ئاستی ئازیزدا بە خراپە چاو بەرز بکاتەوە ، بە تایبەتیی جوولەکە و بت پەرستەکان و ، تا هەموانیش تێ بگەیەنن کە ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ کەس وکار و نیشتمانی بەجێ هێشتبێ و بۆ لای خوا کۆچی کردبێ ، هەر وا لەژێر چاودێریی و پارێزگارییدا و ، بنەماڵەی خاڵوانی و شوێنکەوتوانی و موسڵمانان بە سەر و بە ماڵ بەرگریی لێ ئەکەن و ، تا ئاو لە چاویانا مابێ کەسێ ناتوانێ بە خراپە دەستی بۆ بەرێ ..

---

[285] ئەبوبەکر خۆی وشتری هەبوو بۆ سواریی ، بەڵام بۆ رێزلێنانی زیاتر لە ئەبوبەکر و بۆ دەرخستنی پایەی ئەو، پێی خۆش بوو لە پاشکۆی خۆیدا بێت .

بە راستیی دیمەنێکی ناوازە و دڵڕفێن بوو ..

دانیشتوانی مەدینە هەر هەموویان بە پیر و گەنجەوە .. بە ژن و منداڵەوە ، هاتبوونە دەرەوە تا پێشوازیی لە میوانی ئازیز و بەڕێز بکەن و ، تێر تێر سەیری ئەو خۆشەویستە بکەن ، کە بەبێ ئەوەی هێشتا چاویان پێ کەوتبێ ، چۆتە ناو کرۆکی دڵیانەوە ..

جا بۆ وەسفکردنی ئەو دیمەنە قەڵەباڵغە ، ئیمام ئەحمەد لە ئەنەسی کوڕی مالیكەوە ریوایەتی کردووە کە وتوویە : لەگەڵ منالاڵندا رام ئەکرد و خەڵکیی ئەیانوت : موحەممەد هات . هەر رام ئەکرد و هیچم نەئەدیی . دیسان دەیانوت: موحەممەد هات و ، منیش رام ئەکرد و هیچم نەئەدیی ، تا ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەبوبەکری هاوەڵی هاتن و ، ئێمەش لە یەکێ لە کەلاوەکانی مەدینەدا خۆمان حەشار دا . دوای ئەوە هەردووکیان پیاوێکی دەشتەکییان نارد تا ئەنصار لە هاتنیان ئاگادار بکا . ئەوەبوو نزیکەی پێنج صەد پیاوی ئەنصار هاتنە پێشوازییان و گەیشتنە لامان و ، بە پێغەمبەر و ئەبوبەکریان وت : بە سەلامەتیی و گوێڕایەڵییکراویی بفەرموون . ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵەکەی لە نێوانیاندا هاتن و ، خەڵکی مەدینەش هەموو هاتنە دەرەوە ، هەتا کچە گەنجەکانیش بە سەربانەکانەوە سەیریان ئەکرد و ئەیان وت : کامیان ئەوە ؟ تا ئێستە دیمەنی وەهامان نەدیی بوو .

ئەنەس ئەڵێ : ئەو رۆژەی کە تەشریفی هێنایە ناومان و ، ئەو رۆژەش کە کۆچی دوایی کرد ، ئاگادار بووم ، دوو رۆژی ترم نەدین کە لەو دوو رۆژە بچن .

چەند کچۆڵەیەکی نەوەی نەججاریش هاتنە پێشوازیی و بە دەف لێدانەوە ئەیان وت :

نَحنُ جَوارٍ مِن بَني النَّجّارِ　　　یا حَبذا محمدٌ مِن جارِ

ئەیان وت : ئێمە چەند کچۆڵەیەکی نەوەی نەججارین و خۆزگە موحەممەد دراوسێمان بوایە .

پێغەمبەری خوا ﷺ روو بە رووی ئەو منداڵانە رۆیشت و فەرمووی : ((أتحبینني ؟)) فەرمووی : ئایا منتان خۆش ئەوێ ؟ وتیان : ئەرێ ، بەخوا ، ئەی پێغەمبەری خوا ! فەرمووی : ((وأنا واللە أحبکم)) سێ جار فەرمووی : بەخوا منیش ئێوەم خۆش ئەوێن .

لە صەحیحی بوخاریی و موسلیم‌یش‌دا لە باسی کۆچ کردن‌دا هاتووە ، کاتێک کە هەردووکیان گەیشتنە مەدینە ، خەڵکەکە هەر هەمووی دەرچوونە کۆڵانەکان و سەربانەکان و ، منداڵ و خزمەت‌کارەکانیش هاواریان ئەکرد : الله أكبر ، جاء رسول الله . الله أكبر ، جاء رسول الله .

بەڵێ ، پێغەمبەری خوا ﷺ بووە میوانی ئەبوئەییوبی ئەنصاریی و ، بەوپەڕی رێز و پایەداری‌یەوە بۆ ماوەی حەوت مانگ مایەوە ، هەتا ئەوەبوو مزگەوت دروست کرا و خانووی ماڵ و منداڵ و هاوسەرەکانی تەواو کران و گواستیەوە بۆ ئەوێ ..

یەکەم جار پێغەمبەری خوا ﷺ لە نهۆمی خوارەوەی ماڵەکەی ئەبوئەییوب‌دا مایەوە . بەڵام ئەبوئەییوب زۆری پێ ناخۆش بوو پێغەمبەری خوا ﷺ لە خوارەوە بێ و هەوڵی زۆری لەگەڵ دا هەتا تەشریف بەرێتە سەرەوە . بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ بۆی روون کردەوە کە بۆ ئەوانیش و موسڵمانانیش کە سەردانیان ئەکەن ئەوە ئاسانە ، چونکە لەو ماوەیەدا کە مزگەوت تەواو نەبوو بوو ئەو ماڵە شوێنی کۆبوونەوەی موسڵمانان بوو .

زۆر لە رادەبەدەر ئەبوئەییوب رێزی لە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگرت و ، هەتا پێغەمبەری خوا ﷺ نانی نەخواردایە ، نانی نەئەخوارد .. کە خواردنیشی دروست ئەکرد و ئەی‌نارد بۆ پێغەمبەر ﷺ چاوەڕوانیی ئەکرد هەتا قاپی چێشتەکە بگەڕێتەوە ، ئەوسا ئەگەڕا بە دوای شوێن پەنجەی ئازیزدا و لەو شوێنەدا نانی ئەخوارد .. جارێکیان خواردنی دروست کرد و سیری پێوە کرا بوو ، بەڵام بۆنی سیرەکە نەڕۆیشتبوو ، ئەویش دەربارەی شوێنی پەنجەی پێغەمبەر پرسیاری کرد و، پێ‌یان وت : لێی نەخواردووە .. ترس و لەرز دای‌گرتەوە و رای کرد بۆ خزمەتی و پرسیی : ئایا سیر حەرامە ، ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی : ((لا ، ولكني أكرهه ، فإني أناجي من لا تناجي)) (رواه الشيخان) . فەرمووی : نەخێر ، حەرام نیە ، بەڵام من خۆشم لێی نایەت ، چونکە من وت و وێژ لەگەڵ کەسانێک ئەکەم کە تۆ وت و وێژیان لەگەڵ ناکەیت . مەبەستی لە مەلائیکەتە کە ئەوانیش بەو شتانەی کە ئازاری ئادەمیی ئەدەن ئازاریان پێ ئەگات ..

جارێکی تریش گۆزەیەکی پڕ لە ئاوی ماڵی ئەبوئەییوب شکا و ئاوەکەی رژایە ناو ژوورەکەیانەوە کە بەسەر ژوورەکەی پێغەمبەری خواوە بوو .

ئەبوئەییووب و هاوسەرەکەی ترسان ئاوەکە بڕژێتە خوارەوە ، بۆیە هەڵمەتیان دایە پارچە قەدیفەیەك ، کە هەر ئەوەیان هەبوو تا بیکەنە لێفە و بیدەن بە خۆیان دا و ، ئاوەکەیان پێ هەڵ مژیی ، نەوەکو بڕژێتە خوارەوە و پێغەمبەری خوا و میوانەکانی ئازاریان پێ بگات .

ئەبوئەییووب و هاوسەرەکەی زۆر ڕێزیان لە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگرت ، هەتا ئەوەبوو کە تەشریفی نەبردە سەرەوە ، نەئەچوونە ئەو شوێنەوە کە پێغەمبەری لە ژێردا بوو ، بەڵکو لەو ژوورەی سەرەوە ئارامیان نەبوو ، تا ئەوەبوو ئەوەندە پاڕایەوە کە تەشریف بەرنە سەرەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ داواکەی قبووڵ کرد ..

نەك هەر ئەبوئەییووب ، بەڵکو هەموو ئەنصار بە شێوەیەکی بێوێنە ڕێزیان لە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگرت و ، لە ڕادەبەدەر خزمەتیان ئەکرد .. هەتا ئەوەبوو هەموو ئێوارەیەك ئەوەندە قاپ و قابلەمە خواردن ئەهات بۆ ماڵی ئەبوئەییووب ، بە مەرجێ ئەبوئەییووب خۆیشی زۆر دەوڵەمەند و خێرۆمەند بوو ، ئامادەبووان نەیانئەزانی چیی بخۆن .. لە هەمان کاتدا لە ڕێز و بەخێرهاتنی برا کۆچکەرەکانیان هیچ درێغییەکیان نەکرد ، هەتا ئامادە بوون ماڵ و سامان و خانوو بەرەیان لەگەڵیاندا بەش بکەن .. بگرە لەوە زیاتریش هەنگاویان نا .. هی وایان هەبوو ئامادە بوو ژنێکی خۆی تەلاق بدا تا براکۆچکەرەکەی بە شێوەیەکی شەرعیی مارەی بکات .. بە ڕاستیی ئەو بەخێرهاتن و پێشوازییکردنە شتێکی ناوازەی مێژوو بوو .. مرۆڤایەتیی کۆمەڵێکی وەها بەخشندە و لێبووردە و سنگ فراوانی بۆ بانگەوازی خوای بە خۆوە نەدیی بوو ..

ئەم خانووەی ئەبوئەییووب ، کە ئەم ڕێزو شەرەفەی دەست کەوت ، دوای کۆچی دوایی خۆی کەوتە دەست (ئەفلەح) ی خزمەتگوزاری و ، موغیرەی کوڕی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی حاریثی کوڕی هیشام لێی کڕیی بە هەزار دینار ، واتە هەزار مسقاڵ ئاڵتوون و ، دەستێکی پیا هێنا و ڕێك و پێکی کردەوە و ، پاشان بە خانەوادەیەکی هەژاری دەستکورتی بەخشیی .. ئەو خانووە ئێستاش هەر ماوە و لە نزیك مزگەوتی پێغەمبەری خوادایە ﷺ و میوانان بۆ بیرەوەریی مێژووی پڕ سەروەریی موسڵمانان و خزمەتکردنیان سەری لێ ئەدەن ..

ڕۆژان ڕابووردن و ، چەرخ و زەمانە گۆڕا و ، دەوڵەتی ئیسلامیی نەونەمامی مەدینە گەشەی کرد و ، ئیسلام بە هەموو لایەکدا بڵاوەی کرد و دەوڵەتێکی

ئیسلامیی گەورە و بەهێز بەرپا بوو و ، ئەبوئەییووبی ئەنصارییش رێی لە شاری بەصرە کەوت .. ئەو کاتەش والیی بەصرە هاوەڵی پایەدار و ناودار و سەردار عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس بوو خوا لێیان رازیی بێ ، ئەمەش لە سەردەمی ئەمیری ئیمانداران ئیمام عەلییدا خوا لێی رازیی بێ ..

که ئیبن عەبباس هەواڵی هاتنی هاوەڵی بەرێز ئەبوئەییووبی بیست ، ئەو سەخاوەت و لێبووردنەوەی سەردەمی کۆچ کردنی ئازیزی ﷺ هاتەوە یاد ، بۆیە پێی خۆش بوو ئەمیش ئەمڕۆ چاکەیەك لەگەڵ ئەودا بکات و پاداشتی ئەو چاکەیەی بداتەوە .. ئەوەبوو ماڵەکەی خۆی لە کەس وکاری چۆڵ کرد و ، چیی تفاق و کەل و پەلی بوو تیایا بەجێ هێشت و ، داوای لە ئەبوئەییووب کرد کە بێتە ماڵەکەیەوە ، وەك چۆن ئەو ماڵەکەی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ چۆڵ کرد .. ئیتر ئەو خانوو و کەل و پەلە لەژێر دەستی ئەبوئەییووبدا بوو هەتا کاتێ ویستی بەصرە بەجێ بهێڵێ ، ئەو کاتەش ئیبن عەبباس بەخششێکی چاکی پێ بەخشیی و، زۆر بە جوانیی خواحافیزیی لێ کرد ..

خۆ دیارە ئەو رۆژە ئەبوئەییووب ئەو میوانداریی و سەخاوەتەی بۆ ئەوە نەکرد کە رۆژێ لە رۆژان پاداشتی بدرێتەوە ، بەڵکو ئەو رەزامەندیی خوای پەروەردگاری ئەویست . لە هەمان کاتدا پاداشتدانەوەکەی ئیبن عەبباسیش لە جێی خۆیدا بوو و ، ئەوەی سەلماند کە موسڵمانان تاسەمەندی هەموو رەوشتێکی بەرزن و ، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان تەمەنیان بە خزمەتکردن بەسەر بەرن . ئەوەتا ئازیزمان ، رۆشنایی چاوەکانمان مامۆستای رەوشت و چاکەخوازیی ﷺ ئامۆژگارییمان ئەکات و ئەفەرموێ : ((مَن أسدى إلَيكُم مَعرُوفاً فَكافئوهُ عليه ، فإن لَم تَقدِروا فادعوا له بخَيرٍ)) . رواه أبوداود والنسائي بإسناد صحيح . ئەفەرموێ : هەرکەس چاکەیەکی لەگەڵتانا کرد ، پاداشتی لەسەر بدەنەوە ، ئەگەر نەتان توانیی چاکەی لەگەڵا بکەنەوە ، دۆعای خێری بۆ بکەن .

بەڵێ ، ئازیزان ! قوتابخانەی ئیسلام ، کە هەر هەمووی خووڕەوشتی بەرزە ، قوتابخانەی خزمەتی مرۆڤە .. هەموو مرۆڤەکان .. بەبێ جیاوازیی .. بە موسڵمان و ناموسڵمانەوە ..

کاتێك کە پێغەمبەری ئازیز ﷺ لە ماڵی ئەبوئەییووبی ئەنصارییدا میوان بوو خەڵکێکی زۆر ئەبوونە میوانی و سەریان لێ ئەدا ، تا لە نزیکەوە بە خزمەتی

بگەن و ، بزانن ئەوەی دەربارەی ئەوی بەڕێز بیستوویانە راستە یان نا . جا بەم بۆنەوە خەڵك دەستە دەستە ئەهاتن و ، کە راستیی و پاکیی ئیسلامیان بۆ دەر ئەکەوت موسڵمان ئەبوون .

جا هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ خەڵکی تری بۆ سەر ئیسلام بانگ ئەکرد ، جوولەکەشی بانگ کردن و زیاتر لە خەڵکییش قورئانی دا بە گوێیان‌دا ، بە بۆنەی ئەوەوە کە ئەمان ئەهلی کیتابن و ، لە کتێبەکانیان‌دا راستیی پەیامی ئیسلامیان بۆ دەرکەوتووە .

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی دەرخست کە کاری پێغەمبەران یەکێکە و ، بناغەی بیروباوەڕیان وەك یەکە و ، ئەم دینەی ئەمیش بۆ ئەوە هاتووە کە یەکەم : هەرچیی لادان و لارییەك ، بە هۆی ئارەزووپەرستانەوە ، تێکەڵ بە شەریعەتە پێشووەکان کراوە ، لا بەرێت و ، دینی خوا بچێتەوە سەر نەخشە پاك و خاوێنەکەی خۆی و ، دووهەم : تا هەر حوکم و بڕیارێکی کاتیی لەو شەریعەتانەدا هاتووە تەعدیلی بکات بەو شێوەی کە بۆ هەمیشەیی دەست بدات و ، سێهەمیش : شەریعەت لە تەواوترین شێوەی‌دا پێشکەش بە مرۆڤ بکرێ ، بۆ ئەوەی تا ئاخرزەمان دەستکاریی نەوێ . ئەوەبوو فەرمووی :

((مَثَلي وَمَثَلُ الأنبياء من قَبلي كَمَثَل رَجُلٍ بنى بُنياناً فَأَحسَنَهُ وَأَجمَلَه ، إلاَّ موضعَ لَبِنَةٍ من زاويةٍ مِن زَواياهُ ، فَجَعلَ الناسُ يَطوفونَ به ويعجبون له ويقولون : هلاّ وضعتَ هذه اللبِنَةَ . قال صلوات الله عليه : فأنا اللبنة وأنا خاتم النبيين)) . رواه مسلم عن أبي هريرة .

ئەفەرموێ : نموونەی کاری من و کاری پێغەمبەرانی پێشم ، وەك کاری پیاوێك وەهایە کە کۆشکێکی زۆر نایابی دروست کردبێ و ، بە جوانیی رازاندبێتیەوە ، تەنها لە گۆشەیەکی‌دا شوێنی خشتێکی مابێ و دانەنرابێ . خەڵکییش بە کۆشکەکەدا ئەگەڕان و پێی سەرسام ئەبوون و ، کە شوێنی خشتەکەیان ئەدیی ، ئەیان وت : خۆزگە ئەم خشتەش دابنرایە ، فەرمووی : جا من ئەو خشتەم .. من دوا پێغەمبەرم .

بەڵام جوولەکە ملیان بادا و ، بە فیز و تەکەببورەوە بڕیاری دژایەتی‌یان دا .. جا لەبەر ئەوەش کە بێ‌غیرەت و ترسنۆك بوون ، کەوتنە غەدر و ناپاکیی و پیلان گێڕان . هەر کەسیش موسڵمان ببوایە ، ئەوپەڕی دژایەتی‌یان ئەکرد .

بۆ نموونە : یەکێ لە زانا خواناسە خاوەن تەقواکانیان ، کە بە چاکیی شارەزای تەورات بوو ، خوا نووری خستە دڵیەوە و ، دڵی چووە سەر ئیسلام .. ئەوەبوو ئەویش وەك زانا جوولەکەکانی تر هاتە خزمەتی ئازیز تا هەڵگری دینی تازە ببینێ و بزانێ چۆن پیاوێکە . ئەم زانایە ناوی حوصەین ی کوڕی سەلام بوو و ، کە ئیمانی هێنا پێغەمبەری خوا ﷺ ناوی نا عەبدوڵلا ..

عەبدوڵلا خۆی ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت : کاتێك دەنگ و باسی پێغەمبەری خوام ﷺ زانیی ، لە سیفەت و ناو و ئەو سەردەمەی کە چاوەڕوان بووین تیایا بێت ئاگادار بووم ، ئەمشاردنەوە و دەنگم نەئەکرد ، تا ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی هێنایە مەدینە و ، لە قوباء لە ناو نەوەی عەمری کوڕی عەوفدا لای دا و ، پیاوێك هات و هەواڵی گەیشتنی ئەوی هێنا ، منیش بەسەر پۆپەی دارخورمایەکمەوە بووم و کارم ئەکرد و ، خالیدەی کچی حاریثی خوشکی باوکیشم لە ژێر دارخورماکەدا دانیشتبوو . کە هەواڵی گەیشتنی پێغەمبەری خوام ﷺ بیست ، (الله أكبر) م وت . کاتێك کە پوورم (الله أكبر)ەکەی منی بیست ، پێمی وت : خوا خەجاڵەتت کا ، بەخوا ئەگەر بتبیستایە مووسای کوڕی عیمرانیش هاتووە لەوە زیاتر هیچت نەئەکرد ! ئەڵێ : منیش پێم وت : پوورەگیان ! بەخوا ئەویش برای مووسای کوڕی عیمرانە و ، لە سەر دینی ئەوە و ، ئەوەی کە ئەوی پێ ڕەوانە کرابوو ئەمیشی پێ ڕەوانە کراوە . وتی : ئێی کوڕی برام ! ئایا ئەمە ئەو پێغەمبەرەیە کە هەواڵمان پێ درا لەم کاتانەدا ڕەوانە ئەکرێ ؟ پێم وت : بەڵێ . وتی : کەواتە ئەوەیە .

ئەڵێ : پاشان چووم بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و موسڵمان بووم . دوای ئەوە گەڕامەوە ناو کەس وکارم و فەرمانم پێ دان موسڵمان بن . ئەوانیش هەموویان موسڵمان بوون .

ئەڵێ : موسڵمان بوونەکەمم لای جوولەکە ئاشکرا نەکرد .. پاشان گەڕامەوە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و عەرزم کرد : ئەی پێغەمبەری خوا ! جوولەکە قەومێکی بوختانکەرن ، واتە درۆزنن و ، کەسێك ناتەواوییەکی پێوە نەبێ ، بۆی هەڵ ئەبەستن . جا من پێم خۆشە بچمە یەکێ لەم ژوورانەتەوە و ، لەوان بم شاریتەوە و ، بەر لەوەی بە موسڵمانبوونم بزانن ، دەربارەی من پرسیاریان لێ

بکەیت تا هەواڵت بدەنێ کە من لە ناویاندا چۆن پیاوێکم ، چونکە ئەگەر بزانن موسڵمان بووم بوختانم بۆ ئەکەن و عەیبداریشم ئەکەن .

ئەڵێ : پێغەمبەری خوا ﷺ کردمیە ژوورێکەوە و ، جوولەکەش هاتن بۆ لای و دەستیان کرد بە وت و وێژ و پرسیارکردن . پاشان پیێانی فەرموو : ((أيّ رجل الحصين بن سلام فيكم ؟)) فەرمووی : حوصەینی کوڕی سەلام چۆن پیاوێکە لە ناوتاندا ؟ وتیان : سەرداری کوڕی سەردار و شارەزا و زانامانە .

ئەڵێ : کە لە قسەکانیان بوونەوە هاتمە دەرەوە ناویان و پێم وتن : ئەی کۆمەڵی جوولەکە ! لە خوا بترسن و ، ئەوەی کە بۆی هێناون لێی وەربگرن . دە بەخوا ئێوە ئەزانن ئەو پێغەمبەری خوایە و ، بە چاوی خۆتان ناو و سیفەتی ئەبینن کە لە تەوراتدا نووسراوە . من شاهێدیی ئەدەم کە ئەو پێغەمبەری خوایە و ، ئیمانی پێ ئەهێنم و ، تەصدیقی ئەکەم و ، ئەشیناسم . وتیان : درۆت کرد . ئیتر دەستیان بە قسە پیوتنم کرد و ، وتیان : خراپی کوڕی خراپمانی . منیش بە پێغەمبەری خوام ﷺ وت : ئەی پێغەمبەری خوا ! هەواڵم نەدایتێ کە ئەمانە کۆمەڵێکی بوختانکەر و غەدرکەر و درۆزن و ڕەوشت پیسن ؟!

ئەڵێ : موسڵمانبوونی خۆم و ماڵ و منداڵم ئاشکرا کرد و خالیدەی کچی حاریثی پووریشم بە چاکیی موسڵمان بوو .

کاتێك کە موسڵمان بوو حویەیی کوڕی ئەخطەب و کەعبی کوڕی ئەسەد و ئەبونافیع و ئەشیەع و ، شەمۆییلی کوڕی زەید پیێان وت : پێغەمبەرایەتیی لە عەرەبدا هەڵ ناکەوێ ، کابرای لای تۆ پادشایە . ئەیانویست بەمە لە دینەکەی پەشیمانی بکەنەوە ..

بەشی حەڤدەهەم
دروستکردنی مزگەوتی مەدینە

لەو ماوەیەدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ماڵی ئەبوئەییووبی ئەنصارییدا مایەوە ، مزگەوتەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەدینە بنیات نرا . ئەوەبوو لەو شوێنەدا بنیاتیان نا کە وشترەکەی چۆکی دادا ، کە لە بنەڕەتدا باخ بوو و ، هەندێکی وێران بوو بوو و کرابوویە قەبرستان و ، هەندێکیشی کرابووە خەرمانی وشککردنی خورما و ، هی دوو برای هەتیو بوو ، بە ناوی سەهل و سوهەیلی کوڕانی عەمر ، کە ئەسعەدی کوڕی زورارە سەرپەرشتیی ئەکردن . پێغەمبەر ﷺ ویستی موعامەلەیان لەگەڵدا بکات هەتا شوێنەکە بکڕێ بۆ مزگەوت ، کەچیی دوو براکە رازیی نەبوون بیفرۆشن و وتیان : ئەیبەخشین بە خوا و بە پێغەمبەرەکەی . بەڵام ئازیزیش رازیی نەبوو و بڕیاری دا ئەبێ بە کڕین بێ . ئەوەبوو کڕی بە دە دینار و ، ئەبوبەکری صددیقیش پارەکەی دا . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی دا دارخورماکان ببڕێن و زەوییەکەشی تەخت بکرێ ..

موسڵمانەکانی مەککە لە سزا و ئازار رزگاریان بوو بوو و ، بە هەوای ئازادیی یەکجار شادمان بوون .. ئەنصاریش کە ئیمان و تەقوای مامۆستایانی مەککەیان سەرنج ئەدا ، لە خۆشیانا خەریك بوو باڵیان ئەگرتەوە ، وا خوای میهرەبان ئەم ناز و نیعمەتی ئیمانەی هێناوەتە رێیان . بۆیە هەردوو لا سەرگەرمی کارکردن ئەبوون و ، نەیانئەزانیی ماندووبوون چییە .. کە ئەوان خەریکی کارکردن بوون ، پێغەمبەری ئازیزیش ﷺ خەریکی گواستنەوەی خۆڵ و خشت بوو .. موسڵمانەکانیش سروودی جۆرا و جۆریان ئەوت ، تا شەوق و تاسەیان بۆ کارکردن زیاتر ببێت و، بە زووترین کات مزگەوت تەواو ببێ .. ئەیان وت :

أللهم إنَّ الأجرَ أجرُ الآخـرَة   فَارحَمِ الأنصارَ وَالْمُهاجرَة

ئیمام عەلییش ئەیفەرموو:

لا يستوي مَن يَعمرُ المساجدا   يدأب فيها قائماً وقاعداً

ومن يُرى عن التراب حائداً

هاوەڵان گلەییشیان لە خۆیان ئەکرد کە ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ کاری بکردایە و ئەوان دانیشتنایە :

لئن قَعَدنا والنبيُّ يَعمَلُ   ذاكَ إذاً للعمَلُ المضَلَّلُ

بەم سروودانە دڵیان ئەگەشایەوە و ماندووبوونی جەستەیان لا ئەچوو و ، بەبێ وچان کاریان ئەکرد ..

کە مزگەوت تەواو بوو ، بووە مەڵبەندێکی گرنگ بۆ موسڵمانان تا چەندین خزمەتیان پێشکەش بکات . ئەوەبوو شوێنی نوێژی کۆمەڵ و جومعەی موسڵمانان بوو .. شوێنی کۆبوونەوە و تەگبیر و راوێژیان بوو .. تیایا زانستی قورئان و سوننەتیان وەرئەگرت .. هەروەها لە لایەکی مزگەوتدا سەکۆیەك هەبوو کە هەژارە دەستکورت و بێکەسەکانی تێدا کۆ ئەبوونەوە و ، لەوێ ئەژیان ..

سەرەتا لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ دیواری مزگەوتەکە لە خشتی قوڕ دروست کرابوو و ، کۆڵەکەکانیشی دارخورما و ، سەربانەکەشی بە دارخورما و لقە دارخورما سەرگیرا بوو . لەو سەردەمەدا مزگەوتەکان وەها بە سادەیی دروست ئەکران .

لە سەردەمی خەلیفە ئەبوبەکریشدا خوا لێی رازیی بێ مزگەوتی مەدینە وەك خۆی مایەوە . بەڵام لە سەردەمی خەلیفە عومەردا خوا لێی رازیی بێ ، لەبەر ئەوەی کە وڵاتی ئیسلام فراوان بوو بوو و ، میوانی زۆر روویان لە مەدینە ئەکرد، مزگەوتەکە گەورە کرا ، بەڵام دیوارەکەی و سەربانەکەی وەك خۆی هێشتەوە و ، کۆڵەکەکانیشی ، کە لە دارخورما دروست کرا بوون ، گۆڕینی بە تەختە ، بەڵام خەلیفە حەزی لە بەکارهێنانی شتی زرق و برق نەبوو .

کە سەردەمی خەلیفەی بەشەرم و حەیا عوثمانی کوڕی عەففان خوا لێی رازیی بێ هاتە بەرەوە ، زۆری بۆ مزگەوتەکە زیاد کرد .. ئەوەبوو دیوارەکەی بە بەردی نەخشین و گەچ دروست کرد و ، کۆڵەکەکانیشی گۆڕین بۆ بەردی نەخشین و ، سەربانەکەشی بە تەختەی ساج ـ کە لە وڵاتی هیندەوە ئەهێنرا ـ سەر گرت .

بۆ ئەم کارەی خەلیفە عوثمان ناڕەزایییان دەربڕیی و ، وەهایان لە قەڵەم دا کە ئەمە ئیسراف و زیادەڕەویی بێ . بوخارییش ریوایەتی کردووە کە کاتێ خەڵکیی قسەیان بە عوثمان ئەوت لەسەر دروستکردنەوەی مزگەوتی مەدینە ، ئەویش ئەیفەرموو : پێی زیادەتان راکێشا .. من خۆم گوێم لە پێغەمبەری خوا

بووە ﷺ کە ئەیفەرموو : ((مَن بَنى لله مَسجداً بَنى اللهُ لَهُ مثلَهُ في الجنة)) . ئەیفەرموو : هەر کەس مزگەوتێك دروست بکات ، ئەوا خوای گەورە بەو شێوەیە لە بەهەشتدا کۆشکێکی بۆ دروست ئەکات .

خۆ خوای گەورە خۆی ئەیزانیی کە عوثمان مزگەوتەکەی بەو شێوە نوێ کردەوە ، مەبەستی لە زرق و برق نەبوو و ، حەزیشی لە ئیسراف نەبوو . ئەوەندە هەبوو کە بیت المال لە سەردەمی ئەوا پارە و سامانێکی زۆری تێدا بوو ، بە رادەیەك کە لە ژمارە نەئەهات ، لەگەڵ ئەوەشدا پێویست بوو مزگەوت گەورە بکرێ ، چونکە پایتەخت یەکجار قەڵەبالغ بوو . ئەوەشمان لە یاد نەچێ کە رەخنەگران لە گەورە هاوەڵان و ناودارانیان نەبوون ، بەڵکو دەم بەتاڵەکان ئەو شتانەیان بڵاو ئەکردەوە ، کە دیارە عوثمان لە هەموویان خواناس‌تر بوو .

هەروەها لە سەردەمی خەلیفە وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیکدا مزگەوتی مەدینە گەورەتر کرا .. ئەوەبوو مزگەوتی گەورەی دیمەشق ، کە ئێستەش ماوە و بە مزگەوتی ئومەویی ناوبانگی دەرکردووە ، بە فەرمانی خەلیفە وەلید بنیات نرا و، فەرمانیشی بۆ والیی مەدینە ، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز خوا لێی رازیی بێ دەرکرد تا مزگەوتی مەدینە گەورە بکات ، هەتا ئەوەبوو ژوورەکانی دایکانی ئیمانداران ، بە تایبەت ژوورەکەی عائیشە خوا لێی رازیی بێ ، کە قەبری شەریفی ئازیزی تێدایە ، خرانە سەر مزگەوت . دواتریش زیاتر مزگەوت فراوان کرا .

شایانی باسە کە قەبری شەریفی پێغەمبەری خوا ﷺ ، یەکەم جار نەبوو لەناو مزگەوتدا ، بەڵکو لە دواییدا ، بە ناچاریی بۆ فراوانکردنی مزگەوت خرایە ناو مزگەوتەوە .. جا لە فەرموودەی صەحیحدا لەعنەت لە جوولەکە و گاور کراوە ، لە سەر ئەوەی کە قەبری پێغەمبەران و پیاوچاکانیان کردووە بە مزگەوت ، واتە روو بەو قەبرانە نوێژیان کردووە . پێغەمبەری خواش ﷺ موسڵمانانی لە کاری وەها قەدەغە کردووە و ، لە خوای گەورەش پاڕاوەتەوە تا خوای گەورە نەهێڵێ قەبرەکەی بکرێتە بت و بپەرسترێ . داواش ئەکا کە غەزەبی خوا بە سەر ئەوانەدا بباریێ کە قەبری پێغەمبەرەکانیان ئەکەنە مزگەوت ، کە ئەی فەرموو : ((أللهم لا تَجعَلْ قَبرِي وَثَناً يُعبَدُ ، غَضِبَ اللهُ عَلى قَومٍ اتَّخَذُوا قُبورَ أَنبيائِهم مَساجِدَ)) .

جا موسڵمانە پێشینەکان ـ خوا پاداشتی چاکەیان بداتەوە ـ ئەوەیان لەبەر چاو گرتبوو ، کە نەهێڵن عەوام و نەزانەکان روو بە قەبری شەریف نوێژ بکەن ، ئەمەش

بەوەی کە دیوارێکی ئەوەندە بەرزیان کردبوو تـا قەبرەکـە لـە نوێژکەرانـەوە دیـار نەبێت .

بە درێژایی مێژوو موسڵمانان خزمەتێکی باشی مزگەوتیان ئەکرد .. لە هەموو شار و گوندێکی جیهانی ئیسلامیی‌دا هەزاران مزگەوت دروست کران و رازێنرانەوە و ، مەسرەفی باشیان بـۆ کـرا ، تـا ببنـە مەڵبەنـدی خواپەرسـتیی و زانسـت وەرگرتن .. لە هەمان کات‌دا لـە پـاڵ ئـەم خزمـەتکـردن و خـەرجی کێشـانەی مزگەوت‌دا ، هەندێ زیادەڕەویی لە رازاندنەوەی مزگەوتەکان‌دا ئـەکرا ، ئەمـەش هەر لەبەر پایەداریی و خۆشویستنی مزگەوت ..

یەکەم کەسێك کە دەستی بـە رازاندنـەوەی مزگەوتـەکان کـرد وەلیـدی کـوڕی عەبدولمەلیك بوو .. بـەلاَم خۆزگـە موسـڵمانان مزگەوتـەکانیان زۆر بـە سـادەیی دروست بکردایە ، تا لە سنووری سوننەت دەرنەچوونایە و ، ئەو زیادەڕەوییەش لە پێویستیی تری موسڵمانان‌دا خەرج بکرایە .

ئەوەتا پێغەمبەری خواش ﷺ هەواڵی ئەوەی داوە کە لـە دواڕۆژدا موسـڵمانان چۆن مزگەوتەکانیان ئەڕازێننەوە . ئەنەس ئەگێڕێتـەوە کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمووویە: ((يأتـي على أُمَّتي زمانٌ يَتباهَونَ بالمساجد، ثم لا يعمرونـها إلا قليلاً)) .

فەرموویە : سەردەمێك بە سەر ئوممەتەکەمدا دێت کە بـە جـوانیی و رازاوەیـی مزگەوتەکانەوە شانازیی ئەکەن و ، خواپەرستی‌یەکی کەمیشیان تێدا ئەکەن .

هەروەها فەرموویە : ((لتزخرِفَنَّها ــ أي المسـاجد ــ كمـا زخرفـت اليهـود والنصارى)) . فەرموویە : هەر وەك گاور و جوولەکە پەرستگاکانیان ئەڕازاندەوە ، ئێوەش مزگەوتەکان ئەڕازێننەوە .

ئەم دوو فەرموودەیەی سەرەوە ئەبوداوود ریوایەتی کردوون .

ئیتر لەو رۆژەوە خەلیفە و پادشایانی دەوڵەتی ئیسلام خـەریکی نوێکردنـەوە و فراوانکردنـی مزگـەوتی پێغەمبـەرن لـە مەدینـەدا تـا بـەم شـێوەیەی ئـەمڕۆی گەیشتووە ، کە سوپاس بۆ خوا هەموو ساڵێك لە هەموو لایەکی گـۆی زەوی‌یـەوە حاجیان سەردانی مەککە و مەدینە ئەکەن و ، هەر ساڵەی چەند ملیۆنێك حـاجیی ئەبن .

دەربارەی گەورەیی و پایەدارییش ، مزگەوتی مەدینە ، یەکێکە لـەو مزگەوتـە خاوەنڕێزانەی کە موسڵمانان بۆیان هەیە لە هەموو کون و قوژبنێکەوە هەوڵ بـدەن

سەردانی بکەن و ، بە دووهەم مزگەوتی پایەدار ئەژمێرریٚ لە دوای مزگەوتی حەرام و ، بە پێی سەردەمی بنیات‌نانیشی بە سیٚ‌هەم مزگەوت ئەژمێرریٚ .

هەردوو ئیمام بوخاریی و موسلیم لە هەردوو صەحیحەکەیان‌دا ریوایەتیان کردووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە : ((لا تُشَدُّ الرِّحالُ إلاَّ إلى ثَلاثَةِ مَساجِدَ : مسجدي هذا ، والمسجد الحرام ، ومسجد بيت المقدس)) . ئەفەرمویٚ : بۆ سیٚ مزگەوت سەردان دروستە : مزگەوتی مەدینە و ، مزگەوتی حەرام و ، مزگەوتی بەیتولمەقدیس .

هەروەها هەردووکیان ریوایەتیان کردووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە : ((صلاةٌ في مسجدي هذا خيرٌ من ألف صلاة فيما سواهُ إلاَّ المسجد الحرام)) . لای ئیمام ئەحمەدیش ئەمەی بۆ زیاد کراوە : ((فإن ذلك أفضل)) . ئەفەرمویٚ : یەك نوێژی ئەم مزگەوتەی من لە هەزار نوێژی مزگەوتەکانی تر چاکترە ، جگە لە مزگەوتی حەرام ، کە ئەو پایەدارترە لە مزگەوتی مەدینە .

لەوەش زیاتر مزگەوتی مەدینە رەوضەی شەریفی تێدایە ، کە بریتی‌یە لە باخچۆلەیەك لە باخچۆلەکانی بەهەشت . لە هەردوو صەحیح‌دا ریوایەت کراوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە : ((ما بَينَ بَيتي ومنبَري رَوضَةٌ مِن رِياضِ الجنة ، ومنبري على حَوضِي)) . ئەفەرمویٚ : نێوان مالەکەم و مینبەرەکەم باخچەیەکە لە باخچەکانی بەهەشت و ، مینبەرەکەشم وا بەسەر حەوزەکەمەوە .

بەلیٚ ئەم مزگەوتە مافی خۆیەتی ئەوەندە پیرۆز بیٚ و ، باخچەیەك لە باخچەکانی بەهەشت بێت ، وا خواپەرستیی تیایا بەو پلەیە موسلمان لە خوا نزیك ئەکاتەوە و ، بەرەو بەهەشتی ئەبات و لە ئاگری دۆزەخی دوور ئەخاتەوە ، چونکە پاداشتی کردەوە چاکەکان تیایا چەند جارە ئەبێتەوە و ، دوعا و پاڕانەوەش تیایا هیوای گیرابوونی زۆرە و ، لە هەمووی خۆش‌تر ئەو شوێنە گەورەترین و پیرۆزترین لاشەی بەرەی مرۆڤی لە خۆ گرتووە ، کە لاشەی پیرۆزی پێغەمبەری خوایە ﷺ سەرەڕای ئەوەش کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ماوەی ژیانی‌دا ، تەمەنێکی زۆری لەویٚ بە نوێژ و پاڕانەوە و قورئان‌خوێندن و ئامۆژگاریی ئیمان‌داران بە سەر بردووە . ئیتر با تەگبیر و راوێژی بەرژەوەندیی موسلمانان و نەخشە و پلانی جەنگ بۆ سوپای رزگاریی‌خوازی ئیسلام لەولاوە بووەستیٚ .. هەرکەسیٚ خوا پیٚ‌داو بیٚ و سەردانی ئەو شوێنە پیرۆزە بکات هەست بە رۆح سووکیی و ، دەروون حەساوەیی

و ، دڵ گەشاوەیی و ، سنگ کرانەوە ئەکات و ، هەرچیی دەرد و مەینەت و خەم و خەفەت و ئێش و ئازاری دنیا هەیە هەر هەمووی لە بیر ئەچێتەوە و ، نوقمی نـاو نووری ئیمان ئەبێت و ، رۆحیشی لە شەقەی بـاڵ ئـەدات و ، بـۆ شـوێنە بـەرز و پیرۆزەکان بەرز ئەبێتەوە ..

دەربارەی پایەداریی مزگەوتی مەدینە ، ئیمام مالیك و هاوەڵانی بۆ ئەوە ئەچن کە مزگەوتی مەدینە پایەدارتر بێ لە مزگەوتی کەعبە ، بـە بۆنـەی ئـەوەوە کـە کەعبە ئیبراهیم پێغەمبەر سەلامی لێ بێ بنیاتی ناوە ، بەڵام مزگـەوتی مەدینـە پێغەمبەری خوا موحەممەد ﷺ بنیاتی ناوە ..

بەڵام رای بەهێز ئەوەیە کە جومهووری زانایان هەڵیان بژاردووە کە بریتییە لـە پایەداریی مزگەوتی حەرام ، چونکە وا لە خاکێکدا ، ئەو خاکە لـەو کاتـەوە کـە خوای گەورە ئاسمانەکان و زەویی دروست کردووە ئەویشـی بـە ناوچـەیەکی حـەرام داناوە ، هەروەها ئیبراهیمیش و پێغەمبەری خۆشمان بە حەرامیان داناوە و ، ئـەو نوێژەش کە لەوێ بەجێ ئەهێنرێ لە نوێژی مزگـەوتی مەدینـە خێـری زیـاترە و ، حەجی ئەوێش فەرزە و ، هەر کەسیش بچێتە کەعبەوە پـەنا ئـەدرێت . قورئـانی پیرۆزیش دەربارەی گەورەیی و پیرۆزیی کەعبە فەرموویە :

﴿ إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِى بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿٩٦﴾ فِيهِ ءَايَٰتٌۢ بَيِّنَٰتٌ مَّقَامُ إِبْرَٰهِيمَ ۖ وَمَن دَخَلَهُۥ كَانَ ءَامِنًا ۗ وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا ۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ عَنِ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ (آل عمران : ٩٦ ـ ٩٧) .

ئەم دوو ئایەتە پیرۆزە روونی ئەکەنەوە کە یەکەم ماڵێك لە سـەرزەوییدا بڕیـار درابێ شوێنی خواپەرستیی بێ ، ئەو ماڵە پیرۆزەی مەککەیە کە مایەی هیدایەتـە بۆ هەموو مرۆڤایەتیی . (بەککە) هـەر مەککـەی (بلـد الحرام) ە و ، لەبـەر ئەوەش ئەو ناوەی لێ نراوە چونکە ملی ئەو ستەمکارە ملهوڕانـە ئەشـکێنێ کـە ستەم و بێدینیی تێدا ئەکەن . هەروەها ئەم مزگەوتە چـەندین نیشـانەی روونـی تێدایە ، هەر کەسیش خۆی گەیاندە ئەوێ نابێ کەس دەسـتی بـۆ بـەرێ و ، هـەر کەسیش توانای ئەنجامدانی حەجی ماڵی خوای هەبوو ، پێویستە حەج بکات .

هەر بە دەوری مزگەوتیشدا چەند ژوورێك بۆ خاوخێزانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بنیات نران ، کە ئەوانیش بە وێنەی مزگەوتەکەی سادە بوون و ، لە خشت و قوڕ و

هەندێ بەرد بنیات نرابوون و ، سەربانەکەشیان بە قەد و لقی دارخورما سەر گیرابوو و ، ئەوەندەش نزم بوون دەستی منداڵی بالاّ بەرزیان ئەگەیشتێ . حەسەنی بەصریی منداڵ ئەبێت و لەگەڵ خەیرەی دایکیا ئەبێت ، کە کەنیزەکی ئوم سەلەمە بووە ، ئەڵێت : دەستم ئەگەیشتە بن میچی بەرزترین ژوور لە ژوورەکانی پێغەمبەر ﷺ .

دوای گەیشتنی پێغەمبەر و ئەبوبەکر ، عەبدوڵڵای کوڕی ئورەیقیطی دەلیلیان گەڕایەوە مەککە و ، هەردوو خزمەتگوزاری پێغەمبەریش ﷺ، زەیدی کوڕی حاریثە و ئەبورافیع یان ناردن بۆ مەککە هەتا کەس وکاریان بهێنن . ئەوەبوو هەردوو کچەکەی پێغەمبەر : ئوم کولثووم و و فاطیمە و ، خاتو سەودەی کچی زەمعەی هاوسەری پێغەمبەر و ، ئوم ئەیمەنی هاوسەری زەید و ، ئوسامەی کوڕیان هێنان .

زەینەبی کچی پێغەمبەریش لە ماڵی ئەبولعاصی کوڕی رەبیعی مێردیا بوو و تا دوای جەنگی بەدر لە مەککە مایەوە .

روقیەش لەگەڵ عوثمانی کوڕی عەففانی مێردیدا بوو .

هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوبەکر عائیشەی خوشکی و ئوم روومانی دایکی و ، ئەسمائی کچی ئەبوبەکر کە هاوسەری زوبەیری کوڕی عەووام بوو و ، بە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرەوە سکی پڕ بوو ، هێنانی بۆ مەدینە . ئەو رۆژە پێغەمبەری خوا ﷺ تەنها سەودە هاوسەری بوو ، کە دوای خەدیجە مارەی کردبوو و ، عائیشەش دەستگیرانی بوو و ، دوای کۆچکردن بە حەوت مانگ ئەوسا گواستیەوە .. جا پێغەمبەری خوا ﷺ هەر ژنێکی بۆ خۆی مارە ئەکرد ژوورێکی سادەی لەلای ژوورەکانی تردا بۆ دروست ئەکرد و ، هەر ژوورێکیش دوو دەرگای هەبوون : دەرگایەك بۆ دەرەوە و، دەرگایەکیش بۆ ناو مزگەوت ، تا هات و چۆی پێغەمبەر ﷺ بۆ مزگەوت ئاسان بێت .. تا ئەوەبوو لە سەردەمی ئومەوییەکاندا هەموو ئەو ژوورانە خرانە سەر مزگەوت ..[٢٨٦]

[٢٨٦] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ٢ / ٣٠ ـ ٣٦ والرحيق المختوم : ١٨٧ ـ ١٨٨ .

بەشی هەژدەهەم
کۆمـەڵگـای مـەدینـە

مەبەست لە کۆچ کردن بۆ مەدینە هەر ئەوەندە نەبوو موسـڵمانەکان لـە سـزا و ئازاری قورەیش رزگـار بکـرێن و بـەس ، بـەڵکو لەگـەڵ ئـەوەش‌دا مەبەسـتێکی گەورەتر و فراوان‌تری هەبوو ، کە ئەویش بریتیی بوو لە بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی نوێ ، لە وڵاتێکی هێمن و پڕ لە ئاسایش‌دا ، کـە ئـەویش مەبەسـتی بەرنامـەی ئیسلامە . بۆیە هەموو ئیمان‌دارێ ئـەبوا بـە پێـی توانـا و لێ‌هـاتنی خـۆی لـە بەرپاکردنی ئەو کۆمەڵگایە و ، دامەزراندنی حکومەتەکەی‌دا بەشداریی بکـا و ، هەوڵی ئەوەش بدا کە بەهێزی بکا و ، لە هەموو نەهامەتی‌یەکیش لای بدات .

دیارە یەکەم کەسێك کە لەم کارە بەرپرس بێ و ، ئەرکی سـەرەکیی کەوتبێتـە سـەرشانی ، یەکەم سەرکردە و پێشەوای موسڵمانانە ، کـە پێغەمبـەری خوایـە ﷺ . پێویست بوو زۆر بە حەکیمانە لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا کار بکات .. چـونکە دەوڵەتە نەونەمامەکەی ئیسلام یەکجار ساوا بوو و ، دوژمنانیشی زۆر و زەبەنـدە و مل‌هوڕ بوون .. ژمارەی موسڵمانەکان لە چاو دانیشتوانی دوورگەدا یەکجار کەم بوو ، کە هەندێکیشیان بە بۆنەی کـۆچ کردنـەوە یـەکجار هـەژار و دەسـت‌کـورت کەوتبوون .

ئەو کۆمەڵگایە لە چەند توێژێك پێك هاتبوو و ، پێویست بوو لەگەڵ هەر یەکە لەو توێژانە هەڵس‌وکەوتی تایبەتیی و حەکیمانە بکات .. چونکە هەر توێژێك حاڵ و بارودۆخی تایبەتیی خۆی هەبوو ..

بەڵێ ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی کرد بۆ مـەدینە ، دانیشتوانی مەدینە لە چوار توێژی سەرەکیی پێك هاتبوون : ١ ـ کـۆچ کـەرەکـان . ٢ ـ ئـەنصـار . ٣ ـ مونافیقەکان . ٤ ـ جوولەکە .

(١) کۆچ کەرەکان

ئەو ئیمان‌دارانە بوون کە لەبەر پاراستنی دینەکەیان لە مەککـەوە کۆچـیان بـۆ مەدینە کرد و ، جگە لە ئیمان نەیان‌توانیی هیچ شتێك لەگەڵ خۆیـان دەربکـەن .

جا هی وایان هەبوو کە ژن و منالّیشی لەگەلّ خۆیدا دەرکردبوون و ، هی واشیان هەبوو کە بەجێی هێشتبوون . کۆچکەرەکان لە سەرەتاوە تووشی زەحمەت و نارەحەتیی و غەریبیی و بێتاقەتیی و نەخۆشیی بوون .. چونکە ئەوان لەگەلّ مەککە و دەوروبەریدا راهاتبوون و ، بارودۆخی مەدینە جیاواز بوو .. سەرەڕای دەستکورتیی و بیرکردنەوە لە نیشتمان و لە شوێنی تەمەن بەسەربردن . بەلاّم بە هیممەت و غیرەت و جوامێریی برا ئەنصارەکان لەگەلّ بارودۆخەکە راهاتن و ، مەدینە بووە نیشتمانیان و ، خوای گەورەش شوێنی ئەو مالّ و سامانەی بۆ پڕ کردنەوە ..

پێش فەتحی مەککە ، کە لە سالّی هەشتەمی کۆچییدا بوو ، کۆچکردن بۆ مەدینە و بەجێهێشتنی مەککە لە سەر موسلّمانان واجب و فەرز بوو ، ئەمەش تا ببنە کۆمەکی پێغەمبەری خوا ﷺ و دلّخۆشی بکەن و ، بە کۆبوونەوەشیان لە شوێنێکدا هێزێکی ئەوتۆ دروست بکەن تا دوژمنان نەتوانن دەستیان بۆ بەرن . بۆیە قورئانی پیرۆز لۆمە و هەڕەشە لەوانە ئەکات کە توانای کۆچکردنیان هەیە و کۆچ ناکەن . بگرە قورئان تەنها چاوپۆشیی لەوانە کرد کە لاواز و بێدەسەلاّت بوون و توانای کۆچکردنیان نەبوو ، ئەویش بە شێوەیەك کە بەلّکو خوا چاوپۆشییان لێ بکات :

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ ظَالِمِىٓ أَنفُسِهِمْ قَالُوا۟ فِيمَ كُنتُمْ ۖ قَالُوا۟ كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ قَالُوٓا۟ أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةً فَتُهَاجِرُوا۟ فِيهَا ۚ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا ﴿٩٧﴾ إِلَّا ٱلْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ وَٱلنِّسَآءِ وَٱلْوِلْدَٰنِ لَا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلَا يَهْتَدُونَ سَبِيلًا ﴿٩٨﴾ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَعْفُوَ عَنْهُمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَفُوًّا غَفُورًا ﴿٩٩﴾ ﴾ (النساء : ٩٧ـ ٩٩) .

لەم ئایەتە پیرۆزانەدا دەرئەکەوێ کە ئەوانەی کۆچیان نەکردووە ستەمیان لە خۆیان کردووە و هەڕەشەی دۆزەخیشیان لێ ئەکرێ .

بەلاّم دوای فەتحی مەککە ئیتر کۆچکردن واجب نەبوو ، ئەوەتا بوخاریی و موسلیم لە سەر صەحیحیی ئەم فەرموودەیە یەك ئەگرن کە ئەفەرموێ : ((لا هجرة بعد الفتح ولكن جهاد ونية)) . ئەفەرموێ : ئیتر دوای فەتحی مەککە کۆچ کردن نەما ، ئیتر نۆبەی جیهاد و نیەتی چاکە .. لەگەلّ ئەوەشدا خوا و

پێغەمبەرەکەی ﷺ بڕیاریان وەهایە کە مەدینە نیشتمانی ئەو کۆچکەرانەی مەککە بێت ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ نیشتەجێبوونی مەککەی ، دوای فەتحی مەککە ، لەسەر ئەوانە حەرام کرد کە پێش فەتحی مەککە کۆچیان کردبوو .. بەڵام مۆڵەتی ئەوەی دا کە هەر کەسێ لەوانە بە نیازی حەج و عومرەوە بچێتە مەککەوە ، سێ ڕۆژ تیایا بمێنێتەوە ، بەڵام زیاتر نا . ئەوەتا لەم فەرموودەیەدا ، کە بوخاریی و موسلیم لە سەر صەحیحیی یەکیان گرتووە و ، لەفزەکەش هی موسلیمە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە : ((يقيم المهاجر بمكة بعد قضاء نسكه ثلاثاً)) . فەرموویە : ئەو کەسەی کە لە مەککەوە کۆچی کردووە ، بۆی هەیە دوای حەج و عومرە سێ ڕۆژ لە مەککەدا بمێنێتەوە . هەر لەبەر ئەوەش بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ بەزەیی بە سەعدی کوڕی خەولەدا ئەهاتەوە کە لە مەککەدا کۆچی دوایی کردبوو ..

حیکمەتی حەرامکردنی مانەوە لە مەککەدا بۆ ئەو کەسەی کە لە مەککەوە بۆ مەدینە کۆچی کردبوو ، لە ترسی ئەوەبوو نەوەکا ئەوە گەڕانەوە و وازهێنان لە کۆچکردن بێت ، چونکە ئەو بەڕێزانە لە ڕۆژی سەخت و ناهەمواردا و ، لە بارودۆخێکی زۆر ترسناك و نادیاردا ، خۆیان بەخوا فرۆشت و ، ماڵ و سامان و کەس وکار و نیشتمانیان بۆ ڕەزامەندیی خوا و ، سەرخستن و کۆمەکییکردنی پێغەمبەر ﷺ بەجێ هێشت . جا خوای گەورە ویستی ئەو وازهێنانە و ، ئەو دەستهەڵگرتنەیان هەر بەردەوام بێت ، تا هێزی ئیخلاص و ، گەورەیی و پاکیی دەروون و ، بەرزیی و بڵندیی ڕەوشتیان بە جوانیی بسەلمێ و ، ببنە نموونەیەکی بەرز و پیرۆزیش بۆ بەرەکانی دواوە ، تا چاویان لێ بکەن و بزانن کە هەر کەسێ لە بەرخوا وازی لە شتێك هێنا ، با لەو بڕیارە پاشگەز نەبێتەوە ..

لە هەمان کاتدا مەدینەی خانەی هیجرەت و پایتەختی یەکەمی دەوڵەتی قورئان ، بوو بووە دڵی هۆشیاری ئیسلام و ، مەڵبەندی پەخشکردنی بانگەوازی ئیسلام ، چونکە پێغەمبەری ئازیز ﷺ دوای کۆچکردن تیایا مایەوە و کردیە بنکەی یەکەمی ئیسلام و ، خەلیفە ڕاشیدەکانیش چاویان لێ کرد و ئەوێیان بە پایتەخت هێشتەوە . کەواتە پێویست بوو ژمارەیەکی زۆر لە موسڵمانە پێشینە و ، قوڕەیشییە کۆچکەرەکانی مەککەی تێدا بمێنێتەوە ، چونکە هەر هەموو عەرەب گوێڕایەڵی فەرمانیان ئەبوون و ، ئەوانیان بە سەرچاوەی زانستەکانی

قورئان و فەرموودە ئەزانیی ، دوای پێغەمبەری خوا ﷺ . بۆ ئەمە گەڕانەوە بۆ مەککە ، دوای فەتحی مەککە ، لەو کۆچکەرە پێشینانە حەرام کرا ، تا مەدینە بەجێ نەهێڵن و شان بە شانی ئەنصار خزمەتی میوانەکانی پایتەخت بکەن .. خۆ ئەگەر حەرام نەکرایە ئەوا بە هۆی تاسەی نیشتمانەوە زۆرێک لەو کۆچکەرانە ئەگەڕانەوە مەککە .

ئەوەبوو لە کاتی حەجی ماڵئاواییدا سەعدی کوڕی ئەبووەققاص خوا لێی رازیی بێ نەخۆش کەوت و ، سەعد ئەترسا بەو نەخۆشی‌یەی لە مەککەدا بمرێ و پاداشتی کۆچکردنەکەی لە کیس بچێ ، کەچیی پێغەمبەری خوا ﷺ دڵی دایەوە و ئاماژەشی بۆ ئەوە کرد کە تەمەنی درێژ ئەبێت و ، لە خوای گەورەش پاڕایەوە هاوەڵانی لە خێر و بەرەکەتی کۆچکردنەکەیان بەهرەمەند بکات و ، لەو کارە پیرۆزە بێبەش نەبن کە فەرمووی : ((أَللهم أمضِ لأصحابي هجرتهم ولا تردهم على أعقابهم)) . رواه البخاري .

بەڵێ ، پێغەمبەری خوا ﷺ هاوەڵانی بۆ ئەوە هەڵ ئەنا کە لە مەدینەدا دان بە خۆیاندا بگرن ، چونکە خێر و بەرەکەت وا لە ژیانی مەدینەدا ..

موسلیم لە صەحیحەکەیدا دوو فەرموودە لە سەعدی کوڕی ئەبووەققاصەوە ریوایەت ئەکات کە ئەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە : ((إني أُحَرِّمُ ما بين لابَتَي المدينةِ : أن يقطع عضاهها أو يقتل صيدها)) . ئەفەرموێ : بڕینی درەختی دڕکدار و کوشتنی گیانداری نێوان ئەو دوو (حەڕڕە) یەی مەدینەم حەرام کردووە .

هەروەها ریوایەتی کردووە کە فەرموویە : ((المدينة خير لهم لو كانوا يعلمون ، لا يدعها أحد رغبة عنها إلا أبدل الله فيها من هو خير منه ، ولا يثبت أحد على لأوائها وجهدها إلا كنت له شفيعاً ، أو شهيداً يوم القيامة ، ولا يريد أحدٌ أهل المدينةِ بسوءٍ إلا أذابه الله في النار ذوب الرصاصِ ، أو ذوب الملح في الماء)) .

ئەفەرموێ : ئەگەر موسڵمانان بزانن ئەوا مەدینە چاکترە بۆیان . هەر کەسیش دڵی بە مەدینەوە نەبێ و بەجێی بهێڵێ ، ئەوا خوای گەورە کەسی لەو چاکتر بۆ مەدینە پەیدا ئەکات .. هەر کەسیش لەسەر گەرما و سەرما و ناڕەحەتیی مەدینە دان بە خۆیدا بگرێ ، ئەوا من لە رۆژی قیامەتدا یان ئەبمە شەفاعەتکەر ، یان شاهێد بۆی .. هەر کەسیش بیەوێ بەرامبەر بە دانیشتوانی مەدینە بە

خراپیی بجووڵێتەوە ، ئەوا خوای گەورە لە ناو ئاگری دۆزەخدا بە وێنەی توانەوەی قورقوشم ، یان توانەوەی خوێ لە ناو ئاودا ، ئەی توێنێتەوە .

کۆچ‌کەران کە هاتنە مەدینەوە کەوتنە بارودۆخێکەوە کە زۆر لە بارودۆخی مەککە جیاواز بوو :

ئیمان‌دارانی مەککە هەر هەموویان بڕیاریان دابوو تا مردن لە سەر بیروباوەڕی خۆیان بەردەوام بن ، بەڵام زۆر بێ‌دەست و بێ‌هێز بوون .. بە دەستی کافرەکان ئەچەوسێنرانەوە . بۆیە توانای بەرپاکردنی کۆمەڵگای ئیسلامی‌یان نەبوو ، هەر لەبەر ئەوەش بوو قورئانی مەککیی بایەخی زۆری بە عەقیدە ئەدا و ، بە چیرۆك و ئامۆژگاری‌یەکانی ورەی ئیمان‌دارانی بەرز ئەکردەوە ، بەڵام لە مەدینەدا ئیمان داران بوونە خاوەنی دەسەڵات .. مەدینە بە دەست خۆیانەوە بوو .. کەسێك دەستی بە سەریاندا نەئەڕۆی .. کەسێك نەبوو ستەمیان لێ بکات .. کەواتە پێویستی‌یان بە هەموو بەشەکانی شەریعەت هەبوو تا شارستانییەتی ئیسلام بەرپا بکەن و ، کاروباری دەوڵەت و حکوومەت بە دەستی خۆیان هەڵ بسووڕێنن . بۆیە قورئانی مەدەنیی هەموو حوکمە شەرعی‌یەکانی پێشکەش بە ئیمان‌داران کرد، تا هەموو وزە و لێ‌هاتنێکیان بخەنە کار و ، لە سایەی دینی خوادا سەرزەویی ئاوەدان بکرێتەوە .

(٢) ئەنصار

ئەنصاریش بریتین لە دانیشتوانی مەدینە ، بە ئەوس و خەزرەجەوە ، کە لە پەیمانی یەکەم و دووهەمی عەقەبەدا هاتن بە دەم بانگەوازی ئیسلامەوە و ، کە گەڕانەوە مەدینە ، مژدەی بانگی سەرفرازی‌یان بە خزم و کەس وکاریان دا و ئەوانیش موسڵمان بوون و بوونە بنکەیەکی بەهێز بۆ دینی خوا و ، باوەشی خۆشەویستیی و برایەتیی و هاوکاری‌یان بۆ خوشك و برا کۆچ‌کەرەکانیان کردەوە و ، بە شێوەیەکی بێ‌وێنە لە مێژووی مرۆڤـ دا ، شانیان دایە بەر خزمەت و ، لەگەڵ کۆچ‌کەرەکاندا ، پاك‌ترین و بەهێزترین کۆمەڵگا و شارستانێتی‌یان بەرپا کرد ، کە بە راستیی بە شێوەیەکی بێ‌وێنە ئیسلامیان لە ژیانیاندا جێ بەجێ کرد و ، بە هەردوو لایانەوە چاوی پێغەمبەری خوایان ﷺ رۆشن کردەوە و ، بۆ مرۆڤایەتییشیان سەلماند کە بانگی ئیسلام مایەی سەرفرازیی تێکڕای مرۆڤە ..

لە مەدینەدا سێ هۆزی جوولەکە لەگەڵ ئەوس و خەزرەجدا ئەژیان .. ئەمانە لە شام دەرپەڕێنرا بوون و بە ناچاریی خۆیان گەیاندبوویە مەدینە و ، لەوێ جێگیر بووبوون و ، بە هەموو شێوەیەکیش هەوڵیان ئەدا دەست بەسەر کاروکاسپیی و باخ و باخاتی ئەو ناوەدا بگرن .. لە هەمان کاتدا ئەبوونە مایەی پشێویی و ناکۆکیی نێوان ئەوس و خەزرەج ، تا جەنگی خوێناویی لە نێوانیاندا روو بدات و ، هەردوو لا لاواز بن .. بەینا و بەینیش لە نێوان ئەوس و خەزرەج و جوولەکەدا جەنگ و هەرا ئەبوو .. جا هەر کاتێ عەرەبەکان بە سەر جوولەکەدا سەر بکەوتنایە و ، بێدەسەڵاتیان بخستنایە ، ئەوا دەستیان بە هەڕەشە ئەکرد و ئەیان وت : سەردەمی پێغەمبەرێك ، کە لە عەرەبدا رەوانە ئەکرێ ، نزیك بۆتەوە و ، ئێمەش ئەچینە ژێر بەیداخی و ، بە وێنەی کوشتاری عاد و ئیرەم ئێمەش لەگەڵ ئەو پێغەمبەرەدا کوشتاری ئێوە ئەکەین .

جا ئەوس و خەزرەج ئەم هەڕەشەیەی جوولەکەیان هەر لە یاد بوو و ، ئاواتە خواز بوون ئەو پێغەمبەرە دەر بکەوێ ، تا ئەمان خێرا ئیمانی پێ بهێنن و نەهێڵن جوولەکە پێشیان بکەون . بۆیە هەر کە لە وەرزی حەجدا بانگەوازی پێغەمبەری خوایان ﷺ بیست ، خێرا لە نێوان خۆیاندا وتیان : ئەمە ئەو پێغەمبەرەیە کە جوولەکە باسی ئەکەن ، نەکەن بهێڵن ئەوان بۆ ئیمانهێنان پێی پێشتان بکەون . جا ئەمە یارمەتییەکی خوایی بوو بۆ ئەوەی بەبێ سێ و دوو لێ کردن ئەوس و خەزرەج ئیمان بهێنن و ، لەو فەڕ و بەرەکەتە دوا نەکەون ..

ئەوس و خەزرەجیش لە سەردەمی نەفامییدا زۆر جار بە گژ یەکدا ئەچوون و کوشتاری زۆریان لە یەك ئەکرد ، وەك جەنگی رۆژی (بوعاث) . جا کە پێغەمبەری خوا ﷺ یەکەم دەستەی بانگ کردن بۆ موسڵمان بوون و باوەش کردنەوە بۆ دینی خوا ، بە ژیرانە وتیان : ئێمە کە هاتووین لە نێوان خزمەکانماندا شەڕ و ناکۆکیی و دوژمنایەتیی هەبووە ، جا ئەگەر خوای گەورە بە بۆنەی تۆوە یەکیان بخاتەوە ، ئەوا لە ناو عەرەبدا هیچ کەس ئەوەندەی تۆ پایەدار نابێت .

هەرواش بوو .. دوای ئیمانهێنانی ئەوس و خەزرەج بە خوای تاك و تەنیا و شوێنکەوتنی قورئان ، بوونە برای خۆشەویست و یەکگرتوو و ، ئیسلام بووە خێر و بێر و رژا بەسەر مەدینەدا ..

ئەوەبوو قورئان هاتە خوارەوە و ، ئەو نیعمەتە گەورەیەی وەبیر ئەهێنانەوە کە بە هۆی بانگی قورئانەوە ، دوای دوژمنایەتیی و ناکۆکیی ، خوای گەورە کردنیە برای یەکتر و ، لە سەر رۆخی چاڵێکی ئاگردا بوون و خوای گەورە بە ئیمان رزگاری کردن . جا با ئیمانداران دەست بە رێبازی قورئانەوە بگرن و ، بە هیچ شێوەیەك جیاواز و پەرتەوازە نەبن ، کە ئەیفەرموو:

﴿ وَٱعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُواْ ۚ وَٱذْكُرُواْ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَآءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِۦٓ إِخْوَٰنًا وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴾ (آل عمران : ١٠٣) .

ئەنصار زۆر مەردانە دڵی برا کۆچکەرەکانیان دایەوە و ، ئەوپەڕی رێزیان لێ گرتن و ، دەستیان لە ماڵ و سامانیان هەڵ گرت بۆیان ، بە رادەیەك کە خوای گەورە دەربارەی سەخاوەت و پیاوچاکی‌یان قورئانی ناردە خوارەوە ..

ئەم لێبڕانەی ئەنصار بووە مایەی خۆشەویستیی و هاریکاریی نێوان کۆچکەران و ئەنصار ، بە رادەیەك کە وەك یەك لاشەیان لێ هات و ، بە هەموویانەوە بوونە دەستێکی پۆڵایین بۆ پەرچدانەوەی پیلانە ژەهراوی‌یەکانی موشریك و مونافیق و جوولەکەکان و ، بەبێ وچان و بەبێ کۆڵدان دانیان بە خۆیاندا گرت تا ئەو سێ هێزە مل‌هوڕە دوڕندەیان تەفروتوونا کردن ، کە هەر یەکەیان ئەوەندە بە هێز بوو بە تەنیا دەیتوانیی سوپای موسڵمانان لە ناو بەرێت ، ئەگەر سوپایەکی ئیماندار نەبوایە و ، خوای گەورە خۆی کۆمەك و پشتیوانی نەبوایە .. سوپاس بۆ خوا هەر سێ سوپاکە تیاچوون و ، دینە پاکەکەی خواش بە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا پەڕ و باڵی بڵاو کردەوە و ، مرۆڤە چاك‌ویستە دڵسۆزەکانی لە تاریکیی دەرهێنان و ، خستنیە سەر راستە شەقامی خزمەت‌کردن و چاکەکردن و یارمەتیی‌دان ..

(٣) مونافیقەکان

ئەمانەش بریتین لە دانیشتوانی مەدینە کە موسڵمان نەبوو بوون .. ئەمانە بە دەم خۆیان وەها دەرئەخست کە موسڵمان بوون ، کەچیی لە ژێرەوە دژایەتیی موسڵمانانیان ئەکرد و ، لەگەڵ دوژمناندا دەستیان تێکەڵ کردبوو .

لە مەککەدا پێش کۆچکردن مونافیق دروست نەبوون ، چونکە هەرکەس ئامادەی هەموو سزا و ئازارێك نەبوایە و ، سەروماڵی نەخستایەتە ئەولاوە ، لە

موسڵمانەکان نزیك نەئەکەوتەوە .. ئیتر یا ئیمانێکی رێك و پێك یان کوفرێکی ئاشکرا .. بەڵام لە مەدینەدا عەرەبەکان خۆیان بە تەنیا نەبوون تا لەسەر سیفەتی خۆیان بمێننەوە ، بەڵکو هەندێکیان سیفەتی نیفاق و دووڕوویییان لە جوولەکە وەرگرتبوو ، بۆیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی بۆ مەدینە کرد و ، کۆچکەران و ئەنصار یەکیان گرت و ، لە بەر رەزامەندیی خوا بوونە برای یەکتریی و ، هێزێکی لێ هاتوویان پێك هێنا کە هەموو کەسێ حیسابی بۆ بکا و ، دەسەڵاتی راستەقینەی مەدینە کەوتە دەست پێغەمبەری خوا ﷺ ..

بەڵام ئەوەبوو پێش کۆچکردن هەندێ پیاوی ناوداری مەدینە سەرداری هۆزەکانیان بوون ، بگرە هی وایان هەبوو کە بە تەمای ئەوەبوو بیکەنە پادشای مەدینە . کە ئەمانە دەسەڵاتی پێغەمبەریان دیی و ، سەرنجیان دا موسڵمانەکان چۆن گوێڕایەڵیی ئەکەن و ، فەرمانبەردارن ، کەوتنە حەسادەت و ، دژی ئیسلام و موسڵمانەکان وەستان .

هەروەها جوولەکەش چاوەڕوان بوون کە پێغەمبەری ئاخرزەمان لە ناو خۆیاندا هەڵ بکەوێ ، بەڵام کە دییان لە ناو عەرەبدا هەڵ کەوت کەوتنە دژایەتیی و پیلان گێڕان ..

چ عەرەب و چ جوولەکە داخ لە دڵەکان ، لەبەر بێهێزیی و ترسنۆکییان نەیان توانیی بە ئاشکرا دوژمنایەتیی خۆیان بۆ ئیسلام و پێغەمبەرەکەی دەربڕن ، لەبەر ئەوە کەوتنە چرپ و چاپ و ، بە نهێنیی دژایەتییان ئەکرد .. عەرەبەکان بە دەم موسڵمان بوون و ، جوولەکەش بە رووکەش پەیمانی هاوکاریی و پێکەوە ژیانیان مۆر کرد ، بەڵام هەردوولاشیان دوژمنی داخلەدڵی موسڵمانەکان بوون .. ئەمانە لە ئیسلامدا ناوی موونافیقانیان لێ نرا و ، پیاوێکیش کە ناوی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول بوو و ، لەو کاتەدا خەڵکی مەدینە خەریك بوون تاجی بۆ دروست بکەن و بیکەنە پادشای خۆیان ، لە سەر ئەوەی کە خەڵکەکە ـ هەتا کوڕ و کەس وکارەکەشی ـ ئیمانیان بە ئیسلام هێنا و ، پشتیان لە پادشایەتیی ئەو کرد ، بووە سەرۆکی موونافیقان و بووە دوژمنی داخلەدڵی موسڵمانان و ، بە رواڵەتیش خۆی وەها دەر ئەخست کە موسڵمان بووە ..

کوڕی ئوبەی بە نهێنیی ئاڵای نیفاقی هەڵ کرد و ، کۆمەڵێکیش خۆی ئاسا چوونە ژێر سایەی ئاڵاکەیەوە و ، کەوتنە چرپ و چاپ و دژایەتیی ئیسلامی پیرۆز .

یەکێ لەو مونافیقانە ناوی ئەبوعامیری راهیب بوو ، کە ئەوەبوو لە سەردەمی نەفامییدا جلوبەرگی راهیبی لە بەر کردبوو ، کە گوایە بۆتە مەسیحیی . بەلام پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((لا تقولوا : الراهب ، ولكن قولوا : الفاسق)) . فەرمووی : پێی مەڵێن راهیب ، بەڵکو بڵێن : فاسق .

ئەم مونافیقە لە وڵاتی شامدا بەبێ‌کەس و بە تاقی تەنیا و سەرگەردان مرد .. بەلام کوڕێکی هەبوو نموونەی موسڵمانی راستەقینە بوو ، کە ناوی حەنظەلە بوو و، لە رۆژی ئوحوددا بە شەهیدیی سەری نایەوە و ، نازناوی ((غسيل الملائكة)) ی لێ نرا ، چونکە مەلائیکەت شۆردبوویان ..

یەکێ تر لەو مونافیقانە جولاسی کوڕی سووەیدی کوڕی صامیت بوو . بەلام جولاس تەوبەی کرد و بە چاکیی و پاکیی گەڕایەوە و ، موسڵمانێکی چاکی لێ دەرچوو ، وەك ئیبن ئیسحاق دەری بڕیوە .

یەکێ تریش ناوی نەبتەلی کوڕی حاریث بوو ، کە ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی ئەیفەرموو : ((مَن أحبَّ أن ينظر إلى شيطان فلينظر إلى هذا)) . ئەیفەرموو: هەرکەس پێی خۆشە سەیری شەیتانێك بکات با سەیری ئەمە بکات . ئەم پیاوە زۆر کەتە بوو و ، قژێکی دژراو و ، جووتێ چاوی سووری پێوە بوون . گوێی لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگرت و ، دواییش ئەیگەیاندن بە مونافیقەکان . هەر ئەم پیاوە بوو کە ئەیوت : موحەممەد لە خۆیەوە شت ئەبیستێ ، هەرکەس شتێکی بۆ باس بکا ، خێرا بڕوای پێ ئەکات . ئەوەبوو خوای گەورە بە درۆی خستەوە و قورئانی لەو بارەوە ناردە خوارەوە ..

یەکێکی تریشیان عەببادی کوڕی حونەیف بوو . ئەمیش یەکێ بوو لەوانەی کە مزگەوتی (ضيرار) یان دروست کرد ..

یەکێکی تریش مورەببەعی کوڕی قەیظیی بوو ، کە پیاوێکی کوێر بوو و ، لە رۆژی ئوحوددا کە پێغەمبەری خوا ﷺ ویستی لە باخەکەیەوە تێپەڕ بکات ، وتی: ئەگەر تۆ پێغەمبەری من رێگەت پێ نادەم لە باخەکەمەوە تێپەڕ بکەیت . پاشان مشتێ خۆڵی هەڵ گرت و وتی : ئەگەر بزانم جگە لە تۆ ئەم خۆڵە بەر هیچ کەسی

تر ناكەوێ ، ئەوا بۆم ئەهاویشتی . خەڵكەكە هەڵمەتیان دا بی‌كوژن ، كەچیی پێغەمبەری خوا ﷺ نەی‌هێشت كە فەرمووی : ((دعوه فهذا الأعمى ، أعمى القلب، أعمى البصر)) . فەرمووی : وازی لێ بهێنن ، كوێرە ، كوێری دڵ و ، كوێری چاویشە .. ئەوەبوو سەعدی كوڕی زەیدی ئەشهەلیی هەڵمەتی دایە و بە كەوانەكەی لێی دا و سەری شكاند . هەروەها برایەكی مونافیقیشی هەبوو بە ناوی ئەوسی كوڕی قەیظیی .

یەكێكی تریش حاطبی كوڕی ئومەییەی كوڕی رافیع بوو ، كە پیاوێكی كەتەی بەساڵدا چوو بوو .. ئەمەش كوڕێكی هەبوو بە ناوی یەزیدی كوڕی حاطب ، كە موسڵمانێكی دامەزراو و رێك و پێك بوو و ، لە رۆژی ئوحوددا لە چەند لایەكەوە زامدار بوو و دواییش بە شەهیدیی سەری نایەوە .

ئەم مونافیقانەی پێشەوە هەموویان لە هۆزی ئەوس بوون .

ئەمانەش هەندێ لە مونافیقانی هۆزی خەزرەج بوون : رافیعی كوڕی وەدیعە و، جیددی كوڕی قەیس و ، زەیدی كوڕی عەمر و ، عەمری كوڕی قەیس و ، قەیسی كوڕی عەمر .

لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو كە عەبدوڵڵای كوڕی ئوبەی سەرۆكی مونافیقانی مەدینە ، كوڕێكی هەبوو بە ناوی عەبدوڵڵا كە لە موسڵمانە هەرە راستگۆكان ئەژمێررا .. خاوەنی ئیمانێكی دامەزراو بوو .. هەر كە بیستی ناپاكیی باوكی بەرامبەر بە پێغەمبەر و موسڵمانان دەركەوتووە ، ترسا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمان بدا و موسڵمانێكی تر بی‌كوژێ . بۆیە داوای كرد ماوەی بدا خۆی بی‌كوژێ . بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ بە دڵە فراوانەكەیەوە دڵخۆشیی عەبدوڵڵای دایەوە و پێی راگەیاند كە ئارامی لەگەڵدا ئەگرن و نیازی كوشتنی ناكەن ، كە فەرمووی : ((لا ، بَل نُحسنُ صُحبَتَهُ مادامَ بَيننا)) !!

هەروەها هەندێ لە جوولەكە ، كە بە رواڵەت موسڵمان بوو بوون ، كەوتنە شوێن چرپ و چاپی عەبدوڵڵای كوڕی ئوبەی كە ئەمانە هەندێكیانن : سەعدی كوڕی حەنیف و ، زەیدی كوڕی لوصەیت و ، رافیعی كوڕی حەرمەلە ، كە ئەوەبوو لە رۆژی مردنی‌دا پێغەمبەری خوا ﷺ شاهێدیی بۆ دا كە یەكێ بووە لە گەورە مونافیقان ، كە فەرمووی : ((قد ماتَ اليومَ عظيمٌ مِن عُظماءِ الْمُنافقين)) .

هەروەها ریفاعەی كوڕی زەیدی كوڕی تابووت ، كە ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ

لە کاتی گەڕانەوەیدا لە جەنگی تەبووك هەواڵی مردنی ئەو پیاوەی ڕاگەیاند . هەروەها نوعمانی کوڕی ئەوفا و ، عوثمانی کوڕی ئەوفا و هی تریش ..

ئەم مونافیقانە ئەوەندە سەرلێشێواو بوون ، وەك موسڵمان ئەهاتنە مزگەوت و ، گوێیان لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەبوو ، کەچیی گاڵتەیان بە موسڵمانەکان و بە دینەکەیان ئەکرد و ، هەوڵیان ئەدا نهێنیی موسڵمانەکان بە دوژمنانیان بگەیەنن ..

ئەم دەستە چەپەڵە دەروون نزمە ، کە ئەوپەڕی ترسنۆکیی و نامەردیی‌یان لێ وەشایەوە ، نە ئەوەبوو وەکو کافران کافر بن ، وە نە ئەوەش بوو وەك موسڵمانان موسڵمان بن .. ئەمانە کۆمەڵێکی یەکجار سووك و ڕیسوایان لێ دەرچوو .. ئابڕووی خۆیانیان برد و هیچیشیان بۆ نەکرا .. هەرچەندە هەوڵیان دا و ، نەخشەیان کێشا و ، چرپ و چاپیان کرد ، سەرەنجام خوای گەورە سەرشۆڕی کردن .. خێرا خێرا قورئانی پیرۆز ئەهاتە خوارەوە و ، نەخشە و پیلانەکانیان ئاشکرا ئەکرد و ، ئابڕووی ئەبردن .. هەر فێڵێکیان بەکار ئەهێنا ، بەسەر خۆیاندا ئەشکایەوە .. هەتا لە ناو خزم و کەسەکانیاندا سووك و ڕیسوا بوون .. ئەوەبوو بەشێکی زۆر لە سوورەتی (التوبة) و ، زۆرێك لە ئایەتەکانی سوورەتی (البقرة) و (آل عمران) و (الأحزاب) هاتنە خوارەوە و ، سوورەتێکی تەواویش بە ناوی (المنافقون) دەربارەی مونافیقان هاتە خوارەوە کە خورپەی دڵی مونافیقانیشیان ئاشکرا ئەکرد و ، ئابڕووی ئەبردن .. سەرەنجام ڕووڕەش و خەجاڵەت و سەرشۆڕی دنیا و قیامەت بوون و ، ئیمانداره ڕاستگۆ بەوەفاکانیش ، لە ژێر سایەی قورئانی پیرۆزدا ، سەرکەوتنی دنیا و قیامەتیان بە دەست هێنا و ، لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی بێوچانیاندا ئیسلام بە هەموو لایەکدا بڵاوەی کرد و ، زۆرێك لە گەلان لە دەست ستەم و زوڵم ڕزگاریان بوو .

(٤) جوولەکە

جوولەکە کۆمەڵێکی خراپی زیانەخرۆی دەروونەخۆشی مێژووی دوور و درێژی مرۆڤن .. ڕەگەزی جوولەکە ئەگەڕێتەوە سەر بەنیئیسرائیل کە بریتین لە یوسف و یانزە براکەی کە کوڕانی یەعقووب پێغەمبەری کوڕی ئیسحاق پێغەمبەری کوڕی ئیبراهیم پێغەمبەرن ، سەلام لە هەموو پێغەمبەرانی خوا .

لە یەکەم رۆژی مێژووی ژیانیانەوە بە دڵپیسیی و ، رق و قین و ، ئاژاوە و ، دوژمنایەتیی و ، کوشت و بڕ هاتوون .

* ئەوەبوو کەوتنە پیلانگێڕان دژی یووسف پێغەمبەری برایان سەلامی خوای لێ بێ و هەوڵیان دا لە ناوی بەرن .

* کە یووسف لە دەستیان رزگاری بوو و ، دەسەڵاتی میصری گرتە دەست و ، براکانی هێنایە لای خۆی و ، چاوپۆشیی لێ کردن ، براکانی دەستیان گەیشتە کاروکاسپیی و سەروەت و سامان ، پاشان وەچە و بەرەکانیان پووڵ و پارەیان ئەپەرست و ، دەستیان دایە خۆپەرستیی و رەزیلیی و چاوچنۆکیی و ، بەلای دانیشتوانی میصرەوە سووك و رسوا بوون و ، سەرەنجام بوونە ژێر چەپۆك و سزا و ئازاریان چەشت .

* کە لە سەردەمی مووسا پێغەمبەردا سەلامی لێ بێ خوای گەورە دەرووی لێ کردنەوە و ، بە لەتبوونی دەریاکە بۆیان ، لە دەست فیرعەون و سوپاکەی رزگاریان بوو و ، فیرعەون و سوپاکەشی نوقم بوون ، هەر ئەوەندە بوو کە مووسا پێغەمبەر لە بیابانی سیناوە بەرەو فەلەسطینی خاکی پیرۆز لەگەڵیانا کەوتە رێ ، لە رێگادا لە مووسا و هاروونی برای هەڵ گەڕانەوە و کەوتنە بۆڵە بۆڵ و ، وەك لە تەوراتدا هاتووە وتیان :

((خۆزگە لە میصردا بمردینایە . چونکە ئێمە لەوێ لە لای قابلەمە گۆشتدا پالْمان لێ دابوویەوە و بۆ تێربوون نانمان ئەخوارد ، کەچیی ئێوە هەردووکتان هاتن و ئێمەتان هێنایە ئەم چۆڵەوانی‌یە تا ئەم هەموو جەماوەرە بە برسێتیی بکوژن .

بۆچیی ئێمەتان لە میصر دەرپەڕاند ؟

بۆ ئەوەی بە خۆمان و منداڵ و ئاژەڵمانەوە لە تینوانْدا بمرین ؟)) .

لە بەرامبەر ئەم نەفامی‌یەیاندا ، هێشتا خوای گەورە هەر بەزەیی پیایاندا ئەهاتەوە و ، ئەوەبوو لە بیابانی سیناءدا دوانزە کانیی بۆ هەڵ قولاندن و ، هەموو رۆژێکیش رزقێکی پاك و خاوێنی پێشکەش ئەکردن کە بریتیی بوو لە گەزۆ و گۆشتی باڵندەی (السلوی) .

* ئەوەبوو مووسا سەلامی لێ بێ لەگەڵ حەفتا پیاوە هەڵبژاردەکەدا چوون بۆ گفتوگۆ لەسەر کێوی (طوور) و جوولەکەش هاروونیان بەلاواز ئەزانیی و دەستیان دایە پەرستنی ئەو گوێرەکەیەی کە سامریی لەو زێڕە بۆی دروست کردن

کە جوولەکە لە میصریی‌یەکانیان دزیی بوو .. دوای چل ڕۆژ کە مووسا گەڕایەوە ئەبینیٚ وا دەستیان داوەتەوە بت‌پەرستیی و ، ئەویش لە تووڕەیی‌دا ئەو ئەلواحانەی فڕیٚ دان کە ئەو دەستوورەیان لەسەر نووسرابوو کە خوای گەورە لە کاتی گفت‌وگۆ و موناجات‌دا بە مووسای بەخشیی بوون .

* دوای ماوەیەك کەوتنە بیانووگرتن لە مووسا و وتیان : ئەی مووسا ! ئیمانت پیٚ ناهێنین هەتا بە ئاشکرا خوا نەبینین . ئەوەبوو خوای گەورە مراندنی و، پاشان زیندووی کردنەوە و ، لە ترسانا تەوبە و پەشیمانی‌یان نواند ..

* خوای گەورە فەرمانی بە سەر مووسادا دا تا پەیمان لە جوولەکە وەربگریٚ ، بۆ ئەوەی بە گوێی فەرمانەکانی خوا بکەن و شوێن تەورات بکەون ، کەچیی ڕازیی نەبوون و ، پەیمانیشیان نەدا .. بۆ ئەم مل پێچی‌یەیان خوای گەورە فەرمانی دا کێوی طوور بەسەر سەریانەوە بەرز کرایەوە ، بۆ ئەوەی بترسێن . کە ئەوەیان دیی لە ترسان‌دا خۆیان بە دەستەوە دا و ، پەیمانیان بەست ..

* هەتا بۆیان بکرایە لەو پەیمانانەیان‌دا فێڵیان ئەکرد . ئەوەبوو خوای گەورە فەرمانی دابوو ڕۆژی شەممە بۆ خواپەرستیی دیاریی بکریٚ و ، لەو ڕۆژەدا ڕاوی ماسیی نەکەن .. جا بۆ تاقیی‌کردنەوەیان خوای گەورە بڕیاری وەها بوو کە ڕۆژانی شەممە ماسی‌یەکی زۆر ئەهاتنە شوێنی ڕاوە ماسی‌یەکان و ، لە ڕۆژانی تردا نەئەهاتن . ئەوەبوو فەرمانیان شکاند و فێڵیان بەکار ئەهێنا . خوای گەورەش لە تۆڵەی ئەوەدا کردنیە مەیموون .

* کاتێك کە مووسا سەلامی لیٚ بیٚ بەرەو فەلەسطین ئەڕۆیشت تا لە پێناوی خوادا جیهاد بکات و ڕزگاری بکات ، بە ئەندازەی ژمارەی دوانزە تایەفەکەی بەنی ئیسرائیل ، دوانزە نەقیبی لە ناو جوولەکەدا هەڵ بژارد و ، فەرمانی بە سەریان‌دا دا پێشی بکەون و ، هەواڵی وڵاتەکە و دانیشتوانی بزانن . ئەوانیش ڕۆیشتن و فەرمانەکەیان جیٚبەجیٚ کرد و ، گەڕانەوە و ، وتیان : خاکی پیرۆز پڕیەتی لە شیر و هەنگوین ، بەڵام دانیشتوانەکەی بەدەسەڵات و بەهێزن . هەروا هەر نەقیبێك ترسێکی زۆری خستە بەر کۆمەڵەکەی خۆیەوە تا نەوێرن هەنگاو بۆ پێشەوە بنێن ، جگە لە دوو نەقیبیان ، کە گەڕانەوە هەریەکەیان تایەفەکەی خۆی لەوە ئاگادار کرد کە نەترسن و ، هێرش بکەن بۆیان و ، بە پشتیوانیی خوا ، زاڵ ئەبن ، بەو مەرجەی ئیمان‌دار بن .

بەڵام بەنیئیسرائیلی جوولەکە بڕیریان دا واز لە جیهـاد بهێـنن .. روویـان لـە مووسا کرد و وتیان : ئەو وڵاتە کۆمەڵێکی وەها بەهێزی تیادان کە ئێمـە توانـای جەنگمان لەگەڵیانا نیە . هەتا ئەوان چۆڵی نەکەن ئێمە ناچینە ناویەوە ..

دوو نەقیبە مەردەکە هەوڵی زۆریان دا تا قەناعەت بە جوولەکە بکەن بۆ جیهاد لە پێناوی خوادا ، کەچیی بێهوودە بوو و بەرەو خاکی پـیرۆز نەکەوتنـە ڕێ و بـە مووسایان وت : هەتا فەلەسطین دانیشـتوانەکەی تێدا بن ئێمە ناچـینە ناویـەوە . تۆ و پـەروەردگارت بڕۆن کوشـتاریان بکـەن و ، ئێمـە لێـرە دائەنیشـین چـاوەڕێ ئەکەین .

لە سەر ئەم ترسنۆکی‌یە خوای گەورە سزای دان و ، بۆ ماوەی چـل سـاڵ خـاکی پیرۆزی لێ حەرام کردن و ، لەو دەرودەشتەدا بە سەرگەردانیی مانەوە .

* دوای کۆچی دوایی هـاروون و مووسـا سـەلامیان لێ بـێ و ، دوای بەسـەر چوونی چل ساڵەی سەرگەردانیی بـە سـەرکردایەتیی (یووشـەعی کـوڕی نـوون) چوونە ناو خاکی پیرۆزەوە .. جا کە خوای گەورە ئەو وڵاتەی بـۆ فـەتح کـردن و ، بەسەر دوژمنەکەیان‌دا سەری خستن ، یووشەعی پێغەمبەریان پێی ڕاگەیانـدن کـە خوای گەورە فەرمانی وەهایە ، لەسەر ئەم نیعمەتی سـەرکەوتنە ، کـاتێ کـە لـە دەرگای شار ئەچنە ژوورەوە سـەجدەی شـوکر ببـەن و بڵـێن : ((حِطَّةٌ)) ، واتـە : خوایە ! گوناهەکانمان لێ داوەرێنە و لێمان خـۆش ببـە . کەچـیی ئـەم فەرمانـەی خواشیان بەجێ نەهێنا و ، دەستیان دایە ستەم و لەخۆبایی‌بوون .

دوای ئەوەی کە خاکی پیرۆز کەوتە دەست بـەنی ئیسـرائیل و ، دەسـەڵاتیان تیایا دامەزرا ، چەند قازی‌یەك حوکمی وڵاتیان کەوتـە دەسـت و ، مـاوەی صـەد ساڵێکی خایاند ، وەك پادشا دەستیان ئەڕۆیشت . لەو سەردەمەدا خـەڵکێکی زۆر لە خواپەرستیی هەڵ گەڕانەوە و ، دەستیان دایە بت‌پەرستیی .. گوناهـ و تاوانیان لە ناودا زۆر بوو .. ڕەوشت نزمیی پەرەی سەند .. زینا و داوێن‌پیسیی تەشەنەیان کرد .. هەر کە پیاوچاکێك دەستی بدایەتە بانگ‌کردنی خەڵکەکـە بـۆ لای خـوا ، یەکسەر ئەیان‌کوشت .. ئەوەبوو لەسەر ئەم هەڵوێستە لارە و ، لەسەر ئەو هـەموو تاوان و داوێن‌پیسی‌یە خوای گەورە چەندین بەلا و موصیبەتی بۆ نـاردن و ، هـەر لەم ماوەیەدا خوای گەورە کەسانی بەدەسەڵاتی بۆ نـاردن تا وڵاتیان داگیر بکا و ، خۆیان و ماڵ و منداڵیان زەلیل و سەرشۆڕ بکات . بۆ نـموونە: لـەو ماوەیـەدا ((

((شەنعائیم)) ی پادشای نەهـرەین و ، ((حەجلوون)) ی پـادشـای موئـاب و ، ((یابین)) ی پادشای حاصووری کەنعانیی و هی تریش جوولەکەیان زەلیل کرد .

لە کتێبەکانیاندا ئەوە هاتووە کە لەسەر ئەوەی لە فەرمانی خوا یاخیی بوون و لە دین هەڵگەڕاونەتەوە ، خوای پەروەردگار غەزەبی لێ گرتوون و، کەسانێکی بـۆ گـەیـاندوون تـا تالاّنیان بکەن و ، سـەرەنجامیش زەلیلیی و ژێرچەپۆکیی بەشـیان بێت ..

* پاشان داوایان لە پێغەمبەرێکیان کرد تا پادشایەکیان بۆ دیاریی بکـات بـۆ ئەوەی فـەرماندەیان بێت و ، ئەمانیش لە پێناوی خوادا بچن بە گژی دوژمنـاندا و ، پایە و دەسەلاّتی جارانیان دەست بکەوێتەوە .. پێغەمبەرەکەشـیان کـە چـاك ئەیناسین چ بابەتێکن ، بەڵێنی لێ وەرگرتن کە غیرەتیان هەبێ و پشت لە دوژمـن نەکەن . جا کە هەواڵی دانێ (طـالووت) پادشـایانە ، کەوتنـە بـڕو بیـانوو کـە طالووت بۆ پادشای ئەوان ناشێ و ، خۆیان بەوە شایان ترن و ، طـالـووت خـاوەنی سامانی زۆر نیە ..

بە هەر حاڵ قەناعەتی پێ کردن و ، بە پادشایەتیی طالووت رازیی بوون ، کـە جیهادیان لەسەر فەرز کرا و پادشاش بانگی کردن تا جیهـاد بکـەن ، کـەمێکیان نەبێ هەموو پشتیان هەڵ کرد .. کە لەشکر کەوتە رێ ، تووشی رووبارێك هاتن و ئەبوا لە ئاوی رووبارەکەیان نەخواردبایەتەوە ، کەچیی دیسان کەمێکیان نەبێ هەر هەموو لێیان خواردەوە .. کە چوونە ئەو بەرەوە دەستە کەمەکە پشتیان بـە خـوا بەست و چوونە مەیدانی دوژمن و ، بە کۆمەکیی خوا سەرکەوتن ..

* لە سەردەمی داوود و سولەیماندا سەلامیان لێ بێ دەوڵەتی بەنی ئیسـرائیل بەهێز بوو ، بەلاّم جوولەکە نەیانتـوانیی بـە پـاکیی ژیـان بدەنـە سـەر ، بـەڵکو دەستیان دایە بەدڕەوشتیی و خراپە و سەرزەوییان پڕ لە فەسـاد کـرد و ، دەسـت کاریی دینی خوایان کـرد و ، هـەر پێغەمبەرێکیشـیان دەسـتی بهێنایەتـە رێـی حیبرەکانیان ، خێرا ئەیانکوشت . بەمـە بـە یـەکجاریی لـە فـەرمانی خـوا دوور کەوتنەوە ..

* بە هۆی فەساد و لادانیانەوە ، لە سـەرەتای صەدەی شـەشەمی پێش زایـین دا ، خوای گەورە یەکێ لە پادشـاکانی بـابلی ، بـە نـاوی (نـەبوخوذنەصـر یـان بوختونەصەر) ، بەسەریاندا زاڵ کرد .

ئـەوەبوو لە ساڵی (٥٨٧) ی پ . ز پادشای بابل لەشکرێکی پێکەوە نـاو ، بەرەو فەلەسطین کەوتە ڕێ ، بەڵام مێژوو باسی هۆی ئەم هێرشە ناکات .

کە گەیشتە وڵاتی جوولەکە ، جوولەکە بەرگەی هیچیان نەگرت و نەبوخوذنەصر بە خۆی و سوپاکەیەوە چـووە (بیـت المقـدس) و ڕووخانـدیان و ، دەسـتیان دایـە کوشت و بڕ و تـاڵان و بـە دیـلگرتنـی جوولەکـە . هەرچـییش خـاوەنی توانـا و دەسەڵاتبوون بە دیلیی بەرەو بابل خستنیە ڕێ ..

* جوولەکە لە مێـژوودا نامـەردیی زۆریـان کـردووە ، بـە تایبـەت کوشـتنی پێغەمبەرەکانیان ، تا ڕێ لە ئارەزووەکانیان نەگرن و ، بە ویسـتی خۆیـان دەسـت کاریی دینی خوا بکەن . جا لە مێژوودا چەسپاوە کـە پێغەمبـەران : حزقیـال و ، ئەشعیا و ، ئەرمیا و ، یەحیا و ، زەکەرییایان کوشتوون و ، ئەوەبوو هەوڵیشـیان دا عیسا بکوژن ، بەڵام خوای گەورە دەرفەتی نەدان ..

بۆ نموونە : یەحیا سەلامی لێ بێ دژی هەڵوێستی هیرۆدسـی پادشـای جوولەکـە وەستاوە کە ویستوویە کچێکی برازای خۆی بکاتە ژنی خۆی .. لەسەر ئەمە یەحیا شەهید ئەکرێت .

* کاتی لەدایکبوونی عیسا پێغەمبەر سەلامی لێ بێ نزیک بـوو بوویـەوە و ، کۆمەڵگای جوولەکەش گەیشـتبووە چـڵەپۆپەی فەسـاد و خراپکـاریی و ، دەسـت کارییەکی بنەڕەتیی دینی خواشیان کردبوو ..

عیساش داوای لە بەنی ئیسرائیل کرد بگەڕێنەوە سـەر ڕێگـای راسـت و ، بـە پاکیی خواپەرستیی بکەن ، کەچیی سەرۆک و سەرداره دینییەکانیان لێـی هاتنـە دژایـەتیی و ، تـەنها کۆمـەڵێکی کـەمیان ئیمانیـان پـێ هێنـا .. سـەرەنجام گەورەکانیان و حیبرەکانیان کۆبوونەوە و وتیان : ئێمە ئەترسین عیسا دینەکەمان لێ تێك بدات و خەڵکیش شوێنی بکەون ..

سەرۆکی کاهینەکانی ئەو ڕۆژە ناوی (قیافـا) بـوو ، هاتـە گوفتـار و وتـی : مردنی تاقە پیاوێك لە تیاچوونی گەلێك هەر هەمووی چاکترە !

ئەمە فـەتوا بـوو بـۆ حـەڵاڵبـوونی خـوێنی عیسـا سـەلامی لێ بـێ ، بۆیـە گەورەکانیان و حیبرەکانیشیان بە یەكدەنگیی بڕیاری کوشتنی ئـەویان دەرکـرد .. بۆ ئەمە کەوتنە شـکاتکردنـی بـەلای حـاکمی ڕۆمانییـەوە لـە فەلـەسطین و ، ئەوەشیان دا بە گوێیدا کە عیسا بکوژرێ و لە دار بدرێ .

عیسـا کە ئەم هەواڵەی زانیی خـۆی حەشـار دا .. ئـەوەبوو چـووە ئۆرشـەلیم (قودس) و ، یـەکێ لـە دوانـزە حەواریەکـەی ، کـە نـاوی یـەهووذای کـوڕی شەمعانی ئیسخریوطیی بـوو ، شوێنی خۆشاردنەوەکەی عیسای ئاشکرا کـرد و ، دەست و پێوەندی حکوومەت چوونە سەری . بەڵام کـە چـوونە ژوورەوە ، شـێوەی یـەهووذا وەك شێوەی عیسای لێ هات و ، وایان زانیی عیسایە و ، ئەویان گـرت و ، لە ئاستی عیسادا چاویان کوێر بوون و نەیانبینیی . کە دوای لـە سـێدارەدان بۆیان دەرکەوت عیسا لە سێدارە نـەدراوە ، کارەکـەیان شـاردەوە ، تـا خـەڵکیی پایەداریی‌عیسایان بۆ دەرنەکەوێ ، بەوەی کە خوا هەڵی کێشـاوە و لـە دەسـتیان رزگاری کردووە ، نەوەکو ئیمان بە دینەکەی ئەو بهێنن . بەڵگەش لەسـەر ئـەوەی کە نەیانتوانیوە بیکوژن و چوارمێخەی بکێشن ، بەڵکو خوای گـەورە لـە ئاسـتیا چاوانیانی کوێر کردووە و کەسێکی تریـان بـەو زانیـوە و کوشـتوویانە و ، خـوای گەورەش ئەوی بەرز کردۆتەوە بۆ ئاسمان و دەربازی کردووە ، ئەم ئایەتـە پیرۆزەیـە کە ئەفەرموێ :

﴿ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَـٰكِن شُبِّهَ لَهُمْ ۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ ۚ مَا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا ٱتِّبَاعَ ٱلظَّنِّ ۚ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًۢا ﴿١٥٧﴾ بَل رَّفَعَهُ ٱللَّهُ إِلَيْهِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٥٨﴾ ﴾ (النساء : ١٥٧ ـ ١٥٨) .

ئەمە رەفتاری جوولەکەیە و ، خۆیشیان بە کوڕ و خۆشەویستی خوا ئەژمێرن .

جوولەکە هەر بەمەوە نەوەستان ، بـەڵکو پیلانێکـی گـەورەیان بـۆ تێـك‌دانـی عەقیدەی نەصرانیی نەخشە کێشا . ئـەوەبوو هـەوڵیان دا تـا پیـاوێکی یـەکجار لێ‌هاتوو خۆی بگەیەنێتە چلەپۆپەی دینی مەسیحیی و هەر لـە ریشـەکەوە دەسـت کاریی بکات .. ئەو پیاوەش ناوی پۆڵس بوو کە توانیی بنچینەی دینی مـەسیحیی دەربهێنێ و لەسەر ئەو شێوە پاکە لای بدا ، کە خـوای گـەورە نـاردی بـۆ عیسـا سەلامی لێ بێ .

لە بنەڕەت‌دا پۆڵس ناوی شائوول بوو ، کە یان جوولەکەیەکی طەرسووسیی ، یـان رۆمانی‌یەك لە فریسی‌یەکان بوو .. جا هەرچەندە پۆڵس فریای سـەردەمی مەسـیح کەوتبوو ، بەڵام نە چاوی پێ کەوتبوو و ، نە گوێیشی لە بانگەوازی بـوو بـوو ..

هەتـا ئەڵێن : لـە سـەرەتادا گـەورەتریـن دوژمن و ناحـەزی مەسیحی‌یەکان بـوو و ، لە کوشتن و بڕین و سزادانیان درێغیی نەئەکرد ..

ئەوەبوو ماوەیەك دوای بەرزبوونەوەی عیسا بۆ ئاسمان بە شێوەیەکی نـاخلۆفیی پۆڵس بلاْوی کردەوە کە هاتۆتە سەر دینی مەسیح و ، ئەوەشی بـلاْو کـردەوە کـە عیسا کوڕی خودایە .

کە پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتە مەدینە ، سێ تیرەی جوولەکە لە مەدینەدا بـوون : : نەوەی قەینوقاع و ، نەوەی نەضیر و ، نەوەی قورەیظە . جا رای بەهێزی زانایـان لەسەر ئەوەیە کە لە ساڵی حـەفتای زاینیـی‌دا ، دوای سـزا و ئـازاری رۆمـەکان ، ناچار بوون شام بەجێ بهێڵن و خۆیان بگەیەنـنـە حیجـاز . چـونکە طـەیطـووسـی رۆمانیی هێرشی کردبووە سەر وڵاتەکەیان و دەستی بەسەر ئوورشەلیم‌دا گرتبـوو و ، بۆ دووهەم جار هەیکـەلی رووخانـدبوو و ، کوشـت و بڕێکـی خەسـت و خـۆڵی جوولەکەی کردبوو .

جوولەکە ناونیشانی پێغەمبەری ئاخرزەمانیان لە کتێبەکانیان‌دا ئەدیی ، بۆیـە زۆریان خۆیان بۆ ئەوە ئامادە ئەکرد کە بەڵکو بۆ ئەو کارە پیرۆزە هەڵ ببـژێررێن ، لەبەر ئەمە کۆچیان بۆ دەوروبەری مەدینە ئەکرد و ، لەسەر رێی شامیش قـەڵایان دروست ئەکرد ، بەو هیوایەوە کە ئەگەر دوا پێغەمبەر لەوان هەڵکـەوت ئـەوا بـۆ کوشتاری عەرەب لە ژێر بەیداخی ئـەو پێغەمبـەرەدا پێویسـتی‌یان بـەو قەڵایانـە ئەبێت .

بەناو خەڵك‌دا ئەوەیان بلاْو ئەکردەوە کـە دواپێغەمبـەر پێویسـتە لـەناو بـەنی ئیسرائیل‌دا هەڵ بکەوێ ، بۆیە ئەوانەی کۆچـیان بـۆ ناوچـەکانی حیجـاز کردبـوو چاوەڕوانی ئەوە بوون خوای گەورە ئەو پێغەمبەرە بە شەریعەتێکی تێر و تـەواوەوە رەوانە بکات .. هەتا لە خوا ئەپاڕانەوە تا ئەو بەڕێزە چاوەڕوان کراوە لەناو خۆیان دا هەڵ بکەوێ ، هەتا شوێنی بکەون و ، کوشتاری ئـەو عەرەبـە بـت پەرسـتانەی دوورگەی عەرەبیی بکەن و ، موڵك و دەسەڵاتی ئیسرائیل بەرپا بکەنەوە ، چونکە ئەیانزانیی خوای گەورە سەرکەوتن و فەتحی وڵاتانی پێشکەش ئـەکات .. چـونکە دەمێك بوو بەنی‌ئیسرائیل بە بۆنەی گوناه و تاوانیانەوە خوا غەزەبی لێ گرتبـوون و ، لە نێو گەلان‌دا سووك و مەهتووکی کردبوون . جا کە دواپێغەمبەر لەوان هەڵ نەکەوت ، بگرە لەناو عەرەب‌دا و لە نـەوەی ئیسـماعیل هـەڵ کـەوت ، کەوتنـە

حەسادەت و دژایەتیی ، بە مەرجێ بە چاوی خۆیان هەموو سیفەتەکانیان ئەبینیی و یەقینیشیان لەوە هەبوو کە موحەممەد ﷺ پێغەمبەری ئاخرزەمانە :

﴿ وَلَمَّا جَآءَهُمْ كِتَٰبٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ وَكَانُوا۟ مِن قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَلَمَّا جَآءَهُم مَّا عَرَفُوا۟ كَفَرُوا۟ بِهِۦ ۚ فَلَعْنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٨٩﴾ ﴾ (البقرة : ٨٩) .

﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَآءَهُمْ ۖ وَإِنَّ فَرِيقًا مِّنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ ٱلْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿١٤٦﴾ ﴾ (البقرة : ١٤٦) .

جوولەکە رۆژێك لە رۆژان لەگەڵ دینی خوادا راستیان نەکردووە ، بەڵکو تەنها چاویان لە بەرژەوەندیی خۆیان بووە ، بۆیە کە دواپێغەمبەر لە خۆیان هەڵ نەکەوت پشتیان لە حەق و راستیی هەڵ کرد ، هەر چەند وەك ناسینی کوڕەکانی خۆیان پێغەمبەری خواشیان ئەناسیی ..

بە درۆ و بە هەڵبەستن ئەوەیان رائەگەیاند کە ئەوان گەلی هەڵبژاردەی خوان و ، پێغەمبەرایەتییش نابێ لەوان دەرچێ . بۆیە کەوتنە دژایەتیی ئیسلام و پێغەمبەری ئازیز و ، تەنها کەمێکیان لێ موسڵمان بوون ، وەك عەبدوڵلای کوڕی سەلام و کەس و کاری و ، وەك موخەیریق .

موخەیریق زانایەکی زۆر شارەزای جوولەکە بوو و ، لە هەمان کاتدا پیاوێکی دەوڵەمەندی خاوەن باخی دارخورما بوو .. بە چاکیی ئاگاداری سیفەتەکانی پێغەمبەری خوا بوو ﷺ ، بەڵام هۆگری دینەکەی خۆی بوو بوو و ، ئاوڕی لە ئیسلام نەئەدایەوە هەتا رۆژی جەنگی ئوحود ، ئەو رۆژە دیتی وا سوپایەکی گەورەی قوڕەیش هاتۆتە سەر موسڵمانەکان .. ئەو رۆژەش شەممە بوو .. موخەیریق هەستی کرد موسڵمانەکان بێتاوانن و قوڕەیش تەپی کوتاوەتە سەریان .. ئەو هەموو ماوەیەش کە هاتبوونە مەدینە خراپەیان بۆ هیچ کەس نەبوو بوو .. لە هەمان کاتدا پەیمان و بەڵێنێك لە نێوان موسڵمانەکان و جوولەکەدا هەبوو کە پشتی یەکتریی بەر نەدەن .. ئەو رۆژە رووی لە کۆمەڵی جوولەکە کرد و وتی : ئەی کۆمەڵی جوولەکە ! بەخوا خۆتان چاك ئەزانن کە پشتگیریی موحەممەد لەسەرتان پێویستە . وتیان : ئەمڕۆ رۆژی شەممەیە . وتی : شەممەی چیی ؟ پاشان دەستی دایە چەکەکەی و خۆی گەیاندە ئوحود و بە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ

گەیشت و ، وەسیەتیشی بۆ خزمانی کرد و وتی : ئەگەر ئەمڕۆ کوژرام ، سامانەکەم بۆ موحەممەد بێت ﷺ ، تا بەو شێوەی لێ بکا کە خوا پێی خۆشە . کە جەنگ دەستی پێ کرد ، دەستی دایە کوشتار هەتا شەهید کرا.. ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ ئەیفەرموو : ((مخيريق خير يهود)) . ئەیفەرموو : موخەیریق چاکترین پیاوی جوولەکەیە ، پاشان سامانەکەی وەرگرت و کردی بە صەدەقە و بەسەر موسڵمانەکاندا دابەشی کرد ..

جوولەکە هەندێکیشیان بە نیفاق خۆیان وا دەرخست کە موسڵمان بوون ، ئەوانە پاڵیان دا بە سەرۆکی نیفاقی مەدینەوە و ، بەشی هەرە زۆریشیان کەوتنە دژایەتیی ئیسلام وەك : حویەیی کوڕی ئەخطەب و ، ئەبویاسری برای و، سەللامی کوڕی میشکەم و ، کینانەی کوڕی رەبیعی کوڕی ئەبولحوقەیق و ، سەللامی کوڕی ئەبولحوقەیق و ، رەبیعی کوڕی رەبیعی کوڕی ئەبولحوقەیق و ، عەمری کوڕی جەححاش و ، کەعبی کوڕی ئەشرەف و ، شاسی کوڕی قەیس و، مالیکی کوڕی صەیف و ، کەعبی کوڕی ئەسەد و ، وەهەبی کوڕی یەهوودا ..

ئەم ناودارانەی جوولەکە هەر لە یەکەم رۆژەوە کەوتنە دژایەتیی پێغەمبەری خوا ﷺ و ، هەموو هەوڵێکیان دژی موسڵمانان دا و ، لە هیچ خراپەیەك بەرامبەریان سڵیان نەکردەوە .. هەرچەندە پێغەمبەری خوا ﷺ پەیمانی پێکەوە ژیان و سەربەستیی دینیی پێیان دا و ، لە پاراستنی سامان و دارایییان بێخەمی کردن ، بەو مەرجەی بە هاوبەش بەرگریی لە مەدینە بکەن و ، بەرامبەر بە موسڵمانەکان ناپاکیی نەکەن و ، نەبنە کۆمەکی دوژمنیان و ، دەست درێژیی نەکەنە سەر موسڵمانان ..

یەکێك لەوانەی کە بە چاکیی لای یەقین بوو موحەممەدی خۆشەویستمان پێغەمبەری ئاخرزەمانە و ، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری دا دژایەتیی بکات ، یەکێ لە کەڵە زاناکانی جوولەکەی نەوەی نەضیر بوو بە ناوی حویەیی کوڕی ئەخطەب .. هەر کە پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتە یەثریب و ، حویەیی گەیشتە خزمەتی ، بۆی دەرکەوت راست ئەکا و ، ئەو پێغەمبەرەیە کە ئەوان چاوەڕوانی ئەکەن . بەڵام مادەم خوا لە ناو عەرەبدا هەڵی بژاردووە و ، پێغەمبەرایەتیی لە بەنیئیسرائیلیی سەندۆتەوە ، بڕیاری دا ئیمانی پێ نەهێنێ ..

صەفیەی کچی حویەیی ـ کە دوایی ئەبێتە هاوسەری پێغەمبەر و دایکی ئیمان داران ـ خوا لێی رازیی بێ باسی هەڵوێستی باوکی و ئەبویاسیری مامەی ئەکات و ئەڵێت : خۆشەویستترین منداڵی باوکم بووم بە لای باوکیشم و ئەبویاسیری مامەشمەوە . هەرچیی جارێك لەگەڵ منداڵێکی تریانا تووشم ببونایە ، روویان ئەکرد بە لای منەوە و وازیان لەو ئەهێنا . کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە مەدینە و ، لە قوباء لەناو نەوەی عەمری کوڕی عەوفدا لای دا ، سەر لە بەیانیی زوو باوکم حویەیی کوڕی ئەخطەب و ، مامم ئەبویاسیری کوڕی ئەخطەب چوونە خزمەتی .

صەفیە ئەڵێت : ئیتر ئەوەبوو لەگەڵ خۆرئاوابووندا گەڕانەوە .. هەردووکیان ماندوو و ، تەمەڵ و ، هیلاك و ، خاوە خاو بەڕێوە ئەچوون ..

ئەڵێت : گوێم لە ئەبویاسیری مامەم بوو کە بە حویەیی کوڕی ئەخطەبی باوکمی ئەوت : خۆیەتی ؟! وتی : ئەرێ ، بەخوا . وتی : چاك ئەیناسیی و ، ئەیسەلمێنی ؟ وتی : بەڵێ . وتی : ئەی دڵت چۆنە بەرامبەری ؟ وتی : بەخوا ، هەتا ماوم هەر دژایەتیی ئەکەم .

بەم جۆرە دیان کە ئەم دوو کەڵەزانایەی جوولەکە لەبەر نەشارەزایی و ، جوان دەرنەکەوتنی راستیی پێغەمبەری خوا ﷺ نەبوو ، کە دژایەتیی ئیسلامیان ئەکرد، بەڵکو دڵیان لە رق و قین ، بەرامبەر بە ئیسلام و موسڵمانان پڕ بوو .. بە مەرجێ ئەمە لە کاتێکدا دەرئەبڕن کە هێشتا پێغەمبەری خوا ﷺ لە قوباءە و ، نەگەیشتۆتە ناو مەدینە و ، هیچ هەڵوێست و هەڵسوکەوتێکی پێوە نەبینرا بوو کە دژ بە بەرژەوەندیی جوولەکە بێت .. هێشتا موسڵمانێك هەنگاوێکی بۆ دژایەتیی جوولەکە نەنابوو ..

بەڵام چونکە زانا و سەردار و گەورەکانیان بەتەما بوون پێغەمبەری ئاخرزەمان، کە کاتی دەرکەوتنی نزیك بۆتەوە ، لە بەنیئیسرائیلدا هەڵ بکەوێ ، زۆریان پێ ناخۆش بوو کە لە ناو عەرەبدا هەڵ کەوت . لەبەر ئەوەی ئەوان بە تەمابوون لە سایەی ئەم پێغەمبەرەدا دەسەڵات پەیدا بکەن و ، بەسەر هەموو دنیادا سەر بکەون ، چونکە لەناو کتێبەکانیاندا بەڵێنی سەرکەوتنی درا بوو ..

خۆ ئەگەر بەنیئیسرائیل بە پێی ئەو بەڵێنە هەنگاویان هەڵ گرتبایە کە لەوە و پێش بە خوای پەروەردگاریان دابوو ، کە بریتیی بوو لە کۆمەکیی و

پشتیوانیی‌کردن له‌ دوا پێغه‌مبه‌ر ، ئه‌وا هه‌موو ئاوات و خواستێکیان ئه‌هاته‌ دیی و ، سه‌ربه‌رزیی دنیا و قیامه‌تیان ده‌ست‌گیر ئه‌بوو ، چونکه‌ ئیسلام دینی چینێك ، یان کۆمه‌ڵێك ، یان گه‌لێك نه‌بوو ، به‌ڵکو دینی تێکڕای سه‌رزه‌وی‌یه‌، بۆیه‌ هه‌موو که‌س و کۆمه‌ڵێك له‌ سایه‌ی‌دا ئه‌حه‌سێته‌وه‌ و ، به‌ هه‌موو ئاواتێکی دنیا و قیامه‌تی ئه‌گات ..

به‌ڵام جووله‌که‌ ئه‌وه‌نده‌ خۆپه‌رست و دنیاپه‌رست و پوولپه‌رست بوون و ، ئه‌وه‌نده‌ش خۆیان له‌ مرۆڤه‌کان به‌ به‌رزتر ئه‌گرت و ، ئه‌وه‌نده‌ش دڵڕه‌ق و بێ‌سۆز و بێ‌ویژدان بوون ، که‌وتنه‌ ره‌خنه‌گرتن له‌ خوای به‌ ده‌سه‌ڵات .. ناڕه‌زایی‌یان له‌ قه‌ده‌ری خوایی ده‌ربڕیی که‌ بۆچ پێغه‌مبه‌ری ئاخرزه‌مانی له‌وان هه‌ڵ نه‌بژارد ؟ پاشان ده‌ستیان دایه‌ دژایه‌تیی قورئان و شوێن‌که‌وتوانی .. به‌ تایبه‌ت حویه‌یی کوڕی ئه‌خطه‌ب و ئه‌بویاسیری برای هه‌وڵیان ئه‌دا خه‌ڵك له‌ ئیسلام دوور بخه‌نه‌وه‌ ، تا ئه‌وه‌بوو قورئانی پیرۆز هات و ئه‌و حاڵه‌ته‌ی ئه‌وانی ده‌رخست :

﴿ وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّنۢ بَعْدِ إِيمَـٰنِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْحَقُّ ۖ فَٱعْفُوا۟ وَٱصْفَحُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴾ (البقرة : ١٠٩) .[٢٨٧]

[٢٨٧] السيرة النبوية لأبي شهبة : ٢ / ٣٩ ـ ٤٨ ، والرحيق المختوم : ١٨٠ ، و مكائد يهودية عبر التأريخ للميداني : ٢١ـ ٤٦ .

بەشی نۆزدەهەم
ژیانی مەدینە

هەرکە موسڵمانەکان لە مەدینە دامەزران ، خوای گەورە بە سۆز و شەفەقەتی خۆی کارێکی یەکجار گەورە و بە نرخی خستە دڵی پێغەمبەری ئازیزەوە ﷺ ، تا بۆ بەرژەوەندیی موسڵمانەکان ئەنجامی بدات .. ئەو کارە ئەوپەڕی نەخشەجوانیی و بیرتیژیی و راجوانیی پێغەمبەری خوای ﷺ دەرئەخست .. ئەوەبوو پەیوەندیی برایەتیی لە نێوان موهاجیر و ئەنصاردا دروست کرد ، کە لەوە ئەچێ دوای کۆچ کردن زۆری نەخایاندبێ و ئەم برایەتی‌یە بەسترابێ ، چونکە یەکڕیزیی و تەبایی موسڵمانان پێویست‌ترین کارێك بوو کە بانگەوازی ئیسلام پێی گەشەی ئەکرد ، لە فێڵ و تەڵەکەی دوژمنان ، بە تایبەت جوولەکە و مونافیقان ، سەر فراز بن .

پێغەمبەری خوا ﷺ و عەلیی کوڕی ئەبوطالیب بوونە برا ..

ئەبوبەکر و خاریجەی کوڕی زەیدیش بوونە برا ..

عومەر و عوتبانی کوڕی مالیك‌یش بوونە برا ..

حەمزە و زەیدی کوڕی حاریثەش بوونە برا ..

حاطبی‌کوڕی ئەبوبەلتەعە و عووەییمی‌کوڕی ساعیدەش بوونە برا ..

عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف و سەعدی کوڕی ڕەبیع‌یش بوونە برا ..

عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود و موعاذی کوڕی جەبەل‌یش بوونە برا ..

موصعەبی کوڕی عومەیر و ئەبوئەییووبی ئەنصارییش بوونە برا ..

ئەبوحوذەیفەی کوڕی عوتبە و عەببادی کوڕی بیشریش بوونە برا ..

بیلال و ئەبوڕوەیحەش بوونە برا ..[288]

---

[288] ئەبوڕوەیحە ناوی عەبدوڵلای کوڕی عەبدوڕڕەحمان بووە . ئەگێڕنەوە کاتێك کە عومەر لە شام ناونووسی موسڵمانانی کرد و دیوانی دروست کرد ، لەو کاتەش‌دا بیلال لە شام بوو و ، لەوێ خەریکی جیهاد بوو ، عومەر لێی پرسیی : بیلال ! مووچەکەت بۆ کێ بێ دوای خۆت ؟ وتی : وام لەگەڵ ئەبوڕوەیحەدا و هەرگیز لێی جوێ نابمەوە ، ئەویش بە بۆنەی ئەو برایەتی‌یەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە نێوانمان دا دروستی کرد .. عومەریش لێی وەرگرت .

ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕڕاح و ئەبوطەلحەی ئەنصارییش بوونە برا ..
زوبەیری کوڕی عەووام و سەلەمەی کوڕی سەللامەی کوڕی وەقش‌یش بوونە برا ..
طەلحەی کوڕی عوبەیدوللا و کەعبی کوڕی مالیکیش بوونە برا ..
سەعیدی کوڕی زەید و ئوبەی کوڕی کەعب‌یش بوونە برا ..
عەممار و حوذەیفەی کوڕی یەمانی هاوپەیمانی نەوەی عەبدولئەشهەلیش بوونە برا ..

ئیبن سەعد دەری بڕیوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ صەد کەس لە هاوەڵانی کردوونەتە برای یەکتریی .. پەنجا هاوەڵی موهاجیریی و پەنجا ئەنصاریی .. دیارە ئەمە لە سەرەتاوە ، تا بەرە بەرە هەموو هاوەڵانی کردوونەتە برا ، بە پێی ئەوەی کە هەر کەسێ کۆچی بۆ مەدینە ئەکرد ، یان تازە موسڵمان ئەبوو ..

شایانی باسە کە ئەم برایەتی‌یە بۆ هاوکاریی و هاوڕێیەتیی و کۆمەکیی و ، میراث بردن بوو .. بەڵام کە ئیسلام بەهێز بوو حوکمی میراث‌بردن لە نێوان ئەم برایانەدا نەسخ کرا و ، میراث تەنها بۆ خزمان بوو ، ئەمەش دوای ئەوەی کە ئایەتی :

﴿ وَأُوْلُواْ ٱلْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَىٰ بِبَعْضٍ ﴾ (الأنفال : ٧٥) هاتە خوارەوە .

ئەم برایەتی‌یە کە پێغەمبەری ئازیز ﷺ لە نێوان موهاجیر و ئەنصاردا بەرپای کرد ، کاریگەری‌یەکی بێوێنەی هەبوو .. موسڵمانەکان ئەوپەڕی یارمەتیی یەکتریان ئەدا .. بە تایبەت ئەنصار لە مێژوودا غیرەت و جوامێری‌یەکی وەهایان تۆمار کردووە کە لە مێژوودا دووبارە نەبۆتەوە .. وا مێژووی مرۆڤایەتیی لەبەر دەستی هەموو خاوەن‌ویژدانێك‌دایە ، با بزانێ چ کۆمەڵێك ئەو ڕەوشتە بەرزانەی لێوەشاوەتەوە ؟

ئەوەشمان لە یاد نەچێ کە پێش ئەم برایەتی‌یەی مەدینە ، برایەتی‌یەکی تریش لە مەککەدا لە نێوان موسڵمانەکاندا بەرپا کرا ، کە بە یەکەم برایەتیی ئیسلام ئەژمێررێت .. مەبەست لەم برایەتی‌یەش ئەوەبوو هەر برایەك لاوازە ، یان هەژارە، یان بێکەسە ، لە لایەن برا دەوڵەمەندە ، بەهێزە ، کەس‌دارەکەیەوە چاودێریی بکرێ ..

ئێستەش وا چاکە بەسەر پێیی سەرنجێکی جوامێریی و نەجابەتی ئەنصار بدەین ، خوا لە هەموویان رازیی بێ ، کە چۆن مەردانە و جوامێرانە باوەشی خۆشەویستیی و سۆز و شەفەقەتیان بۆ پێغەمبەر و هاوەڵانی کۆچکردووی مەککە کردەوە ، تا هیچ کەسیان هەست بە غەریبیی و هەژاریی و دەربەدەریی نەکات ؟

هەر کەسێ بە وردیی سەرنجی رەفتاری بەرزی ئەو پیاوە نەجیبانە و ئەو شێرە ئافرەتانە بدا ، یەکجار بە لایەوە سەیر ئەبێ .. بۆچ ئەمانە مرۆڤن وەها لێبراون و، وەهاش لێ بووردە و خۆنەویستن ؟!

بە چیی ئەمانە بەو پلە بەرزەی رەوشت و خووی بەهەشتی‌یان گەیشتن ، کەوا قورئانی پیرۆز باسی بەخششی یەکگرتنی دڵەکانیان ئەکات ، کە ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ هەرچیی وا لە زەویی‌دا خەرجی بکردایە بۆ یەکگرتنی موسڵمانان ، نەی‌ئەتوانیی دڵەکانیان یەك پێ بگرێ ، کەچیی خوای گەورە یەکی پێ گرتن ، کە ئەفەرموێ :

﴿ وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ ۚ لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مَّآ أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ ﴾ (الأنفال : ٦٣) ؟

خۆ پێغەمبەری خوا ﷺ تەنها چەند سەعاتێك لە تاریکیی شەودا لەگەڵ ئەنصاردا کۆ بوویەوە ، ئەویش هەندێکیان و ، لەو ماوە کورتەدا باسی ئیسلامی بۆ کردن و بەڵێن و پەیمانی لێ وەرگرتن ، ئیتر زۆر لەگەڵیانا نەژیا بوو ، تا وەك موهاجیرەکان پەروەردەیان بکات و ، کاتێکیش تەشریفی بردە ناویان ، ساڵێك کەمتر بەسەر موسڵمان بوونیان‌دا تێپەڕیی بوو ، کەچیی ئەو پیاوە قارەمان و سنگ فراوانەیان لێ دەرچوو ..

هۆی پێگەیشتنی ئەم کۆمەڵە رەببانی‌یە تەنها فەزڵ و بەخششی خوای گەورەیە ، کە بەو شێوە ناوازەیە سەروماڵیان ئەکردە قوربانی پێغەمبەر و رێبازەکەی و برا ئیمان‌دارەکانیان ..

بە شێوەیەکی بێوێنە و ناوازە باوەشی خۆشەویستیی و بەخێرهاتنیان بۆ ئازیزە کۆچکردووەکان کردەوە .. ئەوەندە بە دڵپاکیی و لێبووردنەوە پێشوازی‌یان لێ ئەکردن ، هەندێ جار ، لەبەر زۆریی ئەنصار و کەمیی میوانەکان ، ناچار ئەبوون

پەنا بۆ قورعە بەرن ، تا میوانیان بەر بکەوێ .. تا خزمەتیان بەر بکەوێ .. تا خێر و ئیحسان و چاکەیان دەست بکەوێ ..

ئەو کۆمەڵە خواناسە لە خۆنەویستیی و ئیثار و ، لە سەخاوەت و لێبووردەیی و ، لە سنگ فراوانیی‌دا ، کاری وەهایان لێ وەشایەوە ، کە تا ئێستاش ، دوای پتر لە هەزار ساڵ ، دەستە بە دەستە ، چین و بەرەکان ، لە هەموو ناوچەیەکی سەرزەویی‌دا ، بەوپەڕی فەخر و شانازی‌یەوە ، باسی لێوە ئەکەن و ، بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەو مرۆڤە فیداکارە خۆبەخشانە ئەکەن .. کوا مێژووی مرۆڤ شتی وەهای تێدایە ؟!

بوخاریی لە صەحیحەکەی دا ، لە عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوفەوە ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو و سەعدی کوڕی ڕەبیعی ئەنصاریی ئەکاتە برا .. جا سەعد دێت و پێشنیاری ئەوە ئەکات تا ماڵ و سامانەکەی لەگەڵ عەبدوڕڕەحمان‌دا بکا بە دوو کەرتەوە و ، پێیشی ئەڵێت : سەیر بکە بزانە هەردوو ژنەکەم کامیانت بە دڵە تا وازی لێ بهێنم بۆت و ، کە ماوەی عیددەی تەواو بوو مارەی بکە .. عەبدوڕڕەحمان بەوە ڕازیی نەبوو و وتی : خوای گەورە فەڕ و بەرەکەت بخاتە ماڵ و منداڵتەوە . تەنها بازاڕم پیشان بدە .. ئەویش بازاڕی پیشان دا و ، عەبدوڕڕەحمان دەستی بە کڕین و فرۆشتن کرد ، هەتا پارە و پووڵی هاتە مشت و ، ئافرەتێکی ئەنصاریی مارە کرد لەسەرکێشی ناوکە خورمایەك زێڕ . ئەوەبوو پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمانی بەسەردا دا کە ئەگەر بە سەربڕینی مەڕێکیش بووە ، با دەعوەتێك بۆ موسڵمانان بکات کە فەرمووی : ((أَوْلِمْ ولو بشاةٍ)) .

بەم شێوەیە سەعدی کوڕی ڕەبیع هەنگاوێکی بێ‌وێنەی لە خۆنەویستن‌دا نا.. دابەش کردنی ماڵ و سامان و ژن لەگەڵ برای دینیی‌دا .. هەروەها عەبدوڕڕەحمانیش کارێکی پیرۆزی ئەنجام دا .. پشت نەبەستن بە خێر و خێرات و یارمەتیی و کۆمەکیی .. بەڵکو کاسپیی‌کردن و کارکردنی مایەی سەربەرزیی .. تا خوای گەورە بەرەکەتی بەسەردا هەڵ ڕێژا و ، بووە دەوڵەمەندی دەوڵەمەندان ، لە حکوومەتی داد و یەکسانیی‌دا ..

نەك تەنها سەعد ئەم سنگ فراوانی‌یەی لێ بووەشێتەوە ، بەڵکو ئەنصار هەر هەموویان ئەمە تەبیعەتیان بوو .. هەموو شەیدای دینی تازە بوون و ، ئاواتیان ئەوە بوو سەروماڵیان بکەنە قوربانیی بۆ ڕەزامەندیی خوا .. ئەوەبوو ئەنصار

هاتنە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و وتیان : دارخورماکان لە نێوان ئێمە و براکانماندا دابەش بکە .. بۆ ئەم داوایەیان پێغەمبەری خوا ﷺ ڕەزامەندیی نەنواند .. ئەمجار چوون یەخەی کۆچکەرەکانیان گرت و ، وتیان : وەرن لەناو باخەکاندا کار بکەن و یارمەتییمان بدەن ، تا لە بەروبوومدا هاوبەش بین .. تا بەرهەمی باخەکان بەش بکەین . موهاجیرەکانیش وتیان : ((سمعنا وأطعنا)) رواه البخاري في صحيحه . وتیان : بە چاوان .

هەروەها بوخاریی لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە خوا لێی ڕازیی بێ ریوایەتیکردووە و وتوویە : پێغەمبەری خوا ﷺ داوای لە ئەنصار کرد تا ناوچەی بەحرەینیان بۆ بڕ بدات . وتیان : شتی وەها ناکەین ، هەتا ئەوەندەش بۆ برا موهاجیرەکانمان بڕ نەدەیت . فەرمووی : ((إما لا ، فاصبروا حتى تلقوني ، إنه سيصيبكم بعدي أَثَرة)) . فەرمووی : ئەگەر ئەمە قبوولْ ناکەن ، ئەوا ئارام بگرن هەتا لە قیامەتدا پێم ئەگەنەوە ، چونکە دوای خۆم تووشی کەسانێکی هەلپەرست و چاوچنۆك ئەبن ..

پێغەمبەری خوا ﷺ بە بڕدانی ناوچەی بەحرەین بۆ ئەنصار ئەیویست هەندێ پاداشتی ئەو خزمەت و چاکە و دڵدانەوە و جێکردنەوەیەی ئەنصار بداتەوە کە بەرامبەر بە خۆی و بە هاوەڵە موهاجیرەکان کردیان ، کەچیی ئەنصار بەرزتر لەوە بیریان ئەکردەوە و ، بڕیاریان دا کارەکەیان تێکەڵ بە هیچ بەرژەوەندییەکی دنیایی نەکەن و ، بە پاك و پوختەیی بۆ ڕەزامەندیی خوا بێت و ، چاوەڕوانی هیچ پاداشتێکیش نەکەن ..

هەروەها دەربارەی خۆنەویستیی ئەنصار با سەرنجێکی ئەم هەڵوێستە بەرزەشیان بدەین : عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لێیان ڕازیی بێ ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت : ڕۆژی تێك شکانی جوولەکەی نەضیر پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئەنصاری فەرموو : ((إنْ شئتمُ قسمتم للمهاجرين من أموالكم وديارکم ، وتشارکوهم في هذه الغنيمة ، وإن شئتم كانت لكم أموالكم ودياركم ولم نُقَسِّمْ لكم شيئاً من الغنيمة)) . فەرمووی: ئەگەر پێتان خۆش بێ لە ماڵ و سامانتان بەشی موهاجیرەکان ئەدەین و ، ئێوەش لەم دەستکەوتی جەنگەدا لەگەڵیان بەشدار ئەبن .. ئەگەر پێشتان خۆش بێ ماڵ و سامانی خۆتان بۆ خۆتان و ، لە دەستکەوتی جەنگ بەشتان نادەین . ئەنصار

دیسان بە بەرزتر بیریان کردەوە و وتیان : بەڵکو ماڵ و سامانەکەمان لەگەڵیان بەش ئەکەین و ، دەستکەوتەکەش ئەدەین بەوان !!

بەڵێ ، ئەمانە مەلائیکەت بوون لە بەرگی مرۆڤدا ..

جا با شارەزایانی مێژوو بێن و نموونەیەکی تری ئەم هەڵوێستە بەرزانەی مێژووی ئیسلامان نیشان بدەن ، تا بزانین چ دینێك بەرەی وەها بەرێز و خۆنەویستی پێ گەیاندووە ؟ خۆ ئەگەر سەرنجی مێژووی دوور و درێژی مرۆڤایەتیی بدەین ئەبینین چیی زوڵم و ستەم لە مرۆڤ کراوە و ، چیی مافی بنەڕەتیی مرۆڤ پێ شێل کراوە ، هۆی هەر هەمووی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەنانییەت .. بۆ خۆخۆش ویستن .. بۆ ماددەپەرستیی .. بۆ پلە و پایە دەستخستن .. بۆ خۆشویستنی دنیا .. بۆ تۆڵەسەندن و ، ژێربارکردنی مرۆڤە بەستەزمانەکان ، تا کەسانێکی زۆر و زەبەندە رەنج بدەن و عارەق بڕێژن و ، چینێکی ستەمکاری خوێنمژ بیخۆن ..

بەڵێ ، ئەنصار ئەوەندە بەڕێز و خۆنەویست بوون .. ئەوەندە سەخیی و خزمەت گوزار بوون ، بوونە خۆشەویستی خوا .. بە رادەیەك کە ئایەتی قورئان بێنە خوارەوە و ستایشی ئەوان بکەن و تا رۆژی قیامەت موسڵمانان لە پایەی بەرزیان ئاگادار بن .. ئەوەتا قورئان ئەفەرموێ :

﴿ وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلْإِيمَـٰنَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِى صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّآ أُوتُوا۟ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴾ (الحشر : ٩)

بە لای پێغەمبەری خوایشەوە ﷺ ئەنصار زۆر بەڕێز بوون ، بۆیە ئەیفەرموو :

((لولا الهجرة لكنت امرءاً من الأنصار)) .

ئەیفەرموو : ئەگەر لەبەر پاداشتی کۆچ کردن نەبوایە خۆم بە پیاوێك لە ئەنصار ئەژمارد . هەتا خۆشویستنی ئەنصاری بە نیشانەی ئیمان و ، رق لێ بوونیشیانی بە نیشانەی نیفاق ئەژمارد کە ئەیفەرموو :

((آية الإيمان حب الأنصار وآية النفاق بغض الأنصار)) .

هەروەها دەری ئەبڕیی کە ئیماندار ئەنصاری خۆش ئەوێن و ، مونافیقیش رقی لێیان ئەبێتەوە . جا هەرکەسێ ئەوانی خۆش بوێ ، ئەوا خواش ئەو کەسەی

خۆش ئەوێت و ، هەر کەسیش رقی لێیان بێت ئەوا خواش رقی لەو کەسە ئەبێت، کە ئەیفەرموو :

((الأنصار لا يحبهم إلا مؤمن ، ولا يبغضهم إلا منافق ، فمن أحبهم أحبه الله ، ومن أبغضهم أبغضه الله)) .

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاریی موسڵمانانی کرد تا بە چاکە لەگەڵ ئەنصاردا هەڵس و کەوت بکەن .

ئەنەسی کوڕی مالیك خوا لێی رازیی بێ ئەگێڕێتەوە و ئەڵێ : ئەبوبەکر و عەبباس خوا لێیان رازیی بێ بە لای کۆڕێکی ئەنصاردا تێ پەڕین ئەبینن ئەگرین. ئەبوبەکر فەرمووی : بۆ ئەگرین ؟ وتیان : بیرمان لە دانیشتنمان کردەوە لە کۆڕی پێغەمبەردا ﷺ . ئەبوبەکر چووە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و لە هەواڵەکە ئاگاداری کرد . ئەڵێت : پێغەمبەر ﷺ بە قوماشێك سەری بەستبوو و ، هاتە دەرەوە و ، سەرکەوتە سەر مینبەر ، کە دوای ئەو جارە ئیتر سەرنەکەوتەوە سەری . (دیارە ئەمە لەو نەخۆشییەیدا بووە کە پێی کۆچی دوایی کردووە) . سوپاس و ستایشی خوای کرد پاشان فەرمووی : ((أوصيكم بالأنصار فإنهم كَرِشي وعيبتي ، وقد قضوا الذي عليهم ، وبقي الذي لهم ، فأقبلوا من محسنهم وتجاوزوا عن مسيئهم)) . رواه البخاري .

ئامۆژگاریی کردن کە لەگەڵ ئەنصاردا چاك بن ، چونکە بە جەرگ و هەناوی خۆی لە قەڵەمیان ئەدا و ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێ هێناوە ، بەڵام هێشتا پاداشتیان نەدراوەتەوە .. جا با موسڵمانان چاکەی چاکەکاریان وەربگرن و چاوپۆشییش لە خراپکاریان بکەن ..

ئەمە دەرهەق بە ئەوس و خەزرەج کە عەرەبی مەدینە بوون و ، موسڵمانیش بووبوون .

هەروەها بەرامبەر بە جوولەکەی مەدینە کارێکی یەکجار مەزنی ئەنجام دا .. ئەوەبوو دۆستایەتیی لەگەڵ کردن .. رێزی لێ گرتن .. پەیمانی دۆستانەی لەگەڵ بەستن تا بە هەردوو لایانەوە پارێزگاریی لە مەدینە بکەن و ، نەهێڵن هیچ کەس دەستدرێژیی بکاتە سەریان .. رێزی لە خۆیان و دینیان گرت .. لە سەروماڵیان بێخەمی کردن ، وەك لە بەڵگەنامەکەی مەدینەدا دەرئەکەوێت .. بەڵام جوولەکە کۆمەڵێك نەبوون کە بە پێی خۆیان خەریکی خواپەرستیی بن ، بەڵکو کۆمەڵێکی

دنیایی هەڵپەرست و بەرژەوەندییپەرست بوون .. هەموو لێهاتن و زیرەکییەکی خۆیان بۆ پووڵ کۆکردنەوە بەکار ئەهێنا .. هەوڵیان ئەدا بە بازرگانیی پارە و پووڵێکی زۆر دەست بخەن .. چیی پارە و پووڵیان هەبوو ئەیان دا بە عەرەبەکان بە سوو .. بەمە پارەیەکی زۆریان لەو خەڵکە ئەکێشایەوە .. پارەیان بە سوو ئەدا بە سەرۆك خێڵەکان و ئەوانیش لە شتی هیچ و پووچ دا خەرجیان ئەکرد ، خۆ ئەگەر پارەکە ئامادە نەبوایە ئەوا زەویی و زار و باخ و باخاتیان بە رەهن وەرئەگرت و ، دوای چەند ساڵێك ئەبوونە موڵکی جوولەکە ..

لە لایەکی ترەوە جوولەکە خاوەن فێڵ و تەڵەکە بوون .. خراپکار و نیازپیس بوون .. حەزیان لەوە بوو دژایەتیی و ناکۆکیی بخەنە نێوان تیرە عەرەبەکانەوە .. هەر تیرەیەك لە جوولەکە خۆی بە هاوپەیمان و پاڵ پشتی چەند تیرەیەکیان لە قەڵەم ئەدا ، بەڵام لە راستییدا یارییان پێ ئەکردن و ، بە جەنگیان ئەدان .. لە کاتی جەنگ و هەراشدا بە سوو قەرزیان ئەدانێ ، تا توانای کوشتاری یەکتریان زۆرتر بێ و ، لە هەمان کاتیشدا بن بە ژێر قەرزەوە و ، لە ئەنجامی زیادکردنی قەرزەکەشدا ماڵ و سامانیان لێبستێنن و ، لە لایەکی تریشەوە تا خۆیان سەلامەت بن و کەس جەنگیان پێ نەفرۆشێ و بە سوو سامانێکی زۆر پێکەوە بنێن ..

لە مەدینەدا ، لە پاڵ ئەوس و خەزرەجدا سێ تیرەی جوولەکە ئەژیان :

١ ـ نەوەی قەینوقاع ، کە هاوپەیمانی خەزرەج بوون و ، خانوو و بەرەیان لەناو شاردا بوو ..

٢ ـ نەوەی نەضیر .

٣ ـ نەوەی قورەیظە ، ئەم دوانەش هاوپەیمانی ئەوس بوون و خانوو و بەرەیان لە دەوری مەدینەدا بوو .

ئەم سێ تیرەیە هەمیشە ئاگری جەنگی نێوان ئەوس و خەزرەجیان خۆش ئەکرد، هەتا ئەوانیش لەگەڵ هاوپەیمانی خۆیاندا بەشداریی جەنگی بوعاثیان کردووە .

هەر لەیەکەم رۆژەوە کە ئیسلام هاتە مەدینە ، جوولەکە خۆیان بۆ دژایەتیی پێغەمبەری چاوەڕوانکراو یەكلایی کردەوە ، چونکە لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەواندا نەئەگونجا ..

ئەوان خۆیان وەها ئامادە کردبوو ببنە خاوەنی دوورگە .. بەوەی کە هـۆز و تیرە عەرەبەکان بە جەنگ بێننن و ، خۆیـان سـامان کـۆ بکەنـەوە .. کـاتێکیش پێغەمبەری ئاخرزەمان ئاشکرا بـوو ، خێـرا خۆیـان شـوێنی بکـەون و ، هـەموو دوورگە داگیر بکەن و لە دانیشتوانی پاکی بکەنەوە ..

بەلاّم کە دی‌یان وا دوا پێغەمبـەر لـە خۆیـان هەڵنەکـەوت ، بـەڵکو لـە نـاو عەرەبەکان‌دا هەڵ کەوت و ، خۆیان شوێنی نەکـەوتن ، بـەڵکو ئـەوس و خـەزرەج پێشیان کەوتن ، ئیتر کەوتنە بیرکردەونەیەکی تر .. چونکە ئەوەی ئەوان بە تەمای نەبوون و ، حیسابیان بۆ نەکردبوو ، وا یەخەی پێ گرتن ..

ئەم دینە تازەیە عەرەبەکان شوێنی کەوتوون و ، تیرەکان یـەك پـێ ئـەگرێ و ، دوژمنایەتیی چەند سـاڵەیان ریشـەکەن ئـەکات و ، هـەموو رەوشـتێکی چـاکیان لەناودا بلاّو ئەکاتەوە و ، هەرچیی رەفتارێکی خراپ و ناشیرین هەیە لێ‌یـان دوور ئەخاتەوە و ، فێری حەلاڵ‌خۆریی و ، کۆکردنەوەی سامانی پاك و خاوێنیان ئەکات و ، ئەو کاتە ئوممەتێکی بە هێزی وەهایان لێ دەرئەچێ ، کە نەك بە جوولەکە لـە ناو نابرێن بەڵکو هیچ هێزێکی سەرزەوییش چاریان ناکات ..

کە تیرە و هۆزە عەرەبەکان بەم حاڵە گەیشتن ، ئەوا بیرێك لەو هـەموو سـتەمە ئەکەنەوە کە پێش موسڵمان بوونیان جوولەکە لەوانی سادەی کردووە .. ئەوانی بـە جەنگ داوە و ، لێ‌یان کوژراوە و ، سامانێکی زۆریان خـەرج کـردووە و ، مـاڵ و سامان و باخ و باخاتێکی زۆریان جوولەکە لە بریی قەرز و سوو بردوویەتی .. خـۆ ئەگەر ئیسلام نەهاتبایە و ، لەو ستەم و پیلانە ژەهراوی‌یانە رزگاری نەکردبانایە ، ریشەیان دەرئەهات و ، بە خۆشـیان نەئـەزانیی .. کـە تـیرە و هـۆزە عەرەبـەکان ئەمەیان زانیی و ، ئەو دەسەلاّتەشیان هـەبوو ئـەوا تۆڵـەی خۆیـان لـە جوولەکـە ئـەکـەنەوە و ، چـیی سـەروەت و سـامان و موڵکیـان زەوت کـردووە لێ‌یـان ئەسێننەوە ..

لەبەر ئەمانە هەر لە یەکەم رۆژدوە جوولەکـە بڕیـاری دژایـەتیی ئیسـلامیان دا ئەگەر چیی ئاشکرایان نەئەکرد ، وەك خاتو صـەفیەی دایکـی ئیمـان‌داران باسـی هەڵوێستی باوکی و مامەی بۆمان گێڕایەوە و ، وەك ئەو هەڵوێستەشیان کـە لـە کاتی موسڵمان‌بوونی عەبدوڵلاّی کوڕی سەلام‌دا نواندیان ..

بەلاّم لەگەلّ هەموو ئەمانەش‌دا پێغەمبەری خوا ﷺ بە پێی ئەو بەرنامەیەی کە خوای گەورە بۆی دارِێژا بوو برِیاری دا ئەوپەرِی نەرم و نیانیی و سازیی لەگەلّ جوولەکەدا بنوێنێ .. پێی خۆش بوو ناوچەکە لە ئاسایش و هێمنی‌دا بژیی و ، هەموو کەسێکیش بە دلّی خۆی بەرنامەی ژیانی خۆی هەلّ ببژێرێ و ، دەست درێژیی نەکرێتە سەر مافی هیچ کەس ..

بۆ ئەمە پێغەمبەری خوا ﷺ پەیمان نامەیەکی نووسیی تا مافی هەموو لایەك پارێزراو بێت کە بەم شێوە بوو :

((بسم الله الرحمن الرحيم . هذا كتابٌ من محمد النبيِّ الأُميِّ بين المؤمنينَ والمسلمينَ من قريش ويثرب ، ومن تبعهم فلحق بهم ، وجاهدَ معهم ، أنهم أمةٌ واحدةٌ من دونِ الناسِ [289] : المهاجرون من قريش على ربعتهم يتعاقلون بينهم ، وهم يفدون عانيهم بالمعروف والقسط، وبنو عوف على ربعتهم يتعاقلون معاقلهم الأولى ، وكل طائفة تفدي عانيها بالمعروف والقسط بين المؤمنين ، ثم ذكر كل بطن من بطون الأنصار وأهل كل دار :

بني ساعدة ، وبني جشم ، وبني النجار ، وبني عمرو بن عوف ، وبني النبيت [290] ... إلى أن قال :

وإن المؤمنين لايتركون مفرحاً بينهم أن يعطوه بالمعروف في فداء وعقل [291] ، ولا يحالف مؤمن مولى مؤمن دونه ، وأن المؤمنين المتقين على من بغى منهم ، أو ابتغى دسيعة ظلم أو إثم أو عدوان ، أو فساد بين المؤمنين ، وأن أيديهم عليه جميعهم ، ولوكان ولد أحدهم [292] ، ولا يقتل مؤمن مؤمناً في كافر ، ولا ينصر كافراً على مؤمن

---

[289] ئیمان‌داران و موسلّمانانی قورەیش و یەثریب و ئەوەش کە هاتۆتە ریزیانەوە و لەگەلّیان جیهاد بکات ، یەك ئوممەتن ..

[290] یەك بە یەك هەموو هۆزەکانی ناو بردن کە هەر یەکەیان خوێن و فیدیەی کەس وکاری خۆیان ئەدەن ..

[291] هەروەها ئیمان‌داران دەست‌بەرداری کەسێك نابن کە بووە بە ژێر قەرزەوە و مالّ و منداڵێکی بەسەردا کەوتووە ، بەلّکو بە شێوەیەکی چاك بۆ فیدیە و بۆ خوێن یارمەتیی ئەدەن .

[292] هەروەها ئیمان‌دارە خاوەن تەقواکان دژی هەر کەسێ ئەوەستن کە دەست‌درێژی‌یان بکاتە سەر ، یان ستەم و تاوان و دژایەتی‌یان بەرامبەر بکات ، یان نێوان ئیمان‌داران تێك بدات .. هەموو ئیمان‌داران دژی ئەو کەسە ئەوەستن ، ئەگەرچیی کورِی یەکێ لە ئیمان‌داران بێ .

[٢٩٣] ، وأن ذمة الله واحدة يجير عليهم أدناهم ، وأن المؤمنين بعضهم موالي بعض دون الناس .. [٢٩٤]

وأنه من تبعنا من يهود فإن له النصر والأسوة غير مظلومين ، ولا متناصر عليهم ، وأن سلم المؤمنين واحدة ، لا يسالم مؤمن دون مؤمن في قتال في سبيل الله إلا على سواء وعدل بينهم ، وأن كل غازية غزت معنا يعقب بعضها بعضاً ، وأن المؤمنين يبيء بعضهم بعضاً بما نال دماءهم في سبيل الله ، وأن المؤمنين المتقين على أحسن هدى وأقومه . [٢٩٥]

وأنه لا يجير مشرك مالاً لقريش ولا نفساً ، ولا يحول دونه على مؤمن ، وأنه من اعتبط مؤمناً قتلاً عن بينة فإنه قود به إلا أن يرضى ولي المقتول ، وأن المؤمنين عليه كافة ، ولا يحل إلا قيام عليه . [٢٩٦]

وأنه لا يحل لمؤمن أقر بما في هذه الصحيفة ، وآمن بالله واليوم الآخر أن ينصر محدثاً ولا يؤويه ، وأن من نصره أو آواه فإن عليه لعنة الله وغضبه يوم القيامة ، ولا يؤخذ منه صرف ولا عدل ، وأنكم مهما اختلفتم فيه من شيء فإن مرده إلى الله عزوجل ، وإلى محمد ﷺ . [٢٩٧]

وأن اليهود يتفقون مع المؤمنين ما داموا محاربين ، وأن يهود بني عوف أمة مع المؤمنين . لليهود دينهم ، وللمسلمين دينهم ومواليهم وأنفسهم إلا من ظلم وأثم فإنه لا يوتغ إلا نفسه وأهل بيته . وأن ليهود بني النجار وبني الحارث ، وبني ساعدة ، وبني جشم ، وبني الأوس ، وبني ثعلبة ، وجفنة ، وبني الشُطَيبة مثل ما ليهود بني عوف ،

---

[٢٩٣] ئیمان دارێك لەسەر كافرێك نابێت ئیمان دارێك بكوژێتەوە .. هەروەها پشت گیریی كافرێك ناكات دژی ئیمان دارێك .

[٢٩٤] بچووكترین ئیمان دار بۆی هەیە پەنای هەر كەسێ بدات و ، ئیمان داران لە نێوان خۆیان دا پشت و كەسی یەكترن .

[٢٩٥] هەر جوولەكەیەكیش شوێن ئەم پەیمان نامەیە بكەوێت و لەگەڵ موسڵمانان دا بە پاكیی هەڵس و كەوت بكات ، ئەوا كۆمەكیی ئەكرێت و ، ستەمی لێ ناكرێ و ، پشت گیریی لە دوژمنی ناكرێ . هەركەسیش یارمەتیی موسڵمانان بدات خزمەتی ئەویش لە بەرچاو ئەبێت ..

[٢٩٦] بەڵام هیچ موشریكێك بۆی نیە پەنای سەر و ماڵی هیچ قورەیشی یەك بدات ، یان لە ئیمان دارێك بی پارێزێت . هەر كەسیش ئیمان دارێك بكوژێ ئەوا ئەكوژرێتەوە ، مەگەر وەلیی كوژراوەكە رازیی بكرێ و هەموو ئیمان دارانیش بە جارێك دا دژی ئەوەستن ..

[٢٩٧] هەر ئیمان دارێك كە دانی بەم پەیمان نامەیەدا نابێ و ئیمانی بە خوا و بە قیامەت هێنا بێ ، بۆی حەڵاڵ نیە جێی تاوان بارێك بكاتەوە ، یان پشت گیریی لێ بكات . خۆ هەر كەسێ جێی بكاتەوە یان پشت گیریی لێ بكا ، ئەوا ئەكەوێتە بەر لەعنەت و غەزەبی خوای گەورە و ، نە تەوبە و نە فیدیەشی لێ وەرناگیرێن و ، هەر ناجۆرییەكیش كەوتە نێوان موسڵمانان پێویستە بی گێڕنەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەرەكەی ﷺ .

سووکایەتیی‌کردن بە موسڵمانان ، تا ئەوەبوو موسڵمانان لیٚ‌یان هاتنە دەست و زەلیلی دنیا و قیامەتیان کردن ..

ئەم نەخشە جوانە پڕ حیکمەتەی پێغەمبەری خوا ﷺ بووە هۆی بەرپابوونی کۆمەڵگەی ئیسلامیی ڕێك‌وپێك ، تا لەژێر دەستی ئازیزدا فێری برایەتیی و ، دۆستایەتیی و ، چاوپۆشیی و ، بەخشین و ، خواپەرستیی بن .. پیاوێك پرسیاری کرد : چ کردەوەیەکی ئیسلام چاکە ؟ فەرمووی :

((تطعم الطعام ، وتقريء السلام على من عرفت ومن لم تعرف)) .[٣٠١]

فەرمووی : خۆراك بەخشین و، سەلام‌کردن لەوەی ئەی‌ناسیت و ، لەوەش کە نای‌ناسیت .

عەبدوڵڵای کوڕی سەلامیش ئەی وت : کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە مەدینە هاتم بۆ لای ، کە سەرنجی دەم و چاویم گرت ، زانیم ئەو دەم وچاوەی ئەو لە دەم وچاوی پیاوی درۆزن ناکات . یەکەم قسەی فەرمووی :

((يا أيها الناس ! أفشوا السلام ، وأطعموا الطعام ، وصلوا الأرحام ، وصلوا بالليل والناس نيام ، تدخلوا الجنة بسلام)) .[٣٠٢] ئەی‌فەرموو : خەڵکینە ! سەلام و ئاشتیی پەخشان بکەن و ، خۆراك ببەخشن و ، سیلەی ڕەحم بەجیٚ بهێنن و ، بە شەودا ، کاتێك کە خەڵکیی خەوتووە نوێژ بەجیٚ بهێنن ، بەبیٚ وەی ئەچنە بەهەشتەوە .

هەروەها ئامۆژگاریی ئەکردن لەگەڵ دراوسیٚ‌کانیان دا چاك بن ، چونکە هەر کەس دراوسیٚ‌کەی لێی ئەمین نەبیٚ ، ناچێتە بەهەشتەوە ، کە ئەی‌فەرموو :

((لا يدخل الجنة من لا يأمن جاره بوائقه)) .[٣٠٣]

ناونیشانی موسڵمانی ڕاستەقینەی هەڵ ئەدا کە بریتیی‌یە لە سەلامەتیی موسڵمانان لە زمان و دەستی ، کە ئەی‌فەرموو :

((المسلم من سلم المسلمون من لسانه ويده)) .[٣٠٤]

ئامۆژگاریی ئیمان‌دارانیشی ئەکرد تا ئەوەی بۆ خۆیان پیٚ‌یان خۆشە ، با بۆ خوشك و برای ئیمان‌داریشیان پیٚ‌یان خۆش بیٚ ، تا ببنە خاوەنی ئیمانی کامڵ، کە ئەی فەرموو : ((لايؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه)) .[٣٠٥]

---

[٣٠١] صحيح البخاري : ١/ ٦ ، ٩ .

[٣٠٢] رواه الترمذي وابن ماجه والدارمي . مشكاة المصابيح : ١ / ١٦٨ .

[٣٠٣] رواه مسلم ، مشكاة المصابيح : ٢ / ٤٢٢ .

[٣٠٤] صحيح البخاري : ١ / ٦ .

دەربارەی یەك پارچەیی ئیمانداریش دەری ئەبڕێ كە ئیمانداران وەك لاشەیەك وەهان كە هەر بەشێكی ئێش بكات ، هەموو بەشەكانی تریش ئێش ئەكەن كە ئەفەرموێ :

((المؤمنون كرجل واحد إن اشتكى عينه اشتكى كلّه ، وإن اشتكى رأسه اشتكى كلّه)) .[٣٠٦]

هەروەها ئیمانداران بە بینایەك لە قەڵەم ئەدات كە هەر خشتێكی ئەندامێكی كۆمەڵەكەیان بێت و بە توندیی پاڵیان بە یەكەوە دابێت كە ئەفەرموی : ((المُؤمِنُ للمُؤمِنِ كالبُنيانِ يَشدُّ بَعضُهُ بَعضاً)) .[٣٠٧]

هەروەها لە رقوقین و حەسودیی و پشتلەیەك هەڵكردن و لێكدابڕان دوورەپەرێزییان ئەكات كە ئەفەرموێ : ((لا تباغضوا ، ولا تحاسدوا ، ولا تدابروا، وكونوا عباد الله إخواناً ، ولا يحل لمسلم أن يهجر أخاه فوق ثلاثة أيام)) .[٣٠٨]

هەروەها موسڵمانان بۆ هاریكاریی و یارمەتیی یەكتر هەڵ ئەنێ كە ئەفەرموێ: ((المسلمُ أخو المسلمِ لا يظلمُهُ ولا يُسلمُهُ ، ومَن كان في حاجة أخيه كان الله في حاجته ، ومن فرّجَ عن مسلمٍ كربةً فرّجَ اللهُ عنهُ كُربَةً من كرباتِ يومِ القيامةِ ، ومَن سَترَ مُسلماً سترهُ اللهُ يومَ القيامة)) .[٣٠٩]

سۆز و بەزەیی لە دڵی موسڵماناندا ئەڕوێنێ بە هیوای دەست خستنی سۆز و بەزەیی خواوە، كە ئەفەرموێ : ((إرحموا من في الأرض يرحمْكم مَن في السماء)) .[٣١٠]

خەمخواردنی خەڵكیی ترو دڵسۆزیی بۆ ئادەمییەكان، بە تایبەت بۆ دراوسێ ، رەوشتێكی بەرزە ، بۆیە ئیماندار ئەوە نیە كە خۆی تێر بێ و براكەی لە پاڵیا برسیی و ئاتاج بێ : ((ليسَ المؤمنُ بالذي يَشبَعُ وجارُهُ جائعٌ إلى جانبه)) .[٣١١]

بە هەزارەها فەرموودەی شەریف ، دوا بە دوای ئایەتە پیرۆزەكانی قورئان ، ئامۆژگاریی ئیماندارانیان ئەكرد ، تا ئەو كۆمەڵە نایابە و ، ئەو شارستانیەتە

---

[٣٠٥] صحيح البخاري : ١ / ٦ .
[٣٠٦] رواه مسلم ، مشكاة المصابيح : ٢ / ٤٢٢ .
[٣٠٧] متفق عليه ، مشكاة المصابيح : ٢ / ٤٢٢ ، صحيح البخاري : ٢ / ٨٩٠ .
[٣٠٨] صحيح البخاري : ٢ / ٨٩٦ .
[٣٠٩] متفق عليه مشكاة المصابيح : ٢ /٤٢٢ .
[٣١٠] سنن أبي داود : ٢ / ٣٣٥ ، جامع الترمذي : ٢ / ١٤.
[٣١١] رواه البيهقي في شعب الأيمان ، مشكاة المصابيح : ٢ / ٤٢٤ .

مەزنە بێ‌وێنەیە لە مێژوودا هاتنە کایەوە و چەندین ملیار مرۆڤی چاك‌ویست پێ گەیشتن و تا ئێستاش ئەو هەڵمەتە چاکەخوازی‌یە هەر بەردەوامـە و ، دەسـتە بـە دەستە مرۆڤەکان هیدایەت وەرئەگرن و ، دێنە سەر ڕێبازی ئـازیز و ، دەسـت لـە هەموو خراپەیەك هەڵ ئـەگرن و ، هـەموو توانـا ولێ‌هاتنێکیشـیان بـۆ خزمـەتی مرۆڤایەتیی ئەخەنە کار ..

ئەوەبوو لە مانگی شەووالی سـاڵی یەکـەمی کۆچـیی‌دا پێغەمبـەری خـوا ﷺ عـائیشەی هاوسەری گواستەوە ، کە لەوەوپێش و لـە تەمـەنی شـەش تـا حـەوت ساڵیی‌دا خوازبێنیی لە باوکی کرد و ، کاتێکیش کە گواستیەوە نۆ سـاڵان بـوو .. شایانی باسە کە لەناو هاوسەرانی پێغەمبەردا ﷺ تـەنها عائیشـە کـچ بـووە و ، پێش داواکردنی ، جیبریل سەلامی‌لێ بـێ ، لەسـەر پارچـە ئاوریشـمێکی صـەوز وێنەی عـائیشەی پیشان داوە ..

بوخاریی بە سەنەدی خۆی لە صەحیحەکەی‌دا لە عائیشـەوە ڕیوایـەتی کـردووە کە پێغەمبەر ﷺ پێی فەرمووە : ((أُريتُكِ في المنامِ مَرَّتينِ ، إذا رجل يحملك في سَرَقة من حرير فيقول : هذه امرأتُك ، فأكشفها فإذا هي أنت ، فأقول : إن يكن هذا مـن عند الله يمضه)) . پێی فەرموو : لە خەوم‌دا دوو جار تۆیـان پیشـان دام . پیاوێـك لەناو پارچەیەك ئاوریشم‌دا تۆی هەڵ گرتبـوو و ئـەی‌وت : ئەمـە هاوسـەرەکەتە . منیش کە سەرم هەڵ ئەدایەوە ، ئەبینم تۆی و ، ئەم وت : ئەگەر ئەمـە لەلایـەن خواوە بێ خۆی جێ بەجێی ئەکات .

کاتێکیش کە پێغەمبەر ﷺ لـە باوکی خوازبێنیی کـرد فەرمووی : من براتم . (واتە بۆت ناشێ) . پێغەمبەر ﷺ ئەی‌فەرمووی : ((أنت أخي في دين الله وكتابه، وهي لي حلال)) . رواه البخـاري . فـەرمووی : بـەڵێ تـۆ بـرای دینییمـی ، بـەڵام کچەکەت بۆم حەڵاڵە .

عـائیشە لە خزمەت ئازیزدا، لەخانەی پێغەمبەرایەتیی‌دا پەروەردە بوو .. بۆیە جوان‌ترین پەروەردەی وەرگرت و ، خاوەنی بەرزترین ڕەوشتیش بـوو .. بـەو جـۆرە بوو کە دڵی پێغەمبەر پێی ڕازیی بێ ، بە شێوەیەك کە لە هەموو هاوسـەرەکانی تری بەلایەوە خۆشەویست بوو .

عـائیشە ئافرەتێکی ژیر و بەسەلیقە و زانا بوو .. فەرموودەی لـە پێغەمبـەر و لە باوکی و هاوەڵانی تریشەوە ڕیوایەت کردووە .. زۆرێك لە هاوەڵان و تابیعی یان

فەرموودەیان لیٚ وەرگرتووە و ، زۆرێك لە حوكە شەرعی یەكان لەوەوە وەرگیراون، بە تایبەت هەڵس وكەوتی پێغەمبەر ﷺ لە ماڵەوە و ، لەگەڵ هاوسەرەكانی دا ..

مەسرووق ئەڵێت : چاوم لە هاوەڵە بەساڵا چووەكانی موحەممەد بووە كە دەربارەی (فەرائیض ـ میرات بەش كردن) پرسیاریان لە عائیشە كردووە .

ئەبوموسای ئەشعەرییش خوا لێی رازیی بیٚ ئەڵێت : ئێمەی هاوەڵانی موحەممەد ﷺ هەر باسێكمان بەلاوە روون نەبوایە ، كە پرسیارمان لە عائیشە ئەكرد ئەو بە چاكیی ئەیزانیی .

عائیشە ئەوەندە پایەدار بوو بەلای پێغەمبەری خواوە ﷺ لە دوا نەخۆشیی دا ماوەی لە هاوسەرەكانی تری خواست تا لە ماوەی ئەو نەخۆشی یەیدا لە ماڵی عائیشە بمێنێتەوە .. ئەوەبوو عائیشە خەریكی خزمەت كردنی بوو تا كۆچی دوایی كرد سەری لەسەر سنگی عائیشە بوو . خوا لێی رازیی بیٚ .

دەربارەی شەرعییەتی بانگ دانیش ، ئەوەبوو لە شەوی ئیسرا و میعراج دا ، پێش كۆچ كردن ، لە شەو و رۆژێك دا پێنج نوێژ لەسەر ئوممەتی ئیسلام فەرز كران .. بۆ ئەمە موسڵمانەكان نوێژە فەرزەكانیان بەجیٚ ئەهێنا ، بەلاَم لەبەر بارودۆخی مەككە ، كە كافرەكان زاڵ بوون و ، ئیمان داران لاواز بوون ، كە نەئەكرا بە ئاشكرا بانگی بۆ بكەن ، بانگیان نەئەدا ، تا ئەوەبوو كۆچ بۆ مەدینە كرا و ، موسڵمانەكان هەروا نوێژیان ئەكرد و بانگیان نەئەدا ..

جا كە پێغەمبەر و موسڵمانەكان لە مەدینەدا لە خۆیان و لە دینەكەیان بیٚخەم بوون و ، كەسیٚ نەبوو دەست بهێنێتە رێیان و ، حوكمە شەرعی یەكان ئەهاتنە خوارەوە و ، پێویست بوو نوێژ بە ئاشكرا ئەنجام بدریٚ ، چ پێغەمبەری خوا ﷺ و چ موسڵمانەكان بیریان لە چۆنیەتیی ئاگاداركردنی خەڵكەكە كردەوە و كەوتنە تەگبیر و راوێژ ..

بوخاریی لە ئیبن عومەرەوە ریوایەتی كردووە كە وتوویە : كاتێك كە موسڵمانەكان هاتنە مەدینەوە ، كۆئەبوونەوە و كاتی نوێژیان دیاریی ئەكرد ، بەلاَم بانگیان بۆ نەئەدا .. رۆژێكیان كەوتنە باسی ئەو كارە .. هەندێكیان وتیان : زەنگێك وەك زەنگی گاورەكان بەكار بهێنن . هەندێكی تریان وتی : كەڕەنایەك وەك كەڕەنای جوولەكە . عومەریش فەرمووی : ئەی بۆ پیاوێك نانێرن با بۆ نوێژكردن بانگ بكات ؟ پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی : ((قم ، یا بلال ! فناد

بالصلاة)) . فەرمووی : هەستە بیلال ! بانگ بدە بۆ نوێژ . شایانی باسە کە ئەم بانگدانەی سەرەتا بریتیی بوو لە : ((الصلاة جامعة)) ، نەك وەك ئەم بانگەی ئێستا .

کاتێ کە موسڵمانەکان لەم هەڵوێستەدا بوون عەبدوڵڵای کوڕی زەیدی کوڕی (عبد ربه) کەسێك هاتە خەوی و بانگی پێ ڕەوان کرد .. ئەویش هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و هەواڵی دایە . ئەویش فەرمووی : ((إنها لرؤيا حق)) . بەمە ئیقراری لە سەر بەشەرعیی بوونی ئەم بانگە کرد و ، فەرمووی : ((ألقها على بلال فإنه أندى صوتاً منك)) . فەرمووی : بە بیلالی بڵێ ، با ئەو بە دەنگی بەرز بانگ بدات ، چونکە ئەو دەنگی لە دەنگی تۆ خۆشترە ..

بەم بۆنەوە پێویستە موسڵمانان هەوڵ بدەن ئەوەی دەنگی خۆش و سازگارە بانگ بدات .. ئەوانەش دەنگیان خۆش نیە خۆیان بەسەر ئەو کارەدا نەبڕن ، نەوەکو تووشی گوناهـ بن ..

کاتێك کە بیلال بانگی ئەدا ، عومەر خوا لێیان ڕازیی بێ ، بە پەلە ئیزارەکەی بە دوای خۆیدا ڕائەکێشا و هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەوەی کە ئێستە ئەیبینم لە خەویشدا دیومە . پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ((فلله الحمد)) .

ئەمەش ڕیوایەتەکەی ئیبن ئیسحاقە لەو بارەوە ، کە لە عەبدوڵڵای کوڕی زەیدەوە ئەیگێڕێتەوە وتوویە : کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی هاتە مەدینەوە ، بەبێ بانگ‌کردن ، خەڵکەکە لە کاتی نوێژەکاندا ، لە دەوری کۆ ئەبوونەوە ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ نیازی ئەوەی کرد کە کەڕەنایەك وەك کەڕەنای جوولەکە کە خەڵکی بۆ نوێژ پێ بانگ ئەکەن ، بەکار بهێنن ، پاشان بە دڵی نەبوو . دوای ئەوە فەرمانی دا زەنگێك بێنن ، تا لێی بدرێ و موسڵمانان بۆ نوێژ ئاگادار بکرێن .[312] جا لەکاتێكدا کە موسڵمانان لەم بارەدا بوون عەبدوڵڵای کوڕی زەیدی کوڕی ثەعلەبەی کوڕی عەبدڕەببە لە خەویا بانگیان فێر کرد ..هاتە

---

[312] لە هەندێ ڕیوایەتی تردا هاتووە کە موسڵمانەکان ئەوەشیان بە دڵ نابێ ، چونکە موسڵمانان بۆ خۆیان ئوممەتێکی سەربەخۆی خاوەن کەسایەتیی تایبەتین و ، پێویست ناکات لاسایی هیچ کۆمەڵێکی تر بکەنەوە ، بە تایبەت جوولەکە و گاور ، کە دەست کارییەکی سەرتاسەریی دینی خوایان کردووە و ، دینیان تەنها بۆ بەرژەوەندیی دنیایی ئەوێت . چونکە موسڵمانان پێویستە چاو لە هیچ کۆمەڵێکی تر نەکەن ، بەڵکو خۆیان بناغەی شارستانێتیی ئیسلامیی جیهانیی دابڕێژن ..

خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەمشەو لەخەومدا پیاوێك کە دوو کراسی صەوزی لەبەردا بوون بە لاما تێپەڕیی و زەنگێکی بە دەستەوە بوو . منیش وتم : ئەی بەندەی خوا ! ئەو زەنگە ئەفرۆشیی؟ وتی : جا چیی پێ ئەکەی ؟ وتم : خەڵکیی پێ بانگ ئەکەین بۆ نوێژ . وتی: ئەی لەوە چاك ترت پیشان نەدەم ؟ وتم : ئەوە چی‌یە ؟ وتی : بڵێیت : ((الله أكبر الله أكبر .. الله أكبر الله أكبر .. أشهد أن لا إله إلا الله .. أشهد أن لا إله إلا الله . أشهد أن محمداً رسول الله .. أشهد أن محمداً رسول الله .. حيَّ على الصلاة .. حيَّ على الصلاة .. حيّ على الفلاح .. حي على الفلاح.. الله أكبر الله أكبر.. لا إله إلا الله)) .

کاتێك کە ئەمەی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ باس کرد ، فەرمووی : ((إنها لرؤيا حق إن شاء الله ، قم مع بلال ، فألقها عليه فليؤذن بها ، فإنه أندى صوتاً منك)) . فەرمووی : إن شاء الله خەوی حەق و راستە . هەستە لەگەڵ بیلالدا بڕۆ و ئەو وشانەی بۆ بڵێ تا ئەویش بانگیان پێ بدا ، چونکە ئەو دەنگی لە دەنگی تۆ خۆشترە ..

کاتێك کە بیلال بانگی دا ، عومەری کوڕی خەططاب کە لە ماڵی خۆیان بوو و گوێی لێ بوو ، هەستا و ئیزارەکەی بە دوای خۆیدا را ئەکێشا و هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەیفەرموو : ئەی پێغەمبەری خوا ! بەو خوایەی کە تۆی بە حەق رەوانە کردووە ، ئەوەی ئێستە ئەیبینم لە خەومدا بینیومە . پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی : ((فلله الحمد)) .

بەڵام وەنەبێ بانگ تەنها بە خەوبینین شەرعی‌یەتی وەرگرتبێ ، بەڵکو وەحیش پشتگیریی کردووە ، چونکە لە ریوایەتەکەی ئیبن جورەیجدا ئەوە هاتووە کە کاتێ عومەر باسی خەوەکەی خۆی ئەکا ، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێ : ((قد سبقك بذلك الوحي)) . هەروەها کە پێغەمبەر ﷺ ئیقراری لەسەر خەوەکەی عەبدوڵڵای کوڕی زەید کرد ، فەرمووی : ((إنها لرؤيا حق)) ، جۆرێکە لە جۆرەکانی سوننەت .

•

ئەم کارە پیرۆزە بە بیلال سپێررا و ، بیلال بووە بانگوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ و ، هەندێ جاریش یارمەتییدەری هەبوون .. ئەوەبوو بیلالیش لە بانگی فەجردا ، دوای (حي على الفلاح) ی دووهەم دووجار ئەی وت : (الصلاة خير من النوم) . پێغەمبەریش ﷺ رەزامەندیی لەسەر نواند .

حیکمەتی دیاریی‌کردنی بیلال بە بانگ‌وێژ دوو شت بوون : یەکەمیان : دەنگی یەکجار خۆش بوو ، بە رادەیەك بیلال پێش موسڵمان‌بوونی گۆرانیی‌بێژی ناوداری مەککە بوو و ، هەر شایی‌یەك بەناوبانگ بوایە ، ئەبوا بیلالی بۆ بانگ بکرایە . دووهەمیش : لەپاداشتی ئەو هەموو سزا و ئازارەدا کە لە مەککە بە دەستی کافرەکان چەشتی .. ئەوەبوو کەسزا و ئازاری زۆریان ئەدا ، جار لە دوای جار ((أحد ، أحد))ی دووبارە ئەکردەوە و ، کۆڵی نەئەدا ، بۆیە مافی خۆی بوو بە کردەوەیەکی وەها پاداشتی بدرێتەوە کە خێرێکی زۆری تووش بکات و ، وەك لە مەککەدا تەوحیدی رائەگەیاند ، لە مەدینەش و هەتا کۆتایی تەمەنی هەر تەوحید را بگەیەنێ ..

شایانی باسە کە بانگ یەکێکە لە دروشمەکانی ئیسلام و ، بە هیچ شێوەیەك نابێت وازی لێ بهێنرێ . خۆ ئەگەر دانیشتوانی شارێك بە یەك دەنگ بڕیاریان دا واز لە بانگ بهێنن ، ئەوا خاوەن دەسەڵات ئەتوانێ کوشتاری ئەو شارە بکات . بەهێزترین بەڵگەی ئەمەش ئەو فەرموودە شەریفەیە کە بوخاریی و موسلیم ریوایەتیان کردووە و ، ئەنەس ئەی‌گێڕێتەوە کە وتوویە : لەگەڵ فەجردا پێغەمبەری خوا ﷺ هێرشی ئەبردە سەر دوژمن . ئەوەبوو گوێی بۆ بانگ ئەگرت، جا ئەگەر بانگی ببیستایە ئەوا لە هێرش ئەوەستا ، ئەگەر نا هێرشی ئەبرد .[٣١٣]

---

[٣١٣] السیرة النبویة : ٢ / ٤٩ ـ ٦٦ ، والرحیق المختوم : ١٨٨ ـ ١٩٦ .

بەشی بیستەم
ساڵی یەکەمی کۆچیی

لە باسەکانی پێشەوە دیمان چۆن قورەیش هەموو ڕێگایەکی دژی موسڵمانەکانی مەککە بەکار هێنا ، بەو نیازەوە کە واز لە دینی تازە بهێنن و ، بگەڕێنەوە سەر بتپەرستیی بە رادەیەك کە ئەو بەستەزمانانە ناچار بوون نیشتمان و حاڵ و گوزەران و کەس و کاریان بەجێ بهێڵن و کۆچ بکەن بۆ مەدینە و ، بە هەژاریی و دەستکورتی و لێقەوماویی ژیان بەسەر بەرن .

دوای ئەمەش هێشتا قورەیش دەستبەرداریان نەئەبوون و ، هەموو رێیەکیان ئەگرتە بەر ، تا نەهێڵن موسڵمانەکان بحەسێنەوە و ، هەر بە کولەمەرگیی بژین .

ئەوەبوو نامەیان بۆ عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول نووسیی ، کە ئەو کاتە موشریك بوو و ، پێش کۆچ‌کردنیش خۆی بە سەرۆکی ئەنصار ئەزانیی و ، خەریك بوو بیکەنە پادشای خۆیان ، ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی بۆ مەدینە نەکردایە و ئەنصار ئیمانیان پێ نەهێنایە .. بەوپەڕی هەڕەشەوە نامەیان بۆ نووسیی و پێیان وت :

ئێوە ئەو پیاوەی لای ئێمەتان جێ کردۆتەوە و ، ئێمەش سوێند بەخوا ئەخۆین کە یا کوشتاری ئەکەن ، یان دەری ئەکەن ، ئەگینا ئێمە بە هەموومانەوە دێینە سەرتان و ، چیی جەنگاوەرتان هەیە ئەی‌کوژین و ، ئافرەتەکانیشتان ئەکەینە کەنیزەك .

هەرکە نامەکە بە دەستی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی گەیشت ، لەبەر ئەوەی خۆیشی داخ لە دڵی موسڵمانەکان بوو ، ئامادەبوو زۆر بە جوانیی بە گوێی برا بت پەرستەکانی بکات ، چونکە وەهای لێك ئەدایەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ پاشایەتیی لە دەست دەرکردووە .. بۆ ئەمە عەبدوڵڵا و هاوەڵە موناقیقەکانی تری هاتنە سەر ئەو بڕیارە کە کوشتاری پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن . کە ئەم هەواڵە بە پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشت تووشیان بوو و ، فەرمووی : ((لقَد بَلَغَ وَعيدُ قريشٍ منكمُ المبالِغَ ، ما كانَت تكيدُكم بأكثرَ مما تُريدونَ أن تَكيدُوا به أنفسَكم ، تريدونَ أنْ

تُقاتلوا أبناءَكم وإخوانَكم)) . فەرمووی : دیارە هەڕەشەکەی قورەیش چاك کاری کردۆتە سەرتان ، ئەوان لەوەی کە ئەتانەوێ بە خۆتانی بکەن زیاتریان ناوێ پێتان بکەن .. ئەتانەوێ کوشتاری کوڕەکانتان و براکانتان بکەن ..

کە ئەمەیان لە پێغەمبەری خوا ﷺ بیست بڵاوەیان لێ کرد .. عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیش ئەیزانی خزمەکانی ، بە بۆنەی تێگەیشتنیانەوە لە ئیسلام ، پشتگیریی لەو ناکەن و جەنگی بۆ ناکەن وازی لەوە هێنا دەست بداتە شمشێر بۆ دەرپەڕاندنی موسڵمانەکان لە مەدینەدا .. بەڵام وا دەرئەکەوێ کە لەگەڵ قورەیشدا دەستی تێکەڵ بووبێ و ، چیی هەلی بۆ هەڵ کەوتبێ لە کیسی نەداوە و ، پێی خۆش ئەبوو مونافیقانی مەدینە ، بە پشتگیریی جوولەکە ، بدات بە گژی موسڵمانەکان دا ، تا بەڵکو موسڵمانەکان لاواز بن و لەناو بچن . بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ هەموو جارێ دانایەتیی بەکار ئەهێنا و ، خۆی و موسڵمانەکانی لە شەڕی جوولەکە و مونافیقان ئەپاراست و ، حەزی نەئەکرد لە مونافیقان بدات و ، لە دوورەوە پاگاندەی بۆ بکرێ .

پاشان سەعدی کوڕی موعاذ ، بۆ عومرە ، سەر لە مەککە ئەدات و ، لە مەککە ئەبێتە میوانی ئومەییەی کوڕی خەلەف و ، سەعد داوای لێ ئەکات کاتێکی بۆ دیاریی بکات تا طەوافێکی کەعبەی پیرۆز بکات .. ئومەییەش لەگەڵیا لە ماڵ دەرئەچێ و تووشی ئەبوجەهل ئەبن و ئەڵێت : ئەبوصەفوان ! ئەمە کێیە لەگەڵتا ؟ ئەویش ئەڵێ : ئەمە سەعدە . ئەبوجەهل روو لە سەعد ئەکا و ئەڵێ : ئێوە لە دین هەڵگەڕاوەکانی ئێمەتان جێ کردوونەتەوە و، واشی ئەگەیەنن کە پشتیوانیی و کۆمەکییان ئەکەن و یارمەتییشیان ئەدەن ، کەچیی ئەت بینم بەبێ خەم لە مەککەدا طەواف ئەکەیت .. بەخوا ، ئەگەر لەگەڵ ئەبوصەفواندا نەبوویتایە بە سەلامەتیی نەئەگەڕایتەوە ناو کەس و کارت .. سەعد رووی لە ئەبوجەهل کرد و بە دەنگێکی بەرز و زوڵاڵەوە ئەینەڕاند بەسەریدا : بەخوا ئەگەر تۆ من لەم عومرەیە قەدەغە بکەیت ، ئەوا منیش لە شتێ لەوە ناڕەحەتتر بۆت قەدەغەت ئەکەم ، کە ئەویش رێگای هاتوچۆتە بەلای مەدینەدا . (صحيح البخاري ،كتاب المغازي) .

سەرەڕای ئەمەش قورەیش جوابی بۆ موسڵمانەکان نارد و پێی وتن : بەوەی کە لەدەستمان دەرچوون بۆ یەثریب لە خۆتان بایی مەبن ، خۆمان ئەگەیەنینە لاتان و ریشەکەنتان ئەکەین و ، لە ناوجەرگەی ماڵەکانتاندا تاقتان ئەبڕینەوە ..

ئەمەش وەنەبێ هەر هەڕەشەبێ و بەس ، بەڵکو پێغەمبەری خوا ﷺ لای یەقین بوو کە قورەیش ستەمکارن و هەموو رێیەك بۆ لەناو بردنی خۆی و دینەکەی ئەگرنە بەر و ، هەر خراپەیەکیشیان لە دەست بێ درێغیی ناکەن بۆیە بە حەکیمانە حیسابی بۆ هەموو شتێ ئەکرد :

یەکەم : خۆی لە ماڵەوە لە دەستوەشاندنی قورەیش و مونافیقان ئەپاراست ، یان ئەبوا خۆی بەخەبەر بوایە ، یان هاوەڵانی پاسەوانی بوونایە.

دووهەم : نەخشەی لاوازکردن و لەناوبردنی بۆ هەموو دوژمنێك دائەنا ، بە تایبەت قورەیش ، چونکە ئەگەر موسڵمانان هەوڵی لەناوبردنی دوژمنانیان نەدەن، ئەوان ئەمان لەناو ئەبەن ..

موسلیم لە صەحیحەکەیدا لە عائیشەوە خوا لێی رازیی بێ ریوایەتی کردووە کە وتوویە : شەوێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ کە تازە هاتبووە مەدینەوە نەخەوت و، فەرمووی : ((لیتَ رجُلاً صالحاً من أصحابِي يحرُسُنِي الليلَةَ)) . فەرمووی : خۆزگە پیاوچاکێکی هاوەڵانم بهاتبایە و ئەمشەو پاسەوانیی بکردمایە . عائیشە ئەڵێت : کە ئێمە لەم باسەدا بووین گوێمان لە خشەخشی شمشێر بوو ، فەرمووی : ((من هذا ؟)) . وتی : سەعدی کوڕی ئەبووەققاصم . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((ما جاء بك؟)) . فەرمووی : بۆچیی هاتووی ؟ وتی : دەربارەی پێغەمبەری خوا ﷺ ترسێك بە دڵمدا هات ، بۆیە هاتم پاسەوانیی بکەم . ئیتر پێغەمبەری خوا ﷺ بۆی پاڕایەوە و، پاشان خەوت .[٣١٤]

جا ئەم پاسەوانی‌یە بۆ چەند شەوێك نەبووە ، بەڵکو هاوەڵان بە بەردەوامیی بە نۆرە ئەبوونە پاسەوان . ئەوەتا لە عائیشەوە ریوایەت کراوە کە وتوویە : پێغەمبەری خوا ﷺ بە شەودا پاسەوانیی ئەکرا ، هەتا ئەوەبوو ئایەتی : ﴿ وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ ﴾ (المائدة : ٦٧) هاتە خوارەوە . ئیتر پێغەمبەری خوا ﷺ لە (قبة) کەوە سەری دەرهێنا و فەرمووی : ((يا أيها الناس انصرفوا عني فقد عصمني

---

٣١٤ ئەمە کەرامەتێکی روون و ئاشکرای سەعدی تیا بەدیی ئەکرێت .

الله عزوجل)) (جامع الترمذي) . فەرمووی : خەڵكینە دەست لە پاسەوانی مــن هــەڵ بگرن ، چونكە خوای گەورە خۆی ئەم پارێزێ..

هەر تەنها پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەترسییدا نەبوو و ، هەر تەنها قورەیشیش دوژمنی موسـڵمانان نەبوو ، بەڵكو هــەموو عــەرەب لــە هــەر چـوار لاوە دژیـان وەستان .

ئوبەی كوڕی كەعب ریوایەتی كردووە و ئەڵێت : كاتێك كە پێغەمبەری خوا ﷺ هاوەڵانی هاتنە مەدینە و ، ئەنصار جێیان كردنەوە ، هەموو عەرەب بە جارێك دا بوونە دوژمنیان ، بۆیە موسڵمانەكان بە چەكەوە ئەخەوتن و ، بە چەكیشەوە لە خەو هەڵ دەستان ..

جا بۆ ئەوەی لەهێزی قورەیش كەم بكرێتەوە ، تا دەسـت درێـژیی لـەوە زیـاتر نەكاتە سەر موسڵمانەكان ، پێویست بوو موسـڵمانەكان قـورەیش تـەمێ بكـەن ، بەوەی كە دەسەلاتیان بەسـەر ئـەو ناوچـانەدا بسـەپێنن كـە رێـی هـات و چـۆی كاروانەكانی قورەیشە بەرەو شام . بۆ ئەم مەبەستە گەورەیە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دوو كاری گرنگی ئەنجام دا :

یەكـەم : پەیمان بەستن لەگەڵ ئەو هۆزانە دا كە لە دەورو بەری ئەو رێیەدان ، یان وان لە نێوان ئەو رێیە و مەدینەدا ، تا لەگەڵ موسڵمانەكاندا ئاشت بن و دەسـت بۆ یەكتر نەبەن ، كە ئەوەبوو پێشتر پەیمانی ئاشتیی لەگەڵ جوولەكەكانی مەدینەدا بەست . هەروەها پەیمانی لەگەڵ جوهەینەدا بەست كـە مـەنزڵیان سـێ قۆنـاغ لـە مەدینەوە دوور بوو .

دووهەم : ناردنی سریە و چەكدار ، یەك لە دوای یەك ، بۆ سەر ئەو رێیە ، تـا رێ لە چالاكیی قورەیشی دوژمــن كـار بگـرن و ، لــە هــەمان كـاتیشدا بـۆ بـت پەرستەكانی مەككە و ، بۆ بتپەرست و جوولەكەی مەدینە و ، ئەعرابی بیابـانی بسـەلمێنن كـە موسـڵمانەكان یـەكجار بـەهێزن و ، قورەیشـیش چـاك ناكـات وا دژایەتییان ئەكات ، چـونكە رۆژێ دێـت لـە بەردەسـتی موسـڵماناندا زەلیـل و دەستەپاچە داكەون ، سـەرەڕای ئـەو زیانـەی كـە لـە ئـابووریی و بازرگانییـان ئەكەوێت .

ئەمەش ئەو سریانەن [٣١٥] کە لە سالّی یەکەمی کۆچیی‌دا لەلایەن موسلّمانە ـ کانەوە بۆ ریّگرتن لە کاروانەکانی قورەیش دەرچوون :

١ ـ سریەی (سیف البحر) : لەمانگی رەمەزانی سالّی یەکەمی کۆچیی‌دا ، بەرامبەر بە مانگی مارسی سالّی ٦٢٣ زایینیی ، پیّغەمبەری خوا ﷺ سیی پیاوی لە موهاجیرین هەلّ بژارد و بە شیّوەی سریە رەوانەی کردن و ، حەمزەی کوڕی عەبدولموطەللیبی کردە ئەمیریان و ، ئالاّیەکی سپیی دایە دەستیان کە ئەبومەرثەدی غەنەویی [٣١٦] هەلّی ئەگرت و ، فەرمانی بەسەریان‌دا دا تا ریّ لە کاروانیّکی قورەیش بگرن کە لە شامەوە ئەگەڕایەوە و ، سیّ‌صەد پیاوی بت پەرستی مەککە و ئەبوجەهلیان لەگەلّ بوون . ئەوەبوو حەمزە خوا لیّی رازیی بیّ بە خۆی و سریەکەیەوە ریّیان بڕیی هەتا گەیشتنە (سیف البحر) لە رووکاری (عیص) ەوە ، لە قەراغی دەریای سووردا . لەویّ لەگەلّ کاروانەکەی قورەیش بە یەك گەیشتن و ، بەرامبەر بە یەك ریزیان بەست بۆ جەنگ . لەم کاتەدا موجدیی کوڕی عەمری جوهەنیی ، کە هاوپەیمانی هەردوو لابوو ، هات و داوای لە هەردوو لا کرد کە جەنگ و هەرا بەرپا نەکەن . بەمە جەنگ رووی نەدا .

٢ ـ سریەی (رابغ) : لە مانگی شەووالی سالّی یەکەمی کۆچیی‌دا ، بەرامبەر بە مانگی نیسانی سالّی ٦٢٣ زایینیی ، پیّغەمبەری خوا ﷺ عوبەیدەی کوڕی حاریثی کوڕی موطەللیبی کردە سەرکردەی هەشتا (لە ریوایەتیّکی تردا شەصت) سوارچاکی موهاجیریی ، کە تاقە ئەنصاریی‌یەکیان لەگەلّدا نەبوو و ، فەرمانی بەسەریان‌دا دا ریّ لە کاروانیّکی قورەیش بگرن ، کە فەرماندەی کاروانەکە ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب بوو و دووصەد پیاوی چەك‌داری لەگەلّدا بوون .. ئەوەبوو موسلّمانەکان لە (بطن رابغ) لە نزیکی (عیص) دا بە کاروانەکە گەیشتن و هەندیّ تیریان گرتە یەکتریی ، بەلاّم بە شمشیّر و چەکی تر کوشتاریان نەکرد . بت پەرستەکان لەوە ئەترسان کە موسلّمانەکان سوپای تریان لە کەمین‌دا هەبیّت و دەست بەسەر کاروانەکەدا بگرن ، بۆ ئەمە پاشەکشەیان کرد و ، موسلّمانەکانیش دوایان نەکەوتن .. ئالاّی ئەم سریەیە ئالاّیەکی سپیی بوو ، کە

---

[٣١٥] سریە : بەو کۆمەلّە سەربازە ئەوترا کە پیّغەمبەری خوایان ﷺ لەگەلّ دا نەبوو ، بەلاّم ئەو سوپایەی کە بە سەرکردایەتیی پیّغەمبەر ﷺ دەرئەچوو پیّی ئەوترا (غەزوە) .

[٣١٦] ناوی (كناز بن حصين الغنوي) بووە ..

میسطەحی کوڕی ئەثاثەی کوڕی موطەللیبی کوڕی عەبدمەناف (کە ئامۆزای عوبەیدەی فەرماندە بوو و ، هەردووکیشیان ئامۆزازای عەبدوڵڵای باوکی پێغەمبەر بوون) هەڵی گرتبوو .

شایانی باسە کە لە کاتی بەیەك گەیشتنی ئەم دوو سوپایەدا دوو پیاو لە سوپای مەککە جیا ئەبنەوە و دێنە ریزی موسڵمانەکانەوە .. ئەم دوانەش میقدادی کوڕی ئەسوەد و عوتبەی کوڕی غەزوان بوون کە هەردووکیان زووتر موسڵمان بوو بوون و ، ئەو رۆژە هەلیان بە دەست هێنا و خۆیان گەیاندە لای موسڵمانەکان .

یەکەم تیرێك کە موسڵمانەکان لە پێناوی خوادا هاویشتیان لەم سریەدا بوو و ، ئەوەش کە هاویشتی عوبەیدەی کوڕی حاریث بوو و ، هەندێکیش وتوویانە سەعدی کوڕی ئەبووەقاص بووە ..

٣ ـ سریەی (الخرَّار) : لە مانگی ذولقەعیدەی ساڵی یەکەمی کۆچییدا ، کە بەرامبەر بە مانگی مایسی ساڵی ٦٢٣ زاینیی بووە ، پێغەمبەری خوا ﷺ سەعدی کوڕی ئەبووەققاصی کردە فەرمانەدەی بیست موسڵمان و ناردنی تا رێ بە کاروانێکی قورەیش بگرن و ، فەرمانی بەسەردا دان کە لە (خرار) تێپەڕ نەکەن . ئەوانیش بە پیادە و بێوڵاغ کەوتنە رێ ، بە رۆژ خۆیان ئەشاردەوە و ، بە شەودا رێیان ئەبڕیی ، تا ئەوەبوو لە بەرەبەیانی پێنجەم رۆژدا گەیشتنە (خرار) ، بەڵام فریای کاروانەکە نەکەوتن ، چونکە رۆژێ پێشتر لەوێوە تێپەڕیی بوو . ئاڵای ئەم سریەیەی سەعد سپیی بوو و ، میقدادی کوڕی عەمر هەڵی گرتبوو ..

ئەم سێ سریەیە بە رای واقیدیی لە ساڵی یەکەمدا روویان داوە و ، ئیبن کەثیریش لە (البداية والنهاية : ٣ / ٢٤٣) دا پشتگیریی لەو رایەی واقیدیی کردووە .

ئەمەش هۆی رەوانەکردنی ئەم سێ سریەیە لە ساڵی یەکەمی کۆچکردندا :

١ ـ بۆ سزادانی ئەو بتپەرستانەی کە چەندەها ساڵ سزای موسڵمانە بەستەزمانەکانیان دا و ، دەستخستنی ئەوەی کە دەست ئەخرێت لە بازرگانیی و سامانیان لە بەرامبەر ئەو ماڵ و سامانەی موسڵمانانی مەککە کە کافران دەستیان بەسەردا گرتبوو ، ئەمەش تا لاواز بن و ، توانای دژایەتیی موسڵمانانیان نەبێت ، چونکە سامان هۆیەکی گرنگە بۆ ژیان و دەسەڵات ..

٢ ـ بۆ ئەوەی قورەیش تیّ بگات کە موسلّمانان بوونەتە خاوەنی هیّزیّك کە ئەتوانن بەرژەوەندی یەکانی قورەیش بخەنە مەترسی یەوە .. کەواتە وا چاکە لەگەلّ موسلّمانەکاندا لە یەك بگەن و ، دەست لە دژایەتیی هەلّ بگرن و ، روو لە ئاشتیی بکەن ، چونکە دژایەتیی زیانی بۆ هەردوو لا هەیە .. لە هەمان کاتدا تا موسلّمانەکان سەربەستیی بلاّوکردنەوەی دینیان هەبیّت و ، ریّیان لیّ نەگیریّ و مافی ئەوەیان هەبیّ کە بچنە مەککەوە و ، خواپەرستیی خۆیان لەو شویّنە پیرۆزەدا ئەنجام بدەن و ، قورەیشیش بازرگانیی و بەرژەوەندیی پاریّزراو بیّت و دەست نەهیّنریّتە بەر ریّی کاروانەکانی . دیارە هەتا قورەیش هەست بە هیّز و توانای موسلّمانە کۆچکەرەکان نەکات ، بیر لەم ریّك کەوتنە ناکاتەوە

شایانی باسە ناردنی ئەم سریانە بۆ جەنگ و کوشتار نەبووە ، بەلّکو بۆ ریّ گرتن لە کاروان و بازرگانیی قورەیش بووە ، ئەگینا موسلّمانەکان سەربازی زیاتریان ئەناردن .. دیارە موسلّمانەکانیش مافی خۆیان بووە ، تا بۆیان دەست بدا سامان و بازرگانیی لە قورەیش بستیّنن لە تۆلّەی ئەو ستەمەدا کە قورەیش لەوانی کردووە ..

هەروەها شایانی باسە کە لەسالّی یەکەمی کۆچییدا و لە مانگی شەووالدا عەبدوللاّی کوڕی زوبەیر لەدایك بوو ، کە ئەوە یەکەم منداڵ بوو کۆچکەرانی مەککە لەمەدینەدا بیان بیّت .. کاتیّك کە خاتوو ئەسمائی کچی صدديق عەبدوللاّی بوو ، موسلّمانەکان لە خۆشیی لە دایك بوونی بە دەنگی بەرز تەکبیرەیەکی گەورەیان کرد ، چونکە وەهایان بەرگویّ کەوتبوو کە جوولەکە سیحری لە موسلّمانەکان کردووە تا دوای کۆچکردنیان منداڵیان نەبیّت .

کاتیّك کەئەسماء عەبدوللاّی بوو هیّنایە خزمەتی پیّغەمبەری خوا ﷺ و ، خستیە کۆشی و ، پاشان خورمایەکی کرد بە دەمیەوە و ، داوای فەڕ و بەرەکەتی بۆ کرد . یەکەم منداڵیّکی ئەنصاریش دوای هیجرەت لە دایك بوویّ نوعمانی کوڕی بەشیرە ..

هەروەها لەم سالّەدا کولثوومی کوڕی هیدمی ئەنصاریی پاشان ئەوسیی کە لە نەوەی عەمری کوڕی عەوف بوو ، کۆچی دوایی کرد .. طەبەریی وەهای دەربڕیوە کەپاش کۆچی پیّغەمبەر ﷺ بە ماوەیەکی کەم کولثووم مردووە ، کە پیاویّکی بەسالاّ چووبوو و ، پیّش هیجرەت موسلّمان بوو بوو .. وەك لە پیّشەوە باس کرا ،

که پێغەمبەر کۆچی کرد و گەیشتە قوباء بە شەو لە ماڵی کولثووم ئەمایەوە ، چونکە خۆی بە تەنیا بوو و ماڵ و منداڵی نەبوو و ، بە رۆژیش‌دا لەگەڵ هاوەڵان دا لە ماڵی سەعدی کوڕی خەیثەمە ئەمانەوە ..

هەروەها ئەبوئومامە ، ئەسعەدی کوڕی زورارەی نەجاریی خەزرەجیی ، کە یەکێ بوو لە دوانزە نەقیبە هەڵ بژێرراوەکەی شەوی عەقەبە و کرایە نەقیبی نەوەی نەجاری خزمانی ، کۆچی دوایی‌کرد . ئەسعەد ئامادەی هەردوو پەیمانی عەقەبە بوو و ، یەکەم کەسیش بوو کە لە خەزرەج‌دا موسڵمان بوو و ، یەکەم کەسیش بوو پێش کۆچ‌کردنی ئازیز لە مەدینەدا نوێژی جومعە بکات . کاتێك کە موسڵمانان خەریکی دروست کردنی مزگەوتی پێغەمبەری خوا بوون ، ئەو کۆچی دوایی کرد ..

کە نەوەی نەجار نەقیبەکەیان کۆچی دوایی کرد داوایان لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد کە نەقیبێکیان بۆ دیاریی بکات ، وای بە چاك زانیی خۆی ببێتە نەقیبیان چونکە خزمی بوون ، بۆیە فەرمووی : ((أنتم أخوالي وأنا بما فيكم ، وأنا نقيبكم)) . ئەمەش بووە رێزێك بۆ نەوەی نەجار کە پێغەمبەری خوا ﷺ نەقیبیان بێت . ئەوپەڕی حیکمەت بوو ، چونکە زۆریان خۆیان بە شیاوی نەقیبیی ئەزانیی .[٣١٧]

[٣١٧] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ٢ / ٦٧ ـ ٧٢ ، والرحيق المختوم : ١٩٧ ـ ٢٠١ .

بەشی بیست و یەکەم
جیهاد لە ئیسلامدا

گرنگترین رووداوی ساڵی دووهەمی کۆچیی بریتیی بوو لە ماوەدانی خوای گەورە بە ئیمانداران تا جیهادی کافران بە چەك بکەن و ، چیی تر نەهێڵن دەست درێژی‌یان بکەنە سەر ، چونکە ئەوە پانزە ساڵە ئیمانداران دینێکی پاك و بێگەردیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە و ، زیان بە کەس ناگەیەنن و، بەرامبەر بە سزا و ئازاری قورەیشیش بێدەنگ وەستاون و دەست ناکەنەوە ، تا هەموو سەرزەویی شاهێد بێ کە هەڵگرانی قورئان ئاشتیی‌خوازن و ، تا سزای کافران لە سنوور دەر نەچێ ئەوان دەست ناکەنەوە .. کە دەستیشیان کردەوە، دەستی چاك ئەوەشێنن .. هەر موسڵمانێکیش بەو پێیە هەنگاو هەڵ نەگرێ ئەوا لە ئیسلام نەگەیشتووە و زیانیشی لە قازانجی زۆرترە .. بەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ و کۆمەڵی ئیماندار سیانزە ساڵی رەبەق لە مەککەدا بە ژیرانە و مەردانە خەریکی خواپەرستیی بوون و ، مەردومیان بۆ لای خوا بانگ ئەکرد ، بێ ئەوەی تەنگ بە هیچ کەس هەڵ بچنن و ، بێ ئەوەش ئەمن و ئاسایش لە دەوروبەر تێك بدەن ، کەچیی دانیشتوانی مەککە بێڕەحمانە ئاڵای دژایەتیی قورئانیان بەرز کردەوە و ، سزا و ئازارێکی سەختی پێغەمبەر و هاوەڵانیان دا ، بەڵام چۆن سزایەك ، لەگەڵ ئەوەش دا ئیمان داران لە زیادکردن‌دا بوون و ، بەوپەڕی ورەی بەرزەوە لەسەر کاری خۆیان بەردەوام بوون ، چونکە ئاگایان لێ بوو ئایەتەکانی قورئان ئەهاتنە خوارەوە و ئامۆژگاریی دەستەی ئیمانداریان ئەکرد تا دان بە خۆیان‌دا بگرن و ، چاو ببڕنە قیامەت و ، دڵیان لە کەمژمارەیی خۆیان دانەمێنێ ، چونکە خوای گەورە خۆی چاودێری‌یان ئەکات ، وەك :

﴿ وَٱصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِ ۚ وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلَا تَكُ فِى ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ ﴾ (النحل : ١٢٧) .

﴿ وَلَمَن صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ ﴾ (الشورى : ٤٣).

﴿ فَٱصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُوْلُوا۟ ٱلْعَزْمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ ﴾ (الأحقاف : ٣٥) .

﴿ وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱهۡجُرۡهُمۡ هَجۡرٗا جَمِيلٗا ﴾ (المزمل : ١٠) .

زۆرجاریش موسڵمانان دادیان ئەهێنایە لای پێغەمبەر ﷺ ، کە هی وایان هەبوو لێی درابوو و ، هی واشیان هەبوو زامدار کرابوو و ، هی واشیان هەبوو سزا و ئازار درابوو .. ئەهاتنە خزمەتی شکاتی حاڵی خۆیان ئەکرد .. ئەویش لەسەر خۆ و بەوپەڕی دامەزراوی‌یەوە نموونەی بۆ ئەهێنانەوە و پێیشی ئەفەرموون : ((اصبروا ، فإني لم أؤمر بقتال)) . ئەی‌فەرموو : دان بە خۆتان‌دا بگرن ، فەرمانی جەنگم پێ نەدراوە .. هەتا ئەوەبوو خوای گەورە ، بە سۆزی بەلێشاوی ، دەرگای رەحمەتی لێ خستنە سەر پشت و ئەنصار موسڵمان بوون و ، کۆچیان کرد بۆ ناویان و ، لە مەدینە بوونە خاوەنی دەسەلآت .. هێزیان پەیدا کرد .. کاتی ئەوە هات کە دەستی خوێن‌مژان لە ستەم کۆتا بکەن ..

یەکەم ئایەتێك کە مۆڵەت بە موسڵمانان بدات تا کوشتاری کافرەکان بکەن و ، بەڵێنی سەرکەوتن بە ستەم‌لێ‌کراوان بدات ، ئەوانەی کە لەسەر ماڵ و حاڵیان دەرکراون بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان ئەنجام دابێ ، ئەو ئایەتانەی سوورەتی حەج بوون کە ئەفەرموون :

﴿ أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَٰتَلُونَ بِأَنَّهُمۡ ظُلِمُواْۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصۡرِهِمۡ لَقَدِيرٌ ٣٩ ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بِغَيۡرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن يَقُولُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُۗ وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّهُدِّمَتۡ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٞ وَصَلَوَٰتٞ وَمَسَٰجِدُ يُذۡكَرُ فِيهَا ٱسۡمُ ٱللَّهِ كَثِيرٗاۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ٤٠ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ﴾ (الحج : ٣٩ ـ ٤١) .

دیارە مۆڵەت‌دان بۆ هەر کارێك دوای قەدەغە ئەبێت ، ئەمەش ئەبێتە بەڵگەی ئەوە کە ئەم ئایەتانە بۆ فەرمان‌دان بە جیهاد هاتوونەتە خوارەوە . ئەمەش رای ئیبن عەبباس و زوهەری‌یە ..

ئیبن جەریریش لە ئەبولعالییەوە ، کە تابیعی‌یە ، تەخریجی کردووە کە یەکەم ئایەت لەو بارەوە ئەمەیە :

﴿ وَقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ وَلَا تَعۡتَدُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ﴾ (البقرة : ١٩٠) .

هەندێکی تریش وەها ئەبینن کە یەکەم ئایەت ئەمەیە :

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ ٱشۡتَرَىٰ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَنفُسَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلۡجَنَّةَۚ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقۡتُلُونَ وَيُقۡتَلُونَۖ وَعۡدًا عَلَيۡهِ حَقّٗا فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَٱلۡإِنجِيلِ وَٱلۡقُرۡءَانِۚ وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِعَهۡدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِۚ فَٱسۡتَبۡشِرُواْ بِبَيۡعِكُمُ ٱلَّذِي بَايَعۡتُم بِهِۦۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴾ (التوبة : ١١١) .

بەڵام رای یەکەم لەوانی تر راستترە ..

لەوە ئەچێ کە تەشریعی جیهاد لەسەرەتای ساڵی دووهەمی کۆچیدا بووبێت ، چونکە موسڵمانەکان لەساڵی یەکەمدا بە رێكوپێك کردنی مزگەوت و ، کاروباری گوزەرانیان و ، رێك خستنی کاروباری سیاسییان وەك : بەستنی پەیوەندیی برایەتییان و ، گونجانیان لەگەڵ جولەکەکانی مەدینەدا ، پەشۆکابوون ..

جاوا چاکە بە پێی ئایەتەکانی سوورەتی (الحج) ، کە لە پێشەوە مۆڵەتی جیهادیان بە موسڵمانان دا ، حیکمەتەکانی جیهاد بخەینە بەردەست ئازیزان ، تا تێ بگەن کە جیهاد چ مەبەستێکی بەرزی بەکەڵکی تیایە بۆ گرۆی مرۆڤ و ، ئەو جیهادەش کە موسڵمانانی سەرەتای ئیسلام کردوویانە گەورەترین خزمەت بووە کە پێشکەش بە مرۆڤایەتییان کردووە :

١ ـ پاراستنی بانگەوازی ئیسلام : خوای گەورەی دروستکەری ئاسمانەکان و زەویی بڕیاری داوە ئیسلام دینی هەتا هەتایی تێکڕای مرۆڤ بێت ، تا ژیانیان رێك و پێك بکات و بیشیان خاتە سەر رێبازی سەرفرازیی قیامەت ، تا لە تالآوی ژیانی ئەم دنیایە و ، لە ئاگری دۆزەخ لایان بدات .. بۆ ئەمە جیهاد بەرگریی لەو بانگەوازە رزگاریی خوازە مەزنە ئەکات ، هەتا دینی خوا بە چاکترین شێوە بە مرۆڤ را بگەیەنرێ ، چونکە قورئان فەرمانی داوە :

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥۚ وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾ (المائدة : ٦٧) .

هەروەها فەرموویە :

﴿ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ ﴾ (الأنعام : ١٩) .

ئەم فەرمانە لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ فەرز کردووە کە بانگی خوا بگەیەنێ و ، موسڵمانانیش ئەبێ شوێن پێی ئەو هەڵ بگرن و ، ئەوانیش بانگ بکەن ..

کەواتە کۆمەڵی ئیمان داریش پێویستیی بە بەرگریی هەیە لە خۆی و لە بیروباوەڕەکەی ، تا هێزی کوفر و ستەم لە ناوی نەبات و ، کاری پیرۆز پەکی نەکەوێت .. ئەی بۆچ مل هوڕان هێز پێکەوە ئەنێن تا بەرگریی لە زوڵم و ستەمەکەیان بکەن ؟ کەواتە موسڵمانانیش مافی خۆیانە بەرگریی لە خۆیان و لە دینەکەیان بکەن ، بە تایبەت کاتێك کە چەندین ساڵ دانیان بە خۆیاندا گرتبێ و مل هوڕان سزای سەختیان پێ چەشتبن و ، ئافرەتی بەستەزمانی وەك سومەییەیان لەسەر ئەو لە سوورەوە بووەی مەککە بەستبێتەوە و ، سەرەنجامیش خوێنەکەی بەسەر لمەکەدا رژابێ ، بە جۆرێ کە ئایەتەکانی سوورەتی (الحج) بە ستەم لێ کراو لە قەڵەمیان دابن کە ئەفەرموون :

﴿ بأنـهم ظلموا ﴾ .

گەورەترین ستەم ئەوەیە کە کەسانێك بیانەوێ دەست لە خراپە هەڵ بگرن و ، بچن بە گژی دەروونی بەدخوازیاندا و ، بڕیار بدەن پەروەردگاریان رازیی بکەن ، بەوەی کە بە تاك و تەنیا بیپەرستن و ، لە هەموو رەوشتێکی خراپ و زیان بەخش دوور بکەونەوە و ، چیی چاکە و پیاوەتی یە لەگەڵ مرۆڤ دا ئەنجامی بدەن ، کەچیی مل هوڕان تەنگیان پێ هەڵ بچنن و ، نەهێڵن هەناسەیەکی پاك هەڵ بمژن .. هەوڵ بدەن بیان ترسێنن تا پەشیمان ببنەوە و ، گەر کۆڵیشیان نەدا دەست بە گرتن و کوشتنیان بکەن ..

لە هەمووی خۆشتر خوای باڵادەست بەڵێنی داوە و ، ئاشکرای کردووە کە خۆی خاوەنی توانا و دەسەڵاتە تا ئەو ستەم لێ کراوانە ، دوای ئەنجام دانی ئەرکی سەرشانیان بە چاکیی و گوێڕایەڵیی بۆ فەرمانەکانی ئیسلام ، سەربخات و ، بیان کاتە کاربەدەستی سەرزەویی و ، لە قیامەتیش دا سەرفراز بن ..

٢ ـ تۆڵەسەندن لە ستەمکار و ، رزگار کردنی نەفس لە زەلیلیی و ژێرچەپۆکیی :

ئەوەبوو بت پەرستان جۆرە ئازارێکی موسڵمانانیان دا تا لە دین واز بهێنن . جا کە بەو شێوە سەرنەکەوتن ناچاریان کردن وڵات بەجێ بهێڵن ، تا دەست بە سەر

ماڵ و سامانیاندا بگرن .. کەواتە تۆڵەسەندن مافێکی فیطریی هەموو کەسێکە و هەموو شەریعەتێکی ئاسمانیی دانی پیادا ناوە . قورئان ئەفەرموێ :

﴿ وَلَمَنِ ٱنتَصَرَ بَعْدَ ظُلْمِهِۦ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ مَا عَلَيْهِم مِّن سَبِيلٍ ﴾ (الشورى : ٤١) .

ئەوەبوو خوای گەورە بە درێژایی سەردەمی مەککە و سەرەتای سەردەمی مەدینەش فەرمانی بەسەر ئیمانداراندا دابوو تا بەرامبەر بە سزای کافران دان بە خۆیاندا بگرن و دەستیان لێ نەکەنەوە ، بەڵکو هۆشیان بە خۆیاندا بێتەوە و ، واز بهێنن ، کەچیی رۆژبەرۆژ زیاتر پێیان لێ رائەکێشا و ، زیاتر لە خۆیان بایی ئەبوون . ئیتر ئەوەبوو خوایگەورە فەرمانی دا با دەستیان لێ بووەشێنن و تۆڵەی خۆیان بکەنەوە .. چونکە ئەوەش عەدالەت نیە واز لە بتپەرست و گومڕایان بهێنرێ لەسەر زەوییدا هەموو خراپە و تاوانێك بکەن ، کەچیی دەستی ئیمانداران لە ئاستیانا ببەسترێ و ، ماوەیان نەدرێ بەرگریی لە خۆیان و لە دینە خۆشەویستەکەیان بکەن .. ئەمە ئەوپەڕی ستەمە.. مادام کافران هەموو ڕێیەکیان دژی ئیماندارە چەوساوەکان گرتە بەر ، ئەوا با ئیماندارانیش چیی لە توانایاندا هەیە بە کاری بهێنن و تۆڵەی خۆیان بکەنەوە .. کافران چۆن ماڵ و سامانی ئەمانیان داگیر کرد و ، چۆن تەنگیان پێیان هەڵ چنی ، با ئەمانیش سامانی ئەوان داگیر کەن و ، تەنگیشیان پێ هەڵ بچنن .. قورئان ئەفەرموێ :

﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَابَهُمُ ٱلْبَغْىُ هُمْ يَنتَصِرُونَ ۝٣٩ وَجَزَٰٓؤُا۟ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا ﴾(الشورى : ٣٩-٤٠)

جا قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ ئەو کەسانە کردووە کە ستەمیان لێ کراوە .. ئەوانەی کە بە ناڕەوا لەسەر ماڵ وحاڵی خۆیان دەرکراون و هیچ تاوانێکیان نیە جگە لەوەی کە بە تاك و تەنیا خوایان پەرستووە :

﴿ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَـٰرِهِم بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن يَقُولُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ﴾ (الحج : ٤٠) .

٣ ـ دانانی یاسای جیهاد ئەبێتە مایەی ئاشتیی و بێوەیی لەسەر زەوییدا و ، هەموو خاوەن دینێك لە دینی خۆی بێخەم ئەبێ و ، رێز لە هەموو دینێك ئەگیرێت : ئەمەش لە روانگەی ئەوەوە کە دینی ئیسلام لەسەر شوێنکەوتوانی فەرز کردووە کە بڕوایان بە هەموو پێغەمبەرێکی خوا و کتێبەکانیان هەبێ کە خوا رەوانەی کردوون .. ئەوەندە هەیە سەردەمی ئەو بەرێزانە بەسەر چووە و ، دینەکەیان بە دینی ئیسلام نەسخ کراوە و ، لە کتێبە ئاسمانییەکانیشدا تەنها

قورئان بەو شێوەیەی کە خوا ناردوویەتی بە سەلامەتیی ماوەتەوە ، ئیتر ئەوانی تر دەستکاریی کراون . جا هەرکاتێ موسڵمانان لەسەر زەویی‌دا بوونە خاوەنی دەسەڵات ئەوا نابێ خاوەنی دینەکانی تر هیچ ترسێکیان لێ‌یان هەبێ ، چونکە دینی ئیسلام موسڵمانانی لە ستەم و دەست درێژیی قەدەغە کردووە .. دیارە موسڵمانان پابەندی ئەم دەستوورە ئەبن .. جا هەر کەسێ لە مێژوودا دەستی رۆیشتبێ بەرامبەر بە موسڵمانان درێغیی نەکردووە و ، دەستی وەشاندووە و ، هەموو جۆرە سزا و کوشت و بڕو سووتاندن و ماڵکاول‌کردن و دەست‌درێژیی‌یەکی دەرهەق بە موسڵمانان ئەنجام داوە .. کەچیی کاتێك کە موسڵمانان دەستیان رۆیشتبێ ئەوا هیچ ناموسڵمانێکی ژێر دەستیان ، چ لە بارەی دینەوە و ، چ لە بارەی دنیاوە و ، چ لە بارەی شەرەف و سامان و بەرژەوەندی‌یەوە ، هیچ زیانێکیان لێ نەکەوتووە ، بگرە لەوپەڕی ئیسراحەت و حەسانەوەدا بوون . هەر ئەمەش وای کردووە کە لەناو شار و دێهاتی خاکی ئیسلام‌دا ناموسڵمان بوون و ، بەوپەڕی سەربەستی‌یەوە ژیانیان داوەتە سەر و ، ناچار نەکراون نە کۆچ بکەن ، نە وڵاتی ئیسلام بەجێ بهێڵن .. بەڵکو ئیسلام داوای لێ کردوون بە ویستی خۆیان موسڵمان بن ، خۆ ئەگەر موسڵمان نابن ، ئەوا بالەسەر دینی خۆیان بمێننەوە و ، بە سەربەستیی دینی خۆیان راگیر بکەن ، تەنها ئەوەندە هەیە لە جیاتی ئەو خزمەتەی کە دەوڵەتی ئیسلامیی بە ئەندامانی ئەوانی پێشکەش ئەکات (جزیە ـ سەرانە) بدەن ، ئەویش بە پێی دەوڵەمەندیی و هەژاریی دیاریی ئەکرێ ، بەرامبەر بەوەی کە ئەوان وەك موسڵمانان خزمەتی سەربازیی و پارستنی خاکی ئیسلام نایان‌گرێتەوە و ، زەکاتیشیان لەسەر نیە .

ئەوەتا قورئان دەری ئەبڕێ کە جیهادی ئیسلامیی پارێزگاریی لە پەرستگا و کەنیسە و مزگەوتەکان ئەکات ، تا کەس بە خراپە دەستیان بۆ نەبات ، چونکە ئەو شوێنانە یادی خوا و خواپەرستی‌یان تێدا ئەکرێت .. خوای بەهێز و دەسەڵات داریش ئەوانە سەر ئەخات کە پشتیوانیی لە دینەکەی ئەکەن کە ئەفەرموێ :

﴿ وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَٰتٌ وَمَسَٰجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا ٱسْمُ ٱللَّهِ كَثِيرًا ۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ ﴾

(الحج : ٤٠) .

٤ ـ بە بۆنەی ئەوەشەوە کە ئیسلام دینی تێکڕای مرۆڤایەتی‌یە ، چونکە عەقیدە و شەریعە و ئاداب و ڕەوشتەکانی ئیسلام بۆ هەموو کات و شوێنێك دەست ئەدەن و ، مرۆڤایەتیی تەنها لە سایەی ئەودا ، بە موسڵمان و ناموسڵمانەوە، ئەحەسێتەوە ، ئەوا ئیسلام مافی خۆیەتی لە هەموو سەرزەویی‌دا دەستی بڕوا و ، ئەو موسڵمانانەش کە بە پاکیی و ئیخلاصەوە دەستیان پێوە گرتووە مافی خۆیانە کاربەدەست بن و ، جڵەوی کاروباری مرۆڤایەتیی لە دەستی ئەواندا بێ ، چونکە هەر تەنها ئەوان ئەتوانن بە پاکیی عەدالەت و یەکسانیی و خێر و چاکە وحەق و هیدات بچەسپێنن و ، هەر تەنها ئەوانیش ئەتوانن فەرمان بە چاکە بدەن و ، دوورەپەرێزییش لە خراپە بکەن ، کە بەم دوانە ژیانی مرۆڤ ڕێك و پێك ئەبێت . جا کە کاروبار لە مشتی کەسانی تردا ئەبێت ، ئەوا فەساد و خراپەکاریی روو لە ژیان و گوزەرانی مرۆڤ ئەکات .. کەواتە هەموو یاسایەك جگە لە یاسای ئیسلام و ، هەموو کۆمەڵ و گرووپێك جگە لە موسڵمانە پاکەکان کاریان زیان بەخشە و ، لە تەرازووی یاسای خوادا ئەو کارەیان قاچاخە و پێویستە هێز بخرێتە کار بۆ لابردنی فەساد و ، خێر و چاکە سەر بخرێت کە ئەمەش بە جیهادی ئیسلامیی ئەکرێت و ، پێویستی بە سەرومالّ بەخشین هەیە ، تا ئەو مەبەستە بەرز و پیرۆزە بێتە دیی و ، مرۆڤەکان وەك ژیانی ئەم دنیایەیان چاك ئەبێ ، بکەونە سەر ڕێبازی قیامەت و لەوێش سەرفراز بن . ئەوەتا قورئان ئەفەرموێ :

﴿ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ﴾ (الحج : ٤١) .

بەڵێ ، ئەو ئیمانداره چاكویستانەی کە خوای گەورە کاروباری سەرزەوی‌یان پێ ئەسپێرێ ، کاروباری نوێژ و زەکات بە جوانیی جێ بەجێ ئەکەن و ، فەرمان بە چاکە ئەدەن و دوورەپەرێزیی لە خراپە ئەکەن .. سەرەنجامی هەموو کارێکیش هەر بۆ لای خوایە ..

ئێستاش وا چاکە بە کورتە باسێکی حوکمی جیهاد بکەین ..

بە لای جومهووری زانایانەوە ، چ زانایانی سەلەف و چ زانایانی خەلەف ، جیهادی ئیسلامیی یەکێکە لە فەرزە کیفائی‌یەکان ، بەو مانایە کە ئەگەر

دوژمنان هێرشیان هێنایە سەر خاکی ئیسلام ، ئەگەر کۆمەڵێك لەبەردەم ئەو هێرشەدا وەستان و توانی‌یان دوژمن بشکێنن و ، موسڵمانان لە شەڕ و خراپەیان رزگار بکەن ، ئەوا ئەو فەرزە لەسەر شانی موسڵمانەکانی تر لاچووە و ، گوناهبار نابن . خۆ ئەگەر وایان نەکرد ، ئەوا یەك بەیەکی ئەندامانی ئوممەتی ئیسلام تاوان بار ئەبن و، مەگەر ئەوەندەی پێویست بێ موسڵمان بچنە مەیدانی کافران و هێرشیان پەرچ بدەنەوە ، ئەوسا تاوان لەسەر هەموان هەڵ بگیرێ .. بەڵگە لەسەر ئەمەش ئەم ئایەتە پیرۆزەیە :

﴿ وَمَا كَانَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُواْ كَآفَّةً ۚ فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِى ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوٓاْ إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ ﴾ (التوبة : ١٢٢) .

بەڵام لە سێ کاتدا جیهاد ئەبێتە فەرزی عەین و ، پێویستە موسڵمانان هەر هەموویان بەشداریی بکەن :

یەکەم : ئەگەر سوپای موسڵمانان و سوپای دوژمنان بە یەك گەیشتن ، ئەوا ئەوەی لەوێ ئامادەیە نابێ بەجێ بهێڵێ و پشت هەڵ کردنی حەرامە ، مەگەر بە فەرمانی سەرکردە کەسێك یان کۆمەڵێك لەو سوپایە بگەڕێنە دواوە و ، بە پێی نەخشەی سەرکردایەتیی ئەو شوێنە چۆڵ بکەن ، تا بچنە شوێنێ چاك تر ، یان بچنە کۆمەکیی دەستەیەکی تری سوپای موسڵمانان .. ئەوەتا قورئان فەرمانی بەسەر ئیمان داراندا داوە تا ئەگەر لەگەڵ دوژمن روو بە روو بوونەوە ، ئەوپەڕی دامەزراویی بنوێنن و ، ذیکری زۆری پەروەردگار بکەن بەڵکو خوا سەریان بخات :

﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَٱثْبُتُواْ وَٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ (الأنفال : ٤٥) .

هەروەها فەرمان ئەدات با سوپای ئیسلام پشت هەڵ نەکات ، چونکە لەو رۆژەدا هەر سەربازێك پشت هەڵ بکات ئەوا غەزەبی خوای بەسەردا ئەبارێ و مەنزڵیشی ناو ئاگری دۆزەخ ئەبێت ، جگە لەوانەی کە بۆ بەرژەوەندیی ئیسلام فەرماندە رەوانەیان ئەکات :

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ زَحْفًا فَلَا تُوَلُّوهُمُ ٱلْأَدْبَارَ ﴿١٥﴾ وَمَن يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ دُبُرَهُۥٓ إِلَّا مُتَحَرِّفًا لِّقِتَالٍ أَوْ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٍ فَقَدْ بَآءَ بِغَضَبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَمَأْوَىٰهُ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴾ (الأنفال : ١٥ ـ ١٦) .

لە فەرمودەی صەحیحیش دا کە بوخاریی موسلیم ریوایەتیان کردووە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە : ((اجتنبوا السبع الموبقات)) . فەرمویە : خۆتـان لـە حـەوت کارە زۆر خراپە لەناوبەرەکە بپارێزن . وتیان : ئەوانە کامانەن ، ئـەی پێغەمبـەری خوا ؟ فەرمووی : ((الشرك بالله ، والسحر ، وقتل النفس التي حرَّم اللهُ إلا بـالحق ، وأكل الربا ، وأكل مال اليتيم ، والتولي يوم الزحف ، وقذف المحصـنات الغـافلات المؤمنات)) . فەرمووی : شەریك بۆ خوا دانان و ، سـیحرکردن و ، کوشـتنی هـەر نەفسێك کە خوا حەرامی کردبێ مەگەر بە حەقی ئیسـلام و ، خـواردنی سـوو و ، خواردنی ماڵ و سامانی هەتیو و ، پشت هەڵ کردن لە مەیدانی جەنگی کافران و ، بوختان کردن بۆ ئافرەتی ئیمان داری پاك داوێن ..

بە بۆنەی ئەمانەی پێشەوە هەندێ لە زانایان رایان وەهایە کە پشت هەڵ کـردن و هەڵاتن لە جەنگ گوناهی کەبیرەیە ، ئیتر سا ژمارەی دوژمن هەر چەندە بێ .

بەڵام هەندێ لە زانایان بۆچوونیان بەو شێوەیە کە ئەگەر ژمارەی دوژمن لە دوو ئەوەندەی ژمارەی موسڵمانان زیاتر نەبوو ، ئەوا پشت هەڵ کردن کەبیرەیە ، بـەڵام ئەگەر زیاتر بوون ئـەوا بـە کـەبیرە نـاژمێررێ . دەلیلـی ئـەمانیش ئـەم ئایەتـە پیرۆزەیە:

﴿ ٱلْـَٔـٰنَ خَفَّفَ ٱللَّهُ عَنكُمْ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمْ ضَعْفًا ۚ فَإِن يَكُن مِّنكُم مِّائَةٌ صَابِرَةٌ يَغْلِبُوا۟ مِائَتَيْنِ ۚ وَإِن يَكُن مِّنكُمْ أَلْفٌ يَغْلِبُوٓا۟ أَلْفَيْنِ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّـٰبِرِينَ ﴾ (الأنفال : ٦٦) .

لەوەو پێش هەتا سوپای دوژمن لە دە ئەوەندەی سوپای موسڵمانان زیاتر نەبوایە ئەبوایە بە دامەزراویی جەنگیان بکردایە .

هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ رایان لەسەر ئەوە بووە کە ژمارەی دوژمن هەر چـەندە ببێ ، پێویستە موسڵمانان بە دامەزراویی جەنگ بکەن و ، پشت هەڵ نەکەن . بـۆ نموونە : لە جەنگی موئتەدا ژمارەی سەربازە موسڵمانەکان تەنها سێ هـەزار بـوو و ، ژمارەی سوپای رۆمـیش بـە خۆیـان و بـە عەرەبـە بـەکرێگیراوەکانی لـەخم و جوذامەوە دووصەد هەزار بوون ، کەچیی موسڵمانەکان پشتهەڵکردنیـان بـەلاوە پەسەند نەبوو ..

بەلاّم ئەگەر فەرماندەی موسڵمانان وای بە چاك زانیی پاشەكشە بە سوپای موسڵمانان ، یا هەندێكی بكات ، ئەوە بە پشتهەڵكردن و هەلاّتن نـاژمێررێ ، چونكە ئـەو فەرماندەیـە خـۆی چـاك ئـەزانێ و ، هـەر كارێـك بـۆ بەرژەوەنـدیی موسڵمانەكان ئەنجام بدات ، ئەوا فەرمایشتی خوای گەورە : ﴿ إلا متحرفاً لقتال أو متحيزاً إلى فئة ﴾ ئەیگرێتەوە ، وەك ئەو پاشەكشەیەی كە خالیدی كـوڕی وەلیـدی شیری خوا لە موئتەدا ئەنجامی دا و ، موسڵمانەكانی رزگار كرد ، دوای ئەوەی كە كوشتارێكی یەكجار زۆری سوپای رۆم‌یان كرد ، هەر چـەندە هێشـتا دانیشـتوانی مەدینە ، هەر هەموویان ، بە یەك‌دەنگیی ئەو پاشەكشەیەی خالیدیشیان بـە لاوە هەلاّتن و پشـتهـەڵكـردن بـوو و ، ژنـەكان دەرگایـان لـە رووی مێردەكانیـان‌دا دائەخست ، كە گوایا ترسنۆك بوون و ، لە جەنگ هەلاّتوون ، كەئەوەبوو پـیّیـان ئەوتن : (یـا فُـرَّار) . بـەلاّم پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـەرگریی لیّ ئـەكردن و ، ئەیفەرموو : ((بل هم الكُرَّار)) .

ئــەم رووداوە دەری ئەخـــات كــە كۆمــەڵگای ئیســلامیی بــە ژن و منــداڵ و پیاویەوە .. بە پیر وگەنج و پەك‌كەوتەیەوە ، هەر هەمووی پاڵـەوانی مەیـدان و ، گیانی ئازایەتیی و كۆڵ نەدانی لەبەرایە ..

دووهەم : ئەگەر كافران هێرشیان كردە سەر ناوچەیەكی ولاّتـی ئیسـلام ، ئـەوا لەسەر دانیشتوان پێویستە بچن بە گژی دوژمن‌دا و كوشتاریان بكەن . خۆ ئەگـەر دوژمنەكە بەوان چار نەئەكرا ، ئەوا لەسەر موسڵمانانی ولاّت و ناوچەكانی تـریش پێویست ئەبێت كـە بچـن بـە هانـای ئـەو خوشـك و بـرا لێقەوماوانەیانـەوە و ، دوژمنیان لە كۆڵ بكەنەوە ..

موسلیم فەرموودەیەك ریوایەت ئەكات كە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمـوویـە : ((المسلم أخو المسلم ، لا يظلمه ولا يخذله)) . لە ریوایەتێكی تـریش‌دا وا هـاتووە : ((ولا يُسلمه)) . ئەفەرموێ : موسڵمان برای موسڵمانە ، نە ستەمی لیّ ئەكات و، نە پشتیشی بەر ئەدات . واتە دەستبەرداری نابێت كافران دەستی بۆ بەرن ..

سێهەم : ئەگەر گەورەی موسڵمانان فەرمانی دا بەسەر كۆمەڵێك‌دا تـا خۆیـان بۆ جیهاد ئامادە بكـەن ئـەوا لەسـەریان پێویسـت ئـەبێ كـە خۆیـان بـۆ جیهـاد بپێچنەوە ، ئەمەش بە پێی ئەم ئایەتە پیرۆزانە :

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَا لَكُمۡ إِذَا قِيلَ لَكُمُ ٱنفِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱثَّاقَلۡتُمۡ إِلَى ٱلۡأَرۡضِۚ أَرَضِيتُم بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا مِنَ ٱلۡأٓخِرَةِۚ فَمَا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ ﴿٣٨﴾ إِلَّا تَنفِرُواْ يُعَذِّبۡكُمۡ عَذَابًا أَلِيمٗا وَيَسۡتَبۡدِلۡ قَوۡمًا غَيۡرَكُمۡ وَلَا تَضُرُّوهُ شَيۡـٔٗاۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ﴾ (التوبة : ٣٨ ـ ٣٩).

له فەرموودەی صەحیحیشدا ، کە بوخاریی و موسلیم لەسەر صەحیحیی ڕێك کەوتوون ، هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە : ((لا هجرة بعد الفتح ، ولكن جهاد ونية ، وإذا استنفرتم فانفروا)) . فەرموویە : دوای فەتحی مەککە ئیتر هیجرەت لە مەککەوە نەما ، ئیتر لەمەولا جیهاد و نییەتی پاك گرنگیی هەیە .. موسڵمانان ! ئەگەر داوای نەفیرتان لیّ کرا خۆتانی بۆ ئامادە بکەن .

بەلاّم هەندێك لە پیاوچاکانی ئوممەتی ئیسلام وەهای بۆ ئەچن کە جیهاد بە هەمیشەیی و لە هەموو حاڵەتێکدا و لە هەموو کاتێکدا فەرزی عەینە . واتە هەموو موسڵمانێك بە هەمیشەیی و بە پێی توانا و لیٚهاتنی خۆی ، پێویستە خەریکی جیهاد بێت .. ئەبیٚ هەتا مردن بەردەوام بیٚ ، بەڵگەشیان ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کە فەرمان بەسەر پیر و گەنج و ، سوار و پیادە و ، دەوڵەمەند و هەژار و، بەهێز و لاوازیاندا ئەدا تا بە سەروماڵ لە پێناوی خوادا هەڵمەت بەرن و بەرامبەر بە هێزی خراپویستان بووەستن کە ئەفەرمویٚ :

﴿ ٱنفِرُواْ خِفَافٗا وَثِقَالٗا وَجَٰهِدُواْ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴾ (التوبة : ٤١) .

بە ڕاستیی ڕاستیان فەرمووە .. پاككردنەوەی سەرزەویی لە خراپە و ستەم و ڕەوشت نزمیی ئەوەی پێویستە .. هەتا دینی خوا لە هەموو سەرزەوییدا بڵاو ببێتەوە .. جا ئەگەر موسڵمانان بە درێژایی مێژوو ئەم بۆچوونەیان وەربگرتایە ئەوا نە بەغدا و ، نە قورطوبە و ، نە ئەستەنبووڵ و ، نە ئەزهەر نەئەکەوتنە دەست خوانەناسان .. کاتێك کە موسڵمانان دەستیان ئەڕۆیشت ئەبوا دانەنیشتنایە تا وڵاتانی تریشیان لە بیٚڕەوشتیی و سووکیی ڕزگار بکردایە . بەلاّم کە دانیشتن ، ئەوا خوانەناسان ، وەك تۆڵەیەکی خوایی ، هێرشیان کردە سەریان و پایتەختەکانیان کەوتنە دەست دوژمنان و ، ئالاّکەشیان کەوتە ژێر پێی داگیرکەران و ، بە کوشت و بڕ و ، سووتاندن لەناویان بردن ..

بەڵێ ، هاوەڵان جیهادیان بۆ هەموو کەسێك و هەموو کات و شوێنێك بە پێویست ئەزانیی ، بە تایبەت ئەبوئەییووبی ئەنصاریی و ، ئەبوطەلحەی ئەنصاریی و ، میقدادی کوڕی ئەسوەد و ، لە تابیعی‌یانیش‌دا سەعیدی کوڕی موسەییەب . هەتا ئەبوئەییووب ئایەتی ژمارە (٤١) ی (التوبة) ی بە دەلیل وەرئەگرت و ، وەهایشی بۆ ئەچوو کە هەرکەس پشت لە جیهاد بکات و ، خۆی بە کاروکاسپیی و ماڵ و منداڵەوە دەست خەرۆ بکات ئەوا ئەکەوێتە بەر هەڕەشەی ئەم ئایەتەوە کە فەرمان ئەدات موسڵمانان ماڵی خۆیان کاول نەکەن و ، خۆیان بە هیلاك نەبەن ، ئەویش بە کۆڵدان و ساردبوونەوە لە جیهادی کافرێتیی لە سەرزەویی‌دا ئەفەرموێ :

﴿ وَلَا تُلْقُوا۟ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى ٱلتَّهْلُكَةِ ﴾ (البقرة : ١٩٥) .

بۆیە ئەبوئەییووب خوا لێی رازیی بێ لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا و لە دوای کۆچ‌کردنیشی هەر خەریکی جیهاد بوو .. لە هیچ غەزایەك دوا نەئەکەوت .. تا ئەوەبوو ناکۆکیی کەوتە نێوان ئیمام عەلیی و موعاویەوە خوا لێ‌یان رازیی بێ و ، ئەبوئەییووب بە سەلیقەی جوانی چووە پاڵ ئیمام و بەشداریی جەنگی خەواریجیشی لەگەڵ‌دا کرد ..

کە موعاویە یەزیدی کوڕی کردە فەرماندەی سوپایەك و بەرەو شاری ئەستەنبوڵ رەوانەی کرد تا ئەو شارە فەتح بکات ، سەرەتا ئەبوئەییووب لای گران بوو لەگەڵ سوپایەك‌دا بچێ بۆ غەزا کە سەرکردەکەی یەزید بێت ، بەڵام دڵی وەها ئەگرا بۆ جیهاد ، خۆی پێ نەگیرا و بە خۆی وت : هیچ زیانێکی بۆ من نیە هەر کەسێ ئەمیری سوپا بێت .. ئەوەبوو خۆی گەیاندە سوپا و ، ناڕەحتیی زۆری هاتە رێ .. پاشان نەخۆش کەوت و ، یەزیدی فەرماندەش هات بۆ سەردانی و پێی وت : پێویستییت چی‌یە ؟ ئەبوئەییووب وتی: پێویستییم ئەوەیە ئەگەر من مردم، هەتا ئەتوانی بە لاشەکەمەوە بچۆرە ناو خاکی دوژمنەوە و لەوێ بم‌نێژە و خۆت بگەڕێرەوە .

کە کۆچی دوایی کرد یەزید و موسڵمانان نوێژیان لەسەر کرد و ، وەسیەتە - کەشیان بۆ جێ بەجێ کرد ، ئەوەبوو گەیاندیانە نزیك شووراکانی ئەستەنبوڵ و لەوێ ناشتیان .. بێ‌ئەوەی گاورەکان بوێرن دەستی بۆ بەرن .. وەك بڵێی

ئەبوئەییوب لەوێ چاوەڕوان بێ هەتا سوپاکەی موحەممەدی فاتح بێت و ئەستەنبووڵ ئازاد بکات و ئۆخەی بە دڵی ئەبوئەییوبیش بگات .

هەروەها ئەبوطەلحەی ئەنصاریی هاوەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ کە یەکێ بوو لەوانەی دەوری پێغەمبەریان لە ئوحوددا گرتبوو ، ئەگێڕنەوە جارێکیان لە کاتێک دا کە یەکجار پیربووبوو سوورەتی (التوبة) ئەخوێنێ . کە ئەگاتە سەر ئایەتی : ﴿ ٱنفِرُواْ خِفَافًا وَثِقَالًا وَجَٰهِدُواْ بِأَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ ئەڵێت : وا ئەبینم کە خوای گەورە فەرمانی داوە هەر هەموومان ، بە پیر وگەنجەوە ، هێرش بەرین .. ڕۆڵە ! کەلوپەلم بۆ بپێچنەوە . کوڕەکانی پێیان وت : ڕەحمەتی خوات لێ بێ ، تۆ لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ غەزات کردووە هەتا کۆچی دوایی کردووە و ، لە خزمەتی ئەبوبەکریش دا هەتا کۆچی دوایی کردووە و ، لە خزمەتی عومەریش‌دا هەتا کۆچی دوایی کردووە .. ئەمڕۆش ئێمە لە جیاتی تۆیش غەزا ئەکەین . کەچیی کۆڵی نەدا و ، بۆ غەزا سواری کەشتیی بوو و ، لە ڕێ‌دا کۆچی دوایی کرد و ، دوای نۆ ڕۆژ لە کۆچ‌کردنی دوورگەیەکیان دەست کەوت و ئەویان تێ‌دا ناشت و، هیچ گۆڕانێکیشی بەسەردا نەهاتبوو ..

هەروەها ئیبن جەریری طەبەرییش لە ئەبوڕاشیدەوە ڕیوایەتی کردووە کە لە حیمص چاوی بە سوار چاکی پێغەمبەری خوا ﷺ ، میقدادی کوڕی ئەسوەد کەوتووە کە ویستوویەتی بچێ بۆ غەزا ، کە لەوکاتەدا پیرێکی بەساڵاچوو بووە هەردوو برۆی هاتبوون بەسەر هەردوو چاوی‌دا ، ئەبوڕاشید پێی ئەڵێ : خوای گەورە چاوپۆشیی لە تۆ کردووە . ئەویش ئەڵێت : (البعوث) واتە ئەو ئایەتەی سەرەوەی سوورەتی (التوبة) دەست‌بەردارمان نابێت .

ئیمام زوهەرییش وتوویە : سەعیدی کوڕی موسەییەب بە نیازی غەزاوە کەوتە ڕێ ، کە ئەوەبوو چاوێکی لە دەست دابوو . پێی وترا : تۆ نەخۆشی و لاشەت ناتەواوە . وتی: خوای گەورە داوای نەفیری لەسووك و قورس کردووە . خۆ ئەگەر من توانای جەنگم نەبێت ، ئەوا ژمارەی جەنگاوەران زیاد ئەکەم و ، پارێزگارییش لە کەل وپەل ئەکەم .

بەم غیرەتەوە ئیسلام بە هەموو دنیادا بلاّوەی کرد و ، ئـەمڕۆش مەگـەر خـوا خۆی بزانێ چەند ملیۆن ئیمان‌داری راستگۆ خەریکی بلاّوکردنەوەی دینی حەقن و، مرۆڤەکان لە خراپە رزگار ئەکەن و ، ئەیان‌خەنە ژێر سایەی بەیـداخی قورئـان تـا سەرفرازی قیامەت بن ..

سوپاس بۆ خوا نیعمەتەکانی لە ژمارە نایەن ..

جا لەبەر ئەوەی کە جیهاد لە ئیسلام‌دا هۆی پاراسـتنی عەقیـدە و ، بێ‌وەیـی بانگەوازو ، مایەی بلاّوکردنەوەی شەریعەتی تەوحید و حەق و عەدالـەت و خێـرو چاکەیە ، ئەوا خوا و پێغەمبەرەکەی هانێکی زۆری ئیمان‌دارانیان داوە بۆی .

ئەوەتا قورئانی پیرۆز دەری بڕیوە کە خوای گەورە سەر و ماڵی لـە ئیمـان‌داران کڕیوە بەرامبەر بەوەی کە بەهەشتیان پێ ببەخشێ .. بەو مەرجەی ئیمان‌داران لـە پێناوی خـوادا جەنگ و کوشتار بکەن .. کافران بکوژن و کافرانیش ئەوان بکوژن، کە ئەفەرموێ :

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ ٱشۡتَرَىٰ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَنفُسَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلۡجَنَّةَۚ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقۡتُلُونَ وَيُقۡتَلُونَۖ وَعۡدًا عَلَيۡهِ حَقّٗا فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَٱلۡإِنجِيلِ وَٱلۡقُرۡءَانِۚ وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِعَهۡدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِۚ فَٱسۡتَبۡشِرُواْ بِبَيۡعِكُمُ ٱلَّذِي بَايَعۡتُم بِهِۦۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴾ (التوبة :١١١) .

هەروەها دەری ئەبڕێ کە وازهاوردوان لە جیهاد و جیهادکەران لە پێناوی خوادا بەسەر و ماڵیان یەکسان نابن .. جیهادکەران خاوەنی ئەجر و پاداشتێکی زۆرن کە ئەفەرموێ :

﴿ لَّا يَسۡتَوِي ٱلۡقَٰعِدُونَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ غَيۡرُ أُوْلِي ٱلضَّرَرِ وَٱلۡمُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡۚ فَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلۡمُجَٰهِدِينَ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ عَلَى ٱلۡقَٰعِدِينَ دَرَجَةٗۚ وَكُلّٗا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ وَفَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلۡمُجَٰهِدِينَ عَلَى ٱلۡقَٰعِدِينَ أَجۡرًا عَظِيمٗا ﴾(النساء : ٩٥).

هەروەها ئاماژە بۆ بازرگانی‌یەکی وەها ئەکات کە ئیمان‌داران لە سزای سەختی قیامـەت سـەرفراز ئـەکات ، کـە بریتـی‌یـە لـە ئیمـان‌هێنـان بـە خـوا و بـە پێغەمبەرەکەی ﷺ و جیهادکردن بەسەر و ماڵ لە پێناوی خوادا کە ئەفەرموێ :

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ تِجَٰرَةٖ تُنجِيكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ۝١٠ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴾ (الصف : ١٠ ـ ١١) .

ئاماژەش بۆ ئەوە ئەکات کە بە فیطرەت مرۆڤ حەزی لە جەنگ و کوشتار نیە ، بەڵام ئەگونجێ خێر و چاکەی زۆری تێدا بێت کە ئەفەرموێ :

﴿ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِتَالُ وَهُوَ كُرۡهٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴾ (البقرة : ٢١٦) .

جا ئەگەر هەموو کەسێ بۆی بشێ لە جیهاد بترسێ ، ئەوا بۆ ئیماندار ناشێ بترسێ ، چونکە قازانجی جیهاد بۆ موسڵمان مسۆگەرە و ، یەکێ لەو دوو شتەی بۆ ئەبن : یان سەرکەوتن و دەستکەوت ، یان پاداشتی شەهیدیی :

﴿ قُلۡ هَلۡ تَرَبَّصُونَ بِنَآ إِلَّآ إِحۡدَى ٱلۡحُسۡنَيَيۡنِۖ وَنَحۡنُ نَتَرَبَّصُ بِكُمۡ أَن يُصِيبَكُمُ ٱللَّهُ بِعَذَابٖ مِّنۡ عِندِهِۦٓ أَوۡ بِأَيۡدِينَاۖ فَتَرَبَّصُوٓاْ إِنَّا مَعَكُم مُّتَرَبِّصُونَ ﴾ (التوبة : ٥٢) .

لە سوننەتی پاك و بێگەردیشدا فەرموودەی زۆر هەن بۆ خۆشەویستکردنی جیهاد و ، دەستبەردار نەبوون لێی :

لە هەردوو صەحیحی بوخاریی‌و موسلیمدا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویە:
((تَضمَّنَ اللهُ لمَن خرجَ في سبيله ، لا يُخرجُه إلاّ جهادٌ في سبيلي ، وإيمانٌ بي وَبرُسُلي أن يُدخله الجنَةَ ، أو يُرجعَهُ إلى مَسكنه الذي خَرجَ منهُ ، بما نالَ من أجرٍ أو غنيمة . والذي نفس محمد بيده لولا أن أشقَّ على المسلمين ما قَعدتُ خلافَ سَريةٍ تغزو في سبيلِ الله ، ولكنْ لا أجدُ سَعَةً فأحملَهُم ، ولا يجدون سَعَةً وَيَشقُّ عليهم أنْ يتخلّفوا عَنّي، والّذي نفسُ محمدٍ بيدهِ لَوَددتُ أن أغزُوَ في سبيل الله ، فأقتل ، ثم أغزو فأقتل ، ثم أغزوَ فأقتل)) .

فەرموویە : خوای گەورە بووە بە زامنی ئەو کەسەی لە پێناوی ئەودا لە ماڵ دەرئەچێ ، بەڵام تەنها بۆ رەزامەندیی خوا و ، ئیمان بە خوا و بە پێغەمبەرەکانی لە ماڵ دەر بچێ ، کە بیخاتە بەهەشتەوە ، یان بە سەلامەتیی دوای دەستکەوتنی ئەجر و غەنیمەت بیگێڕێتەوە بۆ ئەو ماڵەی کە لێوەی دەرچووە . بەو خوایەی کە گیانی موحەممەدی بە دەستە ، ئەگەر لەبەر نارەحەتکردنی موسڵمانەکان نەبوایە ، بە سریەیەکەوە دانەئەنیشتم هەر غەزام لە پێناوی خوادا

پێ ئەکرد . بەلاَم دەستم ناڕوات تا بیان‌خەمە ڕێ و ، ئەوانیش دەستیان ناڕوات و، پێشیان ناخۆش ئەبێ ئەگەر لەگەڵم نەیەن و دوا بکەون .. بەو خوایەی کە گیانی موحەممەدی بە دەستە ئاواتەخواز بووم لە پێناوی خوادا غەزا بکەم و ، بکوژرێم ، پاشان غەزا بکەم و بکوژرێم ، پاشان غەزا بکەم و بکوژرێم .

هەروەها لە صەحیحی بوخارییدا بە مەرفوعیی هاتووە : ((رباطُ يومٍ في سبيلِ الله خيرٌ من الدنيا وما فيها ، وموضعُ سَوْطِ أحدكم في الجنة خير من الدنيا وما فيها)) . ئەفەرموێ : پاسەوانیی ڕۆژێك لە پێناوی خوادا لە دنیا و هەرچیی وا تیایا چاکترە و ، ئەوەندەی شوێنی قامچیی یەکێکیشتان لە بەهەشتدا لە دنیا و هەرچیی وا تیایا چاکترە ..

لە صەحیحی موسلیمیشدا بە مەرفوعیی هاتووە : ((رباطُ يوم وليلة خيرٌ من صيام شهر وقيامه)) . ئەفەرموێ : پاسەوانیی شەو و ڕۆژێك لە ڕۆژوو و شەونوێژی مانگێك چاکترە .

ئەو چاوانەش کە پاسەوانیی ئەکەن و ، خەو لە خۆیان دەزڕێنن و ، لە پێناوی ڕەزامەندیی خوادا چاودێریی دوژمنان ئەکەن و ، حەسانەوەیان نیە ، ئەوانە ئەو چاوانەن کە خوای گەورە بەهەشتی بۆ ئامادە کردوون .

بۆ ئەمەش تیرمیذیی بە مەرفوعیی ئەم فەرموودەی ڕیوایەت کردووە : ((عينان لا تمسهما النار : عين بكت من خشية الله ، وعين باتت تحرس في سبيل الله)) . حديث حسن . فەرموویە : دوو چاو هەن کە ئاگری دۆزەخیان بەر ناکەوێ : چاوێك کە لە ترسی خوادا گریا بێت و ، چاوێکیش لە پێناوی خوادا پاسەوانیی موسڵمانانی کردبێ .

هەڵوێستی پاڵەوانانەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە درێژایی تەمەنی ، بە تایبەت لە غەزاکاندا و لە کاتە ناڕەحەتەکانیشدا ڕێبازی پەروەردەی موسڵمان بووە تا غیرەت بخەنە بەر خۆیان و زۆر پیاوانە بچنە مەیدانی دوژمنانەوە و ، ڕۆژی ڕووناکیان لێ بکەنە شەوەزەنگ ..

هەروەها ئیسلام موسڵمانانی هەڵ ناوە بۆ دەست خستنی شەهیدیی . ئەوەتا قورئانی پیرۆز لەو بارەوە ئەفەرموێ :

﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتًۢا ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴿١٦٩﴾ فَرِحِينَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِٱلَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُوا۟ بِهِم مِّنْ خَلْفِهِمْ أَلَّا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾ (آل عمران : ١٦٩ ـ ١٧٠) .

بەڵێ ، ئەوانەی کە لە پێناوی دینی خوادا شەهید ئەبن ، ئەوانە بە مردوو ناژمێررێن ، چونکە وان لە ژیانێکی بەرزەخیی وەهادا کە ڕۆحەکەیان هەموو لەزەتێکی هەستیی و مەعنەویی ئەچێژێ .

موسلیم لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە ریوایەتی کردووە کە وتوویە : دەربارەی ئەم ئایەتە پرسیار لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرا ، ئەویش فەرمووی : ((أَرواحُهُم في جَوف طيور خُضر ، لها قَناديلُ معلَّقةٌ بالعَرش ، تَسرحُ منَ الجَنَّة حَيثُ شاءَت ، ثم تأوي إلى تلك القنــاديل ، فاطَّلع اللهُ عليهم إطلاعةً ، فقالَ : هلْ تَشتَهُون شيئاً ؟ فقالوا : أيُّ شيءٍ نَشتَهِي ، ونحن نسرحُ من الجنَة حيثُ شئنا ؟ ففعل ذلك بهم ثلاث مرات ، فلما رأوا أنَّهم لن يُتركوا من أن يسألوا قالوا : يا ربِّ نريدُ أن تَرُدَّ أرواحَنا في أجسادنا حتى نُقتَل في سبيلكَ مرةً أُخرى ، فلَّما رأى أن ليس لهم حاجة تركوا)) .

ئەفەرموێ : ڕۆحەکانیان لەناو لاشەی باڵندەی سەوزدان ، کە لەناو جۆرە چرایەکی وەهادان کە بە عەرشدا هەڵواسراون ، چەندیان پێ خۆش بێ لە بەهەشتدا بە ئازادیی ئەسووڕێنەوە و ، پاشان ئەگەڕێنەوە ناو ئەو چرایانە . جا خوای گەورە بە سۆزی خۆی ئاوڕێکی لێ دانەوە و فەرمووی : ئایا دڵتان حەزی لە شتێك هەیە ؟ وتیان : جا دڵمان حەزی لە چیی بێت ، لە کاتێکدا کە ئێمە چۆنمان پێ خۆش بێ لە بەهەشتدا ئەسووڕێینەوە ؟ ئەمەی لەگەڵیاندا سێ بارە کردەوە، کە دییان وازیان لێ ناهێنرێت وتیان : پەروەردگارمان ! ئەمانەوێ ڕۆحەکانمان بچێتەوە بە بەر لاشەکەماندا ، هەتا جارێکی تریش لە پێناوی تۆدا بکوژرێینەوە. کە خوای گەورە دیی وا هیچ پێویستییەکیان نیە ، وازیان لێ هێنرا .

لە موسنەدی ئیمام ئەحمەدیشدا فەرموودەیەك بە وێنەی ئەم فەرموودەی سەرەوەی موسلیم هاتووە ، کە لە کۆتاییەکەیدا ئەمەش هاتووە : ((فلما وجدوا طيبَ مَأكَلِهم ومَشربِهم ومَقيلِهم ، قالوا : مَن يُبلِّغُ عنَّا إخوانَنا أنَّا أَحياءٌ في الجَنَّة نُرزَقُ لِئَلاَّ يَزهَدُوا في الجِهادِ ، ولا ينكَلُوا عَن الحربِ ؟ فقال سبحانه: ﴿ ولا تحسبن ... ﴾))الآية.

ئەفەرموێ : کە خـواردن و خواردنـەوە و جـا و مـەنزڵی چـاکی خۆیانیـان لـە بەهەشتدا دیی ، وتیان : کێ بە براکانمان رابگەیـەنێ کـە ئێمـە لـە بەهەشـتدا زیندووین و رزق و رۆزیمان پێشکەش ئـەکرێ ، هـەتا لـە جیهـاد کەمتەرخـەمیی نەکەن و ، لە جەنگ و غەزا واز نەهێنن ؟ خوای گەورەش بەڵێنی دا کە خۆی بـەم ئایەتە پیرۆزە : ﴿ ولا تحسبن... ﴾ ئاگاداریان بکات ..

هەر ئەم هەڵوێستە بەرزەی قورئان و سوننەت بـوو وا موسـڵمانە پێشـینەکانی کردە پاڵەوانی سەرزەویی و شەهیدبوونیان لە ژیان بە لاوە خۆشەویستتر بوو ، تـا ئیسلام بە هەموو گەلانی سەرزەویی گەیشت و لە سـووکیی و ریسـوایی رزگـاری کردن و ، خستنیە سەر شەقامی حەیا و حورمەت و داوێنپاکیی ..

هەر لەسەر باسی جیهاد بەردەوام ئەبین و سەرنجی ئـەو قۆناغانـە ئـەگرین کـە جیهادی ئیسلامیی پیایا تێپەڕیی :

قۆناغی یەکەم :

لەم قۆناغەدا جیهادی موسڵمانەکان تەنها بەرامبەر بەو قورەیشییانە بـوو کـە سزا و ئـازاری موسـڵمانەکانیان دابـوو و ، لەسـەر مـاڵ و حـاڵی خۆیـان دەریـان پەڕاندبوون و ، تا ئەو کاتـەش لەسـەر سـزادانی موسـڵمانە لاوازەکـانی مەککـە بەردەوام بوون کە توانایان نەبوو کۆچ بکەن .. بەڵام هـەر ناموسـڵمانێ دژایـەتیی موسڵمانەکانی نەکردبا ، موسڵمانەکانیش جـەنگیان لەگـەڵ نەئـەکرد .. چـونکە قورئان وەها فەرمانی دابوو کە هەر کەس کوشتاری موسڵمانەکان ئەکات ئەوانیش کوشتاری ئەو بکەن ، بەڵام زیادەڕەویی و دەستدرێژیی نەکەن ، چونکە خوا هـیچ دەستدرێژییکەرێکی خۆش ناوێت ، وەك ئەفەرموێ :

﴿ وَقَٰتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴾ (البقرة : ١٩٠) .

قۆناغی دووهەم :

هەنـدێ هـۆز هـەبوون هاوپـەیمانی قـورەیش بـوون ، یـان دوای کـۆچ کردنـی موسڵمانەکان بۆ مەدینە بوونە هاوپەیمانی ، بـەم بۆنـەوە ئـەوانیش وەك قـورەیش بیـریان ئەکردەوە و ، حـەزیان لە دژایەتیی موسڵمانەکان یـان تۆڵەسـەندن لێـان بوو .. هەتا هی وایان هەبوو بیری لەوە ئەکردەوە کە هێرش بکاتە سەر مەدینە و، وەك ئەوەی کە کورزی کوڕی جابیری فیهریی ئـەنجامی دا ، کـە ئـەوەبوو هێرشـی

کردە سەر مۆڵگای مەدینە و ، سەرەنجام موسڵمانەکان لە غەزای بەدری یەکەمدا دوای کەوتن ، بەڵام فریای نەکەوتن .

هی واشیان هەبوو کە بە ستەم و ناڕەوا چەندین موسڵمانیان شەهید کردن ، وەك لە هەردوو سریەی ڕەجیع و قورئان خوێنەکاندا رووی دا .. جا بەرامبەر بەم ناپاکییە پێغەمبەری خوا ﷺ سریەی ئەناردە سەریان تا سزایان بدات و تۆڵەی شەهیدانیان لێ بکاتەوە . وەك هۆزی غەطەفان و سولەیم و عامیر و ئەحابیش و هۆزەکانی نەجد و ثەقیف . کە هێرش ئەکرایە سەر ئەمانە تەمێ ئەبوون و هۆزی تریش تەمێ ئەبوون . لە هەمان کاتدا هەندێکی تر لە ئیسلام و لە چاوپۆشیی و ڕەوشت بەرزیی ئیسلام شارەزا ئەبوون ، بەمە زۆرێك موسڵمان ئەبوون و ئەبوونە دۆست و پشتیوانی ئیسلام و موسڵمانان ..

قۆناغی سێهەم :

لەم قۆناغەدا بتپەرستانی مەککە و دەوروبەری یەکیان گرت و ، بوونە هێزێکی گەورە ، تا بە هەموویانەوە دژی موسڵمانەکان بووەستن و کوشتاریان بکەن ، بۆیە موسڵمانان ناچار بوون بچن بە گژ ئەو هەمووە دوژمنە داخ لە دڵانەدا .. ئەوەبوو قورئانی پیرۆز لەم قۆناغەدا فەرمانی دا : ئەی موسڵمانەکان ! وەك چۆن کافران هەر هەموویان بە جارێکدا دێن بە گژتاندا ، ئێوەش بچن بەگژ هەموویاندا و ، بێخەمیش بن کە هێزی خوا و دەسەڵات و توانای وا لەگەڵ ئیمان دارە ~~خاوەن~~ تەقواکاندا ، کە ئەیفەرموو :

﴿ وَقَٰتِلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ كَآفَّةٗ كَمَا يُقَٰتِلُونَكُمۡ كَآفَّةٗۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ ﴾ (التوبة : ٣٦) .

بەم فەرمانە قورئانییە جیهادی کافران بە گشتیی ، هەر کەس کتێبێکی ئاسمانیی بە دەستەوە نەبێ ، خرایە ئەستۆی موسڵمانان .. لەم قۆناغەدا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێ : ((أمرتُ أن أقاتلَ الناسَ حتى يشهدوا أن لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله ، ويقيموا الصلاة ويؤتوا الزكاة ، فإذا فعلوا ذلك عصموا مني دماءَهم وأموالهم إلا بحق الإسلام ، وحسابهم على الله)) . (صحيح البخاري / كتاب الإيمان) .

ئەفەرموێ : فەرمانم بەسەردا دراوە کوشتاری ئەو خەڵکە بکەم هەتا شایەتیی حەق بدەن بە تاك و تەنیایی خوا و ، پێغەمبەرایەتیی موحەممەد و نوێژ بەجێ

بهێنن و زەکات بدەن . جا کە ئەوەیان ئەنجام دا ئەوا سەروماڵیان پارێزراو ئەبێ ، مەگەر بە حەقی ئیسلام ..

قۆناغی چوارەم :

ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ پەیمانی دۆستایەتیی و پێکەوە ژیانی لەگەڵ جوولەکەکانی مەدینەدا بەستبوو ، وەك لە پێشەوە باس کرا . بەمە لە سەروماڵ و شەرەف و ناموسیان بێخەمی کردن ، کەچیی ئەو ناپاکانە ئەوەندەی پێ نەچوو پەیمانەکەیان شکاند و ، بوونە پاڵپشتی موشریکەکان و هەڵیان ئەنان تا بچن بە گژی موسڵمانەکاندا ، وەك لە ئوحوددا رووی دا ، بگرە هەوڵیان دا لە پشتەوە خەنجەر لە موسڵمانەکان بدەن ، وەك لە جەنگی ئەحزابدا رووی دا .. بەردەوام خەریکی تێك‌دانی نێوان ئەوس و خەزرەج و ، موهاجیر و ئەنصار بوون . جوولەکە نەرمیی و لێبووردنی موسڵمانەکانیان بە هەل ئەزانیی ، بۆیە بوو بوونە میکرۆبی خراپکاریی و کۆمەڵگای مەدینەیان تێك ئەدا ، بۆیە پێویست بوو لە ناو ببرێن .. ئەوەبوو خوای گەورە فەرمانی بەسەر پێغەمبەرەکەیدا دا تا ئەو پەیمانەی کە لەگەڵیانا بەستوویەتی بیداتەوە بەناو چاویاندا و ، پاشان کوشتاریان بکات :

﴿ وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَوْمٍ خِيَانَةً فَٱنۢبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَىٰ سَوَآءٍ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْخَآئِنِينَ ﴾
(الأنفال : ٥٨) .

ئەمەش رەوشتێکی بەرزی ئیسلامە ، هەتا لەگەڵ دوژمندا ، کە ئاگاداری بکات و پێی رابگەیەنێ : وا پەیمانی ئاشتییمان تەواو بوو و ، پاشان بچێت بە گژیا .. ئەم رەوشتە بەرزە تەنها ئیسلام رەچاوی کردووە ..

ئەوەبوو موسڵمانەکان کوشتاری هەندێ لەو جوولەکانەیان کرد و ، هەندێکیشیان بار پێ کردن ، تا ئەوەبوو لە دوورگەی عەرەبییدا شوێنەواریان نەما و ، موسڵمانەکان لە دەستیان رزگاریان بوو ..

قۆناغی پێنجەم :

ئەم قۆناغەش لەو کاتەوە دەست پێ ئەکات کە موسڵمانەکان مەککەیان رزگار کرد و ، خەڵکی پۆل پۆل هاتن موسڵمان بوون و ، طائیف و نەجد و دەوروبەریشیان تەسلیم بە سوپای ئیسلام بوون ، ئیتر ئەوەندەی نەبرد دانیشتوانی سەرانسەری دوورگە موسڵمانێکی ئیماندار و خواناسیان لێ دەرچوو و ، پێغەمبەری خوایش ﷺ نامە و نێرراوی رەوانەی لای پادشا و میرەکانی دەوروبەری

دوورگە کرد ، تا ئیمان بهێنن . ئەمەش لە نێوان پەیماننامەی حودەیبیە و فەتحی مەککەدا رووی دا .. داوای لێ ئەکردن با بێن و ئیمان بە قورئان بهێنن . ئەوانیش هی وایان هەبوو کە موسڵمان ئەبوون و ، هی واشیان هەبوو وەك موسڵمان نەئەبوو ، هەڕەشەیشی ئەکرد ..

بەم شێوەیە بانگی ئیسلام گەیشتە دەوڵەتان و وڵاتانی دەوروبەری دوورگە .. ئەوەبوو پادشای فارس هەوڵی خۆی دا بۆ دەستگیرکردنی پێغەمبەری خوا ﷺ و، پادشای رۆمیش کەوتە بیری ئەوەی کە هێرش بکاتە سەر موسڵمانەکان . کە پێغەمبەری خواش ﷺ ئەوەی بیست سوپایەکی سیی هەزاریی کۆ کردەوە و بەرەو باکوور کەوتە رێ تا بۆ هەموو لایەکی بسەلمێنێ کە ئیسلام وەك نەرم و نیان و خاوەنی سۆز و بەزەییە ، خاوەنی گورزی کاریگەرە و ، سەربازە بەوەفاکانی هەردەم گیان لەسەر دەستن و سڵ لە هیچ هێزێك ناکەنەوە و ، ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە رۆژێك بێت بەڵێنی قورئان بێتە دیی کە ئەفەرموێ : ﴿ لیظهره علی الدین کله ﴾ . واتە سەرتاپای زەویی تەسلیمی دەسەڵاتی قورئان ببێ ..

لەم قۆناغەدا بانگی خواناسیی چووە قاڵبی بانگەوازێکی جیهانییەوە . بەمە جەنگ لە دوورگەدا نەما و گوازرایەوە بۆ بەر دەرگای دەوڵەتە بەدەسەڵاتەکان و ، موسڵمانەکان مەردانە تەقەیان لە دەرگای ئەو دەوڵەتانە ئەدا تا گەلان ئازاد بکەن ، با بە ویستی خۆیان دینی خۆیان هەڵ ببژێرن ..

بەڵێ سوپای تازە پێگەیشتوو هەردوو ئیمپراتۆریەتە گەورەکەی تێ گەیاند کە ئەوان سەربازی وەهایان نیە کە بتوانن بێنە مەیدانی نەڕە شێرەکانی ئیسلامەوە .. هەتا پادشای ئێران داوای لە پادشای چین کرد کە یارمەتیی بۆ بنێرێ . ئەویش وەها وەڵامی دایەوە کە ئەو سەربازی وەهای بەلاوە نیە بتوانن بە گژی کەسانێکدا بچن کە مردنیان لە ژیان بەلاوە خۆشەویستتر بێت ..

بەڵێ ئیمانداران بە هۆی نییەتی پاك و تەقوا و ئیخلاصەوە بوونە ئەو پیاوە کە شایانی کۆمەکیی خوا بن .. خوای گەورە سۆز و بەزەیی خۆی رژاند بەسەریاندا :

﴿ وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ ٱلْوَٰرِثِينَ ﴾ (القصص : ٥) .

کوشت و بڕیان تێ بخەن ، لەولاشەوە ناوی جەنگی پیرۆز و ڕەواشیان لیّ دەنا و ، بە ناوی دینی خواوە ئاژاوەیەکی خوێناوییان بەرپا ئەکرد ..

ئەمە لە صەدەکانی ناوەڕاستدا ، تا کە صەدەی نۆزدە و بیست هاتنە بەرەوە ئەوروپای مەسیحیی ، بە دەستکیسەی جوولەکەی داخ لەدڵ ، کەوتنە هێرش کردنە سەر ولاَتانی ئیسلام و ، بە تازەترین چەك ، بەبیّ شەرمانە لە موسڵمانانیان ئەکوشتن و ، ولاَتیان داگیر ئەکردن و ، خێر و بێریان بە تالاَن ئەبرد و ، حکوومەتی جاش و نۆکەرییان لە خۆفرۆشە مونافیقەکان دروست ئەکرد ، تا بە زوڵم و ستەم ، کاروباری موسڵمانان بەڕێوە بەرن و ، هەموو بیّڕەوشتییەکیش لە ناو کۆمەڵدا پەرە پیّ بدەن ..

تا ئەوەبوو (لۆرد ئەللەنبیی) نوێنەری هاوپەیمانان : ئینگلتەرا و ، فەڕەنسا و ، ئیطالیا و ، ڕۆمانیا و ، ئەمەریکا ، لە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمدا ، لە ساڵی ١٩١٨ ز ، کە دەستی بەسەر (بيت المقدس) دا گرت ، لەویّ ڕاوەستا و ، بیّشەرمانە وتی : (جەنگەکانی خاچ پەرستیی ئەمڕۆ تەواو بوون) !!

هەروەها (گۆرۆ) ی سەرکردەی فەڕەنسیی کە ئەویش نوێنەری هاوپەیمانان بوو، کە چووە ناو شاری دیمەشقەوە چووە بەردەم قەبرەکەی پاڵەوانی ئیسلام صەلاحەددینی ئەییووبیی و وتی : (صەلاحەددین ! وا هاتینەوە) .

بەمە دەرکەوت کە موسڵمانان ئیسلامی بیّگەرد کەمەندکێشی کردوون ، ئەویش بە عەقیدە و ، خواپەرستیی و ، ڕەوشت و ، هەڵس وکەوتە ڕێك و پێکەکەی کە ڕۆشنایی و ڕەحمەتە بۆ هەموو کەسێك ، هەتا بۆ کافرانیش .. بەڵیّ بۆ کافرانیش .. ئەگەر کافران زیانەخرۆ نەبن و ، ئاژاوەگێڕ نەبن ، موسڵمانان خزمەتیان ئەکەن .. شاهێدییشمان بۆ ئەمە ژیان و گوزەرانی ئەو هەمووە گاور و جووە بووە کە بە ڕێك و پێکیی لەناو موسڵماناندا بەسەریان بردووە ..

ئێستەش با سەرنجێکی بانگەوازی پێغەمبەری خوا ﷺ بدەین پێش فەرزبوونی جیهاد لەسەریان ، تا بۆمان دەر بکەویّ کە شوێنکەوتوانی ئیسلام چەند عەرەق و خوێنیان لە پێناوی دیندا ڕێژاوە و ، چۆن سەروماڵیشیان ئەکردە قوربانی ، هەتا لەم سەردەمەشدا چۆن زاڵمان بە ئاگر و بە ئاسن بەربوونەتە موسڵمانان تا واز لە دینەکەیان بهێنن و ، ئەوانیش لە پێناویدا بە شەهیدیی سەر ئەنێنەوە :

[٣٢٠] إنجيل متى الإصحاح العاشر فقرة ٣٥ .

١ ـ پێغەمبەری خوا ﷺ له مەککەدا سیانزه ساڵ دانی به خۆیدا گرت و ، به دڵ و به گیان و به وتەی شیرین خەڵکی بانگ ئەکرد تا ئیمان بهێنن و واز له بت پەرستیی بهێنن .. لەم قۆناغەدا ئیمانداره ناوداره دامەزراوەکان ئیمانیـان هێنـا و، شانیان دایه بەر ئەشکەنجە و ئازاری ملهوڕان و ، زۆربەی موسڵمانانیش هەژار و دەستکورت بوون و ، پێغەمبەری خـواش ﷺ ئەوەنـده سـامانی لـه دەستدا نەبوو که دەستی هەژارەکان بگرێت و ، ئەوانیش بەو نیـازەوه شـوێنی کـەوتبن .. بەڵکو سزا و ئازارێکیان بەسەردا ڕژا کـه هەرکـەس بـه یـەکجاریی خـۆی بـەخوا نەفرۆشتبایه و به تەمای پاداشتی قیامەت نەبوایه ، تاقـه ڕۆژێـك بەرگـەی ئـەو ئازارەی نەئەگرت ، کەچیی ئەوان ، بەو هەژاریی و دەستکورتی‌یـه ، پاڵەوانانـه دانیان به خۆیاندا گرت و ، نەمان بیست یەکێکیان بۆ ماڵی دنیا ، یـان بـۆ هـەر بەرژەوەندی‌یەك پشتی له دینەکەی کردبێ و هەڵ گەڕابێتەوه .. هـەتا هـی وایـان هەبوو به سزا و ئازار لەزەتی دەست ئەکەوت .. هی واشـیان هـەبوو دوو جـار بـۆ حەبەشـه کۆچـی کردبـوو .. غـەریبیی و بێکەسـیی و دەسـت کـورتیی لەبـەر ڕەزامەندیی خوا قبووڵ ئەکرد .. پاشان هەر هەموو پێکەوه کۆچـیان بـۆ مەدینـه کرد و ، ماڵ و سامان و منداڵ و نیشتمانیان بەجێ هێشت و ، غەریبیی و دەست کورتیی و نەداری‌یان قبووڵ کرد ، تا ئـەوەبوو زیـاتر لـه سـاڵێکیش لـه مەدینـه مانەوه و ، لەوێش به هەمان شێوه به نەرم و نیانیی خـەڵکیان بـۆ سـەر ئیسـلام بانگ ئەکرد ، تا ئەوەبوو خەڵکێکی زۆر موسڵمان بـوون ، بێ‌ئـەوەی موسـڵمانان هێزێکی وەهایان هەبێت کـه کەسـێك ناچـار بکـەن ئیمـان بهێنـێ و شـوێنیـان بکـەوێ ..

٢ ـ له پێشەوه باسی حیکمەتەکانی جیهاد و قۆناغەکانیشی کرا و ئەوەشمان بۆ سەلما که جیهاد بۆ پارێزگاریی ئیماندارانه .. بۆ پەرچدانەوەی هێـرش و دەسـت درێژیی زاڵـمانه .. بۆ چەسپاندنی پایەکانی حەق و ڕاستی‌یه .. بۆ بڵاوکردنـەوەی خواپەرستیی و ڕەوشتی بەرزه .. موسڵمانەکانیش کاتێك لەلایەن خواوه فـەرمانی جیهادیان پێ سپێررا ستەم و دەستدرێژیی کـافران لـه سـنوور دەرچـوو بـوو و ، ئەگەر ئەو هێز و دەسەڵاتەیان شك نەبردایه تـاقی موسـڵمانەکانیان ئەبڕی‌یـەوه . هێشتا لەگەڵ ئەوەشدا قورئان ناهێڵێ موسڵمانان دەستدرێـژیی بکـەن .. بگـره داوای ئاشتیی و تەبایی ئەکات ، زیاد لەوەش فەرمان ئەدا بـه موسـڵمانەکان کـه

هەر بت پەرستێك كوشتاری موسڵمانەكان نەكات ، ئەوا خوا پێی خۆشە موسڵمانەكان چاكە لەگەڵ ئەو جۆرانەدا بكەن و ، دۆستایەتی‌یان لەگەڵدا ببەستن، كە ئەفەرموێ :

﴿ لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴾ (الممتحنة : ٨) .

٣ ـ دەقی قورئان و فەرمووده دەرێ ئەبڕی كە نابێ هیچ كەسێك بە زۆر موسڵمان بكرێ . قورئان ئەفەرموێ :

﴿ لَآ إِكْرَاهَ فِى ٱلدِّينِ ۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشْدُ مِنَ ٱلْغَىِّ ۚ فَمَن يَكْفُرْ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَا ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ (البقرة : ٢٥٦)

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە بە لای زانا باوەڕ پێكراوەكانی تەفسیرەوە ئەمەیە :

ریوایەت كراوە كە پیاوێكی ئەنصاریی لە نەوەی سالم ی كوڕی عەوف ، پێش هاتنی وەحیی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دوو كوڕی ئەبن بە گاور . كە پێغەمبەر ﷺ كۆچ ئەكات بۆ مەدینە و پیاوەكە موسڵمان ئەبێ ، دوو كوڕەكەی لەگەڵ چەند پیاوێكی گاوردا رۆنیان پێ ئەبێ و دێنەوە بۆ مەدینە . باوكەكە یەخەی دوو كوڕەكە ئەگرێ و ، پێیان ئەڵێ : هەتا موسڵمان نەبن وازتان لێ ناهێنم .. ئەم ناكۆكییە ئەگەیەننە لای پێغەمبەر ﷺ و پیاوەكە ئەڵێت : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئایا رەوایە بە چاوی خۆم سەیر بكەم و هەندێكم بچێتە ناو ئاگرەوە ؟! (واتە : كوڕەكانم بەشێكن لە خۆم) . بۆ ئەمە خوای گەورە ئەم ئایەتەی : ﴿ لَآ إِكْرَاهَ فِى ٱلدِّينِ ﴾ ی ناردە خوارەوە و ئەویش دەست بەرداری هەردوو كوڕەكەی بوو .

هەروەها قورئان روو ئەكاتە پێغەمبەری خوا ﷺ و بە سەرسوڕمانەوە پرسیاری لێ ئەكات كە : ئایا ئەتەوێ خەڵك بە زۆر موسڵمان بكەیت :

﴿ أَفَأَنتَ تُكْرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا۟ مُؤْمِنِينَ ﴾ (يونس : ٩٩) ؟

هەروەها قورئان دەری ئەبڕێ كە مرۆڤەكان سەربەستیی هەڵ بژاردنی دینیان پێ دراوە ، هەرچەندە خوای گەورە پێی خۆشە بەندەكانی ئیمان بهێنن :

﴿ فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ ﴾ (الكهف : ٢٩) . لەم دنیادا کەس بۆی نیە زۆر بەکار بهێنێ بۆ موسڵمانبوون ، بەڵام خوای گەورە هەڕەشە لە کافران ئەکات کە ئەوان یەکجار ستەمکارن ، کاتێك کە ڕێبازی کوفر هەڵ ئەبژێرن ، بۆیە لە قیامەتدا سزایان ئەدات :

﴿ إِنَّآ أَعْتَدْنَا لِلظَّٰلِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا ﴾ (الكهف : ٢٩) .

کەواتە سەربەستیی دان بە مرۆڤ بۆ هەڵ بژاردنی کوفر یان ئیمان ، ئەوە ناگەیەنێ ئەم دوو شتە یەکسانن و خوا بە هەڵبژاردنی کوفر ڕازییە . نەخێر ڕازیی نیە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ هەرچیی هەڵ بژارد ئەنجامەکەی بۆ خۆی ئەبێ :

لە سوننەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ دەق هاتووە بۆ پشتگیریی دەقە قورئانییەکان ، کە مرۆڤ لە هەڵبژاردنی عەقیدەدا سەربەستە :

ئیمام موسلیم بە سەنەدی خۆی لە صەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە کە پێغەمبەر ﷺ هەر کەسێکی بە ئەمیری سوپایەك یان سریەیەك دیاریی بکردایە ، بە تایبەتیی ئامۆژگاریی ئەکرد کە تەقوای خوای لە یاد نەچێت و ، لەگەڵ ئەو موسڵمانانەشدا کە وان لەگەڵیدا بە چاکە بجووڵێتەوە . پاشان ئەیفەرموو : ((أُغزُوا باسم الله في سبيلِ الله ، قاتلوا مَن كَفَرَ بالله ، أُغزوا ولا تَغُلُّوا ولا تغدُرُوا ، ولا تُمَثِّلُوا ، ولا تَقتُلُوا وليداً ، وَإذا لَقيتَ عَدُوَّكَ مِنَ الْمُشركينَ فَادعُهُم إلى ثَلاث خصال ، أو خلال ، فَأَيَّتُهنَّ ما أجابوكَ فاقبَل مِنهُم ، وكُفَّ عَنهم .. أُدعهم إلى الإسلام فإن أجابوكَ فَاقبلْ منهم وكفَّ عنهم ، فإن هم أبوا فَاستَعِن بالله و قاتلهُم)) . (شرح النووي : ١٢ / ٣٧ ، ٣٩).

ئەیفەرموو : بە ناوی خواوە و لە پێناوی خوادا غەزا بکەن .. کوشتاری ئەوانە بکەن کە بە خوا کافرن .. غەزا بکەن ، بەڵام لە دەستکەوت و غەنیمەتدا ناپاکیی نەکەن و، غەدر نەکەن ، واتە پەیمانی جەنگ نەشکێنن و ، لووت و گوێی کوژراو نەبڕن و ، منداڵ نەکوژن و ، کە بە دوژمنە بت پەرستەکانیشت گەیشتی سێ کاریان بخەرە بەرچاو و ، هەر کامیان لێ وەرگرتی قبووڵی بکە و دەستیان لێ بگرەوە . پێش هەموو شتێ بانگیان بکە بۆ موسڵمان بوون . ئەگەر بە گوێیان کردی ئەوا لێیان قبووڵ بکە و دەستیان لێ بگرەوە . بەڵام ئەگەر ملیان نەدا ئەوا داوای (جزیە) یان لێ بکە . ئەگەر ملیان نەدا ئەوا پشت بەخوا ببەستە و کوشتاریان بکە ..

جەنگ و کوشتار لە ئیسلامدا دوا هەنگاوە ، بۆیە دوای هەموو شتێك فەرمانی جەنگ دەر ئەکرێت . شایانی باسە کە جزیە بۆ ئەوە ناسێنرێ تا ئەو کەسانە ناچاری موسڵمان بوون بکرێن ، بەڵکو ئەوە مافی دەوڵەتی ئیسلامە بەرامبەر بە پاراستنی سەر و ماڵی ئەو ناموسڵمانانە و پێشکەش‌کردنی هەموو خزمەتێك پێیان . بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەو باسەیە کە بەلازەریی لە (فتوح البلدان) دا ئەی‌گێڕێتەوە کە : کاتێك هەرقەل سوپایەکی گەورەی بۆ لێدانی موسڵمانەکان کۆکردبوویەوە و ، ئەم هەواڵەش گەیشتە موسڵمانەکان کەوا بەرەو یەرمووك دێن ، موسڵمانەکان ئەو پارەیان گێڕایەوە بۆ دانیشتوانی شاری حیمص کە بە ناوی جزیەوە لێیان وەرگرتبوون و پێیان ڕاگەیاندن کە نەوەکو چاری سوپاکەی هەرقەلیان پێ نەکرێ و توانای پارێزگاریی ئەوانیان نەبێ ، وا پارەکەیان بۆ گێڕانەوە . دانیشتوانی حیمصیش ، کە هێشتا موسڵمان نەبوو بوون و گاور بوون دەریان بڕیی کە پێیان خۆشە موسڵمانەکان کاربەدەستیان بن و دڵیان بە عەدالەتی ئەوان ئەکرێتەوە و ، گاورەکان زوڵم و ستەمیان لێ ئەکەن و ، ئامادەشن شان بە شانی کاربەدەستی موسڵمانان لەگەڵ سوپای هەرقەلدا بجەنگن و پارێزگاریی لە شار بکەن ، ئەگەرچیی ئەوان هاودینیانن ..

هەروەها دانیشتوانی شارەکانی تریش ، کە لەگەڵ موسڵمانەکاندا ڕێك کەوتبوون و هێشتا بە گاور و جوولەکەیی مابوونەوە ، هەمان هەڵوێستیان هەبوو و ئەیان وت : ئەگەر ڕۆمەکان و شوێن‌کەوتوانیان سەر بکەون بەسەر موسڵمانەکان دا ئێمە وەك جارانمان لێ دێتەوە ، بەڵام هەتا موسڵمانەکان توانا و دەسەڵاتیان هەبێ ئێمە لەسەر پەیمانی خۆمانین .

بەڵام کە لە فەرموودەدا هاتووە : ((أمرتُ أن أُقاتلَ الناسَ حَتى يقولوا : لا إله إلا الله وأنَّ محمداً رسولُ الله)) مەبەست پێی کۆمەڵێکی تایبەتی‌یە لە بت‌پەرستە عەرەبەکان . ئیتر لەوان بەولاوە ، لە ئەهلی کیتاب هەڵ بژاردنی ئەو سێ کارە وا لە ئیختیاریانا : موسڵمان بوون ، یان جزیەدان ، یان جەنگ .

هەندێك لە ئیمامە گەورەکانیش وەك ئیمام مالیك و ئیمام ئەوزاعیی رایان وەهایە کە فەرموودەی : ((أمرت أن أقاتل الناس ...)) نەسخ بووە و حوکمی موشریکە عەرەبەکانیش وەك حوکمی هەموو خەڵکیی تر وەهایە و یەکێ لەو سێ کارە هەڵ ئەبژێرن . (فتح الباري : ١ / ٦٤).

٤ ـ لە ژیان و سیرەتی پێغەمبەری خـوادا ﷺ ڕووداوی زۆر هـەن کـە کەسـانی موشریك و بتپەرست بەر دەستی کەوتوون ، یان بە دیل گیراون ، کەچیی ناچـاری موسڵمانبوونی نەکردوون و هەڕەشەی لێ نەکردوون ، بەڵکو وازی لێ هێناون تا بە ویستی خۆیان ڕێی خۆیان هەڵ ببژێرن .. بەڵێ پێی خۆش بووە ئەوانەش و هـەموو کەسێکیش موسڵمان بن ، بەو هیوایـەوە لـە دۆزەخ ڕزگـار بـن ، بـەڵام ناچـاری نەکردوون .

ئەگێڕنەوە کە موسڵمانەکان لە یەکێ لە سریەکاندا سـەرداری نـەوەی حەنیفـە ثومامەی کوڕی ئوثالی حەنەفیی بە دیل ئەگرن ، بەڵام نایناسن کە ثومامەیـە . کە هێنایانەوە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو ناسیی و ڕێزێکی باشی لێ گـرت و ، سێ ڕۆژ لەلای خۆی هێشتیەوە . هەموو ڕۆژێك بە شێوەیەکی پڕڕێـز داوای لێ ئەکرد کە موسڵمان ببێ ، ئەویش موسڵمان نەئەبوو و ئەشی وت : ئەگەر سامانت بوێ پێت ئەدرێت و ، گەر بم کوژی خـاوەن خوێنێـك ئـەکوژی و ، گـەر چاکەیشم لەگەڵدا بکەیت و بەرم بـدەی ئـەوە چـاکە لەگـەڵ سـوپاسکـەرێكدا ئەکـەی .. پێغەمبەر ﷺ وای بە چاك زانیی بەری بدات و بڕوات ..

کەچیی ئەم هەڵس وکەوتە نەرم و نیانە و ڕێزلێگرتنە بێوێنەیە دڵی ثومامــەی نەرم کرد ، هەر کە بەریان دا ، لە جیاتی ئەوەی بەرەو وڵاتی خۆی بڕواتەوە ، چوو خۆی شۆرد و ، گەڕایەوە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و ، بە ویستی خۆی و بـەبێ ترس موسڵمان بوو و وتی : (ئەی موحەمـــەد ! بـەخوا لەسـەر زەویـیدا دەم و چاوێکی تر نەبوو ئەوەندەی دەم و چاوی تۆ ڕقم لێی بێ ، کەچیی وا دەم و چـاوت بۆتە خۆشەویستترین دەم و چاو بە لامەوە .. بەخوا لەسەر زەوییدا دینێکـی تـر نەبوو ئەوەندەی دینەکەی تۆ ڕقم لێی بێ ، کەچیی وا دینەکەت بۆتە خۆشەویسـت ترینی هەموو دینەکان بە لامەوە .. بە خوا وڵاتێکیش نەبوو ئەوەندەی وڵاتەکـەی تۆ ڕقم لێی بێ ، کەچیی وا بۆتە خۆشەویست ترین وڵات بە لامەوە) .

پێغەمبەری خوا ﷺ موسڵمانبوونی ثومامەی زۆر بە دڵ بوو و پێی گەشـایەوە، چونکە ثومامە پیاوێکی کەم نەبوو .. هەروەك گەورەی ناوچـەیەك بـوو پیـاوێکی سەنگین بوو ، بۆیە بە موسڵمانبوونی ئەو خەڵکێکی زۆر لە قەومەکەشی موسڵمان بوون . ئەم ڕەوشتە بەرزە و چاوپۆشییە پڕ لـە حیکمەتـەی ئـازیز ، هـەر بـەوەوە

نەوەستا بەڵکو بە درێژایی مێژوو بووە دەرس و ئامۆژگاریی بۆ موسڵمانان تا بزانن کە پێویستە ئەوانیش وەك ئازیزیان لەگەڵ خەڵکدا هەڵس وکەوت بکەن .

ئەوەبوو ثومامە چوو بۆ مەککە بۆ عەمرە و خەڵکی مەککە ویستیان ئازاری بدەن ، گوایا موسڵمان بووە ، بەلاّم هاتەوە یادیان کە ئەوان بۆ دانەوێڵەی یەمامە دائەمێنن ، بۆیە وازیان لیٚ هێنا . بەلاّم ثومامە بڕیاری دا هەتا قورەیش ئیمان نەهێنن نەهێڵیٚ دانەوێڵەی یەمامەیان بۆ بڕوا .. ئەوەبوو قورەیش بە یەکجاریی پەکیان کەوت و ، ناچار بوون پەنا بەرنە بەر پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەگەرچیی ناکۆکیش بوون ، تا بە بۆنەی سیلەی ڕەحمەوە لە ثومامە داوا بکات تا ماوە بدات دانەوێڵەی یەمامەیان بۆ بڕوا .

ئەبیٚ هەڵوێستی ئازیز چۆن بیٚ ؟ قورەیش هەموو کارێکی چەوتیان لیٚ وەشایەوە و ، وا ئێستە پەکیان کەوتووە . بەلاّم پێغەمبەری خوا ﷺ جگە لە لیٚبووردن هیچی لیٚ ناوەشێتەوە ، بۆیە نامەی بۆ ثومامە نووسیی تا دانەوێڵەی یەمامەیان بۆ ڕەوانە بکەن و، ئەویش بە گوێی کرد! بە مەرجیٚ ئەمە هەلێکی چاك بوو کە هەڵ کەوتبوو تا یا قورەیش ناچاری ئیمان هێنان بکەن ، یان برسێتیی بە هیلاکیان بەریٚ ، وەك ئەوان چەند ساڵێك گەمارۆی ئابووریـیان خستە سەر موسڵمانە بیٚکەسەکان و ، لە شیوی ئەبوطالیب‌دا بەندیان کردن .

موسڵمان‌بوونی ثومامە ئەوەندە ڕێك و پێك بوو هەتا بۆ دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خواش ﷺ کاریگەریی هەبوو .. ئەوەبوو کە هەندیٚ لە دانیشتوانی یەمامە لە ئیسلام هەڵ گەڕانەوە ثومامە بە دامەزراویی لەگەڵ خزمەکانی‌دا لەسەر ئیسلام مانەوە و ، ئەو هەڵگەڕاوانەشی ئاگادار ئەکردنەوە کە شوێن موسەیلەمەی درۆزن کەوتبوون و هەوڵی ئەدا واز لە ئیسلام نەهێنن . کە دیتی وا ئامۆژگاریی کەڵك بەوانە ناگەیەنیٚ ، خۆی و ئەو موسڵمانانەی کە لەگەڵیا بە دامەزراویی مابوونەوە پاڵیان دا بەو سوپایەی ئیسلامەوە کە عەلائی کوڕی حەضرەمیی سەرکردەی بوو و ، بوونە کۆمەکی ئەو و ، بەمە پشتی هەڵ گەڕاوەکان شکا و جەنگیان دۆڕاند .

نموونەیەکی تریش :

که پێغەمبەری خوا ﷺ فەتحی مەککەی کرد و بە سەرکەوتوویی دەستی بەسەر شاردا گرت ، صەفوانی کوڕی ئومەییە [٣٢١] یەکێ بوو لەوانەی کە زۆر دژایەتیی ئیسلامیان کردبوو و ، پێغەمبەری خوا ﷺ بڕیاری دابوو کە ئەوانە ئەگەر دەستیش بە پەردەکانی کەعبەوە بگرن هەر بکوژرێن .

صەفوان کە ئەمەی زانیی خۆی حەشار دا و لە مەککە هەڵات و ویستی خۆی بخاتە دەریاوە . لێرەدا عومەیری کوڕی وەهب ، کە ئامۆزای بوو ، بەزەیی بە صەفواندا هاتەوە و هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! صەفوان سەرداری خزمەکانیەتی و ، رای کردووە تا خۆی بخاتە دەریاوە . داوات لێ ئەکەم ئەمانی بدەی . ئەویش بۆ ناونیشان مێزەرەکەی خۆی پێ دا و ، عومەیریش وەریگرت و کە گەیشتە لای صەفوان پێی وت : دایك و باوکم بە قوربانت بن .. لەلایەن چاكترین و، بە بەزەییترین و، نەرم و نیانترین و، باشترین کەسەوە هاتوومەتە لات ، کە ئامۆزای خۆتە و ، دەسەڵاتی ئەو دەسەڵاتی تۆیە و، پایەداریی ئەو پایەداریی تۆیە و ، موڵکی ئەو موڵکی تۆیە .

صەفوان وتی : لە خۆم ئەترسم .

عومەیر وتی : لەوە نەرم و نیانتر و بەرێزترە .. ناونیشانی ئەمانەکەشی پیشان دا کە مێزەرەکەی بوو و ، گەڕاندیەوە مەککە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و وتی : ئەمە وەهای رائەگەیەنێ کە ئەمانت داوم . فەرمووی : راست ئەکات .

صەفوان وتی : دوو مانگ مۆڵەتم بدە .

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((بل أربعة أشهر)) . فەرمووی : با چوار مانگ مۆڵەتت بێ .. پاشان بە چاکیی ئیمانی هێنا و موسڵمان بوو .

کوا بە زۆر موسڵمان کردن ؟

---

[٣٢١] صەفوان : یەکێ لە پیاوماقوڵانی قورەیش بوو ، عومەیری کوڕی وەهبی هەڵ نا تا بچێت بۆ مەدینە و پێغەمبەری خوا ﷺ بکوژێت ، بەو مەرجەی سەروکاریی منداڵەکانی بۆ بکات و قەرزەکانیشی بۆ بداتەوە . ئەمەش دوای جەنگی بەدر بوو کە وەهبی کوڕی عومەیر بە دیلیی کەوتبووە دەست موسڵمانەکان . کە عومەیر گەیشتە مەدینە ، پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی وت و وێژە نهێنییەکەی خۆی و صەفوانی پێ دا و ، عومەیریش خۆی پێ نەگیرا دانی بە راستییدا نا و ، بە چاکیی موسڵمان بوو ، ئەمەش دوای ئەوەی کە بە لایەوە یەقین بوو کە ئەم هەواڵە جگە لە خوای گەورە هیچ کەس بە پێغەمبەری نەگەیاندووە . بەمە بۆی سەلما کە راست ئەکا پێغەمبەری خوایە و وەحی بۆ دێت .

عەرەبەکانی دوورگە موسڵمان بوون و ئیسلامیان بە خۆرهەڵات و خۆرئاوا گەیاند .. لە خۆرهەڵاتەوە گەیشتنە وڵاتی چین و ، لە خۆرئاوایشەوە گەیشتنە چیاکانی پیرانس .. دەوڵەتێکی گەورە بۆ ئیسلام دروست بوو .. لەگەڵ ئەوەشدا ناموسڵمانێکی زۆر لە خاکی ئیسلامدا ئەژیان .. بۆ هەموو کار وکاسپییەك سەربەست بوون .. بۆ خواپەرستیی سەربەست بوون .. کەس نەیئەتوانی دەست درێژیی بکاتە سەر پەرستگاکانیان .. جاری وا ئەبوو ناموسڵمانێك ئەگەیشتە پلەی وەزیریی .. دواییش کە ئیسلام دەوڵەتی نەما ، موسڵمانان ـ بە تایبەتیی نا عەرەب ـ بە پاکیی لەسەر ئیسلام مانەوە .. بەڵکو هەڵمەتێکی هیدایەتدانی زۆر گەورە بۆ شوێنە دوورەکان دەستی پێ کرد .. بۆ ئەو شوێنانەی کە سوپای ئیسلامی نەگەیشتێ .. بە رووخانی دەوڵەتی عوثمانیی ، ئیسلام حکوومەت و سوپای نەما .. کاریگەریی ئیسلام و ئیعجازی قورئان کەوتنە بەرگریی لە ئیسلام .. تۆ بڵێ کەوتنە بڵاوکردنەوەی ئیسلام .. لە ئەورووپا .. لە ئەمەریکا .. لە ئەفریقا .. لە باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا .. لە ئوستڕالیا .. هەر چەندە کوفری جیهانیی بە هەموو توانایەکیەوە دژی ئیسلام کار ئەکات و ، هەر چەندە موسڵمانان دواکەوتوو و دەستەپاچەن ، کەچیی ئیسلام هەر بڵاو ئەبێتەوە .. خوێندەوارە بەرزەکان کەمەندکێش ئەکات .. مرۆڤە بەویژدانەکان هیدایەت ئەدات .. زیاتر لە ملیارێك لە ژێر بەیداخی پێغەمبەری خوادا ﷺ ریز بوون و ، کەسیش زۆری لێ نەکردوون تا لەگەڵ ئیسلامدا بن .. بگرە بە پێچەوانەوە لە زۆربەی شوێندا تووشی سزا و چەرمەسەریی ئەبن لەسەر دین و ، ئەوانیش مەردانە دان بە خۆیاندا ئەگرن .. سوپاس بۆ خوا ..

ئەگەر ئیسلام بە زۆر بڵاو بکرایەتەوە زیاتر لە هەزار ساڵ لە وڵاتە جۆر بە جۆرەکاندا خەڵك دەستیان پێوە نەئەگرت .. خۆ شوێنی زۆریش هەن کە سەربازێکی موسڵمانی بۆ نەچووبێ ، کەچیی بە هۆی زانایان و بازرگانان و کەشتیەوانانەوە ئیسلامیان تێدا بڵاو بۆتەوە ، وەك ئەندەنووسیا و چین و هەندێ وڵاتی تر .

کورتەی باس : ئیسلام دینێکی گونجاوە لەگەڵ دڵ و مێشك و رۆحی مرۆڤ دا ، بۆیە ئەبینین کە خاوەن ویژدان و حەق ویستان دڵی بۆ ئەکەنەوە و ، باوەشی خۆشەویستیی پیا ئەکەن . بەڵام داخەکەم موسڵمانان زۆر کەمتەرخەمن ..

ئەوانەی هەوڵ ئەدەن ئیسلام بە مرۆڤ بناسێنن یەکجار کەم و کەم دەسەلاّت و کەم تفاقن ، لە چاو ئەو خۆرئاواییی‌یانەدا کە بە شەو و بە رۆژ ، بە سـەر و بـە مـاڵ ، خەریکن دین و فیکری خۆیان بە مرۆڤ ئەناسێنن ، کەچیی سوپاس بۆ خـوا خـەڵك باوەش بۆ ئیسلام ئەکەنەوە و، بە هیچ شێوەیەکیش دەستبەرداری نابن .[٣٢٢]

---

[٣٢٢] السيرة النبوية لأبـــي شهبة : ٢ / ٧٣ ـ ١٠٢ .

بەشی بیست و دووهەم
رووداوەکانی ساڵی دووهەمی کۆچیی

لە ساڵی دووهەمدا هەروەك جیهاد لەسەر موسڵمانان فەرز کرا و ، ماوەیان درا کە دەست لە دوژمنەکانیان بکەنەوە و ، تۆڵە لە دەست درێژیی کەران بسێنن ، چەند رووداوێکی تریش روویان دا ، کە ئەمانە گرنگەکانیانن :

(١) رووکردنەوە کەعبەی پیرۆز :

کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی بۆ مەدینە کرد ، خوای گەورە فەرمانی بەسەریدا دا روو بکاتە (بیت المقدس) و ئەوێ بکاتە قیبلەی خۆی ، ئەمەش بۆ دڵنەوایی‌کردنی جوولەکە ، تا بەڵکو ئیسلامیان بەلاوە خۆشەویست ببێ و موسڵمان بن .. بەڵام جوولەکە زۆر بایەخیان بە بیروباوەڕ نەئەدا .. تەنها بیریان لە بەرژەوەندیی خۆیان ئەکردەوە ، بۆیە ئەم حیکمەتە بە کەڵکی ئەوان نەهات ، بگرە بە پێچەوانەوە وەریان گرت و ، ئەو رووکردنەی پێغەمبەریان ﷺ کردە رەخنە و تانەیان لێی ئەدا و ئەیانوت : بە پێچەوانەمان هەڵس وکەوت ئەکات و ، روو لە قیبلەکەشمان ئەکات ! ئەم کارە زۆر ئازاری دڵی پێغەمبەری ﷺ دا و ، پێی خۆش بوو هەر کەعبەی پیرۆز ، کە قیبلەی ئیبراهیمی باوکی بووە و ، جێی شانازیی باو باپیرانی بووە ، قیبلەی بێت .[٣٢٣] جا پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر جار سەری بۆ ئاسمان بەرز ئەکردەوە و ، لە خوا ئەپاڕایەوە تا ماوەی بدا روو بکاتەوە کەعبە . ئەوەبوو شانزە یان حەڤدە مانگ (بیت المقدس) قیبلەی بوو ، تا خوای گەورە دوعاکانی گیرا کرد و ، ئاواتەکەی بۆ هێنایە دیی و ، فەرمانی دا روو بکاتەوە کەعبەی پیرۆز . خوای گەورە فەرموویە :

---

[٣٢٣] لە مەککەدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی ئەکرد ـ بە پێی ئەو ریوایەتەی کە ئبن عەبدولبیر بە راستی لە قەڵەم داوە ـ رووی ئەکردە کەعبە و ، کە کۆچی کرد فەرمانی پێ درا کە روو بکاتە (بیت المقدس) ، هەتا ئەوەبوو نەسخ کرا

﴿ قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِ ۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَىٰهَا ۚ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۚ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ ۗ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَـٰفِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ ﴾ (البقرة : ١٤٤) .

بەمە موسڵمانەکان پایەیەکی یەکجار بڵندیان دەستگیر بوو . کە ئەویش ئەوەبوو ڕوویان کردە هەردوو قیبلەکە ..

شایانی باسە کە گۆڕینی قیبلە بۆ کەعبە لە ناوەڕاستی مانگی ڕەجەبی ساڵی دووهەمی کۆچیی‌دا بووە ، کە ڕای جومهووری زانایانی لەسەرە و حاکم بە ڕیوایەتێکی صەحیح لە ئیبن عەبباسەوە گێڕاویەتەوە .

چۆنیەتی ئەم گۆڕینەش ئەمەیە :

پێغەمبەری خوا ﷺ سەردانی دایکی بیشری کوڕی بەرائی کوڕی مەعروری کرد ، کە لە دەرەوەی مەدینە ، لە مەنزڵی نەوەی سەلیمە بوو ، ئافرەتەکە خواردنی بۆ ئامادە کردن و ، نوێژی نیوەڕۆ هاتە کایەوە . پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی هەستان لە مزگەوتەکەیان‌دا نوێژ بکەن .. کە دوو ڕەکعەت نوێژی پێ کردن ، جیبریل هاتە خوارەوە و فەرمانی گۆڕینی قیبلەی پێ دا .. پێغەمبەریش ﷺ هەر لە نوێژەکەدا ڕووی کردە کەعبە و ، هاوەڵەکانیشی لەگەڵیا ڕوویان وەرچەرخان و ئەو مزگەوتەش بە ناوی (ذو القبلتين) ناونرا و ، تا ئێستاش شوێنەواری ماوە ..

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ بەرەو مەدینە کەوتە ڕێ و ، کە نوێژی عەصر هاتە کایەوە ڕوو بە کەعبە ئەنجامی دا .. پاشان پیاوێک لەوانەی کە لە مزگەوتی پێغەمبەردا لەگەڵ ئەودا نوێژی بەجێ هێنا ، بەلای نەوەی حاریثەدا کە لە مزگەوتەکەی خۆیان‌دا ڕوو بە (بيت المقدس) نوێژیان بەجێ ئەهێنا ، هەواڵی گۆڕینی قیبلەی دانێ و ، ئەوانیش هەر لە نوێژەکەدا بەرەو کەعبە وەرچەرخان . پاشان ئەم پیاوە ، یان یەکێکی تر ڕۆیشت بۆ قوباء و فریای ئەوە کەوت کە نوێژی فەجریان لەگەڵ‌دا بکات و ئەوانیش ڕوو بە (بيت المقدس) نوێژیان ئەکرد و ، هەواڵی دانێ کە قورئان هاتۆتە خوارەوە و فەرمانی داوە موسڵمانەکان ڕوو لە کەعبە بکەن . ئەوانیش هەر لە نوێژەکەدا ڕوویان وەرچەرخان ..[٣٢٤]

---

[٣٢٤] صحيح مسلم بشرح النووي : ٥ / ٩ ، وفتح الباري : ١ / ٧٩ ـ ٨١ .

دیسان جوولەکە دەمیان دایەوە لە چەرخ و کەوتنەوە رەخنەگرتن و توانج‌دان لە پێغەمبەر و موسڵمانەکان ، کە بۆچ روویان کردەوە کەعبە .. دەمێکی زۆریان وەشاند ، ئەگەرچیی ئەشیان‌زانیی کە لە کتێبەکانیان‌دا نووسراوە کە ئەوە روو ئەدا و ، رووکردنە (بیت المقدس) لەلایەن موسڵمانەکانەوە زۆر ناخایەنێ .
قورئانی پیرۆز باسی ئەم هەڵوێستەی جوولەکە ئەکات و ئەفەرموێ :

﴿ سَيَقُولُ ٱلسُّفَهَآءُ مِنَ ٱلنَّاسِ مَا وَلَّىٰهُمۡ عَن قِبۡلَتِهِمُ ٱلَّتِي كَانُواْ عَلَيۡهَاۚ قُل لِّلَّهِ ٱلۡمَشۡرِقُ وَٱلۡمَغۡرِبُۚ يَهۡدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿١٤٢﴾ وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَٰكُمۡ أُمَّةٗ وَسَطٗا لِّتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيۡكُمۡ شَهِيدٗا﴾ (البقرة : ١٤٢ ـ ١٤٣) .

پێش هەموو شتێك قورئان سیفەتی سەفاهەتی داوەتە پاڵ جوولەکە و ، موسڵمانانیش پلەی ئوممەتی مام ناوەندی‌یان وەرگرت تا هەر وەك پێغەمبەری خوا ﷺ شاهێدە لەسەر موسڵمانان ، موسڵمانانیش شاهێد بن لەسەر مرۆڤایەتیی .. تا ئەرکی هیدایەتی مرۆڤ بگرنە ئەستۆ ..

پاشان خوای گەورە روونی کردەوە کە ئەم قیبلە گۆڕینە تاقیی‌کردنەوەیەکی گەورە بوو بۆ موسڵمانەکان ، تا ئەوانەی بە پاکیی و ئیخلاصەوە شوێن فەرمایشتی خوا و پێغەمبەر ئەکەون لەوانە جیا ببنەوە کە بە دەمارگیریی شوێن ئیسلام ئەکەوتن ، چونکە عەرەبەکان پێش هاتنی ئیسلام کەعبەیان زۆر خۆش ئەویست . خوای گەورەش پێی خۆش بوو ئەوانەی کە بۆ خواپەرستیی شوێن ئیسلام کەوتوون لەوانە جیا ببنەوە کە بە بۆنەی باوی کۆنەوە روو ئەکەنە کەعبە ..

کێ خوا ئەپەرستێ ، خوا ئەفەرموێ : روو بکاتە (بیت المقدس) . هەموو موسڵمانەکان روویان کردە (بیت المقدس) . پاشان فەرمووی : کێ من ئەپەرستێ با روو بکاتەوە کەعبەی پیرۆز .. دیسان موسڵمانەکان هەر هەموو بە گوێیان کرد .. دیارە بە پێچەوانەی جوولەکەوە کە ـ وەك قورئان باسی کردوون ـ هەموو هەنگاوێکیان پێچەوانەی مووسای پێغەمبەریان بووە ، سەلامی‌لێ بێ . قورئان ئەفەرموێ :

﴿ وَمَا جَعَلۡنَا ٱلۡقِبۡلَةَ ٱلَّتِي كُنتَ عَلَيۡهَآ إِلَّا لِنَعۡلَمَ مَن يَتَّبِعُ ٱلرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَىٰ عَقِبَيۡهِۚ وَإِن كَانَتۡ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۗ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَٰنَكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ ﴾ (البقرة : ١٤٣) .

یەكەم نەسخ لە ئیسلامدا نەسخی قیبلە بوو .. شتێكی تازە بوو .. هەروەها مونافیقان و جوولەكە دەستیان كرد بە فات و فیت و ڕەخنەگرتن ، بۆیە خوای گەورە لە سێ شوێنی نزیكدا فەرمانەكەی دووپات كردەوە ، تا موسڵمانەكان گوێ بە فات و فیت نەدەن :

﴿ قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِ ۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَىٰهَا ۚ ﴾ (البقرة : ١٤٤) .

﴿ وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۖ وَإِنَّهُۥ لَلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴾ (البقرة : ١٤٩) .

﴿ وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۚ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَيْكُمْ حُجَّةٌ إِلَّا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنْهُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَٱخْشَوْنِي وَلِأُتِمَّ نِعْمَتِي عَلَيْكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴾ (البقرة : ١٥٠) .

جا هەردوو ئیمامی پایەبەرز بوخاریی و موسلیم خوا لێیان ڕازیی بێ چیرۆكی گۆڕینی قیبلەیان گێڕاوەتەوە ، كە ئەمەی خوارەوە ڕیوایەتەكەی بوخاریە :

لە بەرائی كوڕی عازیب ەوە ئەگێڕنەوە كە پێغەمبەر ﷺ یەكەم جار گەیشتە مەدینە لای دایە لای باپیرانی یان خاڵوانی لە ئەنصار (نەوەی نەجار) و ، شانزە یان حەڤدە مانگ ڕوو بە (بيت المقدس) نوێژی كرد .[٣٢٥] بەڵام خۆی پێی خۆش بوو كە ڕوو بكاتە بەیت (واتە كەعبە) . ئەوەبوو یەكەم نوێژێك كە كردی (بەرەو كەعبە) نوێژی عەصر بوو ، كە كۆمەڵێكیش لەگەڵیا كردیان . پاشان پیاوێك لەوانەی كە ئەو نوێژەیان لەگەڵیا كرد لەوێ دەرچوو و ، دای بە لای كۆمەڵێكدا كە لە مزگەوتێكدا بوون . كە نەوەی حاریثە بوون ـــ و لە ڕكووع دا بوون . پیاوەكە وتی : شاهێدیی ئەدەم كە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ ڕوو بە بەیت نوێژم كردووە . ئەوانیش خۆیان تێك نەدا ڕوویان بەرەو كەعبە وەرچەرخاند .

لە ڕیوایەتێكی تری بوخارییدا : ئیتر ئەوەبوو :

﴿سَيَقُولُ ٱلسُّفَهَآءُ مِنَ ٱلنَّاسِ ...﴾ هاتە خوارەوە .

---

[٣٢٥] پێغەمبەری خوا ﷺ لە مانگی ڕەبیعی یەكەمدا گەیشتۆتە مەدینە و ، گۆڕینی قیبلەش ، بە پێی ڕیوایەتی صەحیح ، لە ناوەڕاستی ڕەجەبدا بووە ، جا ئەگەر دوو مانگی گەیشتن و قیبلە گۆڕین بە یەك مانگ حسێب بكرێن ئەوا ماوەكە شانزە مانگ ئەكات . بەڵام ئەگەر بە دوو مانگ حسێب بكرێن ئەوا حەڤدە مانگ ئەكات .

لە ریوایەتێکی تریش‌دا ئەوە هاتووە کە هەندێ خەمیان بووە ئەوانەی کە لە ماوەی رووکردنە (بیت المقدس) دا مردوون یان کوژراون ، خواپەرستی‌یان بەتاڵ بووبێتەوە . ئەوەبوو ئایەتی : ﴿ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَـٰنَكُمْ ﴾ (البقرة : ١٤٣) هاتە خوارەوە کە راستەوخۆ دڵی موسڵمانانی خۆش ئەکرد کە هەر کەسێ رووی لە (بیت المقدس) کردبێ نوێژ و خواپەرستیی نافەوتێ .

(٢) فەرزبوونی رۆژوو :

لە مانگی شەعبانی ساڵی دووهەمی کۆچیی‌دا خوای گەورە رۆژووی رەمەزانی لەسەر موسڵمانان فەرز کرد کە یەکێکە لە ئەحکامە مەزنەکانی ئیسلام و پایەیەکە لە پایەکانی .

کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی هاتە مەدینە ئەبینێ وا جوولەکە رۆژی عاشوورا ، کە دەهەم رۆژی مانگی موحەڕڕەمە ، بە رۆژوو ئەبن .. کە لە هۆی ئەم بەڕۆژوو بوونەیان پرسیاری لێ کردن ، وتیان : ئەمە ئەو رۆژەیە کە خوای گەورە مووسا و قەومەکەی تێدا رزگار کردووە ، جا بۆ سوپاس‌گوزاریی خوا مووساش تیایا بە رۆژوو ئەبوو . پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموون : ((نحن أولى بموسى منكم)) . فەرمووی : ئێمە لە ئێوە لە پێش‌ترین بۆ مووسا .. ئەوەبوو خۆی ئەو رۆژە بە رۆژوو بوو و فەرمانیشی دا موسڵمانەکان بە رۆژوو بن تیایا .. ئەمە بوخاریی و موسلیم ریوایەتیان کردووە . جا کە رۆژووی رەمەزان فەرز بوو ئیتر رۆژووی عاشوورا بە شێوەی واجب نەمایەوە .. بەڵکو هەر کەسە بە دەستی خۆی بوو بە رۆژوو ببوایە یان نەء . ئەمەش بوخاریی و موسلیم لە عائیشەوە ریوایەتیان کردووە .

خوای گەورە بە پێی ئەم ئایەتانەی خوارەوە رۆژووی لەسەر موسڵمانان فەرز کرد:

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٨٣﴾ أَيَّامًا مَّعْدُودَٰتٍ ۚ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ۚ وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ ۖ فَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُۥ ۚ وَأَن تَصُومُوا۟ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ (البقرة : ١٨٣ ـ ١٨٤) .

لە سەرەتاوە ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان بە هەڵ بژاردن بوو . هەر موسڵمانێ بیویستایە ئەوا بە ڕۆژوو ئەبوو و فەرزەکەی بەجێ ئەهێنا و ، هەر کەسیش بیویستایە ئەوا بە ڕۆژوو نەئەبوو و فیدیەی لەسەر واجب ئەبوو ، کە بریتیی بوو لە تێرکردنی هەژارێك بۆ هەر ڕۆژێك . جا کە موسڵمانەکان لەسەری ڕاهاتن و ڕۆژووگرتن بە لایانەوە بووە شتێکی ئاسایی ، خوای گەورە هەڵ بژاردنی گرتن و فیدیەی نەسخ کردەوە و ، بە ڕۆژووبوونی لەسەریان بە پێویست گیرا ، بە پێی ئایەتی :

﴿ شَهْرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلْقُرْءَانُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٍ مِّنَ ٱلْهُدَىٰ وَٱلْفُرْقَانِ ۚ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ ﴾ (البقرة : ١٨٥) .

ئەمە بوخاریی و موسلیم لە سەلەمەی کوڕی ئەکوەعەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە ، کە ئەڵێت : کاتێك کە ئەم ئایەتە : ﴿ وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ ﴾ هاتە خوارەوە هەرکەس بیویستایە ڕۆژووی ئەشکاند و فیدیەی ئەدا ، هەتا ئایەتەکەی دواتر هاتە خوارەوە و ئەمی نەسخ کردەوە ، کە بریتییە لە ئایەتی : ﴿ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ ﴾ . جا هەردوو ئایەتەکە تەئکیدیان لەسەر ئەوە کرد کە نەخۆش و سەفەریی ڕوخصەتی ئەوەیان ئەدرێت کە ڕۆژوو بشکێنن تا ناڕەحەتیی نەیەتە پێش و ، لەلایەن خواوە ئاسانکارییەك بۆ موسڵمانان بکرێت : ﴿ يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ ﴾ .

ئەمە ڕایەك .. ڕایەکی تری زانایان ، کە لە سەروویانەوە ئیبن عەبباسە رضي الله عنه ، ئەمەیە کە نەسخ نیە و هەردوو ئایەتەکە موحکەمن و ، خوای گەورە کە فەرموویە : ﴿ وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ ﴾ مەبەستی لە پیاو و ئافرەتی پیرن کە مادام ناتوانن بە ڕۆژوو بن ، با لە بریی هەر ڕۆژێك هەژارێك تێر بکەن . جا بە پێی ڕای ئیبن عەبباس و شوێنکەوتوانی دەرئەکەوێ کە هەردوو ئایەتەکە پێکەوە هاتبنە خوارەوە ..

لە سەرەتادا ، کە ڕۆژوو فەرز کرا موسڵمان کە ڕۆژووی ئەشکاند بۆی هەبوو بخوا و بخواتەوە و ژن و مێردیی بکات ، بەڵام تا نوێژی عیشای بکردایە ، یان

بخەوتایە ، ئیتر خـواردن و خواردنـەوە و ژن و مێردیـی لێ قەدەغـە بـوو . ئەمـە کارێکی یەکجار گران بوو لەسەر شانی موسڵمانەکان .

ئیمام ئەحمەد لە موسنەددا لە موعاذی کوڕی جەبەل ەوە ، لە فەرموودەیەکی درێژدا دەربارەی نوێژ و زەکات ریوایەتی کردووە کە وتوویە : موسڵمانەکان مادام نەخەوتبوون خواردنیان ئەخوارد و ئاویان ئەخواردەوە و ژن و مێردییان ئەکرد . کە ئەخەوتن دەستیان ئەگرتەوە . پاشان ئەوەبوو پیاوێکی ئەنصاریی کە پێی ئەوتـرا (صِرمة) - واتە کوڕی قەیس - بە رۆژوو بوو و کاری ئەکرد هەتا ئێوارەی لێ هات . هاتەوە ماڵەوە و نوێژی عیشای کرد و خەوت ، ئیتر نە نانی خوارد و نە ئاوی خواردەوە هەتا رۆژی لێ بوویەوە و ، پێغەمبەری خوا ﷺ چاوی پێ کەوت زۆر ماندوو دیار بوو بۆیە فەرمووی : ((ما لي أراكَ قد جهدت جهداً شديداً ؟)) فەرمووی : چییە وا زۆر ماندوو و هیلاك ئەت بینم ؟ ئەویش هەواڵەکەی دایە . هەروەها عومەریش دوای ئەوەی کە خەوی پێدا کەوتبوو چووبووە لای ژنەکەی . ئەویش هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و لە پەشیمانیی کارەکەیدا ئەگریا و ، باسەکەی بۆ گێڕایەوە . ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی : ﴿ أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمْ ۚ هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ ۗ عَلِمَ ٱللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ ۖ فَٱلْـَٔـٰنَ بَـٰشِرُوهُنَّ وَٱبْتَغُوا۟ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ ۚ وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ مِنَ ٱلْفَجْرِ ۖ ثُمَّ أَتِمُّوا۟ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيْلِ ۚ وَلَا تُبَـٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَـٰكِفُونَ فِى ٱلْمَسَـٰجِدِ ۗ تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ ءَايَـٰتِهِۦ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴾ (البقرة : ١٨٧) . ناردە خوارەوە . (رواه أبوداود في سننه ، والحاكم في مستدركه وغيرهما) .

بە پێی ئەم ئایەتە پیرۆزە لـە بـانگی مەغریبـەوە هـەتا فـەجر بـۆ خـواردن و خواردنەوە و ژن و مێردیی رێگـە بـە موسـڵمانان درا و ، بـە پێـی فەرمایشـت و کرداری پێغەمبەر و هاوەڵانی موسڵمانان لەسەر فەرزبوونی رۆژووی رەمەزان یـەك دەنگ بوون ..

(٣) زەکاتی فیطر :

لە مانگی رەمەزانی هەمان ساڵدا زەکـاتی فیطـر ــ سـەر فـیترە ـ ی لەسـەر هەموو موسڵمانێکی ئازاد و بەندە و ، نێر و مێ و ، گەورە و بچووك ، فەرز کـرد

تا ئەو زەکاتە ببێتە خۆراکی فەقیر و هەژاران و ، ڕۆژووەوانیش لە گوناهەکانی کاتی بەڕۆژوو بوون ، وەك قسەی هەڵە و ناشیرین ، پاك بکاتەوە .

لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە خوا لێیان ڕازیی بێ ئەگێڕنەوە کە وتوویە : پێغەمبەری خوا ﷺ زەکاتی فیطری تەواوبوونی ڕەمەزانی لەسەر بەندە و ئازاد و، نێر و مێ و ، بچووك و گەورەی موسڵمانان فەرز کرد کە بریتیی بوو لە یەك (صاع) خورما یان یەك صاع جۆ . (رواه الجماعة) .

ئەم زەکاتە لای جومهووری ئیمامەکان فەرزە و لای حەنەفییەکان واجبە ، چونکە بە لای ئەوانەوە فەرز و واجب دوو شتی جیاوازن .

(٤) نوێژی جەژن :

هەر لە ساڵی دووهەمدا پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی جەژنیشی بەجێ هێنا .. ئەمە یەکەم نوێژێکی جەژن بوو کە بەجێی هێنا و ، بە پێی سوننەتی خۆی موسڵمانانی لە شار بردە دەرەوە بۆ ((مُصَلَّى)) و دەستیان بە وتنی : ((لا إله إلا الله)) و ((الله أكبر)) کرد و ، تەعظیمی خوای گەورەیان ، لە سوپاسی ئەو نیعمەتە یەك لە دوای یەکانەیان ، ئەکرد ، بە تایبەتیی نیعمەتی سەرکەوتن ، کە لە ڕۆژی بەدردا و لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا خوای گەورە پێشکەش بە موسڵمانانی کرد ، کە ئەوەبوو سوپای مل‌هوڕی قوڕەیش و سوپا خنجیلانەکەی ئیسلام دایان لە یەك و لووتی کافران چەقییە ناو خۆڵ و ئالای ئیسلام بە سەرکەوتوویی ئەشەکایەوە ..

ئەوەبوو موسڵمانەکان ئەو حەربەیەیان خستە پێشی پێغەمبەری خواوە ﷺ کە نەجاشیی پێشکەشی کردبوو و ، لەوە و دواش بۆ هەموو جەژنێك ئەیان‌خستە پێشیەوە . پاشان کاربەدەستانی موسڵمانانیش ئەو کارەیان کردە دەستووری خۆیان و ، لە جەژنەکان‌دا حەربەیان ئەخستە پێش خۆیانەوە .

ئەڵێن ئەو حەربەیە هی زوبەیری کوڕی عەووام بووە ، کە نەجاشیی پێشکەشی ئەوی کردووە و ، ئەویش پێشکەشی پێغەمبەری خوای ﷺ کردووە ..

بەڵێ ، بە فەرمان‌دان بە ڕۆژوو و بە زەکاتی فیطر و بە جەژن کردن ، ئیسلام سێ دەرگای خێری لەسەر کۆمەڵی موسڵمانی نەونەمام والا کرد ، تا خێر و

خۆشیی بەسەر موسڵمانان‌دا بباریّ و ، موسڵمانان فێری چاکەکردن و دەست‌گرۆیی ببن و ، هەردەم بیریان بە لای هەژارانی کۆمەڵەکەیانەوە بێت ..

یەکەم رۆژوو موسڵمان لەسەر سەخاوەت و بەخشین و بەزەیی و چاکە را ئەهێنیّ . کە خۆی برسیی بوو ، لە حاڵی ئەو هەژارانە ئاگادار ئەبێت کە هەمیشە برسی‌یانە .. کە خۆی حەزی لە خواردنێك بوو و لەبەر رۆژووەکەی نەی‌توانی تامی بکا ، بۆی دەر ئەکەوێت کە هەژاران هەمیشە حەزیان لەو جۆرە خواردنانەیە ، بەڵام لەبەر نەبوونیی دەستیان نایان‌گاتیّ .. بەمە سۆز و بەزەیی بەرامبەر بە دەست‌کورتان لە دڵی‌دا سەوز ئەبیّ و ، دڵی بەوە خۆش ئەبیّ کە خێر و بەخشینی رەمەزان پاداشتی زۆرە ، بە تایبەت ئەگەر کەسێك خواردن بە رۆژووەوانێك پێشکەش بکات و رۆژووەکەی پیّ بکاتەوە ، ئەوا ئەوەندەی رۆژوو گرەکە پاداشت بۆ خێرۆمەندەکە ئەنووسریّ ..

دووهەمیش زەکاتی سەر فیترە ، دڵ گوشادیی و سەخاوەت و خۆش‌ویستنی موسڵمان لە دڵ‌دا دروست ئەکات و ، موسڵمانان هەر هەموویان پێکەوە جەژن ئەکەن و کەس لە خۆشیی جەژن بیّ‌بەش نابیّ .. هەتا پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر جار ئامۆژگاریی موسڵمانانی ئەکرد کە با دەستی هەژاران بگرن و لە جەژن‌دا کەس موحتاج نەبیّ ، کە ئەی فەرموو : ((أغنوهم عن السؤال في هذا اليوم)) .

سیّهەمیش جەژن کە ئەهات خێر و خۆشیی و سۆز و بەزەیی و بەرەکەتی لەگەڵ‌دا ئەهات .. وەك جەژنەکانی ئێستا نەبوو کە هەر کەسە هەوڵ ئەدا گران ترین جل و بەرگ بۆ منداڵەکانی خۆی بکڕێت و ، ئاوڕ لە هیچ هەژارێك نەداتەوە .. رەوشتی پێغەمبەری خوا ﷺ وەها بوو کە لە نوێژی جەژن ئەبوویەوە وتاری بۆ موسڵمانان ئەدا .. قیامەتی وەبیر ئەهێنانەوە .. سەختیی دۆزەخی بۆ باس ئەکردن .. خۆشیی و نیعمەتی بەهەشتی ئەخستە بەر چاویان .. بۆ ئەمە گەورە و بچووك ، پیاو و ئافرەتی موسڵمانان دەستیان بە بەخشین ئەکرد .. هەتا ئافرەتان، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی بەسەریان‌دا ئەدا تا خێر و صەدەقە بکەن ، بۆ دەست‌گرۆیی هەژارە موسڵمانەکان ، بەوپەڕی رەزامەندی‌یەوە هەڵمەتیان ئەدا گوارەکانیان لە گویّ‌یان دائەماڵیی و ملوانکەکانیان لە ملیان دائەکەند و ، ئەیان‌دایە دەست بیلال کە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا بوو ، تا کۆ بکرێتەوە و پاشان ببەخشرێتەوە ..

بوخاریی بە سەنەدی خۆی ، لە صەحیحەکەیدا ، لە ئیبن عەبباسەوە ریوایەتی کردووە کە وتوویە : ((أنَّ النَّبيَّ ﷺ صلّى يومَ الفطرِ ركعتينِ لم يُصلِّ قبلَها ولا بعدَها، ثم أتى النســاءَ ومعهُ بلالٌ فأمَرَهُنَّ بالصدَقة ، فجَعلن يُلقينَ : تُلقي المرأةُ خرصــها ، وسخابَها)) .

(٥) فەرزبوونی زەکات :

هەروەها لە ساڵی دووهەمی کۆچییدا خوای گەورە زەکاتی لەسەر موسڵمانان فەرز کرد ، کە روکنێکی گرنگی ئیسلامە . ئەمــە دوای مــانگی رەمــەزان رووی داوە ، چونکە فەرزبوونی زەکات دوای زەکاتی فیطر بــووە و ، زەکــاتی فیطــریــش دوای فەرزبوونی رۆژووی رەمەزان بووە . بەڵگەی ئەمەش ئەو فەرموودەیەیــە کــە ئیمامــان : ئەحمەد و ، ئیبن خوزەیمە و ، نەسسائیی و ، ئــیبن ماجــە و ، حــاکم لــە قەیسی کوڕی سەعدی کوڕی عوبــادەوە گێڕاویانەتــەوە کــە وتوویــە : بــەر لــەوەی زەکات فەرز ببێ ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی بەســەرماندا دا کــە صــەدەقەی فیطر دەربکەین ، پاشان زەکات فەرز کرا ، ئێمە صەدەقەی فیطرمــان دەر ئــەکرد و، ئەویش نە فەرمانی پێ ئەداین و نە قەدەغەی ئەکردین .. ئیبن حەجەر وتوویە :
((إسناده صحيح)) (فتح الباري : ٣ / ٢٠٧) .

بەڵێ ، فەرزبوونی زەکات بە قورئان و سوننەت و ئیجماع چەسپاوە .. هــاوەڵان لەسەر کوشتاری زەکات نەدەر یەكدەنگ بوون .

بوخاریی و موسلیم و غەیری ئەوانیش لە ئەبوهورەیرەوە ریوایەتیان کردووە کــە وتوویــە : کــاتێ پێغەمبــەری خــوا ﷺ کۆچــی دوایــی کــرد و ، ئەبوبــەکر بــووە کاربەدەست و ، ئەو عەرەبانەی کە کافر بووبوونــەوە پاشــگەز بوونــەوە ، عــومــەر فەرمووی : چۆن کوشتاری ئەو خەڵکە ئەکەیت لە کاتێكدا کــە پێغەمبــەری خــوا ﷺ فەرموویە : ((أُمرتُ أن أُقاتلَ الناسَ حتى يَقولوا : لا إلهَ إلا الله ، فمَن قالها فَقــد عَصَمَ منِّي مالَه ونفسَه إلا بحَقِّه وحسابُه على الله)) ؟

ئەبوبەکر فەرمووی : بەخوا کوشتاری ئەوانە ئەکەم کە نوێژ و زەکات لێك جیــا ئەکەنەوە ، چونکە زەکات مافی سامانە . بەخوا ئەگەر گیسکێك یــان پــەتێکیان دابێ بە پێغەمبەری خوا ﷺ و ئێستە لە منی بگرنەوە ، لەســەر ئــەوە ئەچــم بــە گژیاندا .. عومەر ئەفەرموێ : بەخوا هەر ئەوەندە بوو بۆم دەرکــەوت کــە خــوای

گەورە دڵی ئەبوبەکری خستۆتە سەر ئەو رایە کە (لەگەڵ پاشگەزبووەکاندا) بجەنگێت . ئیتر زانیم ئەوە حەق و راستی‌یە ..

پاشان قورئانی پیرۆز بە حەکیمانە دیاریی کرد کە زەکات بە کێ بدرێت .. هەشت تاقمەی دیاریی کرد تا موسڵمانان زەکاتی خۆیان بخەنە مشتیانەوە :

﴿ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡعَٰمِلِينَ عَلَيۡهَا وَٱلۡمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمۡ وَفِي ٱلرِّقَابِ وَٱلۡغَٰرِمِينَ وَفِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِۖ فَرِيضَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ﴾ (التوبة : ٦٠) .

ئەوەبوو خەلیفە عومەر لە سەردەمی خەلافەتی خۆی‌دا ، کە موسڵمانان بەهێز بوون ، بەشی ئەوانەی بڕیی کە بۆ دڵدانەوەیان تا دژایەتیی ئیسلام نەکەن ، بۆیان دیاریی کرابوو ، چونکە ئیتر ئیسلام پێویستیی بە دڵ ڕاگیرکردنی ئەوانە نەمابوو .. جا جومهووری فەقیهەکان لەسەر ئەوەن کە ئەو بەشە کۆتایی پێ هاتووە ، بەڵام هەندێك رایان وایە کە هەر کاتێ موسڵمانان لەو قۆناغەدا بوون پێویستە بەشی ئەو جۆرانە دیاریی بکەن .

ئەم دەستوورە جوانەی ئیسلام لەو چەرخە دوورەدا جێی سەرنجە .. بە راستیی خوای گەورە دینێکی پاك و بێ‌گەردی پێشکەش بە موسڵمانان کردووە ، تا تێکرای مرۆڤ لە سایەی‌دا بحەسێنەوە . بە تایبەتیی فەرزکردنی زەکات کە لەو رۆژەدا بەشێکی زۆری دانیشتوانی دوورگەی عەرەبیی ، بگرە سەرتاسەری جیهان هەژار و دەست کورت بوون و بە زەکات‌دان هەژار و دەست‌کورتان ئەبووژانەوە و ، هەستیان بە سۆز ئەکرد .. سۆزی پەروەردگار و ، پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ و ، خوشك و برای ئیمان‌داری دەوڵەمەندیان .. هەستیان ئەکرد دینی تازە بۆ راستیی و یەکسانیی و دادپەروەریی هاتووە .. مافی مرۆڤ لە سایەی‌دا مسۆگەرە ..

کە پێغەمبەری خوا ﷺ موعاذی بە کاربەدەست نارد بۆ یەمەن پێی‌فەرموو : ((أخبرهم أن الله فرض عليهم صدقة تؤخذ من أغنيائهم ، وترد إلى فقرائهم)) . رواه البخاري .. فەرمووی : پێیان رابگەیەنە کە خوای گەورە زەکاتی لەسەریان فەرز کردووە ، تا لە دەوڵەمەندەکانیان وەربگیرێت و بدرێتەوە بە هەژارەکانیان ..

ئەمڕۆش مرۆڤێکی زۆر برسیی و ئاتاج لەسەر زەوی‌دا بە کوڵەمەرگیی ئەژین و ، دەوڵەمەندەکانیش پارە و پووڵیان لە ژمارە نایەت و بە هیچ جۆرێك بنی

نایەت ، کەچیی جگە لەو دەوڵەمەندە ئیماندارانەی کە چاوەڕوانی پاداشتی قیامەتن ، هیچ کەس ئاوڕ لە هەژارێك ناداتەوە .. خۆ ئەگەر بە پێی شەریعەتی ئیسلام زەکات بدرێت ، ئەوا نە هەژاریی .. نە برسێتیی .. نە ئاتاجیی .. نە نەخۆشیی .. نە نەخوێندەواریی لەسەر زەویی‌دا نامێنێ .. چونکە هەژاریی کۆسپێکی گەورەیە لە ڕێی چارەسەریی نەخۆشیی‌دا .. بگرە هەژاریی کانگای بڵاوبوونەوەی نەخۆشی‌یە ، هەروەك خەڵکێکی زۆریش لەبەر دەستکورتیی و گوزەرانی تاڵ توانای خوێندنیان نیە ..

(٦) غەزای ئەبواء یان وەددان :

ئەم غەزایە یەکەم غەزای پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی بوو ، کە لە مانگی صەفەری ساڵی دووهەمی کۆچیی‌دا ، بەرامبەر بە مانگی ئابی ساڵی (٦٢٣) ی زاینیی‌دا رووی دا .. ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ حەفتا لە هاوەڵانی لە مەدینە دەرچوون و سەعدی کوڕی عوبادەی سەرۆکی خەزرەجی کردە جێنشینی خۆی لەسەر مەدینە .. بۆ ئەوە دەرچوون هەتا رێ لە کاروانێکی قورەیش بگرن .. رۆیشتن هەتا گەیشتنە وەددان ، [٣٢٦] ئەبینن کاروانەکە لە دەستیان دەرچووە .. ئالاّی ئەو سوپایە سپیی بوو و ، حەمزەی شێری خوا هەڵی گرتبوو .

لەم غەزایەدا پێغەمبەری خوا ﷺ پەیمانی دۆستایەتیی لەگەڵ مەخشیی کوڕی عەمری ضەمریی‌دا بەست ، کە لە سەردەمی خۆی‌دا سەرۆکی نەوەی ضەمرە بوو .. پەیمانی لەگەڵدا بەستن تا لە خۆیان و سامانیان بێخەم بن و ، هەرکەس بێتە سەریان موسڵمانان لەسەریان ئەکەنەوە و ، پێویستە ئەوانیش بێن بە هانای موسڵمانەکانەوە .. ئەم پەیمانە یەکەم پەیمان بوو دوای پەیمانەکەی نێوان موسڵمانان و جوولەکەی مەدینە و، سەرکەوتنێکی باشیشی بۆ موسڵمانان بە دەست هێنا .. ئەمەش دەقی ئەو پەیمانەیە :

((هذا كتاب من محمد رسول الله لبني ضمرة ، فإنهم آمنون على أموالهم وأنفسهم ، وإن لهم النصرَ على من رامهم ، إلا أن يحاربوا دين الله ، ما بلَّ بحرٌ صوفة ، وإن النبي إذا دعاهم لنصره أجابوه)) .

بۆ ئەم غەزایە موسڵمانەکان پانزە شەویان پێ چوو ..

---

[٣٢٦] وەددان : شوێنێکە لە نێوان مەککە و مەدینەدا و بیست و نۆ میل لە (رابوغ) ە وە دوورە . ئەبواء یش لە نزیکی ئەودایە .

(٧) **غەزای (بواط) :**

پێغەمبەر و هاوەڵان لە مەدینەدا بوون هەتا مانگی رەبیعی یەکەمی ساڵی دووهەمی کۆچیی ، بەرامبەر بە مانگی ئەیلوولی ساڵی (٦٢٣).ی زاینیی . ئەوەبوو بەرگوێیان کەوت کە کاروانێکی قورەیش لە شامەوە گەڕاوەتەوە و، ئومەییەی کوڕی خەلەف و، صەد پیاوی قورەیش و، دوو هەزار و پێنج صەد وشتری بەبارەوە لەگەڵدان . بۆ ئەمە پێغەمبەری خوا ﷺ بە خۆی و دووصەد هاوەڵیەوە لە مەدینە دەرچوون و ، سەعدی کوڕی موعاذی سەرۆکی ئەوسیشی کردە جێنشینی خۆی لەسەر مەدینە و ، ئاڵای ئەم سوپایەش ئاڵایەکی سپیی بوو و، درابوویە دەست سەعدی کوڕی ئەبووەققاص .. بە پەلە رۆیشتن هەتا گەیشتنە (بواط) ، کە چیایەکە لە زنجیرە چیاکانی جوهەینە و لە نزیك (ینبع) دایە ، بەڵام ئومەییە بیستبووی کە موسڵمانەکان نیازیانە رێی پێ بگرن ، بۆیە بە پەلە لە کاروانەکە خوڕیی و لە دەستی موسڵمانەکان دەربازی کرد ..

(٨) **غەزای عوشەیرە :**

لە مانگی جومادی یەکەم و دووهەمی ساڵی دووهەمی کۆچییدا ، بەرامبەر بە مانگی تەشرینی دووهەم و کانوونی یەکەمی ساڵی (٦٢٣) ی زاینیی دەنگ و باس گەیشتە پێغەمبەری خوا ﷺ کە قورەیش گەورەترین کاروانیان خستۆتە رێ و، چیی ماڵ و سامانیان هەیە هەر هەموویان لەگەڵ ئەم کاروانەدا رەوانە کردووە و ، ئەبوسفیانی کوڕی حەربیش کاربەدەستی ئەم کاروانەیە و بیست و ئەوەندە پیاوی قورەیشییشی لەگەڵ دایە و ، بەرەو شام کەوتوونەتە رێ ..

بە گەیشتنی ئەم هەواڵە پێغەمبەری خوا لەگەڵ صەد و پەنجا ، هەندێکیش ئەڵێن : دووصەد هاوەڵی موهاجیردا لە مەدینە دەرچوون و ، زۆریشی لە کەس نەکرد بۆ دەرچوون. ئەم سوپایە سیی وشتریان پێ بوو کە بە نۆرە سواریان ئەبوون..

لەم غەزایەدا پێغەمبەری خوا ﷺ کاروباری مەدینەی بە دەست ئەبوسەلەمەی کوڕی عەبدولئەسەدی مەخزوومیی سپارد و ، ئاڵای سوپاکەشی دایە دەست حەمزەی مامی . هەروا بە نهێنیی رۆیشتن ، کە بە شەودا ئەرۆیشتن و ، بە رۆژدا خۆیان حەشار ئەدا هەتا گەیشتنە عوشەیرە ، کە شوێنێکە لەلای (ینبع)ەوە . کە گەیشتن دییان وا کاروانەکەیان لە دەست دەرچووە ، چونکە قورەیش وریا بووبوونەوە و سیخوڕیان بەو ناوەدا بڵاو کردبوویەوە .

شایانی باسە کە هەر ئەم کاروانە بوو لەو سەرەوە لە شامەوە گەڕایەوە و موسڵمانەکان ڕێیان پێ گرت و ، بووە هۆی بەرپابوونی جەنگی بەدری گەورە ..

لە کاتی گەڕانەوەیدا پێغەمبەری خوا ﷺ هەر بەو شێوەی کە پەیمانی دۆستایەتیی لەگەڵ نەوەی ضەمرەدا بەست ، پەیمانی دۆستایەتییشی لەگەڵ نەوەی مەدلەج و هاوپەیمانەکانیاندا بەست . بەمە هۆزێکی تری سەرەڕێی کاروانەکانی قوڕەیشی کردە دۆستی ئیسلام و موسڵمانەکان ، بۆ ئەوەی ئەم هۆزانە نەبنە پشت گیری قوڕەیش .

(٩) غەزای بەدری یەکەم (غەزای سەفوان) :

کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە غەزای عوشەیرە گەڕایەوە ، دوای چەند شەوێك کوزری کوڕی جابیری فیهریی بە خۆی و چەند چەکدارێکی بت پەرستەوە هێرشیان کردە سەر سەرح کە لەوەڕگای مەدینە بوو ، تا ئەوەی کە دەستی ئەیگاتێ لە مەڕومالآت بە تالآن بیبات . کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمەی بیست بە خۆی و حەفتا کەس لە هاوەڵانەوە کەوتنە سەریان ، دوای ئەوەی کە زەیدی کوڕی حاریثەی خزمەتگوزاری کردە جێنشینی خۆی لەسەر مەدینە و ، ئاڵایەکی سپییشی دایە دەست ئیمام عەلیی . ئەوەبوو ڕۆیشتن هەتا گەیشتنە سەفوان لە ناوچەی بەدر ، بەڵام کورز ڕای کردبوو و ئەمان فریای نەکەوتن .

پێغەمبەری خوا ﷺ بەم کردەوەیەی سەلماندی کە موسڵمانان خاوەنی هێزێکی ئەوتۆن کە ناهێڵن هیچ کەس دەستدرێژیيان بکاتە سەر و ، ئەوەی بیر لە دژایەتییان بکاتەوە لە دەستیان دەرباز نابێت .

لە (الرحيق المختوم) دا وەها هاتووە کە ئەم غەزایە لە مانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی دووهەمی کۆچییدا ، بەرامبەر بە مانگی ئەیلوولی ساڵی (٦٢٣) ی زاینیی ، ڕووی دابێ ..

(١٠) سریەی عەبدوڵڵای کوڕی جەحش (نەخلە) :

لە مانگی ڕەجەبی ساڵی دووهەمی کۆچییدا ، بەرامبەر بە ساڵی (٦٢٤) ی زاینیی ، پێغەمبەری خوا ﷺ هەشت یان حەوت لە هاوەڵانی[٣٢٧] بە سەرکردایەتیی

---

[٣٢٧] کە ئەمانە بوون : ئەبوحوذەیفەی کوڕی عوتبە و ، عوکاشەی کوڕی میحصەن و ، عوتبەی کوڕی غەزوان و ، سەعدی کوڕی ئەبووەققاص و ، عامیری کوڕی ڕەبیعە و ، واقیدی کوڕی عەبدوڵڵای تەمیمیی و ، خالیدی کوڕی بوکەیر و ، سوهەیلی کوڕی بەیضای فیهریی

عەبدوڵڵای کوڕی جەحشی ئەسەدیی ڕەوانە کرد و ، نامەیەکی داخراوی دایە دەست عەبدوڵڵا و پێی فەرموو :

((لا تفتحه إلا بعد يومين ، فإذا فتحته فامضِ لما أمرتك به ، ولا تستكره أحداً من أصحابك)) . پێی فەرموو : دوای ئەوەی کە دوو ڕۆژ ڕێت بڕیی ئەوسا نامەکە بخوێنەرەوە . کە خوێندتەوە بچۆ بە دەم ئەو کارەوە کە فەرمانم داوە بە سەرت دا ، بەڵام هیچ یەکێ لە هاوەڵانت ناچار مەکە .

کە ماوەی دوو ڕۆژ ڕێ ڕۆیشتن نامەکەی خوێندەوە ، ئەبینێ تیایا نووسراوە :

((إذا نظرت في كتابي هذا فامض حتى تنزل نخلة بين مكة والطائف ، فترصَّد بها قريشاً و تعلَّم لَنا مِن أخبارهم)) .

فەرمووبووی : کە ئەم نامەیەمت خوێندەوە ئەوا تا نەخلەی نێوان مەککە و طائیف بڕۆ و ، چاودێریی کاروانی قوڕەیش بکە و هەواڵیان بۆمان بزانە ..

کە نامەکەی خوێندەوە وتی ((سمعاً و طاعة)) . هەواڵیشی بە هاوەڵانی دا کە نامەکە چیی تێدا نووسرابوو و ، پێیشی وتن کە لەوە قەدەغەی کردووە ئەوان ناچاری ڕۆیشتن بکا . جا هەرکەس شەهیدیی ئەوێ و حەزی لێیەتی ئەوا با بکەوێتە ڕێ و ، کێش پێی ناخۆشە با بگەڕێتەوە . وا من خۆم بە دوای فەرمانی پێغەمبەری خوادا ﷺ ئەڕۆم .. هاوەڵانی هەر هەموو بە ویستی خۆیان کەوتنە گەڵی و هیچ کەسیان دوانەکەوت .[٣٢٨]

ئەو شوێنە یەکجار لە مەدینەوە دوور بوو ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە دانیشتوانی مەککە ئەیانزانیی موسڵمانەکان لە ڕێگرتن لە کاروانەکانیان یەکجار چالاکن ، ئەوا خۆیان زۆر لێیان ئەپاراست و ، هەوڵیان ئەدا موسڵمانەکان هەواڵی هات و چۆیان نەزانن ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو شوێنە دوورەی هەڵ بژارد ، تا هەر چۆن بووە قوڕەیش نەتوانن کاریان لەو بشارنەوە . لە هەمووی گرنگتر ئەو نەخشە جوانە بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ هاوەڵەکانی کێشا کە بە هیچ کامیانی نەفەرمووە بۆ کوێ ئەچن ، بەڵکو فەرمووی دوو ڕۆژ ڕێ ببڕن ئەوسا نامەکەی هەڵ بپچڕن و بیخوێننەوە ، تا بە هیچ شێوەیەك گەشتەکەیان ئاشکرا نەبێ و بە

---

[٣٢٨] لە (الرحيق المختوم) دا هاتووە کە عەبدوڵڵا سەرکردەی دوانزە هاوەڵی موهاجیر بووە و ، هەر دوانیان بە رە سواری وشترێك بوون .

قورەیش نەگاتەوە کۆمەڵێکی حەوت هەشت کەسیی گەیشتوونەتە ناوچەی (نەخلە) ی نێوان مەککە و طائیف و ، هەڵمەتیان بۆ ببات و لەو شوێنە دوورەدا بیان کوژێت ..

دەستە موسڵمانەکە رۆیشتن هەتا گەیشتنە شوێنێك کە پێی ئەوترا ((بەحران)) لەوێ سەعدی کوڕی ئەبووەققاص و عوتبەی کوڕی غەزوان وشترەکەی خۆیان کە بە نۆرە سواری ئەبوون لێ ون بوو و ، بە هۆی گەڕان بە دوایدا بەجێ مان و ، ئەوانی تر لەسەر رەوتی خۆیان بەردەوام بوون هەتا گەیشتنە نەخلە . ئەوەبوو لەو کاتەدا کاروانێکی قورەیش بە کەلوپەل و بازرگانیيەوە تێپەڕی کرد کە عەمری کوڕی حەضرەمیی و ، عوثمان و نەوفەلی کوڕانی عەبدوڵلای کوڕی موغیرە و ، حەکەمی کوڕی کەیسانی خزمەتگوزاری نەوەی موغیرەی لەگەڵدا بوون . کە قورەیشیيەکان چاویان بە موسڵمانەکان کەوت و ، لە نزیکیانا باریان خستبوو ، ترسان .. بەڵام کە عوکاشە لێیان نزیك کەوتەوە و سەریشی تاشیی بوو ، ترسیان نەما و وتیان : بۆ عەمرە هاتوون و مەترسیيان لێ ناکرێ ..

موسڵمانەکان کەوتنە تەگبیر و راوێژ ، چونکە لە دوارۆژی مانگی رەجەبدا بوون ،[٣٢٩] وتیان : بەخوا ئەگەر ئەمشەو وازیان لێ بهێنن ئەچنە ناو حەرەمەوە و، خۆیان لە دەستتان پێی رزگار ئەکەن . ئەگەر بیشیان کوژن ئەوا لە مانگی حەرام دا کوشتووتانن .

موسڵمانەکان دوودڵ مان و نەشیان ئەوێرا دەستیان بۆ بەرن ، پاشان غیرەتیان خستە بەر خۆیان و رایان هاتە سەر ئەوە کە بیانکوژن و چيیان پێیە لێیان بستێنن . ئەوەبوو واقیدی کوڕی عەبدوڵلای تەمیمیی تیرێکی گرتە عەمری کوڕی حەضرەمیی و کوشتی و، عوثمان و حەکەمیان بە دیل گرتن و ، نەوفەل لە دەستیان دەرباز بوو .. پاشان کاروانەکەیان دایە بەر و ، بە دوو دیلەکەوە گەڕانەوە مەدینە و هاتنە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ .. ئەمە یەکەم کەسێك بوو کە بە دەستی موسڵمانەکان بکوژرێت و ، یەکەم جاریش بوو کە موسڵمانان لە کافران دیل بگرن .

---

[٣٢٩] ئەمشەو کە گەیشتمە سەر ئەم باسە شەوی بیست و نۆیەمی مانگی رەجەبی ساڵی ١٤٢٤ ی کۆچیی بوو ، بەرامبەر بە شەوی بیست و پێنجەمی مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٣ ی زایینیی .. هەر ئەمشەویش ئاگاداری ئەو باسە بووم و ئەو بەروارەم لەوە و پێش نەئەزانی .

که پێغەمبەری خوا ﷺ زانیی لە مانگی لە ڕەجەبدا کوشتاریان کردووە ، فەرمووی : ((ما أمرتكم بقتال في الشهر الحرام)) . فەرمووی : فەرمانم پێتان نەداوە لە مانگی حەرامدا کوشتار بکەن . کاروانەکەش و دیلەکانیشی ڕاگرتن و ، هیچی لێیان گل نەدایەوە .. پیاوانی سریەکە گیریان خوارد .. وەهایان زانیی کە تیا چوون .. موسڵمانەکانیش کەوتنە بۆڵە و لۆمەکردنیان کەوا کارێکی چاکیان نەکردووە . لە هەمان کاتدا بتپەرستەکان هەلیان دەست کەوت تا موسڵمانەکان تاوانبار بکەن و ، تانەیان لێ بدەن و بڵێن : موحەممەد و هاوەڵانی حورمەتی مانگەکانی حەرامیان شکاندووە و ، خوێنیان ڕێژاوە و ، دەستیان بە سەر ماڵ و ساماندا گرتووە و ، پیاویان بە دیل گرتووە .. لە هەمووی خراپتر جوولەکە و مونافیقەکانی مەدینە پاگاندەیان ئەکرد و ئاگری ئاژاوەیان خۆش ئەکرد ..

لەم هەڵوێستە ناسکەدا پێغەمبەر و موسڵمانەکان ئەژیان .. نەفامان و جوولەکە و مونافیقان خەریك بوو ئەم ڕووداوە بکەنە تاوان بۆ موسڵمانان و ، خۆیان و بانگەوازەکەیان بشکێنن .. ئا لەم کاتەدا سۆزی بەلێشاوی پەروەردگار جوولاً و جیبریلی ئەمینی ڕەوانە کرد تا وەحی بۆ ئازیز بهێنێ .. تا خەم و خەفەتی دڵەکانیان بڕەوێتەوە و، ڕەزامەندیی خوا لەم کارەدا دەر بخات و ، ئەم کارەی کۆمەڵە موسڵمانەکە بە چاك لە قەڵەم بدات ، چونکە کافران تاوانی گەورەتریان ئەنجام داوە و ، موسڵمانان ناچار بوون دەست لە قوڕەیش بووەشێنن ، چونکە ساڵەهای ساڵە قوڕەیش ئاڵای دژایەتیی قورئانی هەڵ گرتووە و بە هیچ شێوەیەك دەست بەرداری موسڵمانەکان نابێت ، چ لە مەککەدا و چ لە مەدینەدا و ناهێڵێ لە مزگەوتی حەرامدا خواپەرستیی ئەنجام بدەن .. قوڕەیش یەکجار تاوان بارە ، چونکە دژی ڕێبازی خوا وەستاوە و ، موسڵمانانی بەبێ تاوان لە پەنای کەعبەدا دەرپەڕاندووە و ، هەوڵیشی داوە لە دین پەشیمانیان بکاتەوە . بە بۆنەی ئەم تاوانە گەورانەوە قوڕەیش بە ستەمکار لە قەڵەم ئەدرێ و خوای گەورە چاوپۆشیی لە موسڵمانە ناچارەکان ئەکات کە لە مانگی حەرامدا کوشتاریان کردووە :

﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ ۖ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَكُفْرٌۢ بِهِۦ وَٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِۦ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ ٱللَّهِ ۚ وَٱلْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ

ٱلْقَتْلِ ۗ وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ ٱسْتَطَٰعُوا۟ ۚ وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُو۟لَٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢١٧﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱلَّذِينَ هَاجَرُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أُو۟لَٰٓئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ ٱللَّهِ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾

(البقرة : ٢١٧ ـ ٢١٨) .

بەم شێوەیە قورئانی پیرۆز گلەیی و لۆمەی لەسەر ئەو کۆمەڵە ئیمانداره لا برد ، کە لەوپەڕی جوامێریی و ئازایەتیی‌دا دەستیان بە دینەکەیانەوە گرتبوو و ، بەوپەڕی غیرەتەوە فەرمانی ئازیزیان بەجێ هێنا بوو و گەیشتبوونە ئەو شوێنە دوورە و لەوێ ترس و لەرزیان ئەخستە دڵی دوژمنەوە .

بە هاتنە خوارەوەی قورئانی پیرۆز خەم و خەفەت لەسەر دڵی پێغەمبەر و هاوەڵانی و کۆمەڵە هێرش بەرەکە رەوییەوە . ئیتر پێغەمبەری خوا ﷺ کاروانەکە و دیلەکانی گل دانەوە و ، قورەیشیش فیدیەی بۆ بەردانی دوو دیلەکە نارد ، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((لا نفديكموها حتى يقدم صاحبانا ــ يريد سعداً وعتبة ــ فإنا نخشاكم عليهما ، فإن قتلتموهما نقتل صاحبيكم)) . فەرمووی : هەتا سەعد و عوتبە نەگەڕێنەوە فیدیەتان لێ وەرناگرین ، چونکە ئەترسین بیان کوژن . خۆ ئەگەر ئێوە ئەوانتان کوشت ، ئەوا ئێمەش ئەم دوو دیلەتان ئەکوژینەوە ..

ئەوەبوو سەعد و عوتبە بە هۆی ونبوونی وشترەکەیانەوە لە هاوەڵانیان بڕ بووبوون و دواش کەوتبوون .. کە سەعد و عوتبە بە سەلامەتیی گەیشتنەوە مەدینە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فیدیەی بۆ جووتە دیلەکە وەرگرت و ، ئازادی کردن ، هەروەها خوێنی کوژراوەکەشی دا بە کەس‌وکاری .

یەکێك لەو جووتە دیلە کە حەکەمی کوڕی کەیسان بوو ، کە بەر درا هەر لە مەدینە مایەوە و ، بە چاکیی موسڵمان بوو ، تا ئەوەبوو لەگەڵ شەهیدانی بیری مەعوونە ئەویش بە شەهیدیی سەری نایەوە ، وەك لە دواوە بە درێژە باسی دێت.. ئەوی تریشیان کە عوثمانی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی موغیرە بوو ، گەڕایەوە و لەوێ بە کافریی سەری نایەوە ..[٣٣٠]

[٣٣٠] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ٢ / ١٠٣ ـ ١٢٢ ، والرحيق المختوم : ٢٠١ ـ ٢٠٦ .

بەشی بیست و سێهەم
غـەزای بـەدری گـەورە

پێغەمبەری خوا ﷺ و موسڵمانەکان چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەو کاروانە گەورەی قوڕەیش بوون کە لە غـەزای عوشـەیرەدا لـە دەسـتیان دەرچـوو و ، ئەبوسـوفیان سەرکردەی بوو و ، بریتیی بـوو لـە بـاری هـەزار وشـتر ، کـە زۆربـەی سـامانی قوڕەیشی تێدا بوو .. چاوەڕوان بوون لە شامـەوە بگەڕێتەوە و رێـی پـێ بگـرن و ، زیانێکی گەورە لە قوڕەیشی دوژمـن بدەن ، کە هەمیشە بۆ هەل ئەگەڕا تا دەسـت لە موسـڵمانەکان بووەشـێنێ .. بـۆ ئـەوە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دوو پیـاوی لـە هاوەڵانی ، کە طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵلا و سەعیدی کوڕی زەید بـوون ، نـارد بـۆ حەوراء لەسەر دەریای سوور ، کە یەکێ بوو لەو وێسـتگانەی کاروانـەکانی نێـوان شام و حیجاز تیایا ئەوەستان و ، هەر ئەبوا لـەوێوە تێپـەڕ بکـەن .. نـاردنی تـا هەواڵی کاروانەکەی بۆ وەربگـرن .. ئـەوانیش بـە ژیرانـە توانی‌یـان دڵـی هـۆزی جوهەینە نەرم بکەن و ، لەو نـاوەدا هـەواڵ وەربگـرن کـە چ کاتێـك کاروانەکـەی ئەبوسوفیان لە شام دەرچووە . ئیتر گەڕانەوە خزمەت پێغەمبەر و هەواڵیان دایە . ئەشلێن لەوێ مانەتەوە هەتا کاروانەکەی قوڕەیش بە لایـاندا تـێ ئەپـەڕێت و ، ئەوسا ئەوانیش ئەگەڕێنەوە مەدینە و هەواڵەکە بە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەیەنن .

هەروەها وتوویانە کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ چـاوەڕوانیی گەڕانـەوەی جووتـە نێرراوەکەی نەکردووە ، بەڵکو بڕیاری داوە لە مەدینەوە بەرەو رێی شـام و حیجـاز بکەوێتە رێ ، نەوەکو کاروانەکە ، وەك لەو سەرەوە لـە دەسـتیان دەرچـوو ، لـەم سەریشەوە لە دەستیان دەرچێ ، بە تایبەت کە سامانی ئەو کاروانە بە پەنجا هەزار دیناری زێڕ مەزەندە ئەکرا ..

پێغەمبەری خوا ﷺ هاوەڵانی ئاگادار کرد کە نیازی وەهایە بکەوێتە رێ و هەر هاوەڵێکیش ویستی لێیە با دەرچێت ، بەڵام بەبێ ناچارکردن . ئەوەبوو فەرمووی : ((هذه عير قريش ، فاخرجوا إليها لعل الله أن ينفلكموها)) . فەرمووی : ئەوە کاروانەکەی قورەیشە ، رێی پێ بگرن ، بەڵکو خوای گەورە دەستتانی بخات .

هەندێك لە هاوەڵان سووك و ئاسان خۆیان ئامادە کرد و ، هەندێکیش بە ئاسایی گوێیان نەدایە و ، وەها بیریان ئەکردەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ نیازی جەنگی نیە ، بە تایبەت کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی دا هەر کەس ولاغەکەی ئامادەیە با لەگەڵیانا بکەوێتە رێ ، کە فەرمووی : ((من كان ظهره حاضراً فليركب معنا)) . ئیتر چاوەڕوانی ئەوانەی نەکرد کە ولاغەکەیان ئامادە نەبوو .

ئەوەبوو کە کەوتنە رێ سێ یان هەشت شەوی رەمەزان تێپەڕی بوون .. ژمارەی موسڵمانە بەشدارەکانی غەزای بەدریش ئەگەیشتە سێ‌صەد و سیانزە کەس کە دووصەد و چل و ئەوەندەیان لە ئەنصار و ، ئەوانی تریان لە موهاجیرین بوون .[٣٣١]

لەم پیاوانە تەنها عوثمانی کوڕی عەففان دوا کەوت و لە مەدینە مایەوە ، ئەویش بە فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ تا چارەسەریی هاوسەرەکەی ، روقیەی کچی پێغەمبەر ، بکات کە نەخۆشی‌یەکەی لەسەری کۆی گرتبوو .

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ عەبدوڵڵای کوڕی ئوم مەکتوومی ، کە هاوەڵێکی پایەداری مەککە بوو و ، چاویشی نابینا بوون ، لە مەدینە بەجێ هێشت تا پێش

---

[٣٣١] لە کتێبی (غزوة بدر الكبرى) ی مامۆستا محمد أحمد باشمیل‌دا وا هاتووە کە ژمارەی سوپای مەدینە سێ‌صەد و حەڤدە پیاو بووە ، کە دوو صەد و سیی و یەکیان ئەنصار و موهاجیرەکانیش هەشتا و شەش بوون ، ئەنصاریش صەد و حەفتایان لە خەزرەج و شەصت و یەکیان لە ئەوس بوون . موهاجیرەکانیش تەنها چل و یەك پیاویان قورەیشیی بوون : لە نەوەی هاشم سیان و ، لە نەوەی موطەللیب چوار و ، لە عەبد شەمس پیاوێك و ، لە نەوەی عەبدولعوززا پیاوێك و ، لە نەوەی عەبدوددار دوان و ، لە نەوەی زوهەرە سیان و ، لە نەوەی تەیم پیاوێك و ، لە نەوەی مەخزووم سیان و ، لە نەوەی عەدیی چوار و ، لە نەوەی جومەح پێنج و ، لە نەوەی سەهم پیاوێك و ، لە نەوەی عامیر پێنج و ، لە نەوەی حاریثیش شەش پیاو . ئیتر ئەوانی تر هاوپەیمان و بەندەکانیان بوون . مامۆستا محمد فتح الله گولەنیش لە (مجموعة الأدعية المأثورة) دا ناوی بەشداربووانی غەزای بەدری گەورەی یەك بە یەك هێناوە ، بەڵام لای ئەو ژمارەی سەربازان سێ صەد و هەژدە پیاوە ، کە هەشتا و حەوتیان کۆچ کردووی مەککەن و ، دووصەد و سیی و یەکیشیان لە ئەنصارن ، کە حەفتا و یەکیان لە ئەوس و صەد و شەصتیشیان لە خەزرەجن . (سەیری کتێبی ((القلوب الضارعة)) ص٢٣٦ بکە) .

نوێژیی بۆ خەڵکەکە بکات و ، کاتێکیش گەیشتنە ڕەوحاء ئەبولوبابەی لەوێوە گێڕایەوە و کردیەیە ئەمیری قوباء و عالیە .

کە سوپای ئیسلام لە مەدینە دەرچوو پێغەمبەری خوا ﷺ ئالآی فەرماندەی گشتیی دایە دەست موصعەبی کوڕی عومەیری قوڕەیشیی ، کە ئالآیەکی سپیی بوو . هەروەها لەسەر بنەمای هۆزایەتیی سوپای کردە دوو کەتیبەوە کەتیبەی موهاجیرین کە ئالآکەی دایە دەست عەلیی کوڕی ئەبوطالیب و ، کەتیبەی ئەنصاریش کە ئالآکەی دایە دەست سەعدی کوڕی موعاذ و ، سەرکردایەتیی گشتیی سوپاش لە دەستی خۆیدا بوو بە شێوەی فەرماندەی بالآی سوپا .. ئەم دوو ئالآیەش ڕەش بوون . هەروەها فەرماندەیی دەستە ڕاستی سوپای دایە دەست زوبەیری کوڕی عەووام و ، هی دەستە چەپیشی دایە دەست میقدادی کوڕی عەمری کیندیی کە میقدادی کوڕی ئەسوەدیشی پێ ئەوترێت ، کە تەنها ئەم دوانە ئەسپ سوار بوون لە سوپای مەدینەدا . هەروەها فەرماندەیی پاشکۆی سوپای دایە دەست قەیسی کوڕی ئەبوصەعصەعە .

شایانی باسە کە سوپای مەدینە لەگەڵ ئەو دوو ئەسپەدا تەنها حەفتا وشتریشیان پێ بوو ، کە هەر سێ چوار پیاو بە نۆرە سواری یەکێ لەو وشترانە ئەبوون ..

جا پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ ئیمام عەلیی و ئەبولوبابەدا وشترێکیان هەبوو ، کاتێك کە ئەبولوبابە گەڕایەوە بۆ مەدینە مورثیدی کوڕی ئەبومورثید هاتە جێگەی . پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ ئەم دوو هاوەڵەیدا ئەوپەڕی عەدالەت و بەزەیی بە کار هێنا .. ئەوەبوو کە نۆرەی هات بە پێ بچێ بەڕێوە هەردوو هاوەڵەکە ئامادەیی‌یان دەربڕیی کە با ئەو بە پێ نەچێ بەڕێوە و ئەوان بەشە سواری‌یەکەی خۆیان ئەبەخشن بەو .. دیارە ئەو سەفەرە دوور و درێژ بووە و ، هاوەڵانیش نە خۆراك و نە پێلاوی چاکیان پێ نەبووە .

کەچیی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((ما أنتما بأقوى مني ، ولا أنا بأغنى عن الأجر منكما)) . فەرمووی : ئێوەش وەك من پێویستتان بە حەسانەوە و پشوودان هەیە و ، منیش وەك ئێوە پێویستم بە ئەجر و پاداشت هەیە .. هەروەها ئەبوبەکر و عومەر و عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف بە نۆرە سواری وشترێك ئەبوون و ، حەمزە و زەیدی کوڕی حاریثە و ئەبوکەبشە و ئەنەسەش وشترێك ..

سوپای ئیمان سوپایەکی بچکۆلە بوو ، بەلاّم خاوەنی ورە و هێزێکی مەزن بوو .. مەلائیکەتەکان لەوپەڕی شادمانیی‌دا بوون کاتێ کە ئالأی سوپای تەوحیدیان ئەدیی و ئەشۆکایەوە ، چونکە دەمێك بوو سەرزەویی سوپای تەوحیدی تیا نەبوو ..

ئەم سوپا بەڕێز و نییەت پاکە کەوتە ڕێ تا ئەوەبوو گەیشتە قەراغی مەدینە و ، لەوێ جەم بوو و ، پێغەمبەر ﷺ سەربازەکانی بەسەر کردنەوە تا بزانێ کێی لەگەلاّ هاتووە .. هەر لەوێ ئەوانەی گێڕایە دواوە کە منداڵ بوون و بەرگەی جەنگیان نەئەگرت ، وەك بەرائی کوڕی عازیب و ، عەبدوڵلاّی کوڕی عومەر . لە صەحیحی بوخارییدا لە بەرائەوە هاتووە کە وتوویە : من و ئیبن عومەر لە ڕۆژی بەدردا بە بچووك لە قەڵەم دراین . ڕۆژی بەدر موهاجیرەکان شەصت و ئەوەندە ئەبوون و ، ئەنصاریش دووصەد و چل و ئەوەندە ئەبوون . (صحيح البخاري ــ كتاب المغازي ــ باب عدة أصحاب بدر) .

هەروەها لە بەرائەوە گێڕراوەتەوە کە وتوویە : هاوەڵانی بەدر ئەوەندەی ژمارەی سوپاکەی طالووت بوون دوای پەڕینەوەیان لە ڕووبارەکە ، سێ صەد و ئەوەندە ئەبوون .

بۆ وشەی (بضعة عشر) وتراوە : سیانزەن و ، وتراویشە : چواردەن و ، وتراویشە پانزەن .

جا با بە جوانیی سەرنجی هەڵوێستەکە بدەین :

موسڵمانەکان ساڵەهای ساڵ بوو بەبێ تاوان قوڕەیشیە ملهوڕەکان سزا و ئازاریان ئەدان هەتا لە دینی ئیسلام پەشیمانیان بکەنەوە . ئەوانیش کە نووری قورئانیان پێ گەیشتبوو و ، لە هیچ و پووچیی عەقیدەی شیرك شارەزا بوو بوون ، مردنیان لەلا ئاسایی بوو نەك لە خواناسیی پاشگەز ببنەوە ، تا ئەوەبوو سەرەنجام لە دەست قوڕەیش خۆیان دەرباز ئەکرد ، جارێ بەرەو حەبەشە و جارێکیش بەرەو یەثریب و ، ماڵ و سامان و گوزەرانیان کەوتە دەست ستەمکاران . قوڕەیش هێشتا بەوەیشەوە نەئەوەستا . پێی خۆش بوو لە مەدینەشدا جێ بە خواناسان لێژ بکات . بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ هەستی بە مەترسیی قوڕەیش ئەکرد و ، وای بە چاك ئەزانیی ساتێك لێی بێخەم نەبن ، چونکە قوڕەیش وا لە حاڵەتی جەنگ و دژایەتییدا ..

جا دەست گرتنی موسڵمانەکان بەسەر کاروانێکی وەها دەوڵەمەنددا کارێکی یەکجار گونجاو بوو بۆ موسڵمانەکان ، تا گورزێکی سەربازیی و سیاسیی و ئابووریی جەرگ بڕ لە قورەیش بدەن و ، تۆڵەی موسڵمانە چەوساوەکانیان لێ بکەنەوە .. چونکە ئەگەر موسڵمانەکان ئەو سامانەیان دەست گیر ببێ پشتی قورەیشی پێ ئەشکێ .

کەواتە مەدینە مافی خۆیەتی هەوڵ بدات دەست بەسەر ئەو سامانە یەکجار زۆرەدا - بۆ ئەو رۆژە - بگرێت و ، دوژمنەکەی پێ بێنێ بە چۆکدا ، چونکە وەك وتمان قورەیش و موسڵمانەکان وان لە حاڵەتی جەنگدا و ، خاوەنانی ئەم سامانەشن وا بڕیاری جەنگ و هەرایان داوە و ، هەر ئەوانیشن دەستیان بەسەر ماڵ و سامانی موسڵمانە کۆچ کردووەکاندا گرتووە ..

هەر کەسێ لەسەر ماڵ و حاڵی دەرنەکرابێ و ، ماڵ و سامانی لەلایەن دوژمنەکەیەوە داگیر نەکرابێ و ، موحتاج و ئاتاج بە شار و دێهاتاندا نەسووڕابێتەوە ، نازانێ چ ئێشێك بە دڵی ئەو هاوەڵە بێتاوانانە گەیشتووە .

کەواتە مافی خۆیان بوو موسڵمانەکان هەوڵ بدەن دەست بەسەر سامانی دوژمنی جەنگاوەردا بگرن . بەڵام هەندێ لە خۆرهەڵات ناسان و نۆکەرەکانیان ئەم هەڵمەتەیان بە پێچەوانەوە لێك داوەتەوە ، هەروەك قورەیش مافی خۆی بێ ئەو هەموو سزا و ئازارەی موسڵمانەکان بدات ، بەڵام ئەمان تاوان بێ دەستێکی لێ بووەشێنن .

جارێکیان سەربازێکی ئینگلیزیی ، لەوانەی کە هێرشیان کردبووە سەر ئەفریقیا بۆ کوشتنی دانیشتوانی و ، داگیرکردنی وڵاتەکەیان و ، تاڵانکردنی خێر و بێری ، باسی بۆ هاوڕێیەکی خۆی ئەکرد و ئەیوت : ئەو ئەفریقیانە بەخوا وەحشیین ، وەحشیی . برادەرەکەی وتی : چۆن ؟! وتی : کاتێك کە خەریك بووم بە تفەنگ ئەم کوشت ، ئەو گازێکی لێ گرتم !!

مامۆستا ئەبولحەسەنی نەدەوییش لە (السيرة النبوية : ٢١٤) دا پەراوێزێکی جوانی بۆ هۆی ئەو هەڵمەتە نووسیوە ..

مامۆستا دەری بڕیوە کە بە وردبوونەوە دەرئەکەوێ ئەو کاروانە بازرگانیی یەی کە لە مەککەوە بەرەو شام رۆیشتووە ، خۆ ئامادەکردن بووە بۆ هێرش کردنە سەر مەدینە ، چونکە ئەوە سەلماوە کە هەموو دانیشتوانی مەککە بەشداریی

ڕەوانەکردن و بەرێ خستنی ئەم کاروانەی هەبووە ، تا قوڕەیش بتوانێ هێرش بکاتە سەر مەدینە . هەتا ئافرەتانیش بە سامانی خۆیان بەشداریی بەرێ خستنی ئەم کاروانەیان کردووە و ، وەك لە پێشەوە باس کراوە نرخی باری ئەم کاروانە پەنجا هەزار دیناری زێڕ بووە و ، مەبەستیش لەم سامانە زۆرە هێرش‌کردنە سەر مەدینە بووە .

لە (دلائل النبوة) ی بەیهەقیی و لە (الطبقات) ی ئیبن سەعددا ئەوە هاتووە کە کاروانەکە هەزار وشتر بووە و ، هەر قورەیشی‌یەکیش ئۆقیەیەك زیاتر سامانی بووبێ لەگەڵ ئەبوسوفیان‌دا ناردوویەتی .

مامۆستا دەریشی بڕیوە کە بە دەلیلی عەقلیی سەلماوە کە ئەو کاروانە چەکێکی جەنگیی زۆری پێ بووە کە لە شامەوە هێناویانە ، چونکە مەککە و حیجاز توانای دروست‌کردنی چەکی جەنگیان نەبووە . جا ئەم چەکەیان بۆ ئەوە ویستووە دژی موسڵمانەکانی مەدینە بەکاری بهێنن .

جا کەواتە زۆر پێویست بوو موسڵمانەکان بەر لەم هەڵمەتە بگرن و ، بە هەر شێوەیەك بووە نیازی قوڕەیش پووچەڵ بکەنەوە ، ئیتر نەیان ئەزانی ، لەسەر نییەتی پاك و خاوێن و ئیخلاصی دڵیان ، خوای گەورە لەوە چاکتریشی بۆ ئامادە کردوون !!

کە سوپای ئیسلام کەوتە ڕێ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی دا زەنگ لە ملی وشترەکان بکەنەوە ، تا دەنگی سوپا نەیەت و ، دوژمن پێیان نەزانێت . هەروەها بۆ وریایی و ئاگاداریی پێغەمبەری خوا ﷺ پیاوانی خۆی خستە پێش سوپاوە تا بە هەموو لایەك‌دا بڕۆن و ، دەنگ و باسی دوژمنانی بۆ کۆ بکەنەوە .

کە سوپا لە شار دەرچوو ڕێی ئاسایی نێوان مەککە و مەدینەی گرتە بەر هەتا گەیشتە بیری ڕەوحاء . کە لەوێ دەرچوو ڕێی مەککەی خستە لای دەستە چەپی خۆی و، بە ڕاست‌دا شکاندی بەسەر (نازیە) دا . هەتا گەیشتە دۆڵێك کە پێی ئەوترا ڕەحقان ، کە ئەکەوێتە نێوان نازیە و دەربەندی صەفراء . پاشان بە دەربەندەکەدا تێپەڕیی تا نزیکی صەفراء کەوتەوە .. لەوێ بەسبەسی کوڕی عەمری جوهەنیی و عەدیی کوڕی ئەبوززەعبای جوهەنیی بەرەو بەدر ناردن تا هەواڵی کاروانەکەی ئەبوسوفیانی بۆ بزانن .

ئەبوسوفیانیش وەك مرۆڤێکی دونیادیدە وخاوەن تاقییکاریی ، زۆر بە وردیی هەنگاوی هەڵ ئەگرت .. ئەترسا موسڵمانەکان ڕێی پێ بگرن و ، کاروانەکەی لێ بسێنن ، بۆیە بە چاکیی هەواڵی ڕێی وەرئەگرت .. پرسیاری لە ڕێبواران ئەکرد .. ئەوەبوو هەواڵی ئەوەی وەرگرت کە موحەممەد ﷺ سوپای پێکەوە ناوە و ، لە مەدینە دەرچووە بە نیازی دەست بەسەرا گرتنی کاروانەکەی ئەو . ئەبوسوفیان سیی چل پیاوی قوڕەیشیی لەگەڵدا بوون بۆ پاسەوانیی کاروانەکەی ، دیارە ئەم ژمارەیەش توانای بەرگریی نیە لەو کاروانە کە ئەگەر سوپای مەدینە ڕێیان پێ بگرێ ، بۆیە وای بە چاك زانیی قوڕەیش ئاگادار بکات لەم هەڵویستە پڕمەترسییە ..

ئەوەبوو ضەمضەمی کوڕی عەمری غیفاریی بە کرێ گرت ، تا بە پەلە خۆی بگەیەنێتە مەککە و ، هاوار بەرێتە بەردەم قوڕەیش ، کە ئەگەر فریای کاروانەکەتان نەکەون ، چیی سامانتان هەیە بە تالاًن ئەبرێ و ، سوپای مەدینەش بەو چار ناکرێ ..

ضەمضەم بە پەلە خۆی گەیاندە مەککە و ، دوای ئەوەی کە هەردوو گوێ و لووتی وشترەکەی بڕیی بوو و ، کورتانەکەی بەرو دوا کردبوو و ، کراسەکەی خۆی چاك چاك کردبوو ، لە ناوجەرگەی شێوەکەدا بەسەر وشترەکەیەوە وەستا بوو و ، بە دەنگی بەرز هاواری ئەکردە قوڕەیش : ئەی کۆمەڵی قوڕەیش ! ئەو کاروانەی کە بازرگانییەکەتانی پێیە .. ئەو کاروانەی کە بازرگانییەکەتانی پێیە .. ئەو ماڵ و سامانەتان کە وا لەگەڵ ئەبوسوفیاندا موحەممەد و هاوەڵانی ڕێیان پێ گرتووە و ، وا نابینم بیگەنێ .. هەی هاوار ! هەی هاوار !

هەر کە ئەبوجەهل ئەمەی بیست ، هاواری کردە خەڵکەکە و ، خۆی گەیاندە لای کەعبە تا خەڵکەکە جەم بکا و ، سوپایەکی بەهێز دروست بکات .. ئەبوجەهل پیاوێکی سووك و سۆڵ و گورج و گۆڵ بوو ، قوڕەیشیش ، چونکە ماڵ و سامانی هەموویان لەگەڵ کاروانەکەدا بوو ، پێویستییان بەوە نەبوو کەسێك هەڵیان بنێ ، خێرا دەنگ و باسەکە وەك بروسکە گەیشتە هەموو ماڵێك و ، خەڵکەکە بە پەلە خۆیان پێچایەوە و ئەیانوت : موحەممەد و هاوەڵانی وا ئەزانن وەك کاروانەکەی کوڕی حەضرەمیی لێ دەرئەچێت ؟ بەخوا تێ ئەگا کە بەو شێوە نابێت .

خەڵکەکە بوون بە دوو بەشەوە : یان کابرا خۆی چەکی هەڵ ئـەگرت و ئەکەوتـە رێ ، یان کەسێکی لە بریی خۆیدا ئەنارد .. بەمە قورەیش هەمووی کەوتە رێ و، لە ناو پیاوماقووڵاندا ، جگە لە ئەبولەهەبی کوڕی عەبدولموطەللیب ، هیچ کـەس دوا نەکەوت ، ئەوەبوو ئەویش عاصی کوڕی هیشامی کـوڕی مـوغیرەی بـە چـوار هەزار دیرهەم ، کە قەرزاری بوو ، بە کرێ گرت . عاص خـاڵۆی عومـەری کـوڕی خەططاب بوو و لەو جەنگەدا بە دەستی عومەری خوشکەزای کوژرا .. ئومەییـەی کوڕی خەلەفیش ، کە پیاوێکی پیری کەتەی لاشە قـورس بـوو ، خـەریك بـوو دوا بکەوێ و بەشداریی نەکات ، چونکە ئەوەبوو سـەعدی کـوڕی موعـاذ دوای کـۆچ کردنی هاوەڵان بۆ بەجێهێنانی عومرە سەردانی مەککەی کردبـوو .. جـا سـەعد دۆستی ئومەییە بوو و ، پێی گەیاند بوو کە لە پێغەمبـەری خـوای ﷺ بیسـتووە فەرموویەتی بە دەستی موسڵمانەکان ئەکوژرێت . پرسیی : لە مەککەدا ؟ سـەعد وتی : نازانم . جا کە سوپا جەمکردن هاتە کایەوە ئومەییە ئـەوەی هاتـەوە یـاد و ترسێکی زۆر چووە دڵیەوە .

بەڵام کە خوای گەورە ویستی لە ئەنجامدانـی کارێـك هـەبوو ، ئـەوا هـۆی بـۆ ئەرەخسێنێ و ، هیچ هێزێکیش نـاتوانێ تـەفرەی بـدات .. کـە ئەبوجـەهل ئـەو هەواڵەی زانیی لەگەڵ عوقبەی کوڕی ئەبوموعیطدا بە پەلە خۆیان گەیانـدە لای . عوقبە بخوردانێکی پڕ لە بخور و ، ئەبوجەهلیش کلدانێکیان بە دەستەوە گرتبوو . عوقبە بخوردانەکەی خستە بەردەمی و وتی : ئەبوعـەلیی ! تـۆ وەك ژنـان وەهایـت بخور دابگیرسێنە و ، ئەبوجەهلیش وتـی : ئەبوعـەلیی ! چـاوت بـە کـل بڕێـژە ، چونکە تۆ ئافرەتی . ئومەییە چاری نەما و بەم توانجانە غیرەتی جووڵا ، بەڵام پێی وتن : چاكترین وشتری مەککەم بۆ بکڕن .. ئەوەبوو لەگەڵیان کەوتـە رێ ، بـەڵام نیازی وەها بوو دوای ماوەیەك خۆی بدزێتەوە و بگەڕێتەوە ، بەڵام ئەجـەل هـەڵی پێچا و بەرەو مەرگ کەوتە رێ .

بەم شێوەیە لە مەککەدا هیچ پیاوێك کە توانای جەنگی بووبێ دوا نەکـەوت ، جگە لە نەوەی عەدیی کە تاقە پیاوێکیان بەشداریی جەنگیان نەکرد ..

لە لایەکی ترەوە قورەیش لەگەڵ نـەوەی بـەکری کـوڕی عەبـد مـەناتی کـوڕی کینانە ناکۆك بوون ، بۆیە ئەترسان ئەگـەر ئـەمان سـوپا بـەرەو بـەدر بنێـرن بـۆ بەگژداچوونی موسڵمانەکان ، نەوەی بەکر هێرش بکەنە سەریان و ، تۆڵەی جـەنگ

و خوێنی سەردەمی نەفامی‌یان لێ بکەنەوە ، هەتا خەریك بوو لە هەڵمەت بردن بۆ سەر موسڵمانەکان سارد ببنەوە ، ئەگەر سوراقەی کوڕی مالیکی جوعشومی مەدلەجیی ـ کە یەکێك لە پیاوماقووڵانی نەوەی کینانە بووە ـ نەهاتایەتە لایان کە پێی وتن : من لە پشتی ئێوەم و ناهێڵم کینانە لە دواوە هیچ خراپەیەکتان بەرامبەر بکات . بەمە ترسیان نەما و کەوتنە ڕێ .

ئیتر ئەوەبوو بە فیز و دەمارێکەوە کەوتنە ڕێ ، قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی بۆ ئەو هەڵوێستە کردووە :

﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ خَرَجُوا۟ مِن دِيَـٰرِهِم بَطَرًا وَرِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ ﴿٤٧﴾ وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَـٰنُ أَعْمَـٰلَهُمْ وَقَالَ لَا غَالِبَ لَكُمُ ٱلْيَوْمَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَإِنِّى جَارٌ لَّكُمْ ۖ فَلَمَّا تَرَآءَتِ ٱلْفِئَتَانِ نَكَصَ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ وَقَالَ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّنكُمْ إِنِّىٓ أَرَىٰ مَا لَا تَرَوْنَ إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ ۚ وَٱللَّهُ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴾ (الأنفال : ٤٧ ـ ٤٨) .

ئەڵێن : ئیبلیس لە شێوەی سوراقەدا هاتۆتە لای قوڕەیش و ، بەڵێنی پێ داون کە خەمی نەوەی بەکریان نەبێت و خۆی لە پشتیانە و ، لەگەڵیان کەوتۆتە ڕێ ، هەتا جەنگ ڕوو ئەدات و ، مەلائیکە دێنە کۆمەکیی ئیمان‌داران شەیتان پشت هەڵ ئەکا و ، هەڵ دێت ، وەك لە ئایەتەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە .

ژمارەی جەنگاوەرانی سوپای بت پەرستان نۆصەد و پەنجا پیاو بووە ،[٣٣٢] کە صەد ئەسپ و حەوت‌صەد وشتریان پێ بووە و ،[٣٣٣] بە نۆرە سواریان ئەبوون و ، لە بەر دەمیانەوە کەنیزەکی گۆرانی‌بێژ ئەڕۆیشتن و ، دژی موسڵمانان گۆرانییان بۆ ئەوتن .. کە بەڕێوە ئەچوون ئەوپەڕی فیز و دەماریان ئەنواند ، تا ئەوەبوو بەو دەردە چوون کە تا ئاخرزەمان هەر باس بکرێن .

---

[٣٣٢] سەرەتا سوپای بت پەرستان بریتیی بوو لە هەزار و سێ‌صەد جەنگاوەر کە ئەوەبوو لە ڕێدا هەندێك جەنگاوەر گەڕانەوە ، وەك لە دواوە باسی دێت .

[٣٣٣] ئەو ژمارەی سەرەوە لە ل١٢٧ ی بەرگی دووەهەمی (السيرة النبوية) ی دکتۆر (أبوشهبة) دا هاتووە ، بەلام مامۆستا باشمیل لە (بەدر) دا ل١٣٢ شەست ئەسپ و شەش صەد قەڵغان و کۆمەڵە وشترێکی زۆر کە ژمارەیان بە تەواویی نەزانراوە ، باس کردووە .

ماوەتەوە بزانین کێ مەسرەفی ئەم هەمووە جەنگاوەرە ئەکێشێ ؟ لە راستییدا نۆ پیاوی گەورە و ناوداریان نان و مەسرەفی ئەم سوپایەیان گرتبووە ئەستۆ ، کە ئەمانەن :

١ ـ ئەبوجەهلی کوڕی هیشام ، کە ئەوەبوو کاتێك لە مەککە دەرچوون دە سەر وشتری بۆیان سەر بڕیی .

٢ ـ ئومەییەی کوڕی خەلەف ، کە لە عوسفان نۆ سەری بۆ سەر بڕین .

٣ ـ سوهەیلی کوڕی عەمر ، کە لە قودەید دە سەری بۆ سەر بڕین .

٤ ـ شەیبەی کوڕی رەبیعە ، کە لەسەر رۆخی دەریا لە نزیك قودەیددا نۆ سەری بۆ سەر بڕین .

٥ ـ عوتبەی کوڕی رەبیعە ، کە لە جوحفە دە سەری بۆ سەر بڕین .

٦ ، ٧ ـ نەبیه و مونەببیهی جووتە کوڕی حەججاج ، کە لە ئەبواءدا دە سەریان بۆ سەر بڕین .

٨ ـ عەبباسی کوڕی عەبدولموطەللیب ، کە لە نێوان ئەبواء و بەدردا دە سەری بۆ سەر بڕین .

٩ ـ ئەبولبوحتەریی کوڕی هیشام ، کە لە بەدردا دە سەری بۆ سەر بڕین ..

ئا لەم کاتەدا کە هەرچیی دەستی چەکی ئەگرت لە دانیشتوانی مەککە بەرەو بەدر کەوتبووە رێ ، تا کاروانە دەوڵەمەندەکەی ئەبوسوفیان رزگار بکەن ، ئەبوسوفیان بە وردیی و ئاگاداریی‌یەوە نەخشەی دەربازبوونی خۆی ئەکێشا ، نەوەکو پێش فریاکەوتنی سوپای مەککە تووشی کارەسات ببێ .. هەوڵی ئەدا زوو ئەو ناوچەیە ببڕێت و لە چنگی سوپای مەدینە رزگاری بێت .

ئەبوسوفیان خەریك بوو بە خۆی و کاروانەکەیەوە بکەوێتە دەست سوپای ئیسلام ، بەڵام بە پێی ئەو نەخشەیەی کە خوا بۆ ئیسلامی کێشابوو ، ئەبوسوفیان تووشی مەجدیی کوڕی عەمر بوو و ، دەربارەی سوپای موسڵمانان پرسیاری لێ کرد . ئەویش وتی : شتێکی ئەوتۆم نەدیوە ، بەڵام دوو سوارم دیتن کە لەسەر ئەو گردە خستیان ، دەستی راکێشا بۆ شوێنەکەیان .

ئەبوسوفیان بە پەلە خۆی گەیاندە شوێنی لادانی وشتری هەر دوو پیاوەکە و ، دەستی دایە چەند پشقلێکی وشترەکانیان ، کە سەرنجی دان ناوکە خورمای لە ناویاندا دیی ، بۆیە وتی : بەخوا ئەمە ئالیکی مەدینەیە . بەمە بۆی دەرکەوت

که ئەو دوو پیاوە لە هاوەڵانی پێغەمبەر بوون و ، بێگومان سوپاکەشی لە کاروانەکەوە نزیکە ، کە ئەم سات و ئەو ساتیەتی بکەوێتە دەستیان . بۆیە بە پەلە گەڕایەوە لای کاروانەکەی و ، شکاندی بە لای دەستە ڕاستدا و ، نزیکی ڕۆخی دەریای سوور کەوتەوە ، ئەویش بە وازهێنان لە ڕێی ئاسایی نێوان حیجاز و شام . بەم شێوەیە کاروانەکەی ڕزگار کرد ..

ئەبوسوفیان کە لە دەربازبوونی کاروانەکەی بێخەم بوو ، پێی خۆش بوو سوپای مەککە بگەڕێتە دواوە و ، خۆیان تووشی جەنگ و هەرا نەکەن . بۆیە بە شێوەی ئامۆژگاریی ، نامەیەکی بۆ ناردن . کە کاتێ گەیشتە دەست قورەیش گەیشبوونە جوحفە .. لە نامەکەدا پێی ڕاگەیاندن کە با بگەڕێنەوە دوا ، چونکە ئەوان بۆ یارمەتییدانی پاسەوانەکانی کاروانەکە و دەربازبوونی ماڵ و سامانەکەیان کەوتوونەتە ڕێ و ، وا خوا دەربازی کردوون ..

خەڵکێکی زۆر لەسەر ئەم ڕایە بوون ، کە مادەم کاروانەکە دەرباز بووە ئیتر پێویست بە جەنگ و هەرا ناکات . بەڵام کە ئەبوجەهل ئەمەی بیست ، هاواری کرد و نەڕاندی : بەخوا ناگەڕێینەوە تا ئەچینە بەدر و ، سێ شەو و ڕۆژ تیایا ئەمێنینەوە و ، وشتر سەر ئەبڕین و ، خۆراك ئەبەخشین و ، عەرەق ئەخۆینەوە و ، کەنیزەکە گۆرانیی بێژەکان گۆرانییمان بۆ ئەڵێن و ، عەرەبیش دەنگ و باسی خۆمان و ئەم ڕۆیشتنەمان ئەبیستن و، هەتا هەتایە لێمان ئەترسن .. بڕۆن ..

هاش و لووشی ئەبوجەهل لە ڕادەیەكدا بوو کە بە هیچ کەس ناچار نەئەکرا و ، ئامۆژگاریی لە کەس نەئەبیست . بۆیە ئەیویست دانیشتوانی سەرانسەری دوورگە لە دەنگ و باسی سوپاکەی ئاگادار بن و هەموو هۆزێك حیسابی تایبەتیی بۆ قورەیش بکات .

بەڵام ئەخنەسی کوڕی شەریقی ثەقەفیی ، کە هاوپەیمانی نەوەی زوهەرە و ، فەرماندەی هۆزەکەشیان بوو لەم هەڵمەتەدا ، ئەم ڕایەی ئەبوجەهلی بە دڵ نەبوو و، لە بەردەم سوپای قورەیشدا بە پێوە وەستا و ڕووی کردە نەوەی زوهەرە و دەستی بە وتار کرد و وتی :

ئەی نەوەی زوهەرە ! خوای گەورە سامانەکەتانی دەرباز کرد و ، مەخرەمەی کوڕی نەوفەلی خزمتانیشی ڕزگار کرد . جا ئێوە بۆ ڕزگارکردنی ئەو و سامانەکەتان کەوتبوونە ڕێ ، جا ترسنۆکیی ئەمە بخەنە ئەستۆی من و

بگەڕێنەوە، چونکە پێویست ناکات ئێوە بەبێ ئەوەی هیچتان لە کیس چووبێ دەرچن ، نەك ئەمەی کە ئەم پیاوە ئەیڵێ ، واتە ئەبوجەهل ..

ئەخنەس پیاوێکی ڕێزدار بوو لەناو نەوەی زوهەرەدا بۆیە تاقە پیاوێکیان بەشداریی جەنگی بەدریان نەکرد و ، هەر هەموو گەڕانەوە کە نزیکەی سێ‌صەد پیاو بوون .. هەروەها نەوەی عەدییش بەشدارییان نەکرد .

لە هەمان کاتدا طالیبی کوڕی ئەبوطالیب ، کە ئەو ڕۆژە لەگەڵ قوڕەیشدا بوو ، لەگەڵ پیاوێکی قوڕەیشیی‌دا وت و وێژێك لە نێوانیاندا ڕووی دا . کابرا وتی: بەخوا ئەی نەوەی هاشم ، هەرچەندە لەگەڵماندا هاتوون ، بەڵام زانیومانە کە دڵتان هەر لای موحەممەدە . بەمە طالیب هەلی بۆ هەڵ کەوت و لەگەڵ ئەوانەدا کە گەڕانەوە ، ئەویش گەڕایەوە مەککە و ، لەشکری زۆر و زەبەندەی قوڕەیشیش بەرەو بەدر کەوتنە ڕێ و ، ئەوەبوو لە دەشتێکی تەختدا لە پشت تەپۆڵکەیەکەوە ، لە (العدوة القصوى) باریان خست ..

لەولاوە پێغەمبەری خوا ﷺ و موسڵمانان بەرەو بەدر ئەهاتن و ، بە تەماش بوون کاروانەکەی ئەبوسوفیان لە ناوچەی بەدرەوە تێپەڕ بکات ، ئیتر نەیان ئەزانیی ئەبوسوفیان چۆن خۆی و کاروانەکەی دەرباز کردووە و ، نەشیان ئەزانیی کە قوڕەیش چ سوپایەکی ملهوڕی بەرەو بەدر خستۆتە ڕێ ، هەتا ئەوەبوو گەیشتنە دۆڵی (ذەفران) یان دۆڵی (ڕەوحاء) و ، لەوێ هەواڵیان پێ گەیشت ، کە کاروانەکە ڕزگاری بووە و ، سوپای مەککەش بەرەو ڕوویان دێت ..

قوڕەیش بە گاڵە و هاش و لووشەوە بەرەو بەدر ئەهاتن و ، موسڵمانەکانیش بە سەرباز و تفاقێکی کەمەوە هەواڵەکەیان بیست .. ئەوان بە تەمای بەرەنگاربوونەوەی کاروانەکە بوون ، کەچیی وا ئێستا سوپایەکی بەهێز بەرەو ڕوویان دێت .. تازە چاریان نیە ، مەگەر بچن بە پیریەوە و ، ئازایەتیی و غیرەتی سوپای بچکۆلەی ئیمانداران بۆ قوڕەیشیش و ، بۆ هەموو هۆزەکانی نێوان مەککە و مەدینە بسەلمێنن ، ئەگینا ماوەدان بە سوپای کوفر لەو ناوچانەدا خۆی ڕابووەشێنێ ، ئەوپەڕی پاگاندەیە بۆ هێز و دەسەڵاتی قوڕەیش و ، لە هەمان کات دا لاوازیی سوپای مەدینە ئەسەلمێت ، کە یەك دوو ساڵە موسڵمانەکان کۆچیان بۆ مەدینە کردووە ، خەریکە دەنگ و باسی ئازایەتیی و لێهاتنیان بڵاوە ئەکات .

ئەگەر موسڵمانەکان دەستێکی چاك لەو سوپا زلەی قورەیش نەوەشێنن ، ئەوا ، نەك هەر قورەیش ، بەڵکو هەموو هۆزەکان دەمسوور ئەبن و ، تەماعی داگیرکردنی مەدینە ئەیانگرێ ، ئەو کاتە دەربازبوونی موسڵمانەکان لە دەست ئەو هەمووە عەرەبە بت پەرستە تالاّن و بڕۆکەرە شتێکی موستەحیلە .

بە بۆنەی ئەم ئاڵ و گۆڕەوە پێغەمبەری خوا ﷺ گەورە پیاوانی سوپاکەی کۆ کردەوە و پێی فەرموون : ((أیها الناس ! إن الله وعدني إحدی الطائفتین أنها لکم : إما العیر ، وإما النفیر)) . فەرمووی : خەڵکینە ! خوا بەڵێنی یەکێ لەو دوانەی پێ داوم کە دەستتان ئەکەون : یان کاروانەکە ، یان سوپاکە . ئیتر ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ بۆی دەرکەوت کە هەندێکیان پێیان خۆشە کاروانەکەیان دەست بکەوێ و ، حەزیان لە بەگژاچوونی سوپاکە نیە . هەتا هەندێکیان وتیان : خۆزگە باسی کوشتارت بکردایە ، تا خۆمان ئامادە بکردایە . بەلاّم زۆربەی سوپا حەزی لە بەگژاچوونی سوپاکە بوو .. خوای گەورەش لە قورئاندا ئەمەی باس کردووە :

﴿ يُجَـٰدِلُونَكَ فِي ٱلۡحَقِّ بَعۡدَ مَا تَبَيَّنَ كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى ٱلۡمَوۡتِ وَهُمۡ يَنظُرُونَ ۝٦ وَإِذۡ يَعِدُكُمُ ٱللَّهُ إِحۡدَى ٱلطَّآئِفَتَيۡنِ أَنَّهَا لَكُمۡ وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيۡرَ ذَاتِ ٱلشَّوۡكَةِ تَكُونُ لَكُمۡ وَيُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُحِقَّ ٱلۡحَقَّ بِكَلِمَـٰتِهِۦ وَيَقۡطَعَ دَابِرَ ٱلۡكَـٰفِرِينَ ۝٧ لِيُحِقَّ ٱلۡحَقَّ وَيُبۡطِلَ ٱلۡبَـٰطِلَ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُجۡرِمُونَ ﴾ (الأنفال : ٧ ـ ٨) .

پێغەمبەری خوا ﷺ، هەر چەندە لە ئاسمانەوە وەحی بۆ ئەهات ، لەگەڵ ئەوەیش دا پێی خۆش بوو راوێژ بە هاوەڵانی بکات ، تا فەرمانی قورئان : ﴿ وشاورهم في الأمر ﴾ جێ بەجێ بکات .

ئەم راوێژکردنە تاقیکردنەوەی هاوەڵان بوو تا بەرزیی ئیمان و پتەویی عەقیدەیان دەر بکەوێت و ، بسەلمێت کە بە راستیی پیاوی ئەوەن ببنە هەڵگری سپاردەی ئاسمان و ، شیاوی ئەوەن ببنە پێشەوای مرۆڤ و هیدایەتی بدەن بۆ سەر راستە شەقام .

پێغەمبەری خوا ﷺ وای بە چاك زانیی دەربارەی جەنگ و کوشتار لەگەڵ هاوەڵاندا راوێژ بکات ، بۆیە کە باسەکەی لەگەڵیانا کرد ، ئەبوبەکری صددیق خوا لێی رازیی بێ هەستایەوە و ، بە چاکیی فەرمایشتی کرد و ، فارووقیش خوا

لێی رازیی بێ هەستایەوە و ، بە چاکیی فەرمایشتی کرد . پاشان میقدادی کوڕی ئەسوەد [٣٣٤] هەستا و وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! بەرەو ئەوەی کە خـوا پیشـانی داوی برۆ و ئێمەش واین لەگەڵتدا . بەخوا ئێمـە ئـەوەت پـێ نـاڵێین کـە بـەنی ئیسرائیلی‌یەکان بە مووسایان وت : برۆ خۆت و خواکەت کوشـتار بکـەن و ئێمـە لێرە دانیشتووین ، بەڵکو ئەڵێین : برۆ خۆت و خواکەت کوشتار بکەن و ، ئێمـەش لەگەڵتانا کوشتار ئەکەین . (لە ریوایەتەکەی بوخارییدا هـاتووە : بـەڵکو ئێمـە لەلای راست و لەلای چەپ و ، لە بەر و دواتدا کوشتار ئەکەین) . بەو خوایـەی کە تۆی بە حەق رەوانە کردووە ئەگەر بەرەو (برك الغماد) [٣٣٥] بـمانخەیـتـە رێ ، ئەوا هەتا ئەیگەیتێ ئێمە کۆمەکت ئەبین .

پێغەمبەری خوا ﷺ چاکی پێ فەرموو و دوعای خێریشی بۆ کرد .

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((أشيروا عليّ أيها الناس)) .

بەم فەرمایشتەی مەبەستی لە ئەنصار بوو ، چونکە کۆچ کەرانی مەککـە کـە شوێن و مەنزڵی خۆیان بەجێ هێشتبوو ، ئامادەی هـەموو شـتێك بـوون ، بـەڵام دانیشتوانی مەدینە کە شەوی عەقەبە بەیعەتیان پێ دا بەیعـەتی ئـەوەیان پـێ دا هەتا پێغەمبەری خوا ﷺ بە خۆی و هاوەڵانی‌یەوە لە ناویاندا بمێننەوە ، ئەوا وەك چۆن منداڵ و خێزانەکانیان ئەپارێزن ئەوانیش بپارێزن . ئیتر بەیعەتیان نەدابوو لـە دەرەوەی مەدینە جەنگ بکەن ..

بەڵێ ، بەم راوێژکردنە ویستی هەڵوێستی ئەنصـار بزانـێ .. ئـەوەبوو هـاوەڵی پایەدار و بـەغیرەت سـەعدی کـوڕی موعـاذ خـوا لێـی رازیـی بـێ هەسـتی بـە مەبەستەکەی ئازیز کـرد ، بۆیـە وتـی : بـەخوا ئـەی پێغەمبـەری خـوا ! ئـەڵێی مەبەستت لە ئێمەیە ؟ فەرمووی : بـەڵێ . وتی : ئێمە ئیمانـمان هێناوە پێت و ، تەصدیقمان کردووی و ، شاهێدییشمان داوە کە ئەوەی هێناوتە حەقـە و ، لەسـەر

---

[٣٣٤] میقدادی کوڕی عەمری کوڕی ئەعلەبەی کیندییە . باوکی ناوچەکەی خۆی بە جێ هێشـتبوو و گەیشتبووە حەضرەمەوت . لەوێ ژنی هێنا بوو و خوا میقدادی پێ بەخشیی بوون . کاتێ کە میقداد گەورە بوو لەگەڵ پیاوێك دا تێك چوون و شمشێرێکی لە پیاوەکە دابوو و بەرەو مەککە هەڵ هاتبوو و ، لەوێ بوو بووە هاوپەیمانی ئەسوەدی کوڕی عەبد یەغووثی زوهەریی و ، ئەویش میقدادی کردبووە کوڕی خۆی . کە ئیسلام یاسای بە کوڕکردنی بەتاڵ کردەوە ، بە میقدادی کوڕی عەمر بانگ ئەکرا .. میقداد هەر دوو کۆچەکەی کردوون و ، پیاوێکی ئازا و بەجەرگ بووە . ساڵی سیی و سێی کۆچیی کۆچی دوایی کردووە .

[٣٣٥] برك الغماد : شوێنێکە لە مەککەوە پێنج شەو رێگا بەرەو یەمەن دوورە .

ئەوەش پەیمان و بەڵێنمان پێ داوی کە گوێڕایەڵ و فەرمان بەردار ئەبین . جا تۆش هەر کارێکت بە دڵە هەنگاوی بۆ هەڵ بگرە و ، ئێمەش لەگەڵتداین .. بەو خوایەی کە حەقی پێدا رەوانە کردووی ، ئەگەر ئەم دەریامان پێ بگریتە بەر و لێی بدەی ئێمەش لەگەڵتدا لێی ئەدەین و تاقە پیاوێکیشمان لێت دوا ناکەوێ و، پێشمان ناخۆش نیە لەگەڵ دوژمنەکەماندا سبەینێ بەرامبەر بینەوە .. ئێمە لە جەنگدا خاوەنی ئارامین و ، بە راستییش ئەچینە مەیدان . جا بە پشتیوانیی خوا بکەوەرە رێ ، بەڵکو ئەوەی چاوتی پێ روون ئەبێتەوە خوا بۆتی بێنێتە پێش .

بەم وتە جوانانەی سەعد دەم و چاوی پێغەمبەری خوا ﷺ گەشایەوە و ، یەکجار دڵی شادمان بوو . پاشان مژدەی سەرکەوتنی بە موسڵمانان دا کە فەرمووی : ((سيروا وأبشروا ، فإن الله قد وعدني إحدى الطائفتين ، والله لكأني الآن أنظر إلى مصارع القوم)) .

فەرمووی : بکەونە رێ و مژدە بێت لێتان . خوای گەورە لەو دوانە بەڵێنی یەکێکیانی پێ داوم . بەخوا وەك ئەوە وەهایە هەر ئێستا تیاچوونی ئەو خەڵکە بە چاوی خۆم ببینم .

لە ریوایەتێکی تریشدا هاتووە : کە سەعدی کوڕی موعاذ بە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەڵێت : لەوە ئەچێ ترسی ئەوەت هەبێ کە ئەنصار ئەوە بەسەر خۆیانەوە بە حەق ببینن کە تەنها لە ماڵ و حاڵی خۆیاندا کۆمەکیی تۆ بکەن . جا من بە ناوی ئەنصارەوە ئەڵێم و ، بە ناوی ئەوانیشەوە وەڵام ئەدەمەوە : بۆ کوێ پێت خۆشە بار بکە .. لەگەڵ کێدا پێت خۆشە پەیوەندیی ببەستە .. پەیوەندیی کێت پێ خۆش نیە بیپچڕێنە .. لە ماڵ و سامانمان چەندت پێ خۆشە بۆ خۆت وەری بگرە و ، چەندیشت پێ خۆشە بیدە بە ئێمە . جا ئەوەی بۆ خۆت وەرت گرتووە بە لامانەوە خۆشەویستترە لەوەی کە بۆمانت هێشتۆتەوە .. هەر کارێکیش تۆ فەرمانی پێ بدەی ئەوا ئێمەش واین بە دوای فەرمانەکەی تۆوە . دە بەخوا ئەگەر بکەویتە رێ هەتا ئەگەیتە گۆمی غەمدان ئێمەش لەگەڵت دێین .. بەخوا ئەگەر فەرمانمان پێ بدەی بنیشینە مل ئەم دەریایە ، کە خۆت خستە ناویەوە ، ئێمەش لەگەڵتدا خۆمان ئەخەینە ناویەوە ..

پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵوێستی موهاجیر و ئەنصاری بۆ دەرکەوت و ، بۆی روون بوویەوە کە هەر دوو لا پیاوی مەیدانن و ، خوای گەورە بۆ ئەوەی پەروەردە

کـردوون دەورێکـی گـرنگ لـە مێـژووی مـرۆڤ دا ببیـنن ، چـونکە مرۆڤایـەتیی چاوەڕوانی رزگارکەرە و ، تەنها ئیسلامیش ئەو رزگارکەرەیە .. بۆیە پێویست بوو کۆمەڵێك بەوپەڕی لێبڕان و لێبووردنەوە دەست بە ئیسلامەوە بگرن و ، بە پاکیی پێشکەش بە مرۆڤایەتیی بکەن و ، بۆیشـی دەرکـەوت کـە ئـەمان جیـاوازن لـەو جوولەکانەی کە هەڵوێستێکی مەردانەیان لە خزمەت مووسـای پێغەمبـەریان‌دا ، سەلامی لێ بێ ، نەبوو و ، هەمیشە سەرشۆڕ و خەجاڵەت ئەبوون .

دوای ئەم راوێژە پێغەمبەری خوا ﷺ لە (ذەفران) ەوە کەوتە رێ هـەتا نزیـك بەدر کەوتەوە و لەوێ باری خست .

کە گەیشتنە بەرەوە پێغەمبەری خوا ﷺلەگەڵ ئەبوبەکردا خوا لێی رازیـی بـێ سواری وڵاغەکانیان بوون و بە جووتە کەوتنە رێ تا گەیشتنە لای ریش سـپی‌یەکی عەرەب کە ناوی سوفیانی کوڕی ضەمریی بوو . پێغەمبەر ﷺ دەربارەی قـوڕەیش و موحەممەد و هاوەڵانی پرسیاری لە ریش سپی‌یەکە کرد ، تا بزانـێ چ هـەواڵێکی لایە .

ریـش سـپی‌یەکە وتـی : هـەواڵتان نـادەمێ هـەتا پـێم نـەڵێن ئێـوە کـێن ؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((إذا أخبرتنا أخبرناك)) . فەرمووی : ئەگـەر تـۆ هەواڵمان بدەیتێ ئێمەش پێت ئەڵێین . وتی : ئەوە بەوە ؟ فەرمووی : بەڵێ .

پیاوەکە وتـی : پـێم گەیشـتووە کـە موحەممـەد و هـاوەڵانی لـە فلانـە رۆژدا کەوتوونەتە رێ .. جا ئەگەر ئەو کەسەی کە هەواڵی پێم داوە راستی وتبێ ، ئـەوا ئەمڕۆ وان لە فلانە شوێن‌دا ، بەو شوێنەی کە سوپاکەی پێغەمبەری خوای ﷺ لێ بوو . هەروەها پێم گەیشتووە کە قوڕەیش لـە فلانـە رۆژدا کەوتوونەتـە رێ . جـا ئەگەر ئەو کەسەی کە هەواڵی پێم داوە راستی وتبێ ، ئەوا ئـەمڕۆ وان لـە فلانـە شوێن دا ، بەو شوێنەی کە قوڕەیشی لێ بوو .

کە لێبوویەوە وتی : ئەی ئێوە کێن ؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((نحـن من ماء)) . واتە : ئێمە لە ئاو دروست بـووین . بـەڵام کـابرا وایئـەزانی خـەڵکی شوێنێکن کە ناوی (مـاء) ە . ئەوەبوو کە ئەوان رۆیشتن ریش سپی‌یەکە ئەیوت: (ما من ماء ؟) واتە خەڵکی چ (ماء) یك بن ؟ ئایا خەڵکی (مـاء) ی عێراق بن ؟

دوای ئەمە پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەبوبەکری هاوەڵی گەڕانەوە ناو سوپای هاوەڵان و ، کە ئێوارەی لێ هات سێ فەرماندەی موهاجیری هەڵ بژاردن ، کە عەلیی کوڕی ئەبوطالیب و ، زوبەیری کوڕی عەووام و ، سەعدی کوڕی ئەبووەققاص بوون و ، لەگەڵ چەند هاوەڵێکدا ناردنی بۆ سەر ئاوێکی بەدر تا دەنگ‌وباسی زیاتری قوڕەیش وەربگرن . ئەوەبوو تووشی کاروانە وشترێکی قوڕەیش بوون کە ئاویان بۆ قوڕەیش ئەبرد و ، دوو خزمەت‌گوزاریان لەگەڵدا بوو ، کە یەکێکیان هی نەوەی حەججاج و ، ئەوی تریشیان هی نەوەی عاصی کوڕی سەعید بوو . هەردووکیان گرتن و هێنانیانەوە و ، پێغەمبەری خواش ﷺ نوێژی بەجێ ئەهێنا . کە ئەیان‌پرسیی لە دوو خزمەت‌کارەکە : ئێوە کێن ؟ ئەیان‌وت : ئێمە ئاوکێشی قوڕەیشین و ، ئێمەیان ناردووە ئاویان بۆ ببەین . موسڵمانەکان ئەم هەواڵەیان بە دڵ نەبوو و پێیان خۆش بوو سەر بە ئەبوسوفیان بن ، بۆیە دەستیان بە لێدانیان ئەکرد و ، کە ئەوانیش ئازاریان پێ ئەگەیشت ، لە ترسی لێدان ئەیان وت : ئێمە لەگەڵ ئەبوسوفیانین ، ئیتر دەست بەرداریان ئەبوون . کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژەکەی بوویەوە فەرمووی : ((إذا صدقاكم ضربتموهما، وإذا كذباكم تركتموهما ، صدقا ـ والله ـ إنهما لقريش)) . فەرمووی : ئەگەر راستتان پێ بڵێن لێیان ئەدەن و ، گەر درۆشتان پێ بڵێن وازیان لێ دێنن . راست ئەکەن ، بە خوا لەگەڵ سوپای قوڕەیشن . پاشان بە دوو خزمەت‌گوزارەکەی فەرموو : ((أخبراني عن قريش)) . فەرمووی : دەربارەی قوڕەیش هەواڵم بدەنێ . وتیان : وان لە پشت ئەو گردۆڵکەوە کە لە (عدوة القصوى) دا دیارە . لێی پرسین : ((كم القوم ؟)) . فەرمووی : سوپای قوڕەیش چەند ئەبن؟ وتیان : زۆرن . فەرمووی: ((ما عدّهم ؟)) فەرمووی: چەند کەس ئەبن ؟ وتیان : نازانین . فەرمووی : ((كم ينحرون كل يوم ؟)) فەرمووی : هەموو رۆژێ چەند وشتر سەر ئەبڕن ؟ وتیان : رۆژێك نۆ و ، رۆژێکیش دە . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((القوم ما بين التسعمائة والألف)) . فەرمووی : قوڕەیش لە نێوان نۆصەد و هەزار کەسدان . دوای ئەوە لێی پرسین : ((فمن فيهم من أشراف قريش ؟)) . فەرمووی : لە پیاوماقوولانی قوڕەیش کێیان لەگەڵدایە ؟ ناوی عوتبەی کوڕی رەبیعە و ، شەیبە و ، ئەبوجەهل و ، ئومەییەی کوڕی خەلەف و ، سوهەیلی کوڕی عەمریان لەگەڵ چەند ناودارێکی تری قوڕەیش دا برد . پێغەمبەری خوا ﷺ رووی کردە هاوەڵانی و پێی فەرموون : ((هذه مكة

قد ألقت إليكم أفلاذ كبدها !)) . فەرمووی : ئەوەتا مەککە چیی پیاوی تیـا بـوو هەر هەمووی ناردۆتە بەردەمتان بۆ جەنگ ..

موسڵمانەکان ڕۆیشتن تا گەیشتنە (عدوة الـدنیا)[٣٣٦] ی دۆڵـی بـەدر و ، لـە شوێنێکی دوور لە ئاودا خستیان .. ئاویان لێ بڕا و تینوویان بوو . هەندێکیشیان لەش‌گران بوون و ، هەندێکیش بێ دەست نوێژ . لەم کاتەدا ئیبلیس هەلی بۆ هەڵ کەوت تا گومان و دوودڵیی بخاتە دڵی موسڵمانەکانەوە کە ئەمان بەم تینوویەتی‌یە بەرگەی کافران ناگرن ..

بەڵام خوای خاوەن سۆز ، دەرگای ڕەحمەتی خـۆی لـە موسـڵمانان خسـتە سـەر پشت و ، لە ئاسمانەوە بارانی ڕەحمەتیان بـۆ بـاریی .. ئـەوانیش تێـراو بـوون و ، دەست نوێژیان گرت و ، خۆیان شۆرد و ، دەفرەکانیان پڕ لە ئاو کرد و ، بارانەکـە بووە هۆی پتەوبوونەوەی خۆڵی سەر زەوی‌یەکە ، تا بەڕێوەچوونیان ئاسان بکـات . کەچیی هەر ئەو بارانە لە هەمان کات‌دا بووە غەزەب و سزا بۆ سـوپای قوڕەیشـی بت‌پەرست .. لەلای ئەوانەوە ئەوەندە باران باریی زەوی‌یەکە بووە قوڕێك کە نـەیان ئەتوانی هەنگاو هەڵگرن . ئەوەتا قورئانی پیرۆزیش ئەو کۆمـەکیی و یارمەتی‌یـە خوایی‌یە باس ئەکات کە ئەفەرموێ :

﴿ إِذۡ يُغَشِّيكُمُ ٱلنُّعَاسَ أَمَنَةٗ مِّنۡهُ وَيُنَزِّلُ عَلَيۡكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ لِّيُطَهِّرَكُم بِهِۦ وَيُذۡهِبَ عَنكُمۡ رِجۡزَ ٱلشَّيۡطَٰنِ وَلِيَرۡبِطَ عَلَىٰ قُلُوبِكُمۡ وَيُثَبِّتَ بِهِ ٱلۡأَقۡدَامَ ﴾ (الأنفال : ١١) .

ئایەتەکە نیعمەتێکی تری خوا بۆ موسڵمانان بـاس ئـەکات کـە ئـەوەبوو لـەو شەوەدا کە بۆ سبەینێ جەنگی بەدر ڕووی دا ، بە سۆزی خوای گەورە هەر سەر لـە ئێوارە خەوێکی قورس یەخەی بە موسڵمانان گرت و زوو خـەوتن و ، بـۆ بـەیانیی زوو سووك و وریا لە خەو هەستان ، کەچیی کافران تا شەوێکی درەنـگ خـەریکی گۆرانیی و سەما و عەرەق خواردنەوە بـوون و ، بـۆ سـبەینێ هـەموو خـەواڵوو و هیلاك بوون .

دوای ئەوە سوپا ڕۆیشت هەتا گەیشتە سەر نزیك‌ترین ئاوی بەدر .

---

[٣٣٦] (العدوة الدنیا) مەبەست ئەو لایەی دۆڵی بەدرە کە لە مەدینەوە نزیك بوو و ، (العدوة القصوی) ش ئەو لایەی کە لە مەدینەوە دوور بوو .

بەڵێ لە رۆژی شانزەهەمی رەمەزانی ساڵی دووهەمی کۆچییدا پێغەمبەری خوا ﷺ هەولی دا سوپای موسڵمانان پێش قورەیش بدەنەوە و ، خۆیان بگەیەننە سەر ئاوی بەدر و ، نەهێڵن کافران لێیان داگیر بکەن .

کاتێك کە موسڵمانەکان لەو شوێنەدا باریان خست ، خێرا یەکێ لە هاوەڵە وریا و شارەزاکانی جەنگ و نەخشەکێشان ، کە ناوی حوبابی کوڕی مونذیری خەزرەجیی بوو ، هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و پێی وت : ئایا ئەم شوێنە کە بارت خستووە تیایدا شوێنێکە خوا فەرمانی پیا داوی لێرە بار بخەیت ، تا ئیتر ئێمە نەتوانین بەر و دوای تیا بکەین ، یان ئەمە را و جەنگ و فڕوفێڵە ؟ فەرمووی : ((بل هو الرأي والحرب والمكيدة)). وتی : دەی ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەمە شوێنی بارخستن نیە . خەڵکەکە ببە هەتا ئەگەیتە نزیکترین ئاو لە قورەیشەوە و ئێمە لەلایدا بار ئەخەین و هەرچی بیرەکانی ترن پڕیان ئەکەینەوە . پاشان لەسەر ئاوەکە حەوزێك دروست ئەکەین و ، لە ئاوی پڕ ئەکەین . پاشان کە چووین بە گژ قورەیشدا ئێمە ئاومان هەیە و ئەوان ئاویان نیە .

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((لقد أشرت بالرأي)) . فەرمووی : رای چاکت دەستنیشان کرد .. ئەوەبوو ئەوەی حوباب دەست نیشانی کرد هەمووی جێبەجێ کرد ..

نەرم و نیانیی و سنگفراوانیی پێغەمبەری خوا ﷺ لە رادەیەکدا بوون کە ماوە هەبێت هاوەڵانی خزمەت بکەن و خەمی دینەکەیان بخۆن . قورئان ئەفەرموێ :

﴿ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّوا۟ مِنْ حَوْلِكَ ۖ فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِى ٱلْأَمْرِ ۖ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَوَكِّلِينَ ﴾ (آل عمران : ١٥٩) .

هەروەها یەکێ تر لە کارە جوانەکانی هاوەڵان ئەو راوێژەی سەعدی کوڕی موعاذی ئەوسیی بوو کە چووە خزمەت پێغەمبەر و وتی : ((ئەی پێغەمبەری خوا ! ئایا کەپرێکت بۆ دروست نەکەین تا تیایا بمێنیتەوە و ، ولاغ و بارەکان لە لاتدا ئامادە بکەین ؟ پاشان بچینە مەیدانی دوژمنمانەوە . جا ئەگەر خوا دەسەلاتی پێ داین و بەسەر دوژمنەکەماندا زاڵی کردین ئەوە ئەوەیە کە ئێمە پێمان خۆشە . خۆ ئەگەر بارەکەی تر بوو ئەوا سواری ولاغەکانت ئەبیت و

ئەگەڕێیتەوە لای ئەوانەمان کە لەوێ بەجێ ماون ، چونکە بە راستیی کەسانێك لێت بەجێ ماون ئێمە لەوان زیاتر تۆمان خۆش ناوێیت و ، گەر بیانزانیایە تۆ تووشی جەنگ ئەبیت ، لێت بەجێ نەئەمان .. بەوانە خوای گەورە پشتت ئەگرێ و، ئەوانە چاوساغییت ئەکەن و لەگەڵتدا جیهاد ئەکەن .

پێغەمبەر ﷺ لەسەر ئەم را جوانە ستایشی سەعدی کرد و ، دوعای خێریشی بۆ کرد . پاشان بەسەر گردێکەوە کە بەسەر مەیدانی جەنگدا ئەیڕوانی ، کەپرێکیان بۆ کرد کە تیایا ئەمایەوە کە یەکەم هاوەڵی پایەداری ، ئەبوبەکری صددیقی لەگەڵدا بوو و پاسەوانیی ئەکرد .

ئەم رایەی سەعد رایەکی زۆر جوان بوو و ، وردترین نەخشەی جەنگە . چونکە پێویستە فەرماندە لە مەیدانی جەنگەوە دوور بێ ، تا بتوانێ رێنمایی سوپا بکا و، فەرمانی پێویست دەر بکا و ، لە هەمان کاتدا دوژمن نەتوانێ دەستی لێ بووەشێنێ . چونکە فەرماندەی هەر سوپایەك بکەوێتە بەر پەلاری دوژمن ئەوا سوپا سەری لێ ئەشێوێ و ، ورەی ئەڕووخێ و ، جەنگی بۆ ناکرێ و ، سەرەنجام تێك ئەشکێ ..

ئەو شەوە پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ ئەبوبەکردا خوا لێی رازیی بێ لە کەپرەکەدا مانەوە و ، سەعدی کوڕی موعاذیش خوا لێی رازیی بێ ئەویش لە دەرگای کەپرەکەدا بە شمشێرەکەیەوە وەستا و پاسەوان بوو ، کەچیی موسڵمانەکانی تر بە فەرمانی خوا خەوێکی قووڵیان لێ کەوت و ، ماندوێتیی گەشتەکەیان رۆیشت و چاك حەسانەوە .

شایانی باسە کە سەعد خۆی بە تەنیا پاسەوانی فەرماندەیی نەبووە ، بەڵکو کۆمەڵێك گەنجی ئەنصاری بە سەرکردایەتیی خۆی ، بۆ ئەو کارە هەڵبژارد ..

ئەو شەوە شەوی جومعەی حەڤدەی رەمەزانی ساڵی دووهەمی کۆچیی بوو و ، بەرێ کەوتنیشی لە مەدینەوە لە هەشتەم یان دوانزەهەم رۆژی رەمەزاندا بوو .

کە رۆژ بوویەوە پێغەمبەری خوا ﷺ سەربازەکانی ریز کردن ، ریز لە دوای ریز ئامادەی کردن بۆ جەنگ ، بێئەوەی بۆشایی و خوار و خێچییان تیا هەبێت .. ئەمەش تا بەلای خواوە خۆشەویست بن ، ئەوەتا قورئان ئەفەرموێ :

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِهِۦ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَٰنٌ مَّرْصُوصٌ ﴾

(الصف : ٤) .

قورەیشیش کە رۆژی لیّ بوویەوە خۆی پیّچایەوە و باری کرد . کە پیّغەمبەری خوا ﷺ چاوی لە سوپای مەککە بوو لە پشتی تەپۆلکەکەوە بەرەو شیوەکە ئەهات فەرمووی : ((أللهم هذه قريش قد أقبلت بخيلائها وفخرها تحادّك وتكذب رسولك ، أللهم فنصرك الذي وعدتني ، أللّهم أحنهم الغداة)) . فەرمووی : خوایە ! ئەمە قورەیشە بە فیز و دەمارەوە هاتووە دژایەتیی تۆ ئەکات و پیّغەمبەرەکەت ئەخاتە درۆوە . دەی خوایە ! ئەو سەرکەوتنەم پیّشکەش بکە کە بەڵیّنت پیّ داوم . خوایە ! سبەینیّ لە ناویان بەرە .

هەردوو سوپاکە بەرامبەر بە یەك وەستان .. کاتیّك کە پیّغەمبەری خوا ﷺ ، لە ناو خەڵکەکەدا ، چاوی بە عوتبەی کوڕی رەبیعە کەوت ، کە سواری وشتریّکی سووری خۆی بوو بوو ، فەرمووی : ((إن يكن في أحد من القوم خير فعند صاحب الجمل الأحمر ، إن يطيعوه يرشدوا)) . فەرمووی : ئەگەر لەناو ئەو خەڵکەدا کەسیّك خیّری تیا بیّ ، عوتبەی کوڕی رەبیعەیە .. ئەگەر بە گوێی بکەن ریّی راست ئەدۆزنەوە ..

شەوی ئەو رۆژەی کە هەردوو سوپا بە یەك گەیشتن پیّغەمبەری خوا ﷺ لە خەوی‌دا سوپای بتپەرستەکانی بە کەم بینیی ، هەتا پیّیان بویّرن و لیّیان نەترسن . خوای گەورە فەرموویە :

﴿ إِذْ يُرِيكَهُمُ ٱللَّهُ فِى مَنَامِكَ قَلِيلًا ۖ وَلَوْ أَرَىٰكَهُمْ كَثِيرًا لَّفَشِلْتُمْ وَلَتَنَٰزَعْتُمْ فِى ٱلْأَمْرِ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ سَلَّمَ ۗ إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴾ (الأنفال : ٤٣) .

جا هەروەك خوای گەورە سوپای کافرانی هیّنایە پیّش چاوی موسڵمانەکان ، بە هەمان شیّوە سوپای موسڵمانەکانیشی بە کەم هیّنایە پیّش چاوی کافرەکان ، تا هەردوو سوپا بویّرن لە یەك بیّنە پیّش و ئەو رووداوە میّژووییە روو بدات و ، سەرکەوتن و سەربەرزیی پیّشکەش بە موسڵمانان بکریّ ، کە ساڵەهای ساڵە بڕیاریان داوە بەندەی خوا بن و ، ستەمکاران بە ناڕەوا ئازاریان ئەدەن و ، لە هەمان کات‌دا تیّك شکان و زەلیلییش ببیّتە بەشی ئەو بتپەرستە خوانەناسانە کە بە فیز و دەمارەوە خۆیان راوەشاند و بە تەمابوون موسڵمانان بڕنەوە و چرای ئیسلامیش بکوژیّننەوە .. ئیتر یاسای خوای گەورەش وەهایە کە هەر کاریّکی ویست ریّکی بخات ، هۆیەکانی بۆ ئامادە ئەکات . قورئانی پیرۆز ئەفەرمویّ :

﴿ وَإِذْ يُرِيكُمُوهُمْ إِذِ ٱلْتَقَيْتُمْ فِىٓ أَعْيُنِكُمْ قَلِيلًا وَيُقَلِّلُكُمْ فِىٓ أَعْيُنِهِمْ لِيَقْضِىَ ٱللَّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولًا ۗ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ ﴾ (الأنفال : ٤٤) .

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت : ڕۆژی بەدر کافرەکان لەبەر چاومان ئەوەندە کەم بوونەوە ، تا ئەوەبوو من لە پیاوێکم ئەپرسیی کە لە تەنیشتما بوو : ئایا بە حەفتا کەس دێنە بەر چاوت ؟ ئەویش ئەی وت : وایان ئەبینم صەد کەس بن !!

ئەمە لە کاتێکدا کە هەردوو سوپا لە دوورەوە سەیری قەبارەی یەکتریان ئەکرد . بەڵام کاتێ کە تێك ڕژان و ، دەستیان دایە یەخەی یەکتریی و ، خوای گەورە مەلائیکەتی ناردنە کۆمەکی موسڵمانان تا یارمەتییان بدەن و ، دڵیان دامەزراو بکەن و ، لە هەمان کاتدا ترسیش بخەنە دڵی دوژمنەکانیانەوە ، بەوەی کە ژمارەی موسڵمانەکان بە زۆر بێتە بەر چاویان ، ئەوەبوو کافرەکان موسڵمانەکانیان بە دووقاتی خۆیان ، واتە بە دوو هەزار کەس ئەهاتنە پێش چاو . بۆ ئەمەش قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە :

﴿ قَدْ كَانَ لَكُمْ ءَايَةٌ فِى فِئَتَيْنِ ٱلْتَقَتَا ۖ فِئَةٌ تُقَـٰتِلُ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَأُخْرَىٰ كَافِرَةٌ يَرَوْنَهُم مِّثْلَيْهِمْ رَأْىَ ٱلْعَيْنِ ۚ وَٱللَّهُ يُؤَيِّدُ بِنَصْرِهِۦ مَن يَشَآءُ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّأُو۟لِى ٱلْأَبْصَـٰرِ ﴾ (آل عمران : ١٣) .

کاتێك کە قورەیشیش گەیشتنە مۆڵگای خۆیان لە (العدوة القصوى) ، عومەیری کوڕی وەهبیان نارد و فەرمانیان بەسەریدا دا بە وردیی ژمارەی موسڵمانەکانیان بۆ دیاریی بکات و ، بزانێ هێزیان تا چ ئەندازەیەکە . ئەویش سواری وڵاغەکەی بوو و بە دەوری سوپای موسڵمانەکاندا ، بێ ئەوەی پێی بزانن ، سووڕێکی خوارد و ، پاشان گەڕایەوە و هەواڵی بە قورەیش دا کە سوپای مەدینە سێصەد کەس ، یا کەمێك زیاتر ، یا کەمێك کەمتر ئەبن . پاشان جڵەوی بۆ ئەسپەکەی شل کردەوە و بە شیوەکەدا ڕۆیشت هەتا کەوتەوە پشت موسڵمانەکان و سەیری کرد کەمین و کۆمەکیان نیە .. هەر ئەوانەن کە هەن و دیارن ..

گەڕایەوە لای قورەیش و هەواڵی دانێ کە کەمین و کۆمەکیان نیە ، بەڵام دەستی بە ئامۆژگاریی سەرکردەکانی مەککە کرد و ئاگاداری کردنەوە کە وا

نەزانن سوپای مەدینە کەمە و بە ئاسانیی بۆیان ئەشکێت .. تێـی گەیانـدن کـە ئەوانە مەردانە هاتوونەتە مەیدان و ، لە مەرگیش ناترسن .. بەڵێ ، ئەوان جگـە لە شمشێرەکانی دەستیان هیچ کۆمەك و پشتیوانێکیان نیە ، بەلاّم هیچ پیاوێکیان لێ ناکوژرێ ، هەتا ئەو پیاوێك لـەمان نـەکوژێ .. جـا دیـارە ئەگـەر ئەوەنـدەی ژمارەی خۆیان لە قورەیش بکوژن ، ئیتر قورەیش ژیانی بۆ چیە ؟ داوای لێ کردن تا بە چاکیی بیر لەم هەڵوێستە بکەنەوە .

دوای ئـەم راگەیاندنـەی عومـەیری کـوڕی وەهـب ، لـە نـاو قـورەیشدا بەرهەڵستییەکی تر دژی ئەبوجەهل دروست بـوو ، تـا واز لـە جـەنگ و کوشـتار بهێنرێـت و بگەڕێنـەوە .. ئـەم بەرهەڵسـتییە دووهـەم بەرهەڵسـتیی بـوو دژی بۆچوونەکەی ئەبوجەهل کە حەزی لە جـەنگ بـوو و ، لـە یەکـەم بەرهەڵسـتییش گەورەتر بوو کە ئەوەبوو لە رابوغ ئەخنەسی کوڕی شەریق بەرپای کرد و ، بە خۆی و سێصەد جەنگاوەری نەوەی زوهـرەوە گەڕایـەوە مەککـە و بەشـداریی جـەنگی نەکرد .

ئەم بەرهەڵستییە گەورەیە عوتبەی کـوڕی رەبیعـەی سـەرداری نـەوەی عەبـد شەمس بەرپای کرد و حەکیمی کوڕی حەزامیش پشتگیریی لێ ئـەکرد .. ئـەمان پێش دەست پێکردنی جەنگ رایـان وابـوو جـەنگ و کوشـتار نەکـەن و ، دەسـت بەرداری سوپای مەدینە بن و ، بەرەو مەککە بگەڕێنەوە .

ئەوەبوو حەکیمی کوڕی حەزام چوو بۆ لای عوتبەی کوڕی رەبیعـە و پێـی وت : باوکی وەلید ! تۆ گەورە و سەردار و گوێڕایەڵییکراوی قورەیشیت . ئایا کارێکـت بە دڵە کە هەتا هەتایە لەناو قورەیشدا هەر بە چاکە ناوت ببرێت ؟ وتـی : ئـەو کارە چییە ، ئەی حەکیم ؟ وتی : ئەوەیە کە ئەو خەڵکە بگێڕیتە دواوە و ، کـاری ئەو پیاوە هاوپەیمانەت ، عەمری کوڕی حەضرەمیی ـ کە لە سریەی نەخلـەدا بـە دەستی موسڵمانەکان کوژرابوو ـ بگریتە ئەستۆ .. وتی : بڕیار بێ وا بکـەم ، بـۆ ئەوەش تۆ زامنم بە ، ئـەو هاوپـەیمانم بـووە .. خوێنەکـەی و چیی سامانیشـی فەوتاوە لەسەر خۆم بێ ..

پاشـان عوتبە بـە حـەکیمی وت : بـڕۆ بـۆ لای کـوڕی حـەنضـەلییـە ـ واتـە ئەبوجەهل ، چونکە دایکی ناوی حەنضەلییە بووە ـ ، لەبەر ئەوەی جگـە لـەو لـە هیچ کەس ناترسم کاری ئەو خەڵکە بشێوێنێ ..

دوای ئەوە عوتبە لە بەردەم سوپای قورەیش‌دا وەستا و ، دەستی بە وتاردان کرد و وتی :

ئەی کۆمەڵی قورەیش ! بەخوا ئەگەر ئێوە بچنە مەیدانی موحەممەد و هاوەڵانی ئەوا هیچتان نەکردووە .. بەخوا ئەگەر تووشی زەرەر و زیانی بکەن ئەوا هەتا هەتایە پیاوێکتان سەیری دەم و چاوی پیاوێکی ترتان ئەکات و پێیشی ناخۆشە سەیری بکات ، لەسەر ئەوەی کە ئامۆزاکەی ، یان خاڵۆزاکەی ، یان پیاوێکی عەشیرەتەکەی کوشتووە . بگەڕێینەوە و واز لە موحەممەد و عەرەبەکانی تر بهێنن (ئەوان ئەچن بە گژیا) جا ئەگەر شکستیان پێ هێنا ئەوا ئەوەیە کە ئێوە ویستووتانە . خۆ ئەگەر شتێکی تر بوو (واتە ئەو سەرکەوت بە سەر عەرەب دا) ئەوا هەرچیی ئێوە پێتان ناخۆش بێ لەلایەن ئەوەوە تووشمان نابێت . حەکیم خۆی گەیاندە لای ئەبوجەهل ، کە خەریکی ئامادەکردنی قەڵغانێکی بوو و ، پێی وت : ئەبولحەکەم ! عوتبە ناردوومی بۆ لات بۆ کارێکی وەها و وەها . ئەبوجەهل چونکە نەگبەتیی هاتبوو ، دەستی دایە گاڵە و هاش و لووش و ، عوتبەی بە ترسنۆك دایە قەڵەم و ، وەهای گەیاند کە خەمی ئەبوحوذەیفەی کوڕیەتی بکوژرێ، کە وا لە ریزی موسڵمانەکان‌دا و ، دەستی کرد بە سوێندخواردن کە ناگەڕێنەوە دوا هەتا خوا حوکمێك بۆ نێوان پێغەمبەری خواﷺ و ئەوان دەر بکات .

کە ئەو قسانە بە عوتبە گەیشتنەوە زۆری پێ ناخۆش بوو . ئەبوجەهل بۆ ئەوەی کارەکەی سەر بگرێ و جەنگەکە هەڵ بگیرسێنێ ، فەرمانی دا عامیری کوڕی حەضرەمیی ، برای عەمری کوڕی حەضرەمیی کە لە سریەی عەبدوڵڵای کوڕی جەحش‌دا کوژرا بوو ، بانگ بکەن بۆی . کە هات پێی وت : ئەمە هاوپەیمانەکەتە (واتە عوتبە) ئەیەوێ خەڵکەکە بگێڕێتەوە دوا ، تۆ وا ئەمڕۆ بە چاوی خۆت تۆڵەی خۆت ئەبینی . دە هەستە دادی خۆت و کوژرانی براکەت بکە . عامیریش هەستا و لە نێوان خەڵکەکەدا کۆمی خۆی رووت کرد و ، هاواری کرد : وا عمراه ، وا عمراه . بەمە دڵی خەڵکەکەی جۆشاند و ، هەموو بڕیاری جەنگ و کوشتاریان دا .. بە مەرجێ وەك لە پێشەوە باسمان کرد عوتبە چووە ژێر ئەوە کە خوێنی عەمر و سامانە فەوتاوەکەشی بخاتە ئەستۆی خۆیەوە .. بەمە ئەبوجەهل ئەو نەخشە جوانەی عوتبەی تێك دا کە داوای سەلامەتیی و بێوەیی ئەکرد و ، نەخشە پڕ ئاژاوە و شەڕەنگێزەکەی فەرز کرد بەسەر سوپای مەککەدا .. بەمە ئەم

بەرهەڵستکاری‌یەشی بەزاند و ، جەنگ بووە کارێکی حەتمیی کە سوپای مەککە تەنها بەوە رازیی ئەبوو ..

ئەبوجەهل رقێکی یەکجار زۆری لە پێغەمبەری خوا ﷺ هەبوو . ئەو کاتەش کە ویستیان بی‌کوژن ئەو نەخشەی پیلانەکەی داڕێژرابوو . کە لە دەستیان دەرچوو خەریك بوو لە داخانا بتەقێ . جا کە ئێستا سوپای مەککەی زۆر و پڕچەك ئەبینیی و ، سوپای موسڵمانانیش کەم و کەم تفاق ، ئەمەشی بە هەل ئەزانی و نەی‌ئەویست ئەمیشی لە دەست دەربچێ . تا ئەوەبوو بە سەرەنجامی رەشی خۆی گەیشت .

مێژوونووسان ئەگێڕنەوە کە ئەخنەسی کوڕی شەریق ، کە ئەوەبوو لە رابوغ بە خۆی و سێ‌صەد چەکداری نەوەی زوهرەوە گەڕایەوە ـ لە رابوغ لە ئەبوجەهل ئەپرسێ و ئەڵێ :

باوکی حەکەم ! ئایا تۆ موحەممەد بە درۆزن ئەزانی ؟

ئەبوجەهل وتی : ئەو چۆن بە ناوی خواوە درۆ ئەکات ، لە کاتێك‌دا ئێمە ناوی (الأمين) مان لێ نابوو ، لەبەر ئەوەی کە هەرگیز درۆیەکی نەکردبوو ؟ بەڵام ئەوەندە هەیە کە ئەگەر (سقاية) و (رفادة) و (حجابة) و (شوری) هەر هەموویان لە دەستی نەوەی عەبدمەناف‌دا بن و ، پاشان پێغەمبەرایەتییش لەناو ئەوان‌دا بێت ، دەی ئیتر چیی بۆ ئێمە ماوەتەوە ؟!

بەر لەوەی جەنگ بەرپا ببێ لەناو ریزی بت‌پەرستەکان‌دا پیاوێك بە ناوی ئەسوەدی کوڕی عەبدولئەسەدی مەخزوومیی هاتە دەرەوە و وتی : پەیمان بە خوا ئەدەم کە لە حەوزەکەیان‌دا ئاو بخۆمەوە ، یان بی‌ڕووخێنم ، یان سەر بنێمەوە .

بەرەو حەوزی ئاوەکە هاتە پێشەوە و ، خێرا حەمزەی شێری خوا خۆی گەیاندە لای و بە یەك شمشێر نیوەی قاچی قرتاند و کەوتە سەرزەویی و ، بۆ ئەوەی سوێنەکەی بەسەر بەرێت بە سکە خشکە بەرەو حەوزەکە رۆی هەتا گەیشتە لای و ، حەمزە بە شمشێری دووهەم یەکجاری کرد و کوشتی . هەر کە خوێنیان بینی هەموو بە جارێ چاویان پەڕی‌یە تەوقی سەریان و خۆیان ئامادەی جەنگ کرد ..

کەمێك پێش هەڵگیرسانی جەنگ ئەبوجەهل دەستی بە پاڕانەوە کرد و داوای لە خوا کرد کە هەرکام لەم دوو سوپایە سیلەی رەحمی پچڕاندووە و ، شتی خراپی داهێناوە کە رۆژی لێ بوویەوە لە ناوی بەرێت .

هەتا قورەیشی‌یەکانیش کە ویستیان لە مەککەوە بەرەو بەدر بکەونە رێ ، روویان لە کەعبە ناو دەستیان بە پەردەکانیەوە گرت و ، بەم دوعایە پاڕانەوە تا ئەوەی راستە و دینەکەی راستە سەری بخات کە ئەیان وت :

((أللهم انصر أهدى الفئتين ، وأعلى الجندين ، و أكرم الحزبين ، وأفضل الدينين)).

خوای گەورەش دوعاکەی گیرا کردن . ئەوەبوو موسڵمانەکانی سەرخست و ئەوانیشی زەلیل کرد .. دوای کوژرانی ئەسوەد بە دەستی حەمزە خوا لێی رازیی بێ ، پێغەمبەری خوا ﷺ لە نێوان هاوەڵەکانیدا وەستا و غیرەت و جوامێریی ئەخستە بەریان و دڵی گەرم ئەکردن کە ئارام گرتن لە هەڵوێستی سەختدا مایەی رەواندنەوەی خەم و خەفەتە کە ئەیفەرموو :

((و إن الصبر في مواطن البأس مما يفرِّج الله به الهم ، وينجِّي به من الغم)) .

دوای ئەوەی کە ئەسوەدی کوڕی عەبولئەسەد هەوڵی دا خۆی بگەیەنێتە حەوزی موسڵمانەکان و ئاوی لێ بخواتەوە و ، حەمزەش خوا لێی رازیی بێ خۆی گەیاندێ و بە دۆزەخی گەیاند ، جەنگ دەستی پێ کرد ، بەلام هەردوو سوپا هێشتا هێرشیان دەست پێ نەکرد بوو .. سەرەتا جەنگ بە زۆرانبازیی دەستی پێ کرد .. ئەوەبوو عوتبەی کوڕی رەبیعە و ، شەیبەی برای و ، وەلیدی کوڕی لە ناو سوپای قورەیشدا دەرپەڕین و هاتنە مەیدانی نێوان هەردوو سوپاکە و ، بە دەنگی بەرز نرکاندیان کە با لە سوپای موحەممەددا پیاو دەرچن و زۆرانبازیی بکەن ..

خێرا سێ گەنجی ئەنصارییش لە ریزی موسڵمانەکاندا دەرپەڕین و هاتنە مەیدان .. هەردوو سوپا چاویان بڕیی بووە مەیدان و ، لەسەر خۆ هەناسەیان هەڵ ئەمژیی تا ئاگاداری سەرەنجامی زۆرانبازیی بن ..

سێ قورەیشی‌یەکە روویان کردە سێ گەنجە ئەنصاری‌یەکە و لێیان پرسین : ئێوە کێن ؟ وتیان : کۆمەڵێکی ئەنصارین .[337] وتیان : هاوشان و بەرێزن ، بەلام با لە ئامۆزا هاوشانەکانی خۆمان بۆمان بێنە مەیدان .

هەندێ لە لێکۆڵەرانی سیرەت ئەوەیان باس کردووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی خۆش نەبووە بۆ یەکەم جەنگ و بەرامبەربوونەوە ئەو گەنجە ئەنصاری‌یانە دەرچن ،

---

[337] ئەم سێ گەنجە عەوف و موعەووەذی کوڕانی حاریث و عەبدوڵڵای کوڕی رەواحە بوون ، لە یادمان بێ کە ئەو دوو برایە کوڕەکانی عەفران و هەردووکیان رۆژی بەدر شەهید بوون و موعەووەذیان بەشداریی کوشتنی ئەبوجەهلی کردووە .

بەڵکو پێی خۆش بووە خزم و کەسە نزیکەکانی بن ، تا ئەگەر ناخۆشی‌یەك بێتە ڕێیان بۆ ئەمان بێ . جا کە جەنگاوەرەکانی قوڕەیش ڕازی‌یان نەبوو ئەنصار بچنە مەیدانیان ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی دا بگەڕێنەوە جێی خۆیان و فەرمووی : ((قم یا عبیدة بن الحارث ، وقم یا حمزة ، وقم یا علي)) . فەرمانی دا سێ خزمی نزیکی هەستن و بچنە مەیدانی ئەو خزمانەیان .. چونکە عوتبە کوڕی ڕەبیعەی کوڕی عەبد شەمس بوو ، کە ئەویش برای هاشمی باپیرە گەورەی پێغەمبەر بوو .. فەرمانی دا حەمزەی مامەی و ، عەلیی ئامۆزای کە هەردووکیان هاشمین و ، عوبەیدەی کوڕی حاریثی کوڕی موطەللیب بچنە مەیدانیان ، کە موطەللیبیش - وەك لە پێشەوە باس کراوە - برای هاشم و عەبد شەمس بووە . لە بیرمان نەچێ کە قوڕەیش نەوەی هاشم و نەوەی موطەللیبی بە یەك چاو سەیر ئەکردن و ، ئەوەبوو لە گەماروو ئابووری‌یەکەی مەککەدا نەوەی موطەللیبیش بە وێنەی نەوەی هاشم دەرکرابوونە شیوی ئەبوطالیب و ، کافر و موسڵمانیان لە هەموو مافێك بێ‌بەش کرابوون ..

هەرسێکیان خۆیان گەیاندە مەیدان و ، قوڕەیشی‌یەکان لێیان پرسین کە کێن . ئەوانیش خۆیان پێیان ناساند . وتیان : هاوشان و بەڕێزن . ئەوەبوو عوبەیدە ، کە پیرترینی هەرسێ موسڵمانەکە بوو ، چووە مەیدانی عوتبە و ، حەمزەش چووە مەیدانی شەیبە و ، عەلییش چووە مەیدانی وەلیدی کوڕی عوتبە ، کە هەردووکیان لە هەموویان گەنج‌تر بوون .

زۆری پێ نەچوو عەلیی و حەمزە نێچیری خۆیان کەوڵ کرد ، بەڵام عوبەیدە و عوتبە هەریەکەیان شمشێرێکی کاریگەری لە بەرامبەرەکەی دابوو و ، یەکتریان پەك خستبوو . خێرا عەلیی و حەمزە تەپیان کوتایە سەر عوتبە و کوشتیان و ، پێکەوە دەستیان دایە عوبەیدە و هەڵیان گرت و هێنایانەوە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و ، ئەویش پێی موبارەکی بۆ کردە سەرین و کوڵمی خستە سەری و ، دڵی زۆر حەسایەوە . پاشان عوبەیدە وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! بەخوا بە ئاواتەوە بووم کە ئێستا ئەبوطالیب زیندوو بوایە تا بیزانیایە کە من شایان‌ترم لەو بەو شیعرەی کە ئەڵێ :

ونسلمه حتى نصرّع حوله   ونذهل عن أبنائنا والحلائل

کاتێك کە ئەبوطالیب لە ژیاندا بوو قەسیدە بەناوبانگەکەی وتبوو و تیایا دەری بڕیی بوو کە مەگەر خۆیان و ڕۆڵە و هاوسەرەکانیان لە پێناوی پاراستنی پێغەمبەری خوادا ﷺ تیا بچن ، ئەگینا هەرگیز نایدەن بە دەستەوە و ، پشتیشی بەر نادەن .. جا لێرەدا عوبەیدە ئەوە دەرئەبڕێ کە ئەمان وا ئەمڕۆ ئەو بەڵێنەی ئەبوطالیبیان بردە سەر و ، گیانیان کردە قوربانیی بۆ پاراستنی دینی خوا ..

عوبەیدە قاچێکی قرتابوو و مۆخی دەرکەوتبوو .. هەروا بە بێدەنگ مایەوە هەتا چوار یا پێنج ڕۆژ دوای بەدر . ئەوەبوو لە کاتی گەڕانەوەیان لە دۆڵی (الصفراء) دا کۆچی دوایی کرد و ، پێغەمبەری خواش ﷺ شاهێدیی بۆ دا کە شەهیدە ، فەرمووی : ((أشهد أنك شهيد)) .

ئیمام عەلییش سوێندی بە خوا ئەخوارد کە ئەم ئایەتە پیرۆزە دەربارەی ئەوان هاتۆتە خوارەوە کە ﷻفەرموێ :

﴿ هَٰذَانِ خَصْمَانِ ٱخْتَصَمُوا۟ فِى رَبِّهِمْ ﴾ (الحج : ١٩)

مامۆستا (محمد أحمد باشميل) لە (غزوة بدر الكبرى) دا وەهای دەر بڕیوە کە شەیبە خۆی بە زامەکە ئەمرێت و ، عەلیی و حەمزەش عوبەیدە ئەگێڕنەوە دوا، واتە ئەوان هێرشیان نەکردۆتە سەر شەیبە ..

دوای زۆرانبازییەکە پێغەمبەری خوا ﷺ گەڕایەوە لای سوپای موسڵمانان و دەستی بە ڕێك‌کردنی ریزەکانی کرد و داردەستێکیشی بە دەستەوە بوو . ئەوەبوو دای بە لای سوادی کوڕی غەزییەدا ، کە پیاوێکی هاوپەیمانی نەوەی نەججار بوو ، لە ریزەکە هاتبووە دەرێ . بە داردەستەکە دای لە سکی سواد و فەرمووی : ((استقم يا سواد)) . فەرمووی : سواد ! ڕێك بووەستە . سواد وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئازارت پێ گەیاندم . خوای گەورەش بۆ حەق و عەدالەت ڕەوانەی کردووی . ماوەم بدە تا منیش تۆڵەی خۆمت لێ بکەمەوە . بەوپەڕی ڕەزامەندییەوە پێغەمبەری خوا ﷺ سکی خۆی ڕووت کرد و فەرمووی : ((إستقد يا سواد)) . فەرمووی : سواد تۆڵەی خۆت بسێنە . سواد هەڵمەتی دا باوەشی بە پێغەمبەری خوادا ﷺ کرد و سکی ماچ کرد !! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((وما حملك على هذا يا سواد ؟)) . فەرمووی : سواد! چیی پاڵی پێوە نای ئەو کارە بکەی ؟

وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەوەی کە ئەیبینیی هاتۆتە پێش و ، منیش ویستم دوا پەیوەندییم پێتەوە ئەوە بێت کە پێستم بەر پێستت بکەوێ ..
پێغەمبەری خواش ﷺ دوعای چاکیی بۆ کرد !!

ئەمە مافی مرۆڤە لە بەرزترین شێوەیدا .. ئەمە رێزی راستەقینەیە بۆ ئادەمیزاد .. گەورەترین و خۆشەویستترین پێغەمبەر ماوە بدا بە سەربازێکی خۆی تۆڵەی لێ بکاتەوە .. داردەستێکی داوە لە سکی ، ئەویش داوای ئەوە ئەکات ماوەی بدا ئەو دارە لە سکی بداتەوە .. لە کاتێکی یەکجار ناسكدا .. سوپایەکی مل‌هوڕی خوێن‌مژی داخ لە دڵیش لە بەرامبەریاندا وەستاوە و ، لاشەی سێ پاڵەوانیشی لە مەیدانی جەنگدا کەوتوون .. لەم هەلۆیستە ناسکەدا سواد هۆشی وا بە لای شەهیدیی و بازاڕی قیامەتەوە .. ئەیەوێ مسۆگەری بکات کە ئەگەر شەهید بوو با سەلماندبێتی ئازیزی یەکجار خۆش ویستووە ، تا دڵەکەی ئارام بگرێ و بێ‌خەم ببێ .

لە ناو هەردوو سوپاکەدا پاڵ پاڵێن دروست بوو و ، لە یەکتر نزیك کەوتنەوە .. کافرەکان بە کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو سەربازگەی موسڵمانەکان ئەکشان .. موسڵمانەکانیش لە شوێنی خۆیاندا دامەزراو بوون ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاریی کردبوون کە تا فەرمانیان پێ نەدات ئەمان هەڵمەت نەبەن ، بەڵام ئەگەر زۆریان بۆ هێنان ئەوا بە تیر دایان بگرنەوە و ، تا نەیەنە سەریان شمشێریان بۆ دەرنەهێنن ، کە فەرمووبووی : ((لا تحملوا حتى آمركم ، وإن اكتنفكم القوم فانضحوهم بالنبل ، ولا تسلّوا السيف حتى يغشوكم)) .

ئەمە ئەوپەڕی ئاگاداریی و شارەزایی بوو لە هونەری جەنگ و کوشتاردا .. سیاسەتێکی یەکجار حەکیمانە بوو .. چونکە موسڵمانەکان تەنها دوو ئەسپیان پێ بوو و ، هێرش بردنیش بە ولاغ و سوارچاکی لێ‌هاتوو ئەبێ ، ئەمە یەك ، دووهەمیش دوژمن سوپاکەی یەکجار زۆرە ، بۆیە وا چاك بوو موسڵمانەکان بە دامەزراوییەوە بەرگریی بکەن ، نەك هێرش بکەن .

پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ ئەبوبەکری هاوەڵیدا گەڕانەوە بۆ ناو کەپرەکە و ، سەعدی کوڕی موعاذیش لە دەرگای کەپرەکەدا پاسەوان بوو و شمشێرەکەشی لە کێلان دەرهێنا بوو .. پێغەمبەری خوا ﷺ کە سەرنجی کەمیی موسڵمانەکانی ئەدا بەزەیی پیایانا ئەهاتەوە و ، ترسێکی زۆری هەبوو کە لەو رۆژەدا چاری دوژمن

نەکەن و، دەوڵەتە نەونەمامەکەی ئیسلام بکەویت ..بۆیە بە هەموو دڵێکیـەوە و، بەوپەڕی ئیخلاص و زەلیلی‌یەوە رووی کردە پەروەردگار و ، لیی ئەپاڕایەوە تا ئـەو بەڵێنەی کە پێی داوە بی‌باتە سەر و ، سەرکەوتن بە خۆی و بە هاوەڵانی پێشکەش بکات ، کە ئەی فەرموو : ((أللهم أنجز لي ما وعدتني . أللهم إن تهلك هذه العصابة من أهل الإسلام فلا تعبد بعد في الأرض أبداً)) . ئەی‌فەرمووە : خوایە ! ئەو بەڵێنەی کە پێمت داوە بۆم بەجێ بهێنە .. خوایە ! ئەگەر ئەم کۆمەڵە بچـکۆلەی ئوممـەتی ئیسلام تیا بچێت ، ئەوا هەرگیز لەسەر زەوی‌دا تۆ ناپەرسترێیت .

وەك بفەرموێ : هەرچیی هەڵبژاردەی سەرزەویی هەیە هەتا ئاخرزەمـان ، هـەر هەمووی بریتیی‌یە لەو هاوەڵانەی کە پـانزە سـاڵە پـەروەردەیان ئەکـەیت و ، بـە دەستی کافرە بی‌ویژدانەکان سزا ئەدرێن .. ئەگەر ئەمانە تیا بچن تـا ئاخرزەمـان کۆمەڵێکی تری وەها ئیمان دامەزراو بەرپا نابێتەوە هـەتا شـەریعەتی خـوا سـەر بخەن و ، لە پێناوی خوادا پارێزگاریی لە دینی خوا بکەن .

هەروا پێغەمبەری خوا ﷺ بەردەوام خەریکی پاڕانەوە و هانـا و پـەنابردن بـوو هەتا عەباکەی سەرشانی کەوت بە دوادا و ، ئەبوبەکر دەسـتی دایـە و خسـتیەوە سـەر هـەردوو شـانی و ، پاشـان فـەرمووی : ئـەی پێغەمبـەری خـوا ! نـزا و پاڕانەوەکەت لە پەروەردگارت بەسە ، چونکە ئـەو بەڵێنـەی کـە پێـی داوی بـۆت ئەباتە سەر .

هەر لە کەپرەکەدا پێغەمبەری خوا ﷺ سەرخەوێکی شکاند و پاشـان بـە ئاگـا هات و فەرمووی : ((أبشر يا أبابكر ! فقد أتاك نصرالله ، هذا جبريل آخـذ بعنـان فرسه يقوده على ثناياه النقع)) . مـژدەی بـە ئەبوبـەکر دا کـە سـەرکەوتنی خـوا پێشکەش بە موسڵمانەکان کرا و ، چاویشی لە جیبریلـە کـە جڵـەوی ئەسـپەکەی گرتووە و هەموو گیانی بە عەرەق خووساوە ..

خوای گەورەش یاسا پیشان ئیمان‌داران ئەدات .. ئەو یاسایەی کە بریتیـی بـێ لە کۆمەکیی‌کردنی ئیمان‌داران ، ئەگەرچیی بە ناردنی مەلائیکەتیش بێ . ئـەوەتا ئەفەرموێ :

﴿ إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَٱسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ مِّنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ مُرْدِفِينَ ﴾ (الأنفال : ٩) .

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ لە کەپرەکە هاتە دەرەوە و ، دەستی بە ئامۆژگاریی ریزە ئیمانداره‌کان کرد تا کە جەنگ رووی دا دامەزراو بن و ، بەڵێنی ژیانی هەتا هەتایی ئەدانێ لە بەهەشتی بەریندا .. بۆ نموونە ئەی فەرموو : « والذي نفس محمد بيده لا يقاتلهم اليوم رجل ، فيقتل صابراً محتسباً ، مقبلاً غيرَ مُدبرٍ ، إلا أدخله الله الجنة ، ومن قتل قتيلاً فله سلبه » .

ئەیفەرموو : سوێند بەو خوایەی کە گیانی موحەممەدی بە دەستە هەر کەسێ ئەمرۆ کوشتاری ئەم کافرانە بکا و ، بە تەمای پاداشتی خوا بێ و ، بەرەو پێش چووبێ و ، پشتی هەڵ نەکردبێ ، ئەوا خوا ئەیخاتە بەهەشتەوە و، هەرکەسیش کەسێکی کوشت ئەو کەلوپەلەی کە لێی بەجێ ئەمێنێ بۆ ئەو ئەبێت .

هەروەها ئەی فەرموو : « قوموا إلى جنة عرضها السموات والأرض » . ئەیفەرموو : هەستن خۆتان بگەیەننە ئەو بەهەشتەی کە پانایییەکەی ئەوەندەی ئاسمانەکان و زەویی ئەبێت . کە عومەیری کوڕی حومامی ئەنصاریی ئەم مژدەیەی بیست ، وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! بەهەشتێك کە پانایییەکەی ئەوەندەی ئاسمانەکان و زەویی بێت ؟! فەرمووی : « نعم » . وتی: بەخ بەخ !! پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو : « ما يحملك على قول : بخ بخ ؟ » . فەرمووی : چیی پاڵی پێوە نای بڵێی : بەخ بەخ ؟ وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! بەخوا بەو هیوایەوە وتم کە بەڵکو من ئەهلی ئەو بەهەشتە بم . فەرمووی : « فإنك من أهلها » . فەرمووی : دەی تۆ ئەهلی ئەو بەهەشتەی .

عومەیر چاوێکی بە خۆیدا گێڕا .. من ئەچمە بەهەشت ؟ دەی ئیتر من خەریکی چیم ؟! خەریك بوو چەند خورمایەکی بە دەستەوە بوون و لێی ئەخواردن . وتی : من بمێنم هەتا ئەم خورمایانە تەواو بکەم ، ئەوە تەمەنێکی درێژە . وەك بڵێی ئەوە زۆری پێ ئەچێ و ، منیش درەنگمە بگەمە بەهەشت . بۆیە خورماکانی فڕێ دا و ، کە جەنگ گەرم بوو خۆی کرد بە ناو دوژمناندا و دەستی بە کوشتار کرد و ئەم شیعرەشی ئەوت :

رکضاً إلى الله بغيـــر زاد إلا التقى وعملِ المعاد
والصبر في اللهَ على الجهادَ وكلُّ زادِ عرضةُ النفادَ
غيـــر التقى والبـــر والرشادً

لە شیعرەکەیدا وەسیەتێك و ئامۆژگاریەکی بەنرخ بۆ ئیمانداران بە جێ ئەهێڵێ ، تا بە راکردن بەرەو خوای پەروەردگار بڕۆن و ، گوێ نەدەن بە هیچ توێشوویەك ، جگە لە تەقوا و کاری قیامەتیی و ئارام گرتن لە جیهادی پێناوی خوادا ، چونکە جگە لە تەقوا و چاکە و کاری ژیرانە هەموو توێشوویەك تەواو ئەبێ .

هەروا خەریکی جەنگ و کوشتار بوو هەتا بە شەهیدیی سەری نایەوە ، خوای گەورەی لێ رازیی بێ .

هەروەها عەوفی کوڕی حاریثیش ، کە دایکی ناوی عەفراء بوو و ، یەکێکیش بوو لەو سێ گەنجە ئەنصاریەی کە هاتنە مەیدانی عوتبە و شەیبە و وەلید بۆ زۆرانبازیی و، گێڕانیانەوە دوا ، پرسیی : ئەی پێغەمبەری خوا ! چ کارێك کە بەندە ئەنجامی بدا پەروەردگاری دێنێتە پێکەنین پێی ؟ فەرمووی : ((غمسه يده في العدو حاسراً)) . فەرمووی : بە رووتیی - بەبێ قەڵغان و زرێپۆش - بچێتە مەیدانی دوژمنەوە و شمشێر بخاتە گەردنیانەوە . خێرا عەوف دەستی دایە ئەو زرێیەی کە لە بەریدا بوو و دایکەند و فڕێی دا و ، دەستی دایە جەنگ و کوشتار هەتا دەستی لە شەهیدیی گیر بوو خوا لێی رازیی بێ ..

لەم دوو نموونەوە بۆمان دەر ئەکەوێ کە ئەوانەی لە بەدردا شەهید بوون ، هەر چەندە یەکجار کەم بوون ، خۆیان تینووی شەهیدیی و رەزامەندیی خوا بوون . هەروەها هاوەڵانی تریش کە لە هەر غەزایەك بە سەلامەتیی ئەگەڕانەوە دەستیان بە ئەژنۆیاندا ئەکێشا و ، ئاخ و حەسرەتیان دەرئەبڕیی لە سەر ئەوەی کە لەم غەزایەدا خوای گەورە پلەی شەهیدیی پێ نەبەخشیون .

یەکێکی تریش لەوانەی کە عاشقی شەهیدیی بوو و خوای گەورەش بێدڵیی نەکرد و پێی بەخشیی عومەیری کوڕی ئەبووەققاص بوو ..

کاتێك کە سوپای موسڵمانەکان بەرەو بەدر کەوتە رێ ، عومەیریش کە منداڵێکی شانزە ساڵان بوو کەوتە گەل سوپا و ، ئەش ترسا پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەر منداڵیی وەری نەگرێ و بیگێڕێتە دواوە و نەهێڵێ بەشداریی غەزا بکات .

بۆ ئەمە هەوڵی ئەدا خۆی لە پێغەمبەری خوا ﷺ بشارێتەوە و ، خۆی ئەدایە پەنای سەعدی کوڕی ئەبووەقاصی برا گەورەی . کە سەعد لە هۆی ئەو خۆشاردنەوەی پرسیاری لێ کرد ، وتی : ئەترسم پێغەمبەری خوا ﷺ بم گێڕێتەوە و ، منیش پێم خۆشە بەشداریی بکەم ، بەڵکو خوای گەورە شەهیدییم دەست بخات .. هەرواش بوو ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی زانیی و ویستی بیگێڕێتە دواوە ، چونکە منداڵە و بەرگەی جەنگ ناگرێ ، عومەیر دەستی بە گریان کرد و ، دڵی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆی هاتە جۆش و بەزەیی پێدا هاتەوە و ماوەی دا کە بێت لەگەڵیانا .. ئەوەبوو ئەویش لە غەزای بەدردا بە شەهیدیی سەری نایەوە .

بەڵێ ، کە کافرەکان کوژرانی عوتبە و شەیبە و وەلیدیان دیی ، ئیتر خۆیان پێ نەگیرا و دەستیان بە هێرش کرد .. بەلام چۆن هێرشێك .. سەرەتا تیر بارانێکی چڕ و پڕی سوپای موسڵمانانیان کرد ، پاشان تەپیان کوتایە سەریان ..

تەپ و تۆزی هەردوو لەشکرەکە کەوتە ئاسمان .. بریسکەی شمشێر و ، قرچەی دەمی شمشێر و ، حیلەی ئەسپ و، هاوار و نەڕەی کافران و ، (الله اکبر) ی موسڵمانان ئەو مەیدانەیان هەژاندبوو ..

هێشتا موسڵمانەکان هێرشیان دەست پێ نەکردبوو .. ئەوان بەرگرییان ئەکرد .. فەرمانی ئازیز بەو شێوە بوو .. ئەمەش بووە هۆی بەهێزبوونی موسڵمانان و لاوازبوونی دوژمن ، چونکە موسڵمانەکان دامەزراو بوون و بت پەرستانیش بە هەر هێرشێکیان تووشی زیانی گەورە ئەبوون ، تا ئەوەبوو هێزیان لێ برا..

پاش ئەم خۆماندووکردنەی قوڕەیش ، فەرمان بۆ کەتیبەکانی ئیسلام دەرچوو ، تا هێرش بکەنە سەر دوژمنی هیلاك و ماندوو ..

لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا ﷺ مشتێك چەوی هەڵ گرت و ، رووی کردە قوڕەیش و ، فەرمووی : ((شاهت الوجوه)) . دوعای تیاچوونی لە قوڕەیش کرد و ، پاشان چەوەکەی تێ گرتن و فەرمانی بەسەر هاوەڵانیش‌دا دا تا هێرش بکەن و دەست لە دوژمن بوەشێنن ، کە فەرمووی : ((شدوا)) . ئەوانیش مەردانە دەستیان کردەوە .

هەردوو سوپا تێکەڵ بوون .. کەتیبەکانی ئیمان و کەتیبەکانی شەیتان تێك رژان .. جەنگ گەرم بوو .. شمشێر و رم و تیر لافاوی خوێنیان هەڵساندبوو ..

لەشکرە بچکۆلەکەی ئیسلام خۆی دابووە دەست خوا .. لە پاداشتی ئەم تەسلیم بوونەش دا خوای گەورە کۆمەکیی بۆ ناردن .. فەرمانی دا مەلائیکەت بێنە مەیدانی جەنگ تا دڵی موسڵمانەکان دامەزراو بێت و ، مژدەی سەرکەوتنیان پێشکەش بکەن و ، ترس و لەرزیش بخەنە دڵی کافرانەوە و ، جاروباریش بەشداریی جەنگ بکەن ..

موسڵمانەکان پیاوانە دەستیان لە خوانەناسان ئەوەشاند .. بۆ هەموو دنیایان سەلماند کە هێزی عەقیدە و بیروباوەڕ بە هێزی ماددیی چار ناکرێت .. ئەوانەی بەندایەتیی راستەقینە بۆ خوا ئەکەن ، ئەوانە هێز نیە بەرگەیان بگرێ .. هەر کاتێك دڵەکان لە ئیمان پڕ بوون و ، خۆشەویستیی شەهید بوون چووە کرۆکیانەوە، ئەوا کێوی دامەزراو لە بەردەمیاندا خۆی ناگرێ ، چ جای دڵە بە پێز و بێ زەرەکان .. سەلماندیان کە راست ئەکەن ، بەوەی کە خوا کۆمەکیی بۆ ئەناردن ..

لە رۆژی بەدردا دروشمی موسڵمانەکان بریتیی بوو لە ((أحدٌ ، أحد)) . دوای ماوەیەك قورەیش تێك شکان و ، مەیدانیان بۆ موسڵمانەکان چۆڵ کرد .. ئەوەبوو حەفتا لە کافران کوژران و ، حەفتاشیان لێ بە دیل گیران و ، هەرکەسیش لە کوشتن و دیل کردن دەرباز ئەبوو تا ئەیتوانیی بە پەلە رای ئەکرد و ، بەرەو دوا بەرەو مەککە رێی ئەگرتە بەر .. لە هەمان کاتدا لە موسڵمانەکان تەنها چواردە کەس شەهید بوون ، هەرچەندە ژمارەیان کەم بوو و چەك و تفاقیشیان کەمتر بوو، بەلاّم خوای گەورە پشتی ئەگرتن و ، بە هێز و کۆمەکیی خۆی سەری ئەخستن . شایانی باسە کە ئەو چواردە شەهیدە شەشیان لە موهاجیرەکان و هەشتیشیان لە ئەنصار بوون .

ئەو مشتە چەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ گرتیە سوپای قورەیش ، هەر دەنکە چەوێکیان دەوری تیرێکی بینی ، ئەوەتا خوای گەورەش ئەفەرموێ :

﴿ وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ رَمَىٰ ﴾ (الأنفال : ١٧) .

﴿ وَمَا جَعَلَهُ ٱللَّهُ إِلَّا بُشْرَىٰ وَلِتَطْمَئِنَّ بِهِۦ قُلُوبُكُمْ ۚ وَمَا ٱلنَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾ (الأنفال : ١٠) .

﴿ وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنتُمْ أَذِلَّةٌ ۖ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾(آل عمران : ١٢٣) .

قورئانی پیرۆز پێغەمبەر ئاگار ئەکات کە ئەو چەوەی ئەو بەرەو قورەیش هاویشتی دەستی قودرەتی خوای لەگەڵدا بوو ، بۆیە کاری خۆی کرد . هەروەها ئامۆژگاریی موسڵمانان ئەکات هەتا چاوەڕوانی سەرکەوتن لەلایەن خواوە بکەن .. موسڵمانانیش لە بەدردا ، یەکجار کەم و کەم تفاق بوون و ، یەکجار زەلیل و بێدەست بوون ، بەڵام خوای گەورە بە قودرەتی خۆی سەرکەوتنی پێشکەش کردن .. دەی وا چاکە ئیمان‌داران شەرمی خوا بکەن و لەسەر ناز و نیعمەتی نەبڕاوەی هەردەم سوپاسی بکەن .

ئەم سەرکەوتنە خواییی‌یە لە رۆژی جومعەی حەڤدەی رەمەزانی ساڵی دووهەمی کۆچیی‌دا بوو ، کە قورئان ناوی (يوم الفرقان) ی لێ نا ، چونکە ئەو رۆژە حەق و ناحەق ، هیدایەت و گومڕایی لێك جیا بوونەوە .. چواردە ساڵ لەوەو پێشیش لە هەمان مانگ‌دا بوو کە قورئان هاتە خوارەوە .

جا پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ ئەوەش‌دا کە خەریکی دوعا و پاڕانەوە بوو و ، موسڵمانەکانیشی بۆ ئازایەتیی و مەردایەتیی هەڵ ئەنا ، لە هەمان کات‌دا بەشداریی جەنگیشی ئەکرد ..

ئیمام ئەحمەد لە ئیمام عەلی‌یەوە ئەگێڕێتەوە کە فەرموویە : لە رۆژی بەدردا خۆمان ئەدایە پەنای پێغەمبەری خوا ، کە لە هەموومان زیاتر لە دوژمنەوە نزیك بوو و ، لە هەموو کەسیش زیاتر لەو رۆژەدا ئازا و بەغیرەت بوو ..

بوخارییش لە ئیبن عەبباس‌ەوە ریوایەتی کردووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ رۆژی بەدر لە کەپرەکەی دێتە دەرەوە و ، بە قەڵغانەکەیەوە بازی ئەدا و ئەی‌فەرموو :

﴿ سَيُهْزَمُ ٱلْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ ٱلدُّبُرَ ﴿٤٥﴾ بَلِ ٱلسَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ وَٱلسَّاعَةُ أَدْهَىٰ وَأَمَرُّ ﴾ .

دیارە ئەم ئایەتە پیرۆزە لە مەککە هاتۆتە خوارەوە ، بەڵام لە رۆژی بەدردا ماناکەی هاتە دیی . واتە پێش ئەوەی ماناکەی بزانرێ هاتۆتە خوارەوە .. جا کاتێك کە ئەم ئایەتە لە مەککەدا هاتە خوارەوە عومەر پرسیی : ئەم کۆمەڵە کامەیە ؟! تا کە رۆژی بەدر هات ئەبینم پێغەمبەری خوا ﷺ بە قەڵغانەکەیەوە باز ئەدات و ئەفەرمویٚ :

﴿ سَيُهْزَمُ ٱلْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ ٱلدُّبُرَ ...﴾ ئەوەبوو ئەو رۆژە ماناکەیم زانیی .

ئەبوبەکری صددیقیش خوا لێی رازیی بێ لە رۆژی بەدردا ، چ لە کەپرەکـەدا و چ لە دەرەوەیدا ، لە پێغەمبەر ﷺ جوێ نەئەبوویەوە .. ئەو رۆژە شمشـێری هـەڵ کێشا بوو و بەرگریی لەو ئەکرد .

ئەگێڕنەوە کە عەلیی خوا لێی رازیی بێ رۆژێکیان وتاری ئەدا و ئەیفـەرموو : خەڵکینە ! ئازاترینی خەڵك کێـیـە ؟ وتیـان : تـۆ ، ئـەی ئـەمیری ئیمـانداران . فەرمووی : مـن لەگـەڵ هـەر کـەسدا زۆرانبـازییم کردبـێ بەزاندوومـە . بـەڵام ئازاترینی خەڵك ئەبوبەکرە . ئەوەبوو کەپرێکمان بۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺدروسـت کرد و ، وتـمان : کێ لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا بێـت تـا دەسـتی هـیچ بـت پەرستێکی نەگاتێ ؟ دەی بـەخـوا ، هیچ کـەسمان لێـی نەهاتـە پـێش جگـە لـە ئەبوبەکر کە شمشێرەکەی هەڵ کێشا بوو و ، بەسەر سەری پێغەمبەری خواوە وەستا بوو ، تا هەر بتپەرستێ هەڵمـەت بداتـە سـەر پێغەمبـەری خـوا ئـەو یەکسـەر هەڵمەتی بداتێ . ئەو لە هەموو کەس ئازاتر بوو .

پاشان فەرمووی : هەروەها چاوم لە پێغەمبـەری خـوا بـووە ﷺ کـە قـوڕەیش خەریکی ئازاردانی بوون ، یەکێ بەرهەڵستیی ئەکرد و ، یەکێکیش پاڵی پێوە ئەنا و ئەشـیان وت : تۆی هەموو خواکانت کـردوون بـە یـەك خـوا ؟ دە بـەخوا هـیچ کەسێك لێی نەچووە پێش جگە لە ئەبوبەکر . ئەوەبوو ئەی دا لەمە و ، ئەچوو بـە گژی ئەوەدا و ئەیفەرموو: تیاچن ! ئەتانەوێ پیاوێك بکوژن کـە ئەفـەرموێ : الله پەروەردگارمە ؟ پاشان ئیمام عەلیی ئەو عەبایەی بەرز کردەوە کە لە سـەر شـانی بوو و ئەوەندە گریا هەتا ریشی بە فرمێسك خووسا ، پاشان فەرمووی : لەبەر خوا وەڵامم بدەنەوە ئایا ئیمانداره‌کـەی ئـالی فیرعـەون چاکتـرە یـان ئـەو (واتـە ئەبوبەکر) ؟

خەڵکەکە بـێدەنگ بـوون و ، ئیمـام فـەرمووی : بـەخوا سـەعاتێکی ژیـانی ئەبوبەکر چاکترە لە پڕ بە پڕی سـەرزەویی لـە ئیمـانداره‌کـەی ئـالی فیرعـەون : چونکە ئەوە پیاوێك بوو ئیمانەکەی ئەشاردەوە ، بەڵام ئەم پیاوێك بوو ئیمانەکـەی ئاشکـرا ئەکـرد . (البداية والنهاية) .

ئەوەبوو ئیبلیسی لەعنەتیی ـ وەك لە پێشەوە باس کرا ـ لە شێوەی سـوراقەی کوڕی مالیکی مودلەجییدا هاتبووە لای سوپای قوڕەیش تا بۆ جەنگ هەڵیان بنێ و بەڵێنی پێ دان کە کۆمەك و پشتیوانیان بێت . کە جەنگ گەرم بوو و دیتـی وا

مەلائیکەتی ئاسمان یارمەتیی سوپای ئیمان‌دار ئەدەن و ، پشتی کافران ئەشکێنن، ئەوەندەی بۆ کرا هەڵ بێت و پاشەکشە بکات . هەتا ئەوەبوو حاریثی کوڕی هیشام ، کە وای ئەزانیی سوراقەیە ، لێی پاڕایەوە کە بە جێیان نەهێڵێ ، ئەویش دای بەسەر سنگی حاریثدا و خستی و ، خۆی دەرباز کرد و ، بت پەرستەکانیش بانگیان ئەکرد بە دوایدا : سوراقە بۆ کوێ ؟! ئەی تۆ نەت وت : کۆمەك و پشتیوانمانی و بەجێمان ناهێڵی ؟ وتی : ئەوەی من ئەی‌بینم ئێوە نای‌بینن .. من لە خوا ئەترسم و ، سزای خواش سەختە .. هەروا هەڵات هەتا خۆی خستە ناو دەریاوە ..

دەربارەی بەشداریی‌کردنی مەلائیکەت لە ڕۆژی بەدردا ، هەر هەموو زانایان لە سەر ئەوە یەك‌دەنگن کە خوای گەورە مەلائیکەتی بۆ کۆمەکیی موسڵمانەکان ناردووە ، ئەمەش بە بەڵگەی ئایەتی:

﴿ إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ مِّنَ الْمَلَائِكَةِ مُرْدِفِينَ ﴿٩﴾ وَمَا جَعَلَهُ اللَّهُ إِلَّا بُشْرَىٰ وَلِتَطْمَئِنَّ بِهِ قُلُوبُكُمْ ۚ وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِندِ اللَّهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾ (الأنفال : ٩ ـ ١٠) .

﴿ إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ أَلَن يَكْفِيَكُمْ أَن يُمِدَّكُمْ رَبُّكُم بِثَلَاثَةِ آلَافٍ مِّنَ الْمَلَائِكَةِ مُنزَلِينَ ﴿١٢٤﴾ بَلَىٰ ۚ إِن تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا وَيَأْتُوكُم مِّن فَوْرِهِمْ هَٰذَا يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُم بِخَمْسَةِ آلَافٍ مِّنَ الْمَلَائِكَةِ مُسَوِّمِينَ ﴿١٢٥﴾ وَمَا جَعَلَهُ اللَّهُ إِلَّا بُشْرَىٰ لَكُمْ وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُم بِهِ ۗ وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِندِ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ ﴿١٢٦﴾ لِيَقْطَعَ طَرَفًا مِّنَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَوْ يَكْبِتَهُمْ فَيَنقَلِبُوا خَائِبِينَ ﴾ (آل عمران : ١٢٤ ـ ١٢٧) .

ئەم کۆمەکی‌یەش چەند جارێك بووە : یەکەم جار هەزار مەلائیکەت و ، پاشان سێ هەزار و ، پاشان پێنج هەزار ..

بەڵام لەسەر کوشتار و جەنگی مەلائیکە زانایان جیاوازن . زۆربەیان رایان لەسەر ئەوەیە کە مەلائیکە سەرەڕای مژدەدان و دامەزراندن و دڵ خۆش کردنی موسڵمانان جەنگیشیان کردووە ، ئەمەش بە بەڵگەی فەرمایشتی خوای گەورە :

﴿ إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلَائِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُوا الَّذِينَ آمَنُوا ۚ سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ فَاضْرِبُوا فَوْقَ الْأَعْنَاقِ وَاضْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ ﴾ (الأنفال : ١٢) .

هەروەها فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە لە صەحیحی موسلیم‌دا لە ئیبن عەبباس‌ەوە هاتووە وتوویە : لە کاتێك‌دا کە پیاوێکی موسلمان بە دوای موشریکێك‌دا رای ئەکرد ، گوێی لە لێدانی قامچیی بوو بەسەر سەریەوە و ، سوارەکەش ئەی وت : بەرەو پێش بچۆ (حەیزووم) ـ ناوی ئەسپی ئەو مەلائیکەتە بوو ـ کە موسلمانەکە سەیری موشریکەکەی کرد ئەبینێ وا لەبەر دەمیا کەوت بە پشتا و ، کە لێی ورد بوویەوە ئەبینێ وا ، بە شێوەی لێدانی قامچیی ، داویەتی لە ناوەڕاستی لووتی و ، دەم و چاوی لەت کردووە و هەر هەمووشی شین بۆتەوە . موسلمانە ئەنصاریی‌یەکە دێت و باسەکە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگێڕێتەوە و ئەویش ئەفەرموێ : ((صدقت ، ذلك من مدد السماء الثالثة)) . ئەفەرموێ : راست ئەکەیت ، ئەوە لە کۆمەکیی ئاسمانی سێ‌هەم بووە .

هەروەها ئیبن ئیسحاق لە ئیبن عەبباس‌ەوە ئەگێڕێتەوە کە وتوویە : مەلائیکەت جگە لە رۆژی بەدر لە هیچ رۆژێکی تردا جەنگیان نەکردووە . ئەوان بۆ زۆر بوون و کۆمەکیی ئەهاتن و جەنگیان نەئەکرد .

هەندێ لە زانایانیش رایان لەسەر ئەوەیە کە لە رۆژی بەدریش‌دا مەلائیکەت جەنگیان نەکردووە ، بەڵکو بۆ یارمەتیی و دڵ دامەزراندن و ، مژدەدان بە سەرکەوتن و ، زۆربوونی ژمارەی موسلمانان ئەهاتن . بەڵگەشیان ئەم دوو ئایەتە پیرۆزەیە :

﴿وَمَا جَعَلَهُ ٱللَّهُ إِلَّا بُشْرَىٰ وَلِتَطْمَئِنَّ بِهِۦ قُلُوبُكُمْ﴾ (الأنفال : ١٠) .

﴿ وَمَا جَعَلَهُ ٱللَّهُ إِلَّا بُشْرَىٰ لَكُمْ وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُم بِهِۦ ﴾ (آل عمران : ١٢٦) .

لەو کاتەدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ موسلمانەکانی بۆ دان بەخۆداگرتن و ئازایەتیی هەڵ ئەنا ، هاتەوە یادی کە هەندێ پیاوی ناو سوپای قورەیش حەزیان لە جەنگی موسلمانەکان نەبووە و بە زۆر و ناچاریی هێنراون . ئەوانە لە هەمان کات‌دا دژایەتیی موسلمانانیان نەکردووە ، بەڵکو هی واشیان هەبووە پارێزگاریی لە موسلمانان کردووە ، بۆیە فەرمانی بەسەر موسلمانەکان‌دا دا تا چاویان لەوانە بێ و ئاگادار بن و نەیان کوژن . ئەوەبوو بە هاوەڵانی فەرموو : ((إني قد عرفت رجالاً من بني هاشم وغيرهم قد أخرجوا مكرهين ، لا حاجة لهم بقتالنا ، فمن لقي منكم أحداً من بني هاشم فلا يقتله ، ومن لقي أبا البختري بن هشام بن الحارث بن

أسد فلا يقتله ، ومن لقي العباس بن عبدالمطلب عم رسول الله ﷺ فلا يقتله ، فإنه إنما خرج مستكرهاً)) .

فـــەرمانی دا پیـاوانی نـەوەی هاشـم و ئەبولبوختـەریی و عـەبباسـی مامـەی نەکوژن .

وە نەبیّ پێغەمبەری خوا ﷺ لەم هەڵوێستەی‌دا چاودێریی لە خزمـەکانی خـۆی کرد بێت . نەخێر ، دەروونی پاك و پاڵفتەی ئەو پێغەمبەرە نازدارە لـەوەوە دوورە کە خزمەکانی خۆی پێش بخات .. بەڵام ئەوەندە هەیە کە نەوەی هاشم لـە مـاوەی سیانزە ساڵی رەبەقی مەککەدا بەرگری‌یان لـە ئیسـلام و پێغەمبـەر کـرد و ، لـە ماوەی سێ ساڵی ئابڵوقە ئابووری‌یەکەی قورەیش‌دا دژی موسـڵمانەکان ، نـەوەی هاشم ، بە کافر و موسڵمانیانەوە ، جگە لە ئەبولەهەب ، هەر هەموویان دەرکرانە شیوی ئەبوطالیب و ، یەکجار برسیی و ئاتاج بوون ، بە رادەیەك کە لـە برسـان‌دا گەڵای درەختیان خوارد .. عەبباسیش لە پەیـمانی عەقەبەی دووهەم‌دا هەڵوێستی مەردانە و دڵسۆزانەی بەرامبەر بە موحەممەدی برازای هەبوو .. هەتا بە ئەنصـاری راگەیاند کە موحەممەدی برازای وا لەناو خزم و کەسیا و پارێزراوە ، جا کـە ئـەوان ئەی‌بەن بۆ مەدینە با چـاك بی‌پـارێزن .. ئەبولبوختـەرییش دەورێکـی کاریگـەری هەبوو بۆ هەڵوەشاندەوەی لاپەڕە ستەم‌کارەکـەی قـورەیش کـە لـە کەعبـەدا دژی موسڵمانەکان هەڵیان واسیی بوو .. جا کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم چاکانەی نەوەی هاشـم و عـەبباس و ئەبولبوختـەریی لـە یـاد بـوون و ، لـە رۆژی سـەخت و پڕمەترسیی‌دا ئەی‌ویست چاوی لێ‌یان بێ ، ئەوپەڕی وەفاداریی بوو !! جا کێ هەیە ئەوەندەی ئازیز بەوەفا بێت ؟! کێ هەیە ئەوەنـدەی ئـازیز رەوشـت بـەرز بێـت .. هەموو رەوشتێك ؟!

قوڕ بەسەر ئەوانەی لە ژێر بەیداخی (محمد المصطفى) دەرئەچن و ئەچـنە ژێـر پەڕۆ شڕەی مرۆڤە نەخۆشەکانەوە !

ئەم ئامۆژگاری‌یە پڕ وەفایە ، بە شێوەیەکی تر کاری کردە سـەر دڵ و دەروونـی هاوەڵێکی زۆر چاك و ئیمان‌دامەزراوی وەك ئەبوحوذەیفەی کوڕی عوتبـەی کـوڕی رەبیعە و ، قسەیەکی نەشیاوی لە دەم دەرچوو و وتی : گوایا ئێمە بـاوك و کـوڕ و برای خۆمان بکوژین دەست‌بەرداری عەبباس ببین ؟ بەخوا ئەگەر تووشـی بـبم بـە شـمشێر دای ئەگرمەوە ..

ئەم قسەیەی ئەم هاوەڵە بەڕێزە گەیشتەوە لای پێغەمبەری خوا ﷺ ئەویش بە عومەری فەرموو : ((یا أبا حفص ! أیُضرب وجه عم رسول الله بالسیف ؟)) . فەرمووی : ئەی عومەر ! دروستە شمشێر لە دەم و چاوی مامەی پێغەمبەری خوا بدرێ ؟ عومەر فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ماوەم بدە تا بە شمشێر لە ملی بدەم ، دە بەخوا بە مونافیق دەرچوو . بەڵام پێغەمبەری خوا بەوە رازیی نەبوو و ، لەبەر نییەت و ئیمان و راستگۆیی لەو هاوەڵە بەڕێزە خۆش بوو .

بەڵام ئەبوحوذەیفە ئەو وشە سامناکەی لەبیر نەئەچوو .. هەمیشە وەك تارماییەکی ترسناك لە بەرچاوی بوو و ، خۆشیی و ئارامی دڵ و دەروونی لا هەڵگرت بوو .. ئەوەندە لەو وتەیەی ئەترسا ، قەناعەتی وەها بوو مەگەر شەهیدیی رێی خوا پاکی بکاتەوە لێی .. دڵی ئاوی نەئەخواردەوە کە هیچ کردەوەیەکی تر پاکی بکاتەوە جگە لە شەهید بوون .. ئەوەبوو لە جەنگی پاشگەزبووەکاندا و ، لە رۆژی جەنگی یەمامەدا بە ئاوات گەیشت و بە شەهیدیی سەری نایەوە ، خوا لێی رازیی بێ ..

ئەمە هاوەڵێك بوو بە حیسابی خۆی لە تاقییکردنەوەدا دەرنەچوو بوو ، ئەمە لاوازترین سەربازی سوپای ئیسلام بوو .. خۆ ئەگەر سەیرێکی سەربازە بەهێزەکان بکەین ، سەرمان سوڕ ئەمێنێ .. بۆچ ئەمانە مرۆڤن ؟ ئەم مرۆڤانە تا ئەم رادە بەرزە قورئان کاری کردۆتە سەریان ؟

بەڵێ لە غەزای بەدردا پیاوان دەرکەوتن .. پاڵەوانان هاتنە مەیدان .. بەغیرەت و ئارامگران دەستیان دایە چەك .. خۆنەویست و عەقیدەناسان جەنگی عەقیدەیان لەگەڵ کەسوکاری بێئیمانیاندا کرد .. هەر یەکەیان بەوپەڕی لێبڕانەوە شمشێری داهێنایەوە بۆ خزمە بتپەرستەکەی ..

یەکێ لەو پاڵەوانانە ئەبوعوبەیدەی خاوەن ئیمان بوو . ئەوەبوو هەرچیی بەرەو رووی باوکی ببوایەتەوە خۆی لێ لا ئەدا تا لەبەر مافی باوکایەتیی دەستی لێ نەوەشێنێ . کەچیی عەبدوڵلای کوڕی جەڕڕاحی باوکی بت پەرستی ئەوەندە دڵڕەق بوو ئەیویست خوێنی جگەرگۆشەکەی خۆی بڕێژێ .. ئەبوعوبەیدە خۆی لا ئەدا و باوکی کۆڵی نەئەدا رێی پێ ئەگرت ، تا ئەبوعوبەیدەی ناچارکرد کە باوکی بکوژێت ..

یەکێ تر لەو پاڵەوانانە ئەبوبەکری صددیق بوو ، کە بانگی کردە عەبدورڕەحمانی کوڕی تا بێتە مەیدانی و پێکەوە زۆرانبازیی بکەن .. ئەبوبەکر فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ماوەم بدە با من لە یەکەم دەستە بم بۆ جیهاد و شەهیدیی ، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو . ((متعنا بنفسك يا أبابكر ! أما تعلم أنك عندي بمنزلة السمع والبصر ؟)) . فەرمووی : ئەبوبەکر ! خۆتمان بۆ بهێڵە . ئەی تۆ نازانی تۆ بە لامەوە لە جێی چاو و گوێی ؟

یەکێ تر لەو مەردانە عومەری کوڕی خەططاب بوو کە عاصی کوڕی هیشامی کوڕی موغیرەی ئامۆزای دایکی کوشت ، کە وەك خاڵۆی وەهایە . سەیری پەراوێزی ژمارە (١٩٠) بکە .

حەمزە و عەلییش عوتبە و شەیبە و وەلیدی ئامۆزای خۆیان کوشت و ، موصعەبی کوڕی عومەیریش عوبەیدی کوڕی عومەیری برای خۆی کوشت .

موسڵمانەکان بە وردیی گوێڕایەڵیی قورئانیان ئەکرد و ، قورئانیش دەرسی مەردایەتیی دائەدان . ئەوەتا دەری ئەبڕێ کە پێویستە دین لە باوك و ڕۆڵە و برا و عەشرەت خۆشەویستتر بێت :

﴿ لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوْ كَانُوٓاْ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ أُوْلَـٰٓئِكَ كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَـٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ ۖ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا ۚ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ ۚ أُوْلَـٰٓئِكَ حِزْبُ ٱللَّهِ ۚ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴾

(المجادلة : ٢٢) .

لە پێشەوە وتمان کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی دا بە هاوەڵانی کە ئەگەر تووشی ئەبولبوختەریی بوون نەیکوژن ، چونکە پیاوێکی بێزیان بوو بۆ موسڵمانەکان ، بگرە کۆمەکیی ئەکردن . کەچیی ئەبولبوختەریی سەرەڕای ئەوەش کوژرا .. ئەوەبوو مەجذەری کوڕی زیادی بەلەویی لە مەیدانی جەنگدا گەیشت بە ئەبولبوختەریی کە لەگەڵ پیاوێکی هاوەڵیدا بوو و پێکەوە جەنگیان ئەکرد . مەجذەر وتی : ئەبولبوختەریی ! پێغەمبەری خوا ﷺ لە کوشتنی تۆ قەدەغەی کردووین . وتی : ئەی هاوەڵەکەم ؟ مەجذەر وتی : نا بە خوا ئێمە واز لە هاوەڵەکەت ناهێنین . واتە : کوشتنی ئەومان لێ قەدەغە نەکراوە . وتی : دەی

بەخوا کەواتە ئەبێ من و ئەو هەردووکمان پێکەوە بمرین . دەستیان بە جەنگ کرد و مەجذەریش ناچار بوو ئەبولبوختەریی بکوژێت .

لە کاتی جەنگ‌دا شمشێرەکەی عوکاشەی کوڕی مەحصەنی ئەسەدیی شکا و ، هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ . ئەویش لقەدارێکی دا بە دەستیەوە و فەرمووی : ((قاتل بهذا یا عکاشة)) .. فەرمووی : عوکاشە بەمە جەنگ بکە . هەرکە لە دەستی پێغەمبەری خوا وەری گرت و شۆکانیەوە ، یەکسەر بوو بە شمشێرێکی درێژی ، ئەستووری ، دەم سپیی تیژ و ، جەنگی پێ کرد هەتا خوا سەرکەوتنی بۆ موسڵمانەکان نارد . ئەم شمشێرە ناوی (العون) بوو ، هەروا بە دەستی عوکاشەوە بوو و ، لە هەموو جەنگەکان‌دا جەنگی پێوە ئەکرد ، تا ئەوەبوو لە جەنگی هەڵگەڕاوەکان‌دا عوکاشە شەهید بوو .

لەم جەنگە ناهەموارەدا ئەبوجەهل دەوری گرنگی هەبوو .. خۆی سەرکردەی گشتیی سوپای قوڕەیش بوو .. لە هەموو کەس زیاتر داخ‌لەدڵی موسڵمانەکان بوو .. بۆیە جەنگی سەرومالیی ئەکرد .. بەڵام دوای ماوەیەك هەستی کرد کە ڕەنج و تەقالای بێ هوودەیە و ، وا خەریکە ریزەکانی سوپاکەی هەرەس دێنن ، لەگەڵ ئەوەش‌دا ئەی‌ویست لە بەردەم ئەو مەترسی‌یەدا بوەستێ و ، هەر خەریك بوو جەنگاوەرە قوڕەیشی‌یەکانی هەڵ ئەنا و غیرەتی ئەخستە بەریان و بەوپەڕی فیز و دەمارەوە پێی ئەوتن : پشت هەڵکردنی سوراقە نەتان بەزێنێ ، چونکە سوراقە لەگەڵ موحەممەددا ڕێك کەوتبوو و ، کوژرانی عوتبە و شەیبە و وەلیدیش نەتان ترسێنێ ، چونکە خۆیان پەلەیان کرد .. دە بە لات و عوززا ناگەڕێینەوە هەتا بە گوریس دەست و پێیان نەبەستین .

ئەوەندەی پێ نەچوو هاش و لووشەکەی نیشتەوە و ، قوڕەیش دەستیان دایە هەلاتن و، ئەویش کۆمەڵێك جەنگاوەری لە دەوردا مابوونەوە ، کە بە شمشێر و رم پەرژینیان بۆ دروست کردبوو و ، ئەیان‌ویست بە سەرومالّ بی‌پارێزن ، کەچیی کە شالاو و هێرشی موسڵمانەکان هات ، رم و شیر و تیری دەوری ئەبوجەهل دادیان نەدا و ، بە هێزی بازووی موسڵمانان پەرژینەکە پێچرایەوە و ، ئەبوجەهل دەرکەوت و ، موسڵمانان سەیریان کرد وا بە سواریی ئەسپەکەی لە مەیدان‌دا هات وچۆ ئەکات و ، چاوەڕوانیی ئەجەلی ئەکات ..

عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف ئەڵێت : لە رۆژی بەدردا لە ریزی سوپادا وەستابووم ، کە ئاوڕم دایەوە ، ئەبینم لەلای راستم و چەپمدا دوو گەنج وەستاون ، هەروەك بە شیاویان نەزانم (لەبەر منداڵیی) . یەکێکیان بە نهێنیی ، بێ ئەوەی بهێڵێ هاوەڵەکەی ئاگادار بێ وتی : مامەگیان ! ئەبوجەهلم پیشان بدە . منیش وتم : کوڕی برام ! ئەبوجەهلت بۆ چی‌یە ؟ وتی : هەواڵم پێ دراوە کە جنێو بە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەدات . وتی : بەو خوایەی کە گیانی بە دەستە ئەگەر بی‌بینم ناهێڵم سێبەرمان جیا بێتەوە هەتا یەکێکمان نەکوژێ . منیش بەمە سەرسام بووم . ئەڵێت : ئەوی تریش دەستی تێ ژەندم و وەك ئەوی پێ وتم . ئەوەندەی پێ نەچوو سەیرم کرد ئەبینم ئەبوجەهل لە ناو خەڵکەکەدا هاتوچۆ ئەکات . وتم : نابینن ؟ ئەوە ئەو پیاوەیە ئێوە هەواڵی ئەپرسن .

ئەڵێت : بە شمشێرەکانیانەوە هەڵمەتیان دایە و ، بە شمشێر دایانگرتەوە هەتا کوشتیان . پاشان چوونە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و فەرمووی : ((أیکما قتله ؟)) . فەرمووی : کامتان کوشتتان ؟ هەریەکەیان ئەی وت : من کوشتم . فەرمووی : ((هل مسحتما سیفیکما ؟)) فەرمووی : شمشێرەکانتان سڕیون ؟ وتیان : نەخێر . پێغەمبەری خوا ﷺ سەیری هەردوو شمشێرەکەی کرد و ، فەرمووی : ((کلاکما قتله)) . فەرمووی : هەردووکتان کوشتووتانە . ئەو دوو گەنجەش موعاذی کوڕی عەمری کوڕی جەمووح و موعەووەذی کوڕی عەفراء بوون و ، سەرەنجام پێغەمبەری خوا ﷺ کەڵ و پەلە دەست کەوتەکەی ئەبوجەهلی دا بە موعاذی کوڕی عەمر ، چونکە موعەووەذ هەر لەو جەنگەدا بە پلەی شەهیدیی گەیشت ..

ئیبن ئیسحاق ئەڵێت : موعاذی کوڕی عەمری کوڕی جەمووح ئەی‌وت : گوێم لە خەڵکیی بوو و ، ئەبوجەهلیش وەك لەناو دارستانێکی چڕدا بێت و دەوری درابێ ، ئەیان‌وت : کەس دەستی ناگاتە ئەبولحەکەم . کە ئەمەم بیست ، خستمە ئەستۆی خۆمەوە و، بەرەو رووی رۆیشتم .. کە لێی نزیك کەوتمەوە ، هەڵمەتم دایە سەری و ، شمشێرێکم لێ دا و نیوەی قاچیم قرتاند و پەڕی . دە بەخوا کاتێك کە پەڕی بەو ناوکەم شوبهاند کە لە ژێر دەسکەوان‌دا دەر ئەپەڕێ .. ئەی‌وت : عیکریمەی کوڕی شمشێرێکی دا لەسەر شانم و قۆڵمی پەڕاند و ، تەنها بە پێستێکی لا تەنیشتمەوە هەڵ واسرابوو و ، جەنگ و کوشتار ئەوی لە بیر بردبوومەوە ..

سەرانسەری ئەو ڕۆژەم خەریکی جەنگ و کوشتار بووم و ، قۆڵەکشم بە دوای خـۆم دا ڕائەکێشا .. کە ئازاری دام ، پێم خستە سەری و خۆم دا بە سەریدا و فڕێم دا. پاشان کە ئەبوجەهل بە زامداریی کەوتبوو موعـەوویـذی کـوڕی عـەفراء دای بـە لایدا و بە شمشێرێك لە جووڵەی خست و ، لە گیانکەنشتدا بوو بە جێی هێشـت و ، موعەوویذ هەروا خەریکی کوشتار بوو هەتا شەهید بوو . بەلاّم موعـاذ هـەتا سەردەمی خەلیفە عوثـمان ژیا ...

ئەبوجەهل وەك قوڕی بەسەر خۆیدا کرد ئابڕووی قوڕەیشیشـی بـرد و ، لەبـەر چاوی هۆزەکانی دوورگەدا کردیە پەندی زەمانە..

بەلێ ، لەشکری فیز و دەمار ورەی نەما و ، هـەر کەسـە هـەوڵی ئـەدا خـۆی دەرباز بکات .. هەتا رم و شیرەکانی دەوری ئەبوجەهلیش هەلاّتن .. ئەبوجەهل لە دوا ساتەکانی ژیانیدا ، لە مەیدانی جـەنگدا بـە تـەنیا کـەوتبوو و ، پاڵەوانـە گۆشت خۆرەکانی قوڕەیشیش ، وەك ئەو ڕانە ئاسکەی کە ڕاوچـیی ڕاویـان بنـێ ، دەر و دەشتیان دابووە بەر و ، هەریەکە بە دوای کونێکدا ئەگـەڕا کـە خـۆی تیـا حەشار بدات ..

بەمە موسڵمانەکان دەستیان بەسەر مەیدانی جەنگدا گرت کە حەفتا کوژراو و حەفتا دیلی تێدا بە جێ مابوو و ، کەوتنە دەست موسڵمانەکان ، ئیتر با کەرەسـە و کەلوپەلی زۆر و زەبەندەی سوپای تێك شکاو لەولاوە بوەستێ ، کە هەلاّتووان بە جێیان هێشتبوو .

کاتێك کە جەنگ تەواو بوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ فـەرمووی : ((من ينظر مـا صنع أبوجهل ؟)) فەرمووی : کێ ئەچێ بزانێ ئەبوجەهل چیی بەسەر هاتووە ؟

موسـڵمانەکان دەسـتیان دایـە گـەڕان بـە دوای ئەبوجـەهلدا ، تـا ئـەوەبوو عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود خوا لێی ڕازیی بێ دۆزییەوە و ، ئەبینێ وا بـە حاڵـە حاڵە گیانی تێدا ماوە . ئەمیش پێی خستە سەر ملی و ریشی گرت تا سەری لـە لاشەی جیا بکاتەوە و وتی : ئەی دوژمنی خوا ! ئایـا خـوا سەرشـۆڕی کـردی ؟! وتی: بـە چیی سەرشۆڕی کردووم ؟ هەر ئەوە نیە پیاوێکیـان کوشـتووە ؟ خۆزگـە بەندەیەك نەیکوشتمایە . پاشان وتی : هەواڵم بدەرێ ئەمڕۆ سەرکەوتن بۆ کێیە ؟ وتی : بۆ خوا و پێغەمبەرەکەیەتی . پاشان بە ئیبن مەسعوودی وت ، کە ئـەوەبوو

پێی خستبووە سەر ملی : ئەی شوانی مەڕ! سەر کەوتوویتە سەر شوێنێکی بەرز . ئەوەبوو عەبدوڵلاّ لە مەککەدا شوانی مەڕ بوو .

دوای ئەم وت و وێژە عەبدوڵلاّ سەری لە لاشەی جیا کردەوە و ، سەرەکەی هێنایەوە خزمەتی پێغەمبەری خواﷺ و وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەمە سەری ئەبوجەهلی دوژمنی خوایە . فەرمووی : ((أللهُ الذي لا إله إلا هو ؟)) سێ جار فەرمووی ، پاشان فەرمووی : ((الله أكبر ، الحمد الله الذي صدق وعده ، ونصر عبده ، وهزم الأحزاب وحده ، وانطلقْ أرِنيه)) . فەرمووی : سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بەڵێنی خۆی بەسەر برد و ، بەندەکەی خۆی سەر خست و ، بە هێزی خۆی سوپای دوژمنانی تێك شکاند . وەرە لەگەڵمدا پیشانم بدە .

عەبدوڵلاّ ئەڵێ : پێکەوە ڕۆیشتین و پیشانم دا و ، فەرمووی : ((هذا فرعونُ هذه الأمة)) . فەرمووی : ئەمە فیرعەونی ئوممەتی ئیسلامە .

کاتێك کە قورەیش تێك شکا و ، هەندێکیان ناچار بوون لە ترساندا دەست بەرز بکەنەوە ، تا موسڵمانەکان قۆڵ بەستیان بکەن ، پێغەمبەری خوا ﷺ لەناو کەپرەکەیدا بوو و ، سەعدی کوڕی موعاذیش شمشێرەکەی دەرهێنابوو و ، لە دەرگای کەپرەکەدا بۆ پاسەوانیی پێغەمبەر وەستا بوو .. پێغەمبەری خوا ﷺ کە سەرنجی دەم و چاوی سەعدی دا هەستی کرد کە سەعد ئەو کارەی موسڵمانانی بە دڵ نیە ، بۆیە لێی پرسیی : ((والله لكأنك يا سعد تكره ما يصنع القوم ؟)) فەرمووی : بەخوا لەوە ئەچێ ، ئەی سەعد ! ئەو کارەی خەڵکەکەت پێ ناخۆشە ؟ وتی : ئەرێ ، بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا ! چونکە یەکەم تێكشکانێك بوو کە خوا بەسەر ئەهلی شیركدا هێنای ، کوشتنی ئەهلی شیرك بە لامەوە باشتر بوو لە هێشتنەوەی پیاوەکان بە زیندوویی .

بەڵێ ، جەنگی بەدر بە تێكشکانی قورەیش و سەرکەوتنێکی چاکی موسڵمانان کۆتایی هات . ئەوەبوو لە ریزی موسڵمانەکاندا چواردە کەس شەهید بوون کە شەشیان لە موهاجیرەکان و هەشتیان لە ئەنصار بوون ، کە ئەمانەن :

أ ـ شەهیدەکانی موهاجیرەکان ئەمانە بوون :

(أ) لە نەوەی موطەللیبی کوڕی عەبدمەناف یەك پیاو شەهید بوو ، کە ئەویش عوبەیدەی کوڕی حاریثی کوڕی موطەللیبی کوڕی عەبدمەناف بوو ، کە عوتبەی کوڕی ڕەبیعەی کوڕی عەبدشەمسی کوڕی عەبدمەناف لە کاتی

زۆرانبازی‌یەکەدا قاچی پەڕاند و ، بە زامداریی گەڕایەوە دوا و ، کاتیٚ کە سـوپای موسڵمانان بەرەو مەدینە گەڕایەوە و، گەیشـتـە دۆڵـی (صـەفراء) لـەویٚ کۆچـی دوایی کرد . شـایانی باسـە کـە مـوطـەللیـب و عـەبدشـەمس و هـاشمی بـاپیری پێغەمبەری خوا ﷺ هەرسێکیان برا بوون .

(ب) لە نەوەی زوهرەی کوڕی کیلاب دوو پیاو شەهید بوون :

١ ـ عومەیری کوڕی ئەبووەققاص برای سەعدی کـوڕی ئـەبووەققاص ، کـە لـە پێشەوە باس کرا چۆن بەو منداڵی‌یە حەزی لە شەهیدیی بوو .

٢ ـ (ذو الشمالين) کوڕی عەبـد عـەمری کـوڕی نـەضلەی خـوزاعیی ، کـە هاوپەیمانی نەوەی زوهرە بوو .

(ج) لە نەوەی عەدیی کوڕی کەعبی کوڕی لوئەی دوو پیاو شەهید بوون :

١ ـ عاقلی کوڕی بوکەیر ، کە هاوپەیمانی نەوەی عەدیی بوو و ، یەکەم کەسێك بوو کە لە ڕۆژانی سەختی مەککەدا لە ماڵی ئەرقەم‌دا بەیعەتی بە پێغەمبـەر ﷺ دا و ، یەکیٚ بوو لە موسڵمانە پێشینەکان و ، لەوەو پێش ناوی (غـافـل) بـوو و پێغەمبەری خوا ﷺ ناوی نا (عاقل) .

٢ ـ میهجەع ، کە بەندەی عومەری کوڕی خـەططـاب بـوو و لـە ڕێـی خـوادا ئازادی کـرد . یەکیٚ بووە لەوانەی کە زوو بە زوو موسڵمان بووە و یەکەم شەهیدی بەدریش بووە . لە عەبدوڵلاٚی کوڕی عەباس‌ەوە ریوایەت کراوە کە میهجـەع ئـەو پیاوە بووە کە خوای گەورە ئەم ئایەتە پیرۆزەی دەربارەی ئەو ناردۆتە خوارەوە :

﴿ وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ﴾ . (الأنعام : ٥٢) .

ئەمـەش لە قەدەغە کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە خوارەوە تا ئەو ئیماندارە هەژارانە ، لەسەر داوای مل‌هوڕەکانی قوڕەیش ، لە کـۆڕ و دانیشـتنەکانی خـۆی دەر نەکات.

(د) لە نەوەی حاریثی کوڕی فیهر یەك پیاو شەهید بوو کە ئەویش صـەفوانی کـوڕی وەهبـی کـوڕی ڕەبیعـەی کـوڕی هـیلالی فیهری‌یـە و صـەفوانی کـوڕی بەیضائیشی پیٚ ئەڵێن . صەفوان لە بەدردا بە دەستی طوعەیـمەی کوڕی عـەدیی نەوفەلیی شەهید کرابوو .

ب ـ شەهیدەکانی ئەنصاریش ئەمانە بوون .

(أ) لە نەوەی عەمری کوڕی عەوف (کە تیرەیەکی ئەوس بوون) دوو پیاو شەهید بوون .

١ـ سەعدی کوڕی خەیسەمە ، کە یەکێك بوو لەو موسڵمانانەی مەدینە کە زوو موسڵمان بوو و، یەکێکیش بوو لە دوانزە نەقیبەکەی بەیعەتی عەقەبەی دووهەم . ئەوەبوو لە ڕۆژی بەدردا سەعد و خەیسەمەی باوکی هەریەکەیان حەزی ئەکرد خۆی بەشداریی بکات بۆ ئەمە قورعەیان کێشا و بۆ سەعد دەرچوو کە گەنج بوو . باوکی داوای لێ کرد ڕێی بدا تا دەرچێ ، کەچیی سەعد لە وەڵامدا وتی : بابەگیان ! ئەگەر جگە لە بەهەشت شتێکی تر بوایە وەهام ئەکرد .

٢ـ موبەششیری کوڕی عەبدولمونذیری کوڕی زەنبەر ، کە برای ئەبولوبابەی ئەنصاریی بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕەوحاء گێڕایەوە بۆ مەدینە تا ئەو ماوەیەی خۆی لە مەدینە نیە ئەو ئەمیر بێ .

(ب) لە نەوەی حاریسی کوڕی خەزرەج (کە ئەوانیش تیرەیەکی خەزرەج بوون) پیاوێك شەهید بوو کە ئەویش یەزیدی کوڕی حاریث بوو .

(ج) لە نەوەی سەلیمە (کە ئەوانیش تیرەیەکی خەزرەج بوون) پیاوێك شەهید بوو کە ئەویش عومەیری کوڕی حومام بوو ، کە ئەوەبوو لە پێشەوە باسی شەهیدبوونی کرا .

(د) لە نەوەی حەبیب (کە ئەوانیش تیرەیەکی خەزرەج بوون) پیاوێك شەهید بوو کە ئەویش ڕافیعی کوڕی موعەللا بوو ، کە بە دەستی عیکریمەی کوڕی ئەبوجەهل شەهید کرا .

(هـ) لە نەوەی نەججار (کە تیرەیەکی خەزرەج بوون) سێ پیاو شەهید بوون :

١ ـ حاریثەی کوڕی سوراقەی کوڕی حاریث .

٢ ـ عەوفی کوڕی حاریثی کوڕی ڕیفاعەی کوڕی سەواد .

٣ ـ موعەوویذی کوڕی حاریثی برای ، کە هەردووکیان کوڕی عەفرائن و ، هەردووکیشیان لە کوشتنی ئەبوجەهلدا بەشدارییان کرد ، دوای ئەوەی پیاوێکی ئەنصاریی زامداریی کردبوو .

بەڵام کوژراوانی قورەیش کە ئەگەیشتنە حەفتا پیاو ئەمانە بوون :

(أ) لە نەوەی عەبدشەمسی کوڕی عەبدمەناف دوانزە پیاو کوژرا بوون کە ئەمانەن :

١ ـ شەیبەی کوڕی ڕەبیعە ، کە حەمزە بە زۆرانبازیی کوشتی .
٢ ـ عوتبەی کوڕی ڕەبیعە ، کە عوبەیدەی کوڕی حاریث لە زۆرانبازیەکەدا زامداری کرد و ، دواییش عەلیی و حەمزە هەڵمەتیان دایێ و یەکجاریان کرد .
٣ ـ وەلیدی کوڕی عوتبە ، کە بە زۆرانبازیی ئیمام عەلیی کوشتی .
٤ ـ حەنظەلەی کوڕی ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب ، کە زەیدی کوڕی حاریثەی خزمەتگوزاری پێغەمبەری خوا کوشتی .
٥ ـ حاریثی کوڕی حەضرەمیی ، کە هاوپەیمانی نەوەی عەبدشەمس بوو و نوعمانی کوڕی عەصر کوشتی .
٦ ـ عامیری کوڕی حەضرەمیی ، کە ئەویش هاوپەیمانیان بوو و ، هەڵگیرسێنەری ئاگری جەنگ بوو . ئەوەبوو خۆی دەرخست . عەمماری کوڕی یاسر کوشتی .
٧ ـ عومەیری کوڕی ئەبوعومەیر .
٨ ـ کوڕێکی ئەو عومەیرە . کە هەردووکیان بەندەی نەوەی عەبدشەمس بوون.
٩ ـ عوبەیدەی کوڕی سەعیدی کوڕی عاص ، کە زوبەیری کوڕی عەووام کوشتی .
١٠ ـ عاصی کوڕی سەعیدی کوڕی عاص ، کە ئیمام عەلیی کوشتی .
١١ ـ عوقبەی کوڕی ئەبوموعەیط ، کە عاصیمی کوڕی ثابیت کوشتی ، ئەویش لە کاتی گەڕانەوەی سوپای ئیسلامدا بەرەو مەدینە ، لە شوێنێکدا کە پێی ئەڵێن (عرق الظبية) .
١٢ ـ عامیری کوڕی عەبدوڵلای نەمریی (هاوپەیمانیان بوو) ، کە ئیمام عەلیی کوشتی .
(ب) لە نەوەی نەوفەلی کوڕی عەبدمەناف دوو پیاو کوژرابوون ، کە ئەمانەن:
١ ـ حاریثی کوڕی عامیری کوڕی نەوفەل ، کە خوبەیبی کوڕی ئەساف کوشتی.
٢ ـ طوعەیمەی کوڕی عەدیی کوڕی نەوفەل ، کە ئیمام عەلیی کوشتی .
(ج) لە نەوەی ئەسەدی کوڕی عەبدولعوززا حەوت پیاو کوژرا بوون کە ئەمانەن :
١ ـ زەمعەی کوڕی ئەسوەدی کوڕی موطەللیب ، کە ثابیتی کوڕی جەذع کوشتی . ئەشڵێن عەلیی و حەمزە لە کوشتنیدا بەشداریان کردووە .

٢ ـ ئەبولوختەریی کوڕی هیشام کە ناوی (عاص) بووە ، مەجذەری کوڕی زیادی بەلەویی کوشتی .
٣ ـ حاریثی کوڕی زەمعە ، کە عەممّاری کوڕی یاسر کوشتی .
٤ ـ نەوفەلی کوڕی خوەیلیدی کوڕی ئەسەد ، کە برای خاتووخەدیجەی دایکی ئیمانداران بوو و ، یەکێ بوو لە شەیتانەکانی قورەیش و ئیمام عەلیی کوشتی .
٥ ـ عەقیلی کوڕی ئەسوەدی کوڕی موطەللیب ، کە حەمزە و عەلیی کوشتیان .
٦ ـ عوقبەی کوڕی زەید کە پیاوێکی یەمەنیی بوو و هاوپەیمانی نەوەی ئەسەد بوو .
٧ ـ بەندەیەکی نەوەی ئەسەد کە ناوی عومەیر بوو .
(د) لە نەوەی عەبدوداری کوڕی قوصەی چوار پیاو کوژرابوون :
١ ـ نەضری کوڕی حاریثی کوڕی کیلدەی کوڕی عەلقەمە . ئەم نەضرە هەڵگری ئاڵای بت پەرستەکان بوو و ، لە جەنگی بەدردا بە دیل گیرا ، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی دا بکوژرێت و ، ئیمام عەلیی ، لە (وادی الصفراء) کوشتی ، چونکە ئەم پیاوە یەکێ بوو لە شەیتانەکانی قورەیش و ، گەورەترین تاوانباری جەنگ بوو و ، سزای موسڵمانەکانی زۆر ئەدا ..
٢ ـ زەیدی کوڕی مولەیص کە بەندەی عومەیری کوڕی هاشمی کوڕی عەبدمەنافی کوڕی عەبدودار بوو و ، بیلالی کوڕی ڕەباح کوشتی .
٣ ـ نەبیهی کوڕی زەیدی کوڕی مولەیص کە هاوپەیمانیان بوو .
٤ ـ عوبەیدی کوڕی سولەیط ، کە هاوپەیمانیان بوو .
(هـ) لە نەوەی تەمیمی کوڕی موڕڕە چوار پیاو کوژرابوون :
١ـ مالیکی کوڕی عوبەیدوڵڵای کوڕی عوثمان ، کە برای هاوەڵی پایەدار طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا بوو . مالیك بە دیلیی کەوتە دەست موسڵمانەکان و لە ماوەی دیلییدا کۆچی دوایی کرد و ، بە یەکێ لە کوژراوانی بەدر لە قەڵەم درا .
٢ ـ عەمری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی جەدعان .
٣ ـ عومەیری کوڕی عوثمانی کوڕی عەمری کوڕی کەعب کە ئیمام عەلیی کوشتی .
٤ ـ عوثمانی کوڕی مالیکی کوڕی عوبەیدوڵڵا ، کە صوهەیب کوشتی .

(و) لە نەوەی مەخزووم (هۆزەکەی خالیدی کوڕی وەلید) بیست و چوار پیاو کوژرابوون ، کە ئەمانەن :

١ ـ فەرماندەی گشتیی سوپای مەککە (ئەبوجەهلی کوڕی هیشام) کە ناوی عەمر بوو و لە پێشەوە کوژرانی باس کرا .

٢ ـ عاصی کوڕی هیشامی کوڕی موغیرە کە برای ئەبوجەهل بوو و ئامۆزای دایکی عومەری کوڕی خەططاب بوو و عومەر خۆی کوشتی .

٣ ـ یەزیدی کوڕی عەبدوڵڵا کە هاوپەیمانیان بوو و ، عەممار کوشتی .

٤ ـ ئەبوموسافیحی ئەشعەریی کە ئەمیش هاوپەیمانیان بوو و ئەبو دوجانە کوشتی .

٥ ـ حەرمەلەی کوڕی عەمر کە هاوپەیمانیان بوو و خاریجەی کوڕی زەید کوشتی. خاریجەش لە ئوحوددا شەهید کرا .

٦ ـ مەسعوودی کوڕی ئەبوئومەییەی کوڕی موغیرە کە ئامۆزای خالید بوو و ئیمام عەلیی کوشتی .

٧ ـ ئەبوقەیسی کوڕی وەلیدی کوڕی موغیرە کە برای خالید بوو و ، حەمزە کوشتی .

٨ ـ ئەبوقەیس کوڕی فاکیهەی کوڕی موغیرە کە ئەویش ئامۆزای خالید بوو و ئیمام عەلیی کوشتی .

٩ ـ ریفاعەی کوڕی عابیدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی مەخزووم کە سەعدی کوڕی رەبیع کوشتی .

١٠ ـ مونذیری کوڕی ئەبوریفاعەی کوڕی عابید کە مەعنی کوڕی عەدیی کوشتی .

١١ ـ سائیبی کوڕی ئەبوسائیبی کوڕی عابید کە زوبەیری کوڕی عەووام کوشتی . لە ریوایەتێکی تردا وا هاتووە کە ئەم پیاوە بە چاکیی موسڵمان ئەبێت.

١٢ ـ ئەسوەدی کوڕی عەبدولئەسەد کە حەمزە کوشتی .

١٣ ـ حاجیبی کوڕی سائیبی کوڕی عوەیمیر کە عەلیی کوشتی .

١٤ ـ عوەیمیری کوڕی سائیبی کوڕی عوەیمیر کە بە زۆرانبازیی نوعمانی کوڕی مالیك کوشتی .

١٥ ـ عەمری کوڕی سوفیان ، کە هاوپەیمانیان بوو و ، لە هۆزی طەی بوو و ، یەزیدی کوڕی رەقیش کوشتی .

١٦ ـ جابیری کوڕی سوفیان ، کە ئەویش هاوپەیمانیان بوو و ، لە هۆزی طەی بوو و ، جابیری ئەبوبوردەی کوڕی نیار کوشتی .

١٧ ـ عەبدوڵڵای کوڕی مونذیری کوڕی ئەبوڕیفاعە، کە ئیمام عەلیی کوشتی.

١٨ ـ حوذەیفەی کوڕی ئەبوحوذەیفەی کوڕی موغیرە ، کە ئامۆزای خالید بوو و، سەعدی کوڕی ئەبووەققاص کوشتی .

١٩ ـ هیشامی کوڕی ئەبوحوذەیفەی کوڕی موغیرە ، کە ئامۆزای خالید بوو و صوهەیبی کوڕی سینان کوشتی .

٢٠ ـ زوهەیری کوڕی ئەبوڕیفاعە ، کە ئەبوئوسەید ، مالیکی کوڕی رەبیعە کوشتی .

٢١ ـ سائیبی کوڕی ئەبوڕیفاعە ، کە عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف کوشتی .

٢٢ ـ عائیذی کوڕی سائیبی کوڕی عوەیمیر ، کە لە جەنگدا حەمزە زامداری کرد و ، پاشان بە دیل گیرا و ، فیدیەی دا و بەر بوو ، کەچیی دواتر بە هۆی زامەکەیەوە مرد .

٢٣ ـ پیاوێکی هۆزی طەی کە ناوی عومەیر بووە و هاوپەیمانیان بووە .

٢٤ ـ پیاوێکی تر کە ناوی (خیار) و لە هۆزی قارە بووە و ، هاوپەیمانیان بووە .

(ز) لە نەوەی سەهمی کوڕی عەمر (هۆزەکەی عەمری کوڕی عاص) حەوت پیاو کوژرابوون ، کە ئەمانەن :

١ ـ مونەببیهی کوڕی حەججاجی کوڕی حوذەیفەی کوڕی سەعدی کوڕی سەهم ، کە ئەبولیوسری خزمی نەوەی سەلیمە کوشتی .

٢ ـ کوڕەکەی ، عاصی کوڕی مونەببیه ، کە ئیمام عەلیی کوشتی .

٣ ـ براکەی ، نەبیهی کوڕی حەججاج ، کە حەمزە و سەعدی کوڕی ئەبووەققاص بە هاوبەشیی کوشتیان .

٤ ـ ئەبولعاصی کوڕی قەیسی کوڕی عەدیی کوڕی سەعدی کوڕی سەهم ، کە ئیمام عەلیی کوشتی . هەندێکیش ئەڵێن : نوعمانی کوڕی مالیك و ، هەندێکی تریش ئەڵێن : ئەبودوجانە کوشتوویانە .

٥ ـ عاصمی کوڕی ضوبەیرەی کوڕی سەعیدی کوڕی سەعدی کوڕی سەهم کە ئەمیش ئەبولیوسر کوشتی .

٦ ـ حاریثی کوڕی مونەببیهی کوڕی حەجاج ، کە صوهەیب کوشتی .

٧ ـ عامیری کوڕی عەوفی کوڕی ضوبەیرەی برازای عاصم ، یان عەبدوڵڵای کوڕی سەلەمەی عیجلانیی ، یان ئەبودوجانە کوشتوویانە .

(ح) لە نەوەی عامیری کوڕی لوئەی دوو پیاو کوژراون کە ئەمانەن :

١ ـ موعاویەی کوڕی عامیر کە هاوپەیمانیانە و لە نەوەی عەبدولقەیسە . عوکاشە کوشتوویە .

٢ ـ مەعبەدی کوڕی وەهب کە هاوپەیمانیانە و لە نەوەی کەلبی کوڕی عەوفە و، خالید و ئەیاسی کوڕانی بوکەیر کوشتوویانە .

(ط) لە نەوەی جومەحی کوڕی عەمری کوڕی هەصیص چوار پیاو کوژراون کە ئەمانەن :

١ ـ ئومەییەی کوڕی خەلەف ، کە پیاوێکی ئەنصاریی لە نەوەی مازین کوشتی . ئومەییە ئەو ستەمکارە بوو کە لە مەککە سزای بیلالی ئەدا . کە بیلال چاوی بە ئومەییە کەوت هاواری کرد : سەرۆکی کوفر ، ئومەییەی کوڕی خەلەف . رزگار نەبم گەر بهێڵم ئەو رزگاری ببێ . ئەوەبوو ئومەییە و عەلیی کوڕی بە دیلیی کەوتبوونە دەست عەبدورڕەحمانی کوڕی عەوف ، کە دەیویست لە دەستی بیلال رزگاریان بکات . دیسان بیلال وتی : رزگار نەبم گەر بهێڵم ئەو رزگاری ببێ . پاشان بە هەموو دەنگی هاواری کرد : ئەی کۆمەکانی خوا ! سەرۆکی کوفر ، ئومەییەی کوڕی خەلەف . رزگار نەبم گەر بهێڵم ئەو رزگاری ببێ .. موسڵمانەکان دەورەیان لە خۆی و کوڕەکەیان دا و کوشتیان .

٢ ـ کوڕەکەی ، عەلیی کوڕی ئومەییە ، کە عەممار کوشتی .

٣ ـ ئەوسی کوڕی مەعیر کە ئیمام عەلیی ، یان حوصەینی کوڕی حاریث ، یان عوثمانی کوڕی مەظعوون کوشتوویانە .

٤ ـ سەبرەی کوڕی مالیك کە هاوپەیمانیان بووە .

کە جەنگ تەواو بوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی هاتە سەر کوژراوەکان و فەرمووی : ((بِئسَ العشيرةِ كُنتُم لنبِيِّكُم ، كذَّبتُموني وصدَّقَني الناسُ ، وخـذلتُموني ونَصَرَني الناسُ ، وأَخرَجتُموني وآواني الناسُ)) . فەرمووی : ئێوە خراپترین کەس و

کار بوون بۆ پێغەمبەرەکەتان .. ئێوە بە درۆتان خستمەوە ، کەچیی خەڵکیی بڕوایان پێ کردم .. ئێوە پشتتان بەر دام ، کەچیی خەڵکیی کۆمەکی‌یان کردم .. ئێوە دەرتان کردم ، کەچیی خەڵکیی جێیان کردمەوە . پاشان فەرمانی دا و رایان کێشان و خستنیانە بیرێك لە بیرەکانی بەدر .

لە ئەبوطەلحەوە ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەر ﷺ رۆژی بەدر فەرمانی دا لاشەی بیست و چوار پیاوی ملھوڕانی قورەیش بھێنن و ، فڕێیان بدەنە ناو بیرێکی بەدرەوە . ئەوەبوو ھەرچیی بەسەر کۆمەڵێكدا سەربکەوتایە لەو ناوەدا سێ شەو ئەمایەوە . جا کە دوای جەنگی بەدر بووە سێ‌ھەم رۆژ ، فەرمانی دا ولاغەکەی بۆ بھێنن و بۆی ئامادە بکەن ، پاشان رۆیشت و ھاوەڵانیش بە دوای‌دا رۆیشتن ، ھەتا گەیشتە سەر لێواری بیرەکە و ، دەستی کرد بە بانگ کردنیان بە ناوی خۆیان و باوکیانەوە: ((یا فلان بن فلان ! یا فلان بن فلان ! أَیَسُرُّکُم أنّکُم أطعتُم اللهَ ورَسولَهُ ؟ فإنَّا قد وجَدنا ما وَعَدَنا ربُّنا حقاً ، فهل وجدتُّم ما وعَدَ رَبُّکُم حقاً ؟)) . ئەی فەرموو : ئەی فلانی کوڕی فلان ! ئایا پێتان خۆشە گوێڕایەڵیی خوا و پێغەمبەرتان بکردایە ؟ ئێمە بە راستیی بە چاوی خۆمان ئەو بەڵێنەمان دیی کە پەروەردگارمان پێمانی دا، جا ئایا ئێوەش بە چاوی خۆتان ئەو بەڵێنەتان دیی کە پەروەردگارتان پێتانی دا ؟

عومەر فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ! فەرمایشتی چیی ئەکەی لەگەڵ کۆمەڵە لاشەیەكدا کە گیانی تیّدا نیە ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ((والذي نفس محمد بیده ما أنتم بأسمع لما أقول منهم)) . لە ریوایەتێکی تردا ھاتووە : ((ما أنتم بأسمع منهم ، ولکن لا یجیبون)) . (متفق علیه) . سوێندی بۆ خواردن کە ئەوانیش وەك ئەمان گوێیان لێیە ، ئەوەندە ھەیە وەڵام نادەنەوە .

شاردنەوەی لاشەی ئەو کوژراوانە رەوشتێکی بەرزی پێغەمبەری ئازیز بوو ﷺ ، چونکە سوننەتی وەھا بووە ھەر لاشەیەکی مردووی ببینیایە ، نەی ئەپرسیی ئەوە کافرە یان موسڵمان ، فەرمانی ئەدا بە ھاوەڵانی تا بی‌کەن بە ژێر خۆڵەوە . قورەیشی‌یەکانیش ھەرچی‌یان لێ ھات لە خراپە و تاوان دەرھەق بە پێغەمبەر و موسڵمانان درێغی‌یان نەکرد ، کەچیی پێغەمبەر ﷺ رێزی مرۆڤانەی لێ گرتن و ھەموویانی داپۆشیی .

کاتێك کە عوتبەی کوڕی ڕەبیعەیان هێنا تا بیخەنە ناو بیرەکەوە ، ئەبوحوذەیفەی کوڕی لەوێ ئامادە بوو . جا پێغەمبەری خوا ﷺ سەرنجی دەم و چاوی ئەبوحوذەیفەی دا ئەبینێ وا خەم بارە و ڕەنگی گۆڕاوە ، فەرمووی : ((يا أبا حذيفة ! لعلك قد دخلك من شأن أبيك شيء ؟)) . فەرمووی : ئەبوحوذەیفە ! لەوە ئەچێ دەربارەی باوکت شتێك چووبێتە دڵتەوە ؟ وتی : نە بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا ! گومانم دەربارەی باوکم و کوژرانی نیە ، بەڵام من ڕا و نەرم و نیانیی و چاکیەکم بە باوکمەوە ئەبینیی ، کە هیوادار بووم ئەوە هیدایەتی بدا بۆ سەر ئیسلام ، بەڵام کە دیتم چیی بەسەر هات و ، ئەوەشم هاتەوە یاد کە لەسەر کوفر مرد ، دوای ئەوەی کە هیوام پێی بوو ، ئەوە خەمباری کردم . پێغەمبەری خوا ﷺ دوعای خێری بۆ ئەبوحوذەیفە کرد . شایانی باسە لە پێشەوە باسی ناڕەزایی عوتبەمان کرد کە چۆن حەزی لە جەنگ نەبوو و ، پێغەمبەریش ﷺ شاهێدیی بۆ دا کە عوتبە ، کە سواری وشترە سوورەکەیە ، خێری تیایە و گەر قوڕەیش بە گوێی بکەن ڕێی کەڵك و قازانج ئەگرنە بەر .

کاتێك کە موسڵمانەکان سەرکەوتن ، پێغەمبەری خوا ﷺ دوو پیاوی بە شێوەی مژدەدەر ناردەوە دوا بۆ مەدینە ، کە یەکێکیان عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە بوو ، بۆ دانیشتوانی (العالية) واتە دێهاتەکانی دەوری مەدینە وەك (قوباء) و ، ئەوی تریشیان زەیدی کوڕی حاریثە بۆ دانیشتوانی مەدینە و سواری وشترەکەی پێغەمبەری خوا بوو بوو . کە گەیشتنە مەدینە دەنگیان بەرز کردەوە و موسڵمانیان لە سەرکەوتن ئاگادار کرد . ئیتر ئەوەبوو پیاوان و منداڵان هاتن بە دەمیانەوە و بە مەدینە و گەڕەکەکانی دەوروبەریدا ئەگەڕان و خەریکی وتنی (لا إله إلا الله) و (الله أكبر) بوون .

ئەوەبوو پێش گەیشتنی دەنگ و باسی سەرکەوتن جوولەکە و مونافیقان مەدینەیان لە پاگاندە پڕ کردبوو کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ کوژراوە و موسڵمانەکانیش تێك شکاون . بەڵام کە مژدەدەرەکان گەیشتنە بەرەوە ، ئەوان کەوتنە درۆوە .

یەکێ لە مونافیقان کە چاوی بە زەیدی کوڕی حاریثە کەوت ، سواری (القصواء) ، وشترەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، بوو بوو ئەی وت : موحەممەد

کوژراوە و ، ئەمەش وشترەکەی ئەوە و ئەیناسینەوە و ، ئەمەش زەیدە لە ترسان دا نازانێ چیی بڵێ و ، بە تەنیا هەڵاتووە .

بەڵام کە دەنگوباسی سەرکەوتنیان راگەیاند ، موسڵمانەکان یەکجار دڵ خۆش بوون و ، سەرەڕای تەهلیل و تەکبیر لە کۆڵانەکانی مەدینەدا ، پیاوە ناودارەکانی موسڵمانان ـ کە لە مەدینەدا مابوونەوە ـ بەرەو بەدر کەوتنە ڕێ ، تا پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە خوایییە لە پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن .

لەولاوە جوولەکە و مونافیقان یەکجار سەرشۆڕ بوون ، هەتا یەکێ لە سەرۆکی جوولەکەکان ئەی وت :

ئەمڕۆ ، دوای ئەوەی کە پیاوماقووڵ و سەرداری هەموو خەڵك و ، پادشاکانی عەرەب و خاوەنانی حەرەمی مەککە کوژراون ، ناو سکی زەویی چاکترە لە سەرزەویی .

کاتێك کە ئەم مژدەیە گەیشتە مەدینە ، موسڵمانەکان لەسەر قەبران ئەگەڕانەوە ، کە ئەوەبوو روقیەی کچی پێغەمبەریان ناشتبوو . کاتێ کە موسڵمانەکان بەرەو بەدر کەوتنە ڕێ روقیە نەخۆش بوو و ، فەرمانیشی دا کە عوثمانی مێردی لەلای بمێنێتەوە ، جا ئەم سەرکەوتنە بووە هۆی سووکبوونی خەم و خەفەتی پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر کۆچ کردنی کچە خۆشەویستەکەی .

لە کاتێکدا کە سوپای موسڵمانان لەژێر ئالا و سەرکردایەتیی پێغەمبەری خوادا ﷺ سەرکەوتنی بە دەست هێنا بوو ، سوپای سەرگەردانی مەککە ئەبوجەهلی سەرۆکی کوژرابوو و ، زۆربەی پیاوماقووڵ و سەرکردەکانی تریشی یان کوژرابوون یان بە دیل گیرا بوون . بۆیە هەر قورەیشییەك هەوڵی ئەدا لە مەیدانی جەنگ خۆی دەرباز بکات و لەو چەم و شیوانەدا خۆی حەشار بدا و ، بەوپەڕی شەرمەزاریی و ئابڕووچوونەوە روو لە مەککە بنێ .. بەو هەموو ترس و لەرزەوە هەرکەسە خۆی دەرباز ئەکرد و ، نەیشی ئەزانیی بە چ رووییەکەوە خۆی بکاتەوە بە شاری مەککەدا !!

یەکەم کەسێك کە دەنگوباسی جەنگی بەدری گەیاند بە قورەیش پیاوێك بوو بە ناوی حەیسەمانی کوڕی عەبدوڵڵای خوزاعیی . وتیان : چ دەنگوباسێکت لایە؟ وتی : عوتبەی کوڕی رەبیعە و ، شەیبەی کوڕی رەبیعە و ، ئەبولحەکەمی کوڕی هیشام واتە ئەبوجەهل و ، ئومەییەی کوڕی خەلەف و ، لەگەڵ چەند

سەرکردەیەکی تردا کە ناوی دان ، کوژراون . کاتێك کە ناوی پیاوماقووڵانی قورەیشی هەڵ دا ، صەفوانی کوڕی ئومەییە ، کە لەلای حیجردا دانیشتبوو ، وتی: بەخوا ئەمە عەقڵ نای‌گرێ ، تا دەربارەی منیش پرسیاری لێ بکەن . پرسی‌یان : ئەی صەفوانی کوڕی ئومەییە چیی بەسەر هات ؟ وتی : ئەوەتا ئەو لەلای حیجردا دانیشتووە . بەخوا کاتێك کە باوك و براکەی کوژران چاوم لێیان بوو .

دەنگ‌وباسی تێك شکانی قورەیش بەلای دانیشتوانی مەککەوە شتێکی یەکجار سەخت و دژوار بوو .. بە تەمای ئەو زەلیلیی و نەگبەتی‌یە نەبوون ، بەلاّم بەرە بەرە لایان روون بوویەوە کە راستە .

لە هەموو کەسێك زیاتر ئەبولەهەب پێی ناخۆش بوو .. ئەوەبوو بیستی وا ئەبوسوفیانی کوڕی حاریثی کوڕی عەبدولموطەللیب ، کە برازای بوو ، تازە لە جەنگی بەدر گەڕاوەتەوە ، ئەبولەهەب بانگی کرد تا بێتە لای و دەنگ‌وباسی بۆ بگێڕێتەوە . ئەویش هاتە لای دانیشت و خەڵکەکەش بە پێوە وەستان و دەورەیان لێ دان .

وتی : کوڕی برام ! ئادەی هەواڵم بدەرێ دەنگ‌وباسی ئەو خەڵکە چۆن بوو ؟ وتی : هەر ئەوەندە بوو بەو خەڵکە (واتە موسڵمانەکان) گەیشتین ، ئیتر شانمان بۆیان شل کرد و ، ئەوانیش چۆنیان بویستایە لێمانیان ئەکوشت و ، دیلیان ئەکردین . جا سوێند بەخوا ئەخۆم کە گلەییشم لەو خەڵکە (واتە قورەیشی‌یەکان) نەبوو ، چونکە تووشمان بوو بە تووشی کۆمەڵە پیاوێکی بەرگ سپی‌یەوە کە سواری ولاغی بەڵەك بوو بوون و ، لە نێوان ئاسمان و زەویی‌دا بوون ، کە بەخوا دەست بەرداری هیچ شتێك نەئەبوون و ، هیچ شتێکیش بەرگەی نەئەگرتن .

ئەم رووداوە ئەبورافیعی خزمەت‌گوزاری پێغەمبەری خوا ﷺ ئەی‌گێڕێتەوە ، کە لەو کاتەدا لە مەککەدا بووە و ، بەندەی عەبباسی کوڕی عەبدولموطەللیب بووە و، عەبباس و ئوم فەضلی هاوسەری و ئەبورافیعیش بە نهێنیی ئیمان ئەهێنن .. کە ئەبورافیع ئەمە ئەبیستێ ئەڵێت : بەخوا ئەوانە مەلائیکەت بوون . ئەبولەهەب دەستی بەرز ئەکاتەوە و بە توندیی ئەی‌دا لە دەم و چاوی ئەبورافیع و ئازاری پێ ئەگەیەنێ و ، ئەشی دا بە زەویی‌دا و ، بە ئەژنۆی ئەچێتە سەری و ، دەست بە لێدانی ئەکا و ، بەستەزمانە ئەویش پیاوێکی لاواز ئەبێت . لەو کاتەدا ئوم

فەضلیش ئامادە ئەبێت ، هەڵمەت ئەدات کۆڵەکەیەك هەڵ ئەگرێت و ئەیدا بە سەری ئەبولەهەبدا و زامێکی گەورەی تێ ئەکات و ، ئەڵێت : بە بۆنەی ئەوەوە کە ئاغاکەی (واتە عەبباس) لێرە نیە بە لاوازی ئەزانی ؟ ئیتر ئەبولەهەب بە سەری شۆڕەوە هەڵ ئەسێت و ئەڕوا .

جا ئەبورافیع سوێند ئەخوا کە ئەبولەهەب تەنها حەوت شەو ما و خوای گەورە تووشی نەخۆشی‌یەکی زۆر پیسی کرد کە ناوی (عەدەسە) یە ، کە ئەو کاتە عەرەبەکان زۆر لێی ئەترسان و نزیکی ئەو جۆرە نەخۆشانە نەئەکەوتنەوە . کە مردیش هەردوو کوڕەکەی نەیان‌ئەوێرا سێ ڕۆژ بچن بە لایدا ، تا ئەوەبوو بۆگەنی کرد و ، پیاوێکی قوڕەیشیی لۆمەی کردن و وتی : شەرم ناکەن ؟ باوکتان لە ماڵەکەیدا بۆگەنی کردووە ، ئەی نای‌نێژن ؟ وتیان : ئەترسین ئەو نەخۆشی‌یەمان بۆ بگوێزرێتەوە . وتی : وەرن من یارمەتییتان ئەدەم . هەر لە دوورەوە ، بێ ئەوەی لێی نزیك بکەونەوە ئاویان بەسەرا کرد و شۆردیان ، پاشان بردیان بۆ ژووروی مەککە و پاڵیان دا بە دیوارێکەوە و، بەردیان لەسەر کەڵەکە کرد .

بەم شێوەیە خوای پاك و بێ‌گەرد ئەو نەخۆشی‌یە پیسە و ئەو مەرگە سووکەی پێشکەش بەو ئەبولەهەبە کرد کە دژایەتیی پێغەمبەر و ئیسلامی ئەکرد و ، بێ‌بەزەیی‌یانە سزای موسڵمانانی ئەدا ..

ئەم تێك‌شکان و کوژران و دیل‌کردنە کارێکی گەورەی کردە سەر قوڕەیش و ، بۆ ماوەیەك شیوەنیان بۆ کوژراوەکانیان کرد ، بەلاّم لە دواییدا هاتنە سەر ئەوە با ئیتر واز لە شیوەن و ڕۆ ڕۆ بهێنن ، تا موحەممەد و هاوەڵانی دەست بەسەر دڵیانا نەهێنن ، هەروەها داوایان لە کەس‌وکاری دیلەکان کرد کە با لە فیدیەداندا پەلە نەکەن با موسڵمانەکان پێ ڕانەکێشن و داوای پارەی زۆریان لێ نەکەن ..

ئەوەبوو ئەسوەدی کوڕی موطەللیب لە جەنگی بەدردا دوو کوڕ و کوڕەزایەکی کوژرابوون : زەمعە و عەقیل و حاریثی کوڕی زەمعە . ئەسوەد هەردوو چاوی لە دەست دابوو و ، زۆریشی حەز ئەکرد بگری و ، بە خزمەت‌گوزارەکەی ئەوت : ئایا قوڕەیش بۆ کوژراوەکانیان ئەگرین ، تا منیش بۆ کوڕەکانم بگریم ، بە ڕاستیی ناوسکم ئاگری تێ بەر بوو .

با مەککە بەجێ بهێڵین و بگەڕێینەوە بۆ بەدری مەیدانی جەنگ . قوڕەیشی‌یەکان بە شێوەیەك لە مەیدان هەڵاتن هەرچیی کەل‌وپەل و کەرەسەی

جەنگیان پێ بوو هەموویان لێ بەجێ ما و ، موسڵمانان بۆ خۆیان کۆیان کردەوە . کاتێك کە ویستیان بەشی بکەن هەر دەستەیەکیان ئەو دەستکەوتانەی بە مافی خۆی ئەزانی .

ئەو گەنجانەی کە هەڵمەتیان دابوو و کافرەکانیان راو نابوون ئەیان وت : ئێمە دوژمنمان راو ناوە و ئێمە نەبووینایە دەستتان نەئەکەوت .

ئەوانەش کە دەوری پێغەمبەریان ﷺ گرتبوو ، تا لە دوژمنان بیپارێزن ئەیان وت : ئێمە ئەترساین دوژمن دەستی بگاتە پێغەمبەر و بیکوژێ ، بۆیە فریا نەکەوتین دەست کەوتەکان کۆ بکەینەوە .

ئەوانەش کە هەڵمەتیان دا و کەلوپەلەکەیان کۆکردەوە ئەیان وت : ئێمە خۆمان کۆمان کردۆتەوە و بەشی هیچ کەسێکی پێوە نیە .

پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ بڕیارێکی نەدا ، بەڵکو فەرمانی دا دەستکەوتەکان کۆ بکرێنەوە تا خوای گەورە حوکمیان بۆ دەر بکات . ئەوەبوو ئایەتی پیرۆز هاتە خوارەوە : ﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَنفَالِ ۖ قُلِ ٱلْأَنفَالُ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ ۖ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَصْلِحُوا۟ ذَاتَ بَيْنِكُمْ ۖ وَأَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾ (الأنفال : ١) .

جا هەندێ لە مێژوونووسان و زانایان رایان وەهایە کە پێغەمبەر ﷺ دەست کەوتەکانی بەسەر هەموو موجاهیدەکاندا دابەش کردووە و پێنج یەکی لێ وەر نەگرتووە ، پاشان ئەم حوکمە بە ئایەتی پیرۆزی :

﴿ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَىْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَـٰمَىٰ وَٱلْمَسَـٰكِينِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ ﴾ (الأنفال : ٤١) نەسخ بۆتەوە .

بەڵام رای زۆربەی زانایان لە فەرموودەناسان لەسەر ئەوەیە کە پێنج یەکی لێ جیا کردۆتەوە بۆ خۆی و خزمانی و هەتیوان و هەژاران و رێبواران و ، چوار لەسەر پێنجەکەی تری بەسەر موجاهیدەکاندا دابەش کردووە .

لە دەستکەوتەکانی بەدر پێغەمبەری خوا ﷺ بەشی بۆ چەند کەسێك دانا ، هەرچەندە ئامادەی بەدریش نەبوون ، بە بۆنەی ئەوەوە کە بە فەرمانی خۆی ئامادە نەبووبوون ، کە ئەمانەن :

ئەبولوبابەی ئەنصاریی چونکە ئەمیری مەدینە بوو و ، عاصیمی کوڕی عەدیی ئەویش ئەمیری قوباء و عالیە بوو و ، حاریثی کوڕی حاطەب ئەمیری ئەوەی

عەمری کوڕی عەوف بوو و ، حاریثی کوڕی صومە و خەوواتی کوڕی جوبەیر کە لە ڕەوحاء گەڕانەوە و نەیانئەتوانی ڕێ ببڕن و ، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵلا و سەعیدی کوڕی زەید کە پێغەمبەر ﷺ ناردنی تا هەواڵی کاروانەکەی قوڕەیش بزانن و دوای جەنگ گەڕانەوە دوا و ، عوثمانی کوڕی عەففان کە لەلای روقیە مایەوە تا سەروکاریی چارەسەریی نەخۆشی‌یەکەی بکات .

هەروەها ئەوانەش کە شەهید بوون لە دەستکەوتەکان بەشیان درا و ، درایە دەست کەس‌وکاریان کە چواردە کەس بوون ، وەك لە پێشەوە ناویان هێنراوە . ئەمەش ئەوپەڕی ژیریی و سەلیقە و داد و ویژادان بوو ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەرهەق بە خێزانی شەهیدەکان بەکاری هێنا ، تا ئەو بەڕێزانە پشتگوێ نەخرێن و مافیان پێشێل نەکرێ .

بەڵێ ، موسڵمانەکان سوپاسی خوای پەروەردگاریان کرد و ، دوای ئەوەی سێ شەو لە بەدردا مانەوە ، بەرەو مەدینە کەوتنە ڕێ . دیلەکان و دەستکەوتەکانی جەنگیشیان پێ بوون . هێشتا دەستکەوتەکان بەش نەکرابوون هەتا گەیشتنە دەربەندی (صەفراء) و لەوێ دابەشی کردن . کە لە صەفراء دەر چوون گەیشتنە (ڕەوحاء) و لەوێ تووشی سەرۆکەکانی موسڵمانەکان بوو کە لە مەدینەوە هاتبوونە پێشوازیی و ، پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە خوایی‌یەیان لێ کرد ..

هەندێ لە موسڵمانە بەغیرەتەکان دواکەوتن لە بەدریان پێ ناخۆش بوو ، چونکە نەیانئەزانیی جەنگ ئەبێت ، بۆیە عوزری دواکەوتنیان ئەهێنایەوە . بۆ نموونە : ئەنصاری‌یەکی بەغیرەتی وەك ئوسەیدی کوڕی حوضەیر ، کە دەورێکی باشی هەبوو لە خزمەت موصعەبی مامۆستای مەدینەدا ، تا دانیشتوانی مەدینە دڵ خۆش بکا و ، بۆ سەر ئیسلام رایان بکێشێ ، هاتە خزمەتی و وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە سەری خستی و ، چاوتی ڕۆشن کردەوە . بەخوا ، ئەی پێغەمبەری خوا ! کە من لە بەدر دواکەوتم نەم ئەزانی تووشی دوژمن ئەبی ، وامزانی تەنها کاروانەکەیە ، خۆ ئەگەر بم زانیایە تووشی دوژمن ئەبی دوا نەئەکەوتم . ئەویش فەرمووی : (صدقت) .

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ بە سەری بەرز و سەرکەوتنەوە بە خۆی و سوپاکەیەوە گەیشتەوە مەدینە . بەمە سام و هەیبەتی سوپای ئیسلام چووە دڵی دوژمنانەوە و، خەڵکێکی زۆری دانیشتوانی مەدینە موسڵمان بوون .. هەتا

ئەوەبوو عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی و هاوەڵانیشی بە رووکەش هاتن و موسڵمان بوون و ، بە نیفاق وەهایان دەربڕیی کە ئیمانیان هێناوە .

پێغەمبەری خوا ﷺ رۆژێك پێش گەیشتنی دیلەکان گەیشتەوە مەدینە . ئەوەبوو دیلەکانی بەسەر هاوەڵەکانیدا دابەش کردبوون و فەرمووبووی : ((استوصوا بهم خيراً)). فەرمانی دابوو بە چاکە لەگەڵیانا بجووڵێنەوە . لەگەڵ ئەو دوژمنە داخ لە دڵانەدا کە ئەمە پانزە ساڵە دژایەتیی ئەکەن و پێغەمبەر و موسڵمانەکان سزا ئەدەن ، بە چاکە لەگەڵیانا بجووڵێنەوە . هاوەڵانیش مەردانە ئامۆژگارییەکەی ئازیزیان بە جوانیی جێبەجێ کرد . وا بۆ نموونە یەکێ لەوانە ، کە ئەبوعەزیزی کوڕی عومەیری برای موصعەبە ، باسی خۆیان ئەکات : کاتێك کە ئێمەیان لە بەدرەوە بردەوە ، من لەگەڵ کۆمەڵێك ئەنصاردا بووم ، کە خواردنی نیوەڕۆ و ئێوارەیان دا ئەنا نانیان بە تایبەتیی بە من ئەدا و خۆیان خورمایان ئەخوارد ، ئەویش بە بۆنەی ئامۆژگارییەکەی پێغەمبەری خواوە ﷺ دەربارەی ئێمە ، هەر پیاوێکیان پارچە نانێکی دەست بکەوتایە پێشکەشی منی ئەکرد ، منیش شەرمم ئەکرد و ئەم گێڕایەوە ، کەچیی ئەو دەستی لێ نەئەدا و ئەیگێڕایەوە بۆم .

ئەم ئەبوعەزیزە دوای نەضری کوڕی حاریث هەڵ گری ئاڵای بت پەرستەکان بوو، ئەوەبوو کە موسڵمانەکان خەریکی قۆڵ بەستی دیلە قوڕەیشی‌یەکان بوون ، موصعەبی کوڕی عومەیری عەبدەریی دای بەلای ئەبوعەزیزی کوڕی عومەیری برایدا ، دیتی وا موسڵمانێکی ئەنصاریی خەریکی قۆڵ بەستی ئەبوعەزیزە . موصعەب بە ئەنصارییەکەی وت : هەردوو دەستی توند ببەستە ، چونکە دایکی دەوڵەمەندە ، بەڵکو بێت و فیدیەی بۆ بدات . ئەبوعەزیز ئەمەی زۆر پێ ناخۆش بوو ، بۆیە بە موصعەبی برای وت : بەم شێوەیە یارمەتییم ئەدەی ؟ موصعەبیش وەڵامی دایەوە : ئەو برامە ـ واتە ئەنصارییەکە ـ نەك تۆ !! ئەوەبوو دایکی پرسیاری کرد کە زۆرترین فیدیەیەك کە قوڕەیشی‌یەك دابێتی چەندە ، پێیان وت : چوار هەزار دیرهەم . ئەویش پارەکەی نارد و ئەبوعەزیزیان بەر دا .. دواتر ئەبوعەزیز بە چاکیی موسڵمان بوو و ، ئەم فەرموودەیەی گێڕایەوە .

لە گەڕانەوەدا بەرەو مەدینە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی دا لەو حەفتا دیلەی دەستیان دوانیان بکوژرێن ، کە یەکێکیان نەضری کوڕی حاریث و ، ئەوی تریشیان

عوقبەی کوڕی ئەبوموعیط بوون ، وەك لە پێشەوە باس کران . ئەم دوانە لـە رادە بەدەر کافر و دوژمن و ستەمکار و سزادەری موسڵمانەکان بوون .. سەرەڕای ئەوەی کە قسەی سووکیان پێ ئەوتن .

کاتێك کە گەیشتنە (الصفراء) پێغەمبەری خوا ﷺ چـاوێکی بـە دیلـەکاندا گێڕا .. کە سەیری نەضری کرد ، نەضر مەرگ هاتە پێش چاوی ، کە ئەوەی دیی، بە موصعەبی کوڕی عومەیری وت ، کە لەو شـوێنەدا نزیـكترین خزمـی بـوو : لەگەڵ گەورەکەتدا قسە بکە تا منیش وەك یەکێ لە هاوەڵەکانم تەماشا بکـات، ئەگینا بەخوا وا نەکەیت ، ئەمکوژێ .

موصعەب وتی : تۆ دەربارەی قورئان و پێغەمبـەر وەهـا و وەهـات ئـەوت و ، سزای هاوەڵەکانیشت ئەدا . نەضر وتی : ئەگەر قورەیش تۆی بـە دیـل بگرتایـە ، هەتا من زیندوو بوومایە نەیئەتوانی تۆ بکوژێت .

موصعەب وتی : بەخوا ئەزانم تۆ راست ئەکەیت ، بەڵام مـن وەکـو تـۆ نـیم ، ئیسلام هەموو پەیمانێکی پچڕاندووە ..

نەضر دیلی میقـدادی کـوڕی ئەسـوەد بـوو ، بـە تـەما بـوو لـە فیدیـەیدا سامانێکی چاکی دەست بکەوێ . جا کە ویستیان بیکوژن هـاواری کـرد : نـەضر دیلی منە . پێغەمبەر ﷺ بە عەلیی فـەرموو : ((إضرب عنقه ، واللـهم أغـن المقداد من فضلك)) . فەرمووی : لە ملی بدە و ، خوایە ! لـە فـەزڵ و بەرەکـەتی خۆت میقداد دەوڵەمەند بکەیت .

بەڵام عوقبەی کوڕی ئەبوموعیط لـە (عـرق الظبيـة) کـوژرا .. کاتێـك کـە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بە کوشتنی دا ، عوقبە وتی : ئەی کـێ بـۆ منداڵـەکان ، ئەی موحەممەد ؟ فەرمووی : ((النـار)) . پاشـان وتـی : لـەناو قـورەیشدا مـن ئەکوژی؟ فەرمووی : ((نعم)) . پاشان ئاوڕی دایەوە بۆ لای هاوەڵانی و فەرمووی : ((أتدرون ما صنع هذا بي ؟ جاء وأنا ساجد خلف المقام فوضع رجله علـى عنقـي ، وغمزها ، فما رفعها حتى ظننت أن عيني ستندران ، وجاء مرة بسلا شاة فألقاه علـى رأسي وأنا ساجد ، فجاءت فاطمة فغسلته عن رأسي)) .

فەرمووی : ئایا ئەزانن ئەمە چیی پێ کردووم ؟ جارێکیان لە پشتی مەقامـەوە لە سەجدەدا بووم ، هات و پێی خستە سەر ملم و شێلای و ، لای نەبرد هـەتا وام ئەزانی هەردوو چاوم دەر ئەپەڕن . جـارێکی تـریش منداڵـدانی مـەڕێکی هێنـا و

خستیە سەر سەرم و منیش لە سەجدەدا بووم ، تا ئەوەبوو فاطیمە هات و سەرمی داشۆریی .

چیرۆکی ئەمە بە درێژە لە باسی سزا و ئازاری مەککەدا لە پێشەوە پیشکەش کراوە .

کاتێك کە موسڵمانەکان دیلەکانیان گەیشتنەوە مەدینە ، خاتوو سەودەی کچی زەمعەی هاوسەری پێغەمبەر ﷺ چووبووە سەردانی بنەماڵەی عەفراء بە بۆنەی ئەوەوە کە دوو کوڕی عەفراء ، عەوف و موعەوویذ ، لە بەدردا شەهید بووبوون ، ئەمەش پێش ئەوەی ئایەتی حیجاب بێتە خوارەوە . کاتێك خاتوو سەودە هەواڵی گەیشتنی دیلەکانی پێ درا ، گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان و ، پێغەمبەری خوا ﷺ لەوێ بوو و ، ئەبینێ کە ئەبوزەید ، سوهەیلی کوڕی عەمر بە پەتێك هەردوو دەستی بەستراون بە ملیەوە . شایانی باسە سوهەیلی کوڕی عەمری کوڕی عەبدشەمس ئامۆزای باوکی سەودە بووە ، زەمعەی کوڕی قەیسی کوڕی عەبدشەمس ، لە هەمان کاتدا پیاوێکی ماقووڵ و پیاوانە بووە . کە خاتوو سەودە سوهەیلی بەو حاڵەوە دیت خۆی پێ نەگیرا و وتی : ئەبوزەید ! دەستتان بەرز کردەوە بۆ دیل بوون ، ئەی نەئەکرا بە مەردانە بمرن ؟!

خاتوو سەودە ئەڵێت : بەخوا بە دەنگی پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئاگا هاتم کە فەرمووی : ((یا سودة ! أعَلى الله وعلى رسوله تُحَرِّضين ؟!)). فەرمووی : سەودە ! ئەوە خەڵك لە دژی خوا و لە دژی پێغەمبەرەکەی هەڵ ئەنێیی ؟!

خاتوو سەودە ئەڵێت : بەو خوایەی کە تۆی بە دینی حەق رەوانە کردووە ، هەر کە ئەبویەزیدم دیت هەردوو دەستی بە ملیەوە بەسترابوون ، خۆمم پێ نەگیرا و ئەوەم بە دەمدا هات . پێغەمبەری خواش ﷺ عوزرەکەی لێ قبووڵ کرد ..

ئەم چیرۆکە جوامێریی و غیرەتی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەمان پیشان ئەدات ، هەتا ئافرەتانیش .

کە دوای جەنگی بەدر موسڵمانەکان گەیشتنەوە مەدینە ، پێغەمبەری خوا ﷺ راوێژی بە هاوەڵانی کرد کە چیی بە دیلەکان بکەن .

ئەبوبەکری صدیق خوا لێی رازیی بێ ، کە زۆر دڵ نەرم و ناسك و بەسۆز بوو ، فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەمانە خزم و کەسوکارتن ، من وای بە چاك

ئەزانم فیدیەیان لیَ وەربگریَت ، تا کە وەری ئەگرین ببیَتە هیَز بۆمان بەرامبەر بە کافران و ، بەڵکو خوای گەورەش هیدایەتیان بدات و ببنە کۆمەکمان .

پیَغەمبەری خوا ﷺ فـەرمووی : ((ما ترى يا ابـن الخطـاب ؟)) فـەرمووی : عومەر ! ئەی تۆ چیی ئەڵیَی ؟

عومەر ، لە بەرگریی حەقدا توند و پتەو بوو ، فەرمووی : بەخوا رای من وەك رای ئەبوبەکر نیە . من وەهای ئەبینم کە ماوەم بدەی تا لە ملی فلانەکەس ـ کە خزمیَکی عومەر خۆی بوو ـ بدەم و ، ماوەی عەلییش بدەی تا لە ملی عـەقیلی برای بدات و ، ماوەی حەمزەش بدەی تا لە ملی فلانی برای بدات ، هـەتا خوای گەورە بزانیَ کە هیچ خۆشەویستی‌یەك لە دڵمانا بەرامبەر بە موشـریکان نیـە و ، ئەوانەش مل هورِ و ، پیَشەوا و ، فەرماندەیانن .

عەبدوڵلای کورِی رەواحەش وتی : ئەی پیَغەمبەری خوا ! تەماشا بکە چ دۆلیَك داری زۆری تیَدایە ، دیلەکانی تیَ بکە و ، ئاگر بەر بدەرە شیوەکە .

پیَغەمبەری خوا ﷺ هەستا و تەشریفی بردە ژوورەوە و ، وەڵامی هیچ کامیانی نەداوە و ، دوای سەعاتیَك تەشریفی هاتە دەرەوە و ، هاوەڵانیش هەیان بـوو ئـەی وت راکەی ئەبوبەکر پەسەند ئەکات و ، هی واشیان هەبوو ئەی وت راکەی عـومەر پەسەند ئەکات و ، هی واشیان هـەبوو ئـەی وت راکـەی کـورِی رەواحـە پەسـەند ئەکات . کە هاتە دەرەوە فـەرمووی : ((إنَّ اللهَ لَيُلَيِّنُ قلوبَ رجالٍ فيه حتى تكـونُ أَلْيَنَ منَ اللَّبَنِ ، وإنّ اللهَ ليَشدِّدُ قلوبَ رجالٍ فيه حتى تكونُ أَشَدَّ مِنَ الحجارَةِ ، و إنَّ مَثَلَكَ يا أبا بكرٍ كمثلِ إبـراهيم قـالَ : ﴿ فَمَن تَبِعَنِي فَإِنَّهُۥ مِنِّي وَمَنْ عَصَانِي فَإِنَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾ (إبراهيم : ٣٦) ، وكمثل عيسـى قـالَ : ﴿ إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾ . (المائدة : ١١٨) . وإنَّ مَثَلَكَ يا عمر كمثلِ نوحٍ قـالَ : ﴿ لَا تَذَرْ عَلَى ٱلْأَرْضِ مِنَ ٱلْكَـٰفِرِينَ دَيَّارًا ﴾ (نـوح : ٢٦) ، وكمثـلِ مـوسى قـالَ : ﴿ رَبَّنَا ٱطْمِسْ عَلَىٰٓ أَمْوَٰلِهِمْ وَٱشْدُدْ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُوا۟ حَتَّىٰ يَرَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ ﴾ (يونس : ٨٨) . أنتم اليومَ عالة ، فلا يفلتَنَّ أحَدٌ إلا بفداءٍ أو ضربة عنق)) .

فەرمووی : خوای گەورە دڵی کۆمەڵە پیاویَکی خۆی وەها نەرم ئەکات کە لـە شیر نەرم ترە و ، دڵی کۆمەڵە پیاویَکیشی وەها توند و پتەو ئەکات کە لـە بـەرد

ڕەقتره . جا نموونەی تۆ ، ئەی ئەبوبەکر ! وەك ئیبراهیمە کە فەرموویە : هەر کەسێ شوێنم کەوێ ئەوە سەر بە منە و ، هەرکەسیش لێم یاخیی ببێ ئەوا خۆت خوایەکی لێ بووردە و بە سۆزیت . نموونەشت وەك عیسایە کە فەرموویە : گەر سزایان بدەیت ئەوان بەندەی خۆتن و ، گەر چاوپۆشییشیان لێ بکەیت خۆت خوایەکی بە دەسەڵات و دانایت . نموونەی تۆش ، ئەی عومەر ! وەك نووحە کە فەرموویە : خوایە ! تاقە کافرێك لەسەر زەویی‌دا مەهێڵە . نموونەشت وەك مووسایە کە فەرموویە : خوایە ! ماڵ و سامانیان نغرۆ بکە و، دڵیان ڕەق بکە ، بۆ ئەوەی ئیمان نەهێنن هەتا سزای سەخت ببینن . ئێوە ئەمڕۆ هەژاری ماڵ و سامانن ، هیچ کەسیان لە دەستتان دەرنەچن مەگەر بە فیدیە یان لە مل دان .

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود وتی : جگە لە سوهەیلی کوڕی بەیضاء ، چونکە گوێم لێی بووە باسی ئیسلامی کردووە . پێغەمبەر بێ‌دەنگ بوو . عەبدوڵڵا ئەڵێ : لە هیچ ڕۆژێك‌دا ئەوەندەی ئەو ڕۆژە نەترساوم کە لە ئاسمانەوە بەردم بە سەردا بباریێ ، هەتا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((إلا سهيل بن بيضاء)) . ئیتر باری سەرشانی سووك بوو .

بەم شێوەیە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕاکەی ئەبوبەکری وەرگرت ، چونکە خۆیشی خاوەنی دڵێکی نەرم و نیان بوو .

با ئێستەش لیستی دیلەکانی بەدر بخەینە بەرچاوی خوێنەری ئازیز :

(أ) لە نەوەی هاشم چوار پیاو کە ئەمانەن :

١ ـ عەبباسی کوڕی عەبدولموطەللیب ، مامەی پێغەمبەری خوا ﷺ .

ئیبن ئیسحاق وتوویە : کە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژی بەدر ئێوارەی لێ هات و دیلەکان دەست و پێ‌یان بەسترابوو ، پێغەمبەر لە سەرەتای شەودا خەوی لێ زڕا هاوەڵان پێ‌یان وت : ئەوە بۆچ ناخەوی ، ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی : ((سمعت أنين العباس في وثاقه)) . فەرمووی : گوێم لەناڵەی عەبباسی مامم بوو بە دەست و پێی بەستراوەوە . ئەوەبوو هاوەڵان دەست و پێ‌یان کردەوە و، ئەویش بێ‌دەنگ بوو و ، پێغەمبەریش خەوت .

حاکمیش لە (المستدرك)دا لە ئیبن عومەرەوە ئەگێڕێتەوە کە وتوویە : کاتێك کە عەبباس لەگەڵ دیلەکانی بەدردا گیرا ، ئەنصار هەڕەشەی کوشتنیان لێ کردبوو و ، ئەو هەواڵەش بە پێغەمبەر ﷺ گەیشتبوو و ئەویش فەرموو بووی : ((إني لم أنم

الليلةَ مِن أجل عمي العباس ، وقد زعمت الأنصارُ أنهم قاتلوهُ)) . فەرمووبووی : ئەمشەو لەبەر عەبباسی مامەم نەخەوتووم ، چونکە ئەنصار وەهایان دەربڕیی بوو کە ئەی‌کوژن . عومەر فەرمووی : ئایا بچم بۆ لایان ؟ فەرمووی : ((نعم)) . ئەوەبوو عومەر چوو بۆ لای ئەنصار و پێی فەرموون : عەبباس بەر بدەن . وتیان : نا ، بەخوا بەری نادەین . عومەر فەرمووی : ئەی ئەگەر پێغەمبەری خوا ڕەزامەندیی وەها بوو ؟ وتیان : دەی ئەگەر ڕەزامەندیی ئەو وەها بێ ، بیبە . عومەر لەگەڵ خۆی بردی‌یەوە و پێی فەرموو : عەبباس ! موسڵمان ببە ، بەخوا موسڵمان بوونی تۆم پێ خۆش‌ترە لە موسڵمانبوونی خەططاب ، هەر لەبەر ئەوەش کە پێغەمبەری خوا موسڵمانبوونی تۆی زۆر بە دڵە .

لەگەڵ ئەوەدا کە ئەوەندە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ حاڵی عەبباس پەرێشان بوو ، لەگەڵ ئەوەش‌دا بەبێ فیدیە بەری نەدا . ئەوەبوو عەبباس صەد ئۆقیە ئاڵتوون فیدیەی بۆ خۆیشی و بۆ هەردوو برازاکەی : عەقیلی کوڕی ئەبوطالیب و ، نەوفەلی کوڕی حاریثی کوڕی عەبدولموطەللیب و ، عوتبەی کوڕی عەمری هاوپەیمانی دا ، کە پیاوێکی نەوەی حاریثی کوڕی فیهر بوو .

کاتێك کە عەبباس دەری بڕیی پارە و سامانی نیە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((فأينَ المالُ الذي دفنتَه أنتَ وأم الفضلِ ، وقلت لها : إنْ أُصبتُ في سفري فهذا لبنيّ : الفضل ، وعبدالله ، وقُثَم ؟)) . فەرمووی : ئەی ئەو سامانە کوا کە تۆ و ئوم فەضلی هاوسەرت شاردتانەوە و پێیشت وت : ئەگەر لەم سەفەرەم‌دا شتێکم لێ هات ئەمە بۆ فەضل و عەبدوڵلا و قوثەمی کوڕم ؟

عەبباس وتی : دەی بەخوا بۆم دەرکەوت کە تۆ پێغەمبەری خوایت . ئەم شتە جگە لە من و ئوم فەضل کەس پێی نەزانیوە !!

کاتێکیش پێی وت : کە بە زۆر هێنراوە بۆ جەنگ و موسڵمانیش بووە ، فەرمووی : ((أما ظاهرك فكان علينا ، والله أعلم بإسلامك وسيجزيك)) . فەرمووی : ڕواڵەتت لە دژمان بووە ، خوایش بە موسڵمان بوونەکەت ئەزانێ و ، پاداشتیشت ئەداتەوە .

ئیتر نەشی هێشت ئەنصار دەست‌بەرداری فیدیەکەی مامەی بن . بوخاریی لە صەحیحەکەی‌دا لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ڕیوایەتی کردووە کە وتوویە : چەند پیاوێك لە ئەنصار (کە نەوەی نەججاری خاڵۆانی عەبدولموطەللیب بوون ، چونکە

سەلمای کچی عەمر ، دایکی عەبدولموطەللیب لە نەوەی نەجار بووە) داوای مۆڵەتیان لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد و وتیان : ماوەمان بدە تا واز لە فیدیەی عەبباسی خوشکەزامان بهێنین . (لە ڕاستییدا عەبدولموطەللیب خوشکەزایانە) . فەرمووی : ((لا والله ، لا تذرون له درهماً)) . فەرمووی : نا ، بەخوا واز لە دیرهەمێك ناهێنن بۆی .

ئەمەش ئەوپەڕی داد و یەکسانییە کە مرۆڤ ئاواتی بۆ بخوازێ .

٢ ـ عەقیلی کوڕی ئەبوطالیب .[٣٣٨]

٣ ـ نەوفەلی کوڕی حاریثی کوڕی عەبدولموطەللیب .[٣٣٩]

٤ ـ عوتبەی کوڕی عەمری هاوپەیمانیان .

(ب) لە نەوەی موطەللیبی کوڕی عەبدمەناف پێنج پیاو کە ئەمانەن :

١ ـ سائیبی کوڕی عوبەیدی کوڕی عەبدیەزید ، باپیرە گەورەی ئیمام شافیعیی، لە ڕۆژی بەدردا هەڵگری ئاڵای نەوەی هاشم بوو . پاشان بە چاکیی موسڵمان بوو .

٢ ـ نوعمانی کوڕی عەمری کوڕی عەلقەمەی کوڕی موطەللیب .

٣ ـ عەقیلی کوڕی عەمر کە هاوپەیمانیان بوو .

٤ ـ تەمیمی برای عەقیل کە ئەویش هاوپەیمانیان بوو .

٥ ـ کوڕێکی تەمیم کە ناوی نەزانراوە و ئەویش هاوپەیمانیان بوو .

(ج) لە نەوەی عەبدشەمسی کوڕی عەبدمەناف نۆ پیاو ، کە ئەمانەن :

١ ـ عەمری کوڕی ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب . ئەوەبوو دوای بەدر بە ئەبوسوفیانیان وت : فیدیە بۆ عەمری کوڕت بدە . وتی : خوێنیش و سامانیش بە جارێکدا نادەم . حەنظەلەیان کوشتووە و فیدیە بۆ عەمریش بدەم ؟ وازی لێ بێنن با هەتا پێیان خۆشە لای خۆیان گلی بدەنەوە . ئەمە ئەوپەڕی دامەزراوییە . لەو

---

٣٣٨ عەقیل برای ئیمام عەلییە و ساڵی فەتحی مەککە موسڵمان ئەبێ . بەشداریی جەنگی حونەینی کرد و ، یەکێ بوو لەوانەی کە لە مەیداندا بە دامەزراویی مانەوە . هەروەها بەشداریی جەنگی موئتەی کردووە . عەقیل زۆر زیرەك بووە و بە وەڵامی بێدەنگکەر ناوبانگی دەرکردووە . لە جەنگی صیففیندا لەگەڵ سوپای موعاویە بوو. لە ڕۆژێکی جەنگەکەدا موعاویە پێی ئەڵێ : ئەمڕۆ تۆ لەگەڵمانی . ئەویش خۆی ئاسا وەڵامی ئامادە ئەڵێت : ڕۆژی بەدریش لەگەڵتان بووم . واتە مەرج نیە ئەمڕۆ پێکابێتم کە وام لەگەڵتانا ، وەك ڕۆژی بەدریش نەم پێکابوو. تەنها فەرموودەیەکی ریوایەت کردووە و ، لە سەرەتای خەلافەتی یەزیددا کۆچیی دوایی کردووە . خوا لێی ڕازیی بێ .

٣٣٩ نەوفەلیش ئامۆزای پێغەمبەری خوا بووە ، کاتێك کە موسڵمان بوو بە تەمەنترین پیاوی موسڵمانی نەوەی هاشم بوو . دوای دوو ساڵ لە خەلافەتی عومەر کۆچی دوایی کردووە و عومەریش شوێن تەرمەکەی کەوتووە .

کاتەدا سەعدی کوڕی نوعمان ـ کە موسڵمانێکی بە ساڵا چوو بوو ـ هات بۆ مەککە بۆ عومرە و ، ئەبوسوفیانیش گرتی و لە جیاتیی عەمری کوڕی بەندی کرد. خزمەکانی سەعد چوونە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و هەواڵەکەیان پێ گەیاند و ، داوایان لێ کرد کە عەمری کوڕی ئەبوسوفیانیان بداتێ تا خزمەکەیان پێی ئازاد بکەن . ئەویش پێی دان و ناردیانەوە بۆ ئەبوسوفیان و ، ئەویش سەعدی بەردا ..

٢ ـ حاریثی کوڕی ئەبووەجزە .

٣ ـ ئەبولعاصی کوڕی رەبیع ، کە مێردی زەینەبی کچی پێغەمبەری خوا بووە. پیاوێکی بەڕێز بوو و بە ئامانەت ناوبانگی دەرکردبوو ، هەتا نازناوی ((الأمین)) ی لێ نرابوو و قورەیشی یەکان متمانەیان پێ ئەکردو سامانیان ئەدایە دەستی . بۆیە بە سامانی زۆرێك لە قورەیشی‌یە دەوڵەمەندەکان بە هاوبەشیی بازرگانیی ئەکرد . لە ژیاننامەی خاتوو خەدیجەدا بە درێژە باسی ئەبولعاص هاتووە .

٤ ـ ئەبولعاص ی کوڕی نەوفەلی کوڕی عەبدشەمس .

٥ ـ ئەبورپیشەی کوڕی عەمر کە هاوپەیمانیان بووە .

٦ ـ عەمری کوڕی ئەزرەق کە ئەویش هاوپەیمانیان بووە .

٧ ـ عوقبەی کوڕی عەبدولحاریث کە ئەویش هاو پەیمانیان بووە .

٨ ـ خالیدی کوڕی ئوسەید .

٩ ـ یەسار کە بەندەی عاصی کوڕی ئومەییە بووە .

(د) لە نەوەی نەوفەلی کوڕی عەبدمەناف چوار پیاو ، کە ئەمانە بوون :

١ ـ عەدیی کوڕی خەیار کوڕی عەدیی کوڕی نەوفەل .

٢ ـ عوثمانی کوڕی عەبدشەمس ، کە هاوپەیمانیان بووە .

٣ ـ ئەبوثەور کە هاوپەیمانیان بووە .

٤ ـ نەبهان کە ئەویش هاوپەیمانیان بووە .

(هـ) لە نەوەی عەبدوداری کوڕی قوصەی سێ پیاو کە ئەمانە بوون :

١ ـ ئەبوعەزیزی برای موصعەبی کوڕی عومەیر .

٢ ـ ئەسوەدی کوڕی عامیر کە هاوپەیمانیان بووە .

٣ ـ عەقیل کە پیاوێکی یەمەنیی بووە و هاوپەیمانیشیان بووە .

(و) لە نەوەی ئەسەدی کوڕی عەبدولعوززا چوار پیاو کە ئەمانە بوون :

١ ـ سائیبی کوڕی ئەبوحوبەیش .
٢ ـ حوەیریث کوڕی عەببادی کوڕی عوثمان .
٣ ـ سالمی کوڕی شەمماخ کە هاوپەیمانیان بووە .
٤ ـ عەبدوڵڵای کوڕی حەمیدی کوڕی زوهەیر .
(ز) لە نەوەی مەخزووم دە پیاو کە ئەمان بوون :
١ ـ خالیدی کوڕی هیشامی کوڕی موغیرە .
٢ ـ ئومەییەی کوڕی ئەبوحوذەیفەی کوڕی موغیرە .
٣ ـ عوثمانی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی موغیرە ، کە هەرسێکیان ئامۆزای خالیدی کوڕی وەلید بوون .
٤ ـ ئەبولموندیر کوڕی ئەبوریفاعە .
٥ ـ ئەبوعەطاء عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوسائیب .
٦ ـ موطەللیبی کوڕی حەنطەبی کوڕی حاریث .
٧ ـ خالیدی کوڕی ئەعلەم کە هاوپەیمانیان بووە . ئەمە یەکەم کەسێك بوو کە لە مەیدانی جەنگ‌دا ورەی رووخاو هەڵات ، ئەگەر چیی پێشتر بە پێچەوانەی ئەم هەڵوێستەیەوە دێڕە شیعرێکی وتبوو ، کە گوایە ئەو لەو پیاوانە نیە هەڵ بێ و پشت لە جەنگ بکات ، بە رادەیەك کە شیعرەکەی بۆ دامەزراویی نموونەی پێ ئەهێنرێتەوە ، کە ئەڵێ :

ولسنا على الأعقاب تدمي كلومنا ولكن على أقدامنا يتقطر الدم

٨ ـ وەلیدی کوڕی وەلیدی کوڕی موغیرە ، برای خالید ، کە ئەوەبوو هەر دوو براکەی ، خالید و هیشام فیدیەکەیان بۆ دا و ، کە گەیشتەوە مەککە لەوێ موسڵمان بوو . پێیان وت : کە تۆ موسڵمان ئەبووی ، دەبا پێش فیدیەدانەکە موسڵمان ببوویتایە . وتی : لەوە ترسام کە موسڵمانبوونەکەم لەبەر ترس لە قەڵەم بدەن . کاتێکیش ویستی کۆچ بکات بۆ مەدینە هەردوو براکەی قەدەغەیان لێ کرد و، ئەویش ناچار لە مەککە مایەوە ، تا ئەوەبوو لە کاتی (عمرة القضاء)دا هەڵات و خۆی گەیاندە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ .
٩ ـ صەیفیی کوڕی ئەبو ریفاعە .
١٠ ـ قەیسی کوڕی سائیب .
(ح) لە نەوەی سەهمی کوڕی عەمری کوڕی هەصیص پێنج پیاو کە ئەمانەن:

١ ـ ئەبو وەداعەی کوڕی ضوبەیرەی کوڕی سەعید . هەرچەندە قوڕەیش بڕیاری ئەوەیان دا کە هیچ کەس بۆ بەردانی دیلەکان و فیدیەدانیان پەلە نەکات ، بۆ ئەوەی موسڵمانەکان پێی زیادە رانەکێشن ، لەگەڵ ئەوەش‌دا بڕیارەکەیان نەبردە سەر و ، یەك لە دوای یەك ژێر بە ژێری خۆیان گەیاندە مەدینە . پێغەمبەری خواش ﷺ دەربارەی ئەبووەداعە فەرمووی : ((إن له بمكة إبناً كيّساً تاجراً ذا مالٍ ، وكأنكم به قد جاءكم في طلب فداء أبيه)) . فەرمووی : ئەم پیاوە لە مەککەدا کوڕێکی ژیری هەیە کە بازرگانێکی دەوڵەمەندە ، هاکا هات بە دوای فیدیەدانی باوکی‌دا .. کاتێك قوڕەیش بڕیاری پەلە نەکردنیان دا بۆ بەردانی دیلەکان ، موطەلیبی کوڕی ئەبو وەداعە وتی : راست ئەکەن ، پەلە مەکەن . ئەمە یەکەم کەس بوو کە ئەو پەیمانەی شکاند .. ئەوەبوو شەو بە دزە لە مەککە دەرچوو و خۆی گەیاندە مەدینە و ، چوار هەزار دیرهەمی بۆ فیدیەی باوکی دا .. ئەم پیاوە یەکەم دیل بوو کە فیدیەی بۆ بدرێ . دوای ئەو ئیتر قوڕەیش پارەیان نارد بۆ بەردانی دیلەکانیان .

٢ ـ وەفرەی کوڕی قەیس .

٣ ـ حەنظەلەی کوڕی قەبیصە .

٤ ـ حەججاجی کوڕی قەیس .

٥ ـ پیاوێك کە ناوی ئەسلەم بوو و ، بەندەی نەبیهی کوڕی حەججاج بوو .

(ط) لە نەوەی جومەحی کوڕی عەمری کوڕی هەصیص یانزە پیاو کە ئەمانەن :

١ ـ عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی خەلەفی کوڕی وەهب .

٢ ـ ئەبو عیززەی شاعیر (عەمری کوڕی عەبد) ، کە پیاوێکی هەژاری خاو خێزان زۆر بوو . وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! خۆت چاك ئەزانی کە من سامانم نیە و ، دەست کورت و خاوەن کووژەڵێك منداڵم ، یارمەتییم بدە . ئەویش یارمەتیی دا و ، بەڵێنیشی لێ وەرگرت کە لە دژی ئیسلام پشت‌گیریی لە هیچ کەس نەکات . بەڵێنی دا و بە چەند شیعرێکیش ستایشی پێغەمبەری کرد .

زۆری پێ نەچوو بت پەرستەکان کەوتنەوە سەروخواری تا هەجووی پێغەمبەر و موسڵمانەکان بکات . ماوەیەك خۆی گرت کەچیی لە ئەنجام‌دا دەستی کرد بە هێرش و ، خەڵکیی بۆ جەنگی ئوحود هەڵ ئەنا . هەتا خۆیشی بەشداریی جەنگی

ئوحودی کرد و ، دیسان دیل کرایەوە . ئەمجارەش داوای لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد تا وەك جاری یەکەم بەبێ بەرامبەر ئازادی بکاتەوە .. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((لا أدعك تمسح عارضيك بمكة وتقول : خدعتُ محمداً مرتين)) . فەرمووی : وازت لێ ناهێنم بچیتەوە مەککە و دەست بە لاجانگتدا بێنی و بڵێی : دوو جار موحەممەدم خەڵەتاند . پاشان فەرمانی دا تا لە ملی بدەن .

وتراویشە کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووە : ((لا يُلدَغُ المؤمن من جُحرٍ مرتين)) . فەرموویە : ئیمان‌دار لە کونێك‌دا دوو جار ناگەزرێت . وتووشیانە کە ئەم پەندە یەکێکە لەو پەندانەی کە یەکەم جار لە دەمی ئازیز بیستراون .

٣ ـ فاکیهە ، بەندەی ئومەییەی کوڕی خەلەف .

٤ ـ وەهبی کوڕی عومەیری کوڕی وەهب ، کە باوکی پێش موسڵمان بوونی یەکێك بوو لە شەیتانەکانی قورەیش و ، زۆر ئازاری پێغەمبەر و هاوەڵانی لە مەککەدا ئەدا ..

ڕۆژێکیان دوای جەنگی بەدر لەگەڵ صەفوانی کوڕی ئومەییە پێکەوە دانیشتبوون و باسی لێ قەومانی بەدریان ئەکرد .. عومەیر وتی : بەخوا ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە قەرزارم و نیمە بیدەمەوە و ، خاوەنی ماڵ و منداڵم و ئەترسم دوای خۆم بفەوتێن ، سوار ئەبووم بۆ لای موحەممەد و ئەم کوشت . کوڕەکەم لەلای ئەو دیلە .. صەفوان ئەمەی بە هەل زانیی و پێی وت : قەرزەکەت لەسەر من ، من بۆت ئەدەمەوە و ، ماڵ و منداڵەکەشت لەگەڵ ماڵ و منداڵەکەی خۆما چاودێرییان ئەکەم و چەندم لێ بێت درێغی‌یان لێ ناکەم . عومەیر وتی : ئەمە ئاشکرا مەکە . وتی : وا ئەکەم .

پاشان عومەیر فەرمانی دا شمشێرەکەیان بۆ تیژ کردەوە و، ژەهراوی‌یان کرد . دوای ئەوە کەوتە ڕێ هەتا گەیشتە مەدینە . لە کاتێك‌دا کە عومەری کوڕی خەططاب و چەند موسڵمانێك باسی ڕۆژی بەدریان ئەکرد ، کە چۆن خوای گەورە بە سەرکەوتنی بەدر ڕێزی لێ گرتن ، سەیری کرد ئەبینێ وا عومەیری کوڕی وەهب لە دەرگای مزگەوت‌دا وشترەکەی چۆك پێ دا داوە و ، شمشێرەکەی لە کێلان دەرهێناوە . عومەر فەرمووی : ئەوە عومەیری کوڕی وەهبی دوژمنی خوایە ، بۆ ئەنجام‌دانی خراپەیەك هاتووە . هەر ئەویش بوو ڕۆژی بەدر هانە هانەی داین . پاشان چووە ژوورەوە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و هەواڵەکەی پێ گەیاند ،

ئەویش فەرمووی : ((أدخله عليَّ)) . فـەرمووی : بیکـەرە ژوورەوە لام . عومـەر رووی لە عومەیر نا و ، دەستی دایە حەمالّەی شمشێرەکەی کە لە ملیدا بوو و بای دا و ، بەو ئەنصارانەش کە لەوێ بوون فەرمووی : بیبەنە ژوورەوە لای پێغەمبەری خوا . کە چاوی پیێ کەوت وا عومەر دەستی داوەتە حەمالّەی شمشێرەکەی ملـی ، فەرمووی : ((أرسله يا عمر ، أُدنُ يا عمير)) . فەرمووی : عومەر ! بەری بدە و ، تۆش عومەیر وەرە پێشەوە . کە نزیك بوویەوە پێی فەرموو : ((فما جاء بك يا عمير؟)) . فەرمووی : عومەیر ! بۆچیی هاتووی ؟ وتـی : بـە دوای ئـەو دیلـەدا هاتووم کە وا لە دەستتاندا .. چاك بن لەگەڵیا . فەرمووی : ((فما بال السيف في عنقك ؟)) . فەرمووی : ئەی ئەو شمشێرە چییە لە ملتـا ؟ وتـی : خـوا بیبـڕێ چ شمشێرێك بوو ، جا ئایا هیچی لێ هات ؟

فەرمووی : ((أصدقني ما الذي جئت له ؟)) . فـەرمووی : راسـتم پـێ بلـێ ، بۆچیی هاتوویت ؟ وتی : تەنها بۆ ئەوە هـاتووم . فـەرمووی : ((بـل قعـدتَ أنـتَ وصفوان بن أمية في الحِجر فذكرتما أصحاب القليب من قريش ، ثم قلتَ : لولا ديـنٌ عليَّ و عيالٌ عندي لخرجتُ حتى أقتل محمداً ، فتحمَّل لك صفوان بـن أميـة بدَينك وعيالك على أن تقتلني ، والله حائل بينك وبين ذلـك)) . فەرمووی : بەڵکو تـۆ و صەفوانی کوڕی ئومەییە لە حیجردا دانیشـتن و باسـی کوژراوەکـانی قورەیشـتان ئەکرد ، پاشان تۆ وتت : ئەگەر قەرزم لەسەر نەبوایە و ، مـاڵ و منـداڵم بەسـەرا نەکەوتایە ، ئەچووم موحەممەدم ئەکوشت . ئیتر صەفوانی کوڕی ئومەییە چووە ژێر قەرزەکەت و چاودێریی ماڵ و منداڵەکەت ، بەو مەرجەی تۆ بێیت و من بکـوژی . خوایش ماوەت نادا ئەوە بکەیت .

عومەیر وتی : شاهێدیی ئەدەم کە تـۆ پێغەمبـەری خوایـت !! جـاران ، ئـەی پێغەمبەری خوا ! کە تۆ دەنگ و باسی ئاسمان و، ئەو وەحییەی کە ئەهاتە سەرت بۆمانت باس ئەکرد ، ئێمە بە درۆمان ئەخستیتەوە و ، ئەم باسەش جگە لە خۆم و صەفوان کەس ئامادەی نەبووە و ، بەخوا چاك ئەزانم تەنها خـوا لەمـەی ئاگـادار کردوویت . جا سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە هیدایەتی دام بۆ سـەر ئیسـلام و ، بـەم شێوازەش پاڵی پێوە نام . پاشان شایەتمانی حـەقی هێنـا . پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمووی : ((فقهوا أخاكم في دينه و علموه القرآن ، وأطلقوا أسيره)) . فەرمووی :

براکەتان لە دینەکەی شارەزا بکەن و ، قورئانی فێر بکەن و ، دیلەکەشی بۆ بەر بدەن . ئەوانیش فەرمانەکەیان بۆ جێبەجێ کرد ..

پاشان عومەیر وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! من هەوڵم ئەدا و کۆششم ئەکرد هەتا نووری خوا بکوژێنمەوە و ، بە توندییش ئازارم بەوانە ئەگەیاند کە شوێن دینی خوا کەوتبوون . جا من پێم خۆشە ماوەم بدەی بگەڕێمەوە مەککە و ، بانگیان بۆلای خوا و پێغەمبەرەکەی و بۆ سەر ئیسلام بکەم ، بەڵکو خوا هیدایەتیان بدات ، ئەگەر نا چۆن لەوەو پێش ئازاری هاوەڵەکانی تۆم ئەدا لەسەر دینەکەیان ، وەهاش ئازاری ئەوان بدەم ..

پێغەمبەری خوا ﷺ ماوەی دا و گەڕایەوە مەککە . لەولاوە صەفوانیش هەر کە عومەیر بەرەو مەدینە کەوتە ڕێ ، کەوتە دڵ دانەوەی خۆی و خەڵکەکە و ئەی وت : مژدە بێت لێتان لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا ڕووداوێك ئەبینن کە ڕووداوی بەدرتان لە بیر ئەباتەوە . صەفوان خۆیشی ئەچوو بۆ سەر ڕێگای ڕێبواران و هەواڵی عومەیری لێیان ئەپرسیی تا بزانێ نەخشەکەیان سەری گرتووە یان نا ، تا ئەوەبوو لە دوا جاردا کاروانێك هات و هەواڵی موسڵمانبوونی عومەیریان پێ دا .. صەفوان وشك بوو .. لە داخانا سوێندی خوارد کە هەتا ماوە قسەی لەگەڵ نەکات و ، هەرگیز هیچ کەڵکێکیشی نەگرێت .

عومەیر هاتەوە مەککە و لەوێ دەستی بە بانگکردنی خەڵکەکەی بۆ سەر ئیسلام کرد و ، هەرکەسیش پێچەوانەی بجووڵایەتەوە زۆر بە توندیی سزای ئەدا .. ئەوەبوو لەسەر دەستی ئەودا خەڵکێکی زۆر ئیمانیان هێنا .

٥ ـ ڕەبیعەی کوڕی دەڕڕاجی کوڕی عەنبەس .

٦ ـ عەمری کوڕی ئوبەی کوڕی خەلەف .

٧ ـ ئەبوڕەهمی کوڕی عەبدوڵلا ، کە هاوپەیمانیان بوو .

٨ ـ پیاوێکی تری هاوپەیمانیان .

٩ ـ نسطاس ، بەندەی ئومەییەی کوڕی خەلەف .

١٠ ـ بەندەیەکی تری ئومەییە .

١١ ـ ئەبورافیع ، غولامێکی ئومەییە .

(ی) لە نەوەی عامیری کوڕی لوئەی پێنج پیاو ، کە ئەمانەن :

١ ـ سوهەیلی کوڕی عەمر ، کە مالیکی کوڕی دوخشوم دیلی کرد . سوهەیل یەکێ بووە لە پیاوە ناودارە دیارەکانی قوڕەیش ، چ لە سەردەمی نەفامیی و ، چ لە سەردەمی ئیسلامدا .. لە بری قوڕەیش ڕێکەوتننامەی حودەیبییەی لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ مۆر کرد . ڕۆژی فەتحی مەککە موسڵمان بوو و ، هاوەڵێکی پایەداری بە خزمەتی لێ دەرچوو . ئەوەبوو لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا وەڵامی پێغەمبەری خوای ﷺ ئەدایەوە ، کاتێك کە پرسیاری لە قوڕەیش ئەکرد و ئەی فەرموو « ماذا تقولون ؟ » سوهەیلیش ئەی وت : چاك ئەڵێین و چاکیش زەن ئەبەین . تۆ برایەکی بەڕێز و کوڕی برایەکی بەڕێزمانی و ، هەموو دەسەڵاتێکیشت هەیە . ئەویش فەرمووی : « أقول کما قال أخي یوسف : لا تثریب علیکم الیوم » .

کە لە جەنگی بەدردا بە دیل گیرا ، میکرەزی کوڕی حەفص فیدیەکەی بۆ هێنا و ، عومەری کوڕی خەططابیش داوای لە پێغەمبەری خوا کرد تا مۆڵەتی بدات دانی پێشەوەی سوهەیل دەر بکێشێ ، با نەتوانێ لە هیچ شوێنێکدا دژی ئەو وتار بدات . بەلاٌم پێغەمبەری ڕەحمەت وەلاٌمی دایەوە : « لا أمثّلُ به ، فیمثل الله بي ، وإن کنتُ نبیّاً ، وعسی أن یقوم مقاماً لا تذمه » . فەرمووی : تەمثیلی پێ ناکەم ، نەوەکو خوایش تەمثیل بە من بکاتەوە ، ئەگەرچیی پێغەمبەریش بم . بەشکوم لە شوێنێکدا بوەستێ بۆ وتاردان تۆ پێت ناخۆش نەبێ .

ئەم هەواڵدانەی پێغەمبەر بە ڕاست دەرچوو .. کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی دوایی کرد ، هەندێ لە دانیشتوانی مەککەش ، وەك ئەعراب و مونافیقەکان ، ویستیان لە ئیسلام هەڵ بگەڕێنەوە ، ئا لەو کاتە ناسکەدا سوهەیل مەردانە هەستایە سەرپێ و دەستی بە وتاردان کرد و خەڵکەکەی دڵ خۆش کرد و ، دڵیانی لەسەر دین دامەزراند .

سوهەیل کەوتە گەل سوپای موسڵمانان و بەرەو شام بۆ غەزا کەوتە ڕێ و ، لەوێ بەردەوام بوو تا ئەوەبوو بە تاعوونی عەمواس کۆچی دوایی کرد ، خوا لێی ڕازیی بێ .

٢ ـ عەبدی کوڕی زەمعەی کوڕی قەیس .

٣ ـ عەبدوڕڕەحمانی کوڕی مەنشەئی کوڕی وەقدان .

٤ ـ حەبیبی کوڕی جابیر .

٥ ـ سائیبی کوڕی مالیك .
(ك) لە نەوەی حاریثی کوڕی فیهر چوار پیاو ، کە ئەمانەن :
١ ـ طوفەیلی کوڕی ئەبوقەنیع .
٢ ـ عوتبەی کوڕی عەمری کوڕی جەحدەم .
٣ ـ شافیع ، پیاوێکی یەمەنیی هاوپەیمانیان بووە .
٤ ـ شەفیع ، پیاوێکی تری یەمەنیی هاوپەیمانیان بووە .
ئەوانی تریان ناویان نەدراوە .

لە پێشەوە باسی ئەوەمان کرد کە موطەللیبی کوڕی ئەبووەداعە بە پەلە خۆی گەیاندە مەدینە و چوار هەزار دیرهەمی دا لە فیدیەی باوکیدا .. بەلاّم دەسەلاّتی دیلەکان جیاواز بوو ، بۆیە لە چوار صەد دیرهەمەوە هەتا چوار هەزار دیرهەم لە فیدیەدا دراوە . هی واش هەبوو چل ئۆقیە ئالتوونی لە بری ئەدا بە فیدیە ، وەك عەبباس خوا لێی رازیی بێ . هی واش هەبوو هیچ سامانێکی نەبوو ، بەلاّم خوێندن و نووسینی ئەزانی ، بۆیە دە منداڵی مەدینەی درایە دەست تا فێری خوێندن و نووسینیان بکات .

ئیمام ئەحمەد بە سەنەدی خۆی لە ئیبن عەبباسەوە ریوایەتی کردووە کە وتوویە: هەندێ لە دیلەکانی رۆژی بەدر هیچیان نەبوو بیدەن لە فیدیەدا ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی دا تا نووسین فێری منداڵەکانی ئەنصار بکەن .

هەر کەسیش پارەی نەبوایە و خوێندەوارییشی نەبوایە ، ئەوا بەبێ بەرامبەر ئازاد ئەکرا .

لەم کاتە ناسکەدا کە دیلەکان ئەو فیدیەیان هاتە سەرشان ، لەسەر شانی زۆربەیان گران ئەبوو چونکە هەژار و دەست کورت بوون ، بۆیە خوای گەورە قورئانی پیرۆزی نارد تا دڵ خۆشیی بێ بۆیان کە ئەگەر ئیمان بهێنن ، خوای گەورە لە دنیاش و قیامەتییشدا چاکتر لەو فیدیەیان بۆ ئەبژێرێتەوە . ئەوەتا قورئان ئەفەرموێ :

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّمَن فِيٓ أَيۡدِيكُم مِّنَ ٱلۡأَسۡرَىٰٓ إِن يَعۡلَمِ ٱللَّهُ فِي قُلُوبِكُمۡ خَيۡرًا يُؤۡتِكُمۡ خَيۡرًا مِّمَّآ أُخِذَ مِنكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴾ (الأنفال: ٧٠) ئەمەش بۆ ئەوەی تا ئیمان بهێنن .. بژاردنی دنیا و لێخۆش بوونی قیامەت . عەبباسی

مامەی پێغەمبەری خوا ﷺ خوا لەویش رازی بێت ئەم بەڵێنەی خوای گەورەی دەست گیر بوو . ئەوەبوو عەبباس ئەیوت : خوای گەورە (ئەو فیدیەیەی) بۆ گۆڕیم بە بیست بەندە ـ لە ریوایەتێکی تردا چل ـ کە هەر هەموویان بە سامانی من خەریکی بازرگانیی بوون و ، زەمزەمیشی پێشکەش کردم ـ مەبەستی لە ئاودانی حاجیانە ـ کە پێم باش نیە لە بریی ئەو هەموو سامانی دانیشتوانی مەککەم پێ بدرێ . دوای ئەوەش کە ئەوەندە خێر و چاکەی دەست گیر بوو بوو کە رازیی بوو بوو ، ئەی وت : دوای ئەمەش هیوادارم ئەو لێخۆش بوونەمان دەست گیر ببێ کە خوای گەورە ـ جل جلالە ـ بەڵێنی پێمان داوە .

لە پێشەوە باسی ئەوەمان کرد کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ هاوەڵانیدا راوێژی کرد ، کە ئەوەبوو ئەبوبەکر حەزی لە فیدیە وەرگرتن و ئازادکردنی قورەیشی‌یە دیلەکان بوو ، بەڵام عومەر حەزی لەوە بوو لە ملی هەموویان بدرێ .. سەرەنجام پێغەمبەری خوا ﷺ راکەی ئەبوبەکری وەرگرت .

دوای ئەنجام دانی ئەم کارە خوای گەورە لۆمە و گلەیی ناردە خوارەوە کە نەئەبوو پێغەمبەر ﷺ دیل بگرێت و بە فیدیە بەریان بدات ، بەڵکو ئەبوا یەك بە یەکی ئەو دیلانەیان بکوشتایە تا پشتی کافران بە جارێ بشکایە ، چونکە ئەو فیدیە وەرگرتنە خۆشویستنی دنیایە و ، خوای گەورەش قیامەتی ئەوێ . خۆ ئەگەر بەڵێنی خوای گەورە نەبوایە لەسەر ئەو کارە موسڵمانەکان تووشی سزایەکی گەورە ئەبوون .. ئەوەتا قورئان ئەفەرموێ : ﴿ مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسْرَىٰ حَتَّىٰ يُثْخِنَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنْيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلْءَاخِرَةَ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٦٧﴾ لَّوْلَا كِتَٰبٌ مِّنَ ٱللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَآ أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾(الأنفال : ٦٧ ـ ٦٨).

کە ئەم دوو ئایەتە هاتنە خوارەوە ، بۆ سبەینێ عومەر هات ، ئەبینێ وا پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەبوبەکر خوا لێی رازیی بێ ئەگریێن .. عومەر فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ! هەواڵم بدەرێ بۆچ خۆت و ئەبوبەکری هاوەڵت ئەگرین ؟ خۆ ئەگەر منیش گریانم هات ئەوا ئەگریم و ، گەر گریانیشم نەهات ، ئەوا بە بۆنەی گریانەکەی ئێوەوە خۆم ئەهێنمە گریان . پێغەمبەری خوا فەرمووی : ((للذي عرض عليَّ أصحابك من أخذهم الفداء ، وقد عرض عليّ عذابكم أدنى من هذه الشجرة)) . فەرمووی : بۆ ئەوە ئەگریم کە هاوەڵەکانت ئەو رایەیان خستە بەردەمم کە فیدیە لە دیلەکان وەربگرن .. خوای گەورەش سزادانی ئێوەی لەم

درەختە نزیکتر پیشان دام . بە درەختێکی نزیکی فەرموو . هەواڵیشی دایە کە ئایەتەکان دابەزیوون . ئەمەش بەڵگەیە کە نەك ئەبوبەکر بەڵکو زۆربەی هاوەڵان رایان لەسەر فیدیە وەرگرتن بووە .

کە هاوەڵان ئەم دوو ئایەتەیان دین ، دەستیان لە کەڵك وەرگرتن لە پارەی فیدیەکە گرتەوە و ، زۆر شەرمەزاری ئەو گلەییە خواییەیە بوون ، تا خوای گەورە دڵخۆشیی دانەوە و قورئانی پیرۆزی ناردەوە و ، فەرمانی پێ دان کە ئەو غەنیمەتە بە حەڵاڵیی و پاکیی بخۆن ، کە ئەفەرموێ :

﴿ فَكُلُوا مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلَٰلًا طَيِّبًا ۚ وَٱتَّقُوا ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾(الأنفال : ٦٩)

هەندێ لە خۆرهەڵات ناسان و ئەوانەش کە ئەیانەوێ مەسیحییەت بڵاو بکەنەوە رەخنە لە هەڵوێستی موسڵمانان ئەگرن ، دەربارەی دیلەکانی بەدر .. رەخنە ئەگرن لەوەی کە موسڵمانەکان دوو دیلیان کوشتووە و ، فیدیەشیان لەوانی تر وەرگرتووە.

ئەوانە زۆر گێل و نەفامن .. هەر ئەڵێی مێژووی دوور و درێژی مەسیحیەتیان سەرنج نەداوە ، کە بە دەستی ئەوان چەند ملیۆن مرۆڤ بەدبەخت کراوە بە درێژایی مێژوو ، تەنها بۆ سەپاندنی حوکم و دەسەڵاتی پڕ لە زوڵم و ستەمیان .

پێش هەموو شتێك موسڵمانەکان بە تەمای جەنگ نەبوون لەگەڵ سوپایەکی وەها گەورە و پڕتفاقدا .. خۆ موسڵمانەکان هەموو جەنگاوەرانیان نەهاتبوون بۆ بەدر ، ئەوەندە هەبوو خوای گەورە ویستی وەها بوو ، موسڵمانەکان بە تفاقێکی کەمەوە بچنە مەیدانی ئەو سوپا دڕندەیەی قورەیش و سەریان بخات بەسەریانا تا بزانن کە ئەو سەرکەوتنە پێشکەشی یەکی خوایی بوو و هیچی تر .. تا بزانن وا خوای گەورە بەڵێنی خۆی بردە سەر و ، با ئەوانیش بە جوانیی بەندایەتیی خۆیان ئەنجام بدەن ..

لەلایەکی ترەوە ئەوان رەخنەی ئەوە لە موسڵمانان ئەگرن کە بۆچ فیدیەیان لێ سەندن ، ئەبوا هەر بە هەوانتە ئازادیان بکردنایە و ، ئەو غەنیمەتانەی مەیدانی جەنگیان بەس بوو . کەچیی خوای پەروەردگار ـ وەك باسمان کرد ـ رەخنەی ئەوەیان لێ ئەگرێ کە بۆچ فیدیەیان لێ وەرگرتن ، بەڵکو ئەبوا هەموویان بکوشتنایە هەتا پشتی قورەیشی خوانەناس بشکێ . خۆ ئەگەر خاتری ئەهلی بەدری نەگرتایە ئەوا ئەبوا سزای خوایییان بچەشتایە .

کە موسڵمانەکان لە حەفتا دیل دوو دیلیان کوشتووە ، دیارە ـ وەك باسمان کرد ـ ئەو دوانە یەکجار خراپ بوون و مافی خۆیان بوو ، بگرە زۆربەی قورەیشیەکان تاوانبار بوون ، بەوەی کە سیانزە ساڵی رەبەق خەریکی سزا و ئازاردانی پێغەمبەر و موسڵمانە بێدەستەکان بوون ، بێئەوەی تاوانێکیان ئەنجام دابێ .. تەنها ئەوەندە هەیە شوێن رێبازی خوا کەوتبوون و ، دەستیان لە رەوشتە نزمەکانی نەفامیی هەڵ گرتبوو .. هێشتا دوای کۆچ کردن و بەجێهێشتنی نیشتمان و کەس و کار و بەرژەوەندییش ، قورەیش کۆڵی نەئەدا و ، ئەیویست نەهێڵێ موسڵمانەکان لە مەدینەش بحەسێنەوە .. ئەو نەفامە رەخنەگرانە مێژووی پڕ لە ستەم و ئاژاوەی خۆیان لەیاد ئەکەن ، کە بە ناوی صەلیبەوە چ جەنگ و دەست درێژیەکی خوێناویی بەرامبەر بە موسڵمانان ئەنجام دراوە ..

ئەوەبوو چەندین ساڵ جەنگ و ئاژاوەیان لە شامدا نایەوە و ، ئەیانویست فەلەستین داگیر بکەن و ، بە یەکجاریی ئیسلام و موسڵمانان لەناو بەرن ، کەچیی سۆزی خوای گەورە جووڵا و ، پاڵەوانی لێهاتووی کوردیی ، صەلاحەددینی ئەییووبیی ، بۆ ئەم کارە رەخساند ، تا خاکی موسڵمانان پاك بکاتەوە و ئەو چڵکنە پیسانە بخاتە ناو دەریاوە و ، لە کۆڵ موسڵمانانیان بکاتەوە .

یان لە بیری خۆیانی ئەبەنەوە کە لە ئەندەلوسدا کاتێك مەسیحیەکان دەسەڵاتیان پەیدا کرد بەسەر موسڵمانەکاندا چۆن بە سەربڕین و سووتاندن تاقی موسڵمانیان لەو وڵاتەدا بڕیەوە ، بە مەرجێ موسڵمانەکان لەسەر ئەو خاکە بۆ ماوەی هەشت صەد ساڵ شارستانیەتێکی یەکجار مەزنیان بەرپا کرد و ، بوونە مایەی بووژانەوە و پێشکەوتنی هەر هەموو ئەورووپا .. بەڵام ئەورووپا چونکە زانستەکەیان وەرگرت و دینی ئیسلام و رەوشتە بەرزەکانی ئیسلامیان لەگەڵیا وەرنەگرت ، زانستەکەیان بووە بەڵایەکی گەورە بۆ خۆشیان و ، بۆ تێکڕای مرۆڤایەتییش ، کە ئەوە چەند صەدەیەکە سەرزەویی بە دەست ستەمیانەوە ئەتلێتەوە و ، ئەو زانستە بەکەڵکەیان کردە نەگبەتیی بۆ مرۆڤ .

هەر نەك بەرامبەر بە موسڵمانان ، بەڵکو گاورەکان بەرامبەر یەکتریی زۆر ستەمکار بوون .. بۆ نموونە ئەو قەسابخانەیەی کە مەسیحیەکان بە ناوی مەسیحیەتەوە بۆ برا هاودینەکانی خۆیانیان دروست کرد ، کە پێی ئەڵێن

قەسابخانەی (سان بارتلمي) ، بە خاڵێکی ناشیرینی مێژووی مەسیحیەت ئەژمێررێت ، بە هیچ شتێك پینە ناکرێ .

ئەم قەسابخانەیە بە شەودا ئەنجام درا .. ئەوەبوو کاتولیك دەستیان بە سەربڕینی پرۆتستانیەکان کرد لە پاریس و لە فەرەنسا ، بەڵام بەوپەڕی نامەردیەوە . (حیاة محمد هیکل ، ص ٢٦٨) .

ئیتر با ئەو هەموو کوشتن و سەربڕینە هەزار بە هەزارانەی شۆرشی فەرەنسا و ، شۆرشە جیاجیاکانی تری گەلانی ئەوروپا و ، ئەو هەموو کوشتوبڕەی کە دەوڵەتە داگیرکارەکانی ئەوروپا لە وڵاتە جۆراو جۆرە داگیرکراوەکانی جیهان‌دا ، بە ناوی کوژاندنەوەی ئاژاوەوە ، لە چەرخی تازەدا ، ئەنجامی ئەدەن ، لەولاوە بووەستن .

دوو جەنگی جیهانیی بەرپا کران ، لەبەر خاتری دەسەڵاتی زاڵمان و ، لە پێناوی ئەوەدا چەندین ملیۆن مرۆڤ کوژرا و ، چەندین خێزان و ماڵ و منداڵ زەبوون و بەدبەخت کران .. رەخنەگرە چڵکاوخۆرەکانیش مێشێك میوانیان نیە . لەبەر چاویان‌دا بە هەزارەها دیلی جەنگە ناهەموارەکان ئەکوژرێن و جووڵە ناکەن، کەچیی بۆ کوشتنی دوو ئەسیری هەزار ساڵ لەمەوبەر ، کە شیاوی ئەوەن پێیان بوترێ : تاوانباری جەنگ ، دەنگ بەرز ئەکەنەوە ، بە مەرجێ زۆربەی دیلەکان کە دوایی موسڵمان ئەبوون ، بە بۆنەی ئەو موعامەلە چاکەوە بوو ، کە هاوەڵان ، بە هۆی ئامۆژگاریی پێغەمبەرەوە ﷺ ئەنجامیان دا .

بەڵێ ، موسڵمانەکان لە هەموو غەزاکانیان‌دا نموونەی مرۆڤی بەرەحم و دادپەروەر و خاوەن بەزەیی بوون .. خەڵکێکی زۆر شاهێدیی ئەوە ئەدەن ، کە یەکێ لەوانە مێژوونووسی مەزن (گۆستاف لۆبۆن) ە کە ئەڵێ : (مێژوو وڵات گیرێکی تری بە خۆیەوە نەدیوە کە لە عەرەب (واتە موسڵمانەکان) دادپەروەرتر و بەبەزەییتر بێت) . (الوحي المحمدي ، ص ١٢٩)

ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە ناوی هاوەڵانی بەدر بخەینە بەردەست ئازیزانمان، تا بزانن بە ئیخلاص و هیممەتی بەرز ئەو پیاوە کەم و کەم تفاقانە ئیسلامیان هەڵگرت و پێشکەشی سەرزەویان کرد ..

لە پێشەوە ئاماژەمان کردووە کە بە پێی سەرژمێریی مامۆستا (باشمیل) بەشداربووانی جەنگی بەدر سێ‌صەد و حەڤدە کەس بوون ، کە هەشتا و شەشیان

موهاجیریی و ، صەد و حەفتایان خەزرەجیی و شەصت و یەکیشیان ئەوسیی بوون، ئەمەش ناوەکانیانن :

یەکەم : بەدرییە موهاجیرەکان :

أ) لە نەوەی هاشمی کوڕی عەبدمەناف هەشت پیاو :

١ ـ سەرداری هەموو پێغەمبەران ، موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولموطەللیبی کوڕی هاشمی کوڕی عەبدمەناف .

٢ ـ حەمزەی کوڕی عبدولموطەللیب .

٣ ـ عەلیی کوڕی ئەبوطالیبی کوڕی عەبدولموطەللیب .

٤ ـ زەیدی کوڕی حاریثەی خزمەت گوزاری پێغەمبەر ﷺ .

٥ ـ ئەنەسەی حەبەشیی ، خزمەت گوزاری پێغەمبەر ﷺ .

٦ ـ ئەبوکەبشەی فارسیی ، خزمەت گوزاری پێغەمبەر ﷺ .

٧ ـ کەنازی کوڕی حوصەین ، کە پێی ئەوترا ئەبو مەرثەد ، هاوپەیمانیان بوو .

٨ ـ مەرثەدی کوڕی ئەبومەرثەد ، کە ئەویش هاوپەیمانیان بوو .

(ب) لە نەوەی موطەللیبی کوڕی عەبدمەناف ، چوار پیاو:

١ ـ عوبەیدەی کوڕی حاریثی کوڕی موطەللیب ـ شەهیدی بەدر .

٢ ـ طوفەیلی کوڕی حاریثی کوڕی موطەللیب .

٣ ـ حوصەینی کوڕی حاریثی کوڕی موطەللیب .

٤ ـ میسطەح ، کە ناوی عەوفی کوڕی ئەثاثەی کوڕی عەببادی کوڕی موطەللیب بووە .

(ج) لە نەوەی عەبدشەمسی کوڕی عەبدمەناف شانزە پیاو :

١ ـ عوثمانی کوڕی عەففان ، کە لەلای روقیەی خێزانی مایەوە بۆ سەروکاریی چارەسەرکردنی و ، وەك بەدرییەکان بەشی بۆ دانرا .

٢ ـ ئەبوحوذەیفەی کوڕی عوتبەی کوڕی رەبیعەی کوڕی عەبدشەمس .

٣ ـ سالم ، مەولای ئەبوحوذەیفەی کوڕی عوتبە .[٣٤٠]

---

[٣٤٠] سالم کوڕی مەعقەل ، یەکێکە لە هاوەڵە پایەدارەکان کە زوو موسڵمان بووە . سەرەتا بەندەی ئافرەتێکی ئەنصاریی بوو و ، ئازادی کرد . دوای ئەوە بووە مەولای هاوەڵی بە ناوبانگ ئەبوحوذەیفە و ، کردییە کوڕی خۆی و فاطیمەی کچی وەلیدی کوڕی عوتبەی برازای لێ مارە کرد . دواییش ئایەتی بەتاڵ کردنەوەی یاسای بەکوڕکردن هات و ، ئەبوا هەموو کەسێك بە ناوی باوکیەوە بانگ بکرایە . سالم خاوەنی پایەیەکی مەزن بوو لە ئیسلامدا ، کە ئەوەبوو لە مزگەوتی قوباءدا پێش نوێژیی بۆ موهاجیرەکان ئەکرد کە ئەبوبەکر و عومەریشیان لە ناودا بوون . سالم

٤ ـ عەبدوڵڵای کوڕی جەحش کە هاوپەیمانیان بوو .

٥ ـ عوکاشەی کوڕی مەحصەن ، ئەویش هاوپەیمانیان بوو .

٦ ـ شوجاعی کوڕی وەهبی کوڕی رەبیعە (هاوپەیمان) .

٧ ـ عوقبەی برای (هاوپەیمان) .

٨ ـ یەزیدی کوڕی رەقیش (هاوپەیمان) .

٩ ـ ئەبوسینان ، مەحصەنی کوڕی حەرثان (هاوپەیمان) .

١٠ ـ سینانی کوڕی ئەبوسینان (هاوپەیمان) .

١١ ـ میحرەزی کوڕی نەضلەی کوڕی عەبدوڵڵا (هاوپەیمان) .

١٢ ـ رەبیعەی کوڕی ئەکثەم (هاوپەیمان) .

١٣ ـ ثەقیفی کوڕی عەمر (هاوپەیمان) .

١٤ ـ مالیکی کوڕی عەمر (هاوپەیمان) .

١٥ ـ مەدلەجی کوڕی عەمر (هاوپەیمان) .

١٦ ـ ئەبومەخشیی (هاوپەیمان) .

(د) لە نەوەی نەوفەلی کوڕی عەبدمەناف ، دوو پیاو :

١ ـ عوتبەی کوڕی غەزوان (هاوپەیمان) .

٢ ـ خەبابی مەولای عوتبەی کوڕی غەزوان (هاوپەیمان) .

(هـ) لە نەوەی ئەسەدی کوڕی عەبدولعوززا ، سێ پیاو :

١ ـ زوبەیری کوڕی عەووامی کوڕی خوەیلیدی کوڕی ئەسەد .

٢ ـ حاطبی کوڕی ئەبوبەلتەعەی یەمانیی (هاوپەیمان) .

٣ ـ سەعدی کەلبیی ، مەولای حاطب (هاوپەیمان) .

(و) لە نەوەی عەبدودداری کوڕی قوصەی دوو پیاو :

لەگەڵ عومەردا کۆچی کرد بۆ مەدینە و ، هەمیشە عومەر ستایشی ئەکرد . کاتێکیش کە عومەر زامدار کرا ، بیری لەو کەسانە ئەکردەوە کە شایانی ئەوەن بکرێن بە خەلیفە . لەو کاتەدا سالم یشی بە بیردا هات کەچیی هاتەوە یادی کە سالم کۆچی دوایی کردووە ، بۆیە فەرمووی : ئەگەر سالم زیندوو بوایە کاری خەلافەتم نەئەکردە شوورا ، واتە سالمم راستەوخۆ ئەکردە خەلیفەی موسڵمانان . ئەمەش پایەداریی سالم دەرئەخات لە دڵی عومەردا . سالم یەکێك بوو لەو هاوەڵە ناودارانەی کە قورئانیان لە بەربوو . پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمانی ئەدا تا موسڵمانەکان قورئان لە چوار کەس وەربگرن کە ئەی فەرموو : ((خذوا القرآن من أربعة : من أبن أم عبد ، ومن أبيّ بن كعب ، ومن سالم مولى أبي حذيفة ، ومن معاذ بن جبل)) . سالم بەشداریی بەدری کرد و لە جەنگی یەمامەدا خۆی و ئەبوحوذەیفەی مەولای بە شەهیدیی سەریان نایەوە ، خوا لێیان رازیی بێ .

١ ـ موصعەبی کوڕی عومەیری کوڕی هاشمی کوڕی عەبدمەنافی کوڕی عەبدوددار .

٢ ـ سوەیطی کوڕی سەعدی کوڕی حەریمەلە .

(ز) لە نەوەی زوهرەی کوڕی کیلاب هەشت پیاو :

١ ـ عەبدورڕەحمانی کوڕی عەوف .

٢ ـ سەعدی کوڕی ئەبووەققاص .

٣ ـ عومەیری کوڕی ئەبووەققاص ـ شەهیدی بەدر .

٤ ـ میقدادی کوڕی عەمری کوڕی ثعلبە ، کە هاوپەیمانیان بوو .

٥ ـ عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودی کوڕی حاریثی هەذەلیی ، کە هاوپەیمانیان بوو .

٦ ـ مەسعوودی کوڕی ڕەبیعەی کوڕی عەمری کوڕی سەعد ، کە هاوپەیمانیان بوو .

٧ ـ ذوششیمالەین کوڕی عەمر ، کە هاوپەیمانیان بوو ـ شەهیدی بەدر .

٨ ـ خەببابی کوڕی ئەرەت ، کە هاوپەیمانیان بوو .

(ح) لە نەوەی تەیمی کوڕی موڕڕە پێنج پیاو :

١ ـ ئەبوبەکری صددیق .

٢ ـ بیلالی کوڕی ڕەباح کە مەولای ئەبوبەکر بوو .

٣ ـ عامیری کوڕی فوهەیرە ، ئەویش مەولای ئەبوبەکر بوو .

٤ ـ صوهەیبی کوڕی سینان ، کە مەولای عەبدوڵڵای کوڕی جەدعان بوو .

٥ ـ طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا ، کە لە کاتی جەنگەکەدا لە شام بوو و پێغەمبەری خوا ﷺ وەك بەدریی بەشی بۆ دیارىی کرد .

(ط) لە نەوەی مەخزووم پێنج پیاو :

١ ـ ئەبوسەلەمەی کوڕی عەبدولئەسەد کە ناوی عەبدوڵڵا بوو .

٢ ـ شەمماسی کوڕی عوثمانی کوڕی شەرید .

٣ ـ ئەرقەمی کوڕی ئەبوئەرقەم ، کە ناوی ئەبوئەرقەم عەبدمەنافی کوڕی ئەسەد بووە .

٤ ـ عەمماری کوڕی یاسر .

٥ ـ موعتەبی کوڕی عەوفی کوڕی عامیر ، کە هاوپەیمانیان بوو .

(ي) لە نەوەی عەدیی کوڕی کەعب (هۆزەکەی خەلیفە عومەر) چواردە پیاو :

١ ـ عومەری کوڕی خەططابی کوڕی نوفەیلی کوڕی عەبدولعوززا .

٢ ـ میهجەعی عەککیی کە مەولای عومەر بووە ـ شەهیدی بەدر .

٣ ـ عەمری کوڕی سوراقە .

٤ ـ عەبدوڵلای کوڕی سوراقەی برای .

٥ ـ واقیدی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عەبد مەناف ، کە هاوپەیمانیان بوو .

٦ ـ خەولیی کوڕی ئەبوخەولیی ، کە هاوپەیمانیان بوو .

٧ ـ مالیکی کوڕی ئەبوخەولیی ، کە هاوپەیمانیان بوو .

٨ ـ عامیری کوڕی رەبیعە ، کە هاوپەیمانی بنەماڵەی خەططاب بوو .

٩ ـ عامیری کوڕی بوکەیری کوڕی عەبدیالەیل کە هاوپەیمانیان بوو .

١٠ ـ عاقیل ی کوڕی بوکەیر ـ شەهیدی بەدر .

١١ ـ خالیدی کوڕی بوکەیر .

١٢ ـ ئیاسی کوڕی بوکەیر .

١٣ ـ زەیدی کوڕی خەططاب کە برای عومەر بووە و ، تەمەنی لە عومەر زیاتر بووە و پێش ئەویش موسڵمان بووە . بەشداریی هەموو ڕووداوەکانی تریشی کردووە و لە جەنگی یەمامەی پاشگەزبووەکان‌دا بە شەهیدیی سەری نایەوە و ، ئاڵای موسڵمانەکانیش بەو بوو . کە شەهید بوو عومەر خەفەتی زۆری بۆ خوارد و، فەرمووشی : بۆ هەردوو کارە چاکەکە پێشم کەوت : پێش من موسڵمان بوو و، پێش منیش شەهید بوو .

١٤ ـ سەعیدی کوڕی زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیل کە مێردی فاطیمەی خوشکی عومەر بوو و ، یەکێکە لەو دە کەسەی کە مژدەی بەهەشتیان پێ دراوە ، لە کاتی جەنگی بەدردا لە شام بوو ، جا کە گەڕایەوە پێغەمبەری خوا ﷺ بە یەکێ لە سەربازانی بەدری ژمارد و بەشی بۆ تەرخان کرد و ، وتی : ئەی پاداشتم ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی : ((وأجرك أربعة عشر رجلا)) . فەرمووی : ئەوەندەی چواردە پیاو پاداشتت هەیە .

(ك) لە نەوەی جومەحی کوڕی عەمری کوڕی هەصیص پێنج پیاو :

١ ـ عوثمانی کوڕی مەظعوون .

٢ ـ سائیبی کوڕی عوثمانی کوڕی مەظعوون .

٣ ـ قودامەی کوڕی مەظعوون .
٤ ـ عەبدوڵلای کوڕی مەظعوون .
٥ ـ موعەممەری کوڕی حاریثی کوڕی موعەممەر .
(ل) لە نەوەی سەهمی کوڕی عەمری کوڕی هەصیص یەك پیاو کە ئیبن ئیسحاق ناوی نەداوە .
(م) لە نەوەی عامیری کوڕی لوئەی حەوت پیاو :
١ ـ ئەبوسەبرەی کوڕی ئەبوڕەهمی کوڕی عەبدولعوززا .
٢ ـ عەبدوڵلای کوڕی مەخرەمەی کوڕی عەبدولعوززا .
٣ ـ عەبدوڵلای کوڕی سوهەیلی کوڕی عەمر .
٤ ـ عومەیری کوڕی عەوف . کە مەولای سوهەیلی کوڕی عەمر بووە .
٥ ـ سەعدی کوڕی خەولە ، کە هاوپەیمانیان بووە .
٦ ـ وەهبی کوڕی سەعدی کوڕی ئەبوسەرح .
٧ ـ حاطبی کوڕی عەمر .
(ن) لە نەوەی حاریثی کوڕی فیهر شەش پیاو .
١ ـ عامیری کوڕی عەبدوڵلای کوڕی جەڕڕاح (ئەبوعوبەیدە) .
٢ ـ عەمری کوڕی حاریثی کوڕی زوهەیر .
٣ ـ سوهەیلی کوڕی وەهبی کوڕی رەبیعە .
٤ ـ صەفوانی کوڕی وەهبی کوڕی رەبیعە ـ شەهیدی بەدر .
٥ ـ عەمری کوڕی ئەبوسەرحی کوڕی رەبیعە .
٦ ـ عیاضی کوڕی زوهەیر .

دووهەم : بەدرییە ئەنصارەکان :

(١) بەدرییە ئەوسییەکان :

(أ) لە نەوەی عەبدولئەشهەل ، پانزە پیاو :
١ ـ سەعدی کوڕی موعاذ .
٢ ـ حاریثی کوڕی ئەوسی کوڕی موعاذ .
٣ ـ حاریثی کوڕی ئەنەسی کوڕی رافع .
٤ ـ سەعدی کوڕی زەیدی کوڕی مالیك .
٥ ـ سەلەمەی کوڕی سەللامەی کوڕی وەقش .

٦ ـ عەببادی کوڕی بیشری کوڕی وەقش .
٧ ـ سەلەمەی کوڕی ثابیتی کوڕی وەقش .
٨ ـ رافیعی کوڕی یەزیدی کوڕی کورز .
٩ ـ حاریثی کوڕی خەزنەی کوڕی عەدیی .
١٠ ـ موحەممەدی کوڕی مەسلەمە .
١١ ـ سەلەمەی کوڕی ئەسلەمی کوڕی حەریش ، کە هاوپەیمانیان بووە .
١٢ ـ ئەبولهەیثەمی کوڕی تەییهان .
١٣ ـ عوبەیدی کوڕی تەییهان .
١٤ ـ عەمری کوڕی موعاذی کوڕی نوعمان .
١٥ ـ عەبدوڵڵای کوڕی سەهل .

(ب) لە نەوەی ظەفەر دوو پیاو :
١ ـ قەتادەی کوڕی نوعمانی کوڕی زەید .
٢ ـ عوبەیدی کوڕی ئەوسی کوڕی مالیك .

(ج) لە نەوەی عەبدی کوڕی رەززاح سێ پیاو :
١ ـ نەصری کوڕی حاریثی کوڕی عەبد .
٢ ـ موعتەبی کوڕی عەبد .
٣ ـ عەبدوڵڵای کوڕی طاریقی بەلەویی کە هاوپەیمانیان بووە .

(د) لە نەوەی حاریثەی کوڕی حاریث سێ پیاو :
١ ـ مەسعوودی کوڕی سەعدی کوڕی عامیر .
٢ ـ ئەبوعەنبەسی کوڕی جەبر ..
٣ ـ هانیی کوڕی نەیاری بەلەویی ، کە هاوپەیمانیان بووە .

(ه) لە نەوەی عەمری کوڕی عەوف شەش پیاو :
١ ـ عاصمی کوڕی ثابیتی کوڕی قەیس .
٢ ـ قەیس ئەبونەفلەحی کوڕی عیصمە .
٣ ـ موعەتتیبی کوڕی قوشەیر .
٤ ـ ئەبومەلیلی کوڕی ئەزعەر .
٥ ـ عەمری کوڕی مەعبەدی کوڕی ئەزعەر .
٦ ـ سەهلی کوڕی حونەیف .

(و) لە نەوەی ئومەییەی کوڕی زەید نۆ پیاو :
١ ـ موبەششیری کوڕی عەبدولمونذیری کوڕی زەنبەر ـ شەهیدی بەدر .
٢ ـ ریفاعەی کوڕی عەبدولمونذیری کوڕی زەنبەر .
٣ ـ سەعدی کوڕی عوبەیدی کوڕی نوعمان .
٤ ـ عوەییمی کوڕی ساعیدە .
٥ ـ رافیعی کوڕی عەنجەدە .
٦ ـ عوبەیدی کوڕی ئەبوعوبەید .
٧ ـ ثەعلەبەی کوڕی حاطەب .
٨ ـ حاریثی کوڕی حاطەب .
٩ ـ ئەبولوبابە ، کە لەگەڵ حاریثی کوڕی حاطەب ، بە فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ گەڕانەوە بۆ مەدینە ، بەشیان لە دەستکەوتەکانی بەدر درا و ، بە بەدرییش لە قەڵەم دران .
(ز) لە نەوەی عوبەیدی کوڕی زەید حەوت پیاو :
١ ـ ئونەیسی کوڕی قەتادەی کوڕی رەبیعە .
٢ ـ مەعنی کوڕی عەدیی کوڕی جەددی بەلەویی ، هاوپەیمانیان بوو .
٣ ـ عەبدوڵلای کوڕی سەلەمەی عیجلانیی ، هاوپەیمانیان بوو .
٤ ـ زەیدی کوڕی ئەسلەمی کوڕی ثەعلەبەی عیجلانیی ، هاوپەیمانیان بوو .
٥ ـ ریبعیی کوڕی رافیعی کوڕی زەیدی عیجلانیی ، هاوپەیمانیان بوو .
٦ ـ عاصیمی کوڕی عەدیی کوڕی جەددی عیجلانیی ، هاوپەیمانیان بوو . ئەم هاوەڵە بەرەو بەدر کەوتە رێ بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ گێڕایەوە و ، بەشە دەستکەوتی وەك بەدری یەکان بۆ دانا .
٧ ـ ثابیتی کوڕی ئەقوەمی کوڕی ثەعلەبەی عیجلانیی ، هاوپەیمانیان بوو .
(ح) لە نەوەی ثەعلەبەی کوڕی عەمری کوڕی عەوف حەوت پیاو :
١ ـ عەبدوڵلای کوڕی جوبەیری کوڕی نوعمان .
٢ ـ عاصیمی کوڕی قەیسی کوڕی ثابیت .
٣ ـ ئەبوضەییاحی کوڕی ثابیتی کوڕی نوعمان .
٤ ـ ئەبوحەننە یان ئەبوحەببەی کوڕی ثابیتی کوڕی نوعمان .
٥ ـ سالیمی کوڕی عومەیری کوڕی ثابیت .

٦ ـ حاریثی کوڕی نوعمانی کوڕی ثومەییە .
٧ ـ خەوواتی کوڕی جویەیری کوڕی نوعمان .
(ط) لە نەوەی جەحجی کوڕی کولفەی کوڕی عەوف دوو پیاو :
١ ـ مونذیری کوڕی موحەممەدی کوڕی عوقبە .
٢ ـ ئەبوعەقیلی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی ثەعلەبە ، هاوپەیمانیان بوو .
(ي) لە نەوەی غەنمی کوڕی سەلەم پێنج پیاو :
١ ـ سەعدی کوڕی خەیثەمە ـ شەهیدی بەدر .
٢ ـ مونذیری کوڕی قودامەی کوڕی عەرفەجە .
٣ ـ مالیکی کوڕی قودامەی کوڕی عەرفەجە .
٤ ـ حاریثی کوڕی عەرفەجە .
٥ ـ تەمیم ، بەندەی ئازادکراویان بوو .
(ك) لە نەوەی موعاویەی کوڕی مالیکی کوڕی عەوف سێ پیاو :
١ ـ جەبری کوڕی عەتیکی کوڕی حاریث .
٢ ـ مالیکی کوڕی نومەیلە ، هاوپەیمانیان بوو .
٣ ـ نوعمانی کوڕی عەصر ، هاوپەیمانیان بوو .
(٢) بەدرییە خەزرەجییەکان :
(أ) لە نەوەی (امريء القيس) ی کوڕی مالیك چوار پیاو :
١ ـ خاریجەی کوڕی زەید .
٢ ـ سەعدی کوڕی رەبیع .
٣ ـ عەبدوڵلای کوڕی رەواحە .
٤ ـ خەللادی کوڕی سووەیدی کوڕی ثەعلەبە .
(ب) لە نەوەی زەیدی کوڕی مالیك دوو پیاو :
١ ـ بەشیری کوڕی سەعدی کوڕی ثەعلەبە .
٢ ـ سەماکی کوڕی سەعدی کوڕی ثەعلەبە .
(ج) لە نەوەی عەدیی کوڕی کەعبی کوڕی خەزرەج سێ پیاو :
١ ـ سوبەیعی کوڕی قەیسی کوڕی عەیشە .
٢ ـ عەببادی کوڕی قەیسی کوڕی عەیشە .
٣ ـ عەبدوڵلای کوڕی عەبەس .

(د) لە نەوەی ئەحمەری کوڕی حاریثەی کوڕی ثەعلەبە یەك پیاو :

١ ـ یەزیدی کوڕی حاریثی کوڕی قەیس ـ شەهیدی بەدر .

(هـ) لە نەوەی جەشمی کوڕی حاریثی کوڕی خەزرەج چوار پیاو :

١ ـ خوبەیبی کوڕی ئەسافی کوڕی عوتبە .

٢ ـ عەبدوڵڵای کوڕی زەیدی کوڕی ثەعلەبە .

٣ ـ حەریثی کوڕی زەیدی کوڕی ثەعلەبە .

٤ ـ سوفیانی کوڕی بیشر .

(و) لە نەوەی جەدارەی کوڕی عەوفی کوڕی حاریث چوار پیاو :

١ ـ تەمیمی کوڕی یەماری کوڕی قەیس .

٢ ـ عەبدوڵڵای کوڕی عومەیر .

٣ ـ زەیدی کوڕی موزەنیی کوڕی قەیس .

٤ ـ عەبدوڵڵای کوڕی عەرفەطەی کوڕی عەدیی .

(ز) لە نەوەی ئەبجەر یەك پیاو :

١ ـ عەبدوڵڵای کوڕی ڕەبیعی کوڕی قەیس .

(ح) لە نەوەی عەوفی کوڕی خەزرەج ، پاشان لە نەوەی عوبەید ، دوو پیاو :

١ ـ عەبدوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول .[٣٤١]

٢ ـ ئەوسی کوڕی خەولیی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی حاریث .

(ط) لە نەوەی جوزئی کوڕی عەدیی کوڕی مالیك شەش پیاو :

١ ـ زەیدی کوڕی وەدیعەی کوڕی عەمری غەطەفانیی کە هاوپەیمانیان بوو .

٢ ـ عامیری کوڕی سەلەمەی کوڕی عامیری یەمەنیی کە هاوپەیمانیان بوو .

٣ ـ ئەبوحومەیضە ، مەعبەدی کوڕی عەبباد .

٤ ـ عامیری کوڕی بوکەیر کە هاوپەیمانیان بووە .

٥ ـ عوقبەی کوڕی وەهبی کوڕی کیلدەی غەطەفانیی کە هاوپەیمانیان بوو .

---

[٣٤١] عەبدوڵڵای باوکی ، واتە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی سەرۆکی مونافیقان بوو ، بەڵام خۆی یەکێ بوو لە گەنجە چاکەکانی ئیسلام و ، هاوەڵێکی پایەدار بوو و ، ئامادەی هەموو ڕووداوەکان بوو . کاتێك کە نیفاقی باوکی دەرکەوت ، داوای مۆڵەتی لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد تا باوکی بکوژێت ، کەچیی مۆڵەتی پێ نەدا ، بەڵکو فەرمانی پێ دا کە بە چاکە لەگەڵیا هەڵس و کەوت بکات . لە جەنگی یەمامەی پاشگەزبووەکان‌دا و ، لە ساڵی دوانزەهەمی کۆچیی‌دا بە شەهیدیی سەری نایەوە . شایانی باسە عەبدوڵڵا یەکێ بووە لەوانەی کە نووسەری پێغەمبەر بوون .

٦ ـ ریفاعەی کوڕی عەمری کوڕی زەید کە هاوپەیمانیان بوو .

(ي) لە نەوەی سالیمی کوڕی عەوف پیاوێك :

١ ـ نەوفەلی کوڕی عەبدوڵلاّی کوڕی نەضلە .

(ك) لە نەوەی ئەصرەمی کوڕی فیهری کوڕی ثەعلەبە دوو پیاو :

١ ـ عویادەی کوڕی صامیت .

٢ ـ ئەوسی کوڕی صامیت .

(ل) لە نەوەی دەعدی کوڕی فیهر پیاوێك :

١ ـ نوعمانی کوڕی مالیکی کوڕی ثەعلەبە .

(م) لە نەوەی لەوذانی کوڕی سالیم دە پیاو :

١ ـ ثابیتی کوڕی هەزال .

٢ ـ مالیکی کوڕی دەخشەمی کوڕی مورضیخە .

٣ ـ رەبیعی کوڕی ئیاسی کوڕی عەمری کوڕی غونم .

٤ ـ وەرەقەی کوڕی ئیاس .

٥ ـ عەمری کوڕی ئیاسی یەمەنیی کە هاوپەیمانیان بوو .

٦ ـ مەجدەری کوڕی زیادی بەلەویی کە هاوپەیمانیان بوو .

٧ ـ عویادەی کوڕی خەشخاشی کوڕی عەمر .

٨ ـ نەححابی کوڕی ثەعلەبە .

٩ ـ عەبدوڵلاّی کوڕی ثەعلەبە .

١٠ ـ عوتبەی کوڕی رەبیعەی کوڕی خالیدی کوڕی موعاویە . کە هاوپەیمانیان بوو .

(ن) لە نەوەی ساعیدەی کوڕی کەعبی کوڕی خەزرەج دوو پیاو :

١ ـ ئەبودوجانە ، سیماکی کوڕی ئەوس .

٢ ـ مونذیری کوڕی عەمری کوڕی خونەیس .

(س) لە نەوەی بەدیی کوڕی عامیری کوڕی عەوف دوو پیاو :

١ ـ ئەبوئوسەیدی کوڕی رەبیعەی کوڕی بەدیی .

٢ ـ مالیکی کوڕی مەسعوودی کوڕی بەدیی .

(ع) لە نەوەی طەریفی کوڕی خەزرەج شەش پیاو :

١ ـ عەبدرەببەی کوڕی حەققی کوڕی ئەوس .

٢ ـ کەعبی کوڕی جەماز کە هاوپەیمانیان بوو .
٣ ـ ضیمرەی کوڕی عەمر کە هاوپەیمانیان بوو .
٤ ـ زیادی کوڕی عەمر کە هاوپەیمانیان بوو .
٥ ـ بەسبەسی کوڕی عەمری جوهەنیی کە هاوپەیمانیان بوو .
٦ ـ عەبدوڵلای کوڕی عامیری بەلەویی کە هاوپەیمانیان بوو.
(ف) لە نەوەی جەشمی کوڕی خەزرەج دوانزە پیاو :
١ ـ خەڕڕاشی کوڕی صوممەی کوڕی عەمر.
٢ ـ حەببابی کوڕی مونذیر .
٣ ـ عومەیری کوڕی حومام ـ شەهیدی بەدر .
٤ ـ تەمیم ، مەولای خەڕڕاش .
٥ ـ عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی حەرام .
٦ ـ موعاذی کوڕی عەمری کوڕی جەمووح .
٧ ـ خەلللادی کوڕی عەمری کوڕی جەمووح .
٨ ـ عوقبەی کوڕی عامیری کوڕی نابیی .
٩ ـ حەبیبی کوڕی ئەسوەد ، مەولایان بوو .
١٠ ـ ثابیتی کوڕی ثەعلەبەی کوڕی زەید .
١١ ـ موعەووەذی کوڕی عەمری کوڕی جەمووح .
١٢ ـ عومەیری کوڕی حاریثی کوڕی ثەعلەبە .
(ص) لە نەوەی عوبەیدی کوڕی عەدیی کوڕی غەنمی کوڕی کەعب نۆ پیاو:
١ ـ بیشری کوڕی بەرائی کوڕی مەعروور .
٢ ـ طوفەیلی کوڕی مالیکی کوڕی خەنساء .
٣ ـ سینانی کوڕی صەیفیی کوڕی خەنساء .
٤ ـ عەبدوڵلای کوڕی جەددی کوڕی قەیسی کوڕی صەخری کوڕی خەنساء .
٥ ـ عوتبەی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی صەخری کوڕی خەنساء .
٦ ـ جەبباری کوڕی صەخری کوڕی ئومەییەی کوڕی خەنساء .
٧ ـ خاریجەی کوڕی حومەییری ئەشجەعیی کە هاوپەیمانیان بوو .
٨ ـ عەبدوڵلای کوڕی حومەییر ، کە هاوپەیمانیان بوو .
٩ ـ طوفەیلی کوڕی نوعمانی کوڕی خەنساء .

(ق) لە نەوەی خوناسی کوڕی سینانی کوڕی عوبەید حەوت پیاو :

١ ـ یەزیدی کوڕی مونذیری کوڕی سەرحی کوڕی خوناس .

٢ ـ مەعقەلی کوڕی مونذیری کوڕی خوناس .

٣ ـ عەبدوڵڵای کوڕی نوعمانی کوڕی بەلدەمە .

٤ ـ ضەححاکی کوڕی حاریثەی کوڕی زەید .

٥ ـ سوادی کوڕی زورەیقی کوڕی ثەعلەبە .

٦ ـ مەعبەدی کوڕی قەیسی کوڕی صەخری کوڕی حەرام .

٧ ـ عەبدوڵڵای کوڕی قەیسی کوڕی صەخری کوڕی حەرام .

(ر) لە نەوەی نوعمانی کوڕی عوبەید چوار پیاو:

١ ـ عەبدوڵڵای کوڕی عەبدمەنافی کوڕی نوعمان .

٢ ـ جابیری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ریئابی کوڕی نوعمان .

٣ ـ خولەیدەی کوڕی قەیسی کوڕی نوعمان .

٤ ـ نوعمانی کوڕی سینان ، کە مەولایان بووە .

(ش) لە نەوەی سوادی کوڕی غەنمی کوڕی کەعبی کوڕی سەلیمە چوار پیاو :

١ ـ یەزیدی کوڕی حەدیدە .

٢ ـ سەلیمی کوڕی عەمری کوڕی حەدیدە .

٣ ـ قوطبەی کوڕی عەمری کوڕی حەدیدە .

٤ ـ عەنتەرە ، کە مەولای سەلیمی کوڕی عەمر بوو.

(ت) لە نەوەی عەدیی کوڕی نابیی کوڕی عەمری کوڕی سوادی کوڕی غەنم شەش پیاو :

١ ـ عەبسی کوڕی عامیری کوڕی عەدیی .

٢ ـ ثەعلەبەی کوڕی غەنەمەی کوڕی عەدیی .

٣ ـ سەهلی کوڕی قەیسی کوڕی ئەبوکەعب .

٤ ـ ئەبولیوسر ، کەعبی کوڕی عەمری کوڕی عەبباد .

٥ ـ عەمری کوڕی طەلقی کوڕی زەیدی کوڕی ئومەییە .

٦ ـ موعاذی کوڕی جەبەلی کوڕی عەمری کوڕی ئەوس .

(ث) لە نەوەی زورەیقی کوڕی عامیری کوڕی زورەیق حەوت پیاو :

١ ـ قەیسی کوڕی موحەصصەنی کوڕی خالید .

٢ ـ ئەبوخالید ، حاریثی کوڕی قەیسی کوڕی خالید .
٣ ـ جوبەیری کوڕی ئیاسی کوڕی خالید .
٤ ـ ئەبوعوبادە ، سەعد ی کوڕی عوثمانی کوڕی خەلدە .
٥ ـ ذەکوانی کوڕی عەبدقەیسی کوڕی خەلدە .
٦ ـ عوقبەی کوڕی عوثمانی کوڕی خەلدە .
٧ ـ مەسعوودی کوڕی خەلدەی کوڕی عامیر .
(خ) لەنەوەی خالیدی کوڕی عامیری کوڕی زورەیق پیاوێك :
١ ـ عەببادی کوڕی قەیسی کوڕی عامیری کوڕی خالید .
(ذ) لە نەوەی خەلدەی کوڕی عامیری کوڕی زورەیق پێنج پیاو:
١ ـ ئەسعەدی کوڕی یەزیدی کوڕی فاکیهە .
٢ ـ فاکیهەی کوڕی بیشری کوڕی فاکیهە .
٣ ـ موعاذی کوڕی ماعیصی کوڕی قەیس .
٤ ـ عائیذی کوڕی ماعیصی کوڕی قەیس .
٥ ـ مەسعوودی کوڕی سەعدی کوڕی قەیس .
(ض) لە نەوەی عیجلانی کوڕی عەمری کوڕی عامیری کوڕی زورەیق شەش پیاو:
١ ـ ریفاعەی کوڕی رافیعی کوڕی عیجلان .
٢ ـ خەللادی کوڕی رافیعی کوڕی مالیك .
٣ ـ عوبەیدی کوڕی مالیکی کوڕی عەمر.
٤ ـ عوبەیدی کوڕی زەیدی کوڕی عامر.
٥ ـ مەلیلی کوڕی وەبرەی کوڕی خالید .
٦ ـ عیصمەی کوڕی حوصەینی کوڕی وەبرە.
(ظ) لە نەوەی بەیاضەی کوڕی عامیری کوڕی زورەیق شەش پیاو:
١ ـ زیادی کوڕی لەبیدی کوڕی عامیر .
٢ ـ فەروەی کوڕی عەمری کوڕی وەذفە .
٣ ـ خالیدی کوڕی قەیسی کوڕی مالیك .
٤ ـ رەجیلەی کوڕی ثەعلەبەی کوڕی خالید .
٥ ـ عەطیەی کوڕی نوەیرەی کوڕی عامیر .

٦ ـ خەلیفەی کوڕی عەدیی کوڕی عەمر .

(غ) لە نەوەی حەبیبی کوڕی عەبد حاریثة دوو پیاو :

١ ـ رافیعی کوڕی موعەللای کوڕی لەوذان ـ شەهیدی بەدر .

٢ ـ هیلالی کوڕی موعەللای کوڕی لەوذان .

(ؼ) لە نەوەی نەججار ، کە تەیموڵڵای کوڕی ثەعلەبەی کوڕی عەمری کوڕی خەزرەج بووە ، پەنجا و سێ پیاو :

١ ـ خالیدی کوڕی زەیدی کوڕی کولەیب ، (ئەبوئەییووبی ئەنصاریی) .

٢ ـ ثابیتی کوڕی خالیدی کوڕی نوعمان .

٣ ـ عومارەی کوڕی حەزمی کوڕی زەید .

٤ ـ سوراقەی کوڕی کەعبی کوڕی عەبدولعوززا.

٥ ـ حاریثەی کوڕی نوعمانی کوڕی زەید .

٦ ـ سەلیمی کوڕی قەیسی کوڕی فەهد .

٧ ـ سوهەیلی کوڕی رافیعی کوڕی ئەبوعەمر .

٨ ـ عەدیی کوڕی زەغبائی جوهەینیی ، کە هاوپەیمانیان بووە .

٩ ـ مەسعوودی کوڕی ئەوسی کوڕی زەید .

١٠ ـ ئەبوخوزەیمەی کوڕی ئەوسی کوڕی زەید .

١١ ـ رافیعی کوڕی حاریثی کوڕی سواد

١٢ ـ عەوفی کوڕی حاریثی کوڕی ریفاعە ـ شەهیدی بەدر .

١٣ ـ موعەووەذی کوڕی حاریثی کوڕی ریفاعە ـ شەهیدی بەدر .

١٤ ـ موعاذی کوڕی حاریثی کوڕی ریفاعە ، کە هەرسێکیان برابوون و دایکیان ناوی عەفراء بوو .

١٥ ـ نوعمان یان نوعەیمانی کوڕی عەمری کوڕی ریفاعە .

١٦ ـ عامیری کوڕی موخەللەدی کوڕی حاریث

١٧ ـ عەبدوڵڵای کوڕی قەیسی کوڕی خالید .

١٨ ـ عوصەیمەی ئەشجەعیی ، کە هاوپەیمانیان بووە .

١٩ ـ وەدیعەی کوڕی عەمری جوهەینیی ، کە هاوپەیمانیان بووە .

٢٠ ـ ثابیتی کوڕی عەمری کوڕی زەید .

٢١ ـ ثەعلەبەی کوڕی عەمری کوڕی میحصەن .

٢٢ ـ سەهلی کوڕی عەتیکی کوڕی عەمر .

٢٣ ـ حاریثی کوڕی صوممەی کوڕی عەمر . ئیبن ئیسحاق وتوویە کە لە ڕەوحاء شوێنێکی شکاوە و پێغەمبەریش ﷺ بەشی بۆ دیاریی کردووە و ، بووە بە یەکێ لە بەدرییەکان .

٢٤ ـ ئوبەی کوڕی کەعبی کوڕی قەیس .

٢٥ ـ ئەنەسی کوڕی موعاذی کوڕی ئەنەس .

٢٦ ـ ئەوسی کوڕی ثابیتی کوڕی مونذیر .

٢٧ ـ ئوبەی کوڕی ثابیت برای حەسسانی کوڕی ثابیتی شاعیر .

٢٨ ـ زەیدی کوڕی سەهل ، (ئەبوطەلحەی ئەنصاریی) .

٢٩ ـ حاریثەی کوڕی سوراقەی کوڕی حاریث ـ شەهیدی بەدر .

٣٠ ـ عەمری کوڕی ثەعلەبەی کوڕی وەهب .

٣١ ـ سولەیطی کوڕی قەیسی کوڕی عەمری کوڕی عەتیك .

٣٢ ـ ئەبوزەید ، قەیسی کوڕی سەکەن .

٣٣ ـ ئەبوخاریجە ، عەمری کوڕی قەیسی کوڕی مالیك .

٣٤ ـ ثابیتی کوڕی خەنسائی کوڕی عەمر .

٣٥ ـ عامیری کوڕی ئومەییەی کوڕی زەید .

٣٦ ـ میحرەزی کوڕی عامیری کوڕی مالیك .

٣٧ ـ سوادی کوڕی غوزەییەی بەلەویی ، کە هاوپەیمانیان بوو.

٣٨ ـ حاریثی کوڕی ظالیمی کوڕی عەبس (أبوالأعور) .

٣٩ ـ سولەیمی کوڕی میلحانی کوڕی خالید .

٤٠ ـ حەرامی کوڕی میلحانی کوڕی خالید .

٤١ ـ قەیسی کوڕی ئەبو صەعصەعە .

٤٢ ـ عەبدوڵڵای کوڕی کەعبی کوڕی عەمری کوڕی عەوف .

٤٣ ـ عوصەیمەی ئەسەدیی ، کە هاوپەیمانیان بووە .

٤٤ ـ عومەیری کوڕی عامیری کوڕی مالیك .

٤٥ ـ سوراقەی کوڕی عەمری کوڕی عەطیە .

٤٦ ـ قەیسی کوڕی موخەللەدی کوڕی ثەعلەبە .

٤٧ ـ نوعمانی کوڕی عەبدعەمری کوڕی مەسعوود .

٤٨ ـ ضەححاکی کوڕی عەبدعەمری کوڕی مەسعوود .
٤٩ ـ سەلیمی کوڕی حاریثی کوڕی ثەعلەبە .
٥٠ ـ جابیری کوڕی سوهەیلی کوڕی عەبدولئەشهەل .
٥١ ـ سەعد ی کوڕی سوهەیلی کوڕی عەبدولئەشهەل .
٥٢ ـ کەعبی کوڕی زەیدی کوڕی قەیس .
٥٣ ـ بوجەیری کوڕی ئەبوبوجەیری غەطەفانیی ، کە هاوپەیمانیان بوو .

تایبەت مەندی یەکانی ئەهلی بەدر :

لە بەر گرنگیی غەزای بەدر ، ئەوانەی کە بەشداری یان تیّدا کرد ، بوونە خاوەنی پایە و پلەیەکی بەرز ، چونکە لە راستیی دا بەدر خالّی وەرچەرخان بوو تا بانگی ئیسلامیی و هێزی موسلّمانان بەرێتە ئاستێکەوە کە ئیتر جارێکی تر هێزی کوفر دەستی بەسەریان دا نەڕوات . بەم بۆنەوە ئەهلی بەدر بوونە خاوەنی پایە و پلەیەکی وەها بەرز لە دنیا و قیامەت دا کە هیچ کەسی تریان نەگاتیّ . ئەمەش هەندێك لەو تایبەت مەندی یانەن :

١ ـ گەیشتن بە بەهەشت :

بوخاریی لە صەحیحەکەی دا ، لە حەمیدەوە ، ریوایەتی کردووە کە وتوویە : گوێم لە ئەنەسی کوڕی مالیك بوو خوا لێی رازیی بیّ کە ئەیوت : لە رۆژی بەدردا حاریثە ، [٣٤٢] کە منداڵ بوو ، پێکرا ، واتە شەهید بوو . دایکی هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەزانی کە حاریثە چەند خۆشەویست بوو بەلامەوە ، جا ئەگەر لە بەهەشت دا بیّ ئەوا ئارام ئەگرم و ئەجر و پاداشت لە خوا داوا ئەکەم . خۆ ئەگەر ئەوەش نەبوو ئەبینیی چیی ئەکەم . فەرمووی : ((ویحك ، أو هبلت ـ أی ثكلت ـ أوَ جنة واحدة هي ؟ إنها جنان كثيرة ، وإنه في جنة الفردوس)) . وفي رواية : ((إن إبنكَ أصاب الفردوس الأعلى)) .

فەرمووی : ماڵت ئاوابیّ ، یان رۆڵەڕۆ بکەیت ، یانیّ یەك بەهەشت بێت ؟ بەهەشتی زۆرن و ، کوڕەکەی تۆش گەیشتۆتە فیردەوسی ئەعلا .

حافیظ ئیبن کەثیر ئەڵێت : ئەمە وریاکردنەوەیەکی گەورەیە بۆ فەزڵ و پایەداریی ئەهلی بەدر ، چونکە ئەم کوڕە لە مەیدانی جەنگ دا نەبووە ، بەڵکو لە

[٣٤٢] حاریثە کوڕی سوراقە بووە لە نەوەی عەدیی نەوەی نەججاری ئەنصاریی . سوراقەی باوکی بۆتە هاوەڵ و لە رۆژی حونەین دا شەهید بووە . دایکیشی روبەیعی کچی نەضری مامەی ئەنەسی کوڕی مالیك بووە .

دوورەوە سەیری جەنگی کردووە و ، تیری ویّلّ پیّکاویە ، ئەویش لە کاتیّـك‌دا کـە لە حەوزەکە ئاوی خواردۆتەوە . لەگەلّ ئەوەش‌دا بەم هەلّویّستەی فیردەوسی دەست کەوتووە ، کە ژووروری بەهەشتەکانە و ، رووبارەکانی بەهەشت لەویّ هەلّـئـەقولّن و ، پیّغەمبەری خواش ﷺ فەرمانی بەسەر ئوممەتەکەی‌دا داوە کە ئەگەر لە خوا بۆ بەهەشت پاڕانەوە ، با داوای فیردەوس بکەن . جا ئەگەر کەسیّکی وا ئەمە حـالّی بیّ ، ئەی ئەبیّ حالّی ئەو کەسە چۆن بیّ کە بەرامبـەر بـە دوژمـن وەسـتابیّ و ، دوژمنیش لە ژمارە و لە تفاق‌دا سیّ‌قات بیّ ؟!

٢ ـ **چاوپۆشیی لە ناپاکیی ئەهلی بەدر :**

ئەهلی بەدر چیی ئەکەن با بی‌کەن ، چونکە خاوەنی نازن و خاوەنی خزمەتیّکی وەها گەورەن ، کە بە هیچ گوناهیّك ناشۆرریّتەوە .

بوخاریی و موسلیم لە هـەردوو صـەحیحەکەیان‌دا چیرۆکی حـاطـبـی کـوڕی ئەبوبەلتەعە و نامەناردنی ، بۆ دانیشتوانی مەککـەیـان ، لـە سـالّی فـەتح‌دا ، ریوایەت کردووە ، کە تیایا هەوالّی ئەوەیان ئەداتیّ کە پیّغەمبەری خوا ﷺ نیازی گرتنی مەککەی هەیە و ، عومەریش لە پیّغەمبەری خوا ﷺ داوای ئیـزن ئـەکات تا لە ملی حـاطـب بدات ، چونکە ناپاکیی بەرامبەر بـە خـوا و پیّغەمبەرەکـەی کردووە . پیّغەمبەر ﷺ پیّی فـەرموو: ((أليس من أهل بدر ؟ لعل الله اطلع إلى أهل بدر فقال : اعملوا ما شئتم فقد غفرت لكم)) . پیّی‌فەرموو : ئەی حاطـب ئـەهلی بەدر نیە ؟ لەوانەیە خوای گەورە بـە ئـەهلی بـەدری فـەرمووبیّت : چـیی ئەکـەن بی‌کەن ، من لیّتان خۆش بووم . ئەوەبوو هەردوو چاوی عومـەر پـڕلـە فرمیّسـك بوون و فەرمووی : خوا و پیّغەمبەرەکەی چاك ئەزانن .

٣ ـ **زۆر لە خوا ترسانی بەدری یەکان :**

بەدری یەکان لەگەلّ کردەوە و عیبادەتی زۆریان‌دا ، لە خوای گەورە یەکجار زۆر ئەترسان .

ئەوەتا ئەبوبەکر خوا لیّی رازیی بیّ لە دەمیەوە بۆنی جگەری برژاو ئەهات ، بە بۆنەی ئەوەوە کە یەکجار زۆر لە خوای گەورە ئەترسا ..

هەروەها عومەریش خوا لیّی رازیی بیّ لەگـەلّ ئـەو هـەموو دنیانەویسـتیی و عەدالەتەی‌دا ، لە ترسان‌دا ئەی‌فەرموو : خۆزگە لە دایك نەبوومایە .

ئیمام عەلییش خوا لێی رازیی بێ کە شەو هەڵ ئەستا بۆ شەونوێژیی لە میحرابەکەیدا بە وێنەی دایکی جگەرسووتاو شیوەنی ئەکرد و ، بە وێنەی کەسێکی گەزراو ، لە ترسی خوادا ، پێچی ئەدایە خۆی .

٤ ـ بەدری یەکان چاك ترین بەشی موسڵمانانن :

موسلیم لە صەحیحەکەیدا و ، بە سەنەدی خۆی ، لە جابیرەوە ریوایەتی کردووە کە : بەندەیەکی حاطەب دێتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و شکاتی حاطەب ئەکات و ئەڵێت : حاطەب ئەچێتە ناو ئاگرەوە . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((كذبت لا يدخلها ، إنه شهد بدراً والحديبية)) . فەرمووی : درۆت کرت ، ناچێتە ناو ئاگرەوە ، چونکە ئامادەی جەنگی بەدر و رێکەوتن نامەی حودەیبیە بووە .

بوخارییش لە صەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە کە : جیبریل دێتە خوارەوە بۆ خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و ئەفەرموێ : ئەهلی بەدر لە ناوتاندا چۆن لە قەڵەم ئەدەن ؟ فەرمووی : ((من أفضل المسلمين)) فەرمووی : لە چاك ترینی موسڵمانانن ، یان وشەیەك لەو جۆرە . جیبریل فەرمووی : هەروەها ئەو مەلائیکەتانەیش کە ئامادەی بەدر بوون . (البداية والنهاية : ٣ / ٣٢٨) .

جا خەلیفە راشیدەکان قەدری ئەهلی بەدریان لەبەر چاو بوو و، ئەیانزانیی کە ئەمانە چینێکی خاوەن رێزی تایبەتن لەناو موسڵمانانا ، لەبەر ئەوە خەلیفە عومەر پێنج هەزار دیرهەم مووچەی بۆ هەریەکە لەو بەدری یانە بڕیی بوویەوە و ، ئەشیفەرموو : فەزڵی ئەوان بەسەر موسڵمانانی دواتردا ئەدەم .

هەروەها زانایانیش پایە و پلەی ئەهلی بەدریان لەبەر چاو بوو ، بۆیە هەندێکیان ئەوانیان بە چینی یەکەمی موسڵمانان هەژمارە کردووە .

٥ ـ نەسپاردنی کاروبار بە ئەهلی بەدر :

ئەبوبەکر خوا لێی رازیی بێ زۆر چاك لە پایەداریی ئەهلی بەدر ئاگادار بوو ، بۆیە نەیئەویست ئەوان لە هەڵسووڕاندنی کاروباردا بەشدار بن ، تا دینی پاکیان بە تێکەڵیی دنیا لەکەدار نەبێ .

ئەبونوعەیم لە (حُلیة) دا و ئیبن عەساکیر لە ئەبوبەکری کوڕی موحەممەدی ئەنصاری یەوە تەخریجیان کردووە کە بە ئەبوبەکری صددیقیان خوا لێی رازیی بێ وت : ئەی خەلیفەی پێغەمبەری خوا ! ئایا کاروبار بە دەستی ئەهلی بەدر

ناسپێری ؟ فەرمووی : من پایە و پلەی ئەوانم لەبەر چاوە ، بەلاَم پێم خۆش نیە ئەوان بە تێکەڵیی دنیا چەپەڵ بکەم .

ئیبن سەعدیش (٣ / ٦٠) لە عیمرانی کوڕی عەبدوڵلاَوە تەخریجی کردووە کە وتوویە : ئوبەی کوڕی کەعب بە عومەری کوڕی خەططابی وت : ئەوە چیتە کاروبار بە دەستی من ناسپێری ؟ ئەویش فەرمووی : پێم خۆش نیە دینەکەت چەپەڵ بکەم .

٦ ـ دەست هەڵ گرتن لە هەواو ئارەزووی دەروون :

هاوەڵاَن بە گشتیی و ئەهلی بەدر بە تایبەتیی بە شێوەیەکی بێوێنە گوێڕایەڵی فەرمان بوون و ، لەو پێناوەش‌دا ئامادە بوون دەست لە هەموو ویست و ئارەزوویەکی دڵ و دەروونیان هەڵ بگرن ، بەو هیوایەی گوێڕایەڵی فەرمانی خوا و پێغەمبەر بن ، تا لە ئەنجام‌دا بە سەری بەرزەوە بگەڕێنەوە بارەگای خوا .. بۆیە ئەهلی بەدر بە نییەت و عەزمێکی تەواوەوە چوونە ئەو جەنگەوە تا ببێتە مایەی سەربەرزیی بۆ دینی خوا و ، لەم پێناوەش‌دا هەموو بەرژەوەندی‌یەکیان خستە ئەو لاوە ، بە رادەیەك کە خزم و کەس‌وکاریان بە لاوە هیچ بوو لە چاو دین و ئیمان‌دا ..

بۆ نموونە ، وەك لە پێشەوە باس کرا ، ئەبوعوبەیدە باوکی خۆی کوشت و ، عومەر خاڵۆی خۆی (ئامۆزای دایکی) کوشت و ئەبوبەکریش لە خوای ئەویست تووشی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ببێت هەتا درێغیی لە کوشتنی لە پێناوی خوادا نەکات ..

بەیهەقییش (٩ ـ ٢٧) لە مالیکی کوڕی عومەیرەوە خوا لێی رازیی بێ ، کە سەردەمی نەفامییشی دیی بوو ، تەخریجی کردووە کە وتوویە : پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و وتی : چوومە جەنگی دوژمنەوە و ، تووشی باوکیشم بووم و ، وتەیەکی ناشیرینم دەربارەی تۆ لە دەمی بیست و ، ئارامم نەگرت ، تا ئەوەبوو رمێکم لێ دا ـ یان ئەوەبوو کوشتم ـ پێغەمبەر ﷺ بێ‌دەنگ بوو . پاشان پیاوێکی تر هات و وتی : تووشی باوکم بووم و وازم لێ هێنا و ، پێم خۆش بوو یەکێکی تر دەستی لێ بووەشێنێ . بۆ ئەویش هەر بێ‌دەنگ بوو .

هەتا گەنجی وایان تیا بوو ئامادە بوو خۆی بە دەستی خۆی باوکی لەسەر نیفاق بکوژێ ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ مۆڵەتی بدات :

بەززار لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی رازیی بێ تەخریجی کردووە کە وتوویە : پێغەمبەری خوا ﷺ بەلای عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیدا ، کە لە سێبەری بینایەکی بەرزدا دانیشتبوو ، تێپەڕی کرد . جا عەبدوڵڵا وتی : کوڕی ئەبوکەبشە تۆزی بۆ کردین . عەبدوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵا وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! بەو خوایەی کە ڕێزی لێ ناوی ئەگەر بتەوێ سەری دێنم بۆت . فەرمووی : ((لا ، ولكن بِرَّ أباكَ وأحسن صُحبَتَهُ !)) . فەرمووی : نەخێر .. دڵی باوکت رازیی بکە و بە چاکیی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکە .

طەبەرانییش لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵاوە گێڕاویەتیەوە کە داوای ئیزن لە پێغەمبەر ﷺ ئەکات تا باوکی بکوژێت ، ئەویش ئەفەرموێ : ((لا تقتل أباك)). فەرمووی : باوکت نەکوژیت .

هاوەڵان بە هیچ شێوەیەك خۆیان لە بیر نەمابوو ، بەڵکو هەموو حەزێکیان بریتیی بوو لە گوێڕایەڵیی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ .

ئیبن عەساکیر لە عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبولەیلاوە تەخریجی کردووە کە رۆژێکیان عەبدوڵڵای کوڕی رەواحە خوا لێی رازیی بێ هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ کە وتاری ئەدا و ، گوێی لێ بوو کە ئەیفەرموو : ((إجلسوا !)) . ئەویش لە شوێنی خۆیدا ، لە دەرەوەی مزگەوتدا دانیشت هەتا پێغەمبەر ﷺ لە وتارەکەی بوویەوە . ئەم هەواڵە گەیشتە پێغەمبەر ﷺ و ، ئەویش پێی فەرموو : ((زادكَ اللهُ حِرصاً على طواعيةِ اللهِ وَ طواعيةِ رسولِه)) . فەرمووی : لەسەر گوێڕایەڵیی خوا و گوێڕایەڵیی پێغەمبەرەکەی ، خوای گەورە زیاتر سوورت بکات .

هەروەها ئیبن شەیبە لە عەطائەوە خوا لێی رازیی بێ تەخریجی کردووە کە وتوویە : پێغەمبەر ﷺ وتاری ئەدا و بە خەڵکەکەی فەرموو : ((إجلسوا)) عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودیش خوا لێی رازیی بێ ، کە لە دەرگاکەدا بوو گوێی لێ بوو خێرا دانیشت ، پێی فەرموو : ((یا عبدالله أدخل)) فەرمووی : عەبدوڵڵا وەرە ژوورەوە . لە ریوایەتەکەی جابیردا خوا لێی رازیی بێ وەها هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ چاوی پێ ئەکەوێ و ئەفەرموێ : ((تعال یا عبدالله بن مسعودٍ !)) .

هەروەها ئەبونوعەیم لە کینانییەوە تەخریجی کردووە ، کە نێرراوی خەلیفە عومەر بووە بۆ لای هیرەقل و ، ناویشی جەثثامەی کوڕی موساحیقی کوڕی رەبیعی کوڕی قەیسی کینانیی بووە ، کە وتوویە : دانیشتم و نەمزانیی چ شتێك

لە ژێرمایە . تومەز کورسی‌یەکی لە ئاڵتوون دروست کراو لە ژێرمایە ! کاتێك کە پێم زانیی لەسەری دابەزییم و ئەویش دەستی بە پێکەنین کرد و لێمی پرسیی : لەسەر ئەو کورسی‌یەی کە ئێمە رێزی تۆمان پێی ئەگرت بۆچ دابەزیت ؟ وتم : گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بووە کە دوورەپەرێزیی لە جۆری ئەمە ئەکرد .

نموونەیەکی تری گوێڕایەڵیی موحەممەدی کوڕی ئەسلەم ە . موحەممەدی کوڕی ئەسلەم لە نەوەی حاریثی کوڕی خەزرەج بووە ، خوا لێی رازیی بێ و ، پیاوێکی یەکجار پیریش بووە ، خۆی باسی خۆی گێڕاوەتەوە . باسی ئەوەی کردووە کە دائەبەزیە مەدینە و لە بازاڕدا پێویستیی خۆی جێ بەجێ ئەکرد و ، پاشان ئەگەڕایەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵی (کە لە دەوروبەری مەدینەدا بوون) . کە عەباکەی دائەنا ئەهاتەوە یادی کە لە مزگەوتی پێغەمبەری خوادا ﷺ نوێژی (سوننەتی) بەجێ نەهێناوە و ئەیوت : بەخوا ! دوو رەکعەت نوێژم لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا دا ﷺ بەجێ نەهێنا و ، ئەویش پێمانی فەرمووە : ((مَن هَبَطَ منكم هذه القرية فلا يَرجعَنَّ إلى أهله حتى يركعَ في هذا المسجد ركعتين)) . ئەیفەرموو : هەرکەسێکتان هاتە ئەم شارەوە با بەر لەوەی بگەڕێتەوە ناو کەس و کاری لەم مزگەوتەدا دوو رەکعەت نوێژ بەجێ بهێنێ . ئیتر عەباکەی هەڵ ئەگرت و ئەگەڕایەوە بۆ شار هەتا لە مزگەوتی پێغەمبەری خوادا ﷺ دوو رەکعەت نوێژی بە جێ ئەهێنا !

نموونەیەکیش لە گوێڕایەڵیی ئافرەتان ئەخەینە بەر چاو ئازیزانمان :

سەعیدی کوڕی مەنصور و ئیبن نەججار لە موغیرەی کوڕی شوعبەوە خوا لێی رازیی بێ تەخریجیان کردووە کە وتوویە : کچێکی ئەنصارم خوازبێنیی کرد و ، بۆ پێغەمبەریشم ﷺ باس کرد . ئەویش پێمی فەرموو : ((رأيتَها ؟)) . فەرمووی : بینیوتە ؟ وتم : نەخێر . فەرمووی : ((فانظر إليها فإنه أحرى أن يُؤدَمَ بينكما)) . فەرمووی : سەیری بکە ، چونکە ئەوە ئەبێتە مایەی هۆگرییتان . منیش چووم بۆ لای و ، ئەوەم بە باوك و دایکی باس کرد و ، ئەوانیش هەریەکەیان سەیری ئەوی تری کرد . منیش هەستام و لە ماڵەکە هاتمە دەرەوە .. کچەکە وتی : ئەو پیاوەم بۆ بانگ بکەنەوە ! ئەوەبوو لە پشتی پەردەکەیەوە وەستا و وتی : ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ دابی بە سەیرکردنم ئەوا سەیرم بکە ، ئەگینا

ماوەت نادەم سەیرم بکەی . ئیتر سەیرم کرد و مارەم کرد . هەرگیز هیچ ئافرەتێکی ترم مارە نەکردووە کە بە لامەوە لەو خۆشەویست تر و بەڕێزتر بێت ...

هەر لەبەر ئەم پایە بەرزی‌یە بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ نەی‌ئەهێشت هیچ کەسێك ئازاری ئەهلی بەدر بدات :

طەبەرانیی لە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوئەوفاوە خوا لێی ڕازیی بێ تەخریجی کردووە کە وتوویە : عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف شکاتی خالیدی کوڕی وەلیدی خوا لێی ڕازیی بێ بەلای پێغەمبەری خواوە ﷺ کرد و ، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی : ((یا خالِدُ ! لا تؤذِ رجُلاً من أهلِ بدرٍ ، فلو أنفقتَ مثلَ أُحُدٍ ذَهَباً لَم تُدرِكْ عَمَلَهُ)) . فەرمووی : خالید ! ئازاری پیاوێك مەدە کە ئەهلی بەدرە . خۆ ئەگەر ئەوەندەی کێوی ئوحود ئاڵتوون ببەخشیت ناگەی بە کردەوەی ئەودا . خالیدیش وەلامی دایەوە : ئەوان قسە بە من ئەڵێن و منیش وەلامیان ئەدەمەوە . فەرمووی : ((لا تؤذوا خالداً فإنَّهُ سيفٌ من سيوفِ اللهِ صَبَّهُ اللهُ على الكفار)) . فەرمووی : ئازاری خالید مەدەن ، چونکە ئەو شمشێرێکە لە شمشێرەکانی خوا و ، خوا بەسەر کافران دا زاڵی کردووە .

ئەنجامەکانی غەزای بەدر :

غەزای بەدر مایەی خێر و بەرەکەت بوو بۆ موسڵمانان و ، ئەمەش هەندێ لە ئەنجامەکانی :

١ ـ موسڵمانەکان بوونە خاوەنی هێز و ورەیەکی یەکجار زۆر و ، خەڵکی مەدینە و دەوروبەریان سەنگی تایبەتی‌یان بۆیان دائەنا و ، هەر کەسێ لەوەوبەر نیازی داگیرکردنی مەدینەی بکردایە ، دوای بەدر لەو نیازەی پاشگەز بوویەوە و وازی هێنا..

٢ ـ ئێش و ئازار و خەم و خەفەتێکی زۆرزۆری بە دڵی بت پەرستەکانی مەککە گەیاند ، بە بۆنەی کوژران و بە دیل گیران و زامداربوونی پیاوانیان و ، لە دەستدانی ماڵ و سامانیان . هەتا ئەبولەهەب دوای بەدر زۆری پێ نەچوو تووشی دەردێکی پیس هات و پێی مرد . ئەبوسوفیانیش کوڕێکی کوژرا و کوڕێکیشی بە دیل گیرا .. یەك بە یەکی ماڵەکانی مەککە شیوەنی تێدا بوو . ئەبوسوفیانیش سوێندی ئەخوارد کە هەتا تۆڵەی بەدر نەکاتەوە ئاوی لەش گرانیی دەرکردن

لەسەری نەکەویْ ، تا ئەوەبوو هێرشێکی کردە سەر مەدینە وەك لە باسی غـەزای (سەویق ـ قاوت) دا بە درێژە باس ئەکرێت ..

٣ ـ ئەم سەرکەوتنەی بەدر جوولەکـە و مونـافیق و موشـریکەکانی مەدینـەی داچڵەکاند و کەوتنە بیری ئەوەی کە : ئەو پیاوەی کە کۆچی کرد و لە ناو کـەس و کاری خۆیدا هەڵات و ، خۆی گەیاندە ئەم شارە ، رۆژ بە رۆژ هێز و دەسەڵاتی لـە زیادبووندایە و ، خەریکە ببێتە سەرداری هەموو ناوچەکە . جوولەکـەش زۆر داخ لە دڵی سەرکەوتنی بەدر بوون و ، وەهایان بە گـوێی موسـڵماناندا ئـەدا کـە بـا شانازیی نەکەن ، چونکە ئەوان لەگەڵ کۆمەڵێکدا جەنگیان کردووە ئەوانە پیـاوی جەنگ نەبوون ، خۆ ئەگەر لەگەڵ جوولەکەدا بجەنگن چاك ئەزانن چۆن پیاوێکن .. ئیتر لەو رۆژەوە جوولەکە دەستیان دایە شەڕفرۆشتن بـە موسـڵمانان و ، ئـەمانیش دانیان بە خۆیاندا ئەگرت هەتا لە وزەیاندا نەما و ناچار بوون ناوچەکەیان لیْ پاك بکەنەوە ، وەك لە دواوە دێت ، إن شاء الله .

پەندەکانی بەدر :

غـەزای بەدر پەند و ئامۆژگاری‌یەکی زۆری تیْدا بەدیی ئەکریْ ، کـە ئەمانـەی خوارەوە هەندێکیانن :

١ ـ کاریگەریی هێزە مەعنەویی و رۆحی‌یەکان :

ئیمانهێنان بە خوا و ، پشت‌بەستن بە هێز و دەسەڵاتی ئەو و ، هەسـت کـردن کە سەرکەوتن و مان و مردن بە دەستی ئەوە و ، ئیمانهێنانیش بـە پێغەمبـەری ئازیز ﷺ ، کە هیچی بە هەوا و ئارەزووی خۆی نەفەرمووە و ، خـۆش‌ویستنیشـی ئیمانە و ، خۆ بە قوربان کردنی فەرزە و ، هەر ئەو سـەلامەت بـیْ ئـیتر هـەموو لیْقەومانێك ئاسانە و ، ئیمانهێنانیش بە رۆژی قیامـەت ، ئـەم ئیمانـە مایـەی سەرکەوتنی موسڵمانان بوو لە بەدر و لە غەیری بەدریشدا .. هەر ئەم ئیمانە بوو کە یەك بە یەکی جەنگاوەرانی ئیسلامی ئەکردە شێری بێشـە ، بـە رادەیـەك کـە ئەگەر کەس وکار و خۆیشیان بکوژن لە پێناویا کارێکی زۆر ئاسایی بوو ..

٢ ـ سەرکەوتن لەلایەن خوای گەورەوەیە :

پێویستە ئیمانداران لە دڵیانا ئەوە جێی ببێتـەوە کـە سـەرکەوتن بـە دەسـتی خوایە و ، مەگەر تەنها خوا خۆی بزانیْ سەربازەکانی خوا چەند زۆرن :

﴿ وَمَا يَعلَمُ جُنُودُ رَبِّكَ إلاَّ هُــوَ ﴾ . ئــیتر موســڵمانان کارکردنیــان لەســەرە .. پێویستە بە پێی توانا هەوڵی خۆیان بدەن و ، لــەوەولا کــار بــە خــوا بســپێرن و ، چاوەڕوانیی کۆمەکیی ئەو بن ، تا دینەکەی سەر بخات .

جا هاوەڵان زۆر بە چاکیی ئەمەیان ئەزانی : بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دەست خستنی هێز و توانایان ئەدا و ، پاشان کاریان ئەدایــە دەســت خــوا و ، بــە نــزا و پاڕانەوە و پشت بە خوا بەستنەوە ئەچوونە مەیــدان . بۆیــە پێغەمبــەری خــوا ﷺ هانای ئەبردە بەر دەرگانەی خوای گەورە و زۆر ئەپاڕایەوە تا خــوای گــەورە چــاوی ڕەحم و سۆزیان لێ کلا نەکات . لەگەڵ ئەوەشدا کە موسڵمانەکان ئەوە لە دڵیانــا جێگیر بوو بوو کە تەقوا و شەرمی خوا سەرکەوتنی خوا نزیك ئەخەنەوە و ، گوناھ و تاوانیش سۆز و بەزەیی خوا دوور ئەخەنەوە ..

٣ ـ ڕاوێژ کردن :

پێغەمبەری ئازیز ﷺ ڕاوێژی بەلاوە زۆر گرنگ بوو ، بۆیە هەمیشە ڕاوێژی بــە هاوەڵانی ئەکرد ، وەك لە پێشەوە بە درێژە باس کرا ..

٤ ـ دەروونپاکیی و ڕەوشتبەرزیی پێغەمبەری خوا ﷺ :

کە سەرنجی ڕەفتارە بەرزەکانی ئەدەین ، بۆمــان دەرئەکــەوێ کــە هەڵبــژێرراوی تاقانەی هەموو مرۆڤە بە درێژایی تەمەنی مرۆڤ . چونکە خاوەنی سۆز و بەزەیی و چاوپۆشییەکی بێوێنە بوو . فەرمانی دا کــوژراوانی قــوڕەیش لــەو دەرودەشــتەدا بەجێ نەهێڵرێن بەڵکو لاشەکانیان بشارێنەوە و ، فەرمانیشی دا لەگەڵ دیلــەکاندا بە چاکە بجووڵێنەوە .

٥ ـ وریایی و بلیمەتیی پێغەمبەر ﷺ :

پێغەمبەری خوا ﷺ خاوەنی دڵێکی پڕ لە ئیمان بوو ، کە لە نوور و ڕۆشنایی و بەرەکەتی خوایی پڕ بووبوو ، هەروەها خاوەنی عەقڵێکی وەها گەورە بوو کــە بــە درێژایی تەمەنی لە بیرکردنەوە و وردبوونەوەدا بوو و ، سەرنجی گــەردوونی ئــەدا ، سەرەڕای چاودێریی خوای گەورە بۆی ، تا ئەوەبوو بووە خــاوەنی عــەقڵێك کــە لــە هەموو عەقڵەکان سەنگینتر بێت .

ئەوەبوو کە بۆی دەرکەوت قوڕەیش ئامادەی جەنگە و کۆڵ نادات ، ڕاوێــژی بــە هاوەڵانی کرد ، تا بزانێ پلەی ئامادە باشییان بۆ ئەو هەڵوێستە پــڕ مەترســییــە چەندە ، تا ئەوەبوو ئەوانیش ، خوا لێیان ڕازیی بێ ، بە موهــاجیر و ئەنصــارەوە

ئامادەیی خۆیان بە جوان ترین شێوە دەربڕیی ، تا دڵی موبارەکی لەوە بێخەم بێ، کە هاوەڵانی وەك بەنی ئیسرائیلی‌یەکان ترسنۆك نابن و خۆیان لە مەیدانی جەنگ نادزنەوە .

هەروەها کە هەردوو سوپا بەرامبەر بە یەك وەستان و ویستیان زۆران بازیی بکەن سێ قورەیشیی خزمی زۆر نزیکی خۆی ، دوانیان لە نەوەی هاشم و یەکێکیشیان لە نەوەی موطەللیب ، هەڵ بژاردن و ناردنیە مەیدانی ئەو سێ قورەیشی‌یەی کە داوای زۆرانبازی‌یان ئەکرد .. تا هەموو کەس بزانێ کە خزمە تەواو نزیکەکانی لە پێشی پێشەوەی جەنگ‌دا ئەبن و چ هەڵوێستێك پڕ مەترسیی بێت ئەوانی بۆ ئەنێرێت .

هەر کە دیلەکانیش قۆڵ بەست ئەکرێن هەریەکە لە جووتە وەزیرەکەی ، ئەبوبەکر و عومەر خوا لێیان رازیی بێ ، رایەکی جیاواز دەربارەی دیلەکان دەرئەبڕن و پێغەمبەری خوا ﷺ لە نێوان ئەو دوو رایەدا سەرسام ئەبێت . ئەبوبەکر حەزی لە چاوپۆشیی و نەرم و نیانی‌یە و ، عومەریش حەزی لە کوشتنیانە . دوایی کە هاتە دەرەوە ، چونکە سۆز و بەزەیی یەکجار زۆر بوو ، راکەی ئەبوبەکری وەرگرت . تا ئەوەبوو ستایشی هەردووکیانی کرد و هەریەکە لەو جووتە وەزیرەی خۆی شوبهاند بە دوو پێغەمبەری مەزن سەلامیان لێ بێ . ئەبوبەکری شوبهاند بە دوو پێغەمبەری خاوەن سۆز و شەفەقەت : ئیبراهیم و عیسا سەلامیان لێ بێ و ، عومەریشی شوبهاند بە دوانی تر کە یەکجار لە کۆمەڵەکەیان تووڕە بوون ، ئەویش دوای تەواوبوونی صەبر و ئارامیان ، کە ئەوانیش نووح و مووسا بوون سەلامیان لێ بێ . سەرەنجام رای ئەبوبەکری وەرگرت و ، عومەریش ئەوەندەی بەسە کە بە دوو پێغەمبەری (أولوالعزم) ی شوبهاندووە .

٦ ـ دادپەروەریی لە وەرگرتنی فیدیە لە دیلەکان :

ئەوانەی بە دیل گیران دوور و نزیکی‌یان لەگەڵدا بە کار نەهات .. نەیان کرد خزمەکان ببەخشن و لە دوورینەکان فیدیە وەربگرن ، بەڵکو فیدیەی زیاتری لەسەر عەبباسی مامەی دانا و ، نەی‌هێشت خاڵوانی عەبباس ، لە نەوەی نەججار لە مافی خۆیان دابەزن . بۆ گێڕانەوەی ملوانکەکەی خەدیجە ، کە بە زەینەبی بەخشیی بوو و ، ئەویش بۆ فیدیەی ئەبولعاصی مێردی ناردبووی ، پرسی بە موسڵمانەکان کرد تا ئەوان رای لەسەر بدەن ، چونکە خەدیجە یەکەم کەس بوو

ئیمانی هێنا و ، یەکەم کەسیش بوو بە سەر و ماڵ خزمەتی ئیسلام بکات . هەندێکیش هەبوون کە شایستەی ئەوەبوون فیدیەکەیان لەسەر لا ببرێ ، هەر چەند خزم و کەسیش نەبوون ، هەروا بەبێ بەرامبەر ئازاد کران !

٧ ـ ئیجتیهاد کردنی پێغەمبەر ﷺ :

هەر شتێك لە بارەیەوە وەحی نەهاتبوو ئەوا پێغەمبەری خوا ﷺ بۆی هەیە ئیجتیهادی تێدا بکات . جا ئەگەر لە کارێكدا ئیجتهادی کرد و وەحی نەهاتە خوارەوە بۆ راستکردنەوەی ئەوە دیارە ئەو کارە راستە و ، خوای گەورە پێی رازییە ، چونکە خوای گەورە تەنها راستی ئەوێ و ، رێ نادا پێغەمبەرەکەی لە راستیی لا بدات ، بۆیە ئەگەر کارێکی ئەنجام دا و رازیی نەبوو ، ئەوا وەحی دێت و ئەو هەڵەیە راست ئەکاتەوە ، وەك دەربارەی دیلەکان وەحی هات .

٨ ـ رووداني هەندێ موعجیزە :

لە غەزای بەدردا چەند موعجیزەیەك روویان دا وەك شکانی شمشێرەکەی عوکاشە ، کە ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ لقە دارخورمایەکی دایە و بوو بە شمشێر و کوشتاری پێ کرد . هەروەها شکانی شمشێرەکەی سەلەمەی کوڕی حەریش ، کە ئەوەبوو لقە دارخورمایەکی بەویش دا و بووە شمشێر و کوشتاری پێ کرد .

هەروەها هەواڵدانی پێغەمبەر ﷺ بە عەبباسی مامەی کە پارەی هەیە وەك لە پێشەوە باس کرا .

شایانی باسە کە ئیمام عەلیی خاتوو فاطیمەی مارە کرد خوا لێیان رازیی بێ، ئەمەش دوای بەدر بە ماوەیەکی کەم . هەروەها لەم ساڵەدا سەرەڕای شەهیدەکان، موسڵمانی دێرین و هاوشیرەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، عوثمانی کوڕی مەظعوون خوا لێی رازیی بێ کۆچی دوایی کرد ..

کاتێ کە کۆچی کرد پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی بردە ژوورەوە لای و ماچی کرد و ئەوەندە بۆی گریا هەتا فرمێسك بەسەر روومەتیا هاتنە خوارەوە. پاشان لەگەڵ هاوەڵانی جەنازەکەیان رەوانەی قەبرستان کرد . کە ناشتیان فەرمانی بە پیاوێكدا دا تا بەردێکی بۆ بهێنێ ، کەچیی لەبەرگەورەیی بەردەکە کابرا نەی توانی بیهێنێ . خۆی تەشریفی هەستا و هێنای و لەلای سەری عوثمانەوە دای نا و فەرمووی : ((أُعلم به قبر أخي ، وأدفن إليه من مات من أهلي)) . فەرمووی : تا

بەم بەردە قەبری براکەم بزانم و ، هەر کەسێکیشم مرد لە تەنیشتیا ئەیێژم . بەم بۆنەوە کێلی قەبر ڕێی پێ دراوە .

کاتێك کە ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر ﷺ کۆچی دوایی کرد ، فەرمووی : ((إِلْحَقْ بسلفنا الصالح عثمان بن مظعون)) . فەرمووی : بچۆرە پاڵ پیاوچاکی پێشینەمان ، عوثمانی کوڕی مەظعوون ، خوا لێی ڕازیی بێ .

هۆ ڕواڵەتی یەکانی سەرکەوتن لە بەدردا :

وەك لە پێشەوە بۆمان دەرکەوت هێزی موسڵمانان لە چاو هێزی قوڕەیش‌دا کەم بوو و ، ئەو جەنگە لە نێوان دوو سوپای هاوسەنگ‌دا ڕووی نەدا .

سوپای هەزار نەفەریی قوڕەیش قۆڵیان بۆ جەنگ هەڵ مالّیی بوو ، بەلاّم سوپا سێ‌صەد نەفەری‌یەکەی هاوەلاّن کە لە مەدینە دەرچوون بە تەمای جەنگ نەبوون ، کەچیی قوڕەیش تێك شکا و موسڵمانەکانیش سەرکەوتن ، کە ئەمەش هەندێ لە هۆیەکانە ، ئەوەش دیارە دوای هۆی پشت‌گیریی و کۆمەکیی خوای گەورە :

یەکەم : پشت ساردبوونەوەی سوپای مەککە :

بەڵێ ، سوپای مەککە سوپایەکی بەدەسەلاّت بوو و ، بە حیلەی ئەسپ و دەنگی تەپڵ و گرمەی پاڵەوانان ئەو بیابانەی هێنابووە لەرزە و ، بە شەوق و حەماسەتێکەوە لە مەککە دەرچوو و ، بە نیازی بەرگریی لەو کاروانەوە کەوتە ڕێ ، کە ئەگەر موحەممەد و هاوەلاّنی دەستی بەسەردا بگرن ئابڕووی قوڕەیش ئەچێت ، بەلاّم کە سوپا بیستی وا کاروانەکە ڕزگاری بووە و ،کە دیتیشی وا هەندێ لە گەورە پیاوانی سوپا ناڕەزایی لە هەڵ‌گیرسانی جەنگی بێ‌مەبەست دەرئەبڕن و ، هەندێکیش بە خۆیان و هاوپەیمانانیانەوە بەرەو مەککە گەڕانەوە ، پشتی لە جەنگ‌کردن سارد بوویەوە . ئەمەش لە زانستی جەنگ‌دا گەورەترین هۆیە بۆ تێك شکانی سوپا .

دووهەم : دەست درێژیی :

لە هەموو کات و شوێنێك‌دا جەنگ و ئاژاوە شتێکی ناشیرین و قێزەون بووە بەلای خەڵکەوە و ، ژیر و دڵسۆزان هەمیشە خۆیان لە جەنگ لاداوە ، چونکە بە لایانەوە یەقین بووە کە هەر کەسێ ئاگری جەنگی هەڵ‌گیرساندبێ خۆی تیاچووە . لە بەدریش‌دا یەکەم ئاوات‌خوازی جەنگ ئەبوجەهل بوو ، ئەوەبوو بە سووکیی سەری نایەوە .

لە سەرەتاوە دانیشتوانی مەککە بۆ رزگارکردنی هەزار وشتر و بارەکەیان کەوتنە رێ و ، لە دڵی هەموویاندا ئەوە چەسپا بوو کە مافی خۆیانە جەنگ بکەن ، چونکە بەرگریی لە غیرەت و کەرامەت و ماڵ و سامانیان ئەکەن و ، ئەمەش مافی خۆیانە . بەلاّم کە سوپا گەیشتە رابوغ ، ئەو شوێنەی کە (١٢٥) کیلۆمەتر لە بەدرەوە دوورە ، هەواڵی دەربازبوونی کاروانەکەی پێ گەیشت . ئیتر پیاوە ژیرەکان هەستیان کرد کە جەنگ کارێکی پێویست نیە و ، وا چاکە بگەڕێنەوە ، بەلاّم ئەبوجەهل بەوپەڕی لە خۆبایی بوونەوە کۆڵی نەدا ، هەتا بەسەر شۆڕیی سەری نایەوە .

سێهەم : بیر وباوەڕ :

بیروباوەڕ گرنگترین هۆیە بۆ سەرکەوتن ، بۆیە موسڵمانان ، کە وابەستەی بیروباوەڕی خوایی بوون ، سەرەڕای کەمیی و کەم تفاقیی‌یان ، سەرکەوتنیان بەدەست هێنا ، چونکە هەر سەربازێك بۆ خۆی سەربەخۆ چاوەڕوانی یەکێ لە دوو شتە چاکە بوو : یان سەرکەوتن ، یان شەهید بوون و گەیشتن بە بەهەشت . دیارە هەر سوپایەك لە سەربازی ئاوەها پێك بێ ، هیچ هێزێك چاری ناکات . بەلاّم سوپای قوڕەیش داماو و سەرگەردان بوون و خۆیشیان نەیان ئەزانی خەریکی چین ؟

چوارەم : شێوازی تازەی جەنگ کردن :

پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ جەنگی بەدر شێوازێکی نوێی بەکار هێنا کە تا ئەو رۆژە عەرەبەکان بەو شێوازە پەییان پێ نەبردبوو و ، کە موسڵمانەکان چوونە مەیدانی قوڕەیشەوە ، کارێکی ناوازە بوو بەلایانەوە . ئەمەش کورتەیەتی :

أ ـ **سەرکردایەتیی :** لە مێژووی مرۆڤدا سەرکردەیەکی تر بە وێنەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵ نەکەوتووە کە ئەوەندە نەخشە رەنگین بێ و ، سەربازەکانیشی ئەوەندەیان خۆش بوێ و ، بەو شێوە ناوازەش گوێڕایەڵی هەموو فەرمانێکی بن ، بۆیە سوپای هاوەڵان بە گەورەترین و پاکترین سوپای مێژووی مرۆڤ ئەژمێررێ و ، گەورەترین و پیرۆزترین خزمەتیشی بە تێکڕای مرۆڤ پێشکەش کردووە .

پێغەمبەری خوا ﷺ تەواو دامەزراو بوو و ، رێزی تەواویشی لە هاوەڵانی ئەگرت و ، بنکەیەکیشی بۆ سەرکردایەتیی دروست کرد ، تا بە جوانیی چاوی لە مەیدانی جەنگ بێت و ، وورەی موسڵمانەکانیش بەرز بێت و ، لە پیاوە

پاڵەوانەکانی مەدینەش پاسەوانی بۆ دانا ، کە سەعدی کوڕی موعـاذی سـەرداری ئەوس بوو .

بەڵام سوپای مەککە فەرماندەیەکی وەهای نەبوو تا گوێڕایـەڵیی بـۆ بکـەن ، بۆیە کوێرانە شوێن ئەبوجەهل ئەکەون و ، هەر ئـەو جـارە فەرمانـدەیان ئـەبێت و خێرا موسڵمانان بە دۆزەخی ئەگەیەنن .

ب ـ ڕێکخستنی سوپا : پێغەمبەری خوا ﷺ سـوپاکەی زۆر بـە جـوانیی ڕێـك خست ، بە شێوەی ڕێـکخـستنی نـوێی جـەنگی بیابـان . ئـەوەبوو پێشـەکیی و پاشکۆی بۆ سوپاکەی دانا و بەشی زۆریشی لە ناوەڕاست دا بوو . لە لایەکی ترەوە بە شێوازی (ریز) فەرمانی جەنگی بۆ موسڵمانەکان دا ..[٣٤٣]

[٣٤٣] غزة بدر الكبرى لمحمد أحمد باشميل : ١٨٨ ـ ٢٧٣ ، السيرة النبوة لأبـي شهبة : ٢ / ١٢٣ ـ ١٨١ ، الرحيق المختوم : ٢٠٧ ـ ٢٣٤ ، السيرة النبوة للندوي : ٢١٤ ، ٢١٦ ، شرح حياة الصحابة : ٢ / ٦٠ ـ ٦٤ ، ٨٠ ، ٤٦٢ ـ ٤٦٩ ، ٥٣٢ ، ٥٤٦ ، ٥٦٦ ـ ٥٦٧ .

بەشی بیست وچوارەم
ڕووداوەکانی نێوان بەدر و ئوحود

بەڵێ ، وەك لەپێشەوە خستمانە پێش چاوی ئازیزان ، جەنگی بەدری گەورە یەکەم بەیەك گەیشتنی چەکدارانەی نێوان موسڵمانان و موشریکان بوو .. بەم جەنگە یەکجار سەری موسڵمانەکان بەرز بوویەوە ، کە دانیشتوانی سەرتاسەری دوورگەی عەرەبیی شاهێدییان بۆ دا .. جا ئەوانەی کە ئەم سەرکەوتنەیان پێ ناخۆش بوو چەند دەستەیەك بوون :

یەکەم : بتپەرستەکانی قورەیش کە جەنگەکە ئابڕووی ئەوانی برد و ، لە ناو عەرەبدا سووك و ڕسوا بوون ..

دووهەم : جوولەکەکانی دوورگە ، بە تایبەت جوولەکەکانی مەدینە ، کە هەستیان ئەکرد تا موسڵمانەکان زیاتر بەهێز بن ، ئەوان پایە و پلەی دینییان نامێنێ و ، ئابوورییشیان کز و لاواز ئەبێت ..

ئەوەتا قورئانی پیرۆزیش ئاماژە بۆ ئەو دوو دەستە داخ لە دڵە ئەکات کە دوژمنی سەرسەختی موسڵمانان ئەو دوانەن کە ئەفەرموێ :

﴿ لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلْيَهُودَ وَٱلَّذِينَ أَشْرَكُواْ ﴾ (المائدة : ٨٢).

سێهەم : دەستەی مونافیقان بە سەرکردایەتیی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول ، کە ئەمانیش هیچیان لەو دوو دەستەی پێشەوە کەمتر نەبوو ، بەڵام لە بەر ناچاریی بەسەرزارەکیی موسڵمان بووبوون .

چوارەم : ئەو عەرەبە بتپەرستانەی کە لە دەوروبەری مەدینەدا ئەژیان و ، بە هیچ شێوەیەك بیریان لە ئیسلام و کوفر نەئەکردەوە .. ئەوانە دز و جەردە و تالانچیی بوون . بەڵام ئەوانیش سەرکەوتنی هێزی موسڵمانانیان زۆر پێ ناخۆش بوو ، چونکە هەستیان ئەکرد کە ئەگەر لە مەدینەدا دەوڵەتێکی بەهێز پێ بگا ، ماوەی دزیی و جەردەیی ئەوان نادات ، بۆیە ئەوانیش ڕقیان لە موسڵمانەکان بوو .

بەم شێوەیە دوژمن و مەترسی یەکی زۆر دەورەی موسڵمانانیان دابوو و ، هەر یەکەیان هەوڵی ئەدا زیان بە موسڵمانەکان بگەیەنێت . مونافیقان لە ناوەوە وەك خۆرە دژایەتی یان ئەکرد و ، جوولەکەش بە ئاشکرا پەیمانیان ئەشکاند و ، قورەیشیش خەریکی ئەوەبوون خۆیان بۆ تۆڵەسەندن لە موسڵمانەکان ئامادە بکەن ، تا ئەوەبوو سەرەنجام جەنگی ئوحود رووی دا ، وەك لە دواوە ، إن شاء الله ، باس ئەکرێت .

ئەمەش هەندێ لەو رووداوە گرنگانەی کە هاتنە بەردەم موسڵمانان و ناچاریان کردن کە بەرگریی لە خۆیان بکەن :

یەکەم : غەزای نەوەی سولەیم لە کودر :

موسڵمانەکان لەگەڵ زۆربەی ئەو هۆزانەدا کە ئەکەوتنە خۆرئاوای مەدینە تا سەر دەریای سوور پەیمانی دۆستایەتی یان بەست بوو ، بۆیە خەریك بوو رێی بازرگانیی مەککە بە تەواویی دابخرێت . قورەیشیش پشتیان بە بازرگانیی بەستبوو و ، بێ ئەو نەئەژیان ، بۆیە کەوتنە تەگبیری ئەوە کە رێیەکی تر ، لە بیابان دا ، لە نێوان مەککە و نەجددا بدۆزنەوە ، تا لەوێوە بەرەو عێراق و شام برۆن و ، بازرگانی یەکەیان دوور بێ لە مەترسیی .

جا نەوەی سولەیم و غەطەفان گرنگ ترین و بەهێزترینی ئەو هۆزانە بوون لەو ناوچانەدا و ، هاوپەیمانی قورەیشیش بوون ، بۆیە پاسەوانیی بازرگانیی قورەیشیان ئەکرد .

قورەیشیش بە زمانی لووس ئەو دوو هۆزەیان لە خشتە بردبوو و ، بۆ دژایەتیی حکوومەتی مەدینە هەڵیان ئەنان .

پێغەمبەری خواش ﷺ خاوەنی سیاسەتێکی حەکیم بوو کە نەیئەهێشت هۆزەکان هێرش بکەنە سەری ، بەڵکو هەواڵی نیازی هێرشی هەر هۆزێکی بەرگوێ بکەوتایە ، خێرا ئەم دەستی پێش ئەخست و هێرشی ئەکردە سەری .. ئەو هۆزەش کە هەواڵی هێرشی سوپای هاوەڵانی ئەبیست ، ورەیان ئەڕووخا و ناوچەکەیان چۆڵ ئەکرد ..

ئەوەبوو نەوەی سولەیم و غەطەفان دەستیان دایە کۆکردنەوەی سوپا بۆ هێرش کردنە سەر مەدینە . ئەمە یەکەم هەواڵێك بوو کە دوای بەدر گەیشتە موسڵمانەکان . هەر کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمەی زانیی ، لەگەڵ دووصەد

سواردا هێرشی کردە سەر ئەو هۆزە جەم بووانە و ، گەیشتنە ماوا و مەنزڵیان کە ناوچەیەك بوو پێیان ئەوت کودر ، ئەبینن وا هەموویان هەڵاتوون و ، ناوچەکەیان بەجێ هێشتووە و ، لە دۆڵەکەشدا پێنج‌صەد وشتریان بەجێ هێشتبوو ، کە سوپای مەدینە دەستی بەسەردا گرتن و دوای ئەوەی کە پێنج‌یەکیان لێ جیا کرایەوە دابەش کران بەسەر هاوەڵاندا ، کە هەر یەکەیان دوو وشتری بەر ئەکەوت.

پێغەمبەری خوا ﷺ لەو ناوچەیەدا سێ ڕۆژ مایەوە ، ئەوسا گەڕایەوە بۆ مەدینە . ئەم غەزایە لە مانگی شەووالی ساڵی دووهەمی کۆچییدا ، حەوت ڕۆژ دوای گەڕانەوەی سوپای ئیسلام لە بەدر ، ڕووی داوە .

لە ماوەی ئەم هەڵمەتەدا کاروباری مەدینە درابووە دەست سیباعی کوڕی عەرفەطە و ، وتراویشە : عەبدوڵڵای کوڕی ئوم مەکتووم .[٣٤٤]

دووهەم : غەزای نەوەی قەینوقاع :

لەمەوبەر باسمان کرد کە کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی بۆ مەدینە کرد ، هەوڵی دا ژیانی ئاشتیی و تەبایی لەگەڵ جوولەکەدا بەسەر بەرێ ، بێ ئەوەی دەست‌درێژیی بکرێتە سەر جوولەکە . با ئەوان شوێن دینی خۆیان بکەون و ، موسڵمانانیش شوێنی دینی خۆیان بکەون . بۆ ئەمە پەیمانێکیان مۆر کرد کە :

یەکەم : هەر دوژمنێك هاتە سەر مەدینە هەردوولا پێکەوە بەرگریی لە شار بکەن.

دووهەم : هیچ لایەکیان ناپاکیی نەکەن و دەست‌درێژیی نەکەنە سەر یەکتر .

سێهەم : هەردوولا سەربەست بن و بە دڵی خۆیان دینی خۆیان جێ بەجێ بکەن .

جا پێغەمبەر و موسڵمانەکان هەوڵیان ئەدا بە پاکیی پارێزگاریی لە پەیمانەکە بکەن ، بەڵام دوای سەرکەوتنی بەدر ، جوولەکە ئاگریان تێ بەربوو و ، لە جاران زیاتر داخ لە دڵی ئیسلام و موسڵمانەکان بوون . چونکە لەوە ئەترسان کە هێزی ئیسلام پەرە بسێنێ و دەسەڵات لەوان بسەنرێ . بۆیە کەوتنە پەیمان شکاندن و ، ئەو هەمووە چاکەیان لەبەرچاو نەبوو و ، کەوتنە دژایەتیی موسڵمانان و ، هەموو جۆرە فێڵ و ناپاکییەکیان بەکار هێنا .

سەرەتا هەوڵیان دا برایەتیی نێوان ئەوس و خەزرەج ـ کە دوای موسڵمان بوونیان ئاشت بوونەوە و بوونە برای یەکتر ـ تێك بدەن .

---

[٣٤٤] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ٢ / ١٨٣ ، الرحيق المختوم : ٢٣٨ .

ئەوەبوو یەکێ لە جوولەکە پیرە بە ساڵاچووەکان کە یەکجار کافر و بێئیمان بوو و ، زۆریش دژی موسڵمانەکان ئەدوا ، دای بەلای چەند پیاوێکی ئەوس و خەزرەج دا کە لە کۆڕێکدا پێکەوە دانیشتبوون و قسەیان ئەکرد . کە دیتی چۆن بە موسڵمانبوون بەینیان خۆش بووە ، دوای ئەوەی کە لە سەردەمی نەفامییدا ناکۆکیی و دوژمنایەتیی لە نێوانیاندا هەبوو ، زۆری پێ ناخۆش بوو و وتی : پیاو ماقووڵانی نەوەی قیلە ـ واتە ئەوس و خەزرەج ـ لەم وڵاتەدا یەکیان گرتووە . دە بەخوا ئەگەر ئەوان یەك بگرن ئێمە ژیانمان نابێت . بۆ ئەمە فەرمانی بە گەنجێکی جوولەکەدا دا ، کە لەگەڵیا بوو ، تا بچێتە لایان و باسی ڕووداوەکانی جەنگی بوعاثیان [٣٤٥] بۆ بکات و ، ئەو شیعرانە بخوێنێتەوە کە هەریەکەیان وتبوونی . کوڕە گەنجەکە کە باسەکەی دەرخست و ئەوانیش دەستیان کرد بە بەرگریی و شانازیی ، سەرەنجام یەکێکیان تووڕە بوو و دەری بڕیی کە ئامادەیە بۆ جەنگ .. هەردوو لا ڕقیان جوی و داوای چەکیان کرد تا خۆیان بگەیەننە گردە بەرداوییەکەی نزیك مەدینە .

ئەم دەنگ و باسە گەیشتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەویش لەگەڵ کۆمەڵێك موهاجیرییدا خۆیان گەیاندە لایان و فەرمووی : ((یا معشر المسلمین ! أبدعوى الجاهلية وأنا بين أظهركم بعد إذ أكرمكم الله بالإسلام ، وقطع به عنكم أمر الجاهلية ، وألف بينكم ترجعون إلى ما كنتم عليه كفاراً ؟! الله الله)) . فەرمووی : ئەی کۆمەڵی موسڵمانان ! ئایا لە کاتێکدا کە من وام لە نێوانتاندا بانگی نەفامیی بەرز ئەکەنەوە و ، دوای ئەوەی کە خوای گەورە بە ناردنی ئیسلام ڕێزی لێ گرتن و ، لە ڕێبازی نەفامیی لای دان و ، دڵ و دەروونتانی بە یەکەوە بەست ، ئەگەڕێنەوە سەر کافرێتیی ؟! لەبەر خاتری خوا ، لەبەر خاتری خوا ..

بەمە تووڕەیی خەڵکەکە نیشتەوە و ، بۆیان دەرکەوت کە ئەمە کاری شەیتان و، نەخشەی دوژمنەکانیان بوو . ئیتر چەکیان دانا و ، دەستیان بە گریان کرد و ، دەستیان لە ملی یەك کرد و ، پاشان بەوپەڕی گوێڕایەڵییەوە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ هەستان و گەڕانەوە دوا ..

ئەوەبوو دەربارەی ئەم ڕووداوە قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە :

---

[٣٤٥] جەنگی بوعاث : دواجەنگی نێوان ئەوس و خەزرەج بوو ، کە لەو جەنگەدا ئەوس سەرکەوتن . پاشان خوای گەورە ئیسلامی بۆ ناردن و لە سایەیدا بوونە برا ..

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِن تُطِيعُوا۟ فَرِيقًا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَـٰنِكُمْ كَـٰفِرِينَ ﴿١٠٠﴾ وَكَيْفَ تَكْفُرُونَ وَأَنتُمْ تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ ءَايَـٰتُ ٱللَّهِ وَفِيكُمْ رَسُولُهُۥ ۗ وَمَن يَعْتَصِم بِٱللَّهِ فَقَدْ هُدِىَ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿١٠١﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ وَٱعْتَصِمُوا۟ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا۟ ۚ وَٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَآءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِۦٓ إِخْوَٰنًا وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَـٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴾ (آل عمران : ١٠٠ ـ ١٠٣) .

موسڵمانەکان تووشیان بە تووشی دراوسێیەکی یەکجار خراپەوە بوو .. جوولەکە خراپترین قەومێك بوون کە ئازاری موسڵمانەکان بدەن ، بە تایبەت کە ئەیانزانیی پەیمانی ئاشتیی و برایی لە نێوانیاندا هەیە . جوولەکە بە بێشەرمانە هەموو کارێکی شیاو و نەشیاویان ئەدایە پاڵ پێغەمبەران سەلامیان لێ بێ .

ئیبن ئیسحاق بە سەنەدی خۆی لە ئیبن عەباسەوە خوا لێی ڕازیی بێ ڕیوایەتی کردووە کە وتوویە : ئەبوبەکر خوا لێی ڕازیی بێ ئەچێتە یانەی (میدراس) ، کە ئەو کەنیسەیەیە جوولەکە دەرسی تێدا ئەخوێنن و ، ئەبینێ خەڵکێکی زۆر لە جوولەکە لەوێ لە دەوری پیاوێکیان ، کە یەکێکە لە زانا ناودارەکانیان و ناوی فینحاصی کوڕی عازورایە ، کۆ بوونەتەوە . ئەبوبەکر پێی فەرموو : ماڵت کاول بێ ، فینحاص ! لە خوا بترسە و موسڵمان ببە . بەخوا چاك ئەزانیی کە موحەممەد پێغەمبەری خوایە و ، لەلایەن خواوە حەقی بۆ هێناون و ، بە چاوی خۆتان ئەیبینن کە لە تەورات و ئینجیلدا نووسراوە . فینحاص لە وەڵامدا وتی : بەخوا ئەبوبەکر ! ئێمە هیچ پێویستییەکمان بە خوا نیە ، ئەو موحتاجی ئێمەیە و ، ئێمە موحتاجی ئەو نین !! چونکە ئەگەر خوا دەوڵەمەند بوایە ، ئەوا داوای قەرزی لێمان نەئەکرد ، وەك پێغەمبەرەکەتان ڕای ئەگەیەنێ . ڕیبا لە ئێوە قەدەغە ئەکات ، کەچیی خۆی پێمان ئەدات . جا ئەگەر دەوڵەمەند بوایە ئەوا ڕیبای پێمان نەئەدا .[٣٤٦]

[٣٤٦] مەبەستی فینحاص لەو ئایەتە پیرۆزەیە کە خوای گەورە تیایا فەرمان بەسەر موسڵمانە دەوڵەمەندەکان دا ئەدا تا چاویان لە هەژاران بێت و ، هەر دەوڵەمەندێکیش دەستگرۆیی هەژارانی کردبێ ، ئەوا بە خوای داوە و خوای گەورە بە چەند جارە پاداشتی ئەداتەوە ، کە ئەفەرموێ :
﴿ مَّن ذَا ٱلَّذِى يُقْرِضُ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَـٰعِفَهُۥ لَهُۥٓ أَضْعَافًا كَثِيرَةً ﴾ .

ئەبوبەکری صدديق لەم وتەیە تووڕە بوو و بە توندیی زللەیەکی لە دەم و چاوی فینحـاص دا ، هەر چەندە ئەبوبەکر خـاوەنی خـۆگرییی و ویقـارێکی یـەکجار زۆر بووە . پاشان فەرمووی : بەو خوایەی کە گیانمی بـە دەسـتە ، ئەگـەر لەبـەر ئـەو پەیمانە نەبوایە لە نێوانی ئێمە و تـۆدا ئـەمدا لـە ملـت ، هـەی دوژمنـی خـوا . فینحاص بۆ شکاتکردن خۆی گەیاندە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەویش بە ئەبوبـەکری فەرموو : ((ما حملك على ما صنعت ؟)) فەرمووی : چیی پاڵی پێوە نای تـا ئـەوە ئەنجام بدەی ؟ ئەویش هەواڵی وتەکەی فینحاص و ، ئەو بێشەرمی‌یەی لە بـەردەم خوادا دایە ، فینحاصیش ئینکاریی کرد ، بـەڵام ئـەوەبوو قورئـانی پـیرۆز هاتـە خوارەوە و ئەوەشی چەسپاند کە ئەو جوولەکە ئـەو هەڵەیـەی وتـووە و ، ئەمـەش تاوانێکی تریانە کە ئەیخەنە پاڵ تـاوانی کوشـتنی پێغەمبـەران بـە نـاڕەوا ، کـە ئەیفەرموو :

﴿ لَّقَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَآءُ ۘ سَنَكْتُبُ مَا قَالُواْ وَقَتْلَهُمُ ٱلْأَنۢبِيَآءَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَنَقُولُ ذُوقُواْ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ ﴿١٨١﴾ ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيْسَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ ﴾ (آل عمران : ١٨١ ــ ١٨٢) .

جوولەکە کۆمەڵێکی خوار و خێچ بوون بۆیە کار و وتەیەکی نەشـیاویان لـە دەم دەرئەچوو . ئەوەبوو ئەیانوت : خوا پەیمانی لێمان وەرگرتووە کە ئیمـان بـە هـیچ پێغەمبەرێك نەهێنین هەتا قوربانی‌یەك پێشکەش بکا و لە ئاسمانـەوە ئـاگر بێتـە خوارەوە و بی‌سووتێنێ . جا ئەوانیش ئیمان بە پێغەمبەری خوا ناهێنن هەتا ئـەو کارەی لێ نەیەت . بۆ ئەمەشیان قورئان هاتە خـوارەوە و ، دەمکـوتی کـردن کـە پێغەمبەرانی تریان بۆ هاتوون و ئەو کارەشیان ئەنجام داوە کەچیی کوشتوونیان کە ئەفەرمویّ :

﴿ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ عَهِدَ إِلَيْنَآ أَلَّا نُؤْمِنَ لِرَسُولٍ حَتَّىٰ يَأْتِيَنَا بِقُرْبَانٍ تَأْكُلُهُ ٱلنَّارُ ۗ قُلْ قَدْ جَآءَكُمْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِى بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَبِٱلَّذِى قُلْتُمْ فَلِمَ قَتَلْتُمُوهُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾ (آل عمران : ١٨٣) .

شایانی باسە کە سێ تیرەی جوولەکە لە مەدینەدا لەگەڵ موسڵمانان دا ئەژیان ، کە بریتی بوون لە جوولەکـەی نـەوەی قـەینوقاع و ، نـەوەی نـەضیر و ، نـەوەی

قورەیظە . هەروەها کۆمەڵێکی گەورەشیان لە خەیبەر و دەوروبەریدا ئەژیان . ئەمانە هەمیشە خەریکی فڕوفێڵ و ئاژاوە بوون .

ئێستا نۆبەی ئەوە هاتووە باسی دوورخستنەوەی نەوەی قەینوقاع بکەین :

ئەوەبوو پێغەمبەر و موسڵمانان پیتێك لەو پەیماننامەیەیان نەشکاند و بە جوانیی پاراستیان ، بەو هیوایەوە کە لە مەدینە و دەوروبەریدا ئاشتیی و تەبایی بەرقەرار بێ و ، موسڵمانەکان ماوەیان هەبێ بچن بە گژی دوژمنە بت پەرستەکانیاندا ، بە تایبەت قوڕەیش ، کە بێگومان خۆیان ئامادەی جەنگێکی سەروماڵیی گەورە ئەکەن ، تا پینەی ئابڕووچوونی بەدریان بکەنەوە .

بەڵام جوولەکە ، هەر چەند بە ڕواڵەت خۆیان بە ئاشتییخواز لە قەڵەم ئەدا ، لە ژێرەوە خەریکی ئاژاوە و پاشقول‌دانی موسڵمانان بوون و ، بە هیچ شێوەیەك خۆیان بە پابەندی پەیمانەکەیان نەئەزانی . بگرە هەندێکیان بە ئاشکرا بانگەوازی ئەوەی ئەکرد کە بچن بە گژی موسڵمانەکاندا و ، هۆزە عەرەبە بت پەرستەکانیشیان لە دژیان هەڵ ئەنا .

موسڵمانەکانیش دانیان بە خۆیاندا ئەگرت و ، حەزیشیان لەوەبوو ئەوانیش ڕێی ئاشتیی و برایەتیی بگرنە بەر .

نەوەی قەینوقاعیش ، کە لەناو مەدینەدا و ، لە گەڕەکێکدا بە ناوی خۆیانەوە، ئەژیان ، یەکەم دەستەی جوولەکە بوون کە ئاژاوەیان بەرپا کرد . ئەمانە بە زەڕەنگەریی و ئاسنگەریی و دروست‌کەری قاپ و قاچاخەوە خەریك بوون ، بۆیە دەوڵەمەند بوون و خاوەنی چەك و کەل وپەلی جەنگ بوون و ، قەڵاکانیان بۆ جەنگ دەستیان ئەدا .. ئەمانە نزیکەی حەوت سەد پیاوی جەنگاوەریان هەبوون و ، لە ناو جوولەکەی مەدینەدا لە هەموویان ئازاتربوون . بۆیە هەر موسڵمانێك بچوایەتە بازاڕەکەیانەوە گاڵتە و سووکایەتی‌یان پێ ئەکرد ، هەتا ڕێیان بە ئافرەتانیش ئەگرت ..

کە هەڵە و تاوانیان لە سنوور دەرچوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ کۆی کردنەوە و ، ئامۆژگاریی کردن ، تا بەڵکو بێننەوە سەر ڕەوشت و خووی جوان و ، مافی دراوسێیەتیی بپارێزن و ، لە زەرەر و زیانی لە سنووردەرچوون و دەست درێژیی ئاگاداری کردن ، کەچیی ئەوان هەتا ئەهات لە سنوور دەرئەچوون .

ئەبوداود و غەيرى ئەويش لە ئيبن عەبباس‌ەوە خوا ليّى رازيى بێ ريوايەتيان كردووە كە وتوويە : كاتێك كە پێغەمبەرى خوا ﷺ لە رۆژى بەدردا قورەيشى تێك شكاند و ، گەرايەوە مەدينە ، جوولەكەكانى لە بازارى نەوەى قەينوقاع‌دا كۆكردنەوە و پێى فەرموون : ((يا معشر يهود ! أسلموا قبل أن يصيبكم مثل ما أصاب قريشاً)) . فەرمووى : ئەى كۆمەڵى جوولەكە ! بەر لەوەى ئەوەى تووشى قورەيش بوو تووشى ئێوەش ببێ موسڵمان بن . وتيان : ئەى موحەممەد ! بەوەى چەند كەسێكى قورەيشت كوشتووە ، كە هيچ لێ‌نەهاتوو و ، جەنگيان نەزانيوە ، لە خۆت بايى مەبە . ئەگەر لەگەڵ ئێمەدا بجەنگێيت ئەوسا ئەزانيت پياو ئێمەين و ، تووشت بە تووشى پياوى وەك ئێمەوە نەبووە .

بۆ ئەمە خواى گەورە قورئانى پيرۆزى نارد تا ئاگادارى دڵ و نييەتيان بن كە ئەفەرموێ :

﴿قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوا سَتُغْلَبُونَ وَتُحْشَرُونَ إِلَىٰ جَهَنَّمَ ۚ وَبِئْسَ الْمِهَادُ﴾ (آل عمران : ١٢) .

نەوەى قەينوقاع ئامۆژگاريان نەبيست ، بگرە بە ئاشكرا هەرەشەى بەرپاكردنى جەنگيان لە موسڵمانەكان كرد . موسڵمانەكانيش دانيان بە خۆياندا ئەگرت و چاوەڕان بوون بزانن بارودۆخ چۆن ئەگەرێ ..

سەرەنجام كارێكى يەكجار ناشيرينيان لە دەست دەرچوو :

ئيبن هيشام لە ئەبوعەون‌ەوە ريوايەتى كردووە كە ئافرەتێكى موسڵمان ملوانكەيەكى خۆى هێنا و لە بازارى نەوەى قەينوقاع‌دا فرۆشتى و ، لەلاى زەرەنگەرێك دانيشت . چەند جوولەكەيەك هاتن بە دەوريا و هەوڵيان دا دەم و چاوى دەربخات ، ئەويش دەرى نەخست . ئەوەبوو زەرەنگەرەكە دەستى برد و چمكى كراسى ئافرەتەكەى بەست بە پشتيەوە ، بێ‌ئەوەى ئافرەتەكە ئاگادار بێ . كاتێك كە هەستايەوە لاشەى دەركەوت و ، جوولەكەكان دەستيان بە پێكەنين كرد پێى و ، ئافرەتەكەش هاوارى كرد . خێرا پياوێكى موسڵمان هەڵمەتى دايە سەر زەرەنگەرەكە و كوشتى ، كە جوولەكە بوو . كۆمەڵێك پياوى جوولەكەش هەڵمەتيان دايە موسڵمانەكە و كوشتيان . كەس وكارى موسڵمانەكە داوايان لە موسڵمانەكان كرد كە هێرش بكەنە سەر جوولەكەكان . بەمە جەنگ لە نێوان موسڵمانەكان و نەوەى قەينوقاع‌دا بەرپا بوو .

ئەم کردارە ناشیرینەیان پێغەمبەری خوای ﷺ ناچار کرد تا بڕیاری جەنگ لە دژیان بدات ، بەڵام پێش هەموو شتێك بە پێی فەرمانی قورئان :

﴿وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَوْمٍ خِيَانَةً فَانبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَىٰ سَوَاءٍ ۚ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْخَائِنِينَ﴾

(الأنفال : ١٥) کە فەرمان بەسەر پێغەمبەردا ﷺ ئەدا تا پەیمانی ناپاکان بداتە دواوە ، نەوەی قەینوقاعی ئاگادار کردن کە پەیمانیان لە نێواندا نەما .. ئەوەبوو ئەبولوبابەی کوڕی عەبدولمونذیری کردە ئەمیری مەدینە و ، ئاڵای سوپای موسڵمانانیشی دایە دەست حەمزە و ، بە سەرکردایەتی خۆی سوپای ئیسلام هێرشی کردە سەر نەوەی قەینوقاع . ئەوانیش کە ئەمەیان دیی خێرا چوونە ناو قەڵاکانیانەوە و ، خۆیان مەحکەم کرد . موسڵمانەکانیش هەڵمەتیان دایە سەریان و ، ئابلۆوقەیان دان . ئەمەش لە ڕۆژی شەممەی پانزەهەمی شەووالی ساڵی دووهەمی کۆچییدا بوو و تا یەکەم ڕۆژی مانگی ذولقەعیدەی خایاند واتە پانزە ڕۆژ ئابلۆوقەیان دان . لەم ماوەیەدا خوای گەورە ترس و لەرزی بردە دڵیانەوە ، تا سەرشۆڕ و خەجاڵەتیان بکات . ئیتر خۆیان دا بە دەستەوە بە جۆرێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە ویستی خۆی چیی لە سەروماڵ و ژن و منداڵیان ئەکات بابی‌کات . خۆیان بە دەستەوە دا و هەر هەموو جەنگاوەرانیان قۆڵ بەست کران و ، پێغەمبەریش ﷺ ڕاوێژی بە گەورە هاوەڵان کرد کە چییان لێ بکەن ، ئەوانیش ڕایان وەهابوو کە هەموو بکوژرێن ..

ئەم حوکمە شتێکی زۆر ئاسایی بوو ، چونکە ماوەی چەند هەفتەیەك لەوەو پێش قورئان هاتە خوارەوە و لۆمەی پێغەمبەر و ئەبوبەکری کرد کە بۆچ دیلەکانی بەدریان نەکوشت ؟

جوولەکەی نەوەی قەینوقاع دوو هاوپەیمانیان هەبوون : عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی مونافیق و ، عوبادەی کوڕی صامیت . ئەوەبوو عوبادە پشتی لە جوولەکەی بێ‌بەڵێن کرد و وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! خوا و پێغەمبەرەکەی ئەکەمە کۆمەك و پشتیوانم و ، لە هاوپەیمانیی و پشتیوانیی ئەو کافرانە خۆم دائەماڵم .

بەڵام عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی بووە پشتیوانی جوولەکەی ناپاك و وتی : ئەی موحەممەد ! لەگەڵ هاوپەیمانەکانم دا چاك بجوڵێرەوە . پێغەمبەری خوا ﷺ پشتی لێ هەڵ کرد و ، عەبدوڵڵا چەند جارێکی تر داواکەی دووبارە کردەوە و پێغەمبەریش ڕووی وەرگێڕا ، تا وتی : من لە ڕۆژگار ئەترسم . سەرەنجام تکاکەی وەرگرت بەو

مەرجەی مەدینـە بـەجێ بهـێڵن بـە خۆیـان و ژن و منداڵیانـەوە بـڕۆن و مـاڵ و سامانیان بۆ موسڵمانان بێ .
ئەوەبوو کاری چۆڵ کردن درایە دەست عوبادەی کوڕی صامیت و ، ئەویش سـێ ڕۆژ مۆڵەتی دان و ، دوای سێ ڕۆژ ڕوویان لە ناوچەی ئەذرعات نا لە سەر سنووری شام و لەوێ زۆر نەمانەوە خوا لە ناوی بردن .
بەمە موسڵمانەکان لەو سێ دڕکەی جوولەکەی مەدینە لە دڕکێکیان ڕزگاریـان بوو .
دەربارەی عوبادەی کوڕی صامیت و عەبدوڵلای کـوڕی ئوبـەی قورئـانی پـیرۆز هاتە خوارەوە کە فەرمانی بەسەر موسڵماناندا ئەدا هەتا جوولەکە و گاور نەکەنە دۆستی خۆیان و پشتیان پێ نەبەستن و هەرکـەس وا بکـات ئـەوە سـتەمکـارە و ، خوای گەورە هیدایەتی ئەوانە نادات ، کە ئەفەرموێ :
﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ ۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥١﴾ فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يُسَٰرِعُونَ فِيهِمْ يَقُولُونَ نَخْشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٌ ۚ فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِىَ بِٱلْفَتْحِ أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِۦ فَيُصْبِحُواْ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّواْ فِىٓ أَنفُسِهِمْ نَٰدِمِينَ ﴿٥٢﴾ وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقْسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ ۙ إِنَّهُمْ لَمَعَكُمْ ۚ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ فَأَصْبَحُواْ خَٰسِرِينَ ﴿٥٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَسَوْفَ يَأْتِى ٱللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ ۚ ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٥٤﴾ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُمْ رَٰكِعُونَ ﴾
(المائدة : ٥١ ـ ٥٢) .[٣٤٧]

سێهەم : غەزای قاوت :

هەر کە موسڵمانەکان جەنگی بەدریان بردەوە ، هەر دوژمنێك بۆ خۆی هـەوڵی ئەدا زیان بـە پێغەمبـەر و موسـڵمانان بگەیـەنێ لەلایەکـەوە صـەفوانی کـوڕی

[٣٤٧] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ٢ / ٣٨٩ ـ ٣٩٦ ، الرحيق المختوم : ٢٤٠ ـ ٢٤٤ ، غزوة أحد لمحمد أحمد باشميل : ٣٣ ـ ٤٣ .

ئومەییە [٣٤٨] و لەلایەكەوە جوولەكە و مونافیقان خەریكی پیلان گێڕان و دژایەتیی بوون ، ئەبوسوفیانیش پێی خۆش بوو ئەویش دەستێك لە موسڵمانان بوەشێنێ و ، كەمێك شووڕەیی تێك شكانی قوڕەیش بشواتەوە و ، بە كارێكی ئاسان و كەم زیان پایەی قەومەكەی بەرز بكاتەوە و ، بیسەلمێنێ كە قوڕەیش هێزی باڵادەستی دوورگەی عەرەبە .

بۆ ئەمە ئەبوسوفیان بە خۆی و دووصەد سوارچاكەوە مەككەیان بەجێ هێشت تا نەهێڵێ سوێنەكەی بكەوێت ، كە ئەوەبوو سوێندی خواردبوو كە بۆ لەش گرانیی ئاو بەر سەری نەكەوێت هەتا هێرش نەكاتە سەر موحەممەد و دەستێكیان لێ نەوەشێنێ .

هاتن هەتا گەیشتنە نزیك چیایەك بە ناوی (نیب) و لە شیوەكەیدا خستیان و قۆناغێك لە مەدینەوە دوور بوو .. ئەبوسوفیان نەیوێرا راستەوخۆ روو بكاتە مەدینە و راستەوخۆ بچێت بە گژی موسڵمانەكاندا ، بۆیە كارێكی جەردە ئاسای ئەنجام دا .. ئەوەبوو لە تاریكییدا و بە نهێنیی خۆی گەیاندە دەوروبەری مەدینە و ، چووە لای حویەیی كوڕی ئەخطەب و، داوای لێ كرد دەرگای بۆ بكاتەوە ، كەچیی حویەیی نەیوێرا دەرگای بۆ بكاتەوە . دوای ئەو چوو بۆ لای سەللامی كوڕی میشكەم ـ سەرداری نەوەی نەضیر ـ و داوای لێ كرد بچێتە ژوورەوە لای . سەللام ماوەی دا و میوان داریی لێ كرد و عەرەقی دەرخوارد دا . ئەو شەوە ئەبوسوفیان لەوێ مایەوە و ، بۆ سبەینێ گەڕایەوە لای هاوەڵانی . دەستەیەك لە پیاوەكانی نارد تا هێرش بكەنە سەر ناوچەی (العریض) لە مەدینە و ، دەستیان دایە بڕینی دارخورما و ، ئاگریشیان بەردایە چەند دارخورمایەك و ، چاویان بە پیاوێكی ئەنصاریی و هاوپەیمانێكی كەوت كە لە كێڵگەیەكی خۆیاندا بوون و كوشتنیان و بە پەلە رایان كردەوە دوا ..

كە ئەم هەواڵە گەیشتە پێغەمبەری خوا ﷺ ، بە پەلە هەڵمەتی دا تا ئەبوسوفیان و هاوەڵەكانی راو بنێ و تۆڵەیان لێ بسەنێ . بەڵام ئەوەبوو بە پەلە گەڕابوونەوە دوا و هەڵاتبوون و ، بۆ بارسووكیی قاوتێكی زۆریان فڕێ دابوو .

---

[٣٤٨] تەگبیری صەفوانی كوڕی ئومەییە و عومەیری كوڕی وەهب بۆ كوشتنی پێغەمبەری خوا ﷺ لە پێشەوە باس كراوە .

پێغەمبەری خوا ﷺ بەردەوام راوی نان تا گەیشتە (قرقرة الكـدر) و ، لەوێ گەڕایەوە دوا و ، موسڵمانەکان قاوتێکی زۆریان کۆ کردەوە و ، بەو بۆنەوە غەزاکەیان ناو نا : غەزای قاوت .

ئەم رووداوە لە مانگی ذولحەججەی ساڵی دووهەمدا ، واتە دوو مانگ دوای جەنگی بەدر رووی داوە و ، لەو کاتەشدا کاروباری مەدینە بە ئەبولوبابەی کوڕی عەبدولموندیر سپێررابوو .[٣٤٩]

چوارەم : غەزای (ذو أمر) :

ئەم غەزایە گەورەترین هەڵمەتی سەربازییە کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێش جەنگی ئوحود خۆی فەرماندەی بووبێ ، ئەمەش لە مانگی موحەڕڕەمی ساڵی سێهەمی کۆچییدا رووی داوە .

هۆی ئەم هەڵمەتە ئەوەبوو هەواڵدەرانی مەدینە هەواڵێکیان گەیاندە پێغەمبەری خوا ﷺ ، کە بریتیی بوو لەوەی نەوەی ثەعلەبە و موحاریب ـ کە دوو بنەماڵەی غەطەفان بوون ـ خەڵکێکی زۆریان کۆ کردۆتەوە و ، نیازیان وەهایە هێرش بکەنە سەر دەوڵەتی مەدینە .. بۆ ئەمە پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ چوارصەد و پەنجا هاوەڵیدا ، کە هەندێکیان سوار و هەندێکیان پیادە بوون ، لە مەدینە دەرچوون و ، کاروباری مەدینەشی بە عوثمانی کوڕی عەففان سپارد .

لە رێگادا موسڵمانەکان پیاوێکیان گرت کە لە نەوەی ثەعلەبە بوو و بردیانە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و ، ئەویش بانگی کرد بۆ سەر ئیسلام و کابرا موسڵمان بوو و ، درایە دەست بیلال و بووە چاوساغی سوپای موسڵمانان بەرەو ناوچەی دوژمن .

کە هەواڵی سوپای موسڵمانان گەیشتە دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەموویان لە ترسانا بەرەو لووتکەی چیاکان هەڵاتن .. سوپای ئیسلام ئەو ناوچانەی گرت و گەیشتە سەر ئاوی (ذوأمر) ، کە شوێنی کۆبوونەوەی دوژمنان بوو و ، سەرانسەری مانگی صەفەری ساڵی سێهەمی کۆچیی لەوێ مایەوە ، تا عەرەبەکانی ئەو بیابانە هەست بکەن کە موسڵمانەکان خاوەنی هێز و دەسەڵاتن و هەموو کەس تواناى نیە بچێتە بەردەمیان و ، ترس و سامی موسڵمانەکان بچێتە دڵیانەوە . پاشان گەڕانەوە مەدینە .

---

[٣٤٩] غزوة أحد لمحمد أحمد باشميل : ٥٠ ، والرحيق المختوم : ٢٤٤ ـ ٢٤٥ .

کاتێك کە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە لە ترسی موسڵمانەکان هەڵاتن ، فەرماندەی هۆزی نەوەی ثەعلەبە و موحاریب، کە (دعثور) یان (غورث المحاربي) بوو هەوڵی دا پێغەمبەری خوا ﷺ بکوژێت ، ئەمەش لە کاتێکدا کە سوپای موسڵمانەکان سەر ئاوی (ذو أمر) یان کردبووە سەربازگە .

ئەوەبوو ڕۆژێکیان باران لەسەر ئەو ناوچەیە باریی و ، بەو بۆنەوە جل و بەرگی پێغەمبەری خواش تەڕ بوون ، کە تەنها دوو کراس بوون و هەر ئەوانەشی پێ بوون ، بۆیە بەسەر درەختێکەوە هەڵی خستن تا وشك ببنەوە و ، پاشان پاڵ کەوت . هەروەها هاوەڵانیش هەر هەموویان بە هەڵ خستنی جل و بەرگیانەوە پەشۆکان . ئا لەم کاتەدا (دعثور) ی فەرماندەی ئەو هۆزانە هەلی بەدەست هێنا و خۆی گەیاندە سەربازگەی موسڵمانەکان و ، بە بۆنەی پەشۆکانیانەوە تەماعی ئەوەی کەوتە سەر کە پێغەمبەری خوا ﷺ بکوژێت . لە ڕاستییدا دعثور پیاوێکی ئازای بە جەرگ بوو و ، قەومەکەشی بۆ کوشتنی پێغەمبەری خوا هەڵیان نا و ، بەڵێنی پێ دان و وتی : خوا بم کوژێ ئەگەر موحەممەد نەکوژم .

کابرا بە ئاسانیی چووە ناو سەربازگەی موسڵمانان و ، بێ‌ئەوەی کەس هەستی پێ بکا گەیشتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ . بە شمشێرەوە گەیشتە سەر سەری و ، ویستی بی‌کوژێ و ، پێغەمبەریش ﷺ هیچ چەکێکی بەلاوە نەبوو . وتی :

ئەی موحەممەد ! ئێستە کێ لە دەستم دەربازت ئەکات ؟!

فەرمووی : ((الله)) .

کابرا سامی وشەی ((الله)) ی لێ نیشت و لەرزی لێ هات و ، شمشێرەکە لە دەستی کەوتە خوارەوە و ، کەوت بە پشتا . پێغەمبەری خوا ﷺ شمشێرەکەی هەڵ گرت و ، بەرزی کردەوە و ، بە کابرای فەرموو : ((مَن يمنعُك مني ؟)) فەرمووی : کێ لە دەستم دەربازت ئەکات ؟ وتی : هیچ کەس . پێغەمبەری خوا ﷺ چاوپۆشیی لە کابرا کرد و ، ئەویش بە دڵ و بە گیان موسڵمان بوو و ، پێغەمبەریش ﷺ شمشێرەکەی بۆ گێڕایەوە .. کابرا بە موسڵمانیی گەڕایەوە ناو قەومەکەی و هەواڵی ئەو ڕۆیشتنەی پێ دان و ، ئەوانیشی بۆ سەر ئیسلام بانگ کرد .. هەواڵی ئەوەشی دانێ کە هۆی بە پشتا کەوتنی و بەربوونەوەی شمشێرەکەی لە دەستی ئەوە بووە کە پیاوێکی باڵابەرز داویەتی بە سنگیدا و ، کە زانیویشیەتی ئەوە مەلائیکەتە موسڵمان بووە .

ئیبن کەثیر لە (البداية و النهاية) دا باسی ئەوەی کردووە کە ئەوەی دەعثووری خستووە بە پشتا و شمشێرەکەی لە دەست بەرداوەتەوە ، جیبریل بووە سەلامی لێ بێ کە داویەتی لەسەر سنگی ..

دوای جەنگی بەدر ئەمە دووهەم هەوڵ بوو بۆ کوشتنی پێغەمبەری خوا ﷺ .

ئەوەبوو دەربارەی ئەم غەزایە قورئان هاتە خوارەوە و ، ئامۆژگاریی موسڵمانانی ئەکرد تا نیعمەتی خوایان لەبەر چاو بێ کە گەیشتە فریایان و لە دەست دوژمنان سەرفرازی کردن کە ئەیفەرموو :

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ هَمَّ قَوۡمٌ أَن يَبۡسُطُوٓاْ إِلَيۡكُمۡ أَيۡدِيَهُمۡ فَكَفَّ أَيۡدِيَهُمۡ عَنكُمۡۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴾(المائدة : ١١) .[٣٥٠]

پێنجەم : کوشتنی کەعبی کوڕی ئەشرەف :

کەعبی کوڕی ئەشرەف یەکێ بوو لەو جوولەکانەیکە یەکجار داخ لە دڵی موسڵمانان بوو و ، ئازارێکی زۆری پێغەمبەری خوای ﷺ ئەدا و ، حەزی لەوە بوو خەڵك لە دژی هەڵ بنێ ..

ئەشرەفی باوکی کەعب لە هۆزی طەی ، لە نەوەی نەبهان بووە .. لە سەردەمی نەفامییدا خوێنێك هاتۆتە گەردنی و ، هاتۆتە مەدینە و بۆتە هاوپەیمانی هۆزی نەوەی نەضیری جوولەکە و ، سەرەنجام بۆتە سەردار و عەقیلەی کچی ئەبولحوقەیقی جوولەکەی مارە کردووە و ، کەعبی لێی بووە ، کە پیاوێکی کەڵەگەتی دەوڵەمەندی لە جوانییدا بەناوبانگی لێ هەڵ کەوتووە و ، یەکێ بووە لە شاعیرە بەناو بانگەکانیان و ، قەڵاکەشی کەوتۆتە باکووری خۆرهەڵاتی مەدینەوە .

کاتێك کە قورەیش لە بەدردا شکا و موسڵمانەکان سەرکەوتن ، کەعبی کوڕی ئەشرەف زۆر داخی لێ هات ، بۆیە وتی : گوایە ئەمە راستە ؟ ئەوانە ماقووڵی عەرەب و پادشای خەڵکن . بە خوا ئەگەر موحەممەد ئەوانەی تێك شکاند بێ ناوسکی زەویی لە پشتی زەویی چاکترە .

کە هەواڵەکە بە لایەوە راست دەرچوو ، دەستی دایە قسە وتن بە پێغەمبەری خوا و موسڵمانەکان و ، ستایش کردنی قورەیش و هەڵنانیان . بەمەش دڵی ئاوی نەخواردەوە ، بەڵکو سواری ولاغەکەی بوو و بەرەو مەککە کەوتە رێ و ، لەوێ لە

---

[٣٥٠] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ٢ / ١٨٤ ، غزوة أحد لمحمد أحمد باشميل : ٥١ ـ ٥٥ ، الرحيق المختوم : ٢٤٥ . بەڵام خاوەنی (الرحيق) پێی وایە کە ئەم هەوڵەی دەعثور لەم غەزایەدا نەبووە .

ماڵی موطەللیبی کوڕی ئەبووەداعەی سەهمیی بووە میوان و ، دەستی دایە شیعر هەڵبەستن و شیوەنکردنی کوژراوانی قورەیش ، تا کەسوکاریان لە دژی موسڵمانان هەڵ بنێ و ، دڵیان بەرامبەر بە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕەق بکات ..

کاتێك کە لە مەککە بوو ئەبوسوفیان و بت پەرستەکانی تریش لیٚیان پرسیی : ئایا دینەکەی ئێمەت بەلاوە خۆشەویستە یان دینەکەی موحەممەد و هاوەڵانی ؟ و کام لەم دوو دەستەیەش لەسەر ڕێبازی حەقن ؟

کەعب وەڵامی دانەوە : ڕێبازی ئێوە زیاتر ڕێبازی هیدایەتە و چاك تریشە . دەربارەی ئەم وەڵامە کە کەعب خۆیشی ئەیزانیی وا نیە ، قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە و باسی خوار و خێچیی ئەو کەسەی ئەکرد کە خۆی بە ئەهلی کیتاب لە قەڵەم ئەدا کەچیی پشتی کافرانیش ئەگرێت :

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ يُؤْمِنُونَ بِٱلْجِبْتِ وَٱلطَّٰغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ هَٰٓؤُلَآءِ أَهْدَىٰ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ سَبِيلًا ﴾ (النساء : ٥١) .

کە کەعب گەڕایەوە مەدینە دەستی دایە باسی ئافرەتانی موسڵمان و ، هێرشیشی ئەکردە سەر پێغەمبەر و هاوەڵانی .

ئەم دژایەتیی و سووکایەتییە گەیشتەوە لای پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر پێی ناڕەحەت بوو ، بۆیە فەرمووی: ((مَن لِكعبِ بن الأشرف؟ فإنه آذى الله ورسوله)) . فەرمووی : کێ کەعبم بۆ لەناو ئەبات ؟ بە ڕاستیی ئازاری خوا و پێغەمبەری دا .. ئەوەبوو موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی ئەوسیی [٣٥١] وتی : من ، ئەی پێغەمبەری خوا ! ئایا پێت خۆشە بیکوژم ؟ فەرمووی : ((نعم)) . کوڕی مەسلەمە وتی : دەی ماوەم بدە قسەت پێ بڵێم . فەرمووی : بڵێ .

لەگەڵ کوڕی مەسلەمەدا چەند خزمێکی ئەوسیی ئامادەیی خۆیان دەربڕیی کە یەکێکیان ئەبونائیلەی برای شیریی کەعبی کوڕی ئەشرەف بوو و ، عەببادی کوڕی

---

[٣٥١] موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی ئەوسیی ئەنصاریی یەکێکە لە هاوەڵە پایەدارەکان و ، یەکێکیشە لە فەرماندە بەناوبانگەکان .. بەشداریی جەنگی ئوحودی کردووە و ، ڕۆژی ئوحودیش یەکێك بووە لەو هاوەڵانەی کە بە دامەزراویی لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ ماوەتەوە . جگە لە جەنگی تەبوك بەشداریی هەموو غەزاکانی کردووە . خەلیفە عومەر بۆ چاودێریی و سەرنج دانی کاری والییەکان بە کاری ئەهێنا . لە سەردەمی ئیمام عەلییدا پشت گیریی هیچ لایەنێکی نەکرد ، بەڵکو کەناری گرت . لە مەدینەدا و لە ساڵی (٤٣) ی کۆچییدا کۆچی دوایی کردووە ، خوا لێی ڕازیی بێ .

بیشری کوڕی وەقش و ، حاریثی کوڕی ئەوس و ، ئەبوعەبسی کوڕی حەبر بـوون و کوڕی مەسلەمەش سەرۆکی هەڵمەتەکە بوو .

ئـەو دەسـتە پاڵەوانـە لـە نێـوان خۆیـاندا کۆبوونەوەیـەکیان ئـەنجام دا تـا نەخشەیەکی رێك و پێك بۆ کوشتنی ئەو خوانەناسە بکێشـن . دوای ئـەوە کـوڕی مەسلەمە هاتە لای کەعب و ، کـوڕی مەسـلەمە دەسـتی کـرد بـە قسـەوتن بـە پێغەمبەر هەتا کەعب متمانەی پێ کـرد .. ئـەوەبوو وتـی : ئـەم پیـاوە ـ واتـە پێغەمبەر ـ داوای خێر و صەدەقەی لێمان کرد ، کەچیی نانی هەموومانی بڕیی .

کەعب وتی : بە خوا لێی بێزار ئەبن .

موحەممەدی کوڕی مەسلەمە وتی : تازە ئێمە شوێنی کەوتووین ، بۆیـە پێمـان خۆش نیە وازی لێ بهێنین ، هەتا بزانین سـەری لـە کوێـوە دەرئەچـێ ؟ جـا ئێمـە ئەمانەوێ ویسقێك یان دوو ویسق خورمامان بە قەرز بدەیتێ .

کەعب وتی : باشە بارمتەم لە لا دابنێن .

کوڕی مەسلەمە وتی : چ شتێکت ئەوێت ؟

وتی : ژنەکانتان بە بارمتە لە لام دابنێن .

وتی : چۆن ئەبێ ژنەکانمان بە بارمتە لات دابنێین و ، تۆش جـوانتـرین پیـاوی عـەرەبی ؟

وتی : دەی کوڕەکانتان لە لام بە بارمتە دابنێن .

وتی : چۆن ئەبێ کوڕەکانمـان بکەیتـە بارمتـە لـە لات ، هـەر کـە یـەکێکیان جنێویان پێ دا پێی بڵێن : تۆ ئەوەیت کە بـۆ ویسـقێك یـان دوو ویسـق کراویتـە بارمتە ؟ ئەمە بۆ ئێمە شوورەیی‌یە . بەڵام ئێمە چەکەکانمان ئەکەینە بارمتە .

ئەویش بەڵێنی پێ دا کە شەو شمشێرەکەی بۆ بهێنێ .

هەروەها ئەبونائیلەش بۆ خۆی هاتـە لای و مـاوەیـەك پێکـەوە شـیعریان وت ، پاشان وتی : کوڕی ئەشرەف ! ماڵت ئاوا بێ ، بۆ پێویستی‌یەك هاتوومەتـە لات و ئەمەوێ لای تۆ بی‌درکێنم بەڵام تۆ ئاشکرای مەکە .

کەعب وتی : وا ئەکەم .

وتی : هاتنی ئەم پیاوە بۆ ناومان بووە بەڵا بۆمان : عەرەب بوونـە دوژمنمـان و، هەموو بە جاریێ هاتن بە گژماندا و ، هەموو رێیەکیان لێمان داخست ، هەتا

ماڵ و منداڵمان تیا چوون و ، نارەحەت بووین و دەستکورتیی تەنگی بە خۆمان و ماڵ ومنداڵمان هەڵ چنی ..

ئەبونائیلە ئەوەشی بردە دڵیەوە کە چەند هاوەڵێکی تری هەن و ، ویستوویەتی ئەوانیش لەگەڵ خۆیدا بهێنێ و ، خورمایان پێ بفرۆشێ .

ئەوەبوو لە شەوی چواردەی مانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی سێهەمی کۆچییدا ئەم کۆمەڵە فیداکارە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ کۆبوونەوە و ، لەو شەوە مانگە شەوەدا هەتا قەبرستانی بەقیع ڕەوانەی کردن و ، پاشان ئامۆژگاریی کردن کە بە ناوی خواوە بکەونە ڕێ و لە خواش پاڕایەوە تا کۆمەکی‌یان بکات کە فەرمووی : ((إِنطلقوا على إِسم الله . أللهم أَعِنهم)) . ئیتر ئەو گەڕایەوە ماڵەوە و ، هەروا خەریکی نوێژکردن و نزا و پاڕانەوە بوو لە خوا .

ئەو دەستە فیداکارەی ئەوس ڕۆیشتن هەتا گەیشتنە قەلاکەی کەعبی کوڕی ئەشرەف . هەر لە دوورەوە موحەممەدی کوڕی مەسلەمە و ئەبونائیلە بانگیان لە کەعب کرد. ئەویش هەستایەوە تا دابەزێتە لایان ، ژنەکەی پێی وت : لەم ساتەدا بۆ کوێ ئەچیتە دەرەوە ؟ من دەنگێك ئەبیستم ئەڵێی خوێنی لێ دائەچۆڕێ .

کەعب وتی : ئەوە موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی برام و ئەبونائیلەی برای شیرییمە .[٣٥٢] پیاوی بەڕێز ئەگەر بە شەودا بانگ بکرێ بۆ لێدانیش هەر ئەڕوات . بەر لەوەی بێتە دەرەوە موحەممەدی کوڕی مەسلەمە وتی : کە هات قژی سەری ئەگرم و بۆنی ئەکەم ، جا کە منتان دیی دەستم لێی گیر بوو بە شمشێر دای بگرنەوە . ئەوەبوو کەعب هاتە دەرەوە و شمشێرەکەشی بە دەستیەوە بوو و ، بۆنی میسکیش لەسەری بەرز ئەبوویەوە .

کوڕی مەسلەمە وتی : تا ئێستە عەتری وەها بۆن خۆشم بۆن نەکردووە . ماوەم ئەدەی سەرت بۆن بکەم ؟ وتی : بەڵێ . ئەوەبوو بۆنی کرد - هەروەها ئەبونائیلەش وەهای کردووە - .[٣٥٣] کە دەستی لە قژی گیر بوو ، داوای لە

---

[٣٥٢] ئەبونائیلە : ناوی سیلکانی کوڕی سەلامەی کوڕی وەقش بووە . وتراویشە : ناوی سەعد بووە و سیلکان نازناوی بووە و ، لەگەڵ کەعبدا برای شیریی یەکتر بوون و ، لە سەردەمی نەفامییدا پێکەوە خۆشیان هاتووە . واقیدییش باسی ئەوەی کردووە کە موحەممەدی کوڕی مەسلەمەش هاوشیری کەعب بووە .

[٣٥٣] لەلای ئیبن هیشام وەها هاتووە کە ئەبونائیلە قسەی بە پێغەمبەر ﷺ وتووە و ، هەر ئەویش دەستی داوەتە قژی کوڕی ئەشرەف هەتا کوشتوویانە . لەوە ئەچێ کوڕی مەسلەمەش و ئەبونائیلەش هەردووکیان قسەیان وتبێ و دەستیشیان دابێتە قژی کەعب .

هاوەڵانی کرد تا بە شمشێر دای بگرنەوە . لە هەموو لایەکەوە شمشێریان ئاراستەی کەعب کرد و ، لە دوا جاردا کوڕی مەسلەمە خۆی دەستی یەکجاریی لێ وەشاند و کوشتی .

کە لێیان دا بە دەنگی بەرز هاوارێکی وەهای کرد دەوروبەری خۆی راچڵەکاند و لەسەر هەموو قەڵاکانەوە ئاگریان کردەوە .

بە نووکی شمشێری هاوەڵان حاریثی کوڕی ئەوس زامدار بووبوو و ، خوێنیشی لێ رۆیشت بوو . جا کە دەستە موسڵمانەکە گەیشتنە (حرة العريض) سەرنجیان دا وا حاریث لەگەڵیان نیە و بەجێ ماوە ، بەڵام چونکە شەو بووە هەستیان پێی نەکردووە . ماوەی سەعاتێك وەستان هەتا ئەویش هات . خێرا هەڵیان گرت و هێنایانەوە . کە گەیشتنە (بقيع) (الله أكبر) یان کرد و ، پێغەمبەری خواش ﷺ گوێی لە تەکبیرەکەیان بوو و، زانیی ئەوانن و کەعبیان کوشتووە ، بۆیە ئەویش تەکبیری فەرموو . کە گەیشتنەوە لای دوعای خێری بۆ کردن و فەرمووی : ((أفلحت الوجوه)) . وتیان : دەم و چاوی خۆت ئەی پێغەمبەری خوا !

ئەوەبوو سەری مل‌هوڕی خوانەناسیان خستە بەر دەستی پێغەمبەری خوا ﷺ و، ئەویش سوپاسی خوای کرد لەسەر کوژرانی و ، تفی موبارەکی خۆیشی لە زامەکەی حاریث دا و چاك بوویەوە و ، دوای ئەوە هیچ ئازارێکی نەبوو .

کە جوولەکە هەواڵی کوژرانی کەعبیان بیست ترس و لەرز دایگرتنەوە و ، بۆیان دەرکەوت کە هەر کەسێ بە ئامۆژگاریی دەست لە خراپە هەڵ نەگرێ ، پێغەمبەری خوا بە هێزی بازووی موسڵمانان دەستی لێ ئەوەشێنێ و خەڵکیشی پێ ژێر ئەکات .[٣٥٤]

شەشەم : غەزای بوحران یان فەردە :

ئەم غەزایە بریتیی بوو لە دووری‌یەیەکی جەنگاوەری گەورە کە لە سێ‌صەد جەنگاوەر پێك هاتبوو و ، پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی فەرماندەی هەڵمەتەکە بوو و، لە مانگی رەبیعی دووهەمی ساڵی سێ‌هەم‌دا بەرەو ناوچەی بوحران ، لە حیجاز رووە و (فەرع) ، رووی داوە . هەردوو مانگی رەبیعی دووهەم و جومادی یەکەم لەوێ مایەوە . پاشان سوپای ئیسلام گەڕایەوە مەدینە و ، تووشی جەنگ نەبوو .

---

[٣٥٤] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ٢ / ٣٩٧ ـ ٣٩٨ ، الرحيق المختوم : ٢٤٥ ـ ٢٤٩ .

شایانی باسە کە سەرچاوە مێژووییەکان لە هۆی ئەم هەڵمەتە جیاوازییان هەیە .[٣٥٥]

حەوتەم : سریەی زەیدی کوڕی حاریثە :

ئەم هەڵمەتە دوامین و سەرکەوتووترین دەوریەی جەنگاوەر بوو کە موسڵمانەکان پێش ئوحود ، لە مانگی جومادی دووهەمی ساڵی سێهەم دا ، ئەنجامیان دا ..

لەوەو پێش قوڕەیش بە تەما بوو غەطەفان و نەوەی سولەیم پارێزگاریی کاروانە بازرگانییەکانی بۆ بکەن ، بەڵام کە سوپای ئیسلام هەڵمەتی بردە سەر ناوچەی ئەو هۆزانە ، ئیتر قوڕەیش تێ گەیشت کە ئەو هۆزانە چاری سوپای بە هەڵمەتی ئیسلام ناکەن ، کە ڕۆژ بە ڕۆژیش لە پەرەسەندنایە . بۆ ئەمە قوڕەیش کەوتە بیرکردنەوە بۆ دۆزینەوە ڕێیەکی گونجاو بۆ هات و چۆی کاروانە بازرگانییەکانیان ، ئەمەش دوای ئەوەی کە حەوت مانگ بەسەر جەنگی بەدردا تێپەڕی بوو و ، وەرزی هاوینیش هاتبووە بەرەوە .

قوڕەیش بۆ فەرماندەیەتیی ئەو ساڵەی کاروانەکانی بەرەو شام صەفوانی کوڕی ئومەییەی هەڵ بژارد بوو ، چونکە یەکێ لە پاڵەوانان و بازرگانە دیارەکانی قوڕەیش بوو . دەربارەی ئەم ئەرکەی و ڕوون کردنەوەی هەڵوێست صەفوان بە قوڕەیشی ڕاگەیاند کە موحەممەد و هاوەڵانی تەنگیان پێ هەڵ چنیون و زیانیان لە بازرگانیی مەککە داوە و ، دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەی نێوان مەدینە و ڕۆخی دەریای سوور دا ئەڕوا و ، دانیشتوانی ئەو ناوچەشیان کردۆتە خۆ و ، زۆربەشیان موسڵمان بوون و ، قوڕەیش هیچی بۆ نەماوەتەوە . خۆ ئەگەر لە ماڵەوە بەتاڵ دائەنیشن ، ئەوا سەرمایەکەیان ئەخۆن و هیچیان لە دەست دا نامێنێت و ، ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی مەککە لەسەر بازرگانیی هاوینە بەرەو شام و ، لەسەر بازرگانیی زستانە بەرەو حەبەشەیە .

پیاوماقووڵانی قوڕەیش کەوتنە وت و وێژ و ، تاوتوێکردنی باسەکە . ئەوەبوو ئەسوەدی کوڕی عەبدولموطەللیب بە صەفوانی وت : واز لە ڕێی کەناری دەریا بهێنە و ، ڕێی عێراق بگرە بەر . دیارە ئەم ڕێگایە زۆر دوور و درێژە و بیابانی نەجد بەرەو شام ئەبڕێ و ، لە خۆرهەڵاتی مەدینەوە ، بەڵام زۆر لە دوورەوە ، تێ

---

[٣٥٥] الرحيق : ٢٤٩ ، غزوة أحد لباشميل : ٥٥ .

ئەپەڕێ . قورەیش لەم ڕێیە زۆر بێئاگا بوو ، بۆیە ئەسوەد بە صەفوانی ڕاگەیاند کە فوراتی کوڕی حەییان ، کە پیاوێکی نەوەی بەکری کوڕی وائیل بوو ، بۆ چاو ساغی ڕێ بە کرێ بگرێ .

صەفوان ئەبوسوفیان و چەند پیاوێکی تریشی لەگەڵدا بوون تا لە پارێزگاریی کاروانەکەدا یارمەتیی بدەن و ، بە بێدەنگ ڕێگا بگرنە بەر ، بەڵکو موسڵمانەکان بەم ڕێیە نەزانن و ، ڕێیان پێ نەگرن .

یەکەم کاروانی مەککە لەو ڕێ تازەوە کەوتە ڕێ .. بەڵام بە ویستی خوا ئەم گەشتە نهێنی‌یە بۆ موسڵمانەکان ئاشکرا بوو ..

ئەوەبوو لە کاتی بەڕێکردنی ئەم کاروانەدا نوعەیمی کوڕی مەسعوود - کە هێشتا موسڵمان نەبوو بوو - لە مەککەدا بوو و ئاگاداری تەگبیر و نەخشەکێشانی قورەیش بوو . دوای ئەوە هاتە سەردانی مەدینە و ، یەکێ لە موسڵمانان هەواڵەکەی بەرگوێ کەوت و گەیاندیە پێغەمبەری خوا ﷺ ..

ئەوەبوو سولەیطی کوڕی نوعمان ، کە موسڵمان بووبوو ، ئامادەی کۆڕی عەرەق خواردنەوە بوو ، ئەمەش پێش حەرام بوونی عەرەق و ، نوعەیمی کوڕی مەسعوودیش لەوێ ئامادە بوو .. کە نوعەیم سەرخۆش بوو ، بە درێژە باسی کاروانە بازرگانی‌یەکەی کرد کە بە سەرکردایەتیی صەفوانی کوڕی ئومەییە کەوتۆتە ڕێ و ، باسی ڕێی تازەی کرد ..

سولەیط کە ئەمەی بیست خێرا هەستا و هەواڵەکەی گەیاندە پێغەمبەری خوا ﷺ .

خێرا پێغەمبەری خوا ﷺ سوپایەکی خنجیلانەی لە هاوەڵانی پێك هێنا کە صەد جەنگاوەر ئەبوون و زەیدی کوڕی حاریثەشی کردە ئەمیریان و ، بە پەلە خۆیان گەیاندە سەر ڕێی کاروانەکە و ، نەیانهێشت دەنگ و باسی ئەم هەڵمەتە بگاتە لای صەفوان و ، لە کاتێکدا کە لەسەر ئاوێکی وڵاتی نەجد کە پێی ئەوترا (قەردە) کاروانەکە بۆ حەسانەوە خستبوویان ، سوپای موسڵمانەکان لە ناخۆڵ دا دایان بە سەریاندا و ، دەستیان بەسەر کاروانەکەدا هەرهەمووی گرت و ، صەفوان و پاسەوانەکانی کاروانەکە ئەوەندەیان پێ کرا خۆیان هەڵێن و ، بەبێ دەست کردنەوە کاروانەکە بە دەستەوە بدەن . دەست کەوتی ئەم کاروانە بە یەکەم دەست کەوتی جەنگ ئەژمێررا کە تا ئەو کاتە موسڵمانەکان دەستیان کەوتبوو .

موسڵمانەكان چاوساغی كاروانەكەیان بە دیل گرت كە فوراتی كوڕی حەییان بوو لەگەڵ دوو پاسەوانی تردا و ، دەستكەوتێكی زۆریان لە قاپ و قاچاخ و زیوی باری كاروانەكە ، هێنایەوە كە ئەوەندە زۆر بوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ پێنج یەكی لێ جیا كردەوە كە بیست و پێنج هەزار دیرهەم بوو و ، ئەوی تریشی بەسەر موسڵمانەكانی ئەم سریەیەدا دابەش كرد و ، فوراتیش لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ موسڵمان بوو .

ئەم دەست وەشاندنەی موسڵمانەكان بەلایەك و لێقەومانێكی تر بوو كە دوای بەدر تووشی قورەیش بوو ، بۆیە خەم و خەفەت هەموویانی داگرت و ، بە هیچ شێوەیەك ئارامیان لا نەمابوو ، بۆیە بڕیاریان هاتە سەر ئەوە كە ئەبێ تۆڵە لە موسڵمانەكان بكەنەوە و جەنگێكی ناهەموار بەرپا بكەن .. هەرواش بوو جەنگی ئوحودیان هەڵ گیرساند .[٣٥٦]

[٣٥٦] غزوة أحد لباشميل : ٥٥ ـ ٦٠ ، والرحيق : ٢٤٩ ـ ٢٥١ .

بەشی بیست و پێنجەم
غــەزای ئــوحــود

یەکەم : هۆی بەرپابوونی ئەم جەنگە :

ئەم جەنگە گــەورە و ناهــەموارە لــە رۆژی شــەممەی پــانزەهــەم رۆژی مــانگی شەووالی ساڵی سێهەمی کۆچییدا لــە نێــوان موســڵمانەکان و بــتپەرســتەکانی مەککەدا رووی دا ..

ئــەم جەنگــە دووهــەم جــەنگی خوێنــاویی بــوو کــە موســڵمانەکان دژی بــت پەرستەکانی مەککە ئەنجامی بدەن ..

ئەم جەنگە بە پێی خۆئامادەکردن و زۆریی سەرباز لە جەنگی بەدر بە گــەورەتر لە قەڵەم ئەدرێت ..

هۆی بەرپابوونی ئەم جەنگە سەختە ئەوەبوو کە کاتێك قورەیش لە بــەدردا دۆڕا و ، موسڵمانەکان دەستێکی چاکیان لە فەرمانــدە و پاڵــەوان و ، پیاوماقووڵانیــان وەشاند و ، ئابڕووی قورەیشیان لەناو دوورگەی عەرەبییدا برد ، قورەیش بڕیاریــان دا کە تۆڵە لە موسڵمانەکان بکەنەوە ، بەوەی کە هێرش بکەنە ســەر مەدینــە و ، وەك چۆن موسڵمانەکان ئەبوجەهلی ســەرۆکیان کوشــت و حــەفتا لــە پاڵــەوانانیان کوشتن و حەفتاشیان لێ بەدیل گرتن ، وەها ئەوانیش پێغەمبەری خوا ﷺ بکــوژن و ئەوەندەش لەوان بکــوژن و بــە دیــل بگــرن . هــەتا ئــەوەبوو قــورەیش گریــان و شیوەنیان لە کەس وکاری کوژراوان قەدەغــە کــرد و ، داواشــیان کــرد زوو بــە زوو نەچن بە دەم دیلەکانەوە و لە فیدیەدانیش پەلە نەکەن ، تا موسڵمانەکان هەســت نەکەن ئەمان چەندە خەم بار و لێقەوماون .

ئەوەبوو سەردارانی مەککە ســەریان لــە یــەکتریی ئــەدا و ئــەو خەجاڵــەتیی و سەرشۆڕییەیان بــیری یــەکتر ئەخســتەوە ، کــە مەگــەر بــە دەســت وەشــاندن لــە موسڵمانەکان جارێکی تر سەریان بەرز ببێتەوە . بەڵام عیکریمەی کوڕی ئەبوجەهل و ، صەفوانی کوڕی ئومەییە و ، ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب و ، عەبدوڵڵای کــوڕی ئەبوڕەبیعە لە هەموو کەس زیاتر دڵیان بۆ ئەو جەنگە چاوەڕوان کــراوە ئــەگرا و ،

بەوپەڕی چالاکی‌یەوە خەڵکیان بۆ جەم ئەکرد و هانیان ئەدان . ئەمەش لەبەر ئەوەی کە ئەمان لە هەموو کەس زیاتر کۆستیان کەوتبوو .

لە کاتێك‌دا کە قورەیش سەرگەرمی ئەمە بوون ، موسڵمانەکانیش دەستەپاچە دانەنیشتبوون ، بەڵکو خەریکی چالاکیی خۆیان و ، خۆ ڕێك خستن بوون ، تا لە مەدینەدا دەسەڵاتیان بە هێزتر بێ و ، بناغەی بانگەوازەکەیان بە هێزتر بکەن .

یەکەم کارێك کە قورەیش ئەنجامی دا ئەوەبوو بڕیاریان دا ئەو کاروانەی کە پێش بەدر ڕزگاری بوو و ، بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی بەدر ، بکەنە مەسرەفی جەنگ ، بۆیە بە خاوەن پارە و سامانەکانیان وت : ئەی کۆمەڵی قورەیش ! موحەممەد پشتی ئێوەی شکاند و ، پیاوە چاکەکانتانی کوشت . جا ئێوە بەم پارەیە یارمەتییمان بدەن لەگەڵیا بجەنگێین ، بەڵکو تۆڵەی لێ بکەینەوە .. ئەوانیش هەموو بە گوێ‌یان کردن و ، کاروانەکەیان ـ کە هەزار وشتر و پەنجا هەزار دینار ، واتە پەنجا هەزار مسقاڵ زێڕ ، بوو ـ بۆ ئەو کارە تەرخان کرد ..

دەربارەی ئەم هەڵوێستە چەوتەی قورەیش قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە و ، ورەی موسڵمانەکانی بەرز کردەوە کە ئەو خوانەناسانە کە ماڵ و سامانەکەیان بۆ دژایەتیی دینی خوا خەرج ئەکەن ، ئەوانە تەنها هەناسە هەڵ کێشانی پەشیمانی‌یان بۆ ئەمێنێتەوە و لە ئەنجامیش‌دا ئەدۆڕێن کە ئەفەرموێ :

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ لِيَصُدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَ ﴾ (الأنفال : ٣٦) .

قورەیش هەر بەوەوە نەوەستا کە دانیشتوانی مەککە هەڵ بنێین بۆ جەنگ ، بەڵکو کەوتنە ڕازیی‌کردنی هاوپەیمانەکانیان لە ئەحابیش و ، هۆزەکانی دەوروبەری مەککە لە کینانە و دانیشتوانی توهامە و ، هەموو جۆرە شێوازێکیان بۆ ڕازیی‌کردنی خەڵك بەکار هێنا . ئەوەبوو صەفوانی کوڕی ئومەییە خۆی گەیاندە لای ئەبوعیززەی شاعیر ، کە لە بەدردا بە دیل گیرابوو و ، لە بەر هەژاریی و دەست‌کورتیی و منداڵی وردی پێغەمبەری خوا ﷺ بەزەیی پیایا هاتەوە و ، بەبێ فیدیە بەرەڵای کرد و ، بەڵێنی لێ وەرگرت کە لە دژی چەك هەڵ نەگرێ .. صەفوان کەوتە هەڵ نانی ئەبوعیززە و بەڵێن پێ‌دانی کە ئەگەر لەم جەنگەدا بە سەلامەتیی گەڕایەوە ئەوا ئەوەندە پارەی بداتێ تا دەوڵەمەند ببێ و ، گەر نەش

گەڕایەوە چاوی لە کچەکانی بێ و ، وەك کچەکانی خۆی سەرپەرشتی‌یان بکات ، بەو مەرجەی هۆزەکانی دەوروبەری مەککە هەڵ بنێ و ، بۆ جەنگی موسڵمانەکان کۆیان بکاتەوە .. لە سەرەتاوە کابرا حەزی نەئەکرد بەشداریی بکات و ، ئەی وت کە موحەممەد بەبێ فیدیە ئازادی کردووم و حەز ناکەم دژایەتیی بکەم . بەڵام صەفوان کۆڵی نەدا هەتا ئەو بەدبەختەی رازیی کرد . ئیتر ئەبوعیززە دەستی دایە هەڵ نانی نەوەی کینانە و دانیشتوانی توهامە لە دژی پێغەمبەری خوا ﷺ و ، بە شیعر خوێندن دڵیانی ئەهێنایە جۆش .

هەروەها شاعیرێکی تریشیان بۆ ئەم مەبەستە بەکار هێنا کە ئەویش موسافیعی کوڕی عەبدمەنافی جومەحیی بوو . هەروەها ئەبوعامیری راهیب یش ، پێغەمبەری خوا ﷺ ناوی نا ئەبوعامیری فاسق ، بە هەمان شێوە هۆزەکانی لە دژی موسڵمانان هەڵ ئەنا..

هۆیەکی تریش بۆ زیاتر دڵ گەرم بوونی قورەیش بۆ هێرش کردنە سەر موسڵمانەکان ، ئەو زیانە گەورەبوو کە موسڵمانەکان لە قورەیشیان خست ، ئەویش بە دەست گرتنیان بەسەر کاروانە قورەیشی یەکەدا ، کە ئەوەبوو لە مانگی جومادی دووهەمی ساڵی سێ‌هەم‌دا بە سەرکردایەتی زەیدی کوڕی حاریثە رێیان پێ گرت ، کە بە راستیی پشتی ئابووریی مەککەی شکاند و ، مەککەی تووشی خەفەتێکی زۆر کرد ..[٣٥٧]

دووهەم : فەرماندە و ژمارەی سوپای قورەیش :

دانیشتوانی مەککە هەروا خەریکی خەڵك کۆکردنەوە بوون بۆ جەنگی موسڵمانان ، تا ئەوەبوو ژمارەی سەربازەکانیان گەیشتە سێ هەزار جەنگاوەر ، کە دوو هەزار و نۆصەدیان لە قورەیش و هاوپەیمان و هاوکۆمەك و ئەحابیشەکان و،[٣٥٨] صەد کەسیشیان لە هۆزەکانی کینانە بوون .

---

[٣٥٧] غزوة أحد لباشميل : ٦١ ـ ٦٥ ، الرحيق : ٢٥٢ ـ ٢٥٣ ، السيرة النبوية لأبـــي شهبة : ٢ / ١٨٦ .

[٣٥٨] ئەحابیش : بە چەند هۆزێك ئەوترێت کە قورەیشیی نەبوون ، وەك نەوەی موصطەلەق و نەوەی هەون، کە بوونە هاوپەیمانی قورەیش .. بە هۆی ئەوەشەوە ناونران ئەحابیش ، ئەوەبوو لە نزیك چیایەك‌دا کە ناوی (حبشيى) بوو ، لە باشووری مەککە ، لەگەڵ قورەیش‌دا کۆبوونەوە و ، پەیمانیان دا کە هەتا شەو تاریکایی و رۆژ رووناکیی بهێنێ و، هەتا چیای (حبشيى) لە شوێنی خۆی‌دا بێ ، یەك دەست و یەك دڵ لەگەڵ قورەیش‌دا بن دژی هەر کەسێك کە دژی قورەیش بوەستێ ..

ئەم سوپا گەورەیە ، کە دوورگە هێشتا سوپای وەهای بە خۆیەوە نەدیی بوو ، سێ هەزار وشتری لەگەڵدا بوو بۆ سوارییی و ، بار هەڵگرتن و ، دووصەد ئەسپیش بۆ سوارچاکان ، هەرچەندە لە (فتح الباري) دا صەد ئەسپ باس کراوە . بۆ پارێزگاریی جەنگاوەرانیش شەش‌صەد یان حەوت‌صەد قەڵغانیان پێ بوو ..

قورەیش ، بۆ فەرماندەی گشتیی ئەم هەڵمەتە گەورەیە ، ئەبوسوفیانی کوڕی حەربی هەڵبژارد و ، بۆ فەرماندەی سوارچاکانیش خالیدی کوڕی وەلیدی [359] هەڵ بژارد و ، عیکریمەی کوڕی ئەبوجەهلیش یارمەتی‌دەری بێت .. هەڵگرتنی ئاڵای سوپاش وەك لەوەو پێش بە نەوەکانی عەبدوددارى کوڕی قوصەی سپێررا .

سەرەتا ئاڵا بە دەست طەلحەی کوڕی ئەبوطەلحەی عەبدەری‌یەوە بوو ، کە ئەم پیاوە یەکەم پیاوی کوژراو بوو لە هەڵگرانی ئاڵای قورەیش ، کە ئەوەبوو لە سەرەتای جەنگ‌دا موسڵمانەکان تاقیان لێ بڕینەوە ، بە شێوەیەك کە ئاڵای قورەیش کەوتە زەویی و ، تێك شکان .. [360]

سێهەم : بەشداریی ئافرەتانی قورەیش :

دوای تەگبیری جەنگ هاتنە سەرباسی بەشداریی ئافرەتان . لە هەموو کەس زیاتر هیندی کچی عوتبە سوور بوو لەسەر بەشداریی ئافرەتان لەم جەنگەدا .. ئەوەبوو قیژاندی بەسەر ئەوانەدا کە نەیان‌ئەویست بەشداریی بکەن و ، لەسەر رای

---

[359] خالیدی کوڕی وەلیدی کوڕی موغیرەی مەخزوومیی قورەیشی‌یە ، کە بە شمشێری خوا ناسراوە و ، فەرماندەی سەرکەوتووی ناودار و هاوەڵی فیداکار و رزگارکەری مرۆڤەکانە . لە سەردەمی نەفامیی‌دا یەکێك بووە لە ناودارانی قورەیش .. پاڵەوانی جەنگ و سوارچاکی بێ‌وێنە بووە .. لە هەموو جەنگەکان‌دا هەتا عومرەی حودەیبیە لەگەڵ موسڵمانەکان‌دا جەنگاوە ، تا ئەوەبوو خوا هیدایەتی دا و ، پێش فەتحی مەککە و ، لە ساڵی حەوتەمی کۆچیی‌دا ، پێش جەنگی موئتەش ، لەگەڵ عەمری کوڕی عاص‌دا ، پشتی سەربازگەی قورەیشیان شکاند و ، هاتن موسڵمان بوون .. پێغەمبەری خوا ﷺ بە موسڵمانبوونی زۆر گەشایەوە ، ئەوەبوو کردیە فەرماندەی سوارچاکان و، دوای کەمێك جەنگی موئتە رووی دا و ، بە حەکیمانە سوپا خنجیلانەکەی ئیسلامی لە ژێر چنگی سوپا بێ‌شومارەکەی رۆم رزگار کرد و بە سەری بەرزەوە گەڕایەوە مەدینە . لە جەنگی پاشگەزبووەکان‌دا ئەبوبەکر ناردی بۆ ناوچەی نەجد و دوای کوشتنی موسەیلەمەی درۆزن ، دانیشتوان گەڕانەوە سەر ئیسلام . لە ساڵی دوانزەهەمی کۆچییش‌دا رووی لە عێراق نا و بەشێکی زۆری عێراقی رزگار کرد . پاشان بە فەرمانی خەلیفە ئەبوبەکر بەرەو شام کەوتە رێ و ، لەوێ بووە فەرماندەی سوپای موسڵمانان و ، دوای وەفاتی ئەبوبەکر ، عومەر خالیدی لە فەرماندەیەتیی خست و ئەبوعوبەیدەی لە جێی دانا . خالید دەستی سارد نەبۆوە ، بەڵکو مەردانە کۆششی ئەکرد هەتا ئەوەبوو لە ساڵی (١٤) ی کۆچیی‌دا خوا سەرکەوتنی بە موسڵمانەکان بەخشیی . دەربارەی خالید ئەبوبەکر فەرموویە : ئافرەتان ناتوانن پیاوێکی تری وەك خالید ببینن . بوخاریی و موسلیم (١٨) فەرموودەیان لە خالیدەوە ریوایەت کردووە . سەرەنجام لە ساڵی (٢١) ی کۆچیی‌دا لە سوریا و لە شاری حیمص کۆچی دوایی کرد .

[360] الرحيق : ٢٥٣ ، غزوة أحد لباشميل : ٦٥ ـ ٦٧ .

خۆی پێی داگرت ، تا ئەوەبوو پانزە ئافرەتی ناوداری قورەیش لەم جەنگەدا ، بۆ هەڵنانی پیاوان و هەڵ نەهاتنیان لە جەنگ ، بەشداری‌یان کرد ، کە ئەمانە هەندێکیانن :

١ ـ هیندی [٣٦١] کچی عوتبەی کوڕی ڕەبیعەی هاوسەری ئەبوسوفیان .

٢ ـ ئوم حەکیمی [٣٦٢] کچی حاریثی کوڕی هیشامی کوڕی موغیرەی هاوسەری عیکریمەی کوڕی ئەبوجەهل .

٣ ـ فاطیمەی [٣٦٣] کچی وەلیدی کوڕی موغیرەی هاوسەری حاریثی کوڕی هیشامی کوڕی موغیرە .

٤ ـ بەرزەی کچی مەسعوودی کوڕی عەمری ثەقەفیی [٣٦٤] هاوسەری صەفوانی کوڕی ئومەییە .

٥ ـ ڕەیطەی کچی مونەببیهی کوڕی حەجاجی سەهمیی [٣٦٥] هاوسەری عەمری کوڕی عاص .

٦ ـ سەلافەی کچی سەعدی کوڕی شەهیدی ئەنصاریی ئەوسیی ، [٣٦٦] هاوسەری طەلحەی کوڕی ئەبوطەلحە .

٧ ـ خوناسی کچی مالیکی کوڕی میضرەب ، کە ئافرەتێکی نەوەی مالیك بوو لەگەڵ ئەبوعەزیزی کوڕی عومەیری کوڕیدا . ئەم ئافرەتە دایکی موصعەبی کوڕی عومەیری هەڵ گری ئاڵای موسڵمانەکان بوو .

---

[٣٦١] ژیانی ئەبوسوفیان و هیندی هاوسەری لە ژیان‌نامەی موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان‌دا خوا لێ‌یان ڕازیی بێ بە درێژە باس کراوە .

[٣٦٢] شتێك لە هەڵوێستی ژیرانە و مەردانەی ئەم ئافرەتە بەڕێزەش لەگەڵ ژیان‌نامەی عیکریمەی هاوسەری‌دا نووسراوە .

[٣٦٣] فاطیمەی کچی وەلید خوشکی خالیدە و ، ڕۆژی فەتحی مەککە موسڵمان بووە و بەیعەتی بە پێغەمبەری خوا ﷺ داوە . هاوەڵێکی بەڕێزی ژیر و بەسەلیقە بووە ، بە جۆرێ کە لە هەندێ کاروباردا خالیدی برای پرسی پێ کردووە . تەنها یەك فەرموودەی ڕیوایەت کردووە .

[٣٦٤] بەرزەی کچی مەسعود لە ڕۆژی فەتح‌دا لەگەڵ صەفوانی مێردی‌دا موسڵمان بوون .

[٣٦٥] ڕەیطەی کچی مونەببیه دایکی هاوەڵی خواناس و دنیانەویست عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص بووە ، دوای مێردەکەی موسڵمان بووە ، لە ڕۆژی فەتح‌دا و بەیعەتیشی بە پێغەمبەری خوا ﷺ داوە . شایانی باسە کە عەمری هاوسەری لەگەڵ خالیدا لە ساڵی حەوتەم‌دا بوو خۆیان گەیاندە مەدینە و موسڵمان بوون .

[٣٦٦] سەلافە دایکی عوثمانی کوڕی طەلحەیە ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا بانگی کرد و کلیلەکانی کەعبەی دایە دەست . لە جەنگی ئوحوددا طەلحەی مێردی سەلافە ، کە فەرماندەی هەڵ گرانی ئاڵای قورەیش بوو کوژرا و ، لە ڕۆژی فەتح‌دا کلیلی کەعبە بە لای ئەم ئافرەتە بەڕێزەوە بوو و ، لە ساڵی فەتح‌دا موسڵمان بووە و بە پلەی هاوەڵیی گەیشتووە .

٨ ـ عومەرەی کچی عەلقەمە ، کە یەکیێ لە ئافرەتانی نەوەی حاریثی کوڕی عەبدمەنات بوو لە هۆزی کینانە .[٣٦٧]

چوارەم : سوپای مەککە ئەکەوێتە ڕێ :

بەر لەوەی سوپای مەککە بکەوێتە ڕێ و ، هێشتا لە مەککەدا بوو ، جوبەیری کوڕی موطعیم[٣٦٨] بانگی کردە غولامێکی حەبەشیی خۆی کە ناوی وەحشیی[٣٦٩] بوو و ، بە وێنەی حەبەشی یەکان حەربەکەی خۆی ئەهاویشت و کەم هەڵەی ئەکرد. بانگی کرد و داوای لێ کرد کە لەگەڵ سوپادا بکەوێتە ڕێ و ، لە کاتی جەنگ دا نیشانەی حەمزەی کوڕی عەبدولموطەللیب بگرێت و بە حەربەکە بی کوژێ ، ئەوەبوو پێی وت : ئەگەر تۆ توانیت لە بری طوعەیەی کوڕی عەدیی مامەم دا (کە ڕۆژی بەدر حەمزە کوشتبووی) حەمزەی مامەی موحەممەد بکوژیتەوە ، ئەوا ئازاد بە . هەروەها هیندیش بۆ کوشتنی حەمزە وەحشیی هەڵ ئەنا لەسەر ئەوەی کە خۆشەویستانی ئەویشی لە بەدردا کوشتبوو .

دوای ئەوەی کە هەموو پێویستیی و کەرەسەیەکی جەنگ ئامادە کرا ، سوپا گەورەکەی قورەیش ، بە دڵێکی پڕ لە قین و قارەوە بۆ کوشتن و بڕین و تۆڵەسەندن، بەرەو مەدینەی پایتەختی موسڵمانان کەوتە ڕێ ..

سوپای مەککە ئەمجارە وەك سوپاکەی بەدریان نەبوو .. یەکجار ڕێك و پێکیی پێوە دیار بوو .. فەرماندەکان هیچ جیاوازیی و دووبەرەکی یەك لە نێوانیان دا ڕووی نەدا هەتا کۆتایی بە جەنگ هات و گەڕانەوە دوا ..

---

[٣٦٧] غزوة أحد لمحمد أحمد باشميل : ٦٧ ـ ٦٩ .

[٣٦٨] جوبەیری کوڕی موطعیمی کوڕی عەدیی کوڕی نەوفەلی کوڕی عەبدمەنافی قورەیشیی لە سەردەمی نەفامیی‌دا یەکێ بووە لە سەردارانی قورەیش . بە چاکیی موسڵمان بووە و ، هاوەڵێکی چاکی پایەداری لێ دەرچووە و ، بۆتە یەکێ لە کەڵە زانا و سەردارانی قورەیش و ، لە ناسینی ڕەچەڵەکیش‌دا دەستێکی باڵای هەبووە . بوخاریی و موسلیم (٦٠) فەرموودەیان لێیەوە ڕیوایەت کردووە . ساڵی (٥٩) ی کۆچیی کۆچی دوایی کردووە ، خوا لێی ڕازیی بێ .

[٣٦٩] وەحشیی کوڕی حەرب ، ئەبودەسمە ، لە بەندەکانی نەوەی نەوفەل بووە و ، لە سەردەمی نەفامیی‌دا یەکێ بووە لە بەندە پاڵەوانە ئازادکراوەکان .. لە ئوحوددا حەمزەی شەهید کردووە و ، لەگەڵ نوێنەری طائیف دا هاتۆتە مەدینە و موسڵمان بووە و ، بۆتە هاوەڵ . بەشداریی جەنگی پاشگەزبووەکانی کردووە و ، یەکێ بووە لەو دوو کەسەی کە موسەیلەمەی درۆزنیان کوشتووە . دوایی ئەی وت : بەم حەربەیەم چاکترین کەسم کوشتووە (واتە حەمزە) و ، خراپترین کەسیشم کوشتووە (واتە موسەیلەمەی درۆزن) . لە شاری حیمص و لە ساڵی (٢٥) کۆچیی‌دا کۆچی دوایی کردووە .

سوپای قورەیش ڕێی بڕیی هەتا گەیشتە ناوچەی ئەبواء ، کە لەو شوێنەدا ئامینەی دایکی پێغەمبەری خوا ﷺ نێژراوە . کە گەیشتن هەندێ لە هەرچیی و پەرچی‌یان ویستیان قەبرەکەی بکەننەوە ، بەڵام سەرۆکەکانیان بەوە رازیی نەبوون تا ئەوە نەبێتە باوێکی ناشیرین لەناو عەرەبدا و وتیان : شتی وەها باس نەکەن ، ئەگەر ئێمە شتی وەها بکەین ئەوا نەوەی بەکر و نەوەی خوزاعەش قەبری مردووەکانی ئێمە ئەکەننەوە .

هەروەها قورەیش هاتن تا ئەوەبوو لە لاپاڵێکی کێوی ئوحود دا ، کە پێنج میل لە مەدینەوە دوور بوو ، خستیان .[٣٧٠]

پێنجەم : هەواڵی قورەیش ئەگاتە مەدینە :

وەك لە جەنگی بەدردا باسمان کرد ، ئەوەبوو عەبباسی مامەی پێغەمبەری خوا ﷺ دوای فیدیەدانی لە دیلیی ئازاد کرا و گەڕایەوە مەککە . جا هەر چەندە موسڵمان‌بوونی خۆی ئاشکرا نەکردبوو ، بەڵام دڵسۆزی موحەممەدی برازای بوو و ، ئەترسا تووشی زیان ببێ ، بۆیە بە وردیی چاودێریی هەڵس و کەوت و جم و جوولّی سوپای قورەیشی ئەکرد ..

ئەمجارەش کە قورەیش لەشکری پێکەوە ناوە و ، وا بەرەو مەدینە ئەکشێ ، عەبباس ئاگاداری هەموو شتێ بوو ، بۆیە وای بە چاك زانیی بە نامەیەك بە دوور و درێژیی موحەممەدی برازای لە سوپای مەککە ئاگادار بکات ..

ئەوەبوو پیاوێکی متمانەپێ‌کراوی لە هۆزی غیفار بۆ ئەم کارە گرنگە هەڵ بژارد و ، فەرمانی پیا دا کە بە پەلە خۆی بگەیەنێتە مەدینە . کابرا لە ماوەی سێ ڕۆژدا ئەو ڕێ دوورەی بڕیی ، کە پێنج صەد کیلۆمەتر ئەبوو و ، بە شێوەی ئاسایی لە دە ڕۆژ کەمتردا نەئەبڕا . گەیشتە مەدینە و نامەکەی لە مزگەوتی قوبادا دایە دەستی موبارەکی پێغەمبەری خوا ﷺ ..

جا لەبەر ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ خوێندەواریی نەبوو نامەکەی دایە دەست ئوبەی کوڕی کەعب[٣٧١] تا بۆی بخوێنێتەوە . دوای ئەوەی کە لە ناوەرۆکی

---

[٣٧٠] السيرة النبوية لأبي شهبة : ٢ / ١٨٧ . غزوة أحد لمحمد أحمد باشميل : ٧١ ، الرحيق المختوم : ٢٥٤ .

[٣٧١] ئوبەی کوڕی کەعبی کوڕی قەیس کوڕی عوبەیدی ئەنصاریی نەججاریی ، سەرداری قورئان خوێنانە و ، هاوەڵێکی پایەدارە و ، ئامادەی پەیمانی عەقەبەی دووهەم بووە و ، بەشداریی بەدر و هەموو ڕووداوەکانی تری لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ کردووە . عومەری کوڕی خەططاب ناوی سەرداری موسڵمانانی لێ نابوو . یەکەم کەس بوو کە نامەی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ نووسیی و ، یەکێکیش بوو لەو شەش کەسەی کە لە مەدینەدا

نامەکە گەیشت ، فەرمانی بە ئوبەی دا هیچیٚ لە نامەکە لای کەس نـەدرکێنیٚ . پاشان هەواڵی بە چەند هـاوەڵێکی دا و فـەرمانی دا ئـەوانیش لای کـەس باسـی نەکەن . یەکیٚ لەو هاوەڵانەی کە بە تایبەتیی لەو هەواڵـە ئاگـادار کـرا سـەعدی کوڕی ڕەبیع بوو و ، کە ئەوەی بیست وتی : بـەخوا هیـوادارم خێـری پێـوە بـیٚ . پێغەمبـەر ﷺ فـەرمانی دا کـە لـەلای هـیچ کـەس باسـەکە نـەدرکێنیٚ . کـە پێغەمبەری خوا ﷺ لەلای سەعد تەشریفی بردە دەرەوە ، ژنەکەی پرسیی : ئـەوە پێغەمبەری خوا چیی پیٚ فەرمووی ؟

وتی : ئافرەت چیت داوە لەوە ؟ وتی : بە گوێوە بووم چیی پێت فەرموو . ئـەو باسەی بۆ مێردەکەی گێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە نهێنیی پێی فـەرموو . سەعد ئیسترجاعی کرد و دەستی ژنەکەی گرت و بە پەلە خۆی گەیانـدە خزمـەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و هەواڵەکەی دایە و وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ترسام ئـەم هەواڵە بڵاوە بکات و ، تۆش وا بزانی کە من بڵاوم کردۆتەوە ، لـە کاتێـك‌دا کـە فەرمانت داوە نەی‌درکێنم . فەرمووی : وازی لیٚ بهێنە .

جا بۆ ساغ کردنەوەی ئەم هەواڵە ، پێغەمبـەری خـوا ﷺ دوو بـرای بـە نـاوی ئەنەس و موئنیس کوڕانی فوضالە ناردن تا هەواڵی قوڕەیشی بـۆ وەربگـرن . کـە ڕۆیشتن ئەبینن سوپایەکی گەورەی قوڕەیش چەند میلێك لـە مەدینـەوە دوورە و ، شیوی عەقیق ی گرتۆتە بەر و بە لای ڕاست‌دا گەیشتۆتە شـیوی (القناة) و ، لـە باکووری مەدینەدا و ، لە شوێنێکی نزیکی چیای (عینین) ، کە لەمەو دوا ناونرا چیای (الرماة) ، هەڵی داوە و ، لەوەدا نـەماوە بـە شـێوەی هـەواڵێکی نهێنیـی بمێنێتەوە . هەروەها بە دوای ئەو دوانەدا حوبابی کوڕی مونذیـریش ڕەوانـە کـرا و هەمان هەواڵی هێنایەوە .[٣٧٢]

شەشەم : خۆ ئامادەکردنی مەدینە :

سوپای قوڕەیش لە ڕۆژی جومعەی چواردەهەم ڕۆژی مـانگی شـەووالی سـاڵی سیٚهەمی کۆچیی‌دا لە نزیك کێوی ئوحوددا جێگیر بوو .[٣٧٣]

فەتـوایان ئەدا . خەلیفە عومەر دەربارەی کاری گرنگ پرسیاری لیٚ ئەکرد و داوای چارەسەریی گیروگرفتی لیٚ ئەکرد . صەد و پەنجا و حەوت فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ریوایەت کردووە و ، لە ساڵی (٣٠) کۆچیی‌دا و لە سەردەمی خەلیفە عوثمان‌دا کۆچی دوایی کردووە .

[٣٧٢] غزوة أحد : ٧١ ـ ٧٥ ، الرحيق : ٢٤٥ ، السيرة النبوية لأبي شهبة : ٢ / ١٨٧ .

[٣٧٣] لە الرحيق المختوم دا : ٢٥٥ وا هاتووە کە لە شەشەم ڕۆژی شەووال‌دا بووە .

لەگەڵ ئەم ڕووداوەدا موسڵمانان کەوتنە خۆ و ، هەرچیی پیاویان هەبوو داوایان لێ کرا ئامادە بن و ، بە هیچ شێوەیەك بێچەك نەبن . هەتا لە کاتی نوێژیش‌دا ئامادەیی هەموو ڕووداوێك بن ، بە تایبەتیی بەشی زۆری هاوەڵان لە مزگەوتی پێغەمبەر ئەمانەوە ، بۆ پارێزگاریی لە پێغەمبەری خوا ﷺ . هەتا لە هەموو دەرگا و کەلەبەرێکی شاریش‌دا پاسەوانیان دانا .

بەڵێ ، ئەنصار زۆر بە ئیخلاصەوە پاسەوانیی پێغەمبەری خوایان ﷺ ئەکرد ، بە تایبەت سەردارەکانیان وەك سەعدی کوڕی موعاذ و ، ئوسەیدی کوڕی حوضەیر و، سەعدی کوڕی عوبادە . شەو بە چەکەوە لەبەر دەرگاکەی‌دا ئەمانەوە .

هەواڵ زانانی سوپای مەدینە هەواڵ لە دوای هەواڵ و ، ڕووداو لە دوای ڕووداو هەموو شتێکیان ئەگەیاندە سەرکردایەتیی مەدینە . جا کە هەواڵی گەیشتنی سوپای مەککە ساغ بوویەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ کۆبوونەوەیەکی گەورەی لەگەڵ سەردارانی موسڵمانان‌دا کرد ، تا بە ڕاگۆڕینەوە بگەنە ئەنجامێکی باش تا بزانن چ هەڵوێستێك بگرنە بەر ، بۆ پەرچ‌دانەوەی ئەم هێرشەی قوڕەیش کە بە هەموو توانایەکیانەوە هاتوون بۆ قەڵاچۆکردنی موسڵمانان و ، ڕووخاندنی دەوڵەتە ساواکەیان .

ئەو کۆبوونەوەیە لە ڕۆژی جومعەدا بوو و ، عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوولی سەرۆکی مونافیقانیش لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە بوو . ئەوەبوو لە شەوی ئەو جومعەیەدا پێغەمبەری خوا ﷺ خەوێکی بینیی و ، لەو کۆڕە گرنگەدا بۆ هاوەڵانی گێڕایەوە و فەرمووی : ((إني قد رأيت والله خيراً ، رأيت بقراً تُذبح ، ورأيت في ذباب سيفي ثلماً ، ورأيت أني أدخلتُ يدي في درع حصينة ، فأوَّلتُها المدينة)) . فەرمووی : خەوێکم دیوە خوا بە خێری بگێڕێ . چەند گایەکم دیتن کە سەر ئەبڕان و ، دیتم نووکی شمشێرەکەشم کەل بوو ، هەروەها دیتم کە دەستم بەناو قەڵغانێکی مەحکەم دا کرد ، کە بە مەدینەم لێك دایەوە .

ئەمەش دەربارەی لێك دانەوەی پاشماوەی خەوەکەی هاتووە کە فەرموویە : ((فأما البقر فأناس من أصحابي يقتلون ، وأما الثلم فهو رجل من أهل بيتي يقتل)) . فەرمووی : گاکان ئەوە ئەگەیەنن کە چەند هاوەڵێکم ئەکوژرێن و ، کەل بوونەکەش ئەوە ئەگەیەنێ کە پیاوێکی ئەهل و بەیتم ئەکوژرێ .

دەربارەی شوێنی موسڵمانان وت و وێژێکی زۆر کرا .. ئایا لە ناو شاردا بمێننەوە ، یان بچنە دەرەوە و لەگەڵ دوژمن دا بجەنگێن . رای پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ ئەوەدا بوو کە موسڵمانان لە ناو شاردا بمێننەوە ، تا قورەیش ناچار بکەن هێرش بکاتە سەر مەدینە و ، ئەوسا موسڵمانان دەستیان لێ بوەشێنن . پیاوە بەتەمەنە ئەنصار و موهاجیرەکانیش هەمان رایان هەبوو ، هەتا عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیش هەمان بۆچوونی هەبوو . ئەوەبوو وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! لە ناو شاردا بمێنەرەوە و بەرەو روویان دەرمەچۆ . بەخوا هەرچیی بەرەو رووی دوژمن دەرچووبین دەستی لێ وەشاندووین و ، هەرچیی هاتبێتیشە سەرمان دەستمان لێ وەشاندووە ، ئەی ئەگەر تۆشمان لە ناودا بێ؟ ئەگەر ئەوان لەوێ ئەمێننەوە خراپیان بەسەر دێ و ، گەر بێنە ناو شاریشەوە ، پیاوان بەرەو روویان ئەجەنگن و، ژنان و منالانیش بەسەر بانەکانەوە بەردیان تێ ئەگرن و ، گەر ئەش گەڕێنەوە بە سەری شۆڕەوە ئەگەڕێنەوە .

عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی وەك سەرۆکێکی خەزرەج ئامادەی ئەو کۆبوونەوە بوو ، بەڵام لەوە ئەچێ ئەم رایەی بۆ ئەوە هەڵ نەبژاردووە کە ئەمە راستە و بۆ موسڵمانان چاکە ، بەڵکو بۆ ئەوە پێی خۆش بوو تا بەڵکو کەس پێی نەزانێ و هەوڵ بدات خۆی لە جەنگ بدزێتەوە . کەچیی خوای گەورە ئەویش و هاوەڵەکانی بە موسڵمانان ناساند و ، ئەو پەردەی کوفر و نیفاقەی کە دابوویان بەسەر خۆیان دا لادا و لە ناسكترین کات‌دا دەری خستن کە چۆن مارێکن و لە ژێر پووش‌دا خۆیان مەڵاس داوە .

بەڵام بەشێکی زۆری هاوەڵان ، بە تایبەت ئەو گەنجە دڵ گەرمانەی کە ئامادەی جەنگی بەدر نەبوو بوون ، یان ئامادەی بوو بوون و ، لەزەتی سەرکەوتنیان چەشتبوو ، ئەوانە وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئێمە ئاواتمان بۆ ئەم رۆژە خواستووە ، بمانبەرە دەرەوە بەرەو رووی دوژمنەکانمان ، با وا هەست نەکەن کە لەبەر دەمیان‌دا بە ترسنۆك یان لاواز دەرچووین . یەکێ لەو خوێن گەرمانە حەمزەی کوڕی عەبدولموطەللیب بوو ، خوا لێی رازیی بێ ، کە بە پێغەمبەری خوای ﷺ وت :

بەو خوایەی کە قورئانی بۆ ناردوویت هەتا بە شمشێرەکەم لە دەرەوەی مەدینەدا کوشتاریان نەکەم هیچ خۆراکێك تام ناکەم !!

دوای وت و وێژ و راوێژێکی زۆر بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دەرکەوت کە زۆربەی هاوەڵان لەگەڵ دەرچوون‌دان و مانەوەی مەدینە بە چاك نازانن . لەبەر ئەوە ئەویش چووە سەر رای ئەوان و بڕیاری دا کە ئەچنە دەرەوەی شار و لەوێ لەگەڵ دوژمن دا بەرامبەر ئەبنەوە ، هەرچەندە حەزیشی بە دەرچوون نەبوو .

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی جومعەی بۆ موسڵمانەکان کرد و ، لە وتارەکەی‌دا ئامۆژگاریی موسڵمانانی کرد و ، قیامەتی بیر خستنەوە و ، غیرەت و دامەزراویی هێنایەوە یادیان . دوای نوێژ چووە ژوورەوە و ، دوو قەڵغانی لەبەر کرد و ، هاتە دەرەوە بۆ ناو هاوەڵان . کە دڵگەرم و خوێن‌گەرمەکان پێغەمبەری خوایان ﷺ بەو حاڵەوە بینیی پەشیمان بوونەوە و ، وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئێمە ناچاری دەرچوونمان کردی و ، مافی ئەوەمان نەبوو . جا ئەگەر ویستت لەسەرە لەناو شاردا بمێنەرەوە . ئەویش فەرمووی : ((ما ينبغي لنبي إذا ليس لأمته أن يضعها حتى يحكم الله بينه وبين عدوه)) . فەرمووی : ناگونجێ پێغەمبەرێك جل و بەرگی جەنگ بپۆشێ و دای‌بنێتەوە ، هەتا خوای گەورە بڕیارێك بۆ ئەو و دوژمنەکەی دەر نەکات ..

موسڵمانان لە دەوروبەری مەدینەوە کۆ بوونەوە و هاتنە مزگەوتی پێغەمبەری خوا و ، نوێژی عەصریشیان بەجێ هێنا .. هەزار جەنگاوەر لە مەدینەدا کۆ بوونەوە .. جارچیی پێغەمبەری خوا ﷺ جاڕی لە شار دەرچوونی سوپای ئیسلامی دا .. وتمان سوپا لە هەزار جەنگاوەر پێك هاتبوو کە تەنها صەد قەڵغان و پەنجا ئەسپیان لەگەڵ‌دا بوون . بەڵام ئیبن حەجەر دەری بڕیوە کە ئەسپیان پێ نەبووە و ، واقیدییش باسی ئەوەی کردووە کە تەنها پێغەمبەری خوا ئەسپێك و ئەبوبوردەش ئەسپێکی پێ بووە .

پێش‌نوێژیی مەدینە بۆ ئەوانەی کە لە شاردا ئەمێننەوە بە ئیبن ئوم مەکتووم سپێررا و ، پێغەمبەری خواش ﷺ سوپاکەی کرد بە سێ کەتیبەوە :

١ ـ کەتیبەی موهاجیرەکان ، کە ئاڵاکەی بە موصعەبی کوڕی عومەیری عەبدەریی سپارد .

٢ ـ کەتیبەی ئەوس ، کە ئاڵاکەی بە ئوسەیدی کوڕی حوضەیر سپارد .

٣ ـ کەتیبەی خەزرەج ، کە ئاڵاکەی بە حوبابی کوڕی مونذیر سپارد .

سوپا بەرەو باکوور کەوتە ڕێ و لە شار دەرچوو و، هەردوو سەعدیش (سەعدی کوڕی موعاذی سەرداری ئەوس و ، سەعدی کوڕی عویادەی سەرداری خەزرەج) خۆیان بە زرێ داپۆشیی بوو و وەك پاسەوان پێشی پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتبوون.

کە سوپا لە (ثنية الوداع) تێپەڕی کرد ، پێغەمبەری خوا ﷺ چاوی بە کەتیبەیەکی چەکداری ڕێك و پێك کەوت کە لە سوپاکەی خۆی جیا بوو و بە تەنیا ئەڕۆیشت . کە پرسیاری کرد ئەوانە کێن ؟ هەواڵیان دایە کە ئەوانە جوولەکە هاوپەیمانەکانی عەبدوڵلای کوڕی ئوبەین . فەرمووی : ((هل أسلموا ؟)) فەرمووی: موسڵمان بوون ؟ وتیان : نەخێر . فەرمووی : ((لا حاجة لنا فيهم ، إنا لا نستعين بكافر على مشرك)) تێی گەیاندن کە موسڵمانان پێویستی‌یان بە کۆمەکیی ئەوان نیە و ، لە دژی موشریکان کۆمەکیی لە کافران وەرناگرن ..

ئەمە کارێکی یەکجار چاك بوو ، چونکە ئەوانە کۆمەڵێك بوون لەگەڵ ناپاکیی و نیفاق ڕاهاتبوون و ، جێی متمانە نەبوون .

کە سوپای ئیسلام گەیشتە شوێنێك بە ناوی ((الشيخان)) پێغەمبەری خوا ﷺ سوپای ڕیز کرد و ، هەرچیی منداڵ بوو و بەرگەی جەنگی نەئەگرت گێڕایەوە دوا ، کە لەوانە : عەبدوڵلای کوڕی عومەر و ، ئوسامەی کوڕی زەید و ، ئوسەیدی کوڕی ظوهەیر و ، زەیدی کوڕی ثابیت و ، زەیدی کوڕی ئەرقەم و ، عەڕڕابەی کوڕی ئەوس و ، عەمری کوڕی حەزم و ، ئەبوسەعیدی خودریی و ، زەیدی کوڕی حاریثەی ئەنصاریی و ، سەعدی کوڕی حەببە و ، بەڕائی کوڕی عازیب ، هەرچەندە کە بوخاریی فەرموودەی لە بەرائەوە ریوایەت کردووە ، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بەراء بەشداریی ئەو جەنگەی کردووە .

لە ناو منداڵاندا تەنها دوو منداڵ ماوەیان درا بەشداریی جەنگی ئوحود بکەن کە ڕافیعی کوڕی خودەیج و سەمورەی کوڕی جوندوب بوون . لەبەر ئەوەی کە ڕافیع لە تیروەشاندندا زۆر کارامە بوو و ، پێغەمبەری خوا ﷺ ماوەی دا . سەمورەش وتی : من لە ڕافیع بەهێزترم و ئەشیدەم بە زەوییدا . کە ئەم هەواڵە گەیشتە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی دا لەبەردەمیدا زۆران بگرن . کە زۆرانیان گرت ، سەمورە ڕافیعی بە زەوییدا دا و ، ماوەی ئەویش درا ..

هەر لەو شوێنەدا ئێوارە بەسەر سوپای ئیسلامدا هات و ، نوێژی مەغریب و عیشایان لەوێ بەجێ هێنا و ، پەنجا پیاو بۆ پاسەوانیی سەربازگەی ئیسلام هەڵ

بژێرران و ، پاڵەوانی لە ناوبردنی کەعبی کوڕی ئەشرەف ، موحەممەدی کوڕی مەسلەمە ، بە فەرماندەی ئەو پەنجا پیاوە دانرا و ، ذەکوانی کوڕی عەبدقەیسیش بە تایبەتیی کرایە پاسەوانی پێغەمبەری خوا ﷺ .

بەیانی زوو ، بەر لە فەجر سەربازانی ئیسلام هەستان و بەو تاریکەیە کەوتنە ڕێ ، هەتا گەیشتنە (شوط) و لەوێ نوێژی فەجریان بەجێ هێنا ، کە یەکجار لە سوپای دوژمن نزیك کەوتبوونەوە ، بە ڕادەیەك کە یەکتری‌یان ئەبینیی .

ئا لەو شوێنەدا و لە بەردەم سوپای مەککەدا عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی لە پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵ گەڕایەوە و ، سێ‌صەد جەنگاوەریشی هەڵ خەڵەتاند و ، ئەوانیشی گێڕایەوە دوا و ، ئەی‌وت : بە گوێی ئەوانی کرد و لە قسەکەی من یاخیی بوو (واتە لە شاردا نەمایەوە) ، خەڵکینە ! لەم شوێنەدا بۆچ خۆمان بە کوشت بدەین ؟ ئیتر بەمە هەرچیی ئیمان دانەمەزراو بوو لەگەڵ خۆیدا گێڕایەوە دوا .

بێ‌گومان هۆی جیابوونەوەی ئەو مونافیقە لەو کاتە ناسکەدا ئەوە نەبوو کە دەری ئەبڕیی کە گوایە بە گوێی ئەو نەکراوە . خۆ ئەگەر وا بوایە ئەوا هەر لە مەدینە دەرنەئەچوو و ، نەئەکەوتە گەڵ سوپای ئیسلام . بەڵکو مەبەستی ئەوە بوو لەو کاتە ناسکەدا و لە بەردەم دوژمنی ئامادەباش و خاوەن سوپای بەهێزدا ، ئاژاوە و دووبەرکیی بخاتە ناو سوپای ئیسلامەوە ، تا خەڵکێکی زیاتر لە ئیسلام بکشێتەوە و ، ئەوانەش لە خزمەتی پێغەمبەری خوا دا ﷺ ئەمێننەوە ورەیان بڕووخێ و ، لە هەمان کات‌دا کە دوژمن ئەمە ببینێ زیاتر لەسەر هێرش‌هێنان سوور ببێ و ، ورەو مەعنەویاتی بەرز ببنەوە . بەمە لە ناوبردنی پێغەمبەر و موسڵمانە دڵسۆزەکان یەکجار ئاسان ئەبێ و ، ئەو کاتە ئەو مونافیقەش کە بە تەمای پادشایەتیی مەدینە بوو ، بە ئاواتی خۆی ئەگات .

خەریك بوو ئاواتی ئەو مونافیقە دڵ پیسە بێتە دیی .

ئەوەبوو دوو تیرەی ئەنصار ، نەوەی حاریثەی ئەوسیی و ، نەوەی سەلیمەی خەزرەجیی ، ویستیان کۆڵ بدەن و واز بهێنن ، دوای ئەوەی کە ژڵەژان و ویستیان بگەڕێنەوە دوا .. بەڵام خوای گەورە کۆمەکیی کردن و ، دامەزرانەوە . قورئان لەو بارەوە ئەفەرموێ :

﴿ إِذْ هَمَّت طَّآئِفَتَانِ مِنكُمْ أَن تَفْشَلَا وَٱللَّهُ وَلِيُّهُمَا ۗ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴾ .

(آل عمران : ١٢٢) .

که سەرۆکی نیفاق بە خۆی و سێصەد کەسەوە گەڕانەوە دوا ، عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی حەرام ، باوکی جابیر ، کەوتە دوایان و هـاواری لێ کـردن کـه لـەم کاتە ناسکەدا ، کە دوژمـن هاتۆتـە سـەریان ، بـا دەسـت بـەرداری پێغەمبـەر و موسڵمانان نەبن . ئەوانیش وەڵامیان ئەدانەوە : ئەگەر بزانین جەنگ ئەکەن وازتان لێ ناهێنین ، بەڵکو وای ئەبینین کە جەنگ نابێت . باوکی جابیر زۆری وت و نەیان بیست ، لە دواجاردا وتی : هەی دوژمنانی خـوا ! خـوا دوورتـان بخاتـەوە . خـوا ناهێڵێ پێغەمبەرەکەی پێویستیی بـە ئێـوە هـەبێ . دەربـارەی ئـەو مونافیقانـە قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە :

﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُمْ يَوْمَ ٱلْتَقَى ٱلْجَمْعَانِ فَبِإِذْنِ ٱللَّهِ وَلِيَعْلَمَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٦٦﴾ وَلِيَعْلَمَ ٱلَّذِينَ نَافَقُوا۟ ۚ وَقِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ قَٰتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَوِ ٱدْفَعُوا۟ ۖ قَالُوا۟ لَوْ نَعْلَمُ قِتَالًا لَّٱتَّبَعْنَٰكُمْ ۗ هُمْ لِلْكُفْرِ يَوْمَئِذٍ أَقْرَبُ مِنْهُمْ لِلْإِيمَٰنِ ۚ يَقُولُونَ بِأَفْوَٰهِهِم مَّا لَيْسَ فِى قُلُوبِهِمْ ۗ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يَكْتُمُونَ ﴾ (آل عمران : ١٦٦ ـ ١٦٧) .

دوای ئەوەی مونافیقان ڕۆیشتن و عـەبدوڵڵای کوڕی عـەمری کـوڕی حـەرامیش بانگی لێ کردن تا بگەڕێنەوە ، موسڵمانەکان کەوتنە باسی ئەوە کە دەرهـەق بـەم مونافیقە ترسنۆکانە چیی بکەن ؟

دەستەیەك لە فەرماندەکانی سوپای ئیسلام رایان وەها بوو بـەر لـەوەی لەگـەڵ بت پەرستەکانی مەککەدا بجەنگێن ، دەست لەو مونافیقانـە بووەشـێنن و پاکیـان بکەنەوە ، چونکە نامەردانە لە هەڵوێستی ناسك‌دا پشتی ئیسلام و موسـڵمانانیان بەردا .

بەڵام دەستەیەکی تریان ، لە سەرووی هەمووشیانەوە پێغەمبەری خوا ﷺ ، وای بۆ نەئەچوون ، بەڵکو وایان بە چاك ئەزانی وازیان لێ بهێنرێ و ، ئێستە دەسـتیان لێ نەدرێ .

ئەم رای دووهەمە رایەکی پڕ لە حیکمـەت بـوو . چـونکە بـە گژاچـوونی ئـەو یاخییبوانە ، لەو ساتە ناسـکەدا ، ئەوپـەڕی مەترسـیی تێدایـە و ، سـەلامەتیی سوپای ئیسلام شتێکی مسۆگەر نابێت . چونکە بە کوشتاری ئەوانە موسڵمانەکان

ئەکەونە نێوان دوو ئاگرەوە .. سوپای مونافیقان و ، سوپای قورەیش .. ئەو کاتەش سوپای مەککە زۆر بە ئاسانیی ئەتوانێ گەمارووی سوپای مەدینە بدات و پشتی بشکێنێ .

دوای هەڵ گەڕانەوە و ، کشانەوەی مونافیقان ، پێغەمبەری خوا ﷺ بە پاشماوەی سوپاکەیەوە ـ کە حەوت صەد جەنگاوەر بوون ـ بەرەو دوژمن کەوتە ڕێ. ئەو شوێنەی کە پێویست بوو موسڵمانان بیکەنە بنکە لە هەندێ شوێندا سەربازگەی قورەیش ماوەی ئەوەی نەهێشتبوو تا موسڵمانەکان تێپەڕ بن ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((من رجل يخرج بنا على القوم من كثب (أي من قريب) من طريق لا يمر بنا عليهم ؟)) . داوای پیاوێکی کرد تا بەلای قورەیشدا تێپەڕ بکەن و بچنە بن پاڵی چیای ئوحود ، بەڵام لە کەنارەوە بڕۆن و نەنیشنە مل سوپای قورەیش .

ئەبوخەیثەمە وتی : من ، ئەی پێغەمبەری خوا !

ئەبوخەیثەمە ڕێیەکی کورتی هەڵ بژارد و سوپای بت پەرستەکانی خستە لای خۆرئاواوە و ، بە ئەسپایی تێ پەڕین . لەو کاتەدا سوپای موسڵمانان بەلای باخچەی مورەببەعی کوڕی قەیضییدا ـ کە مونافیقێکی نابینا بوو ـ تێ پەڕیی . کە هەستی بە تێپەڕبوونی سوپا کرد ، دەستی بە خۆڵ وەشاندن کرد بە رووی موسڵمانەکاندا و ، ئەیوت : ئەگەر پێغەمبەری خوایت ڕێت نادەم بێیتە باخچەکەمەوە . خەڵکەکە هەڵمەتیان بۆ دا تا بیکوژن ، کەچیی پێغەمبەری خوا ﷺ نەیهێشت کە فەرمووی : ((لا تقتلوه فهذا أعمى القلب أعمى البصر)) . فەرمووی : مەیکوژن ، ئەمە چاویش و دڵیشی کوێرن .

هەروا بەردەوام ڕۆیشتن هەتا گەیشتنە بنی چیای ئوحود و ، لەوێ سوپای ئیسلام روو بە مەدینە وەستا و ، پشتی کردە بەرزاییەکانی کێوی ئوحود . واتە سوپای کوفر کەوتە نێوان سوپای موسڵمانان و مەدینەوە .[٣٧٤]

حەوتەم : خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ :

پێغەمبەری خوا ﷺ بە خۆی و حەوت صەد موسڵمانی جەنگاوەرەوە پشتیان لە کێوی ئوحود کرد ، پاشان ئامۆژگاریی کردن و فەرمووی : ((لا يقاتلنَّ أحد حتى

---

[٣٧٤] الرحيق : ٢٥٥ ـ ٢٥٩ ، السيرة النبوية لأبي شهبة : ٢ / ١٨٨ ـ ١٩٠ ، غزوة أحد لمحمد أحمد باشميل : ٧٦ ـ ٨٨ .

آمره بالقتال)) . فەرمووی : هـیـچ کـەس دەسـت بـە جـەنگ نـەکات هـەتا خـۆم فەرمانی بەسەردا نەدەم . بۆ بـەرەبـەیانی رۆژی شـەممەی حەوتـەم رۆژی مـانگی شەووال [٣٧٥] هاوەڵانی ریز کردن و ، هەر کۆمـەڵەی لە شوێنی خۆی وەستاند و ، لە ناویان‌دا پەنجا هـاوەڵی هـەڵ بـژارد کـە لـە تـیر وەشـاندن‌دا لێ‌هـاتوو بـوون و ، عـەبدوڵڵای کوڕی جوبەیری ئەوسیی بەدرییشی ـ کە دەستە جلێکی سپیی لەبـەردا بوو ـ کردە ئەمیریان و ، فـەرمانی بەسـەریان‌دا دا کـە لەسـەر ئـەو کێـوەی کـە ئەکەوێتە لای خوارووی شیوی قەنات ـ کە لەمەو دوا نـاوی کێـوی تیـرهـاوێژان (الرماة) ی لێ نرا و ئەکەوتە باشووری خۆرهەڵاتی سـەربازگەکەوە ، دابمـەزرێن ، کە نزیکەی دووصەد و پەنجا مەتر لە بنکەی سەرکردایەتی‌یەوە دوور بوون .

مەبەست لەم کارەشی بۆ هاوەڵەکان روون کردەوە . ئەوەبوو بـە ئەمیرەکـەیانی فەرمووە : ((إنضح الخيل عنا بالنبل ، لا يأتون من خلفنا ، إن كانت لنا أو علينا فاثبت مكانك ، لايؤتينَّ من قبلك)) . بە عەبدوڵڵای فەرمووە : تۆ بە تیر ئەسـپ سـوارانمان لێ دوور بخەرەوە ، تـا لـە دواوە نەیەنـە سـەرمان . ئەگـەر ئێمـە ژێـر کـەوین و سەرکەوین تۆ لە شوێنی خۆت‌دا دامەزراو بە ، تا لەلایەن تۆوە نەیەنە سەرمان .

پاشان بە تیرهاوێژەکانی فەرمووە : ((احموا ظهورنا ، فإن رأيتمونا نقتل فلا تنصرونا ، وإن رأيتمونا قد غنمنا فلا تشركونا)) . فـەرمووی : لـە دوامانـەوە بەرگرییمان لێ بکەن . ئەگەر دیتان وا ئێمە ئەکوژرێین ، مەیەن بـە دەممانـەوە و ، گەر دیتان وا ئێمە غەنیمەتمان دەست کەوتووە ، بەشدارییمان مەکەن .

لە ریوایەتەکەی بوخاریی‌دا وەها هـاتووە : ((إن رأيتمونا تخطفنا الطير فلا تبرحوا مكانكم هذا حتى أرسل إليكم ، وإن رأيتمونا هزمنا القوم ووطئناهم فلا تبرحوا حتى أرسل إليكم)) . فەرمووی : ئەگەر چاوتان لێمان بوو باڵندە ئەمان فـڕێنن ، هـەتا نەنێرم بە دواتان‌دا شوێنی خۆتان چۆڵ مەکەن . ئەگەر دیشتان دوژمنمان شکاند و نیشتینە ملیان ، هەتا نەنێرم بە دواتان‌دا هەر شوێنی خۆتان چۆڵ مەکەن .

---

[٣٧٥] لە ((الرحيق المختوم)) دا وەها هاتووە ، بەلام لە ((السيرة النبوية)) ی ئەبوشوهبەدا پانزەی مانگی شەووال هاتووە .

جیاکردنەوەی ئەم پەنجا هاوەڵە لێهاتووە تیرهاوێژە بۆ ئەوەبوو کە تاقە کەلەبەرێك مەترسیی لێ ئەکرا قورەیش لێیەوە هێرش بکات ، بەوانە بگیرێت ، نەوەکو لە گەرمەی جەنگدا لە دواوە هەڵمەتیان ببرێتە سەر .

دەربارەی ئەمە قورئانی پیرۆز ئەفەرموێ :

﴿ وَإِذْ غَدَوْتَ مِنْ أَهْلِكَ تُبَوِّئُ ٱلْمُؤْمِنِينَ مَقَـٰعِدَ لِلْقِتَالِ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ (آل عمران : ١٢١) .

پاشماوەی سوپا ، کرا بە چەند بەشێکەوە .. مونذیری کوڕی عەمر کرایە ئەمیری دەستە راست و ، دەستەچەپیش درایە دەست زوبەیری کوڕی عەووام و، میقدادی کوڕی ئەسوەدیش یارمەتیی بدات .. کاری سەر شانی زوبەیر ئەوەبوو لە بەردەم هێرشی ئەسپ سوارانی خالیدی کوڕی وەلیددا خۆی بگرێ و، کۆمەڵێك موسڵمانی ئازا و بەجەرگیش لە پیاوە ناودارەکان ، کە هەر یەکەیان بە هەزاران پیاو مەزەندە ئەکران . خرانە ریزەکانی پێشەوەی سوپاوە ..

پێغەمبەری خوا ﷺ نەخشەیەکی یەکجار جوانی بۆ موسڵمانەکان کێشا ، کە ئەمەش لێهاتن و وریایی و زیرەکیی ئەو ئەسەلمێنێ کە هەتا شارەزایانی جەنگ زیاتر لەم نەخشەیەی ورد ببنەوە ئەوسا کاری پڕ حیکمەتی پێغەمبەری نازداریان بۆ دەرئەکەوێ .

هەرچەندە قورەیش پێشتر هاتنە مەیدانی جەنگ ، بەڵام نەیانزانیی شوێنی چاك هەڵ ببژێرن .

پێغەمبەری خوا ﷺ پشت و لای راستی سوپاکەی پاڵ دا بە کێوی ئوحودەوە و، بۆ پاراستنی لای چەپیشی ئەوەبوو (٥٠) هاوەڵە تیرهاوێژەکەی ناردە سەر چیای (عەینەین) کە لەوەو دوا ناونرا (جبل الرماة) ، تا ئەو کەلەبەرە بگرن و قورەیش لەوێوە دزە نەکەن . حیسابی ئەوەشی کرد کە ئەگەر موسڵمانەکان بشکێن ، با هەڵ نەیەن تا دوژمن دوایان نەکەوێ و بە دیلیان نەگرێ ، بۆیە شوێنێکی بەرزی بۆ سەربازگەکەی هەڵ بژارد ، کە ئەگەر دوژمن هەڵ بکوتێتە سەریان ئەوا تووشی زەرەر و زیانێکی زۆری بکەن و ، نەهێڵن بە ئاوات بگات . لە هەمان کاتدا کە ئەم ئەو شوێنە چاکەی بۆ خۆی هەڵ بژارد ، دوژمنی ناچار کرد شوێنێکی نزم بکاتە سەربازگەی خۆی کە ئەگەر سەرکەوتنیش بە دەست بێنن ، بێ ئەنجام بن و ، گەر ژێریش بکەون نەتوانن لە دەستی موسڵمانەکان خۆیان دەرباز

بكەن . لەلایەكی ترەوە پێغەمبەری ئازیز ﷺ سەرنجی دا موسڵمانەكان لە چاو قورەیش‌دا ژمارەیان یەكجار كەمە . جا بۆ چارەسەریی ئەمەش كۆمەڵێك هاوەڵی ئازا و پاڵەوانی هەڵ بژاردن تا مەردانە و بەبێ ترس هەڵمەت بەرنە سەر دوژمن و، سەركوتی بكەن ..

كە سوپا ریز كرا ، پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاریی هاوەڵانی كرد ، تا دان بە خۆیان‌دا بگرن .. جا ئەم ئامۆژگارییكردنەی بە چەندین شێواز بوو .. یەكێ لەو شێوازانەی ئەمەبوو : شمشێرێكی بە دەستەوە گرت و فەرمووی : ((من يأخذ هذا السيف بحقه ؟)) . فەرمووی : كێ ئەم شمشێرە هەڵ ئەگرێ و مافی خۆی پێ ئەدات ؟ خەڵكەكە بێدەنگ كشانە دواوە . پاشان ئەم فەرمایشتەی چەند جارێك دووبارە كردەوە و ، چەند پیاوێكیش وەك عەلیی كوڕی ئەبوطالیب و ، زوبەیری كوڕی عەووام و ، عومەری كوڕی خەططاب ، هەستانەوە و داوایان كرد ، كەچیی نەیدا بە هیچ كامیان ، تا ئەوەبوو ئەبودوجانە سیماكی كوڕی خەرشە هەستا و وتی : مافی كامەیە ، ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟! فەرمووی : ((أن تضرب به العدو حتى ينحني)) . فەرمووی : بەردەوام بەم شمشێرە لە دوژمن بدەی هەتا بچەمێتەوە . وتی : من هەڵی ئەگرم و مافی خۆیشی پێ ئەدەم ، ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەویش دای بە دەستیەوە

ئەبودوجانە پیاوێكی ئازا و پاڵەوان بوو ، بۆیە لە كاتی جەنگ‌دا خۆی هەڵ ئەكێشا و ، سەرپێچێكی سووری هەبوو كە لەسەری ئەبەست خەڵك ئەیانزانیی ئەبودوجانە جەنگی سەروماڵیی ئەكات . كە شمشێرەكەی لە دەستی ئازیز وەرگرت ، بەو سەرپێچەی سەری بەست و لە نێوان هەردوو سوپاكەدا بە خۆ هەڵ كێشانەوە هاتوچۆی بوو .. ئا لەم كاتەدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((إنها لمشية يبغضها الله إلا في مثل هذا الموطن)) . فەرمووی : ئەمە بەڕێوەچوونێكە خوا رقی لێیەتی جگە لەم جۆرە شوێنەدا .[٣٧٦]

هەشتەم : نزیك بوونەوەی جەنگ :

لەو بەرەوە قورەیشیش سوپاكەی خۆی رێك و پێك كرد .. ئەمجارە ـ بە پێچەوانەی لەوەو پێشەوە ـ قورەیش سوپایان بە یاسای ریز ئامادەی جەنگ

---

[٣٧٦] الرحيق المختوم : ٢٥٩ ـ ٢٦١ ، السيرة النبوية لأبي شهبة : ٢ / ١٩٠ ـ ١٩١ ، غزوة أحد : ٨٩ ـ ١٠٣ .

کـرد .. ئەوەبوو لەوەو پێش بە یاسای (الكر والفر) جەنگیان ئەکرد ، هـەتا لـە بەدریش‌دا . بەڵام یاسای ریز لە موسڵمانەکانەوە فێر بوون .

قورەیش لەناو جەرگەی شیوی (القنــاة) دا خـۆی ئامـادەی جـەنگ ئـەکرد و سەرکردایەتیی گشتیی سوپاشی بە ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب سپێررا بوو کە لەناو جەرگەی سوپادا بوو . خالیدی کـوڕی وەلیـد بـۆ فەرمانـدەی دەسـتە راسـت و ، عیکریمەی کوڕی ئەبوجەهلیش بۆ فەرماندەی دەسـتە چـەپ و ، صـەفوانی کـوڕی ئومەییەش بۆ فەرماندەی پیادە و ، عەبدوڵڵای کوڕی ئەبورەبیعەش بۆ فەرماندەی تیرهاوێژان دانرا بوون .

ئاڵای سوپاش بە دەست کۆمەڵێك لە نەوەی عەبدوددارەوە بـوو ، کـە لـە دوای قوصەی ئاڵا کرابووە ئەرکی سەرشانی ئەوان و ، کـەس بـۆی نـەبوو لـەو بـوارەدا ناکۆکی‌یان لەگەڵدا بکـات و ، فەرمانـدەشیان طـەلحـەی کـوڕی ئـەبوطـەلحـەی عەبدەریی بوو و ، لە پێشی پێشەوەی ریزەکان‌دا وەستا بوون .

بەڵام لەو رۆژەدا ئەبوسـوفیانی فەرمانـدەی گشـتیی ، تێـك شـکانەکەی رۆژی بەدری خستە ئەستۆی ئەوان ، کاتێك کە هەڵگری ئاڵاکەیان نەضری کوڕی حاریـث بە دیلیی کەوتە دەست موسڵمانەکان . جا بۆ ئەوەی غیرەتیان بجووڵێنیّ پێی وتن : ئەی نەوەی عەبدوددار ! لـە رۆژی بـەدردا ئاڵاکـەمان بـە ئێـوە سـپێررا بـوو و ، ئەوەشمان تووش بوو کە دیتان . بە راستیی خەڵك بە هۆی کەوتنی ئاڵاوە دوژمنـی بە سەری‌دا زاڵ ئەبیّ . ئەگەر ئاڵا نەما ئەوانیش تێك ئەشکێن . جا یا ئاڵاکـەمان بە جوانیی بۆ راگیر بکەن ، یان وازی لیّ بهێنن بۆمان تا بە جـوانیی بۆتـان راگـیر بکەم .

ئەبوسوفیان بەم کارەی سەرکەوتنی بە دەست هێنا ، چونکە نەوەی عەبدوودداری خستنە غیرەتەوە ، هەتا هەڕەشەیان لە ئەبوسوفیان کرد و وتیان : ئێمە ئاڵاکەمان بدەینە دەست تۆ ؟ ئەگەر سبەینیّ بەرامبەر یەك وەستان ئەزانیی چیی ئەکـەین . ئەوەبوو کە جەنگ گەرم بوو مەردانە بە دامەزراویی مانەوە هـەتا هـەموویان لـە پێناوی پاراستنی ئاڵاکەدا سەریان نایەوە .

هەرچەندە قورەیش خەڵکێکی زۆری کۆ کردبوویـەوە و ، هێشـتا سـوپای وەهـا گەورەیان بە خۆیانەوە نەدیی بوو و ، چەك و تفاقیشیان باش بـوو و ، ئـەیانزانیی موسڵمانان کـەم و کـەم تفـاقن ، لەگـەڵ ئـەوەش‌دا زۆر ئەترسـان وەك رۆژەکـەی

بەدریان لێ بێتەوە . بۆیە هەوڵی ئەوەیان ئەدا ریزی موسڵمانەکان تێک بدەن و پەرتەوازەیان بکەن ، ئەویش بە دروست کردنی ناکۆکیی لە نێوانیاندا بۆ ئەمە ئەبوسوفیان ناردی بۆ لای ئەنصار و پێی وتن : واز لە ئێمە و ئامۆزاکەمان بهێنن - واتە پێغەمبەری خوا ﷺ - ئێمەش لە ئێوە ئەگەڕێین ، چونکە ئێمە پێویستییەکمان بە کوشتاری ئێوە نیە ..

ئەم کارە چەپەڵە هەوڵێکی هیچ و پووچ بوو . کەی ئەنصار وەها ئیمانیان بە قورئان هێناوە ؟ کەی بەو ئاسانییە دەست لە ئازیزی نەبێزراویان هەڵ ئەگرن ؟ ئەوەبوو زۆر بە توندیی وەڵامیان بۆ ئەبوسوفیان ناردەوە و تێیان گەیاند کە پاڵەوانەکانی ئەوس و خەزرەج تا دوا دڵۆپی خوێنیان جەنگی سەروماڵیی ئەکەن و، بە دڵ و بە گیان پارێزگاریی لە دینەکەیان ئەکەن ..

بەرە بەرە هەردوو سوپا لە یەك نزیك ئەبوونەوە .. کاتی هەڵ گیرسانی جەنگ ئەهاتە بەرەوە .. ئەمجارە قورەیش هەوڵێکی تریان دا بۆ تێکدانی ریزی موسڵمانەکان .

ئەوەبوو پیاوێکی نۆکەری ناپاك ، کە پێی ئەوترا : ئەبوعامیری فاسق و ، ناویشی عەبدعەمری کوڕی صەیفیی[٣٧٧] بوو و ، جاران نازناوی راهیب بوو و ، پێغەمبەری خواﷺ ناوی نا فاسق ، لە نەفامییدا سەرۆکی ئەوس بوو . کە ئیسلام هات ئەم پیاوە کەوتە دژایەتیی پێغەمبەری خوا ﷺ و ، مەدینەی بەجێ هێشت و، رۆیشت بۆ لای قورەیش ، تا لە دژی موسڵمانان هەڵیان بنێ و ، بێنە سەریان و، بەڵێنی بە قورەیش دا کە ئەگەر قەومەکەی بیبینن گوێڕایەڵی فەرمانی ئەبن و ئەکەونە شوێنی . یەکەم کەس ئەم پیاوە فاسقە بەرەو رووی موسڵمانەکان خۆی

---

٣٧٧ لە سەردەمی نەفامییدا ئەم ئەبوعامیرە سەرداری ئەوس بووە و ، لە ناویاندا ماقووڵ بووە . بەڵام کە ئیسلام هات خۆی بە دوژمنی پێغەمبەری خوا ﷺ لە قەڵەم دا و لە داخانا مەدینەی بەجێ هێشت و ، لەگەڵ پەنجا ناپاکی هۆزی ئەوسدا ، خۆی گەیاندە مەککە ، تا لەوێ قورەیش بۆ جەنگی موسڵمانان هەڵ بنێن و ، ئەمانە لە رۆژی ئوحوددا لە ژێر سەرکردایەتیی ئەبوعامیردا بەشداریی جەنگیان کرد . شایانی باسە کە ئەو ناپاکە کوڕێکی گەنجی هەبوو ناوی (حنظلة) بوو ، کە نموونەیەکی بەرز بوو لە هێزی ئیمان و تەقوا و دڵسۆزیی بۆ دینەکەی و ، لە رادە بەدەریش خوا و پێغەمبەری ﷺ خۆش ئەویستن . خوای گەورە وەهای هێنایە پێش شەوی جەنگی ئوحود یەکەم شەوی زاوایەتیی حەنظەلە بوو و ، کە بەیانی زوو دەنگی جاڕی جیهادی بیست ، وازی لە هاوسەرەکەی هێنا و ، شمشێرەکەی هەڵ گرت و ، بە پەلە خۆی گەیاندە پێغەمبەری خوا ﷺ و ، بە وێنەی پاڵەوانی بێهاوتا لە خزمەتیا جەنگی کرد هەتا شەهید بوو . جا لەبەر ئەوەی کە ماوەی نەبوو خۆی بشوات و بە لەشی گرانەوە چوو بۆ جەنگ ، کە شەهید بوو ، مەلائیکە شۆردیان ، بۆیە ناونرا بە (غسیل الملائکة) . لە دواوە إن شاء الله بە درێژە باسی ئەکەین .

دەرخست و بانگی قەومەکەی کرد و ، خۆی ناساند پێیان و ، وتی : ئەی کۆمەڵی ئەوس ! من ئەبوعامیرم . ئەوانیش وەڵامیان دایەوە کە خوا هیچ چاوێکت پێ ڕۆشن نەکاتەوە ، ئەی فاسق ! وتی : دیارە قەومەکەم دوای خۆم تووشی خراپە بوون . کە جەنگیش گەرم بوو بەوپەڕی بێویژدانی‌یەوە لەگەڵ موسڵمانەکاندا ئەجەنگا و بەردیشی تێ ئەگرتن .

لە پێشەوە باسمان کرد کە کۆمەڵێك ئافرەتی ناوداری قوڕەیش کەوتنە گەل سوپا تا ئەوانیش بەش بەحاڵی خۆیان وورەی جەنگاوەران بەرز بکەنەوە و ، نەهێڵن را بکەن . ئەوەبوو ئەو ئافرەتانە ، کە هیندی کچی عوتبە ، هاوسەری ئەبوسوفیان سەرکردەیان بوو ، بەناو ریزەکاندا هاتوچۆیان ئەکرد و ، دەفیان لێ ئەدا و ، غیرەتی پیاوەکانیان ئەجووڵاند و ، بۆ جەنگ و کوشتار هەڵیان ئەنان و ، وورەی پاڵەوانەکانیان بەرز ئەکردەوە . جارێ هەڵگرانی ئاڵایان هەڵ ئەنا و ئەیان وت :

ويــهاً بنــي عبــدالــدار ويــهاً حــمــاةَ الأدبــار
ضــربــاً بــكــل بــتّــار

جارێکیش خزمەکانیان هەڵ ئەنا کە ئەگەر کوشتار بکەن باوەشی خۆشەویستی‌یان بۆ ئەکەنەوە و فەرشیان بۆ را ئەخەن ، بەڵام ئەگەر پشت لە جەنگ هەڵ بکەن ئەوا ئەمانیش پشت لەوان هەڵ ئەکەن و ، بە پیاویان نازانن کە ئەیان وت :

إن تــقــبــلوا نــعانــقْ ونــفــرش النــمــارقْ
أو تــدبــروا نــفــارقْ فــراقَ غــيــرِ وامــقْ

ئەم هەڵنانە زیاتر رووی کردە ئاڵا بە دەستەکان ، بۆیە ئەوانیش بڕیاریان دا دامەزراو بن هەتا ئەوەبوو موسڵمانەکان تاقیان لێیان بڕیی .[٣٧٨]

نۆهەم : سەرەتای جەنگ :

هەردوو سوپا لەیەك نزیك کەوتنەوە .. سەعاتی سفر هاتە بەرەوە .. قوڕەیش بە سێ هەزار جەنگاوەری پڕ تفاقەوە هاتۆتە سەر مەدینە و ، دڵی هەر جەنگاوەرێکی ئەم سوپایە پڕە لە رق و قین و ، بۆ ئەو رۆژە ئەگەڕێ کە تۆڵە لە موسڵمانەکان بکاتەوە . بە مەرجێ موسڵمانەکان حەوت‌صەد جەنگاوەر بوون و ، ئاواتی بەرودوایان شەهیدیی و رەزامەندیی خوای گەورە بوو ، بەو هیوایەوە بە

---

[٣٧٨] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ٢ / ١٩١ ـ ١٩٢ ، الرحيق المختوم : ٢٦١ ـ ٢٦٢ ، غزوة أحد : ١٠٣ ـ ١١٠ .

دینی پاك و بیٚگەرد خزمەتیٚکی گرۆی مرۆڤ بکەن ، بەلاّم چەکی بە هیٚز و کاریگەریان ئیمانە پتەو و دامەزراوەکەیان بوو ..

ئەوەی عەبدودداریش هەر هەموویان بە خۆیان و ئالاّکەی دەستیانەوە هاتنە پیٚشی پیٚشەوەی ریزەکانەوە ، تا مەردانە بەرگریی لیٚ بکەن و ، ئامادە بوون لەو پیٚناوەدا خویٚنیان ببەخشن ..

یەکەم کەسیٚك کە بووە سووتەمەنیی جەنگ هەلّگری ئالاّی بت پەرستەکان ، طەلحەی کوڕی ئەبوطەلحەی عەبدەریی بوو .. یەکیٚ بوو لە پالّەوانە ئازاکانی قورەیش . بە سواریی وشتریٚك هاتە مەیدان و داوای زۆرانبازیی لە موسلّمانەکان کرد .. ئەوەندە ناوبانگی ئازایەتیی دەرچوو بوو ، کەس نەیوێرا بیٚتە مەیدانی .. خیٚرا زوبەیری کوڕی عەووام هاتە مەیدانی و ، هیچ ماوەی طەلحەی نەدا ، بە ویٚنەی شیٚر هەلّمەتی دا و خۆی هەلّ دایە سەر وشترەکەی و ، پاشان کە لەسەر وشترەکە وەستایەوە ، طەلحەی خستە خوارەوە و ، دای بە زەوییدا و ، بە شمشیٚرەکەی سەری بڕیی ..

ئەمە یەکەم هەلّمەتی سوپای مەککە بوو .. هەردوو سوپا بە چاوی ئەنجامی زۆرانبازییەکەوە بوون .. پیٚغەمبەری خواش ﷺ چاوی لیٚ بوو ، خیٚرا ((الله أكبر)) ی فەرموو و ، موسلّمانەکانیش بۆیان سەندەوە و ، ستایشیٚکی چاکی زوبەیری کرد و دەربارەشی فەرمووی : ((إنّ لكل نبيٍّ حواريّاً ، وحواريِّي الزبيرُ)) . فەرمووی : هەموو پیٚغەمبەریٚك قوتابیی و پەیامبەری بوون و ، قوتابیی و پەیامبەری منیش زوبەیرە .

دوای ئەوەی جەنگ هەلّ گیرسا .. بەلاّم دەست پیٚکەری جەنگی ئوحود بت پەرستەکانی مەککە بوون .. ئەوەبوو هیٚزیٚکی پیادەیان بە سەرکردایەتیی ئەبوعامیری فاسق و ناپاك ، بە کۆمەکیی کۆمەلّە سواریٚك بە سەرکردایەتیی عیکریمەی کوڕی ئەبوجەهل دەستیان بە هیٚرش کرد بۆ سەر بالّی چەپی سوپای موسلّمانەکان ، بەو هیوایەی ئەو بالّە تیٚك بشکیٚنن و ، لەویٚوە هەلّمەت بەرن و ، خۆیان بگەیەننە شیوەکە تا لە دواوە دەست لە موسلّمانەکان بوەشیٚنن و ، ریزەکانیان پەرتەوازە بکەن ..

بەلاّم لەبەر ئەوەی کە پیٚغەمبەری خوا ﷺ شویٚنی یەکجار چاکی بۆ سوپاکەی هەلّ بژاردبوو ، بەوەی کە تیر وەشیٚنی لیٚ هاتووی لەسەر (جبل الرماة) دانا بوو ،

ئەوا هەموو هەوڵێکی قورەیش بۆ گەیشتن بەو ناوچەیە کارێکی نەگونجاو بوو .. لە هەمان کاتدا جەنگاوەرە پیادەکانی سوپای ئیسلام ، بە فەرماندەیەتیی زوبەیر و میقداد ، ئەوانیش بەرەنگاری هێرش کاران بوون و پەرچی هەڵمەتەکانیان دانەوە . واش دەرئەکەوێ کە چەند پیاوێکی لێهاتوو لە چەند شوێنێکی شیاوی کێوی ئوحوددا دامەزرا بن و ، بە بەرد تێ گرتن و ، بە تاشەبەرد تلێر کردنەوە بۆ سەر هێرش کارانی مەککە ، ئەوانیان گێڕابێتە دواوە و ، شپرزەیان کردبن .

سوارچاکانی مەککە سێ جار ئەم هێرشە دووبارە ئەکەنەوە .. بەڵام لە هەر هەموویاندا تێك ئەشکێن ، ئەمەش بە هۆی وریایی (٥٠) تیرهاوێژەکەی سەر چیای (الرماة) .

لەولاوە کە فەرماندەی ئاڵا هەڵگرانی قورەیش بە دەستی زوبەیر کوژرا ، نەوەکانی عەبدوددار یەك لە دوای یەك هەڵمەتیان ئەدا و ئاڵاکەیان بەرز ئەکردەوە .. موسڵمانەکانیش زۆر وریا بوون ، بۆیە سەنگی تەواویان خستبووە سەر ئاڵا هەڵگران .. دوای کوژرانی طەلحە ، ئەبوشەیبە عوثمانی کوڕی ئەبوطەلحەی برای هەڵمەتی دا و ئاڵای بەرز کردەوە و بەرەو پێشەوە بۆ کوشتار کەوتە رێ و ، هەر خەریك بوو شیعریشی ئەوت . لەو کاتەدا حەمزەی کوڕی عەبدولموطەللیبی بۆ گەیشت و شمشێرێکی دا لەسەر شانی دەست و قۆڵی پەڕاند و تا سەر ناوکی هەڵی تلیشاند و ، یەکێ لە سێیەکانی دەرکەوت .

پاشان ئەبوسەعدی کوڕی ئەبوطەلحە ئاڵاکەی بەرز کردەوە و ، خێرا سەعدی کوڕی ئەبووەققاص تیرێکی تێ گرت و دای لە قورگی و زمانی دەرهێنا و یەکسەر مرد و ، ئاڵاکە لە دەستی کەوتە زەویی .. وتەیەکی تر دەری خستووە کە ئەبوسەعد داوای زۆرانبازیی کردووە و ، عەلیی کوڕی ئەبوطالیب لێی هاتۆتە پێش و، یەکی شمشێرێکیان بۆ یەکتر داهێناوەتەوە . سەرەنجام عەلیی شمشێرێکی لێ ئەدا و ئەیکوژێ .

پاشان موسافیعی کوڕی طەلحەی کوڕی ئەبوطەلحە هەڵمەتی دا و ئاڵاکەی هەڵ گرت . لەولاوە عاصیمی کوڕی ثابیتی کوڕی ئەبولئەفلەح تیرێکی بۆ هاویشت و کوشتی .. خێرا کیلابی کوڕی طەلحە کە برای موسافیع بوو ئاڵاکەی بەرز کردەوە ، کەچیی پڵنگ ئاسا زوبەیری کوڕی عەووام هەڵمەتی دایە و ، دەستی دایە جەنگ لەگەڵیا هەتا کوشتی .. دوای ئەویش جولاسی کوڕی طەلحەی کوڕی ئەبوطەلحە

ئالاكەی بەرز كردەوە و لەولاوە طەلحەی كوڕی عوبەیدوڵلا رمێكی تێ گرت و بە یەكجاریی گیانی لە دەست دا . ئەشڵێن : عاصیم ی كوڕی ثابیتی كوڕی ئەبولئەفلەح تیری تێ گرتووە و كوشتوویەتی .

ئەم شەش ئالا هەڵگرە كوژراوە لە یەك خێزان بوون ، كە هەموویان نەوەی ئەبوطەلحە عەبدوڵلای كوڕی عوثمانی كوڕی عەبدوددار بوون . هەر هەموویان خۆیان كردە قوربانی ئالاكەیان . پاشان دوای ئەوان ، ئەرطئەی كوڕی شورەحبیل، لە نەوەی عەبدوددار ، ئالاكەی هەڵ گرت و ، عەلیی كوڕی ئەبوطالیب ماوەی نەدا یەكسەر كوشتی .. ئەشڵێن : حەمزە كوشتوویەتی . خێرا شورەیحی كوڕی قاریظ هەڵمەتی دایە ئالاكە و هەڵی گرت ، ئەوەبوو قوزمان ، [379] كە هاوپەیمانی نەوەی ظوفر بوو ، كوشتی . پاشان ئەبوزەید عەمری كوڕی عەبدمەنافی عەبدەریی ئالاكەی هەڵ گرت و ، دیسان قوزمان كوشتی . شورەحبیلی كوڕی هاشمی عەبدەریی هەڵی گرت و ، قوزمان ئەویشی كوشت .

بەم شێوەیە موسڵمانەكان هەر دە كەسی نەوەی عەبدودداری هەڵ گری ئالای قورەیشیان كوشتن و تاقیان لێ بڕینەوە و ، كەسێكیان لێ نەما ئالا هەڵ بگرێ ، ناچار بەندەیەكی حەبەشیی ئەوان بە ناوی صەواب هەڵمەتی دا و ئالاكەی هەڵ گرت و ، ئەویش ئازایەتیی و پاڵەوانێتی‌یەكی یەكجار زۆری نواند ، زیاتر لە ئازایەتیی ئاغاكانی . ئەم بەندەیە هەر خەریكی جەنگ و كوشتار و پاراستنی ئالاكە بوو هەتا هەردوو دەستیان پەڕاند ، ناچار چۆكی دایە سەر زەویی تا بە سنگی و ملی ئالاكە راگیر بكات و نەكەوێت و ، ئەشیوت : خوایە ! ئەركی سەرشانم بەجێ هێنا ؟ تا ئەوەبوو ئەویش كوژرا .

دوای كوژرانی صەوابی بەندە ئالاكە كەوتە زەویی و كەس نەمابوو لەو رۆژە سەختەدا هەڵی بگرێ .. هەروا كەوتبووە زەویی !! [380]

---

[379] قوزمان : موسڵمان نەبوو بوو ، بگرە یەكێ بوو لە مونافیقانی مەدینە و ، بۆ بەرگریی لە ئیسلامیش كوشتاری نەئەكرد ، هەروەك لە كاتی سەرەمەرگی‌دا دەری بڕیی . كاتێك كە هاوەڵان باسی ئازایەتیی قوزمانیان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ كرد ، دەری بڕیی كە دۆزەخی‌یە . ئەوەبوو قوزمان دوای زامداربوونی لە تاو ئێشی زامەكانی رۆژی ئوحودی ، خۆی كوشتەوە . ئەمەش یەكێكە لە موعجیزەكانی ئازیز ﷺ .

[380] السيرة النبوية لأبي شهبة : ٢ / ١٩٢ ، الرحيق : ٢٦٣ ـ ٢٦٤ ، غزوة أحد : ١١١ ـ ١١٩ .

دەهەم : گەرم بوونی جەنگ :

هەروەك موسڵمانەکان شێرانە هەڵمەتیان دایە سەر ئاڵا هەڵگران ، لە هەموو لایەکەوە بە هەمان شێوە هەڵمەتیان ئەدا .. جەنگێکی سەروماڵیی دەست پێ کرا بوو .. کافران بۆ تۆڵەی بەدر هاتبوون و ، موسڵمانانیش بۆ رازیی‌کردنی پەروەردگار هەڵمەتیان ئەدا ..

هەردوو سوپا دەستە و یەخە تێکەڵ بوون .. پاڵەوانەکانی ئیسلام بە راست و بە چەپ‌دا دەستیان ئەوەشاند و ، لاشەی بێ‌سەریان لە مەیدان‌دا ئەخست .. دروشمی ئەو رۆژەی موسڵمانان : ((أَمِتْ ، أَمِتْ)) بوو و دووبارەیان ئەکردەوە .

ئەوە بوو ئەبودوجانە سەرپێچە سوورەکەی لە سەری خۆی بەستبوو و ، شمشێرەکەی پێغەمبەری خوای ﷺ بە دەستەوە گرتبوو و ، ئەی‌ویست ئەو مافەی پێ بدات کە بەڵێنی دابوو ، دەستی بە کوشتار کرد هەتا چووە ناو خەڵکەکەوە .. بە هەر کافرێك بگەیشتایە ئەی‌کوشت . بە راستیی ریزەکانی قورەیشی شپرزە و پەرتەوازە ئەکردن ..

زوبەیر ئەڵێت : کاتێك کە داوای شمشێرەکەم لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد و نەی‌دامێ و ، دایە دەست ئەبودوجانە ، شتێك بە دڵم‌دا هات و ، لە دڵی خۆم‌دا وتم : من کوڕی صەفیەی[٣٨١] پووری ئەوم و ، قورەیشییم و ، هەستامەوە و ، پێش ئەو داوام لێی کرد ، کەچیی دای بەو و ، وازی لە من هێنا . بەخوا ، سەیری ئەکەم بزانم چیی ئەکات ؟!

دیارە ئیمانی زوبەیر بە راستیی هەر کارێکی پێغەمبەری خوا ﷺ لەوپەڕی بەهێزیی و دامەزراویی‌دایە .. بەڵام ئەوەندە هەیە پێی خۆش بووە بزانێ حیکمەتی ئەم کارەی چی‌یە ؟!

---

[٣٨١] صەفیە کچی عەبدولموطەللیبی کوڕی هاشمی قورەیشی‌یە . پووری پێغەمبەری خوا بووە و ، خوشکی دایك و باوکیی حەمزە و زوبەیر بووە . دایکی ناوی هالەی کچی وەهبە ، واتە خوشکی ئامینەی دایکی پێغەمبەری خوا ﷺ. یەکەم جار شووی بە حاریثی کوڕی حەربی کوڕی ئومەییە کردووە ، واتە برای ئەبوسوفیان . دوای مردنی ئەم مێردەی شوو بە عەووامی کوڕی خوەیلید ئەکات کە برای خاتوو خەدیجە بووە . یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە زوو بە زوو ئیمانی هێناوە و، لەگەڵ زوبەیریش‌دا کۆچی بۆ مەدینە کردووە . ئافرەتێکی زۆر ئازا بووە ، لە دواوە هەڵمەتی شێرانەی باس ئەکرێت . هەتا لە جەنگی ئوحوددا ، کاتێك کە موسڵمانەکان شپرزە ئەبن ، صەفیە رمێکی بە دەستەوە ئەبێت و روو بە کافرەکان هەڵمەت ئەدات .. صەفیە بە شەهیدبوونی حەمزەی برای یەکجار خەمبار ئەبێت و ، بە چەند دێڕە شیعرێکی جوان و ناسك شیوەنێکی گەرمی بۆ ئەکات . لە ساڵی (٢٠) ی کۆچیی‌دا کۆچی دوایی کردووە ، خوا لێی رازیی بێ .

ئەڵێت : شوێنی ئەبودوجانە کەوتم .. سەرپێچێکی سووری خۆی دەرهێنا و ، بەستی لەسەری خۆی . ئەنصاریش وتیان : ئەبودوجانە سەرپێچی مردنی دەرهێنا. ئەبودوجانەش شیعری حەماسەت و گەرم بوونی بۆ خۆی ئەوت و ، تووشی هەر بت پەرستێك بوایە ئەیکوشت .. لەناو بت پەرستەکانیش دا پیاوێك هەبوو کە هەر زامدارێکی ئێمەی بدیایە هێرشی ئەکردە سەری و ئەیکوشت .. لەگەڵ ئەبودوجانەدا لێك نزیك کەوتنەوە . لە خوا پاڕامەوە بگەنە لای یەك .. ئەوەبوو گەیشتن بە یەك و ، هەر یەکە شمشێرێکی بۆ ئەوی تر داهێنایەوە . کە بت پەرستەکە شمشێرێکی بۆ ئەبودوجانە داهێنایەوە ، ئەبودوجانە قەڵغانەکەی دایە بەری و شمشێرەکە کاری لە قەڵغانەکە کرد .. ئەبودوجانە کە لەوی دا کوشتی ..

ئەبودوجانە خۆی بە ناو ریزەکاندا کرد ، هەتا گەیشتە لای فەرماندەی ئافرەتە قوڕەیشی یەکان ، هیندی هاوسەری ئەبوسوفیان .. نەیزانی ئەوە ..

ئەبودوجانە ئەبینێ وا مرۆڤێك خەریکە بە توندیی چنگ لە خەڵك ئەگرێت . ئەویش لە بەردەمیدا ئەوەستێت . کاتێك کە شمشێری بۆ بەرز ئەکاتەوە ، بە شێوەی ژنان وەلوەلە ئەکات و ئەزانێ کە ئافرەتە ، جا لەبەر رێزی شمشێرەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ وازی لێ دێنێ و لێی نادات ..

دوای بینینی ئەم هەڵوێستانەی ئەبودوجانە ، زوبەیر ئەڵێت : وتم : خوا و پێغەمبەرەکەی چاکتر ئەزانن .

یەکێك لە کافرەکانی مەککە بە ناوی سیباعی کوڕی عەبدولعوززا لە ریزی بت پەرستەکانەوە دەرپەڕیی و ، ئەیوت : ئایا کەسێ هەیە زۆران بازیی بکات ؟ ئەوەبوو حەمزەی بۆ دەرپەڕیی و پێی وت : ئەی سیباع ! ئەی کوڕی ئوم ئەنمار ! ئایا دژایەتیی خوا و پێغەمبەرەکەی ئەکەی ؟! هەڵمەتێکی دایە سەری و لە ناوی برد ..

ئەو رۆژە حەمزە دەوری کاریگەری هەبوو لە مل پەڕاندنی پاڵەوانەکانی سوپای قوڕەیشدا .. خۆی گەیاند بووە ناوجەرگەی سوپای مەککە ، سەرەڕای ئەوەی کە دەستی چاکی لە هەڵگرانی ئالاکە وەشاند .. کاتێکیش کە شەهید بوو وەك پاڵەوانانی جەنگ لە مەیداندا شەهید نەکرا ، چونکە هیچ کەس نەیئەوێرا بێتە مەیدانی ، بەڵکو بە شێوەیەکی نامەردانە دەستی لێ وەشێنرا ..

وەحشیی کوڕی حەرب باسی چۆنیەتیی شەهید کردنی حەمزەمان بۆ ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت :

غولامی جوبەیری کوڕی موطعیم بووم ، کە طوعەیمەی کوڕی عەدیی مامەی رۆژی بەدر کوژرابوو . کە قورەیش بەرەو ئوحود کەوتنە رێ ، جوبەیر پێی وتم : ئەگەر لە بری خوێنی مامەم حەمزەی مامەی موحەممەد بکوژیت ئەوا ئازاد بە .

ئەڵێت : منیش لەگەڵ خەڵکەکە کەوتمە رێ . جا من پیاوێکی حەبەشیی بووم و بە وێنەی حەبەشی‌یەکان حەربەم ئەهاویشت و ، بە دەگمەن نەم پێکایە . کە هەردوو سوپا دایان لە یەك من بۆ حەمزە چاوە و چاوم ئەکرد .. تا ئەوەبوو لە ناوەڕاستی خەڵکەکەدا دۆزیمەوە .. ئەبینم بە وێنەی وشتری بۆر ، خەڵکەکە تێك ئەشکێنێ و کەس بەرگەی ناگرێ . دە بەخوا من خۆم بۆ ئەو ئامادە ئەکرد و ، خۆم ئەدایە پەنای درەختێك یان بەردێك ، تا بەشکوم لێم نزیك ببێتەوە ، ئەبینم سیباعی کوڕی عەبدولعوززا کەوتە پێشم و بەرەو رووی رۆیشت . هەر کە حەمزە چاوی پێ کەوت پێی وت : وەرە بۆ لای خۆم ئەی کوڕی ...... ـ چونکە دایکی خەتەنەکەر بوو ـ . ئەڵێت : یەك شمشێری لێ دا و سەری لە لاشەی جیا کردەوە .

وەحشیی ئەڵێت : منیش حەربەکەمم ئەشۆکاندەوە ، تا کە بە دڵم بوو تێم گرت و ، ژێر ناوکی پێکا و ، لە نێوان هەردوو قاچیەوە دەرچوو . ویستی بەرەو رووم بێت ، کەچیی زۆری بۆ هات و کەوت ، منیش بە حەربەکەوە وازم لێ هێنا تا گیانی دەرچوو . پاشان هاتمە سەری و ، حەربەکەی خۆمم هەڵ گرت و ، گەڕامەوە بۆ سەربازگە و ، لەوێ دانیشتم و ، جگە لە حەمزە کارم بە کەسەوە نەبوو . ئەویشم لەبەر ئەوە کوشت ، هەتا ئازاد ببم . کاتێك گەڕامەوە مەککە ئازاد کرام.

لە مەککە مامەوە هەتا کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەتحی مەککەی کرد ، رام کرد بۆ طائیف و لەوێ مامەوە . کاتێك کە نوێنەرانی طائیف بۆ موسڵمان بوون چوونە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، سەرم لێ شێوا و نەم ئەزانی چیی بکەم . ئایا خۆم بگەیەنمە شام ، یان یەمەن ، یان وڵاتی تر ؟ دە بەخوا من لەو خەم و خەفەتەمدا بووم ، پیاوێك پێمی وت : ماڵت کاول بێت ، بەخوا هەر کەس بچێتە سەر دینەکەی و شاهێدیی حەق بدات ، ئەو نایکوژێت .

وەحشیی ئەڵێت : کاتێك کە پیاوەکە ئەوەی پێ وتم ، کەوتمە ڕێ و ، هاتمە خزمەتی پێغەمبەری خوا لە مەدینە . پێمی نەزانی هەتا گەیشتمە سەری و وەستام و شایەتمانی حەقم هێنا . کە دیتمی پێمی فەرموو :

((أوحشي أنت ؟))

وتم : بەڵێ ، ئەی پێغەمبەری خوا .

فەرمووی : ((أقعد فحدثني كيف قتلت حمزة ؟)) .

فەرمووی : دانیشە و بۆم بگێڕەوە چۆن حەمزەت کوشت ؟

ئەڵێت : منیش بۆم گێڕایەوە . کە لە باسەکەم بوومەوە فەرمووی : ((ويحك غيّب عني وجهك)) . فەرمووی : تیاچیت ، دەم و چاوت نەبینم . ئیتر هەمیشە لە پێغەمبەری خوا ﷺ خۆم لا ئەدا ، بۆ ئەوەی نەم بینێ ، هەتا کۆچی دوایی کرد ..

وەحشیی لە جەنگی پاشگەزبووەکان‌دا موسەیلەمەی درۆزن ئەکوژێت .

بوخاریی ریوایەتی کردووە کە وەحشیی وتوویە : کە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچیی دوایی کرد و ، موسەیلەمەی درۆزن پەیدا بوو ، وتم : ئەچم بۆ جەنگی موسەیلەمە بەڵکو بی‌کوژم و بە کوشتنی ئەو کوشتنی حەمزە بکوژێنمەوە ..

ئەڵێت : لەگەڵ موسڵمانان‌دا کەوتمە ڕێ .. ئەوەی کە ڕووی دا ڕووی دا و ، ئەبینم پیاوێکی قژ دژراو بەوێنەی وشتری بۆر لە درزی دیوارێك‌دا وەستاوە .. وەحشیی ئەڵێت : منیش حەربەکەی خۆمم تێ گرت و دای لەنێوان هەردوو مەمکی و لە نێو هەردوو شانیەوە دەرچوو . خێرا پیاوێکی ئەنصارییش هەڵمەتی دایە سەری و بە شمشێر دایگرتەوە ..

لە دوایی تەمەنی‌دا وەحشیی ئەی‌وت :

ئەگەر من موسەیلەمەی درۆزنم کوشتبێ ، ئەوا دوای پێغەمبەری خوا ﷺ چاك ترین کەس و (واتە حەمزە) خراپ ترین کەسم (واتە موسەیلەمەی درۆزن) کوشتوون .

کافرەکان بە دەست حەمزەوە گیریان خواردبوو .. پیاویان نەبوو ، بوێرێ ڕاستەوخۆ بچێتە مەیدانی ، لەبەر ئەوە ناچار بوون بە نەخشەیەکی ترسنۆکانە لە ناوی بەرن .

وەحشیی ئەمێنێ هەتا لە دژی ڕۆمەکانیش لە جەنگی یەرمووك‌دا ئەجەنگێت.

هەرچەندە بە شەهیدبوونی حەمزەی شێری خوا و شێری پێغەمبەرەکەی موسڵمانەکان زیانێکی زۆر گەورەیان لێ کەوت ، لەگەڵ ئەوەشدا بە چاکیی دەستیان بەسەر مەیدانی جەنگدا ئەڕۆی .. ئەوەبوو پیاوە بەغیرەتە پاڵەوانەکانی ئیسلام ، بە وێنەی ئەبوبەکر و عومەر و عەلیی و زوبەیر و موصعەب و طەلحە و عەبدوڵلای کوڕی جەحش و سەعدی کوڕی موعاذ و سەعدی کوڕی عوبادە و سەعدی کوڕی رەبیع و ئەنەسی کوڕی نەضر و هاووێنەیان جەنگێکی سەرومالیی کۆڵنەدەرانەیان کرد ، بە رادەیەك کە دەستی بت پەرستەکانیان سارد کردەوە و ، ورەیان رووخاندن .

یەکێ لە پاڵەوانەکان - بۆ نموونە - حەنظەلەی کوڕی ئەبوعامیری فاسق بوو .. حەنظەلە بە پێچەوانەی باوکی بوو .. گەنجێکی خوناس و سەرراست بوو .. لە پێشەوە باسی ناپاکیی باوکی کرا کە چۆن مەدینەی بە جێ هێشت و پاڵی بە کافرانی قورەیشەوە دا و دژی موسڵمانەکان چەکی هەڵ گرت ، بەڵام حەنظەلەی کوڕی ئەوپەڕی مەردایەتیی و وەفاداریی نواند .

حەنظەلە لە هەڵوێستی نامرۆڤانەی باوکی شەرمەزار ئەبوو ، بۆیە داوای لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد تا مۆڵەتی بدات باوکی بکوژێت . بەڵام پێغەمبەری رەحمەت ﷺ رێگەی نەدا و قەدەغەی کرد .

لە شەوی جەنگی ئوحوددا حەنظەلە یەکەم شەوی زاوایەتیی بوو .. هەر ئەو شەوە جەمیلەی کچی ئوبەی کوڕی سەلوولی گواستبووەوە ، کە خوشکی عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی سەرۆکی نیفاق بوو .

حەنظەلە پیاوانە بەشداریی جەنگی ئوحودی کرد .. حەنظەلە ئەو پیاوەیە کە ناونراوە (غسیل الملائکة) ، چونکە کە شەهید کرا لەشی گران بوو و بە فەرمانی خوا مەلائیکە شۆردیان . کە بەیانیی زوو جاڕ درا بۆ جیهاد بووکی بەجێ هێشت و دەستی دایە کەرەسەی جەنگ و ، بێئەوەی ماوەی هەبێ خۆی بشوا ، بە پەلە خۆی گەیاندە پێغەمبەری خوا ﷺ .

کە جەنگ دەستی پێ کرد حەنظەلەش خۆی کرد بە ناو ریزەکاندا و گەیشتە ناوجەرگەی مەیدانی جەنگ و ، گەیشتە لای ئەبوسوفیانی فەرماندەی گشتیی سوپای مەککە و ، هەڵمەتێکی دایە و ، چوارپەلی ئەسپەکەی قرتاند و ، ئەبوسوفیان لە سەری کەوتە خوارەوە .. کە ئەبوسوفیان کەوتە زەویی ، حەنظەلە

هەڵمەتی دا و پەڕییە سەرسەری و ، ویستی سەری ببڕێ .. بەڵام بە فەرمانی خوا ڕۆژی ئەبوسوفیان تەواو نەبوو بوو و ، ئەبوا نەمرێ هەتا ئیمان بهێنێ و پلەی هاوەڵێتیی دەست بکەوێ ، ئەوەبوو یەکێ لە پیاوە دڵسۆزەکانی دەوروبەری ئەبوسوفیان کە ناوی شەددادی کوڕی ئەسوەد بوو و بە نازناوی (إبن شعوب) ناسرابوو ، بە پەلە هەڵمەتی دا تا ئەبوسوفیان رزگار بکات .. بە شمشێر حەنظەلەی داگرتەوە و شەهیدی کرد .

دوای شەهیدبوونی حەنظەلەی پاڵەوان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((إن صاحبكم لتغسله الملائكة فاسألوا أهله ما شأنه ؟)) .

فەرمووی : مەلائیکە حەنظەلە ئەشۆن ، لە هاوسەرەکەی پرسیار بکەن بزانن هۆی ئەمە چییە ؟

کە پرسیار لە هاوسەرەکەی کرا ، وتی : کاتێك کە دەنگی جارچیی جیهادی بیست بە لەشی گرانەوە کەوتە ڕێ ..

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((لذلك غسلته الملائكة)) . فەرمووی : لەبەر ئەوە مەلائیکەت شۆردوویانە .

دوای ئەوەی کە حەنظەلە لە مەیدانی جەنگدا لەگەڵ شەهیدەکانی تردا لە خوێنی خۆیدا گەوزابوو و ، ڕۆحەکەی بۆ ئاسمان بەرزبوو بوویەوە ، ئەبوعامیری باوکی لەگەڵ چەند فەرماندەیەکی قوڕەیشدا دایان بەلای لاشەی کوڕە پاڵەوانەکەیدا .. ئەوەندی بۆ هات نارەزایی لە هەڵوێستی کوڕەکەی دەربڕێ و ، لەقەیەکیش لەسەر سنگی بدات .

لە (فتح الباري : ٧ / ٣٤٦) دا ئەوە هاتووە کە ئەو پەنجا تیرهاوێژەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر چیای تیرهاوێژان دایناون ، دەورێکی کاریگەریان هەبوو بۆ پشتگیریی سوپای ئیسلام ، تا بتوانێ بە ویستی خۆی دەست لە سوپای مەککە بوەشێنێ ..

ئەوەبوو ئەسپ سوارانی مەککە بە سەرکردایەتیی خالیدی کوڕی وەلید و ، پشتگیریی ئەبوعامیری فاسق و جەنگاوەرانی دەوروبەری ، سێ جار هێرشیان کردە سەر باڵی چەپی سوپای ئیسلام ، بەو نیازەی تێکی بشکێنن ، تا دوا لە موسڵمانان بگرن و ، ئاژاوە و سەرگەردانییان تێ بخەن و ، سەرەنجام بەرەو تێك

شکانیان بەرن ، کەچیی تیرهاوێژەکان ئازایانە هەر سێ هێرشەکەی خالیدیان پەرچ دایەوە و ، نەیانهێشت بەو مەبەستەیان بگەن .

کە ئەم سێ هەڵمەتە سەریان نەگرت و لووتی قورەیش شکا و .. پیاوانی هەڵ گرانی ئاڵا یەك لە دوای یەك بە دەستی موسڵمانان کوژران و ، ئاڵا کەوتە زەویی و .. پاڵەوانەکانی ئیسلامیش مەردانە دەستیان لە سوپای بت پەرستان ئەوەشاند، بەرە بەرە ورەی قورەیش رووخا .. دەست و پەلیان شمشێری نەئەگرت .. ریزەکانیان بە راست و بە چەپدا پەرتەوازە بوون و ، بەوپەڕی شپرزەیی یەوە سێ هەزار جەنگاوەری داخ لە دڵ بە دەست سوپایەکی بچکۆلەوە گیریان خوارد بوو ، هەروەك سوپای ئیسلام حەوتصەد کەس نەبن ، بەڵکو سیی هەزار بن .

بەرەبەرە قورەیش گەیشتنە ئەو یەقینە کە لە رۆژی بەدر خراپ تریان بەسەر دێ .. گەیشتنە ئەو یەقینە کە هەرگیز ئەوان چاری سوپای بچکۆلەی مەدینە ناکەن .. کورتەکەی موسڵمانان سەرکەوتنێکی یەکجار بێوێنەیان مسۆگەر کردبوو ، کە بەبیری هیچ کەس‌دا نەئەهات .

هێرشی موسڵمانەکان هێرشێکی کاریگەر بوو ، بۆیە قورەیش هەموو هەوڵێکی خۆی دا تا ئەو هێرشە بووەستێنێ .. هەستی بە دەستەپاچەیی ئەکرد .. هیممەت و غیرەتی ئەو سوپا گەورەیە سفر بوو ، بە رادەیەك لە ناو سێ هەزار جەنگاوەردا ، تاقە پیاوێك نەیئەوێرا دەست بداتە ئاڵای ژێر پێ کەوتوو و ، بەرزی بکاتەوە .. کەسێك نەبوو هەڵی بگرێ تا قورەیش لە دەوری کۆ ببێتەوە .. ئەو سوپا بێ‌شومارە هەر هەمووی ورەی نەما بوو .. ئەوەندەیان بۆ هات پاشەکشێ بکەن و مەیدان چۆڵ بکەن و هەڵ بێن .. ئیتر لە یادیان چوو کە ئەمان بۆ تۆڵەسەندن هاتوون و ، ئەیانەوێ ئابڕووی قورەیش بسێننەوە .

ئیبن ئیسحاق وتوویە : پاشان خوای گەورە سەرکەوتنی خۆی بۆ موسڵمانان نارد و ، بەڵێنەکەی خۆی بۆ بەسەر بردن . ئەوەبوو بە شمشێر دایان گرتنەوە ، هەتا لە سەربازخانەکەیان هەڵیان بڕین و ، تێك شکانیان گومانی لێ نەئەکرا . عەبدرڵڵای کوڕی زوبەیر لە باوکیەوە ئەگێڕێتەوە کە وتوویە : بە خوا چاوم لە قاچی هیندی کچی عوتبە و دەستە خوشکانی بوو کە هەڵیان ماڵی بوون و هەڵ ئەهاتن . لە ریوایەتەکەی بەرائی کوڕی عازیبیش‌دا ، کە بوخاریی لە صەحیحەکەی‌دا

گێڕاویەتەوە ، هاتووە : کە پێیان گەیشتین هەڵاتن ، هەتا چاوم لـە ئافرەتـان بـوو کە پەتیان توند ئەکردەوە تا قاچیان هەڵماڵن و ، پاوانەکانیشیان دەرکەوتبوون .

موسڵمانەکان سوپای قورەیشیان راونا ..

بە شمشێر دایان گرتنەوە ..

دەستکەوتەکانیان کۆ ئەکردنەوە ..

مەیدان کەوتە دەسـت موسـڵمانەکان .. پیـاوانی قـورەیش هـەڵ ئـەهاتن و ، ئافرەتەکانیشیان کە لەوەو پێش بە خۆشی‌یەوە دەفیان لێ ئەدا ، کەوتنە وەلوەلە و دەفیان فڕێ دا و قاچیان دەرخست و روویان لە کێوەکان نا .[٣٨٢]

یانزەهەم : هەڵەی تیرهاوێژەکان :

قورەیش هەر هەمووی هەڵ دێت .. مەیدان چۆڵ بووە .. کوژراوەکان لەو ناوەدا کەوتوون و ، قورەیش نەی‌توانیی کۆیان بکاتـەوە .. دەمێکیشـە ئـاڵای قـورەیش کەوتووە و، چاوەڕوانی پیاوێـك ئـەکات بـەرزی بکاتـەوە .. نـەوەی عەبـدوددار مـەردانـە بەرگری‌یان لە ئاڵاکەیان کرد و ، هـەر هـەموو لـەو پێنـاوەدا سـەریان نایەوە .. دوای ئەوان پیاوێك دەست ناکەوێ بەرزی بکاتەوە ، چونکە هـەر کـەس دەستی بداتێ ، یەکسەر بە شمشێری موسڵمانان قۆڵی ئەقرتێت ..

ئا لەم کاتەدا کە خەریك بوو سوپا خنجیلانەکەی ئیسلام بـۆ جـاری دووهـەم ، دوای بەدر ، سەرکەوتنێکی تر بەسەر قورەیش‌دا تۆمـار بکـات ، کـە هیچـی لـە سەرکەوتنەکەی بەدر کەمتر نەبێت .. ئا لەم کاتەدا هەڵەیەکی یەکجار گـەورە لـە دەستی ئەو کۆمەڵە دەرچوو کە بەوپەڕی لێ‌هاتنەوە پشتی سـوپای موسـڵمانانیان ئەگرت و ، هۆی سەرەکیی بە دەسـتهێنـانی سـەرکەوتن بـوون ، کـە ئـەوانیش دەستەی تیرهاوێژان بوون .. تا بە چاکیی کاریان ئەکرد سەرکەوتن بەشـی سـوپای ئیسلام بوو ، بەڵام کە کەوتنە هەڵەوە موسڵمانان تووشی زیانێکی گەورە بـوون .. هەتا خەریك بوو ببنە هۆی کوژرانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ .. ئـەم هەڵەیـە بـووە خاڵێکی ناشیرین لە ناو چاوی تیرهاوێژان‌دا و ، سـام و هەیبـەتی موسڵمانانیشـی نەهێشت ..

---

[٣٨٢] السيـرة النبـوية لأبـي شـهبة : ٢ / ١٩٣ ـ ١٩٥ ، ٢١٣ ـ ٢١٤ ، الرحيـق : ٢٦٤ ـ ٢٦٨ ، غزوة أحد : ١١٩ ـ ١٤٣ ، ١٦٥ ـ ١٧٠ .

لە پێشەوە باسی ئەوەمان کرد کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە توندیی فەرمانی بەسەردا دان تا بە هیچ شێوەیەك گردەکە چۆڵ نەکەن ، هەتا ئەگەر باڵندە موسڵمانان بفڕێنن ئەوان نەیەن بە دەمیانەوە ، چونکە لەوە ئەترسا کە ئەسپ سوارانی قوڕەیش هەل بە دەست بێنن و لە دواوە هێرش بکەنە سەر موسڵمانان . جا لەبەر ئەوەی کە ئەگەر تیرهاوێژان وریا و ئاگادار بن ئەتوانن ئەو هەڵمەتە پووچەڵ بکەنەوە ، فەرمانی دا تا هەمیشە چاودێریی ئەسپ سواران بن و ، هەر کە لێیان نزیك کەوتنەوە ، بە تیر دایان بگرنەوە ..

هەرواش بوو ، هەر لە یەکەم ساتی جەنگەوە خالید بیری بەلای ئەو کارەوە بوو و ، وەك لە پێشەوە باس کرا ، سێ جار هەڵمەتی دا و تیرهاوێژانی سەر کێوەکە لووتیان شکاند و گێڕایانەوە .

هێشتا بەو شکانەش کۆڵی نەدا .. هەر چاوەڕوان بوو کەی ئەو کێوە چۆڵ بکرێ و ، دەرفەتی دەست بکەوێ لە دواوە هەڵمەت بۆ موسڵمانان بەرێ ؟

موسڵمانان بێخەمی ئەوە بوون کە لە دواوە هەڵمەتیان بۆ نادرێت ، چونکە پاڵەوانەکانی سەر کێوەکە مەردانە دەست لە هەر کەسێك ئەوەشێنن کە نیازی خراپی هەبێ ، بۆیە هەڵمەتیان ئەدا و شمشێریان خستبووە گەردنی سەربازە شپرزە هەڵاتووەکانی مەککە .

بەڵام تیرهاوێژەکان بوونە هۆی لێقەومانێکی یەکجار گەورە ، بەوەی کە فەرمانی پێغەمبەری خوایان ﷺ شکاند .. بوونە هۆی لە دەستدانی بەروبوومەکانی ئەو سەرکەوتنە مەزنەی کە سوپای ئیسلام بە دەستی هێنا ، سەرەڕای شەهیدبوونی شەصت موسڵمان و ، زامداربوونی پێغەمبەریش لە چەند جێگەیەکەوە کە خەریك بوو پێیان بمرێت ..

بەڵێ ، تیرهاوێژەکان کە دیتیان وا موسڵمانەکان دەستیان داوەتە راونانی قوڕەیش و کۆکردنەوەی دەستکەوتەکانی جەنگ و ، کە دیتیان وا دەمێکە ئاڵای قوڕەیش لەو ناوەدا کەوتووە و کەس نیە هەڵی بگرێ و بەرزی بکاتەوە ، بوون بە دوو دەستەوە و ، کەوتنە وت و وێژی ئەوەی کە ئایا گردەکە چۆڵ بکەن یان نا .. زۆربەیان رایان وەها بوو کە ئەوەتا قوڕەیش تێك شکاوە و هەڵ دێت و ، ئەمانیش مافی خۆیانە دابەزنە مەیدانی جەنگ و بەشی خۆیان لەو دەستکەوتانە کۆ بکەنەوە کە لە مەیدانی جەنگدا کەوتوون .. هەندێکیشیان ، کە ژمارەیان کەم

بوو ، لەگەڵ ئەمیری تیرهاوێژان دا رایـان وەهـا بـوو کـە پێویستـە لـە فـەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ بە هیچ شێوەیەك دەرنەچن و ، بۆیان نیە کێوەکە چۆڵ بکـەن مەگەر بە فەرمانی تایبەتیی خۆی . کـە دەنگـی وت و وێـژیان بـەرز بوویـەوە ، عەبدوڵلای کوڕی جوبەیری فەرماندەیان وتارێکی بۆ دان و ، لەوە ئاگـاداری کـردن کە بۆیان نیە شوێنی خۆیان چۆڵ بکەن و ، فەرمانە توندەکانی پێغەمبـەری خـوای ﷺ هێنانەوە یادیان کە نابێ شوێنەکانیان چۆڵ بکەن .

عەبدوڵلا دەری بڕیی کە ئەو لەسەر مانەوە لەسەر کێوەکە سوورە و ، مۆڵـەتی کەسیش نادات دابەزێ .. ئەگەر فەرمانی کشانەوەی بۆ نەیەت تـا مـردن شـوێنی خۆی چۆڵ ناکات .

بەڵام زۆربەیان ـ وەك خوا بیەوێ کارێك بێتـە دیـی ـ لـە فـەرمانی فەرمانـدە دەرچوون و ، شوێنی خۆیان بەجێ هێشت و ، روویان لە مەیدانی جەنگ نا ..

بەڵێ ، چل پیاویان دابەزین و ، فەرماندە و نۆ پیاویش لە گەڵیا مانەوە .

خالید هەستی کرد وا نزیکە ئاواتەکەی بێتە دیی .. چاوی لێ بـوو وا گردەکـە موسڵمانی تیرهاوێژی کەمی لەسەر ماوە و ، وا چاکە هێرش بکاتە سەر کێوەکە . بـە پەلـە سـووڕێکی خـوارد و کەوتـە ئـەودیوی سـوپای موسـڵمانان و دوای لـە تیرهاوێژەکان گرت ..

بەڵێ ، فەرمانی دا ئەسپ‌سـواران بـە پەلـە دوا لـە سـوپای ئیسـلام بگـرن . ئەوانیش بە پەلە (کە خالیـد و عیکریـە فەرمانـدەیان بـوون) خۆیـان گەیانـدە گردەکە .. پێش هەموو شتێك پێویستە ئەو کێوە پـاك بکەنـەوە .. هەڵمـەتێکی بێ‌وێنەیان دا و ، بەبێ رەحمانە دووصەد ئەسپ سواری پڕ چەك و بە زرێ داپۆشراو هەوڵی قەڵاچۆکردنی تیرهاوێژانیان دا ..

تیرهاوێـژان بـە خۆیـان و فەرماندەیانـەوە کـە دە کەسـێك ئـەبوون ئەوپـەڕی دامەزراوی‌یان نواند و ، پاڵەوانانە ئەهاتن بە گـژی ئەسـپ سـوارانی خالیـدا .. بەڵام دە تیرهاوێژ هەر چۆن بن بەرگەی دووصەد ئەسپ سوار ناگرن ، لەبـەر ئـەوە زۆری پێ نەچوو هەر هەموویان بە شـەهیدیی و ، بـە سـەری بـەرزەوە ، سـەریان نایەوە ، خوا لە هەموویان رازیی بێ .

دوای ئەوە خالید هەڵمەتێکی دایە بەشی دواوەی سوپای ئیسـلام و ، بـە یـەك نرکەی خۆی و سوارچاکەکانی بت‌پەرستە تێك‌شـکاوە هـەڵاتووەکانی مەککـە تـێ

گەیشتن کە خالید دەستی خۆی وەشاندووە و ، سەرکەوتوانە پشتی لە سوپای مەدینە گرتووە .. تێك شکاوەکان ورەیان پەیدا کردەوە و ، هاتنەوە بە رووی موسڵمانەکاندا و ، خێرا ئافرەتێك بە ناوی عومەرەی حاریثی یەوە دەستی دایە ئاڵا فڕێ دراوە ، کەوتووەکەی مەککە و ، بەرزی کردەوە ، تا سەر لە نوێ تێك شکاوەکان لە دەوری کۆ ببنەوە .. قورەیشی یەکان بانگیان کردە یەکتر و ، ئازایەتی یان خستە بەری یەکتر و ، بەرە بەرە گەڕانەوە مەیدان و دەستیان بە جەنگ کردەوە ..

بەم شێوەیە هەڵوێستەکە گۆڕا و ، موسڵمانەکان تووشی زیانێکی گەورە بوون .. چونکە کەوتنە نێوان دوو ئاگرەوە .. تێك شکاوەکان لە پێشەوە و خالید لە دواوە گەمارووی موسڵمانانیان دا و ، موسڵمانەکان کەوتنە بیری خۆ رزگار کردن و لەو ئابلووقەیە و ، سەرکەوتنیان لە بیر چوویەوە ..

تەنها بەم هەڵمەتە ناخلۆفی یەی خالید ، کە هەڵەی تیرهاوێژەکان بۆی ئاسان کرد ، ئەو نەخشە جوانە حەکیمانەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، کە بۆ موسڵمانانی داڕێژرا بوو ، تێك چوو و ، موسڵمانەکان چوونە بارودۆخێکی ترەوە و ، بە شێوەیەکی پەرتەوازە و بێ نەخشە ئەجەنگان و ، لە هەموو نەخشە و ئامۆژگاری یەکی سەرکردایەتیی پچڕان و ، هەر کەسە بۆ خۆی هەوڵی ئەدا خۆی دەرباز بکا و ، دەستی کافرانی نەگاتێ ..

تەنها هەڵەیەك بوو ، بەڵام هەموو مەیدانی لە موسڵمانان تێك دا ..

دوای ئەو هەڵەیە موسڵمانەکان رێك و پێکیی ریزەکانیان نەما و ، هەموو بە جارێ تووشی شڵەژان و سەرلێشێوان بوون و ، تێکەڵ و پێکەڵ بوون و ، چیی دەستکەوتیان کۆ کردبووەوە ، ناچار بوون فڕێی بدەن . ئەوەندەش شپرزە بووبوون کوشتاری یەکتریان ئەکرد .. زۆربەیان نەیان ئەزانیی روو لە کوێ بنێن .. نەیان ئەزانیی چیی بکەن !! بە تایبەت دوای ئەوەی کە یەکێ لە بت پەرستان بە دەنگی بەرز قیڕاندی و شۆکەی خستە مەیدانی جەنگەوە و وتی : موحەممەد کوژراوە .

شڵەژان و شپرزەیی بووە بەشی موسڵمانەکان .. لەبەر نەمانی ورە و سەرلێشێوان ، هەندێ لە موسڵمانان بە دەستی خۆیان کوژران .. رۆژێکی یەکجار سەخت بوو .. ئەوەی بە بیری موسڵماناندا نەهاتبوو ئەمە بوو ..

لە راستیی‌دا ئەبوایە بەم هەڵەیە و بەم هەڵوێستە هەڵ گەڕاوەیە ، ئەو سوپا زۆر و زەبەندەی مەککە ، بە زووترین کات سوپای موسڵمانانی لە ناو ببردایە و ، مەدینەش بگیرایە و ، شوێنەواری ئیسلام نەمایە . بەڵام شێرەکانی ئیسلام بەو ئاسانی‌یەش کۆڵ نادەن .. ئەگەرچیی زیانیشان لێ بکەوێ ، ئەوان هەر خاوەنی ئیمانی دامەزراون .. ئەوەشیان کە شەهید ئەبوو ، بە شانازی‌یەوە ئەو شەهیدی‌یەی وەرئەگرت .. هەر چەندە هەڵوێستەکە سەخت بوو و ، لە پێغەمبەری سەرکردە ﷺ دابڕا بوون ، کە هۆشیان بە خۆیان‌دا هاتەوە ، دەستیان دایە جەنگێکی سەروماڵیی وەها کە بتوانن خۆیان لەو ئابڵووقەیە دەرباز بکەن و ، خۆیان بگەیەننەوە خزمەتی سەرکردەی گشتیی سوپای ئیسلام ، بە تایبەت دوای ئەوەی کە بۆیان دەرکەوت نەکوژراوە و سەلامەتە و ، لە بنکەی سەرکردایەتی‌یەوە بانگی لێ کردن ..

بە زەحمەت و ماندووبوون و قوربانی‌یەکی زۆر و ، لە نێوان صەدەها رم و شیر و تیردا ، بە هەر حاڵێك بوو گەیشتنە خزمەتی پێغەمبەری خواﷺ تا قورەیش لە هێرش بخەن و ، نەوێرێ بیر لە داگیرکردنی مەدینە بکاتەوە .. هەتا نەهێڵن قورەیش ببێتە خاوەنی مەیدانی جەنگ ، وەك موسڵمانەکان لە بەدردا مانەوە و دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرت و ، کوژراوەکانی قورەیشیان خستنە ناو بیرەکەی بەدر و ، شەهیدەکانیشیان بەوپەڕی شکۆوە ناشتن .

هەر چۆنێ بوو دوای ئەوەی بت پەرستەکان ورەیان پەیدا کردەوە و لە موسڵمانەکان هەڵ گەڕانەوە ، سوپای موسڵمانان بوون بە سێ دەستەوە :

<u>دەستەی یەکەم</u> : پێغەمبەری خوا ﷺ و هەندێ لە پیاوانی سەرکردایەتیی گشتیی کە لە خزمەتی‌دا مابوونەوە و ، بەشداریی تێك شکاندن و راونانی قورەیشی‌یەکانیان نەکردبوو ، وەك ئەبوبەکری صددیق و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵلا و هەندێکی تر لە موهاجیر و ئەنصار . ئەم دەستەیە یەکجار کەم بوون و ژمارەشیان لە چواردە پیاو تێپەڕی نەئەکرد ..

<u>دەستەی دووهەم</u> : ئەمانە لە راونانی دوژمن‌دا بەشداری‌یان کرد ، بەڵام زۆر بە دوای دوژمن‌دا نەڕۆیشتن ، بەڵکو لە نزیك بنکەی سەرکردایەتیی پێغەمبەردا مانەوە . کاتێك کە بارودۆخی مەیدانی جەنگ گۆڕرا و ، موسڵمانەکان کەوتنە نێوان ئاگری بت‌پەرستەکان و خالیدەوە ، دوژمن نەی‌توانیی ئەم دەستەیە گەمارۆ

بدات . وەهاش دەرئەکەوێ کە ئەنەسی کوڕی نەضر و، عومەری کوڕی خـەططاب و، سەعدی کوڕی ئەبووەققاص لەگەڵ ئەم دەستەیەدا بووبن ..

ئەم دەستەیەش زۆر کەم بوون ، بەڵام هەر پیاوێکیان لە جێـی صـەدان پیـاو بوو .. کـە بارودۆخەکـە وەهـای لێ هـات ، ئـەمان راستەوخۆ خۆیـان گەیانـدە پێغەمبەری خوا ﷺ و ، قەڵغانێکیان بۆ پاراستنی ئەو پێك هێنا ، نەوەکو دوژمن هەڵمەتی بۆ بدات ..

دەستەی سێهەم : ئەمە بەشە گەورەی سوپاکە بـوو و ، زۆربـەی زۆری سـوپای ئیسلامی لێ پێك هاتبوو .. ئەمانە بوون کە دوژمنیان تێك شکاند و راویان نا و، قوڕەیشـیـان لـە سـەربازگەکەیان دەرپەڕانـد و ، دەسـتیان بەسـەر بنکـەی سەرکردایەتیی‌دا گـرت و ، سـەربازگەکە چییی کـەل و پـەل و تفـاقی تێدا بـوو هەموویان دەست خۆیان خست .

ئەم سـوپایە بـوو کـە خالیـد پشـتی لێ گـرت و قوڕەیشـیش بـە یـەکجاریی گەمارووی دا .. ئەم دەستەیەش دوای گەمارۆودرانی بوو بە دوو دەستەوە :

یەکەم : کە بەشێکی کەم بوو ، توانیی خـۆی دەربـاز بکـات و بـەرەو مەدینـە هەڵات ، چونکە نەی‌توانیی بەرەو بنکەی سەرکردایەتیی هەنگاو هەڵ گرێ ، لەبەر ئەوەی کە وای ئەزانیی موسـڵمانەکان تێـك شـکاون و ، پێغەمبـەری خـواش ﷺ کوژراوە ..

ئەم دەستە بچکۆلەیە کە بە تێك شـکاویی روویـان لـە مەدینـە نـا ، کاتێـك گەیشتنە قەراغی شار ، ئەو ئافرەتانەی کە لە قەڵاکان‌دا بـوون و ، ئەوانـەش کـە هاتبوونە سەر گردۆڵکەکان و ، چاودێریی جەنگیان ئەکرد ، بەو دەستە هەڵاتوانەدا هەڵ شاخین .. هەتا ئافرەتەکان خۆڵیان ئەکرد بە دەم و چاوی مێردەکانیان‌دا ، کە بۆچ جەنگیان بەجێ هێشتووە ، خۆ پێغەمبەری خوا ﷺ نەکوژراوە .. ئەمانـە بـە پەلە بەرەو مەیدانی جەنگ گەڕانەوە ، بـەڵام دوای جـەنگ بـە پێغەمبـەری خـوا گەیشتنەوە .. ئەڵێن : هەندێ لەو هەڵاتوانە سێ رۆژ دوای جـەنگ گەڕاونەتـەوە . ئەمانە قورئانی پیرۆز دەربارەیان هاتە خوارەوە و چاوپۆشیی لێ کردن :

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَلَّوْا۟ مِنكُمْ يَوْمَ ٱلْتَقَى ٱلْجَمْعَانِ إِنَّمَا ٱسْتَزَلَّهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ بِبَعْضِ مَا كَسَبُوا۟ ۖ وَلَقَدْ عَفَا ٱللَّهُ عَنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴾ (آل عمران : ١٥٥) .

دووهەم : بەشی هەرە زۆری سوپاکە بوو گەماروو درا بوو ، ئا لەو کاتەدا تووشی شلەژاویی بوون و ، ورەی هەندێکیان بە جارێ رووخا ، بە تایبەت کە دەنگ و باسی کوژرانی پێغەمبەریان بیست . ئەوەندە پەشۆکا بوون باوکی حوذەیفەی کوڕی یەمانیان [٣٨٣] کوشت ، هەرچەندە حوذەیفە هاواری لێ کردن ئەوە باوکمە ، لە دەستیان دەرچوو و کوشتیان . دوای کوشتنی حوذەیفە وتی : خوای گەورە لێتان خۆش ببێ .

موسڵمانەکان لەم بارودۆخە ناڕەحەتەدا بوون و ، لە مەیداندا گیریان خواردبوو، هەر ئەوەندەیان زانیی دەنگ و باسێکی پڕ مەترسیی بڵاو بوویەوە کە کافرەکان پێغەمبەری خوایان کوشتووە .

هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم پاگاندەیەش ئەوەبوو کە یەکێ لە ئەسپ سوارانی قورەیش ، کە ناوی ئیبن قەمیئە بوو تووشی موصعەبی کوڕی عومەیری عەبدەریی بوو [٣٨٤] ، کە هەڵگری ئاڵای موسڵمانەکان بوو و کوشتی . روخساری موصعەب لە روخساری پێغەمبەری خوا ﷺ ئەچوو ، بە تایبەت کاتێ کەرەسەی جەنگی بپۆشیایە ، بۆیە بت پەرستەکە موصعەبی بە پێغەمبەر زانیی و ، هاواری کرد موحەممەدم کوشت . ئیتر هەواڵەکە دەما و دەم بڵاو بوویەوە .

---

[٣٨٣] حوذەیفەی کوڕی حوسەیلی کوڕی جابیری یەمانیی عەبسییە .. یەکێکە لە گەورە هاوەڵان .. خۆی و باوکی موسڵمان بوون . ویستیان بەشداریی جەنگی بەدر بکەن ، بۆیە بە جووتە لە مەدینەوە ئەکەونە رێ بە دوای سوپای ئیسلامدا ، کەچیی تووشی سوپای مەککە ئەبن و ئەیانگرن و ئەڵێن : ئێوە ئەتانەوێ بچنە کۆمەکیی موحەممەد . ئەڵێن : نەخێر ئەوەمان ناوێ .. ئەوسا پەیمانی خوایان لێ وەرئەگرن تا بەشداریی جەنگ نەکەن و بگەڕێنەوە مەدینە . دوای ئەوە دێنە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و باسەکەی بۆ ئەگێڕنەوە ، ئەویش فەرمانیان بەسەردا ئەدا کە بگەڕێنەوە مەدینە و جەنگ نەکەن . حوذەیفە بەشداریی جەنگی ئوحود و خەندەق و جەنگەکانی تری کردووە .. دواییش والییەکی ئازا و وڵات رزگارکەری لێ دەرچووە . زیاتر لە خاکی فارسدا خەریکی فتووحات بووە .. هێرشی کردۆتە سەر نەهاوەند و ، دینەوەر و ، ماهی سەندانی فەتح کردووە و ، هێرشی کردۆتە سەر هەمەدان و رەی (ناوچەی تاران) و بە زۆر فەتحی کردوون . خەلیفە عومەر ئەیکاتە والیی مەدائین ، بەڵام دەست پاکترین والیی بووە و هەمیشە جێی متمانەی خەلیفە عومەر بووە .. حوذەیفە خۆشەویست و متمانەپێکراوی پێغەمبەری خواش بووە ، بۆیە تەنها ئەو ناوی موونافیقەکانی مەدینەی زانیوە . ئەوەبوو کە یەکێك لە مەدینەدا ئەمرد ، خەلیفە عومەر سەرنجی ئەدا و پرسیاری هاتنی حوذەیفەی ئەکرد .. جا ئەگەر حوذەیفە بۆ نوێژی ئەو مردووە ئامادە بوایە خەلیفەش نوێژی لەسەر ئەکرد ، ئەگینا نەیئەکرد . حوذەیفە (٢٢٥) فەرموودەی گێڕاوەتەوە . لە ساڵی (٣٦) ی کۆچییدا لە مەدائین کۆچی دوایی کردووە .

[٣٨٤] لە پێشەوە دیمان کە هەڵگری ئاڵای قورەیش نەوەی عەبدوددار بوون و، یەك بە یەك لە پێناوی پاراستنی ئاڵاکەیاندا خۆیان بە کوشت دا . موصعەبیش لە نەوەی عەبدوددار بووە و پێغەمبەری خوا ﷺ بە شیاوی زانیوە ئاڵای بداتە دەست .

بەم هەواڵە درۆینە ئەوەندەی تر موسڵمانەکان شپرزە بوون و سەریان لێ شێوا ، بە تایبەت ئەوانەی کە کەوتبوونە ناوەڕاست و گەمارۆ درابوون ..

هەندێکیان سەرسام مابوون و نەیان ئەزانیی چیی بکەن و ، هەندێکی تریشیان لە جەنگ کۆڵیان ئەدا و شمشێرەکانیان دانا و ، هەندێکی تریش بیریان لەوە ئەکردەوە پەیوەندیی بە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی بکەن لە مەدینە ، تا خۆ بە دەستەوەدانیان بە قورەیش و ئەبوسوفیانی فەرماندەی گشتیی بگەیەنێ و ، ئەمانیان بۆ وەربگرێ ، چونکە وایان ئەزانیی پێغەمبەری خوا ﷺ کوژراوە و ، دینی ئیسلامیش ئیتر تەواو ئەبێ ..

یەکێ لەوانە وتی : خۆزگە نێرراوێکمان بناردایە بۆ لای عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی تا لای ئەبوسوفیان ئەمانمان بۆ وەربگرێ . خزمینە ! موحەممەد کوژراوە ، جا بگەڕێنەوە ناو خزمەکانتان بەر لەوەی ئەوان بێنە سەرتان و بتانکوژن .

کە ئەمان وەها سەرسام و سەرگەردان بوون و ، نەیان ئەزانیی بڕیارێکی ڕێك و پێك بدەن ، ئەنەسی کوڕی نەضری خەزرەجیی دای بە لایانا .. دیتی وا موسڵمانەکان چەکیان فڕێ داوە و ، شپرزە بوون و دەستە ئەژنۆ دانیشتوون . کە پرسیاری هۆی ئەم دەست ساردبوونەوەی لێ کردن ، وتیان : پێغەمبەری خوا کوژراوە .

وتی : خزمینە ! ئەگەر موحەممەد کوژرا بێ ، خۆ پەروەردگاری موحەممەد نەکوژراوە . دەی ئێوە دوای پێغەمبەری خوا ژیانتان بۆ چی یە ؟ دە هەستن لە پێناوی ئەو دینەدا کە ئەو جەنگی بۆ کرد و لە پێناویشیدا مرد ، ئێوەش بجەنگن و لە پێناویشیدا بمرن .

پاش ئەم ئامۆژگاری یە ، ئەنەس ڕووی لە بت پەرستەکان کرد و ، بە خۆی و شمشێرەکەیەوە ، وەك هەوری بەهار هەڵمەتی بۆ ئەدان و ئەیوت :

خوایە ! لەو کارەی کە ئەمانە هێناویانە (واتە بت پەرستەکان) خۆم بەریی ئەکەم و ، لەم قسەیەش شەرمەندەم کە ئەمانە ئەی کەن (واتە ئەو موسڵمانانەی کە چەکیان دانا بوو و بیریان لە خۆ بە دەستەوەدان ئەکردەوە) .

دوای ئەوە تووشی سەعدی کوڕی موعاذ بوو و پێی وت : ئەی سەعد ! بۆنی بەهەشت لەلای ئوحودەوە ئەبیستم . بە پەلە خۆی هاویشتە ناو کوورەی جەنگەوە و دەستی بە کوشتارێکی بێوێنە کرد ، هەتا ئەوەبوو شەهید کرا و ، دوایی

سەیریان کرد هەشتا و ئەوەندە زامی دەمی شمشێر و لێدانی رم و نووکی تیری پێوە بوو .. ئەوەبوو تەنها خوشکەکەی توانیی بە هۆی پەنجەیەوە بیناسێتەوە . ئەوەبوو دەربارەی ئەم قارەمانە دڵسۆزانە قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە کە ئەیفەرموو :

﴿ مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا۟ مَا عَـٰهَدُوا۟ ٱللَّهَ عَلَيْهِ ۖ فَمِنْهُم مَّن قَضَىٰ نَحْبَهُۥ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ ۖ وَمَا بَدَّلُوا۟ تَبْدِيلًا ﴾ (الأحزاب : ٢٣) .

بەڵێ ، دینە بێگەردەکەی خوای گەورە پیاو پەروەردە ئەکات .. مەرد و قارەمان پێ ئەگەیەنێ ، تا سەروماڵیان بکەنە قوربانیی ئیمان ..

هەروەها هاوەڵێکی تری مەزن ، کە هاوپەیمانی ئەنصار بوو ، بە ناوی ثابیتی کوڕی دەحداحی بەلەویی ، کە دیتی ، بە بۆنەی پاگاندەی کوژرانی پێغەمبەرەوە ، هەندێ جەنگاوەری موسڵمان ورەیان رووخاوە و ، نازانن چیی بکەن ، هاواری کردە ئەنصارەکانی خزمی و ، داوای لێ ئەکردن کە غیرەت بنوێنن و ، دان بە خۆیاندا بگرن . کە ئەیوت :

ئەی کۆمەڵی ئەنصار ! ئەگەر موحەممەد کوژرا بێت ، ئەوا خوا زیندووە و نامرێت . لەسەر دینەکەتان کوشتار بکەن ، بە راستیی خوا کۆمەکییتان ئەکات و سەرتان ئەخات ..

ئەوەبوو چەند پیاوێکی ئەنصاریی هەستان و هاتن بە دەمیەوە .. ئەویش بە خۆی و ئەو چەند ئەنصاریەوە هێرشی کردە سەر کەتیبەیەکی ئەسپ سوارانی قورەیش کە خالیدی کوڕی وەلید و ، عەمری کوڕی عاص و ، عیکریمەی کوڕی ئەبوجەهل و ، ضیراری کوڕی خەططابیان تێدا بوون .. خێرا خالید بە رمەکەی هەڵمەتی دایە ثابیت و ، ئەویش و ئەو پیاوانەش کە لەگەڵیا بوون شەهیدی کردن، خوا لێیان رازیی بێ .

بە راستیی رۆژی نەبەرد بوو .. رۆژی غیرەت بوو .. رۆژی قوربانیی کردن بوو لە پێناوی عەقیدەی خواناسییدا .. جەنگی سەروماڵیی ئەویست .. پیاوی مەرد و قارەمانی ئەویست ..

موسڵمانەکان یەکتری‌یان هەڵ ئەنا و غیرەتیان ئەخستە بەر یەکتر .. وازیان لەو بیرە پووچەڵە هێنا کە بریتیی بوو لە خۆ بە دەستەوەدان .. مردنیان هەڵ بژارد نەك

سەرشۆڕیی دنیا و قیامەت .. ئەوەبوو هەستانەوە و دەستیان دایە چەکەکانیان .. پاڵەوانانە دەستیان بە بەرگریی کرد .. سوپای دوژمنیش ئەوەندە زۆر بوو شەپۆلی ئەدا .. ورەی موسڵمانەکان بەرز بوویەوە .. بە تایبەت دوای ئەوەی هەواڵی سەلامەتیی ئازیزیان بۆ ساغ بوویەوە .. ئەوەبوو کەوتنە هەڵمەتدان و ، بە شمشێرەکانیانەوە خۆیان کرد بە ناو ریزەکانی دوژمندا کە چواردەوری موسڵمانەکانیان گرت بوو .. ئەوەبوو گوێیان لە ئازیز بوو بە دەنگی بەرز ، بۆ بەرزکردنەوەی ورەی هاوەڵەکانی و ، تا لە دەوری کۆ ببنەوە ، ئەیفەرموو : ((أنا رسول الله)) . لە بنکەی سەرکردایەتییەوە ، کە تیایا بە دامەزراویی مابوویەوە ، بانگی لێ ئەکردن ..

ئەوەی ژیریی و سەلیقە بوو پێغەمبەر و ئەرکانی جەنگی بە کاریان ئەهێنا .. یەکێ لەو کارە جوانانەیان ئەوەبوو کە کاتێ سوپای موسڵمانەکان شمشێریان خستە گەردنی کافرەکان و لە سەربازگەکەیان دەریان پەڕاندن ، ئەمان دوایان نەکەوتن و، بە دامەزراویی لە بنکەی سەرکردایەتییدا مانەوە . ئەمە ئەوپەڕی حیکمەتی تێدا بوو ..

بەڵێ ، پێغەمبەری خوا ﷺ ـ کە فەرماندەیەکی بێوێنەی وەها بوو خوا راستییەکان بخاتە دڵیەوە ـ نەخشەیەکی وەهای کێشا ، کە لەوانەیە و ئەگونجێ جەنگ لە باری سەرکەوتنەوە بگۆڕێ بۆ باری شکستیی .. بۆیە وای بە چاك زانیی خۆی و هاوەڵانی پاڵ بە کێوی ئوحودەوە بدەن ، تا ئەگەر ناچار بوون کەڵك لە سەختیی کێوەکە وەربگرن و ، پیایا سەرکەون .

کاتێك کە موسڵمانەکان سوپای قورەیشی تێك شکاویان راو ئەنا ، پێغەمبەری خوا ﷺ سەعدی کوڕی ئەبووەققاص و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵلای ، لەگەڵ هەندێ لە ئەرکانی جەنگی لەلای خۆی هێشتەوە و ، ئەوان لە شوێنی خۆیاندا نەجووڵان .. هەموویان بە وردیی سەرنجی مەیدانی جەنگیان ئەدا و چاویشیان لە کێوی تیرهاوێژەکان بوو . هەر کە پێغەمبەری خوا ﷺ چاوی لێ بوو وا لە هەڵمەتی چوارەمدا خالیدی کوڕی وەلید هەلی بە دەست هێنا و ، دوای ئەوەی کە تیرهاوێژەکان بەشی زۆریان کێوەکەیان بەجێ هێشت ، سەرکەوتە سەر کێوەکە و ، پاشماوەی جەنگاوەرە موسڵمانەکانی سەر کێوەکەشی شەهید کردن .. هەرکە چاوی

لەمە بوو ، بۆی دەرکەوت کە سوپای ئیسلام لە هەڵوێستێکی پڕ مەترسیی‌دایە .. هەستی کرد کە لەم کاتە ناسکەدا دوو هەڵوێست ئەتوانێ بگرێتە بەر :

یەکەم : یان ئەوەتا بیر لە سەلامەتیی و بێوەیی خۆی بکاتەوە ، بەوەی کە خۆی بگەیەنێتە شوێنێکی ئەمین و ، واز لە هاوەڵانی بهێنێ هەرچیی دێتە رێیان.

دووهەم : خۆی بخاتە مەترسی‌یەوە و ، خۆی لە هاوەڵان ئاشکرا بکات ، واتە هەوڵ بدات ئەوان لە مەترسیی رزگار بکات ، بەوەی کە بنکەکەی خۆی دیاریی بکات تا هاوەڵان لە دەوری کۆ ببنەوە و ، لە تیاچوون رزگار بن .

هەرچەندە خۆی ئەکەوتە مەترسی‌یەوە ، بۆ بەرژەوەندیی هاوەڵان هەڵوێستی دووهەمی هەڵ بژارد ، ئەوەبوو بە دەنگی بەرز هاواری لێ کردن : ((هَلُمَّ إليَّ ، أنا رسول الله)) .

قورئانی پیرۆزیش ئەم هەڵوێستەی ئازیزی ﷺ بە کارێکی چاك و پاڵەوانانە لە قەڵەم دا ، چونکە بووە مایەی دەربازکردنی سوپاکەی لە شڵەژان و سەرگەردانیی ، کە ئەفەرموێ :

﴿ إِذْ تُصْعِدُونَ وَلَا تَلْوُونَ عَلَىٰٓ أَحَدٍ وَٱلرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ فِىٓ أُخْرَىٰكُمْ ﴾ .

(آل عمران : ١٥٣) .

ئەو بانگەوازەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەرانسەری مەیدانی جەنگ‌دا دەنگی دایەوە .. بووە فێنکایی بۆ دڵی موسڵمانەکان تا ورەیان بەرز بێتەوە و ، هەر بە بیستنی دەنگی موبارەکی دڵیان حەسایەوە و لە ئاسوودەیی پڕ بوو و ، روویان لە شوێنی دەنگەکە نا .. بەمە زۆرێك لە گەماروودراوان درزیان بە ریزەکانی قورەیش دا و ، خۆیان دەرباز کرد ، ئەگەرچیی زیانی گیانیی زۆریان لێ کەوت .

بەرە‌بەرە لە دەوری ئازیز کۆ بوونەوە .. حاڵیان باش بوو و ، دەستیان دایەوە رێك‌خستنی ریزەکانیان ، بە سەرکردایەتیی پێغەمبەرەکەیان .. بەمە بەرەیەکی یەکجار بەهێزیان سەر لە نوێ دروست کردەوە ، بۆیە شێواز و ئەنجامی جەنگ گۆڕا .. موسڵمانەکان هۆشیان بە خۆیانا هاتەوە و ، لەو شڵەژان و سەرگەردانی‌یەی پێشەوە رزگار بوون .

بەڵێ ، بانگەوازەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ بووە هۆی کۆبوونەوەی موسڵمانە شڵەژاوەکان و ، رزگاربوونیان لە تێك‌شکان و پەرتەوازەیی و ، رۆحی مەعنەوی‌یان بەرز بوویەوە ، بەڵام لە هەمان کات‌دا بت‌پەرستەکانیشی لەوە ئاگادار کرد کە

پێغەمبەری خوا ﷺ نەکوژراوە و ، شوێنەکەشی لە لایان ئاشکرا بوو .. کەواتە ئازیز ئەبێتە ئامانجی هێرشی بتپەرستان و ، ئەکەوێتە مەترسی‌یەوە .

بە راستیی بارودۆخێکی زۆر ناهەموار بوو .. ئەوپەڕی مەترسیی رووی کردبووە پێغەمبەری ئازیز ﷺ ، چونکە ئەوانەی نزیك بوون لێ‌یەوە ، بە ئاسانیی ئەیان دۆزی‌یەوە و ، هەوڵیان ئەدا دەستی لێ بوەشێنن ..

هەرواش بوو ، بەر لەوەی بەشی زۆری سوپاکەی خۆی بگەیەنێتە لای ، کافرەکان هێرشی سەخت و ناهەمواریان کردە سەری ، بەو نیازەوە کە خۆی و هاوەڵە کەمەکانی دەوروبەری لە ناو بەرن ..

کەواتە بەم بانگەوازەی ئازیز مەیدانی جەنگ گوازرایەوە بۆ دەوروبەری پێغەمبەری خوا ﷺ .

ئەم هەڵوێستە تازەیە لای هاوەڵان شارراوە نەبوو .. هەستیان کرد کە پێغەمبەری ئازیز ﷺ لەوپەڕی مەترسی‌دایە و ، لەوانەیە بت پەرستەکان بە کەم ترین ماوە ئابلۆقەی خۆی و هاوەڵە کەمەکانی دەوری بدەن و ، بە ئاسانیی لە ناویان بەرن ، بۆیە تەکانیان دا تا بە پەلە خۆیان بگەیەننە سەرکردایەتیی و شوورایەکی مەحکەم و سەخت بە دەوری ئازیزیان‌دا دروست بکەن ، تا پەرچی هێرشی بت پەرستان بدەنەوە ..

مەبەست و ئامانجی سەرەکیی هاوەڵان هاتە سەر پارێزگاریی لە پێغەمبەری خوا ، کە لە هەموو کاتێك زیاتر ژیانی لە مەترسیی‌دا بوو .. هەرواش بوو .. هەر کە شوێنی ئازیز لە ناحەزانی ئاشکرا بوو ، خێرا کۆمەڵێك لە ئەسپ سواران و پیاوی پیادەی قوڕەیش هێرشیان کردە سەری و ، بە هەموو توانایەکیانەوە هەوڵیان ئەدا لە ناوی بەرن ، تا هاوەڵانی تری فریای نەکەوتوون ..

ئازیزمان ، بە شێوەی گەورەترین و ئازاترین پیاوێك کە لە سەرزەویی‌دا ژیا بێ و ، بە شێوەی گەورەترین قارەمانی مرۆڤایەتیی لە بەردەم ئەو هەمووە هێرشانەدا دامەزراو بوو .. هێرش کەرانیش هەڵمەتیان هەڵمەت نەبوو .. شەپۆلی دەریای وروژاو بوو .. هێرشێکی بێ‌وێنەیان ئەکردە سەر سەرکردایەتیی موسڵمانان .. ئازیزیش لەگەڵ چەند هاوەڵە کەمەکەی دەوروبەری‌دا وەك کێوی سەرکەش دامەزراو بوون ، هەتا بەرەبەرە هاوەڵان فریای کەوتن .

لەم هەڵمەت و دامەزراوی‌یەدا پێغەمبەری خوا لە چەندین لاوە زامـدار بـوو .. ئەو کڵاوە ئاسنینەی کە لە سەری کردبوو ، لە ئەنجامی لێدانـی بێڕەحمانـەی بـت پەرستان ، ورد و خاش بوو .. هەروەها لە چەند شوێنێکیشەوە دەم و چاوی پیرۆزی زامدار بوو ..

ئەو ئیبن قەمیئەیەی کە موصعەبی شەهید کرد و وای زانی پێغەمبەری خوایـە و ، بڵاوی کردەوە کە پێغەمبەری کوشتووە ، کە زانیی نەکوژراوە هێرشی هێنـا و ئەیوت : موحەممەد لە کوێیە ؟ سەرفراز نەبم ئەگەر بهێڵم ئەو سەرفراز بێ .

ئەو خوانەناسە خۆی گەیاندە لای ئازیز و ، بێڕەحمانە بە شمشێر دای‌گرتـەوە ، بەڵام چۆن داگرتنەوەیەك ، کەچیی بە سۆز و پارێزگاریی خـوا ، پێغەمبـەری خـوا ﷺ دوو زرێی لەبەر کردبوو و ، لێدانی ئەو خوانەناسە زرێکـانی نـەبڕیی ، بـەڵام ملی پیرۆزی پێکا و نزیکەی مانگێك ئازاری هەبوو .. ئەو خوانەناسە هـەر کـۆڵی نەئەدا .. بە خۆی و هاوەڵانیەوە لە هێرش نەئەکەوتن ، بۆیە ئازیز دەم و چاویشـی بە دەستی ئیبن قەمیئە زامدار بوو ..

ئەوەبوو دوو ئەڵقەی کڵاوەکەی سەری چەقی بوونە هەردوو کوڵمی موبـارەکی و خوێنیان لێ ئەڕۆی ، ئەمەش هـەر بـە لێـدانی ئـیبن قەمیئـە کـە سوارچـاکێکی لێهاتووی قورەیش بوو .

هەروەها دەم و چاوی موبارەکی زامێکی گەورەی تێ بـوو ، کـە هـەتا کۆچـی دوایی کرد شوێنەواری هەر مابوو ، ئەویش بە بۆنەی لێدانێکەوە ، لە کاتی گـەرم بوونی جەنگ‌دا ، لەلایەن عەبدوڵڵای کوڕی شیهابی زوهـەریی ، بـاپیری ئیمـامی پایەدار موحەممەدی کوڕی شیهابی زوهەریی .

هەروەها دانی تەختی خوارەوەی لای چەپی شکا و ، لێویشی قڵیشـا بـە هـۆی بـەردێکی گـەورەوە کـە عوتبـەی کـوڕی ئەبووەققاصـی بـرای سـەعدی کـوڕی ئەبووەققاص ، تێی گرت .

ئا لەم کاتە ناسکەدا و بەم هەموو زامانـەوە کەوتـە نـاو چـاڵێکی قووڵـەوە و هەردوو ئەژنۆشی زامدار بوون و ، لە تاو ئێش و ئازاردا بێهۆش کـەوت .. خێـرا هاوەڵە دڵسۆز و فیداکارەکانی هەڵمـەتیان دا و ، فریـای کـەوتن ، لـە لایەکـەوە بەرگری‌یان لێ ئەکرد و ، کافرانیان لێ دوور ئەخستەوە و ، لەلایەکیشەوە هەوڵیان

ئەدا لەو ناڕەحەتی‌یە دەری بهێنن . ئیمام عەلیی دەستی گرت و ، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵلاش لە چاڵەکە بەرزی کردەوە و ، هێنایە دەرەوە و ، بە پێوە وەستا .

لەم کاتەدا کە خوێن لە زامەکانی ئازیز سەری کردبوو ، خوێنەکەی بە دەم و چاویەوە ئەسڕیی و ئەیفەرموو : ((کیف یفلح قوم خضبوا وجه نبیهم ، وهو یدعوهم إلی ربهم ؟ إشتد غضب الله علی قوم أدموا وجه رسول الله)) .

ئەیفەرموو : کۆمەڵێك دەم و چاوی پێغەمبەرەکەیان ، کە بۆلای خوا بانگیان ئەکات ، خوێنایی کردبێ چۆن سەرئەکەون ؟ غەزەبی خوا بە توندیی ئەبارێتە سەر کۆمەڵێك کە دەم و چاوی پێغەمبەری خوایان خوێناویی کردووە .

بە بۆنەی ئەم فەرمایشتەوە قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە و پێغەمبەری خوای ﷺ تێ‌گەیاند ، کە ئەم کارە بە دەستی خوایە و ، پێغەمبەرە نازدارەکەشی هیچی بە دەست نیە ، خوا بە ویستی خۆیەتی لەسەر ئەو زوڵم و ستەمەیان سزایان بدات، یان چاوپۆشی‌یان لێ بکات ، کە ئەیفەرموو :

﴿ لَيْسَ لَكَ مِنَ ٱلْأَمْرِ شَىْءٌ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ أَوْ يُعَذِّبَهُمْ فَإِنَّهُمْ ظَٰلِمُونَ ﴾ (آل عمران : ١٢٨)

ئەو هەموو ناڕەحەتی‌یە هاتە بەردەم پێغەمبەری خوا ﷺ ، هێشتا کافران وازیان لێ نەئەهێنا و ، بەردەوام هێرشیان بۆ ئەکرد و ، هاوەڵانیش هەوڵیان ئەدا بە پەلە خۆیان بگەیەننە لای و ، خۆیان بکەنە قەڵغانی . بەمە لە دەوروبەریدا جەنگێکی ناهەموار بەرپا بوو .[٣٨٥]

دوانزەهەم : بە هێز بوونەوەی موسڵمانان :

بەڵێ ، بت پەرستەکان هێرشیان ئەکردە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ و بە هیچ شێوەیەك کۆڵیان نەئەدا و دەست بەرداریشی نەئەبوون .. ئەیانویست بی‌کوژن و لە دەستی رزگاریان بێ .. بەمە بەڵایەکی ناهەموار بەسەر ئەو هاوەڵانەدا ئەباریی کە بەرگری‌یان لە ئازیز ئەکرد .. ئەوانیش خوا لێیان رازیی بێ ، گیانیان خستبووە سەر لەپی دەستیان و بەرگری‌یان لە پێشەواکەیان ئەکرد .. لە هەموو قوڵێکەوە جەنگ وەستێنرا و ، هێرشی گەورەی قوڕەیش رووی لە ئوحود نا ..

جا هەرچەندە هێزی دوژمن لە رادەبەدەر بوو و ، بە ورەیەکی بەرزەوە هەڵمەتیان ئەدا و ، بەوپەڕی داخ لەدڵی‌یەوە دەستیان ئەوەشاند ، لەگەڵ ئەوەش‌دا

---

[٣٨٥] غزوة أحد : ١٣٤ ـ ١٥٣، الرحيق المختوم : ٢٦٨ ـ ٢٧٠، السيرة النبوية لأبي شهبة : ٢/ ١٩٥ـ١٩٧.

موسڵمانەکان بەوپەڕی جوامێریی و ئازایەتی‌یەوە ، بە وێنەی کێوی دامەزراو ، لە رووی هێرشی قورەیش‌دا وەستان و ، شوورایەکیان بە دەوری پێغەمبەری خۆشەویستیان‌دا کێشا ، بۆ ئەوەی هیچ بت‌پەرستێك دەستی نەگاتە ئازیز و ، چیی تر زامدار نەبێ ..

ئەو شوورایشە هەر خوێن و گۆشت بوو .. مرۆڤ بوون .. هێرشی خوانەناسانیش لە وزەدا نەبوو .. بۆیە پاسەوانان یەك لە دوای یەك شەهید ئەبوون ... بەڵام زۆر شادمان بوون .. هەر کە بە شەهیدبوونی یەکێکیان کەلەبەرێك دروست ئەبوو ، خێرا پاڵەوانێکی تر ئەو بۆشایی‌یەی پڕ ئەکردەوە .. لە راستیی‌دا ئەوانەی لە بەرگریی پێغەمبەری خوادا ﷺ ئەکوژران زیاتر لە ئەنصار بوون .

حەممادی کوڕی سەلەمە ریوایەتی کردووە کە بت پەرستەکان زۆر بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دێنن و ناڕەحەتی ئەکەن ، ئەویش حەوت ئەنصار و قورەیشی‌یەکی بە دەوردا ئەبن . ئەفەرموێ : ((من يردهم وهو رفيقي في الجنة ؟)) ئەفەرموێ : کێ ئەو کافرانە ئەداتە دواوە لێم و هاوڕێی بەهەشتم بێت ؟ یەکێ لە ئەنصارەکان هات و کوشتاری کرد هەتا شەهید کرا . کە دیسان ناڕەحەتیان کردەوە فەرمووی : ((من يردهم عنا وهو رفيقي في الجنة ؟)) .

حەمماد دەری ئەبڕێ کە هەر حەوت ئەنصاری‌یەکە لە بەرگریی‌کردنی ئازیزدا شەهید ئەبن ..

بۆ پەرچدانەوەی هێرشی بت‌پەرستان و بەرگریی لە ئازیز تیرهاوێژەکان کاریگەریی تەواویان هەبوو .. پێش هەموویان پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی تیرهاوێژێکی چاك بوو . کاتێك کە بت‌پەرستان بە کۆمەڵ رژابوون بە سەریان‌دا ، ئەوەندە تیری وەشاند بۆیان کەوانەکەی پچڕا و پارچەپارچە بوو .

ئەبوطەلحەی ئەنصاریی و[٣٨٦] سەعدی کوڕی ئەبووەققاصیش خوا لێیان رازیی بێ، لە تیرهاوێژە ئازا و گورج و گۆڵەکان بوون ، کە لەو سات و وەختە

---

[٣٨٦] ئەبوطەلحە ناوی زەیدی کوڕی سەهلی کوڕی ئەسوەدی کوڕی حەرامی ئەنصاریی خەزرەجی‌یە . ئامادەی پەیمانی عەقەبەی دووهەم بووە و ، لە هاوەڵە ناودار و پاڵەوانەکان بووە . پێغەمبەری خوا ﷺ شاهێدیی بۆ داوە کە دەنگی ئەبوطەلحە لە ناو سوپادا لە صەد پیاو چاکترە ، کە فەرموویە : ((لصوت أبي طلحة في الجيش خير من مائة رجل)) . هەتا (إبن عبدالبر) باسی ئەوەی کردووە کە ئەبوطەلحە لە رۆژی حونەین‌دا خۆی بە تەنیا بیست پیاوی کوشتووە و چەك و تفاقەکەشیانی هێناوە . ئەبوطەلحە بەشداریی جەنگی بەدری کردووە . کە جەنگ گەرم ببوایە لەبەردەم پێغەمبەری خوادا ﷺ چۆکی دائەدا و تیری ناو تیردانەکەی هەڵ ئەڕێژان و ، بەوپەڕی لێ‌هاتن و گورج و

ناهەموارەدا ، جەنگی سەروماڵی‌یان ئەکرد و ، تیری تیژیان ئەگرتە دوژمـن و بـە چاکییش ئەیان‌پێکان و ، لووتیان ئەشکاندن ..

ئیمام ئەحمەد لە ئەنەسەوە ریوایەتی کردووە کە ئەبوطەلحەی ئەنصاریی ، لـە رۆژی ئوحـوددا و ، لـەو کاتـەدا کـە بـت‌پەرسـتەکان هێرشـیان هێنـابووە سـەر پێغەمبەری خـوا ﷺ ، لەبـەر دەسـتی‌دا تـیری ئەوەشـاند و ، پێغەمبـەریش لـە پشتیەوە بوو ، ئەبوطەلحەش تیرهاوێژێکی چاك بوو .. هەرچیی تـیری ئەهاویشـت پێغەمبەری خوا ﷺ سەری بەرز ئەکردەوە تا ببینێ تیرەکە بەر کـوێ ئەکـەوێ .. خێرا ئەبوطـەلحەش سنگی خۆی بەرز ئەکردەوە ، تا لاشەی ئەو دیار نـەبێ و تـیری دوژمنـی بەرنەکـەوێ و ، ئەشـی وت : بـاوك و دایکـم بـە قوربانـت بـن ، ئـەی پێغەمبەری خوا ، تیرت بەرنەکەوێ ، گەردنم قەڵغانی گەردنت بێت .

لەو هەڵوێستە پڕمەترسی‌یەدا ئەبوطەلحـە لـە بـەردەم پێغەمبـەری خـوادا ﷺ بەوپەڕی ئیخلاص و ئامادەباشی‌یەوە ئەی‌وت : ئـەی پێغەمبـەری خـوا ! مـن لێ هاتووم ، هەر پێویستی‌یەکت هەیە بمنێرە بە دوای‌دا و ، چیت پێ خۆشە فـەرمانم بەسەردا بدە .

ئەو رۆژە ئەبوطەلحە مەردانە بە تیرهاویشتن بەرگریی لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ کرد ، هەتا ئەوەبوو لەو رۆژەدا سێ تیروکەوان لە دەستی‌دا شکان .

ئیمام بوخاریی وتوویـە : لـە رۆژی ئوحـوددا خەڵکەکـە تێـك شـکان و دەوری پێغەمبەر چۆڵ بوو ، ئەبوطـەلحە لەبەر دەستی‌دا بـە قـەڵغانێکی پارێزگـاریی لـەو ئەکرد . ئەبوطەلحە تیرهاوێژێکی بەتوانا بوو ، لەو رۆژەدا دوو یان سێ تیروکـەوانی شکاند . کە پیاوێکیش تێپـەڕی بکردایـە و تیردانـی پـێ بوایـە ، ئەی‌فـەرموو : تیرەکان بۆ ئەبوطەلحە هەڵ بڕێژە .

سەعدی کوڕی ئەبووەققاصیش یەکێ بوو لە تیرهاوێژە ئازا و بەناوبانگـەکان .. ئەویش لـە کاتی تێك‌شکانەکەدا لە خزمەتی پێغەمبەری خـوادا بـە دامـەزراویی مایەوە .. ئەمیش دەورێکی کاریگەری هەبوو ، لە پاراستنی پێغەمبـەری خـوا و گێڕانەوەی هێرشی دوژمنان ، کە بە تیری نووك تیژ دای‌ئەگرتنەوە ..

گۆڵی‌یەوە پەرچی هێرشی دوژمنانی ئەدایەوە . لە ئوحودیش‌دا مەردانە بەرگریی لە ئازیزی کرد . ئـەبوطـەلحـە لـە ساڵی (٥١) ی کۆچیی‌دا ، وتراویشە لە سیی و چواردا کۆچی دوایی کردووە .

لەو کاتە ناسکەدا ، کە کۆمەڵی خوانەناسان یەك لە دوای یەك هێرشیان ئەکردە سەر ئازیز ، سەعد پاڵەوانانە خۆی ئەگرت و ، لەبەردەمیا بەرگریی لێ ئەکرد ، هەتا ئەڵێن لەو رۆژەدا هەزار تیری وەشاندووە .. ئەوەندە دەوری گرنگی هەبوو لە پەرچ‌دانەوەی هێرشی کافران‌دا ، دڵی ئازیزی خۆش کرد ، بە رادەیەك کە دایك و باوکی بکاتە قوربانی سەعد ، بە مەرجێ نەی‌کردوونەتە قوربانی هیچ کەسێکی تر.

مێژوونووسان گێڕاویانەتەوە کە هەرچی سەعد تیری ئەگرتە ئەو بت‌پەرستانەی کە هێرشیان ئەکرد تا دەست لە پێغەمبەری خوا بوەشێنن ، پێی ئەفەرموو : ((إرم ، فداك أبي وأمي)) . ئەی‌فەرموو : تێ‌یان بگرە باوك و دایکم بە قوربانت بن .

سەعیدی کوڕی موسەییەبیش وتوویە : گوێم لە سەعدی کوڕی ئەبووەققاص بوو کە ئەی‌وت : لە رۆژی ئوحوددا پێغەمبەری خوا ﷺ تیردانەکەی بۆ هەڵ ڕێژام و فەرمووی : ((إرم ، فداك أبي وأمي)) .

لە صەحیحی بوخارییش‌دا ، لە عەلی‌یەوە ـ کرم الله وجهه ـ هاتووە کە فەرموویە : نەم بیستووە پێغەمبەری خوا ﷺ دایك و باوکی پێکەوە بە قوربانی هیچ کەس کردبێ ، جگە لە سەعدی کوڕی مالیك (مەبەستی سەعدی کوڕی ئەبووەققاصە) . گوێم لێی بوو (لە رۆژی ئوحوددا) ئەی فەرموو : ((یا سعد ! إرم ، فداك أبي وأمي)) .

یەکێکی تر لەو پاڵەوانە تیرهاوێژانەی ، کە لەو کاتەدا گیانی پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتبووە مەترسی‌یەوە ، دژی هێرشی بت پەرستان بە وێنەی کێو دامەزرا بوون و ، ئەچوون بە گژیان‌دا ، سەهلی کوڕی حونەیف .[٣٨٧] لەو رۆژەدا بەیعەتی مردنی بە پێغەمبەر ﷺ دابوو . بۆیە کە زۆربەی سوپای ئیسلام شڵەژاو سەری لێ شێوا ، ئەو لەگەڵ دڵسۆزە پاڵفتەکان‌دا ، لە خزمەت پێغەمبەردا بە دامەزراویی

---

[٣٨٧] سەهلی کوڕی حونەیفی کوڕی وەهبی ئەنصاریی ئەوسیی ، یەکێکە لەوانەی کە زوو بە زوو موسڵمان بوو . لە خزمەتی پێغەمبەردا بەشداریی جەنگی بەدر و هەروەها رووداوەکانی تریشی ، کردووە . پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ ئیمام عەلیی‌دا کردنیە برا . لە رۆژی ئوحوددا پاڵەوانانە بەرگریی لە ئازیز کرد . ئیمام عەلیی کردیە والیی بەصرە و ، لەگەڵ ئیمام‌دا بەشداریی صیففینی کردووە دژی موعاویە . بوخاریی و موسلیم چل فەرموودەیان لە سەهلەوە گێڕاوەتەوە . لە ساڵی سیی و هەشتی کۆچیی و ، لە سەردەمی خەلافەتی ئیمام و ، لە شاری کووفەدا کۆچی دوایی کردووە و عەلیی ئەمیری ئیمان‌داران نوێژی لەسەر کردووە ، خوا لێیان رازیی بێ .

مایەوە و ، لە پێناوی پاراستنی ئازیزدا ، گیانی خستبووە سەر لەپی دەستی .. بۆیە پێی ئەفەرموو : ((نبلوا سهلاً)) . ئەی فەرموو : تیر بۆ سەهل ئامادە بکەن .

ئیبن کەثیریش دەری بڕیوە کە سەهل یەکێ بووە لەو چەند هاوەڵە کەمەی کە لە کاتی تێکشکاندا لە خزمەتی ئازیزدا دامەزراو بووە . ئیبن جەریر نەقڵی کردووە کە ئیبن قەمیئەی حاریثیی بەردێك ئەگرێتە پێغەمبەری خوا ﷺ و لووت و دانی تەختی ئەشکێنێ و دەم و چاویشی زامدار ئەکات و لە توانای ئەخات . ئیتر هاوەڵان پەرتەوازە ئەبن و ، ئەویش خەڵکەکە بانگ ئەکا و ئەفەرموێ : ((إليّ عباد الله ، إلّي عباد الله)) . ئەوەبوو سیی پیاوی لە دەور کۆبوونەوە و لەبەر دەستی ئامادە بوون و ، جگە لە طەلحەی کوڕی عوبەیدوللاّ و سەهلی کوڕی حونەیف کەس خۆی بۆ نەگیرا . دیارە مەبەستی لەو کاتەیە کە هێشتا پاڵەوانەکانی تر کۆ نەبووبوونەوە .

لە پێشەوە باسی ئەوەمان کرد کە پێغەمبەری خوا ﷺ شمشێرێکی تایبەتیی دایە دەست ئەبودوجانە و ، ئەویش کە جەنگ دەستی پێ کرد ، مەردانە هەڵمەتی ئەدا و ، خۆی بە ناو ریزەکانی دوژمندا ئەکرد . کاتێکیش کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەورەی درابوو و ، دوژمنان هەڵمەتیان ئەدا بیکوژن ، ئەبودوجانەی ئەنصاریی مەردانە پارێزگاریی لێ ئەکرد .

ئەبودوجانە خۆی کردبووە قەڵغانی پێغەمبەر .. خۆی چەماندبۆوە بەسەریدا هەتا تیری کافران ئەو نەپێکن و خۆی بپێکن . هەرواش بوو چیی تیر ئەگیرایە پێغەمبەری خوا ، هەر هەموویان بەر پشتی ئەبودوجانە ئەکەوتن ، لەگەڵ ئەوەش دا هیچ باکی نەبوو . هەتا هەندێ لە مێژوونووسان پشتی ئەبودوجانەیان بە پشتی ژیژوو ئەشوبهاند ، بە بۆنەی ئەو هەموو تیرەوە ، کە لە کاتی پاراستنی پێغەمبەری خوادا ﷺ ، چەقی بوون بە پشتیدا ..

یەکێکی تر لەو پاڵەوانانەی کە لەو ساتە ناهەموارەدا لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ بە دامەزراویی مانەوە حاطبی کوڕی ئەبوبەلتەعە[٣٨٨] بوو .

---

[٣٨٨] حاطەب کوڕی ئەبوبەلتەعەی کوڕی عەمری لەخمیی پاشان قەحطانیی یەمانیی بووە و ، هاوپەیمانی نەوەی ئەسەدی کوڕی عەبدولعوززا بووە . زوو بە زوو موسڵمان بووە و کۆچی بۆ مەدینە کردووە . یەکێ بووە لە سوار چاکە بەناوبانگەکانی قورەیش .. بەشداریی جەنگی بەدر و ئوحود و خەندەقی کردووە و ، دۆستی زوبەیر بووە . ئەم بوو ، پێش فەتحی مەککە ، نامەی بە نهێنیی نارد بۆ دانیشتوانی مەککە تا ئاگاداریان بکات وا موسڵمانەکان

لەو کاتەدا کە سوپای ئیسلام شپرزە بووبوو ئەو بە شمشێرەکەی بەرگریی لە پێغەمبەری خوا ئەکرد .. هەر حاطەب بوو کە تۆڵەی پێغەمبەری خوای ﷺ لە عوتبەی کوڕی ئەبووەققاص سەند ، لەسەر ئەوەی کە دەم و چاوی پێغەمبەری خوێناویی کرد ، وەك لە پێشەوە باس کراوە ، ئەوەبوو لەو کاتە ناسکەدا کە پێغەمبەر زامدار کرابوو ، عوتبەی کوشت .

ئیبن کەثیر لە حاطەب خۆیەوە ئەگێڕێتەوە کە وتوویە : کاتێك کە دیتم عوتبە (ی کوڕی ئەبووەققاص) چیی بە پێغەمبەری خوا کرد ، پێم وت : عوتبە بەرەو کوێ ڕۆیشت ؟ ئەویش بەرەو ئەو شوێنە ئاماژەی کرد .

حاطەب ئەڵێ : بە دوایدا ڕۆیشتم هەتا دەستم کەوت .. بە شمشێر لێم دا و سەریم پەڕاند ، پاشان دابەزیم و ئەسپەکەی و شمشێرەکەیم هەڵ گرتن و هێنامەوە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و ، ئەویش پێمی فەرموو : ((رضي الله عنك ، رضي الله عنك)) .

عوتبە برای سەعد بوو ، کە زۆر حەزی لەوە بوو عوتبە بکوژێ ، کەچیی دەستی نەکەوت .

ئەگێڕنەوە کە سەعد خوا لێی رازیی بێ وتوویە : هەرگیز ئەوەندەی کە حەزم لە کوشتنی عوتبەی کوڕی ئەبووەققاص بووە ، حەزم لە کوشتنی کەس نەبووە .

طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵای تەیمییش لەبەر دەستی پێغەمبەری خوا دا ﷺ ئەوەندەی سوپایەکی تەواو جەنگاوە .. ئەتوانین بڵێین کە چاکترین و ڕاستترین جەنگ جەنگی طەلحە بووە ..

بەیهەقیی لە ئەبوزوبەیر و، ئەویش لە جابیرەوە ئەگێڕێتەوە کە وتوویە : ڕۆژی ئوحود خەڵکەکە لە دەوری پێغەمبەردا ﷺ پەرتەوازە بوون و ، تەنها یانزە پیاوی ئەنصار و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا لەلای مانەوە و ، ئەویش بە کێوەکەدا سەرئەکەوت ، فەرمووی : ((ألا أحد لهؤلاء ؟)) . فەرمووی : ئەوە کەس نیە بچێ بە گژی ئەوانەدا .. مەبەستی لەو کافرانە بوو کە بەرەو کێوەکە هێرشیان ئەکرد .

طەلحە ئەڵێ : من ئەی پێغەمبەری خوا !

نیازی فەتحی مەککەیان هەیە . دوای ئەوەی کە پێی زانرا ، عوزری بۆ پێغەمبەر هێنایەوە و ، ئەویش لێی وەرگرت و ، شاهێدییشی بۆ دا کە ناچێتە دۆزەخ بە بۆنەی ئەوەوە کە جەنگی بەدری دیوە ..

ئەفەرموێ : ((كما كنت ، يا طلحة !)) . ئەفەرموێ : لە جێی خۆت بە طەلحە ! پیاوێك لە ئەنصارەكان وتی : من ئەی پێغەمبەری خوا ! دەستی بە كوشتار كرد و پێغەمبەری خوا و ئەوانەی لەگەڵی بوون سەركەوتنە سەر و ، پاشان ئەنصارییەكە شەهید بوو . كافرەكان لە پێغەمبەری خوا نزیك كەوتنەوە .. فەرمووی : ((ألا رجل لهؤلاء ؟)) طەلحە قسەكەی خۆی كردەوە و ، پێغەمبەری خواش وەك خۆی فەرمایشتی كردەوە و ، پیاوێك لە ئەنصارەكانیش وتی : دەی من ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەو دەستی بە كوشتار كرد و ، ئەو و هاوەڵانیشی سەرئەكەوتنە سەر ، پاشان شەهید كرا .. كافران فریای پێغەمبەری خوا ﷺ كەوتن و ، ئەویش وەك یەكەم جاری ئەفەرموو و ، طەلحەش ئەی وت : من ئەی پێغەمبەری خوا ! بەڵام ئەوی ئەهێشتەوە و ، پیاوێك لە ئەنصار داوای ئیزنی ئەكرد و ئەویش ئیزنی ئەدا و ، ئەویش وەك ئەوانەی پیش خۆی كوشتاری ئەكرد هەتا هەموویان شەهید بوون و ، جگە لە طەلحە كەس لە دەوری پێغەمبەردا نەما و بت پەرستەكانیش گەیشتنە سەریان . ئەو كاتە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((من لهؤلاء ؟)) طەلحە وتی : من .

طەلحە ئەوەندەی هەر هەموو ئەوانەی پێش خۆی كوشتاری كرد ، تا ئەوەبوو لە بەرگریی پێغەمبەری خوادا لە حەفتا شوێنەوە زامدار بوو ..

ئەبوداودی طەیالیسیی لە عائیشەی دایكی ئیماندارانەوە ریوایەتی كردووە كە وتوویە : هەرچیی باسی رۆژی ئوحود لەلای ئەبوبەكردا بكرایە ، ئەی فەرموو : ئەو رۆژە هەمووی بۆ طەلحە بوو ، پاشان دەستی بە باس ئەكرد و ئەیفەرموو : رۆژی ئوحود من یەكەم كەس بووم گەڕامەوە ئەبینم وا پیاوێك ، لەبەردەم پێغەمبەری خوادا ، لە پێناوی خوادا ئەجەنگێ ، منیش وتم : طەلحە بە ، ئەوەی لە دەستم چوو ، لە دەستم چوو .. پیاوێكیش لە نێوان من و بت پەرستەكاندا بوو نەمئەناسی ، منیش لە پێغەمبەری خواوە لەو نزیكتر بووم ، ئەو بە پەلە هەنگاوی ئەنا كە من نەم ئەتوانی ، ئەبینم ئەبوعوبەیدەی جەڕڕاحە .[389] ئەوەبوو

[389] ئەبوعوبەیدە ، فەرماندە و وڵاتان رزگاركەری بەناوبانگی ئیسلامە ، كە ناوی عامیری كوڕی عەبدوڵڵای كوڕی جەڕڕاحی كوڕی هیلالی فیهریی قورەیشییە . یەكێكە لەو دە كەسەی كە مژدەی بەهەشتیان پێ دراوە . هاوەڵێكی پایەدار و ناودار بووە و ، نازناوی ((أمين الأمة)) ی وەرگرتووە . لە شاری مەككە لە دایك بووە و ، زوو بە زوو موسڵمان بووە و ، لە هەموو جەنگەكاندا لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ بەشداریی كردووە ، كاتێك كە نوێنەرانی وڵاتی یەمەن هاتنە مەدینە تا موسڵمانبوونی دانیشتوانی یەمەن رابگەیەنن ، بە پێغەمبەری خوایان

گەیشتینە لای پێغەمبەری خوا ، ئەبینین دانی تەختی شکاوە و ، دەم و چاوی زامدار بووە و ، دوو ئەلقەی کلاوە ئاسنەکەی سەری چەقیونەتە کولمی . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((علیکما صاحبکما)) فەرمووی : فریای براکەتان بکەون . مەبەستی لە طەلحە بوو کە بە هۆی زامی زۆرەوە خوێنی سەری کردبوو . هاتین بەلای طەلحەوە کە کەوتبووە چاڵێکەوە ، ئەبینین حەفتا و ئەوەندە زامی رم و شیر و تیری پێوەیە و ، پەنجەیەکیشی بڕاوە . ئێمەش دەرمانمان کرد .

تیرمیذییش ریوایەتی کردووە کە لەو رۆژەدا پێغەمبەر ﷺ فەرموویە : ((من ینظر إلی شهید یمشي علی وجه الأرض ، فلینظر إلی طلحة بن عبیدالله)) . فەرمووی : هەر کەس پێی خۆشە سەیری شەهیدێك بکا کە لەسەر زەوییدا بەڕێوە بچێ ، با سەیری طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵلا بکات ..

هەروەها لەو ساتە ناهەموارەدا عەبدوررەحمانی کوڕی عەوف بۆ پاراستنی پێغەمبەری خوا ﷺ جەنگێکی سەختی ئەکرد ،کە لە ئەنجامدا لە بیست شوێنەوە زیاتر زامدار بووبوو .. دەمی زامدار بوو و ، قاچێکیشی شەل بوو ، کەچیی کە پێغەمبەری خوای هەڵ گرت تا بیخاتە سەر تاشە بەردەکە ـ کە بە درێژە لە دواوە باسی دێ ـ ئەو شەلییەی نەما و چاك بوویەوە ..

ئەبوعوبەیدەش یەکێ بوو لەو پاڵەوانە دامەزراوانەی کە لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ ئەجەنگا و ، هەر ئەویش بوو کە دوو ئەلقەی کلاوە ئاسنەکەی بە دانی دەرهێنانەوە ، کە چەقیبوونە کولمی پێغەمبەری خوا ﷺ . جا لەبەر ئەوەی کە ئەلقەکان زۆر چەقی بوون ، دوو ددانی پێشەوەی ئەبوعوبەیدە شکان .

لە پێشەوە باسی ئازایەتیی و پاڵەوانێتیی حەنظەلەمان کرد کە چۆن شەوی جەنگی ئوحود یەکەم شەوی زاوایەتیی ئەو بوو و ، کە بانگەوازی جیهادی بیست ،

ﷺ وت کە یەکێکیان لەگەڵدا بنێرێ تا لە سوننەت و لە ئیسلام شارەزایان بکات ، ئەویش دەستی ئەبوعوبەیدەی گرت و ، فەرمووی : ((هذا أمین هذه الأمة)) . فەرمووی : ئەمە ئەمین و دەست پاکی ئەم ئوممەتەیە. ئەبوعوبەیدە یەکێ بووە لەو چوار فەرماندەیەی کە ئەبوبەکر بۆ فەتحی شامی ناردن و ، پاشان عومەر کردیە فەرماندەی گشتیی سوپای موسڵمانەکان ، ئەمەش دوای لادانی خالیدی کوڕی وەلید لەسەر ئەو کارە و ، وڵاتی شامی رزگار کرد و ، سوپای ئیسلام لە ژێر فەرماندەیەتیی ئەودا لە خۆرهەڵاتەوە گەیشتە فوڕات و لە باکووریشەوە ئاسیای بچووك . بەشداریی جەنگی بەدری کرد و ، لەو جەنگەدا باوکی خۆی ، کە بت پەرست بوو ، کوشت . ئەبوعوبەیدە بە بلیمەتیی و نەرم و نیانیی و حیکمەت و خۆبەکەم زانین ناسراوە . ئیبن عەساکیر دەری بڕیوە کە لە قورەیشدا دوو کەسی بلیمەت (داهیة) بوون : ئەبوبەکر و ئەبوعوبەیدە . لە بوخاریی و موسلیمدا چواردە فەرموودەی گێڕاوەتەوە . لە ساڵی هەژدەی کۆچییدا ، بە نەخۆشیی تاعوون ، لە شامدا ، کۆچی دوایی کردووە ، خوا لێی رازیی بێ .

بەبی ئەوەی خۆی بشوا ، چەکی هەڵ گرت و ، خۆی گەیاندە مەیدانی شەهیدان و، سەرەنجام مەلائیکە دوای شەهیدبوونی شۆردیان .

یەکێکی تر لەوانەی کە لە کاتی سەختدا لە خزمەتی پێغەمبەری خوا دا ﷺ مایەوە ، قەتادەی کوڕی نوعمان بوو .[٣٩٠] لەگەڵ هاوەڵە کەمەکانی دەوروبەری پێغەمبەری خوا دا ﷺ بەرگری‌یەکی چاکی لە ئازیزی ئەکرد ، هەتا ئەوەبوو چاوێکی بە تیرێکی بتپەرستان پێکرا ، بە رادەیەك کە لە چاڵی چاوی‌دا دەرپەڕیی و بەسەر کولمی‌دا شۆڕ بوویەوە .

ئیبن ئیسحاق ئەڵێت : عاصیمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادە بۆمی باس کرد کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەندە تیری بە کەوانەکەی خۆی تەقاند هەتا لایەکی شکا .. قەتادەی کوڕی نوعمان هەڵی گرت و بە لایەوە بوو .. ئەو رۆژە چاوی قەتادە پێکرا ، بە رادەیەك کە هاتە دەرەوە و کەوتە سەر کولمی . پێغەمبەری خوا ﷺ بە دەستی موبارەکی هەڵی گرت و خستیەوە شوێنی خۆی و فەرمووی : ((أللهم أكسه جمالاً)) . فەرمووی : خوایە ! جوانیی بەسەردا ببارێنە . لەوەودوا جوانترین و تیژترین چاوی بوو .کاتێکیش کە عاصیمی کوڕەزای چووە خزمەتی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز رەحمەتی خوای لێ بێ کە والیی مەدینە بوو و لێی پرسیی : تۆ کێیت ؟ ئەویش بە شیعر وەڵامی دایەوە :

أنا إبن الذي سالت على الخد عينه فُردَّت بكف المصطفى أحسن الردِّ
فعـادت كـما كانت لأول أمرها فيا حُسنها عيناً ، ويا حُسن ماخد

وتی : من کوڕی ئەو کەسەم کە چاوی بەسەر کولمی‌دا هاتە خوارەوە و بە دەستی موبارەکی پێغەمبەری خواﷺ بە جوانترین شێوە خرایەوە جێی خۆی و ، وەك جاران چاکتر و جوانتر چاك بوویەوە .

عومەریش بە شیعرێکی جوان وەڵامی دایەوە و ، خەڵاتێکی چاکیشی کرد .[٣٩١]

---

[٣٩٠] قەتادەی کوڕی نوعمانی کوڕی زەیدی کوڕی عامیری کوڕی سەوادی کوڕی ظەفەری ئەوسی‌یە و ، برای دایکیی ئەبوسەعیدی خودری‌یە . بەشداریی جەنگی بەدری کردووە . هاوەڵێکی پایەدار بووە و ، تیرهاوێژێکی بەناوبانگ بووە . لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ بەشداریی هەموو جەنگەکانی کردووە . لە فەتحی مەککەدا هەڵگری ئاڵای نەوەی ظەفەر بووە و ، لە ساڵی بیست و سێی کۆچیی‌دا کۆچی دوایی کردووە .

[٣٩١] الرحيق المختوم :٢٧١ ـ ٢٧٥، السيرة النبوية لأبي شهبة : ٢/ ١٩٨ـ ٢٠٢، غزوة أحد: ١٥٤ـ ١٦٥، ١٨٠ .

سیانزەهەم : دەوری ئافرەت لە جەنگی ئوحوددا :

جەنگی ئوحود یەکەم جەنگێك بوو کە ئافرەتی موسڵمان تیایا بەشداریی جەنگی کرد و چوو بە گژی بتپەرستاندا .

لەم جەنگەدا تەنها یەك ئافرەت بەشداریی جەنگی کردووە و ، بە شمشێر و تیروکەوان کوشتاری کافرانی کردووە ، تا ئەوەبوو لە کاتی بەرگریی‌کردنیدا لە پێغەمبەری خوا ﷺ لە چەندین لاوە زامدار کرا .. هەر چەندە ئەم ئافرەتە بەڕێزە سەرەتا بە ناوی جەنگەوە لە ماڵ دەرنەچوو و ، وەکو پیاوان کەرەسەی جەنگی نەپۆشیی بوو ، بەڵکو بە مەبەستی ئەوە دەرچوو بزانێ بارودۆخی مەیدانی جەنگ چۆنە و ، بزانێ چ خزمەتێکی پێ ئەکرێ ، بە تایبەت بۆ ئاودانی جەنگاوەران و ، دەرمان‌کردنی زامداران . ئەمە لە لایەکەوە ، لە لایەکی ترەوە ئەم ئافرەتە لە تەمەنی گەنجیی‌دا بەشداریی جەنگی نەکردووە و ، لەگەڵ مێردەکەی و هەر دوو کوڕەکەی‌دا بووە .

ئەم ئافرەتە بەڕێزە ، ئوم عومارە نوسەیبەی مازنی‌یە ،[٣٩٢] کە لە کاتی تێك شکانی موسڵمانەکاندا ، ناچار ئەبێ دەست بداتە شمشێر و ، پاڵەوانانە کافران لە پێغەمبەری خوا ﷺ دوور بخاتەوە .

سەرەتا ئەم ئافرەتە بەڕێزە کوندەیەك ئاوی گرتە کۆڵ و ، لەگەڵ مێردەکەی و هەر دوو کوڕەکەی‌دا بەرەو جەنگ کەوتە رێ .

ئوم سەعدی کچی سەعدی کوڕی رەبیع ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت : چوومە خزمەتی ئوم عومارە و وتم : پورەگیان ! دەنگ و باستم بۆ بگێڕەرەوە .

وتی : سەر لە بەیانیی لە ماڵ دەرچووم تا بزانم موسڵمانەکان چیی ئەکەن و ، منیش کوندەیەکی پڕ لە ئاوم پێ بوو .. ئەوەبوو گەیشتمە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ کە لە نێوان هاوەڵەکانی‌دا بووە و ، سەرکەوتنیش بە دەست موسڵمانانەوە بوو .

---

[٣٩٢] نوسەیبە کچی کەعبی کوڕی عەمر بوو لە نەوەی نەججار ، لە خزمانی پێغەمبەری خوا ﷺ .. ئافرەتێکی پایەدار و خاوەن هیممەت بوو . یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە زوو بە زوو موسڵمان بووە و ، یەکێکیش بووە لەو سێ ئافرەتەی کە ئامادەی پەیمانی عەقەبە بوون و ، ئامادەی پەیمانی (رضوان) یش بووە .
ئوم عومارە بەشداریی جەنگی ئوحود و ، حودەیبیە و ، عومرەی قەزا و ، حونەینی کردووە و ، پاشانیش ئامادەی جەنگی یەمامە بووە دژی موسەیلەمەی درۆزن و ، دەستێکی پەڕیی . ئەبوبەکری صدیق لە سەردەمی خەلافەتی خۆی‌دا رێزی لە نوسەیبە ئەگرت و سەردانی ئەکرد .. چەند فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە . لە ساڵی سیانزەی کۆچیی‌دا کۆچی دوایی کردووە ، خوا لێی رازیی بێ .

کە موسڵمانەکان شپرزە بوون ، خۆم گەیاندە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و ، دەستم بە کوشتار کرد و ، بە شمشێر دوژمنم لێ دوور ئەخستەوە و ، بە کەوانیش لە بری ئەو تیرم ئەهاویشت ، هەتا برینێکی زۆر کرایە لاشەمەوە ..

ئوم سەعد ئەڵێت : ئەبینم زامیکی قووڵ کە بۆشایی هەبوو وا بەسەر شانیەوە. پێم وت : کێ ئەم زامەی کردە لاشەتەوە ؟ وتی : ئیبن قەمیئە ، خوا ملی بشکێنێ ، کاتێك کە خەڵکەکە لە پێغەمبەری خوا ﷺ دوور کەوتنەوە ، ئەهات و ئەی‌وت : موحەممەدم پیشان دەن ، رزگار نەبم گەر ئەو رزگاری بێ . من و موصعەبی کوڕی عومەیر و چەند پیاوێکی تر کە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ بە دامەزراویی مابوونەوە ، رێمان پێ گرت ، لێی دام و ئەم زامەی کردە شانمەوە و ، چەند شمشێرێکم لێ دا ، بەڵام دوژمنی خوا دوو زرێی لە بەردا بوون .. دوای ئەوە بە بۆنەی ئێشی زامەکانیەوە نوسەیبە ماوەیەك بێ‌هۆش کەوت ، کە چاوی کردەوە پرسیی : پێغەمبەری خوا کوا ؟ بت پەرستەکان چی‌یان کرد ؟ وتیان: سەلامەتە ..

ئەم کارەی نوسەیبە کارێکی ناچاریی بوو .. ئەو بۆ جەنگ و کوشتار لە ماڵ دەرنەچوو .. بەڵام کە تیرهاوێژەکان شوێنی خۆیان چۆڵ کرد و ، خۆیشی کەسێکی ئەو تۆ بە دەوری‌یا نەما ، بە شێوەیەك کە مەترسیی ئەوەی لێ ئەکرا کافران بە دیلی بگرن ، ناچار بوو کە دەست بداتە شمشێر بۆ بەرگریی لە پێغەمبەر و ، پاراستنی خۆیشی ..

بەڵێ ، ئوم عومارە خوا لێی رازیی بێ رۆژی ئوحود لە دوانزە جێگەوە زامدار بوو و ، پێغەمبەری خواش ﷺ بۆ ئازایەتیی و چاو نەترسیی ئەو شاهێدیی دا و ستایشی کرد ، چونکە لە کاتی شپرزەیی و سەرگەردانیی‌دا یەکێ بووە لەوانەی کە لە خزمەتی‌دا دامەزراو بوون . ئەوەتا فەرموویە : ((ما التفت يميناً وشمالاً يوم أحد إلا ورأيتها تقاتل دوني)) . فەرموویە : رۆژی ئوحود هەرچیی بە لای راست و بە لای چەپ‌دا ئاوڕم ئەدایەوە ، ئەم بینیی ئەو لە بەرگریی من‌دا کوشتار ئەکات ..

هەروەها ئەگێڕنەوە کە نوسەیبەی مازنیی رۆژی ئوحود لەگەڵ زەیدی کوڕی عاصیم [٣٩٣] ی مێردیدا و حەبیب [٣٩٤] و عەبدوڵلای [٣٩٥] کوڕیدا لە ماڵ دەرچوون و، پێغەمبەریش ﷺ پێیانی فەرموو :

((بارك الله فيكم أهـل بيت ..)) فـەرمووی : ئـەی خێزانەکـە ! خـوا فـەڕ و بەرەکەت بە سەرتاندا برژێنێ .

ئوم عومارە وتی : لە خوا بپاڕێرەوە تا لە بەهەشـتدا هاوڕێـت بـین . ئـەویش فەرمووی : ((أللهم اجعلهم رفقائي في الجنـة)) . فەرمووی : خوایـە ! بیـانکـە بـە هاوڕێم لە بەهەشتدا .. کە نوسەیبە ئەمەی بیسـت وتـی : لـە دنیـادا هەرچـیم بەسەر بێت ، باکم نیە ..

بەڵێ ، جگە لە نوسەیبە نەچەسپاوە کە هیچ ئافرەتێکی تر لـە رۆژی ئوحـوددا بەشداریی جەنگی کردبێ . بەڵام مێژوونووسان باسـی ئـەوەیان کـردووە کـە دوای ئەوەی بتپەرستان لە مەیدانی جەنگ کشانەوە ، هەندێ لە ژنانی موسـڵمانان لـە شار دەرچوون ، تا فریای زامداران بکەون و دەرمانیان بکەن و ، ئاویان فریا بخەن ، کە لەوانە عائیشەی هاوسەری پێغەمبەری خوا ﷺ و فاطیمەی کچی بوون ..

بوخاریی لە ئەنەس ەوە [٣٩٦] خوا لێی رازیی بێ ریوایەتی کـردووە کـە وتوویـە : چاوم لێ بوو عائیشە و ئوم سولەیم [٣٩٧] خۆیان هەڵ کردبوو و ، کوندەی ئاویان بـە

---

[٣٩٣] زەیدی کوڕی عاصیم ی کوڕی غونم ی نەجاریی ئەنصاریی ، (إبن عبدالبر) ئەوەی باس کردووە کە زەید یەکێ بووە لەو هاوەڵانەی کە بەشداریی پەیمانی عەقەبە و ، جەنگی بەدری کردووە و ، لە جەنگی ئوحوددا شەهید بووە ، خوا لێی رازیی بێ .

[٣٩٤] حەبیبی کوڕی زەید ، ئەڵێن بەشداریی پەیمانی عەقەبەی کردووە و ، ابن سەعدیش وتوویە : بەشداریی ئوحود و خەندەق و هەموو رووداوەکانی تری کردووە . ئەوەبوو حەبیب لە عومانەوە ئەگەڕایەوە بۆ مەدینە ، لە رێگا موسەیلەمەی درۆزن گرتی و لێی پرسیی : ئایا شاهێدیی ئەدەی کە من پێغەمبەری خوام ؟ وتی : نابیستم . وتی : ئەی شاهێدیی ئەدەی کە موحەممەد پێغەمبەری خوا بێت ؟ وتی : بەڵێ . لە رقانا پارچە گۆشتێکی لێ ئەبڕیی . هەروا پرسیاری لێ ئەکرد و ، ئەویش وەڵامی ئەدایەوە هەتا پارچە پارچەی کرد و ، بە شەهیدیی کەوتە سەرزەویی. لە ریوایەتەکەی (عبدالبر) دا وا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ حەبیبی بە شێوەی نوێنەر ناردووە بۆ لای موسەیلەمەی درۆزن .

کاتێك کە هەواڵی حەبیب و شەهیدبوونی گەیشتە نوسەیبە پەیمانی بە خوا دا کە ئەبێ تۆڵەی جگەرگۆشەکەی بکاتەوە . ئەویش مۆڵەتی لە خەلیفە ئەبوبەکر وەرگرت تا لەگەڵ سوپای ئیسلامدا بچێت بۆ یەمامە .

[٣٩٥] عەبدوڵلای کوڕی زەید ، حاکم وەهای دەربڕیوە کە بەشداریی بەدری کردبـێ . لەگـەڵ خالیـدیشدا بەشـداریی جەنگی یەمامەی کردووە و ، لە کوشتنی موسەیلەمەی درۆزندا هاوکاریی وەحشیی کوڕی حـەربی کـردووە . کـە گەڕایەوە لای دایکی شمشێرەکەی خوێنی لێ ئەچۆڕیی . دایکی پرسیی : کوشتت ؟ وتـی : بـەڵێ . خێـرا نوسـەیبە سەجدەی شوکری بۆ خوا برد . عەبدوڵلا پیاوێکی یەکجار ئازا و بە جەرگ بووە و، هەژدە فەرموودەشی گێڕاوەتەوە.

کۆڵ هەڵ ئەگرت و ، دەرخواردی خەڵکەکەیان ئەدا و ، پاشان ئەگەڕانەوە پڕیان ئەکردنەوە و ، دەرخواردی خەڵکەکەیان ئەدا ..

یەکێکی تر لەو ئافرەتانەی کە یارمەتیی جەنگاوەرانیان ئەدا ، ئوم سولەیط بوو . بوخاریی لە صەحیحەکەیدا بە سەنەدی خۆی ریوایەتی کردووە کە : عومەری کوڕی خەططاب خوا لێی رازیی بێ - لە سەردەمی خەلافەتی خۆیدا - چەند سەرپۆشێکی بەسەر ئافرەتانی مەدینەدا دابەش کرد و ، سەرپۆشێکی چاکیان مابۆوە . یەکێ لەوانەی کە لەلای خەلیفە ئامادە بوون وتی : ئەی ئەمیری ئیمانداران ! ئەمەیان بدە بەو کچەی پێغەمبەری خوا کە لە لاتە . (واتە ئوم کولثوومی کچی ئیمام عەلیی کە هاوسەری عومەر بووە) . فەرمووی : ئوم سولەیط پێی شایانترە لەو ، چونکە ئەو رۆژی ئوحود کوندە ئاوی بە کۆڵ ئەهێنا ..

بەڵام فاطیمەی زەهراء خوا لێی رازیی بێ یەکێ بووە لەو ئافرەتانەی دوای گەڕانەوەی بتپەرستان لە شار دەرئەچن و دێن بە هانای سوپای ئیسلامەوە . کاتێك کە تووشی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەستی لە ملی کرد و ، دەستی کرد بە شۆردنی برینەکانی بە ئاو ، بەڵام تا ئەهات خوێنی زیاتریان لێ ئەڕۆیشت . ناچار پارچە حەسیرێکی هێنا و سووتاندی و خستیە سەر زامەکان و پێوەیان نووسا و خوێنەکەیان وەستایەوە .

---

[٣٩٦] ئەنەسی کوڕی مالیك خزمەتگوزاری پێغەمبەری خوا ﷺ بووە و ، یەکێ بووە لەو هاوەڵانەی کە فەرموودەی زۆری گێڕاوەتەوە . کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی هاتە مەدینە ، ئەنەس دە ساڵان بوو و، دایکی دەستی گرت و هێنایە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و وتی : ئەم منداڵە با خزمەتت بکات ، ئەویش قبووڵی کرد . ئەنەس لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بۆ جەنگی بەدر کەوتە رێ ، بەڵام بۆ خزمەتکردنی پێغەمبەر ، نەك بەشداریی بکات ، چونکە منداڵێکی بچووك بوو . دوای ئەوە بەشداریی هەشت غەزای لە خزمەتی ئازیزدا کرد و ، ئەویش دوعای بۆ کرد و فەرمووی : ((أللهم أكثر ماله وولده و أدخله الجنة)) . فەرمووی : خوایە بەرەکەت بخەرە ماڵ و منداڵیەوە ، بیشیخەرە بەهەشتەوە . ئەوەبوو (١٠٣) ساڵ ژیا و (٢٢٨٦) فەرموودەشی ریوایەت کرد .. دوا هاوەڵ بوو کە لە بەصرەدا ، لە ساڵی (٩٣) ی کۆچییدا کۆچی دوایی کرد .

[٣٩٧] ئوم سولەیم کچی میلحانی کوڕی خالیدی ئەنصارییە و ، دایکی ئەنەسە . یەکێك بووە لەو ئافرەتانەی کە سەرەتا موسڵمان بوون و ، مالیکی کوڕی نەضری مێردیشی بۆ موسڵمان بوونی تووڕە بوو . ئەوەبوو سەفەری شامی کرد و لەوێ مرد . پاشان ئەبوطەلحەی ئەنصاریی خوازبێنیی لێ کرد و ، ئەویش لە مارەییدا داوای موسڵمانبوونی لێ کرد چونکە هێشتا موسڵمان نەبوو بوو و ، ئەویش موسڵمان بوو . ئوم سولەیم لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بەشداریی جەنگی حونەینی کردووە . پێغەمبەر ﷺ سۆزی زۆری بەرامبەری بەکار ئەهێنا و ئەیفەرموو : ((إني أرحمها ، قتل أخوها وأبوها معي)) . فەرمووی : بەزەییم پیایدا دێتەوە .. براکەی و باوکی لەگەڵم دا کوژران .

هەندێ لە مێژوونووسانیش باسیان کردووە کە هەندێ لە ئافرەتانی موسڵمان لە کاتی گەرمەی جەنگدا دەستی یارمەتییان بۆ بریندارەکان درێژ ئەکرد ، وەك ئوم ئەیمەنی [٣٩٨] دایەنی پێغەمبەری خوا ﷺ .

مێژوونووسان باسی ئەوەیان کردووە کە دەستە تێك شکاوەکەی موسڵمانان کاتێ ویستیان بچنە ناو شارەوە و ، هێشتا پێغەمبەری خوایش ﷺ لەناو جەرگەی مەیدانی جەنگدا خەریکی جەنگ بوو ، ئوم ئەیمەنیان تووش بوو . کە ئەو دەستەیەی بە هەڵاتوویی بینیی دەستی دایە خۆڵ پژان بە دەم و چاویاندا و ، بە هەندێکیانی ئەوت : ئەو تەشییە بگرە و شمشێرەکەت بهێنە . ئوم ئەیمەن خۆی گەیاندە مەیدانی جەنگ و هێشتا جەنگیش بەردەوام بوو ، تا فریاگوزاریی پێشکەش بە زامداران بکات ، هەتا ئەوەبوو لە کاتی فریاکەوتندا کەوتە بەر شاڵاوی هێرشی کافران و تیریان تێ ئەگرت .

لە (الكامل) دا هاتووە کە کاتێك ئوم ئەیمەن خەریکی ئاودانی زامدارەکان بوو، حیببانی کوڕی عیرقە تیرێکی تێ گرت ، ئەویش کەوت و لاشەی دەرکەوت و، دوژمنی خوا دایە قاقای پێکەنین .

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمەی بەلاوە گران بوو ، بۆیە تیرێکی بێپەڕی دایە دەست سەعدی کوڕی ئەبووەققاص و ، فەرمانی بەسەردا دا بیگرێتە ئەو کافرە . کە تێی گرت بەر ملی کەوت و کەوت بە پشتا و ئەویش لاشەی دەرکەوت و پێغەمبەری

---

[٣٩٨] ئوم ئەیمەن کەنیزەك و بەخێوکەری پێغەمبەری خوا بووە ﷺ و ، ناویشی بەرەکەی کچی ثەعلەبەی کوڕی عەمری کوڕی حیصن بووە . ژنە هاوەڵێکی پایەدار بووە . سەرەتا کەنیزەکی دایکی پێغەمبەری خوا بووە و پێغەمبەری خوا ئەیفەرموو : ((أم أيمن أمي بعد أمي)) . ئەی فەرموو : دوای دایکم ئوم ئەیمەنیش دایکمە . چونکە بەخێوکەری بووە . کاتێك کە خەدیجەی مارە کرد ، ئەوی ئازاد کرد . ئوم ئەیمەن شووی بە عوبەیدی کوڕی زەیدی خەزرەجی کردووە و ، ئەیمەنیان بووە کە بۆتە هاوەڵ و ، لە جەنگی خەیبەردا شەهید بووە . هەر کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ سەیری ئوم ئەیمەنی بکردایە دەری ئەبڕیی کە ئەمە پاشماوەی کەس و کاریە ، کە ئەیفەرموو : ((هذه بقية أهل بيتي)) . عوثمانی کوڕی قاسم ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت : کاتێك کە ئوم ئەیمەن کۆچی کرد لە (النصر) ئێوارەی لێ هات ، زۆری تینوو بوو چونکە بەڕۆژوو بوو ، ئاویشی بەلاوە نەبوو . ئەوەبوو لە ئاسمانەوە دۆلکەیەکی بە قوماشی سپی داپۆشراوی بۆ شۆڕ کرایەوە ، ئەویش گرتی و ئاوی لێ خواردەوە هەتا تینوێتیی شکا . دوای ئەوە ئەیوت : ئیتر لەوەو دوا تینووم نەبوو . پێغەمبەری خوا ﷺ لە ژیانیا سەردانی ئوم ئەیمەنی ئەکرد . کاتێك کە کۆچی دوایی کرد ، ئەبوبەکر بە عومەری فەرموو : هەستە با وەك پێغەمبەری خوا ﷺ سەردانی ئەکرد ، ئێمەش سەردانی بکەین . کە چوونە لای دەستی بە گریان کرد . ئەوانیش فەرموویان بۆچیی ئەگریی ؟؟ ئەوەی کە لای خوایە بۆ پێغەمبەری خوا چاکترە . وتی : بۆ ئەوە ئەگرییم کە وەحیی ئاسمان لێمان پچڕا . ئەوانیش دڵیان پڕ بوو و، ئوم ئەیمەن ئەگریا و ئەوانیش ئەگریان .. شەش فەرموودەی گێڕاوەتەوە .. لە سەردەمی خەلیفە عوثماندا کۆچی دوایی کردووە . خوا لێی رازیی بێ ..

خوا ﷺ ئەوەندە پیٚکەنی دانی تەختی دەرکەوتن ، پاشان فەرمووی : ((استقاد لها سعد أجاب الله دعوته)) . فەرمووی: سەعد تۆلّەی سەند ، خوا دوعای گیرا بکات .

ئافرەتانی موسلّمان لەوپەڕی حەیا و حورمەتدا بەشداریی جەنگیان ئەکرد ، ئەویش لەبەر ناچاریی ، چونکە موسلّمانەکان کەم بوون و کافرەکان زۆر بە دەسەلاّت بوون .

موسلیم لە صەحیحەکەیدا بە سەنەدی خۆی لە ئەنەسەوە ریوایەتی کردووە کە لە رۆژی حونەیندا ئوم سولەیم خەنجەرێکی هەلّ گرتبوو و پیٚغەمبەریش ﷺ دەربارەی خەنجەرەکەی پرسیاری لیٚ کرد ، وتی : بۆ ئەوە هەلّم گرتووە کە ئەگەر یەکیٚ لە موشریکان لیٚم نزیك بکەویٚتەوە ورگی ئەدڕم .

هەروەها موسلیم لە ئەنەسەوە ریوایەتی کردووە کە وتوویە : ئەگەر پیٚغەمبەر ﷺ بچوایە بۆ غەزا ئوم سولەیم و چەند ئافرەتیٚکی ئەنصاری ئەبردن لەگەلّ خۆیدا ، لەویٚ ئاویان ئەهیٚنا و ، دەرمانی زامدارانیان ئەکرد .

هەروەها ریوایەتی کردووە کە ئوم عەطیەی ئەنصاریی وتوویە : حەوت غەزام لە خزمەتی پیٚغەمبەری خوادا ﷺ کردووە ، کە لەلای کەلوپەلەکەیان ئەمامەوە و، خواردنم بۆ دروست ئەکردن و ، دەرمانی زامدارانم ئەکرد و ، چاودیٚریی نەخۆشانم ئەکرد .[٣٩٩]

چواردەهەم : کشانەوەی سوپای ئیسلام :

دوای تیٚك‌شکانی موسلّمانەکان و ، دەرکەوتنی شویٚنی پیٚغەمبەری خوا ﷺ ، کافرەکان هیٚرشی زۆریان ئەکردە سەری بەو نیازەوە دەستیان بیٚگاتیٚ و لەناوی بەرن .. خۆ موسلّمانەکان وەها شپرزە و پەرتەوازە بوو بوون ، ئاسایی بوو کافرەکان پیٚغەمبەر و موسلّمانەکان لە ناو بەرن و تاقیان ببڕنەوە ، بەلاّم پیٚغەمبەر و هاوەلّە کەمەکانی دەوری یەکجار پالّەوانانە ئەجەنگان . ئەو هاوەلّە پالّەوانانە جەنگی سەروماڵیٚیان ئەکرد تا بەرە بەرە موسلّمانەکان بە بیستنی سەلامەتیی ئازیز ورەیان بەرز بوویەوە و هەولّیان ئەدا خۆیان بگەیەننە لای و بەرگریی لیٚ بکەن .

---

[٣٩٩] غزوة أحد : ١٧١ ـ ١٧٩ ، السيرة النبوية لأبـي شهبة : ٢ / ٢٠٢ـ ٢٠٥ ، الرحيق : ٢٧٧ ، ٢٨٢ .

پێغەمبەری خوا ﷺ سەرنجی بارودۆخی دەوروبەری خۆی داو تێ گەیشت کە پێویستە نەخشەی گونجاو بۆ جەنگەکە بکێشێ .. ئەوەی رووی دا روی دا .. هەڵەیەك لەلایەن دەستەیەکەوە رووی دا و ، ئەنجامی چاوەڕوان نەکراو هاتە بەردەمیان . بەڵام نابێ دەستەپاچە بن .. پێویستە سەرلەنوێ نەخشە بکێشرێ بۆ سوپای ئیسلام .. ئیستا کاتی ئەوەیە موسڵمانان بکشێنە دواوە و خۆیان بگەیەننە شوێنێکی سەخت تا دەستی دوژمنیان نەگاتێ و ، جارێکی تر دوژمن نەتوانێ ئابلوقەیان بدات . لەبەر ئەمە پێغەمبەر و موسڵمانەکان دەستیان دایە کشانەوە بەرەو بەرزایی یەکانی ئوحود ، بە تایبەت دوای ئەوەی کە ئەوەندە هاوەڵی لە دەور کۆبوونەوە کە بتوانن پاسەوانیی ئەو کشانەوە رێك و پێکە بکەن .

ئەوەی کە یارمەتیی موسڵمانەکانی دا تا بە سەلامەتیی ، یان بە زیانێکی یەکجار کەمەوە ، بکشێنەوە بۆ بەرزایی یەکانی ئوحود ، ئەوەبوو کە زۆربەی کافرەکان بڕوایان بەوە کردبوو کە گوایا پێغەمبەری خوا ﷺ کوژراوە . بۆیە ئەو بتپەرستانە ، کە یەکێکیان ئەبوسوفیانی فەرماندەی گشتیی قورەیش بوو ، وازیان لەوە هێنا هێرش بکەنە سەر پێغەمبەر و ، دڵیشیان لەوە بێ‌خەم بوو کە تێك شکانی موسڵمانەکان یەکجاری یە و ، تازە هەڵسانەوەیان بۆ نیە .. بۆیە بەشی زۆریان پاڵی لێ دایەوە و ، وازی لە جەنگ هێنا و ، هەندێکیشیان بە لووت و گوێ بڕینی موسڵمانانەوە خەریك ئەبوون .. دەستیان دایە بڕینی لووت و گوێ و عەورەت و سك هەڵدڕینی شەهیدەکان . پێغەمبەریش ﷺ باوەڕکردنی ئەو بت پەرستانە بە کوژرانی خۆی بە هەل زانی تا بە خۆی و هاوەڵەکانیەوە بگەنە سەر چیاکە .. بۆیە پێی خۆش بوو دوژمن هەروا بزانێ کوژراوە تا شوێنی نەزانن .. بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە کاتێ کەعبی کوڕی مالیك دوای پاگاندەی کوژرانی پێغەمبەر ﷺ ئەوی بینیی ، بە دەنگی بەرز هاواری کرد : ئەی موسڵمانان ! مژدە بێت ئەوە پێغەمبەری خوایە . ئەویش ئاماژەی بۆ کرد کە بێ‌دەنگ بێت تا لەوە زیاتر کافرەکان ئاگاداری شوێنەکەی نەبن . جا هەر چەندە کافرەکان گوێیان لە هاوارەکەی کەعب بوو ، کەچیی زۆربەیان بڕوایان پێ نەکرد و ، وایان زانیی پاگاندەیە بۆ هێورکردنەوەی موسڵمانەکان و بەرزکردنەوەی ورەیان ، بە تایبەت ئەوانەی کە دەستیان سارد بووبوویەوە و چەکیان دانا بوو . شایانی باسە کە ئەم کشانەوە رێك و پێکەی پێغەمبەر و موسڵمانەکان کشانەوەی سوپایەکی تێك

شکاو نەبوو کە هەر را بکات و توانای دەست کردنەوەی نەبێت . بەڵکو ئەم کشانەوەیە لەوپەڕی رێك و پێکیی و ئامادەباشیی‌دا موسڵمانەکان ئەنجامیان ئەدا .. چونکە ئەم سوپایە کە ئەکشایەوە ، هەموو سەربازێکی ، لە سەرووی هەموویانەوە پێغەمبەری خوا ﷺ ، لەوپەڕی ورە بەرزیی‌دا بوون و ، ئازایانە ئەجەنگان هەتا خۆیان گەیاندە ئەو شوێنەی کە سەرکردە دیاریی کردبوو ..

بەڵێ ، لە کاتی کشانەوەدا جەنگ زۆر گەرم بوو و ، بت‌پەرستەکان هێرشی توندیان ئەکردە سەر موسڵمانەکان ، بە نیازی ئەوەی کە دەست لە پێغەمبەر ﷺ بوەشێنن .

ئەوەبوو یەکێ لە سوارچاکانی قورەیش ، کە ناوی عوثمانی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی موغیرە بوو ، ئەسپەکەی بەرەو پێغەمبەری خوا ﷺ تاو دابوو بە نیازی کوشتنی ئەو و ، ئەشی وت : رزگار نەبم ئەگەر ئەو رزگاری ببێ ..

پێغەمبەری خوا ﷺ وەستا و خۆی ئامادە کرد بۆ جەنگان لەگەڵی‌دا ، کەچیی بە فەرمانی خوا ئەسپی کابرا لە کاتی تاودانی‌دا سەرسمی دا و بت‌پەرستەکەی هەڵ دایە چاڵێکەوە و ، نەگەیشتە لای پێغەمبەر و ، خێرا یەکێ لە پاسەوانە ئازاکانی کە حاریثی کوڕی صومە بوو ، بە پەلە هەڵمەتی دا و خۆی گەیاندە لای کافرەکە و ، دوای شمشێربازی‌یەکی زۆر حاریث شمشێرێکی دا لە قاچی و تەختی زەویی کرد ، پاشان تەپی کوتایە سەری و کوشتی و چیی کەرەسەی جەنگی پێ بوو لێی وەرگرت و ، خۆی گەیاندەوە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و ، ئەویش فەرمووی : «الحمد لله الذي أماته» . فەرمووی : سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە لە ناوی برد .

دوای ئەوە بت‌پەرستەکان کەوتنە هێرش تا نەهێڵن موسڵمانەکان بگەنە شوێنی خۆیان و ، دەستیان بگاتە پێغەمبەر و بی‌کوژن .

ئەوەبوو یەکێ لە بت‌پەرستان ، کە عوبەیدوڵڵای کوڕی جابیری عامیریی بوو ، هەڵمەتی دایە حاریثی کوڕی صومە و شمشێرێکی دا لەسەر شانی و بە سەختیی زامداری کرد ، بە رادەیەك کە موسڵمانەکان ناچار بىن زامەکەی تیمار بکەن و خۆیشی بە کۆڵ هەڵ بگرن ..

لەولاوە ئەبودوجانەی پاڵەوانی بەناوبانگ هەڵمەتێکی دایە سوارە قورەیشی‌یەکە کە حاریثی زامدار کرد ، واتە عوبەیدوڵڵای عامیریی و ، یەك

شمشێری بۆ داهێنایەوە و ملی پەڕاند و موسڵمانانی لە شەڕ و خراپەی رزگار کرد ..

پاشان ئوبەی کوڕی خەلەفی جومەحیی بەدبەخت ،[٤٠٠] بە فیز و دەمارێکی نەفامانەوە ، ئەسپەکەی هێنایە غاردان و بەرەو پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵمەتی ئەدا بەو هیوایەی دەستی لێ بووەشێنێ و ، ئەشی وت : موحەممەد کوانێ ؟ رزگار نەبم ئەگەر ئەو رزگار بێ . پێغەمبەر ﷺ بە دیاریەوە وەستا و بەر لەوەی بێتە پێشەوە حەربەیەکی تێ گرت و کوشتی .. ئوبەی یەکەم مرۆڤێکی بەدبەخت بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە دەستی موبارەکی خۆی کوشتی .

ئیبن ئیسحاق ئەڵێت : کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە شیوەکەدا پاڵی دا بە کێوەکەوە . ئوبەی کوڕی خەلەف لێی نزیك کەوتەوە و ، ئەیوت : کوانێ موحەممەد ؟ رزگار نەبم ئەگەر ئەو رزگار ببێ .

خەڵکەکە (ئەوانەی کە پاسەوانی پێغەمبەر بوون) وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئایا پیاوێکمان بچێت بە دەمیەوە ؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((دعوە)) . فەرمووی : وازی لێ بهێنن . کە نزیك کەوتەوە پێغەمبەر ﷺ حەربەکەی لە حاریثی کوڕی صومە وەرگرت . لێی وەرگرت و گرتیە ئوبەی و دای لە ملی . ئەوەندە توند لێی‌دا چەند جارێ بەسەر ئەسپەکەیەوە خولایەوە و تلێر بوویەوە . دوایی بەو لێدانەی پێغەمبەری خوا ﷺ مرد ..

ئەم پیاوە بەدبەختە لە مەککەدا دژایەتیی پێغەمبەری خوای ﷺ زۆر ئەکرد و، ئازاری زۆری ئەدا و هەڕەشەی کوشتنیشی لێ ئەکرد ..

هەرچیی تووشی ببوایە لە مەککەدا هەڕەشەی کوشتنی لێ ئەکرد ، پێغەمبەری خوایش ﷺ ئەی فەرموو : ((بل أنا أقتلك إن شاء الله)) . ئەی‌فەرموو: إن شاء الله من تۆ ئەکوژم .

ئوبەی ئەو هەڕەشەیەی پێش کۆچ‌کردنی هەر لە یاد بوو ، بۆیە کە لە رۆژی ئوحوددا بە زامداریی گەڕایەوە ناو خزمەکانی ، کە حەربەکە زۆریشی زامدار نەکردبوو ، ئەیوت : بەخوا موحەممەد کوشتوومی . خەڵکەکە وتیان : بەخوا

[٤٠٠] ئوبەی برای ئومەییەی کوڕی خەلەف بووە ، کە ئەویش یەکێ بووە لە سەردارانی قورەیش کە رۆژی بەدر بە دەستی موسڵمانەکان کوژرا . هەروەها ئوبەی مامەی صەفوانی کوڕی ئومەییە بووە ، کە دوایی موسڵمان ئەبێت .

زراوت چووە .. بەخوا هیچت نیە . وتی : هەر لە مەککە پێی وتووم : مـن تـۆ ئەکوژم . دە بەخوا ئەگەر تفێکیشم تێ بکا ، پێی ئەمکوژێ . لە کاتی گەڕانەوەدا بەرەو مەککە ، کە گەیشتنە (سەریف) ، بە هۆی زامی حەربەکەی پێغەمبـەری خواوە مرد .. لە ریوایەتەکەی ئەبولئەسوەددا لە عومەرەوە هاتووە کە ئویەی وەك گاجووت ئەیقۆڕاند و ئەیوت : بەو خوایەی کە گیانمی بە دەستە ، ئەگـەر ئـەوەی بە منەوەیە بە دانیشتوانی ذیلمەجازەوە بێت هەر هەموویان ئەمرن ..[٤٠١]

پانزەهەم : موسڵمانەکان پاڵ بە کێوەکەوە ئەدەن :

موسڵمانەکان بە شـێوەیەکی رێـك و پێـك کشـانەوە دوا و شـیوەکەیان بـەجێ هێشت و ، روویان لە بەرزاییەکانی کێـوی ئوحـود نـا ، ئەمـەش دوای چـەندین جەنگ و هەڵمەت و دەستوەشاندن لە سوارچاکانی قوڕەیش ، کە هێرشیان ئەکردە سەر بە هیوای ئـەوەی نـەهێڵن موسـڵمانەکان بکشـێنەوە ، تـا دەسـتیان بگاتـە پێغەمبەر و بیکوژن . هەروا بەردەوام کشانەوە هەتا گەیشتنە سەربانێکی بـەرزی کێوەکە و ، لەوێ ئەوەیان کردە ناوچەیەکی بەرگریی سەخت کە توانییـان هـەموو هەوڵێکی سوپای دوژمن پووچەڵ بکەنـەوە ، کـە بـە مەبەسـتی تێـك شـکاندن و پەرتەوازەکردنیان هێرشیان ئەکردە سەریان .

دیارە ئەمەش بە بۆنەی ئەو نەخشە جوانـەوە بـوو کـە ئـازیز بـۆ موسـڵمانانی کێشا. ئەوەبوو شوێنێکی چاکی بۆ سەربازگەی موسڵمانان هەڵ بژارد ، کە بریتیی بوو لە دامێنی ئوحود و دواییش کەڵك لـە بـەرزاییـەکانی ئوحـود وەرگـیرا و ، خۆیان پێ مەحکەم کرد و هێرشەکانی قوڕەیش بێکەڵك دەرچوون ..

بـەڵام لـەوە ئەچـێ هەنـدێ لـە موسـڵمانەکان ، کـە هـەواڵی سـەلامەتیی پێغەمبەری خوایـان ﷺ نـەئـەزانی ، پێشـی ئـەو کـەوتبوون و کشـابوونەوە بـۆ سەربەرزاییەکانی ئوحود . کە بەرە بەرە پێغەمبەر و هاوەڵانی دەوری ئەکشانەوە بۆ بەرزاییەکان ، یەکێ لەو موسڵمانە پێش کەوتوانە کە پێغەمبـەری بینیـی وا لە پێش هاوەڵانەوە سەر کێوەکە ئەکەوێ ، وایزانیی لەو قوڕەیشییە موشریکانەن کە دوای ئیمانداران کەوتوون ، بۆیە خەریك بوو ئازیز بکوژێ .

تیری خستە کەوانەکەیەوە و نیشانەی گرتە پێغەمبەری خوا ﷺ و خـەریك بـوو تیرەکە بتەقێنی و بەرەو سنگی شەریفی ئازیزی رەوانە بکا ، خێرا پێغەمبەری خوا

[٤٠١] غزوة أحد : ١٨٠ ـ ١٨٧ ، الرحيق المختوم : ٢٧٨ ـ ٢٨٠ .

ﷺ پێی زانیی و ، زانیشی یەکێکە لە سەربازانی سوپای ئیسلام ، بۆیە ئاگاداری کرد و فەرمووی : ((أنا رسول الله)) .

موسڵمانەکە تیرەکەی لە کەوانەکەی دەرهێنا و ، خۆشیی و شادمانیی کەوتە سەر رووخسارەتی ئەویش و ئەوانەش کە لە گەڵیا بوون ، بە بۆنەی ئەوەوە کە سەلامەتیی ئازیزیان بۆ ساغ بوویەوە و گەیشتە لایان ..

خۆش‌ترین کاتی تەمەنی ئەو موسڵمانە ئەو ساتە بوو کە تیرەکەی لە کەوانەکەی دەرکرد و ، سەرداری مرۆڤایەتیی پێ نەکوشت ..

لە پێشەوە باسی ماندووبوون و کۆششی طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵامان کرد ، لە خزمەتی پێغەمبەردا ، کە ئەوەبوو ویستی سەربکەوێتە سەر بەردێکی زلەی کێوەکە ، بەڵام لەبەر پیریی و زامداریی نەیتوانیی ، طەلحە شانی دایە ژێری هەتا سەرکەوتە سەری .

ئەم کارەی طەلحە فەڕ و بەرەکەتی تیا بوو بۆ خۆی ، چونکە لە کاتی بەرگریی‌دا قاچێکی طەلحە تووشی شەلیی هاتبوو . جا کە پێغەمبەری خوای ﷺ بە شان هەڵ گرت خۆی ناچار کرد رێك بە رێوە بچێ ، تا ئازاری پێغەمبەر نەدات . بەمە قاچە شەلەکەی رێك وەستا و ، لە شەلیی رزگاری بوو ، چونکە قاچی لە کلۆت‌دا دەرچوو بوو و بەو هەڵ گرتنە چووەوە شوێنی خۆی .

بەمە موسڵمانەکان گەیشتنە شوێنی ئەمین و ، هەر موشریکێکیش لێیان نزیك بکەوتایەتەوە موسڵمانەکان بە تیر دایان ئەگرتەوە ، چونکە سوپای جەم بووی قورەیش لە ژێر بەرزاییەکانی ئوحوددا کۆبووبوویەوە و موسڵمانەکان بەسەریان‌دا زاڵ بوون ..

لە کاتی کشانەوەدا پێغەمبەری خوا ﷺ تووشی تینوویەتیی بوو ، کە داوای ئاوی کرد ، عەلیی کوڕی ئەبوطالیب چوو بۆ میهراس ، کە هەندێ ئەڵێن ئاوێکە لە ئوحود و ، پڕی قەڵغانەکەی ئاوی بۆ هێنا . کە پێغەمبەر ﷺ ویستی لێی بخواتەوە ، دیتی وا بۆنی لێ دێ . ئیتر لێی نەخواردەوە ، بەڵام خوێنی زامەکانی پێ داشۆرد کە ئەوەبوو لە کاتی تەنیایی‌دا کافران دەستیان لێ وەشاندبوو و زامداریان کردبوو و ، ئاویشی ئەکرد بە سەری‌دا و ئەی‌فەرموو : ((إشتد غضب الله على من دمّى وجه نبيه)) . ئەی‌فەرموو : غەزەبی خوا بەسەر ئەوانەدا ئەبارێ کە دەم و چاوی پێغەمبەری خوایان خوێناویی کردووە .

لە ریوایەتەکەی طەبەرانیی‌دا وەها هاتووە : ((إشتد غضب الله على قوم دمَّوا وجه رسوله)) . دوای سەعاتێك فەرمووی : ((أللهم اغفر لقومي فإنهم لا يعلمون)) (فتح الباري) . لە صەحیحی موسلیمیش‌دا هاتووە کە فەرموویە : ((رب اغفر لقومي فإنهم لا يعلمون)) . لە (الشفاء) ی قاضي عیاض‌یشدا هاتووە کە فەرموویە : ((اللهم اهد قومي فإنهم لا يعلمون)) .

کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو ئاوەی پێ نەخورایەوە کە عەلیی کوڕی ئەبوطالیب هێنای ، موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی ئەنصاریی چوو بۆ شوێنێکی تر و ئاوی سازگاری هێنا و پێغەمبەری خوا ﷺ لێی خواردەوە و دوعای خێریشی بۆ کوڕی مەسلەمە کرد . جا وا دەرئەکەوێ کە کوڕی مەسلەمە زوو چووبێ بۆ ئاو ، بەڵام کاتێ دەستی کەوتبێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتبێتە سەر ئەو بەرزاییەی کە بۆی کشانەوە .

کە موسڵمانەکان لە بەرزاییەکان‌دا شوێنی خۆیان گرت ، کافرانی مەککە چەند جارێك هەوڵیان دا هێرشیان بکەنە سەر ، بەڵام ئەوەبوو بە سۆز و رەحمی خوای گەورە ئەو هەوڵانە هەموویان پووچەڵ دەرچوون ، چونکە موسڵمانەکان مەردانە هێرشیان لە دژی قورەیشییەکان کرد و ناچاریان کردن پاشەکشێ بکەن و، هیوای ئەوەش ببڕن و نەتوانن جارێکی تر دەست لە موسڵمانەکان بوەشێنن ..

دوا هەڵمەت کە سوپای مەککە ئەنجامی دا بۆ لێدانی موسڵمانەکان لە بەرزاییەکانی ئوحوددا ، ئەو هەڵمەتە بوو کە کەتیبەیەك لە ئەسپسوارانی مەککە ، بە سەرکردایەتیی فەرماندەی گشتیی ئەبوسوفیان و فەرماندەی ئەسپ سواران خالیدی کوڕی وەلید ، کردیانە سەر سەربازگەی موسڵمانان بە هیوای دەست وەشاندن لە بنکەی سەرەکیی موسڵمانان .

ئەم هەڵمەتە تا رادەیەك لە بنکەی فەرماندەیەتیی پێغەمبەری خوا ﷺ نزیك کەوتەوە ، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((اللهم إنه لا ينبغي لهم أن يعلونا)) . خێرا موسڵمانەکان بە فەرماندەیی عومەری کوڕی خەططاب دژە هێرشێکیان کردە سەر ئەسپ سوارانی ئەبوسوفیان و ، کوشتاریان کردن هەتا ئەوەبوو ناچاریان کردن کە بکشێنەوە و دابەزنەوە خوارەوە ناو شیوەکە .

لەم هەڵمەتە پووچەڵەدا قورەیش سێ پیاویان بە کوشت دا ، کە هەرسێکیان بە تیری تیرهاوێژی بەناوبانگی سوپای ئیسلام ، سەعدی کوڕی ئەبووەققاص کوژران .

کاتێك کە موشریکەکان سەرکەوتنە سەر کێوەکـە ، پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە سەعدی فەرموو : ((أجبنهم)) . فەرمووی : بیان گێڕەرەوە دوا . ئەویش وتی : بە تەنیا خۆم چۆنیان بگێڕمەوە دوا ؟ سێ جار ئەمەی فەرموو . ئـەوەبوو سـەعد لـە تیردانەکەیدا تیرێکی دەرهێنا و تەقاندی لە پیاوێکیان و کوشتی .. هەروا بە تـیر دوانی تریان لێ ئەکوژێ و ناچاری پاشەکشێ ئەبن .

بە تێك شکانی دوا هەڵمەتی ئەبوسوفیان و ئەسپ سوارانی قـوڕەیش ، سـوپای مەککە دەستی لەوە شۆرد کە بتوانێ ئـیتر دەسـت لـە موسـڵمانان بوەشـێنێ و ، فەرماندەکانیشی گەیشتنە ئەو یەقینە کە موسڵمانەکان زۆر لـەوە بـەهێزترن کـە ئەوان دەستیان بـۆ بکەنـەوە . ئـەو چـەند سـاتەش کـە دەسـتیان لێ وەشـاندن ، هەڵیەکی کاتیی بوو تێی کەوتن و مەردانە خۆیان لە داوی ئابڵووقە رزگار کرد و، بە کۆبوونەوەیان لە دەوری ئازیز گەڕاونەتەوە دۆخی بەهێزی جارانیان .

لە لایەکی تریشەوە یەك بە یەکی سوپای قـوڕەیش یـەکجار مانـدوو و هـیلاك بوو، چونکە وەك چەند رۆژێك بوو لە مەککەوە دەرچوو بوون ، لە سـەرەتای رۆژی جەنگەکەشەوە لەلایەن سوپای ئیسلامەوە گورزێکی کاریگەریان تێ سرەوێنرا ، بە رادەیەك کە ترس و لەرزێکی یەکجار زۆر چووبووە دڵی سەربازەکانیانەوە ، چونکە لە یەکەم هەڵمەتدا ، موسڵمانەکان ، بە چەند ساتێکی کەم دەسـتەی ئـاڵا هـەڵ گری قوڕەیشیان لەناو بردن و هەموویان کوشـتن و ئاڵایـان لـە خـۆڵ گەوزانـد و ، پاشان بە هێرشێکی زراوتـەقێن سـوپای مەککـەیان تـەفروتوونا کـرد و ، ئەگـەر هەڵەی تیرهاوێژانی موسڵمانان نەبوایە ، قوڕەیش وەها تێك ئەشکان کـە نـەتوانن خۆیان کۆ بکەنەوە و ، بگەنەوە مەککە ..

بەم دەست شۆرینە ، ورەی سوپای مەککە نەما و ، ئەبوسـوفیانی فەرمانـدەی گشتیی هاتە سەر ئەو بڕیارە کە کۆتایی بـە جـەنگی بێئاکـام بهێنـێ و ، بـەبێ دەنگ ملی رێگا بەرەو مەککە بگرنە بەر و لەو شوێنەدا شەویان بەسەردا نەیەت. بۆ ئەمە فەرمانی بۆ سەربازان دەرکرد تا خۆیان بۆ گەڕانەوە ئامـادە بکـەن . بـەم بڕیارەی ئەبوسوفیان جەنگ لە ناوچەی ئوحوددا کۆتایی پێ هات ..[٤٠٢]

[٤٠٢] الرحيق المختوم : ٢٧٣ ـ ٢٨١ ، غزوة أحد : ١٨٧ ـ ١٩٦ .

شانزەهەم : شێواندنی جەستەی شەهیدەکان :

کە ئەبوسوفیان بڕیاری کۆتایی‌هێنانی جەنگی بە سوپاکەی راگەیاند ، سەربازەکانی دەستیان دایە خۆ پێچانەوە بۆ گەڕانەوە و ، هەندێکیشیان خۆیان گەیاندە مەیدانی جەنگ و دەستیان دایە گەڕان بە دوای کوژراوەکانیاندا . هەندێکی تریشیان ، بە رق و قین و دڵ پیسیی نەفامی‌یەوە ، دەستیان دایە لووت و گوێ بڕینی شەهیدەکانی ئیسلام و ، شێواندنی جەستەکانیان ، بە هەڵ دڕینی سکیان و دەرهێنانی ناو سکیان ، بگرە بڕینی عەورەتی هەندێك لەو شەهیدانە ..

لەناو هەموو شەهیدەکاندا حەمزەی سەرداری شەهیدانی رێگای خوا ، خوا لێی رازیی بێ ، لە هەموو کەس زیاتر بەر ئەو تۆڵە و شاڵاوە دڕندانەیە کەوتبوو . چونکە حەمزە لە هەموو موسڵمانێك زیاتر بەلای سەردارە قوڕەیشی‌یەکانەوە تاوان بار بوو ، لەبەر ئەوەی لە رۆژی بەدردا ، بە هاوبەشیی لەگەڵ عەلیی برازای‌دا سەردارانی مەککە : عوتبەی کوڕی رەبیعە و شەیبەی برای و وەلیدی کوڕی عوتبە، لە یەکەم زۆران‌بازیی‌دا کوشتبوون ، کە هەموویان لە نەوەی ئومەییەی کوڕی عەبدشەمسن .

لەبەر ئەمە هیندی کچی عوتبە ، کە هاوسەری ئەبوسوفیان بوو ، لە هەموو کەس زیاتر رقی لە حەمزە بوو و ، ئەو دەوری کاریگەری هەبوو لە کۆکردنەوەی سوپای مەککە تا هێرش بکاتە سەر مەدینە و ، خۆیشی لەگەڵ ئەبوسوفیانی هاوسەری‌دا ئامادەی جەنگ بووبوو تا لەگەڵ ژنانی تری قوڕەیش‌دا پیاوەکان هەڵ بنێن و دامەزراویان بکەن لە جەنگ هەڵ نەیەن .

هیند زانیی‌بووی کە جوبەیری کوڕی موطعیم بەڵێنی بە وەحشیی بەندەی داوە کە ئەگەر حەمزە بکوژێت ئازادی بکات ، بۆیە هەرچیی بەلای ئەو بەندە حەبەشی‌یەدا گوزەری بکردایە هەڵی ئەنا تا بەڵێنەکەی بۆ جوبەیری ئاغای بەسەر بەرێت و ، خۆیشی بەڵێنی خەلاتێکی گەورەی پێ ئەدا کە ئەگەر بتوانێ حەمزە بکوژێ .

کە جەنگ کۆتایی هات وەحشیی هاتە لای هیندی کچی عوتبە و پێی وت :

ئەگەر بکوژی باوکت بکوژمەوە چیم ئەدەیتێ ؟

وتی : هەرچیی جل و بەرگ و خشڵێکم پێوەیە .

ئەویش دڵی پڕ لە متمانە کرد کە کوشتوویە . بەو بۆنەوە هیند جل و بەرگ و خشڵەکەی پێ دا و ، بەڵێنیشی دایە کە ئەگەر گەیشتەوە مەککە خەڵاتێکی زێڕینی گەورەی بکات .

وەحشیی کەوتە بەری هیند و بردیە سەر لاشەی حەمزەی شەهید .. بەوپەڕی بێویژدانی یەوە سکی حەمزەی هەڵ دڕیی و ، جگەری دەرهێنا و ، بە سەیرکردنی شادمان ئەبوو و ، خوێنیش لە نێوان پەنجەکانیەوە دائەچۆڕا .

هیند نەزری کردبوو کە ئەگەر دەستی بگاتە حەمزە لە جگەری بخوات . بۆیە هەندێ لە جگەری جوی و هەوڵی دا قووتی بدا کەچیی بۆی قووت نەدرا و تفی یەوە ..

هەندێ لە مێژوونووسان ئەڵێن : هیند ناو سکی حەمزەی دەرهێناوە و هەردوو گوێی و لووتی بڕیوە و ئەمانەی کردووە بە بازووبەندی دەستی و ملوانکەی ملی هەتا گەیشتۆتەوە مەککە .

ئەو ژنانەش کە لەگەڵیا بوون بە هەمان شێوە لووت و گوێی شەهیدەکانی تریان بڕیی و ، هیند لە لووت و گوێی بڕاو ملوانکە و پاوانەی دروست کردن و ، پاوانە و ملوانکە و گوارەکانی خۆی بەخشیی بە وەحشیی .

خۆ لە جەنگی بەدردا موسڵمانەکان زۆرێك لە سەردارانی قوڕەیشیان کوشتن و ، لە کۆتایی جەنگیش‌دا مەیدانی جەنگ لە دەستیان‌دا بوو و ، بە شێوەیەکی مرۆڤانە جەستەی ئەو کوژراوانەیان شاردەوە و نەیان‌هێشت ببنە خۆراکی دڕندە و باڵندە . کەچیی ئەوان ماوەیەکی کەم مەیدانیان لە دەست‌دا بوو ـ لە کاتی کشانەوەی موسڵمانەکان‌دا بۆ بەرزاییەکانی ئوحود ـ ئەو نامەردییەیان لە دەست داکەوت ..

هیند بە تەمای ئەو دەست وەشاندنە نەبوو قوڕەیش ئەو هەمووە لە موسڵمانان شەهید بکەن ، کە ئەوەی دیی بەوپەڕی فەخر و شانازی‌یەوە سەرکەوتە سەر تاشە بەردێکی نزیکی موسڵمانەکان و ، بە شیعر بە دەنگی بەرز دای بە گوێی موسڵمانەکان‌دا :

نحن جَزَيناكم بيومِ بدرٍ — والحرب بعدَ الحربِ ذات سعرِ
ماكان من عتبة لي من صبرٍ — ولا أخي وعمه وبكري
شفيتُ نفسي وقضيتُ نذري — شفيت وحشيّ غليل صدري

فشكرُ وحشيٍّ عليَّ عـــمري حتى تـــرم أعـــظمي في قبـــري

ئەڵێ : تۆڵەی بەدرمان لێتان سەند ، جەنگی دوای جەنگ کلپە ئەسێنێ . دوای عوتبەی باوکم و وەلیدی برام و شەیبەی مامەم و حەنظەلەی کوڕم ئارامم نەمابوو . وا ئێستە دڵم ئاوی خواردەوە و نەزرەکەم بەجێ هێنا و وەحشیی ئازاری دڵ و دەروونی نەهێشت . بە درێژایی تەمەنم و هەتا ئێسقانەکانیشم لە قەبرەکەم دا ئەرزن هەر سوپاسی وەحشیی ئەکەم ..

لەو بەرەوە ، لەلایەن موسڵمانانیشەوە هیندی کچی ئەثاثەی کوڕی عەببادی کوڕی موطەللیب ،[٤٠٣] بە شیعر و ، بە هەمان سەروا وەڵامی هیندی کچی عوتبەی دایەوە :

خــزيت في بدرٍ و بـــعد بـــدرِ يا بنتَ وقـــاعَ عـــظيم الكفرِ
صبَّحـــكَ اللهُ غـــداةَ الفـــجرِ ملهاً شـــميين الطـــوال الزهـــرِ
بـــكلِّ قَـــطّاعٍ حســـام يفري حـــمزة ليثي وعـــلي صقـــري
إذ رام شيب وأبـــوكِ غـــدري فخـــضبا مـــنه ضواحي النـــحرِ
ونـــذركِ الســـوء فشـــر نـــذرِ

ئەڵێ : لە بەدریش و دوای بەدریش‌دا هەر سەرشۆڕ بوویت ، ئەی کچی ئەوەی کە کەوتۆتە ناو کوفرێکی گەورەوە . حەمزە شێر و عەلیی بازی منن ....

نەك هەر تەنها ژنان و پیاوان لووت و گوێی شەهیدەکانیان بڕیی بێ ، بەڵکو ئەبوسوفیانی فەرماندەی گشتیی و فەرماندەکانی سوپای مەککەش لە مەیدانی جەنگەکەدا ئەگەڕان ، تا بزانن کێ و کێ لە هەردوو لا کوژراون .

ئەوەبوو دای بە لای لاشەی پیرۆزی سەرداری شەهیدان‌دا ، ئەبوسوفیانیش وەك هاوسەرەکەی سەرکەش بوو ، نووکی رمەکەی خستە سەر شەویلکی حەمزە و لێی ئەدا و ئەیوت : هەی دڵ شکێن بچێژە .

شایانی باسە کە لووت و گوێ بڕینی کوژراو لەسەردەمی نەفامیی عەرەبەکانیش‌دا شتێکی قیزەون و ناشیرین بووە ، لەبەر ئەوە کە حولەیسی کوڕی

[٤٠٣] هیند کچی ئەثاثەی کوڕی عەببادی کوڕی موطەللیبی کوڕی عەبدمەناف بووە . عەببادی باپیری ئامۆزای عەبدولموطەللیب و ئەثاثەی باوکیشی ئامۆزازای عەبدوڵلای باوکی پێغەمبەری خوا ﷺ بووە . شاعیرێکی قورەیشیی ناودار بووە لە سەردەمی نەفامیی‌دا .. دوای غەزای بەدر موسڵمان بووە . لە جەنگی بەدردا دەوری بووە .. خوشکی میسطەحی کوڕی ئەثاثیە کە لە بوختانەکەی حەزرەتی عائیشەدا ناوی هاتووە . هیند لە ساڵی دەی کۆچیی‌دا کۆچی دوایی کردووە .

زەببانی کوڕی عەبدمەنات ی سەرداری ئەحابیش چاوی لەو کارەی ئەبوسوفیان بوو کارەکەی بەلاوە نەشیاو و ناشیرین بوو بە تووڕەیی‌یەوە بانگی کرد :

ئەی نەوەی کینانە ! ئەوە سەرداری قوڕەیشە (مەبەستی ئەبوسوفیانە) ئەبینن چیی بە ئامۆزا مردووەکەی ئەکا . ئەبوسوفیانیش تەریق بوویەوە و بە فەرماندەی ئەحابیشی وت : مالّت ئاوا بێ ، هەڵەیەك بوو کردم ، بۆم بشارەوە . حەمزە و ئەبوسوفیان لە عەبدمەنافدا بە یەك ئەگەن ، چونکە عەبدمەناف باپیری نەوەی هاشم و نەوەی ئومەییەیە .[٤٠٤]

حەڤدەهەم : کۆتایی جەنگ و کشانەوەی سوپای مەککە :

دوای ئەوەی کافرەکانی مەککە جەستەی شەهیدەکانیان شێواند و ، زانی‌یان لە هەر دوو لا کێ وکێ کوژراون ، ئەبوسوفیانی فەرماندەی گشتیی فەرمانی گەڕانەوەی دا ..

بەر لەوەی ئەبوسوفیان بە سوپاکەیەوە بەرەو مەککە بکەوێتە ڕێ ، سەرکەوتە سەر کێوێکی نزیکی موسڵمانەکان و لەوێوە دەستی دایە فیز و دەمار بەسەر موسڵمانەکاندا و ، خۆشیی و شادمانیی دەربڕیی کە گوایا سەرکەوتنی بە دەست هێناوە .

کە چووە سەر کێوەکە بە هەموو هێزێکیەوە قیڕاندی و بە خۆی ئەوت : دەستت خۆش . پاشان ڕووی لە موسڵمانەکان کرد و وتی : ئایا موحەممەد لە ناو ئەو خەڵکەدایە ؟ فەرمووی : ((لا تجیبوه)) . فەرمووی : وەڵامی نەدەنەوە . پرسیی : ئایا کوڕی ئەبوقوحافە لە ناو ئەو خەڵکەدایە ؟ ئایا کوڕی خەططاب لە ناو ئەو خەڵکەدایە ؟ هەموو جارێ پێغەمبەر ﷺ ئەیفەرموو: وەڵامی نەدەنەوە .

ئەبوسوفیان وتی : ئەوانە کوژراون ، چونکە ئەگەر زیندوو بوونایە وەڵامیان ئەدایەوە . ئیتر عومەر خۆی پێ نەگیرا و فەرمووی : بەخوا درۆت کرد ، ئەی دوژمنی خوا ، ئەوانەی تۆ ناوت هێنان زیندوون و ، ئەوانەش تۆ پێت ناخۆشە ماون . وتی : ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی بەدر و ، جەنگیش بە نۆرەیە . عومەر فەرمووی: وەك یەك نین ، کوژراوەکانی ئێمە لە بەهەشتدان و ، کوژراوەکانی ئێوەش لە ئاگردان .

---

٤٠٤ غزوة أحد : ١٩٦ ـ ٢٠٠ ، السيرة النبوية لأبـي شهبة : ٢ / ٢٠٧ ، الرحيق : ٢٨١ .

ئەبوسوفیان وتی : لە نـاو کوژراوەکانتـان دا هەنـدێك ئـەبینن کـە جەسـتەیان شێواوە ، من نە فەرمانم بەوە داوە و ، نە پێیشم خۆش بووە .

پاشان دەنگی بەرزکردەوە و وتی : أُعلُ هُبَل ، أعل هبل . واتە : با بەرز و بلنـد بێ هوبەل .. هوبەل دینەکەت سەرخە . پێغەمبەر ﷺ فـەرمووی : ((أجیبــوە)) . فەرمووی : وەڵامی بدەنەوە . وتیان چیی پێ بڵێین ؟ فەرمووی : ((قولوا : الله أعلی وأجل)) . فەرمووی : بڵێن : خوا بەرزتر و مەزنترە .. ئەبوسـوفیان وتـی : ئێمـە عوززامـان هەیە و ، ئێوە عوززاتان نیە . پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ((أجیبــوە)) . وتیان : چیی بڵێین ؟ فەرمووی : ((قولوا : الله مولانا ولا مولی لکم)) . فـەرمووی : بڵێن : ئێمە زاتی (الله) کۆمەك و پشتیوانمانە و ، ئێوە کۆمەك پشتیوانتان نیە .

پاشان ئەبوسـوفیان وتــی : ســاڵێکی تـر لـە بـەدردا بـەڵێنی نێوانمـان بێـت . پێغەمبەری خوا ﷺ بە یەکێ لە هاوەڵانی فـەرموو : ((قل : نعم هو بیننا وبینــك موعد)) . فەرمووی : بڵێ : باشە با بەڵێنی نیوانمان بێت .

لە ریوایەتێکی تردا وا هاتووە کە کاتێ ئەبوسوفیان دەنگـی عومـەری بیسـت داوای لێ کرد یەك ببینن و وتی : عومەر وەرە بۆ لام .

کە پێغەمبەر ﷺ زانیی ئەبوسوفیان پێی خۆشە عومەر ببینــێ ، فـەرمانی دا بڕوا بزانێ چیی ئەوێ .

هەر چەندە لە حاڵەتی جەنگدا بوون عومەر لێی چووە پێشـەوە . ئەبوسـوفیان لێی پرسیی : ئەی عومـەر ! سـوێندت بـەخوا ئـەدەم ، ئایـا ئێمـە موحەممـەدمان کوشتووە ؟؟ عومەر فەرمووی : نەخێر . ئێستە گوێی لە وتەکانتە . ئەبوسـوفیان بە عومەری وت : بە لامەوە تۆ راستگۆتر و چاکتری لە کوڕی قەمیئە .

ئەوەبوو ئیبن قەمیئە کە موصعەبی شەهید کردبوو وای زانیی بوو پێغەمبـەری خوایە ، چونکە لە یەك ئەچوون ، بە تایبەت بە پۆشاکی جەنگـەوە ، بۆیـە بـڵاوی کردبووەوە کە موحەممەدم کوشتووە .

کە بەڵێن درا بۆ ساڵێکی تر و لە بەدردا بـە یـەك بگـەن ، خێـرا ئەبوسـوفیان لەسەر کێوەکە دابەزیی و بە سوپاکەیەوە هەر ئەو ئێوارەیە بەرەو مەککـە کەوتـە رێ و ، کۆتایی بە تاقییکردنەوەیەکی سەختی بەردەم موسـڵمانەکان هـات ، کـە پاك و پیسی تیا جیا کرانەوە . چونکە کۆمەڵی ئیماندار هەتا بە چـاکیی تـاقیی

نەكرێتەوە ، نابێتە جێ‌متمانەی پەروەردگار و ، نابێتە ئەمینداری دینی خوا .. ئەوەتا قورئان ئەفەرموێ :

﴿ مَّا كَانَ ٱللَّهُ لِيَذَرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَىٰ مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىٰ يَمِيزَ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ ﴾ .

(آل عمران : ١٧٩) .

كە ئەبوسوفیان و سوپای مەككە كشانەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمیری ئیمان داران عەلیی كوڕی ئەبوطالیبی خوا لێی رازیی بێ نارد تا بزانێ سوپای مەككە نیازی چی‌یە و بزانێ بەرەو كوێوە ئەڕوا ؟

ئایا نیازی ئەوەیە روو لە مەدینە بنێ كە تەنها دوو میل لە مەیدانی جەنگەوە دووره و ، جگە لە مونافیقان و جوولەكە كەسی تێدا نەماوە ؟ ئایا نیازی هەیە هەڵمەت بەرێتە سەر مەدینە ، یان بەرەو مەككە ئەگەڕێتەوە ؟

جا پێغەمبەری خوا ﷺ وەك فەرماندەیەكی شارەزا و لێهاتوو بە ئەركانی سوپاكەی راگەیاند كە ئەگەر بت‌پەرستان سواری ئەسپ بوون و لە سواریی وشتر لایان سەند ئەوا نیازیان وەهایە هێرش بكەنە سەر مەدینە . خۆ ئەگەر لە سواریی ئەسپ لایان سەند و سواری وشترەكانیان بوون ئەوا نیازیان وەهایە راستەوخۆ روو لە مەككە بنێن . پێیشی راگەیاندن كە ئەگەر نیازی مەدینەیان هەبێ ئەوا ئامادیە بچێ بە گژیانا و نەهێڵێ مەدینە بگرن .. بە مەرجێ سوپای ئیسلام كە حەوت صەد كەس بوو حەفتای لێ شەهید كرا بوون و ، صەد و پەنجایشی زامدار بوون .

عەلیی بە خێرایی شوێن قورەیش كەوت و زانیی كە بت پەرستەكان لە سواریی ئەسپ لایان سەندووە و سواری وشترەكانیان بوون و ، روویان لە مەككە ناوە .. ئەمە لە ئیبن هیشام‌دا وا هاتووە . بەڵام لە (الفتح الباري) دا وەها هاتووە كە سەعدی كوڕی ئەبووەققاص شوێن قورەیش كەوتووە بۆ هەواڵ زانین .

لێرەدا پرسیارێك دێتە بەردەمان : بۆچیی ئەبوسوفیان هێرشی نەكردە سەر مەدینە ؟ خۆ لە كاتی كشانەوەی سوپای قورەیش‌دا مەدینە هیچ بەرگرییەكی نەبوو ، چونكە سوپای ئیسلام هێشتا لە مەیدانی جەنگ‌دا بوو و ، مەدینە تەنها ژن و منداڵ و كەسانێكی وەهای تێدا بوون كە توانای جەنگیان نەبێت .. ئەبوسوفیان هەلی بۆ هەڵ كەوتبوو تا بە خۆی و سوپاكەیەوە مەدینە بگرێ ، یان هیچ نەبێ هەندێ دەست كەوت و هەندێ دیل دەست بخات ، چونكە ، بەڵێ

کۆمەڵێك هاوەڵ شەهید کران ، بە بۆنەی هەڵەی تیرهاوێژەکانەوە ، بەلآم لە مەیدانی جەنگدا قورەیش نە دیل و نە دەستکەوتی جەنگی نەگرت ، وەك موسڵمانەکان لە بەدردا دەستیان کەوت .

بێگومان ئەبوسوفیان و فەرماندەکانی سوپاکەی بیریان لەم هەڵە کردۆتەوە : شارێکی وەها بێدیفاع لە بەردەستیاندا هەڵمەتی بدەنێ . کەچیی ئەو کارەیان ئەنجام نەدا و یەکسەر بەرەو مەککە کشانەوە . داخۆ نهێنیی ئەمە چیی بێت ؟

لە راستییدا قورەیش ژیریی و سەلیقەیان بەکار هێنا کاتێك وازیان لە مەدینە هێنا و ، ئەبوسوفیانیش یەکجار ژیر و لێزان بوو وا سوپاکەی تووشی کارەسات نەکرد ، بگرە ئەبوسوفیان بەم کارەی سەلماندی کە فەرماندەیەکی لێهاتوو و وریایە و ، بە سەراب ناخەڵەتێ و ، شوێن رووکەش ناکەوێ . ئەبوسوفیان ئەیزانیی سەرکەوتنی قورەیش رواڵەتییە و هەمیشەیی نیە و ، شەهیدکردنی ئەو کۆمەڵە موسڵمانەش بە ئازایەتیی و نەخشەی قورەیش نەبووە و ، لە هەمان کات دا لێنەهاتوویی و بێنەخشەیی سەرکردایەتیی موسڵمانان نانوێنێ ، بەڵکو هەڵەیەك بوو و لە دەست هەندێکیان دەرچوو . بۆیە ئەبوسوفیان بە چاکی نەئەزانی سەرەنجامی سوپاکەی بخاتە مەترسییەوە ، بە تایبەت وا سوپای مەدینە خۆی کۆکردۆتەوە و توانای جەنگی وەك سەرەتای رۆژ هەیە . جا وا چاکە ئەو سەرکەوتنە ، کە بەناو سەرکەوتنە ، بپارێزرێت و ، بیکەن بە پاگاندە کە ئەمرۆ لە بریی بەدر .

لە سەرەتای رۆژەوە موسڵمانەکان گورزی کاریگەریان لە قورەیش وەشاند ، بەلآم بە هەڵەی تیرهاوێژەکان بتپەرستەکان توانییان :

١ ـ خۆیان لەو تێك شکانە سامناکە دەرباز بکەن .

٢ ـ زیانێکی گیانیی چاوەڕوان نەکراو بە موسڵمانەکان بگەیەنن .

٣ ـ سەرکەوتنە مسۆگەرەکەی موسڵمانان لە ناو بدەن .

٤ ـ سوپای قورەیش خاوەنی سەرکەوتنێکی رواڵەتیی بێت ، ئەگەرچیی بۆ ماوەی شەو و رۆژێکیش بێت . چونکە بۆ سبەینێ لای هەردوو لا سەلما کە قورەیش سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە و ، هەر کەسیش وایزانی بێ سەرکەوتووە هەر ئەو رۆژە قەناعەتی بەو سەرکەوتنە هەبووە . ئەمە لە غەزای (حمراء الأسد) دا روون ئەبێتەوە .

ئەبوسوفیان چاك ئەیزانیی کە ئەم چوار خاڵەی سەرەوە بە بۆنەی ئازایەتیی ئەوانەوە نەهاتوونەتە دیی و ، هیچ کاتێکیش ئەو هەلەیان دەست ناکەوێتەوە . ئەوە خەوێك بوو دی‌یان و جارێکی تر نای‌بیننەوە . بۆیە نەی‌ئەویست سوپاکەی جارێکی تر بخاتەوە بەر پلاری شێرەکانی ئیسلام .

لە راستیی‌دا ئەبوسوفیانیش و هەموو فەرماندە و سەربازێکی سوپاکەشی ترسی هەڵمەتی سەر لە بەیانیی سوپای مەدینەیان لە دڵدا بوو ، چونکە دیوی راستەقینە بریتی‌یە لە سەرکەوتنی مەدینە و ، دیوی سەرکەوتنی مەککە دیوێکی کاتیی و ناخلۆفیی و رێ‌لێ‌کەوتنە ، بۆیە بەو سەرکەوتنە کاتی‌یە دڵیان خۆش نەبوو و ، لە خوایان ئەویست لەگەڵ سوپای مەدینەدا دەست نەدەنەوە یەخەی یەکتریی و ، بەو سەرکەوتنە ساختەیەوە بگەڕێنەوە دواوە و ، بە هۆزەکانی سەرە رێی مەککە و مەدینە بڵێن لە ئوحوددا تۆڵەی بەدرمان کردۆتەوە .

کەواتە ئەبوسوفیان هەڵەی وا ناکا هێرش بکاتە سەر مەدینە و ، سوپای مەدینە بە جەنگی سەروماڵیی بیان‌دات بە زەویی‌دا ..

پێغەمبەری خوا ﷺ لە بەدر و شوێنەکانی تریش‌دا ، دوای سەرکەوتن ، یان راونانی دوژمن و دەسەڵات لێ‌سەندنی سێ شەو لەو شوێنەدا ئەمایەوە و بە هەموو لایەکی ئەسەلماند کە بەرامبەرە دوژمنەکانی دەسەڵاتێکیان لە دەستدا نەماوە ، ئەوسا ئەگەڕایەوە .

بەڵام سوپای مەککە نەی‌وێرا شەوێکیش لە دەوروبەری ناوچەی ئوحوددا بمێنێتەوە ، هەر ئەو ئێوارەیە بەرەو مەککە گەڕایەوە ، کە زۆر لە هەڵاتن و خۆدامالێن لە جەنگ ئەچوو .. ئەوەبوو بە یەك رۆژ نزیکەی چل میلی بەو سوپا زۆر و زەبەندەیە بڕیی . وەك بڵێی ئەترسا ئەگەر بە خاویی بڕۆن ، یان ئەو شەوە لە شوێنێکی نزیك مەدینەدا بخەن ، سوپای موسڵمانەکان بکوتێتە سەریان ، بە تایبەت دوای ناشتنی شەهیدەکان و دەرمان‌کردنی زامدارەکان ، ئەو کاتە لەوانەیە کارێ بە سوپای مەککە بکات کە با بە دەواری شڕی نەکردبێ .

هەروایش بوو .. بۆچوونەکانی ئەبوسوفیان لە جێی خۆیان‌دا بوون . بەڵێ ئەوان لەو ناوە دوورکەوتنەوە و ، موسڵمانەکان بە شەهید و زامدارەکانەوە پەشۆکا بوون ، بەڵام ئەوەبوو پانزە سەعاتی نەبرد دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ئوحود ،

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی بۆ سوپای ئیسلام دەرکرد ، بە تایبەت بۆ ئەوانەی جەنگی ئوحودیان کردووە ، بکەونە دوای سوپای مەککە و راوی بنێن .

لە رۆژی جەنگی ئوحوددا پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی بە دانیشتنانەوە بەجێ هێنا، لەبەر ئەوەی زامەکانی ئازاریان زۆر بوو و ، توانای نەبوو بە پێوە بووەستێ. کە دەستی بە نوێژ کرد ، هەموو سوپای ئیسلام ، بە زامدار و ساغەوە ، بە دانیشتنانەوە ، لە دوایەوە نوێژیان بەجێ هێنا .

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ رووی نزا و پارانەوە و ستایشی کردە ئەو خوایەی کە هەموو شتێ لە دەستی خۆیدایە ، بەرامبەر بەو هەموو نارەحەتیی و بەڵایەی کە هێنایەرێیان . ئەوەبوو بە هاوەڵانی فەرموو : ((استووا حتى أثني على ربّي عزّ وجلَّ)) . فەرمووی : رێك بووەستن تا ستایشی خوای پەروەردگارم بکەم .

موسڵمانەکان بە چەند ریزێك لە دوایەوە وەستان و ، ئەویش بەم چەند وشە پڕ لە ئیمانە سازگارانە لە خوا پاڕایەوە :

((اللهم لك الحمدُ كله ، اللهم لا قابض لما بسطت ، ولا باسط لما قبضت ، ولا هادي لمن أضللت ، ولا مضل لمن هديت ، ولا معطي لما منعت ، ولا مانع لما أعطيت ، ولا مقرِّب لما باعدت ، ولا مبعِّد لما قربت .

أللهم أبسط علينا من بركاتك ورحمتك وفضلك ورزقك . أللهم إني عائذ بك من شرِّ ما أعطيتنا وشر ما منعتنا . اللهم حَبِّبْ إلينا الإيمان وزينه في قلوبنا ، وكره إلينا الكفر والفسوق والعصيان ، واجعلنا من الراشدين . اللهم توفنا مسلمين ، وأحينا مسلمين ، وألحقنا بالصالحين غير خزايا ولا مفتونين .

اللهم قاتلِ الكفرة الذين يكذبون رسلك ، ويصدون عن سبيلك ، واجعل عليهم رجزك وعذابك . اللهم قاتلِ الكفرة الذين أوتوا الكتاب ، إلهَ الحق)) . رواه الإمام أحمد .[٤٠٥]

هەژدەهەم : گەڕان بە دوای شەهیدەکاندا :

دوای ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆی یەك لایی بوویەوە کە قورەیش نیازی هێرش‌کردنە سەر مەدینەی نیە و ، بەرەو مەککە کەوتۆتە رێ ، کەوتە هەوڵی ئەوەی کە بزانێ کێ و کێ لە هاوەڵانی شەهید بوون ..

---

[٤٠٥] غزوة أحد : ٢٠١ ـ ٢١٠ ، الرحيق المختوم : ٢٨٣ ـ ٢٨٤ ، ٢٨٧ ، السيرة النبوية لأبي شهبة : ٢ / ٢٠٩ ـ ٢١٠ .

لەسەر کێوی ئوحود بە خۆی و هاوڵانەوە دابەزینە خوارەوە مەیدانی جەنگ ، تا بە شێوەیەکی رێك وپێك شەهیدەکان بنێژن و، فریای زامدارەکانیش بکەون و دەرمانی زامەکانیان بکەن ..

پێغەمبەری خوا ﷺ بە تایبەت موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی نارد تا هەواڵی سەعدی کوڕی ڕەبیعی[٤٠٦] بۆ بزانێ ، کە یەکێ لە فەرماندە بەناوبانگەکانی ئەنصار بوو . ناردی تا بزانێ زیندووە یان شەهید بووە .

کە کوڕی مەسلەمە لە ناو مەیدانی جەنگدا ئەسووڕایەوە ، چاوی بە سەعدی کوڕی ڕەبیع کەوت کە لە خوێنی خۆی گەوزا بوو و ، بە خوڕ خوێن لە زامەکانی ئەڕۆیشت و ، لە دواساتەکانی ژیانیدا بوو .. چەمی‌یەوە بەسەریدا و هەواڵی دایێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە تایبەت بۆ ئەوەی ناردووە کە هەواڵی ئەو بزانێ و بزانێ چیی بەسەر هاتووە . سەعد بە دەنگێکی یەکجار کپ و نزمەوە ، بە کوڕی مەسلەمەی گەیاند کە تازە ئەم لە دەست دەرچووە و ، بە بۆنەی زامە سەختەکانیەوە جارێکی تر هەڵ ناسێتەوە .

سەعد لەم هەڵوێستە ناسکەی ژیانیدایە .. لای یەقینە کە بەم زوانە ژیانی تەواو ئەبێت ، بیری لە ژن و منداڵ و سامان و باخ و باخات و کەس وکاری نەئەکردەوە .. بەڵکو خەمی پێغەمبەری خوای بوو .. خەمی بوو ئەگەر هەندێکیان شەهید بن ، پێغەمبەری خوا ﷺ وەك جارانی خزمەت نەکرێ ..

---

[٤٠٦] سەعدی کوڕی ڕەبیعی کوڕی عەمری کوڕی ئەبوزوهەیری خەزرەجیی ئەنصاریی بووە .. لەگەڵ پێشینەکانی دانیشتوانی مەدینەدا موسڵمان بووە . ئامادەی پەیمانی عەقەبە بووە کە پێش کۆچ کردن لە نێوان پێغەمبەر و موسڵمانەکانی مەدینەدا بەستراوە . سەعد یەکێ لە سەردارانی مەدینە بووە بۆ بەستنی ئەو پەیمانە . لە دوای کۆچ کردن لەگەڵ عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوفدا بە فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ بوونە برا . سەعد بەشداریی جەنگی بەدری لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ کردووە . یەکێ بووە لە هاوەڵە بەئەمەك و بەوەفاکان . لە ڕۆژی ئوحوددا لە دوانزە شوێنی سەختەوە زامدار کرا . لە ریوایەتی تردا وا هاتووە کە بە رم و شیر و تیر لە حەفتا شوێنەوە زامدار کراوە . ئەبوبەکریش زۆری خۆش ئەویست ، بە رادەیەك کە کاتێك ئوم سەعدی کچی سەعدی کوڕی ڕەبیع ئەچێتە خزمەتی ئەبوبەکر ، لە سەردەمی خەلافەتیدا کراسەکەی خۆی بۆ ڕاخست لەسەری دابنیشێت . کە عومەر چووە ژوورەوە سەری لە کردەوەکەی خەلیفە سوڕ ئەما ، کە ئەبێ ئەم ئافرەتە کێ بێ وا ئەوەندە بەلای خەلیفەوە بەڕێزە ، بۆیە پرسیاری کرد . خەلیفەش وەڵامی دایەوە و فەرمووی : ئەمە کچی پیاوێکە لە منیش و لە تۆش چاکترە . فەرمووی : ئەوە کێیە ئەی خەلیفەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی : پیاوێکە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا سەری ناوەتەوە و ، شوێنی خۆی لە بەهەشت دا دیوە و ، منیش و تۆیش هەروا ماوین .

لە کاتی ئاساییدا سەعد داوای لە عەبدوڕڕەحمانی برای دینیی کرد تا یەکێ لە دوو باخەکەی بۆ خۆی هەڵ بژێرێ و ، لە دوو ژنەکەشی کامیانی بوێ بۆی تەڵاق ئەدا ، تا دوای بەسەر چوونی عیددەی مارەی بکات .

لە کاتی ئاساییدا ئەمە دڵ و دەروونی ئەم پاڵەوانەیە .

لە کاتی ناسك و هەڵوێستی سەختیشدا بیری بەلای خۆی و کەس وکاریەوە نیە .. بەڵکو خەمی پێغەمبەری بوو ئەوەندە پێغەمبەری خوای ﷺ خۆش ئەویست، خۆشویستنی هەموو شتێکی پشت گوێ خستبوو .. هەتا بیری بەلای زامەکانیەوە نەبوو .. هەر خەمی بوو ئەو بێناز بێ .

ئەوەبوو بەر لەوەی گیانی بداتە شەقەی باڵ و بەرەو بەهەشت بکەوێتە ڕێ ، دوو نامەی جوانی بە کوڕی مەسلەمەدا ڕەوانە کرد .. یەکەمیان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ و ، دووهەمیشیان بۆ ئەنصارە خزمەکانی .

لە نامەی یەکەمدا وتی : سەلامم بگەیەنە بە پێغەمبەری خوا ﷺ و ، پێی بڵێ: سەعدی کوڕی ڕەبیع ئەڵێت : بە چاکترین شێوە کە خوا پاداشتی پێغەمبەرێك لە ئوممەتەکەیەوە بداتەوە ، وەهاش لە ئێمەوە پاداشتی تۆ بە چاکە بداتەوە .

لە نامەی دووهەمیشدا وتی : سەلامیشم بە خزمەکانت (واتە ئەنصار) بگەیەنە و پێیان بڵێ : سەعدی کوڕی ڕەبیع پێتان ئەڵێ : هەتا ئاو لە چاوتاندا بێ ، ئەگەر زیانێك بە پێغەمبەرەکەتان ﷺ بگات ، ئێوە هیچ بیانوویەکتان نابێ ..

ئەوەندەی پێ ناچێ گیانی دەرئەچێ و ، کوڕی مەسلەمەش دێتەوە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و هەواڵەکەی ئەداتێ ..

ئەمەی پێشەوە لە (إبن هشام) وەرگیراوە ، بەڵام لە (زاد المعاد) دا وەها هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ زەیدی کوڕی ثابیت ئەنێرێ بۆ زانینی هەواڵی سەعدی کوڕی ڕەبیع و ، ئەفەرموێ : ((إن رأيته ، فأقرئه مني السلام ، وقل له : يقول لك رسول الله : كيف تجدك ؟)) . ئەفەرموێ : ئەگەر چاوت پێی کەوت ، لە منەوە سەلامی لێ بکە و ، پێی بڵێ : پێغەمبەری خوا پێت ئەڵێت : هەواڵت چییە ؟ زەید بە ناو کوژراواندا ئەگەڕێ هەتا ئەگاتە لای سەعد و ئەبینێ وا لە دواساتەکانی ژیانیدا ، حەفتا زامی شیر و تیری پێوەیە .

ئەڵێت : ئەی سەعد ! پێغەمبەری خوا ﷺ سەلامت لێ ئەکات و ، پێت ئەفەرموێ : ((أخبرني ، كيف تجدك ؟)) . ئەفەرموێ : هەواڵم بدەرێ ، چۆنی ؟ وەڵامی دایەوە : سەلام لە پێغەمبەری خواش بێ ﷺ و ، پێیشی بڵێ : ئەی پێغەمبەری خوا ! بۆنی بەهەشت ئەبیستم . بە خزمە ئەنصارەکانیشم بڵێ : هەتا ئاو لە چاوتان‌دا بێ ، ئەگەر زیانێك بە پێغەمبەری خوا ﷺ بگات ، ئێوە هیچ بیانوویەکتان بەلای خواوە نابێ . ئیتر گیانی دەرچوو .

کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە ناو کوژراوەکان‌دا ئەگەڕا ، هەوڵی دا حەمزەی مامیشی بدۆزێتەوە .. دوای گەڕان لە دۆڵی قەنات‌دا دۆزییەوە ، ئەبینێ کافرەکان جەستەیان تێك داوە . سکیان هەڵ دڕیوە و جگەریان دەرهێناوە و لووت و گوێیان بڕیوە . ئەمەش تەنها بۆ دەست هێنان بە دڵیانا .. بە راستیی دیمەنێکی سامناك بوو و ، ئێشی زۆری بە دڵی پێغەمبەری خوا ﷺ گەیاند .

بەڵێ حەمزە خوا لێی رازیی بێ مامەی پێغەمبەری خوا و برای شیرییشی بوو .. پیاوێکی وەها پاڵەوان بوو کە لە جەنگ‌دا لە جێی هەزاران جەنگاوەر دائەنرا .. خاوەنی غیرەت و مەردایەتیی و جوامێریی بوو .. لە کاتی گەرم بوونی جەنگ‌دا کۆمەك و پشتیوانی موحەممەدی برازای بوو .. ئەو رۆژەش ئەو شەهید کرا ، ئیسلام زۆر پێویستی بە پاڵەوانێکی وەها دڵسۆز و خەم خۆر هەبوو ، چونکە ئیسلام ئەو کاتە خاوەنی سوپایەکی ساوای کەم تفاق بوو . بۆیە بە شەهیدبوونی حەمزە زیانێکی زۆر گەورە لە موسڵمانان کەوت و ، خەم و خەفەتی زۆریشی بە دڵی ئازیز گەیاند .

کاتێك کە بەو شێوازە چاوی پێ کەوت فەرمووی : ((لن أصاب بمثلك أبداً ، وما وقفت قط موقفاً أغيظ علي من هذا)) . فەرمووی : هەرگیز موسیبەتێکی تری وەك تۆم نایەتە رێ و ، تا ئێستەش هەڵوێستێکی تری وەها ، کە زۆرم پێ ناخۆش بێ، نەهاتۆتە رێم . پاشان فەرمووی : ((ولئن أظهرني الله على قريش في موطن من المواطن لأمثلنّ بثلاثين رجلاً منهم مكانك)) . فەرمووی : ئەگەر خوا لە شوێنێك بەسەر قوڕەیش‌دا زاڵی کردم ئەبێ لە بریی تۆ لووت و گوێی سیی پیاویان ببڕم ..

موسڵمانەکانیش کە دییان وا شەهیدەکانیان لووت و گوێیان بڕاوە و ، خەفەتی یەکجار زۆری پێغەمبەری خوایان ﷺ بۆ حەمزەی مامی بینیی ، وتیان :

ئەگەر رۆژێك لە رۆژان خوای گەورە دەسەلاتی داین بەسەریاندا ئەبێ بە شێوەیەك جەستەیان بشێوێنین تا ئێستە هیچ عەرەبێك وەها نەیشێواندبێ .

پێغەمبەری خوا ﷺ بەو هەموو ئارام و لێ بوردەیی یەیەوە و ، هاوەلاَن بەو هەموو دلّ پاکی یانەوە ، کارەکەیان بەلاوە سەخت بوو ، شەهیدبوونی هاوەلاَنیان لە یاد چوو بوو .. شێواندنی جەستەی مردوو کەی کاری مرۆڤی مەردە ؟ لە داخانا ئەو بڕیارە ناهەموارەیان دا ..

بەلاَم ئیسلامی بێگەرد کە دینی خوایە و ، قورئانی پیرۆز کە فەرمایشتی خوایە ئەو هەلّوێستەیان نیە .. دینی خوا عەدالەتی ئەوێ .. چاکەی ئەوێ .. ئارامی ئەوێ .. چاوپۆشیی و لێبووردنی ئەوێ .. بۆیە ئەوەندەی پێ نەچوو وەحی بۆ ئازیز هات و کۆمەلّی ئیمانداری ئاگادار کرد کە ئەگەر تۆلّە ئەسێنن نابێ زیادەڕەویی بکەن و دەستدرێژیی بکەن ، خۆ ئەگەر چاوپۆشییش بکەن ئەوە چاکترە .. وا چاکە ئیمانداران ئارام بگرن و خەمبار و دلّتەنگ نەبن کاتێ کە دوژمنان فێلّیان کرد . خوای گەورە وا لەگەلّ ئەوانەدا کە تەقوایان هەیە ، کە ئەفەرموێ :

﴿ وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُوا۟ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُم بِهِۦ ۖ وَلَئِن صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِّلصَّٰبِرِينَ ﴿١٢٦﴾ وَٱصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِ ۚ وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلَا تَكُ فِى ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ ﴿١٢٧﴾ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوا۟ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ ﴾ (النحل : ١٢٦ - ١٢٨) .

کە ئەم ئایەتە پیرۆزانە هاتنە خوارەوە پێغەمبەری خوا ﷺ وازی لەو رایەی خۆی هێنا و بڕیاری دا چاوپۆشیی لەو کردەوە ناشیرینەی قورەیش بکات ، چونکە سالّەهای سالّە قورەیش هەلّوێستی خوار وخێچی گرتۆتە بەر و ، هەموو خراپەیەکی بەرامبەر بە موسلّمانان ئەنجام داوە و ، مەگەر بە موسلّمانبوون ئەندامانی دەستبەرداری کاری ناشیرین بن .. بەلّێ چاوپۆشیی لێ کردن و ، بۆ فەرمانی خوا گوێڕایەلّیی کرد و ، کەففارەتی سوێندەکەشی دا و ، شێواندنی جەستەی مردووی قەدەغە کرد ..

ئیبن ئیسحاق بە سەنەدی خۆی لە سەمورەی کوڕی جوندوبەوە ریوایەتی کردووە کە وتوویە : پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەر شوێنێکدا دانیشتبێ بەرلەوەی لەو

شوێنەدا هەستێ فەرمانی بەسەرماندا ئەدا کە صەدەقە بکەین و ، لە شێواندنی جەستەی مردووش قەدەغەی ئەکردین .

لەو کاتەدا صەفیەی کچی عەبدولموطەللیب (کە پووری پێغەمبەری خوا و خوشکی حەمزەی شەهید بوو) هات و بە دوای براکەیدا ئەگەڕا و ، بیستبوویشی کە چیی بەسەر هاتووە . پێغەمبەری خواش ﷺ ئەیزانیی صەفیەی پووری چەندە حەمزەی خۆش ئەوێ ، لەبەر ئەوە ترسا کە ئەگەر حەمزە بەو حاڵەوە ببینێ بەرگە نەگرێ و تێك بچێ ، بۆیە فەرمانی بە زوبەیری کوڕی عەووامی کوڕیدا دا تا بکاتە کارێ دایکی بگەڕێتەوە دوا و ، جەستەی براکەی بەو شێوە شێواوییە نەبینێ .

زوبەیر چووە بەردەمی دایکی و پێی وت : دایە گیان ! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی وەهایە کە بگەڕێیتەوە دوا .

وتی : جا بۆچ ؟ بیستوومە کە جەستەی براکەم شێوێنراوە . ئەوەش لە پێناوی خوادا . ئای کە بەو کارە چەندە ڕەزامەندییمان هەیە . ئەگەر خوای گەورە بیەوێ داوای پاداشت لە خوا ئەکەم و ئارام ئەگرم .

زوبەیر گەڕایەوە خزمەتی پێغەمبەر و هەواڵەکەی صەفیەی دایکی پێ گەیاند ، ئەویش فەرمانی دا وازی لێ بهێنێ . صەفیە بەرەو پێغەمبەری خوا ﷺ هات و ، کە بینیی فەرمووی : ((إني أخاف على عقلها)) . فەرمووی : ئەترسم تێك بچێت . کە گەیشتە لای دەستی خستە سەر سنگی (لەبەر ئەوەی کە پووری بوو) و دوعای خێری بۆ کرد ، ئەویش (إسترجاع) ی وت و دەستی بە گریان کرد .

زوبەیری کوڕی بەزەیی پیایا ئەهاتەوە ، بۆیە هەوڵی ئەدا چاوی بە حەمزە نەکەوێت ، چونکە تەمەنی زۆر بوو و بە ساڵدا چوو بوو . کەچیی صەفیە کۆڵی نەدا و وتی : ناگەڕێمەوە هەتا سەیری نەکەم . کە پێغەمبەری خوا ﷺ مۆڵەتی دا سەیری بکات ، بەستەزمانە چاوی بە دیمەنێکی یەکجار سامناك کەوت .. ئەبینێ وا برای ئازیز و خۆشەویستی و پاڵەوانی لاوچاك لە خۆڵ گەوزاوە و ، بە دەستی نەفامان جەستەی شێواوە .. فرمێسك بە خوڕ لە چاوی صەفیە هاتنە خوارەوە و ، بە کوڵ گریا و دەوروبەریشی هێنایە گریان ، پاشان بە هێمنیی و دامەزراوییەوە داوای لێخۆشبوونی لە خوا بۆ براکەی کرد و گەڕایەوە دوا .. هەڵوێستەکەی ئەوەندە کاریگەر بوو پێغەمبەریشی هێنایە گریان .

ئیبن مەسعوود وتوویە : نەمان‌دیوە پێغەمبەری خوا ﷺ لە گریان بۆ حەمزە زیاتر بگرییێ . ئەوەبوو لای قیبلەوە دای‌نا و ، خۆیشی لەسەر جەنازەکەی وەستا و، دەستی بە گریان کرد و هەنیسکیشی ئەدا .[٤٠٧]

نۆزدەهەم : کۆکردنەوەی شەهیدەکان و ناشتنیان :

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی دا شەهیدەکان کۆبکەنەوە و بیان‌نێژن . بەلاّم لە فەرموودەی صەحیح‌دا وەها هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر هیچ شەهیدێکی جەنگ نوێژی نەکردووە ، نە لە ئوحود و نە لە غەیری ئەویش‌دا . بەلّکو فەرمانی ئەدا کە شەهید بە جل و بەرگی خۆیەوە بنێژرێ ، بەبێ شتن و بەبێ نوێژ .

ئیمام شافیعیی خوا لێی رازیی بێ ریوایەتی لەو بارەوە بە پلەی موتەواتیر پێ گەیشتووە کە پێغەمبەر ﷺ نوێژی لەسەر کوژراوانی ئوحود نەکردووە .

ئەوەش کە ریوایەت کراوە کە گوایا پێغەمبەر ﷺ نوێژی لەسەریان کردووە و ، حەفتا تەکبیری بەسەر حەمزەوە فەرمووە ، صەحیح نیە .

لە صەحیحی بوخارییش‌دا ئەوە چەسپاوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی داوە شەهیدانی ئوحود بە خوێنەکەیانەوە بنێژرێن ، جا نە نوێژی لەسەر کردن و ، نە شۆرایشن . فەرمانیشی داوە کە جل و بەرگەکەیان بکرێتە کەفەنیان . ئیتر ئەوەبوو چیی زرێ و پێست بوو لەبەریان داماڵرا و جل و بەرگەکەیان کرایە کەفەنیان ، تا خوێن و زامەکانیان لە رۆژی قیامەت‌دا شاهێدی‌یان بۆ بدەن .

بەلاّم لە صەحیحی بوخاریی و موسلیم‌دا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ، وەك خواحافیزیی‌کردنێك لە موسڵمانەکان ، بە مردوو و زیندوویانەوە ، دوای جەنگی ئوحود بە چەند ساڵێك نوێژی لەسەر کردوون . پاشان دێتە سەر مینبەر و ئەفەرموێ : ((إني بين أيديكم فَرَط ، وأنا عليكم شهيد ، وإن موعدكم الحوض ، وإني لأنظر إليه من مقامي هذا ، وإني لست أخشى عليكم أن تشركوا ، ولكن أخشى عليكم الدنيا أن تتنافسوها)) . ئەفەرموێ : من پێشتان ئەکەوم و ، لەسەریشتان شاهێدم و ، شوێنی بە یەك‌گەیشتنیشمان سەر حەوزەکەمە و ، ئێستا لەم

---

[٤٠٧] غزوة أحد : ٢١١ ـ ٢١٨ ، الرحيق المختوم : ٢٨٤ ـ ٢٨٦ ، السيرة النبوية لأبي شهبة : ٢ / ٢٠٧ ـ ٢٠٨ ، ٢١١ ـ ٢١٢ .

شوێنەمەوە چاوم لێ‌یەتی . من لێتان ناترسم شەریك بۆ خوا بڕیار بدەن ، بەڵكو ئەترسم لە نێوان خۆتان‌دا بۆ دەست‌خستنی دنیا بەرابەرکێ بکەن ..

راویی ئەڵێ : ئەوە دواجارم بوو تەماشای پێغەمبەری خوا ﷺ بکەم . بۆ ئەو فەرموودەی سەرەوە هەندێ لە فەقیهەکان شەرعی‌یەتیان بە نوێژی سەر جەنازەی شەهیدی جەنگ داوە . بەڵام جومهوور رایان وایە کە ئەوە نوێژ نەبووە ، بەڵكو دوعا و پاڕانەوە بووە . یان ئەوە یەکێکە لە تایبەت‌مەندی‌یەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ .

حەمزەش بە قوماشێکی خۆی کەفەن کرا ، کە ئەگەر رایان ئەکێشا هەتا سەری پێ داپۆشن ، قاچی دەرئەکەوتن و ، گەر راشیان ئەکێشا بۆ داپۆشینی قاچی سەری دەرئەکەوت . ناچار رایان کێشا تا سەری داپۆشن و بە گەڵای گووژاڵك قاچیان داپۆشیی .

عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف ئەڵێت : موصعەبی کوڕی عومەیر کوژرا ، کە لە من چاکتر بوو و ، بە عەبایەك کەفەنیان بۆ کرد کە ئەگەر ئەدرا بە سەری‌دا قاچی دەرئەکەوتن ، ئەگەر قاچیشی پێ دائەپۆشران ، سەری دەرئەکەوت . سەرەنجام پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمان ئەدا سەری بە قوماشەکە داپۆشن و بە رووەکی ئیزخیر هەردوو قاچی داپۆشن .

گەڕان بە دوای جەستەی حەنظەلەدا ، سەیریان کرد لەلایەکەوە لەسەر زەویی دانراوە و ئاوی لێ ئەچۆڕێ . پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی بە هاوەڵانی دا کە مەلائیکەت ئەی‌شۆن . کە پرسیاریان لە هاوسەرەکەی کرد ، پێی راگەیاندن کە زاوا بووە و خۆی نەشۆردووە و ، رای کردووە بە دەم بانگەوازی جیهادەوە . بۆیە ناونراوە ((غسیل الملائکة)) .

لەلایەکی ترەوە ئەوە کەوتە گوێی پێغەمبەری خوا ﷺ کە هەندێ لە شەهیدەکان براونەتەوە بۆ مەدینە ، ئەویش فەرمانی دا کە بیان‌هێننەوە بۆ مەیدانی جەنگ و لەوێ بیان‌نێژن .

ئیمام ئەحمەد لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە خوا لێیان رازیی بێ ئەگێڕێتەوە کە وتوویە : باوکم لە ئوحوددا شەهید بوو و ، خوشکەکانیشم منیان بە وشترێکەوە نارد بە دوای‌دا و وتیان : بڕۆ باوکت بخەرە سەر پشتی ئەم وشترە و ، لە قەبرستانی نەوەی سەلیمەدا بی‌نێژە . ئەڵێ : منیش لەگەڵ چەند کەسێکی یارمەتیی‌دەرم‌دا

هاتم بە دوایا . ئەم دەنگ و باسە ئەگاتەوە بە پێغەمبەری خوا کە لە ئوحود دانیشتبوو . ئەوەبوو بانگی کردم و فەرمووی : ((والذي نفسي بيده لا يدفن إلا مع إخوانه)) . فەرمووی : بەو خوایەی کە گیانمی بە دەستە ئەبێ لەگەڵ براکانیدا بنێژرێ .

ئەوەبوو لەگەڵ هاوەڵانیدا نێژرا .

هەروەها لە جابیرەوە ئەگێڕنەوە کە وتوویە : لە کاتێکدا کە منیش وەك خەڵکەکە سەیرم ئەکرد ، ئەبینم وا پوورم (خوشکی باوکم) هات کە باوکم و خاڵمی پێ بوون و ، ئەمدیو و ئەودیو خستبوونیە سەر وشترێك ، هێنانیەوە بۆ مەدینە تا لە قەبرسانەکانماندا بیاننێژێ . ئەبینم پیاوێك گەیشت و جاڕی ئەدا : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانتان بەسەردا ئەدات کە جەستەی شەهیدەکان بگێڕنەوە دوا و ، لە شوێنی شەهیدبوونیاندا بیاننێژن . ئێمەش گێڕامانەوە دوا و ، لە کوێ شەهید بووبوون لەوێ ناشتنمان .

جا لەبەر ئەوەی شەهیدەکان زۆر بوون و ، موسڵمانەکانیش تەواو ماندوو و هیلاك و زامدار بوون و ، ڕۆژیش زۆری نەمابوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی دا کە شەهیدەکان دوو دوو ، کێ لەگەڵ کێدا خۆشی هاتووە ، بخرێنە قەبرەوە .

ئەوەبوو حەمزە لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی جەحشی خوشکەزای [408] خرانە قەبرێکەوە .

بە تایبەتییش پێغەمبەری خوا ﷺ پێی خۆش بوو عەمری کوڕی جەمووح و [409] عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی حەرامی زاوای کە لە دنیادا زۆر دڵسۆزی یەك بوون ، لە قەبرێك دا بنێژرێن . [410]

---

[408] عەبدوڵڵای کوڕی جەحش ، دایکی ئومەیمەی کچی عەبدولموطەللیب بووە کە ئومەیمە خوشکی حەمزە بووە . ئەوەی کە لە ڕۆژی ئوحوددا عەبدوڵڵای کوڕی جەحشی کوشت ئەبولحەکەمی کوڕی ئەخنەسی کوڕی شەریق بوو . ئەوەبوو لە جەنگی بەدردا ئەخنەس یەکەم کەس بوو کە دژی رای ئەبوجەهل وەستا و بڕیاری دا جەنگ نەکات و ، بە خۆی و بە هۆزی ئەوەی زوهەرەوە لە (رابغ) گەڕایەوە بەرەو مەککە و یەك پیاوی زوهەریی بەشداریی بەدری نەکرد .. ئەوەبوو ئەو ئەبولحەکەمە هەر لە جەنگی ئوحوددا بە کافریی کوژرا .

[409] عەمری کوڕی جەمووحی کوڕی زەیدی کوڕی حەرام یەکێکە لە سەردارانی ئەنصار و ، دوا ئەنصاریشە کە موسڵمان بووبێ . پیاوێکی ناودار بووە و زۆر دەست گوشاد و سەخیی تەبیعەت بووە . لە چۆنیەتیی موسڵمان بوونی ، لە پێشەوە شتێکمان باس کردووە و ، بە ئاواتی شەهیدیی بوو ، تا خوا بە سۆز و میهرەبانیی خۆی خەڵاتی کرد ..

[410] عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی حەرامی کوڕی ثەعلەبەی ئەنصاریی ، خەزرەجیی ، سەلیمیی باوکی جابیر بووە . زوو بە زوو لەگەڵ ئەهلی مەدینە موسڵمان بووە . بەشداریی پەیمانی عەقەبەی کردووە و ، یەکێکیش بووە

هەروەها موصعەبی کوڕی عومەیر و سەعدی کوڕی رەبیع ، لە ریوایەتێکی تردا خاریجەی کوڕی زەید و [٤١١] سەعدی کوڕی رەبیع و، نوعمانی کوڕی مالیك [٤١٢] و بەندەکەی نەوەی حەسحاس پێکەوە نێژران .

پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی ئاگاداری ناشتنی شەهیدەکان بوو و ، ئەی فەرموو : ((احفروا وأوسعوا ، واجعلوا الرجلين والثلاثة في القبر الواحد)) . ئەی‌فەرموو : قەبرەکان با فراوان بن . دوو پیاو و سێ پیاو بخەنە قەبرێکەوە . ئەشی‌فەرموو : ((انظروا أكثر هؤلاء جمعاً للقرآن فاجعلوه أمام أصحابه في القبر)) . ئەی‌فەرموو : سەرنج بدەن بزانن ئەوانە کامیان قورئانی زیاتری لەبەرە بی‌خەنە پێش هاوەڵەکانیەوە .

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ شاهێدیی دا کە شەهیدەکان لە رۆژی قیامەتدا بەو حاڵەوە زیندوو ئەبنەوە کە پێوەی نێژراون ، بەبێ ئەوەی ئاڵ و گۆڕیان بەسەردا بێت ..

ئیبن ئیسحاق وتوویە : لە رۆژی ئوحوددا کە پێغەمبەری خوا ﷺ سەیری شەهیدەکانی کرد ، فەرمووی : ((أنا شهيد على هؤلاء ، إنه ما من جريح في الله إلا والله يبعثه يوم القيامة يدمي جرحه .. اللون لون دم والريح ريح مسك)) . ئەفەرموێ : من لەسەر ئەمانە شاهێدم .. هەر کەس لە پێناوی خوادا زامدار بوو

لەو دوانزە نەقیبەی کە لە بریی خزمەکانیان پەیمانەکەیان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بەستووە . عەبدوڵلا بەشداریی بەدری کردووە . ئەو پیاوە دڵسۆزە بوو کە سەر لە بەیانی رۆژی ئوحود ئامۆژگاریی عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی سەرۆکی مونافیقان و دەستە مونافیقەکەی کرد تا پشت لە پێغەمبەری خوا نەکەن . کە رۆژی ئوحود شەهید بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی فەرمووی : ((ما زالت الملائكة تظلله بأجنحتها)) . فەرمووی : هێشتا مەلائیکە بە باڵەکانیان سێبەری بۆ ئەکەن .

[٤١١] خاریجەی کوڕی زەیدی کوڕی ئەبوزوهەیری ئەنصاریی خەزرەجیی ، هاوەڵێکی پایەدارە و ، بەشداریی بەدری کردووە . خەزووری ئەبوبەکری صدیق بووە . خاریجە یەکێ لە پاڵەوانە جەنگاوەرەکان بووە .. لە رۆژی ئوحوددا لە هەموو لایەکەوە رمیان ئاراستە کرد ، تا ئەوەبوو لە دە و ئەوەندە شوێنەوە زامدار بوو . لەو کاتەدا صەفوانی کوڕی ئومەییە دای بە لایا و خاریجەی ناسی‌یەوە و ، هەڵمەتی دایە سەری و شەهیدی کرد و پاشان ئەیوت : ئێستە دڵم حەسایەوە کە هاوەڵە پایەدارەکانی موحەممەدم کوشتوون .. خاریجەی کوڕی زەید و ، ئەوسی کوڕی ئەرقەم و ، ئەبونەوفەلم کوشتوون ..

[٤١٢] نوعمانی کوڕی مالیکی کوڕی ثەعلەبەی ئەنصاریی خەزرەجیی ، هاوەڵێکی پایەداری بەدرە . ئەم هاوەڵە بوو کە بە پێغەمبەری خوای ﷺ وت : بەخوا ئەچمە بەهەشتەوە . فەرمووی : ((بِمَ ؟)) . فەرمووی : بە چیی ئەچیتە بەهەشتەوە ؟ وتی : بەوە ئەچم کە من شاهێدیی ئەدەم کە جگە لە زاتی ((الله)) پەرستراوێکی تر نیە و ، تۆش پێغەمبەری خوایت و ، لە رۆژی نەبەردیشدا پشت هەڵ ناکەم . فەرمووی : ((صدقت)) .

بێت ئەوا کە خوای گەورە لە رۆژی قیامەتدا زیندووی ئەکاتەوە زامەکەی خوێنی لێ دێ ، رەنگی رەنگی خوێنە و ، بۆنیشی بۆنی میسکە .

سالآن تێپەڕین و ئەم بەڵێنەی پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە دیی و بۆ خەڵك سەلما.

ئەبوداود و نەسسائیی و تیرمیذیی لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە خوا لێیان رازیی بێ ریوایەتیان کردووە کە وتوویە :

لە سەردەمی خەلافەتی موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیاندا بووم ، پیاوێك هاتە لام و وتی : ئەی جابیری کوڕی عەبدوڵلا ! بەخوا کاربەدەستانی موعاویە دەستکاریی قەبرەکەی باوکتیان کردووە و هەندێکی دەرکەوتووە . منیش هاتم بۆ لای ئەبینم بەو شێوەیە کە ناشتوومە و نەگۆڕراوە .

هەروەها بەیهەقییش لە جابیرەوە ریوایەتی کردووە و وتوویە : کە دوای چل ساڵ موعاویە لە نزیك کوژراوانی ئوحودەوە کانیی لێ دا و ئاوەکە هات بەسەریاندا ، کە هەواڵمان زانیی هاتین بە لایانەوە و دەرمان هێنان . ئەوەبوو خاکەنازەکە بەر قاچی حەمزە کەوت خوێنی لێ دەرپەڕیی . لە ریوایەتەکەی ئیبن ئیسحاقدا ئەڵێ : دەرمان هێنان ، هەروەك دوێنێ نێژرابن .

هەروەها واقیدییش لە جابیرەوە ریوایەتی کردووە : کە قەبرەکانمان هەڵ دانەوە ، ئەبینم باوکم وا لە قەبرەکەیدا هەر وەك بە شێوەی خۆی خەوتبێ و ، ئەبینین وا عەمری کوڕی جەمووحی دراوسێشی وا لە قەبرەکەیدا و ، دەستی لەسەر زامەکەی داناوە ، کە دەستی لابرا خوێنی لێ دەرپەڕی .. ئەڵێن : بە وێنەی بۆنی میسك بۆنی خۆش لە قەبرەکانیانەوە هاتووە ، ئەمەش دوای چل ساڵ لە ناشتنیان ، خوا لە هەموویان رازیی بێ .

لە (الموطأ) یشدا بەم شێوە هاتووە : ئەوەبوو هەردوو ئەنصاریی عەمری کوڕی جەمووح و عەبدوڵلای کوڕی حەرام لافاو قەبرەکەیانی دڕیی بوو ، چونکە قەبرەکەیان لە قەراغی چەمەکەدا بوو و ، هەردووکیشیان لە یەك قەبردا نێژرا بوون و ، رۆژی ئوحود شەهید بووبوون . قەبرەکەیان هەڵ درایەوە تا بگوازرێنەوە ، ئەبینن هیچ نەگۆڕاون ، هەروەك دوێنێ نێژرا بن . ئەوەبوو یەکێکیان زامدار بووبوو و دەستی لەسەر زامەکەی دانا بوو و ، هەر بەو شێوەشەوە نێژرا بوو ، کە دەستی لەسەر زامەکەی لادرا و وازی لێ هێنرا

گەڕایەوە شوێنی خۆی . بە مەرجێ ماوەی نێوان جەنگی ئوحود و ئەو قەبر هەڵدانەوەیە چل و شەش ساڵ بوو .

لەبەر ئەوەی کە شەهیدانی ئوحود خاوەنی پایە و پلەیەکی بەرزن و ، لە پێناوی خوادا خۆیان بەخت کردووە ، پێغەمبەری خوا ﷺ سەری لێ ئەدان و سەلامی لێ ئەکردن و ئەیفەرموو : ((سلام عليكم بما صبرتم ، فنعم عقبى الدار)) . ئەبوبەکریش و عومەریش و عوثمانیش خوا لێیان رازیی بێ لە سەردەمی خەلافەتی خۆیاندا سەردانیان ئەکردن و سەلامیان لێ ئەکردن .

واقیدییش ئەوەی گێڕاوەتەوە کە خاتوو فاطیمە و ، سەعد و ، ئەبوسەعیدی خودریی و ، ئەبوهورەیرە و ، عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و ، ئوم سەلەمە ، خوا لێیان رازیی بێ ، سەردانی شەهیدانی ئوحودیان ئەکرد ..

پێغەمبەری خوا ﷺ باسی پایە و پلەی بەرزی ئەو شەهیدانەی کردووە کە لە مەیدانی جەنگی کافراندا سەر ئەنێنەوە .

ئیبن عەبباس خوا لێیان رازیی بێ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ریوایەتی کردووە کە فەرموویە : ((لما أصيب إخوانكم بأحُد جعل الله أرواحهم في أجواف طير خضر ، ترد أنهار الجنة وتأكل من ثمارها ، وتأوي إلى قناديل من ذهب معلقة في ظل العرش ، فلما وجدوا طيب مشربهم و مأكلهم وحسن مقيلهم ، قالوا : يا ليت إخواننا يعلمون ما صنع الله بنا ، لئلا يزهدوا في الجهاد ولا ينكلوا عن الحرب . فقال الله عزوجل : أنا أبلغهم عنكم)) .. فەرموویە : کاتێك کە براکانتان لە ئوحوددا شەهید کران ، خوای گەورە رۆحی هەر یەکەیانی خستە ناو سکی باڵندەی سەوزەوە و ، ئەوانیش ئەهاتنە سەر رووبارەکانی بەهەشت و ئاویان ئەخواردەوە و ، لە بەرهوومی بەهەشتیان ئەخوارد و ، ئێوارانیش ئەگەڕانەوە بۆ ناو چرای لە زێڕ دروست کراو و بە عەرشدا هەڵواسراو . ئەو بەهەشتیانە کاتێ کە خواردن و خواردنەوەی چاك و شوێن و مەنزڵی خۆشی خۆیانیان دیی ، وتیان : خۆزگە براکانمان ئەیانزانیی خوای گەورە چۆن پاداشتی چاکەی ئێمەی داوەتەوە ، تا لە جیهاد و جەنگی کافراندا نوشوستیی و نوکوولیی نەکەن . خوای گەورەش فەرمووی : من لە بریی ئێوە ئەو هەواڵەیان پێ ئەگەیەنم . ئەوەبوو خوای گەورە قورئانی پیرۆزی دەربارەی ئەوە نارده خوارەوە :

﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتًۢا ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴿١٦٩﴾ فَرِحِينَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِٱلَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُوا۟ بِهِم مِّنْ خَلْفِهِمْ أَلَّا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾ (آل عمران : ١٦٩ ـ ١٧٠) .

ئەم مژدەیە بۆ ئەوانەیە کە بە پاکیی و دڵ پڕ لە ئیخلاصەوە لە ڕێی خوادا ئەجەنگن و سەرەنجام شەهید ئەبن . بەڵام هەرکەسێ بە نییەتێکی ترەوە خۆی بە کوشت بدات ئەوە بە شەهید ناژمێرێ . بۆ ئەمە دوو نموونەمان هەیە :

یەکێکیان (قوزمان) ە کە عەرەبی مەدینە بوو و ، پاڵەوانێکی کەم وێنە بوو و ، ڕۆژی ئوحود پاڵەوانانە جەنگی کرد و ، بە تاقی تەنیا یانزە کەس لە کافرانی کوشت ، کە پێنجیان هەڵگرانی ئاڵای قورەیش بوون لە نەوەی (عەبدوددار) .

پێش دەستپێکردنی جەنگ هەرچیی باسی ئەو پیاوە بۆ پێغەمبەر ﷺ بکرایە ئەیفەرموو : ((إنه من أهل النار)) . ئەیفەرموو : دۆزەخی یە .

سەرەنجام قوزمان لەو جەنگەدا چەند زام کرایە لاشەیەوە . ئەوەبوو هەڵیان گرت و بردیانە ماڵەوە و ، موسڵمانان سەریان لێ ئەدا و ئەیان وت : مژدە بێ قوزمان . ئەیوت : مژدەی چییم لێ بێ ؟ من بۆ بەرگریی لە شەرەف و مەردایەتیی خزمەکانم جەنگاوم .

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە قەتادە خوا لێی ڕازیی بێ بە قوزمان ئەڵێ : شەهیدبوونت لێ پیرۆز بێت . وەڵامی دایەوە : بەخوا من ، ئەی باوکی عەمر ! لە پێناوی دین‌دا نەجەنگاوم . بۆ ئەوە جەنگاوم کە قورەیش نەیەت و پێ نەخاتە سەر خاکمان .

کاتێك کە زامەکان زۆریان بۆ هێنا خۆی کوشتەوە . ئەوەبوو لە تیردانەکەی‌دا تیرێکی دەرهێنا و شادەماری قۆڵی خۆی پێ بڕیی و ، خوێنی لێ ئەڕۆیشت هەتا مرد ..

کە ئەم پیاوە ئازایە بەم شێوەیە سەری نایەوە ، پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و وتی : شاهێدیی ئەدەم کە تۆ پێغەمبەری خوایت . فەرمووی : چیی بووە ؟ وتی ئەو پیاوەی کە لەوە و پێش ناوت برد کە دۆزەخی یە، لە سەرەمەرگی‌دا وەهاو وەهای کردووە ...

دەربارەی پیاوێك كە بۆ دەربڕینی ئازایەتیی جەنگ بكا و ، پیاوێكیش بۆ بەرگریی لە خۆی و كەس و كاری جەنگ بكا و ، پیاوێكیش بۆ ریا و خۆدەرخستن جەنگ بكات ، كام لەمانە لە پێناوی خوادایە ؟

فەرمووی: ((مَن يقاتل لتكون كلمة الله هي العليا فهو في سبيل الله)) . فەرمووی: هەر كەسێ بۆ بەرزكردنەوەی فەرمایشتی خوا بجەنگێ ، ئەوە لە پێناوی خوادایە .

نموونەی دووهەمیش پیاوێكی عەرەبە كە شوێنكەوتەی دینی جوولەكە بوو ، بە ناوی موخەیریق ، كە ئەیزانیی لەسەر جوولەكەكانی مەدینە پێویستە كۆمەكیی سوپای ئیسلام بكەن دژی سوپای قورەیش ، بە بۆنەی ئەو پەیمانەوە كە لە نێوان موسڵمانەكان و جوولەكەدا مۆر كراوە .

موخەیریق داوای لە جوولەكە كرد كە چەك هەڵ گرن و لەگەڵ موسڵمانەكاندا بچن بە گژی سوپای مەككەدا ، كەچیی جوولەكە ئەوەیان كردە بیانوو كە ئەمڕۆ شەممەیە و ، ئەوان جەنگی تیا ناكەن . خۆی چەكی هەڵ گرت و دەستی بە جەنگ كرد هەتا كوژرا .

كە هەواڵی كوژرانی موخەیریق گەیشتەوە لای پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((مخيريق خير يهود)) .

موخەیریقیش پێش كوژرانی وەسیەتی كرد و وتی : ئەگەر كوژرام چیی ماڵ و سامانم هەیە بۆ موحەممەد چیی لێ ئەكات با بیكات . جا سوهەیلیی ئەوەی باس كردووە كە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو ماڵ و سامانەی موخەیریقی كردە وەقف بۆ موسڵمانان لە مەدینەدا ، كە بریتیی بوو لە حەوت باخ .

هێشتا ئەم پیاوەش بە شەهید لە قەڵەم نەدراوە ، چونكە بە پێی فەرمانی قورئان بۆ خوا نەجەنگاوە ، بەڵكو وەك جوولەكەیەكی خاوەن بەڵێن كوشتاری كردووە .

كەچیی پیاوێكی تر لە نەوەی عەبدولئەشهەل ، كە ئوصەیرم ی پێ ئەوترا ، یەكجار لە ئیسلام بێزار بوو و ، گاڵتەی بە خزمەكانی ئەكرد كە شوێنی پێغەمبەری خوا ﷺ كەوتبوون و ، هەروا لەسەر شیرك مابۆوە و ، قەناعەتی بە ڕێبازی ئیسلام نەبوو ، هەتا كە ڕۆژی ئوحود هاتە بەرەوە ، هەر ئەو ڕۆژە هیدایەتی خوایی بۆ هات و ، دەستی دایە شمشێرەكەی و ڕمەكەی هەڵ گرت و ، بەبێ ئەوەی هیچ كەس بە كارەكەی بزانێ ، بەرەو مەیدانی جەنگ كەوتە ڕێ . ئەو

ڕۆژه له خزمهت پێغهمبهری خوادا ﷺ جهنگێکی پاڵهوانانهی کرد ههتا زامهکان زۆریان بۆ هێنا و سهری نایهوه و ، بیَ‌ئهوهی نوێژێك یان ڕۆژوویهك بهجێ بهێنێ گهیشته بهههشت .

له کۆتایی جهنگدا خزمهکانی لهنهوهی عهبدولئهشههل بهناو کوژراو و زامدارهکاندا ئهگهڕان ، چاویان پێی کهوت . وتیان : به خوا ئهمه ئوصهیرمه ، چۆن گهیشتۆته ئێره ؟ خۆ ئهو بڕوای بهم کاره نهبوو . ئهوهبوو پرسیاریان لیَ کرد و وتیان : ئهی عهمر ! (ناوی عهمری کوڕی ثابیتی کوڕی وهقش بوو) چیی تۆی گهیاندۆته ئێره ؟ ئایا بۆ بهرگریی له خزمهکانت ، یان حهزت له ئیسلامه ؟ وتی : بهڵکو حهزم له ئیسلامه ، ئیمانم به خوا و به پێغهمبهرهکهی هێناوه و ، موسڵمان بووم و ، دهستم داوهته شمشێرهکهم و ، هاتوومهته خزمهتی پێغهمبهری خوا ﷺ و ، دهستم به کوشتار کردووه ، ههتا ئهمهم بهسهر هاتووه .

ئیتر ئهوهندهی پیَ نهچوو لهبهر دهستیاندا کۆچی دوایی کرد . که باسیان بۆ پێغهمبهری خوا ﷺ کرد فهرمووی : ((إنه لمن أهل الجنة)) . فهرمووی: بهههشتیه.

ئهبوهورهیرهش دهربارهی ئوصهیرم ئهیوت : باسی پیاوێکم بۆ بکهن که نوێژێکی بهجیَ نههێناوه و چۆته بهههشتهوه .[٤١٣]

بیستهم : گهڕانهوهی سوپای ئیسلام بۆ مهدینه :

دوای تهواوبوونی جهنگ و گهڕان به دوای زامدار و شههیدهکاندا ، شههیدهکان به خاك سپێرران و زامدارهکانیش دهرمان کران . بهڵیَ قورهیش لهو ناوه نهوهستا ، خێرا کشایهوه دوا و له خوای ئهویست له دهست موسڵمانهکان دهرباز بێت . موسڵمانهکان ئهگهرچیی شههیدی زیاتریان دا ، بهڵام له سهرهتای جهنگ و له کۆتایی جهنگدا مهیدان به دهستی موسڵمانهکانهوه بوو .. دوای ئهوه ههمووی پێغهمبهری خوا ﷺ فهرمانی دا سوپا بهرهو مهدینه بگهڕێتهوه و ، کۆمهکیی زامدارهکان کرا تا له پێش سوپاوه بگهنهوه شار . دوای ئهوانیش سوپا کهوته ڕێ، که پێغهمبهری خوا ﷺ له پێشی پێشهوهدا بوو و ، فهرمانده ناودارهکانی ئهنصار و موهاجیرهکان دهورهیان دابوو .

---

[٤١٣] غزوة أحد : ٢١٨ ـ ٢٣٤ ، الرحيق المختوم : ٢٨٥ ـ ٢٨٧ ، السيرة النبوية لأبي شهبة : ٢ / ٢١٥ ـ ٢١٦ .

بە رواڵەت سوپای ئیسلام جەنگی نەبردۆتەوە ، بەڵام کە دانیشتوانی شار هـاتن بە پیری پێغەمبەر و سوپا خواناسەکەیەوە ، ئەوپەڕی مـژدەی سـەرکەوتن بـوو .. خەڵکی مەدینە هاتن بە پیریانەوە کە هـەموو جووڵـە و وتەیـەکیان سـەرکەوتنی ئیمانی تیا بەدیی ئەکرا .. دیار بوو ئیسـلام بـە تـەواوەتیی دڵ و دەروونـی ئـەو خەڵکەی پەروەردە کردبوو ، هـەرچـەند دوو سـێ سـاڵێك بـوو ئیسـلام هـاتبووە ناویان .. دەرئەکەوت کە چەندە خوا و پێغەمبەریان خۆش ئـەوێن ، بـە رادەیـەك هەر تەنها سەلامەتیی پێغەمبەری خوایان ﷺ ئەویست .

گەورە و بچووکی شار هاتبوونە دەرەوەی شار تا لە سەلامەتیی ئـازیز ئاگـادار بن و هەواڵی کەس و کاریان بزانن .. بزانن گەڕاونەتەوە یان شەهیدیـان خـەڵات کراوە !!

یەکێ لەوانەی کە هاتنە پێشوازیی سوپای ئیسلام ئافرەتێکی نەوەی دینار بـوو کە لە جەنگی ئوحوددا باوك و برا و مێرد و کوڕی شەهید بووبوون . کاتێـك کـە شەهیدبوونی ئەو چوار کەسەی درا بە گوێیا زۆر بەلایەوە گرنگ نەبوو ، چونکە بۆ سەلامەتیی پێغەمبەری خوا ﷺ وەها شڵەژا بوو ، ئەو موسیبەتە گەورەی لە یـاد کردبوو ، بۆیە پرسیی : ئەی پێغەمبەری خـوا ﷺ چـیی بەسـەر هـات ؟ وتیـان : دایکی فلان ! ئەو باشە و ، سوپاس بۆ خوا بەو جۆرەیە کە تۆ پێت خۆشە . جا بۆ ئەوەی دڵی ئاو بخواتەوە و بێخەم ببێ وتی : پیشانم بدەن با ببینم . کە چاوی پێ کەوت ئاماژەی بۆ موسیبەتەکەی خۆی کرد و وتی : هەر تۆ سەلامەت بی هەموو موسیبەتێك بچووکە .

لە ریوایەتێکی تردا ئەم ئافرەتەی نەوەی دینار دێتە مەیـدانی جـەنگ و لـەوێ جەستەی باوکی و کوڕی و براکەی و مێردەکەی ئـەبینێ . هەرچـیی ئەیپرسـیی : ئەمە کێیە ؟ ئەوترا ئەوە باوکتە .. ئەوە کوڕەکەتە .. ئەوە مێردەکەتـە .. ئـەوە براکەتە ، کەچیی گوێی لێ نەبوو ، بەڵکو بەوپەڕی شڵەژاوییەوە ئـەی وت : ئـەی پێغەمبەری خوا چیی بەسەر هات ؟؟

خەڵکەکەش وەڵامیان ئەدایەوە : وا لە پێشتەوە .. هەتا تەشریفی گەیشـت و ، ئەویش دەستی لەلایەکی کراسەکەی گیر کرد و ئەیوت : دایك و باوکم بە قوربانت ئەی پێغەمبەری خوا ، هەر تۆ سەلامەت بی هیچ باکێکم نیە .

هەروەها لە کاتی گەڕانەوەی سوپادا بەرەو مەدینە ، پێغەمبەری خوا ﷺ چاوی کەوت بە حەمنەی کچی جەحش [٤١٤] (کە پوورزای بـوو) و (بـۆ سەرەخۆشـیی لێ کردنی) پێی فەرموو : ((إحتسبي)) واتە : بـۆ ئـەم موسـیبەتەت داوای ئـەجر و پاداشت لە خوا بکە .

پرسیی : کێ ، ئەی پێغەمبەری خوا ؟؟

فەرمووی : ((خالَك حمزة)) .

وتی : إنا لله وإنا إليه راجعون ، خوا لێی خۆش بێ و، شەهیدییشی لێ پیرۆز بێ.

دیسان فەرمووی : ((إحتسبي)) .

پرسیی : کێ ، ئەی پێغەمبەری خوا ؟؟

فەرمووی : ((أخاك عبدالله بن جحش)) .

وتی: إنا لله وإنا إليه راجعون ، خوا لێی خۆش بێ و ، شەهیدییشی لێ پیرۆز بێ.

پاشان پێی فەرموو : ((إحتسبي)) .

پرسیی : کێ ، ئەی پێغەمبەری خوا ؟؟

فـەرمووی : ((زوجك مصعب بـن عمـير)) . فـەرمووی : موصـعەبی کـوڕی عومەیری مێردت .

وتی : ئای خەفەتبار خۆم . دەستی بە هاوار و گریان کـرد . کـە پێغەمبـەری خوا ﷺ دیتی چۆن بۆ خاڵۆی و براکەی دامەزراو بوو و ، چـۆنیش بـۆ مێردەکـەی هاواری لێ هەستا ، فەرمووی : ((إن زوج المرأة منها لبمكان)) . واتە : ئافرەت بە تیاچوونی مێردی زیاتر ناڕەحەت ئەبێ لە هەموو کەسێکی تری .

دوای دەنگ بەرزکردنەوە لێی پرسیی : ((لم قلت هـذا ؟)) . فـەرمووی : بـۆچ وەهات وت ؟ وتی : بیرم لە هەتیویی منداڵەکانی کردەوە ، ئەوە کاری تێ کردم .

پێغەمبەری خوا ﷺ لـە خـوای گـەورە بـۆ خـۆی و منداڵـەکانی پاڕایـەوە تـا کەسێکی چاك بۆ سەرپەرشتییان پەیدا بکات . ئەوەبوو حەمنە شووی بە طەلحـەی

---

[٤١٤] حەمنەی کچی جەحشی ئەسەدیی ، هاوسەری موصعەبی کوڕی عومەیر بووە ، کە لە ڕۆژی ئوحوددا هەڵگری ئاڵای موسڵمانەکان بوو . کە موصعەب شەهید بوو ، مێردی بە طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵلاّ کرد . دایکی حەمنـە و دایکی زەینەبی هاوسەری پێغەمبەری خوا ئومەیمەی کچی عەبدولموطەللیب بووە . حەمنە یەکێ بووە لـەو کۆمەڵـە ئافرەتەی کە بەیعەتیان داوە و ، لە کاتی جەنگیش‌دا ئاوی بە دەم جەنگاوەرانـەوە ئـەدا و دەرمـانی زامـدارەکانی ئەکرد . دایکی موحەممەدی کوڕی طەلحەیە کە لەبەر خواناسیی و عیبادەت زۆریی ناونراوە ((السجاد)) . حەمنـە تەنها یەك فەرموودەی گێڕاوەتەوە ..

کوڕی عوبەیدوڵلاّ کرد ، خوا لێی رازیی بێ ، کە لە هاوەڵە دەوڵەمەندە ناودارەکان بوو و ، زۆر بە چاکیی و بە دڵسۆزیی منداڵەکانی موصعەبی سەروکایی ئەکردن و خوای گەورە کوڕێکی خواناسی پێ بەخشین کە ناوی ((محمد)) و نازناویشی ((سەججاد)) بوو ..

بەر لەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ بگاتە ناو شار ، دایکی سەعدی کوڕی موعاذی سەرداری ئەنصار بەرەو رووی هات ، کە ئەو بەسەر ئەسپەکەیەوە بوو و ، سەعدیش جڵەوی گرتبوو .

سەعد وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! دایکم . فەرمووی : ((مرحباً بها)) . پێغەمبەر ﷺ وەستا هەتا هات . کە نزیك کەوتەوە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ شەهیدبوونی عەمری کوڕی موعاذی کوڕی سەرەخۆشیی لێ کرد .[٤١٥]

دایکی سەعد وتی : کە تۆم بە سەلامەتیی بینیی موسیبەتەکەم بەلاوە بچووك بوویەوە .

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ دوعای بۆ کەس و کاری شەهیدانی ئوحود کرد و ، بە دایکی فەرموو : ((یا أم سعد ! أبشري و بشري أهلهم أن قتلاهم ترافقوا في الجنة جميعاً ، وقد شفعوا في أهلهم جميعاً)) . فەرمووی : ئەی دایکی سەعد ! مژدە بێ لێت و مژدەش بە کەس و کاری کوژراوان بدە کە هەموویان پێکەوە وان لە بەهەشتدا و ، تکای لێخۆشبوون لە کەس‌وکاریشیان لە هەر هەموویان وەرگیراوە ..

وتی : ئێمەش رازیی بووین ئەی پێغەمبەری خوا ! جا دوای ئەمە ئیتر کێ بۆیان ئەگریی ؟؟

پاشان وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! دوعا بۆ ژن و منداڵ و کەس‌وکاریان بکە .

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((اللهم أذهب حزن قلوبهم و أجبر مصيبتهم وأحسن الخلف على من خلفوا)) . لە خوای گەورە پاڕایەوە تا خەفەتی دڵیان لابەرێت و ئەو موصیبەتەیان لەسەر سووك بکات و ، کەسانی چاك بۆ سەروکاریی بەجێماوان بنێرێ .

---

[٤١٥] عەمری کوڕی موعاذی کوڕی نوعمانی کوڕی (امرىء القيس) ی ئەوسیی ئەنصاریی ، برای سەعدی کوڕی موعاذە . هاوەڵێکی پایەدار بووە ، کە بەشداریی جەنگی بەدری کردووە . لە جەنگی ئوحوددا بە دەستی ضیراری کوڕی خەططاب (برای عومەر) ، لە تەمەنی سیی و دووساڵییدا شەهید بووە خوا لێی رازیی بێ .

ئێوارەی ئەو ڕۆژە ، ڕۆژی جەنگی ئوحود ، کە پانزەهەمین ڕۆژی مانگی شەووالی سێهەم ساڵی کۆچیی بوو ، پێغەمبەری خوا گەیشتەوە مەدینە ، کە دەستەی ئەرکانی جەنگ و بەشی هەرە زۆری سوپاکەی دەورەیان دابوو .

دیار بوو زامەکانی پێغەمبەری خوا ئازاری زۆریان ئەدا و ، کە گەیشتەوە مەدینە ئازارەکەیان لە زیادکردن‌دا بوو ، بۆیە کە گەیشتە ماڵەوە ، خێرا هەردوو سەعدی سەرداری ئەوس و خەزرەج ، سەعدی کوڕی موعاذ و سەعدی کوڕی عوبادە ، هەڵیان گرت و لەسەر ولاغەکەی دایان بەزاند و ، چوونە بن باڵی و ئەویش خۆی دا بەسەر شانیان‌دا هەتا تەشریفی بردە ماڵەوە ..

کە لە ماڵەوە دانیشت شمشێرەکەی دایە دەست فاطیمەی کچی و فەرمووی : ((إغسلي عن هذا دمه يا بنية فوالله لقد صدقني في هذا اليوم)) . فەرمووی : ڕۆڵە ! خوێنی ئەو شمشێرە داشۆرە ، بەخوا ئەمڕۆ لەگەڵم‌دا ڕاستی کرد ، واتە چاك ئەهاتە دەست بۆم .

هەروەها عەلیی کوڕی ئەبوطالیب‌یش خوا لێی ڕازیی بێ بە شمشێرەکەیەوە هات ، کە ڕۆژی ئوحود ئەوەندەی وەشاند بوو چەمابوویەوە ، دایە دەست فاطیمەی زەهرای هاوسەری و فەرمووی : خوێنی ئەم شمشێرەش داشۆرە ، بەخوا ئەمڕۆ لەگەڵم‌دا ڕاستی کرد . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((لئن كنت صدقت القتال لقد صدق معك سهلُ بن حنيف و أبو دجانة)) . فەرمووی : ئەگەر تۆ بە ڕاستیی جەنگت کردبێ ئەوا سەهلی کوڕی حونەیف و ئەبودوجانەش لەگەڵت‌دا بە ڕاستیی جەنگیان کردووە . ((لئن كنت قد أجدت الضرب بسيفك لقد أجاده سهل بن حنيف وأبو دجانة وعاصم بن ثابت والحارث بن الصمة)) . فەرموویە : ئەگەر تۆ چاك شمشێرت وەشاندبێ ، ئەوا سەهلی کوڕی حونەیف و ئەبودوجانە و عاصیمی کوڕی ثابیت و حاریثی کوڕی صوممەش شمشێریان چاك وەشاندووە .[٤١٦]

دەربارەی ئەو زیانەی کە لە ڕۆژی ئوحوددا هاتە ڕێی موسڵمانان پێغەمبەری خوا ﷺ بە تاقی‌کردنەوەیەکی خوایی لە قەڵەم دا و بەڵێنیشی بە عەلیی ئامۆزای دا کە ئیتر جارێکی تر موشریکان توانایان نابێ زیانی وەها لە موسڵمانان بدەن و،

---

[٤١٦] ئیبن هیشام وتوویە : بە شمشێرەکەی پێغەمبەری خواﷺ ئەوترا (ذوالفقار) کە لە بنەڕەت‌دا شمشێری عاص ی کوڕی مونەببیە بوو . کە لە بەدردا بە کافریی کوژرا کەوتە دەست پێغەمبەری خوا ﷺ و ، پاشان کەوتە دەست عەلیی کوڕی ئەبوطالیب .

ئیتر ئیسلام هەر لە زیادکردنایە کە فەرمووی : ((لا يصيب المشركون منا مثلها حتى يفتح الله علينا)) .

هەرواش بوو ، ئیتر پێغەمبەری خوا ﷺ هەتا کۆچی دوایی کرد لە هیچ هەڵوێستێکدا لەبەر دەم دوژمناندا نوشوستی‌یان نەهێنا و ، لە هیچ رووداوێکدا کافران نەیانتوانی شکستیی بە سوپای ئیسلام بگەیەنن ، سوپاس بۆ خوا ..

خوای گەورە ویستی وەها بوو کە دوای سەرکەوتنە مەزنەکەی بەدر بە ساڵێك موسڵمانەکان تووشی تاقی‌کردنەوەیەکی سەخت بکات ، ئەویش بە نوشوست هێنانیان لە ئوحوددا بۆ ماوەیەکی کەم . ویستی وەها بوو ئەوەندەی کوژراوانی بەدر لەمانیش شەهید بدرێ ، بەلاّم بەرامبەر بە حەفتا دیلەکەی قورەیش ئەمان کەسیان لێ بە دیل نەکرا .

جا ئەگەر سەرنجی هەر دوو شاری مەککە و مەدینە بدەین ، مەککە دوای جەنگی بەدر و ، مەدینەش دوای جەنگی ئوحود ، تێ ئەگەین کە دانیشتوانی ئەم دوو شارە ، کە جاران زۆر لەیەك ئەچوون ، ئێستە ، بە بۆنەی کاریگەریی عەقیدەی ئیسلامەوە جیاوازی‌یان زۆرە .

موسڵمانەکان بە ژن و بە پیاوەوە خۆیان فرۆشتووە بە خوا و ، چاویان بڕیوەتە پاداشتی قیامەت .. رەزامەندیی خوا ئەوپەڕی ئاواتیانە .. شەهیدبوونی کەس و کار و خۆشەویستان جێی فەخر و شانازی‌یە .. بۆیە نە گلەیی و نە پەشیمانیی و نەناڕەحەتیی بە هیچ ئەندامێکیانەوە نەئەبینرا . بەڵکو بە پێچەوانەوە جوامێریی و خۆنەویستیی و فیداکاریی و خۆش‌ویستن و سەلامەتیی پێغەمبەری خوایان پێوە ئەبینرا .

بەلاّم خەڵکی مەدینە تا ئەو رۆژە گریان و شیوەنیان لێ قەدەغە نەکرابوو ، بۆیە بە پێی بەزم و باوی پێش ئیسلام ئافرەتان دەستیان دایە شیوەن و لاواندنەوەی شەهیدەکان ، تا ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو شەوە گریان بە دەنگی بەرزی لە موسڵمانان قەدەغە کرد و ، بۆ هەتا هەتاییش حەرام کرا .

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ : پێغەمبەری خوا ﷺ بەلای ماڵەکانی نەوەی عەبدولئەشهەلدا تێ پەڕی و گوێی لە گریان و شیوەن بوو بۆ کوژراوەکانیان ، ئەوەبوو هەردوو چاوی پێغەمبەری خوا ﷺ لە فرمێسك پڕ بوون و پاشان فەرمووی: ((لكن حمزة لا بواكي له)) . دڵی لە خۆی داما کە حەمزە ، لەبەرئەوەی

که خەڵکی مەککەن ، کەسی لێرە نیە شیوەنی بۆ بکەن . کە سەعدی کوڕی موعاذ و ئوسەیدی کوڕی حوضەیر گەڕانەوە بۆ ماڵەکانی نەوەی عەبدولئەشهەل فەرمانیان بە ئافرەتەکانیان دا کە خۆیان داپۆشن و بچن بۆ مامەی پێغەمبەری خوا ﷺ بگریێن . کە پێغەمبەری خوا ﷺ گوێی لێیان بوو وا بۆ حەمزە ئەگریێن ، هاتە دەرەوە لایان کە لە دەرگای مزگەوتدا وەستا بوون و فەرمووی : ((إرجعن يرحمكن الله فقد آسيتن بأنفسكن)) . فەرمانی بەسەریاندا دا کە بگەڕێنەوە و ئەوان کاری سەرشانی خۆیان ئەنجام دا و تێی گەیاندن کە مەبەستی ئەوە نەبووە ئەوان بەو شێوە بۆی بگرین .. ئیتر لەو ڕۆژەوە شیوەن و لاواندنەوەی مردووان قەدەغە کرا ..

ئەو شەوە کە سوپای ئیسلام لە ئوحود گەڕابوویەوە ، موسڵمانان وریا و ئاگادار بوون و ، هەرچەندە ماندوو و هیلاك و زامدار و جەرگ سووتاو بوون ، بەڵام بڕیاریان دا چەك دانەنێن و ، هەموو کەلەبەرێکی شار بگرن و پاسەوانی شار بن ، نەوەك ئەبوسوفیان هەل بە دەست بێنێ و ، هێرش بکاتە سەریان .

پاڵەوانە نەبەزەکانی ئەوس و خەزرەج مەفرەزەیەکی بەهێزیان دروست کرد و ، کاری پارێزگاریی لە پێغەمبەری خوایان ﷺ پێ سپارد و ، ئەوانیش خوا لێیان رازیی بێ هەتا بەیانیی بە هەموو چەك و تفاقێکەوە وەستان و پاسەوانی دەرگای ماڵی پێغەمبەر بوون ، نەوەکو دوژمن هەل بە دەست بهێنێ و هەڵمەتی بەرێتە سەر ..

ئەو پاسەوانییە زۆر جێی خۆی بوو ، چونکە ئەو شەوە لە ئەبوسوفیان دوژمن تر و نزیکتریش هەبوون ، کە گومانی ئەوەیان لێ بکرێ نیازی خراپ دەرهەق بە پێغەمبەر و موسڵمانان بکەن ، کە ئەویش مونافیقانی دەوروبەری کوڕی ئوبەی و، هەردوو تیرە جوولەکەکەی مەدینە ـ نەوەی نەضیر و نەوەی قورەیظە ـ بوون .[417]

بیست و یەکەم : هەڵمەتی (حمراء الأسد) :[418]

سوپای ترسنۆکی مەککە ، بە بۆنەی هەڵەی تیرهاوێژەکانەوە ، بووە خاوەنی سەرکەوتنێکی ساختە و ، هەر بەو بۆنەوە سوپای پاڵەوانی ئیسلامیش بووە سوپایەکی تێك شکاو و ورە رووخاو .. ئەمە ناهەقییەك بوو لە ماوەی شەو و

[417] غزوة أحد : ٢٣٥ ـ ٢٤٤ ، الرحيق المختوم : ٢٨٧ ـ ٢٨٨ .

[418] شوێنێکە کە هەشت میل لە مەدینەوە دوورە . (الرحيق ، سيرة أبي شهبة ، الرسول القائد) .

ڕۆژێكدا لە مەیدانی واقیعدا جێی خۆی كردبۆوە .. سوپایەكی دۆڕاو و بێبەرنامە سەركەوتنی بە دەستەوەیە و ، سوپایەكی پەروەردەكراوی خاوەن عەقیدەی قیامەت ویستیش بۆتە جێی توانجی ناحەزە زۆر و زەبەندەكانی .

ئەم ناهەقی‌یە ئەبووە هۆی نەمانی سام و هەیبەتی موسڵمانەكان لە دڵ و دەروونی ناحەزەكانیاندا ، چ ناحەزانی ناوەوە و چ ناحەزانی دەرەوە ، بە ڕادەیەك كە هەندێكیان بیر لەوە بكەنەوە هێرش بكەنە سەر مەدینە ، یان لە ناو شاردا ئاژاوە و پشێویی بەرپا بكەن ، هەندێكیشیان دەستیان دابووە قسەكردن و ڕووخاندنی مەعنەویاتی موسڵمانەكان بە ئاشكرا ، وەك جوولەكە و مونافیقەكان ..

ساڵی پار لە جەنگی بەدردا موسڵمانەكان سەلماندیان كە بە ئاسانیی چاری هەر هێزێك ئەكەن كە بیەوێ بێت بە گژیاندا ، چونكە بە شێوەیەكی چاوەڕوان نەكراو قوڕەیشیان دا بە زەوییدا و ، لە ناو هۆزەكاندا سومعەیان شكاند ، هەتا ئەوەبوو بە چ حاڵێ قوڕەیش خۆی لە مەیدانی جەنگ دزی‌یەوە و بەرەو مەككە هەڵات . كەچیی سوپای موسڵمانەكان سێ شەو و سێ ڕۆژ لە ناوچەی بەدردا مانەوە ، ئەوسا لەسەر خۆو بەبێ‌ترس بەرەو مەدینە كەوتنە ڕێ ..

لە جەنگی ئوحودیشدا سەركەوتنی خوا خەریك بوو پێشكەش بە سوپای ئیسلام ئەكرا ، ئەگەر هەڵەی هەندێكیان نەبوایە . ئەوەبوو زیانێكی زۆریان لێ كەوت و بە ناڕەوا و بە ساختە سەركەوتن بۆ قوڕەیشی دۆڕاو تۆمار ئەكرا .. بە مەرجێ قوڕەیش ئەیانزانیی ئەوان بەرگەی پاڵەوانەكانی ئیسلام ناگرن ، بۆیە بە پەلە لە ئوحود كشانەوە و ، شارێكی بێ‌دیفاعی وەك مەدینەش لەبەر دەستیانا بوو نەیان وێرا ڕووی تێ بكەن .. هەر ئەو شەوە بە پەلە كشانەوە و هەڵاتن . بە مەرجێ مەگەر كەسانێكی یەكجار كەم بیانزانیایە ئەم سەركەوتنەی قوڕەیش ڕاستەقینە و هەمیشەیی نیە .

بۆ ڕاستكردنەوەی بۆچوونی خەڵك و بۆ تێگەیشتنیان كە قوڕەیش سەركەوتوو نیە و ، بۆ سەلماندنی ئەوەش كە موسڵمانەكان نەدۆڕاون ، بەڵكو تاكە پاڵەوانی سەرانسەری دوورگەن ، ئەویش بە بۆنەی دینی پاك و ، ئیمانی دامەزراو و ، فەرماندەی ڕەببانی‌یانەوە ، بۆ ئەمە هەمووی پێویست بە بەڵگە و دەلیلی عەمەلیی هەبوو .. پێویست بوو بسەلمێ كە سوپای مەككە سوپایەكی ڕووخاوی بێ سەروبنە و ، سوپای ئیسلامیش سوپایەكی بێ‌وێنەیە ، نەك لە دوورگەی

عەرەبیی‌دا و لە چاخێکی تایبەتیی‌دا ، بەڵکو لە سەرانسەری سەرزەویی‌دا و بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتیی . سوپای موسڵمانان تاکە سوپای پاك و خاوێنی سەرزەوی‌یە و ، خوای گەورە خۆی پەروەردەی بۆ ناردووە و ، هەر خۆیشی پشت گیریی لێ ئەکا و ، بە پێی شیاویی و لێهاتنی سەرکەوتنی پێشکەش ئەکات . دەی کەواتە نەك هەر قورەیش کە ناتوانێ جارێکی تر لەبەردەم ئەم سوپا مەزنەدا خۆی بگرێ ، بەڵکو هیچ هێزێکی تریش چاری پێ ناکرێ ..

ئەم سەلماندنە بۆچوونی جوولەکە و مونافیقانیشی راست ئەکردەوە ، کە با وا نەزانن موسڵمانەکان داماو و دەستەپاچەن و هەر کەس بیەوێ ئەتوانێ بیانکاتە پاروویەك و قووتیان بدات .. با چاك بزانن پاڵەوانەکانی ئیسلام خۆیان بە خوا فرۆشتووە و ، بوون بۆ هیچ هێزێك دانانێن و ، هەموو هێزێکیش بە پەڕۆشڕە ئەزانن .

بۆ ئەمەی کە لە پێشەوە باس کرا پێویست بوو بە پەلە ، تا سوپای قورەیش نەگەیشتۆتەوە مەککە ، کارێکی سەربازیی وەها ئەنجام بدرێت ، کە حەق و راستیی شوێنی خۆیان بگرنەوە و ، سەرکەوتنیش بگەڕێتەوە بۆ خاوەنی شەرعیی خۆی .

بۆ ئەمە فەرماندەی گشتیی سوپای ئیسلام ، پێغەمبەری خوا ﷺ بە پەلە بڕیارێکی سەربازیی یەکجار سەخت و پڕمەترسیی بۆ سوپای ئیسلام دەرکرد .. بەڵێ چەند سەعاتێکە لە جەنگ بوونەتەوە و ، شەهیدێکی زۆریان داوە و ، لەوەش زیاتر زامداریان هەیە کە بەشێکی زۆریان زامەکانیان زۆر و سەختن و ، هەر چەندەش شار سەرسامی ئەو لێقەومانە گەورەیەیە ، بڕیارێکی یەکجار سەختی دەرکرد ..

بڕیاری ئەوەی دەرکرد کە پێویستە بە پەلە سوپای زامداری ئیسلام شوێن قورەیش بکەوێت و ، ئەگەر فریای بکەون دەستێکی چاکی لێ بووەشێنن و ، گەر فریای نەکەوتن ، بۆ دوور و نزیکی بسەلمێنن کە موسڵمانەکان قورەیشیان راو ناوە و ، قورەیش بە هیچ شێوەیەك ناوێرێ روو بکاتە دەست وبازووی پاڵەوانەکانی ئیسلام .

دەرکردنی ئەم بڕیارە لە کاتێك‌دا بوو کە هێشتا پانزە سەعات بەسەر کۆتایی هاتنی جەنگ‌دا تێ نەپەڕیی بوو .

هەروەها بڕیارێکی تریشی لەگەڵیا دەرکرد کە تەنها ئەو جەنگاوەرانە بەشداریی هەڵمەتی رۆژی یەك شەممە ئەکەن کە دوێنێ ، شەممە ، بەشداریی جەنگی ئوحودیان کردبێ ، تا هەموان بزانن کە سوپای موسڵمانان خاوەنی ورەیەکی یەکجار بەرزە و، یەك بەیەکی جەنگاوەرانی گیانیان خستۆتە سەر لەپی دەستیان و ، کە بەشداریی جەنگیش ئەکەن ، ئاواتیان ئەوەیە کە خوا شەهیدی‌یان خەلاَت بکات ..

هەر سوپایەك دانە دانەی جەنگاوەرانی ئاوەها پەروەردە کرابن ، کێ ئەوێرێ بێتە مەیدانی ؟

هەرواش بوو .. کاتێك کە سوپای موسڵمانەکان تەنگیان بە سوپای ساسانی‌یە ئاگرپەرستەکان هەڵ چنی ، کیسرای پادشایان هانای بردە بەر فەخفووری پادشای چین تا بە لەشکر و سوپا کۆمەکیی بکات و لە موسڵمانەکان رزگاری ببێ . پادشای چینیش کە دەنگ‌وباسی فیداکاریی موسڵمانەکانی بیستبوو وەلاَمی کیسرای وەها دایەوە کە من سوپا و سەربازێکی ئەوتۆم نین بیان‌نێرمە بەردەم سوپای موسڵمانان کە مەرگیان لا خۆشەویست‌ترە لە ژیان ..

کێ بەرگەی سوپای وەها ئەگرێت ؟!

هەرکەی دیتان کەسانێك بە ناوی ئیسلامەوە چەکیان هەڵ گرتووە و ، بەرگەی کافریش ناگرن ، ئەوە بزانن ئەوانە لە رێبازی قورئان و سوننەتی ئازیز بێ‌بەشن ، چونکە هەرگیز نەبووە موسڵمان چاری کافر نەکات .

بە یەقین موسڵمانی دیلی باڵ‌بەستراوی ناو زیندانی کافران ، لە فیرعەونێکی خاوەن تەخت و سوپا و زێڕ و زیو و دەسەلاَت ئازاترە .. بەڵێ ئاسیای هاوسەری فیرعەون لە فیرعەون ئازاتر بوو .. شانەکەری قژی کچەکەشی لە فیرعەون ئازاتر بوو .. کەواتە ئیسلام حەقە و حەقیش هەمیشە سەرکەوتووە .

بەڵێ پێغەمبەری ئازیز فەرمانی دا ئەبێ بکەونە دوای قوڕەیش و راوی بنێن ، بەلاَم تەنها بەشداربووانی جەنگی ئوحود لەگەڵیا دەرئەچن ..

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ : بۆ بەیانیی رۆژی یەك شەممەی شانزەهەمین رۆژی شەووالی ساڵی سێ‌هەمی کۆچیی ، جاڕچیی پێغەمبەری خوا ﷺ جاڕی بە ناو خەڵکدا دا کە ئەبێ دوای دوژمن بکەون و ، جاڕیشی دا کە هەر کەس دوێنێ ئامادەی جەنگ نەبووە لەگەڵیانا دەرنەچێ ..

پێغەمبەر و هاوەڵان و کەس‌وکار و ماڵ و منداڵیان هەر هەموویان غیرەتیان لێ ئەباریی .. مردن لە پێناوی عەقیدەدا بە لایانەوە کارێکی یەکجار ئاسایی بوو .. ئای کە ژیانێکی خۆشە کۆمەڵێ خۆی بەخوا بفرۆشێ ..

مەلائیکەتەکانی ئاسمان سەیری کۆمەڵە بچکۆلەکەی ئیمانیان ئەکرد ، کە لە چاو هێز و توانای خوانەناسان‌دا وەك دوورگەیەکی بچکۆلەی ناو دەریای پان و پۆڕ وەها بوو و ، لە خوای گەورە داوای سەرکەوتن و سەرفرازی‌یان بۆ ئەکردن ..

بەڵێ ، جگە لە تاقە پیاوێك ماوەی هیچ کەس نەدرا لەو هەڵمەتەدا بەشداریی بکا ، ئەگەر دوێنێ بەشداریی جەنگی نەکردبێ .. ئەو پیاوەش جابیری کوڕی عەبدوڵڵا بوو .[419]

جابیر بەڵگەی دواکەوتنی خۆی خستە بەردەم فەرماندەی باڵای سوپای ئیسلام ، پێغەمبەری ئیسلام ﷺ تا ڕێی پێ بدا بەشداریی هەڵمەتی (حمراء الأسد) بکات . هۆی دواکەوتنەکەشی ئەوەبوو کە جابیر حەوت خوشکی هەبوون لە ماڵەوە و ، باوکیشی پێی خۆش بوو خۆی بەشداریی جەنگ بکا ، چونکە تەمەنی زۆری پێوە نەماوە ، بەشکو خوا شەهیدیی خەڵات بکات ، بۆ ئەمە داوای لە جابیر کرد لە ماڵەوە لای خوشکەکانی بمێنێتەوە ، چونکە ئەو گەنجە و تەمەنی ماویەتی و فریای هەموو شتێ ئەکەوێ ..

ئیبن ئیسحاق گێڕاویەتەوە کە جابیری کوڕی عەبدوڵڵا خوا لێیان ڕازیی بێ دێتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەڵێ :

ئەی پێغەمبەری خوا ! باوکم بەلای حەوت خوشکەکەمەوە منی بەجێ هێشت و، وتی : کوڕەکەم ! ناگونجێ منیش و تۆش هەردووکمان ئەم ئافرەتانە بەجێ بهێڵین و پیاوێکیان بەلاوە نەبێ . منیش پێم خۆشە خۆم لە خزمەتی پێغەمبەری

---

[419] جابیری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی حەرامی خەزرەجیی ئەنصاریی سەلیمیی ، یەکێکە لە هاوەڵە ناودارەکان . لە پێناوی خوادا بەشداریی نۆزدە غەزای کردووە . جابیر بەشداریی جەنگی بەدری نەکرد . لەوە ئەچێ کە باوکی داوای لێ کردبێ بەشداریی نەکا ، بۆ ئەوەی خۆی بەشداریی بکا و جابیر لای حەوت خوشکەکەی لە ماڵەوە بمێنێتەوە ، وەك لە ئوحوددا داوای لێ کرد . جابیر یەکێکە لەو هاوەڵە پایەدارە زانستە زۆرانەی کە فەرموودەی زۆری گێڕابێتەوە . لە مزگەوتی پێغەمبەری خوادا ﷺ ئەڵقەیەکی هەبوو کە موسڵمانان زانستیان لێ وەرئەگرت و ، دوایین هاوەڵیش بووە کە لە مەدینە کۆچی کردبێ . (الإصابة / إبن حجر) لە ٧٤ ی کۆچییدا کۆچی دوایی کردووە . ئیبن حەزم وتوویە : ١٥٤٠ فەرموودەی گێڕاوەتەوە .

خوادا بچم بۆ جیهاد نەك تۆ . جا لای خوشكەكانت بمێنەرەوە . ئیتر منیش لایان مامەوە . جا ئەی پێغەمبەری خوا ماوەم بدە لەگەڵتا بێم . ئەویش ماوەی دا .

ئەوەبوو سەرۆكی مونافیقانیش عەبدوڵڵای كوڕی ئوبەی داوای لە پێغەمبەری خوا ﷺ كرد تا ماوەی بدا و لەگەڵیا دەرچێت ، كەچیی ماوەی نەدا .

دوای نوێژی فەجری ڕۆژی یەك شەممەی شانزەهەم ڕۆژی شەووال ، سوپای مەدینە ، بە سەركردایەتیی پێغەمبەری خوا ﷺ كەوتە ڕێ تا بیسەلمێنێ كە سوپای مەدینە هیچ نكوولیی و نوشووستیی نەهێناوە و ، سوپای مەككەش هیچ كات سەركەوتن بە دەست ناهێنێت و ، سەربازەكانیشی ئەو پیاوە نین كە بەرگەی هەڵمەتی موسڵمانان بگرن .. بۆ ئەمە ئیبن ئوم مەكتووم [420] ئەكاتە ئەمیری مەدینە .

پێغەمبەری خوا ﷺ چەك و تفاقی جەنگی پۆشیی و ، سواری ئەسپەكەی بوو كە پێی ئەوترا (سكب) و ، كەوتە پێش سوپا و ، بە پەلە بەرەو باشوور بۆ ڕاونانی ئەبوسوفیان و سوپای مەككە كەوتنە ڕێ .

ئاڵای ئەم هەڵمەتە درایە دەست عەلیی كوڕی ئەبوطالیب خوا لێی ڕازیی بێ ، كە هەر ئەو ئاڵایە بوو دوێنێ موسڵمانەكان لە سایەیدا جەنگان .

كە جوولەكە و مونافیقانی مەدینە ئەم هەڵمەتەی سوپای ئیسلامیان دیی ، كە هەر جەنگاوەرێك بۆ خۆی هەڵمەتی ئەدا و ، چەك و تفاقی هەڵ ئەگرت بۆ ڕاونانی دوژمن ، سەرسام بوون . چونكە بە حیسابی ئەوان موسڵمانەكان تازە جارێكی تر توانای بەرەنگاربوونەوەی قوڕەیشیان نیە .

نەك هەر جەنگاوەرە لەش ساغەكان ئەكەوتنە ڕێ ، بەڵكو ئەوانەش كە بە خەستیی زامدار بوو بوون ، خۆیان پێچابوویەوە تا دوژمن ڕاو بنێن . بەڵێ ، تاقە

---

[420] ئیبن ئوم مەكتووم : عەمری كوڕی ئوم مەكتووم ، ئەڵێن ناویشی عەبدوڵڵا بووە ، كوڕی قەیسی كوڕی زائیدەی كوڕی ئەصەم بووە . قوڕەیشیی‌یە و لە هۆزی نەوەی عامیری كوڕی لوئەییە . دایكیشی ناوی عاتیكەی كچی عەبدوڵڵای مەخزوومی‌یە . عەمر خاڵۆزای خاتوو خەدیجەیە و ، یەكێكە لەوانەی كە لە سەرەتاوە كۆچی بۆ مەدینە كرد ، كە هێشتا پێغەمبەری خوا ﷺ كۆچی نەكردبوو . لە زۆربەی غەزاكاندا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەیكردە ئەمیری مەدینە تا ئیمامەت بۆ موسڵمانان بكات . دەربارەی ئیبن مەكتووم سەرەتای سوورەتی (عبس) هاتە خوارەوە كە تیایا خوای گەورە عیتاب بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنێرێ . ئەگێڕنەوە كە عەمر بەشداریی جەنگی (قادسیة) ی كردووە و ، لەو جەنگەدا ئەو بە نابینایی هەڵگری ئاڵای موسڵمانەكان بووە و لەو جەنگەشدا بە شەهیدیی سەری ناوەتەوە .

پیاوێکی ئەو زامدارانە لەشار بەجێ نەمان ، هەر چۆنێك بوو هەرهەموویان کەوتنە ڕێ .

بۆ نموونە ، لە نەوەی عەبدولئەشهەل دوو برا هەردووکیان لە جەنگی ئوحوددا زامدار ئەبن و ، زامەکانیشیان قووڵ و سەخت ئەبن .

یەکێکیان ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت : من و برایەکم لە خزمەتی پێغەمبەری خوا دا ﷺ بەشداریی جەنگی ئوحودمان کرد و ، هەردووکمان بە زامدارییی گەڕاینەوە دوا .[٤٢١] جا کە جاڕچیی پێغەمبەری خوا ﷺ جاڕی ئەوەی دا کە موسڵمانان بۆ ڕاونانی دوژمن بکەونە ڕێ ، بە براکەمم وت : ئایا غەزایەکی خزمەتی پێغەمبەری خوامان ﷺ لە کیس بچێ ؟ بەخوا وڵاغیشمان نیە سواری ببین و ، هەریەکەشمان بە سەختیی زامدار بووە .. ئەوەبوو لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ کەوتینە ڕێ و ، زامەکەی من سووك تر بوو ، بۆیە هەرچیی براکەم ناڕەحەت ببوایە تاوێ هەڵم ئەگرت و ، تاوێکیش خۆی ئەڕۆی ، هەتا گەیشتینە ئەو شوێنەی کە موسڵمانان پێی گەیشتن ..

ئەمەش ناوی هەندێ لەو هاوەڵە ناودارانەیە کە لە هەڵمەتی (حمراء الأسد) دا بەشداری‌یان کردووە ، هەرچەندە لە جەنگی ئوحوددا بە سەختیی زامدار بووبوون:

١ـ طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا ، زیاتر لە شەصت زامی پێوە بوو .

٢ ـ حاریثی کوڕی صوممە ، دە زامی پێوە بوو .

٣ ـ عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف ، بیست زامی پێوە بوو .

٤ ـ کەعبی کوڕی مالیك ، زیاتر لە دە زامی پێوە بوو .

٥ ـ ئوسەیدی کوڕی حوضەیر ، نۆ زامی پێوە بوو .

٦ ـ عوقبەی کوڕی عامیر ، [٤٢٢] ئەویش نۆ زامی پێوە بوو .

بە شێوەیەکی گشتیی بەشی زۆری سوپای ئیسلام زامدار بووبوون . هەتا هۆزی نەوەی سەلیمە خۆیان بە تەنیا چل پیاویان زامدار بوون و ، کە پێغەمبەر ﷺ

---

[٤٢١] ئەم دوو برایە ناویان عەبدوڵڵا و ڕافیعی کوڕانی سوهەیلی کوڕی ڕافیع بوون .

[٤٢٢] عوقبەی کوڕی عامیری کوڕی نابیی سەلیمیی ئەنصاریی ، هاوەڵێکی مەزن بووە . بەشداریی بەستنی پەیمانی عەقەبەی کردووە و ، لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ بەشداریی جەنگی بەدر و ئوحود و خەندەق و جەنگەکانی تریشی کردووە . لە جەنگدا بە بەستنی دەستەسرێکی صەوز لە زرێکەی بەری خۆی دیاریی ئەکرد . لە جەنگی یەمامەدا بە شەهیدیی سەری ناوەتەوە .

چاوی بە زامدارەکانی ئەم هۆزە کەوت ، دوعـای رەحمـەتی خـوای بـۆ کـردن کـە فەرمووی : ((أللهم ارحم بني سلمة)) .

پێغەمبەری خوایش ﷺ بەش بە حاڵی خۆی زامدار بوو ، بەڵام هەر چۆنێ بـوو موسـڵمانان کەوتنـە رێ . ئـەو رۆژە هـەتا ئێـوارە بـە پەلـە رۆیشـتن بـە دوای ئەبوسوفیاندا ، تـا ئـەوەبوو لـە (حـــمراء الأســـد) ئێوارەیـان لێ هـات و ، چاوساغی سوپای موسڵمانەکان لەم هەڵمەتەدا ثابیتی کوڕی ضەححـاك بـوو .[٤٢٣]

ئەو ئێوارەیە سوپای ئیسلام لە (حـمراء الأسد) خستی و شەو لەوێ مایەوە .

ئەبوسوفیان رێگای زۆری بڕیی بوو ..گەیشتبوونە رەوحاء [٤٢٤] و لـەوێ سـوپای مەککە خستبووی کە لە (حـمراء الأسد) زۆردوور نەبوو .

لەوە ئەچێ هەندێ لە سەرکردەکانی سوپای مەککە گلەیی‌یان لـە ئەبوسـوفیان کردبێ ، کە بۆچ ئەو ئێوارەیە هێرشی نەکردۆتە سەر مەدینە و ، بە پەلە مەیدانی جەنگی بەجێ هێشتووە بێ ئەوەی بە یەکجاریی سوپای مەدینە تێك بشکێنێ و ، بەبێ کۆڵدان داواشیان لێ کردبێ کە بگەڕێتەوە دوا و هێرش بکاتە سەر مەدینە و موسڵمانەکان لە ناوبەرن .

هەتا هی وایان بووە لۆمەی ئەبوسوفیانی کردووە کە نە موحەممەدیان لـە بریـی ئەبوجەهل کوشتووە و ، نە لە جیاتیی حەفتا دیلەکەی مەککە کەسـیان بـە دیـل گرتـووە .. کەواتـە وا چـاکە بگەڕێنـەوە تـا تاقیـان لێ ببڕنـەوە ، هـەتا خۆیـان کۆنەکردۆتەوە .

ئەم گلەیی‌یانە لەو کۆنگرەیەدا خرانـە پـێش چـاو کـە فەرمانـدەکانی سـوپای مەککە لە رەوحاء بەستیان ، بۆ تاوتوێکردنی ئـەو پێشـنیارەی کـە هەنـدێ لـە فەرماندەکان خستیانە روو کە بریتیی بوو لە گەڕانەوەی سوپای مەککـە بـۆ سـەر مەدینە و لەناوبردنی موسڵمانەکان .

جا هەر چەندە زۆربەی فەرماندەکان ئەم کارەیان بە لاوە باش بـوو ، بگـرە بـە لایانەوە پێویست بوو ، تا دەستێکی تر لە موسڵمانانی مەدینە بوەشێنن و تۆڵـەی

---

[٤٢٣] ثابیتی کوڕی ضەححاکی کوڕی خەلیفەی ئەوسیی ئەنصاریی هاوەڵێکی پایەداری مەزنە کە بەشداریی جەنگی بەدری کردووە و ، یەکێکیش بووە لەو موسڵمانانەی کە لە ژێر درەختەکەدا بەیعەتیان بـە پێغەمبـەر ﷺ دا . لـە جەنگی خەندەقیش‌دا لە پاشکۆی پێغەمبەری خوادا ﷺ سواری ولاغ ئەبوو . چوارده فەرمودەی لە دەم وەرگـیراوە و ، لە ساڵی (٤٥) ی کۆچیی‌دا کۆچی دوایی کردووە .

[٤٢٤] رەوحاء : شیوێکی فراوانە و سیی میل لە مەدینەوە دوورە .

تەواوی بەدر بسێنن ، بەڵام یەکێ لە سەردارەکانیان ، کە صەفوانی کوڕی ئومەییە بوو ، [٤٢٥] ئەم رایەی بە لاوە پەسەند نەبوو و ، ئامۆژگاریی کردن با بۆ خۆیان بکشێنەوە و ، بیر لە گەڕانەوە و جەنگ نەکەنەوە ، چونکە ئەترسێ سوپای مەدینە دەستی خراپ بوەشێنێ و ، سەرکەوتنە رووکەشەکەی ئوحودیان لە کیس بچێ و ، لە جیاتی ریش سمێڵیشیان لە دەست دەرچێ . پێی وتن :

خزمینە ! شتی وا مەکەن ، چونکە من ئەترسم ئەو موسڵمانانەش کە بەشداری‌یان لە ئوحوددا نەکردبوو لە دژتان کۆ ببنەوە ، لەبەر ئەوە بگەڕێنەوە ، ئێستە سەرکەوتن لە دەستی ئێوەدایە ، بەڵام کە گەڕانەوە ئەترسم سەرکەوتنتان لێ بسەنرێ .

لەوە ئەچێ ئەبوسوفیانی فەرمانەدەی گشتیی سەرەتا رای لەگەڵ صەفواندا بووبێ ، بەڵام دوایی رای فەرمانەدەکانی تری پەسەند کردبێ ، ئەویش لەبەر زۆری‌یان و لەبەر سووربوونیان .

لەو کاتەدا کە فەرمانەدەکانی مەککە خەریکی وت و وێژ بوون لە کۆنگرەی رەوحاءدا ، لە ناکاو دەنگ‌وباسێکی سەیر گەیشتە سەربازەکانی قورەیش . هەواڵەکە ئەوەبوو کە سوپای مەدینە بە سەرکردایەتیی پێغەمبەری خوا ﷺ دوایان کەوتووە و ، بە تەمای لێدانی سوپای مەککەیە و ، ئێستاش (حمراء الأسد) ی کردۆتە مۆڵگای خۆی .

فەرمانەدەکانی کۆنگرەکە حەپەسان .. چیی ئەبیستن ؟! ئەمان بە تەمان بگەڕێنەوە سەر مەدینە و ، موسڵمانەکان بکەنە پارووەکی چەور ، کەچیی وا ئێستا موحەممەد ئەوان راو ئەنێ ؟ ئەوەندە بەهێزن لەو بیابانەدا شوێن قورەیش بکەون ؟

بەم هەواڵە ورەی فەرمانەدە و سەربازی سوپای قورەیش رووخا و ، هەموو بە جارێ هاتنە سەر راکەی صەفوانی کوڕی ئومەییە و ، کەوتنە تەگبیری ئەوە کە چۆن لە رەوحاء بەرەو مەککە بکشێنەوە و ، ئەو سەرکەوتنە رواڵەتی‌یەش کە لە ئوحوددا بە دەستیان هێناوە لە کیسی نەدەن ، چونکە ئەگەر دانیشتوانی دوورگە ببینن چۆن سوپای مەدینە دوایان کەوتووە و ، ئەوانیش بەرەو مەککە هەڵ دێن ،

---

[٤٢٥] صەفوان دوای فەتحی مەککە موسڵمان ئەبێ و ، هاوەڵێکی زۆر چاکی لێ دەرئەچێ .

سەرکەوتنی ئوحودیان لێ ئەسێننەوە ، چونکە هەڵمەتی (حمراء الأسد) بەشێکە لە جەنگی ئوحود ، بگرە بەشی کۆتایی ئەو زۆرانبازی‌یەیە .

ئیتر سوپای مەککە نەی‌ئەزانیی سوپای مەدینە سەربازە زامدار و هیلاك و کەس وکار کوژراوەکەی دوێنێن ، بەڵکو وایان ئەزانی پێغەمبەری خوا ﷺ کۆمەکیی تازەی لەگەڵدایە ، بۆیە لە هەموو کاتێك زیاتر لە موسڵمانەکان ئەترسان ..

لە راستییش‌دا هەروایە . چ فەرماندەیەك دوای کوژران و زامداربوونی بەشی زۆری سوپاکەی ، دوای دوژمن ئەکەوێ و راوی ئەنێ ، ئەگەر بە تەواویی بە خۆی و سوپاکەی‌دا نەپەرموێ و ، ئەگەر دوژمن یەکجار بە لاواز و داماو نەزانێ ؟ بە تایبەتیی (محمد المصطفى) ﷺ کە هەرگیز کاری نابەجێی نەکردووە و ، کۆمەڵێك پیاوی ژیری بە سەلیقەش لە دەوریان و راوێژیان پێ ئەکات !

کەواتە سوپای مەدینە ئەبێ یەکجار بەهێز بێ ، وا دوای کوژرانی حەفتا پیاو و زامداربوونی صەد و پەنجا پیاوی ، دوای پانزە سەعات ، دوای سوپای قورەیشی سێ‌هەزاریی سەرکەوتوو ئەکەوێ ..

ئەبوسوفیانیش بەش بە حاڵی خۆی ترسێکی زۆری موسڵمانان چووبووە دڵیەوە، بە تایبەت دوای ئەوەی کە پیاوێکی هاوپەیمانی موسڵمانەکان ، لە هۆزی خوزاعە، بە ناوی مەعبەدی کوڕی ئەبومەعبەدی خوزاعیی ،[٤٢٦] کە هێشتا موسڵمان نەبوو بوو ، دەنگ‌وباسی موسڵمانەکانی دا بە گوێی ئەبوسوفیان‌دا ..

لە کاتێك‌دا کە سوپای مەدینە لە (حمراء الأسد) خستبووی ، مەعبەد گەیشتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و ، مەعبەد ناڕەحەتیی خۆی لەوە دەربڕیی کە موسڵمانەکان لە ئوحوددا تووشی زەرەر و زیان بوون . جا وتی : ئەی موحەممەد ! بەخوا بە لامانەوە زۆر گران بوو ئەو لێدانەت و ، ئاواتەخواز بووین خوا لە دەستیان بە سەلامەت دەرت بکات .

مەعبەد (حمراء الأسد) ی بەجێ هێشت و ، خۆی لە خۆیەوە ، وەك مرۆڤێکی ژیر و بە سەلیقە ، بڕیاری دا چاکەیەك لەگەڵ سوپای موسڵمانان‌دا بکات . بۆ

[٤٢٦] مەعبەد دوایی موسڵمان ئەبێ و موسڵمانێکی چاکی دامەزراوی لێ دەرئەچێ . ساڵی کۆچ‌کردنی دەست نەکەوتووە .

ئەمە مەعبەد بڕیاری دا بە ئەنقەست بە لای مۆڵگـای سـوپای مەککـەدا تێپەڕ بکات .

کە گەیشتە ڕەوحاء ئەبوسوفیان خۆی گەیاندە لای و لێی پرسیی :

مەعبەد چ دەنگ و باسێکت لەلایە ؟

وتی : موحەممەد بە خۆی و هاوەڵانیەوە ، بـە سـوپایەکی ئەوەنـدە زۆرەوە کـە هێشتا شتی وەهام نەدیوە ، دواتان کەوتووە و ، خۆیان ئەخۆنەوە بۆتان . ئەوانـەی کە دوێنێ لە ئەوس و خەزرەج دواکەوتبوون لە جەنگ ، ئەمڕۆ لە دەوری جەم بوون و ، پەیمانیان داوە کە نەگەڕێنەوە تا لەگەڵتان بجەنگن و تۆڵەی خۆیان بکەنـەوە .. یەکجار تـووڕەن بـۆ ئـەو زیانـەی کـە لـە خزمـەکانیان کـەوتووە و ، پەشـیمانی کارەکەشیانن .. ئەوەندە تووڕە و داخ لە دڵن تا ئێستە شتی وەهام نەدیوە ..

ئەبوسوفیان بە یەکجاریی بێتاقەت بوو و ، بە ترسێکەوە وتی :

کابرا ! ئەوە چیی ئەڵێی ؟!

مەعبەد وتی: بەخوا وا بزانم لێرە بار ناکەیت سەری ئەسپەکانیان دەرئەکەوێ .

ئەبوسوفیان وتی: بەخوا ئێمـە بـە یـەك دەنگیـی بڕیارمـان داوە بگەڕێینـەوە سەریان و ، ئەوانەشیان کە ماون بنبڕیان بکەین ..

مەعبەد ئەڵێ : من ئەڵێم شتی وەها نەکەن .

ئەم پاگاندەیـەی مەعبـەد کاریگـەرییـەکی یـەکجار زۆری کـردە سـەر ورەی فەرماندەکانی سوپای مەککـە و ، تـرس و لـەرزێکی زۆریشـی خسـتە نـاو دڵـی سەربازەکانیەوە . وای تێ گەیاندن کە موحەممەد کۆمەکییەکی تازەی بـۆ هـاتووە و، سوپاکەی ئەمڕۆی بریتیی نیە لەو سوپا ماندوو و زامـدارەی ئوحـود ، ئـەگینا چۆن ئەوێرێ خۆی تووشی بەڵای وەها بکات ، بۆیە فەرماندەکانی مەککە بڕیاریان دا بەرەو مەککە بکشێنەوە و ، خۆیان لە قەرەی سوپای مەدینە نەدەن .

بەڵام لەولاوە موسڵمانەکان لێویان ئـەکرۆژن بـۆ تۆڵەسـەندن لـە قـوڕەیش و ، قوڕەیشـیش ئەیـەوێ خـۆی بـە سـەرکەوتوو بزانـێ ، جـا چـۆن ئـەبێ لەبـەردەم موسڵمانەکان هەڵ بێن ؟

ئەبوسوفیان گیری خواردبوو .. لـە لایەکـەوە نـاوێرن بچـنە مەیـدانی سـوپای مەدینەوە و ، لە لایەکیشەوە پێیان خۆشە دانیشتوانی دوورگـە وا بـزانن تۆڵـەی بەدریان سەندووە .

جا ئەگەر ئەم بەرەو مەککە بکشێتەوە و ، موحەممەدیش بە دوایەوە بێت ، ئەبێ کێ ئەوەندە گێل بێ مەدالیای سەرکەوتن بکا بە سنگی ئەبوسوفیان‌دا ؟ ئیتر با ئابڕووچوونی شێواندنی جەستەی شەهیدەکانی ئوحود لەولاوە بوەستێ کە بەلای عەرەبە بت‌پەرستەکانیشەوە بە کارێکی قیزەون لە قەڵەم ئەدرا ..

بۆ ئەمە ئەبوسوفیان بە شوورەیی ئەزانیی سوپای مەککە بەرامبەر بە سوپای مەدینە نەوەستێ و ، لەگەڵیا نەجەنگێ .

ئەبوسوفیان لە هەموو کەسێ زیاتر سوپای موسڵمانانیش و سوپای مەککەش ئەناسێ .. بەڵام چیی بکا ؟

سەرەتا گلەیی ئەوەی هاتە سەر کە بۆچ هێرشی نەبردە سەر مەدینە لە کاتێک دا کە مەدینە جەنگاوەری تێدا نەبوون و ، موسڵمانەکان بە ناشتنی شەهیدەکانەوە پەشۆکابوون ؟ وا ئێستاش گلەیی ئەوەی دێتە سەر کە بۆچ ئاوڕت لە موحەممەد نەدایەوە کە دوای پانزە سەعات لە کۆتایی هاتنی جەنگی ئوحود دواتان کەوت و داوای جەنگی کرد ؟

جا ئەگەر ئەبوسوفیان نەچێتە مەیدانی موسڵمانەکان و ، لە جەنگێکی تردا نەیان‌دا بە زەویی‌دا ، مانای وایە کە مەککە هەر سوپای نەبووە و ، جەنگاوەرانیشی نابێ لە هیچ هەڵوێستێک‌دا سەر بەرز بکەنەوە ..

ئەبوسوفیان یەکجار گیرخواردە بوو .. جەنگ ئەکات ئەدۆڕێت و ، جەنگیش ناکات سەرکەوتنەکەی ئوحودی لە کیس ئەچێ .. ئەی‌زانیی سوپای مەدینە چەند داخ لە دڵە بۆ دەستوەشاندن لە سوپای مەککە ئیتر با ئازایەتیی و چاونەترسیی سەربازانی مەدینە لەولاوە بوەستێ کە یەک بە یەکیان خۆی بە خوا فرۆشتووە و ، باکی لە مان و مردن نیە .

سەرەنجام ئەبوسوفیان و فەرماندەکانی تری مەککە گەیشتنە ئەو بڕیارە کە جەنگ نەکەن و بکشێنەوە دوا بەرەو مەککە . بەڵام خۆ نابێ وەها سادە و ساویلکانە .. پێویستە تەپ و تۆزێک بە دەوری باسەکەدا دروست بکەن تا بکرێ بە ژێر لێوەوە .

بۆ ئەمە ئەبوسوفیان بڕیاری دا سوپای مەدینە بەوە چاوبەست بکات کە گوایا سوپای مەککە بە نیازە هێرش بکاتە سەر موسڵمانەکان لە (حمراء الأسد) و تاقیان لێ ببڕێتەوە . بەڵکو بەم پاگاندەیە سوپای مەدینە بترسێت و بەرەو مەدینە

بکشێتەوە و ، بیکەن بە گاڵە کە موسڵمانەکان هەلاتن و ، ئەوسا سوپای مەککە بە فیز و دەمارێکەوە بەرەو مەککە بکەوێتە رێ .. ئیتر ئەوانەی کە چاودێریی زۆرانبازیی ئەکەن و چاویان لە سوپای مەدینەیە وا شوێن قورەیش کەوتووە ، بە چاوی خۆیان کشانەوەی سوپای مەدینە ئەبینن ، کە بە هەڕەشەی ئەبوسوفیان کشایەوە دوا و ، نەیوێرا جەنگ بکات . ئەوسا گلەیی لەسەر سوپای مەککە نامێنێت و ، بە سەرکەوتووش لە قەڵەم ئەدرێت .

بۆ ئەم مەبەستە ئەبوسوفیان پێی خۆش بوو نامەیەك بۆ پێغەمبەر ﷺ بنووسێت کە تیایا هەڕەشەی ئەوەی لێ بکات کە سوپای مەککە بەیەك دەنگیی ئەیەوێ هێرش بکاتە سەریان لە (حمراء الأسد) و رەگ و ریشەیان لە بندا دەر بهێنێ .

لەو کاتەدا کاروانێکی نەوەی (عبد القيس) بەرەو مەدینە ئەڕۆیشت ، ئەبوسوفیان نامەکەی دایە دەست ئەوان و ، ئەوانیش گەیاندیانە لای موسڵمانەکان . کە پێغەمبەری خوا ﷺ نامە هەڕەشە ئەنگێزەکەی ئەبوسوفیانی خوێندەوە ، بە هیچ شێوەیەك گوێی نەدایە و ، لە ناوچەی (حمراء الأسد) بۆ ماوەی سێ شەو و سێ رۆژ مایەوە و ، لە شەوەکاندا موسڵمانەکان ئاگریان ئەکردەوە تا قورەیش شوێنەکەیان بزانن و ، ئەوەش بزانن کە موسڵمانەکان خۆیان بۆ زۆرانبازی ئامادە کردووە و ، ئەگەر مەردن با بێنە مەیدان .

کە ئەبوسوفیان زانیی هەڕەشە و گوڕەشەکەی هیچی نەبەستەوە ، ناچار بوو کە مل بۆ رەشەبا بچەمێنێتەوە و ، دان بە تێشکاویی خۆی و سوپاکەیدا بنێ و ، بە سەری شۆڕەوە بەرەو مەککە ملی رێگا بگرنە بەر و ، موسڵمانەکانیش بە دامەزراویی لە (حمراء الأسد) مابوونەوە ..

بەر لەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بگەڕێتەوە بۆ مەدینە ئەبوعیززەی جومەحیی گرت ، کە یەکێ بوو لەوانەی کە لە جەنگی بەدردا بە دیل گیران و ، لەبەر هەژاریی و دەستکورتیی و کچی زۆری بەبێ وەرگرتنی فیدیە پێغەمبەری خوا ﷺ ئازادی کرد ، بەو مەرجەی جارێکی تر دژی موسڵمانەکان نەوەستێت . کەچیی ئەم پیاوە پیاوەتی‌یەکەی لەبەرچاو نەبوو و ، پەیمانی شکاند و بە شیعر خەڵکیی لە دژی پێغەمبەر ﷺ و موسڵمانەکان هەڵ ئەنا و ، بۆ جەنگی ئوحودیش بەشداریی جەنگی کرد . جا کە پێغەمبەری خوا ﷺ گرتی وتی : ئەی موحەممەد !

چاوپۆشییم لیٚ بکە و ، پیاوەتییم لەگەڵدا بکە و ، لـێم گـەڕیٚ بـۆ کچـەکانم و ، پەیمانت ئەدەمیٚ کە جارێکی تر کاری وەها نەکەم . فەرمووی : «لا أدعك تمســح عارضيك بمكة وتقول : خدعت محمداً مرتين ، لا يدلغ المؤمن من جحــر مــرتين» . فەرمووی : لێت ناگەڕێم بگەڕێیتەوە مەککە و دەست بێنی بە لاجانگتدا و بڵێی: موحەممەدم دوو جار خەڵەتاندووە . ئیماندار لە کونێـكدا دوو جـار ناگـەزرێت .. پاشـان فەرمانی بەسەر زوبەیردا ، یان عاصیمی کوڕی ثـابیتدا دا تـا لـە ملـی بدات .

دوای گەڕانەوەی ئەبوسوفیان لەگەڵ سوپاکەیدا بـەرەو مەککـە ، پێغەمبـەری خوا ﷺ بە سوپا خواناسەکەیەوە ، بە سەری بـەرزەوە گەڕانـەوە مەدینـە و ، بـەم هەڵمەتە سەلماندی کە قوڕەیش سوپای جەنگیان نیە و جارێکی تریش ناتوانن بێنـە مەیدانی خواناسان . بەمە سەرکەوتنێکی سیاسیی و سەربازیی بـۆ موسـڵمانەکان تۆمار کرا و ، سام و هەیبەتی موسڵمانان وەك جارانی لیٚ هاتەوە و ، بـۆ هـەموو لایەکی ناحەزیش سەلما کە سەربازانی ئیسلام مل بۆ هیچ هێزێك کـەچ ناکـەن و ، گەورەترین و دامەزراوترین سوپای دوورگەی عەرەبیی سوپای موسڵمانانە . ئیتر با نە مونافیق و ، نە جوولەکە و ، نە ئەعرابی بیابانیش بە تەما نەبن هەرگیز بوێرن دەست لە موسڵمانان بوەشێنن .

بەمە بۆ هەموو دوورگە دەرکەوت کە سوپای قوڕەیش هیچ کـات لـە ئوحـوددا سەرنەکەوتووە و ، تەنها ئەوەبووە کە هەندیٚ لە موسڵمانەکان هەڵەیان کردووە و ، بەو بۆنەوە زیانیان لیٚ کەوتووە .

هەروەها کە پێغەمبەری خوا ﷺ گەڕایەوە مەدینە حوکمی ئیعدامی بۆ یـەکیٚ لە جاسووسەکانی مەککە دەرکرد ، کە ئەویش موعاویەی کوڕی مـوغیرەی کـوڕی ئەبولعاص بوو ، باپیری عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان لە سەری دایکیەوە .

کاتێك کە بتپەرستەکان لە ئوحود گەڕانەوە ئەو موعاویە هات بۆ لای عوثمانی کوڕی عەففانی ئامۆزای و ، ئەویش چوو داوای ئەمانی لە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ کرد ، ئەویش مۆڵەتی دا بەو مەرجەی کە ئەگەر دوای سیٚ ڕۆژی تـر بیدۆزێتـەوە ئەیکوژێت . جا کە سوپای ئیسلام مەدینەی چۆڵ کرد ، ئەو موعاویەیە زیاتر لـە سیٚ ڕۆژ لە مەدینەدا مایەوە و ، بۆ بەرژەوەندیی قوڕەیش خەریکی سیخوڕیی بوو. کە سوپای ئیسلام گەڕایەوە موعاویەی کوڕی موغیرە رای کرد . پێغەمبەری خـوا

ﷺ زەیدی کوڕی حاریثـە و عـەمماری کوڕی یاسـیری نـارد بـە دوای‌دا بی‌دۆزنـەوە و بی‌کوژن . ئەوانیش فەرمانەکەیان ئەنجام دا ..

کورتەی باس : هەڵمەتی (حـمراء الأسد) غـەزایەکی سەربەخۆ نەبووە ، بەڵکو لاپەڕەیەك بووە لەلاپەڕەکانی غەزای ئوحود ..

لە سەرەتاوە موسڵمانەکان جەنگیان بـردەوە و ، سـوپای مـەککـە بـە تـەواویی شپرزە بوو و جگە لە هەڵاتن هیچی بۆ نەمایەوە .

لە بەشی دووهەمی جەنگەکەدا موسڵمانەکان بە هەڵەی تیرهاوێژەکان زیـانێکی گیانیی زۆریان لێ کەوت و ، کافرانی مەککە دەسەڵاتیان بەسەر مەیدانی جـەنگ دا هەبوو و ، نامەردانە جەسـتەی شـەهیدەکانیان شـێواند . بـەڵام نـەیانتـوانیی موسڵمانان تێك بشکێنن و راو بنێن . بـەڵکو موسـڵمانەکان بەوپـەڕی غیرەتـەوە خۆیان گرت و تاقە کەسێکیان نەبووە دیلی قوڕەیش و ، بەوپەڕی غیرەتەوە خۆیـان گەیاندەوە لای فەرماندەی گشتیی مەدینە و ، لە دەوری جـەم بـوون و ، بوونـەوە خاوەنی هێزی خۆیان ، بە شێوەیەك کە پێغەمبەری خوا ﷺ بڕیاری ئـەوەی دا کـە ئەگەر ئەبوسوفیان نیازی ئەوە بکات هەڵمەت بەرێتە سەر مەدینە ، بە جەنگێکی سەروماڵیی ئەچن بە گژیاندا ..

سوپای مەککەش بە راستیی خۆی ئەوەندە بە خاوەنی هێز نەئەزانیی کە بتوانێ جەنگێکی تر بۆ خۆی ساز بدات ، بۆیە وازی لە مەدینە هێنا و بە پەلە کشـایەوە و ، وەك دەستووری سوپای سـەرکەوتووی ئـەو زەمانـە دوو سـێ رۆژ لـەو نـاوەدا نەمایەوە ، بەڵکو یەکسەر کشایەوە و ، کە موسڵمانەکانیش شوێنی کەوتن ، خێرا بەرەو مەککە کشایەوە و ، جورئەتی ئەوەی نەبوو بچێ بە گژی موسڵمانەکاندا .

شایانی باسە کە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوولی سـەرۆکی مونافیقـان هەموو جارێ ، پێش جەنگی ئوحود ، رۆژانی جومعە رێزێکی لێ ئەگیرا ، ئەوەبوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر مینبەر دائەنیشت تا بۆ خەڵکەکە وتار بدات ، ئەو عەبدوڵڵایە هەڵ ئەسا و ئەیوت : خەڵکینە ! ئەمە پێغەمبەری خوایە لـە ناوتـان دا، خوای گەورە بە هۆی ناردنی ئەوەوە رێزی لێتان گرتووە و پایـەداری کـردوون . جا ئێوەش کۆمەکیی بکەن و پشتی بگرن و ، گوێڕایەڵ و فەرمان بـەرداری بـن . پاشان دائەنیشت .

که رۆژی ئوحود ئەو پەنەی دا و بە سێ‌صەد کەسەوە گەڕایەوە دوا و پشتی پێغەمبەر و موسڵمانانی بەردا و ، خەڵکی لە جەنگ گەڕانەوە ، بۆ رۆژی جومعە هەستا و ویستی وەك جاران قسەکانی بکاتەوە . خێرا موسڵمانان دەستیان دایە چمکی جلەکانی و وتیان : دانیشە ئەی دوژمنی خوا ، دوای ئەوەی کە کردت ، ئیتر تۆ شیاوی ئەوە نیت !!

سەرۆکی نیفاق بە تووڕیی‌یەوە هەستا و مزگەوتی بەجێ‌هێشت و ئەی‌وت : بەخوا ئەڵێی شتێکی خراپم وتووە ، هەستاوم پشتگیریی لێ ئەکەم . لە دەرگای مزگەوتدا پیاوێکی ئەنصاریی تووش بوو و وتی : ئەوە چیتە ؟ ئەویش باسەکەی بۆ کرد . ئەنصاری‌یەکە وتی : دەی بگەڕێرەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ لە خوای گەورە داوای لێ‌خۆش‌بوونت بۆ ئەکات . وتی : بەخوا نامەوێ داوای لێ‌خۆش‌بوونم بۆ بکات .[٤٢٧]

بیست و دووهەم : کوژراوانی هەردوو سوپا :

لە غەزای ئوحوددا لە هەر دوو لا کۆمەڵێك کوژران ، بەلآم شەهیدانی موسڵمانان زیاتر بوون لە کوژراوانی قورەیش .

(ا) شەهیدانی موسڵمانان :

(١) شەهیدانی موهاجیرین :

تەنها چوار کەسیان لێ شەهید کراوە ، چونکە موهاجیرەکان لە چاو ئەنصاردا ژمارەیان کەمتر بووە ، ئەمەش ناوەکانیانە :

١ ـ لە نەوەی هاشمی کوڕی عەبدمەناف ، حەمزەی کوڕی عەبدولموطەللیب ، کە وەحشیی کوڕی حەربی بەندەی ئازادکراوی جوبەیری کوڕی موطعیم شەهیدی کرد .

٢ ـ لە نەوەی عەبدشەمسی کوڕی عەبدمەناف ، عەبدوڵلآی کوڕی جەحش ، هاوپەیمانیان بووە ، چونکە خۆی لە نەوەی ئەسەدی کوڕی خوزەیمە بووە . دایکی ئومەیمەی کچی عەبدولموطەللیبە . کافرەکان لووت و گوێیان بڕیی بوو ، بۆیە ناو نرا بوو (المجدّع في الله) . زوبەیری کوڕی بەککار ئەوەی باس کردووە کە لە رۆژی ئوحوددا شمشێرەکەی ئەشکێ و پێغەمبەری خوا ﷺ لقە دارخورمایەکی ئەداتە

[٤٢٧] غزوة أحد : ٢٤٤ ـ ٢٦٢ ، الرحيق المختوم : ٢٨٩ ـ ٢٩٣ ، السيرة النبوية لأبي شهبة : ٢ / ٢٢٧ ـ ٢٣٠ .

دەست و ، لە دەستیا ئەبێتە شمشێر و جەنگی پێ ئەکات هەتا شەهید ئەبێت . پاشان کە ئەکەوێتە دەست منداڵەکانی لە میراتی یەکێکیاندا بە دووصەد دینار ئەفرۆشرێ ..

٣ ـ لە نەوەی عەبدوداری کوڕی قوصەی ، موصعەبی کوڕی عومەیر ، کە ئیبن قەمیئەی لەیثیی ، لە کاتێکدا کە خۆی کردبووە قەڵغان بۆ پاراستنی پێغەمبەری خوا ﷺ شەهیدی کرد .

٤ ـ لە نەوەی مەخزووم ، شەمماسی کوڕی عوثمانی کوڕی شەرید .[٤٢٨]

(٢) **شەهیدانی ئەنصار :**

شەهیدەکانی ئەنصار ئەگەنە شەصت و پێنج شەهید کە بیست و چواریان لە هۆزی ئەوس و چل و یەکیشیان لە هۆزی خەزرەجن کە ئەمانەن :

یەکەم : شەهیدەکانی ئەوس :

(أ) لە نەوەی عەبدولئەشهەل : چواردە پیاو ، کە ئەمانەن :

١ ـ عەمری کوڕی موعاذی کوڕی نوعمان .

٢ ـ حاریثی کوڕی ئەنەسی کوڕی رافیع .

٣ ـ عومارەی کوڕی زیادی کوڕی سەکەن ، ئەم پاڵەوانە لەبەر دەستی پێغەمبەری خوادا ﷺ ، لە کاتی کشانەوە بۆ کێوی ئوحود ، شەهید بوو .

٤ ـ سەلەمەی کوڕی ثابیتی کوڕی وەقش ، کە بەشداریی جەنگی بەدریشی کردووە .

٥ ـ عەمری کوڕی ثابیتی کوڕی وەقش ، کە ئوصەیرمیان پێ ئەوت و ، رۆژی ئوحود موسڵمانێتیی چووە دڵیەوە و ، بێ ئەوەی کەس بە موسڵمانبوونی بزانێ خۆی گەیاندە مەیدانی جەنگ تا شەهید بوو . لە پێشەوە بە درێژە باسی کراوە .

٦ ـ ثابیتی کوڕی وەقشی باوکی سەلەمە و عەمر ، کە ئەوەندە پیر بوو پێغەمبەری خوا ﷺ لە بەشداربوونی جەنگ چاوپۆشیی لێ کرد ، بەڵام کە دیی وا ئاگری جەنگ بڵێسەی سەندووە ، دەستی دایە شمشێرەکەی و خەریکی کوشتار بوو هەتا شەهید کرا .

---

[٤٢٨] شەمماس : یەکێکە لە کۆچکەرە دێرینەکان و ، لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ بەشداریی بەدری کردووە . پیاوێکی دەم و چاو گەشاوە و پێکەوتوو بووە . لە رۆژی ئوحوددا لە چەند لاوە بە سەختیی زامدار بوو و برایەوە مەدینە و دوای رۆژێك کۆچی دوایی کرد و ، لە بەقیع نێژرا .

٧ ـ حوسەیلی کوڕی جابیر ، باوکی حوذەیفەی کوڕی یەمان ، لە پێشەوە باس کراوە .

٨ ـ صەیفیی کوڕی قەیظیی ، کە دایکی صەفیەی کچی تەییهان بووە و ، بە دەستی ضیراری کوڕی خەططاب شەهید بووە .

٩ ـ حوبابی کوڕی قەیظیی ، برای صەیفیی بووە و ، بەشداریی بەدری کردووە.

١٠ ـ عەببادی کوڕی سەهلی کوڕی مەخرەمە ، کە بە دەستی صەفوانی کوڕی ئومەییە شەهید بووە .

١١ ـ حاریثی کوڕی ئەوسی کوڕی موعاذی کوڕی نوعمان ، برازای سەعدی کوڕی موعاذ ، بەشداریی بەدری کردووە و ، لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵییدا شەهید بووە .

١٢ ـ ریفاعەی کوڕی وەقش ، برای ثابیتی کوڕی وەقش بووە ، کە خالیدی کوڕی وەلید شەهیدی کردووە .

١٣ ـ ئەیاسی کوڕی ئەوسی کوڕی عەتیك .

١٤ ـ عوبەیدی کوڕی تەییهان ، بەشداریی پەیمانی عەقەبە و جەنگی بەدریشی کردووە .

(ب) لە نەوەی ظوفر، یەك پیاو کە :

١ ـ یەزیدی کوڕی حاطبی کوڕی ئومەییەیە .

(ج) لە نەوەی ضەبیعە ، دوو پیاو کە ئەمانەن :

١ ـ ئەبوسوفیانی کوڕی حاریثی کوڕی قەیسی کوڕی زەید ، کە بەشداریی بەدری کردووە و ، کە موسڵمانەکان لە ئوحوددا شکستیان هێنا وتی : خوایە ! من نامەوێ بگەڕێمەوە بۆ ناو کچەکانم ، بەڵکو ئەمەوێ لە پێناوی تۆدا بکوژرێم . ئەوەبوو شەهید بوو و ، پێغەمبەری خوایش ﷺ ستایشی کرد ..

٢ ـ حەنظەلەی کوڕی عامیر (کە مەلائیکە شۆردیان) .

(د) لە نەوەی عوبەید ، یەك پیاو کە :

١ ـ ئەنیسی کوڕی قەتادەیە و ، بەشداریی بەدری کردووە .

(هـ) لە نەوەی ثەعلەبەی کوڕی عەمری کوڕی عەوف دوو پیاو کە ئەمانەن :

١ ـ ئەبوحەییەی کوڕی عەمری کوڕی ثابیت ، کە ئەبوحاتەم وتوویە : ناوی عامیری کوڕی عەبدعەمری کوڕی عومەیری کوڕی ثابیتە . لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ بەشداریی بەدری کردووە .

٢ ـ عەبدوڵڵای کوڕی جوبەیر ، کە ئەمیری (٥٠) تیرهاوێژەکەی (جبل الرماة) بووە . ئەو شوێنی خۆی چۆڵ نەکردووە هەتا شەهید کراوە .

(و) لە نەوەی سەلم یەك پیاو کە :

١ ـ خەیثەمەی کوڕی حاریثی کوڕی مالیکی کوڕی کەعبە ، کە هوبەیرەی کوڕی ئەبووەهبی مەخزوومیی شەهیدی کردووە .

(ز) لە نەوەی موعاویەی کوڕی مالیکی کوڕی عەوف دوو پیاو کە ئەمانەن :

١ ـ سوبەیعی کوڕی حاطەب ، کە بەشداریی بەدری کردووە .

٢ ـ مالیکی کوڕی نومەیلەی موزەنیی کە هاوپەیمانیان بووە . بەشداریی بەدری کردووە (إبن اسحاق) .

(ح) لە نەوەی خەطیمە ، یەك پیاو کە :

١ ـ حاریثی کوڕی عەدیی کوڕی خەرشەیە .

دووهەم : شەهیدەکانی خەزرەج :

(أ) لە نەوەی نەججاری کوڕی ثعلبە دوانزە شەهید کە ئەمانەن :

١ ـ عەمری کوڕی قەیسی کوڕی زەیدی کوڕی سەواد ، واقیدیی وەهای باس کردووە کە بەشداریی بەدری کردبێ .

٢ ـ قەیسی کوڕی عەمری کوڕی قەیس ، کە هەندێ ئەڵێن بەشداریی بەدری کردووە و هەندێکیش ئەڵێن نەی‌کردووە .

٣ ـ ثابیتی کوڕی عەمری کوڕی زەیدی کوڕی عەدیی کوڕی سەوادە .

٤ ـ عامیری کوڕی موخەللەدی کوڕی حەرث ، کە مووسای کوڕی عوقبە بە بەدریی لە قەڵەمی داوە .

٥ ـ ئەبوهوبەیرەی کوڕی حاریثی کوڕی عەلقەمەی کوڕی عەمری کوڕی کەعب، خالیدی کوڕی وەلید شەهیدی کرد ، دوای ئەوەی کە ئەم یەکێ لە کافرەکانی بە وێنەی مەڕ سەربڕیی . ئەم هاوەڵە ئەوەندە ئازا بووە لە جەنگدا وەك شێر هەڵمەتی داوە .

٦ ـ عەمری کوڕی موطەرریفی کوڕی عەلقەمەی کوڕی عەمر .

٧ ـ ئەوسی کوڕی ثابیتی کوڕی مونذیر ، کە برای حەسسانی شاعیر بووە . بەشداریی پەیمانی عەقەبە و جەنگی بەدری کردووە .

٨ ـ ئەنەسی کوڕی نەضری کوڕی ضەمضەمی کوڕی زەیدی کوڕی حەرام . ئەنەس کە دیتی هەندێ موسڵمان سارد بوونەتەوە غیرەتی خستە بەریان و ، بە سەعدی کوڕی موعاذیشی ئەوت : ئەی سەعد ! لەلای ئوحودەوە بۆنی بەهەشت ئەبیستم . چووە پێشەوە هەتا شەهید بوو ..

٩ ـ قەیسی کوڕی موخەللەد ، بەشداریی بەدری کردووە .

١٠ ـ کەیسان (بەندەیان بووە) .

١١ ـ سەلیمی کوڕی حاریث ، ئیبن ئیسحاق بە بەدریی لە قەڵەم داوە .

١٢ ـ نوعمانی کوڕی عەبدعەمری کوڕی مەسعوودی کوڕی کەعب ، بەشداریی بەدری کردووە .

(ب) لە نەوەی حاریث ، سێ پیاو کە ئەمانەن :

١ ـ خاریجەی کوڕی زەیدی کوڕی ئەبوزوهەیر .

٢ ـ سەعدی کوڕی رەبیعی کوڕی عەمری کوڕی ئەبوزوهەیر ، کە هەردووکیان پێکەوە لە قەبرێکدا نێژران .

٣ ـ ئەوسی کوڕی ئەرقەمی کوڕی زەید .

(ج) لە نەوەی ئەبجەر ، سێ پیاو کە ئەمانەن :

١ ـ مالیکی کوڕی سینانی کوڕی عوبەید ، کە باوکی ئەبوسەعیدی خودریی بووە و ، ئەو پیاوە بووە کە خوێنی دەم و چاوی زامداری پێغەمبەری خوای ﷺ هەڵ مژیوە و ، یەکێ بووە لەو پیاوانەی کە لەرۆژی ئوحوددا دامەزراو بوون .

٢ ـ سەعیدی کوڕی سووەیدی کوڕی قەیس ، برای دایکیی سەمورەی کوڕی جوندوب بووە .

٣ ـ عوتبەی کوڕی رەبیعی کوڕی رافیع .

(د) لە نەوەی ساعیدە ، دوو پیاو کە ئەمانەن :

١ ـ ثەعلەبەی کوڕی سەعدی کوڕی مالیك ، طەبەرانیی بە بەدریی لە قەڵەم داوە .

٢ ـ ثەقفی کوڕی فەروەی کوڕی بەدیی ، کە پێی وتراوە ئەخرەش .

(هـ) لەنەوەی طەریف ، دوو پیاو کە ئەمانەن :

١ ـ عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی وەهب ، کە لە دەستەی سەعدی کوڕی عوبادەی سەرداری خەزرەج خۆی بووە .

٢ ـ ضەمرە ، لە نەوەی جوهەینە بووە و هاوپەیمانیان بووە و ، بەدرییە .

(و) لە نەوەی عەوفی کوڕی خەزرەج ، پێنج پیاو کە ئەمانەن :

١ ـ نەوفەلی کوڕی عەبدوڵڵا ، بەشداریی بەدری کردووە . (ابن عبدالبر) ئەڵێت : ئەمە نەوفەلی کوری ثعلبەی کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی نەضلەیە .

٢ ـ عەبباسی کوڕی عوبادەی کوڕی نەضلەی کوڕی مالیکی کوڕی عیجلان . بەشداریی پەیمانی عەقەبەی کردووە . ئەم هاوەڵە بوو کە خزمەکانی وریا کردەوە تا بزانن بەستنی پەیمانی عەقەبە چ کارێکی گەورە و گرانە ئەیخەنە ئەستۆی خۆیان و ، پێویستە پارێزگاریی لێ بکەن ، کە پێی وتن : ئەی کۆمەڵی خەزرەج ! ئایا ئەزانن لەسەر چ مەرجێك موحەممەد لەگەڵ خۆتاندا ئەبەن ؟ ئێوە کە ئەیبەن جەنگی سوور و رەشتان دێتە رێ . جا ئەگەر ئەزانن کە جەنگ ماندووی کردن دەستبەرداری ئەبن ، هەر لە ئێستەوە وازی لێ بهێنن و ، گەر لەسەر ئەوەش ئارام ئەگرن دەی بیبەن . وتیان : لەسەر ئەوە ئەیبەین لەگەڵ خۆماندا . جا ئەم هاوەڵە لە دوای بەستنی پەیمانی عەقەبە لە مەککە ئەمێنێتەوە تا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ کۆچ بۆ مەدینە ئەکات ، بەمە عەبباسی کوڕی عوبادە بە ئەنصارییش و بە موهاجیرییش لە قەڵەم ئەدرێ .

٣ ـ نوعمانی کوڕی مالیکی کوڕی ثعلبە .

٤ ـ موجەذەری کوڕی زیادی بەلەویی ئەنصاریی خەزرەجیی . (هاوپەیمانیان بووە) .

٥ ـ عوبادەی کوڕی حەسحاس ، لە (إصابە) دا بە خەشخاش هاتووە . بەشداریی بەدری کردووە . لەگەڵ ئەم دوو هاوەڵەی پێشەوەی (مجذر و نعمان) لە قەبرێكدا پێکەوە نێژراون .

(ز) لە نەوەی حوبلا ، یەك پیاو کە :

١ ـ ریفاعەی کوڕی عەمری کوڕی نەوفەلی کوڕی عەبدوڵڵایە و ، بەشداریی بەدری کردووە .

(ح) لە نەوەی سەلیمە ، چوار پیاو کە ئەمانەن :

١ ـ عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی حەرام ، باوکی جابیر . بەیهەقیی لە جابیرەوە ریوایەتی کردووە کە وتوویە : پێغەمبەری خوا ﷺ سەیرمی کرد و فەرمووی : ((مالي أراك مهتماً ؟)) فەرمووی : ئەوە چی‌یە بە خەمبار ئەکەویتە بەرچاوم ؟ وتم : باوکم شەهید بوو و قەرز و خێزانێکی زۆری بەسەرمدا بەجێ هێشتووە . فەرمووی : ((ألا أخبرك ؟ ما كلم الله أحداً إلا من وراء حجاب ، وإنه كلم أباك كفاحاً ـ يعني مواجهة ـ وقال له : يا عبدي سلني أعطك . قال : أسألك أن تردني إلى الدنيا فأقتل فيه ثانية ، فقال الحق تبارك وتعالى : إنه سبق مني القول أنهم إليها ـ أي الدنيا ـ لا يرجعون . قال : ربي فأبلغ من ورائي ، فأنزل الله سبحانه :

﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتًۢا ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴾)) .

فەرمووی : هەواڵت نەدەمێ ؟ خوای گەورە لەگەڵ هەر کەسێکدا فەرمایشتی کردبێ ، لە پشتی پەردەوە بووە ، بەڵام راستەوخۆ لەگەڵ باوکتدا فەرمایشتی کرد و ، فەرمووی : بەندەکەم ! داوام لێ بکە ، تا پێت ببەخشم . ئەویش وتی : داوات لێ ئەکەم کە بمگێڕیتەوە بۆ دنیا ، تا جارێکی تریش لەسەر تۆ شەهید ببم . خوای گەورەش فەرمووی : زووتر بڕیاری ئەوەم داوە کە هیچ کەس ناگەڕێتەوە بۆ دنیا . وتی : دەی ، پەروەردگارم ! زیندوانی دوای خۆم ئاگادار بکە . خوای گەورەش ئەو ئایەتە پیرۆزەی ناردە خوارەوە .

٢ ـ عەمری کوڕی جەمووحی کوڕی زەیدی کوڕی حەرام ، لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی عەمردا پێکەوە لە قەبرێکدا نێژراون . ئەم شەهیدەش چوار کوڕی ئازا و بەجەرگی وەك شێری هەبوون و لە هەموو غەزاکاندا لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ ئامادە ئەبوون و ، عەمری باوکیشیان قاچێکی ناتەواو بوو و ئەشەلی . کە جەنگی ئوحود هاتە بەرەوە کوڕەکان ویستیان خۆیان بچن بۆ غەزا و باوکیان لەبەر شەلیی لە ماڵەوە بێ ، چونکە خوا چاوپۆشیی لەو کردووە . کەچیی عەمر هاتە خزمەتی پێغەمبەر و وتی : کوڕەکانم ئەیانەوێ لە دەرچوون لە خزمەتتدا قەدەغەم بکەن ، دە بەخوا من ئەمەوێ بەم قاچە شەلەمەوە بگەمە بەهەشت . پێغەمبەری خوا ﷺ عەمری تێ گەیاند کە ئەو عوزری هەیە و جیهادی لەسەر نیە، کە فەرمووی : ((أما أنت فقد عذرك الله فلا جهاد عليك)) . فەرمانی بە کوڕەکانیشی دا کە ئەگەر ئەو خۆی پێی خۆشە قەدەغەی نەکەن ، بەشکوم خوا

شەهیدیی بە خەڵات بکات کە فەرمووی : ((ما علیکم أن لا تمنعوه لعل الله یرزقه الشهادة)) . ئەوەبوو دەرچوو و شەهیدیی دەست کەوت .

٣ ـ خەللادی کوڕی عەمری کوڕی جەمووح ، لە ئوحوددا لەگەڵ باوکیا شەهید بووە و بەشداریی بەدریشی کردووە .

دایکی خەللاد جەستەی خەللادی کوڕی و عەمری مێردی هەڵ گرتن و هێنانیەوە تا لە مەدینەدا بیانێژن ، کەچیی بە بۆنەی فەرمانەکەی پێغەمبەری خواوە ﷺ گێڕانیەوە بۆ شوێنی شەهیدبوونیان لە ئوحود .

٤ ـ ئەبوئەیمەن ، کە بەندەی ئازادکراوی عەمری کوڕی جەمووح بوو .

(ط) لە نەوەی سوادی کوڕی غونم ، سێ پیاو کە ئەمانەن :

١ ـ سەلیمی کوڕی عەمر یان عامیر ، بەشداریی پەیمانی عەقەبە و جەنگی بەدری کردووە .

٢ـ عەنتەرە ، بەندەی ئازادکراوی سەلیم بووە .

٣ ـ سەهلی کوڕی قەیسی کوڕی کەعب ، بەشداریی بەدری کردووە .

(ي) لە نەوەی زورەیقی کوڕی عامیر ، دوو پیاو کە ئەمانەن :

١ ـ ذەکوانی کوڕی عەبدقەیس ، یەکێکە لەوانەی کە زوو بە زوو موسڵمان بوون و ، ئامادەی بەستنی پەیمانی عەقەبە بووە . سەرەتا پێش کۆچ کردن لەگەڵ ئەسعەدی کوڕی زوراره سەردانی مەککە ئەکەن و ، باسی ئیسلام لە پێغەمبەرەوە ﷺ ئەبیستن و موسڵمان ئەبن . ئەم دوانە یەکەم کەس بوون کە ئیسلامیان بە مەدینە گەیاند . ڕۆژێك پێش جەنگی ئوحود ، دەربارەی ذەکوان ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((من أحب أن ینظر إلی رجل یطأ بقدمه غداً خضراء الجنة ، فلینظر إلی هذا)) . فەرمووی : هەرکەس پێی خۆشە سەیری پیاوێك بکا کە سبەینێ پێ ئەخاتە سەیرانگاکانی بەهەشتەوە ، با سەیری ئەمە بکا .. ذەکوان ئەو هاوەڵە بەڕێزە جێ متمانەیە بوو کە ئەو شەوەی سوپای پێغەمبەر ﷺ لە ناوچەی (شیخین) مایەوە ، کاتێ کە ئەی ویست بەرەو ئوحود بڕوات ، ئەو شەوە پاسەوانی پێغەمبەری خوا بوو .

٢ ـ عوبەیدی کوڕی موعەللا .

(ك) لە نەوەی سوادی کوڕی مالیك ، یەك پیاو کە :

١ ـ مالیکی کوڕی ئەیاسە .

(ل) لە نەوەی عەمری کوڕی مالیك ، یەك پیاو کە :

١ ـ ئەیاسی کوڕی عەدی‌یە .

(م) لە نەوەی سالمی کوڕی عەوف ، یەك پیاو کە :

١ ـ عەمری کوڕی ئەیاسە .

(ن) لە نەوەی عیجلان یەك پیاو کە :

١ ـ عەبدوڵلای کوڕی سەلەمەی بەلەوی‌یە ، بەشداریی جەنگی بەدری کردووە، پالەوانێکی بەجەرگ بووە . کە شەهید کرا دایکی ماوەی لە پێغەمبەری خوا ﷺ وەرگرت تا تەرمەکەی بەرێتەوە بۆ مەدینە ، تا بێ تاقەتیی نەکا بۆی ، ئەویش ماوەی دا .

هەروەها پیاوێکی جوولەکەش بە ناوی موخەیریق ، کە لە پێشەوە باسی هاتووە ، کوژراوە .

چوار پیاوی موهاجیریی و ، بیست و چواری ئەوسیی و ، چل و یەکی خەزرەجیی و جوولەکەیەك ئەمە حەفتا پیاو . بەلاَم زامدارانی موسڵمانان لە جەنگی ئوحوددا ، هیچ مێژوونووسێك یەك بە یەك تۆماری نەکردوون و ، وەك شەهیدەکان بە وردیی سەرژمێریی نەکراون . بەلاَم بە وردبوونەوە لە هەواڵەکان ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە موسڵمانەکان زامداریان زۆر بوون و ، لە صەد و پەنجا زامدار کەمتر نەبوون .

لە (السيرة الحلبية) دا (٢ / ٥٠) هاتووە کە تەنها لە نەوەی سەلیمەدا چل کەس زامدار بوون ، بە مەرجێ لەم هۆزەدا تەنها چوار پیاو شەهید بوون .

بەلاَم لە سوپای موسڵمانان‌دا یەك کەس بە دیل نەگیراوە .

(ب) کوژراوانی قورەیش :

زەرەر و زیانی قورەیش لە جەنگی ئوحوددا لە موسڵمانەکان کەمتر بوو ، بەلاَم هەر چۆنێ بێ لە نیوەی ئەوان تێ ئەپەڕین و ، ئەم جەنگە تۆیەی بە قورەیش کرد کە ئیتر بوێرن روو لە دەست و شمشێری موسڵمانان بکەن ، بۆیە کە بۆ جەنگی ئەحزاب هاتنە سەر مەدینە ، ناچار بوون سوپایەکی دە هەزاریی لەو عەرەبە مشە خۆرانەی دوورگە کۆ بکەنەوە بە نیازی تالاَن و بڕۆی مەدینەوە هێرشیان کردە سەر دەوڵەتە نەونەمامەکەی ئیسلام .

ئەمانەش ناوی کوژراوەکانی قورەیشن لە جەنگی ئوحوددا :

(أ) له نهوهی عهبدودداری کوڕی قوصهی کوڕی کیلابی کوڕی موڕڕهی کوڕی کهعب یانزه پیاو کوژران که ههر ههموویان ههڵ گری ئالاّی قورهیش بوون و له سهرهتای جهنگ دا ، وهك ههوره تریشقه موسڵمانهکان ههڵمهتیان دایه سهریان و یهك له دوای یهك ملیان پهڕاندن و به کوژرانی ئهمانه پشتی قورهیش شکا و تێك شکانێکی تری له بهدر سهختتر باوهشی بۆ ئهگرتنهوه ، ئهگهر ههڵهی تیرهاوێژه موسڵمانهکانی سهر (جبل الرماة) نهبوایه ، کوژراوهکانیش ئهمانه بوون :

١ ـ طهلحهی کوڕی ئهبوطهلحه ، که طهلحهی کوڕی عهبدوڵلاّی کوڕی عهبدولعوززای کوڕی عوثمانی کوڕی عهبدودداره و ، عهبدودداریش برای عهبدمهنافی کوڕی قوصهی باپیره گهورهی پێغهمبهری خوایه ﷺ ههتا ئێستهش (آل شيبي) له سعوود که له نهوهی عهبدوددارن کلیلی کهعبهیان له دهستدایه . ئهم طهلحهیه به دهستی زوبهیری کوڕی عهووام کوژرا .

٢ ـ ئهبوسهعدی کوڕی ئهبوطهلحه ، که سهعدی کوڕی ئهبووهققاص کوشتی .

٣ ـ عوثمانی کوڕی ئهبوطهلحه ، که حهمزه کوشتی .

٤ ـ موسافیع ی کوڕی ئهبوطهلحه ، که به تیر له دوورهوه عاصیمی کوڕی ثابیتی کوڕی ئهبوئهفلهح کوشتی .

ئهم چوارهی پێشهوه برابوون .

٥ ـ جولاسی کوڕی طهلحهی کوڕی ئهبوطهلحه ، ئهمیش به تیری عاصیمی کوڕی ثابیت کوژرا .

٦ ـ حاریثی کوڕی طهلحهی کوڕی ئهبوطهلحه ، که به دهستی قوزمان کوژرا ..

٧ ـ کیلابی کوڕی طهلحهی کوڕی ئهبوطهلحه ، ئهمیش ههر قوزمان کوشتی . بهلاّم بهلای (ابن هشام) هوه عهبدوڕڕهحمانی کوڕی عهوف کوشتوویه .

ئهم سیانهشیان کوڕی یهکهم کوژراو بوون .

٨ ـ ئهرطئهی کوڕی شورهحبیلی کوڕی هاشمی کوڕی عهبدمهنافی کوڕی عهبدوددار ، که ئامۆزای موصعهبی کوڕی عومهیر بووه . حهمزه کوشتوویه .

٩ ـ ئهبویهزیدی کوڕی عومهیری کوڕی هاشمی کوڕی عهبدمهنافی کوڕی عهبدوددار ، که برای موصعهب بووه ، ئهمیش قوزمان کوشتوویه .

١٠ ـ قاسطی کوڕی شورهیحی کوڕی هاشمی کوڕی عهبدمهنافی کوڕی عهبدوددار ، که ئامۆزای موصعهب بووه ، ئهمیش قوزمان کوشتوویه .

١١ ـ صەوواب ، بەندەیەکی حەبەشی‌یان بووە ، ئەمیش قوزمان کوشتوویە . ئەشڵێن : ئیمام عەلیی ، یان سەعدی کوڕی ئەبووەققاص کوشتوویە .

(ب) لە نەوەی ئەسەدی کوڕی عەبدولعوززای کوڕی قوصەی ، یەك پیاو کە :

١ ـ عەبدوڵڵای کوڕی حەمیری کوڕی زوهەیر بووە ، کە عەلیی کوڕی ئەبوطالیب کوشتوویە .

(ج) لە نەوەی زوهرەی کوڕی کیلاب ، دوو پیاو کە ئەمانەن :

١ ـ ئەبولحەکەمی کوڕی ئەخنەسی کوڕی شەریقی کوڕی عەمری ثەقەفیی ، کە عەلیی کوڕی ئەبوطالیب کوشتوویە .

٢ ـ سیباعی کوڕی عەبدولعوززای خوزاعیی ، کە حەمزە کوشتوویە .

(د) لە نەوەی مەخزوومی کوڕی یەقظە ، چوار پیاو کە ئەمانەن :

١ ـ هیشامی کوڕی ئەبوئومەییەی کوڕی موغیرە ، کە ئامۆزای خالید بووە و، ئەمیش قوزمان کوشتوویە .

٢ ـ وەلیدی کوڕی عاصی کوڕی هیشامی کوڕی موغیرە ، کە ئامۆزازای خالید بووە و ، ئەمیش قوزمان کوشتوویە .

٣ ـ ئەبوئومەییەی کوڕی ئەبوحوذەیفەی کوڕی موغیرە ، کە ئامۆزای خالید بووە و ، عەلیی کوڕی ئەبوطالیب کوشتوویە .

٤ ـ خالیدی کوڕی ئەعلەم کە هاوپەیمانی نەوەی مەخزووم بووە و ، ئەمیش قوزمان کوشتوویە .

(هـ) لە نەوەی جومەح ، دوو پیاو کە ئەمانەن :

١ ـ ئەبوعیززە ، عەمری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عومەیری کوڕی وەهب ، دوای ئەوەی کە پەیمانی شکاند و بۆ جاری دووەم کەوتە دەست موسڵمانان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی دا لە ملی بدرێت .

٢ ـ ئوبەی کوڕی خەلەفی کوڕی وەهب ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە دەستی پیرۆزی خۆی تەنها ئەم پیاوە بەدبەختەی کوشتووە .

(و) لە نەوەی عامری کوڕی لوئەی ، دوو پیاو کە ئەمانەن :

١ ـ عوبەیدەی کوڕی جابیر ، کە ئەمیش قوزمان کوشتی .

٢ ـ شەیبەی کوڕی مالیکی کوڕی موضەرریب ، ئەمیش قوزمان کوشتی . هەندێکیش ئەڵێن : عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود کوشتوویە .

ئەمە بیست ودوو کەس کە لای (إبن هشام) تۆمار کراون ، بەڵام کوژراوانی قورەیش هەر ئەمانە نین و ، مێژوونووسانی تر کوژراوی تریان هەڵ داون :

١ ـ (إبن القيم) لە (زاد المعاد) دا (ج ٢ ص ٢٤٠) ئەوەی باس کردووە کە سەعدی کوڕی ئەبووەققاص لە هێرشی قورەیش‌دا بۆ سەر کێوی ئوحود ، سێ بت پەرستی کوشتووە .

٢ ـ ئیبن ئیسحاقیش لەو فەرموودەدا کە زوبەیر ریوایەتی کردووە ، ئەوەی باس کردووە کە ئەبودوجانە پیاوێکی لە بت‌پەرستان کوشتووە .

٣ ـ کەعبی کوڕی مالیکی هاوەڵی بەناوبانگیش ریوایەتی کردووە ، وەك لە (البداية والنهاية : ٤ / ١٧) دا هاتووە کە ئەبودوجانە پیاوێکی تری لە بت پەرستان کوشتووە ، کە بە شمشێرێك دوو کەرتی کردووە .

٤ ـ هەروەها حاریثی کوڕی صومە (لە کاتی کشانەوەی موسڵمانان‌دا بۆ سەر کێوەکە) عوثمانی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی موغیرەی کوشتووە ، کە ویستوویە هێرش بکاتە سەر پێغەمبەر ﷺ ، وەك لە (السيرة الحلبية : ٢ / ٣٠) دا هاتووە .

٥ ـ هەروەها ئەبودوجانەش (لەکاتی کشانەوەدا) عوبەیدوڵلای جابریی کوشتووە کە هەوڵی دا حاریثی کوڕی بکوژێ ، وەك لە (السيرة الحلبية : ٢ /٣٠) دا هاتووە .

٦ ـ هەروەها حاطبی کوڕی ئەبوبەلتەعە عوتبەی کوڕی ئەبووەققاصی کوشت، کاتێ کە هێرشی کردە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ و دانی تەختی شکاند ، ئەمەش لە کاتی شپرزەبوونی موسڵمانان‌دا . وەك لە (السيرة الحلبية : ٢ / ٢٧) دا هاتووە .

٧ ـ هەروەها لە (السيرة الحلبية : ٢ / ٤٥) دا هاتووە کە حاریثی کوڕی صومە ، لە کاتی کشانەوە بۆ سەر کێوەکەدا ، چاوی بە لاشەی حەوت کوژراوی قورەیش ئەکەوێت لەبەر دەستی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف‌دا ، ئەمیش لێی ئەپرسێ : ئایا ئەمانە هەموویان تۆ کوشتووتن ؟ عەبدوڕڕەحمان ئەڵێ : ئەم دوانەیان من کوشتوومن ، بەڵام ئەوانەیان کەسێك کوشتنی کە من نەم ئەدیی جا (ابن برهان الدين) لە (السيرة الحلبية) دا وەهای بۆ چووە کە ئەو پێنجەی تر بۆ بەرگریی لە عەبدوڕڕەحمان مەلائیکەت کوشتوونی .

ئەمە پانزە کوژراوی تری قورەیش کە (إبن إسحاق) لە ناو ئەو بیست و دوو کەسەدا باسی نەکردوون . بەم پێیە ژمارەی کوژراوانی ئوحود سیی و حەوت پیاون ، نەك بیست و دوو .

بەڵام زامدارانی قورەیش ، ئەوانیش ژمارەیان نەزانراوە ..[٤٢٩]

بیست و سێهەم : قورئان باسی جەنگەکە ئەکات :

لە راستیی‌دا قورئانی پیرۆز بە درێژە باسی جەنگی ئوحودی کرد .. دەربارەی ئوحود شەصت ئایەت لە قورئانی پیرۆز هاتنە خوارەوە و ، باسی لایەنە جۆر بە جۆرەکانی و ، ئەو ئاڵو گۆڕ و شپرزەبوونەی موسڵمانەکانی ئەکرد ، تا موسڵمانەکان پەند لەو جەنگە ناهەموارە وەربگرن . ئەتوانین ئەو باسانە لە چەند خاڵێك‌دا بخەینە بەر دەستی ئازیزانمان :

١ ـ قۆناغی یەکەمی جەنگەکە باس ئەکات کە بریتی‌یە لە خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ . قورئان ئەفەرموێ :

﴿ وَإِذْ غَدَوْتَ مِنْ أَهْلِكَ تُبَوِّئُ ٱلْمُؤْمِنِينَ مَقَـٰعِدَ لِلْقِتَالِ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ (آل عمران : ١٢١)

٢ ـ پاشان قورئان باسی ئەو کۆمەڵە مونافیقە ئەکات کە سێصەد کەس ئەبوون و ، بەسەرکردایەتیی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول لە پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵ گەڕانەوە و ، لە نیوەی رێ‌دا ، کە بەرەو ئوحود ئەچوون ، گەڕانەوە بۆ مەدینە ، ئەوەتا ئەفەرموێ :

﴿ وَلِيَعْلَمَ ٱلَّذِينَ نَافَقُوا۟ ۚ وَقِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ قَـٰتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَوِ ٱدْفَعُوا۟ ۖ قَالُوا۟ لَوْ نَعْلَمُ قِتَالًا لَّٱتَّبَعْنَـٰكُمْ ۗ هُمْ لِلْكُفْرِ يَوْمَئِذٍ أَقْرَبُ مِنْهُمْ لِلْإِيمَـٰنِ ۚ يَقُولُونَ بِأَفْوَٰهِهِم مَّا لَيْسَ فِى قُلُوبِهِمْ ۗ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يَكْتُمُونَ ﴿١٦٧﴾ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ لِإِخْوَٰنِهِمْ وَقَعَدُوا۟ لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا۟ ۗ قُلْ فَٱدْرَءُوا۟ عَنْ أَنفُسِكُمُ ٱلْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴾ (آل عمران : ١٦٧ - ١٦٨) .

٣ ـ هەروەها قورئان باسی ئەو دابەش‌بوونە پرمەترسی‌یە ئەکات ، کە بە بۆنەی هەڵگەڕانەوەی مونافیقەکانەوە ، خەریك بوو لە ناو سوپای ئیسلام دا روو بدات ، بەرلەوەی سوپا بگاتە شوێنی خۆی لە ئوحود . ئەفەرموێ :

---

[٤٢٩] غزوة أحد : ٢٦٣ ـ ٢٨٠ ، السيرة النبوية لأبـي شهبة : ٢ / ٢١١ ـ ٢١٤ ، الرحيق المختوم : ٢٨٩ .

﴿ إِذْ هَمَّت طَّآئِفَتَانِ مِنكُمْ أَن تَفْشَلَا وَٱللَّهُ وَلِيُّهُمَا ۗ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴾ (آل عمران : ١٢٢) .

تەفسیرنووسان و مێژوونووسان تەفسیری ئەم ئایەتەیان وەها کردووە ، کە مەبەست بەو دوو تایەفەیە کە وەسوەسەی موونافیقان کاری کردبووە سەر دڵیان و ، نیازیان بوو لە پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵ بگەڕێنەوە ، بەلاّم خوا لەو کارە ناهەموارە ئەوانی دڵسۆز و نییەت پاکی پاراست ، دوو هۆزی ئەنصار بوون کە یەکێکیان نەوەی سەلیمەی خەزرەجیی و ، ئەوی تریشیان نەوەی حاریثەی ئەوسیی بوون ..

ئەم دوو هۆزە بە بۆنەی ئیخلاصیانەوە خوای گەورە لە وەسوەسەی شەیتان پاراستنی و ، مەردانە لە خزمەتی پێغەمبەرەکەیان‌دا هەتا کۆتایی جەنگ بە راستگۆیی مانەوە و ، بەشداری‌یەکی پاڵەوانانەی جەنگیان کرد ، هەتا ئەوەبوو لە نەوەی سەلیمە چوار پیاو شەهید بوون و ، چلیشیان لیێ زامدار بوون .

٤ ـ پاشان قورئان ئاماژە بۆ ئەو سەرکەوتنە خێرایەی موسڵمانان ئەکات کە کە لە سەرەتای جەنگ‌دا ، بە بۆنەی گوێڕایەڵیی و فیداکاری‌یانەوە ، خوای گەورە پێشکەشی کردن و ، سوپای مەککەی تێك شکاند و تەفر و تووناى کرد ، کە ئەفەرمویێ :

﴿ وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥٓ إِذْ تَحُسُّونَهُم بِإِذْنِهِۦ ۖ ﴾ (آل عمران : ١٥٢) .

٥ ـ پاشان قورئان ئاماژە بۆ نەزانکاریی تیرهاوێژەکانی سەر (جبل الرماة) ئەکات ، کە لە ئەمیرەکەیان هەڵ ئەگەڕێنەوە و، بە بۆنەی دنیا خۆش‌ویستنەوە ، گردەکە بەجیێ ئەهێڵن و ، سەرەنجام ئەبنە مایەی شکست‌خواردنی موسڵمانان و ، لە دەست دەرچوونی ئەو سەرکەوتنەی کە لە سەرەتای جەنگ‌دا موسڵمانەکان بە دەستیان هێنا ، تا ئەوەبوو کۆمەڵێك پیاوی ئیسلام شەهید ئەبن و قوڕەیشی پەرتەوازە و شلەژاویش خۆی کۆ ئەکاتەوە و بە هێرشەوە دێتە سەر فەرماندایەتیی موسڵمانان و پێغەمبەری خوا ﷺ زامدار ئەبێت و ، کۆمەڵێك پاڵەوانیش شەهید ئەبن .

قورئان تیرهاوێژەکان بە دوو دەستەی جیاواز ناو ئەبات .. هەندێکیان بە دنیا ویست ناو ئەبات کە ئەوانەن لە عەبدوڵڵای کوڕی جوبەیری ئەمیریان هەڵ گەڕانەوە

و ، کۆمەڵێکیشیان بە قیامەت ویست ناو ئەبات کە ئەوانەن لەسەر گردەکە لەگەڵ ئەمیر مانەوە و بەردەوام بەرگرییان ئەکرد هەتا ئەسپ سوارانی خالید هەموویان شەهید کردن .. شایانی باسە ئاماژەی چاوپۆشیی بۆ هەڵەکەرانیش لە ئایەتەکەدا هاتووە ، کە ئەفەرموێ :

﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَٰزَعْتُمْ فِى ٱلْأَمْرِ وَعَصَيْتُم مِّنۢ بَعْدِ مَآ أَرَىٰكُم مَّا تُحِبُّونَ ۚ مِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلْءَاخِرَةَ ۚ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ ۖ وَلَقَدْ عَفَا عَنكُمْ ۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾ (آل عمران : ١٥٢) .

٦ ـ پاشان قورئانی پیرۆز باسی دامەزراویی پێغەمبەری خوا ئەکات ، لە کاتێکدا کە موسڵمانەکان پەرتەوازە بوو بوون و ، شڵەژا بوون و ، نەیان ئەزانی چیی بکەن ، سەرەڕای ئەو هەموو ترس و لەرزەی کە چووبووە دڵی هەندێکیانەوە :

﴿ إِذْ تُصْعِدُونَ وَلَا تَلْوُۥنَ عَلَىٰٓ أَحَدٍ وَٱلرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ فِىٓ أُخْرَىٰكُمْ فَأَثَٰبَكُمْ غَمًّۢا بِغَمٍّ لِّكَيْلَا تَحْزَنُوا۟ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ وَلَا مَآ أَصَٰبَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴾ (آل عمران : ١٥٣) .

دوای ئەوەی کە موسڵمانەکان سەریان لێ شێوا ، پێغەمبەری خوا ﷺ لە بەشی دواوەی سوپادا ، لە بنکەی فەرماندەیی خۆیەوە ، بەوپەڕی دامەزراوییەوە ، داوای لە موسڵمانان ئەکرد کە خۆیان بگەیەننە لای ئەو و ، لەلای کۆببنەوە ، تا ریزەکانیان یەك بخەنەوە و ، بچنەوە دۆخی بەهێزی جارانیان .

٧ ـ هەروەها قورئان باسی پاگاندەی کوژرانی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەکات ، کە چۆن ئەو پاگاندەیە کارێکی یەکجار سەلبیی کردە سەر ورەی موسڵمانان و ، دەست و پەلی هەندێکی وەها شکاند کە شمشێر فڕێ بدەن و دەستە ئەژنۆ لێی دابنیشین و جەنگ نەکەن . جا قورئان موسڵمانەکان لەوە تێ ئەگەیەنێ کە موحەممەد ﷺ مرۆڤێکە وەك ئەو هەمووانە و ، ئەویش مردنی لە ڕێدایە و بە هەتا هەتایی لە دنیادا نامێنێتەوە ، هەتا ئەگەر لە جەنگیشدا شەهید ببێ ، نابێ شوێنکەوتوانی دینەکەی چەك دانێن و دەست بەرداری دینی حەق بن ، بەڵکو پێویستە چاكتر لە جاران چەك هەڵ گرن و بەرگریی لەو ڕێگا ڕاستە بکەن کە ئەو ئازیزەیان هێناویەتی و لە پێناویدا سەری ناوەتەوە . چونکە ئەگەر مرۆڤەکان لەم

دنیادا فانیی بن ، خۆ دینی خوا هەمیشەیی‌یە و هەتا هەتایە ئەمینێتەوە ، کە ئەفەرموێ :

﴿ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ ۚ أَفَإِيْن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ ٱنقَلَبْتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَـٰبِكُمْ ۚ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ ٱللَّهَ شَيْـًٔا ۗ وَسَيَجْزِى ٱللَّهُ ٱلشَّـٰكِرِينَ ﴾ (آل عمران : ١٤٤) .

٨ ـ هەروەها قورئان ئاماژە بۆ غیرەت و ئازایەتیی و جوامێریی موسلمانان ئەکات کە چۆن حەزیان لە شەهیدیی بووە لە پێناوی خوادا :

﴿ وَلَقَدْ كُنتُمْ تَمَنَّوْنَ ٱلْمَوْتَ مِن قَبْلِ أَن تَلْقَوْهُ فَقَدْ رَأَيْتُمُوهُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ ﴾ (آل عمران : ١٤٣) .

٩ ـ هەروەها ئاماژە بۆ ئەو دەستەیەی موسلمانان ئەکات کە لە کاتی شپرزەبوونەکەدا ورەیان بەر دا و ، لە جیاتیی ئەوەی کە خۆیان بگەیەننە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ لە بنکەی فەرماندەیی‌دا ، کشانەوە بۆ مەدینە :

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَلَّوْا۟ مِنكُمْ يَوْمَ ٱلْتَقَى ٱلْجَمْعَانِ إِنَّمَا ٱسْتَزَلَّهُمُ ٱلشَّيْطَـٰنُ بِبَعْضِ مَا كَسَبُوا۟ ۖ وَلَقَدْ عَفَا ٱللَّهُ عَنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴾ (آل عمران : ١٥٥) .

ئەوانە شەیتان لە خشتەی بردن ، بەلاّم خوای گەورە چاوپۆشیی لیّ کردن .

١٠ ـ هەروەها قورئانی پیرۆز موسلمانەکان ئاگادار ئەکاتەوە کە ئەگەر ئەوان لە ئوحوددا تووشی زەرەر و زیان بووبن ، بە هۆی هەڵەی دەستەیەکیانەوە بووە ، کە تیرهاوێژەکانن ، جا کە پرسیار ئەکەن ئەمە چی‌یە ؟ وەك بلێی ئێمە بە تەمای سەرکەوتن بووین نەك تێكشکان ، ئەی موحەممەدی خۆشەویستمان ! پێیان بلێ : ئەم شکستە ئەنجامی کاری هەڵەی خۆتانە . بە مەرجێ ئەوەی لە ئێوە قەوماوە ، کە شەهیدبوونی حەفتا پیاوتانە ، لە جەنگی بەدردا قورەیش دوو ئەوەندە زیانیان لیّ کەوت ، کە ئەویش کوژرانی حەفتا پیاو و ، بە دیل گیرانی حەفتا پیاویان بوو.

قورئان ئەفەرموێ :

﴿ أَوَلَمَّآ أَصَـٰبَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّىٰ هَـٰذَا ۖ قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنفُسِكُمْ ﴾ (آل عمران : ١٦٥) .

١١ ـ هەروەها قورئان موسڵمانەکان وریا ئەکاتەوە کە مردن کارێکی ئەوەندە سەخت و ناهەموار نیە ئەوان لێی بترسن ، چونکە هەر کەسە ئەجەلێکی دیاری کراوی هەیە و تا کاتی نەیەت مرۆڤ نامرێت ، کە ئەفەرموێ :

﴿ وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ كِتَـٰبًا مُّؤَجَّلًا ﴾ (آل عمران : ١٤٥) .

١٢ ـ پاشان قورئانی پیرۆز سەرنجی سوپای موسڵمانان بۆ ئەوە رائەکێشێ کە ئەوان یەکەم سوپایەکی ئیماندار نین لەگەڵ پێغەمبەرەکەیان تووشی بەلاّ و تاقیی کردنەوە بووبن ، بەڵکو زۆربەی پێغەمبەران ، بە خۆیان و سوپایانەوە تووشی بەلاّ و موصیبەت بوون ، لەگەڵ ئەوەشدا ورەیان بەرنەداوە و ، بەردەوام لە خزمەتی پێغەمبەرەکەیاندا ، بەرامبەر بە دوژمنی کافریان ، خەریکی جەنگ و کوشتار بوون و ، هەر چەندە لێیان کوژرا بێ و لێیان زامدار بووبێ ، هەتا ئەگەر کوژراوەکەش پێغەمبەرەکەیان بووبێ ، ئەوان شانیان شل نەکردووە و ، بەوپەڕی غیرەتەوە لەسەر دینی خۆیان ماونەتەوە و ، بەرگرییان لێ کردووە و ، بەردەوام لە خوای گەورە داوای دامەزراویی و سەرکەوتنیان کردووە . تا لە ئەنجامدا خوای گەورە پاداشتی دنیایی پێ بەخشین و ، بە جوانترین شێوەش لە قیامەتدا پاداشتی دانەوە . قورئان ئەفەرموێ :

﴿ وَكَأَيِّن مِّن نَّبِيٍّ قَـٰتَلَ مَعَهُۥ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ فَمَا وَهَنُوا۟ لِمَآ أَصَابَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَمَا ضَعُفُوا۟ وَمَا ٱسْتَكَانُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلصَّـٰبِرِينَ ﴿١٤٦﴾ وَمَا كَانَ قَوْلَهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسْرَافَنَا فِىٓ أَمْرِنَا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿١٤٧﴾ فَـَٔاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا وَحُسْنَ ثَوَابِ ٱلْـَٔاخِرَةِ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾ (آل عمران : ١٤٦ - ١٤٨) .

١٣ ـ دوای ئەوە قورئان ئاماژە بۆ شەهیدبوون و زامداربوونی موسڵمانەکان ئەکات و لەسەر دامەزراویی و کۆڵ نەدان هانیان ئەدات ، تا ورە و هێزی مەعنەوییان دانەبەزێ و ، خەم و خەفەتیش نەخۆن ، چونکە یاسای خوا وەهایە کە بردنەوەی جەنگ بە نۆبە بێت و ، مەرج نیە موسڵمانان هەمیشە سەرکەون ، بە تایبەت ئەو کاتانەی کە لە فەرمان دەرئەچن . هەروەها ئەگەر موسڵمانان لێیان نەکوژرێ ، ئەی چۆن پلەی شەهیدیی وەربگرن و ، بە ئاواتی خۆیان بگەن . شایانی باسە کە ئەوانەی لە ئوحوددا شەهید بوون بەشی زۆریان خۆیان ئاواتیان

خواستبوو کە شەهیدی‌یان دەست بکەوێ . هەروەها موسڵمانان پێویستی‌یان بە تاقیی‌کردنەوە هەیە ، تا دەرکەوێ تا چ رادەیەك ئامادەی سەروماڵ بەخشینن .
قورئان ئەفەرموێ :

﴿ وَلَا تَهِنُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾ إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ ٱلْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُۥ ۚ وَتِلْكَ ٱلْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ ٱلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَآءَ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿١٤٠﴾ وَلِيُمَحِّصَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَيَمْحَقَ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴾ (آل عمران : ١٣٩ - ١٤١) .

١٤ ـ پاشان قورئان روونی ئەکاتەوە کە شکستهێنانی ئیمان‌داران و شەهیدبوون و زامداربوونی هەندێکیان بۆ ئەوەیە کە تاقیی بکرێنەوە ، تا دەر بکەوێ کە کێ خۆی بە خوا فرۆشتووە و ، مونافیقە خۆ هەڵواسەکانیش دەربکەون و ، ئیمان‌داری لاوازیش جیا بکرێنەوە . قورئان ئەفەرموێ :

﴿ مَّا كَانَ ٱللَّهُ لِيَذَرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَىٰ مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىٰ يَمِيزَ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ ۗ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُطْلِعَكُمْ عَلَى ٱلْغَيْبِ وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ يَجْتَبِى مِن رُّسُلِهِۦ مَن يَشَآءُ ۖ فَـَٔامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ ۚ وَإِن تُؤْمِنُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَلَكُمْ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴾ (آل عمران : ١٧٩) .

هەروەها ئەفەرموێ :

﴿ أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَـٰهَدُوا۟ مِنكُمْ وَيَعْلَمَ ٱلصَّـٰبِرِينَ ﴾ (آل عمران : ١٤٢) .

١٥ ـ هەروەها ئاماژە بۆ ئەو دڵئارامیی و هێمنی‌یە ئەکات کە خوا خستیە دڵی ئیمان‌دارانەوە و ، دوای ئەو شپرزەیی و شڵەژانەیان دامەزراویی پێ بەخشین.
ئەفەرموێ :

﴿ ثُمَّ أَنزَلَ عَلَيْكُم مِّنۢ بَعْدِ ٱلْغَمِّ أَمَنَةً نُّعَاسًا يَغْشَىٰ طَآئِفَةً مِّنكُمْ ۖ ﴾ (آل عمران : ١٥٤) .

لە کتێبەکانی سیرەت‌دا چەسپاوە کە دوای شکستهێنانەکە هەندێ لە موسڵمانان خەونووچکە ئەی‌بردنەوە . زوبەیری کوڕی عەووام وتوویە : رۆژی ئوحود لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بووین ﷺ ، کاتێك کە ترس دەورەی دابووین ، یەك بە

یەکمان خەو ئەیبردینەوە بە رادەیەك کە زنجی هەر یەکەمان نووسا بوو بە سنگیەوە .

لە کەعبی کوڕی عەمری ئەنصارییشەوە ئەگێڕنەوە کە وتوویە : خۆم و چواردە خزمم لە تەنیشت پێغەمبەری خوادا بووین ﷺ کە تووشی خەونووچکە بووین بە هۆی ئەو دڵ بێخەمی‌یەوە کە خوا پێمانی بەخشیی ، ئەوەبوو یەك بە یەکمان پرخەی لێ دا ، بە رادەیەك کە قاپەکان ئەیان دا لە یەك و ، چاویشم لێ بوو کە شمشێرەکەی بەڕائی کوڕی مەعروور لە دەستی کەوتە خوارەوە و ، لەبەر خەواڵوویی هەستی پێ نەکرد .

جا ئەم خەواڵوویی‌یە بەڵگەی دڵ ئارامیی و نەبوونی ترسە لە ڕۆشنایی ڕۆژدا ، بێئەوەی هێشتا جەنگ کۆتایی هاتبێ ..

١٦ ـ قورئان ئاماژە بۆ دەستەیەکی تری سوپای ئوحود ئەکات کە دەستەیەکی ئیماندارن ، بەڵام لاواز و بەرگە نەگرن و ، بۆڵە و گلەیی لە دەمیان دەرئەچێت :

﴿ وَطَآئِفَةٌ قَدْ أَهَمَّتْهُمْ أَنفُسُهُمْ يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيْرَ ٱلْحَقِّ ظَنَّ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ ۖ يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ ٱلْأَمْرِ مِن شَىْءٍ ۗ قُلْ إِنَّ ٱلْأَمْرَ كُلَّهُۥ لِلَّهِ ۗ يُخْفُونَ فِىٓ أَنفُسِهِم مَّا لَا يُبْدُونَ لَكَ ۖ يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ ٱلْأَمْرِ شَىْءٌ مَّا قُتِلْنَا هَٰهُنَا ۗ قُل لَّوْ كُنتُمْ فِى بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ ٱلَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقَتْلُ إِلَىٰ مَضَاجِعِهِمْ ۖ وَلِيَبْتَلِىَ ٱللَّهُ مَا فِى صُدُورِكُمْ وَلِيُمَحِّصَ مَا فِى قُلُوبِكُمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴾ (آل عمران : ١٥٤) .

١٧ ـ هەروەها ئاماژەی بۆ ئەو هەڵوێستەی هەندێ لە ئیمان لاوازەکان کردووە، کە ئەوەبوو دوای شکستی موسڵمانەکان و بڵاوبوونەوەی پاگاندەی کوژرانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، هەندێ ویستیان پەیوەندیی بە سەرۆکی مونافیقەکانەوە بکەن تا لەلای ئەبوسوفیان ئەمانیان بۆ وەربگرێ . قورئانی پیرۆز ئەوانەش و تێکڕای موسڵمانانی بۆ ئەوە هەڵ نا با دان بە خۆیاندا بگرن و ، خۆیان نەدەنە دەست ئەو ئاژاوەچیی و سەرگەردانانەی کە خۆشیان نازانن خەریکی چین ، کە ئەفەرموێ :

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِن تُطِيعُوا۟ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يَرُدُّوكُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ فَتَنقَلِبُوا۟ خَٰسِرِينَ ﴿١٤٩﴾ بَلِ ٱللَّهُ مَوْلَىٰكُمْ ۖ وَهُوَ خَيْرُ ٱلنَّٰصِرِينَ ﴾(آل عمران : ١٤٩ـ١٥٠).

١٨ ـ هەروەها قورئان هەڵوێستی نامەردانەی مونافیقان دەرئەخات کە پێ خۆشبوونی خۆیان دەرئەبڕیی و دەستیان بەسەر سنگیانا ئەهێنا ، بە بۆنەی شکستخواردنی موسڵمانانەوە ، بەوەی کە هەندێکیان لێ شەهید بووبوون ، کە ئەیانوت : ئەگەر ئەوانە لەگەڵ خۆمان دا بوونایە نەئەکوژران ، قورئان ئەفەرموێ :

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَقَالُواْ لِإِخْوَٰنِهِمْ إِذَا ضَرَبُواْ فِى ٱلْأَرْضِ أَوْ كَانُواْ غُزًّى لَّوْ كَانُواْ عِندَنَا مَا مَاتُواْ وَمَا قُتِلُواْ لِيَجْعَلَ ٱللَّهُ ذَٰلِكَ حَسْرَةً فِى قُلُوبِهِمْ ۗ وَٱللَّهُ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿١٥٦﴾ وَلَئِن قُتِلْتُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَوْ مُتُّمْ لَمَغْفِرَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَحْمَةٌ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴿١٥٧﴾ وَلَئِن مُّتُّمْ أَوْ قُتِلْتُمْ لَإِلَى ٱللَّهِ تُحْشَرُونَ ﴾ (آل عمران : ١٥٦ - ١٥٨) .

١٩ ـ مونافیقان پاگاندەیەکی تریان بەناو مەدینەدا بڵاو ئەکردەوە تا دڵی خەڵکیی لە ئیسلام سارد بکەنەوە ، کە ئەیان وت : ئەگەر موحەممەد پێغەمبەر بوایە شکستی نەئەخوارد و زامداریش نەئەبوو ، قورئان ئامۆژگاریی پێغەمبەر و موسڵمانان ئەکات تا خەفەت بۆ ئەو سەرگەردانانە نەخۆن ، چونکە ئەوانە هیچ نین و توانایان نیە زیان بە خوا بگەیەنن . ئەوانە دۆڕاوی دنیا و قیامەتن ، کە ئەفەرموێ :

﴿ وَلَا يَحْزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَـٰرِعُونَ فِى ٱلْكُفْرِ ۚ إِنَّهُمْ لَن يَضُرُّواْ ٱللَّهَ شَيْـًٔا ۗ يُرِيدُ ٱللَّهُ أَلَّا يَجْعَلَ لَهُمْ حَظًّا فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ (آل عمران : ١٧٦) .

٢٠ ـ پاشان قورئان باسی هەڵوێستی مەردانەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەکات کە بەرامبەر ئەوانە نواندی کە لە فەرمانی دەرچوون و گوێڕایەڵی یان بۆ نەخشەکانی نەکرد و ، بوونە هۆی شکستی موسڵمانان ، دوای ئەوەی کە خەریك بوو بگەنە لووتکەی سەرکەوتن ، هەروەها بەرامبەر بەوانەی کە دوای شپرزەبوون مەیدانی جەنگیان بەجێ هێشت . ئەمەش کۆمەکیی خوا بوو وا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو هەڵوێستە جوانەی گرتە بەر و ، سزای ئەو هەڵەکارانەی نەدا و ، دڵی نەشکاندن و، بە نەرم و نیانیی لەگەڵیان جووڵایەوە و ، سەرەنجام ئەوانیش دڵیان زیاتر لە جاران بۆ خزمەتی ئیسلام گەرم بوو و ، بە دڵ و بە گیان چوونەوە ژێر فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ قورئان ئەفەرموێ :

﴿ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِى ٱلْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَوَكِّلِينَ ﴾ (آل عمران : ١٥٩) .

٢١ ـ هەروەها قورئانی پیرۆز باسی ئەو غیرەت و ئازایەتی‌یەی پێغەمبەر و سوپای ئوحود ئەکات کە چۆن دوای چەند سەعاتێك لە کۆتایی هاتنی جەنگی ئوحود ، کەوتنە شوێن سوپای مەککە و راویان نا و ، سەلماندیان کە شێرەکانی مەدینە بۆ هیچ هێزێك مل دانانەوێنن و ، سەرکەوتنیش هەر هی خۆیانە و بەس . قورئان ئەفەرموێ :

﴿ ٱلَّذِينَ ٱسْتَجَابُواْ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ مِنۢ بَعْدِ مَآ أَصَابَهُمُ ٱلْقَرْحُ لِلَّذِينَ أَحْسَنُواْ مِنْهُمْ وَٱتَّقَوْاْ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿١٧٢﴾ ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدْ جَمَعُواْ لَكُمْ فَٱخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَٰنًا وَقَالُواْ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾ فَٱنقَلَبُواْ بِنِعْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضْلٍ لَّمْ يَمْسَسْهُمْ سُوٓءٌ وَٱتَّبَعُواْ رِضْوَٰنَ ٱللَّهِ وَٱللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَظِيمٍ ﴾ (آل عمران : ١٧٢ ـ ١٧٤).

٢٢ ـ لە دوا خاڵدا ئەبینین قورئان باسی پایە و پلەی شەهیدان ئەکات ، کە نابێ حیسابی مردوویان بۆ بکرێ . قورئان ئەفەرموێ :

﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُواْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتًا بَلْ أَحْيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴿١٦٩﴾ فَرِحِينَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِٱلَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُواْ بِهِم مِّنْ خَلْفِهِمْ أَلَّا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿١٧٠﴾

۞ يَسْتَبْشِرُونَ بِنِعْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضْلٍ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾ (آل عمران : ١٦٩ ـ ١٧١) ..[٤٣٠]

بیست و چوارەم : کۆسپەکانی بەردەم سوپای ئوحود :

بە راستیی رووداوەکانی جەنگی ئوحود زنجیرە تاقیی‌کردنەوەیەکی یەکجار سەخت بوون ، بۆ هەڵسەنگاندنی ئیمان و ئیخلاصی موسڵمانەکان ، تا بەهێز و لاواز و ، پاك و پیس جیا بکرێنەوە .

[٤٣٠] غزوة أحد : ٢٨٠ ـ ٢٩٢، الرحيق المختوم: ٢٩٣ ـ ٢٩٤، السيرة النبوية لأبـي شهبة : ٢ / ٢٢٠ ـ ٢٢٦.

له غەزای بەدردا موسڵمانەكان زۆر بە ڕێك و پێكیی چووبوونە ژێر ئاڵای پێغەمبەری خواوە ﷺ و ، بە چاكیی فەرمانەكانیان ئەنجام ئەدان و ، هیچ كەمتەرخەمی یەك لە كارەكانیاندا دەرنەئەكەوت ، بۆیە ئەنجامی باشی دا و سەركەوتن پێشكەش بە موسڵمانان كرا .

بەڵام لە غەزای ئوحوددا كۆسپ و تەگەرەی زۆر هاتنە بەردەم سوپای ئیسلام ، ئەمەش پێش ئەوەی كە سوپا مەدینە بەجێ بهێڵێ .

یەكەم جار ناجۆری یەك لە بیركردنەوە و نەخشەكێشاندا لە نێوان فەرمانده‌ی گشتیی ، كە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ ، كە عەبدوڵلای كوڕی ئوبەی لەگەڵیا هاوڕا بوو و ، كۆمەڵی فەرماندەكانی سوپادا ، كە گەنجە خوێن گەرمەكان پشت گیری یان ئەكرد ، ڕووی دا .

پێغەمبەری خوا ﷺ ڕای وەها بوو كە موسڵمانەكان لە ناو شاردا بمێننەوە و ، ئەگەر قوڕەیش هێرشی كرد ، لە شەقامەكانی مەدینەدا بچن بە گژیا . بەڵام فەرماندەكان و ، ئەو گەنجە خوێن گەرمانەی كە لە پاداشتی بەدر بێبەش بوو بوون ، دڵیان گڕی گرت بوو و ، پێیان خۆش بوو لە شار دەرچن ، تا زووبەزوو بچن بە گژی دوژمندا و ، سەرومالْ بەختكردنی سەربازەكانی ئیسلام بۆ عەقیدەكەیان بسەلمێنن . لە ئەنجامدا پێغەمبەری خوا ﷺ ڕای زۆربەی موسڵمانانی وەرگرت و بڕیاری دا كە لە شار دەرچن .

ئەم ناجۆری یە كارێكی ئاسان بوو و ، بە ئاسانیی چارەسەر كرا ، بەڵام لە ڕێگادا كە سوپای ئیسلام ، بە سەركردایەتیی پێغەمبەری خوا ﷺ بەرەو ئوحود ئەڕۆی ، ناجۆری یەكی تر دروست بوو ، كە ڕەنگ دانەوەی ناجۆریی یەكەم بوو .

كە پێغەمبەری خوا ﷺ وازی لە ڕای خۆی هێنا و بە گوێی فەرماندەكان و گەنجەكانی كرد ، سەرۆكی نیفاق ئەمەی گرتە دڵ و ، لە نیوەی ڕێدا بە خۆی و سێصەد مونافیقەوە گەڕانەوە دوا و ، لێك دابڕانێكی گەورەی بەرپا كرد و ، مەترسی یەكی یەكجار گەورە ڕووی كردە سوپای موسڵمانان ، كە خەریك بوو ببێتە مایەی پەرتەوازەبوونی سەربازەكان و هەڵوەشانەوەی سوپا ، بێ ئەوەی گەیشتبێتە لای دوژمن ..

دوای ئەم هەڵگەڕانەوەیەی مونافیقان و گەڕانەوەیان بۆ ناو شار چەندین زەحمەت و مەینەت و تاقیی‌کاریی سەخت هاتنە بەردەم پێغەمبەری فەرماندە و هاوەڵەکانی ..

یەکێ لەو ناڕەحەتی‌یانە بریتی بوو لەوەی کە دوو هۆزی تر خەریك بوو هەڵ بگەڕێنەوە و ، دەست بەرداری جەنگ بن ، ئەگەر سۆزی خوایان فریا نەکەوتایە ..

یەکێ تر لەو ناڕەحەتی‌یانە ئەوەبوو دوای هەڵ گەڕانەوەی مونافیقان هەندێ لە فەرماندەکان داوای ئەوەیان ئەکرد کە ئەو مونافیقانە تەمێ بکرێن و ، لە ناو ببرێن مادام لەو کاتە ناسکەدا پشتی ئیسلامیان بەر دا .. خۆ ئەگەر وەها بکرایە ئەوا سوپای ئیسلام تووشی مەینەتێکی زۆر ئەهات و سەرەنجامێکی یەکجار خراپی ئەبوو . بەڵام خوای گەورە پێغەمبەری ئازیزی ﷺ خستە سەر ڕێبازی حیکمەت و ژیریی و ئەو کارەی ئەنجام نەدا و وازی لە مونافیقان هێنا .

لەگەڵ ئەمەش‌دا سوپای موسڵمانان مەردانە چووە مەیدانی دوژمنەوە و ، جەنگێکی پیاوانەی کرد و ، هەر چەندە سوپای مەککە زۆر بە تفاق و بەهێز بوو ، ئەو سوپا بچکۆلە لە سەرەتادا دەستێکی چاکی لە سوپای مەککە وەشاند و لە مەیدانی جەنگ‌دا راوی نا ..

بەڵام کارەساتێکی چاوەڕوان نەکراو هاتە بەردەم سوپای مەدینە کە بە زیانێکی گەورە لێی دەرباز بوو ، ئەویش چۆڵ کردنی (جبل الرماة) بوو لەلایەن تیرهاوێژەکانەوە ، تا ئەوەبوو حەفتا شەهیدیان دا و ، سەرکەوتنەکەی لاپەڕەی یەکەمی جەنگیان لە دەست دەرچوو و ، سوپا تێك شکاوە هەڵاتووەکەی مەککە هەڵ گەڕایەوە و هاتەوە ناو مەیدانی جەنگ و ، ئابلووقەی موسڵمانانیان دا ..

بەڵام موسڵمانەکان نەخۆیان بە دەستەوە دا و ، نە کەل وپەل و چەکیان کەوتە دەست دوژمن و ، نە مەیدانی جەنگیان چۆڵ کرد بۆ دوژمن ، هەروا جەنگان تا خۆیان لە ئابلووقە رزگار کرد و خۆیان گەیاندەوە لای پێغەمبەری فەرماندە ﷺ و، لاپەڕەی سێ‌هەمی جەنگیان هێنایە پێش و ، قوڕەیشیان لە هێرش‌کردن وەستاند و ، خۆیان وەها کۆکردەوە کە قوڕەیش بەبێ دەنگ و بە پەلە مەیدانی جەنگ چۆڵ بکا و هەر ئەو ئێوارەیە مەدینە بەجێ بهێڵێ و بەرەو مەککە بکەوێتە رێ ، وەك قوڕەیش خۆی بزانێ کە سەرکەوتنی لاپەڕەی دووهەمی جەنگ کارێکی کاتیی بوو و ، ئەوان ناتوانن لەبەردەم سوپای هاوەڵان‌دا دان بە خۆیان‌دا بگرن .

کەواتە وەك موسڵمانان لە بەدردا سەرکەوتن و بوونە خاوەنی مەیدان ، قورەیش لە ئوحوددا وەها سەرنەکەوتن و ، نەیان توانیی لە مەیداندا بمێننەوە و ، نەشیان توانیی موسڵمانان لە مەیدانی جەنگ راو بنێن .

کەواتە ئەوە سەرکەوتنی راستەقینە نەبوو ، چونکە موسڵمانەکان کوژراوەکانیان کۆکردنەوە و هەر ئەو ئێوارەیە ناشتنیان . هەروەها نە دیلیان لێ گیرا و ، نە کەل و پەل و چەکیشیان کرایە دەستکەوت .

ئەگەر قورەیش سەرکەوتنی راستەقینەی بە دەست بهێنایە ئەبوایە هەڵمەتی بدایە لە مەدینەدا هەندێ دیلی بگرتایە و دەستکەوتی دەست خۆی بخستایە . بەڵام نەیوێرا ئەوەش بکات .

لەلایەکی ترەوە قورەیش ئەوەندە بە پەلە مەیدانی جەنگی بەجێ هێشت ، شایانی ئەوەیە ناوی هەڵاتووی لێ بنرێ . چونکە ئەبوسوفیان ئەوەی بە چاك زانیی نەهێڵێ دەستی موسڵمانەکان بگاتە قورەیش ، نەوەکو لە بەدر خراپتریان پێ بکەن ، بەڵگەی ئەمەش هەڵمەتبردنی موسڵمانەکانە بۆ (حمراء الأسد) و هەڵاتنی قورەیشە بەرەو مەککە .[٤٣١]

بیست و پێنجەم : رووداوی تری ساڵی سێهەم :

(أ) مارەکردنی ئوم کولثووم لەلایەن عوثمانەوە :

لەم ساڵەدا سەردارمان عوثمانی کوڕی عەففان خوا لێی رازیی بێ خاتوو ئوم کولثوومی کچی پێغەمبەری خوای ﷺ مارە کرد ، دوای ئەوەی کە روقیەی کچی پێغەمبەر ﷺ ، کە هاوسەری یەکەمی بوو لە کاتی جەنگی بەدردا کۆچی دوایی کرد .. ئەوەبوو لە مانگی جومادی دووهەمدا گواستیەوە .

کاتێك کە عوثمان خوازبێنیی خاتوو ئوم کولثوومی لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد، پێی فەرموو : ((لوكان لي يا عثمان عشرة لزوجتك واحدة بعد الأخرى)) . فەرمووی : عوثمان ! ئەگەر دە کچم هەبن یەك لە دوای یەك مارەیان ئەبڕم لێت .

ئەڵێن : جگە لە عوثمان هیچ کەسێکی تر دوو کچی پێغەمبەرێکی یەك لە دوای یەك مارە نەکردوون لەبەر ئەمە نازناوی : ((ذو النورين)) ی بەسەردا بڕاوە.

---

[٤٣١] غزوة أحد : ٢٩٣ _ ٣٠٢ .

(ب) مارەکردنی حەفصە لەلایەن پێغەمبەری خواوە :

هەر لەم ساڵەدا پێغەمبەری خوا ﷺ خاتوو حەفصەی کچی عومەری کوڕی خەططابی مارە کرد .. خاتوو حەفصە لەوە و پێش هاوسەری خونەییسی کوڕی حوذافەی سەهمیی بووە ، کە هاوەڵێکی بەدریی بووە و ، دوای جەنگی بەدر کۆچی دوایی کردووە .

بوخاریی لە صەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە کە عومەر خوا لێی رازیی بێ داوا لە عوثمان ئەکات ، دوای مردنی روقیەی هاوسەری ، تا حەفصە مارە بکات . ئەویش ئەفەرموێ : پێویستییم بە ژن هێنان نیە . پاشان داوا لە ئەبوبەکر ئەکات تا مارەی بکات ، ئەبوبەکریش بێدەنگ ئەبێت و هیچ وەڵامێکی ناداتەوە ، بە رادەیەك کە عومەر دڵی لە خۆی دائەمێنێ . پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ خوازبێنیی (حەفصە) ئەکات و ئەویش لێی مارە ئەکات . دوای خوازبێنییەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەبوبەکر بۆ عومەر روون کردەوە کە تەنها ئەوە لە وەڵام دانەوە قەدەغەی کرد کە ئەیزانیی پێغەمبەری خوا ﷺ ناوی بردووە و ، پێیشی ناخۆش بوو نهێنیی پێغەمبەری خوا بڵاو بکاتەوە ..

بەم خوازبێنییە پێغەمبەری خوا پەیوەندیی خۆی بە وەزیری دووهەمیەوە پتەو تر کرد ، هەروەك پێشتر پەیوەندیی بە یەکەم وەزیریەوە پتەوتر کرد بوو ، ئەویش بە مارەکردنی خاتوو عائیشە .

(ج) لەدایك بوونی حەسەن :

هەر لەم ساڵەدا فاطیمەی کچی پێغەمبەری خوا ﷺ حەسەنی کوڕی بوو و ، بۆ ساڵی داهاتووش حوسەینی بوو .[٤٣٢]

[٤٣٢] السيرة النبوية لأبـي شهبة : ٢ / ٢٣٠ ـ ٢٣١ .

ناوەرۆك

لاپەڕە	بابەت
٥	پێشکەش
٦	پێشەکیی
٩	بەشی یەکەم
	کورتەیەک لە مێژووی عەرەب پێش هاتنی ئیسلام
٣٤	بەشی دووهەم
	حکوومەتەکانی عەرەب پێش هاتنی ئیسلام
٣٤	یەکەم : شارستانێتیی سەبەء لە وڵاتی یەمەندا
٣٥	دووهەم : شارستانێتیی عاد لە ناوچەی ئەحقافدا
٣٥	سێهەم : شارستانێتیی ثەموود لە حیجازدا
٣٨	پادشایەتیی یەمەن
٤٢	مەملەکەتی ئەنباط
٤٢	پادشایەتیی حیرە
٤٥	پادشایەتیی شام
٤٦	حوکمڕانیی حیجاز
٤٩	بەشی سێهەم
	دین داریی عەرەب پێش هاتنی ئیسلام
٦٣	بەشی چوارەم
	دیمەنی کۆمەڵگای نەفامیی عەرەبیی
٦٣	یەکەم : ژیانی کۆمەڵایەتیی
٦٩	دووهەم : خووڕەوشت
٧٣	سێهەم : باری ئابووریی
٧٦	چوارەم : بەرپا بوونی شارستانیەت

٧٨ بەشی پێنجەم

کاربەدەستانی ماڵی خوا

٧٨ یە کەم : دەسەلاتی جورهوم

٨٠ دووهەم : دەسەلاتی خوزاعە

٨١ سیێهەم : دەسەلاتی قوصەی

٨٣ چوارەم : دەسەلاتی عەبدوددار

٨٣ پێنجەم : دەسەلاتی هاشم

٨٦ شەشەم : دەسەلاتی عەبدولموطەللیب

٨٦ حەوتەم : خەوەکەی عەبدولموطەللیب

٩١ هەشتەم : نەزری سەربڕینی کوڕێك

٩٤ بەشی شەشەم

لە دایک بوون

٩٤ یەکەم : ژن هێنانی عەبدوڵلاّ

٩٨ دووهەم : خەوێکی تری عەبدولموطەللیب

٩٩ سیێهەم : سوپای ئەبرەهە

١٠٥ چوارەم : لە دایك بوون

١٠٩ پێنجەم : ناو ونەسەب

١١٧ بەشی حەوتەم

شیر پیێدان و پیێ گەیشتنی

١١٧ یەکەم : شیر پیێدان

١٢٣ دووهەم : سنگ لەت کردن

١٢٧ سیێهەم : مۆری پێغەمبەرایەتیی

١٢٨ چوارەم : بۆلای دایکی

١٢٩ پێنجەم : لەلای باپیری

١٣١ شەشەم : لەلای مامەی

١٣٢ حەوتەم : مەڕ لەوەڕاندن

١٣٤ هەشتەم : گەشتی شام

١٣٥ نۆهەم : جەنگی فیجار

١٣٧ دەهەم : پەیمانی فەضول

١٣٩ بەشی هەشتەم

سەردەمی پێش پێغەمبەرایەتیی

١٣٩ یەکەم : رەنج و تەقالا

١٤١ دووهەم : مارەکردنی خەدیجە

١٤٥ سێهەم : نوێ کردنەوەی بینای کەعبە

١٥٠ چوارەم : یارمەتیی دانی ئەبوطالیب

١٥١ پێنجەم : سەرەنجامی منداڵەکانیان

١٥٢ شەشەم : بە کوڕکردنی زەید

١٥٣ حەوتەم : ژیانێکی پاك و بێگەرد

١٥٧ هەشتەم : جیهان چاوەڕوانی رزگارکەرە

١٥٩ نۆهەم : مژدەی هاتنی پێغەمبەر ﷺ

١٦٧ دەهەم : چاوەڕوان نەبوون

١٦٩ بەشی نۆهەم

هاتنی وەحی

١٦٩ یەکەم : ماوەی گۆشەگیریی

١٧١ دووهەم : هاتنی وەحی

١٧٥ سێهەم : وەستانی وەحی

١٧٦ چوارەم : بەشەکانی وەحی شەرعیی

١٨٠ پێنجەم : هاتنەوەی وەحی

١٨٠ شەشەم : ئەرکی بانگ کردن

١٨٤ حەوتەم : هاتنەخوارەوەی (الضحی)

١٨٦ بەشی دەهەم

قۆناغەکانی بانگەوازی ئیسلام

١٨٦ قۆناغی بانگ بە نهێنیی

١٨٦ یەکەم : دەستەی یەکەمی ئیمان داران

١٩١ دووهەم : دەستەی دووهەمی ئیمان داران
١٩١ سێهەم : دەستەی سێهەمی ئیمان داران
١٩٦ چوارەم : ماڵی ئەرقەم
١٩٧ پێنجەم : نوێژ و خواپەرستیی
١٩٨ شەشەم : پاڵەوانی بێباك
٢٠١ بەشی پانزەهەم
قۆناغی بانگ بە ئاشکرا
٢٠١ یەکەم : ئاشکرا کردن
٢٠٤ دووهەم : دژایەتیی ئەبولەهەب و هاوسەرەکەی
٢٠٨ سێهەم : بەرگریی و خۆشەویستیی ئەبوطالیب
٢١٠ چوارەم : دژایەتیی ئەبوجەهل
٢١٣ پێنجەم : عوقبەی بەدبەخت
٢١٧ شەشەم : بانگ کردنی ناوداران
٢٢٠ حەوتەم : مەزنیی ئازیز
٢٢٣ هەشتەم : موسڵمان بوونی حەمزە
٢٢٧ نۆهەم : موسڵمان بوونی طوفەیل
٢٣٠ دەهەم : هانابردن بۆ لای ئەبوطالیب
٢٣٤ یانزەهەم : کارێکی گێلانە
٢٣٦ دوانزەهەم : بانگەوازی راستیی
٢٣٩ سیانزەهەم : دڵ خۆش کردن بە ماڵ و پایە ودەسەلات
٢٤٦ چواردەهەم : بە ئاشکرا خوێندنی قورئان
٢٤٧ پانزەهەم : هەوڵی دووهەمی عوتبە
٢٥٥ شانزەهەم : سووك تەماشاکردنی موسڵمانە لاوازەکان
٢٦٠ حەڤدەهەم : پرسیاری بت پەرستان
٢٦٥ هەژدەهەم : گاڵتە و سووکایەتیی
٢٦٩ نۆزدەهەم : سزا و ئازاردان
٢٧٤ بیستەم : موسڵمانە لاوازەکان و سزای قورەیش

٢٩٦ بەشی دوانزەهەم

چەند ڕووداوێکی گرنگ

٢٩٦ یەکەم : کۆچ کردن بۆ حەبەشە

٢٩٨ دووهەم : موسڵمان بوونی عومەر

٣٠٥ سێهەم : نووسراوە ستەم کارانەکە

٣٠٩ چوارەم : گەڕانەوەی کۆچ کەرانی حەبەشە

٣١٠ پێنجەم : کۆچی دووهەمی حەبەشە

٣١٨ شەشەم : کۆچ کردنی ئەبوبەکر

٣٢٢ حەوتەم : هەڵوەشاندنەوەی نووسراوە ستەمکارانەکە

٣٢٥ هەشتەم : چەند موعجیزەیەك

٣٢٨ نۆهەم : جەنگی ڕۆم و فارس

٣٣٠ دەهەم : ساڵی ماتەمینیی

٣٤٠ یانزەهەم : سەردانی طائیف

٣٤٧ دوانزەهەم : گەشتی ئیسرا و میعراج

٣٦٠ سیانزەهەم : بانگ‌کردنی هۆزەکان

٣٧٦ چواردەهەم : موسڵمان بوونی ئەنصار

٣٨١ پانزەهەم : پەیمانی یەکەمی عەقەبە

٣٨٤ شانزەهەم : یەکەم نێرراو لە ئیسلامدا

٣٨٩ حەڤدەهەم : پەیمانی دووهەمی عەقەبە

٤٠٧ بەشی سیانزەهەم

کۆڵ نەدان وئارام گرتن

٤١٦ بەشی چواردەهەم

کۆچ کردن بۆ مەدینە

٤٣٠ بەشی پانزەهەم

کۆچ کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ

٤٦٩ بەشی شانزەهەم

گەیشتنە مەدینە

٤٨٦ بەشی حەڤدەهەم

دروست کردنی مزگەوتی مەدینە

٤٩٣ بەشی هەژدەهەم

کۆمەڵگای مەدینە

٥١٥ بەشی نۆزدەهەم

ژیانی مەدینە

٥٣٥ بەشی بیستەم

ساڵی یەکەمی کۆچیی

٥٣٩ سریەی (سیف البحر)

٥٣٩ سریەی (رابغ)

٥٤٠ سریەی (الخرار)

٥٤٣ بەشی بیست و یەکەم

جیهاد لە ئیسلام دا

٥٧٦ بەشی بیست و دووهەم

ڕووداوەکانی ساڵی دووهەمی کۆچیی

٥٧٦ (١) ڕووکردنەوە کەعبەی پیرۆز

٥٨٠ (٢) فەرزبوونی ڕۆژوو

٥٨٢ (٣) زەکاتی فیگر

٥٨٣ (٤) نوێژی جەژن

٥٨٥ (٥) فەرزبوونی زەکات

٥٨٧ (٦) غەزای ئەبواء یان وەددان

٥٨٨ (٧) غەزای بواط

٥٨٨ (٨) غەزای عوشەیرە

٥٨٩ (٩) غەزای بەدری یەکەم (غەزای سەفوان)

٥٨٩ (١٠) سریەی عەبدوڵلای کوڕی جەحش (نەخلە)

٥٩٤ بەشی بیست و سێهەم

غەزای بەدری گەورە

٦٧٢ یەکەم : بەدرییە موهاجیرەکان

٦٧٦ دووهەم : بەدرییە ئەنصارەکان

٦٨٧ تایبەت مەندییەکانی ئەهلی بەدر

٦٩٣ ئەنجامەکانی غەزای بەدر

٦٩٤ پەندەکانی بەدر

٦٩٨ هۆ رواڵەتییەکانی سەرکەوتن لە بەدردا

٧٠١ بەشی بیست و چوارەم

رووداوەکانی نێوان بەدرو ئوحود

٧٠٢ یەکەم : غەزای نەوەی سولەیم لە کودر

٧٠٣ دووهەم : غەزای نەوەی قەینوقاع

٧١٠ سێهەم : غەزای قاوت

٧١٢ چوارەم : غەزای (ذوأمر)

٧١٤ پێنجەم : کوشتنی کەعبی کوڕی ئەشرەف

٧١٨ شەشەم : غەزای بوحران یان قەردە

٧١٩ حەوتەم : سریەی زەیدی کوڕی حاریثە

٧٢٢ بەشی بیست و پێنجەم

غەزای ئوحود

٧٢٢ یەکەم : هۆی بەرپابوونی ئەم جەنگە

٧٢٤ دووهەم : فەرماندە و ژمارەی سوپای قورەیش

٧٢٥ سێهەم : بەشداریی ئافرەتانی قورەیش

٧٢٧ چوارەم : سوپای مەککە ئەکەوێتە رێ

٧٢٨ پێنجەم : هەواڵی قورەیش ئەگاتە مەدینە

٧٢٩ شەشەم : خۆ ئامادە کردنی مەدینە

٧٣٦ حەوتەم : خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ

٧٣٩ هەشتەم : نزیك بوونەوەی جەنگ

٧٤٢	نۆهەم : سەرەتای جەنگ
٧٤٦	دەهەم : گەرم بوونی جەنگ
٧٥٣	یانزەهەم : هەڵەی تیر هاوێژەکان
٧٦٦	دوانزەهەم : بەهێز بوونەوەی موسڵمانان
٧٧٤	سیانزەهەم : دەوری ئافرەت لە جەنگی ئوحوددا
٧٨٠	چواردەهەم : کشانەوەی سوپای ئیسلام
٧٨٤	پانزەهەم : موسڵمانەکان پاڵ بە کێوەکەوە ئەدەن
٧٨٧	شانزەهەم : شێواندنی جەستەی شەهیدەکان
٧٩١	حەڤدەهەم : کۆتایی جەنگ و کشانەوەی سوپای مەککە
٧٩٦	هەژدەهەم : گەڕان بە دوای شەهیدەکاندا
٨٠٢	نۆزدەهەم : کۆکردنەوەی شەهیدەکان و ناشتنیان
٨١٠	بیستەم : گەڕانەوەی سوپای ئیسلام بۆ مەدینە
٨١٦	بیست و یەکەم : هەڵمەتی (حمراء الأسد)
٨٣١	بیست و دووهەم : کوژراوانی هەردوو سوپا
٨٤٣	بیست و سێهەم : قورئان باسی جەنگەکە ئەکات
٨٥١	بیست و چوارەم : کۆسپەکانی بەردەم سوپای ئوحود
٨٥٤	بیست و پێنجەم : ڕووداوی تری ساڵی سێهەم
٨٥٦	ناوەڕۆک

موحەممەدی ئازیزمان ! کاتی خەو و حەسانەوە نەما .. ئەوە نەما تۆ بۆ خۆت بژیت .. ئەوە نەما هەوڵ بدەیت ژیان و گوزەرانی ماڵ و منداڵت خۆش بکەیت .. هەستە مرۆڤایەتیی سەرگەردان بووە .. نرخ و بەهای مرۆڤ دابەزیوە .. مرۆڤەکان خوای خۆیان بە چاکیی ناناسن .. ڕێی ڕاستیان ون کردووە .. زوڵم و ستەم باڵی کێشاوە بەسەر زەوییدا ..

هەستە ، دەست بە کاری خۆت بکە .. تۆ بۆ کارێکی یەکجار مەزن هەڵ بژێرراوی .. ئەو کارە پیرۆزە فەرامۆش مەکە .. هەموو سەرزەویی چاوەڕوانتە .. مرۆڤایەتیی تا ئاخرزەمان بەتەمایە تۆ ڕزگاری بکەی .. ئەوەتا نەخشە و دەست بە کار بە ..

هەستە ، کاری پیرۆز چاوەڕوانتە .. دڵە شەیداکانی حەق و ڕاستیی چاوئەگێڕن بزانن کێ ئاڵای ڕاستیی بە ڕاستیی بەرز ئەکاتەوە ، تا بچنە ژێریەوە و کۆشش بکەن .. خزمەتی حەق بکەن.. چاکە لە سەرزەوییدا بڵاو بکەنەوە ..

بەڵێ ، ئازیزمان ! هەستە .. سوپایەکی مەزن لە پیاوچاکانی سەرزەویی ، تا ئاخرزەمان چاوەڕوانن تۆی بەڕێز ئاڵا بەرز کەیتەوە ..

سوپایەکی بەڕێز ئامادەیە تا فەرمان بدەیت و ، ئەویش تەخت و تاجی زوڵم لە بن بهێنێ ..

سوپایەکی مەزن چاوەڕوانە تۆی بەڕێز نەخشەی پاککردنەوەی دڵ و دەروونیان پیشان بدەیت ، تا ئەوانیش یەك لە دوای یەك و ، دەستە لە دوای دەستە ، بە درێژایی مێژوو خەریکی پەروەردەی خۆیان و نەوەکان بن و ، خەریکی تەزکیەی نەفس بن ، تا مرۆڤایەتیی لە (**اسفل سافلین**) ڕزگاری بێ و ، هەوڵ بۆ گەیشتن بە کەماڵات و پایە و پلە بەرزە مەعنەویەکان بدات ..

کتێبخانەی سۆز

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی **سۆز**

سلێمانیی ـ شەقامی صابوونکەران

ژمارە سپاردنی (٣٣٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی وەزارەتی ڕۆشنبیریی دراوەتێ.